# کوردستانی عێراق، وەک قەوارەیەکی نەتەوەیی
# لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی شۆڕشی ئەیلوول
# (١٩٦١ - ١٩٦٩)

**نووسینی:**

د. عیسمەت شەریف وانلی

**بەکوردیکردنی لە فەڕەنسییەوە:**

هەڵگورد شوکر

**لەبڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠٢٥**

**ناوی کتێب**

کوردستانی عێراق، وەك قەوارەیەکی نەتەوەیی، لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١-١٩٦٩)

**نووسینی:** د. عیسمەت شەریف وانلی

**بەکوردیکردنی لە فەڕەنسییەوە:** هەڵگورد شوکر

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر-٢٠٢٥

**چاپخانە:** زانکۆی سەلاحەددین

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٨٣٨) ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە.**

ئـەم پەرتوکـە سـاڵی ١٩٧٠ بەناونیشانی"پرسـی نەتەوەیـی کوردسـتانی عێـراق: لێکۆڵینەوەیـەک لەبـارەی شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١-١٩٦٩"، لـە بنەڕەتـەوە بەزمانـی فەڕەنسی نـووسراوە و لەلایـەن زانکـۆی لـۆزان لـەدەزگای دی لا باکۆنییـر، شـاری نیوچاتێـل (سـویسرا) چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە.

## کوردستانی عێراق، وەک قەوارەیەکی نەتەوەیی

کوردستان؛ وەک پۆڵەندا نەتەوەیەکی دابەشکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ناوچەیەکە مێژوو و کەلتورێکی دەوڵەمەندی هەیە. بە گوێرەی خەمڵاندنەکان لە ساڵی ١٩٧٠ ژمارەی کورد لە نێوان ١٣ بۆ ١٥ ملیۆن کەس بووە کە بە زمانی هیندۆ-ئەوروپی دەئاخڤن. هەرچەندە بەپێی پەیمانی سیڤەر کە لە ساڵی ١٩٢٠ واژۆ کرا، مافی سەربەخۆییان هەبوو، بەڵام بەهۆی بەرژەوەندییەکانی نەوت و گەمە و کێبڕکێی زلهێزە ئیمپریالیستەکان، هەر زوو ئەم بەڵێنە فەرامۆش و لەبیرکرا.

لەوکاتەوە کورد بۆ بەدەستهێنانەوە و دروستکردنەوەی وجودی نەتەوەیی خۆی لە هەوڵداندایە. کوردستانی سەدەکانی ناوەڕاست هەر وەک ئەڵمانیای ئەو سەردەمە، لە میرنشینە سەربەخۆکان پێکهاتبوو، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە پرسە هەرە گرنگەکان: "کۆلۆنیالیزمی دەوڵەتە دواکەوتووەکان". کورد لە چوارچێوەیەکدا دەجەنگن کە نەتەوە یەکگرتووەکان کەمتەرخەم دەردەکەوێت، کە نووسەر پێی دەڵێت "یانەی ئیمتیازی مانهاتن"، چونکە زۆرجار یاسای نێودەوڵەتی نایەکسانی تێدا بەدی دەکرێت و لە "یاسای دارستان" دەچێت. سەرەڕای ئەوەش کورد لە چەند بەرەیەکدا شەڕ دەکات، هاوکات هەوڵی بونیادنانی دۆستایەتی لەگەڵ گەلانی دراوسێ دەدات، هەروەها دەیانەوێت لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووریشەوە پێشبکەون، دژی سیستەمە دیکتاتۆرییەکان بجەنگن و دیموکراسی پەرە پێبدەن.

لە کوردستانی عێراقدا، شۆڕش لە ساڵی ١٩٦١ەوە بەردەوامە، بزووتنەوەیەکی دامەزراو و پشت ئەستوورە بە جەماوەر و گەلێکی سوپائاسا کە بە شێوەیەکی پتەو و خۆنەویست و زیرەکانە سەرکردایەتی دەکرێت. ئەم شۆڕشە نموونەیەکی تایبەتی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکانە، بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا ڕوودەدات و کاریگەری لەسەر جیهانی عەرەبی

دەبێـت. ئەمـەش کێشـەیەکی جـددی بـۆ ئـەم جیهانـە دروسـت دەکات، کـە پێدەچێـت لـە ئاسـتی سیاسـی و سـەربازی و ئەخلاقییـەوە لـە شـەرعییەتی ئـەم خەباتـە تێنەگەیشـتن، یـان نایانەوێـت دان بـە شـەرعییەتی ئـەم خەباتـەدا بنێـن.

عیسـمەت شـەریف وانلـی لـە هەمـوو گۆشـەنیگاکانییەوە شـیکارێکی قـووڵ بـۆ بزووتنـەوەی کـورد دەکات. توێژینەوەکـەی بەنرخـە، چونکـە لەلایـەن کوردێکـەوە ئەنجـام دراوە کـە بـە خەباتـی نەتەوەیـی گەلەکەیـەوە پابەنـدە، لـە هەمانکاتـدا خاوەنـی خوێندنێکـی تۆکمـەی زانکۆیـی ڕۆژئاوایـە. پێـش ئـەوەی پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە بـکات، لـە قوتابخانـەی نەتەوەیـی زمانـە ڕۆژهەڵاتییـە زینـدوو و مۆدێرنـەکان لـە پاریـس وانـەی شارسـتانییەتی کـوردی دەگوتـەوە. ئـەم لێکۆڵینـەوە؛ لێکۆڵینەوەیەکـی زانسـتییە، بـەڵام خاڵێکـە بـۆ دەسـت ڕاگەیـشتن بـە دۆڵـە سـەوزەکانی کوردسـتان، کـە ئەمـڕۆ بـە ناپاڵـم وێـران بـووە و ڕەش هەڵگـەڕاوە، لـە دڵـی گەلێکـی سەرنجڕاکێشـەوە بـۆ شـتێك خەبـات دەکـەن و دەجەنگـن کـە پێـی دەڵێـن ئـازادی.

# ناوەڕۆک


پێشەکی نووسەر............................................................................................١٣

پێشەکی....................................................................................................................١٧

داتا و زانیارییە سەرەتایی و گشتییەکان لەبارەی کوردستان و پرسی کورد..................١٧

١. "ئەم گەلەی، مێژوو لەبیری کردووە"...................................................................١٧

٢. کورد لە نێوان ئەفسانە و ڕاستیدا..........................................................................١٩

٣. لە سەردەمی مێژوونووسی فەرمییەوە....................................................................٢٩

٤. کوردناسی...............................................................................................................٣٦

٥. داتا و زانیارییە گشتییەکان لەبارەی پرسی کورد.....................................................٥٠

٦. سروشت و بابەتە هەنوکەییەکانی پرسی کورد.........................................................٥٦

**بەشی یەکەم: داتا و زانیارییە مێژوویی و جوگرافیەکانی پەیوەست بەپرسی نەتەوەیی کوردستانی عێراق.........................................................................................٦٧**

١. خاک و دانیشتووان..................................................................................................٦٨

٢. تێڕوانین و سەرنج بۆ ڕاستییە مێژووییەکان...........................................................٧٨

٣. پرسی ویلایەتی مووسڵ یان چارەنووسی باشووری کوردستان...................................٩١

٤. بارودۆخەکە دوای ساڵی ١٩٢٥..............................................................................١١٤

**بەشی دووەم: عەبدولکەریم قاسم و کورد، یان هۆکارە ڕاستەوخۆکانی ڕێککەوتن و جەنگ.١٣٣**

١. دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨.....................................................١٣٣

٢. جیابوونەوە و هۆکارەکانی....................................................................................١٤٠

٣. ڕێوشوێنە خۆپارێزییە سەرەتاییەکانی کورد..........................................................١٥٦

٤. کورد لە ڕێگەی یاداشتنامەوە پەیامەکانی دەنێرێت..................................................١٥٧

٥. دەستدرێژی، یان دیدگا و تێڕوانینی کورد........................................ ١٦٤
٦. بزووتنەوەی ئیمپریالیستی، یان دیدگا و تێڕوانینی ڕژێم.......................... ١٦٩
٧. پرسی کوێت لە پلان و پڕۆژەکانی قاسمدا........................................ ١٧١
٨. بیروبۆچوونە بیانییەکان لەبارەی شۆڕشی کورد.................................. ١٧٣
٩. شەڕی کۆلۆنی و گرفتەکانی کورد................................................ ١٧٦
**بەشی سێیەم: لە یاخیبوونەوە بۆ شۆڕش........................................ ١٧٩**
أ. شۆڕش........................................................................ ١٧٩
ب. پێکهێنەرەکانی............................................................... ١٨١
١. بارزانی، سەرکردە و ڕێبەری شۆڕش............................................. ١٨٣
٢. پارتی دیموکراتی کوردستان و پەیڕەو و بەرنامەکەی، هێزی بزوێنەری شۆڕش.......... ١٩٢
٣. ئامانجە نەتەوەییەکانی شۆڕش.................................................. ١٩٩
٤. ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی شۆڕش.................................................... ٢٠٧
٥. ڕێکخستنی شۆڕشگێڕی، تا ساڵی ١٩٦٤ ........................................... ٢١٠
٦. بنکە و بارەگا و سنووری جوگرافیای شۆڕش. ...................................... ٢١٣
٧. کۆمە ڵگەی کوردی لە شۆڕشدا.................................................. ٢١٦
٨. هەڵوێستی کەمایەتییەکان....................................................... ٢٣٤
٩. بەسیاسیکردنی جەماوەر......................................................... ٢٤٠
١٠.یەکێتی و برایەتی کورد........................................................ ٢٤٢
**بەشی چوارەم: ڕووخانی ڕژێمی قاسم........................................... ٢٤٥**
١. شکست و تێکشکانی سوپای عێراق................................................ ٢٤٥
٢. دەنگدانەوەکانی شەڕ لە دەرەوەی وڵات........................................... ٢٥٤

٣. له ڕۆژنامه عەرەبییەکان........................................................................٢٦٢

٤. شەڕ له ماوەی زستانی ١٩٦٢-١٩٦٣..........................................................٢٦٦

٥. قورسایی و کاریگەری شەڕ له عێراقی عەرەبی.............................................٢٦٩

٦. هه ڵوێستی سوپا..................................................................................٢٧١

٧. هەڵوێستی چینی بۆرژوازی ناسیونالیستی عەرەبی.......................................٢٧٢

٨. هەڵوێستی بۆرژوازی دیموکراتی عەرەبی...................................................٢٧٤

٩. هەڵوێستی حزبی شیوعی عێراق.............................................................٢٧٧

١٠.ڕووخانی ڕژێمی قاسم............................................................................٢٩٧

**بەشی پێنجەم: گفتوگۆ و دانوستان لەنێوان نوێنەرانی کورد و دەسەڵاتدارانی حکوومەتەکانی عێراق لەبارەی پرسە سیاسییەکان.........................................٣٠٣**

١. ڕژێمی ١٤ی ڕەمەزان............................................................................٣٠٣

٢. خۆدزینەوە و یاریکردن بە کات لەلایەن حکومەتی عێراقەوە..........................٣٠٨

٣. کورد و یەکێتی عەرەب.........................................................................٣١٨

٤. دیدگا و تێڕوانینی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی......................................................٣٢٣

٥. بەعس خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکات..........................................................٣٢٦

٦. پڕۆژەی لامەرکەزییەتی عێراق.................................................................٣٣١

**بەشی شەشەم: شەڕی بەعس و ئەنجام و ئاکامەکانی (حوزەیران-تشرینی دووەمی ١٩٦٣)...٣٣٣**

١. شەڕی خاچپەرستان..............................................................................٣٣٣

٢. له ڕاگەیاندنی عەرەبی و جیهانیدا.............................................................٣٤٧

٣. دەستێوەردانی سوریا.............................................................................٣٥٦

٤. کاردانەوەی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیست.............................................٣٦٠

٥. ڕووخانی ڕژێمی بەعس..........................................................................٣٦٩

**بەشی حەوتەم: دامەزراندن و دروستکردنی دامەزراوە شۆڕشگێڕییەکان............................۳۷۳**
١. قەیرانی ناوخۆیی...............................................................................۳۷۳
٢. کێشەی دامەزراوەکان.........................................................................۳۸٤
٣. کۆنفرانسە ئامادەکارییەکان..................................................................۳۸۸
٤. دەقە دامەزراوەییەکان........................................................................۳۹۸
٥. ئۆرگان و خزمەتگوزارییەکانی شۆڕش لە پراکتیکدا...............................٤٠٦
**بەشی هەشتەم: شۆڕش لە ساڵی ۱۹٦٥ ەوە تا ساڵی ۱۹٦۹..................................٤۳۷**
١. شکاندنی ئاگربەست...........................................................................٤۳۷
٢. شەڕی عارفەکان (١٩٦٥-١٩٦٦)...........................................................٤٤٢
٣. شەڕی ڕواندز (یان داستانی هەندرێن)...................................................٤٥٢
٤. ئاگربەستی حوزەیرانی ١٩٦٦...............................................................٤٥٩
٥. بارودۆخی ساڵانی ١٩٦٦ تا ١٩٦٩..........................................................٤٦١
٦. دەستپێکردنەوەی شەڕ لەلایەن بەعسەوە لە ساڵی ١٩٦٩.............................٤٦٩
**بەشی نۆیەم: پرسی کورد و شۆڕشەکەی لە ڕوانگەی کۆمەڵگای نێودەڵەتییەوە...............٤٨٣**
١. جیهانی عەرەبی و پرسی کورد..............................................................۳۸٤
٢. کێشەی کورد لە سوریا.......................................................................٤٨٧
٣. هەڵوێستی ئیسرائیلییەکان...................................................................٤٩٤
٤. هەڵوێستی ئێران...............................................................................٤٩٨
٥. هەڵوێستی تورکیا...............................................................................٥٠٤
٦. هەڵوێستی وڵاتانی دیکە.....................................................................٥٢٣
٧. هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان...........................................................٥٢٦

٨. هەڵوێستی خاچی سووری نێودەوڵەتی............................................................٥٤٧

**پاش-نووسین**............................................................................................٥٥١

**ئەنجام**.....................................................................................................٥٥٥

**دەرەنجام**...................................................................................................٥٧١

**پاشکۆکان**..................................................................................................٥٨١

**پاشکۆی یەکەم:** پەیماننامەی سیڤەر (١٠ی ئابی ١٩٢٠)...........................................٥٨١

**پاشکۆی دووەم:** بەڵگەنامەکانی بەریتانیا لەبارەی کوردستان (١٩١٩).............................٥٨٢

**پاشکۆی سێیەم:** پڕۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق...................................٥٨٥

**پاشکۆی چوارەم:** بانگەوازەکەی ژەنەڕاڵ بارزانی لە ٢٠ ی نیسانی ١٩٦٢ بۆ ناوەندە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان.............................................................................................٥٩٤

**پاشکۆی پێنجەم:** پلانی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق......................................٥٩٧

**پاشکۆی شەشەم:** پڕۆژەی لامەرکەزییەتی عێراق لە ١١ ی حوزەیرانی ١٩٦٣....................٦٠٤

**پاشکۆی حەوتەم:** دەستووری شۆڕشی کوردستانی عێراق لە (١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤)..................................................................................................٦٠٩

**پاشکۆی هەشتەم:** یاسا کارگێڕییەکانی شۆڕش لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤..............٦١٥

**پاشکۆی نۆیەم:** پوختەی یاداشتنامەی ١ی ١کانوونی دووەمی ١٩٦٦ لە ژەنەڕاڵ بارزانییەوە بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ شاندەکانی دەوڵەتە ئەندامەکان، بۆ کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ و کۆمیسیۆنی هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنیالیزم...........................................٦١٨

**پاشکۆی دەیەم:** ڕێککەوتننامەی ئاگربەستی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦.............................٦٢١

**پاشکۆی یازدەیەم:** بەڵگەنامەی E/SR. ١٢٧٨ی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١١ی تەمووزی ١٩٦٣ باس لە گفتوگۆکانی ئەنجومەنەکە دەکات لە ٣٦ مین کۆبوونەوەی خۆی لە جنێڤ...........................................٦٢٥

**پاشکۆی دوازدەیەم:** ڕێکخراو و دەمەزراوە کوردیی و لایەنگرەکانی لە دەرەوەی وڵات...٦٣٢

**سەرچاوەکان**.........................................................................................................................643

**یەکەم:** بەڵگەنامەکان....................................................................................................643

**دووەم:** ڕۆژنامە و گۆڤارەکان..........................................................................................649

**سێیەم:** کتێب و بەرهەمە گشتییەکان...............................................................................652

**چوارەم:** کتێب و وتارە تایبەتەکان...................................................................................653

**پێنجەم:** بەرهەم و سەرچاوەکانی نووسەر........................................................................683

**شەشەم:** بیبلۆگرافیایەک لەبارەی لێکۆڵینەوە کوردی، دەتوانێت کتێب و وتار و سەرچاوەی ئەکادیمی لەبارەی مێژوو و کەلتور و سیاسەتی کوردستان کۆبکاتەوە.......688

## پێشەکی نووسەر

لـەم پەرتووکـەدا بـە شـێوەیەکی سیسـتماتیک بـاس لـە شۆڕشـی کوردسـتانی عێـراق دەکەیـن کـە لـە ئەیلوولـی ١٩٦١ هەڵگیرسـاوە و تـا ئەمـڕۆش بەردەوامـە. ئێمـە لـە گۆشـەنیگای جیـاوازەوە لـەم شۆڕشـە دەکۆڵینـەوە: سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، دامەزراوەیـی، سـەربازی و ئابـووری، هەروەهـا بـاس لـە کاردانـەوەکان لـە ئاسـتی عێراقـی، جیهانـی عەرەبـی، کـوردی، ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و نێودەوڵەتـی دەکەیـن. بەشـی یەکـەم تەرخـان کـراوە بـۆ زانیـاری بنەڕەتـی مێژوویـی و جوگرافـی تایبـەت بە پرسـی نەتەوەیی کوردسـتانی عێـراق. پێشـەکییەکە تێڕوانینێکـی گشـتی پێشـوەختە دەخاتـەڕوو و ئـەم پرسـە لـە چوارچێـوەی جیهانـی خۆیـدا دادەنێـت: پرسـی کوردسـتانی گـەورە، کـە لـە نێـوان تورکیـا، ئێـران، عێـراق و سـوریادا دابەشـکراوە، بۆیـە بـە ناچـاری زانیارییـەکان لەبـارەی کوردسـتانی گـەورە پوخـت دەبـن، بـەڵام بـۆ ئـەو خوێنەرانـە یـان ئەوانـەی دەیانەوێـت زانیاریـی زیاتـر بزانـن و بگەڕێنـەوە بـۆ سـەردەمی کـۆن، پێشـنیازی خوێندنـەوەی پەرتووکـی "کوردسـتانی گـەورە و بنەمـا مێژوویـی و جوگرافیـی و ئەخلاقییەکانـی" دەکەیـن کـە تـازە تەواومـان کـردووە، هـاوکات لەگـەڵ ئـەم بەرهەمـە بڵاودەکرێتـەوە. ئـەو پەرتووکـە وردەکاری زیاتـر پێشـکەش دەکات: بەشـێوەیەك کـە ڕوونکردنـەوەی پەیوەسـت بـەو ئامـار و داتایانـە بەردەسـت دەبـن سـەبارەت بـە ژمـارەی دانیشـتوان و ڕووبـەری کوردسـتان. ئـەم دوو کتێبـە تەواوکـەری یـەکترن: ئـەم بەرهەمـە (یـان پەرتوکـی دووەم) بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان درێژەپێـدەری ئـەوی دیکەیـە. ئـەو بابەتانـەی لـە بەرهەمەکـەی تـردا باسـکراون، دابەشـکراون بەسـەر حـەوت بەشـدا کـە بریتیـن لـە:

١. ڕەچەڵەکی نەژادی گەلی کورد.

٢. کورد، لە کۆنەوە تا سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست.

٣. شارستانییەتی کوردستان لە سەدەکانی ناوەڕاست.

٤. کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارسدا.

٥. بنەما مێژووییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد.

٦. قۆناغی مۆدێرنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد.

٧. کوردستانی گەورە، وەك وڵات و دانیشتوان.

من وەک کورد و وەک نوێنەری دەرەوەی وڵات و وەک ئەندامی ئەنجومەنی شۆڕش، پشتیوانی بەردەوام لەو شۆڕشە دەکەم کە لە کوردستانی عێراقدا بەڕێوەدەچێت. لەوانەیە هەبن پرسیار بکەن، ئایا ئەم توێژینەوەیە بابەتیانەیە. خوێنەر دەتوانێت هەستی من وەک کوردێک لە ڕێگەی ئەو بەڵگە و ڕاستیانەوە تێبگات کە دەمویست ورد بم، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم بۆچوونانە تاڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی زۆرینەی کوردانە، کە شایانی باسکردنە. لەڕووی زانستیشەوە، دەتوانم بڵێم، گەڕانە بەدوای ڕاستیدا. ئەو ڕاستییەی من دەیبینم، سادەیە: کورد گەلێکی چەوساوە و سەرکوتکراوە و خەباتیان بۆ ئازادی دادپەروەرانە و دروستە، بۆیە من هەڵوێستێک وەردەگرم کە هەمیشە لەسەر بنەمای ڕاستییە کۆنکرێتەکانە. بەهەمان شێوە ڕەفتارم دەکرد، ئەگەر باسی خەباتی گەلانی دیکەی وەک: خەباتی کۆماری بیافرا و جەنگی جەزائیر، یان دۆزی ڤێتنامیەکانم بکردایە. بەلامەوە پێویست بوو کوردێک توێژینەوەیەک لەبارەی کورد بنووسێت. بە کورتی، شێوازی من لەم کارەدا شێوازی چاودێری-بەشداریکردنە. لە کۆتایی توێژینەوەکە، دەمەوێت بۆچوونی شەخسی خۆم دەرببڕم.

هەندێک لە نووسەران یان بەڵگەنامەکان لە کۆتایی بەرهەمەکەدا بە تەواوی ئاماژەیان پێدەکرێت، یان لە پاشکۆی پەرتووکەکە دووبارە بڵاودەکرێنەوە. هەندێکی دیکە، بە هۆکاری کات نەکوشتن، کورت دەکرێنەوە و هەندێکیشیان تەنیا ئاماژە بەبەشێکیان دەکرێت. لەم حاڵەتەی دواییدا، ئەو بڕگە لابراوانەی کە بەشێوەی خاڵی پچڕپچڕ لە نێوان دوو کەوانە (...) ئاماژەیان پێکراوە، ڕەنگە گرنگییەکی زۆریان نەبێت، لە دەرەوەی بابەت بن، یان دووبارە بن، کە زۆرجار لە دەقە عەرەبییە سیاسییەکاندا وا دەبێت. ئاشکرایە؛ هەمیشە شوێن و دەرفەت ڕێگە بە هێنانەوەی ئەو بەڵگەنامانە نادات کە تەواو درێژن، بەڵام هەر شێوازێک بەکاربهێنرێت، دڵنیا دەبمەوە کە بۆ بیرکردنەوەکانی نووسەر یان

ئـەو دەقەیـەی ئامـاژەی پێکـراوە، وەفـادار و دڵسـۆز ھێنمـەوە. ھەروەھـا ھەمـوو ئامـاژە و سـەرچاوە پێویسـتەکان دەخرێنـەڕوو، تـا ئەگـەر خوێنـەر بیـەوێ، دەقـە سـەرەکی و ڕەسـەنەکە بدۆزێتـەوە.

بـەو پێیـەی بڕیـارە قسـە لەبـارەی سیاسـەتی حکومەتـی عێـراق بەرامبـەر گەلـی کوردسـتان بکـەم و باسـی شـەڕی نیمچـە کۆلۆنیالیزمـی خـۆی لـە کوردسـتان بکـەم، جێـی داخـە لـە نەبوونـی کاردانـەوەی ئەرێنـی بازنـە عەرەبییەکانـی دەسـەڵات لـە بەرژەوەنـدی کـورد، ناتوانـم ئـەم پێشـەکییە تـەواو بکـەم و بـێ دەربڕینـی ئـەو ھیوایـە کۆتایـی پـێ بێنـم کـە دۆسـتان و ھـاوڕێ عەرەبەکانـم، لـە ھەڵوێسـتی مـن تێبگـەن، ھیـوادارم لـە دژم نەوەسـتنەوە کـە ڕاشـکاوانە و پێداگریـم لـە گـەڕان بـەدوای ڕاسـتییەکاندا کـردووە.

ئامانجـی مـن بـەدی دەھـات ئەگـەر ئـەم بەرھەمـەی ئێسـتا، ھەرچەنـدە ناتەواویـش بێـت، تۆزێـک یارمەتیـدەر بێـت بـۆ تێگەیشـتنی باشتر لـە نێـوان کـورد و دراوسـێکانی لـە دادپـەروەری و یەکسـانی نێـوان نەتەوەکانـدا. پێویسـت بـە گوتـن نـاکات و شـتێکی ئاشـکرایە، بیروبۆچوونەکانـی مـن وەک نووسـەر تەنیـا بەرپرسـیارێتی شەخسـی مـن دەگرێتـەوە و تەنیـا دەکەوێتـە ئەسـتۆی مـن.

**لۆزان، ھاوینی ١٩٦٩.**

**ع.ش.و**

# پێشەکی

## داتا و زانیارییە سەرەتایی و گشتییەکان لەبارەی کوردستان و پرسی کورد

### ١. "ئەم گەلەی، مێژوو لەبیری کردووە"

ژەنەڕاڵ ڕۆندۆت دەنووسێت: "لە دڵی ئاسیای پێشوو، قەڵایەک هەیە کە چەند ملیۆنێک پیاوی بەهێز چاوەڕێی چارەنووس دەکەن، بەڵام ئەم قەڵایە لە حساباتی ئێمەدا دەرناکەوێت، چونکە کوردستان دەوڵەت نییە (...)، ناوی لە زۆربەی ئەتڵەسەکانماندا دیار نییە؛ سنوورەکان دابەشی دەکەن و ئێمە ڕەگە کۆنەکانی، یەکێتی ئەخلاقی و بوونی لەبیر دەکەین(...). لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر لە بیست و چوار سەدە تێپەڕیوە لەو کاتەی زینەفۆن ئازایەتی کاردۆخییەکانی تاقی کردووە، کە باوباپیرانی کوردی ئەمڕۆن."[١]

بێ هۆ نییە، زانای ڕووسی نیکۆلاس مار لە بەرانبەر ئەو نادادپەروەرییەی بەسەر کورددا هاتووە، بەسەر سوڕمانەوە دەڵێت: " مێژوو ئەم گەلەی لەبیر کردووە!"[٢] هەرچەندە ڕاستتر دەبێت بڵێین؛ مێژوونووسان لەبیریان کردووە، چونکە کورد وەک هەر گەلێکی دیکە، مێژوویەکی هەیە کە هەندێک جار پڕشنگدارە و زۆرجار بە خوێن نووسراوە و مێژوونووسانی کورد هەوڵی بەرزنرخاندنی دەدەن. بەناوبانگترین و کۆنترینیان: میر شەڕەف خانی بەدلیسی بوو کە لە سەدەی پازدەیەم لە باکووری کوردستان ژیاوە و شەرەفنامە یان مێژوونامەی نەتەوەی کوردی نووسیوە. لەم دواییانەدا دەتوانین ئاماژە بە محەمەد ئەمین زەکی (کوردستانی عێراق) و ئایەتوڵڵا

---

(١) جەنەڕاڵ پییێر ڕۆندۆت، ڕۆژهەڵاتناس، بەڕێوەبەری "سەنتەری توێژینەوەی کارگێڕی پێشکەوتوو لەبارەی ئەفریقای نوێ و ئاسیا" لە زانکۆی پاریس و مامۆستایە لە زانکۆی گرینۆبڵ. کتێبەکەی "کوردستان، قەڵای لەبیرکراو" باس لە پرسی کورد دەکات و زۆرجار تیشک دەخاتە سەر لایەنە پشتگوێخراوەکانی ئەم ناوچەیە.

(٢) وەرگیراوە لە: باسیل نیکیتین لە "کورد، لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی و مێژوویی"، لاپەڕە ١٩٠.

مـەردۆخ (كوردسـتانی ئێـران) و حوسـێن موكریانـی (كوردسـتانی ئێـران) بكەیـن، بێجگـە لـە قەناتـی كـوردۆی زمانـەوان نـاسراو بـە كوردۆیـڤ كـە مامۆسـتا و پرۆفیسـۆره لـە لینینگـراد. لەنێـو كلاسـیكەكانی ڕۆژهەڵاتـدا، ئیڤلیـا چەلەبـی جوگرافیاناسـی تـورك لـە سـەدەی حەڤدەیـەم شـایانی بـاس و ناوهێنانـە.

لەنێـو ئەوروپییەكانـدا كـە بایـەخ بـە بارودۆخـی كـورد دەدەن، دەتوانیـن ئامـاژە بـە چەنـد توێژەرێـك بكەیـن، جگـە لـە نیكـۆلاس مـار كـە زۆربەیـان زماننـاس بـوون، ڤلادیمیر مینۆرسـكی و باسـیل نیكیتیـن، دوو ڕووس كـە لـە ڕۆژئـاوا ژیـاون و ئۆسـكارمانی ئەڵمانـی هەیـە كـە ئەویـش زمانـەوان بـوو. پرۆفیسـۆری سـۆڤیەتی ل. ڤیلچێفسـكی كـە لـە لینینگراد پرۆفیسـۆر بـوو و باوكـە تۆمـاس بۆیسـی فەڕەنسـی، هەروەهـا ئارشـاك سافراسـتیان، ئەرمەنێكـی دانیشـتووی بەریتانیـا، ئامـاژەی پێكـراوە. ئەمانـە هەموویـان بەشـداری گرنگیـان لـە ناسینی كـورد كـردووە.

لـە هیـچ زمانێكـی ئەوروپیـدا، بەرهـەم یـان پەرتووكێكـی دڵخۆشـكەر نییـە كـە بـە شـێوەیەكی سیسـتماتیك مامەڵـە لەگـەڵ مێـژووی كـورد بـكات. هـەر ئـەم كەسانەن كـە ئەمـڕۆ دەیانەوێـت ئـەو ڕاسـتییە لەبیربكـەن كـە پەیمانـی سیڤەر بەڵێنـی سـەربەخۆیی نەتەوەیـی بـەو میللەتـە داوە. سـەرۆك تۆمـاس دەبلیـو ویڵسـن، لـە ڕەشنووسـی پەیمانـی كۆمەڵـەی گەلانـدا، بـە ڕاشـكاوی بـاس لـە سـێ وڵات كـراوە كـە دەبێـت لـە ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی جیابكرێنـەوە و داببڕدرێـن و بخرێنـە ژێر ئەركـی ئـەو ڕێكخـراوە نێودەوڵەتییـەوە، ئەوانیـش: ئەرمینیـا، كوردسـتان و عەرەبسـتان. ئـەم سـێ وڵاتـە بـە گرنـگ دادەنـران و چـاوەڕوان دەكـرا هەموویـان سـەربەخۆیی تـەواو بەدەسـتبهێنن. لەوكاتـەوە وڵاتانـی عەرەبـی سـەربەخۆیی خۆیـان بەدەسـتهێناوە، ئەرمینیـا چارەنووسـی خـۆی دیـاری كـردووە، لـە كاتێكـدا كوردسـتان وەك بیرۆكەكانـی دیكـەی سـەرۆكی گـەورەی ئەمریـكا غـەدری لـێ كـراوە و خیانەتـی لێكـراوە، تـا ئەمـڕۆ دابـەش بـووە و كـەمتر نـاسراوە. سـەرەڕای ئەمـەش، كـورد لـە كورسـتان لەنـاو ئـازار و مەینەتییەكانـی بـە یەكگرتوویـی ماوەتـەوە، چـیتر نایەوێـت لەبیـر بكرێـت.

**٢. کورد لە نێوان ئەفسانە و ڕاستیدا.**

ژان پرادیێر باس لەوە دەکات لە ساڵی ١٧٥٩دا کە دیدێرۆت بەرگی حەوتەمی ئینسایکلۆپیدیاکەی[١] بڵاوکردەوە. لە پاریس، بەرگی حەوتەمی بە ناوی پێشەکییەکی فراوان بۆ مێژووی مۆدێرن و گشتی و سیاسی گەردوونە. لە بەشی سێزدەیەمدا کە سەلاحەدین و ڕەچەڵەکی باسکراوە، کورد بە "گەلی دڕندە..." وەسف دەکرێ. پرادیێر ڕوونی دەکاتەوە: "تیرەکە لە کەوان دەرچووە "، ناوبانگی توندوتیژیی و خوێنمژی بۆ ماوەیەکی زۆر یاوەری مێژووی کورد دەبێ. ئەوان لە مۆزەخانەی ترس و دڕندەیی و بەربەرییەتدا لەگەڵ هونەکان، تاتارەکان، مەغۆلەکان، هیندیە سوورەکان و چینییەکان کۆدەکرێنەوە(...). بەم شێوەیە ئەم تێڕوانینەی جیهان بەرامبەر بە کورد هەر دەمێنێتەوە کە کورد بە خراپ وێناکراوە: کەسە باشەکان لە لایەک و کەسە خراپەکان لە لایەکی تر(...). ئینگلیزەکان وەک دادپەروەر سەیر دەکرێن، فەڕەنسییەکان بە "زیرەک" تەماشا دەکرێن، لە کاتێکدا کوردەکان بە "دڕندەیی" دەبەسترێنەوە.

فەڕەنسییەکان "ڕۆح" بە میرات دەگرن، لە کاتێکدا کورد پەیوەستە بە "دڕندەیی""[٢].

لە ئەڵمانیا، کارل مەی (١٨٤٢-١٩١٢)، کە هەرگیز پێی نەناوەتە خاکی کوردستانەوە، ڕۆمانێکی بە ناوی "Durchs wilde Kurdistan" (بەناو کوردستانی بەربەریدا) نووسی. لەم پەرتووکەدا، لە یەککاتدا ، کاراکتەری کورد بە خانەدان و سەربەرز و بەخشندە و شەڕانگێز و خوێنڕێژ و دڕندە وەسف دەکرێت. بۆ نەوەکانی داهاتوو و گەنجانی ئەڵمانیا، کوردستان بە " کوردستانی بەربەری" دەمێنێتەوە.

لە فەرهەنگی باوەڕپێکراو و ئینسایکلۆپیدیای زانستیدا، کورد زۆرجار وەک گەلێکی

---

(١) ئەمەی خوارەوە ئەوەیە کە دیدرۆ لە ئینسایکلۆپیدیای خۆیدا دەربارەی کورد نووسیویەتی: (بەرگی حەوتەم، ١٧٥٤، لاپەڕە: ٥٧٢)

"کورد، گەلانی ئاسیا، کە بەشێکیان لە تورکیایە و ئەوی تریان لە فارس. کوردەکان وڵاتێک داگیر دەکەن کە هاوسنوورە لەگەڵ ئاشوری کۆن و کلدانیا. ئەوان سەربەخۆن، هەرگیز لە شوێنێکدا جێگیر نین، بەڵکو تەنها لەژێر ڕەشماڵ دەژین."

"کوردستان. ئەو ناوەیە کە بە وڵاتی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە ئاسیا، باکووری ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر و عێراق دراوە، بەدلیس پایتەختەکەیەتی. "

(٢) کورد، شۆڕشی بێدەنگ، لەپەڕە ٤٢-٤٣.

"جەنگاوەر و تاڵانچی" نیشان دەدرێت. سەرەڕای ئەوەش، ژمارەی دانیشتووانیان لە ماوەی سەد ساڵ جێگیر ماونەتەوە و تەنیا سێ ملیۆن دانیشتووان بوون[١].

ئەم حوکمە خێرا و نادادپەروەرانە لەسەر بنەمای ئەفسانەیەکی سادە و ساکارە و تەواو دژایەتی زانستە، بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمەوە ئەم وێنەیە بەردەوام سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێت، چونکە بۆ ئەوروپییەکی ئاسایی، کوردە ئەفسانەییەکە بە سەرنجڕاکێشی[٢] دەمێنێتەوە. لە سەدەی ڕابردوودا، هێزی بایندەری فەڕەنسی دەچێتە کوردستان و میزۆپۆتامیا و وڵاتی فارس[٣]، بەهۆی ئەو شتانەی بیستبووی دەیزانی گەشتەکەی لە نێوان "ئەم هۆزە جەنگاوەرانەدا" مەترسیدار دەبێت.

نووسینی زۆرێک لە ئەوروپییەکان کە لە نێو کورددا ژیاون، بە گشتی هاوسۆزی و هەندێک جار تەنانەت سەرسامییەکی زۆر بۆ ئەم گەلە نیشان دەدەن، سەرەڕای بوونی وێنە و قسەی دروستکراوی پێشوەختە لەبارەی کورد. پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، ئەمە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە وەک سەرباز یان بریکاری نهێنی بەشدارییان لە چەوساندنەوەی کوردستاندا کردووە. بۆ نموونە سۆوان و های، دوو ئەفسەری بەریتانی، پشتگیری پاشای عەرەبی عێراقیان کرد لەسەر حسابی ناسیۆنالیزمی کوردی، بەڵام مرۆڤ نابێت ئەمە بگشتێنێ: هامیلتۆن، ئەندازیاری شارستانی کە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کورددا ژیاوە، بە ستایشەوە باسی ئەم گەلە دەکات، بە پێچەوانەی میلینگن، ئەفسەرێکی دیکەیە، کە کتێبەکەی بە ناوی "ژیانی بەربەری لەنێو کورددا" تێگەیشتنێکی نادروستە.

بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەوەی لە نزیکەوە سەیری ئەو جۆرە نووسینانە بکەین کە ئەمڕۆ کۆن بوون، یان تەنانەت کلاسیکەکانیش، نووسەرەکانیان لەکاتێکدا کورد وەک گەلێکی دڕندە نیشان دەدەن، کە وەك بڵێیت کورد هێشتا لەسەردەمی کۆندا

---

(١) ئەمە نموونەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی لارووسە، لەنێو ئەوانی تردا. بەگوێرەی فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدیای (Quillet) ساڵی ١٩٣٩، کورد "جەنگاوەر و تاڵانچین، ئەوان ئامرازێک بوون لەلایەن تورکەکانەوە بۆ چەوساندنەوەی ئەرمەنەکان بەکاردەهێنران".

(٢) بڕوانە بەشی "دڵڕفاندنی کورد" لەلایەن ژان پرادیێر، لاپەڕە ٤١-٥١.

(٣) ناونیشانی کتێبەکەیەتی.

بژیت و هەر لە ڕابردوودا مابێتەوە، تیشک دەخەنە سەر جوانیی جەستەیی تاکی کورد، پیاوێتی و تایبەتمەندییە سەربازییەکانی ئەم گەلە و ڕۆحی جوامێری و هەستی شەرەفمەندی کورد و ڕاستودروستی و میوانداریی و هەستی گاڵتەجاڕی و شیعری و ڕۆمانسیەت و ڕێزنان لە ژنان و لێبوردەیی و نەبوونی دەمارگیری و خۆڕاگری لە کاردا و حەزی ڕۆشنبیری و لێهاتوویی بۆهونەری سەردەم. بێجگە لەوەش هەستی شانازی کوردبوون لەپێش هەموو شتێکەوەیە. لە لایەکی ترەوە، هەندێک دەق تایبەتمەندی کەمتر ئەرێنی دەوروژێنێت، بەڵام هەموویان، تەنانەت ئەوانەی بیروڕای نەخوازراویان دەربڕیوە، دەڵێن؛ سەریان لە لێکچوونی نێوان ئەم یان ئەو کەسایەتی و تایبەتمەندییەی ژیانی کورد و خەسڵەتەکانی نەتەوە ئەوروپییەکانی خۆیان سوڕماوە.

ڕائید سوان لە کتێبەکەیدا کە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی نووسیویەتی، لەبارەی شێوەی جەستەیی و تایبەتمەندیی سەربازی کوردەکان پەرۆشییەکی زۆر دەردەبڕێت. وەسفەکانی پڕن لە حەماسەت و جۆش و خرۆش، هاوکات جەخت لەسەر هێز و ئازایەتی ئەم گەلە دەکاتەوە:

"ئەگەر پێکهاتەی جەستەیی کورد لەبەرچاو بگرین، گومان دەکرێت ئێستا مۆدێلێکی کامڵترمان هەبێت. کوردی باکوور پیاوی باڵابەرز و لاوازن، لووتیان درێژە، زۆرجار کەمێک چەماوەیە، دەمیان بچووک و دەموچاوێکی هێلکەیی و لاکێشەییان هەیە. پیاوان سمێڵی درێژ دەهێڵنەوە و بێ جیاوازی ڕیشیان دەتاشن. لەنێوانیاندا چەندین قژزەردی چاوشین هەن، ئەگەر منداڵێکی کوردی لەم جۆرە بخەیتە نێو قەرەباڵغی منداڵانی ئینگلیزەوە، ناتوانن جیای بکەنەوە، چونکە پێستی سپییە. لە باشوور، شێوەی دەموچاو هەندێک جار پانترە و لەشولار پتەوترە (...). جەخت لەسەر هەڵوێستی سەربەرز و ڕاوەستاویان دەکاتەوە کە نموونەی خەڵکی شاخ و خۆڕاگرییان لە کاردا دەوروژێنێت. سوان وێنای ئەوە دەکات کە ئەگەر یەکبگرن، جارێکی تر دەبنەوە بە نەتەوەیەکی جەنگاوەری مەزن، میراتگری شایستەی مادەکانن. بەراوردکردنی کورد بە نۆرماندییەکان و ئەنگلۆساکسۆنەکان لە لێکچوونی نێوان ئەم خەڵکانە، ئەو تێڕوانینە دەردەخات، ئەگەر تەنیا دەموچاو ببێتە پێوەر، ئەوا ئەنگلۆساکسۆن و کورد یەک ڕەچەڵەکن."[١]

(١) "بۆ میزۆپۆتامیا و کوردستان بە پۆشاکەوە"، نیکیتین، لاپەڕە ٢٠.

نەقیب های، کە لە ساڵی ١٩٢٠ بەرپرسی ناوچەی هەولێر بووە، باس لەوە دەکات: هەرچەندە کورد مرۆڤێکی زۆر بەهێزە، بەڵام لە بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژی و بەشێکە لە هەمان ڕەگەزی ئاریایی و لە ئێمە نزیکە، بەڕاستی کەس لە ئێمە کورد ناناسێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، سەرەڕای گرنگییەکەی، کەلتور و مێژووەکەیان بە کەمی ناسراوە"[1]. ئەمەش پرسیار دەوروژێنێت کە ئێمە چۆن هەست بە ناسنامە جیاوازەکان دەکەین.

هەروەها هەر هەمان نووسەر دەشڵێت "کورد کۆنەپەرست و دەمارگیر نین. باس لەوە دەکات لە زۆرێک لە گەلانی دیکەی مووسڵ بەڕێزتر مامەڵە لەگەڵ ئافرەت و ژنەکانیان دەکەن. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە شایی وسەماکانیان تێکەڵە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە گەلێکی کراوەن. لە کۆتاییدا، پێی وایە ئەگەر گەلی کورد ئاگاداری ناسنامەی خۆی بێت و یەکگرتوو بێت و بە ئاگابێتەوە، دەتوانێ چۆك بە دەوڵەتانی تورکیا و فارس و عەرەب بدات، واتە هەستی نەتەوەیی دەتوانێ کاریگەری هەبێت [2].

بەڕێز ئارنۆڵد ویڵسن، ئەفسەرێکی پێشووی بەریتانیا لە بەغدا لە ساڵی ١٩١٩، بە بۆچوونی ئێمە ئەو کەسەیە کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە زیاتر ڕێگری لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کورد کرد. ئەو نووسیویەتی "کوردەکان گەلێکی ڕەگەزی ئاریایین و نزیکن لە گەلانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و دانیشتوانی ئێران". باس لەوە دەکات "ڕەنگە زمانەکەیان یەکێک بێت لە کۆنترین زمانەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا، پەیوەندی بە ئاڤێستا و پەهلەویەوە هەیە". هەروەها لە ڕووی جوانی و جەستەیی، کورد بە جوانترینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەسف دەکات و جەختیش دەکاتەوە کە "وەچەی ڕاستەوخۆی مادەکانن"[3]. بەم تێبینیانە سەرسامی بۆ گەلی کورد نیشان دەدەن، بەڵام لە چوارچێوەیەکی ئاڵۆزی کۆلۆنیالیزمیشدا جێیان دەکاتەوە.

ئەندازیاری سکۆتلەندی هامیلتۆن کە لە کوردستانی عێراق لە ڕواندوزەوە

(١) "دوو ساڵ لە کوردستان"، لاپەڕە ٣٥، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە.[٩]

(٢) "دوو ساڵ لە کوردستان"، لاپەڕە ٣٦، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە.[١٠]

(٣) "میزۆپۆتامیا"، بەرگی ٢ ، لاپەڕە ١٢٨، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە.

بـۆ سـنووری ئێـران ڕێگاکـەی دروسـتکردووە، لـە کتێبێکـی زینـدوودا بیرەوەرییەکانـی خـۆی دەگێڕێتـەوە و دەڵێـت" ناچـار بـووە لـە نزیـک گونـدی کەڵەکیـن لـە سـپیلك ئۆتۆمبێلەکـەی جێبهێڵێـت(...)"[1]، بـەڵام دوای دوو مانـگ بـە سـەلامەتی دۆزییـەوە، ئەمـەش شـەڕەف و ڕاسـتگۆیی کـورد نیشـان دەدات. هامیلتـۆن "کـورد بـە ڕاوچییەکـی مـەزن وەسـف دەکات، ژنانیـش هاوشـانی پیـاوان تەقـە دەکـەن، هەمیشـە ئامانجەکانیـان دەپێکـن"[2]. بـە وتـەی ئـەو "ئـەم خەڵکـە خۆیـان هەسـت بـە بەرپرسـیارێتی دەکـەن و پێویسـت نـاکات بـۆ سـەر کار هانیـان بدەیـت، بـە پێچەوانـەی عەرەبـەکان کـە زۆرجـار کات بـە قسـەکردن و گۆرانـی وتـن بەفیـڕۆ دەدەن، بـەڵام خـوی جیـاواز و ناقـۆڵا لـە هەردووکیانـدا هەیـە"[3]. ئـەو خۆشـحاڵە کـە "کرێـکارە کـوردەکان زیاتـر و زیاتـر هانـدەر دەبـوون کاتێـک لـە دروسـتکردنی ڕێگاکـەدا بـەرەو پێـش دەچـوون، چونکـە بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵی کارکـردن بـۆ گەیـشتن بـە سـنووری ئێـران، پەرۆشـییان وەک خـۆی مایـەوە، کـە بـە پێداگـری و توانـای فێربوونیـان سەرسـام بـوو"[4]. هامیلتـۆن ئامـاژە بـەوە دەکات کـە "کـورد شـاخەوانێکە، لـە عـەرەب بـێ دەنـگترە و لـە سـکۆتلەندییەکان دەچێـت". "کـەمتر مەیلـی بـۆ ئاهەنگگێـڕان هەیـە، حـەزی لـە چیـڕۆك و حیکایەتـە، بـە تایبـەت ئەوانـەی بـاس لـە خـۆی یـان گەلەکـەی دەکـەن، هەروەهـا حـەزی لـە پێشـکەوتنە نوێکانـی زانسـت و پیشەسـازییە"[5].

باسـیل نیکیتیـن لەبـارەی ئافرەتی کوردەوە دەڵێـت: "ژنان دەموچاوی خۆیان ناشارنەوە. لەنـاو قەرەباڵغـی، لەگـەڵ پیـاوەکان تێکـەڵ دەبن و لـە گفتوگۆیە هاوبەشـەکاندا، هەمیشـە قسـەی خۆیـان دەکـەن". سـوان دەگێڕێتـەوە: "زۆر جـار لـە گونـدەکان، خانمـی مـاڵ لـە غیابـی مێردەکەیـدا پێشـوازی لێدەکـردم، دادەنیشـت و قسـەی لەگـەڵ دەکـردم، بێپارێـز، یـان مەکـر کـە لـەلای ژنانـی تـورک و فـارس هەبـوو، بـە خۆشـحاڵییەوە نانـی لەگـەڵ منـدا دەخـوارد. کاتێکیـش مێردەکـەی دەگەیشـتەوە مـاڵ، ژنەکـە لەگـەڵ میوانەکەی دەمایـەوە و

(١) "ڕێگایەک بەناو کوردستاندا"، هاملتۆن، لاپەڕە ٢١٦، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە.

(٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٨٦ و٩١.

(٣) هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٣٩.

(٤) "ڕێگایەک بەناو کوردستاندا"، هاملتۆن، لاپەڕە ١٣٧، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە.

(٥) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٨٧.

بەجێی نەدەهێشت، هەتا مێردەکەی ئەسپەکەی دەبەستەوە. بێگومان شتەکە بابەتی گۆشەگیرکردنی ژن و زەوتکردنی ئازادی ژن نییە لە ماڵ. ژنی کورد چاکەکارە و لە هەمان کاتدا خۆشحاڵ و ڕووخۆشە، بابەتی لەشفرۆشی لە نێو کوردەکاندا نییە و لایان کارێکی نامۆیە، لەکاتێکدا هەندێک خراپە لە ڕۆژهەڵاتدا بەربڵاون. گەنجان یەکتر زۆر باش دەناسن. پێش هاوسەرگیری خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە دێتە ئاراوە. هەستی ڕۆمانسی بە زۆری لە دڵی کورد ئامادەیە."[١]

پەیوەندی نێوان ژن و پیاو لە نێو کورددا، جۆرێك ئازادی تێکەڵ بە نەریتی توند و ڕۆمانسیەت نیشان دەدات، زۆر هاوشێوەی ژیانی لادێکانی ئەوروپای سەدەی نۆزدەیەمە. نیکیتین لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجڕاکێشی لەبارەی فۆلکلۆری کوردی، ڕووسی و ئەڵمانی ئەنجامداوە. هەرچەندە ئەدەبی کوردی وردترە، بەڵام بە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی کاریگەر بووە کە بابەتەکانی بتپەرستی کۆنی لەخۆگرتووە کە لە هەندێک ناوچەی کوردستان هەتا سەدەی نۆزدەهەم مابوویەوە، بیروباوەڕە دێرینەکانی کورد تێکەڵ بە بیروباوەڕە ئایینیەکانی دیکەی وەك مەزدایی و زەردەشتی و بەتایبەتی ئێزدییەکان بووە، پەندێکی تورکی کە لەلایەن باوکە بۆیسەوە ئاماژەی پێکراوە، دەڵێت "کورد تەنیا موسڵمانە بە بەراورد بە کافر"[٢]. فرێدریك میلینگن ئاماژە بەوە دەکات "لەبارەی پرسە، نەریتێکی کوردانە هەیە کە لە نەریتی پرسەی ئەوروپا دەچێت. لەکاتی ڕێوڕەسمی پرسەی جەنگاوەرێک یان سەرۆک هۆزێك، سەرۆک هۆزە دۆستەکان و کەسوکاری مردووەکە بانگهێشت دەکرێن(...).ئەسپسوار کاروانێك دروست دەکەن، لە کاتێکدا تەرمەکە لەلایەن خزم و هاوڕێکانەوە هەڵدەگیرێت. ئەسپێک بەدوایدا دێت، مردووەکە هەڵگرێت. ژنان، لە کاتی پرسەدا، سەرپۆش و جلی ڕەش دەپۆشن. کاتێک تەرمەکە لە ماڵ دەردەهێنرێت، دەگرییێن و هاواردەکەن بەرۆکیان دادەدڕن و پرچیان دەڕننەوە و قووڕ دەکەن بە سەریاندا"[٣]. میلینگن ئاماژە بەوە دەکات، ئەم کردارە لەگەڵ یاساکانی قورئان و دابونەریتی گەلانی تری موسڵمان ناگونجێت.

(١) باسیل نیکیتین، لاپەڕە ٩٧.

(٢) " ڕۆحی کورد لەژێر ڕۆشنایی فۆلکلۆرەکەی" لەپەڕە ٥٠.

(٣) "ژیانی بەربەری لە نێوان کورددا" کە لەلایەن نیکیتینەوە ئاماژەی پێکراوە، پێشتر ئاماژە بەسەرچاوەکەی دراوە لاپەڕە ١١٥.

بابەتی گۆرانیی کوردی لیریک یان داستان یان سۆفیگەرین:

بەگوێرەی نیکیتین و ماری هاونیشتیمانی، ئەوەی گرنگە،(...) دەوڵەمەندی ئەو بابەتانەیە کە لە گۆرانییەکاندا هەیە. ئەو ڕاستییەی کە ئەرمەنییە مەسیحییەکان بە شانازییەوە پێشوازی لە گۆرانی کوردی دەکەن، ئەمەش سەرنجڕاکێشی و بێوێنەیی شیعری فۆلکلۆری کوردی دەردەخات. بەڕێز واگنەر دەڵێت؛ چەندین گۆرانی کوردی لە ئاسیای کۆندا ناسراون، تەنانەت کراونەتە تورکیش.

زۆرجار گەڕیدە و توێژەران پێیانوایە جوانی گۆرانی کوردی لە خەسڵەتی جوامێرانەی ئەم گەلە سەرچاوە دەگرێت، "ئەم گۆرانیانە بە بابەتە دەوڵەمەندییەکانیانەوە میراتی بتپەرستن، ئایینێکی کۆنە کە لە نێو شوێنکەوتووانیدا چەندین هۆزی کوردی هەبووە کە ئێستا موسڵمانن"[(١)].

لەبارەی ژن و شیعری کوردی، گێراڕد شالیان لە کتێبی "شیعری جەماوەری تورک و کورد" دا (لاپەڕە ٧١) جەخت لەوە دەکاتەوە " بەڕاستی ئەوەی شیعری کوردی لە شیعرە بەناوبانگەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیا دەکاتەوە. ڕەنگدانەوەی جیاوازییەکانی نێوان کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکەیە، جیهانبینی کورد( واتە چیرۆکەکانیان دەربارەی بنچینەی گەردوونە) کە ئیلهامێکی گەورەی شیعر دەبەخشێت، زۆر دەوڵەمەندە(...). لە لایەکی دیکەوە، پەندی کوردی پڕ لە نوکتەن و سەلیقەیەکی شیعری پوختەیان هەیە (...). ئەوەی شیعری فۆلکلۆری کوردی بێهاوتا دەکات ئەوەیە کە زۆرێک لە شیعرەکان لە لایەن ئافرەتەوە نووسراون کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ژنان جێگەیەکی تایبەتیان هەیە (...). هەر ئەم ئازادییە ڕێگەیان پێدەدات قسە لەسەر خۆشەویستی بکەن و هەستی خۆیان دەرببڕن(...). هەروەها ئەوانەن گۆرانی بۆ ئەو کارانە دەڵێن کە دەیبینن. کەواتە، شیعرە داستانییەکانی ژنان گەواهی ڕاستەقینەی ئەزموونەکانیانن".

ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی دانا ئادەمز شمیدت گەواهی خۆی لەسەر ژنانی کورد لە ساڵی ١٩٦٢ دا لە کاتی شەڕی کوردستانی عێراقدا بڵاو کردەوە. ئەو سەرسامی خۆی

(١) باسیل نیکیتین، لاپەڕە ١٣٧.

دەردەبڕێت بۆ ئازایەتی و دڵسۆزییان بۆ خێزانەکانیان، تەنانەت لە بارودۆخێکی زۆر سەختیشدا. ئاماژە بەوە دەکات کە شێوازی ژیانی ئەوان "زۆر لە ژیانی یەکەم دانیشتوانی ئەمریکی دەچێت" (نیویۆرک تایمز، ١٣ی ئەیلوولی ١٩٦٢).

بۆ خستنەڕووی بیروڕای نەرێنی لەبارەی کورد، دەتوانین ئاماژە بە فرێدریك میلینگن بکەین کە بە خیانەت و ئاسانکاری بۆ کوشتنی بیانی تۆمەتباریان دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم بۆچوونە بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن چاودێرانی ترەوە مشتومڕی لەسەرە. نیکیتین ئاماژە بەوە دەکات کە میلینگن، وەک ئەفسەرێک لە خزمەتی تورکەکاندا، بە کوردستاندا سەفەری کردووە، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە کورد هەموو هۆکار و بیانوێکیان هەبووە بۆئەوەی متمانەی پێ نەکەن.

هێنری بایندەر لەبارەی کورد بیروڕای جیاوازی هەیە کە زۆرجار نەخوازراو و نەرێنی بوون و دەڵێت: "هەرچەندە ئەوان دڕندە بوون، بەڵام شانازیی بەخۆیانەوە دەکەن و بەڵێنی خۆیان دەپارێزن. ئەگەر کوردێک بەڵێنی دا بە سەلامەتی بتبات بۆ شوێنێك، دەتوانیت متمانەی پێبکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا، دەڵێت ڕۆژی دواتر، کاتێک بەڵێنەکەی جێبەجێ کرد، ئەگەر چاوی پێت بکەوێتەوە، ئەوا دەتوانێ دزیت لێبکات و وەکو سەگ بتکوژێت"[(١)]. هەر لە هەمان لاپەڕە، بایندەر ئاماژە بەوە دەکات کە تاکی کوردی قۆزە، لووتێکی درێژ و باریک، دەمی بچووک، چەناگەیەکی تیژ و چاوێکی گەشی هەیە. تێبینی لێکچوونێک لە نێوان کارەکتەری کورد و کارەکتەری فەڕەنسی دەکات کە بە وتەی ئەو ئەمە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەکاتی جەنگی دووەمی خاچدروشمەکاندا، هەندێک لە خاچدروشمەکان ڕێگای خۆیان ون کردووە و لە کوردستان نیشتەجێ بوون(...). هەروەها ئاماژە بە لێکچوونی هەندێک وشەی کوردی و فەڕەنسی دەکات بەتایبەتی لە ژمارەکان و لە دروستکردن و بنیاتنانی قەڵاکاندا لێکچوونێک هەیە. لە لاپەڕەی دواتر، بایندەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە کورد جوان و بەهێز و زیرەکن، دەتوانن پێش هەر یەك لە تورک و فارسی دراوسێیان بکەون کاتێک شارستانیبوونیان دەگاتێ، هەرچەندە ئاماژە بەوە دەکات: "کوردەکانی باکووری ڕۆژئاوا (کوردستانی تورکیا)[(٢)] توندڕەو و

(١) لە کوردستان، لەپەڕە ١١٠.

(٢) دەستەواژەکانی "کوردی تورک" و "کوردی فارس" دەبێت بەو مانایە تێبگەین مەبەست ئەو

دڕنـدەن، کوردەکانـی باشـووری ڕۆژهـەڵات (کوردسـتانی ئێـران) نەرمونیـان و لێبـوردەن[١] ". هامیلتـۆن ئامـاژە بـەوە دەکات لەنێـو کرێـکارە کوردەکانیـدا، ئەوانـەی خەڵکـی کوردسـتانی ئێرانـن، کارامەتـر و خێراتـر فێـری کارە تایبەتمەنـدەکان بوون.

بـۆ تێگەیـشتن لـەو تێبینییـە ئەرێنـی و هەندێکجاریـش نەرێنییانـە، گرنگـە ئـەوە لەبەرچـاو بگریـن کـە ئـەو نووسـەرانەی سـەدەی نـۆزدە و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم کەوتوونەتـە ژێـر کاریگـەری ئـەو وەسـفە کۆنەپەرستانەی پێـشتر لەبـارەی گەلـی کـوردەوە هەبـوون، بۆیـە پێویسـتە بارودۆخـی ئـەو سـەردەمەش لەبەرچـاو بگریـن: کوردسـتان لـە سـەردەمی عوسمانـی دژی سـوڵتانەکان لـە ڕاپەڕینێکـی بەردەوامـدا بـووە، لـە ئـاژاوە و بـێ سـەروبەری تـەواودا دەژیـا، بەتایبەتـی دوای ڕووخانـی دواییـن میرنشـینە کوردییـەکان. تەنانـەت نیکیتیـن کـە کتێبـە سـەرەکیەکەی لـە سـاڵی ١٩٥٦ بـە هـاوکاری دەزگای CNRS ی فەڕەنسـی چـاپ کـراوە، لـە بـواری کۆمەڵناسـیدا، تەنیـا زانیـاری بەسـەرچوومان لەبـارەی کوردسـتانێک پێشـکەش دەکات کـە لـەو کاتـەوە زۆر پـەرەی سـەندووە[٢].

ئـەم زانیاریانـە هەرچەنـدە بەهـای مێژوویـی حاشـا هەڵنەگریـان هەیـە، بـەڵام لـە بەهێزکردنـی ئەفسـانە زیانبەخشـەکان دژ بـە گەلـی کـورد و خەباتـی مۆدێرنیان بـۆ ڕزگاری نەتەوەیـی بەردەوامـن. بۆ نموونە بەشـێک لە ڕۆژنامەنووسـان ئەگەر پشـتیوانی بزووتنەوەی کوردیـش بـن، بـەڵام شـۆڕشـی کوردسـتانی عێراقـی سـاڵی ١٩٦١یان بـە "کوردسـتانی دڕندە"[٣] وەسـف کـردووە، ئەمـەش هەڵەیـە. پێدەچێت ئـەو سەرلێشـێواوییەی نێوان واقیـع و خەیاڵ، لـە نێـوان ئـەوەی هەیـە و ئـەوەی هەبـووە، لـە خوویەکی سەرسـەختەوە بێت، لـە تەمبەڵی

---

کوردانەیە کە لە کوردستانی تورکیا یان ئێراندا دەژین.

(١) هێنری بایندەر، لاپەڕە ٣٣١.

(٢) لـە پێـش و لـە مـاوەی جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا، باسـیل نیکیتیـن کونسـوڵی گشـتی ڕووسـیای قەیسـەری بـوو لـە ورمێـی کوردسـتانی ئێـران.

(٣) لێـرەدا چەنـد ناونیشـانێک و مانشـێتێك دەخەینـەڕوو: "بارزانـی، دوا جەنەڕاڵـی جەنـگ"، "کـورد لەسـەر ڕێـگای جەنـگ" لـە نیوزویـک، ٧ی ئایاری ١٩٦٢ بڵاوکراوەتـەوە، "خێڵـە ونبـووەکان، خەنجـەری سـوور" لـە نیوزویـک، ٨ی حوزەیرانـی ١٩٥٩، "مەترسـی لـە شـاخەکانەوە «لـە تایمـز مەگەزیـن، ٤ی ئایـاری ١٩٦٢، "خێڵـە کـوردەکان و سـەربازە عێراقییـەکان" لـە نیوزویـک، ٢٤ی حوزەیرانـی ١٩٦٣ (وەرگیـراوە لـە ژان پرادیێـر، لاپـەڕە ٣٧).

ڕۆشنبیری و فیكرییەوە یان لە ئارەزووی ڕاكێشانی خوێنەرەوە سەرچاوەی گرتبێت. دەبێت چاوەڕێی ئینسایكلۆپیدیایەكی زانستی و جددی بكەین كە بە زانیاریی هەنووكەیی و لە چوارچێوەیەكی زانستیدا قسە لەبارەی پرسی كورد بكات.

گرنگە ئاماژە بە هەندێک چاودێری بیانی بكەین، هەرچەندە بێلایەن دەردەكەون، بەڵام هەندێک جار. هەندێک جار سنووری "لەخۆبایی بوونی ڕۆشنبیری" هەیە. ئەم كەسانە زانیاری لە سەرچاوە كوردییەكانەوە ڕەت دەكەنەوە، یان دەگۆڕن و دووبارە دایدەڕێژنەوە، تەنانەت ئەگەر بابەتیانەش بێت و لەسەر بنەمای چاودێری ڕاستەوخۆ یان لێكۆڵینەوەی جددی بێت. هەندێكیان دوودڵ نین لە كەمكردنەوەی هەڕەمەكی خاكی كوردستان و داماڵینی چەند ملیۆن دانیشتووان لێی، لە كاتێكدا كوردستان ڕووبەرێكی دوو بۆ سێ ئەوەندەی ڕووبەری سویسرای هەیە.

ژان پرادییێر لە كتێبەكەیدا، لە بەشی "بەربەستەكانی بەردەم تێگەیشتن" باسی "گرفت و ئاستەنگەكانی بەردەم گەڕان و لێكۆڵینەوە " دەكات كە بە لێكۆڵینەوە لەبارەی كورد پەیوەستە. ئەو هۆشداری لە "لادانەكان" دەدات كە دەتوانێت لەسەر تێگەیشتن لەم پرسە كاریگەری هەبێت. لە نێو ئەم لادانەدا ئاماژە بە ئەمانە دەكات:

١. **خراپییەكانی پشت بێ دەنگی:** تیایدا زلهێزەكان لە "تاوانی جینۆساید" دژی گەلی كورد دەبنە "هاوبەشی نهێنی" حكومەتەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[١].

٢. **كەمتەرخەمیی مرۆڤایەتی لە هەمبەر كورد:** بریتییە لە مامەڵەكردن لەگەڵ هەندێک شەڕ و بەزەیی دەربڕین بۆ شۆڕشی كورد، بێ هەستكردن بە بەرپرسیارێتی بارودۆخەكە .

٣. **سەرسابوون بە نامۆیی:** ئەوروپییەكان بۆ ئەو وێنە دروستكراوانە ڕادەكێشێت كە لەبارەی كورد هەن، وەک ئەوانەی هێنری بایندەر یان كارل مەی.

هەروەها پرادییێر باس لە "سۆز و خۆشەویستی بەرامبەر گەلی كورد" و "ناڕوونیی شۆڕش" دەكات، لە هەمانكاتدا سادەكردنەوەكانی وەک "شۆڕش- دڕندەیی" یان "شۆڕش-

(١) ژان پرادییێر، لاپەڕە ٣١-٤٠. نووسەر لێرەدا ئاماژە بە چەكی بەریتانیا دەكات كە بە ڕەزامەندی فەرەنسا، بە حكومەتی بەغدا فرۆشراوە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی شۆڕش لە كوردستانی عێراق.

ڕق" ڕەتدەکاتـەوە. ئـەو بـەو ئەنجامـە دەگات کە "ئـەم مەیلە بۆ سـادەکردنەوەی ئاڵۆزییە و نوێنەرایەتـی هەوڵێـک دەکات بـۆ بەدیهێنانـی ئەوانی دیکە، بە گۆشـەگیرکردنی ڕاسـتییەکان و سـیفەتەکان. ئەمـەش وا دەکات دامەزراندنـی پەیوەندیـی ڕەسـەن قـورس بێـت. بە بڕوای ئـەو، توانـای ئێمـە بۆ تێگەیشتن لە دۆخێکی سیاسـی لـە دەرەوەی کەلتورەکەمـان، لایەنگری پێشـوەختەی هەیـە و زۆر گرنگـە ئاگاداری ئـەوە بین"[١].

### ٣. لە مێژوونووسی فەرمییەوە.

پێویسـتە توێـژەر زۆر وریـا بێـت لـەو نووسـینانەی بـاس لـە کـورد دەکـەن کـە لـە حکومەتەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتەوە سـەرچاوەیان گرتـووە، کـە کوردسـتانیان لـە نێـوان دابـەش بـووە، ، یـان بـە کاریگەریـی ئـەوان نـووسراون، ئـەم نووسـینانە زۆرجـار لـە چینـە دەسـەڵاتدارەکان، یـان بۆرژوازییـە بچووکـە سـەربازییەکانی وڵاتانـی دراوسـێوە دێـن. لـەم چوارچێوەیـەدا هەمـوو شـتێک شـێواوە، چەواشـە یـان بـە شـێوەیەکی سیسـتماتیکی کار بـۆ ناشـیرینکردنی دەکرێـت: مێـژوو، زمـان، کەلتـور، نەریـت، دامـەزراوە کۆمەڵایەتـی و ئابوورییـەکان، هەروەهـا فراوانـی خـاک و قەبـارەی دانیشـتوانی کـورد و سروشـت و مـەودا و ڕادەی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی.

ئەرشـاك سەفراسـتیانی ئەرمەنـی، ئامـاژە بـەوە دەکات "لـە جیهانـی کۆنـدا، ڕەنگـە هیـچ گـروپ و نەتـەوە و ئەتنییـەک نەبێـت بـە بەردەوامـی هێنـدەی کـورد ڕووبـەڕووی ناوزڕانـدن و سـوکایەتی و چەواشـەکاری بووبێتـەوە". بـە وتـەی ئـەو "هـەر لـە سـەرەتای مێـژووەوە هیـچ گەلێکـی تـر کـە لـە ناوچەیەکـی جوگرافیـای دیاریکـراودا دەژیـن، هێندەی گەلـی کـورد سـوکایەتی پێنەکـراوە". ئـەو جەخـت لەسـەر ئـەم خاڵـە گرنگـە دەکاتـەوە(...) پێـش ئـەوەی باسـی پرسـی کـورد بـکات بـەو شـێوەیەی کـە ئەمـڕۆ هەیـە."[٢]

ئـەم دیاردەیـە بـە سـەرهەڵدانی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـورد لـە سـەدەی بیسـتەمدا خـراپتر بـووە، بەتایبەتـی لـەدوای هاتنـی کەمالیـزم بـۆ تورکیـا و هەندێـک لـە وڵاتانـی عەرەبـی لـەم سـاڵانەی دواییـدا. بـە بۆچوونـی ڕەسـمی

(١) ژان پرادیێـر، لاپـەڕە ٥١. پرادیێـر توێـژەر لـە زانکـۆی تولـۆز، سـەردانی ئـەو بەشـەی کوردسـتانی کـرد کـە لـە پاییـزی ١٩٦٦دا لـە دەسـتی شـۆڕشـی کـورددا بـوو.

(٢) "کورد و کوردستان"، لاپەڕە ١٥، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە.

ستەمکاران و سەرکوتکەرانی کورد، زۆرجار وەک "کۆمەڵێک هۆز" تەماشای کورد دەکرێ کە بە "دڕندە" و "کۆچەری" دادەنرێن و هەمیشە لەسەر ڕێگای جەنگدان". ئەوان بە ڕێگری لە "یاسا و فەرمان" وەسف دەکرێن بەهۆی ئەوەی پێیان دەگوترێت "چەتەکان" و "بێ هۆشیاری نەتەوەیی" ئەمەش وێنەی نەرێنی لەبارەی ئەوان بەهێز دەکات.

لە ساڵانی بیستەکاندا ئەمە بابەتی فەرمی تورکیای نوێی ئەتاتورک بوو. لەوکاتەدا ئەنقەرە بۆی دەرکەوت کە زۆر ئاسانترە بوونی گەلی کورد و مەسەلەی کورد لە تورکیا بەتەواوەتی پشتگوێ بخرێت. لە زمانی فەرمیدا، کورد ئەوکات بە "تورکی شاخ" ناودەبران و کوردستان بە "پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی هەمیشەیی تورکیا"[(١)] ناودەبران.

فەرمانڕەوایانی تورک ساویلکانە، بەڵام بەهێز بەمەبەستی ئاسانکاری تێکەڵاوبوونی کورد، بە هاندانی ناسیۆنالیزمی توندڕەو و بە یارمەتی پرۆفیسۆرە بێ ویژدانەکان، هەوڵیان داوە مێژوو بە شێوازی خۆیان بنووسنەوە. ئەوان باوباپیرانی بەناوبانگی گەلانی دراوسێیان وەک میتانی و حووریيەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیان "بەخۆیانەوە لکاند" و خستیانە ناو "ڕەچەڵەکی تورک". ئەم ڕەچەڵەکانە و گەلانی وەک کریتییەکان، ئیترۆسکەکان، لیگورییەکانی ئیتالیا، هیتییەکانی ئاسیای بچووکی ناوەڕاست، گوتی، کاسیەکانی زاگرۆز، کورد و سۆمەرییەکانی میزۆپۆتامیای خواروو لەخۆ دەگرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم مەبەستە، دامەزراوەکانی وەک "Heti Bank" و "Sumer Bank" لە تورکیا دروستکران.

بە تێپەڕبوونی کات، مێژوو، فۆلکلۆر، مۆسیقا، سەما و هونەری کورد تێکەڵ بە گەلانی دراوسێ بوون. زمانی کوردی چیتر بە زمانێک دانانرێت، بەڵکو شێوەزارێکی سادە و تێکەڵەیەکی جیاوازی وشەی تورکی و فارسی و عەرەبی بوو کە لە دوو هەزار وشە زیاتر نەبوو[(٢)]. پێش ساڵی ١٩١٨ ناوی "کوردستان"

(١) بڕوانە کتێبی "کورد و مافەکان"ی لوسیان رامبۆ، ناسراو بە باوکە تۆماس بۆیس، بەشی "بە ئاسن و بە ئاگر"، لاپەڕە ٢٣-٤٤.

(٢) فەرهەنگی کوردی-ڕووسی پرۆفیسۆر کوردۆیڤ کە لە ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن ئەکادیمیای

لـە هەمـوو نەخشـەکاندا دەرکەوتبـوو، بـەڵام دواتـر بەتـەواوی سـڕاوەتەوە. کاتێـک بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد ئەوەنـدە دیـار بـوو کـە نەتوانـرا پشـتگوێی بخرێـت، زۆر جـار وەک بزووتنەوەیەکـی "ئایینـی"، "کۆنەپەرسـت"، "خێڵەکـی" یـان "شـیوعی" یـان بـە هەمـوو ئـەم ناوانـە وێنـا دەکـرا.

لـەدوای شۆڕشـی کوردسـتانی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٦١ دا، سـەرکردە کەمالیسـتییەکانی تورکیـا دەسـتەواژەی "ئیمپڕیالیسـت" یـان بـۆ شـێواندنی بزووتنـەوەی کوردایەتـی خسـتووەتە لیسـتی وەسـفەکانیانەوە کـە لەلایـەن هەندێـک لـە ئەفسـەران و نووسـەرانی عەرەبـەوە بەرامبـەر بـە کـورد بەکارهاتـووە.

لـە ٢٨ ی ئـاداری ١٩٦٨ ژەنـەڕاڵ سـەدیق مسـتەفا یاداشـتنامەیەکی پێشـکەش بـە سـەرۆک کۆمـاری عێـراق کـرد و گلەیـی لـە زیادبوونـی ژمـارەی دانیشـتوانی کـورد لـە مووسـڵ کـرد و گوتـی ئەمـە بەشـێکە لـە پلانێکـی تاوانکارانـەی هاوشـێوەی ئـەو پلانـەی ئیمپڕیالیسـت لـە فەڵەسـتین جێبەجێـی دەکات بـۆ لاوازکردنـی ناسـنامەی عەرەبـی[1] شـارەکە. لای خۆیـەوە، ژەنـەڕاڵ سـوبحی عەبدولحەمید، وەزیـری ناوخـۆی پێشـووی مارشـاڵ عـارف لـە سـاڵی ١٩٦٤، وتارێکـی لـە بەیـروت بڵاوکـردەوە و تێیـدا هێرشـی کـردە سـەر گەلـی کـورد و بـە "لایەنگـری ئیمپریالیسـتەکان"ی ناوبـردن، هـاوکات هێرشـی کـردە سـەر کەمایەتییـە نەتەوەیـی و ئایینییەکانـی جیهانـی عەرەبـی، وەک دروز و عەلەوییەکانـی سـوریا، مارۆنییـەکان، شـیعەکانی لوبنـان و هەروەهـا قبتییەکانـی مـیسر[2].

کەچـی ئـەوە سـەرکردەکانی سـوریای بەعسـین خۆیـان بـە شۆڕشـگێڕ ناودەبـەن، کـە لـەم بـوارەدا توندوتیژتریـن کـەس بـوون لـە ناوچەکـەدا. لـە کاتێکـدا شـەڕی ڕزگاری کوردسـتانی عێـراق لـە ئـارادا بـوو، هەڵمەتێکـی بەهێـزی جیـاکاری و سـەرکوتکردن لـە دژی کوردەکانـی سـوریا پەرەیسـەند. ئـەم هەڵمەتـە لەلایـەن پارتـی بەعـس و حکومەتـی

زانسـتەکانی یەکێتـی سـۆڤیەت بڵاوکرایـەوە، زیاتـر لـە ٣٤ هـەزار وشـەی لەخۆگرتـووە. ئـەو فەرهەنگـە کوردی-فەرەنسـییەی کـە ئەمیـر کامـەران بەدرخـان لـە پاریـس ئامـادەی دەکات، تـا ئێسـتا زیاتـر لـە ٥٥ هـەزار وشـە لەخـۆ دەگرێـت و هێشـتاش تـەواو نەبـووە.

(١) وەرگیـراوە لـە: ڕۆژنامـەی "خەبـات" زمانحاڵـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق و شۆڕشـی کـورد، ژمـارەی دەرچـووی حوزەیرانـی ١٩٦٨.

(٢) هەفتانەی "ئەلسەیاد"، بەیروت، ژمارە ١٢٣٤ (١٩٦٨)، کە لە ڕۆژنامەی "خەبات"ەوە ئاماژەی پێکراوە.

سوریاوە سەرپەرشتی دەکرا. لەڕووی ئابوورییەوە پلانی خنکاندن و بڵاوەپێکردنی زۆرەملێی دانیشتوانی کورد بۆ بەعەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان دانرا. ئێمە لە نامیلکەیەکی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٨دا بە ناوی "کێشەی کورد لە سوریا، پلان بۆ جینۆسایدی کەمینەیەکی نەتەوەیی"[(١)] باسمان لەو سیاسەتە کرد. کتێبێک بە زمانی عەرەبی بە ناوی "توێژینەوە لەسەر پارێزگای جزیرە، لە ڕوانگەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە"، دەبێتە بنەمایەک کە وەک سیاسەتی جینۆساید وەسف بکرێت. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن مولازم محەمەد تاڵب هیلال بەرپرسی پۆلیسی سیاسی ئەوکاتەی ناوچەی کوردی نووسراوە، وایکرد هیلال پلەی بەرزبکرێتەوە بۆ پارێزگاری پارێزگای حەما، پاشان بۆ پۆستی وەزیری پیشەسازی لە حکومەتەکەی دکتۆر یوسف زەعین. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو بیرۆکە و پلانانەی لە کارەکانیدا خراوەتەڕوو، لەلایەن ڕژێمەوە[(٢)] وەرگیراون.

کتێبەکەی هیلال نموونەیەکی ئاشکرای گوتاری دوژمنکارانەیە بەرامبەر بە کورد، کە بیرۆکەکەی لە "کەمپی من"ی هیتلەر وەرگیراوە کە تیایدا هێرش دەکاتە سەر جووەکان و گەلانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات. لە بەشی یەکەمدا باس لەوە دەکات کە "نە گەلی کورد و نە نەتەوەیەکی کوردی ڕاستەقینە بوونی هەیە" (ل٦). هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکات کە "زمانی کوردی زمانێکی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو هاوشێوەی زمانی قەرەجەکان تێکەڵەیەکە لە دیالێکتەکان" (ل٤). ئەو دەڵێت ئەگەر کەسێک پێچەوانەی ئەوە بڵێت: "چونکە ئیمپریالیزم بەردەوام لە هەوڵدایە ناسنامەیەکی کوردی

---

(١) هەروەها لەم بارەیەوە بڕوانە ڕۆژنامەی جیهانی: "دیپۆرتکردنی دانیشتوانی کورد لە سووریا"، لە ڕۆژنامەی تورکی Yeni Gazete لە ١١ی ئایاری ١٩٦٧، "هاوکاری فەرەنسا و سوریا"، سەروتاری ڕۆژنامەی لومۆندی فەرەنسی لە ١٢ ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧، هەروەها "سەرچاوەکانی نووسەر" لە کۆتایی کتێبەکەدا.

(٢) ئەم کتێبە لە ١٦٠ لاپەڕە پێکدێت، ئەو کارەی کە باسی لێوە دەکرێت، بەڵگەنامەیەکی نهێنی دەوڵەتە، بۆ بەکارهێنان لەلایەن وەزیرەکان و سەرکردایەتی بەعس و پۆلیسی سیاسی تەرخانکراوە. لە کتێبفرۆشی و کتێبخانەکاندا نەناسراوە و بەردەست نیە. ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا توانی کۆپییەک بەدەست بهێنێت، دەسەڵاتدارانی زۆر شەرمەزار دەکات. ئەم نوسخەیە ئێستا لەبەردەستماندایە، ئێمە بە خۆشحاڵیەوە دەیخەینە بەردەستی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بەردەوام بن لەم لێکۆڵینەوەیە.

بە تایبەتمەندییەکانی خۆی دروست بکات و دیالێکتەکانی کوردی یەکبخات"(ل٤). هیلال دەڵێت "لە مێژوودا دەوڵەتێکی کوردی نەبووە، بەڵکو کورد هەوڵیداوە زلهێزەکان ڕازی بکات نیشتمانیان پێ ببەخشن"(ل٦). ئەو تۆمەتباریان دەکات بە "هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی بیانی وەک لەگەڵ فەڕەنسیەکان لە سوریا لە ساڵی ١٩٢٨ و ئەڵمانیا لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی و ئینگلتەرا"(ل١٧) و دواجار لەگەڵ ڕووسەکان دژی ناسیۆنالیزمی عەرەبی"(ل١٨). کە پێیوایە "بزووتنەوەکەیان دەکاتە ئامرازێک بۆ بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا یان شیوعیەت"(ل١٨). هەروەها ڕەخنە لە سیاسەتی ژەنەڕاڵ قاسم دەگرێت کە "بووە هۆی دەرچوونی زیاتر لە پازدە ڕۆژنامەی کوردی"(ل٢١). نووسەر دەڵێت "یاخیبوونی چەکداری کورد لە عێراق، بەردەوامە لە چالاکیی جوداخوازیی خۆی بە پشتیوانی ئەو گروپانەی کە ئەو پێی دەڵێت "شەعبەوی"[1] هەروەها سیاسەتمەدارانی عەرەب و هێزە ئیمپڕیالیستەکان کە دەیانەوێت ناوچەکە دابەش بکەن "(ل٢٣).

لە بەشی دووەمدا، بۆمان دەردەکەوێت کە "کوردی جەزیرە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کوردی عێراق تورکیا و ئێرانەوە هەیە، وەک شیوعی نیشان دەدرێن کە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردن"(لاپەڕە٣٢). نووسەر بە دوژمن وەسفیان دەکات "هەوڵ دەدەنماڵێکی نەتەوەیی خەیاڵی دروست بکەن و دەڵێت؛ ئەوان هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئیسرائیل نییە، سەرەڕای پەیوەندییە ئایینییەکان، لە چوارچێوەی ئیمپڕیالیزمی دژایەتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەراوردیان دەکات "(لاپەڕە٤٠). نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە "وەچەی نوێ و خوێندەواری کورد دژایەتی ئەو بیرۆکەیە دەکات کە پەروەردە تەعریب دەکرێ"(لاپەڕە٤١-٤٣). بەپێچەوانەوە دەڵێ، تا کورد زیاتر خوێندەوار بێت، زیاتر خۆی بە نیشتمانەکەی خۆی کە کوردستانە پەیوەست دەکات. لە بەرامبەردا "پێشنیازی گرتنەبەری سیاسەتێکی کرد کە پەروەردە لەم ناوچانەدا سنووردار بکات، ئەمەش بە ڕێبازێکی تەمومژاوی ناوی دەبات"(لاپەڕە٤٢). نووسەر لە بڕگەیەکدا بە ناونیشانی "پلانی ئیمپڕیالیستی لە بەرژەوەندی کورددا"(لاپەڕە٤٣-٤٥)، باسی لێکەوتە نێودەوڵەتییەکانی

(١) "شعوبی" (پۆپۆلیست)، زاراوەیەکی عەرەبییە کە لە ئیمپراتۆریەتی عەرەبی-ئیسلامیەوە دوای داگیرکردنی موسڵمانان هاتووەتە ناوەوە، بە بێزێیەوە ئەو گەل و لایانە غەیرە عەرەبانە دەناسێنێت کە کاردەکەن بۆ وەرگرتنەوەی سەربەخۆیی خۆیان.

پرسـی کـورد دەکات و دەڵێـت دوو لۆبـی سـەرەکی جیهـان زۆرجـار لـە دەوری دوو قەیرانی گـەورەدا یەکیـان گرتـووە و کۆکـن: "دۆزی فەڵەسـتین و دۆزی کوردسـتان، بەتایبەتـی کوردسـتانی عەرەبـی". ئـەو بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە "لایەنـی سـەرمایەداری بایـەخ بـە پرسـی کـورد دەدات، بـۆ ئـەوەی عـەرەب لـە یەکڕیـزی و ئەرکەکەیـان لابـدات، بـە وتـەی ئـەو، پرسـی کـورد بووەتـە بابەتێکـی نێودەوڵەتی لەسـەر ئاسـتی جیهـان کە بەقەدەر پرسـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان گرنگـە و بـارەگا و نوێنەرایەتـی لـە سویسـڕا و شـوێنەکانی تر هەیە، تەنانـەت بـە پرسـی بەرلین یـان ئەڵمانیـا بـەراوردی دەکـەن"(ل٤٣).

نووسـەر ڕوونـی دەکاتـەوە کـە بـەرەی ڕۆژهـەڵات (شـیوعییەت) تەنیـا لـە کارەکانـی لـە فەڵەسـتین سـنووردار نییـە. تەنانـەت لەگـەڵ بـەرەی ڕۆژئاواشـدا یەکدەگرێتـەوە بـۆ دروسـتکردنی قەیرانـی نـوێ لـە جیهانـی عەرەبیـدا. ئـەو بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە ڕۆژنامەگـەری و ڕاگەیاندنـی ڕۆژهـەڵات پشـتیوانی لـە یاخیبوونـی بارزانـی دەکـەن بەنـاوی مافـی چـارەی خۆنووسـینی گەلـی کـوردەوە(...). ئـەم دۆخـە بـە "دروسـتکردنی دەوڵەتـی ئیسرائیـل بـەراورد دەکات کـە لەلایەن ڕۆژئـاواوە لە دژی عەرەبەکان پشـتیوانی دەکرێت. لە وەڵامـدا، ئـەو دەڵێـت بەرەی شـیوعییەکان هەوڵـی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کـوردی دەدەن کـە لەژێـر کاریگـەری مۆسـکۆدا بێت. ئـەم بیرۆکەیە جەخت لەسـەر هێـز و ڕکابەریی نێوان زلهێـزەکان دەکاتـەوە کـە کاریگـەری لەسـەر گەلانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت هەیـە"(ل٤٤). نووسـەر، وەزیرێکـی بەعسـییە، ئیمپڕیالیـزم بـە هەڕەشـەیەک لەلایـەن ڕۆژئـاوا و یەکێتـی سـۆڤیەت دەزانێـت و دەڵێـت زیان بە "ئەرکی هەمیشـەیی" نەتەوەی عـەرەب دەگەیەنێت.

محەمـەد تاڵـب هـیلال بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی مەترسـی کـورد دوازدە ڕێـکار و ڕێوشـوێن پێشـکەش بـە حکومەتەکـەی دەکات(ل٤٥-٤٨). لـە نێـو ئـەم ڕێوشـوێنانەدا، پێشـنیاری ئەمانـە دەکات:

١. ڕاگواستنی کورد لە ناوچە سنوورییەکانەوە بۆ ناوخۆی وڵات.

٢. برسـیکردنیان بـە دەستبەسـەرداگرتنی زەویـوزار و موڵـك و ماڵیـان لـە جزیـرە و سـنووردارکردنی دەستڕاگەیشـتنیان بـە کار، بـۆ ئـەوەی ناچاریـان بکـەن کـۆچ بکـەن.

٣. لە ڕێگەی سیاسەتی تەمومژاوییەوە کورد لە هەموو پەروەردەیەک بێبەش بکەن.

٤. بە زۆر دەرکردنی ئەو کەسانەی بە بڕیارەکانەوە پابەند نین.

٥. ناوچەکانیـان وەک ناوچـەی سـەربازیی ڕابگەیەنـن و عەرەبـە ناسیۆنالیسـتەکانی تێـدا نیشـتەجێ بکـەن و زەوی کشـتوکاڵی و چەکیـان بـۆ دابیـن بکـەن، وەک مۆڵگەکانـی نیشـتەجێبونی جـووەکان .

ئەم پێشنیازانە خواستی نەهێشتنی بوونی کورد بە ڕێگەی ڕادیکاڵ نیشان دەدەن.

لـە کتێبێکـی بچووکـدا، کـە لـە تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٨ بـە نـاوی چەوسـاندنەوەی گەلـی کـورد لەلایـەن دیکتاتـۆری بەعـس لـە سـوریا، یـان بیروبۆچوونـەکان لەسـەر بیـری بەعـس: هەڵمەتـی سـوری لـە دژی کـوردەکان بـە هـەردوو زمانـی فەڕەنسـی و ئینگلیـزی بڵاوکرایـەوە، بـە وردی لێکۆڵینەوەمـان لەسـەر کارەکانـی هـیلال کـردووە. ئـەم کتێبـەش بـۆ چەنـد زمانێکـی بیانـی وەرگێـڕدراوە.

بەرهەمـە عەرەبییەکانـی ئـەم دواییـە کە بە تونـدی دژایەتـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیـی کـورد دەکـەن بریتیـن لە:

- پرسـی کـورد و ناسـیۆنالیزمی عـەرەب لـە شـەڕی عێراقـدا (ڕێکەوتـی دیـاری نەکـراوە) لەلایـەن مەحمـود ئەلـدورە نـووسراوە، کـە ئەفسـەرێکی عێراقیـە.
- ڕووناکی لەسـەر باکوری عێراق، بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بەردەسـتە، لە ساڵی ١٩٦٥ لە بەغدا لەلایەن نوعمان ئەلکەنعانی ئەفسـەرێکی دیکەی عێراقی بڵاوکراوەتەوە.
- عێراق و باکوورەکەی، هەروەها بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، بێ ناوی نووسەر لەلایەن دار الجمهوريه لە بەغدا لە ساڵی ١٩٦٥، بە سەرپەرشتی حکومەتی عێراق چاپکراوە.
- قاسـم و کـورد، خەنجـەر و شـاخ لـە نووسینی ئەحمـەد فـەوزی، لـە سـاڵی ١٩٦١ لـە بەغـدا چاپکـراوە، ئەمەیـان لەچـاو بەرهەمەکانـی تـر کەمـتر دژە کـوردە.

لەسـەر ئاسـتی زانسـتی، تێزەکانـی محەمـەد تاڵـب هـیلال و کەنعانـی و ئەلـدورە، وەک تێـزە تورکیەکانـی پێـش خۆیـان بـە جـددی وەرناگیرێـن. لەگـەڵ ئەوەشـدا بەهـۆی کاریگەرییـە سیاسـی، ئەخلاقـی و سـەربازییەکانیانەوە نیگەرانیـەکان دەورووژێنـن.

لـە ئێـران بارودۆخـی کـورد جیـاوازە، ئـەوان بـە زمانێکـی هەمـان خێزانـی فارسـی قسـە

دەکەن، لەوانەیە کاریگەری مامناوەندیی هەبێت. تەنانەت پارێزگایەکی کارگێڕی بە ناوی "کوردستان" هەیە، هەرچەندە زۆربەی لەوەی تایبەتە بە کورد دابڕێنراون، وێڕای ئەمەش، دەبێت بە وریاییەوە زانیاری لەسەرچاوە فارسییەکانەوە لەبارەی کورد وەربگیرێت.

**٤. کوردناسی**

کوردناسی دەتوانرێت وەک کۆمەڵێک توێژینەوەی تایبەت بە کورد پێناسە بکرێت کە مێژوو، زمان، خاك و پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەی نەتەوەیی لەخۆ دەگرێت کە هەموویان بنەمایەکی زانستی پتەویان هەیە، بۆیە مەحاڵە لە کوردناسی نووسینی ناوزڕاندن، یان ساختەی زانستی بخەینەڕوو وەکو ئەوانەی لەسەرەوە باسمان کرد.

بە پێچەوانەی ئەوەی مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە، کوردناسی دیسپلینێکی خێرایە و لە فراوانبووندایە و ڕێسا و یاسای دامەزراوی هەیە. بواری خوێندنەکەی فراوانە و هێشتا زۆر شت ماوە بکرێت: پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، ناساندنی هەندێک ناوچەی دەست پێنەگەیشتووی کوردستان، ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و لابردنی هەندێک چەمك و بیری نازانستی. دوو ناوەندی توێژینەوەی سەرەکی لە هەر یەك لە یەکێتی سۆڤیەت و بێگومان لە کوردستانیش، لای خودی کورد هەیە.

ئەدەبیاتی ڕووسی لەبارەی کورد دەوڵەمەندە کە مێژووەکەی بۆ پێش و دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەگەڕێتەوە. بەداخەوە ئێمە زانیاریی سنووردارمان لەبارەی هەیە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی ئاماژە و بەشی بچووك بچووکی کتێب، وەک ئەوانەی لە بەرهەمەکانی نیکیتین و هەندێک وەرگێڕاندا خراوەتەڕوو. ئەوەی توانیمان بیدۆزینەوە، هەم لە ڕووی وەسفی و هەم لە ڕووی شیکارییەوە زۆر سەرنجڕاکێشە.

توێژەرانی ڕوسیا و سۆڤیەت ئەو سوودەیان هەیە کە لە قەوقازی باشوور، بە تایبەتی لە ئەرمینیا، ئازەربایجان و جۆرجیا دراوسێی کوردن، هەروەها لە تورکمانیستانیش کورد هەیە. ئەمەش دەبێتە جێی سەرنج و ئاسانکاری بۆ توێژینەوەی زانستی. جگە لەوەش ئەم توێژینەوەیە لەلایەن دەوڵەتەوە پاڵپشتی دەکرێت و بە چاودێری ئەکادیمیای زانستی ئەنجام دەدرێت.

لە سەردەمی قەیسەردا؛ توێژەرە گەنجەکانی سۆڤیەتی وەك زێرنۆڤ و ئەلیکساندەر ژابا کاریان دەکرد، لە ئەمڕۆدا، کوردناسی بووەتە دیسپلین و نەریتێکی ڕاستەقینە لە یەکێتی سۆڤیەت. قوتابیان دەتوانن لە لینینگراد و مۆسکۆ و ئێریڤان و باکۆ و تاشکەند پسپۆڕی لە خوێندنی کوردیدا وەربگرن. بۆ زانینی زیاتر، خوێنەری فەرەنسی دەتوانێت نامیلکەی "کورد و کوردناسی لە یەکێتی سۆڤیەت" بە دەست بهێنێت لەنووسینی ئەلیکساندەر بێنیگسنە کە لەلایەن کۆلێژی پراکتیکی بۆ توێژینەوە و خوێندنی باڵا لە پاریس بڵاو کراوەتەوە. ئەم نامیلکەیە لە وتارێکی نایابی کوردی سۆڤیەتی ک. کوردۆیڤ سەرچاوەی گرتووە، کە باس لە "پەرەسەندنی کوردناسی لە یەکێتی سۆڤیەت" دەکات(مۆسکۆ،١٩٦٠). هەروەها کوردۆیڤ فەرهەنگێکی کوردی-ڕوسی نووسی کە سی و چوار هەزار وشەی تێدایە و لە ساڵی ١٩٦٠ لە مۆسکۆ بڵاو کرایەوە، بە بەکارهێنانی پیتی لاتینی بۆ زمانی کوردی.

لە وتارێکدا بە ناونیشانی "زانستی سۆڤیەت و قەوارەی نەتەوەیی گەلی کورد"، کوردێکی دیکەی سۆڤیەتی(١) جەخت لەسەر گرنگی لێکۆڵینەوە لەبارەی گەلی کورد دەکاتەوە و تیشک دەخاتە سەر ئەوەی چۆن توێژینەوەی زانستی یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی باشتر لە ناسنامە و کەلتوری کوردی:

"پسپۆڕانی سۆڤیەتی هەوڵی هەندێک لە توێژەرانی ئەنگلۆ ئەمریکی لەبارەی ناساندنی کورد وەک "هۆزە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک" بە دژە زانستی و کۆنەپەرستی دادەنێن(...)، هەروەها ڕەخنە لە بانگەشەی ڕۆشنبیرانی تورک دەگرن کە کوردەکان بە "تورکی چیایی" وەسف دەکەن، هەمدیس هەندێک لە زانایانی ئێرانی کورد بە "کۆچەری ئێرانی" وەسف دەکەن(...). بێجگە لەوانەش، نووسەرانی عێراقی دەڵێن کوردەکان تەنیا "خەڵکی باکووری عێراقن".

هەرچەندە لێکۆڵینەوەکانی سۆڤیەت لەبارەی کورد جدیین، بەڵام بێ ڕەخنەش نین. ئەوەتە باوکە بۆیس لە کتێبی "چاوخشاندنێک بە ئەدەبی کوردی" دا جەخت لەوە دەکاتەوە هەرچەندە ئەدەبیاتی کوردانی سۆڤیەت بە کوردی نووسراوە، بەڵام ئەم هەستە نەتەوەییە بەهێزەی تێدا نییە کە لە نێو کوردانی نیشتەجێی کوردستاندا

(١) ئا.قادری، لە گۆڤاری ناوەندی لێکۆڵینەوەی کورد، ژمارە ١٣، پاریس، ١٩٥٠.

دەیدۆزینــەوە. لای ئــەم کوردانــە نیشــتمان کوردســتان نییــە، بەڵکــو نیشــتیمانی گــەورەی سـۆڤیەتە، یـان هەندێکجـار ئەرمینیـای سـۆڤیەت و تەنانـەت لـە ئاسـتی ناوخۆییتریشـدا، دۆڵەکەیـان یـان گوندەکەیانـە. ڕەنگـە ئەمە هەڵوێسـتێکی سیاسـی بنەڕەتی دەسـەڵاتدارانی سـۆڤیەت ئاشـکرا بـکات کـە لـە چوارچێـوەی ئـەم پێشـەکییەدا بـە تـەواوی شـیکردنەوەیان ئەسـتەمە. ئێمـە لـە سـایەی خوێندکارانـی کـورد و ئەزموونـی گەشـتەکانی خۆمـان بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٦٠، ١٩٦١ و ١٩٦٢ دا دەزانیـن کوردەکانی سـۆڤیەت سوپاسـی یەکێتـی سـۆڤیەت دەکەن و هاوسـۆزیی خۆیان لەگـەڵ بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیـی کـورد نیشـان دەدەن. پێناچێـت ئـەم پاڵپشـتی و هاوسـۆزییە تەنیـا تیـۆری یـان ئایدیۆلـۆژی بێـت. هەروەهـا ڕەنگـە لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە جەوهـەری نەتەوەیـی بێـت. عەزیـز شـەمزینی کـوردی عێراقـی کـە لـە لینینگـراد خوێندویەتـی، دوای ستایشـێکی زۆر، ڕەخنـەی تایبەتـی لـە لێکۆڵینەوەکانـی سـۆڤیەت لەبـارەی مێـژووی کـورد دەگرێـت. لـە پێشـەکیی تێزەکەیـدا بەناونیشـانی "بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی گەلـی کورد"، کـە لـە سـاڵی ١٩٥٨ لـە شـاری لینینگـراد گفتوگـۆی لەبـارەوە کـرا، شـیکارییەکی ڕەخنەگرانـە بـۆ نووسـینەکانی لەبـارەی کـورد لـە وڵاتـە جیاوازەکانـدا ئەنجـام دەدات. سـەرەتا بەرهەمی ئـەو وڵاتانـە ڕەتدەکاتـەوە کـە "بـە هـۆی شـۆڤێنیزم و کەسایەتی نازانسـتییەوە گەلـی کـورد دەچەوسـێننەوە". دواتـر ڕەخنـە لـە بەرهەمەکانـی نووسـەرانی ئەنگلۆساکسـۆن دەگرێـت، کـە بـە گشـتی بـە "سـیخوڕ، نێـردەی تایبـەت، ڕاوێـژکاری سیاسـی یـان ڕێبـوار و گەڕیـدە " وەسـفیان دەکات، ناوەکانـی وەک سـۆوان، میلینگـن، ڕاولینسـۆن و مـۆرگان بـە نموونـە دەهێنێتـەوە. دان بـەوەدا دەنێـت کـە نووسـینەکانی ئەنگلۆساکسـۆن "چەندیـن تێبینـی و ڕاپـۆرت و زانیـاری شەخسـی لەسـەر مێـژووی هـۆزە کوردییـەکان" لەخـۆ دەگرێـت، بـەڵام جەخـت لـەوەش دەکاتـەوە "بەهـۆی ئـەو ئامانجـە ئیمپریالیسـتیانەی کـە بەدوایـدا دەگەڕێـن"، ئـەم نووسـەرانە بـە هەندێـک وردەکارییـەوە "واقیـع دەشـێوێنن و تـا ئـەو ڕادەیـە دەڕۆن کـە نکۆڵـی لـە ڕاسـتیینەی نەتەوەیـی کـورد دەکـەن". لـە لایەکـی تـرەوە، تیشـک دەخاتـە سـەر سـوودی هەندێـک بەرهـەم کـە لـە فەڕەنسا بڵاو کراونەتـەوە، وەک "کـوردەکان و مـاف" لەلایـەن لوسـیان ڕامبـۆ و بەرهەمەکانـی باسـیل نیکیتیـن. شـەمزینی بـە ستایشـی ئـەو لێکۆڵینـەوە و توێژینەوانـە دەسـت پێدەکات کـە لـە یەکێتـی سـۆڤیەت بڵاوکراونەتـەوە لەبـەر "تایبەتمەنـدی و بنەمـای زانسـتی"یان، بـەڵام پەشـیمانی دەردەبڕێـت

لە "هەڵە لە سەرچاوەکانی بۆرژوازی و تورکی و فارسی و عەرەبی"، بەتایبەتی ئاماژە بە مێژوونووس ل. ڤیلچێڤسکی دەکات کە پرۆفیسۆر و مامۆستایە لە زانکۆی لینینگراد و کارەکەی "شایەنی بایەخێکی گەورەیە. ڤیلچێڤسکی لەسەر بنەمای چەندین بەڵگەنامەی واقیعی و تێبینی شەخسی پەیوەندییە دەربەگییەکان لە کوردستان لە سەدەی نۆزدەهەم و هەلومەرجی جەماوەری فراوانی جوتیاران و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد شیدەکاتەوە"، بەڵام شەمزینی دەشڵێت: "ناتوانین هەمیشە لەگەڵ دەرەنجامەکانی ڤیلچێڤسکی لەبارەی پەرەسەندنی مێژوویی گەلی کورد هاوڕا بین. ئێمە ناتوانین ڕاپەڕینە نەتەوەییەکانی کورد لە ساڵانی ١٨٨٠ و ١٩٢٥ بە دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستانە بزانین، هەروەها ناتوانین سەرکردەکانیان بە خائین و سەربڕ وەسف بکەین".

پاشان شەمزینی پێداچوونەوە بە بەرهەمە نوێیەکانی نووسەرانی سۆڤیەت دەکات، وەک تێزی کوزنیتسۆڤ لەسەر "عێراق لە جەنگی دووەمی جیهانی" (١٩٤٨)، تێزی ئاگۆبۆڤ لە ساڵی ١٩٥٠ لەسەر "بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەکانی ئێران"، تێزی فاریزۆڤ لەسەر "شوێنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە خەباتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست لە دژی ئیمپریالیزم" (١٩٥٣) و لە کۆتاییدا ت. ف. ئاریستۆف لەسەر "کوردەکانی ئێران"، توێژینەوەیەکی مێژوویی و ڕەگەزناسی، لە ساڵی ١٩٥٣ بڵاو کرایەوە. شەمزینی دەڵێت: "هەموو ئەم تێزانانە بەڵگەنامەی گرنگ و شیکردنەوەی وردیان تێدایە، بەڵام نووسەرەکانیان هەمان هەڵەی پێشینەکانیان دووبارە دەکەنەوە و هەمان تۆمەت دەخەنە پاڵ سەرهەڵدانەکان و شۆڕشگێڕانی کورد کە بە کۆنەپەرست ناویان دەبەن و سەرکردەکانیان بە خیانەتکار وەسف دەکەن." لە ڕاستیدا، بەم شێوەیە لەبارەی کێشەکە و مێژووی گەلی کورد خوێنەرانی سۆڤیەت بە ئاراستەیەکی هەڵەدا دەبەن. شایانی باسە، شەمزینی لەلایەکی دیکەوە ئاماژە بۆ توێژەری شایستەی کوردی سۆڤیەت کانات کوردویێڤ، پرۆفیسۆر لە ئەکادیمیای لینینگراد دەکات، کە "تێزە شێواوە، زانستیە ساختە و دژە جەماوەری نووسەرانی بۆرژوازی و هەندێک نووسەری سۆڤیەتی لەبارەی مێژوو و شارستانییەتی کورد ئاشکرا کرد".

تێزەکەی شەمزینی بە ڕووسی نووسراوە، بەڵام بڵاو نەکراوەتەوە، زۆربەی کات لە زانکۆکانی سۆڤیەت ئەوە ڕوودەدات و نووسەر گلەیی دەکات لە بڵاونەکردنەوەی. کاتێک لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ یەکەم جار لە بەغدا کۆبووینەوە، پێی گوتین دەبوایە لە بازنەیەکی زۆر بچووک و نیمچە نهێنیدا گفتوگۆی تێزەکەم بکەم، بۆئەوەی حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیگەران نەکات کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بەڵام تێزەکە پەسەند کرا و لە ساڵی ١٩٥٩ بۆ عەرەبی وەرگێڕدرا و بەشێکی ئەڵقە ئەڵقە لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوکرایەوە کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە عێراق. عەزیز شەمزینی کوڕی کوڕەزای سەرکردەی شۆڕشی ١٨٨٠ و ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و عەقیدی پێشووی سوپای عێراقە، یەکێکە لەو ئەفسەرانەی یاوەری ڕێڕۆیشتنەکەی ژەنەڕاڵ بارزانی بوو بۆ یەکێتی سۆڤیەت.

لە سەردەمی ستالیندا، کوردانی نشتەجێی سۆڤیەت، هەرچەندە بارودۆخی ژیانیان تاڕادەیەک باشتر بوو لە کوردانی دانشتووی کوردستان، بەڵام مامەڵەی تایبەتیان لەگەڵ نەدەکرا. زۆرجار ئامارە فەرمییەکان لەسەر ژمارەکانیان زۆر کەمتر بوون وەك لە واقیع. بۆ نموونە لە ئازەربایجان کە کورد زۆر بوو، زۆرجار لە ناسنامەکانیاندا نووسرابوو "ئازەری" نەک "کورد" بۆ شاردنەوەی نەتەوەی ڕاستەقینەیان. هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە کورد تەنیا نەتەوە نەبوو کە لە ژێر دەسەڵاتی ستالینیزمدا ئازاری چەشت. زۆرێک لە گەلانی دیکەی سۆڤیەت لەو کاتەدا لە بارودۆخێکی سەختدا دەژیان.

لێرەدا، دەمانەوێت بیرەوەرییەکی تایبەتی شەخسی باس بکەین کە پشتڕاستی ڕەخنەکانی شەمزینی هاونیشتیمانمان دەکاتەوە. لە هاوینی ساڵی ١٩٦٠ لە سیمینارێکی نێودەوڵەتی قوتابیان بە نوێنەرایەتی کۆمەڵەی خوێنکارانی کورد لە ئەوروپا لە کەنار دەریای ڕەش بووین. کاتێک لیستی بەشداربووان ئامادە کرا، تێبینیمان کرد ناوی ڕێکخراوەکەمان لەگەڵ ناوی ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی دیکەدا نەهاتووە، بەڵکو لەو بەشەدا هاتووە کە تایبەتە بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. نارەزایی خۆمان گەیاندە نووسینگەی تایبەت بە سیمینارەکە، بەتایبەتی سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی قوتابیانی

یەکێتی سۆڤیەت کە لەوێ ئامادە بوو. دۆستی سۆڤیەتمان بە دوودڵی مایەوە و ڕۆژی دواتر بە ڕاشکاوی پێی گوتین: من، لێرە، لەبارەی نەتەوەی کوردەوە تەماشای چەند کتێبێکم کرد، هەروەها ڕای ئەو کەسانەم پرسی کە دەیاننناسم. بۆچوونەکان پەرت و جیاواز بوون: هەندێک پێیان وایە کورد نەتەوەیە، هەندێکی تر بە پێچەوانەوە بیردەکەنەوە. پاشان، دەبێت لە ئێمە تێبگەن: "ئەگەر ناوی ڕێکخراوەکەتان لە نێو ڕێکخراوە نەتەوەییەکان دابنێین، مەترسی تووڕەکردنی تورک و عەرەب و فارسی لێدەکەوێتەوە". لەو ڕاپۆرتەی لەسەر ئەم سەفەرە نووسیمان، کە لە چوار بەشدا لە "خەبات"، لە بەغدا لە ئەیلوولی ١٩٦٠ بڵاوکرایەوە، بە پێویستمان زانی ئەم وەڵامە دووبارە بکەینەوە، چونکە کاردانەوەی جەماوەری کورد بە ئاشکرا سەرسوڕمان و نائومێدی بوو. زۆرێک لەو هەڵانە لە سەرچاوە تورکییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، لەو سەردەمەوە کە یەکێتی سۆڤیەت پشتیوانی کەمالیزمی لە دژی ڕۆژئاوا دەکرد، لە کاتێکدا ئەنقەرە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی سەرکوت دەکرد. دەتوانین هیوای ئەوە بخوازین کە دوای ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم دواییە و لە سایەی ئەو لێکۆڵینەوانە کە قوتابیانی کورد لە یەکێتی سۆڤیەت ئەنجامی دەدەن، بتوانن بە خێرایی لەم هەڵانە ڕزگاریان بێت، کوردناسیی سۆڤیەتی کارەکانی حاشا هەڵنەگرن و نکۆڵی لێناکرێت.

کوردی سۆڤیەت پرۆفیسۆر کانات کوردۆڤ لەم دواییانەدا لە ئەکادیمیای زانستەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە لینینگراد گفتوگۆی تێزی دکتۆراکەی کرد، کە لەبارەی ڕێزمانی زمانی کوردییە. کوردێکی دیکەی سۆڤیەت بەناوی کەریم ئەلقۆسی لە ئەکادیمیای زانستی یەریڤان خەریکی ئامادەکردنی نامەی دکتۆرایە لەسەر مێژووی کورد. بەدڵنیاییەوە لە کۆنترین و بە تەمەنترین کوردەکانی سۆڤیەت کە پسپۆڕی لە خوێندنی کوردیدا هەیە، ئەویش عەرەب شەمۆیە کە بە کتێبی ڕۆمانی "شوانی کورد" ناسراوە.

هەمان هەڵە بە ڕادەی جیاواز، بەهۆی زانیاریی بە ئەنقەست، یان کۆنیی گەڕیدەکان یان سەرچاوە غەیرە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ئەدەبیاتی فەڕەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزیدا لەسەر ئەم بابەتە دەبینرێت.

لەبارەی ئەو بابەتەوە ئەدەبیاتی فەڕەنسی بەراورد بە ئەدەبیاتی ڕووس و سۆڤیەت

کەمتر دەوڵەمەندە، بەڵام سیمایەکی زانستی هاوشێوەی هەیە، بە گشتی شیکارییە و تیشک دەخاتە سەر ڕاست و دروستی نەتەوەیی کورد. بە تایبەتی دەتوانین سەرنجی کارەکانی ژەنەڕاڵ ڕۆندۆت بدەین کە هەمیشە زۆر باشە، هەروەها کارەکانی باوکە تۆماس بۆیس کە لە ئێستادا باشترین پسپۆڕی کورد و کوردناسیە لە فەرەنسا و ڕەنگە لە ڕۆژئاواش هەر ئەو بێت. لە پاریس، ئەکادیمیستەکان دەتوانن لە ڕێگەی کۆرسێکەوە کە لەلایەن کامەران بەدرخانەوە لە پەیمانگەی نیشتمانی زمانە مۆدێرنەکانی ڕۆژهەڵات پێشکەش دەکرێت، شتی نوێ فێر بن، جگە لەوەش لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ تا ١٩٦٢ لە هەمان ئەم قوتابخانەیە، ئێمە کۆرسێکمان لەبارەی "شارستانییەتی کوردستان" پێشکەش کرد کە بە پێی زانیاری ئێمە یەکەم کۆرس بوو لە جۆری خۆی لە ڕۆژئاوا(١).

ئەدەبیاتی ئەڵمانی لەسەر ئەو بابەتە بە گشتی توێژینەوەی زانستی کواڵێتی و توێژینەوەی تێر و تەسەل لەخۆدەگرێت، بەڵام بەسەرچووە و کۆن بووە و پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە، هاوشێوەی کارەکانی ئۆسکارمان. لە زانکۆی هومبۆڵت لە بەرلینی ڕۆژهەڵات، دەکرێ لە سەنتەری زمانە ئێرانییەکان، بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر یونکەر، پسپۆڕی لە خوێندنی زمانی کوردیدا بخوێنرێت.

بەرهەمی ئینگلیزی هەرچەندە تاڕادەیەک زۆرە، بەڵام بەگشتی کەمتر زانستییە و هەندێکجار دەتوانێت لایەنگری پێوە دیاربێت، بەڵام تێڕوانین و زانیاری زۆری دەستی یەکەم پێشکەش دەکات. لە لەندەن، پرۆفیسۆر ڤلادیمێر مینۆرسکی وانەی دەگوتەوە و بەشدارییەکی بەرچاوی لەبارەی بەراییەکانی نەتەوەی کورد ڕوونکردنەوەی داوە. جگە لەوەش خولێکی زمانی کوردیش لەلایەن پرۆفیسۆر دەیڤید نێل ماکێنزی لە لەندەن پێشکەش دەکرێت.

شایانی باسە، لە سەنتەری سانسکریتی زانکۆی ئۆپسالا لە سوید، پرۆفیسۆر ستیگ ویکاندەر سەرقاڵی توێژینەوەی زمانەوانییە لەسەر زمانی کوردی.

لە سەرەتای دەستپێکی شۆڕشەوە لە کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٦١ و لە

---

(١) داوامان لێکرا نوێنەرایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق بکەین لە دەرەوە، ناچار بووین واز لە وانەوتنەوەی ئەم کۆرسە بهێنین.

سایەی ئـەو گرنگیدانـەی بـە پرسـی نەتەوەیـی کـورد دراوە، گەشـانەوەیەکی نـوێ لـە لێکۆڵینـەوە و بەرهـەم و توێژینـەوەی دوور و درێـژ لەسـەر ئـەم گەلـە بـەدی کراوە، جگـە لـەو لایەنانـەی سـتەم لـە کـورد دەکـەن. ئـیتر ناکرێ ڕاسـتی نەتەوەیـی کـورد پشـتگوێ بخرێـت، ڕاسـتییەکان ئێسـتا ئاشـکرا بـوون. ئـەو لایەنگرییـە کولتورییانـەی لـە کارە جدییەکانـدا هـەن، نزیکـەی بـە تـەواوی نەمـاون. تەنانـەت ئامـاژە بـەوە کـراوە، هەندێـک ئەفسـەری پێشـووی بەریتانیـا کـە ئێسـتا خانەنشـین کـراون و بەرپرسـیارێتیان لەسـەر شـان نەمـاوە، پێداچوونـەوە بـە بۆچوونەکانیـان دەکـەن، ئـەوان کـە سـەردەمانێک پشـتگیریان لـە "پاشـای عەرەبـی عێـراق" کـردووە دژی باشـووری کوردسـتان.

جارێکـی تـر، لـە یەکێتـی سـۆڤیەت ئـەم گەشـانەوەی توێژینەوەیـە زۆر بەرچـاو بـوو، ئەمـەش بەهـۆی بەشـداریی توێـژەرە گەنجەکانـی کـورد، بەتایبەتـی لـە کوردسـتانی عێـراق. لـە فەڕەنسـا، ئێمـە پێشـتر جەختمان لەسـەر سوودی کارەکانـی ژان پرادیێـر کردووەتـەوە. بـۆ ئەمـە دەبێـت وتارێکـی قایلکـەر لەسـەر "شـیعری بەناوبانگـی تـورک و کـورد" و نامیلکەیەکـی بەنـاوی "پرسـی کـوردی" لەلایـەن جێـرارد شالیانەوە زیـاد بکرێـت. هەروەها گرنگـە ئامـاژە بـە کتێبـی "یـان کوردسـتان یـان نەمـان" لـە نووسـینی ڕۆژنامەنـووس ڕێنـی مۆریـس بکەیـن کـە بـە هـۆی شـیکارییەکانییەوە کتێبێکـی بەنرخـە. لـە کۆتاییـدا، نامـە بەکالۆریۆسـەکەی دێنیـز ڕیڤێـردی کـە سـاڵی ١٩٦٤ لەسـەر پرسـی نەتەوەیـی کـورد پێشکەشـی لـە زانکـۆی گرۆنۆبڵـی کـرد، شایسـتەی ئاماژەکردنـە.

لـە سـاڵی ١٩٦٩، ژان پیـەر ڤینـۆ تێـزی دکتۆراکـەی بـە ناونیشـانی "بەشـداریکردن لـە خوێندنـی مێـژوو و کۆمەڵناسـی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـوردی" لـە زانکـۆی سـۆربۆن تـەواو کـرد. لـە ئەمەریـکا، گرنگـە ئامـاژە بـە کتێبـی دانـا ئادەمـز شـمیت بکەیـن، " گـەڕان بەنێـو پیـاوە ئازاکانـدا"، کـە ڕاپۆرتێکـە لەسـەر جەنـگ. هەروەهـا جێـی ئاماژەیـە تێـزی دکتۆرایەکـە کـە لـە زانکـۆی ڤێرجینیـا لـە سـاڵی ١٩٦٥ لەلایـەن ویلیـام ناتانیـاڵ هاوێـڵ پێشـکەش کـرا، بـە ناونیشـانی "یەکێتـی سـۆڤیەت و کوردەکان: لێکۆڵینەوەیـەک لـە کێشـەی کەمـە نەتەوەییـەکان لـە سیاسـەتی سـۆڤیەت". هەروەهـا دەبێـت لەبیرمـان نەچێـت کتێبەکانـی هـەر یـەك لـە ویلیـام ئیگلتـۆن "کۆمـاری کـوردی سـاڵی ١٩٤٦" و "کـوردەکان و کوردسـتان"ی دێـرک کێنـان و تێـزی دکتـۆرای لیتـی وێنـەر لـە زانکـۆی

کالیفۆرنیا لەبارەی "پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی ١٩٦٠" و تێزی دکتۆراکەی مارتن هۆفمان لە زانکۆی ڤێرمۆنت کە ئێستا ئامادە دەکرێت. هەروەها لە ئایسلەندا و ئەڵمانیای فیدراڵی، بەرهەمی "وڵات لە ڕاپەڕینی کوردستاندا "ی ئێرلێندۆر هارالدسۆن کە ڕاپۆرتێکە لەبارەی جەنگ. شایەنی باسە، سەرەتا بە زمانی ئایسلەندی بڵاوکرایەوە، دواتر وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی ئەڵمانی. لە ئینگلتەرا دەبێ ئاماژە بە کارەکانی ئێدمۆندز و ماکێنزی بکەین. ئێدمۆندز دیارە بە هاوبەشی لەگەڵ تۆفیق وەهبی فەرهەنگێکی کوردی-ئینگلیزی نووسیوە، کە لە ساڵی ١٩٦٦ لە ئۆکسفۆرد بڵاوکرایەوە، جگە لەوەش ڕۆژنامەنووس دەیڤید ئادەمسۆن بە ناونیشانی "جەنگی کورد"، ڕاپۆرتێکی لەبارەی شەڕ نووسیوە کە شایانی سەرنجە.

هەروەها لە وڵاتی بەلجیکا توێژینەوەی بەکالۆریۆسی جۆیس بلۆ بە ناوی "ڕاستی نەتەوەیی کورد" کە لە ساڵی ١٩٦٢ لە زانکۆی برۆکسل پێشکەش کرا. هەروەها لە ساڵی ١٩٦٥دا نامیلکەیەکی لەبارەی "کێشەی کورد" و فەرهەنگێکی بچووکی کوردی-فەڕەنسی نووسیوە، جگە لەوەش دانییل بایندەر لە ساڵی ١٩٦٩ توێژینەوەیەکی بەکالۆریۆسی لە هەمان زانکۆ سەبارەت بە "بوونی کەمینەکان لە جیهانی عەرەبیدا" پێشکەش کردووە. لە یوگۆسلاڤیا، دەتوانین ئاماژە بە نامیلکەی میرکۆ ئاکسێنتیڤیچ بکەین بەناونیشانی"کوردەکان: خەبات و تێکۆشان بۆ ئۆتۆنۆمی". لە سوید ڕاپۆرتێک لەسەر "کوردستانی عێراق" لەلایەن س. راستگێلدی نووسراوە و لەلایەن "سڤێنسکا کورد کۆمیتێن"ەوە بڵاوکراوەتەوە. هێشتا بەرهەمی دیکەش هەن کە دەبێ باسیان بکەین.

کۆنترین کۆمیتەی لایەنگری کورد لە دەرەوەی وڵات، "کۆمیتەی نێودەوڵەتی کوردستان" بنکەکەی لە ئەمستردام بووە، پاشان بووە بە دەزگایەکی بچووکی چاپ و بڵاوکردنەوە کە تایبەتە بە بڵاوکراوەکان لەسەر کورد. لە نێو دەستکەوتەکانیدا، ISK's Kurdish Bibliography ژمارە ١، لە دوو بەرگی A و B دا هاتووە، کە کۆی گشتی ٩٣٥٠ ناونیشانی تێدایە. ئەم پەرتووکانە لەلایەن سیلڤیۆ ڤان ڕۆی و کیس تامبۆر کۆکراوەتەوە و لە ساڵی ١٩٦٨ لە ئەمستردام بڵاوکراوەتەوە.

کورد نووسەری سەرەکی توێژینەوەکانە لەبارەی کەلتوری خۆی. هەرچەندە ئەوان هەمیشە شێوازی زانستی پەیڕەو ناکەن، بەڵام ژیانیان لە کوردستان ڕێگەیان

پێدەدات لە واقیعە ناوخۆییەکان تێبگەن. هەندێکیان بابەتیی نین، بەڵام هەندێکیان شێوازی زانستی بەکاردەهێنن، تەنانەت ئەگەر کارەکانیان لە دەرەوەی وڵاتیش کەم ناسراو بێت. ئەم توێژینەوانە کە زۆرجار بەنرخن، گرنگی تێکەڵکردنی دیدگای کەسی و بابەتیی لە لێکۆڵینەوە کەلتورییەکاندا نیشان دەدەن. کاتێکی زۆری دەویست بۆ باسکردنی هەموو کارەکان لەسەر ئەو بابەتە. بە ئاسانی دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە کوردستانی عێراق ناوەندی سەرەکیی ڕۆشنبیریی کورد بووە، بە تایبەت لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ بۆ ١٩٦١، لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی عێراق.

لە ساڵی ١٩٦١، لەگەڵ شۆڕشی کورددا سەرکوتکردن چڕتر بووەتەوە و جێگەی خۆی بە ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە و نهێنی و شەڕ داوە. لە سوریا، ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی، هەرچەندە گرنگییەکی کەمتری هەیە، بەڵام بەدەست سەرکوتی دەسەڵاتدارانی دیمەشقیشەوە دەناڵێنێت و تەنانەت فێربوونی زمانی کوردیشی مەترسیدار کردووە. لەوێشدا ئەدەب بوو بە نهێنی. لە تورکیا ماوەیەکی زۆر بە نهێنی بووە. لە ئێراندا ئەو بەرهەمانەی لەلایەن نووسەرە بیانییەکانەوە لەسەر کورد نووسراون، بە ئازادی دەفرۆشرێن، . بەڵام ئەو بەرهەمانەی کە کورد نوسیویەتی واتە نوسەرەکەی کوردە قەدەغەیە، مەگەر ئەو کاتانە نەبێت کە لەلایەن حکومەتەوە بە قبوڵکراو دابنرێت. لە یەکێتی سۆڤیەتیشدا؛ تا ئەوکاتەی بەو شێوەیە دەنووسن کە حزب پێی پەسندە، ئەوا، نووسەرانی کورد ئازادن و بەرهەمەکانیان لەلایەن دەوڵەتەوە بێ بەرامبەر بڵاو دەکرێنەوە. لە هەلومەرجی ئێستادا ئازادترین ناوەندی ڕۆشنبیری کورد کە ڕۆژانە گرنگی پەیدا دەکات، هی کوردی تاراوگەیە، جا چ لە وڵاتانی سۆسیالیستی بێت یان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا.

پێشەکییەکە ئاماژە بە چەند مێژوونووس و زمانەوانێکی گرنگی کورد دەکات، لەوانە لە کوردستانی عێراق پێویستە ئاماژە بەوە بکەین :

عەلائەددین سەجادی ، کە مێژووی ئەدەبی کوردی نووسیوە .جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، کە شەرەفنامەی بۆعەرەبی وەرگێڕاوە و ڕوونی کردووەتەوە. محەمەد عەلی عەونی کە وەرگێڕ و شرۆڤەکاری کارە کوردییەکانی محەمەد ئەمین زەکیە بۆ زمانی عەرەبی. ڕەفیق حلمی، مێژوونوس و ڕۆژنامەنووس. گیوی موکریانی،

مێژوونــوس و زمانــەوان، نووســەری فەرهەنــگ. عەقیــد عەبدولعەزیــز یامولکــی، مێژوونـووس. جەمـال نەبـەز، کـە یەکـەم کتێبـی فیزیـای بـە زمانـی کـوردی نووسـی. جگـە لـەم کەسـایەتیانە، چەندیـن شـاعیر، ڕۆژنامەنـووس و ڕۆماننـووس هـەن، وەک بێکـەس، گـۆران، کامـەران، ئیبراهیـم ئەحمـەد، کـە بەشـدارییان لـە ئەدەبـی کوردیـدا کـردووە. لـە سـوریا شـاعیرانی وەک جگەرخوێـن و قـەدری جـان، هەروەهـا نووسـەرانی وەک دکتـۆر نورەدیـن زازا و عـوسمان سـەبری دیـارن. لـە کوردسـتانی ئێـران شـاعیرانی وەک هـەژار و هێمـن هـەن، لـە ئەرمەنسـتانی سـۆڤیەت، جاسیمی جەلیـل و کوڕەکانـی جەلیـل قاسـم و ئـۆردی خـان شـاعیرانی بەناوبانـگ بـوون. لـە کوردسـتانی تورکیـا، مووسـا عەنتـەر نووسـەرێکی گرنگـە، زۆرجـار ناچـار دەبێـت بـە نهێنـی بنووسـێت، وەک زۆربـەی نووسـەرانی تـر کـە چالاکـی ئەدەبییـان بـە نهێنـی دەکـرد.

لـە دەرەوەی وڵات، جگـە لـە نووسـینی گەنجـان و بڵاوکراوەکانـی ڕێکخـراوە سیاسـی و خوێندکارییــەکان کــە وەک ئەدەبیاتــی شۆڕشــگێڕانە بایەخێکــی گەورەیــان هەیــە، توێژەرانــی کــورد فێــری زانســتی ورد بــوون و هیوادارـیـن. گەیشــتبنە ئاســتی توێــژەرانی ئەوروپـی، ئەوانـەی پشـتگیرییان لێدەکـەن دەکـرێ چاوپۆشـیان لێبکرێـت، کـە هەندێـک جـار ڕێگـە دەدەن هەسـتەکانیان کاریگـەری لەسـەر ئـەوان هەبێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا، بـە شـێوەیەکی گشـتی، ئەمـە زیـان بـە بابەتـی ئـەوان ناگەیەنێـت، بـەڵام کـوا سـنووری نێـوان زانسـت و کۆمەڵـگا؟ زانسـتە کۆمەڵایەتیـەکان بەتایبەتـی کاتێـک بـە مرۆڤـەوە دەبەسترێنـەوە مانـای تـەواوی خۆیـان وەردەگـرن، چونکـە تەنیـا خـۆی لێکۆڵینـەوە لــە کۆمەڵــگا و کێشــەکانی و گەشەســەندنی نابینێتــەوە، بەڵکــو چالاکانــەش گرنگــی پێـدەدا، بۆیـە توێژەرانـی کـورد چ کۆچبـەرن بـن و چ لـە وڵاتـی خۆیانـدا بـن، هەموویـان لەڕێگــەی نووســین و چالاکییەکانیانــەوە بەشــداری لەبزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی نەتەوەیـی گەلەکەیـان دەکـەن، هەڵوێسـتێکی پێشـکەوتنخواز وەردەگـرن سـەبارەت بـەو کێشـانەی ڕووبـەڕووی مرۆڤایەتـی دەبنـەوە.

لەنێـو توێــژەران و نووســەرانی کــورد لــە تاراوگــە و پەناهەندەییــدا، پێویســتە ئامـاژە بـە دوو کەسـایەتی دیـار بکەیـن: سـەرەتا ئەمیـر دکتـۆر کامـەران عەلـی بەدرخـان کـە دانیشـتووی پاریسـە و بـە ڕەچەڵـەک خەڵکـی کوردسـتانی تورکیـا و دواتـر سـوریایە.

ئـەو چەندیـن توێژینـەوەی نووسـی و لەگـەڵ بـرا گەورەکـەی ئەمیـر جـەلادەت عالـی بەدرخـان، ئەلفوبێـی لاتینـی هاوچەرخیـان بـۆ زمانـی کـوردی دروسـت کـرد و بڵاویـان کـردەوە. جگـە لـە فێرکردنـی زمانـی کـوردی، سـەنتەرێکی لێکۆڵینـەوەی خوێندنـی کـوردی بەڕێـوە دەبـات و گۆڤارێکـی وەرزی بڵاو دەکاتـەوە. پاشـان عەقیـد تۆفیـق وەهبـی بـەی هەیـە، لـە لەنـدەن، کـە بـە ڕەچەڵـەک خەڵکـی کوردسـتانی عێراقـە. ئـەو وەک دیارتریـن زماننـاس لـە زمانـی کـوردی سـۆرانی نـاسراوە، هاونووسـەری فەرهەنگـی کوردی-ئینگلیزییـە، هەروەهـا چەندیـن لێکۆڵینـەوەی لەسـەر زمـان و مێـژوو و شوێنەوارناسـی کـوردی بڵاوکردۆتـەوە. موقـەدەم عەزیـز شـەمزینی، لـە لینینگـراد، نوێنەرایەتـی نـەوەی نوێـی توێـژەران دەکات. لـە نێـو گەنجانـدا عیزەدیـن مـەلا مستەفا هەیـە کـە تێزێکـی بەرچـاوی لەسـەر "مەیلـی ڕیالیسـتی لـە ئەدەبـی هاوچەرخـی کـوردی" نووسـیوە لـە مۆسـکۆ، هەروەهـا مەعـروف خەزنـدار و کاوس نـوری قەفتـان کـە هەردووکیـان لـە زانکـۆی لینینگـراد و لـە سـاڵانی شەسـتەکاندا تێزیـان لەسـەر بزووتنـەوەی کـوردی نووسـیوە کـە هەرسـێکیان خەڵکـی کوردسـتانی عێـراق بـوون. سـەعید ئەحمـەد بارزانـی، ئەویـش خەڵکـی کوردسـتانی عێراقـە، گفتوگـۆی تێزێکـی بـە زمانـی ڕووسـی کـرد لەسـەر "مێـژوو و ڕۆڵـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی تـا سـاڵی ١٩٦١". ئـەم تێـزە لـە سـاڵی ١٩٦٤ پێشـکەش بـە ئەکادیمیـای زانسـتی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە مۆسـکۆ کـرا بـۆ وەرگرتنـی بڕوانامـەی "دکتـۆرا". لـە کۆتاییـدا، عەبدولڕەحمان قاسـملو، خەڵکـی کوردسـتانی ئێرانـە و پرۆفیسـۆر لـە کۆلێـژی ئابـووری پـراگ، تێزێکـی نـاوازەی نووسـی بـە ناونیشـانی "کـورد و کوردسـتان" کـە لەلایـەن زانکـۆی پـراگ بـە زمانـی سلاڤـی بڵاوکرایـەوە، پاشـان لـە سـاڵی ١٩٦٥ لـە لەنـدەن بـە ئینگلیـزی بڵاو کرایـەوە و بـەم دواییانـە وەرگێـڕدرا بـۆ زمانـی پۆڵەنـدی و عەرەبـی. توێژەرانـی کـورد لـە وڵاتانـی ڕۆژئـاوا کـەمترن، بـەڵام شـایانی باسـە مسـتەفا قەرەداغـی کـە لـە سـاڵی ١٩٥٤ بـۆ بەدەسـتهێنانی بڕوانامـەی ماسـتەر لـە زانکـۆی کالیفۆرنیـا تێزێکـی پێشـکەش کـرد بـە ناونیشـانی "پرسـی کـورد". هەروەهـا دەتوانیـن ئامـاژە بـە س. س. گاڤـان بکەیـن کـە دانیشـتووی لەنـدەن بـوو، نامیلکەیەکـی لەسـەر "کوردسـتان، نەتـەوەی دابەشـکراوی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت" نووسـی. هەردووکیـان خەڵکـی کوردسـتانی عێراقـن.

لەنێـو ئـەو توێـژەرە کوردانـەی ئێسـتا لـە دەرەوەی وڵات خەریکـی ئامـادەکاری بەرهەمـن، گرنگـە ئامـاژە بـە سـەعید ئەحمـەد بارزانـی بکەیـن کـە تێـزی دکتـۆرا بـە زمانـی ڕووسـی دەنووسـێت و لـە ئەکادیمیـای زانسـتی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە مۆسـکۆ پێشـکەش دەکرێـت. بابەتەکـەی تایبەتـە بـە شۆڕشـی بەردەوامـی کوردسـتانی عێـراق و ڕۆڵـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان. جگـە لـەوەش کەمـال فوئـاد سـەرقاڵی تێـزی دکتۆرایـە بـە زمانـی ئەڵمانـی بـە نـاوی "دەستنووسـە کوردییـەکان لـە کتێبخانەکانـی ئەڵمانیـدا"، کـە نزیکـەی نـەوەد و پێنـج دەستنووسـی کـوردی بـە هەمـوو شـێوەزارەکان لەخـۆ دەگرێـت. ئـەم تێـزە نزیـك کۆتایـی سـاڵی ١٩٦٩ پێشـکەش بـە ئینسـتیتیوتی "Iranistics" لـە زانکـۆی هومبۆڵـت لـە بەرلینـی ڕۆژهـەڵات[١] دەکرێـت. حوسـێن بارزانـی تێزێـک بـە زمانـی ڕووسـی ئامادە دەکات بـۆ ئـەوەی لـە ئەکادیمیـای زانستی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە مۆسـکۆ پێشـکەش بکرێـت، لەسـەر ڕۆڵـی پارتـە سیاسـییە کوردییـەکان لـە چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد. عەبـدول حەسـەن حوسـنی تێزێـک بـە زمانـی ڕووسـی لـە پەیمانـگای ئامـاری کۆلێـژی ئابـووری زانکـۆی مۆسـکۆ پێشـکەش دەکات، کـە بـاس لـە کێشـە دیمۆگرافییەکانـی کوردسـتانی عێـراق دەکات. محەمـەد سـەعید عەبـدوڵڵا تێزێـک بـە زمانـی ڕووسـی لەسـەر ئابـووری کوردسـتانی عێـراق و ڕۆڵـی لـە گەشـەپێدانی ئابـووری هاوچەرخـی عێراقـدا ئامـادە دەکات، کـە پێشـکەش بـە بەشـی ئابـووری وڵاتانـی بیانـی لـە زانکـۆی مۆسـکۆ دەکرێـت. جەمـال ڕەشـید خەریکـی ئامادەکردنـی تێزێکـە بـە زمانـی بولـگاری لـە زانکـۆی سـۆفیا لەسـەر مێـژووی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە مـاوەی دواییـن پێنـج سـەدەی پێـش زاییـن. جگـە لـە تێـزی دکتۆراکـەی خۆمـان کـە لـە زانکـۆی لـۆزان پێشکەشـی دەکەیـن، تاکـە کارێکـی ئەکادیمـی کـە ئێسـتا کوردێـک لـە وڵاتانـی ڕۆژئـاوا ئامـادەی دەکات، بـە پێـی ئـاگاداری ئێمـە، تێـزی شـەفیق قـەزازە بـە نـاوی "پەرەسـەندن و ئاینـدەی بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد"، چـاوەڕوان دەکرێـت لـە زانکـۆی واشـنتۆن پێشـکەش بکرێـت، ڕەنگـە لـە سـاڵی ١٩٧٠تـەواو بێـت. ئـەو شـەش توێـژەرەی سـەرەوە بـاسمان کـرد، هەموویـان خەڵکـی کوردسـتانی عێراقـن. هەروەهـا جێـی خۆیەتـی نـاوی دکتـۆر محەممـەد موکـری زیـاد

---

(١) ژمارەی ئـەو دەستنووسانەی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کـراوە، لە بنەڕەتدا ٩٢ دەستنووسـن، نووسـەر "سێ یـان چـواری دیکـە"ی دۆزیوەتـەوە، بـەڵام نازانین لـە تێزەکەیدا باسـی کردوون یان نا.

بکرێـت کـە خەڵکـی کوردسـتانی ئێرانـە. بەرهەمەکانـی لـە سـەنتەری نیشـتمانی بـۆ لێکۆڵینـەوەی زانسـتی لـە پاریـس، کـە بـە تـەواوی ناسیاسـین و پەیوەندییـان بـە پرسـی نەتەوەییـەوە نییـە، بـەڵام دەکرێـت جێگـەی سـەرنجی پسـپۆڕان[1] بێـت. لـە کۆتاییـدا پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکرێـت، ئـەو تێزانـەی لـە یەکێتـی سـۆڤیەت لەلایـەن کوردانـی غەیـرە سـۆڤیەت لەسـەر بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد نـووسراون، چـاپ نەکـراون و بڵاونەکراونەتـــەوە.

جێـگای دڵخۆشـییە ژمـارەی توێژەرانـی گەنجـی کـورد لـە وڵاتانـی سۆسیالیسـتی و بەتایبەتـی لـە یەکێتـی سـۆڤیەت تاڕادەیـەک زۆرە و پێدەچێـت ئـەم ڕەوتـە زیاتـر بێـت، بـە شـێوەیەکی سـەرەکی بەهـۆی ئـەو سکۆلەرشـیپ و ئاسـانکارییانەی پێشـکەش دەکرێـن بـۆ هاندانـی توێژینـەوەی زانسـتی. لـە لایەکـی تریشـەوە، جێـگای داخـە کـەمتر و کـەمتر توێژەرانـی گەنجـی کـورد توانـای دۆزینـەوەی هەلومەرجـی کارکـردن و سـەرچاوەی گونجاویـان هەیـە بـۆ ئەنجامـدان یـان درێـژەدان بـە کارەکانیـان. لـە ئێسـتادا کۆچکردنـی قوتابیانـی کـورد لـە ڕۆژئـاواوە بـۆ وڵاتانـی ڕۆژهـەڵات بـە هێواشـی هەیـە، کـە بەهـۆی ئـەو سـوودانەی لـە سـەرەوە باسمان کـرد، سـەرنجیانی ڕاکێشـاوە. زۆرێـک لـە قوتابیانـی کـورد لـە وڵاتانـی ڕۆژئـاوا ڕۆژانـە ڕووبـەڕووی نیگەرانـی دەبنـەوە کـە پەیوەندییـان بـە پـارە و پاسـپۆرت و مانـەوە هەیـە، ئەمـەش دڵەڕاوکێـی ڕاسـتەقینەیان بـۆ دروسـت دەکات. ئـەم کێشـانە ئەگـەر لـە وڵاتانـی سۆسیالیسـتدا بـن بۆیـان سـەری هەڵنـەدەدا. لای خۆیـەوە پرۆفیسـۆر بەدرخـان هێشـتا چاوەڕێـی پارەیـە بـۆ ئـەوەی بتوانێـت فەرهەنگەکانـی فەڕەنسـی-کوردی و کوردی-فەڕەنسـی بڵاوبکاتـەوە. سـەبەرەت بـە ئێمـەش، لـە کاتێکـدا ئێمـە لـە لـۆزان خەریکـی نووسـینی ئـەم بەرهەمەیـن، دوای ئـەوەی بەرهەمـی دیکەمـان تـەواو کـرد، هێشـتا نازانیـن چـۆن ئەمانـە هەمـووی چـاپ بکرێـن.

---

(١) بـۆ نموونـە بـا ئامـاژە بـە کتێبـی *L'ésotérisme kurde*ی نـور عەلـی شـا ئیلاهـی بکەیـن کـە لەلایـەن محەمـەد موکـری وەرگێـڕدراوە و ناسـاندن و شرۆڤـەی بـۆ کـراوە.

**٥. داتا و زانیارییە گشتییەکان لەبارەی پرسی کورد.**

کورد نەتەوەیەکە، بەڵام نەتەوەیەکی ستەملێکراو و پارچەپارچە کراو، یەکێکە لە گرنگترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لێرەدا دەستەواژەی "نەتەوە" بە مانا ڕەسەن و کۆمەڵناسیەکەی بەکاردێت، نەک بە مانای دەوڵەت.

نەتەوە، بەپێی پێناسە، خاکێکە یان لە ناوچەیەک پێک هاتووە، خەڵکێک یان میللەتێکی جێگیر تێیدا دەژین، لە ڕووی مێژووییەوە بوونیان هەیە، بە زمانێکی هاوبەش قسە دەکەن، پەیوەندیی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوخۆییان هەیە، ناسنامەیەکی سایکۆلۆژی و کەلتورێکی نەتەوەییان هەیە.

بە جۆرێک نەتەوە بەرهەمی سروشت و بە شێوەیەکی سروشتی دروست بووە، پاشان بە ئاگادارییەوە لە ڕێگەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی ڕێکخراوەوە، مەیلی ئەوەی هەیە خۆی وەک دەوڵەتێک لە قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنەکەیدا پێکبهێنێت. ئەو دەوڵەتە ئەوکاتە بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت.

دەوڵەتی نەتەوەیی، نابێت لەگەڵ دەستەواژەی "ناسیۆنالیست" تێکەڵ بکرێت، نوێنەرایەتی شێوازێکی سروشتی و نموونەیی دەوڵەت دەکات. بە پاساوی ئەخلاقی و سەقامگیریی سیاسی جیا دەکرێتەوە، کە دەرئەنجامی ئاسایی و دانپێدانانێکی یاسایی کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی پێکدەهێنێت.

دەوڵەتی فرە نەتەوەیی، دەستوورەکەی هەرچییەک بێت، لە ڕووی ئەخلاقییەوە دامەزراو و سەقامگیرە، کاتێک ئەنجامی خواستی ئازادانەی گروپە نەتەوەیی یان ناوچەییەکان بێت کە لێیان پێکهاتووە. ئەمە دەبێت لە مافە یاساییەکانیاندا بەرجەستەبێ. ئەگینا دەوڵەتی فرەنەتەوەیی تەنیا ئەنجامی فەتح و هێزە. سەقامگیرییەکەی لەسەر بنەمای سنووردارکردن دامەزراوە، لەگەڵ هەژموون کە لەلایەن گروپی نەتەوەیی زۆرینە بەسەر ئەوانی دیکەدا بەکاردەهێنرێت، تا ئەو کاتەی لە دەوڵەتە نەتەوەییەکان هەڵدەوەشێتەوە.

بەڕاستی کوردستان خاکێکی دەوڵەمەند و هەمەچەشنە، بە شاخ و دۆڵ و دەشتە بەپیتەکانی تایبەتمەندە. ئەم سروشت و خاکە بەسەر چەندین وڵات

دابەشــكراوە، لەوانــە توركیــا، ئێــران، عێــراق و ســوریا. ئــەم ناوچەیــە گرنگییەكــی مێژوویــی و كەلتــوری بەرچــاوی هەیــە، لانكــەی گەلــی كــوردە. ســامانە سروشــتییەكان و جۆراوجــۆری زیندوویــی ئــەم ناوچەیــە وای لێــدەكات، هــەم لــە ڕووی ژینگەیــی و هــەم لــە ڕووی ئابووریــی ببێتــە جێــی بایــەخ. ئاڵۆزیــی جیۆپۆلیتیكــی ناوچەكــەش گوزارشــت لــە خواســتەكانی كــوردە بــۆ ئۆتۆنۆمــی و دانپێدانانــی زیاتــر.

كوردســتان لــە هەرێمــی چیــای كــوردان لــە نزیــک كەنــداوی ئەســكەندەرونی ســەر دەریــای ســپی ناوەڕاســت تــا دەریاچــەی ورمــێ یــان ڕەزایــە لــە ئێــران درێــژ دەبێتــەوە لــە ڕۆژئــاوای مەلەتــی و مەرعــەش، لەســەر ســنووری یەكێتــی ســۆڤیەت لــە باشــووری قەوقــاز، قــەرس، ئەردەهــان، ئەرزنــگان و زارا لــە ڕۆژئــاوا درێژدەبێتــەوە بــۆ باشــووری ناوچەكانــی لوڕســتان و بەختیــار، نزیــک كەنــداوی فــارس. ئــەم ڕووبــەرە بەرفراوانــە بەشــێک لــە چەندیــن وڵات دەگرێتــەوە لەوانــە توركیــا و ئێــران. ڕووبــەری كوردســتان ناوچەیەكــی فراوانــی هەیــە، كــە نزیكــەی ٥٠٠ هــەزار كیلۆمەتــر چوارگۆشــەیە، نزیكــەی هێنــدەی ڕووبــەری فەڕەنســا دەبێــت. بــە ڕووبــاری دیجلــە و فــورات و زێــی گــەورە و زێــی بچــووك، هەروەهــا ســەرچاوە سروشــتییەكانی وەک نــەوت و تووتــن دەوڵەمەنــدە .هەندێــک ناوچــە هێشــتا بــە دارســتانی گــەورە داپــۆشراون، بەتایبەتــی داری بــەڕوو، كــە بــە درەختــی نەتەوەیــی وڵات دادەنــرێ.

دوای ڕێككەوتننامــە یــەك لــە دوای یەكەكانــی ئاشــتی دوای جەنگــی یەكەمــی جیهــان، كوردســتانی گــەورە لــەڕووی سیاسییەوە دابــەش بــووە، هەرچەنــدە لــە پەیمانــی ســیڤەر بەڵێنــی ســەربەخۆیی پــێ درابــوو، بــەڵام زۆربــەی كات لــە نێــوان وڵاتانــی توركیــا، ئێــران و عێراقــدا هاوبەشــە. هەروەهــا ناوچــەی كــوردی لــە باكــووری ســوریا و كۆمەڵگــە كــوردی لــە باشــووری قەوقــازی ســۆڤیەت هــەن كــە كــوردی لــێ دەژیــن. كوردســتان دەتوانرێــت بــەراورد بكرێــت بــە پۆلەنــدای ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت پێــش ســاڵی ١٩١٤: ناوچەیەكــی چەوســاوە و پەرتــەوازە و پارچەپارچــە كــراوە، بــەڵام خۆڕاگــر و متمانــە بــە داهاتــووی خــۆی. ئێمــە دەســتەواژەی "كوردســتانی گــەورە" بەكاردەهێنیــن بــۆ ئاماژەكــردن بــە تــەواوی هەرێمەكــە یــان نیشــتیمان و وڵاتــی كــوردان كــە بەســەر چەنــد بەشــێكدا دابــەش بــووە: كوردســتانێک لــە توركیــا، یــان كوردســتانی توركیــا، یەكێكــی تــر لــە ئێــران،

یەکێکیش لە عێراق و ناوچە کوردییەکان لە باکووری سوریا. ئەم ناوە وادەکات ئەم ناوچە جیاوازانە جیا بکەینەوە و لە هەمان کاتدا یەکگرتنیان بناسێنین. دەستەواژەی "کوردستانی گەورە" زیاتر لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیدا بەکار دەهێنرێت. هەرچەندە، بۆ ئاسانی، زۆرجار وشەی "کوردستان" بەکاردەهێنین.

بەگوێرەی ئەو ئامارانەی لەسەر بنەمای سەرژمێرییەکانی ساڵی ١٩٦٥ کردوومانە، ژمارەی دانیشتوانی کورد نزیکەی ١٣.٥ ملیۆن کەسە، کە ٦.٦ملیۆن کەسیان لە کوردستانی تورکیان، ٤.٢٥ ملیۆن لە کوردستانی ئێرانن، ٢ ملیۆن لە کوردستانی عێراقن، نزیکەی ٠.٥ ملیۆن لە ناوچە کوردییەکانی سوریا و ٠.١٥ ملیۆن لە یەکێتی سۆڤیەتن.

کورد شانبەشانی ئەرمەنەکان، لە کۆنترین گەلانی سەر زەوین، کە لە لقی میدۆ-سەکاکایە ئارياييە کۆنەکانەوە هاتوون. لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین هۆزەکانیان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوون، پاشان لە دوای کەوتنی نەینەوا لە ٦١٢ پ.ز لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاو بوونەوە. بە تێپەڕبوونی کات، پاشماوەی دانیشتوانە ڕەسەنە کۆنەکانیان تێکەڵ بووە و لە ڕووی زمانەوانییەوە، زمانی کوردی دەرکەوتووە. تەنیا بە لەبەرچاوگرتنی دەرکەوتنی زمانی کوردی کە پەیوەستە بە هاتنی گەلانی دیکەی فارس، کورد نزیکەی سێ هەزار ساڵە لە ڕۆژهەڵات(کوردستانی ئێران) و نزیکەی بیست و شەش سەدە لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوای کوردستان لەم ناوچانە بوونیان هەیە.

زمانەکەیان کە لە زاراوەیەکی کۆنەوە هاتووە، ڕەنگە نزیکترین زمان بێت لە زمانە زیندووەکانی ئاڤێستا، دەقی پیرۆزی زەردەشت. زمانی کوردی مۆدێرن زمانێکی هیندۆ-ئەورووپییە، بەشێکە لە گرووپی باکووری ڕۆژئاوای خێزانی ئارییەکان یان زمانەکانی ئێران. پەیوەندییەکی ڕوون و سەلمێنراو لە نێوان زمانی کوردی و زمانی سانسکریتدا هەیە، هەروەها لەگەڵ زمانەکانی سلاڤی، جێرمانی و لاتینیشدا. ئەم لێکچوونانە ئەوە دەردەخەن کە بنەچەیەکی زمانەوانی هاوبەشیان هەیە.

زمانی فارسی و پەشتو کە لە ئەفغانستان قسەی پێدەکرێن، نزیکترین زمانن لە زمانی کوردییەوە، بەو پێیەی هەموویان بەشێکن لە یەک خێزانی زمانە ئێرانیەکان. لێکچوونەکانیان هاوشێوەی ئەو لێکچوونانەیە کە لە نێوان زمانی ڕووسی و پۆڵەندی

هەیە کە سەر بە خێزانی زمانی سلاڤین، یان لە نێوان زمانی ئەڵمانی و سویدی کە سەر بە خێزانی زمانی جێرمانین. زمانی کوردی ڕەسەنتر ماوەتەوە و لە زمانی فارسی کۆنترە کە لە زمانێکی دیکەی ئێرانی نوێترەوە هاتووە. هەروەها زمانی فارسی لەم سەدانەی دواییدا وشەگەلی زۆری لە زمانی عەرەبی وەرگرتووە. لەدوای زمانەکانی تری ئێرانی، ئەوە زمانە سلاڤیەکانن کە پێدەچێت لە زمانی کوردی نزیکترین بن.

تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی، بە وتەی زۆرێک لە پسپۆڕانی وەک نیکۆلاس مار، ئۆسکار مان، مینۆرسکی و ویکاندەر، لە هەموو شێوەزارەکانیدا ئامادەن. لە نێو ئەو شێوەزارانەدا سێ زاراوەی سەرەکی هەن، کە لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیدا دەستنیشانکراون: کرمانجی (هەندێک جار بە هەڵە پێی دەگوترێت "زازا"): نزیکەی ٪٦٠ی کورد قسەی پێدەکەن، بەتایبەتی لە باکوور و ڕۆژئاوا و ناوەڕاست. سۆرانی یان موکریانی: نزیکەی ٪٣٠ی کورد قسەی پێدەکەن، بەزۆری لە باشوور و ڕۆژهەڵات. لوڕی-بەختیاری: نزیکەی ٪١٠ی کورد لە ئەوپەڕی باشووری کوردستاندا قسەی پێدەکەن. تەنیا دوو شێوەزاری یەکەم، کرمانجی و سۆرانی، وەک جۆرەکانی زمانی ئەدەبی نووسراو، هاوتەریب گەشەیان کردووە. کرمانجی لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣٠ەوە بە پیتی لاتینی دەنووسرێتەوە، جگە لە یەکێتی سۆڤیەت کە کۆنگرەی کوردناسی لە ساڵی ١٩٣٤ بڕیاریدا بگۆڕدرێت بۆ پیتی سیرلیک[١]. لەبەرامبەردا سۆرانی-موکریانی بەردەوامە لە نووسینی بە پیتی عەرەبی، هەرچەندە هەندێک هەوڵی جیاجیا هەیە بۆ بەکارهێنانی پیتی لاتینیش[٢]. ئەمەیان زۆرجار گونجاوترن لە ئەلفوبێی عەرەبی بۆ گوزارشت لە دەنگەکانی کوردی کە زمانێکی ئارییە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کوردستان لە چەند میرنشینێک یان دەوڵەتی بچووکی سەربەخۆ پێکهاتبوو، بە شێوەیەکی دەرەبەگایەتی ڕێکخرابوون و لەلایەن بنەماڵە خانەدانەکانەوە بەشێوەیەکی بۆماوەییەوە فەرمانڕەوایی دەکران، کە

---

(١) سەبارەت بەم کۆنگرەیە بڕوانە، باسیل نیکیتین، لاپەڕە ٢٨٩.

(٢) وتارەکامان "پرسی یەکگرتنی زمانی نووسراوی کوردی". " ئەو تۆمەتە بەم شێوەیە بوو کە کەمال ئەتاتورک، لەبەردەم پەرلەمانی تورکیا، لە وتاری ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ لە "یاداشتنامەی بارودۆخی کورد وداواکارییەکانی"دا ئاماژەی پێکراوە، لاپەڕە١٤، بە گوتەی ئێچ. سی. ئارمسترۆنگ، لە پاشکۆی سەربازی بەریتانیا لەو کاتەدا لە تورکیا، لە بەرهەمەکەیدا لەبارەی مستەفا کەمال، لاپەرە ٢٣٠.

هاوشـێوەی زۆرێـک لـە وڵاتانـی ئەوروپـی لـەو سـەردەمەدا بـوو. هەریـەک لـەم قەوارانـە سـوپای تایبەتـی خۆیـان هەبـوو و هەندێکیـان تاڕادەیـەک گـەورە و بەهێـز بـوون. لـە دیوانـی میـر و شـازادەکان، هونـەر و ئـەدەب، چ بـە کـوردی، فارسـی یـان عەرەبـی، درەوشـانەوە و گەشـانەوەیەکی تایبەتیـان بەخـۆوە بینیـووە.

لـە سـاڵی ١٥١٤ەوە زۆربـەی میرنشـینە کوردییـەکان وێـڕای پاراسـتنی هەندێـک سـەربەخۆیی ناوخۆیـی خۆیـان، کەوتنـە ژێـر پارێـزگاری ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی و فارسـی دراوسـێ. پاشـان شـازادەکانیان بـوون بـە ژێردەسـتەی سـوڵتان و شـا. دوای زنجیرەیـەک شـەڕی وێرانکـەر، پەیمانـی ئاشـتی نێـوان فـارس و عوسمانییـەکان، لـە سـاڵی ١٦٣٩دا، بـووە هـۆی دابەشـکردنی کوردسـتان بـۆ دوو ناوچـەی گـەورەی نفـوزی خۆیـان. لـەم بـەروارەوە میرنشـینە کوردییـەکان یـەک لـە دوای یـەک دەسـتیان کـرد بـە لەدەسـتدانی سـەربەخۆیی خۆیـان.

هەسـتی نەتەوەیـی کـورد زۆر زوو دەرکەوتـووە، لەوانەیـە لـە سـەدەی شازدەهەمدا، دوای ١٦٣٩ بەهێزتـر بووبـێ. لـە کاردانـەوەی بەرگریکارانـەی ئەریسـتۆکراتەکانی کـورد لەدایـک بـوو، کـە هەسـتیان بـە هەڕەشـە دەکـرد بەهـۆی گۆڕینـی میرنشـینەکان بـۆ پارێزگاکانـی ژێـر دەسـەڵاتی عوسمانـی یـان فارسـی. سـەرەتا ئـەم کاردانەوەیـە لەلایـەن چینەکانـی تـرەوە پشـتگیری دەکـرا، بـەڵام وردە وردە چینـی بـۆرژوازی، بـە هاوپەیمانـی لەگـەڵ ئەریسـتۆکراتی تاراوگـە کـە جگـە لـە ناوەکانیـان هەمـوو شـتێکیان لەدەسـت دابـوو دەسـتی بەسـەردا گـرت. هـەر زوو جەمـاوەری لادێـکان، لەوانـە خانەدانـەکان و جوتیـاران، چوونـە پـاڵ ئـەم بزووتنەوەیـە. خەڵـک لـە دژی داگیـرکاری بیانـی ڕاپەڕیـن لەدەسـتدانی سـەربەخۆیی سیاسـی و ئـازادی بـۆ هەمـوو کوردێـک زۆر بـە نـرخ بـوو، هەروەهـا کاردانـەوەی هەبـوو بەرامبـەر بچووکبوونـەوەی کەلتـوری نەتەوەیـی کـە پێـشتر دەوڵەمەنـد بـوو، خراپبوونـی بـازاڕی ئابـووری و زیادبوونـی چەوسـاندنەوەی چینـی کرێـکار.

لـە سـەرەتای سـەدەی بیستەمەوە، لـە سایەی بۆرژوازییەکـی خوێنـدەوار و سیاسـی پەروەردەکـراو، بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد لـە سـەر بنەمـای مۆدێـرن، بـە تایبەتـی لـە ڕێگـەی دروسـتکردنی کۆمیتـەی شۆڕشـگێڕانەوە دەسـتی بـە خـۆ ڕێکخسـتن کـرد.

ئـەم هەوڵـە بـە پەیماننامـەی سـیڤەری سـاڵی ١٩٢٠ ناسـێندرا، کـە لـە بەشـی سـێیەمی خۆیـدا بەناونیشـانی "کوردسـتان" لـە مادەکانـی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤، مافـی سـەربەخۆیی گەلـی کـوردی دووپـات کـردەوە، بـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی لەسـەر خاکـی کوردسـتانی عوسمانـی پێشـوو، بـەڵام هەرگیـز ئـەم پەیماننامەیـە جێبەجـێ نەکـرا. بەپێچەوانـەوە، ڕێککەوتنـە نێودەوڵەتییـە جیاوازەکانـی دیکـە، بەتایبەتـی پەیمانـی لـۆزان لـە سـاڵی ١٩٢٣، کوردسـتانی زیاتـر پارچـە پارچـە کـرد. ئـەم پەیمانـە بـووە هـۆی دروسـتبوونی دەوڵەتێکـی دەسـتکردی عێراقـی کـە دەسـتدرێژی کـردە سـەر قوڵایـی خاکـی کـورد، هەروەهـا سـنووری سـوریا و تورکیـای کێشـا کـە هەندێـک ناوچـەی کـوردی بـۆ سـووریا دابـڕی. بـەم شـێوەیە گەمـەی دیپلۆماسـیی زلهێـزە ئیمپڕیالیسـتییە گـەورەکان، پـڕۆژەی کوردسـتانێکی سـەربەخۆی عوسمانـی پێـش لـە دایـك بـوون لـە گۆڕنـا. لـە جیاتـی ئـەوەی ببێتـە دەوڵـەت، خاکـی کـوردی بەسـەر سـێ بەشـدا دابـەش کـرا و ناوەکـەی لـە شـەو و ڕۆژێکـدا لـە نەخشـە سیاسـییەکاندا دیارنەمـا، سـەبارەت بـە کوردسـتانی پێشـووی ئێـران، بـە یەکگرتوویـی لەگـەڵ ئێـران لـە سـنوورەکانی ئێرانـدا مایـەوە. کاردانـەوەی گەلـی کـورد هێنـدەی دیکـە توندوتیژتـر بـوو، بـە درێژایـی مـاوەی هـەردوو جەنگـی جیهانـی، زنجیرەیـەک شۆڕشـی نەتەوەیـی لێکەوتـەوە. تـەواوی ئـەو ڕاپەڕیـن و یاخیبوونانـە خوێناویانـەی لـە کوردسـتانی عێـراق بەرپابـوون، لەلایـەن هێـزی ئینگلیـزەوە سـەرکوتکران،، کـە لـەو کاتـەدا ناوچەکەیـان داگیرکردبـوو و ئیدارەیـان دەدا.

## ٦. سروشت و بابەتە هەنوکەییەکانی پرسی کورد

وەک ئـەوەی لەسـەرەوە باسمانکـرد، سـەبارەت بـە کێشـەی کـورد، دەتوانیـن بگەینـە ئـەم ئەنجامانـەی خـوارەوە:

١. کێشـەی کـورد تەنیـا "پرسـی پۆلیـس" یـان "بابەتـی بانـد و چەتەگـەری" نییـە، وەک ئـەوەی لـە حکومەتەکانـی ئـەو دەوڵەتانـەی کوردسـتانیان لەنێـوان هاوبەشـە لـە سـەردەمی ڕاپەڕینـە نەتەوەییـەکان بـاس دەکرێـت. ئـەوان بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد کـە بـۆ چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد دەبێـت بـە زەبـری هێـز بێـت، بـەڵام چەنـد جـار کوردسـتان "ئـارام" بـووە بـێ ئـەوەی چارەسـەرێکی واقیعـی بـۆ بدۆزرێتـەوە؟

٢. کێشـەی کـورد "پرسـێکی کۆمەڵایەتـی، کەلتـوری یـان ئایینـی"، "کاری دەرەبەگایەتـی کۆنەپەرسـتانە"، "کۆمەڵگایەکـی دواکەوتـووی خێڵەکـی" نییـە. ئایا هەمـوو حکومەتەکان بانگەشـەی بـە "شارسـتانیکردن"ی گەلـی کـورد ناکـەن، ئایـا چارەسـەری کێشـەکە لەوەدایـە بـەزۆر و بـە زەبـری هێـز لەگـەڵ نەتەوەکانـی دراوسـێیان تێکـەڵ بکرێـن؟ ئایـا لێـرەدا، ئێمـە سـتراتیژییە چەپـەڵ و کلاسـیکیەکانی داگیـرکاری نابینین؟ گەلـی کورد، گرنگـە لەبیرمـان بێـت، گەلێکـە وەک هـەر گەلێکـی تـر و بـە هیـچ شـێوەیەک هیچـی لـە دراوسـێکانی کەمـتر نییـە. لـە چیـن و توێـژە کۆمەڵایەتییـەکان پێکهاتووە کـە بەراورد دەکرێـت بـە چینەکانـی نەتەوەکانی دراوسـێ و بزووتنـەوەی کوردیش تەنیا لـە ڕوانگەی ئایینیـدا سـنووردار و سـەیر ناکرێـت. خاوەندارێتی و بوونـی زەوییە گـەورە و فراوانەکان لـە کوردسـتان بـە بـەراورد بـە زۆربـەی وڵاتانـی دراوسـێ زۆر کەمـترە. کوردسـتان کـە لە بنەڕەتدا وڵاتێکی شـاخاوییە و لەبارترە بۆ موڵک وماڵی بچووکی کشـتوکاڵی و جوتیاری. جگـە لـەوەش دەیـان سـاڵە دەسـەڵاتی سـەرکردە تەقلیدیـەکان لـە کوردسـتاندا بـەرەو دابەزیـن و کەمبـوون دەچێـت و خەریکـە هـەر نەمێنێـت، کەچـی لەگـەڵ لاوازبوونـی کاریگەرییەکانیـان، بزووتنـەوەی کـوردی لەبـری پاشەکشـەکردن، خەریکە بـەرەو مۆدێرن بـوون و دیموکراتیزەکـردن دەچێـت و قووڵایـی و کاریگـەری پەیـدا دەکات.

٣. بزووتنـەوەی کـورد "دروسـتکراوی دەسـتی دەرەکـی" نییـە. کاتێـک زوڵمیـان لێدەکرێت، یـان تەنانـەت لـە ماڵـی خۆیانـدا هێرشـیان دەکرێتـە سـەر، ئایـا بەڕاسـتی پێویسـتیان بـە هاندەرێکـی دەرەکـی هەیـە بـۆ بەرگریکـردن و ڕزگارکردنـی خۆیـان لـە ژێردەسـتەیی

و چەوساندنەوە و ئیستغلالکردن؟ بۆ حکومەتی ئەنقەرە، ئایا شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ لەلایەن "ئینگلتەراوە هاندرابوو"(١)، یان ئەنجامی نکۆڵی کردن بوو لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد، یان دۆزی بوونی گەلێک بوو کە پەیمانی سێڤەر بەڵێنی سەربەخۆیی نەتەوەیی پێدابوو. لەلای خۆیەوە بەریتانیا و حکومەتی عەرەبی کە ئەوکاتە حوکمی بەغدایان دەکرد، پێیان وابوو هەندێک لە سەرهەڵدان و یاخیبوونەکانی کوردستانی عێراق لە ساڵانی بیستەکاندا"بە هاندانی تورکیا"(٢) بووە. بۆ هەندێک نووسەری ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەنگلۆساکسۆن کە کۆماری کوردستان لە مەهاباد و هەروەها تەواوی بزووتنەوەی کورد لە ساڵی ١٩٤٦ تا ١٩٦١ و هەموو پارتە دیموکراتییەکانی کوردستان، بە "ئامراز و داردەستی مۆسکۆ" دادەنران. ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی وەک "مەلای سوور" سەیر دەکرا، نازناوی ژەنەڕاڵ وا نیشان دەدرا وەک ئەوەی لە سوپای سۆڤیەتدا بەدەست هاتبێت، نەک سوپای کۆماری کوردستان لە مەهاباد(٣). سوپای بەعسی دەسەڵاتدار لە دیمەشق کە بانگەشەی سوسیالیستی دەکات و لەهەمان کاتدا پرەنسیپەکانی پێشێل دەکات، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بزووتنەوەی بەرگری جوتیاران و بۆرژوازی کورد لە دژی سیاسەتی تەعریب و پلانەکانی ڕاگواستنی بەکۆمەڵی دانیشتوان و تاڵانکردن و پێشێلکردنی مافە نەتەوەییەکان و داگیرکردنی زەویوزاری جوتیاران، ئەمە تەنیا بزووتنەوەیەکە کە "لەلایەن ئیمپریالیزمەوە هاندراوە بە ئامانجی دروستکردنی ئیسرائیلی دووەم". ژەنەڕاڵەکانی عێراق کە لە ساڵی ١٩٦١ەوە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، بەردەوام شۆڕشی کورد بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بەرهەم و دەرئەنجامی کاریگەریی دەستی دەرەکییە. بۆ نموونە، لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١دا، زەعیم قاسم ئاماژەی بەوەدا کە بزووتنەوەی کورد لەلایەن بەریتانیا و ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکرێت. لە

---

(١) "ئەو تۆمەتە بەم شێوەیە بوو کە کەمال ئەتاتورک، لەبەردەم پەرلەمانی تورکیا، لە وتاری ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ کە لە "یاداشتنامەی بارودۆخی کورد وداواکارییەکانی"دا ئاماژەی پێکراوە، لاپەڕە ١٤. بە گوتەی ئێچ. سی. ئارمسترۆنگ، لە پاشکۆی سەربازی بەریتانیا لەو کاتەدا لە تورکیا، لە بەرهەمەکەیدا لەسەر مستەفا کەمال، لاپەرە ٢٣٠.

(٢) ئارنۆلد ویڵسن، لاپەرە ١٤٦.

(٣) وەک نموونە سەیری وتارەکەی نیکۆلاس لانگ بکە، "کێشەی کورد و کۆمۆنیستەکانی عێراق"، لە گۆڤاری (Est et Ouest) ژمارە ٢٨٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢، پاریس.

ساڵی ١٩٦٣دا وەزیر و ژەنەڕاڵەکانی بەعس باسیان لەوە دەکرد کە شیوعیەت لە پشت شۆڕشی کوردە. دواتر مارشاڵ عەبدولسەلام عارف بانگەشەی ئەوەی کرد کە زلهێزەکانی پەیمانی بەغدا لە پشت ئەم ڕاپەڕینەوەن.

٤. کێشەی کورد لە "پرسی کەمینە"یەکی سادەدا قەتیس نییە، تا بتوانرێت بە مافە کەلتورییەکان چارەسەر بکرێ. هەرچەندە ژمارەی کورد لەو وڵاتانەی تیایدا دەژین (وەک تورک لە تورکیا، فارس لە ئێران و عەرەب لە عێراق و سوریا) کەمترە، بەڵام لەم وڵاتانە، کورد نوێنەرایەتی زۆرینەی دانیشتوانی کوردستانن و قەوارەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوو پێک دێنن. کورد وەک گەلێک دەستەواژەی "کەمینە" ڕەتدەکاتەوە، چونکە واتای دیدگایەکی لە ڕادەبەدەر بەرتەسککەرەوەیە و ڕێز لە مافی چارەی خۆنووسین ناگرێت.

٥. کێشەی کورد تەنیا بابەتی فۆلکلۆر یان چیرۆکێکی ڕۆمانسی نییە، وەک هەندێک لە نووسەرانی، وەك کارل مەی و باینەدەر، باسی دەکەن. هەرچەندە لە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان لایەنێکی ڕۆمانسیزم هەیە، بەڵام خەباتی کورد زۆر ئاڵۆز و قووڵترە. ئەم خەباتە دەپرژێتە سەر پرسە سیاسی و کەلتورییە گرنگەکان کە ئەم سنوورە سادانە تێدەپەڕێنن. لە میدیاکانی ئەمەریکا شۆڕشگێڕانی کورد بە "جەنگاوەرە شاخاوییە دڕندەکان" وەسف دەکرێن. لە ڕاستیدا، تەنیا جەنگاوەر نین، بەڵکوو گروپێکی باش ڕێکخراو و پابەندن کە لە جوتیار، کرێکار، کاسب، ڕۆشنبیر و ئەفسەران پێکهاتوون. ئەو هاووڵاتیانە ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت بۆ داکۆکیکردن لە ڕێبازێك و جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی سیاسی بۆ کوردستانی عێراق لەژێر ئاڵای شۆڕشدا.

٦. دۆزی کورد پەیوەندی بە گەلێکەوە هەیە کە نزیکەی ١٣ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەسە و لەسەر خاکی خۆیان دەژین. ئەم خەڵکە بە درێژایی سەدەکان هێواش هێواش پەرەیان سەند و بوون بە نەتەوەیەک. ئەمڕۆ لە سەدەی بیستدا، ڕەتیدەکاتەوە وەک نەتەوەیەکی ستەملێکراو و دابەشکراو پێگەی خۆی قبوڵ بکات. بەم مانایە، کێشەی کورد پرسی ڕزگاری نەتەوەییە، هەروەک پرۆفیسۆر چارڵز بورکی لە زانکۆی جنێڤ ئاماژەی پێکردووە و نوسیویەتی " ئەمە دۆزی گەلێکی دابەشکراوە" و " ئەمە دۆزی کوردستان"ە:

جوگرافیاناسی جنێڤ جەخت لەوە دەکاتەوە کە "پرسی کورد بۆ ڕۆژهەڵات بەهەمان ئەندازەی پرسی ئەڵمانیا بۆ ڕۆژئاوا گرنگ و جەوهەرییە". جەخت لەوە دەکاتەوە "ڕەتکردنەوەی چوار دەوڵەت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەوانەیە لە درێژخایەندا، واتە زوو یان درەنگ، ئاشتی جیهان بخاتە مەترسییەوە"(١).

٧. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەک فاکتەرێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە ئامانجە پێشکەوتنخوازەکانی جیا دەکرێتەوە. بە هەوڵدان بۆ کۆتاییهێنان بەو زوڵم و چەوسانەوەی کە گەلی کورد تووشی بووە، ئامانجی بەرەوپێشبردنی دووبارە لەدایکبوونەوەی کەلتورەکەیان و پەرەپێدانی ناسنامەکەیانە. ئەم ئاواتانە خەباتێك بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کەرامەتی مرۆڤ دەنوێنن، کە ڕەهەندێکی پێشکەوتنخوازانە بە بزووتنەوەکە دەبەخشێت، بەبێ گوێدانە ئەو ستراتیژی و ئامرازانەی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بەکاردەهێنرێن. پاشان، جۆری پابەندبوونی سیاسی بزووتنەوەی کوردی ئەوە دەردەخات کە نەیارەکانی زۆرجار لە کۆنەپەرسترین و دواکەوتووترین گرووپەکانەوە دێن، وەک نەتەوە باڵادەستەکان یان دیکتاتۆرە سەربازییەکان کە خۆیان بە شۆڕشگێڕ نیشان دەدەن. ئەو هێزە کوردیانە هەوڵی پاراستنی ئەو سیستەمە دەدەن کە گرنگی بزووتنەوەی کوردی لە تێکۆشان بۆ گۆڕانکاریی پێشکەوتنخواز دووپات دەکاتەوە. لە کۆتاییدا، بزووتنەوەی کورد تا دێت زیاتر سەرنجی لەسەر پرسە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەبێت. بە دیموکراتیتر بوون، پێویستی و خواستەکانی دانیشتوانی زۆر لە بەرنامەکەیدا تێکەڵ دەکات. ئەمەش خواستی بەدیهێنانی چاوەڕوانییەکانی هاووڵاتیان و باشترکردنی ژیانی ڕۆژانەیان نیشان دەدات.

٨. بزووتنەوەی کوردی دژی ئەو گەل و میللەتانە نییە کە لە دەوروبەری دەژیین، بەڵکو دژی ئەو زوڵم و ستەمەیە کە لەلایەن دەسەڵات و حکومەتەکانی دراوسێ بەرامبەری دەکرێت. ئەگەر گەلانی دیکە دان بە مافەکانی کورددا بنێن، ئەمە دەتوانێت پەیوەندی دۆستانە و هاوکاری دروست بکات. هەرچەندە گرژی

(١) "دۆزی کوردستان"، وتارێک کە لەلایەن پرۆفیسۆر بورکی لە زانکۆی جنێڤ، ٢ی ئاداری ١٩٦١، لە چوارچێوەی خولی "ڕێکخراوی جیهان" پێشکەشی کرد. جوگرافیای مرۆیی.

و ئاڵۆزییـەکان هەبـوون، بـەڵام لـە ئێسـتاوە گفتوگـۆ دەسـتیپێکردووە، کەچـی هێشـتا ڕێگایەکـی دووری مـاوە بـۆ ئـەوەی دیموکراتـە تـورک و فـارس و عەرەبـەکان لەگـەڵ کـورد کار بکـەن و پێکـەوە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی نـوێ بنیـات بنێـن.

٩. بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد لەسـەر هەمـان بیرۆکـەی ناسـیۆنالیزم بونیـاد نەنـراوە کـە ئەمـڕۆ لەلایـەن هەندێـک بیرمەنـدی ئەوروپییـەوە ڕەخنـەی لێدەگیرێـت. ئـەم بیرمەندانـە زۆرجـار بەهـۆی زیادەڕەوییەکانـی لـە ڕابـردوودا ناسـیۆنالیزم ئیدانـە دەکـەن. لـە لایەکـی تـرەوە ناسیۆنالیزمی کـوردی لـە پێویستی ئۆتۆنۆمـی و دانپێدانانی مـاف و نەتەوەکەیـان سـەرچاوە دەگرێـت. هـەوڵ نـادات بوونێکـی گـەورەی سـەروو نەتەوەیـی دروسـت بـکات، بەڵکـو ئامانجـی پاراستنی کەلتـور و زمـان و ناسنامەیە کـە مەترسـی لەسـەرە. بـۆ تێگەیشـتن لـەم بزووتنەوەیـە، گرنگـە لـە چوارچێـوەی مێژوویی و سیاسـی خۆیـدا دابنرێـت، بەبـێ ئـەوەی ڕاستەوخۆ بـە مۆدێلـە ئەوروپییـەکان بـەراورد بکرێـت. گرنگـە ئـەوە ڕوون بکەینـەوە کـە ناسـیۆنالیزم دەبێـت ئیدانـە بکرێـت، کاتێـک دەبێتـە شـەڕانگێزی یـان ڕەگەزپەرستانە و هەڕەشـە لـە مـاف و بوونـی گەلانـی دراوسـێ دەکات. سـەبارەت بـە کـورد، ئـەوە کـورد نیـن خەریکـی ئـەو ڕەفتـارەن، بەڵکـو ئـەوە سـتەمکاران و چەوسـێنەرانی وڵاتانـی دراوسـێن. ناسـیۆنالیزم دەتوانـێ هـەم لـە ڕووی ئەخلاقـی و هـەم لـە ڕووی سیاسـییەوە ڕەوا ببینرێـت، کاتێـک گەلێکـی وابەسـتە یـان چەوساوە بـە سـادەیی هەوڵـی بەدەسـتهێنانەوەی مافـەکان و پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی دەدات، بـێ ئـەوەی بکەوێتـە نـاو ڕەگەزپەرستی، یـان دوژمنایەتـی بەرامبـەر گەلانـی دیکـە. ئەمـەش ئەمەیـە کـە لەگـەڵ کـورددا دەگوزەرێـت. ناسـیۆنالیزمی ئـەوان لەسـەر بنەمـای مافـی هـەر گـەل و نەتەوەیەکـە کـە ئازادانـە بڕیـار لـە داهاتـوو و سـەرچاوەکانیان بـدات، وەک ئـەوەی لـە بڕیارنامەیەکـی ١٦ی کانونـی یەکەمـی ١٩٥٢ی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ئامـاژەی پێکـراوە. ناسـیۆنالیزمی کـوردی ڕەگوڕیشـەی لـە مێـژوو و کەلتـوری کوردسـتاندا هەیـە، بـەڵام ئاواتەخـوازە لەگـەڵ جیهانـی مۆدێـرن بگونجێـت و هەماهەنـگ بێـت. بابەتەکـە بەرگریکردنـە لـە نەتەوەیـەک، پاراسـتنی زمـان و کەلتـور، یـان داواکردنـی مافەکانـە کـە هاوتـای گەلانـی دیکـەی ناوچەکـە بێـت. هەروەهـا پرسـی مۆدێرنێتەیـە: پرسـی دەسـتەبەرکردنی ڕێزگرتـن لـە مافـە بنەڕەتییەکانـی مرۆڤـە بـۆ هـەر کوردێـک و ڕێبەرایەتیکردنـی

کۆمەڵگای کوردە بەرەو پێشکەوتنی تەکنیکی و خۆشگوزەرانی ئابووری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی زیاتر.

لەم چوارچێوەیەدا، ناسیۆنالیزمی کوردی وەک فۆرمێک لە ڕاپەڕین و یاخیبوون دەردەکەوێت. چەندین سەدەیە ئەو حکومەتانەی کوردستانیان کۆنترۆڵ کردووە، هیچیان بۆ باشترکردنی دۆخەکە نەکردووە. دانیشتووان سەرکوت دەکرێن، بە زۆر دەخرێنە خزمەتی سەربازی و باجی زۆریان لەسەرە. وڵاتەکە لە ڕووی ئابوورییەوە دواکەوتووە و هەر لەم دۆخەشەدا دەمێنێتەوە، سەرەڕای سەرچاوە سروشتییەکانی کە دەتوانێت ببێتە هۆی بە پیشەسازیکردنی ناوچەکە. کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەسازی، ژێرخانی پەروەردە و تەندروستی هەموویان پێویستیان بە چاکسازی و گەشەپێدانی بەپەلە هەیە. بزووتنەوەی کورد پێی وایە بۆ چارەسەرکردنی کێشە جۆراوجۆرەکانی خۆی؛ ئەوەیە کە خۆی حکومڕانی خۆی بکات و خۆی سەرچاوەکانی وڵاتەکەی بەڕێوە ببات. ئەوان پێیان وایە ئەمە ڕێگەیان پێدەدات باشتر بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان بکەن لە چاو ئەو حکومەتانەی کوردستانیان بەدەستەوەیە.

ناڕەزایەتییەک کە زۆرجار لەلایەن هەندێک ناوەندی تورکی، عەرەبی یان فارسەوە دژ بە بزووتنەوەی کورد دەردەبڕدرێت، ئەوەیە کە "کوردستان لە مێژوودا هەرگیز یەکگرتوو و سەربەخۆ نەبووە". هەرچەندە پێدەچێت ئەم تێبینییە مانای هەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا بێ بەهایە. میللەتان پەرەدەسەنن، گەشە دەکەن، دەبنە نەتەوە، پاشان دەوڵەت. کورد زۆر پێش تورک و فارس و عەرەب هۆشیارییەکی نەتەوەیی هەبوو، بەتایبەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری سوڵتانەکانی عوسمانی و شای فارس لەسەر خاکەکەی. ڕاستە ئەستەمە ئیمپراتۆریەتی مادەکان بە دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی لە قەڵەم بدەین. هەرچەندە لە پێکهێنانی گەلی کوردی مۆدێرندا ڕۆڵی هەبووە، بەڵام ئەگەر پێویست بوو وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، دەتوانین دووپاتی بکەینەوە کە خاکی کوردان دەیتوانی دەوڵەت و میرنشین بەخۆوە ببینێت، بەبێ داگیرکردنی ئیمپراتۆریەتەکانی دراوسێ، دەکرا وەک زۆرێک لە گەلانی ئەوروپی بەرەو کوردستانێکی یەکگرتوو پەرەبسەنن. هەرچۆنێک بێت؛ گرنگترین شت ئەمڕۆ ئەوەیە کە نەتەوەی کورد بوونی هەیە و

لـە پێنـاو ڕزگاری نەتەوەیـی خۆیـدا تێدەکۆشـێت. پێـش ئۆتـۆ ڤـۆن بیـسمارک، ئەڵمانیـا تەنیـا کۆمەڵێـک میرنشـتنی دیکتاتـۆر بـوو، وەک ئیتالیـا پێـش جۆزێپـێ گاریبالـدی، یـان بۆهیمیـا لـە ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریەتـی نەمسـا و هەنگاریـا. بەهەمـان شـێوە، ناوچەکانـی وەک ڕۆمانیـا، بۆسـنا و هەرسـك کـە ئێسـتا بەشـێکن لـە یوگسلاڤیـا، هەروەهـا وڵاتانـی عەرەبـی ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی یەکگرتـوو نەبـوون. ئـەم نموونانـە ئـەوە دەردەخـەن کـە پێکهێنانـی نەتەوەیەکـی یەکگرتـوو دەتوانرێـت لـە چوارچێـوەی هاوشـێوەکانەوە دەربکەوێـت.

پێـش کۆتاییهێنـان بـەم پێشـەکییە، گرنگـە جەخـت لـەوە بکەینـەوە کـە کۆمەڵـگای هاوچەرخـی کـوردی زۆر جیـاوازە لـەوەی کـە چـل سـاڵ لەمەوبـەر هەبـوو. ئـەو گۆڕانکارییانـەی ڕوویانـداوە، زۆرجـار بەیەکـەوە بەستراونەتـەوە، زیاتـر لـە کوردسـتانی عێـراق و ناوچـە کوردییەکانـی سـوریا بەرجەسـتە دەبـن، وەک لـە بەشـەکانی تـری کوردسـتان. هەندێـک لـە گۆڕانکارییـە سـەرەکییەکان بریتیـن لـە:

١. سیسـتەمی هـۆزەکان لـە ناوچـە گوندنشـینەکان بەشـێوەیەکی بەرچـاو لاواز بـووە، ئەمـەش بووەتـە هـۆی کەمبوونـەوەی دەسـەڵاتی سـەرکردە تەقلیدییـەکان. ئـەم لاوازبوونـە بەتایبەتـی لە ناوچـە کوردییەکانـی سـوریا و کوردسـتانی عێـراق بـەدی کـرا، بەتایبەتـی بەهـۆی شۆڕشـی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٥٨ و شۆڕشـی کـورد لـە سـاڵی ١٩٦١. هەرچەنـدە سیسـتەمی کـۆن بەتەواوەتـی لەناونەچـووە، بەتایبەتـی لـە کوردسـتانی تورکیـادا و کاریگەرییەکانـی لـە کوردسـتانی عێراقیشـدا بەردەوامـی هەیـە.

٢. گەشەسـەندنی بـۆرژوازی شـار بـووە هـۆی دەوڵەمەندبوونـی ئابـووری و زیادبوونـی بەسیاسـیکردن و گرتنەبـەری سـەرکردایەتی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی. ئـەم چینـە کۆمەڵایەتییـە لـە ڕێکخسـتن و سـەرکردایەتیکردنی تێکۆشـانەکان بـۆ مـاف و خۆڕێبەریی گەلـی کـورد ڕۆڵێکـی سـەرەکی بینـی.

٣. بەئاگاهێنانـەوەی کۆمەڵایەتـی چینـی جوتیـاران و بەسیاسـیکردنی بەشـێکیان و پەیوەندییـان بـە بـۆرژوازی لـە بزووتنـەوەی نەتەوەییـدا هەیـە.

٤. چینـی کرێـکار، هەرچەنـدە لە بـۆرژوازی کەمتر گرنـگ بـوو، بـەڵام بـە سیاسـیکردنی تەواوەتـی ئەزمـوون کـرد و خـۆی بە بـۆرژوازی و جوتیارانی نـاو بزووتنـەوەی نەتەوەیی

بەستەوە. ئەم هاوپەیمانێتییە خەباتی مافەکانی کورد و ئۆتۆنۆمی بە هێزتر کرد، چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی لە دەوری ئامانجێکی هاوبەشدا یەکخست.

٥. دیموکراتیزەکردن و ڕێکخستنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لەڕێگەی سەرهەڵدانی پارتە دیموکراتییەکانی کوردستان و پێکهاتە پێشڕەوەکانی بەتایبەتی لەبوارە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکاندا.

٦. فراوانبوون و گەشەسەندنی کەرتی پەروەردەی گشتی، بەشێوەیەکی سەرەکی؛ سوودی بۆ دانیشتوانی شارەکان هەبووە و ناوچە گوندنشینەکان بەزۆری لە دەرەوەی ئەم گەشەسەندنە ماوەنەتەوە. نەوەی نوێی چینی دەوڵەمەندی لادێ، کاتێک دەستیان بە خوێندن دەگات، مەیلی کۆچکردنیان بۆ شارەکان و تێکەڵ بوون بە بۆرژوازی دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرینەی جوتیاران، بەتایبەتی لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نەخوێندەوار ماونەتەوە و ئەم دۆخە بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ بڕیار و سیاسەتەکانی حکومەت. جێی سەرنجە لە هەندێک ڕووەوە جوتیارە کوردەکان لە جوتیارە تورک، عەرەب و میسرییەکان پێشکەوتووتر دەردەکەون، ئەمەش پرسیار لەسەر جیاوازی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتوری ناوچەکە دروست دەکات. گەشەسەندنی ڕۆشنبیرانی کورد جێگای سەرنجە و لە زۆرێک لە وڵاتانی تازەپێگەیشتووی سەربەخۆی ئەم دواییە جیاوازە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٥دا ئامارە دیارەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە نزیکەی هەزار و ٥٠٠ قوتابی کورد لە زانکۆی ئەنقەرە، نزیکەی ٥٠٠ لە زانکۆی ئەستەنبوڵ، نزیکەی ٦٠٠ لە زانکۆی بەغدا، چەند سەدێکیش لە زانکۆی تاران و زیاتر لە سەد قوتابی لە زانکۆی دیمەشقن. جگە لەوەش زۆرێک لە قوتابیان لە قوتابخانە ئاساییەکان و ئامادەییە پیشەییەکان و کشتوکاڵییەکان لە خوێندن بەردەوام بوون، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر زیادبوونی ئەم ژمارانە. زەحمەتە بتوانین ژمارەی ئەو کوردانەی لە ناوەندی تەمەندان و بخەملێنین کە خوێندنیان تەواو کردووە، بەڵام پێدەچێت لە ژمارەی ئەو قوتابیانە زیاتر بێت کە ئێستا لەبەر خوێندن دان. نزیکەی ٥٠٠ قوتابی کورد لە ئەوروپان و نزیکەی سەدیان، دوای تەواوکردنی خوێندن، لەوێ ماونەتەوە. جگە لەوەش ژمارەیەکی بەرچاو لە کرێکارانی کوردستانی تورکیا لە

ئەڵمانیـای فیـدڕاڵ کار دەکـەن. لـە ئەمریـکا تەنیـا نزیکـەی ٣٠ قوتابـی کـورد هـەن.

٧. زیندووبوونـەوەی کەلتـوری نەتەوەیـی بەتایبەتـی لەبوارەکانـی ئـەدەب و زمانەوانـی و مێژوویـدا بـۆ یەکەمجـار لەگـەڵ سـەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریـی سیاسـیی کـوردی بـوو ئـەم چاپەمەنییـە زۆرجـار نهێنـی بـوو.

٨. پتەوکردنـی یەکڕیـزی ئەخلاقـی گەلـی کـورد و بەهێزکردنـی پێکەوەژیانـی نەتەوەیـی، سـەرەڕای ئـەو ئاسـتەنگانەی حکومەتـەکان دروسـتیان کـردووە، هەندێـک جاریـش لـە وەڵامـی ئـەو تەحەدایانـەدا ئـەم یەکڕیـزی و پێکەوەژیانـە بەدیهاتـووە.

لـە سـایەی ئـەم گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتیانـە و زیندووکردنـەوەی کەلتـوری نەتەوەیـی، سـەرەڕای چەوسـاندنەوە، هەروەهـا دینامیکـی دیموکراتیزەکـردن کـە بـە ئایدیایەکـی شۆڕشـگێڕانە جـۆش درابـوو، بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـورد لـە کۆتایـی جەنگـی دووەمـی جیهانـەوە: پێگەیـشتن و هێـز و کاریگەرییەکـی بەرچـاوی پەیـدا کـردووە و بـووە یەکـەم هێـزی سیاسی-سـەربازی نادەوڵەتـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، کـە نوێنەرایەتـی فاکتەرێکـی ئومێدبەخشـی پێشـکەوتن، تەنانـەت بـۆ گەلانـی دراوسـێش دەکات. بـۆ ئەمـەش یەکسـەر بیرمـان بـۆ شۆڕشـی کوردسـتانی عێراقـی سـاڵی ١٩٦١ دەچێـت.

شۆڕشی بەردەوامی کوردستانی عێراق چوار کاریگەریی گرنگی هەبووە :

١. **یەکڕیزی نەتەوەیی:** یەکڕیزیی گەلی کوردستانی عێراقی بەهێز کردووە.

٢. **یەکڕیـزی ئەخلاقـی:** هەسـتی یەکڕیـزی لەنێـو هەمـوو کوردەکانـدا دروسـتکردووە و کاریگـەری لەسـەر سـەرجەم ناوچەکانـی کوردسـتان دروسـتکردووە.

٣. **پشـتگیری چـەپ:** لایەنـە چـەپ و چەپە توندڕەوەکانی عێراق پشـتیوانی لـە بزووتنەوەی کـوردی دەکـەن، دوای ئـەوەی دوودڵ بوون لە پشـتگیری کـردن لە دۆزی کورد.

٤. **هێنانـە پێشـەوەی پرسـی کـورد:** واتـە مەسـەلەی کـورد و مافەکانـی خسـتۆتە نێوەنـدی نیگەرانییـەکان و گفتوگـۆ هەنوکەییـە سیاسـییەکان و سـەرنجی زیاتـری بـۆ ئـەم بابەتـە ڕاکێشـاوە.

تـۆڕی ڕێکخـراوە کوردییـەکان لـە دەرەوەی وڵات ڕۆڵـی سـەرەکی لـە دیارکردنـی بزووتنـەوەی کوردیـدا هەبـووە. ئەمـە ڕاسـتییەکی گرنگـە، چونکـە بـۆ یەکەمجـارە

بزووتنەوەی کوردی هەم لە ناوخۆ و هەم لە دەرەوەی هەرێم ڕێکدەخرێت. بە تایبەتی لە ئەورووپا وتەبێژی هەیە و "ڕێکخراوێکی دەرەکی" هەیە کە هاوکاری هێزەکانی مەیدانەکە دەکات. ئەم تۆڕە لە سایەی پاڵپشتی ئەم ڕێکخراوانەی لایەنگری کوردەکان دەکەن سەرکەوتوو بوو لە دروستکردنی ڕای گشتی جیهانی بە قازانجی دۆزی کورد. لە سایەی ئەم ڕێکخراوەدا پرسی کورد بووەتە پرسێکی نێودەوڵەتی. ئیتر ناتوانرێت ڕاپەڕینی کورد بێ سەرنج ڕاکێشان و بێ دەرئەنجام بێت. ئەم هۆشیارییە جیهانییە ڕاپەڕینەکەی گۆڕی بۆ شۆڕشێکی ڕاستەقینە.

جا چ لە سویسرا، فەرەنسا، ئەڵمانیای فیدراڵ، هۆڵەندا، وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا و وڵاتانی تری ڕۆژئاوا، یان تەنانەت یەکێتی سۆڤیەت، چیکۆسلۆڤاکیا، یوگۆسلاڤیا و وڵاتانی سۆسیالیستی دیکە، پرسی کورد بە شێوەیەکی گشتی ڕووماڵێکی میدیایی باش بەدەست دەهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاوازی قسەکردن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لە هەندێک وڵاتدا لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر دەگۆڕێت، بەڵام بەرژەوەندییە سیاسییەکان بەردەوام کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی زلهێزەکان هەیە، کەواتە لە دەرەوە پشتیوانی لە دۆزی کورد بە گشتی سنووردارە، بەبێ هیچ پابەندبوونێکی ڕاستەقینە لەلایەن حکومەتەکانەوە. کەواتە پرسی کورد لە ڕۆژنامەکانی جیهاندا دەردەکەوێت، بەڵام بە پچڕپچڕ نەک سیستماتیک.

بۆ هەندێک بازنەی ناسیۆنالیستی غەیرە کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەوڵی کەمکردنەوەی گرنگیی دۆزی کورد دەدەن، دەکرێت ئەم کێشەیە وا لێك بدرێتەوە کە زیادەڕەوی تێدا بکرێت. هەرچەندە، ڕوونە هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو بینین و قەبارەیەی کە لەگەڵ کێش و توانای ڕاستەقینەی خۆیدا دەگونجێت. بەراستی گەلی کورد سوورە لە درێژەدان بە خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی. بەمجۆرە پرسی کورد، بۆ ماوەیەک کەم تا زۆر بێ وەڵام بمێنێتەوە و ڕەنگە لەبەردەم چاو و ویژدانی مرۆڤایەتیدا خراپتر بێت.

# بەشی یەکەم

## داتــا و زانیارییە مێژوویی و جوگرافیەکانی پەیوەست بە پرسی نەتەوەیی کوردستانی عێراق

ڕەنگـە هەندێـک کـەس بپرسـن بۆچـی کـورد لـە ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٦١ دا، تەنیـا لـە کوردسـتانی عێراقـدا ڕاپەڕیـن و شۆڕشـی کـرد، لەکاتێکـدا هەلومەرجـی گشـتی لـە بەشـەکانی دیکـەی نیشـتمانەکەیان بـاشتر نەبـوو لـەو بەشـەی کوردسـتان؟

وەڵامەکـەی سـادەیە. بارودۆخـی کـورد پەیوەسـتە بـەوەی خاکەکـەی بەسـەر چـوار بەشـدا دابەشـکراوە و هـەر بەشـێکی لـە وڵاتێکـی جیاوازدایـە. لـە دوای ئـەم دابەشـبوونە، کـورد لـە هـەرکام لـەو چـوار وڵاتانـەدا بەشـێوەیەکی جیـاواز پـەرەی سـەندووە. ئەگـەر سـەیری مێـژووی ڕاپەڕینەکانـی کـورد بکەیـن، دەبینیـن هەرگیـز لـە یـەک کاتـدا ڕووی نـەداوە و هیـچ ڕاپەڕینێـک لـە سەرانسـەری کوردسـتاندا بڵاو نەبووەتـەوە. هەڵگیرسـانی ڕاپەڕیـن بـە دوو شـت پەیوەسـتە: یەکـەم، ئاسـتی زوڵـم و چەوسـانەوەی کـورد لـە هـەر وڵاتێکـدا کـە لـەدژی ئەنجـام دراوە، دووەم، توانـای خۆڕێکخسـتنیان. بـە واتایەکـی تـر کـورد دەبێـت هەسـت بـە بەهێـزی و یەکگرتوویـی بـکات تـا بتوانێـت مامەڵـە لەگـەڵ بارودۆخەکـە بـکات.

لـە ململانێـی نێـوان بزووتنـەوەی کـورد و نەیارەکانیـدا، کـورد لـە عێراقـی قاسـمدا، کـە لـە دوای شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزەوە سـەریهەڵدابوو، بەرژەوەندییەکـی هەبـوو. بـەڵام بارودۆخەکـە لـە وڵاتانـی دراوسـێ جیـاواز بـوو. لـەم بەشـەدا بەدواداچـوون و لێکۆڵینەوە بـۆ ئـەو هـۆکارە مێژوویـی و بنچینەییانـە دەکەیـن کـە پاڵپشـتی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد بـوون لـە عێراقـدا. هەروەهـا دەبینیـن دەوڵەتـی عێـراق چـۆن دروسـت بـووە و پەیوەندییەکانـی نێـوان ئـەم بزووتنەوەیـە و حکومـەت لـە بەغدا چـۆن پەرەی سـەندووە. هـۆکاری هاوشـێوە هەیـە، کـە پاڵپشـتی بزووتنـەوە نەتەوەییـەکان لـە پارچەکانـی دیکەی کوردسـتانیش دەکەن. شۆڕشـێک لەسـەر ئەو بناغانە دامەزراوە، بەڵام بۆ ئەوەی بتەقێتەوە، هـۆکاری دەسـتبەجێ و هەنووکەیـش پێویسـتە. بـۆ شۆڕشـی ١٩٦١،هـۆکارەکان لـە خـراپ بەڕێوەبردنـی ڕژێمـی قاسـم و کێشـە تایبەتەکانـی عێراقـەوە سـەرچاوەیان گرتـووە.

گرنگە لەبیرمان بێت کە ڕێژەی کورد لە عێراق زیاترە وەك لە وڵاتانی دراوسێ. ئەمەش واتای ئەوەیە ئەوان لە دۆخ و پێگەیەکی باشتردان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەم و چەوسانەوە. جگە لەوەش خەڵکی کوردستانی عێراق هەر لە سەرەتاوە توانیان سوود لەو هەلومەرجانە وەربگرن کە ڕێگەی بە گەشەکردنی کەلتورەکەیان دا، تەنانەت لە سەردەمی شانشینی هاشمیدا. ئەمەش پێکەوەژیان و یەکگرتوویی نەتەوەیی ئەوانی بەهێزتر کرد.

هەروەها گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو نائارامییە زۆرەی لە جیهانی عەرەبیدا هەیە، چوونی عێراق بۆ ناو کۆمکاری عەرەبی و بەشداریکردنی لە پڕۆژەکانی یەکێتی عەرەبیدا، وەک کاردانەوەیەک، بزووتنەوەی کوردی لە عێراقدا بەهێزتر کردووە. هەروەها لەکۆتاییدا، دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت کە بزووتنەوەی کوردی دژی گەلانی دراوسێ، وەک گەلی عەرەب نییە، بەڵکو دژی ئەو حکومەتانەیە کە دژایەتی ئەم گەلە دەکەن.

**١. خاک و دانیشتووان.**

کوردستانی عێراق، یان باشووری کوردستان، ناوچەیەکە نزیکەی دوو هێندەی سویسرا و بگرە زیاتریشە و ڕووبەرەکەی نزیکەی ٧٥ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. دەکەوێتە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق. ئەم هەرێمە هاوتای ویلایەتی پێشووی مووسڵی عوسمانییە کە بەسەر چوار پارێزگادا یان (لیوا) دابەشکرابوو لەژێر سێبەری ئیدارەی عێراقدا: مووسڵ، هەولێر، سلێمانی و کەرکووک. وەک بەشێک لە دابەشکارییە ئیداریەکانی عێراق، کوردستانی عێراق بەتەواوی لەپارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و هەروەها زۆربەی پارێزگای مووسڵ پێکدێت. هەروەها نیوەی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دیالە، واتە دۆڵی سیروان دەگرێتەوە، کە خانەقین ناوەندەکەیەتی. سەرەڕای ئەوەش، بەشێک لە قەزاکانی وەك کوت و عەمارەی پارێزگا عەرەبییەکان، کە کەوتونەتە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی بەغدا، کوردانی فەیلییان تێدایە، بەتایبەتی شارۆچکەکانی مەندەلی و بەدرە.

زۆرینەی پارێزگای مووسڵ کوردن، جگە لە خودی سەنتەری شاری مووسڵ و هەروەها ناوچەی بیابانی باشووری ڕۆژئاوای شارەکە، کە زۆرینەی دانیشتوانی عەرەبە، چیای شەنگال کە نزیکەی ١٥٠ کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای مووسڵەوە دوورە و سنووری نێوان سوریا و عێراق دەبڕێت، تەواوی دانیشتوانەکەی لە کورد پێکهاتووە.

سنووری نێوان سوریا و عێراق لە باشووری چیای شەنگالەوە دەگاتە خاڵی بەیەکگەیشتن لەگەڵ سنووری تورکیا، لە نزیک فیشخابوور. هەروەها تەواوی سنووری نێوان تورکیا و عێراق و دوو لەسەر سێی سنووری نێوان عێراق و ئێران لەگەڵ سنووری تورکیا تا بە درە لە باشوور دەگرێتەوە. ئەم سنوورانە نیمچە بازنەیەکی نارێک پێکدەهێنن بە درێژایی ١٠٠٠ کیلۆمەتر[١] و ناوچە کوردییەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە. سنووری ڕۆژئاوا و باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراق دیاری دەکەن.

سنووری باشووری ئەم بەشەی کوردستان کە هەر دوو نەتەوەی عەرەب و کورد لەیەکتر جیادەکاتەوە، بە ئاڕاستەی باشووری ڕۆژهەڵات بۆ باکووری ڕۆژئاوا دەڕوات. بەم خاڵانەی خوارەوە تێدەپەڕێت: باشووری بەدرە، ڕۆژئاوای مەندەلی، زنجیرە چیای حەمرین، زێی بچووک لەسەر ڕووباری دیجلە، ئینجا لە ڕووباری دیجلە بۆ گەڕەکی باکووری شاری مووسڵ[٢] (ئاسکی مووسڵ)، پاشان باشووری چیای شنگال تا سنووری سوریا. درێژترین مەودا لە کوردستانی عێراقدا لە باکوورەوە بۆ باشوور لە نێوان بەدرە و زاخۆ نزیکەی ٦٠٠ کیلۆمەترە و تێکڕای دووری ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا لە نێوان ڕووباری دیجلە و سنووری ئێران لە نزیک سلێمانی نزیکەی ٢٧٥ کیلۆمەترە، ئەمە ئەوە دەردەخات کە ناوچەکە دیمەنی جۆراوجۆری هەیە، شاخ و چیا و دۆڵی تێدایە.

زنجیرە چیای حەمرین و ڕووباری دیجلە لە نێوان مووسڵ و زێی بچووک سنووری جوگرافیای نێوان باشووری کوردستان و میزۆپۆتامیای خواروو یان عێراقی عەرەبی پێکدەهێنن. لە باشوورەوە بۆ باکووری ئەم زنجیرە چیایە، زۆر شت دەگۆڕێت: ئاووهەوا لە باکوور مامناوەند و باراناوی تەواو دەبێت، لە باشوور گەرم و وشک دەبێت. دیمەنی سروشتی لە ناوچە گیایی و شاخاوییەکان لە باکوورەوە دەگۆڕێت بۆ ناوچە تەخت و نیمچە بیابانییەکان لە باشوور، کە تەنیا چەند دارخورمایەکی کەمی لێیە. سەرەڕای ئەوەش، ئاژەڵەکان، گژوگیاکان و دانیشتووانیان جیاوازن. کورد لە عەرەب بە زمان و خاک و مێژوو و داب و نەریت و جلوبەرگ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئابووری و عەقڵییەت و خواستە نەتەوەییەکانی جیا دەکرێتەوە.

---

(١) ئەو ژمارانەی دەیدەین بە نزیکەیین، بەڵام تا دەتوانرێت بگوترێت، بە وردی حیسابی بۆ کراوە.
(٢) ئەمەش دەبێتە ئەودیوی عێراقی عەرەبی.

زیاتـر لـە نیـوەی ئـەم خاکـە لـە ناوچـەی شـاخاوی پێکهاتـووە، کـە دۆڵ و شـیو و دەشـتەکانی بـە باشـی ئاودێـری و کشـتوکاڵی تێـدا کـراوە. لـە ڕۆژهەڵاتـەوە نزیـک سـنووری ئێـران، دامێنـی زنجیـرە چیـای زاگـرۆس، کـە زنجیـرە چیـای گـەورەی کوردسـتانی ئێرانـە. ئـەم شـاخانە دارسـتانی کەمیـان هەیـە، جگـە لـە هەندێـک شـوێنی دیاریکـراو، بەتایبەتـی لـە نزیـک سـنوور و لـە ناوچـەی قـەرەداغ کـە دارسـتانی زۆریـان تێدایـە. لـە باکـوورەوە دامێنـی زنجیـرە چیـای کوردسـتانی تورکیـا هەیـە، کـە چیـاکان زیاتـر دارسـتانیان تێدایـە و هەندێکجاریـش دەگۆڕدرێـن بـۆ دارسـتانی گـەورەی ئەلـب. لـە کوردسـتانی عێراقـدا داربـەڕووی زۆر هەیـە کـە درەختـی نیشـتمانی کوردسـتانە. سـێ ڕووبـار لـە باکـوورەوە بـۆ باشـوور دەڕژێنـە نـاو دیجلـە: زێـی گـەورە و زێـی بچـووک کـە سـەرچاوەیان لـە کوردسـتانی تورکیایـە و ڕووبـاری سـیروان، یـان بـە عەرەبـی دیالـەی پێدەڵێـن کـە سـەرچاوەکەی لـە کوردسـتانی ئێرانـەوە دێ.

کوردسـتانی عێراق بە گشـتی پێی دەوترێت باشـووری کوردسـتان، لە ڕاسـتیدا باشـووری کوردسـتان، نزیکـەی یـەک لەسـەر سـێی ناوەڕاسـتی کوردسـتانی گـەورە دەگرێتـەوە. لـە پێوەنـدی لەگـەڵ هەمـوو خاکـی کـوردان پێگەیەکـی نزیـک لـە ناوەنـدی داگیـر دەکات. لەگـەڵ کوردسـتانی تورکیـا، تاکـە بەشـە بەیەکـەوە گرێـدراوی سـێ بەشـەکەی تـرە. ڕووبارەکانـی، وەک تـازە بینیمان، سـەرچاوەکانیان لـە دوو بەشـە گەورەکـەی دیکـەی وڵاتدا هەیـە. لـەم دۆڵانـەدا، لەگـەڵ ئـاودا، بیـر و ئاڕسـتەی سیاسـی و کاڵا بـە هـەردوو ئاراسـتەدا دەڕوات، ئەمـە گەلێجـار بەبـێ ئاگاداریـی حکومەتـە پەیوەندیـدارەکان دەبـێ. ئەمانـە کۆئەندامـی هەناسـەی کەلتـوری نەتەوەیـی کۆنـی کـوردن، کـە بـە هەمـوو شـێوەیەک هەوڵـی خنکاندنـی دەدەن. پێکهاتـە جیۆلۆجیەکانـی کوردسـتان وەک پـردی سروشـتی لەنێوان ناوچـە جیاجیاکانیـدا کار دەکـەن. لـە کوردسـتانی ئێران زنجیـرە چیاکانـی زاگـرۆس بـە گشـتی بـە ئاراسـتەی باکوور-باشـوور درێـژ دەبنـەوە. لەلایەکی دیکـەوە، لە کوردسـتانی تورکیـادا ئاڕاسـتەکە تـا ڕادەیـەک ڕۆژهـەڵات – ڕۆژئاوایـە، لـە کوردسـتانی عێـراق، نزیـک لـە سـنووری ئێـران، چیـاکان بـە ئاراسـتەی باکوور-باشـوور دەڕۆن، بـەڵام کاتێـک بـەرەو ڕۆژئـاوا و باکـوور دەڕۆن دەگۆڕێـن، خۆیـان بـەرەو باکـووری ڕۆژئـاوا دەگـۆڕن، پێـش ئـەوەی ببنـە ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا لـە نزیـک سـنووری تورکیا. ئـەم جیاوازییـە جوگرافییانـە جەخـت لەسـەر ئاڵـۆزی و پێکەوەبەسـتنی دیمەنـی کـوردی دەکەنـەوە.

لە کوردستانی عێراقدا دوو شێوەزاری سەرەکی کوردی هەیە، هەروەها لوڕی کە لەوپەڕی باشوور قسەی پێدەکرێت سێیەم گەورەترین شێوەزاری زمانی کوردییە. لە باکوور، لە ناوچەکانی وەک بادینان و بارزان و برادۆست بە کرمانجی قسە دەکرێت، ئەم شێوەزارەش لە کوردستانی تورکیاش و کوردەکانی سوریا و یەکێتی سۆڤیەت و هەندێک لە کوردەکانی ئەوپەڕی باکووری ئێران لە ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ قسەی پێدەکەن. لەناوەڕاستدا، لەشارە گەورەکانی وەک سلێمانی و هەولێر و کەرکووک شێوەزاری سۆرانی ناسراو بە موکریانی کوردی دیالێکتی سەرەکییە، ئەم شێوەزارەش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێرانیشدا قسەی پێدەکرێت. دواجار لە باشووردا لە ناوچەکانی مەندەلی و بەدرە بە لوڕی قسە دەکرێت کە هاوشێوەی پارێزگای لوڕستانە لە ئێران، ئەم جیاوازییە زمانەوانییە دەوڵەمەندیی کەلتوری ناوچەکە دەردەخات.

بۆ ساڵی ١٩٦٥ ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی عێراق بە نزیکەی ٢ ملیۆن کەس دەخەمڵێنین کە کەمە نەتەوەییەکانیشیان تێدایە، بەڵام کوردانی نیشتەجێی بەشەکانی تری عێراقی عەرەبی ناگرێتەوە. ئەم خەمڵاندنە لەسەر بنەمای سەرژمێری فەرمی ساڵی ١٩٥٧ە، کە ئاماژەی بەوە کردووە کۆی دانیشتوانی عێراق ٦ ملیۆن و ٥٣٨ هەزار و ١٠٩ کەس بووە، کە ٢٢١ هەزار و ٦٦ کەسیان "تۆمار نەکراون" و ٤٢ هەزار و ٤٦٤ عێراقی لە دەرەوەی وڵات دەژین. بۆ دەستکەوتنی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان بۆ هەمان ئەو ساڵە، ژمارەی ئەو پارێزگایانە زیاد دەکەین کە پێکی دەهێنن:

### ١. ئەو پارێزگایانەی كە بە تەواوی لە سنووری كوردستاندان:

| پارێزگا | دانیشتوان |
|---|---|
| سلێمانی | ٢٩٩٩٧٨ |
| هەولێر | ٢٧٢٥٢٦ |
| كەركوك | ٣٨٨٩١٢ |
| | ٩٦١٤١٦ |

### ٢. ئەو پارێزگایانەی بەشێكیان كوردنشینن:

| پارێزگا | كۆی گشتی دانیشتوانی پارێزگا | دانیشتوانی ناوچە كوردییەكان | ٪ |
|---|---|---|---|
| مووسڵ[١] | ٧١٧٥٠٠ | ٥٥٧٥٠٠ | ــــــ |
| دیالە(سیروان) | ٣٢٩٨١٣ | ١٦٤٩٠٦ | ٥٠ |
| كوت(مەندەلی) | ٢٩٠٠٧٠ | ٤٣٥١٠ | ١٥ |
| عەمارە(بەدرە) | ٣٢٩٦٤٧ | ٣٢٩٦٤ | ١٠ |
| | | ٧٩٨٨٨٠ | |

٣. بۆ ئەم دوو ئامارەی سەرەوە، دەبێت ٧٩ هەزار دانیشتوو زیاد بكەین، كە نوێنەرایەتی ژمارەی كورد لە هەردوو پۆلەكانی "تۆمارنەكراو" و "ئەوانەی دەرەوەی وڵات"ی عێراق دەكەن. زیادكردنی ئەم ژمارەیە ئەم كۆی گشتیەی خوارەوە بەدەست دەهێنێت:

٩٦١٤١٦ + ٧٩٨٨٨٠ + ٧٩٠٠٠ = ١٨٣٩٢٩٦ كەس بەپێی سەرژمێری ١٩٥٧.

ئەم ژمارەی دانیشتووانەی ١٨٣٩٢٩٦ كە دەكاتە نزیكەی زیاتر لە ٢٨٪ی كۆی دانیشتووانی عێراق. لە ساڵی ١٩٦٥ ژمارەی دانیشتوانی عێراق بە ٧ ملیۆن كەس[٢] یان زیاتر مەزەندە كرا. ئەمەش ڕێگەمان پێدەدات بگەینە ئەو ئەنجامەی كە نزیكەی ٢ ملیۆن دانیشتوو لە كوردستانی عێراقدا دەژین.

---

(١) بۆ پارێزگای موسڵ، ئێمە ١٦٠ هەزار دانیشتووی شارەكەمان لە كۆی دانیشتووانی شارەكە كەم كردووەتەوە. ئەم شارەش ماڵی كەمینەیەكی گەورەی كوردە.

(٢) لە ساڵی ١٩٦٢ ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان ژمارەی دانیشتووانی عێراقی بە ٦ ملیۆن و ٧٣٢ هەزار كەس خەمڵاند.

ئەگـەر کـوردی دانیشـتووی عێراقـی عەرەبیـش بخەینـە نێـو ئـەو کوردانـەی بـە بـێ لەبەرچاوگرتنـی کەمینـە نەتەوەییەکانـی کوردسـتان، دەکرێـت ڕێـژەی کـورد لـە عێـراق لـە دەوروبـەری ٢٨٪ بـۆ ٪ ٣٠ بەرزببێتـەوە. پاشـان ژمـارەی دانیشـتوانی دەوڵەتـی عێراق لـەم پێکهاتانـەی خـوارەوە پێکدێـت:

- عەرەب : ٪ ٦٠بۆ ٦٥٪
- کورد : نزیکەی ٣٠٪
- ئەوانی تر : ٥٪ بۆ ١٠٪

بەڕاسـتی پۆلێنکردنـی هەندێـک گروپـی کەمینـە کـە لـە عێراقـی عەرەبیـدا دەژیـن، کـەم تـا زۆر بەعـەرەب کـراون، بەتایبەتـی لـە ڕووی زمانـەوە ئەسـتەمە.

ئـەوەی جێـگای سـەرنجە، سـەرژمێری فەرمـی سـاڵی ١٩٤٧ ئـەم ئامارانـەی بۆهـەر یـەك لەپارێزگاکانـی سـلێمانی، هەولێـر، کەرکـووک و مووسـڵ کـراوە: کـە هەریەکەیـان ٢٢٢هـەزار و ٧٣٢، ٢٤٠ هـەزار ٢٧٢ ، ٢٨٥ هـەزار و ٨٧٨ کـە دەکاتـە ٦٠٣ هـەزار و ٥٨٩ کـەس. بەپێـی ئەنجامەکانـی سـاڵی ١٩٥٧، ژمـارەی دانیشـتوانی کوردسـتانی عێـراق زیـادی کـردووە، لـە مـاوەی دە سـاڵدا، بـە ڕێـژەی:

- سلێمانی : ٣٤.٧٪
- هەولێر : ١٣.٣٪
- کەرکووک : ٣٦.١٪
- مووسڵ : ١٨.٧٪

ئــەم ڕێــژەی گەشــەکردنە بــە شــێوەیەکی ســەرنجڕاکێش بــەرزە، بەتایبەتــی بــۆ کەرکــووک و ســلێمانی.

لـە سـاڵی ١٩١٩، ئیـدارەی بەریتانیـا لـە عێـراق، کـۆی ژمـارەی دانیشـتوانی هەرسـێ ویلایەتـی بـەسرە و بەغـدا و مووسـڵی بـە دوو ملیـۆن و ٧٥٠ هـەزار کـەس خەمڵانـد. لـە نێوانیانـدا، ویلایەتـی مووسـڵ[1] نزیکـەی ٧٨٨ هـەزار دانیشـتووی هەبـووە.

---

(١) ئاڕنۆڵد ویڵسن، بەرگی یەکەم لاپەڕە ١٣.

بەگوێـرەی سـەرژمێریی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٢٢-١٩٢٤، ویلایەتـی پێشـووی مووسـڵ ٨٠١ هـەزار و ٩٠ دانیشـتووی هەبـووە کـە بـەم شـێوەیە دابـەش کـراون[1]:

| دانیشتوان | نەتەوە |
|---|---|
| ٥٢٠ هەزار و ٢٦٤ | کورد( کە ئێزیدییەکان ژمارەیان ٢٦ هەزار و ٢٥٧ کەسە) |
| ١٦٦هەزار و ٩٤١ | عەرەب |
| ٦١ هەزار و ٣٣٦ | کریستیانەکان |
| ٣٨ هەزار و ٦٥٢ | تورك |
| ١١ هەزار و ٨٩٧ | جولەکە |
| ٨٠١ هەزار و ٩٠ | کۆی گشتی |

زۆربـەی ئـەو مەسـیحیانەی لەسـەرەوە باسـکراون لـە ناوچـە کوردنشـینەکانی ویلایەتـی مووسـڵ دەژیـان و بـە زمانـی کـوردی قسـەیان دەکـرد.

ئەمـڕۆ لـە کـۆی نزیکـەی ٢ ملیـۆن دانیشـتوان، لەکوردسـتانی عێـراق زیاتـر لـە ١٠٠ هـەزار کەسـی غەیـرە کـورد[2] هەیـە. جگـە لـە فەرمانبەرانـی حکومـی و شـاری مووسـڵ کـە بەشـێکە لـە عێراقـی عەرەبـی، هیـچ عەرەبێـک لـە کوردسـتاندا نەژیـاوە. گەورەتریـن کەمینـەی نەتەوەیـی لـە ناوچەکـەدا بـە ڕەچەڵـەک تورکـن و ژمارەیـان نزیکـەی ٨٠ هـەزار کەسـە. ئـەوان بـە زمانێکـی تورکمانـی کەمێـک جیاوازتـر لـە زمانـی تورکـی قسـە دەکـەن و زۆرجـار تێکـەڵ بـە کـورد یـان نزیـک لـە کـورد دەژیـن. بـە تایبەتـی لـە تـوز خورماتـوو، تـاوق، کەرکـووک، ئاڵتـون کۆپـری و تەلعەفـەر دەبینرێـن،

(١) ئاڕنۆڵد ویڵسن، بەرگی دووەم لاپەڕە ١٨.

(٢) شـایانی باسـە لـە سـاڵی ١٩٦٥ دا سـەرژمێرییەکی فەرمـی لـە عێـراق ئەنجامـدرا، بـەڵام بەهـۆی بارودۆخـی شـەڕی کوردسـتانەوە، ئەنجامەکانـی لایەنگیـری پێـوە دیاربـوو. لـە ڕاسـتیدا؛ لایەنـی کـەم نیـوەی ناوچەکـە بەتـەواوی لـە دەرەوەی دەسـتی سـوپا و ئیـدارەی عێـراق بـوو، کـە لـە ناوچـە کوردییەکانـی دیکـەدا هیـچ دەسـەڵاتیان نەبـوو. لـەو کاتـەدا ئێمـە لـە ناوچـەی ڕواندز-گەڵاڵـە بوویـن کاتێـک گـوێمان لـە ڕادیـۆی عێراقـی بـوو ئەنجامـی سـەرژمێری ڕادەگەیانـد، سـەرەڕای ئـەوەی ئـەو ناوچەیـە کـە لەلایـەن سـوپای کـوردەوە کۆنتـڕۆڵ کرابـوو، هەروەهـا چەندیـن ناوچـەی دیکـە، نەخراونەتـە نـاو سـەرژمێرییەوە.

بەدرێژایی ئەو ڕێگایە ستراتیژییە کۆنەی کە بەغدا و خانەقین و تاران بە مووسڵ و حەلەب و قوستەنتینییە دەبەستێتەوە. ڕەنگە مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئەتابێکەکانی سەلجوقییەکان بگەڕێتەوە کە ئەم داگیرکارییە سەربازییە نامۆ بێت بۆ ناوچەکە. تورکمانەکان، وەک لە عێراق پێیان دەوترێت، بە باشی خۆیان لەگەڵ ژیانی کوردستاندا گونجاندووە. لە کەرکووک کە بە شێوەیەکی سەرەکی خۆیان بۆ بازرگانی تەرخان دەکەن، کەمینەیەکی ڕێزلێگیراو پێکدەهێنن. ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٩ کە بووە هۆی کۆمەڵکوژی دەیان تورکمان، هەستێکی ڕەوای لە تورکیا وروژاند. گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە، ئەم کردەوانە بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت بخرێنە کورد یان بزووتنەوە نەتەوەییەکەیان.

کەمینەیەکی دیکەی ئایینی، کە ژمارەیان کەمترە، کە مەسیحییە ئاشووری-کلدانییەکانن. ئەوان لە گوندەکانی نێو کوردە موسڵمانەکان و بەتایبەت باکووری مووسڵ دەژین و لەگەڵیان باش پێکەوە دەگونجێن. ئەوان وەک کورد جل و بەرگ و سەما دەکەن، بە کوردی گۆرانی دەڵێن و قسە دەکەن، هاوکات زمانی سریانی کۆنیش بەکاردەهێنن. بەڕاستی خۆیان بە بەشێک لە کوردستان دەزانن و هەستی ڕاستەقینەی کوردستانی[1] لەگەڵ دراوسێکانیان هاوبەشی دەکەن.

بەداخەوە زۆر کاریگەری شەڕیان لەسەر بوو، گوندەکانیان لەلایەن سەربازانی عێراقییەوە بۆردومان کرابوون. ئەوانەی ناوچەکەیان بەجێنەهێشت، زیاتر پەنایان بۆ باشوور برد، شانبەشانی هاونیشتیمانە مووسڵمانەکانیان، بە هەمان شێوەی ئەوان، بەشداری شەڕەکەیان کردووە، بۆیە ئاشووری-کلدانەکان بەبێ گوێدانە زمانی دایکیان، دەبێ وەک کوردی مەسیحی هەژمار بکرێن. سەبارەت بە جووەکان، بەزەحمەت لە کوردستاندا ماون، زۆربەیان کۆچیان کردووە بۆ ئیسرائیل. ئەوانەی لە وڵاتدا ماونەتەوە بە زمانی کوردی قسە دەکەن و بە هاوئاهەنگییەکی تەواو لەگەڵ هاونیشتیمانە مووسڵمان و مەسیحییەکان دەژین.

---

(١) "کوردستانی "هەم ناو و هەم سیفاتی پەیوەست بە خاکی نەتەوەیی کوردستانەوە دیاری دەکات. مرۆڤ دەتوانێ خۆی وەک کوردستانی بناسێنێت، بەبێ مەرجی ئەوەی بە ڕەچەڵەک نەتەوەی کورد بێت. ئەم چەمکە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەم ناوچەیەدا دەژین، هەر بنەچەیەک بن.

ئـەم کەمینانــە تاڕادەیەکــی زۆر لــە کوردانــی دانیشــتووی ناوچــە عەرەبییەکانــی عێـراق کـە ژمارەیـان دەگاتـە ٢٠٠ هـەزار کـەس، زیاتـرە. لـە خـودی بەغـداش پێکهاتـەی کـوردی کـە بەشـێوەیەکی سـەرەکی لـە کـوردی فەیلـی پێکهاتـووە، ژمارەیـان نزیکـەی ١٢٠ هــەزار کەســە.

شــارە ســەرەکییەکانی کوردســتانی عێـراق چەندیــن ناوەنــدی گرنــگ لەخۆدەگــرن. لـە ناوچـە شـاخاوییەکاندا: سـلێمانی یـان (سـلمانیة)[1] (٥٠ هــەزار دانیشــتوو)ی هەیــە، ڕەوانـدوز (١٠ هــەزار)، ئامێـدی (١٠ هــەزار)، دهـۆك (٣٠ هــەزار)، ئاکـرێ (١٠ هــەزار). لـە ناوچـە ناشـاخاوییەکان یـان دەشـتاییەکان: هەولێـر یـان ئەربیـل (٥٠ هــەزار) دانیشـتووی هەیـە، کۆیـە (٢٠ هــەزار)، خانەقیـن (٣٠ هــەزار) و کەرکـووک کـە زۆرتریـن دانیشـتووانی هەیـە، کـە دەگاتــە (١٠٠ هــەزار) هاونیشــتمانی. لـە کەرکـووک ٪٦٥ی دانیشـتوانەکەی کــوردن و ٪ ٣٥تورکمانــن، شــارەکەش بەردەوامــە لــە گەشــەکردن، بەتایبەتیــش بەهــۆی دامــەزراوە نەوتییەکانییــەوە. ژمــارەی دانیشــتوانی تــورکمان لــە کەرکــووک بــە جێگیــری ماوەتــەوە، هــاوکات ژمــارەی دانیشــتوانی کــورد زیــاد دەکات، بەتایبەتــی بەهــۆی هاتنــی کــورد لــە ناوچەکانــی دراوســێی شــارەکەوە. کەرکــووک بــە پایتەختــی داهاتــووی باشــووری کوردســتان دادەنرێــت. هەرچەنــدە ســلێمانی کــەمتر دانیشــتوانی هەیــە بــە بــەراورد لەگــەڵ کەرکــووك، بــەڵام ناوەندێکــی ڕۆشــنبیری و نەتەوەیــی گرنگــە، لــە دوای ئەویــش کەرکــووک و هەولێــر دێــن. مووســڵ کــە ١٦٠ هــەزار کەســی تێدایــە، ژمــارەی دانیشــتوانی زیاتــرە لــە کەرکــووک، بــەڵام لــە ڕووی شارســتانی شارنشــینیەوە کــەمتر پێشــکەوتووە. لــە نێــو شــارە کوردییەکانــدا هەژمــار ناکرێــت، چونکــە دانیشــتوانەکەی زۆرینەیــان عەرەبــن، هەرچەنــدە دەکەوێتــە ســەر ســنووری کوردســتان و پەیوەســتە بــە بازرگانیکــردن لەگــەڵ ناوچــە کوردســتانییەکان.

کوردســتان تــا ئێســتا گرنگتریــن هەرێمــە، کــە لــە ڕووی ئابوورییــەوە، لە خاکــی دەوڵەتی عێراقدایــە. بەرهەمــی نەوتــی ئــەم دەوڵەتــە، بــە ڕێژەیەکــە نابێــت لــە ٪ ٩٠ کــەمتر بێــت، لە خاکــی کوردســتانەوە دەردەهێنرێــت. بەغــدا ســاڵانە لــە "داهاتــی نــەوت"دا، بــڕە پارەیەکــی زۆر کــە یــەک ملیــار و ٦٠٠ ملیــۆن فرانکــی ســویسرییە، واتــە زیاتــر لــە ١٣٠ ملیــۆن پاوەندی

(١) لە نێو کەوانەدا دەربڕینەکە عەرەبیە.

ئیستەرلینی وەردەگرێت. تووتنی جگەرە لە عێراق بەتەواوی لە کوردستان دەچێنرێت و بەرهەمدەهێنرێت. حکومەتی عێراق بە نرخێکی کەمی سەپێنراو دەیکڕێت و بەشێوەیەکی بەرچاو چاندن کەمدەکاتەوە، ئەمەش ئیستغلالکردن و چەوساندنەوەی جوتیاری ناوچە شاخاوییەکانە و زیانێکی زۆر بەرچاوی لەسەر داهاتی کوردستان دەبێت کە وەك سزایەك سەیر دەکرێت. دەشتەکانی هەولێر ناندین و سەبەتەی نانی ناوچەکەن، لە کۆنەوە وا ناسراون. دەشتی شارەزوریش مێژووییەکی کەمی نییە، لە ڕووی کشتوکاڵەوە دەوڵەمەندە. ئەو دار و خەڵوزەی لە بەغدا بەکاردەهێنرێت، لە کوردستانەوە دێت. بەنداوە گەورەکانی دوکان و دەربەندیخان کە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و لەلایەن بەغداوە بۆ ئاودێری ناوچە عەرەبیەکانی باشوور دروست کراوە، ئەوانیش دەکەونە کوردستان. سەبارەت بە دەوڵەمەندیی سامانی ژێرزەوی کوردستان وەك دەزانین گەورە و هەمەچەشنە.

خوێنەر لەوانەیە تێبینی کردبێت، ئێمە باسی دەوڵەتی عێراقمان نەکردووە کە هەموو خاکی عێراق دیاری بکات. لە ڕاستیدا ئەم ناوچەیە، واتە عێراق لە دوو هەرێم پێکهاتووە: عێراقی عەرەبی و کوردستانی باشووریش کە باکووری عێراقە. ناوی عەرەبی عێراق میزۆپۆتامیای خوارووە. پێشتر و لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بەریتانیا و ئەوروپیەکانی تر هیچ شتێکیان دەربارەی ناوی عێراق نەدەزانی. زیاتر پێی دەگوترا میزۆپۆتامیای خواروو یان بە سادەیی و بۆ ئاسانکاری پێی دەگوترا میزۆپۆتامیا. تێکەڵکردنی میزۆپۆتامیا و عێراق، لە ڕووی زانستییەوە، هەڵەیە، میزۆپۆتامیا زاراوەیەکی کۆنە ئاماژە بە ناوچەیەکی جوگرافیا دەکات کە پەیوەندی بە ناسنامەی نەتەوەیی و دەوڵەتدارییەوە نییە. ئەوە وڵاتی " نێوان دوو ڕووبارە": دیجلە و فورات. میزۆپۆتامیای سەروو کە شاخاوییە، بەشێک نییە لە عێراق و دەکەوێتە کوردستانی تورکیا یان باکوری کوردستان. لە لایەکی تریشەوە، باشووری کوردستان نە لە عێراقدایە و نە لە میزۆپۆتامیادایە، چونکە ناکەوێتە نێوان دوو ڕووبار، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی دیجلەیە. لە نزیک مووسڵ، لە باکوورەوە، کوردستانی عێراق لە هەردوو دیوی ئەم ڕووبارەدا درێژ دەبێتەوە. بەشێکی کەمی ئەم خاکە بەڕاستی "لە نێوان دوو ڕووبارەکەدا"یە، بەڵام ئەمە لە ئێستاوە لە میزۆپۆتامیای سەرووە، لە ڕۆژئاوای کوردستانە و نەك لە باشوور.

## ٢. تێڕوانین و سەرنج بۆ ڕاستییە مێژووییەکان.

ئەو دەوڵەتەی پێی دەوترێت عێراق، لە دوو هەرێم پێکهاتووە: بەشێکی عەرەبی و باشووری کوردستان. پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، عێراق بەشێوەیەکی سەرەکی لە هەردوو ویلایەتی پێشووی بەغدا و بەسرە پێکدەهات، لە کاتێکدا باشووری کوردستان بە ویلایەتی مووسڵەوە بەسترابووەوە. لەو کاتەدا عێراق بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەروەک باشوور و باکووری کوردستانیش لە چوارچێوەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی بوون. دەستەواژەی "عێراق" هەرگیز ئاماژە نەبووە بە بەشێک لە وڵاتی کورد، پێش ئەوەی ئینگلیزەکان بە هەڵە لە دوای شەڕ فراوانتری بکەن. نەخشەکانی سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی بە ڕوونی ئەمە نیشان دەدەن.

بەپێی گفتوگۆکانی ئینگلیز-عەرەبی ساڵانی ١٩١٤-١٩١٥ لە نێوان شەریفی مەککە حوسێن بن عەلی و نوێنەری بەریتانیا لە قاهیرە بەڕێز هێنری ماک ماهۆن، ویلایەتی مووسڵ بەشێک نەبووە لەو دەوڵەتە عەرەبییەی کە لە بەرامبەر ڕاپەڕین و یاخیبوونی عەرەب لە دژی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی پلانی بۆ دانرابوو. شەریفی مەککە لە ١٥ی تەمووزی ١٩١٥ لە نامەکەیدا داوای دەوڵەتێکی کردووە کە سنوورەکانی بەم شێوەیە دیاری بکرێت:

١. حکومەتی بەریتانیا پابەندە بە هاوکاریکردن بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی عەرەبی، کە لە کاروباری ناوخۆ و دەرەوەیدا دەوڵەتەکە تەواو سەربەخۆ بێت. سنوورەکانی ئەم دەوڵەتە بریتین: لە ڕۆژهەڵاتەوە کەنداوی فارس، لە ڕۆژئاوا دەریای سوور و سنووری میسر و دەریای ناوەڕاست، لە باکوورەوە ویلایەتەکانی حەلەب و مووسڵ و هەروەها سنووری فارس تا شەتولعەرەب. کۆلۆنی عەدەن بەشێک نەدەبوو لەم دەوڵەتە(...).

٢. حکومەتی بەریتانیای گەورە بە وردی چاودێری ئەم دەوڵەتە عەرەبییە دەکات و یەکپارچەیی ئەو وڵاتە مسۆگەر دەکات(...).

٣. حکومەتی بەریتانیا لە بەندەری بەسرە دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی حکومەتی عەرەبی بە تەواوی دروست دەبێ (...)[١].

---

(١) ژان پیشۆن، دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لاپەڕە ٧٧.

لە ٢٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩١٥، ماک ماهۆن لە وەڵامدا نووسیویەتی "بەریتانیا ئامادەیە دان بە سەربەخۆیی عەرەبەکاندا بنێت و پشتگیریی لەو ناوچانە بکا کە شەریفی مەککە پێشنیازی کردوون "، لەگەڵ "پاراستنی بەرژەوەندیی فەڕەنسای هاوپەیمانی، سەبارەت بە خاکی سووریا". پاشان دەڵێت:

"سەبارەت بە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە، دەبێت عەرەبەکان لەوە تێبگەن کە بارودۆخی بەریتانیا و بەرژەوەندییەکانی ناچاری دەکات ئیدارەکایان ڕێکبخات و لە هەر هێرشێکی دەرەکی بیانپارێزێ و یارمەتیان بدا و بۆ سەرکەوتنیان ڕێوشوێنی تایبەت بگرێتەبەر"[١].

بەم شێوەیە لە ساڵی ١٩١٥ بەریتانیا مافی تایبەتی تەنیا لە عێراقی عەرەبیدا پاراست، بێجگە لە باشووری کوردستان، بەڵام ڕێککەوتنە نهێنییەکانی نێوان هاوپەیمانەکانی ساڵانی ١٩١٥ و ١٩١٦ کە تێیدا پێشتر بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتاڵیا و ڕوسیا، ئاسیای بچووک و موڵکەکانی تورکیایان لە ڕۆژهەڵاتی نزیك دابەش کرد، بە تەواوی بەرژەوەندی و تەنانەت بوونی گەلانی ناوچەکەیان پشتگوێ خست. ئەمەش نموونەیەکی بەرچاوی سیاسەتی ئیمپریالیستی بوو.

سەرەتا پەیماننامەی لەندەن لە ٢٦ی نیسانی [٢]١٩١٥ هەبوو، کە تێیدا هاتنە ناوەوەی ئیتاڵیا بۆ شەڕ لەلایەن هاوپەیمانانەوە دیاریکرا. پاشان ڕێککەوتنی ئینگلیز و فەڕەنسا و ڕووسیا لە مانگی ئادار-نیسانی ١٩١٦ [٣] سەبارەت بە ئاسیای بچووک و گەرووەکان کرا. لە کۆتاییدا کۆنفرانسی فەڕەنسی و ئینگلیزی ٩ی ئایاری ساڵی ١٩١٦ بە ئاڵوگۆڕی نامە لە نێوان بەڕێز پاوڵ کامبۆن باڵیۆزی فەڕەنسا لە لەندەن و بەڕێز ئێدوارد گرێی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا مۆرکرا. گرێی لە ١٥ی ئایار وەڵامی باڵیۆزی دایەوە و نوێنەری فەڕەنساش ڕۆژی دواتر[٤] وەڵامی دایەوە. بە پێی ئەم ڕێککەوتنانە تورکیا بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچەی ئەنقەرە و کەنارەوەکانی

(١) ژان پیشۆن، دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لاپەڕە ٨٠.
(٢) ژان پیشۆن، دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لاپەڕە ٥٩.
(٣) ژان پیشۆن، دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لاپەڕە ٨٥.
(٤) ژان پیشۆن، دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لاپەڕە ٩٩.

دەریای ڕەشدا کورتکرایەوە. ئەمەش وایکرد لە ٨ی کانونی دووەمی ١٩١٨دا سەرۆک ویڵسن تورکەکان دڵنیا بکاتەوە بە پێدانی بەڵێنی سەروەری و ئاسایشی تەواو "لەو ناوچانەی ئیمپڕاتۆریەتەکە کە تێیدا زۆرینە بوو" (ژان پیشۆن، دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لاپەڕە ١٨٢). ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای تورکیا ڕادەستی ئیتالیا کرا و گەرووەکان لەگەڵ قوستەنتینییە دران بە ڕووسیا.

باکووری کوردستان بە وان و بەدلیس و ئەرزەڕۆمەوە رادەستی ڕووسیا کرا. ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ خارپوت، دیاربەکر، ئورفا و مەلەتی، بەشێک بوو لە "ناوچەی شین" کە بۆ فەڕەنسا تەرخانکرابوو، کە تەواوی کەناراوەکانی سووریا و لوبنان و ئەسکەندەروون و هەروەها قیلیقیا و سێواسی لەخۆگرتبوو. عێراقی عەرەبی بە بەغدا و بەسڕەشەوە وەک "ناوچەی سوور" دیاری کرا کە تایبەت بوو بە بەریتانیا. ویلایەتی مووسڵ، یان باشووری کوردستان، بەسەر دوو بەشدا دابەشبوو: بەشێکی باکوور، لەگەڵ شاری مووسڵ، لە زۆنی A بوو لەژێر هەژموونی فەڕەنسادا، لەنێویاندا سوریا هەبوو، لەکاتێکدا بەشێکی باشوور، لەگەڵ شاری کەرکووکی بە نەوت، لە زۆنی B لە ژێر هەژموونی بەریتانیادا بوو، ئوردنیشی گرتەوە تا عەقەبە لەسەر دەریای سوور. لە بنەڕەتدا دەبوو زۆنی A و B بخرێنە ژێر دەسەڵاتی پاشای عەرەب حوسێن بن عەلی.

ئەم ڕێککەوتننانە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دەستبەرداربوونی حکومەتی سۆڤیەت لەو خاکانەی کە بۆ ڕووسیا تەرخانکرابوون، خرانە ژێر پرسیارەوە. لە ئەنجامدا حکومەتی لەندەن هەستی بە ڕزگاربوون کرد لە پابەندبوون و بەڵێنەکانی بەرامبەر هاوپەیمانەکانی و هەوڵیدا دەست بەسەر ئەو شتانەدا بگرێت کە بە ڕووسیا بەخشرابوون. هەروەها هەوڵیدا ئەو ئیمتیازەی بە فەڕەنسا دەدرێت کەمی بکاتەوە و لە "ئەسکەندەروون و سوریا و کوردستان"[1] دەربکات. لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨، بەڕێز کلێمنسۆ، سەرۆکوەزیرانی فەڕەنسا، "مافی" فەڕەنسای لە پشکی مووسڵ بەخشی بە ئینگلتەڕا، بەو مەرجەی فەڕەنسا پشکی خۆی لە نەوتەکە لە میزۆپۆتامیا

(١) ئینگلتەرا "بە نیازە ئێمە لە ئەسکەندەروون و سووریا و کوردستان دەربکات" (ژان پیشۆن، دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لاپەڕە ١٣٨).

و کوردستانەوە بەدەستبهێنێت (ژان پیشۆن، دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لاپەڕە ١٣٦). مانگێک پێشتر و لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨، سەرۆکی هێزە دەریاییەکانی بەریتانی کالتۆرپی لە قوستەنتینییە، بەناوی هاوپەیمانانەوە، بێ ئامادەبوونی ئامەت، سەرۆکی هێزە دەریاییەکانی فەڕەنسی بەناو ئاگربەستی مۆدرۆس[1] ی لەگەڵ تورکیا واژۆ کرد. لەو کاتەدا هێزەکانی بەریتانیا تەنیا عێراقی عەرەبییان داگیرکردبوو کە هاوتایە لەگەڵ "ناوچەی سوور"، جگە لە ویلایەتی مووسڵ، تەنیا دوای ئاگربەست بوو کە ئەم بەشەی وڵاتی کوردان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە داگیرکرا.

لە ڕووی یاساییەوە ئەم داگیرکارییە بە نایاسایی دادەنرێت، وەک بەڕێز ئینۆنو لە کاتی کۆنفرانسی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ ئاماژەی پێکرد، ئینگلتەرا نەیتوانی بانگەشە بۆ "مافی فەتحکردن"ی خۆی بکات بۆ ئەوەی پاساو بۆ بوونی خۆی لە ویلایەتەکە بهێنێتەوە. هەرچەندە لە کۆنفرانسی سان ڕیمۆ[2] کە لە ١٩ تا ٢٦ ی نیسانی ١٩٢٠ بەڕێوەچوو، ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانان دەسەڵاتی دایە بەریتانیا بۆ کۆلۆنی کردنی عێراق و ویلایەتی مووسڵ، ئەم بڕیارە بەپێچەوانەی ڕۆحی پرەنسیپەکانی ویلسۆن درا، لە کاتێکدا چارەنووسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هێشتا لە کۆنفرانسی ئاشتی پێش واژۆکردنی پەیمانی سیڤەر گفتوگۆی لەسەر دەکرا، پێشتر پێشبینی دابەشکردنی کوردستانی کرد.

وا زانراوە لە ڕەشنووسی پەیمانی کۆمەڵەی گەلان (SDN)دا، سەرۆک ویڵسن پێشنیازی کردووە وڵاتانی غەیرە تورکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بخرێنە ژێر بژاردە و دەسەڵاتی کۆمەڵەی گەلان. باسی سێ وڵاتی دیاریکراوی کردبوو: ئەرمەنستان،

(١) ئاگربەستی مودرۆس ئەو ئاگربەستەیە کە لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هاوپەیمانان کۆتایی هات. لە بەندەری مۆدرۆس کە دەکەوێتە دوورگەی لیمنۆسی یۆنان لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ واژۆ کرا، دەریاوان سۆمەرسێت گۆف کالتۆرپی بەریتانی وەک نوێنەری زلهێزەکانی هاوپەیمانان واژۆی کرد.

(٢) کۆنفرانسی سان ڕیمۆ کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بوو کە لە ١٩ تا ٢٦ی نیسانی ١٩٢٠ لە قەڵای دێڤاچان لە سانرێمۆ لە لیگوریا لە ریڤیرای ئیتاڵیا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەڕێوەچوو. ئەنجوومەنی باڵای جەنگ لە نوێنەرانی هاوپەیمانان لە بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵی، یۆنانی، ژاپۆن و بەلجیکی پێکهێنرا وەک درێژەپێدەری کۆنفرانسی ئاشتی پاریس.

کوردستان و عەرەبستان[١]. بە ڕای سەرۆکی ئەمریکا نابێت ئەم وڵاتانە دابەش بکرێن.

پەیماننامەی سیڤەر کە لە ١٠ ی ئابی ١٩٢٠ لە نێوان حکومەتی تورکیا لە قوستەنتینییە و هاوپەیمانان واژۆ کرا، لە مادەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ دا مافی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی ئۆتۆنۆمی، یان تەنانەت تەواو سەربەخۆ لە زۆربەی خاکی کوردستانی عوسمانی دابین کرد. ئەم بڕیارە لە شوباتی ١٩٢٠ لەلایەن ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانان لە کۆبونەوەکەی لەندەن درا. ئەم پەیماننامەیە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان عێراق و باشووری کوردستان دەکات. شایانی باسە بڕگەی کۆتایی مادەی ٦٤ ئاماژەی بەوەداوە"ئەو کوردانەی لە ویلایەتی مووسڵ دەژین،دەتوانن لە هەڵبژاردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە داهاتوودا بەشداربن. ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێت کە دروستکردنی ئەم دەوڵەتە بەئیرادەی خودی کورد بەندە. مەبەست لەم بڕگەیە ناسینی خواستە ناسیۆنالیستییەکانی کورد و پێشکەشکردنی ئەگەری مافی چارەی خۆنووسینیان بوو لە ڕێگەی چوونە پاڵ دەوڵەتێک کە لەسەر خاکی مێژوویی خۆیان دابمەزرێندرێت "[٢]. (بڕوانە دەقی بەشی سێیەم: "کوردستان" لە پەیماننامەی سیڤەر لە پاشکۆی یەکەم.)

تەنانەت پێش واژۆکردنی پەیمانی سیڤەر، عەقید ئارنۆڵد ویلسن کە سیاسەتمەدار و کارەکتەری سیاسی سەرەکی بەریتانیا بوو لە بەغدا، بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێی هەبوو بە یەکخستنی هەر سێ ویلایەتی بەسرە و بەغدا و مووسڵ. ئەو پێشنیاری کرد ئەم دەوڵەتە ناوی "عێراق"ی لێ بنرێ، کە ناوێکی عەرەبییە بۆ ئەم هەرێمە:

"هەموو میزۆپۆتامیا لە جەنگی یەکەمی جیهاندا لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە داگیر کرا(...). دواتر ناوی "عێراق" کە زیاتر بۆ خەڵکی ئەم ناوچانە ئاشنا بوو، درا بەو وڵاتەی کە تا ئەوکاتە پێی دەگوترا میزۆپۆتامیا" (وەرگیراوە لە وتاری لۆرد کرزۆن لە کۆبوونەوەی کۆنفرانسی لۆزان لە ٢٣ ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣، کۆنوسی ژمارە ٢١).

---

(١) هێسێل دوکان هۆڵ، دەسەڵاتەکان، وابەستەییەکان و ئەمینداری، لەندەن، ١٩٤٨، لاپەڕە ٣٧.

(٢) بڕوانە لەم کتێبەی خۆمان بەشی "قۆناغی مۆدێرنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد" لە کوردستانی گەورە...

لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩١٩، لەبەردەم "کۆمیتەی ڕۆژهەڵات"[١] لە لەندەن ڕاسپاردەی پێشکەش بە حکومەتەکەی کرد. لێرەدا چەند بەشێک لەم پێشنیارانە دەخەینەڕوو:

"ویلایەتەکانی مووسڵ و دێرەزور[٢]، هەروەها هەموو بەشەکانی کوردستان کە ئێستا لە ویلایەتی مووسڵدان و ناچنە ناو دەوڵەتی داهاتووی ئەرمەنستان، وەک هەموو حەوزی زێی گەورە(...). ئەو ناوچانەی دەکەونە باکووری ویلایەتی مووسڵ ناچنە ناو ئەرمەنستانەوە، بەڵکوو دەبێت بخرێنە سەر عێراق. سنووری باشووری ئەرمەنستان بە نزیکەیی لەسەر هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دەریاچەی وان و زابی گەورە دەڕوات(...). سەبارەت بە پێدانی جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی بە کورد لە کوردستان، باشتر وایە ئەمە بۆ دەستپێشخەری خۆمان بەجێبهێڵین و لە کۆنفرانسی ئاشتیدا باسی نەکەین، ئەگەر بتوانرێت ڕێگری لێبکرێت."[٣]

دوابەدوای ئاگربەستی مۆدرۆس، لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨، فەڕەنسا و بەریتانیا لە ٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٨بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە. ئەم بەیاننامەیە کە هاوکات لە پاریس، لەندەن و نیویۆرک پەخش کرا، جەختی لەوە کردەوە کە ئامانجیان لە داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست "ئازادیی تەواو و یەکلاکەرەوەی ئەو گەلانەیە کە ماوەیەکی زۆرە لەلایەن تورکەکانەوە چەوسێنراونەتەوە"[٤] و دامەزراندنی حکومەت و ئیدارەی نیشتمانی لەسەر بنەمای دەستپێشخەری و هەڵبژاردنی ئازادانەی دانیشتوانی خۆجێیی، کەچی ئارنۆڵد ویڵسن لە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوەدا "ڕاگەیاندنی ئەم بەیاننامەیە

---

(١) کۆمیتەی ڕۆژهەڵات (EC) لیژنەیەکی نێوان بەشەکانی کابینەی جەنگی حکومەتی بەریتانیا بوو، کە لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا دروستکرابوو، ئەرکی ئەو لیژنەیە بریتی بوو لە دارشتنی سیاسەتێکی یەکگرتوو بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چارەسەرکردنی دیدگای ناکۆکی بەشە پەیوەندیدارەکان. دروستکردنی لەلایەن کابینەی جەنگەوە لە ١١ی ئاداری ١٩١٨ پەسەندکرا و یەکەم کۆبوونەوەی لە کۆی ٤٩ کۆبوونەوە لە ٢٨ی ئازاری ١٩١٨ ئەنجامدا.

(٢) دێرەزور، لەسەر ڕووباری فورات، ئێستا بەشێکە لە وڵاتی سوریا.

(٣) ئارنۆڵد ویڵسن، لاپەڕە١١٧، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە.

(٤) ژان پیشۆن، دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لاپەڕە ١٣٧.

هەڵەیەکی کارەساتبار"[١] بووە، کە لەلایەن سەرۆک ویڵسۆنەوە بەسەر زلهێزەکانی هاوپەیمانانـدا سەپێنراوە، بۆیە دژایەتییەکی تەواو لەبارەی کورد لە نێوان پلانەکەی عەقید ویڵسن و بڕگەکانی پەیمانی سیڤەر هەبوو کە حکومەتی لەندەن واژۆی کردبوو، بەڵام بەهۆی سەختی جێبەجێکردنی پەیماننامەکە، کە دواجار پەسەند نەکرا، لە کۆتاییدا پلانی بەڕێز ئارنۆڵد سەپێندرا، کە بریتی بوو لە یەکگرتنی ویلایەتەکانی بەسرە و بەغدا و مووسڵ.

بە پێچەوانەی ئارنۆڵد ویڵسن و زۆربەی بەرپرسانی بەریتانیا، هەندێکیان لایەنگری سەربەخۆیی کورد بوون، بەڵام بۆچوونەکانیان لەلایەن حکومەتەکەیانەوە قبوڵ نەکرا و لەبەرچاو نەگیرا. لە نێو ئەوانەدا بە تایبەتی بیرمان بۆ ڕائید نۆئێل دەچێت کە لە ساڵی ١٩١٩ لە قوستەنتینییە جێگیر بوو، هەمیشە لە بەریتانیا ژیابوو، ئەو لە سیاسەتی وڵاتەکەی بەرامبەر بە کورد توڕە و ناڕازی بوو. لە کتێبخانەی مۆزەخانەی بەریتانی لە لەندەن، هەندێک تەلەگرام و بروسکە کە ئەوکات نهێنی بوون، بەرچاو دەکەون کە لە نێوان نۆئێل و لەندەن لەبارەی داهاتووی کورد ئاڵوگۆڕ کراون.(بۆ مەبەستی زانیاری، بڕوانە هەندێک لە بروسکەکان لە پاشکۆی دووەم).

هەرچەندە ئارنۆڵد ویڵسن دان بەوەدا دەنێت سەرکردەکانی باشووری کوردستان کە ئەو بە نایەکگرتوو وەسفیان دەکات، "تەنیا لەسەر دژایەتیکردنیان لەگەڵ هەر شێوازێکی حکومەت ڕێککەوتوون کە بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی عەرەبەکانەوە"[٢]. هەروەها باس لەوە دەکات "بیرۆکەی کوردستانێک بۆ کورد ڕۆژ بە ڕۆژ بەربڵاوتر و جەماوەری تر دەبوو"[٣]. ئاماژە بەوە دەکات " بێ جیاوازی کورد بە پەرۆش بوون بۆ وازهێنان لە دڵسۆزی خۆیان بۆ تورکیا"[٤].

بەڵام ئەوە ژەنەڕاڵ فرایزەری بەریتانی بوو لە ساڵی ١٩١٩ یەکەم ڕاپەڕینی کوردی بە سەرکردایەتی شێخ مەحمود لە ڕووی سەربازییەوە سەرکوت کرد. عەقید ویڵسن

(١) ئارنۆڵد ویڵسن، لاپەرە ١٠٣.

(٢) ئارنۆڵد ویڵسن، لاپەرە ١٠٣.

(٣) ئارنۆڵد ویڵسن، لاپەرە ١٢٩.

(٤) ئارنۆڵد ویڵسن، لاپەرە ١٢٧.

ئاماژە بەوە دەکات "یاخیبوونەکە بۆ خاکی فارس تەشەنەی کردووە، لەوێدا چەند هۆزێک لە دژی حکومەت ڕاپەڕین و خۆیان بە لایەنگری شێخ مەحمود و پڕۆژەکەی بۆ دروستکردنی کوردستانێکی ئازاد و یەکگرتوو ڕاگەیاند"[١].

پەیمانی سیڤەر کەسانی وەک ئارنۆڵد ویلسن کە پشتگیری لە قوتابخانەی ئیمپڕیالیزم دەکرد، ناڕەحەت کرد، بەڵام ڕێگری لێ نەکرد. لە کاتێکدا پەیماننامەکە دوای سەرکەوتنە سەربازییە سەرەتاییەکانی ئەتاتورک توشی جۆرێك لە بێ سەروبەری بوو، ئیدارەی بەریتانیا لە عێراق بەردەوام بوو لە بنیاتنانی دەوڵەتی عێراق و لە هەمانکاتدا یاخیبوونی نەتەوەیی کوردیان سەرکوت کرد کە لە بارزان تا سلێمانی[٢] ڕوویاندا.

لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١، ئەفسەری باڵای بەریتانی، پێرسی کۆکس، شازادە فەیسەڵی کوڕی شەریفی مەککە، کە تازە لەلایەن فەڕەنسییەکانەوە لە سوریا دەرکرابوو، وەک پاشای عێراق، هەروەها لە باشووری کوردستانیشدا سەپاند. گەلی کورد هەرگیز ئەم پاشایەتییە بێگانەیەی بەدڵ نەبووە و هەرگیز دانی پێدا نەناوە.

بەڕێز پێرسی کۆکس دەنووسێت: "کورد ترسی لە بەرژەوەندییەکانی هەبوو، ئەگەر بەغدا ئابووری و پیشەسازی عێراق کۆنترۆڵ بکات. هەستیان دەکرد نائومێد دەبن. ناوچەی سلێمانی بڕیاریدا بەشداری هەڵبژاردنی پادشای عێراق نەکات. لە کەرکووک کاندیدبوونی شازادە ڕەتکرایەوە، کورد داوای حکومەتێکی نەتەوەیی لە ڕەگەزی خۆی کرد. سلێمانی نزیکە بەتەواوی هەر جۆرە بەشداریکردنێک لە حکومەتی عێراقدا ڕەتدەکاتەوە"[٣].

لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینە زۆرەدا پێویست بوو بە چەند بەڵێنێک گەلی کورد هێوربکرێتەوە، ئەمە زۆر گرنگتر بوو، چونکە تورکیای کەمالیست کە جەنگی لە دژی یۆنانییەکان بردبووەوە، داوای پێداچوونەوەی بە پەیمانی سیڤەر و لە سەرووی هەمووشیانەوە گەڕانەوەی ویلایەتی مووسڵی دەکرد کە لە ناوچەیەک دایە کورد و تورکی تێدا زۆرینەیە.

---

(١) ئاڕنۆڵد ویڵسن، لاپەرە ١٣٧.

(٢) بۆ لیستی ئەم یاخیبوون و ڕاپەرینانە بڕوانە بەشی شەشەمی ئەم کتێبە "کوردستانی گەورە"...

(٣) ڕاپۆرت لەبارەی بەڕێوەبردنی عێراق، تشرینی یەکەمی ١٩٢٠- ئاداری ١٩٢٢"، وەرگیراوە لە: لوسیان ڕامبۆ، لاپەڕە ٥٦.

لـە ٢٤ی کانونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٢٢دا گرنگتریـن بەڵێـن لـە بەیاننامەیەکـی فەرمـی دۆزراوەتـەوە کـە بـە هاوبەشـی لـە لایـەن حکومەتـی بەریتانیـا و حکومەتـی بەغـدا بڵاوکرایـەوە. ئـەم لێدوانـە لەڕاپۆرتێکـی تایبەتـدا سـەبارەت بـە پێشـکەوتنەکانی عێـراق بـە ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان ڕاگەیەنـراوە. نـەک هـەر دان بـە ئۆتۆنۆمییەکـی بەرچـاوی سیاسـی لـە باشـووری کوردسـتان لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێراقـدا دەنێـت، لەگـەڵ ئەگـەری دروسـتکردنی حکومەتـی کـوردی، بەڵکـو بانگهێشـتی کـورد دەکات بـۆ ئـەوەی بـۆ خـۆی بڕیـار لەسـەر فۆرمـی حکومەتەکـەی بـدات، کـە ڕادەی دەسـەڵاتەکەی خـۆی و خاکەکـەی دیـاری دەکات، هەروەهـا پەیوەندییـە سیاسـی و ئابوورییەکانیـان لەگـەڵ لەنـدەن و بەغـدا لـە ڕێگـەی دانوسـتانی ڕاسـتەوخۆوە دیـاری دەکات. لێـرەدا دەقەکـە دەخەینـەڕوو:

"حکومەتـی بەریتانیـا و حکومەتـی عێـراق دان بـە مافەکانـی کوردانـی نیشـتەجێی سـنوورەکانی عێراقـدا دەنێـن بـۆ دامەزراندنـی حکومەتـی خۆیـان لـە چوارچێـوەی ئـەو سـنوورانەدا. هیـوادارن دەسـتە و گروپـە جیـاوازە کوردییـەکان، بـە زووتریـن کات، بگەنـە ڕێککەوتـن لەسـەر ئـەو فۆرمـەی پێویسـتە ئـەم حکومەتـە لـە سـنووری خاکەکـەی وەریبگرێـت. شـاندی بەرپرسـیار دەنێـرن بـۆ گفتوگۆکـردن لەبـارەی پەیوەندییـە ئابـووری و سیاسـییەکانیان لەگـەڵ حکومەتـی بەریتانیـا و حکومەتـی عێـراق"[1].

ئـەم ئۆتۆنۆمییـە کـە نزیـک بـوو بتوانێـت ببێتـە هـۆی سـەربەخۆیی، بـەڵام هەرگیـز نەخرایـە بـواری جێبەجێکردنـەوە. وەکـو بیانوویـەک، بـۆ جێبەجێنەکردنـی جاڕنامەکـە کـە خـۆی کەلێنێکـی تێدابـوو: بـە داواکـردن لـە "گرووپـە جیاوازەکانـی کـورد" کـە پێکـەوە بگونجێـن و ڕێکبکـەون، ئـەم دەسـتەواژەیە وایکـرد بڵێـن "کـورد پەرتـەوازەن و لـە نێـوان خۆیـان ڕێکناکـەون". بەرپرسـانی بەریتانیـا لـە ناوچـە کوردنشـینەکان هـەر لـە ئێسـتاوە کاریـان دەکـرد بـۆ لاوازکردنـی یەکڕیـزی و یەکگرتوویـی کـورد، یـان بـە زەبـری هێـز یـان بـە گەندەڵکـردن و بەرتیلـدان بـە هەندێـک سـەرکردەی عەشـیرەت.

لـە سـاڵی ١٩١٩دا، ئارنۆڵـد ویڵسـن پێشـتر سـەبارەت بـە پشـتیوانی کـورد لـە پـرۆژەی شـێخ مەحمـود بەرزنجـی بـۆ دروسـتکردنی دەوڵەتـی کـوردی لەژێـر پـاراستن

(١) لوسیان ڕامبۆ، کورد و مافەکانی، لاپەڕە ٥١.

و چاودێری بەریتانیادا ئاماژەی بەوە کردبوو، "لە هەر چوار کەس کە پاڵپشتی حکومەتەکەی دەکرد، تەنیا یەك کەس دژایەتی دەکرد"[١]. ئەمەش دەریخست لە باشووری کوردستان پاڵپشتییەکی بەهێز بۆ بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی هەبووە، سەرەڕای دابەشبوون و هەوڵەکانی دووبەرەکی و ناتەبایی، بەڵام ویڵسن کە باس لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٩ دەکات، زیاتر دان بەوەدا دەنێت کە "لەبەر ناسکی بارودۆخەکە، نەمانتوانی لەسەر حیسابی ژمارەیەکی زۆر لە هۆزەکانی دیکە، چیتر بە شێوەیەکی چالاکانە پشتگیری لە بانگەشە و داواکارییەکانی شێخ مەحمود بکەین". بەو پێیەی ئەم هەژموونە هەبوو، بە گشتی قبووڵ بوو کە دەبێت سیاسەتەکەمان لە باشووری کوردستان بگۆڕین، بە دانانی ئیدارەیەکی وەک ئەو ئیدارەیەی لە باقی عێراق هەمانبوو"[٢].

ئەم دەقە بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە: حکومەتی بەریتانیا لە شکستی گەلی کورد لە دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەرپرسیارێتییەکی گەورەی لە ئەستۆدایە، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆمیش بووایە، یان بەتەنیا لە باشووری کوردستان قەتیس بکرابا، ئەم خواستەی گەلی کورد بە بڕیاری دانانی لە چوارچێوەی عێراقی دەستکرد دا کەوتە مەترسییەوە.

لە پەیمانی نێوان ئینگلیز و عێراق لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢ کە لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٤ پەسەند کرا، بە هیچ شێوەیەك باس لە کورد نەکراوە، بەڵام بڕگە گشتییەکانی ئەم پەیماننامەیە گشتی و لاستیکی بوون، ئەمەش لە ڕووی تیۆرییەوە لە پێدانی ئۆتۆنۆمییەکی دیاریکراو بە باشووری کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا ڕێگر نەبوو.

لە مادەی پێنجەمی پەیماننامەکەدا هاتووە "پاشای عێراق بەڵێن دەدات پەیڕەوێکی دەستوری و دامەزراوەیی دابمەزرێنێت(...) کە ماف و خواست و بەرژەوەندییەکانی هەموو دانیشتوانی عێراق لەبەرچاو بگرێت(...). ئەم پێگە دەستوریە ئەوە دیاری دەکات کە نابێت جیاوازی لە نێوان دانیشتووانی عێراقدا

(١) لوسیان ڕامبۆ، کورد و مافەکانی، لاپەڕە ١٣٤.
(٢) لوسیان ڕامبۆ، کورد و مافەکانی، لاپەڕە ١٣٤.

بکرێـت چ لەسـەر بنەمـای ڕەگـەز و ئاییـن و چ لەسـەر بنەمـای زمـان. ئەمـەش بـۆ دەسـتەبەرکردنی یەکسـانی و ڕێزگرتـن لـە کۆمەڵگـە جیاوازەکانـی نـاو ئـەو وڵاتـە. ئەمـە دڵنیایـی دەدات کـە هـەر کۆمەڵگایـەک بـۆ پەروەردەکردنـی تاکەکانـی مافـی دامەزراندنـی قوتابخانـەی تایبـەت بـە خـۆی و وانەوتنـەوە بـە زمانـی خـۆی هەیـە. ئامانـج لـەم بڕگەیـە پاراسـتنی کەلتـور و ناسـنامەی هـەر گروپێکـە لـە عێراقـدا(...)"[١].

لـە مـادەی ١٦دا هاتـووە: حکومەتـی بەریتانیـا پابەنـدە بـە یارمەتیدانـی عێـراق بـۆ ئـەوەی بـە زووتریـن کات بچێتـە نـاو کۆمەڵـەی گەلانـەوە. لـە مـادەی ١٨ دا دیـاری کـراوە کـە پەیماننامەکـە بـۆ مـاوەی بیسـت سـاڵ کارا دەبێـت، واتـە بـەلای زۆری پێنـج سـاڵ دوای پەسـەندکردنی پەیمانـی ئاشـتی لەگـەڵ تورکیـا، کاتێـک کۆتایـی دێـت کـە عێـراق وەک ئەندامـی کۆمەڵـەی گـەلان قبـوڵ بکرێـت[٢]. ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات پەیماننامەکـە پەیوەسـت بـووە بـە دانپێدانانـی نێودەوڵەتـی بـە عێـراق.

ئـەم پەیماننامەیـە گرنگـە، چونکـە لـە مانگـی ئایـاری سـاڵی ١٩٢٣ حکومەتـی بەریتانیـا بـە ئەنجومەنـی کۆمەڵـەی گەلانـی ڕاگەیانـد دەیەوێـت ئـەرک و پابەندییەکانـی خـۆی سـەبارەت بـە عێـراق جێبەجـێ بـکات، بەپێـی مـادەی ٢٢ی پەیماننامەکـە. ئەنجومەنەکـە ئـەم دۆخـەی قبـوڵ کـرد، بـەڵام ئـەو فەرمانـەی بڕیـار بـوو مافەکانـی گەلـی کـورد بپارێزێـت، "پشـتگوێ خـرا، یـان گرنگـی پێنـەدرا"[٣].

لـە ٢٧ی ئەیلوولـی ١٩٢٤ یاداشـتنامەیەك پێشـکەش بـە ئەنجومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان (SDN) کـرا بـۆ دیـاری کـردن و پێناسـەکردنی ئەرکەکانـی بەریتانیـا سـەبارەت بـە دەسـەڵاتەکەی بەسـەر عێراقـدا، یاداشـتنامەکە لـە لایـەن ئەنجومەنەکـە پەسـەند کـرا [٤]. لـەم یاداشـتنامەیەدا هاتـووە؛ پەیماننامـەی هاوپەیمانـی ئینگلیـز و عێـراق بـێ ڕێککەوتنـی کۆمەڵـەی گـەلان دەسـتکاری ناکـرێ و ناگۆڕدرێـت. جگـە لـەوەش، بەریتانیـا دەبێـت سـاڵانە ڕاپۆرتێـک سـەبارەت بـە بەڕێوەبردنـی عێـراق بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان بنێرێـت، لەوانـەش یاسـا عێراقییـەکان کـە لـە مـاوەی ساڵەکەدا پەسـەندکراون.

(١) زنجیرەی پەیماننامەی گشتی نوێ، زنجیرەی ٣، بەرگی XIV، لاپەڕە ٣٧٢، لایپزیگ.

(٢) نۆرمان بێنتویچ، سیستەمی ئینتیدابی، لەندەن، ١٩٣٠، لاپەرە ٥٤.

(٣) نۆرمان بێنتویچ، سیستەمی ئینتیدابی، لەندەن، ١٩٣٠، لاپەرە ٥٥.

(٤) نۆرمان بێنتویچ، سیستەمی ئینتیدابی، لەندەن، ١٩٣٠، لاپەرە ٥٦.

ئەگەر ناکۆکی لە نێوان وڵاتێکی ئەندامی کۆمەڵە و بەریتانیا لەسەر بڕگەیەکی پەیماننامەکە دروست بوو، بەریتانیا ڕەزامەندی دەدات کە بیخاتە بەردەم دادگای هەمیشەیی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ناوبژیوانی.

ئەنجوومەنی دامەزرێنەری عێراق تا ساڵی ١٩٢٤ کۆنەبووەتەوە. پەیمانی ئینگلیز-عێراق لە ١٠ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بەو مەرجەی بەریتانیا پابەند بێت بە پاراستنی مافەکانی عێراق بەسەر هەموو ویلایەتی مووسڵدا. ئەنجومەنەکە هەروەها کاری لەسەر "پێگەی دەستوری" کرد، کە لە پەیماننامەکەدا هاتووە دەستووری عێراق و یاسای هەڵبژاردن دەگرێتەوە.

ئەم دەستورە لە ١٠ی تەمووز پەسەندکرا و لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە لە ١٥ی ئابدا لە نامەیەکدا بۆ کۆمەڵەی گەلان (SDN) نێردراوە. ١٢٣ مادە و پێشەکییەک و ١٠ بەش لەخۆ دەگرێت. ئەم بەشانە باس لە مافەکانی گەل و پاشا و دەسەڵاتی یاسادانان (ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەران)، وەزارەتەکان، دامەزراوەی دادوەری، دارایی، ئیدارەی پارێزگاکان، پەسەندکردنی یاساکان، هەموارکردنەوەی دەستوور، و بڕگە گشتییەکان دەکات[١]. لە مادەی دووەمی پێشەکیدا، ئەنجوومەنی دامەزرێنەر بەبوێرییەوە[٢] ج-ەخت لەوە دەکاتەوە، عێراق دەوڵەتێکی سەروەر و ئازاد و سەربەخۆیە، هەرچەندە هێشتا لەژێر فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی بەریتانیایە. مادەکانی بەشی یەکەم، سەبارەت بە "مافەکانی خەڵک"، لە دەستوری مۆدێرنی وڵاتە دیموکراتیەکانی ڕۆژئاوا وەرگیراوە. بۆ نموونە مادەی ٦ دەڵێت "هەموو عێراقییەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن، بێ گوێدانە ڕەگەز و ئایین و زمان". مادەکانی ٧ تا ١١ مافەکانی تاک و خاوەندارێتی تایبەت دەپارێزن. مادەی ١٢ مافی کۆبوونەوە و پێکهێنان و بەشداریکردن لە کۆمەڵەکان بۆ هەموو عێراقییەکان دەستەبەر دەکات. مادەی ١٦ دەڵێت "کۆمەڵە جیاوازەکان مافی ئەوەیان هەیە قوتابخانە دامەزرێنن و چاودێری بکەن، بۆ ئەوەی ئەندامەکانیان بە زمانی خۆیان فێر بکەن، بەمەرجێک

(١) بڕوانە دەقی تەواوی ئەم دەستورە، بە ناونیشانی (پێگەی دەستووریی عێراق)، لە ڕۆژنامەی فەرمی کۆمەڵەی گەلانی تشرینی دووەمی ١٩٢٤، لاپەڕە ١٧٥٩-١٧٦٨.

(٢) نۆرمان بێنتویچ، سیستەمی ئینتیدابی، لەندەن، ١٩٣٠، لاپەرە ٥٦.

ئەمە ڕێز لە مەرجە گشتییەکان بگرێت کە یاسا دیاری کردووە." مادەی ١٧ ئاماژە بەوە دەکات کە "زمانی فەرمی عەرەبییە، جگە لەو حاڵەتانەی کە بە یاسای تایبەت دیاری کراون". لە بەشی حەوتەم کە تایبەتە بە بەڕێوەبردنی پارێزگاکان، هەموو شتێک بە ناڕوونی ماوەتەوە. مادەی ١٠٩ دەڵێت "دابەشکارییە ئیدارییەکانی عێراق و پۆلێنکردن و ناوەکانیان و هەروەها سیستەمی بەڕێوەبردنیان و دەسەڵاتی بەرپرسەکانیان بە یاسایەکی تایبەت دیاری دەکرێن". مادەی ١١٠ ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم یاسایە "دەبێت بڕگەکانی گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست لە هەندێک ناوچە لەخۆ بگرێت، بەمەبەستی جێبەجێکردنی پابەندییەکانی پەیماننامەکان کە پاشا بە ڕەزامەندی پەرلەمان و ئەنجوومەنی دامەزرێنەر پشتی پێ بەستووە". لە مادەی ١١١دا هاتووە " بەپێی یاسایەکی تایبەت، بەڕێوەبردنی کاروباری شارەوانی شارەکانی عێراق بە ئەنجوومەنی شارەوانییەکان دەسپێردرێت. لە قەزا ئیدارییەکاندا، ئەنجوومەنە کارگێڕییەکان ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکەن کە بەپێی یاسا پێیان سپێردراوە".

شۆڕشی دووەمی شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩٢٣ هاوشێوەی شۆڕشی ساڵی ١٩١٩ بوو. خۆی بە مەلیکی باشووری کوردستان ناساند و کابینەی کوردیی پێکهێنا و مۆری دەرکرد و ڕۆژنامەیەکی کوردی بە ناوی "ڕۆژی کوردستان" بڵاوکردەوە. هەرچەندە جارێکی تر بزووتنەوەکەی لەلایەن سوپای بەریتانیاوە لە عێراق سەرکوت کرا. سەرەڕای ئەوەش، شێخ مەحمود دانی بەوە دانا کە حکومەتەکەی دەبێت ئۆتۆنۆمی بێت و لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە. بەتایبەتی داوای پارێزگاری لە بەریتانیا دەکرد کە پێشتر تاڕادەیەکی زۆر بە بەغدا درابوو. ئەو کارەی شێخ مەحمود، هەرچەندە لە لای لەندەن و هاوپەیمانەکانی لە بەغدا زۆر بە کتوپڕ دادەنرا، بەڵام لە ڕاستیدا لەلایەن کوردەکانەوە بۆجێبەجێکردنی جاڕنامەی کانوونی یەکەمی١٩٢٢ کارێکی خۆڕسکانە بوو.

### ٣. پرسی مووسڵ یان چارەنووسی باشووری کودستان

لـە کۆنفرانسـی لـۆزان لـە سـاڵانی ١٩٢٢-١٩٢٣ کـە دوای سـەرکەوتنی کەمالیسـتە ناسیونالیسـتەکانی تـورک بـۆ جێگرتنـەوەی پەیمانـی سـیڤەر بـەسترا، کـورد بانگهێشـت نەکـرا. لـە هەمـان کاتـدا، کاتێـک بەریتانیـا هەوڵـی کەمکردنـەوەی هەژموونـی خـۆی لـە باشـووری کوردسـتان دەدا، بەڕێـز عیسـمەت ئینۆنـو، سـەرۆک وەزیـران و سـەرۆکی شـاندی تورکیـا و لـۆرد کـرزۆن، سـەرۆکی شـاندی بەریتانیـا، لەبـارەی کاروبـاری ویلایەتـی پێشـووی مووسـڵ هەڵوێسـتی تـەواو دژ بـە یەکیـان خسـتەڕوو. هەمـوو بەڵگەنامـە و وتـەکان لەبـارەی کێشـەی مووسـڵ لـەم پەرەگرافـەدا، لـە دەق و کۆنووسـەکانی کۆنفرانسـی لـۆزان وەرگیـراون کـە بـە ناونیشـانی "بەڵگەنامـە دیپلۆماسـییەکان، کۆنفرانسـی لـۆزان، لەلایـەن وەزارەتـی دەرەوەی فەڕەنسـا بڵاو کراونەتـەوە "[١].

گرنگـە بزانیـن کـە حکومەتـی ئەنقـەرە هێشـتا بـۆ یاخیبـوون فشـاری نەخسـتۆتە سـەر کوردسـتانی تورکیـا. بەپێچەوانـەوە بەڕێـز ئینۆنـو، بـە درێژایـی کۆنفرانسـەکە، هەرچەنـدە ئامـاری زیادەڕەوی لەسـەر دانیشـتوانی نەتەوەیی ویلایەت خسـتەڕوو، بەڵام بـۆ ئاماژەکردن بـە "ڕەگـەزی باڵادەسـتی کـورد" زاراوەی ستایشـکەری بەکارهێنـا. ئەمـەش لەبـەر ئەوەیە کە ئـەو خاکـەی جێـی ناکۆکییـە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی کـوردی لێ نیشـتەجێیە.

لـە وتارەکەیـدا بەڕێـز ئینۆنـو ڕایگەیانـد، ژمـارەی دانیشـتوانی ویلایەتـی مووسـڵ ٥٠٣ هـەزار کەسـە (بەبـێ هەژمارکردنـی "کۆچـەرەکان"، کـە ژمارەیانـی بـە ١٧٠ هـەزار خەمڵانـدووە، ڕەنگـە بـۆ کەمکردنـەوەی کـۆی ڕێـژەی کـوردە شارنشـینەکان بێـت). لـە نێـو ئـەو ٥٠٣ هـەزار کەسـەی دانیشـتوواندا، زۆرینـەی ڕەهـای بـۆ کـورد گەڕانـدەوە، کـە ٢٦٣ هـەزار و ٨٣٠ کـورد، ١٤٦ هـەزار و ٩٦٠ تـورک، ٤٣ هـەزار عـەرەب، ١٨ هـەزار ئێزیـدی (کـوردی زەردەشـتی) و ٣١ هـەزار غەیـرە مووسـڵمان.

لـە نێـو ئـەو ١٤٦ هـەزار و ٩٦٠ تورکـەی کـە بەڕێـز ئینۆنـو لەسـەر ویلایەتەکـە باسـی کـردووە، بانگەشـەی ئـەوەی کـردووە کـە ٣٢ هـەزار و ٩٢٠ کەسـیان لـە ناوچـەی سـلێمانی نیشـتەجێن، بـەڵام وەک لـۆرد کـورزۆن ئامـاژەی پێکـردووە، هەمـووان دەزانـن، تـا ئێسـتا

---

(١) بەرگـی یەکـەم، کۆنووسـەکانی ژمـارە ٢١ و ٢٢، لاپـەڕە ٢٧٩-٣٠٣، دانیشـتنەکان (بەیانـی و ئێـوارە) ی ڕۆژی ٢٣ی کانوونـی دووەمـی ١٩٢٣.

هیچ تورکێـک لـەم ناوچەیـەدا نەژیـاوە کـە تـەواوی دانیشـتووانەکەی کـوردن.

لای خۆیـەوە، لـۆرد کـورزۆن بەپێـی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٢١ی بەریتانیـا، کـۆی گشـتی ژمـارەی دانیشـتووانی ویلایەتـی مووسـڵی بـە ٧٨٨ هـەزار کەس دانـاوە، هەروەهـا ئاماژە بە زۆرینـەی ڕەهـای کـورد دەکات. بـە وردی ئامارەکانی بەم شـێوەیە خسـتۆتە ڕوو: ١٨٦ هەزار عـەرەب، ٤٥٥ هـەزار کـورد، ٦٦ هـەزار تـورک، ٦٢ هـەزار مەسـیحی و ١٩ هـەزار جولەکە[1].

ئارنۆڵـد ویڵسـن لـە پێشـەکی کتێبەکـەی لەسـەر میزۆپۆتامیـا بـاس لـەوە دەکات کـە کـوردە مووسـڵمانەکان پێنج لەسـەر هەشـتی دانیشـتوانی ویلایەتـی مووسـڵ پێکدەهێنـن و ئێزیـدی و مەسـیحییەکان یـەک لەسـەر هەشـت پێکدەهێنـن، دوو لەسـەر هەشـتەکەی تـر دەگەڕێندرێتـەوە بـۆ عـەرەب و تـورک، بـەڵام وەک بەڕێـز ئینۆنـو بـە ئـارەزووی خـۆی کـوردی ئێـزدی و مەسـیحی لـە کـوردە مووسـڵمانەکان جیـا دەکاتـەوە. لـە واقیعـدا پێکهاتـە کوردییەکـە دەتوانێـت لانیکـەم شـەش تـا حـەوت لەسـەر هەشـتی دانیشـتوان پێکبهێنێـت.

بـە بیـروڕای تـورک: بەڕێـز ئینۆنـو بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد لـەو ویلایەتـە دەبێـت بنەمـای نـەژادی ببێتـە پێـوەر، واتـا لەسـەر بنەمـای زۆرینـەی نوێنەرایەتـی "کـورد و تـورک". لـە مشـتومڕی شـاندی تورکیـادا زۆرجـار ڕێـژەی کـورد و تـورک پێکـەوە پێشـکەش دەکرێـن، ئـەو بـە دروسـتی دەڵێـت زەحمەتـە بڵێیـن ویلایەتێـك دەبێـت سـەر بـە گروپێکـی نـەژادی بێـت کـە تێیـدا کەمایەتیـن وەک عەرەبـەکان.

سـەبارەت بـە کـورد بە تایبەتـی، بەڕێز ئینۆنو دەڵێـت حکومەت لە ئەنقـەرە بەقەد ئەوەی هـی تورکەکانـە هـی کوردەکانیشـە. تورکیا بە "نیشـتیمانی دایکـی کورد و تـورک" دەزانێت. بۆ تێگەیـشتن لە قسـەکانی، سـەرنجڕاکێش دەبێت گوێ بگرین کە بەڕاسـتی چی وتووە:

"...کـورد لـە ژێـر ئیـدارەی تورکیـادا ژیانیـان هەڵبـژاردووە و چارەنووسـی خۆیـان بـە چارەنووسـی تورکیـاوە گرێـداوە. ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە یەکگرتوویـی نێـوان کـورد و تـورک بـە مێژوویـی و خۆبەخشـانە دەزانێـت".

---

(١) لـە وتارێکـی پێشـووتردا، لـۆرد کـورزۆن کـۆی گشـتی ژمـارەی دانیشـتووانی بـە ٧٨٥ هـەزار و ٤٦٨ دانیشـتوو دانابـوو، کـە بـەم شـێوەیە دابەشـکرابوو: ٤٥٢ هـەزار و ٧٢٠ کـورد، ١٨٥ هـەزار و ٧٦٣ عـەرەب، ٦٥ هـەزار و ٨٩٥ تـورک، ٦٢ هـەزار و ٢٢٥ مەسـیحی و ١٦ هـەزار و ٨٦٥ جـوو. ئێمـە بڕیارمانـدا ژمارەکانـی جـاری دووەمـی ئـەو هەڵبژێریـن.

"حکومەتـی ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی گـەورەی تورکیـا نوێنەرایەتـی کوردیـش دەکات، نـەک تەنیـا هـەر تـورک. ئـەو پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکات کـە نوێنـەری ڕاسـتەقینەی کــورد لــەم ئەنجومەنــە دابنیشــن و بەشـێوەیەکی کارا بەشــداری لــە حوکمڕانــی و ئیـدارەی وڵاتـدا بکـەن، بەمـەش هـێما بـۆ جۆرێـك لـە بەشـداری سیاسـی بـۆ کـورد لەنـاو دەوڵەتـی تورکیـادا دەکاتـەوە...".

"کـورد و نوێنەرەکانیـان ڕێـگای جیابوونـەوە بـەو هاونیشـتیمانیانە نـادەن کـە لـە ویلایەتـی مووسـڵ لـە نیشـتیمانی خۆیـان دەژیـن؛ واتـە تورکیـا. پێیـان وایـە دەبێـت ئـەو کوردانـە لەگـەڵ کوردەکانـی تـردا یەکبگـرن و بـە سـنووری سیاسـی دابـەش نەکرێـن(...)".

"بــۆ ئــەوەی نیشــان بــدەن ئــەم ئیرادەیــە لــە نێــو دانیشــتوانی ویلایەتەکــە چەنـدە بەهێـز و قـووڵ و ڕەگداکوتـاوە، بۆیـە تەنیـا پێویسـتمان بەوەیـە ئاوڕێـک لـەو ڕووداوانــە بدەینــەوە کــە لــە دوای داگیرکردنــی نــارەوای ناوچەکــە ڕوویانــداوە(...). فڕۆکــە ئینگلیزییــەکان زۆرجــار بۆردومانــی گوندەکانــی تــورک و کوردیــان دەکــرد، بــۆ ئــەوەی بیانترســێنن و نەهێڵــن وابەســتەیی خۆیــان بــە تورکیــا نیشــان بــدەن(...). لــە بەنــاو ڕاپرســی ئەنجامــدراو لــە بــارەی شــازادە فەیســەڵ، تەنیــا کەمینەکانــی شــاری مووســڵ دەنگیــان دا(...)".(بەڵگەنامــە دیپلۆماســییەکان، کۆنفرانســی لــۆزان، وەزارەتــی دەرەوەی فەڕەنســا، لاپــەڕە ٢٨٣-٢٨٤ ).

نیشـاندانی "کـورد و تـورک" بەیەکـەوە، ڕەنگـە نادادپەروەرانـە و بـێ بنەمـا بێـت. ڕاپەڕینەکانـی کـورد لـەم ناوچەیـەدا هەوڵـی دووبـارە دامەزراندنەوەی هەژموونـی تورکیایان نەبـوو، بەڵکـو بـۆ پاڵنانـی ئـەو هەژموونـە عەرەبییـە بـوو کـە ئینگلیـزەکان دەیانویسـت بـۆ دروسـتکردنی دەوڵەتێکـی کـوردی بیسـەپێنن. هیـچ گوندێکـی تورکیـا لەلایـەن هێـزی ئاسمانـی شاهانەی بەریتانیا بۆردومـان نەکـرا. سـەبارەت بـەو ڕیفراندۆمـەی کـە لەلایـەن نوێنـەری بـاڵای بەریتانیـاوە بـۆ "هەڵبژاردنـی" شـازادە فەیسـەڵ ڕێکخرابـوو وەک پاشـای عێـراق، کۆمیدیایەکـی ڕاسـتەقینە بـوو. خەڵکـی باشـووری کوردسـتانیش وەک کەمینـەی تورکیـا هەریەکەیـان بـە هـۆکاری جیـاواز بایکۆتـی ئـەم ڕاپرسـیەیان کـرد.

ئـەوەی پەیوەنـدی بـە ڕاپەڕینەکـەی بەدلیسـی باکـوری کوردسـتان هەیـە، پێـش جەنگـی یەکەمـی جیهانـی، لـۆرد کـورزۆن لـە وەڵامـی مشـتومڕی تورکەکانـدا باسـی

یاخیبوونەكـەی كـرد. ئینۆنـو یاخیبوونەكـەی بـە "ڕووداوێـك وەسـف كـرد كـە بەهـۆی ئیسـتیفزازكردن لەلایـەن چەنـد كونسـوڵێكی بیانی"یـەوە ڕوویـداوە. سـەبارەت بـە دووپاتكردنـەوەی شـاندی بەریتانیـا كـە كـورد لـە جەنگـی ١٩١٤-١٩١٨ دا بـە خراپـی شانبەشـانی توركـەكان شـەڕی كـردووە، یـان ناچـار بوونـە ئـەو شـەڕە بكـەن[1]، ئینۆنـو بـە شـێوەیەكی زۆر جـدی ناڕەزایـی دەربـڕی:

"شـاندی توركیـا بـە ئەركـی سەرشـانی خـۆی دەزانـێ و ڕایدەگەیەنێـت دان بـەوەدا بنێـت هەمـوو سـەركردە سـەربازییەكان كـە لـە شـەڕی جیهانـی و شـەڕی سـەربەخۆییدا خەباتیـان كـردووە، هەمیشـە بەڕێـز و سەرسـامییەوە دەڕواننـە هـەوڵ و قوربانیدانـی گەلـی كـورد بـۆ نیشـتمان. كـورد بـە تایبەتـی لـە شـەڕی دژی سـوڵتان و حكومەتی پێشـووی قوسـتەنتینییە[2] لەگـەڵ توركەكانـدا هـاوكاری كـرد، بەرگـری لـە بـەرە جیاوازەكانـی ئەنـادۆڵ كـرد كـە لەلایـەن دوژمنانـەوە هەڕەشـەیان لێدەكـرا، هەروەهـا لـە كاتـی ئـەو هێرشـەدا یۆنانییەكانـی تێكشـكاند. پێكـەوە كاریـان كـرد بـۆ گەیشـتن بـە هەمـان ئامانـج و گەیـشتن بـە هەمـان ئایدۆلۆژیا".(بەڵگەنامـە دیپلۆماسـییەكان، كۆنفرانسـی لـۆزان، وەزارەتـی دەرەوەی فەڕەنسـا، لاپـەڕە ٢٨٤).

ئـەم قسـانە تـەواو پێچەوانـەی ئـەو قسـانە بـوون كـە حكومەتـی توركیا سـاڵێك دواتـر، واتـا سـاڵی ١٩٢٤، پـاش جێگرتنـەوەی پەیمانـی سـیڤەر بـە پەیماننامـەی لـۆزان، توركیـا كـوردی بـەوە تۆمەتبـار كـرد كـە "خیانەتیـان لـە توركیـا كـردووە و لـە كاتـی جەنگـی گـەورە و جەنگـی سـەربەخۆیی بـە هەوڵـدان بـۆ بەدەسـتهێنانی بەنـاو سـەربەخۆیی كوردسـتان بە كاریگـەری بەریتانیـا، لـە پشـتەوە خەنجەریـان لـە پشـتی توركـەكان داوە ". ئەنقـەرە بـە تایبەتـی لـە ڕێگـەی خـودی كەمـال ئەتاتـورك لـە وتارێكـدا بـۆ ئەنجوومەنـی نیشـتمانی، ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٢٥ كـوردی بـەوە تۆمەتبـار كـرد كـە "دەیەوێـت بـە یارمەتـی بەریتانیـا خەلافـەت و سوڵتاننشـین دامەزرێنێتـەوە"[3].

---

(١) باسـیل نیكیتیـن، لـە كتێبەكـەی بـە نـاوی كـوردەكان، لاپـەڕە ١٩٥، بـاس لـە نزیكبوونەوەی كـوردەكان لـە ڕووسـەكان دەكات لـە سـاڵی ١٩١٦، بـۆ دانپێدانانـی كوردسـتان و بـۆ ڕاپەڕینێكی كـورد دژی توركیا.

(٢) ئەمە حكومەتی توركیایە كە بەپێی پەیمانی سیڤەر دامەزراوە.

(٣) سەیری خاڵی "سروشت و بابەتە هەنوكەییەكانی پرسی كورد" بكە لە پێشەكی ئەم كتێبەدا.

سەبارەت بە کێشەی ئۆتۆنۆمی کوردستان کە لۆرد کورزۆن بەڵێنی دابوو، بەڕێز ئینۆنو بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:

"...ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە؛ ئێمە باسی پرسی ئۆتۆنۆمی بکەین کە بە وتەی شاندی بەریتانیا، بەریتانیا بیر لەوە دەکاتەوە ئۆتۆنۆمی بە کورد ببەخشێت و تورکیاش دژایەتی دەکات".

ئاماژەی بەوەشکردووە: "کورد لە تورکیا وەك هەر تاکێکی تورك سوودی لە مافی هاووڵاتیبوون وەرگرتووە، بۆیە هەرگیز حکومەتی تورکیایان وەک حکومەتێکی بیانی نەبینیوە کە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەمیشە هاوکاریان بووە(...). یەک کورد نییە بیەوێت ئەم دۆخە بە دەوڵەتێکی بێگانە بگۆڕێتەوە، لە خاکێکدا کە هەر ناوێکیان بۆ دابنێین، لە واقیعدا لە ناوچەیەکی ژێردەستە و داگیرکراو زیاتر هیچی تر نابێت". "کورد دەزانن، لەم حاڵەتەدا هیچ کاریگەرییەکی ڕاستەقینەیان لەسەر داهاتووی وڵاتەکەیان نابێت ... ".

بەمجۆرە بارودۆخی باشووری کوردستان دۆخی هەرێمێک دەبێت کە تێکەڵ و ئاوێتە بە عێراقی هاشمی بێت، لەژێر چاودێری و حکومڕانی بەریتانیادا، بەڵام سەرۆکی شاندی تورکیا پرسی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی تورکیا بە تەواوی پشتگوێ خست. ئەمە پرسی مافی هاووڵاتیبوونی تورکیا نییە، بەڵکو پرسی مافی نەتەوەیی گەلی کوردە، کە هەرگیز لەلایەن تورکیاوە دانی پێدا نەنراوە.

بەڕێز ئینۆنو بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

"ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی هاووڵاتیبوون کە بە دانیشتوانی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکان دەدرێت، ناتوانن پێکهاتەیەکی بەهێزی وەک کۆمەڵگەی کوردی ڕازی بکەن". (بەڵگەنامە دیپلۆماسییەکان، کۆنفرانسی لۆزان، وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا، لاپەڕە ٢٨٥).

بەڕێز ئینۆنو بەدروستی ئاماژە بەوە دەکات، پابەندبوونەکانی بەریتانیا بەرامبەر شەریفی مەککە، ویلایەتی مووسڵ ناگرێتەوە. پاشان ڕەخنە لە دەسەڵات و حکومڕانی بەریتانیا دەگرێت و دەڵێت: تورکیا هەرگیز دانی بە پێویستی وەها حکومڕانیەك لە عێراقدا نەناوە و ڕەتیدەکاتەوە. ئەو شەرعیەتی "مافی داگیرکردن" دەخاتە ژێر

پرسیارەوە کە ئینگلیزەکان بانگەشەی بۆ دەکەن بۆ پاساوهێنانەوەی بوونی خۆیان لە عێراق و لە ویلایەتی مووسڵ، وەبیری دەهێنێتەوە کە ئەم داگیرکارییە بە شێوەیەکی نایاسایی و ناشەرعی لە دوای ئاگربەستی مودرۆس ڕوویداوە.

سەرۆکە تورکەکە ئاماژە بەوە دەکات کە جەبەل حەمرین سنووری نێوان عێراق و ویلایەتی مووسڵ دیاری دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە لە باکووری ئەم هێڵە، ویلایەتەکە بارودۆخی ئاووهەوا و تایبەتمەندی دیکەی هاوشێوەی ئەنادۆڵی هەیە. (بەڵگەنامە دیپلۆماسییەکان، کۆنفرانسی لۆزان، وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا، لاپەڕە ٢٨٦).

لە ڕووە ئابوورییەکەوە، ئینۆنو ئاماژە بەوە دەکات کە شارەکە و ویلایەتی مووسڵ لە چوارڕیانێکی گرنگدان کە ئەنادۆڵ و سوریا و وڵاتی فارس بەیەکەوە دەبەستنەوە. بۆ پەیوەندی نێوان باشووری ئەنادۆڵ و فارس و سوریا جەختی لەسەر گرنگی ئەم ڕێگایانە کردەوە و دەڵێت ئەم هەڵکەوت و پێگە جوگرافیایە وەک توخمێکی گرنگ زیاتر پێویستی ویلایەتەکە بۆ تورکیا دووپات دەکاتەوە. پاشان دەڵێت:

"ئەم ناوچەیە زۆر گرنگترە بۆ پەیوەندییەکانی ناو باشووری ئەنادۆڵ. لە ڕاستیدا ئەمە خاڵی کۆکردنەوە و بەیەکگەیشتنە کە ڕێگاکانی شارە گرنگەکانی وەک سلێمانی و کەرکووک و دیاربەکر و ئورفا و بەدلیس و سێرت بەیەکەوە دەبەستنەوە و ڕۆڵی سەرەکی لە تۆڕی گواستنەوەی ناوچەکەدا دووپات دەکەنەوە". (بەڵگەنامە دیپلۆماسییەکان، کۆنفرانسی لۆزان، وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا، لاپەڕە ٢٨٦ ).

هەموو ئەمانە ڕاستن، بەڵام گرنگە ئەوە ڕوون بکەینەوە، ئەوەی بەڕێز ئینۆنو باشووری ئەنادۆڵ ناوی دێنێت لە ڕاستیدا هاوتایە لەگەڵ کوردستانی تورکیا. ئەو شار و شارۆچکانەی ئاماژەی پێکردووە هەموویان بە شێوەیەکی تایبەت کوردن و دەکەونە کوردستانی تورکیا و کوردستانی عێراق.

ئەمە هەندێک لایەنی پەیمانی نەتەوەیی پێشووی کوردی دەردەخات کە بەهۆی دابەشبوونی سیاسییەوە کارەکانی تێکچووە و گەشەسەندنەکەی تەگەرەی تێکەوتووە.

سەرکردەکەی تورکیا تەحەدای بیرۆکەی بەریتانیا دەکات کە دەڵێت؛ عێراقی عەرەبی ناتوانێت لە ڕووی ئابوورییەوە بێ سەرچاوەکانی ویلایەتی مووسڵ بژی و

جەخت لەوە دەکاتەوە بەغدا پێویستی بە بەرهەمەکانی مووسڵ هەیە، بەتایبەتی گەنم و داری دارستانەکانی، بەڵام، ئینۆنو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ویلایەتەکانی بەسرە و بەغدا کە عێراق پێکدێنن، بە درێژایی هەموو سنووری عێراق کە دوو ڕووبارە گەورەکەی پێدا تێپەڕدەبن زەوییەکی زۆر بەپیتیان هەیە.

هەروەها ئەو ئارگیومێنتە بەریتانییە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێت؛ ئەگەر سوپای تورکیا ڕوو لە مووسڵ بکات، بەغدا مەترسی لەسەر دەبێت.

بە بیروڕای ئینگلیزەکان: لۆرد کورزۆن سەرەتا باسی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی بەریتانیا لەسەر عێراق دەکات کە لە ڕێککەوتنی سان ڕیمۆوە سەرچاوەی گرتووە. هەروەها جەختی لەسەر ئەو پابەندبوونانە کردەوە کە ئەم فەرمانڕەواییە لەبەردەم کۆمەڵەی گەلان بەسەر حکومەتی بەریتانیای سەپاندووە.

پاشان بێ بەڵگە دووپات دەکاتەوە کە دانیشتوانی "عێراق و ویلایەتی مووسڵ" بە ئازادی پێکەوە ژیانیان هەڵبژاردووە. بە بڕوای ئەو، ئەم یەکێتییە دەرئەنجامی ئیرادەیەکی هاوبەش و هاوئاهەنگی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانە:

"پرسیارمان لە گەل و دانیشتوان کرد کە ئایا پێیان باشە بە یەکگرتوویی بمێننەوە، واتە ویلایەتەکانی مووسڵ و بەغدا و بەسرە بەیەکەوە بن، یان پێیان باشە جیابکرێنەوە. دانیشتوانی ئەم سێ هەرێمە وەڵامیان دایەوە کە پێیان باشە بەشێک بن لە کۆمەڵگەیەکی دابەشنەکراو (...)".

"پرسیارمان لە خەڵکی ناوچەکە کرد، ئایا پاشایەکی عەرەبیان دەوێت، ئەگەر پاشایەکی عەرەبیان دەوێت، کێ هەڵدەبژێرن. ئەوکاتە وەڵامەکەیان بە کۆی دەنگ نەبوو(...). ئەمە ئەوە دەردەخات کە لە نێو خەڵکی ناوچەکە لەسەر پرسی پاشایەکی عەرەب بیروڕای جیاواز هەبوو".

"لە ساڵی ١٩٢١، پرسی تاکە سەرکردەیەکی عەرەب بە هەڵبژاردنی شازادە فەیسەڵ وەک پاشای دەوڵەتی عەرەبی عێراق یەکلایی کرایەوە. ویلایەتی مووسڵ بەشداری لەو دەنگدانەدا کرد و بە کۆی دەنگ پاشا هەڵبژێردرا".(لاپەڕە ٢٨٩).

واقیعەکە ئەوەیە، کورد نە ئەو "پاشا عەرەب"ەی کە لۆرد کورزۆن پێشنیاری

کردبـوو، نـە "دەوڵەتـی عەرەبـی عێـراق"ی دەویسـت. ئایـا نوێنـەری ئینگلیـز بـۆ یـەک سـات بیـری لـە شـێخ مەحمـود پاشـای بەدبەختـی باشـووری کوردسـتان کردبـووەوە کـە بـەو بۆمبـە ئینگلیزیانـەی بۆردومانیـان دەکـرد و لـە بۆردومانکردنـی بەردەوامیـش بـوون، یـان ئـەو نامـە نارەزایەتیانـەی کـورد بـۆ کۆمەڵـەی گەلانـی ناردبـوو؟

لـۆرد کـورزۆن بەردەوامـە و دەڵێـت: "حکومەتـی بەریتانیـا خواسـت و ئـارەزووی کەمکردنـەوەی بەرپرسـیارێتییەکان و دووپاتکردنـەوەی سـەربەخۆیی دەوڵەتـی عەرەبـی هەیـە، لـە تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٢٢ پەیماننامەیەکـی لەگـەڵ شـا فەیسـەڵ واژۆ کـرد. بەپێـی ئـەم پەیماننامەیـە هـەردوولا، واتـە دەسـەڵاتی فەرمانڕەوایـی بەریتانیـا و دەوڵەتـی عەرەبـی بەڵێـن دەدەن دەسـتبەرداری هیـچ ناوچەیەکـی عێـراق نەبـن..."

سەرۆکی شاندی بەریتانیا کۆتایی بەم بەشەی وتارەکەی دەهێنێت و دەڵێت:

"ژێرخانێکـــی یاســـایی و چوارچێوەیەکـــی بـــۆ بەرژەوەندییەکانـــی بەریتانیـــا لـــە عێـراق دامەزرانـدووە(...). ئـەو وەك وەبیرهێنانەوەیـەك دەڵێـت؛ حکومەتـی بەریتانیـا سـێ پابەندبوونـی هەیـە:

١. پابەندبوونێک بەرامبەر میللەتی عەرەب، کە نەگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی تورکیا.

٢. پابەندبوونێـک بەرامبـەر پاشـای عەرەبی، کە لەلایـەن هەموو وڵاتـەوە هەڵدەبژێردرێت، بە مووسڵیشەوە(...).

٣. پابەندبـوون بەرامبـەر کۆمەڵـەی گـەلان (SDN)، کـە ناتوانێـت بـێ ڕەزامەنـدی ئـەو کۆمەڵەیـە دەسـتبەرداری ئـەو حکومڕانیـەی عێـراق بێـت(...).

لـە کۆتاییـدا ئامـاژە بـەوە دەکات کـە سـنووری باکـووری عێـراق هێشـتا لەلایـەن هاوپەیمانەکانـەوە بەشـێوەیەکی یاسـایی دیـاری نەکـراوە".

تا ئێسـتا هیچ ئاماژەیەك بە ناوی کورد و باسـی کورد و کوردسـتان نەکراوە. لەبەرئەوەی بـەلای شـاندی ئینگلیـزەوە، پرسـیارەکە پەیوەنـدی بە چارەنووسـی باشـووری کوردسـتانەوە نییـە، تەنانـەت ئەوەی لە ڕاسـتیدا دەگوزەرێـت، ئەوەیە کە جەخت تەنیا لەسـەر هێڵکاریی سـنووری باکـووری "دەوڵەتـی عێراقی عەرەبی "٥. بەم شـێوەیە چارەنووسـی نەتەوەی کورد لە پرسـیارێکی سـادەی دیاری کردنی سـنووری خاکدا کـورت دەبێتەوە.

ئـەم بەڵگەنامـە فەرمییانـە بـە ڕوونـی ئـەوە دەردەخـەن کـە ئێمـە هەمیشـە دووپاتمـان کردووەتـەوە: تێڕوانیـن و دیـدگای بەعسـییەکان و ناسیۆنالیسـتە عەرەبەکانـی دیکـە، چ لـە عێـراق و چ لـە شـوێنەکانی دیکـە، کـە باشـووری کوردسـتان وەک "بەشـێکی دانەبـڕاو" لـە نیشـتیمانی عـەرەب دەبینـن، هەروەهـا بـە تێگەیشـتنی ئـەوان دەوڵەتـی عێـراق عەرەبییـە، ئەمانــە بیرۆکەگەلێکــن، ڕاســتەوخۆ لــە دوای شــەڕی ١٩١٤-١٩١٨ لــە ئیمپڕیالیزمــی بەریتانیـاوە بۆیـان ماوەتـەوە، بـەڵام بـا بگەڕێینـەوە بـۆ وتارەکـەی لـۆرد کـورزۆن، کاتێـک باسـی کـورد دەکات، ئامـاژە بـەوە دەکات کـە:

"... بـە گشـتی دان بـەوەدا دەنرێـت کـە کـورد بـە ڕەچەڵـەک ئاریـن، ئـەوان بـە زمانێکی ئاریایـی قسـە دەکـەن و تایبەتمەنـدی جەسـتەیی، دابونەریت و پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ ژنـان و ئافرەتەکانیـان، بـە ڕوونـی لـە تورکـەکان جیایـان دەکاتـەوە. مـن خـۆم سـەردانی ناوچـە کوردییەکانـم کـردووە. هەرچەنـدە شـارەزا نیـم، بـەڵام دڵنیـام دەتوانـم کـورد لـە تورکێـک جیـا بکەمـەوە. ئـەم کوردانـەی ئێسـتا بـە "تـورک" وێنـا دەکرێـن، هەمیشـە بـە سـەربەخۆیی لـە چیـاکان ژیـاون و بەرهەڵسـتی هـەر دەسـتتێوەردانێکی قوسـتەنتینییەیان کـردووە. حکومەتـی تـورک هیـچ دەسـەڵاتێکی ڕاسـتەقینەی بەسـەر باشـووری کوردسـتاندا نەبـووە، لـە کاتـی جەنگـدا کـوردی ئـەم ناوچەیە پشـتگیری تورکیان نەکـرد، بـە پێچەوانەوە، ئەگـەر یارمەتـی کەسـانێکیان دابێـت، ئـەوە بەریتانییـەکان بوونـە... "(لاپـەڕە٢٩٢).

لـۆرد کـرزۆن شـەرعییەتی پەرلەمانتارانـی کـورد لـە پەرلەمانـی ئەنقـەرە دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە و گوتـی: "مـن پێـم سـەیرە ئـەم نوێنەرانـە چـۆن هەڵبژێـردران. عیسـمەت پاشـا بانگەشـەی ئـەوە دەکات، بـەڵام ئایـا لـە پەرلەمـان یـەک پەرلەمانتـاری کــورد هەیــە نوێنەرایەتــی باشــووری کوردســتان بــکات؟ لەنێــو نوێنەرانــی کــورد لەئەنقــەرە ئایــا کەســێک هەیــە بەدەنگــی جەمــاوەر و خەڵــك هەڵبژێردرابێــت؟ ئاشــکرایە ئــەم پیاوانــە ڕاســتەوخۆ دەستنیشــان کــراون، هەندێکیــان تەنانــەت ناتوانــن بەشــداری کار و کۆبوونەوەکانــی ئەنجومەنەکــە بکــەن، چونکــە نازانــن بــە تورکــی قسـە بکـەن و زمانـی تورکـی نازانـن". لـە کۆتاییـدا تیشـک دەخاتـە سـەر سروشـتی پەیوەندییەکانـی نێـوان تـورک و کـورد، تیشـک دەخاتـە سـەر نەبوونـی نوێنەرایەتـی کــورد لــە حکومەتــی تورکیــادا:

"ئـەوەی لـە پەیوەنـدی کـورد و تورکـەوە هەیـە، ئەوەیـە کـورد هەمیشـە لـە حوکمڕانـی تورکیـا نـاڕازی بـووە. ڕوونیشـی دەکاتـەوە؛ ماوەی چـوار سـاڵە حکومەتی بەریتانیـا چەندین داواکاریـی لـە کـوردە نائومێدەکانـەوە پێگەیشـتووە کـە داوایـان لێدەکرێـت گرنگـی بـە ئۆتۆنۆمـی و سـەربەخۆیی کوردسـتان بـدەن. ئێمـە هاوسـۆزی خۆمـان، وەك بەریتانیـا، بـۆ ئـەو داواکاریانـە دەردەبڕیـن". جەخـت لـەوە دەکاتـەوە "نابێـت وەفـدی تورکیـا وا بیـر بکاتـەوە، کـە بەریتانیـا دەیەوێـت تەنانـەت یـەک کـورد بخاتـە نـاو سیسـتەمەکەیەوە"، بـە وتـەی ئـەو هەمـوو زانیارییـەکان ئـەوە دەردەخـەن، "دەبێـت کـورد بـە مێـژوو و داب و نەریـت و ناسـنامەی خۆیـەوە وەک گروپێکـی ئۆتۆنۆمـی لەبەرچـاو بگیرێـت".

پاشـان سـەرۆکی شـاندی بەریتانیا باس لە پرسـی ئۆتۆنۆمی دەکات کە دەبـێ بە کورد لە باشـووری کوردسـتان بدرێـت. جەخـت لەسـەر گرنگی دانانی بـە مافەکانی کورد و پێویسـتی دۆزینـەوەی چارەسـەرێک دەکاتەوە کە ڕەچـاوی بارودۆخی کورد و خواسـتەکانیان بکات:

"یەکێـک لـە ئامانجەکانـی بەڕێوبردنەکەمـان، دامەزراندنـی سیسـتەمێکی خۆبەڕێوەبەریـی خۆجێیـی بـووە کـە ئیـدارە و قوتابخانـەی تایبەت بـە خۆیان هەبێـت(...). پاشـان، بۆچـی دەبێـت کـورد لـەم چوارچێوەیـەدا ملکەچـی ئەنقـەرە بێـت؟ بـەم شـێوەیە جەخـت لەسـەر گرنگـی پاراسـتنی ئۆتۆنۆمـی و مافەکانـی دەکەینـەوە".

گرنگـە بزانیـن "ئۆتۆنۆمـی خۆجێیـی کـورد" کـە لـۆرد کـورزۆن باسـی دەکات، جیـاوازە لـەو ئۆتۆنۆمییـە سیاسـییە فراوانـەی لـە ڕاگەیاندنـی کانوونـی یەکەمـی ١٩٢٢دا بەڵێـن بـە باشـووری کوردسـتان دراوە، یەکەمیـان سـنووردارە بـە ڕێکخسـتنە کارگێـڕی و پەروەردەییـەکان، لـە کاتێکـدا دووەمیـان ئامانجـی پێدانـی پێگەیەکـی سیاسیی مانادارتـر و سـەربەخۆترە بـە کـورد لـە ناوخـۆی عێراقـدا.

لەسـەر ئاسـتی ئابووریـش، سـەرۆکی شـاندی بەریتانیـا جەخـت لـەوە دەکاتـەوە، "هەمـوو پەیوەندییـە ئابوورییەکانـی ئـەم هەرێمـە کوردسـتانییە زیاتـر بـەرەو ئاڕاسـتەی بەغدایـە نـەک باکـوور". ئـەو ئامـاژە بـەوە دەکات "هەمـوو هەناردەکردنێـک لـە ویلایەتـی مووسـڵەوە وەک دانەوێڵـە و خـوری و پێسـت و تووتـن، یـان بـۆ بەغـدا دەڕوات لـە خـوارەوەی ڕووبارەکـە، یـان بـەرەو ڕۆژئـاوا بـە ئاڕاسـتەی سـوریا. لـە ڕاسـتیدا، بەغـدا بـە شـێوەیەکی سـەرەکی پشـت بـە گەنمـی مووسـڵ دەبەسـتێت."(لاپەڕە ٢٠٣).

بۆیــە لــۆرد کــورزۆن دان بــەوەدا دەنێــت، ویلایەتــی مووســڵ "وڵاتــی کــوردان"ە. لەگــەڵ ئەوەشــدا، هەرچەنــدە ئــەو دەیخاتــە نــاو دەوڵەتــی عێراقــەوە، بــەڵام پاســاو بــۆ ئــەوە ناهێنێتــەوە کــە بۆچــی ســوورە لەســەر ناوبردنــی ئــەم دەوڵەتــە بەلکاندنــی بــە "دەوڵەتــی عەرەبــی عێراقیــەوە".

گرنگــە ئامــاژە بــەوە بکەین؛ ئینگلیزەکان لە ســەرەتادا دەیانویســت باشــووری کوردســتان خــۆراک بــە عێراقــی عەرەبــی بــدات و توانــا و لایەنــە ئابوورییەکــەی مسۆگەر بــکات، بــەڵام کاتێــک بزووتنــەوەی نەتەوەیــی کــورد بەهێزتر بوو، گوتــار و ئاوازەکەیان گــۆڕی و دەیانگوت کوردســتان وڵاتێکــی هــەژارە و لــە ڕووی ئابوورییــەوە ناتوانێــت پشــت بەخۆی ببەســتێت.

پاشان کورزۆن ئارگومێنتەکان بە هەردوو دیوی ئابووری و ستراتیژییەوە پەرەپێدەدات:

لــۆرد کــورزۆن نیگەرانییەکــی ستراتیــژی گرنــگ دەوروژێنێــت: ئەگــەر تەســلیمی عیســمەت پاشــا بووایــە و ڕازی بووایــە بــۆی ڕوون بکاتــەوە کــە بۆچــی دەیەوێــت لــە ویلایەتــی مووســڵ بمێنێتــەوە، ڕەنگــە ئەمــە ئاڵــۆزی دروســت بکردایــە.

ترســی ئــەوەی هەیــە دەستبەســەرداگرتنی ویلایەتــی مووســڵ لەلایــەن تورکیــاوە ببێتــە هۆی دروستکردنی بنکەیەکی ســەربازی و هەڕەشــە لــە بەغدا بکات. ئامــاژە بەوەش دەکات، مووســڵ وەک ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە ئاســانی دەتوانێت پاڵپشــتی لە ســوپای تورکیا بکات کــە توانــای کۆنترۆڵکردنــی دابینکردنــی گەنمــی پایتەختــی عێراقــی هەبێــت، ئەمــەش بەغــدا دەخاتــە دۆخێکــی قاتوقــڕی و برســێتیەوە(...). جگــە لــەوەش ئــەم ســوپایە دەتوانێــت ڕێــگا بازرگانییــە گرنگــەکان ببڕێــت کــە لــە خانەقیــن بــەرەو جیهانــی ڕۆژهــەڵات دەڕوات، ئەمــەش مانــەوەی دەوڵەتــی شانشــینی عەرەبــی قــوڕس دەکات. لــە بنەڕەتــدا هۆشــداری لــە ئەنجامــە کارەســاتبارەکانی بڕیارێکــی لەو شــێوەیە بۆ ئاســایش و ئابــووری عێراق دەدات.(لاپــەڕە ٢٩٤).

لــۆرد کــورزۆن هــەوڵ دەدات گرنگــی نــەوت لــە کوردســتان کــەم بکاتــەوە و دەڵێــت: "نــەوت هیــچ پەیوەندییەکــی بــە مشــتومڕەکانمەوە نییــە". لەگــەڵ ئەوەشــدا، ڕوونــە ســەرچاوەکانی نــەوت و تێڕوانینــی ستراتیــژی ڕۆڵێکــی گرنــگ دەگێــڕن لــە هەڵوێســتی بەریتانیــا ســەبارەت بــە مەســەلەی ویلایەتــی مووســڵ. نکۆڵیکردنەکــەی قەناعەتپێکــەر نیــە، چونکــە پەیوەنــدی نێــوان نــەوت و بەرژەوەندییەکانــی بەریتانیــا ئاشــکرایە.

لــە دانیشــتنی ئێــوارەی ٢٣ی کانونــی دووەم ١٩٢٣دا گفتوگــۆکان لەســەر ویلایەتــی مووســڵ بــەردەوام بــوون. عیســمەت ئینۆنــۆ هــەوڵ دەدات "دادپــەروەری و شــەرعیەتی هەڵبژاردن"بــە ئەنجومەنــی یاســادانانی تورکیــا بــدات و دووپاتــی دەکاتــەوە: "هەمــوو دانیشــتووان، چ تــورك یــان کــورد، هەمــان مافــی دەنگــدان و ســوودمەندبوونیان لــە یەکســانی لــە پەرلەمانــی تورکیــا دا هەیــە".

ســەبارەت بــە نــەوت، ســەرکردە تورکەکــە گوتــی، ئەگــەر ویلایەتــی مووســڵ بــۆ تورکیــا بگەڕێتــەوە، ئــەوا نەوتەکــەی "بــە یارمەتــی کۆمپانیــا بیانییــەکان بــۆ خێــر و بێــر و بەرژەوەنــدی هەمــووان" بەکاردەهێنرێت.(لاپــەڕە ٢٩٩).

پاشــان لەبــارەی لایەنــە نەتەوەییــەکان بــاس لــەو ئارگیومێنتــە دەکات کــە شاندەکەی بەریتانیــا باســی کــردووە: "تەنانــەت ئەگــەر ئــەو ژمارانــەش قبــوڵ بکەیــن کــە ئــەم شاندە پێشکەشــی کــردووە، دەبینیــن عــەرەب تەنیــا چارەکێکی دانیشــتوانی مووســڵ پێکدەهێنێت، بۆیــە ئەســتەمە بڵێیــن خاوەندارێتــی وڵاتێــک بــۆ گروپێکــی نەتەوەیــی بگەڕێنرێتــەوە کــە تەنیــا چارەکێکــی کــۆی دانیشــتووان پێکدەهێنێــت".

لــە وەڵامەکەیــدا لــۆرد کــورزۆن هــەوڵ دەدات لەبــارەی نــەژاد و نەتــەوەکان مشــتومڕ و ئارگیومێنتــەکان لــە بەرژەوەنــدی خــۆی بگۆڕێــت:

کــورزۆن دەڵێــت: "عیســمەت پاشــا بانگەشــەی ئــەوەی کــرد کــە عەرەبــەکان تەنیــا چارەکێکــی دانیشــتوانی ویلایەتــی مووســڵ پێکدەهێنــن، پرســیاری کــرد کە چــۆن چارەکێکی دانیشــتوان دەتوانــن چارەنووســی هەمــوو ناوچەکــە دیــاری بکــەن، بــەڵام داواکاریــی تورکیــا ئەوەیــە؛ ویلایەتــی مووســڵ بــۆ تورکــەکان بگەڕێندرێتــەوە کــە تەنیــا یــەك لەســەر دوازدەی کــۆی دانیشــتوان پێکدەهێنــن. عیســمەت پاشــا ئامادەیــە ئــەم بەرژەوەندییــە بداتە گروپێکــی بچــووکتر، بەمەرجێــک تــورک بــن، بــەڵام کاتێــک بــاس لــە عەرەبــەکان دەکرێــت کــە ژمارەیــان زۆرتــرە، شــاندی تورکیــا نایەوێــت ئــەوە لەبەرچــاو بگرێت".(لەپــەڕە ٣٠١).

نــە کــورزۆن و نــە ئینۆنــو بیریــان لــەوە نەکردووەتــەوە کــە خاوەندارێتــی و بەڕێوەبردەنــی ویلایەتــی مووســڵ بدەنــە نەتــەوەی کــورد، کــە بــە گوتــەی کــورزۆن ٥٨٪ ی دانیشــتووان و بــە بــڕوای ئینۆنــو بــێ هەژمارکردنــی "کۆچــەرەکان"٪ ٥٣ دانیشــتووان پیکدەهێنــن. لــە واقیعــدا؛ ئەگــەر کوردانــی غەیــرە مووســڵمانیش بخەینــە نێــو ئــەم

دانیشتووانەوە، کورد لە نێوان ٪٨٠ بۆ ٪٨٥ نوێنەرایەتی ئەم دانیشتووانە دەکات.

لۆرد کورزۆن لە وەڵامی تورکیا سەبارەت بە نوێنەرایەتی کورد لە ئەنقەرە نارەزایی خۆی دەردەبڕێت. ئەو پرسیار لە شەرعیەتبوونی نوێنەرانی کورد دەکات.

لۆرد کورزۆن ئاماژە بەوە دەکات: "هەرچەندە عیسمەت پاشا باسی نوێنەرانی کوردی لە ئەنقەرە کردووە، بەڵام وەڵامی پرسیارە چارەنووسسازەکانی سەبارەت بە هەڵبژاردنیان نەداوەتەوە. من پرسیار دەکەم؛ چەند دەنگدەر دەنگیان پێداون و لە کوێوە هاتوون. عیسمەت هیچ وەڵامێکی نەدامەوە، بەڵام ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ نوێنەری کورد بۆ نوێنەرایەتی ویلایەتی مووسڵ لە ئەنقەرەدا نییە، واتە لە گفتوگۆ بەردەوامەکاندا ئەم هەرێمە کوردییە هیچ دەنگێکی نییە".(لاپەڕە ٣٠١).

لۆرد کورزۆن سەرۆکی شاندی بەریتانی لاوازی هەڵوێستەکەی ئاشکرا کرد، بە توندی بیرۆکەی ڕاپرسی لە ویلایەتی مووسڵ ڕەتکردەوە، وەک شاندی تورکی داوایکردبوو:

"لۆرد کورزۆن ئاماژە بەوە دەکات هەر ڕاپرسیەک کە لە دوای جەنگەوە ئەنجامدراوە، پێویست بوو سوپایەک هەبێت بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و دوورکەوتنەوە لە ناکۆکی. کێ یان سوپای کام وڵات دەتوانێت لە کاتی ڕاپرسی ئاسایش و ئارامی لە کوردستان بپارێزێت؟ چونکە نە سوپای تورکیا و نە سوپای بەریتانیا ناتوانن ئەو کارە بکەن، لەبەرئەوەی هەردووکیان لەو مەسەلەیەدا پەیوەندار و لایەنگیرن. ئایا هیچ کەسێک یان لایەنێك لەم هۆڵە ئامادەیە بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایش لە کاتی ڕاپرسیدا سوپایەک پێشکەش بکات؟ ئەوە ئەوپەڕی گەمژەیی و شێتیە ئەگەر قبوڵ بکرێت".

سەرۆکی شاندە بەریتانییەکە زیاتر ڕوون دەکاتەوە و:

"دەڵێت خەیاڵکردنی دەنگدان لە باشووری کوردستان زۆر کێشە دروست دەکات(...). زۆربەی کورد و زۆرێک لە عەرەب ناتوانن بخوێننەوە و نەخوێندەوارن، بۆیە نازانن چۆن دەنگ بدەن(...). سەرەڕای ئەوەش، کێ دەتوانێت ئەو سەربازانە دابین بکات کە بۆ دابینکردنی ئاسایش لەم دەنگدانەدا پێویستن؟. چۆن بۆ خەڵک ڕوون دەکەیتەوە کە دەنگدانەکە لەسەر چییە؟. بە دڵنیاییەوە کورد کوردستانی سەربەخۆی دەوێت، عەرەب دەوڵەتی عەرەبی پێ باشترە، تورکیش دەیەوێت لەگەڵ تورکیا بمێنێتەوە(...).

چۆن دەتوانن لە بارودۆخێکی وەها مەحاڵدا سنوورەکان دیاری بکرێن؟. (...) ئەمەش هۆکارێکە بۆئەوەی هەر کەسێک ئەزموونی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەبێت ناتوانێت پشتگیری لە بیرۆکەی ڕاپرسی لە کوردستان بکات".(لاپەڕە ٣٠٢).

ئەمە دانپێدانانێکە لەلایەن سەرۆکی شاندی بەریتانیاوە و نیشانی دەدات، حکومەتەکەی هەوڵیداوە ڕێگری لە خەڵکی باشووری کوردستان بکات، بە ئازادی ڕای خۆیان بۆ دەوڵەتێکی کوردی دەرببڕن. هەرچەندە کورد زۆرجار بە نەخوێندەوار و بێتوانا لە دەنگدان سەیردەکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەزانن چۆن دەنگ بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەیان بدەن. سەرەڕای ئاستەنگەکانی ڕاپرسی لە کوردستان، لۆرد کورزۆن لە دانیشتنێکی پێشوودا ڕایگەیاندبوو؛ ویلایەتی مووسڵ بەشداریی ئەو ڕاپرسییەی کردووە کە حکومەتەکەی بۆ هەڵبژاردنی شا فەیسەڵ ڕێکی خستووە، کە ڕاست نەبوو. ئەمە دوو جەمسەری لە گفتوگۆکانیدا دەردەخات و ئارەزووی کەمکردنەوەی خواستەکانی کورد و هەوڵدانە بۆ شەرعییەتدان بە هەڵوێستی بەریتانیا.

کۆنفرانسی لۆزان کە لە ئەنجامدا بە هەمان ناو پەیماننامەی لێکەوتەوە، پرسی مووسڵی یەکلایی نەکردەوە و چارەسەری نەکرد. لە مادەی ٣ برگەی ٢ی ئەم پەیماننامەیە کە لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣ واژۆ کراوە، دیاری کراوە کە سنووری نێوان تورکیا و عێراق لەو خاڵەوە دادەمەزرێت کە سنووری سوریا و تورکیا لەسەر دیجلە کۆتایی پێدێت، ئەمە لە مادەی ٨ لە ڕێککەوتنی فەڕەنسا و تورکیا لە ٢٠ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١ دیاری کراوە. ئەمەش بەندە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلانەوە. بەم شێوەیە دواجار بەڕێز ئینۆنو پێشنیاری بەریتانیای بۆ سپاردنی بڕیارەکە بە کۆمەڵەی گەلان قبوڵ کرد.

ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ئەیلوولی ١٩٢٤ بڕیاریدا ئەم پرسە بگرێتە ئەستۆ، لێژنەیەکی تایبەتی دامەزراند، کە پێکهاتبوو لە برانتینگ، کوینۆنێس دی لیۆن و گوانتی. ئەنجومەنی کۆمەڵە لە کۆبوونەوەی خۆیدا لە برۆکسل لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٢٤ و لەسەر پێشنیاری ئەم کۆمیسیۆنە، دوو بڕیاری گرنگی دا. بڕیاری یەکەم کە ئامانج لێی ڕێگریکردن بوو لە ڕووداوەکانی داهاتوو لە نێوان سوپای تورکیا و

هێزەکانی بەریتانیا، سنوورێکی کاتی دامەزراند، کە بە "هێڵی بڕوکسل"[(١)] ناسراوە، کە لە نێوان هەردوو فەرماندەی سەربازیی ئەو دوو وڵاتە ڕێککەوتن کرابوو. بڕیاری دووەم تایبەتە بە ناردنی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بۆ شوێنی ڕووداوەکە.

لێژنەی لێکۆڵینەوە کە پێکهاتبوو لە پال تێلیکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی هەنگاریا، بەڕێز وێرسن، باڵیۆزی دەسەڵاتداری سوید لە بوخارێست و ژەنەڕاڵ ئەلبێرت پاولیسی بەلجیکی، یەکەم جار لە ٣ ی تشرینی دووەمی ١٩٢٤ لە جنێڤ کۆبوونەوە، لەوێ بەڕێز وێرسن وەک سەرۆک لێژنە هەڵبژێردرا. پاشان سەردانی حکومەتی لەندەن و ئەنقەرەی کرد، پێش ئەوەی بچێتە ویلایەتی مووسڵ، لە مانگی کانوونی دووەم تا ئاداری ١٩٢٥ لەوێ مایەوە. لە مانگی نیساندا گەڕایەوە ئەورووپا و لێژنەکە ڕاپۆرتەکەی ئامادە کرد و لە ١٦ ی تەمووز پێشکەشی سکرتاریەتی کۆمەڵەی گەلانی کرد.

ڕاپۆرتەکەی بەناونیشانی "پرسی سنووری نێوان تورکیا و عێراق، ڕاپۆرتی پێشکەشکراو بە ئەنجومەن لەلایەن لێژنەی پێکهێنراو بەپێی بڕیاری ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٢٤"[(٢)]، بەڵگەنامەیەکی وردە و لە ٩٠ لاپەڕە پێکهاتووە دەوڵەمەندە بە زانیاری و چەندین نەخشەی لەگەڵدایە. لێژنەکە هەڵوێستێکی ڕوون دەرنابڕێت. لە ئاشکراکردنی لایەنە پەیوەندارەکانی کێشەکە و خستنەڕووی پێشنیازی جیاواز، ئەولاتر نەچووە، هەریەکەیان لەسەر بنەمای ئارگیومێنتی جۆراوجۆر و زۆرجار دژبەیەک دامەزراون، بۆیە ئەوە بۆ ئەنجومەن جێدەهێڵێت کە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو ئارگیومێنتە یاسایی و ڕەچاوکردنە سیاسییانە بکات کە لە ڕاپۆرتەکەدا باسکراون.

لە هەمان ڕاپۆرتدا چەند پێشنیازێک پێشکەش کراوە، بریتین لە: یەکەمیان دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ، دووەمیان لکاندنی ئەو خاکە بە عێراقەوە بە زامن کردنی مافەکان بۆ گەلی کورد، سێیەمیان گەڕانەوەی بۆ سەر دەوڵەتی

---

(١) ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە کۆبوونەوەی ١٦ ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ بڕیاریدا ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراق و "هێڵی برۆکسل" وەک سنووری باکووری خۆی هەڵبژێرێت. کە ئەندازیاری سەربازی بەلجیکی ئەلبێرت پاولیس (١٨٧٥-١٩٣٣) بوو.

(٢) بڕوانە دەقی تەواوی ڕاپۆرتەکە لە بڵاوکراوەی کۆمەڵەی گەلان، "ئەنجومەن و وڵاتانی ئەندام. بەڵگەنامەکانی ١٩٢٥"، کۆتا ٩٠ لاپەڕە.

توركیـا. كۆمیسـیۆن جەخـت لـەوە دەكاتـەوە، ئـەو ناوچـە جێناكۆكانـە هەرگیـز نابێـت تێكـەڵ بـە عێـراق بكرێـن، بـەڵام نابێـت لـە پێنـاو بەرژەوەندیـی دانیشـتوانی ناوچەكـەدا دابـەش بكرێـت. هەروەهـا بیرۆكـەی ڕاپرسـی ڕەت دەكاتـەوە و بـە كـردەنی نازانـێ.

ڕاپۆرتەكـە تیشـک دەخاتـە سـەر ئـەوەی كـورد زۆرینـەی دانیشـتوانی ناوچـە كێشـە لەسـەرەكە پێكدەهێنـن و لەشـێوەی گروپـی جیـاوازدا دەژیـن. هەروەهـا بـاس لـە هێڵێكـی دابەشـكردنی ئێتنۆگرافـی دەكات لـە نێـوان عـەرەب و كـورددا. كـورد خـۆی نـە بەتـورك و نـە بەعـەرەب دانانێـت و بـە زمانێكـی ئاریایـی قسـە دەكات. جگـە لـەوەش هەسـتێكی نەتەوەیـی ڕاستەقینەی عێراقـی لـەم خاكـەدا نییـە، جگـە لـە چەنـد عەرەبێكـی خوێنـدەوار كـە زۆرجـار بـە مەیلـی شـۆڤێنی و نەتـەوە پەرسـتی دەناسرێنـەوە.

لێژنەكـە تێبینـی گەشەسـەندنی هۆشـیاریی نەتەوەیـی لـە نێـو كوردانـدا دەكات كـە بـە ئاشـكرا نیشـتمانپەروەری كـورد دەسـەلمێنێت. پەیوەندییەكانـی نێـوان كـورد و عـەرەب نادیـارن. هەروەهـا جەخت لەسـەر گرنگـی دەسـتەبەركردنی مافەكانی ئاشـوور-كلدانیەكان دەكاتـەوە. سـەبارەت بـە مشـتومڕی نـەژادی، ئـەم لێژنەیـە دەگاتـە ئـەو ئەنجامـەی گرنگـە زۆرینـەی كـورد لـە ناوچەكـەدا لەبەرچـاو بگیرێـت:

"لێژنەكـە دەگاتـە ئـەو ئەنجامـەی، ئەگـەر پشـت بـە بنەمـای مشـتومڕی نـەژادی و نەتەوەیـی ببەسـتین، ئەمـە ڕەوایەتـی و پاسـاوی دامەزراندنـی دەوڵەتێكـی كوردی سـەربەخۆ بـە دەسـتەوە دەدات، بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی كـورد پێنـج لەسـەر هەشـتی دانیشـتوان پێكدەهێنـن. ئەگـەر ئێزدییەكانیـش لەخـۆ بگرین كـە كوردی ئایینی زەردەشـتین، جگـە لەوانـەش توركەكانیـش كـە بـە ئاسـانی لەلایـەن كوردەكانـەوە تێكەڵ دەكرێـن و قبوڵ دەكرێـن، ئـەوا كـورد حەوت لەسـەر هەشـتی دانیشـتوانی ویلایەتی مووسـڵ پێكدەهێنێت".

بـۆ زامنكردنـی مانـەوەی ئابـووری عێـراق، لێژنەكـە پێشـنیاری لكاندنـی ویلایەتەكـە بـەم دەوڵەتـەوە دەكات، بەپێـی ئـەو هێڵـەی كـە لـە برۆكسـل لەسـەری ڕێككەوتـوون، بـە مەرجێـک هەندێـک مـەرج جێبەجـێ بكرێـت:

١. "وڵاتەكـە بۆ ماوەی بیسـت و پێنج سـاڵ لە ژێـر چاودێری و دەسـەڵاتی كۆمەڵەی گەلاندا بمێنێتـەوە. ئەمـەش بـەو مانایەیـە كـە ناوچەكـە بـۆ دەسـتەبەركردنی گواسـتنەوەیەكی ئاشـتیانە و سـەقامگیر لەلایـەن كۆمەڵـەی گەلانـەوە سەرپەرشـتی دەكرێت.

٢. زۆر گرنگە خواستی کورد لەبەرچاو بگیرێت، کە داوای دامەزراندنی فەرمانبەرانی میری کورد بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکەیان و سەرپەرشتیکردنی دادپەروەری و وانەوتنەوە لە قوتابخانەکاندا دەکەن. جگە لەوەش دەیانەوێت لە هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەدا زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی بناسرێت. ئەمەش ئامانجی گەرەنتیکردنی سەربەخۆیی خۆیان و پاراستنی کەلتور و ناسنامەکەیان دەبێت"[١].

لێژنەکە پێشبینی ئەوە دەکات ئەگەر عێراق نەتوانێت مافەکانی کورد دەستەبەر بکات، ئەوا دەکرێ ویلایەتەکە بخرێتە پاڵ تورکیا. ڕاپۆرتەکە لە کۆتاییدا جەخت لەوە دەکاتەوە، ئەگەر عێراق مەرجی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی و مافە کەلتورییەکانی کورد جێبەجێ نەکات، ئەوا دەبێت ئەم بژاردەیە لەبەرچاو بگیرێت:

"ئەگەر لە کۆتایی پەیماننامەی چوار ساڵەی نێوان بەریتانیا و عێراقدا کۆنترۆڵ و چاودێری کۆمەڵەی گەلان کۆتایی پێبێت و کورد گەرەنتی ئیدارەی ناوخۆیی وەرنەگرێت، ئەمە دەکرێ کێشەی سیاسی جددی و گەورەی لێبکەوێتەوە. لەم حاڵەتەدا باشترە ناوچە جێناکۆکەکان لە ژێر سەروەری تورکیادا بمێنێتەوە کە بارودۆخێکی سیاسی ناوخۆ و دەرەوەی سەقامگیرترە بە بەراورد بە عێراق. ئەنجام و بڕیارەکە هەرچییەک بێت، گرنگە ناوچەی دیالە بۆ عێراق جێبهێڵرێت کە بۆ پرسی ئاودێری پێویستە"[٢].

بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵۆزیی ڕاپۆرتەکە و بەردەوامیی ناکۆکیەکانی نێوان هەردوو لایەن، ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا لیژنەیەک پێکبهێنێت کە لە نوێنەرانی ئیسپانیا و سوید و ئۆرۆگوای پێک هاتبێت، "ئەرکی لێژنەکە لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتەکە و ئەنجامدانی هەر لێکۆڵینەوەیەک بوو کە بە گونجاوی زانی بە هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی دادپەروەرانە و ئاشتیانە بۆ

(١) هەروەها سەیری پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوە بکە بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان، کۆبوونەوەی ٣ی ئەیلوولی ١٩٢٥، لەلایەن بەڕێز ئوندێن، ڕاپۆرتنووس لە "SDN"، گۆڤاری فەرمی، شوباتی ١٩٢٦ لاپەڕە ١٨٩.

(٢) هەروەها سەیری پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوە بکە بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان، کۆبوونەوەی ٣ی ئەیلوولی ١٩٢٥، لەلایەن بەڕێز ئوندێن، ڕاپۆرتنووس لە "SDN"، گۆڤاری فەرمی، شوباتی ١٩٢٦ لاپەڕە ١٨٩.

ناکۆکییەکـە"[١]. لـە میانـی گفتوگۆکانـی نێـوان لیژنەکـە و نوێنەرانـی هـەردوو حکومەتـی پەیوەندیـداردا، سـەبارەت بـە سروشـتی ئـەو بڕیـارەی ئەنجومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان ناکۆکـی سـەریهەڵدا کـە بڕیـار بـوو بەپێـی مـادەی ٣ ی بەشـی ٢ی پەیمانـی لـۆزان بیـدات. پرسـیارەکە ئـەوە بـوو؛ ئایـا ئـەم بڕیـارە دەبێتـە بڕیارێکـی ناوبژیکـەری، ڕاسـپاردەیەکی سـادە بـێ پابەندکردنـی لایەنـەکان، یـان جۆرێـک لـە نێوەندگیـری؟. بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەم پرسـە یاسـاییە، ئەنجومـەن ڕاوێـژی بـە دادگای هەمیشـەیی نێودەوڵەتـی کـرد، ئەویـش دووپاتـی کـردەوە بڕیارەکـەی ئەنجومـەن "کۆتایـی و بـۆ هـەردوو لایـەن پابەندکـەر دەبێـت"[٢]. لەلایەکـی دیکـەوە، کۆمەڵـەی گـەلان بـە سـەرۆکایەتی ژەنـەڕاڵ لایدۆنـەر لێژنەیەکـی نوێـی ڕەوانـەی ویلایەتـی مووسـڵ کـرد، بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە ڕووداوەکانـی سـنوورەکە. نوێنەرانـی تورکیـا کـە درکیـان بـەوە کـرد زۆرینـەی نـاو ئەنجومـەن دەتوانـن پشـتگیری هەڵوێسـتی بەریتانیـا بکـەن، ناڕەزایـی خۆیـان لـەم دۆخـە نەشـاردەوە.

گفتوگـۆ لەبـارەی ڕاپۆرتـی لێژنـەی لێکۆڵینـەوە کـە لـە تێلیکـی، ویرسـن و پاولیـس پێکهاتبـوو لـە سـی و پێنجەمیـن خولـی ئەنجومەنـدا لـە دانیشـتنەکانی سـێیەم بـۆ نۆیەمـی مانگـی ئەیلوولـی ١٩٢٥ لـە جنێـڤ بەڕێوەچـوو. لەگفتوگۆکانـی نێـوان بەڕێـز تۆفیـق ڕوشـدی ئـاراس سـەرۆکی شـاندی تورکیـا و وەزیـری دەرەوە و بەڕێـز ئەمێـری سـەرۆکی شـاندی بەریتانیـا گـرژی و تەنانـەت هەڵچوونیشـی تێدابـوو، هـەردوولا لەسـەر پێگـە و هەڵوێسـتی خۆیـان سـوربوون[٣]. بـۆ تێگەیـشتن لـەو تۆمەتانـەی لـە نێـوان هـەردوو شـاندەکە ئاڕاسـتەی یەکتریـان دەکـرد، گرنگـە لەبیرمـان بێـت، تـازە ڕاپەڕینێکـی گـەورە بـە سـەرۆکایەتی شـێخ سـەعیدی پیـران بـۆ ڕزگاری نەتەوەیـی لـە کوردسـتانی تورکیـا سـەریهەڵدابوو، هاوشـێوەی ڕاپەڕینەکـەی شـێخ مەحمـود لـە کوردسـتانی عێـراق. ئـەم سـەرهەڵدان و ڕاپەرینانـەی کوردسـتانی تورکیـا لەلایـەن هێزەکانـی تورکیـا و ئـەوەی کوردسـتانی باشـوور لەلایـەن بەریتانیـاوە سـەرکوت کـران. سـەبارەت بـە پێکهاتـەی نەتەوەیـی دانیشـتوانی ویلایەتـی مووسـڵ، بەڕێـز ئەمێـری هـێما بـۆ ئـەوە دەکات:

---

(١) بەڕێز ئوندێن، ڕاپۆرتنوس لە "SDN"، گۆڤاری فەرمی، شوباتی ١٩٢٦ لاپەڕە ١٨٩.

(٢) بەڕێز ئوندێن، ڕاپۆرتنوس لە "SDN"، گۆڤاری فەرمی، شوباتی ١٩٢٦ لاپەڕە ١٨٩.

(٣) بڕوانـە کۆنووسـی تایبـەت بـە باسـکردنی ئـەم ڕاپۆرتـە لـە کۆمەڵـەی گـەلان، گۆڤـاری فەرمـی، تشرینـی یەکەمـی ١٩٢٥، لاپـەڕە ١٣١٠-١٣٣٧.

"لێژنەکە بە پشتبەستن بە ئامارەکانی دوایین سەرژمێری عێراق کە زۆرترین متمانەیان پێدەکرێت، ئاماژەی بەوە کردووە دانیشتووانەکەی بە ڕیزبەندی لە زۆرەوە بۆ کەم: لە کورد، عەرەب، مەسیحی، تورک، ئێزیدی و جوولەکە پێکهاتووە . نزیکەی ٥٠٠ هەزار کوردی تێدایە کە زیاتر لە ٦٢٪ی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن، بەمەش زۆرینەیەکی بەهێز پێکدەهێنن. پاشان نزیکەی ١٧٠ هەزار عەرەب هەن، کە زیاتر لە ٢١٪ی دانیشتووانەکەیە و ژمارەیان لە هەموو پێکهاتەکانی تر، جگە لە کورد، زیاترە. لای خۆیەوە تورکەکان ژمارەیان تەنیا ٣٨ هەزار و ٥٠٠ کەسە و کەمتر لە ٥٪ی کۆی گشتی پێکدەهێنن".(کۆمەڵەی گەلان گۆڤاری فەرمی، ئۆکتۆبەری ١٩٢٥، لاپەڕە ١٣٣٠).

نوێنەری بەریتانیا جەخت لەوە دەکاتەوە هەنوکە حکومەتەکەی سەبارەت بە پێدانی ئۆتۆنۆمی کارگێڕی بە کورد، پەیڕەوی ڕاسپاردەکانی لێژنەی لێکۆڵینەوە دەکات:

"ئەو نوێنەرە بەریتانییە ڕوونی دەکاتەوە، بەپێی دەرەنجامی لێکۆڵەرەکان، ڕەچاوکردنی خواستی کورد زۆر گرنگە. کورد داوا دەکەن فەرمانبەرانی حکومی کورد بۆ بەڕێوەبردنی کارگێڕی و دادپەروەری و پەروەردەی خۆیان دەستنیشان بکرێن و زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لەو خزمەتگوزاریانەدا بەکاربهێنرێت. دڵنیایی دەدات کە حکومەتی بەریتانیا بەم ڕاسپاردانە ڕازییە و سیستەمی ئێستا کە تا ڕادەیەکی زۆر چاوەڕوانییەکانی لێژنەکە جێبەجێ دەکەن، دەپارێزرێت و بەهێز دەکرێت".(کۆمەڵەی گەلان گۆڤاری فەرمی، تشرینی یەکەم ١٩٢٥، لاپەڕە ١٣١٤).

پاشان باس لە لایەنە ئابووری و ستراتیژییەکان دەکات:

"من ناچارم بە هاوکارەکانم ڕابگەیەنم هەر سنوورێک عێراق لە دەوڵەمەندترین زەوی کشتوکاڵی و داهاتی بەرچاو بێبەش بکات، کێشەی بۆ دروست دەبێت. بارودۆخێکی لەم شێوەیە لە ڕووی دارایی و سەربازییەوە عێراق لاواز دەکات و بەشێوەیەك نەتوانێت بەرگری لە سنوورێک بکات کە پاراستنی ئەو سنوورە لە پێشتریش سەخت بووە. من جەخت لەوە دەکەمەوە، ئەمە بۆ وڵات ئەرکێکی زۆر قورسە و چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت حکومەتی بەریتانیا یان باجدەرانی ڕازی بن ئەم بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆ بگرن".( کۆمەڵەی گەلان گۆڤاری فەرمی، تشرینی یەکەم ١٩٢٥، لاپەڕە ١٣١٤).

هەروەها شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ ی کوردستانی تورکیا بەم شێوەیە باس دەکات:

"ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆی بکات، ئایا ڕاپەڕینی ئەم دواییەی کورد لەژێر هەژموونی تورکیا بەو مانایەیە کە ئەوانەی ئێستا لەژێر ئەم سەروەریەدا نین، ئارەزووی چوونە ژێر دەسەڵاتی تورکیا دەکەن؟ بە واتایەکی دیکە ئەوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئایا لە ڕاستیدا ئەم کوردانە هاوسۆزییان لەگەڵ حکومەتی تورکیا هەیە، بەتایبەتی لە کاتێکدا کوردی باکوور هەوڵی دەربازبوون لە دەسەڵاتی تورکیا دەدەن".

بەڕێز ئەمێری پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە حکومەتی بەریتانیا ئۆتۆنۆمی کلتوری و "خۆبەڕێوەبەری" بە کوردەکان دەبەخشێت. پاشان پرسیاری ئەوە دەکات، ئایا لە ئەگەری گواستنەوەی ناوچە جێ ناکۆکەکان بۆ تورکیا، هەمان ماف بۆ کورد دەستەبەر دەکرێت، هەروەها ئایا حکومەتی تورکیا ئامادە دەبێت لەو بارەیەوە لەبەردەم ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان دڵنیایی فەرمی پێشکەش بکات، وەک ئەوەی حکومەتی بەریتانیا دەیکات؟

وەزیری دەرەوە و نوێنەری تورکیا بەم لێدوانەی خوارەوە وەڵامی بەڕێز ئەمێری دایەوە:

"دانیشتووانی تورکیا جگە لە هەندێک کەمایەتی کە مافەکانیان بە بڕگە تایبەتەکانی پەیمانی لۆزان دەستەبەر کراوە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە تورک و کورد پێکهاتووە. ئەم دوو گرووپە پێکەوە دەژین و پێکەوە وڵات بەڕێوە دەبەن".

"پرسیارمان لێدەکرێت دەربارەی ئەو ڕژێمەی کە بەڵێن دەدەین بەسەر کوردەکانی ویلایەتی مووسڵدا جێبەجێی بکەین. ئایا بەڕاستی پێویستە وەڵامی پرسیارێکی لەم شێوەیە بدەینەوە؟ هەموو کوردی تورکیا بەبێ هیچ کۆت و بەندێک هەمان مافی تورکەکانیان هەیە، ئەوان مافی ئەوەیان هەیە ببنە پەرلەمانتار، وەزیر، پارێزگار و هتد. لەگەڵ ڕێزمان بۆ یاسای وڵاتی فارس کە وڵاتێکی دۆست و دراوسێیە، حکومەتی کۆماری تورکیا لە هەموو دەوڵەتێکی تر زیاتر مافی نوێنەرایەتی پێکهاتە کوردییەکانی هەیە، کە زۆربەیان لە تورکیان و شانبەشانی گەلی تورک حوکمڕانی دەکەن".( کۆمەڵەی گەلان گۆڤاری فەرمی، تشرینی یەکەم ١٩٢٥، لاپەڕە ١٣٣٦).

سەبارەت بە ڕاپەڕینی کوردەکان لە پارێزگاکانی دیاربەکر و خارپێت، بەڕێز تۆفیق ڕوشدی ئاراس گومانی خۆی دەردەبڕیت لەوەی ئایا بەڕێز ئەمێری "بیروبۆچوونەکانی شێخ سەعید و لایەنگرانی پەسەند دەکات کە لە دادگادا ڕایانگەیاندووە دژی ڕژێمی سەروەریی گەل و ئازادیی ویژدان ڕاپەڕیوون". گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، قسەکانی بەڕێز ئاراس سەبارەت بەم یاخیبوونە کوردییە هیچ بنەمایەکی نییە، بەتایبەتی بەراورد بە تۆمەتی داواکاری گشتی تورکیا لە دادگاییکردنی سەرکردەکانی یاخیبوواندا کە تۆمەتبارکراون بە "دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ"[(١)]. لە درێژەی قسەکانیدا، بەڕێز ئاراس نیگەرانی پێوە دیارە سەبارەت بە ئەگەری ئەوەی باشووری کوردستان ببێتە حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی بەپێی بەڵێنەکانی بەریتانیا:

"سەرەڕای ئەوەش، من لە ئامانجی دابەشکردنی گروپێکی نەتەوەیی بە بیانووی پاراستنی تێناگەم. ئایا دەبێت بەشێکی بچووکی دانیشتوانی کورد لەژێر کۆنترۆڵدا بهێڵینەوە بۆ ئەوەی بۆ پرۆژە دژی ئەو وڵاتانە بەکاری بهێنن کە ئەو میللەتەی تێدا دەژی؟".( کۆمەڵەی گەلان گۆڤاری فەرمی، تشرینی یەکەم ١٩٢٥، لاپەڕە ١٣٣٦).

سەرۆکی شاندی تورکیا لە درێژەی قسەکانیدا گوتی "هەرچەندە بێ گوێدانە ئەم پرۆژانە، من دڵنیام کورد دەیەوێت ببێتە ئەکتەری سەرەکی لە پاراستنی ئەو یەکڕیزییە سیاسییەی کە هەمیشە تێیدا ژیاون و بە هەماهەنگی لەگەڵ گروپەکانی تردا حوکمیان کردووە."

---

(١) دەزانین، لە کاتی دادگاییکردنەکەدا کە دوای شکستی ڕاپەڕینەکە هات، شێخ سەعیدی پیران و پەنجا و دوو لە ئەفسەرەکانی، وەک ئەو لە سێدارە دران، پابەندبوونی خۆیان بە بزووتنەوەی سەربەخۆیی کورد دووپاتکردەوە. پەیامنێری تایبەتی ڕۆژنامەی ڤاکیتی تورکی بەڕێز ناچید حەکی بەشداریی دادگاییکردنەکەی کرد کە لەبەردەم دادگای تایبەتی سەربەخۆیی دیاربەکر بەڕێوەچوو. ڕۆژنامەکە لە چاپی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٢٥دا، تۆمەتی داواکاری گشتی تورکیای بڵاوکردەوە، کە تێیدا تۆمەتەکانی دژ بە یاخیبووان خستەڕوو. هۆکار و سەرچاوەکانی دوایین شۆڕش کە لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی هەمیشەیی تورکیادا سەریهەڵدا هاوشێوەی ئەو شۆڕشانەن کە بۆسنیا و هەرسکی هەژاند(...) و هەروەها ئەوانەی کە(...) وای لە ئەلبانییەکان کرد، لە جەنگی بالکان لە پشتەوە لە تورکەکان بدەن. ئەو ئامانجەی کە یاخیبوونی کوردەکانی لێکەوتەوە، هەمان ئەوانەن کە سوریا و فەلەستینیان تێکدابوو (...). هەندێکتان بە خۆپەرستی خۆتان ڕێنمایی کراون، هەندێکی تریش ئامۆژگاری خواستی سیاسی دەرەکییان کردووە، بەڵام هەمووتان لە یەک خاڵدا یەکگرتوون، ئەویش ویستی دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆیە.

"ئایـا پێویسـت دەكات بـە وردی بارودۆخـی سـلێمانی ڕوون بكەینـەوە كـە دوێنـێ بـاسمان كـرد؟ دەبێـت بڵێـم ئێسـتا داگیركردنـی عێـراق تەنیـا لەسـەر بنەمـای هێـزە".

لـە سـی و حەوتەمیـن دانیشـتنی خۆیـدا، لـە ١٦ی كانوونـی یەكەمـی ١٩٢٥، ئەنجومەنی كۆمەڵەی گەلان پرسـی مووسـڵی یەكلاكردەوە. بڕیاریدا بە پێی خواسـتی بەریتانیا، ویلایەتی مووسـڵ بـە عێراقەوە ببەسـتێتەوە، هـاوكات ئەو گەرەنتیانـەی لێژنەی لێكۆڵینەوە پێشـنیاری كردبـوو سـەبارەت بـە ئۆتۆنۆمی ئیـداری و كەلتـوری بۆ كورد، پەسـەند كرد:

"ئەنجومـەن، بـە لەبەرچاوگرتنـی مادەكانـی ٣ و ١٦ی پەیمانـی ئاشـتی كـە لـە ٢٤ی تەمـووزی ١٩٢٣ لـە لـۆزان واژۆ كـرا، بـە لەبەرچاوگرتنـی دەرەنجامەكانـی ڕاپۆرتـی لێژنـەی لێكۆڵینـەوە، پەسـەندكردنی ئـەو هـۆكار و پێشـنیارانەی لـە ڕاپۆرتـی لیژنـەی ئەنجومەنـدا پشـتگیری كـراون، بڕیاریـدا :

١. "سنووری نێوان توركیا و عێراق بەم شێوەیە دیاری دەكرێت: هێڵی پەیماننامەی برۆكسل.

٢. پێویسـتە حكومەتـی بەریتانیـا پێشـنیاری پەیماننامەیەكـی نـوێ لەگـەڵ عێـراق بـكات، ئـەم پەیماننامەیـە دڵنیایـی دەدات كـە بـۆ مـاوەی بیسـت و پێنج سـاڵ عێراق لە ژێـر سیسـتەمی فەرمانڕەوایـی بەریتانیـا دەبێـت كـە لـە ڕێككەوتنـی نێـوان بەریتانیـا و عێراقـدا هاتـووە. هەروەهـا پابەندبوونێكـی حكومەتـی بەریتانیا لەخـۆ دەگرێـت كـە لـە ٢٧ ئەیلوولـی ١٩٢٧ لەلایـەن ئەنجومەنـەوە پەسـەند كـراوە، بـە مەرجێـك عێـراق پێـش كۆتایـی هاتنـی ئـەم ماوەیـە ببێتـە ئەندامـی كۆمەڵـەی گـەلان، وەک لـە مـادەی ١ی پەیماننامەكـەدا هاتـووە(...).

٣. حكومەتـی بەریتانیـا بەرپرسـیارە ئەنجومـەن لـەو هەنگاوانـە ئـاگادار بكاتـەوە كـە دەیگرێتەبـەر بـۆ پێدانـی گەرەنتـی ئیـدارەی ناوخۆیـی بـە كـوردەكان، وەک ئـەوەی لـە ڕاپۆرتـی لێژنـەی لێكۆڵینـەوەدا ئامـاژەی پێكـراوە و پێشـنیاری كـراوە.

٤. داوا لـە حكومەتـی بەریتانیـا دەكرێـت وەک بەرپرسـیار، تـا دەتوانێـت لـە نزیكـەوە پەیـڕەوی ڕاسـپاردەكانی تـری لێژنـەی لێكۆڵینـەوە بـكات، بـۆ گەرەنتیكردنـی ئاشـتی و پاراسـتنی هەمـوو پێكهاتەكانـی دانیشـتوان"[١].

---

(١) "كۆمەڵەی گەلان، ڕۆژنامەی فەرمی، شوباتی ١٩٢٦، لاپەڕە ١٩١-١٩٢".

هەرچەنـدە، بـە پێچەوانـەی ئـەم بڕیـارە، لێژنـەی لێکۆڵینـەوە پێشـنیاری کردبـوو ویلایەتەکـە "بخرێتـە ژێـر دەسـەڵاتی کۆمەڵـەی گەلانـەوە"، نـەک دەسـەڵاتی بەریتانیـای گـەورە. ئەمـە گەرەنتییەکـی بەهێزتـری دەدا بـۆ ئـەو ئۆتۆنۆمییـەی کـە بەڵێـن بـە زۆرینـەی کـورد لـەو ناوچەیـە درابـوو. ئەگـەر ئـەم پێشـنیارە قبـوڵ بکرابـا، دەتوانـرا دەوڵەتێکـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ باشـووری کوردسـتان دابمەزرێنرێـت کـە لەلایـەن کوردەکانـەوە بەڕێـوە ببرێـت و زمانـی کـوردی تێیـدا زمانـی فەرمـی بێـت. ئـەم دەوڵەتـە بـە هـۆکاری ئابـووری و لەژێـر فشـاری بەریتانیـا لەگـەڵ عێـراق یەکخرایـەوە.

هێشـتا دەقـی لێژنـەی لێکۆڵینـەوە لـە مافەکانـی گەلـی کـورد زۆر گرنگـە کـە لەلایـەن ئەنجومەنـەوە پەسـەندکراوە. بەدڵنیاییـەوە، لەگـەڵ خواسـتی سـەربەخۆیی کـورد ناگونجێـت و پێچەوانـەی خواسـتی ئەوانـە، چونکـە خواسـتی ئـەوان ئەوەیـە باشـووری کوردسـتان نەخەنـە ژێـر دەسـەڵاتی بەغـدا یـان ئەنقـەرە. جگـە لـەوەش، بـە شـێوەیەکی بەرچـاو کـەمترە لـەو بەڵێنانـەی لـە بەیاننامـەی هاوبەشـی کانوونـی یەکەمـی ١٩٢٢دا دراون. سـەرەڕای ئـەوەش گرنگییەکـی زۆری هەیـە:

١. سـەرەتا لـە ناوەڕۆکەکەیـدا: لـە ڕاسـتیدا، پرسـی ئۆتۆنۆمییەکـی کارگێـڕی و کەلتورییـە کـە دەبێـت "لـە سـەر خاکـی خۆیـان" بـە کـورد بدرێـت، لـە نێـو سـنوورەکانی عێراقـدا.

٢. لـە شـێوەی خۆیـدا: بەهـای یاسـایەکی نێودەوڵەتـی هەیـە، کـە لەلایـەن کۆمەڵـەی گەلانـەوە گەرەنتـی کـراوە و هیـچ بڕگەیەکـی دەسـتووری و یاسـایی، عێراقـی بێـت یـان بەریتانـی، ناتوانێـت لێـی کـەم بکاتـەوە.

٣. لەڕووی یاساییەوە:

ج. باشـووری کوردسـتان تـا ١٦ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٢٥ نەبـووە عێراقـی. بەگوێـرەی بۆچوونـی دادگای هەمیشـەیی نێودەوڵەتـی، ئەمـە لـە ٢٤ ی تەمـووزی ١٩٢٣، واتـە ڕێکەوتـی واژۆکردنـی پەیماننامـەی لـۆزان ڕوویـداوە، چونکـە بڕیـاری ئەنجومەنەکـە تـا ئـەو ڕێکەوتـە کاریگەریـی پێشـووی هەیـە. بـەم شـێوەیە، جەختکردنـەوەی حکومەتەکانـی بەغـدا و لەنـدەن کـە لـە سـاڵی ١٩٢١ ویلایەتـی مووسـڵ بـووە بـە عێراقـی کـە ڕێکەوتـی دروسـتکردنی دەوڵەتـی عێراقـە، هیـچ بنەمایەکـی نییـە.

د. باشووری کوردستان یان ویلایەتی مووسڵ، تەنیا کاتێک دەبێتە عێراقی کە بە فەرمی ئۆتۆنۆمی کارگێڕی و کەلتوری کە لە دەقەکەدا هاتووە پێی ببەخشرێت. تا ئەوکاتەی ئەم مەرجە جێبەجێ نەکرێت، لکاندنی ئەم ناوچەیە بە عێراقەوە، لەڕووی یاساییەوە پوچەڵ دەبێتەوە و بەرەنگاری و ململانێی لێ دەکەوێتەوە.

**٤. بارودۆخی دوای ساڵی ١٩٢٥**

ئەوەی لە چارەسەری ناتەواوی کاروباری مووسڵدا کێشەدارە ئەوەیە کە ئۆتۆنۆمی کارگێڕی و کەلتوری بەڵێندراو بە کورد بە "ڕێوشوێنی کارگێڕی" جێبەجێ دەکرێت، کە لەلایەن نوێنەری دیپلۆماسی باڵای بەریتانیا و حکومەتی بەغداوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، هەرچەندە لەژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵەی گەلاندایە. بە بیروڕای ئەنجومەنەکە، دەسەڵاتی ٢٥ ساڵەی بەریتانیا مافی پێکهاتە غەیرە عەرەبەکان لەم دەوڵەتە نوێیەدا دەستەبەر دەکات.

سێ مانگ پێش بڕیاری ١٦ ی کانوونی یەکەم، حکومەتی بەریتانیا ئاماژەی ناڕوونی دەدا لەسەر چۆنییەتی بیرکردنەوەی سەبارەت بەم ئۆتۆنۆمییە. لە کۆبوونەوەی ٣ ئەیلوولی ١٩٢٥ی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بۆ کاروباری وڵاتە ژێردەستەکان ڕایگەیاند، تا ڕادەیەکی زۆر سیستەمی بەڕێوەبردنی عێراق " لەبەرچاو دەگرێت" ڕاسپاردەکانی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە بەرژەوەندیی کورددایە. ئەوەشی خستەڕوو: "بەرپرسانی کورد کە ژمارەیان جێگەی ڕەزامەندییە" بەشداری لە پۆستە خزمەتگوزاریەکانی حکومەت دەکەن و کورد لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانی کوردی ئاماژەی بەوەدا "لە ئێستاوە وەک زمانی فەرمی بۆ پەیوەندییە نووسراوەکان لەگەڵ فەرمانگەکانی حکومەت دانپێدانراوە".

بەم شێوەیە، هەر لە ئێستاوە هەوڵ دەدەن بەشداریی فەرمانبەران و نوێنەر و پەرلەمانتار و وەزیرەکانی کورد لە دامودەزگا جیاوازەکانی حکومەتی عێراق لەگەڵ بیرۆکەی ئیدارەیەکی تایبەت بە کورد لە ناوچەکانی کوردستان تێکەڵ بکەن.

ڕاستییەکە ئەوەیە یاسایەکی عێراقی کە لە ساڵی ١٩٢٠ لەلایەن نوێنەری باڵای دیپلۆماسی بەریتانیاوە ڕاگەیەندرا، بنەمای ئیدارەیەکی عێراقی دامەزراند بێ

ئـەوەی هیـچ شـتێکی تایبەتـی بـۆ ناوچـە کوردسـتانییەکان تێـدا بێـت. بەڕێـز پێرسـی کۆکـس لـە ڕاپۆرتەکەیـدا سـەبارەت بـە ئیـدارەی عێـراق، کـە مـاوەی تشرینـی یەکـەم ١٩٢٠ تـا ئـاداری ١٩٢٢ دەگرێتـەوە، نووسـیویەتی:

"پلانێـک بـۆ دابەشـکردنی عێـراق بـۆ ١٠ پارێـزگا و ٣٥ قـەزا و ٨٥ ناحییـە داڕێـژراوە، کـە دابەشـکردنە نزیکـە لـە دابەشـکاری و ڕێکخسـتنی کۆنـی تورکیـا. ئـەم پلانـە لـە ١٢ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٢٠ پەسـەند کـرا. مـن ڕەزامەنـدی خـۆم لەسـەر ئـەوە دەربڕیـوە، بـەڵام لەگـەڵ هەندێـک تێبینـی سـەبارەت بـە ناوچـە کوردییـەکان. ئەنجومەنەکـە بڕگەکانـی پەیمانـی سـیڤەری لەبیـر کردبـوو، بۆیـە وەک هەمـوو بەشـەکانی تـری عێـراق مامەڵـەی لەگـەڵ پرسـی کـورددا کـرد"[١].

لـە عێـراق، دوای بڕیـاری کۆمەڵـەی گـەلان، هێشـتا هەسـت بـە دڵخۆشـی دەکـرا. بەگوێـرەی ئـەم بڕیـارە، حکومەتـی بەریتانیـا لـە ١٣ ی کانوونـی دووەمـی ١٩٢٦ لـە بەغـدا پەیماننامەیەکـی نوێـی هاوپەیمانێتـی لەگـەڵ عێـراق واژۆ کـرد. ئـەم پەیماننامەیـە بەردەوامـی ڕژێمـی عێـراق و دەسـەڵاتی بەریتانیـای بەسـەر عێـراق بـۆ مـاوەی بیسـت و پێنـج سـاڵ دیـاری کـرد. لای خۆیـەوە لـە ٢١ ی کانوونـی دووەم سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق لـە وتارێکـدا بـۆ پەرلەمـان ڕایگەیانـد:

"بەڕێـزان، ئـەم وڵاتـە ناتوانـێ لـە سـەر پێـی خـۆی بمێنێتـەوە و پشـت بەخـۆی ببەسـتێت، ئەگـەر مافـی هەمـوو پێکهاتـە عێراقییـەکان مسـۆگەر نـەکات. دەبێـت دڵنیایـی بدەیـن کـە کـورد مافەکانـی خـۆی پیـادە بـکات، کاربەدەسـتەکانیان لەنێـو خۆیانـدا هەڵدەبژێردرێـن، دەبێـت زمانەکەیـان وەک زمانـی فەرمـی بناسرێـت و فێرکردنـی ڕۆڵەکانیـان لـە قوتابخانـەکان دەبێـت بـە زمانـی خۆیـان بێـت"[٢].

ڕۆژی دواتـر، بەیاننامەیەکـی سـەرۆکایەتی ئەنجومەنـی وەزیـران ئاراسـتەی سـەرجەم وەزیـرەکان کرابـوو، ئامـاژە بـە وتـاری سـەرۆک وەزیـران بـۆ ئەنجوومەنـی نوێنـەران کرابوو. ئـەم وتـارە ئـەو سیاسـەتە دەخاتـەڕوو کـە "حکومـەت دەیەوێـت لـە بەڕێوەبردنـی ناوچـە کوردییەکانـدا پەیـڕەوی بـکات"، لـە بەیاننامەکـەدا داوا لە هەموو وەزیرەکان کـراوە "دڵنیابن

---

(١) لوسیان ڕامبۆ، کورد و مافەکانی، لاپەڕە ٥٥.

(٢) م.فانی، نەتەوەی کورد و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، لاپەڕە ٢٥٨.

لەوەی ئەم سیاسەتە لە ناوچە پەیوەندیدارەکاندا جێبەجێ دەکرێت"[١]. لە ١٨ی شوباتی ١٩٢٦ فەرمانێکی تر بەناونیشانی "ناوچە کوردییەکان"، لەلایەن وەزیری ناوخۆوە بۆ پارێزگاری مووسڵ نێردراوە و داوای لێکردووە "ئەم سیاسەتە لەبەرچاو بگرێت وەک "دەستور" و ببێتە بنەمایەک بۆ هەموو ئەو کارانەی دەبێ ئەنجام بدرێن"[٢].

لە مانگی شوباتدا، سەرۆک وەزیران لە وتارێکی تردا لەبەردەم پەرلەمان دووپاتی کردەوە و وتی:

هەموومان دەزانین "حکومەت سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کورد و پێکهاتە غەیرە مووسڵمانەکان لە یاساکانیدا جێگیر کردووە، بۆیە بڕیاریدا گەلانی باکوور، بەتایبەتی کورد، مافی سروشتی خۆیان بەدەستبهێنن و بتوانن کاروباری خۆیان لە ناوچەکانی خۆیان بەڕێوەببەن. هەموومان لەسەر ئەمە هاوڕاین و ئەنجومەنی دەستووریش پێش ئەوەی بڕیاری کۆمەڵەی گەلانیش بدرێت، دانی بە ئیدارەی ئێستادا ناوە(...).

هەموومان هاوڕاین لەسەر ئەوەی حکومەتی تورکیا (عوسمانی) دابەش و لێک هەڵوەشایەوە، چونکە دانی بە مافی گەلانی تر نەدەنا و ڕێگری لە گەشەکردنیان دەکرد. ئەمە وانەیەکی گرنگە بۆ ئێمە و دەبێت لێیەوە فێربین. نابێت سیاسەتەکانی حکومەتی پێشووی (تورکیا) دووبارە بکەینەوە، ئێمە مافەکان بە کورد دەدەین"[٣].

لە وتارێکیدا کە بە ئامادەبوونی شا فەیسەڵی یەکەم پێشکەشی کرد، لە خوانێکدا بۆ ئاهەنگگێڕانی پەیماننامەی نوێی بەریتانیا و عێراق، نوێنەری دیپلۆماسی باڵای بەریتانیا باسی لە سیاسەتی نموونەیی دەوڵەتی نوێ کرد کە پێشتر وەک ئەندامێکی کۆمەڵەی گەلان پێشبینی کردبوو:

"حکومەتی عێراق ئامانجی ئەوەیە هەموو پێکهاتەکانی دانیشتوان بکاتە هاووڵاتییەکی باشی دەوڵەت. ئەم ئامانجە لە سەرووی هەموویانەوە بە هاندانە، نەک هەوڵدان بۆ لەناوبردنی هەستی تاکە کەسی ئایینی و نەژادییان کە شانازی پێوە دەکەن. وەك نەتەوە، کورد عەرەب نییە، هەروەک چۆن سکۆتلەندی ئینگلیز نییە.

---

(١) لوسیان ڕامبۆ، کورد و مافەکانی، لاپەڕە ٦٠-٦١.

(٢) لوسیان ڕامبۆ، کورد و مافەکانی، لاپەڕە ٦٠-٦١.

(٣) لوسیان ڕامبۆ، کورد و مافەکانی، لاپەڕە ٦٠-٦١.

ئێوە دەتوانن بیکەنە هاووڵاتییەکی باشی عێراق، نەک بە ناچارکردنی پەیڕەوکردنی لە زمان و دابونەریتی عەرەبی، بەڵکو بە پێدانی هەموو دەرفەتێک بۆ ئەوەی ببێتە کوردێکی باش. ئەمە ئەو سیاسەتەیە کە خاوەنشکۆ و حکومەتی خاوەنشکۆ پێشتر گرتوویانەتەبەر، جێبەجێکردنی بەردەوامی ئەم سیاسەتە ڕوونە و چەند هۆکارێکی تر یارمەتیدەر دەبێت بۆ قەناعەتی کۆمەڵەی گەلان کە دەوڵەتی عێراق شایستەی ئەوەیە ببێتە ئەندام لەو کۆمەڵەیە"[1]. شا فەیسەڵ لە وەڵامەکەیدا دەڵێت "یەکێک لە ئەرکە لەپێشینەکانی هەموو عێراقییەک ئەوەیە کە هانی براکەی بدات کە کوردی عێراقە، پەیوەست بێت بە نەتەوەکەی و لە ژێر ئاڵای عێراقدا کۆببێتەوە کە سیمبولی هاوبەشی وڵاتەکەیە لە پێناو خۆشگوزەرانی ماددی و فیکری هەمووان".

لە شوباتی ساڵی ١٩٢٩، بەڕێز عەمید گیلبێرت کلایتۆن بە حکومەتی بەغدای ڕاگەیاند، بەریتانیا ئامادەیە پشتگیری لە عێراق بۆ چوونە ناو کۆمەڵەی گەلان بکات، کاتێک پەیماننامەی ١٩٢٦ بە پەیمانێکی نوێ جێگەی بگیرێتەوە. دوای ئەوەی بەریتانیا ئیستغلالکردنی نەوتی کوردی لە کەرکووک مسۆگەر کرد، لە ڕاستیدا، هەوڵیدا بەرپرسیارێتییە دارایی و سەربازییەکانی لە عێراق سوک بکات، هاوکات کۆنترۆڵی بەهێزی بەسەر سیاسەتی ئەو وڵاتەدا هێشتەوە.

پەیماننامەی نوێی ئینگلیز و عێراق لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٠ واژۆ کرا کە کۆتایی بە دەسەڵات و داگیرکاری بەریتانیا دەهێنێت و سەربەخۆییەک بە عێراق دەبەخشێت کە لە بنەڕەتدا ڕوکەشە نەك ڕاستەقینە.

ئەوە ئەرێنییە کە وڵاتانی ژێردەستە سەربەخۆیی بەدەست دەهێنن، بەڵام چی بەسەر کوردەکان دێت کە لە دەوڵەتی نوێی سەربەخۆدا لەم سەربەخۆییە بێبەش کراوە؟ پێش کۆتایی هاتنی ئەرکەکەی، بەریتانیا لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە ڕاسپێردرابوو ئۆتۆنۆمییەکی دیاریکراو بۆ کوردەکان دەستەبەر بکات. لەگەڵ ئەوەشدا پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ی ئینگلیزی عێراقی، تەنانەت هەر باسی کوردی عێراق ناکات. دەستەواژەی "کوردستان" بەتەواوی قەدەغە دەکرێت و ئەم ناوچەیە لە زمانی فەرمیدا بە "باکووری عێراق" ناودەبرێت.

---

(١) م.فانی، نەتەوەی کورد و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، لاپەڕە ٢٥٨-٢٥٩.

کـورد بروسـکەی نارەزایـی بـۆ لەنـدەن و بەغـدا و جنێـڤ دەنێـرن کـە ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییەکانــی لێیــە، بــەڵام کــەس گرنگــی پێنــادات و گوێــی پێنــادات. لــە ٦ی ئەیلوولــی ١٩٣٠ ســوپای تــازە دامــەزراوی عێــراق کــە لەلایــەن ئەفســەرانی بەریتانیــا دروســتکرابوو، کەوتنــە ســەرکوتکردنی جەمــاوەری خۆپیشــاندەرانی کــورد لــە ســلێمانی. لــە ئەنجامــدا ٣٠ هاووڵاتــی کــورد کــە هەموویــان بــێ چــەک بــوون لەســەر شــەقامەکان کــوژران، دۆخەکــە بەخێرایــی بــەرەو خــراپتر دەڕۆیشــت. گەلــی کــورد بڕیــاری بایکۆتکردنــی هەڵبژاردنــی پەرلەمانــی دا کــە بەبۆنــەی ســەربەخۆیی تــازە بەدەســتهاتووەوە بەڕێوەچــوو، بــەڵام ســەرکردەکان لــە بەغــدا بایــەخ بــەم بابەتــە نــادەن، چونکــە ئــەوان دەزانــن چــۆن نوێنەرانــی خەڵــک بــۆ ئەنجوومەنــی نوێنــەران هەڵبژێــرن. شــێخ مەحمــود بەرزنجــی، ئــەو پیــرە پیــاوە پاڵەوانــەی گەلــی کــورد، بــۆ جــاری ســێیەم چەکــی هەڵگــرت و ڕاپەڕینێکــی ئاشــکرای لــە دژی بەغــدا دەســتپێکرد:

"ئەفســەرێکی بەریتانــی دەنووســێت؛ شــێخ مەحمــود داوای جۆرێــك ئۆتۆنۆمــی سنووورداری لــە ژێــر چاودێــری و پاراســتنی بەریتانیــا کــرد و دژی کاریگــەری ڕاســتەوخۆی حکومەتــی بەغــدا بــوو کــە عــەرەب بــوو"[(١)]. کاتێــک ســوپای عێــراق بــۆ کۆتاییهێنــان بــە یاخیبوونەکــە بــێ توانایــی خــۆی نیشــاندا، هێزەکانــی بەریتانیــا ناچــار بــوون جارێکــی تــر دەســتێوەردان بکــەن.

ئەفســەر مامفــۆرد بــەردەوام دەبێــت و دەڵێــت: "هیوامــان دەخواســت حکومەتــی عەرەبــی بتوانێــت دۆخەکــە چارەســەر بــکات، بەڵام هــەر زوو دەرکــەوت بــە لەبەرچاوگرتنی قووڵایــی هەســتی کوردایەتــی و بێتوانایــی ســوپای عــەرەب، ئەمــەی پــێ ناکــرێ.

هێــزی ئاسمانــی شــاهانە دەبووایــە زۆربــەی ئۆپەراســیۆنەکان بگرێتــە ئەســتۆ. بۆردومانکردنــی گونــدە کوردنشــینەکان بووەتــە حەتمــی(...). ســەرەڕای ئــەوەش، شــێخ مەحمــود تــا دوای هەشــت مانــگ خــۆی بەدەســتەوە نــەدا.

شــاری ســلێمانی، لــە دوای هاتنــی ئینگلیــزەوە دوو جــار لەلایــەن ئینگلیزەکانــەوە

(١) فیلیــپ مامفــۆرد، نەقیــب لــە دەزگای هەواڵگــری بەریتانیــا لــە عێــراق، لــە وتارێکیــدا کــە پێشــکەش بــە کۆمەڵــەی شــاهانەی ئاســیای ناوەڕاســت کــراوە، بەرگــی XX، کانونــی دووەمــی ١٩٣٣ لەنــدەن، کــە لــە "یاداشــتنامەی بارودۆخــی کــورد و داواکارییەکانــی" دا ئامــاژەی پێکــراوە، لاپــەڕە ٢٥.

بۆردومـان کـراوە و سـووتێنراوە. هەرجـارەو خەڵکـە چالاکەکـەی توانیویانـە بـێ هیـچ پشـتیوانییەکی بەغـدا دووبـارە بونیـادی بنێنـەوە.

بێگومـان شۆڕشـگێڕان یاداشـتێکی نارەزایەتییـان ئاراسـتەی کۆمەڵـەی گـەلان کـرد، داوای ئۆتۆنۆمییـان بـۆ کوردسـتان لـە چوارچێـوەی عێراقـدا کـرد، بەپێـی ئـەو بەڵێنانـەی درابـوون، بـەڵام بەهـۆی دەسـتێوەردانی نوێنـەری بەریتانیـا، ئـەم داواکارییـە "ڕەتکرایـەوە".

شـەپۆلی شـۆڤێنیزم باڵـی بەسـەر خـاوەن زەوییـە گەورەکانـی دەرەبەگایەتـی و حکومـی دا گـرت کـە لـە بەغـدا دەسـەڵاتداربوون. ئەمـەش وای لـە حکومەتـی لەنـدەن کـرد، لـە ٣ی شـوباتی ١٩٣١ لـە یاداشـتێکدا بـە واژۆی بەڕێـز کیناهـان کۆرنوالیـس، سیاسـەتمەدار و دیپلۆماتـکاری بەریتانـی، ڕاسـپاردە میانڕەوەکانـی پێشـکەش بـە جەمیـل ئەلمەدفەعـی سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق بـکات.

" ئێـوە دەزانـن داواکارییەکانـی کـورد بـۆ ئۆتۆنۆمـی نەتەوەیـی لەسـەر ئامـۆژگاری و بـە پشـتیوانی حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانـی لەلایـەن کۆمەڵـەی گەلانـەوە ڕەتکرایـەوە. بڕیارەکـەی کۆمەڵـە، ئەگـەر بـە دروسـتی تێبگـەم، بـەم زووانـە دەگەیەنرێتـە داواکاران و حکومەتـی عێـراق. پێشـنیار دەکـەم ڕاگەیاندنـی عێـراق هیـچ لێدوانێـک لەسـەر بڕیارەکانـی کۆمەڵـەی گـەلان نـەدات، لـە ترسـی ئـەوەی هەسـتی کـوردەکان بوروژێنـێ. هەروەهـا دەبێـت بیـروڕای خـۆم سـەبارەت بـە هێورکردنـەوەی کـورد دووپـات بکەمـەوە. ئەگـەر زووتـر لەبەرچـاو بگیرایـە، دەتوانـرا کارەسـاتەکانی ئێسـتا دووربخرێنـەوە (...). بەکارهێنانـی زمانـی خۆجێیـی لـە بـواری یاسـادانان لـە ناوچـە کوردییەکانـدا لەلایـەن لیژنـەی نێـو پەرلەمانـەوە ڕەتکراوەتـەوە، بـێ ئـەوەی ئـەو چاکسـازییانەی کـورد داوای دەکات جێبەجـێ بکرێـت. ئـەوان لـەو بارەیـەوە زۆر ناڕازیـن. پێویسـتە پشـکنەری پـەروەردە دابنرێـت. پێویسـتە ژمـارەی پشـکنەرانی پۆلیسـی کـورد زیـاد بکرێـت، هەروەهـا ژمـارەی پشـکنەرانی ئەفسـەرانی پلەداریـش زیـاد بکرێـت. دەبێـت بەشـێکی کـوردی لـە وەزارەتـی ناوخـۆ دروسـت بکرێـت"[١].

(١) لوسیان ڕامبۆ، کورد و مافەکانی، لاپەڕە ٦٣.

بـەم شـێوەیە هـەر کـە عێـراق سـەربەخۆیی بەدەسـتهێنا، پەرلەمانەکـەی ئامـادە نەبـوو زمانـی کـوردی وەک زمانێکـی فەرمـی لـە ناوچـە کوردنشـینەکاندا بناسـێنێت. لـە هەمـان کاتـدا حکومەتـی بەریتانیـا فشـاری خسـتە سـەر کۆمەڵـەی گـەلان تـا سـکاڵاکانی ئـەو گەلە ڕەت بکاتـەوە. لەژێـر هەمـان ئـەو فشـارەدا، کۆمەڵـەی گەلان لـە سـاڵی ١٩٣٢ عێراقی وەک ئەندامێکـی تـەواو دان پێـدا نـاوە، پـاش ئـەوەی سـکاڵانامەیەکی گەلـی کـوردی ڕەتکـردەوە کـە داوای دامەزراندنـی حکومەتێکـی کـوردی سـەربەخۆی لـە چوارچێوەی عێراقـدا کردبوو.

لـە کاتـی گفتوگـۆکان لەبـارەی چوونـی عێـراق بـۆ نـاو کۆمەڵـەی گـەلان، بەڕێـز فۆتیـچ، بڕیـاردەری ئەنجومەنـی کۆمەڵەکـە، بـاس لـە ڕەتکردنـەوەی ئـەو ماندێتـە دەکات کـە لەلایـەن "کەمینەیـەک لـە عێـراق" پێشـکەش کرابـوو:

"لێژنـەی ئەنجومەنەکـە ئامـاژەی بـەوەدا، پابەنـد بـووە بـە بڕیارنامـەی ٢٢ ی کانوونـی دووەمـی ١٩٣١ی ئەنجومـەن کـە ڕاپۆرتـی لێژنـەی ماندێتەکانـی پەسـەند کـرد. ئـەم ڕاپۆرتە داوایەکـی کەمینەیەکـی عێراقـی ڕەتکـردەوە کـە داوای دامەزراندنـی حکومەتێکـی تایبـەت بـەو کەمینەیـە دەکات"[(١)].

لیژنـەی ئەنجومـەن ناچـارە بـاس لـە ڕاسـتییەکان نـەکات کـە تایبەتـن بـە گەلێکـی ستەملێکراو، کـە ئێسـتا پاراسـتنیان دەکەوێتـە دەسـت کۆمەڵـەی گـەلان، بۆیـە خـۆی بـە داڕشـتنی بەیاننامەیەکـی نـاڕوون خەریـك کـرد، مەبەسـت لێـی حکومەتـی عێـراق بـوو:

بەڕێــز فۆتیــچ ڕوونــی دەکاتــەوە: "بەهــۆی ئــەم هۆکارانــەوە، لیژنەکــە خــۆی بــە دامەزراندنـی بڕگەکانـی گەرەنتیکردنـی مافەکانـی کەمینـەکان سـەرقاڵ کـرد ، ئیلهامیـان لـە بەیاننامەیەکـی پێـشتر وەرگـرت کـە هەبـوو".

ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە، هـەر هەمـان بڕیـاردەری ئەنجومـەن هێما بـۆ ئـەوە دەکات، دەبێـت بـۆ کۆتاییهێنـان بە ئینتیدابـی بەریتانیا بەسـەر عێراقدا، دوو مـەرج جێبەجێ بکرێن:

أ. قبووڵکردنی عێراق بەپێی دەستووری خۆی بۆ بەیاننامەی پلان بۆ داڕێژراو.

ب. وەرگرتن و قبوڵکردنی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان.

---

(١) کۆمەڵەی گەلان، ڕۆژنامەی فەرمی، تەمووزی ١٩٣٢، لاپەڕە ١٢١٢-١٢١٦.

بە جێبەجێکردنی ئەم دوو مەرجە، هەموو بەرپرسیارێتیەکانی دەسەڵاتی ماندێتی پێشوو بۆ کۆمەڵەی گەلان دەگوازرێتەوە، بەڵام "بەیاننامەی پلان بۆ داڕێژراو" تەنیا ئامرازێکە بۆ ئارامکردنەوەی ویژدانەکان.

بەڕێز پاول بۆنکۆر، نوێنەری فەرەنسا، ویژدانی ئاسودە نەبوو. ئەو لە ئەنجومەن جەخت لەوە دەکاتەوە؛ ئەو بەیاننامەیەی ئاراستەی حکومەتی عێراق کراوە، باسی هیچ ئۆتۆنۆمییەکی بۆ کورد تێدا نەکراوە، پاشان ناچار بوو بە ڕوونکردنەوەکانی بەڕێز فۆتیچ ڕازی بێت و ڕایگەیاند:

"بەڕێز پاوڵ بۆنکۆر، نوێنەری فەرەنسا، نارەزایی خۆی دەربڕی کە لیژنەی ئەنجومەن نەیتوانیوە قسە لەسەر پرسی ئۆتۆنۆمی هەندێک کەمینە لە عێراق بکات. ئەم بابەتە لە سەرنجی لیژنەکە دەرنەچووە. ئەنجومەنەکە ئاماژەی بەوەدا ئەرکەکەی بە بڕیاری ٢٨ ی کانوونی دووەمی ١٩٣٢ دیاری کراوە، کە دەڵێت، بە پەسەندکردنی ڕاپۆرتی لێژنەی ماندێتەکان، گرنگە پاراستنی کاریگەری کەمایەتییە نەژادی، زمانی و ئایینییەکان دەستەبەر بکرێت. لیژنەکە خۆی بۆ ئەم ئەرکە تەرخان کردووە"[(١)].

لە هەمان کاتدا حکومەتی بەریتانیا فشار دەخاتە سەر ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بۆ ڕەتکردنەوەی ئۆتۆنۆمی کورد لەگەڵ هاتنە ناوەوەی عێراق بۆ ناو کۆمەڵەکە، ئەمەش پێچەوانەی پابەندییە نێودەوڵەتییە ڕەسمیەکانە کە هێشتا جێبەجێ نەکراون، فڕۆکەوانی سەربازی بەریتانیا لە عێراق ئامادەکاری دەکات بۆ فڕێدانی بۆمبی سووتێنەر و کاولکەر بەسەر دەڤەری بارزان، کە لە ساڵی ١٩٣٢ لە دژی حکومەتی بەغدا بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی شۆڕشی بەرپاکرد.

ڕای گشتی بەریتانیا نیگەرانە و ڕۆژنامەی تایمز ئاماژە بەوە دەکات "بەپێی مەرجەکانی پەیماننامەی بەریتانی-عێراقی ڕۆڵی هێزی ئاسمانی بەریتانیا خۆی لە بەرگریکردن لە سنوورەکانی عێراق و پەیوەندییە ئاسمانییەکانی بەریتانیا لە دژی دەستدرێژی دەرەکی دەبینێتەوە"[(٢)]. بەرپرسی پێشووی دیپلۆماتی باڵای بەریتانیا لە عێراق، بەڕێز هێنری کۆنوای دۆبس، لە ٨ ی ئایاری ١٩٣١ لە یاداشتێکدا نیگەرانی

(١) کۆمەڵەی گەلان، ڕۆژنامەی فەرمی، تەمووزی ١٩٣٢، لاپەڕە ١٢١٥.

(٢) ڕۆژنامەی تایمز، ٢٣ی ئەیلولی ١٩٣٢، لەندەن.

خۆی دەربڕی و ترسی لەوە هەبوو "هێزەکانی بەریتانیا ببنە ئامرازی ستەمکاریی لە خزمەتی حکومەتێکی ڕۆژهەڵات کە هاندەرێک بێت بۆ ئەو حکومەتە ڕۆژهەڵاتییە بۆ سەرکوتکردنی خەڵکەکەی خۆی. بە وتەی ئەو ئەمە بەتایبەتی بۆ کورد قورس دەبێت، کە وەک چارەسەرێک لە دژی ئەم چەوساندنەوەیە، لە هیوای ڕاپەڕینێکی سەرکەوتوو بێبەش دەبێت".

لە دوای خانەنشین بوونی، تەنانەت بەڕێز ئارنۆڵد ویڵسن، ئەندازیاری ڕاستەقینەی دەوڵەتی عێراق، نیگەرانی بارودۆخەکەیە و نووسیویەتی: "ڕەوتی ئێستای ڕووداوەکان هەموو ئەو دڵنیاییانە دەشێوێنێت کە بە لیژنەکە[١] دراوە. لەو کاتەی بەڕێز فرانسیس هەمفریس لە جنێڤ[٢] ئەو پرسیارەی خستەڕوو، ڕوون بوو کە حکومەتی عێراق دەیەوێت بەزەبری هێز دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەندێک ناوچەی کوردیدا بسەپێنێت، لە کاتێکدا بەریتانیا بە تەواوی ئامادەیە پشتگیری سوپای عێراق بکات"[٣].

سەبارەت بە شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان، بەڕێز ئارنۆڵد بەردەوام دەبێت و دەڵێت:"حکومەتی عێراقی بڕیاری دا ئەم شۆڕشە بۆ هەمیشە بێدەنگ بکات. کەشوهەوا زۆر سارد بوو، بۆیە ناوەڕاستی زستانی بۆ هێرشەکان هەڵبژارد، بەلای پیاوانی هۆزەکان سەخت بوو بۆ ماوەیەکی درێژ بەرگەی هێرشی ئاسمانی بگرن. سەرەتا سوپای عێراق دەستی بە ئۆپەراسیۆن کرد، بەڵام شکستی هێنا. لەلایەن هێزەکانی هێزی ئاسمانی شاهانەی بەریتانی ڕزگارکرا و گوندەکانی بارزان بۆردومان کران".

بەڕێز ئارنۆڵد لە کۆتاییدا دەڵێت: "لەو کاتەوە هیچ کێشەیەک لەگەڵ کورد نەبووە، بەڵام لە ژێر ڕواڵەتەکانەوە ناڕەزاییەکی قووڵ هەیە. کورد بێ بەزەییانە دوژمنایەتی ڕژێم دەکەن".

لەساڵی ١٩٣٤ شێخ ئەحمەد و بنەماڵەکەی بە مستەفا بارزانی برا بچووکیەوە پەنایان بردە بەر کوردستانی تورکیا، دواتر بە پێشنیازی بەغدا ڕازی بوون کە لە شارێکی عێراقی عەرەبیدا بەزۆر نیشتەجێی بکرێن. دواتر دەگوازرێنەوە شاری

(١) ئەمە لیژنەی ماندێتی کۆمەڵەی گەلانە.
(٢) بۆ هاتنی عێراق بۆ ناو کۆمەڵەی گەلان.
(٣) "قەیران لە عێراق" لە سەدەی نۆزدەهەمدا، تشرینی یەکەمی ١٩٣٣، لەندەن.

سلێمانی. لە ساڵی ١٩٤٣مستەفا بارزانی دەریچەیەکی دۆزییەوە و گەڕایەوە ناوچەی بارزان و سەرەتای ڕاپەڕینێکی بەرفراوان بوو. ئەم ڕاپەڕینە جیاواز لە ڕاپەڕینەکانی ١٩٣١-١٩٣٤، سیمایەکی نەتەوەیی وەرگرت کە دەستپێشخەرییەکانی شێخ مەحمود بەرزنجی لە دەڤەری سلێمانی وەبیرهێنایەوە. لە ڕاستیدا ئەم بزووتنەوەیە لە ئاستی سیاسیدا لەلایەن پارتی ناسیونالیستی کوردی "هیوا" پەسەند کرا. ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی گەنجی کورد بە مەبەستی بەشداریکردن لەو ڕاپەڕینە سوپای عێراقیان جێهێشت. ئەو داخوازیانەی ڕێبەری ڕاپەڕینەکان لە بەغدا پێشکەشی دەکات، چیتر تەنیا بە ناوچەی بارزان نابەسترێتەوە، بەڵکو پەیوەندی بەتەواوی کوردستانی عێراقەوە هەیە، داواکارییەکانی، خۆیان لە قبوڵکردنی زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی و خوێندن بە زمانی کوردی و جێگرتنەوەی فەرمانبەرانی مەدەنی عەرەب بە فەرمانبەرانی مەدەنی کورد لە دامودەزگاکانی کوردستان دەگرێتەوە.

لە ساڵی ١٩٤٣ تا ١٩٤٥، هێزە عێراقییەکان شکستیان هێنا و ڕاپەڕینەکە لە بەشێکی زۆری بادینان و ناوچەی ڕواندز و پارێزگای هەولێر بڵاوبووەوە. ئینگلیز لەم پێشڕەوییە نیگەران بوون و ترسیان لە ئاسایش و سەلامەتی دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکووک هەبوو، بیریان لەوە کردەوە بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەکە، لەڕووی سەربازییەوە پشتی بەغدا بگرن. ئەم دەستێوەردانە ئاڵۆزیی دۆخەکە ئاشکرا دەکات، کاتێک بەرژەوەندییە ستراتیژی و ئابوورییەکانی زلهێزە داگیرکەرەکان لەگەڵ خواستی نەتەوەیی کورد دژ دەبن.

لە ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، بیرۆکەکانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان گەڕایەوە ناوەندەکانی گفتوگۆ. ڕیچارد ویندهام، ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی لە ڕۆژنامەی بەریتانی لە بەشی "هەواڵەکانی جیهان"، لە ٢٦ی ئاب لە ئۆڕشەلیمەوە دەنووسێت و پرسیاری ئەوە دەکات؛ ئایا ڕاپەڕینی کورد دەستپێکی بزووتنەوەیەکی فراوانتر نییە بۆ سەربەخۆیی کوردستان؟ دەشڵێت، ئەمە دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ناوچەکە هەبێت. پاشان دەڵێت:

" ئەگەر بەریتانیا پشتگیری سەرکوتکردنی توندی یاخیبوون بکات، لەوانەیە کاردانەوەی جیهان بە دوای خۆیدا بێنێت، چونکە بەلای ڕای گشتی، کورد مافی

ئەوەیـان هەیـە داوای سـەربەخۆیی خۆیـان بکـەن وەک سـوریا و لوبنـان، کـە ئەوانیـش نەتــەوەی بچووکــن"[١].

لـە هاوینـی ١٩٤٥ بەغـدا تاڕادەیـەک هەمـوو سـەربازەکانی لـە کوردسـتان بڵاوە پێکـرد، واتـە نزیکـەی ٤٥ هـەزار سـەرباز، کـە فەرماندەیـی بـە ژەنـەڕاڵ ڕینتۆنـی بەریتانـی سـپارد. ئەمـە گونجـاوە، چونکـە ڕێنتـۆن لـە جەنگـی دووەمـی جیهانیـدا سـەرۆکی پێشـووی لیـوای "جورجـی بیابـان" بـوو لـە لیبیـا، ئێسـتا چیتر لـە لیسـتی چالاکانـی سـوپای بەریتانیـا نییـە: لـە بنەمـادا لـە ژێـر دەسـەڵاتی سـوپای عێراقدایـە، هەرچەنـدە سـەرۆکی نێردەی سـەربازی بەریتانیایـە لـە عێـراق[٢]. بارزانـی تەنیـا نزیکـەی سـێ هـەزار جەنـگاوەر و چەکـداری هەیـە. ڕێنتـۆن لـە ٧ی ئاب هێرشـی گشـتی دەسـتپێکرد: سـوپای عێراق تووشـی شکسـتێکی قـورس بـوو، بەتایبەتـی لـە شـەڕی دالێـت* کـورد، زاخـۆ و ئاکـرێ و ئامێـدی و زێبـار و مێرگەسـۆر و بلـێ و ڕواندزیـان گـرت و بـەرەو دەشـتی هەولێـر پێشـڕەوییان کـرد. لـەو کاتـەدا هێـزی ئاسمانـی بەریتانیـا تەنانـەت گونـدە ئارامەکانیشـیان بۆردومانکـرد. لـە ٢٠ی ئابـدا بارزانـی فەرمانـی پاشەکشـەی دەرکـرد. پاشـان سـەرکردایەتی هێزەکانـی دەکات، لەگـەڵ بنەماڵەکانیـان و بـە یـاوەری بـرا گەورەکـەی بـەرەو کوردسـتانی ئێـران دەڕوات. لەوێـدا، کـوردی ئێرانـی بینـی کـە کۆمـاری کوردسـتانیان لـە مەهابـاد لـە نێـوان ناوچـەی داگیرکـراوی سـۆڤیەت و بەریتانیـادا[٣] دامەزرانـد. بارزانـی خـۆی بـۆ خزمەتـی ئـەم کۆمـارە و سـەرۆکەکەی تەرخـان دەکات، قـازی محەمـەد نازنـاوی ژەنەڕاڵـی پێدەبەخشـێت. لـە کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٤٦ دوای هێرشـێکی سـوپای ئێـران کۆمـاری کوردسـتان ڕوخـا. سـەرۆکەکەی لـە سـێدارە دەدرێـت و کتێبـی قوتابخانـەکان بـە زمانـی کـوردی لەبـەردەم خەڵکـدا لـە شـوێنە گشـتییەکان دەسـوتێنرێت. بارزانییـەکان بـەرەو چیـاکان پاشەکشـە

(١) لوسیان ڕامبۆ، کورد و مافەکانی، لاپەڕە ٧٦.

(٢) "فەلەستین پۆست"، ئۆڕشەلیم، ٣١ی ئابی ١٩٤٥، کە لەلایەن لوسیان ڕامبۆ، کورد و مافەکانی، لە لاپەڕە ٧٧ ئاماژەی پێداوە .

*لە راستیدا لەوناوچەیە هیچ شوێنێک بەو ناوە نییە، ڕەنگە نووسەر مەبەستی شەڕی پیرس بێت کە سوپای عێراق لەسەر دەستی شۆڕشگێڕانی بارزان زۆر بە خراپی شکا.

(٣) سەبارەت بە کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد (١٩٤٥-١٩٤٦) بڕوانە، سەرچاوەکانی، بەرهەم یان وتارەکانی ئیگلتۆن، ڕۆزڤێلت، ڕۆندۆت، ڕامبۆت، عەرفا و شێنۆیی.

دەکەن، لە نێوان مەهاباد و سنووری عێراق. بەغدا پێشنیاز و بانگهێشتیان دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق بە بەڵێنی لێبوردنی گشتی. پاشان شێخ ئەحمەدی بارزان بڕیار دەدات بگەڕێتەوە عێراق لەگەڵ هەموو ئەو خێزان و بەساڵاچووانە و چوار ئەفسەری کورد کە سوپای عێراقیان جێهێشتبوو. پاشان لە ئۆردوگایەک(مەبەست لە ئوردوگای دیانایە) کۆکرانەوە، کە بە تەلی دڕکاوی دەورە دراوە، لە دەشتە گەرمەکانی عێراقی عەرەبیدا، زیندانی دەکرێن. ئەو چوار ئەفسەرە (مقەدەم عیزەت عەبدولعەزیز، ملازم مستەفا خۆشناو، خەیروڵلا عەبدولکەریم و نەقیب محەمەد مەحمود) لە سەرەتادا لە زیندانی سەربازیی بەغدا دەستبەسەر کران. هەرچەندە چەند کەسایەتییەکی دیاری کورد و سەرکردە و نوێنەر و وەزیر بۆ بەرژەوەندی ئەوان هەوڵیاندا، بەڵام لە ڕزگارکردنیان سەرکەوتوو نابن. بەرەبەیانی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ هەڵواسران، تەنانەت ئەو ئیمتیازەشیان نەبوو، وەک سەرباز تەقەیان لێبکرێت و گولەباران بکرێن. پێش لەسێدارەدانیان، وەسیەتنامەیەکی نووسراویان بەجێهێشت، داوایان لە هاونیشتیمانیان دەکرد، بە یەکگرتوویی، لە خەبات و شەڕی سەربەخۆیی کوردستان بەردەوام بن.

مستەفا بارزانی لەگەڵ زۆربەی پێشمەرگەکانی، لەوانەش موقەدەم میرحاج و عەزیز شەمزینی، بەرخۆدانی چەکدارییان هەڵبژارد. هێزەکانی ئێران بە پێی پلانی ژەنەڕاڵ ڕەزمئارا بە فەرماندەیی ژەنەڕاڵ هومایونی پێشڕەوی دەکەن. لە ١٣ی ئادار تا ١٩ی نیسانی ١٩٤٧ بارزانی سەرکردایەتی شەڕەکان لە هەریەکە لە گوندەکانی قاسملو، ئەنهێر-دجای، ئارنێ، سیلۆتا و ئۆرۆست کرد. فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێران دان بە خۆڕاگریی و بەهێزیی کورددا دەنێت و سڵاو لە ئازایەتیی کوردان دەکات، بەڵام بارزانی ناچارە جارێکی تر سنوور ببەزێنێتەوە، ڕووبەڕووی بارودۆخی بەفراوی چیا بەرزەکان دەبێتەوە، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بارزان. لەوێشەوە، دەست دەکات بە "ڕێپێوانێکی درێژ" کە داستانێکی مۆدێرن و پەنجا و سێ ڕۆژە تۆمار دەکات، کە سەرۆکایەتی زیاتر لە پێنج سەد پێشمەرگە، بە چەک و ئامادەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە عێراقی، تورکی یان ئێرانییەکان، چیاکانی کوردستانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت دەبڕێت. سنوورەکان دەبڕن، سەرەتا بە دۆڵە قووڵەکانی کوردستانی تورکیادا دەڕۆن، پاشان دەچنە ناو کوردستانی ئێران، پێش ئەوەی چەند جارێک لە نێوان ئەم دوو ناوچەیە هاتوچۆ بکەن. دوایین جەنگ لە دژی هێزە

ئێرانییـەکان دەکـەن، پێـش ئـەوەی لەگـەڵ جەنگاوەرەکانـی بـە نـاو ڕووبـاری ئـاراس بـە مەڵـە بپەڕنـەوە. ئـەم ڕووداوە بـە "پاشەکشـەی پێنـج سـەد"* نـاسراوە. پاشەکشـەیەکی زۆرەملـێ، چونکـە بارزانـی هیـچ بژاردەیەکـی تـری نەبـوو. کاتێـک گەیشـتنە یەکێتـی سـۆڤیەت، چـەک لـە جەناگوەرەکانـی داماڵـڕا، بـەڵام مافـی پەنابـەری سیاسـیان پێـدرا. مانگـی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٤٧، بزانیـن دواتـر چـی ڕوودەدات.

شۆڕشـی بـارزان لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٤٣ و ١٩٤٥ و ئەزموونـی کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد و لـە سـێدارەدانی سـەرۆک قـازی محەمـەد و لـە سـێدارەدانەکانی بەغـدا و داسـتانی بارزانـی و ئەفسـانەی "پاشەکشـەی پێنـج سـەد"[(١)]*، هەمـوو ئەمانـە لـە لایـەن شـاعیرانەوە کـراون بـە هۆنـراوە کـە کاریگەریـی قووڵـی لەسـەر هەسـتی نەتەوەیـی کـورد هەیـە. ئـەم ڕووداوانـە یەکڕیزیـی گەلـی کـورد بەهێزتـر دەکات، سـەرەڕای ئـەو سـنوورانەی خاکەکەیـان دابـەش دەکات، لەگـەڵ ئەوەشـدا بەغـدا هیـچ شـتێک نـاکات بـۆ سـاڕێژکردنی برینەکانـی ئـەم کوردسـتانە وێرانکـراوە و بەڵێنـە فەرمییەکانیـش بـەردەوام پشـتگوێ دەخرێـن، بۆیـە هیـچ دامـەزراوە و ئیدارەیەکـی تایبـەت لـە کوردسـتانی عێـراق دانەنـراوە. فەرمانبەرانـی حکومـی چ عـەرەب بـن یـان کـورد، بـێ جیـاوازی بـۆ هەمـوو پۆسـتەکان، چ لـە ناوچـە عەرەبیـەکان و چ لـە هەرێمـی کوردسـتان دادەنرێـن. وانەوتنـەوە بـە زمانـی کـوردی، تەنیـا لـە پارێـزگای سـلێمانی و لـە هەندێـک ناوچـەی هەولێـر، ئەویـش لەسـەر ئاسـتی قوتابخانـە بنەڕەتییـەکان ئەنجـام دەدرێـت. زمانـی کـوردی وەک زمانـی فەرمـی لـە دامـەزراوە حکومییـەکان لـە ناوچـە کوردنشـینەکاندا دانـی پێدانانرێـت.

جوتیـاری کـورد لەلایـەن دەوڵەتـەوە دەچەوسـێنرێتەوە، بەتایبەتـی بەهـۆی ئـەو نرخـە زۆر کەمانـەی دەسـەڵاتی عێـراق بـۆ کڕینـی تووتـن دەیسـەپێنێت، کـە بەرهەمـی سـەرەکی کشـتوکاڵی ئـەو هەرێمەیـە. سـەرەڕای ئـەوەش، بـە ڕێوشـوێنی یاسـایی چاندنـی توتـن سـنووردار دەکات. کوردسـتان تەنانـەت مافـی ئـەوەی نابێـت بەنـاوی خۆیشـی بناسرێـت، وەک ئـەوەی لـە کۆڵۆنیەکانـی دیکـەی جیهانـدا هەیـە. سـەبارەت بە مەسـیحییە ئاشـووری-کلدانییەکانـی کوردسـتان، بارودۆخیـان لـەوە سـەختتر دەبێـت، بـەو پێیـەی سـوپای عێـراق

(١)* جێـی باسـە لـە ئەدەبیاتـی کـورد بـە ڕێڕۆیشـتنە مێژوویەکـەی بارزانـی و هەڤاڵانـی، یـان بـە پەڕینـەوەی ئـاراس ناودێـرە.

بەشێکیان کۆمەڵکوژ دەکات و هەندێکی دیکەشیانی بەرەو ئێران و سوریا ڕاوەدوونـاوە.

لـە سیاسـەتی دەرەوەدا، عێـراق بـۆ بـاشتر شـەڕکردن لـە دژی بزووتنـەوەی کـوردی لەگـەڵ دراوسـێکانی هەماهەنگی دەکات. لـە ساڵی ١٩٣٠ دوای ئیمزاکردنـی هاوپەیمانـی لەگـەڵ بەریتانیـا، بەغـدا ڕێککەوتنێکـی هـاوکاری و هەماهەنگـی لەگـەڵ ئەنقـەرە واژۆ کـرد، ئەمـە لـە کاتێکـدا ڕوویـدا کـە سـوپای عێـراق و هێـزی شـاهانەی ئاسمانـی ئامـادەکاری بـۆ هێرشـکردنە سـەر بـارزان دەکـەن و شۆڕشـی ئـارارات بـە سـەرکردایەتی ڕێکخـراوی "خۆیبـون" بـە ڕێبەرایەتـی ژەنـەڕاڵ ئیحسـان نـوری پاشـا گەیشـتە لوتکـە.

لـە ٨ ی تەمـووزی ١٩٣٧ کاتێـک سـوپای تورکیـا خـۆی ئامـادە دەکـرد بـۆ هەڵمەتـی دژ بـە دێرسیم، پەیمانـی سـەعد ئابـاد لـە نێـوان تورکیـا و عێـراق و فارس(ئێرانـی ئەمـڕۆ) و ئەفغانسـتان واژۆ کـرا. مـادەی ٧ی ئـەم پەیماننامەیە بە ئاشـکرا دژی بزووتنـەوەی نەتەوەیی کـوردە و ئامانجـی یەکخسـتنی وڵاتانـی واژۆکار دژی خواسـتی کـورد بـوو بـۆ ئۆتۆنۆمـی:

"هـەر وڵاتێـک ڕێکەوتننامەکـەی واژۆ کـردووە، بەڵێـن دەدات هەنـگاو بنێـت بـۆ ڕێگریکـردن لـە دروسـتبوون یـان چالاکـی گـرووپ و ڕێکخـراوە چەکدارەکان کـە هەوڵـی ڕووخاندنـی حکومـەت دەدەن. هەروەهـا دەیانەوێـت سیسـتەم و ئاسایشـی ناوچەکانـی خۆیـان و وڵاتانـی دیکـەی واژۆکـەر بپارێـزن"[١].

دوای جەنگـی دووەمـی جیهانـی، چەنـد فاکتەرێـک کـە کاریگەرییـان لەسـەر بارودۆخـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت هەبـوو، لەوانـە ئەزموونـی ئازەربایجـان و کۆمـاری کوردسـتان لەمەهابـاد، سـەرهەڵدانی پارتـە دیموکراتییـە کوردییـەکان و دووپاتکردنـەوەی بزووتنـەوەی یەکڕیزیـی عەرەبـی، بەتایبەتـی لەگـەڵ هاتنـی نـاسر بـۆ مـیسر، بزووتنـەوەی کوردییـان بەهێزتـر کـرد، لـە هەمـان کاتـدا پارتـە ناسیونالیسـتە چەپـەکان و شـیوعیەکان کاریگەرییـان لـە ناوچەکـەدا پەیـدا کـرد. لـە بەرامبـەر ئەمەشـدا، حکومەتـە پارێـزگارەکان هەوڵیانـدا خۆیـان لەگـەڵ هێـزە ڕۆژئاواییەکانـی وەک بەریتانیـا و ئەمریـکا بگونجێنـن و بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی سـەران و پاراسـتنی سیسـتەمی سیاسـی وڵاتەکانیـان هاوپەیمانـی بکـەن.

---

(١) لوسیان ڕامبۆ، کورد و مافەکانی، لاپەڕە ١٢٢.

پەیمانـی بەغـدا کـە لـە ٢٥ی شـوباتی ١٩٥٥ واژۆ کـرا، عێـراق، تورکیـا، ئێـران و پاکسـتانی پێکـەوە یەکخسـت. ئامانجـی پێکهێنانـی بەرەیەکـی یەکگرتـووە لـە دژی هـەر دەسـتدرێژییەک، چ لـە دەرەوە بێـت یـان لـە نـاوەوە، یەکێـک لـەو وڵاتانـە بکاتـە ئامانـج. ئـەم پەیمانـە لەلایـەن ئەمریـکاوە پاڵپشـتی کـرا و بەریتانیـا لـە ٤ی نیسـانی هەمـان سـاڵدا بـە فەرمـی پەیوەنـدی پێـوە کـرد. ئامانجـی پاراسـتنی بەرژەوەنـدی ئـەو دەوڵەتانـە بـوو، بەتایبەتـی ئەوانـەی پەیـوەستن بـە بـواری نەوتـەوە، هەروەهـا ڕێگـری کـردن بـوو لـە هـەر کاریگەرییەکـی سـۆڤیەت، لـە هەمـان کاتـدا هەوڵـی بەرپەرچدانـەوە و پووچەڵکردنـەوەی بزووتنـەوەی یەکگرتـووی عەرەبـی و بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد بـوو.

یەکـەم و تاکـە بەکارهێنانـی سـەربازی پەیمانـی بەغـدا، وەک ڕۆژنامـەی لومۆنـدی فەڕەنسـی لـە ٢٩ شـوباتی ١٩٥٦ ئامـاژەی پێکـردووە، پەیوەنـدی بـە کوردەکانـی (جوانـڕۆ) وە هەبـوو. سـوپای ئێـران لـە ٤ ی شـوباتی ١٩٥٦ هێرشـی کـردە سـەر ناوچەکەیـان کـە دەکەوێتـە ١٠٠ کیلۆمەتـر لـە باکـووری ڕۆژئـاوای کرماشـان و نزیـک ڕێـگای کرماشـان-بەغـدا. هێزەکانـی سـوپای عێراقییـش لـەو دیـوی سـنوورەوە کۆکرابوونـەوە بـۆ ڕێگـە گرتـن لـە هەڵهاتنـی کوردەکانـی کوردسـتانی ئێـران یـان داواکردنـی هـاوکاری لـە کوردسـتانی عێـراق. فەڕەنسـا نەیدەویسـت بچێتـە نـاو پەیمانـی بەغـداوە و دژایەتـی دەکـرد. لـە وتارێکـدا لـە ١٦ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٥٦ کـە لـە ڕادیـۆی عێراقـی پەخـش کـرا، بەڕێـز نـوری سـەعید سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق هەوڵیـدا پاسـاو بـۆ ئـەم پەیمانـە بهێنێتـەوە. ڕوونیشـیکردەوە؛ پێویسـتە عێـراق "پەیوەندییـە تایبەتـەکان"ی لەگـەڵ تورکیـا و ئێـران بهێڵێتـەوە، "ئـەو وڵاتـە بـەردەوام لەلایـەن ڕوسـیای شـیوعیەوە هەڕەشـەی لێدەکرێـت. ڕوسـیا بڕیـاری داوە شـەڕی ناوخـۆ لـە عێـراق هەڵگیرسـێنێت، بـە وتـەی ئـەو ڕوسـیا بـە مەشـق پێکردنـی مسـتەفا بارزانـی و پیاوەکانـی لەسـەر تەکنیکـی سـەربازیی هاوچـەرخ لـە قەوقـاز نیـازی وایـە عێـراق تێکبـدا و لەنـاوی ببـا"[١].

ئـەم تۆمەتانـە بـێ بنەمـان. پیاوەکانـی مسـتەفا بارزانـی لـە مـاوەی دوازدە سـاڵی دەربەدەربوونیـان لـە یەکێتـی سـۆڤیەت، بـە پەرشـوبڵاوی لـە ناوچـە جیاجیاکانـی یەکێتـی

---

(١) وتارەکـە لـە نامیلکەیەکـی ٣٣ لاپەڕەیـی بەزمانـی عەرەبـی لەلایـەن بەڕێوەبەرایەتـی ڕادیـۆی عێراقـەوە بڵاوکراوەتـەوە.

سـۆڤیەتدا ژیـاون و ناچاربـوون کار بـۆ بژێـوی ژیانـی خۆیـان بکـەن. تەنانـەت هەندێکیـان هاوسـەرگیریان لەگـەڵ ژنانی سـۆڤیەت کـرد و هەندێکیشـیان توانیان خوێندنـی زانکۆ تەواو بکـەن، وەک موقـەدەم عەزیـز شـەمزینی لـە لینینگـراد. بارزانـی خـۆی لـە مێژبـوو لەلایـەن باکیـرۆڤ، بەرپرسـی سـەرەکی حـزب لە پارتی کۆمـاری سۆسیالیسـتی سـۆڤیەتی ئازەربایجان گومانـی لێدەکـرا و بـە بـێ متمانەیی مامەڵـەی لەگەڵ دەکـرا، هەروەها ناچار بـوو بۆ بژێوی ژیانـی کار بـکات. دوای دوورخسـتنەوەی باکیـرۆڤ بارودۆخـی باشتر بوو. پاشـان لە مۆسـکۆ کۆرسـی وەرگرتـووە و جارێـک یـان دووجـار لەلایەن سـتالینەوە پێشـوازی لێکـراوە.

لـە ١ی شـوباتی سـاڵی ١٩٥٨ میـسر و سـوریا یەکیـان گـرت بـۆ دروسـتکردنی کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبـی. دوای سـێ ڕۆژ، عێـراق و ئـوردن بڕیاریـان دا "فیدراسـیۆنی عەرەبـی" لـە نێـوان هـەردوو شانشـینی هاشـمی پێکبهێنـن. هـاوکات گروپـە دیموکراتییـە کـورد و عەرەبییـەکان لـە عێـراق پێکـەوە لـە دژی دەسـەڵاتی پاشایەتی هاشـمی و ڕژێمـی نـوری سـەعید و هەژموونـی ئینگلیـز دەجەنـگان. ئـەم جەنگـە دوای دروسـتبوونی پەیمانـی بەغـدا بەهێزتـر بـوو. هـەر کـە فیدراسـیۆنی عەرەبـی هاشـمی ڕاگەیەنـدرا، تەنانـەت گروپـە تەقلیدییـە کوردییەکانـیش دژایەتیـان کـرد، لـە کاردانەوەیەکـی نیشـتمانیدا لەگـەڵ شـیوعییەکان و دیموکراتـەکان و ئەندامانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەشـداریان کـرد، بـەڵام ئـەم فیدراسـیۆنە زۆر ناخایەنێـت، چونکـە ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ کـە ڕۆژی شۆڕشـی عێراقـە، نزیـک دەبێتـەوە.

لـە کۆتاییـدا بـۆ کورتکردنـەوەی هـۆکار و پاڵنـەرە بنەڕەتییەکانـی شۆڕشـی ١٩٦١ دەتوانیـن بڵێیـن :

١. پەیماننامـەی سـیڤەر جێبەجـێ نەکـراوە کـە بڕیـار بـوو ڕێگـە بـە دامەزراندنـی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ بـدات.

٢. سـەرکردەکانی بەریتانیـا و عـەرەب بەڵێنـی خۆیـان بـۆ پێکهێنانـی حکومەتێکـی کـوردی سـەربەخۆ لـە چوارچێـوەی عێراقـدا جێبەجـێ نەکـردووە.

٣. فشـاری بەریتانیـا هەبـووە بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئۆتۆنۆمـی و پشتگوێخسـتنی سـکاڵای کـورد.

٤. ڕاپەڕیـن و شۆڕشـە کوردییـەکان لـە خزمەتـی پاشـای عەرەبـی عێراقـدا لەلایـەن هێزەکانـی بەریتانیـاوە سـەرکوت کـران.

٥. نـاوی "باکـووری عێـراق" جێگـەی نـاوی باشـووری کوردسـتانی گرتووەتـەوە و نکۆڵـی لـە بوونـی قـەوارەی کـوردی دەکات.

٦. ناسیۆنالیسـتە عەرەبـەکان بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد، دەوڵەتـی عێـراق تەنیـا لـە عـەرەب پێکهاتـووە و کوردیـان وەلانابـوو.

٧. حکومەتـی عێـراق لەگـەڵ وڵاتانـی دیکـە هـاوکاری و هەماهەنگـی کـردووە بـۆ سـەرکوتکردنی کـورد.

٨. توندوتیژی خوێناوی لە دژی مەسیحییە ئاشوری-کلدانییەکان لە کوردستان ڕوویدا.

٩. خوێندن بە زمانی کوردی زۆر سنووردار کرا و بە زمانی عەرەبیش وەك پێویست نەبوو.

١٠.عەرەبی وەک زمانی ڕەسمی حکومەت لە ناوچە کوردییەکاندا سەپێنراوە.

١١.گەلـی کـورد لـە ڕووی ئابوورییـەوە بەتایبەتـی چینـی جوتیـاران بـۆ بەرژەوەنـدی بەغـدا چەوسـێنراوەتەوە.

١٢.نەوتـی کـوردی لـە ناوچەکانـی کەرکـووك و خانەقیـن بـۆ بەرژەوەنـدی فەرمانڕەوایانـی بەریتانیـا و عـەرەب بەکارهێـنرا کـە زۆرجـار بـە "نەوتـی عەرەبـی" ناودەبرێت.

١٣.کوردسـتانی باشـوور لەلایـەن بەریتانیـا و عێـراق خێـر و بێـری دەبرێـت، بـێ ئـەوەی هیـچ قەرەبوویـەک وەربگرێـت، جگـە لـە توندوتیـژی و سـووکایەتیکردن لەلایـەن عێـراق هیچـی بـۆ نەکـراوە .

١٤.ناوچـە کوردییـەکان لـە ڕووی کشـتوکاڵ و پیشەسـازییەوە بـێ گەشەسـەندن مانـەوە، سـەرەڕای ئـەو سـامان و دەوڵەمەندییـەی نیشـتیمان کـە دەیتوانـی ئاوەدانـی و خۆشـگوزەرانی بـۆ ناوچەکەیـان بهێنـێ.

ڕاسـتە کاربەدەسـت و سـەرکردەکان لـە بەغـدا عێراقـی عەرەبییـان بەباشـی بەڕێـوە نەبـردووە و قازانـج لـە داهاتـی نەوتیـان پـێ باشـترە لـەوەی ژێرخانـی وڵات بـاشتر بکـەن. دەشـتەکانی عێـراق کـە شـوێن و مـاڵ و حاڵـی هـۆزە بەدەوییـەکان بـوون، پـڕن لـە جۆگـەی

ئاودێری، بەڵام ئەمڕۆ هەموویان بە ﻟﻢ داپۆشراون و وشك بوون، ئەمانەش بەڵگەی شارستانییەتێکی کشتوکاڵی کۆنی دەوڵەمەندە، کە وای لە بزووتنەوەی کورد کرد وا بیر بکاتەوە دەبێ کورد باشووری کوردستان بەڕێوە ببەن، تەنانەت بە سەربەخۆیی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیشدا بێت، ئەم خۆڕێبەریە کلیلی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پیشگەری و کەلتوری دەبێت، لە هەمان کاتدا ناسنامەی خۆیان بەهێز دەکەن و ئەو نادادپەروەرییانە ڕاست دەکاتەوە کە لە ئیمپریالیزمی بەریتانیا بە میرات ماوەتەوە و ڕژێمی پاشایەتی خراپتری کردووە.

# بەشی دووەم

# عەبدولکەریم قاسم و کورد یان هۆکارە ڕاستەوخۆکانی ڕێککەوتن و جەنگ

## ١. دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨

بەرەبەیانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، کودەتایەکی سەربازی کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانی لێکرا، ڕێگەی بە ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم دا دەسەڵات بگرێتە دەست. ڕژێمی پاشایەتی ڕووخا و ڕژێمی کۆماری عێراق ڕاگەیەنرا.

ئەم ڕووداوە زۆر گرنگە، چونکە سنووری عێراق تێدەپەڕێنێ، وەك ئەوەی ڕاببگەیەنێت کاردانەوەی قووڵی لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێت.

یەکەم وتاری ڕادیۆی کۆماری ئاراستەی نیشتمانی عەرەب دەکات و پەیامی هاودەنگی و یەکڕیزی بۆ هەموو وڵاتانی عەرەبی دەردەبڕێت:

"بە پشت بەستن بە خودا و متمانە بە ئیرادەی گەلی عێراق، بزووتنەوەی نەتەوەیی خۆمان دەستپێکردووە بۆ ئازادکردنی نیشتمانی عەرەب لە هەژموونی گروپێک کە لەلایەن ئیمپریالیزمەوە سەپێنراوە".

لە ٢٧ ی تەمووز "دەستووری کاتی"ی کۆماری عێراق ڕاگەیەنرا. لە چوار بەش و سی مادە پێکهاتووە. سێ مادەی یەکەمی بەشی یەکەم گرنگترینیانن:

**مادەی یەکەم:** دەوڵەتی عێراق کۆمارێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری خۆیەتی.

**مادەی دووەم:** دەوڵەتی عێراق بەشێکی دانەبڕاوە لە نیشتمانی عەرەبی.

**مادەی سێیەم:** کۆمەڵگای عێراقی لەسەر بنەمای هاوکاری نێوان هەموو هاووڵاتیان دامەزراوە، لەگەڵ ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانیان. عەرەب و کورد بەشێکن لەم نەتەوەیە و دەستوور مافە نەتەوەییەکانیان لە چوارچێوەی قەوارەی عێراقیدا زامن دەکات[1].

---

(١) بڕوانە "پێشەکی شۆڕشی عێراق" لە بەڵگەنامەی فەرەنسی، "تێبینی و لێکۆڵینەوەی

مادەکانـی ٢ و ٣ ڕەنگدانـەوەی بیـروڕای "بـەرەی نیشـتمانی"ە کـە سـێ پارتـی لـە خـۆ کۆکردۆتـەوە: پارتـی دیموکراتـی نیشـتمانی، حزبـی شـیوعی و ئیسـتقلال. پێکـەوە دژایەتـی ڕژێمـی پێشـوویان کـرد.

تاکـە گۆڕانـکاری گـەورە و دیـاری ئـەم دەسـتوورە لەگـەڵ ڕاگەیاندنـی ڕژێمـی کۆمـاری بریتییـە لـە: داننـان بـە کـورد وەک هاوبەشـی عـەرەب و دەستەبەرکردنی مافـە نەتەوەییەکانیـان. نـە حکومەتـی ژێـر دەسـەڵاتی بەریتانیـا و نـە ڕژێمـی پاشـایەتی ئـەم دانپێدانانەیـان بـە دەسـتوور قبـوڵ نەکردبـوو. جگـە لـەوەش ئەنقـەرە و تـاران و دیمەشـق مافـی هاوشـێوەیان بـە کـورد نـەداوە.

ئـەم دانپێدانانـەش هەرچەنـدە لـە ڕوانگـەی دەسـتوورییەوە گرنگـە، بـەڵام هێشـتا بـە شـێوەی تیـۆری ماوەتـەوە، چونکـە ڕوونـی نەکردووەتـەوە ئـەم پەیوەندییە یان هاوبەشـییە چـۆن دروسـت دەبێـت. ئایا مافـە نەتەوەییەکانی کـورد بە دەسـتووری ئۆتۆنۆمی مسـۆگەر دەکرێـت، یـان سیسـتەمی فیدڕاڵـی؟ ئەگـەر ئیـدارەی یەکگرتووی کـۆن کە لەژێر دەسـەڵاتی بەریتانیـاوە دامەزرابـوو لـە ژێر دەسـەڵاتی کۆماردا بمێنێتـەوە، ئـەوا جێبەجێکردنی مادەی ٣ مەحـاڵ دەکات. لەگـەڵ ئەوەشـدا، پێناچێـت دەسـەڵاتدارانی نوێ لە بەغدا بیر لە چاکسـازی ئیدارەکـە بکەنەوە. ڕاسـتە یاسـایەکی دەسـتووری نوێ دەتوانێت ڕۆژێـک لـە ڕۆژان مادەی ٣ ڕوون بکاتـەوە و فـۆڕمـی کۆنکرێتـی بـدات بـە هاوبەشـی و پێکەوەیـی و یەکسانی عەرەب و کـورد لـە مافـدا. هەنوکـە ئـەم مادەیە بنەمـا تیۆرییـەکان بـۆ چارەسـەرێکی مامناوەندیش بـۆ کێشـەی کـورد دادەنێـت، هەروەهـا لـە ڕووی سیاسـییەوەش عـەرەب و کـورد لـە پشـت ڕژێمـی نوێـوە یەکدەخات. لەگەڵ ئەوەشـدا، ئەگەری دروسـتبوونی ناکۆکی جـددی لە نێوان بزووتنـەوەی کـورد و بەغـدا هەیـە، بەتایبەتـی لـە ئەگـەری جێبەجێ نەکردنی ئـەم مادەیە. ئەمـە ڕێـک ئەوەیە کـە ڕوودەدات.

مـادەی دووەم دووپاتـی دەکاتـەوە کـە دەوڵەتـی عێراق بەشـێکی دانەبڕاوە لـە نەتەوەی عەرەبـی، بـەڵام دەوڵـەت واتـای خاکێکـە و خاکی عێـراق کوردسـتانی عێراقیـش دەگرێتەوە. ئەمـەش بـەو مانایەیە کـە ئەم مادەیە دژایەتییەکی ئاشـکرای هەیە لەگەڵ مـادەی ٣ کە دان بـە بنەمـای دوو نەتەوەیـی لـە دەوڵەتـدا دەنێـت، هەروەها واقیعـە مێژوویـی و جوگرافی و

بەڵگەنامەیی"، ژمارە ٢٥٠٠، لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩، پاریس.

نەتەوەییەکان دەناسێنێت. کوردستانی عێراق وڵاتێکی عەرەبی نییە، بەشێکە لە نەتەوەی کورد کە لە ڕووی سیاسیشەوە بە پێچەوانەی ویستی خۆیەوە دابەش بووە.

پرسەکە لە پرەنسیپە سادەکان تێدەپەڕێت. حکومەتی بەغدا بە دانانی دەوڵەتی عێراق وەك عەرەبی نەک عەرەب-کورد کە هاوبەش و یەکسانن، لەو گریمانەیەوە دەست پێدەکات کە کورد تەنیا کەمینەیەکی نەتەوەییە لە وڵاتێکی عەرەبیدا. بەم چەمکە بەغدا هەرگیز ناتوانێت هەموو مافە نەتەوەییەکان، بەهەمان شێوەی عەرەب بەپێی مادەی ٣ ی دەستوور، بە کورد بدات.

لەگەڵ ئەوەشدا، بە هێشتنەوەی مادەی ٢ بێ گۆڕین و دەستکاریکردن و هەوڵدان بۆ یەکگرتن لەگەڵ وڵاتانی تری عەرەبی وەک سوریا و میسر، لەوانەیە حکومەتی بەغدا وەک وڵاتانی تری عەرەبی بیەوێ باشووری کوردستان بخاتە ناو بزووتنەوەی یەکڕیزی عەرەبی. ئەمە زیاتر ڕاستە، چونکە بێگومان نەوت و سەرچاوەکانی تری کوردستان بەرژەوەندی ئەم دراوسێیانە دەوروژێنێت. باشووری کوردستان، ئەگەر لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراتی عێراقی بەپێکەوەیی عەرەبەکان ڕازی بێت و عێراق دان بە هەموو مافەکانیدا بنێت، هەرگیز ڕازی نابێت دەستبەرداری مافی چارەی خۆنووسین بێت بۆ بەرژەوەندی کوردستانی گەورە. جگە لەوەش گەلی کوردستانی عێراق دژایەتی ئەوە دەکات بخرێتە ناو دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەبییەوە، کە گرنگییەکی زۆر کەمتری دەبێت لەوەی لە عێراقی ئێستادا هەیەتی. کەواتە، زەحمەتە مەزەندەی ئەوە بکەین کە چۆن گەلی عەرەبی عێراق بتوانێت لە دوو ئەڵتەرناتیڤ دەرباز بێت: یان بەردەوام بن لە پێکەوەژیان لەگەڵ کورد لە عێراقێکی دیموکراتی کە گۆڕاوە بۆ جۆرێک لە کۆماری فیدراڵی عەرەب و کورد، یان لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکە یەکبگرن و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عێراق قبوڵ بکات کە بە دڵنیاییەوە، دەبێتە هۆی جیابوونەوەی باشووری کوردستان.

ڕەنگە یەکێتییەکی عەرەبی، باشووری کوردستان وەک دەوڵەتێکی فیدڕاڵ یەکبخات و دان بە مافی چارەی خۆنووسین و جیابوونەوەدا بنێت و ڕێگە بدات لەهەر کاتێکدا ئەو مافە جێبەجێ بکات و چارەسەرێکی تر پێشکەش بکات. ئەم تێڕوانینانە جەخت لەسەر جددیەتی کێشەکانی دەکەن کە بە دژایەتی نێوان مادەکانی ٢ و ٣ی دەستووری کاتی پەیوەستن.

ئەگەر بگەڕێینەوە ساڵی ١٩٥٨، گرنگە ئاماژە بە کەشوهەوایەکە بکەین کە خۆشحاڵی شۆڕشگێڕانەیە. کورد یەکسەر ئەو پرسیارە ناوروژێنێت کە مادەی ٢ی دەستوور دەیخاتەڕوو. وەک ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە کە ئامانجی سەرەکی بەرگریکردنە لە "کۆماری عێراق، واتا کۆماری عەرەب و کورد"[١]، کە هەم لە دەرەوە و هەم لە ناوەوە هەڕەشەی لەسەرە. هەڕەشە دەرەکییەکان لە هاتنی مارێنزی ئەمریکی لە لوبنان و ناردنی پەڕەشووتوانی بەریتانی بۆ ئوردن لەسەر داوای شا حوسێن دەرکەوت. جگە لەوەش کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران دەبێت، چونکە عێراقی نوێ بە توندی ڕەخنە لە ڕژێمی هاوپەیمانی پێشووی دەگرێت کە ئێرانە، ئێرانیش کە ئەندامی پەیماننامەی بەغدایە، لەگەڵ قاسمی دراوسێ شڵەژاوەکەی هەست بە ئاسوودەیی ناکات کە یەکێتی سۆڤیەت پشتیوانی دەکات. هەڕەشەی ئینگلیز- ئەمەریکا کاتێک نامێنێت، حکومەتی عێراق سەبارەت بە بەردەوامی بەرهەمهێنانی نەوت، وەک پێشتر کردبووی، دڵنیایی بدات.

ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی کە تا ئەوکاتە پەناهەندەی یەکێتی سۆڤیەت بوو، لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ گەیشتە بەغدا. وەک پاڵەوانێک لەلایەن سەرۆک کۆمار پێشوازی لێکرا و پاسەوانی شەڕەف و کۆشکێکی پێشکەش کرا. بەم بۆنەیە گشت جەماوەری عێراق ئاهەنگیان گێڕا، جەماوەر و شاندەکانی کوردستان هاتن و تێکەڵ بەو جۆش و خرۆشە بوون. بارزانی لەلای هەمووانە، هەم وەک پاڵەوانێکی نەتەوەیی کە خەباتی بۆ ئازادی گەلەکەی کردووە و هەم وەک پاڵەوانێکی عێراقی کە لە دژی بەریتانیا و ڕژێمی کۆن شەڕی کردووە، سەیر دەکرێت. لەڕای گشتیدا، بارزانی دووەم کەسایەتی گرنگی ئازادیخوازە لەدوای قاسم. وێنەکەی لە هەموو شوێنێک نیشان دەدرێت، تەنانەت لە گوندە عەرەبەکانیش. لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی بە سادەیی بە بێ فیزی خۆی بە "سەربازێکی سادە و لەژێر فەرمانی سەرۆک کۆمار و لە خزمەتی عێراقدا" وەسف دەکات.

لە ٨ ی ئاداری ١٩٥٩، عەقید عەبدولوەهاب شواف لە مووسڵ بە هاندانی دەسەڵاتدارانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی(میسر و سوریا) لە سوریا دژی قاسم

---

(١) ئەمە دروشمی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

یاخیبوونێکی سەربازی دەستپێکرد. یاخیبوونەکە بەخێرایی تێکشکێندرا، بەتایبەتی بەهاوکاری کوردەکانەوە، کە لە چیاکانی نزیکەوە هاتنە خوارەوە و بە یارمەتی میلیشیاکانی خەڵکی ناوچەکە شارەکەیان داگیرکرد.

لە مانگی نیساندا، کەشتی سۆڤیەتی گروزیا، پاش دوانزە ساڵ لە دەربەدەری[1]، پیاوەکانی بارزانی هێنایەوە عێراق. هەر لەو مانگەدا، "بەرەی یەکێتی نیشتمانی" لە گۆڕەپانی سیاسی دەرکەوتەوە، کە لە حزبی شیوعی، پارتی دیموکراتی نیشتمانی و بۆ یەکەمجار پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهاتبوو، بەڵام ئەم بەرەیە بە ناکۆکی ناوخۆیی و مانۆڕەکانی سەرۆک وەزیران هەر زوو لاواز بوو، کە تا کۆتایی دەسەڵاتەکەی ئامادە نەبوو سیستمی پەرلەمانی دابمەزرێنێتەوە.

لە ٣ی نیسان ڕووداوێکی گرنگ ڕوویدا، یەکەم ڕۆژنامەی سیاسی کوردی "خەبات" کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە، دوای ماوەیەکی درێژ مانەوەی بە نهێنی، مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی وەرگرت. پاش ماوەیەکی کورت، ڕۆژنامەیەکی تر بە ناوی "ئازادی" لەلایەن بەشی کوردستانی حزبی شیوعی عێراقەوە بڵاوکرایەوە.

گۆڤارە ئەدەبییە کوردییەکان کە پێشتر لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا مۆڵەتیان پێدرابوو، وەک "هەتاو"،"ژین" و "هیوا"، خەریکە بە سیاسی دەبن. گۆڤارەکانی دیکەش مۆڵەتیان پێدراوە، لەوانە "ڕۆژی نوێ" لە سلێمانی، "ڕۆناهی" کە بە کرمانجی لە بەغدا دەردەچێت،"شەفەق" کە بە هەردوو زمانی (کوردی-عەرەبی) لە کەرکووک و "دەنگی کورد" ئەویش بە هەردوو زمانی (کوردی-عەرەبی) لە بەغدا دەردەچوون. بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی فراوانبوونێکی کتوپڕ بەخۆیەوە دەبینێت، کە زۆر گەورەترە لە ڕابردوو. لەگەڵ هەڵگرتنی قەدەغەکردن و سنووردارکردنەکان، تەوژمێکی خۆڕسک ڕوودەدات. بیرمەندان، ڕێزماناسان، شاعیران، مێژوونووسان بەرهەمی ڕەسەن بڵاودەکەنەوە. وەرگێڕانی بەرهەمە کلاسیکیەکانی ئەوروپی و ڕۆژهەڵاتیش دەردەکەون. چاپخانەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و بەغدا بڕێکی زۆر ئەدەبیاتیان بڵاودەکردەوە.

---

(١) کەشتی گروزیا بە گشتی ٤٦٠ پیاو و ١٠٨ ژن و ٢٥٢ منداڵیان هێنایەوە. زۆرێک لەو پیاوانە هاوسەرگیریان لەگەڵ ژنانی سۆڤیەت کردبوو.

لــە وەزارەتــی پــەروەردەی حکومــەت بەشــێکی تایبــەت بــە نــاوی "بەڕێوەبەرایەتــی گشــتی خوێندنــی کــوردی" دروســتکرا، بــەڵام وەک دامەزراوەیەکــی حکومــی، بــە ناچالاکــی مایــەوە. ســەرەڕای ئــەوەش بەشــی کــوردی لــە زانکــۆی بەغــدا کرایــەوە.

لــە ١٠ تــا ١٣ی ئەیلوولــی ١٩٥٩ "یەکــەم کۆنگــرەی خۆجێیــی دەســتەی مامۆســتای کــورد"[١] لــە شــارۆچکەی شــەقڵاوە لــە کوردســتان بەڕێوەچــوو. ئــەم کۆنگرەیــە چەندیــن "پێشــنیاز و ڕاســپاردە "ی گرنگــی پێشــکەش بــە وەزارەتــی پــەروەردەی گشــتی کــرد کــە ئامانجیــان گشــتگیرکردنی پەروەردەیــە بــە زمانــی کــوردی و وانەوتنــەوەی مێــژوو و جوگرافیــای کوردســـتان لـــە قوتابخانەکانـــی عێراقـــدا و دامەزراندنـــی ئەکادیمیـــای کــوردی بــوو. ســاڵی دواتــر کۆنگرەیەکــی هاوشــێوە بــەسترا، بــەڵام هیــچ کام لــە ڕاســپاردەکانیان لەبەرچــاو نەگیــرا[٢].

لــە ٩ ی کانوونــی دووەمــی ١٩٦٠ تەنیــا ســێ پارتــی سیاســی بوونــە یاســایی، چونکــە حکومــەت بڕیــاری دا پرۆگرامەکانیــان لەگــەڵ یاســای ژمــارە ١ ی ســاڵی ١٩٦٠ بــۆ پــارت و ڕێکخــراوەکان دەگونجێــت. ئەمانــە بریتیــن لــە پارتــی دیموکراتــی نیشــتمانی و پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و گروپێــک کــە خــۆی بــە حزبــی شــیوعی عێــراق ناودەبــەن. هەرچەنــدە، ئــەو پارتــە شــیوعی ڕاســتەقینە نەبــوو، بەڵکــو گروپێــک بــوو لــە بەرگــی کۆمۆنیســتێکی بەرهەڵســتکار و نــاڕازی، حکومــەت هیــچ جــۆرە مۆڵەتێکــی پێنــەدا[٣]. بــۆ یەکەمجــار لــە مێــژوودا، پارتێکــی سیاســی کــە ئــازادی نیشــتمانی کوردســتان لەلایــەن حکومەتێکــەوە مۆڵەتــی پێدەدرێــت، بــۆ کــورد ئەمــە یەکێکــە لــە گرنگتریــن

(١) دەسەڵاتداران پێش ئەوەی ڕێگە بە بەستنی کۆنگرە بدەن، ئاوەڵناوی "خۆجێی"یان زیادکرد.

(٢) یەکێـک لەبڕیارەکانی ئـەم کۆنگرەیـە ئـەوە بـوو، شـێوەزاری سـۆرانی وەک زمانـی ئەدەبـی کوردی لەبەرچـاو بگیرێـت و لەهەمـان کاتـدا بـە وشـەی کرمانجـی دەوڵەمەندبکرێـت. لـە سـاڵی ١٩٣٤ کۆنگـرەی کوردناسـی یەریڤـان بڕیـاری دا کـە کرمانجی ببێتـە زمانـی ئەدەبـی. ئـەم دوو بڕیـارە تەنیا بەشـێکی واقیعەکانی کێشـەکە لەبەرچـاو دەگـرن. ئێمـە پێمانوایـە دەبێـت کورد زمانـی خـۆی بـەم دوو زارە سـەرەکییە بنووسـێت بەگوێـرەی ئـەو ناوچانـەی کـە قسـەی پێدەکـەن، پرسـی یەکخسـتنی زمانـی نـووسراو دەتوانرێـت دواتـر بخرێتـە بەربـاس و چارەسـەر بکرێـت، وەک ئـەوەی لـە نەرویـج کـرا.

(٣) ئەمە باسی بەڕێز داود سایغە.

دەستکەوکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز، دەستکەوتە گرنگەکانی دیکە بریتین: لە مادەی ٣ی دەستوور، گەڕانەوەی ژەنەڕاڵ بارزانی، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی کۆبوونەوە. سەرەڕای ئەوەش، شایانی باسە کشانەوەی کۆماری عێراق لە پەیمانی بەغدا بوو کە ناوی گۆڕدرا بۆ پەیمانی سێنتۆ(هاوپەیمانیی دامەزراوە ناوەندییەکان) لە ئاداری ١٩٥٩.

لە ٤ی شوباتدا، پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک بە دروشمی "بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان و ئاشوورییەکان" کۆنفرانسێکی ڕێکخست، هۆڵەکە پڕ لە کورد و ئاشوری شارەکە بوو، لە درێژەی گفتوگۆکاندا بەتەمەنترین ئاشوری بە زمانی کوردی کۆتایی بە قسەکانی هێنا و گوتی و هاواری کرد: "ئەوەی لە ئێمە (ئاشوورییەکان) بەشداری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان نەکات، لە ئێمە نییە و ئاشوری نییە"[1].

لەبەرئەوەی باسی دەستکەوکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز بۆ کورد دەکەین، شایانی باسە یەکێک لە بەرچاوترینیان، دروشمی کۆماری نوێیە کە ژەنەڕاڵ قاسم خۆی بە شەخسی "بڕیاری دا، شمشێری عەرەبی کە هێمای عەرەبەکانە لە تەنیشت خەنجەری کوردییەوە دابنرێ کە هێمایە بۆ کورد بە نووسراوی "کۆماری عێراق" دەورە دراوە"[2].

بەڕاستی ئەم هاوپەیمانییەتەی بۆ یەکەمجار لە نێوان بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی عێراق و حکوومەتی بەغدا بەدەست هات، هەرچەندە بۆ هەردوولا سوودی دەبوو، بەڵام نەیدەتوانی زیاتر درێژە بکێشێت.

---

(١) بڕوانە ڕۆژنامەی خەبات لە ٥ شوباتی ١٩٦٠، بەغدا.

(٢) بەشێک لە وتارەکەی ژەنەڕاڵ قاسم لەبەردەم "کۆنگرەی چوارەمی پارێزەرانی عەرەب" کە لە بەغدا لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨ بەڕێوەچوو.

**٢. جیابوونەوە و هۆکارەکانی.**

هۆکارەکانی جیابوونەوە دوو جۆرن و گرنگە جەختیان لەسەر بکرێتەوە:

أ. هـۆکارە مێژوویـی و درێژخایەنـەکان کـە بـۆ پێـش ڕژێمـی قاسـم دەگەڕێتـەوە، لـە ئەنجامـی سیاسـەتی فەرمانڕەوایـی پێشـووی بەریتانیـا بـوو کـە لـە بەشـی پێشـوودا بـاس و لێکۆڵینەوەمـان لەبـارەوە کـرد. لـە مـاوەی سـەردەمی شۆڕشـگێڕیدا تـا کۆتایـی سـاڵی ١٩٥٩ ئـەم هۆکارانـە هەرچەنـدە زۆر دیـار نەمابـوون، بـەڵام لـە هـزری کـورد مابوونـەوە. کاتێـک سیاسـەتی قاسـم ناڕەزایـی نوێـی وروژانـد، دووبـارە هاتنـەوە بـەر باسـوخواس.

ب. ئـەو هۆکارانـەی دەکارێ بـە هـۆکاری دەسـتبەجێ و هەنوکەیـی وەسـف بکرێـن، کـە حکومەتـی قاسـم لێیـان بەرپرسـیارە، لـە واقیعـدا تەنیـا ئەنجامـی هـۆکارە مێژووییەکانـن.

ئێمـە دەزانیـن قاسـم، بەنـاوی "هاوسـەنگی" سیاسـەتێکی مەترسـیداری پەیـڕەو کـرد و یـەک لـە دوای یـەک دژایەتـی هێـزە جیاوازەکانـی وڵاتـی کـرد و بـۆ بەهێزکردنـی دەسـەڵاتی شەخسـی خـۆی دووریخسـتنەوە. لـە هەمـان کاتـدا هەوڵـی دابەشـکردنی ئـەو پارتـە سیاسـیانەی دەدا کـە پشـتگیرییان لێدەکـرد، ئەمـەش ناکۆکـی ناوخۆیـی لێکەوتـەوە، سـەرەنجام بـووە هـۆی هەڵوەشـاندنەوەی زۆرێـک لـە پارتـەکان. لـە زۆربـەی حاڵەتەکانـدا ئـەو پارتانـە دوژمنایەتییـان بەرامبـەر بـە خـۆی لێکەوتـەوە.

گرنگـە ئامـاژە بـەو دەسـتکەوتانەی بزووتنـەوەی کـورد بدەیـن کـە لـە دوای تەمـووزی ١٩٥٨ بەدەسـتیهێنا، بـەڵام لـە ئەنجامـی "بەخشـندەیی" حکومـەت نەبـوو. ئـەوان کەمتریـن مـل بـۆ بزووتنەوەیەکـی بەهێـز دەدەن کـە ناتوانرێـت پشـتگوێ بخرێـت بەبـێ ئـەوەی سـەقامگیری دەوڵـەت بخاتـە مەترسـییەوە.

ژەنـەڕاڵ قاسـم بـە ڕووخاندنـی دەسـەڵاتی پاشـایەتی، ئەوهێزانـەی ئـازاد کـرد کـە ئاراسـتەی جۆراوجـۆر و زۆرجـار دژیـان هەبـوو. ئـەم ئازادکردنـە بووەتـە هـۆی ئاڵـۆزی و ئەگـەری تەقینـەوە، کـە لـە بەرامبـەر پەرەسـەندنی گرژییـە ناوخۆییـەکان دەسـەڵاتەکەی دەخاتـە مەترسـییەوە.

ئەم هێزانە بریتین لە:

- بەرەی ناسیونالیستە عەرەبەکان کە داکۆکی لە یەکڕیزی و یەکگرتوویی عەرەب دەکەن.
- بەرەی شیوعی عێراق، هەوڵی سەپاندنی مۆدێلی سۆسیالیستی دەدات.
- بەرەی کورد، خواستی ماف و زیادکردنی ئۆتۆنۆمی.

هێــزی چــوارەم یــان بــەرەی چــوارەم، دیموکراتەکانــی بــۆرژوازی عێــراق، بــە نوێنەرایەتــی پارتــی دیموکراتــی نیشــتمانی، دەیانتوانــی هەندێــک ســەقامگیری بــۆ ڕژێــم بەرقــەرار بکــەن. لەگــەڵ ئەوەشــدا، قاســم لاوازکــردن و کارکــردن و هــاوکاری بنیاتنەرانــەی بــۆ ئــەم کوتلــە و بــەرە جیاوازانــە قــورس کــرد.

ڕۆژێــك دوای ١٤ی تەمــووزی ١٩٥٨، ژەنــەڕاڵ قاســم ڕووبــەڕووی هەڕەشــەی ناسیۆنالیســتە عەرەبــەکان بــووەوە کــە دەیانەوێــت لەگــەڵ کۆمــاری یەکگرتــووی عەرەبیــی نــاسر یەکبگــرن، بۆیــە هاوپەیمانــی لەگــەڵ حزبــی شــیوعیدا کــرد. ئامانجــی ئــەم هاوکارییــە دوورخســتنەوە و پوچەڵکردنــەوەی خواســتەکانی باڵــی ناسیۆنالیســت بــوو بــە ســەرکردایەتی موقــەدەم عەبدولســەلام عــارف کــە تەحــەدای دەســەڵاتەکەی کــرد. قاســم بــە پشــت بــەستن بــە حزبــی شــیوعی، هیــوای خواســت هاوســەنگییەک لــە نێــوان هێــزە جیاوازەکانــی بپارێزێــت و پێگــەی خــۆی مســۆگەر بــکات.

لــە قۆناغــی دووەمــدا، لــە ١٤ی تەمــووزی ١٩٥٩ ژەنــەڕاڵ قاســم هەوڵــی لاوازکردنــی حزبــی شــیوعی دا. بــۆ ئەنجامدانــی ئــەم کارە، هاوپەیمانــی لەگــەڵ ئــەو کــەس و لایەنانــە کــرد کــە بــە "پیشــەگەر" ناودەبرێــن، ســەربازی و مەدەنــی، هەروەهــا لەگــەڵ باڵــی دژە شــیوعی، پارتــی دیموکراتــی نیشــتمانی پێشــوو هاوپەیمانــی کــرد کــە توانــی دابەشــی بــکات بــۆ چەنــد گروپێکــی ڕکابــەر. قاســم ناسیونالیســتە عەرەبــەکان، دوژمنەکانــی پێشــووی و ئەندامانــی ئیخــوان موســلیمین و تەنانــەت پاشماوەکانــی ڕژێمــی پێشــووی دامەزرانــدەوە. ئــەم ستراتیژییــە ئامانجــی گۆشــەگیرکردنی حزبــی شــیوعی و بەهێزکردنــی دەســەڵاتی خــۆی بــوو لــە ڕێگــەی ســوود وەرگرتــن لــە دابەشــبوونی نێــوان هێــزە سیاســییە جیــاوازەکان.

لــەم دوو قۆناغــەی یەکەمــدا پەیوەندییەکانی نێــوان بزووتنــەوەی کــورد و ڕژێمی قاســم زۆر بــاش دەردەکــەوت. لەگــەڵ ئەوەشــدا، پارتــی دیموکراتــی کوردســتان خەریــک بــوو

ڕەخنەی زیاتری لە دەسەڵاتەکەی دەگرت، کە وردە وردە گۆڕاوە بۆ دیکتاتۆرییەکی سەربازی و کەسی.

لە قۆناغی سێیەمدا، هەوڵیدا هێز و گوڕ و تینی کورد ڕابگرێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ناکۆکی نێوان بزووتنەوەی کورد و حکومەتی عێراق پێشبینیکراو بوو، ئەمەش لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە سەرچاوە دەگرێت. عەرەب دەیانویست لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەبی یەکبگرن، لە کاتێکدا کورد دەیویست ئازادی نەتەوەیی خۆیان بەدەستبهێنن. یاداشتی ١١ی ئەیلوولی ١٩٥٨ی پارتی دیموکراتی کوردستان (کە ئەوکاتە بە پارتی یەکگرتووی دیموکراتی کوردستان ناسراوبوو) ڕادەستی قاسمی کرد، زۆر شت ڕوون دەکاتەوە.

لە بەشی یەکەمدا، پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆک وەزیران دەڵێت گەلی کورد دەیەوێت لەگەڵ عەرەبەکانی عێراقدا بە ئاشتی بژیێت و نایەوێت جیاببێتەوە، ئەوەی بیرهێنایەوە کە دامەزراندنی کۆمار، ئەنجامی تێکۆشانی درێژخایەنی گەلانی عەرەب و کوردە لە دژی دەسەڵاتی بەریتانی و ڕژێمی کۆن. لە بەشی دووەمدا؛ پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی خۆی لەبارەی دروشمەکانی "فیدراسیۆنی عەرەبی" و "یەکێتی عەرەبی" ڕوون دەکاتەوە کە لە ١٤ ی تەمووزەوە، یەکەمیان لەلایەن ئەندامانی بۆرژوازی دیموکراتی عەرەب و دووەمیان لەلایەن ناسیونالیستە عەرەبەکانەوە بڵاوکرابوونەوە. سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە کوردستان ئاگاداری ئەو مشتومڕە چڕوپڕانە نەبووە کە لە عێراقی عەرەبی لەسەر ئەم بابەتە هەبوون. پارتی دەڵێ: "ئێمە لەو باوەڕەداین، تاکە دروشمی باش بەهێزکردن و بەرگریکردنە لە کۆماری عێراق". ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پارتە کوردیەکە ناڕاستەوخۆ ئەو پلانان و پرۆژانەی یەکێتی یان یەکگرتوویی عەرەبی ڕەتدەکاتەوە کە لەبەغدا گفتوگۆیان لەسەر دەکرا.

پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوونی دەکاتەوە، "ئەرکی ئێمەیە وەبیری بهێنینەوە کە یەکێک لە هۆکارەکانی پەسەندکردنی دروشمی پاراستنی کۆماری عێراق، هیوای بەدەستهێنانی مافە کەلتوری، ئیداری و سیاسییەکان بوو لە چورچێوەی عێراقدا، ئەمەش بەهۆی مادەی ٣ی دەستووری کاتییەوە (...)". چارەسەرەکانی فیدراسیۆن

یـان یەکێتـی (عەرەبـی) تەنیـا لەبـەر دوو هـۆکار جێگـەی بایەخـی ئێمـەن؛ یەکەمیـان ئەوەیـە ئایـا یارمەتیـدەر دەبـن بـۆ بەدیهێنانـی ئـەو ئامانجانـەی کـە هەمـوو خەڵکـی عێـراق لـە پێناویـدا خەباتیـان کـردووە؟ دووەمیـان دیاریکردنـی ئـەوەی کـە تـا چ ڕادەیـەک دەتوانـن بنەمـا و پەیوەنـدی هاوبەشـی نێـوان عـەرەب و کـورد بپارێـزن و مافەکانـی گەلـی کوردمـان بەدیبهێنـن (...).

لـە فیدراسـیۆن یـان یەکێتییەکـی عەرەبیـدا ژمـارەی کـورد بـە ڕێژەیەکـی بەرچـاو کـەم دەبێتـەوە، ئەمـەش وایـان لێـدەکات زیاتر ئـاگاداری خۆیـان بن و بـە مافـە نەتەوەییەکانیان پابەنـد بـن(...). هـەر هەنگاوێکـی عـەرەب بـەرەو ئامانجـە نەتەوەییەکانیـان دەبێـت لەگـەڵ فراوانکردنـی مافەکانـی کـورد هـاوکات بێـت. لەبـەر ڕۆشـنایی ئەمـە، ئێمـە پێشـنیازی ئـەوە دەکەیـن:

١. ئەگـەر عێـراق بچێتـە نـاو فیدراسـیۆنێکی عەرەبـی، دەبێـت لـە چوارچێـوەی عێراقـدا دان بـە ئۆتۆنۆمـی کوردسـتانی عێراقـدا بنرێـت.

٢. ئەگـەر عێـراق لـە نزیکـەوە لەگـەڵ وڵاتانـی تـری یەکگرتـووی عەرەبیـی هەڵبژێرێـت، پێویسـتە نەتـەوەی کـوردی عێـراق مافـی دروسـتکردنی کوردسـتانی هەبێـت، کـە لەگـەڵ دەوڵەتـی نوێـی عەرەبیـدا فیدراسـیۆن دەبێـت. زۆر گرنگـە هیـچ دواکەوتنێـک، تەنانـەت سـەعاتێکیش، لـە دانپێدانانـی ئـەو مافانـە بـۆ کـورد نەکرێـت، کـە عـەرەب بـەرەو ئامانجـە نەتەوەییەکانـی خۆیـان هەنـگاو دەنێـن. (ئەرشـیفی شۆڕشـی کـورد[1]).

هـەر لەسـەرەتاوە نیازەکانـی قاسـم بەرامبـەر بزووتنـەوەی کـورد دۆسـتانە نەبـوو، پێـشتر لـە ١٨ی ئەیلوولـی ١٩٥٨ لـە میانـەی کۆبوونەوەیەکیـدا لەگـەڵ شـاندێکی کـورد کـە هاتبـوون بـۆ گەیاندنـی "سڵاوی گەرمـی قوتابیانـی کوردسـتانی عێـراق" لـە بەغـدا، وتارێکـی سـەیر و ناڕوونـی پێشـکەش کـرد:

ئـەو دەڵێـت: "مـن ئـەم ڕۆژە بـە جوانتریـن ڕۆژی ژیانـم دەزانـم، چونکـە مـن لەگـەڵ بـرا کوردەکانمـم کـە بەشـێکی دەنەبـڕاون لـە گەلـی عێـراق..."

(١) ئـەو بەڵگەنامانـەی بـەم شـێوەیە لـە ژێـر نـاوی "ئەرشـیف..."دا پۆلێنکـراون، لەلایـەن مەکتەبـی جێبەجێکاری شۆڕشـەوە پارێـزراون، بـەڵام لـە هەمـوو حاڵەتەکانـدا کۆپـی لـە ئەرشیفی خۆمانـدا هەیە.

"گومانـی تێـدا نییـە بـرا كوردەكانمـان هـەزاران ساڵە لەگـەڵ ئێمـە ژیاون، لـە شـەڕە هاوبەشـەكاندا دژی بێگانـە لەسـەر ئـەم خاكـە، خوێنـی ئێمـە تێكـەڵ بـە خوێنـی ئێـوە بـووە. هاوسـەرگیری نێـوان كـورد و عـەرەب تێكەڵەیەكـی لـە دانیشـتوانی ئـەم وڵاتـە دروسـت كـردووە، كـە دانیشـتوانی ناوچـە شـاخاوییەكان لەگـەڵ دانیشـتوانی ناوچـە دەشـتاییەكان بەیەكـەوە پەیوەسـت دەكات... "

"لەڕێگـەی هەماهەنگـی و هاوكاریەكانمانـەوە بووینـە هێزێكـی گـەورە كـە دوژمـن كـۆنتڕۆڵ دەكات و هیـچ هێزێـك ناتوانێـت لەیـەكتر جیامـان بكاتـەوە... "[(١)].

بـە وتـە و قسـەكانی سـەرۆك وەزیـران، كـورد كـە ئـەو بـە "براكانـم لـە باكـوور" ناویـان دەبـات، هەرگیـز بـە "نەتـەوە" یـان "گـەل" ئاماژەیـان پێنـاكات، لـە كاتێـكدا دەسـتەواژەی "نەتـەوەی عەرەبـی" لـە هەمـوو وتارەكانیـدا هاتـووە.

لـە مانگەكانـی كۆتایـی سـاڵی ١٩٥٩-وە سـەرەڕای بـە یاسایی كردنـی پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان لـە كانوونـی دووەمـی ١٩٦٠، ژەنـەڕاڵ قاسـم دەسـتی كـرد بـە ئیسـتیفزازكردن و شـەڕفرۆشتن بـە كـورد و زیاتـر و زیاتـر بـەدوای پاسـاوێكدا دەگـەڕا بـۆ هێرشـكردنە سـەر بزووتنەوەكەیـان. لەگـەڵ ئەوەشـدا، سـەرۆك وەزیـران ڕكابەرەكانـی لەگـەڵ دژایەتیەكانـی خـۆی ڕاهێنـاوە. ئـەو مۆڵەتـی بـە پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان دا كـە دووەم ڕۆژنامـەی سیاسـی بـە زمانـی كـوردی بەنـاوی "كوردسـتان" دەربـكات، بـەڵام ئـەم ڕۆژنامەیـە تەنیـا چەنـد هەفتەیەكـی خایانـد، چونكـە وەك زۆربـەی ڕۆژنامـە كوردییـەكان ڕاگیـرا.

بـە پێچەوانـەی ڕای بـەربڵاو لـە ئەوروپـا، ژەنـەڕاڵ قاسـم هەرگیـز دانـی بـە مافـی ئۆتۆنۆمـی كوردسـتانی عێراقـدا نەنـاوە. لـە ٩ی كانوونـی دووەمـی ١٩٦٠ كاتێـك پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان پەیـڕە و بەرنامـەی خـۆی پێشـكەش بـە حكومـەت كـرد بەپێـی یاسـای حـزب و ڕێكخـراوەكان، لـە یەكێـك لـە مـادەكان ئامـاژەی بـەوەدا كـە پارتـی كار بـۆ بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنۆمـی كوردسـتانی عێـراق دەكات لـە چوارچێـوەی یەكپارچەیـی كۆمـاری عێراقـدا. لـە كۆبوونەوەیەكـی "دۆسـتانە" دا سـەرۆك وەزیـران داوای لـە كۆمیتـەی ناوەنـدی پارتـی كـرد "ئـەم مادەیـە لـە كاتـی ئێسـتا بسـڕێتەوە" كـە ئیبراهیـم ئەحمـەد

(١) ڕۆژنامەی ئەلزەمان لە ١٩ی ئەیلولی ١٩٥٨، بەغدا.

سکرتێری مەکتەبی سیاسیە. لەلایەکی دیکەوە، سەرۆکی حکومەت زۆر بە پەرۆشە بۆ مادەی ٢٣ کە دەڵێت : " ئێمە پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەکەین بۆ ڕزگاربوونیان لە ژێردەستیی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، ئێمە لە پێناو مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد تێدەکۆشین"، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ژەنەڕاڵ قاسم هاوڕایە لەسەر ئەوەی دەبێت پارتی دیموکراتی کوردستان پشتیوانی خەباتی گەلی کورد لە تورکیا و ئێران بکات لە دژی حکومەتەکانی ئەنقەرە و تاران، هەروەها هاوڕا بوو لەسەر ئەوەی پارتی دەبێت خەبات بکات بۆ مافی چارەی خۆنووسینی کورد کە ئامانجێکە لە مێشکی دەسەڵاتدارانی بەغدا زۆر دوورە، بەڵام نایەوێت دەستکاری لە ئیدارە و پێکهاتەکانی دەوڵەتی عێراق بکرێت. کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بە کارامەیی مانۆڕی کرد و ڕازی بوو بە سڕینەوەی مادە نەخوازراوەکە و وەرگرتنی مۆڵەتی داواکراو. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ٥ی ئایار لە بەغدا دەستی بە کارەکانی کرد، بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی بۆ کشاندنەوەی مادەی ئۆتۆنۆمی قبوڵ نەکرد. ئەوکاتە چارەسەری ناکۆکی نێوان قاسم و کورد بەهێز دەکرێت.

دەتوانرێت هۆکاری جیابوونەوەکە بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

١. قاسم چەک و بڕە پارەی زۆری دایە خێڵ و عەشیرەت و دەرەبەگە کوردەکان کە دراوسێ و هاوسنووری دەڤەری بارزان بوون. ساڵی ١٩٤٥ ئەم دراوسێیانە لەگەڵ هێزی ئاسمانی شاهانەی بەریتانیا، هێزە کوردییەکانیان ناچار کردبوو بکشێنەوە کوردستانی ئێران. دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق، ژەنەڕاڵ بارزانی هەوڵیدا ئەو ململانێیانە تێپەڕێنێت و بەسەریاندا زاڵ بێت، بۆیە داوای لە دوژمنانی پێشووی کرد کە ئاشتەوایی بکەن و کار بۆ یەکڕیزی و یەکێتی کورد بکەن، بەڵام ئەمە هیچی لە هەڵوێستیان نەگۆڕی، وەک خۆی بە شێوەیەکی شەخسی پێی ڕاگەیاندین[1]. لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٥٩، گروپە چەکدارەکانی

(١) ئێمە لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ لە بەغدا بووین، پێشنیازمان بۆ ژەنەڕاڵ بارزانی کرد، بچین سەردانی زێبارییەکان بکەین، بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بکەین واز لەم کارە خراپانە بهێنن. وەڵامی ئێمەی دایەوە : " بە خۆڕایی خۆت ماندوو مەکە، بێسوود دەبێت".

عەشیرەتەکان کە هەندێک جار پۆلیسی عێراقی یاوەری دەکردن، هێرشیان کردە سەر ناوچەی بارزان و دەستیان کرد بە تالانکردنی مەڕوماڵات و کوشتن و تیرۆرکردنی خەڵکەکەی. قاسم هەوڵی تێکدانی پێگە و شکۆی سەرکردەی کورد دەدا. بارزانی تاوەکو تشرینی دووەمی ١٩٦٠ بەغدای جێنەهێشت، کاتێک بە فڕۆکەیەکی تایبەتی سۆڤیەت بەرەو مۆسکۆ بەڕێکەوت، وەک میوانی حکومەتی سۆڤیەت و بەشداری لە ئاهەنگەکانیساڵیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کرد. لە سەرەتای ساڵی ١٩٦١ گەڕایەوە بەغدا.

سەردانەکەی ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ مۆسکۆ بە مەبەستی بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی ساڵیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ئاماژەیە کە لە پێگەیەکی باشدا بوو، لەوانەیە ئەمە قاسمی سەرۆکی عێراقی تووڕە کردبێت، چونکە لە دانیشتنەکەدا بارزانی لە سەرۆک وەزیرانی سۆڤیەت خروشچۆڤ نزیکتر بوو وەك لە شاندی عێراقی. ئەم دۆخە لەوانەیە وا لە بارزانی بکات گرنگتر دەربکەوێت، یان باشتر ڕێزی لێبگیرێت، کە دەکرا زیان بە دەسەڵاتی قاسم بگەیەنێت. سەرکردەکانی سۆڤیەت ڕێنمایی بارزانییان کرد کە لە کردارەکانی یان داواکارییەکانیدا میانڕەو بێت، بۆ ئەوەی گرژی و ئاڵۆزی زۆر لەگەڵ حکومەتی عێراق دروست نەبێت.

٢. ناڕەزایی گشتی لە عێراقدا کە کاریگەری لەسەر کوردەکانیش هەبوو، لەوەوە سەرچاوەی گرت کە ئەوەی پێی دەگوترا "قۆناغی ڕاگوزەر" زۆر درێژەی کێشا. قاسم سەرباری بەڵێنەکانی، بەڵام دووبارە ڕەتیکردەوە ئازادی حزبی و سیستمی پەرلەمانی بگەڕێنێتەوە، ئەمەش کۆتایی بە دیکتاتۆریەت دەهێنا.

٣. ڕژێم ئازادیەکانی تاک و ئازادی ڕۆژنامەگەری خنکاندبوو. ڕۆژانە تیرۆری سیاسی لە شەقامەکانی شارەکانی عێراق ڕوویان دەدا، کە لەلایەن گروپە چەکدارەکانەوە بە بەرچاوی پۆلیسەوە ئەنجام دەدرا. ئەم هێرشانە زۆرێک لە دیموکراتەکانی عێراقی کردە ئامانج. لە کەرکووک کورد بە گولەی خیانەتکاران دەکوژران، هەروەک چۆن عەرەب لە بەغدا و بەسرە و شوێنەکانی دیکە دەکوژران. سەردەمێک ڕۆژنامەی خەبات تاکە ڕۆژنامەی ئۆپۆزسیۆن بوو کە ڕێگەی پێدرابوو. تا کۆتا دەرچوون و بڵاوبوونەوەی، بوێرانە ئاژاوەگێڕی لە عێراق و تیرۆرە سیاسییەکانی ئیدانە دەکرد و

زۆر بە توندی داوای لە حکومەت کرد کۆتایی بەم توندوتیژییە بهێنێت و ئازادییە گشتی و تاکەکەسییەکان بگەڕێنێتەوە و کۆتایی بە قۆناغی ڕاگوزەری بهێنێت.

٤. مادەی ٣ی دەستوور بە ناڕوونی و تەنیا وەك دەقێکی سادە و مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە، سەرەڕای خواست و داواکارییەکانی چین و توێژەکانی کورد بۆ ئەوەی فۆڕمێکی ڕاستەقینە بە پەیوەندی نێوان عەرەب و کورد ببەخشێت.

٥. هەرچەندە مادەی ٢ی هەمان دەستووری بوو یەکەم ململانێی سیاسی ڕاستەوخۆی نێوان بزووتنەوەی کورد و ڕژێمی قاسمی لێکەوتەوە. کورد تا تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ هێشتا ئەو پرسەی نەوروژاندبوو کە ئەم مادەیە بۆی هێناوەتە ئاراوە. دەرفەتمان بۆ ڕەخسا لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی نێودەوڵەتی کە لە ٨ تا ١٩ی تشرینی یەکەم لە بەغدا بەڕێوەچوو، ئەم بابەتە بوروژێنین. ئێمە نوێنەرایەتی شاندی چاودێرانی "کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا"[(١)] مان دەکرد.

پێمان خۆشە هەندێک لە ڕووداوەکانی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە، کە ئێمە تێیدا بەشدار بووین، باس بکەین.

ئێمە گەیشتینە بەغدا، لە شارەکە گرژی هەبوو، سەربازەکان لەسەر شەقامەکان وەك دەورییە دەگەڕان، چونکە ئاژاوەی نێوان گروپە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان و شیوعییەکان هەبوو. هەر کە گەیشتین دەسەڵاتداران لە دوایین خولەکدا قبوڵیان کرد، لەلایەن مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پێشوازیمان لێبکرێ، شاندی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا پێکهاتبوو لە بەڕێز کەمال فوئاد سکرتێری گشتی و بەڕێز تەحسین هەورامی سەرنووسەری گۆڤاری "کوردستان" کە هەردووکیان بە ڕەگەز عێراقی بوون و بەندەش تاکە ئەندامی غەیرە عێراقی بووم. دوو لە هاوکارەکانمان پێش ئێمە گەیشتبوونە بەغدا، بەڵام ڤیزەی عێراقیان ڕەتکرابووەوە. بۆ ئەمەش، ڕێنمایی بە کونسوڵخانەکانی عێراق لە ئەوروپا درابوو، هەروەک بەڕێز جەلال تاڵەبانی پشتڕاستی کردەوە. سەرەڕای ئەوەش ئێمە ئەو فرۆکەیەمان گرت کە یەکێتی قوتابیانی نێودەوڵەتی بەکرێی گرتبوو، لەگەڵ گەیشتنمان بە بەغدا

(١) ئەم کۆمەڵەیە، لە چواردە وڵاتی ئەوروپیدا، قوتابی و خوێندکاری کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە کۆدەکاتەوە.

"ڤیـزەی بەکۆمـەڵ" بـە هەمـوو شـاندەکان درا. کاتێـک لـە ئێـوارە خوانێـکدا کـە لەلایـەن حکومەتـەوە بـۆ شـاندەکان ڕێکخرابـوو، سـەرۆکی یەکێتـی ڕێخراوەکـە ئێمـەی بـە ژەنـەڕاڵ قاسـم ناسـاند، وا دیـار بـوو سـەرۆک وەزیـران بـە بوونـی ئێمـە لـە پایتەختـی وڵاتەکـەی زۆر دڵخـۆش نەبـوو.

لـە دەسـتپێکی کۆنگـرەدا، ژەنـەڕاڵ قاسـم وتارێکـی پێشـکەش کـرد. ئێمـەش لـە وتارەکەمانـدا بەنـاوی شـاندەکەمانەوە تیشـکمان خسـتە سـەر "دەسـتکەوتە ئەرێنییەکانـی شـۆڕشـی ١٤ی تەمـووز" بـۆ عێراقیـان و کـورد. پاشـان، بـاسمان لـە "هەندێـک خـاڵ کـرد کـە بـەردەوام کێشـە بـۆ خەڵکـی کوردسـتانی عێـراق دروسـت دەکـەن". لـە نێـو ئـەم خاڵانـەدا تیشـکمان خسـتە سـەر دژایەتییەکانـی نێـوان مادەکانـی ٢ و ٣ی دەسـتوور. زۆر بـە ڕوونـی و بـە ئاشـکرا؛ ئـەوەی پێـشتر لـەم کتێبـەدا بـاسمان کـرد، ئەوەمـان بـۆ ڕوون کـردەوە کـە تەنیـا عێراقـی عەرەبـی بەشـێکە لـە نەتـەوەی عـەرەب، لـە کاتێـکدا کوردسـتانی عێـراق بەشـێکە لـە نەتـەوەی کـورد. دەقـی وتارەکەمـان کـە بـە زمانـی فەڕەنسـی پێشـکەش کـرد، ئەوکاتـە بـە تـەواوی بـە زمانـی عەرەبـی لـە ڕۆژنامـەی خەباتـدا بڵاوکرایـەوە.

لـە میانـی گفتوگـۆ و مشـتومڕە گـەرم و گوڕەکانـی دواتـردا، شـاندەکەمان ڕووبـەڕووی شـاندەکەی "یەکێتـی گشـتی قوتابیانـی کۆمـاری عێـراق" بـووەوە، کـە شـیوعییەکان تێیـدا زۆرینـە بـوون. سـەرۆکی ئەم شـاندە دووپاتی کـردەوە، مـادەی ٢ کە تێیدا هاتـووە دەوڵەتی عێـراق لـە سـنوورەکانی ئێسـتای خۆیـدا بەشـێکی دانەبـڕاوە لە نەتـەوەی عـەرەب، لەلایەن هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکانی عێراقـەوە بـە پارتـی دیموکراتـی کوردستانیشـەوە دانـی پێدانـراوە[1]. ئـەم لێدوانانـە بـووە هـۆی خۆپیشـاندان لـە هەمـوو شـارەکانی کوردسـتان و

(١) دواتـر ڕووداوێکـی گرنـگ ڕوویـدا. بەڕێـز خالیـد محێدیـن ئەندامـی کـورد لـە شـاندی عێراقـی و ئەندامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ویسـتی قسـە بـکات و لێدوانەکانـی سـەرۆکی شـاندە عێراقییەکە ڕەتبکاتـەوە، بـەڵام هاوکارەکانـی لەبەرچـاوی هەمـووان ڕێگرییـان لێکـرد و مایکرۆفۆنەکەیـان لـێ سـەندەوە. پاشـان بەڕێـز محێدیـن سـکاڵای لەسـەر ئـەو بابەتـە پێشـکەش بـە شـاندەکەمان کـرد و ئـەوەش سـەرنجی کۆنگـرەی خسـتە سـەر ڕووداوەکـە. هەروەهـا یەکێتـی گشـتی قوتابیانـی کۆمـاری عێـراق ڕەخنـەی لـە ئێمـە گـرت کـە لـە کۆتایـی قسـەکانماندا، بانگهێشـتی هەمـوو شـاندەکانی بەشـداربووی کۆنگـرەی یەکێتـی قوتابیانـی نێودەوڵەتـیمان کـردووە "بـۆ سـەردانی دۆڵـە جـوان و فێنکەکانـی کوردسـتان، کـە قوتابیـان و خەڵکـی کوردسـتان لـەوێ چاوەڕێیـان دەکـەن". ئـەو شـاندە پێـی

تەنانەت ئاژاوەگێڕی کە تیایدا هێرش کرایە سەر ئەندامانی ناوخۆیی یەکێتی گشتی قوتابیانی کۆماری عێراق. هەروەها چەندین بروسکەی پشتیوانی لە کوردستانەوە گەیشتە شاندەکەی ئێمە، کە لەلایەن کەسایەتییە کوردەکان، ڕێکخراوەکانی لاوان، قوتابیان، نووسەران، مامۆستایان، ژنان، جوتیاران، هەروەها لەلایەن لیژنە ناوچە ناوخۆییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش نێردرابوون[1].

پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئیستفزازی سەرۆکی یەکێتی گشتی قوتابیانی کۆماری عێراق، ناچار بوو هەڵوێستی هەبێت. پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەروتارێکی گرنگدا لە ڕۆژنامەی خەباتی ١٩ی تشرینی یەکەمدا بە ناونیشانی "نەتەوەی کورد و مادەی ٢ی دەستوور"، بابەتێکی نووسی کە هاوشێوەی بابەتەکەی ئێمە بوو. ڕوونیشی کردەوە کە ئەگەر پێشتر پارتی تیشکی نەخستبێتە سەر "کەموکوڕییەکانی" ئەم ماددەیە، ئەوە لەبەر ئەوە بووە کە چاوەڕێی بڵاوکردنەوەی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی بووە، هەروەها لەبەرئەوەی پاراستن و بەرگری لە کۆمار لە پێشینەی کارەکانی بووە.

ئەم سەروتارە بووە هۆی ئەوەی بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەد سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات و سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠ بهێنرێتە بەردەم دادگای سەربازی عێراق. بە "پێشێلکردنی دەستوور" و "چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ڕق لە نێوان هاوڵاتیانی عێراق" و هاندانی دەمارگیری و ڕەگەزپەرستی تۆمەتبارکرا، بەڵام دادگاییکردنەکە بە ڕێککەوتنێکی دۆستانە کۆتایی هات، ئیبراهیم ئەحمەد ئازاد کرا، چونکە هێشتا کاتی بەکارهێنانی توندوتیژی نەهاتووە.

---

وابوو، بانگهێشتی شاندەکان بۆ سەردانی ناوچە و پارێزگاکانی عێراق، ئەوە کاری خۆیەتی، نەک بۆ ڕێکخراوێکی کوردی کە بارەگاکەی لە ئەوروپایە.

بەڵام یەکێتی قوتابیانی کوردستان-عێراق کە دوای هاتنی قاسم بۆ دەسەڵات بە فەرمی هەڵوەشایەوە و بە زۆر تێکەڵ بە یەکێتی گشتی قوتابیانی کۆماری عێراق بوو، ئێمەیان ڕاسپێردرابوو نوێنەرایەتی دەنگی ئەوان لە دەرەوەی وڵات بکەین. لە کاتێکدا بێدەنگ کرابوون، ئێمە نوێنەر وتەبێژی ئەوانیش بووین لە بەغدا. لەلایەکی ترەوە بۆچی ڕێگە بە قوتابیانی کورد نەدرێت هاوڕێ بیانییەکان بانگهێشت بکەن بۆ سەردانی کوردستان لە عێراقێک گوایە دیموکراتییە؟

(١) هێشتا هەموو بروسکەکانمان ماوە.

لـە ٢٤ی تشرینـی یەکـەم، کاتێـک لەلایـەن پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە بانگهێشـت کرابوویـن، شـاندەکەمان بڕیـار بـوو بچێتـە کوردسـتان، پۆلیسـی سـەربازی پێـی ڕاگەیاندیـن بـە فەرمانـی فەرمانـڕەوای حکومەتـی سـەربازی عێـراق، دەبێـت بـە یەکـەم گەشـتی فڕۆکـەی بەردەسـت وڵات بەجێبهێڵیـن. دوای کۆبوونـەوە لەگـەڵ ژەنـەڕاڵ بارزانـی و قسـەکردن لەگـەڵ سـەرکردەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە کۆبوونەوەیەکـی نهێنـیمان لـە بەغـدا ئەنجامـدا، بڕیارمانـدا ئـەم فەرمانـە جێبەجـێ بکەیـن، بـۆ ئـەوەی بارودۆخەکـە بـەرەو خـراپتر نەچێـت.

ئێمە کە کاتمان بۆ وردەکاریی ئەم ڕووداوە تەرخان کرد، نەک تەنیا لەبەر گرنگییەکەی لە ڕیزبەنـدی ڕووداوەکانـدا کـە بـووە هۆی ڕووبەڕووبوونـەوەی چەکداری لە نێـوان حکومەتی عێـراق و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی بـۆ یەکەمجـار ڕێگـەی بە پارتی دیموکراتی کوردسـتان دا دەستپێشـخەری سیاسـی بکات و ڕۆڵی سـەرکردایەتی لە شـار و لادێکانـی کوردسـتان بگێڕێـت، بە زیانی حزبی شـیوعی عێراق.

گرنگـە ئەوەمـان لەبیـر نەچێـت؛ کوردسـتانی عێـراق بەهـۆی ململانێیەکـی سیاسـیی نێـوان دوو گروپـی دژ بەیەکـەوە دابـەش بـوو. لەلایەکـەوە هەبـوون پشـتگیریان لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەکـرد، لەلایەکـی دیکەشـەوە "لایەنگرانـی یەکپارچەیـی عێـراق" یـان "عێراقچییـەکان" هەبـوون کـە پەیوەندییـان بـە "بەشـی کوردسـتانی" حزبـی شـیوعی عێراقـەوە هەبـوو. ئـەم ململانێیـەی نێـوان ئـەم دوو ڕەوتـە کاریگـەری قووڵـی لەسـەر بارودۆخـی سیاسـی ناوچەکـە هەبـووە. لـە سـاڵی ١٩٥٩ حزبـی شـیوعی عێـراق کاریگـەری زۆری لەسـەر کوردسـتان هەبـوو، ئەمـەش بـەو مانایـە بـوو کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەندێکجـار خـۆی لـە بارودۆخـی نیمچـە نهێنیـدا دەبینییـەوە. لـە شـارەکانی وەک سـلێمانی و هەولێـر و کەرکـووک و هەروەهـا شـارە عەرەبییەکانـی وەک بەغـدا و بەسـڕە خەڵکێکـی زۆر پشـتگیریان لـە حزبـی شـیوعی عێـراق کـرد.

دوای شۆڕشـی ١٤ی تەمـووز، شـیوعییەکان زۆرینەیـان لـە ڕیزەکانـی ڕێکخـراوە جیاوازە کوردییەکانـی، وەک گەنجـان، قوتابیـان، ژنـان، مامۆسـتایان و نووسـەران بەدەسـتهێنا. لـە ئەنجامـدا ئـەم ڕێکخراوانـە هەڵوەشـێنرانەوە و تێکـەڵ بـە دامـەزراوە گشـتیەکانی عێـراق بـوون، زۆرجـار بـە پێچەوانـەی ویسـتی خۆیـان بـووە. ئـەم تێکەڵاوبوونـە لەلایـەن قاسـم

هانـدەدرا و بـە گوێـرەی یاسا نوێیەکانـی ڕژێمەکـەی کـە دەریکردبـوون. ئەندامانـی پێشـووی ڕێکخـراوە کوردییـەکان ئـەم یەکگرتنەیـان قبـوڵ نەکـرد، هەرچەنـدە سـەرەتا تەسـلیمی حەماسـەتی شۆڕشـگێڕانە و دەسـتەواژەی برایەتـی نێـوان عـەرەب و کـورد بـوون. لـە کۆتاییـدا، بەتایبەتـی ڕێکخـراوی کوردییـان دامەزرانـد، بـەڵام زۆربەیـان لـە ئەندامانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان پێکهاتبـوون و زۆرینـەی خەڵـک بـەردەوام پەیـڕەوی ڕێکخـراوە عێراقییەکانیـان دەکـرد کـە لقیـان لـە ناوچـە کوردییەکانـدا هەبـوو. گرژیـەکان ئەوەنـدە زۆر بـوون، شـیوعییەکی کـورد بـە کـوردی سڵاوێکـی لـە دراوسـێیەکی کوردسـتانی بـکات بـە "ئیسـتفزازی کاردانـەوە" لێکدەدرایـەوە و بـە زمانـی عەرەبـی بـە تۆنێکـی گاڵتەجاڕانـە وەڵامـی دەدایـەوە. وەهـا دۆخێـک بـێ وێنـە بـوو. ڕۆژنامـەی زمانحاڵـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە زنجیـرە وتارێکـدا کاریگەرییـە زیانبەخشـەکانی "بەشـی کوردسـتانی حزبـی شـیوعی عێـراق"ی لەسـەر بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد شـەرمەزار کـرد و داوای هەڵوەشـاندنەوەی کـرد[١].

ئەندامێتـی شـاندی قوتابیانـی کـورد لـە کۆنگـرەی یەکێتـی قوتابیانـی نێودەوڵەتـی و پاڵپشـتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، وایکـرد تەنیـا لـە مـاوەی دوو هەفتـەدا، پشـتیوانیی جەمـاوەری فراوانـی کـورد بەدەسـتبهێنێت، کـە بـە زیانـی لایەنگرانـی یەکپارچەیـی عێـراق لـە حزبـی شـیوعی عێراقـی شـکایەوە. جەلال تاڵەبانـی، ئەندامـی مەکتەبی سیاسـی پارتـی، پێـش ئـەوەی شـاری بەغـدا بەجێبهێڵیـن ڕایگەیانـد: "پارتیمان لـە مـاوەی ١٠ ڕۆژدا هێنـدەی دە سـاڵی ڕابـردوودا ئەنـدام و لایەنگری کۆکردووەتـەوە." بـۆ جەمـاوەری کـورد، حزبـی شـیوعی عێراقـی و یەکێتـی گشـتی قوتابیانـی عێـراق بەرپرسـیار بـوون لـە بڕیـاری کۆنگـرەی شەشـەمی یەکێتـی قوتابیانـی نێودەوڵەتـی بـۆ دواخسـتنی دۆسـیەی داواکاری کۆمەڵـەی خوێنکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا. ئـەم بڕیـارە سـەرەڕای ئـەو پشـتگیرییەی زۆرێک لـە شـاندەکانی ئەفریقـا نیشـانیان دا، بەتایبەتـی ئەوانـەی لـە وڵاتـە ئەفریقییـە فەڕەنسـی زمانـەکان و دوورگەکانـی ئەنتیلـەوە هاتبـوون.

ئـەو دەستپێشـخەرییە سیاسـییەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە تشرینـی یەکەمـی

---

(١) هەروەهـا بڕوانـە وتارەکەمـان لەبـارەی "کێشـەی ڕێکخـراوە کوردییـەکان" لـە گۆڤـاری "کوردسـتان"، ١٩٦٠، کـە لەلایـەن کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا بڵاوکراوەتـەوە.

ساڵی ١٩٦٠ بەدەستیهێنا، بە زیانی لایەنە عێراقچیەکانی حزبی شیوعی عێراق شکایەوە کە ڕێگرییان لە بزووتنەوەی کوردی دەکرد. ئەو عێراقچیانە ئێستا لە کوردستان تەنیا نوێنەرایەتی کەمینەیەک دەکەن. ئەم دۆخە وایکردووە، پارتێکی کوردی پێشەنگ لە کوردستاندا ئازادانە پێشڕەوی بکات و بزووتنەوەی کوردی بەرەو پێش ببات و بۆ ڕێکخستنی بەرگری لە کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ژەنەڕاڵ بارزانی ئامادەکاری لە کاتی جەنگدا بکات.

ئەمەش بە ڕوونی ئەوە دەردەخات بۆ گەلی کورد، کوردستان لە پێشینەی کاردایە. پارتێکی سیاسی تەنیا کاتێک دەتوانێت پاڵپشتی هەمیشەیی جەماوەری کورد بەدەستبهێنێت کە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە و ڕوون و یەکلاکەرەوە بە ئازادی و ڕزگاری نەتەوەیی کوردستانەوە پابەند بێت.

٦. ناڕازیبوون لە یەکگرتنی ڕێکخراوە تایبەتەکانی کوردستانەوە سەریهەڵدا- وەک ڕێکخراوەکانی قوتابیان و مامۆستایان و ژنان و ئەوانی دیکە، کە لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا بە نهێنی کاریان دەکرد. ئەم تێکەڵبوونە لەگەڵ ڕێکخراوە عێراقییە هاوشێوەکانی پێشتر لە خاڵی پێنجەمی ئەم بەشە باسمان کردووە. هەروەها گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە کە پێچەوانەی ڕۆحیەتی مادەی ٣ی دەستووری کاتی بوو.

٧. زۆرینەی ئەو چاکسازی و ڕێوشوێنانەی لە بەرژەوەندی کورد دانراون، جێبەجێ نەکراون. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بە زمانی کوردی لەلایەن بەرپرسێکی وەزارەتی پەروەردەی گشتی سەرۆکایەتی دەکرا، کە بێ دەسەڵات و بێ چالاکی بوو. ڕاسپاردەکانی هەردوو کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لەبەرچاو نەگیرا. داواکاری دروستکردنی ئەکادیمیای کوردی ڕەتکرایەوە، بە بیانووی ئەوەی پێشتر ئەکادیمیای عێراقی هەبووە، کە تەنیا مامەڵە لەگەڵ پرسە کەلتورییە عەرەبییەکان دەکات. بەهەمان شێوە داواکارییەکانی ئۆتۆنۆمی و مۆزەخانە و کردنەوەی کۆلێژە کوردییەکان بەدی نەهاتن.

٨. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠، سێ گۆڤاری کوردی بە ناوەکانی هەتاو، ژین و دەنگی کورد ڕاگیران. دووانەکەی یەکەم تەنانەت لە سەردەمی ڕژێمی پێشووشدا قەدەغەنەکرابوون. بەڕێوبەران و سەرنووسەرانی ئەم گۆڤارانە بۆ باشووری عێراق دوورخرانەوە.

٩. لە بەرنامە ئابوورییەکانی عێراقدا هەرێمی کوردستان کە پڕە لە سامانی سروشتی بە تەواوی پشتگوێ خراوە، سەرەڕای ڕاسپاردەکانی شارەزایانی سۆڤیەت کە لەو بارەوە بەغدا ڕاوێژیان پێدەکات، قاسم بڕیاری دامەزراندنی کارگەی ئاسن و پۆڵای لە پایتەختی عێراق دا. هەرچەندە کانزای ئاسن و وزەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەو وزەی کارەبایەی لە بەنداوی دەربەندیخان و دوکان بەرهەم دێن کە دەکەوێتە سەر خاکی کوردستان، سوودێکی زۆر کەمی بۆ کوردستان دەبێت، لەبری ئەوە کارەبا بۆ باشوور، بۆ ناوچە عەرەبییەکان دەگوازرێتەوە، بەمەبەستی دابینکردنی کارەبا بۆکارگەکان کە پشت بە کەرەستەی خاوی ناوچە کوردییەکان دەبەستن. ئەو ئاوەی لە بەنداوەکانەوە گلدراوەتەوە، بۆ ئاودێریکردنی زەوییە عەرەبییەکان بەکاردەهێنرێت، کە لە زەویەکانی کورد کەمترن، لە هەمانکاتدا ئەگەر پێیان بدەن، دەیان گوندی گەشەسەندوو لە دەشتی بەپیتی شارەزووردا ئاودێر دەکات. گوندنشینانی کورد کە لە کێڵگە و بژێوی ژیانیان بێبەشکراون، دەستکورتن و وابەستەی ئەو یارمەتییە بێ بایەخانەی حکومەتن کە زۆرجار لەلایەن بەرپرسانی بێویژدانەوە لێیان دەدزرێت. پاڵاوگەی خانەقینیش کە ئەم شارە کوردیە نەوتییەی ئاوەدان کردبووەوە، بە فەرمانی قاسم دەگوازرێتەوە ناوچە عەرەبییەکانی باشوور. جگە لەوەش کارگەی جگەرەی سلێمانی کە لە سەردەمی قاسمدا خەریک بوو تەواو ببێت، پێش ڕووخانی حکومەتی نوری سەعید نەیتوانی بکرێتەوە. ڕێگا گرنگەکان بۆ گواستنەوەی میوە و بەروبوومی کشتوکاڵی لە کوردستان دروست ناکرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی بەروبوومەکان، کە هەر بە دارەکانەوە دەڕزن. هەروەها کێشەی جددی تووتنیش هەیە کە پێشتر باسمان کردووە. لە کۆتاییدا، تەواوی کایە ئابوورییەکان لە قەیراندایە، کاریگەری لەسەر هەردوو عێراقی عەرەبی و کوردستان، بەتایبەتی چینی کرێکاران و جوتیاران هەیە.

١٠.سیاسەتی دەرەوەی عێراق بە تەواوی سیما و کارەکتەری دوو نەتەوەیی دەوڵەت پشتگوێ دەخات و بەرژەوەندیی کورد دەکاتە قوربانی.

١١.کێشەی پەنابەرانی کوردانی کوردستانی ئێران و تورکیا و سوریا جێگەی نیگەرانییە، سەرەڕای دەستێوەردان و نارەزایی کورد و ڕۆژنامەی خەبات، قاسم بەردەوام بوو لە بێبەشکردنیان لە مافی پەنابەری، ئەمەش بە پێی مادەی ١٩ی دەستووری

کاتـی. هەندێـک لـەو پەنابەرانـە ڕەتکراونەتـەوە یـان ڕادەسـتی حکومەتـە دراوسـێکان کـراون یـان لەلایـەن بەرپرسـانی عێراقـەوە خـراپ مامەڵەیـان لەگەڵـدا کـراوە.

١٢.ئەندامانـی کۆمیتـەی ناوەندیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان زیاتـر و زیاتـر لەلایـەن دەسـەڵاتدارانەوە چاودێـری دەکرێـن، هـەم لـە ئـازادی و هـەم لـە ناوبانگیانـدا. بەڕێـز ئیبراهیـم ئەحمـەد سـکرتێری گشـتی پارتـی بـە کوشـتنی دەرەبەگێکـی کـوردی تۆمەتبـار دەکرێـت کـە بەپێـی یاسـای گشـتی تاوانـە و بێگومـان ئـەو هیـچ پەیوەندییەکـی پێـوە نییـە و شـتێکی نامۆیـە. بەڕێـز عومـەر مسـتەفاش کـە ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی پارتیـە دەسـتگیردەکرێت و دووردەخرێتـەوە بـۆ شـارێکی عەرەبـی. ئـەو لـە سـەرەتای ئۆپەراسـیۆنەکاندا توانـی هەڵبێـت، تـا پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی شۆڕشـەوە بکاتـەوە. جگـە لـەوەش ئـەو سـەرکردە کوردانـەی لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٥٩ هـاوکاری قاسـمیان کردبـوو بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی یاخیبـوون و کودەتـای عەقیـد شـەواف، دەخرێنـە بـەردەم دادگا و بـە تۆمەتـی "هەڵگرتنـی چەکـی نایاسـایی" دادگایـی دەکرێـن.

١٣.لـە ١٧ی شـوباتی ١٩٦١، ڕۆژنامـەی ئەلسـەورە، کـە زۆر نزیکـە لـە سـەرۆک وەزیـران و نـاسراوە بـەوەی بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و شـەڕانگێزانە گوزارشـت لـەو شـتانە دەکات کـە سـەرۆك وەزیـران خـۆی لـە گوتنیـان بـەدوور دەگـرت، بابەتێکـی بەناونیشـانی "نەتـەوەی عەرەبـی و کێشـەی کەمینـەکان" بڵاوکـردەوە. ئـەم بابەتـە بـە ئاشـکرا داوای تێکەڵاوبـوون و ئاوێتەبوونـی نەتـەوەی کـورد بـە نەتـەوەی عـەرەب دەکات. لـە وەڵامـی پرسـیاری "عـەرەب کێیـە؟" ڕۆژنامەکـە دەڵێـت "هەمـوو ئەوانـەی چارەنووسـیان بـە وڵاتانـی عەرەبیـەوە بەسـتراوە، چ عـەرەب بـن یـان کـورد، ئەرمەنـی یـان ڕەشپێسـتەکان، بـە عـەرەب دادەنرێـن". ڕۆژنامەکـە لـەو بنەمایـەوە دەڕوانێتـە مەسـەلەکە کـە عێـراق وڵاتێکـی عەرەبییـە، جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە چارەنووسـی "کەمایەتییـە کوردییەکانـی عێـراق" بەسـتراوەتەوە بـە چارەنووسـی نەتـەوەی عەرەبـەوە و جەخـت لـەوە دەکاتـەوە "دەبێـت ئـەم کەمینەیـە تێکـەڵ بکرێـت". هەرچەنـدە ڕۆژنامەکـە ڕوونـی نەکردووەتـەوە، ئایـا ئـەم تێکەڵاوکردنـە بـە هێـز ئەنجـام دەدرێـت یـان نـا، بـەڵام نیگەرانـی خـۆی دەرببڕیـت کـە "لـە ڕابـردوودا، بەهـۆی ئیمپریالیزمـی بەریتانیـاوە بـە خێرایـی بـۆ ئـەم مەبەسـتە کاری پێویسـت ئەنجـام نـەدراوە".

ئاشکرایە، ناکرێت گەلی کورد تێکەڵ بە نەتەوەی عەرەب بکرێت و قاسم باش ئەمە دەزانێت، هەرچەندە ئەم مادەیە بایەخێکی ئیستیفزازی هەیە، کە ئامانج لێی پاڵپێوەنان و هاندانی کوردەکانە بۆ ڕاپەڕین، وەک پێشەکییەک بۆ دەستدرێژی و هێرشکردنە سەر گەلی کورد. ڕۆژنامە کوردیە ڕێگەپێدراوەکان، لە سەرووی هەمووان ڕۆژنامەی خەبات بە هێمنی کاردانەوەیان هەبوو بەرامبەر بابەتێکی ئیستفزازی کە ڕۆژنامەی ئەلسەورە بڵاویکردبووەوە، کە داوای تێکەڵکردنی کوردیان بە نەتەوەی عەرەب دەکرد. ڕۆژنامەی خەبات جەخت لەوە دەکاتەوە لێدوانەکانی ئەم ڕۆژنامەیە "پێشێلکردنی بنەماکانی شۆڕش"[١] و دەستووری عێراقە، بەتایبەتی مادەی ٣ و داوا دەکات ئەو بەرپرسانە بە پێی یاسا سزا بدرێن. هاوکات "وابەستەیی کوردستان بە کۆماری عێراق و بیرۆکەی برایەتی نێوان عەرەب و کورد"[٢] دووپات دەکەنەوە، بەڵام پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کوردستان جیاوازە لە وڵاتانی عەرەبی و بەشێکە لە کوردستانی گەورە. ئەمەش خواستی ئەوان بۆ پاراستنی شوناسی کەلتوری خۆیان نیشان دەدات، لە هەمانکاتدا هەوڵی پاراستنی پەیوەندییەکی ئاشتیانە لەگەڵ حکومەتی عێراق دەدەن. ڕۆژنامەی خەبات هەڵمەتێکی ناڕەزایی دژ بە مادەکە دەستپێکرد و کەسایەتییەکانی کورد و عێراقیش ناڕەزایی خۆیان دەربڕی. ڕۆژنامەکانی عەرەبی دیموکراتیش ڕەخنەیان لەو مادەیە گرت و داوایان لە ڕۆژنامەکانی کوردی کرد کۆتایی بە مشتومڕێکی مەترسیدار بهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژنامە کوردییەکان بەردەوام بوون لە لێدوان و شرۆڤەکردن، تا حکومەتی قاسم فەرمانی داخستنی ڕۆژنامەکەیانی دا، ئەمەش پاش ماوەیەکی کورت ڕوویدا. سەرەنجام بووە هۆی پچڕانی پەیوەندی نێوان کورد و حکومەت.

١٤.یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی، کە بۆ عێراقی عەرەبی داڕێژرابوو، لەگەڵ کوردستاندا نەدەگونجا. قاسم باجی زیادەی ٪١٠ی بەسەر جووتیاراندا سەپاندبوو. سوودمەندانی چاکسازی دەبوو قەرەبووی خاوەنەکانیان بکەنەوە. لە کۆتاییدا ئەمە هەم خاوەن زەوی و هەم جوتیارەکانی ناڕازی کرد، بووە هۆی ئەوەی پێکەوە یان بە جیا، دژی حکومەت ڕاپەڕن[٣]

(١) ئاماژەیە بە خودی جەنەڕاڵ قاسم و لە هەمان کاتدا بۆ خاوەندارێتی ڕۆژنامەکە.

(٢) بڕوانە ژمارەکانی خەبات لە ١٩ تا ٢٥ی شوباتی ١٩٦١.

(٣) بڕوانە ڕۆژنامەی لو مۆندی فەڕەنسی لە ١٠ی نیسانی ١٩٦٣.

### ٣. ڕێو شوێنە خۆپارێزییە سەرەتاییەکانی کورد

بارزانی هەستی کرد چیتر لە بەغدا سەلامەت نییە و زیاتر نیاز و مەبەستە خراپەکانی قاسمی بۆ ڕوون بووەوە، بۆیە بەغدای پایتەختی بەجێهێشت و گەڕایەوە زێدی خۆی لە ناوچەی بارزان. لەوێ، لەگەڵ جەنگاوەر و پێشمەرگە دێرینەکانی شۆڕشی ١٩٤٥، بۆ بەرگریکردن دەستی بە ڕێکخستنی هێزێک کرد. بە چەند پارچە چەك و ئامرازێکی کەم، جاشە دراوسێکانی سەرسام کرد، کە هاوپەیمانی قاسم بوون و مەترسییەکی ڕاستەوخۆیان هەبوو. لە ١٥ تا ١٩ی تەمووز شەڕێکی سەخت ڕوویدا، بەڵام تا چەند ڕۆژێک دواتر هەواڵەکە نەگەیشتە میدیا بیانی و جیهانییەکان. سەرکردە جاشەکان زیانی گەورەیان بەرکەوت و هەندێکیان پەنایان بردە بەر تورکیا. هەروەها بارزانی توانی دەست بەسەر چەندین چەکی مۆدێرنی یەکێتی سۆڤیەت و چیکۆسلۆڤاکیا بگرێت کە قاسم پێشتر بە جاشەکانی دابوو.

دوای ئەوەی قاسم بە شکستی دەرەبەگ و ئاغاکانی زانی، فەرمانی بە یەکەکانی سوپا و پۆلیس کرد " بەرەو باکوور " برۆن بۆ ئەوەی گوایە "ڕێکخستن و نیزام بگەڕێننەوە". لەوەش جدیتر، پلانی هەیە دەستبەجێ ناوچەی بارزان بۆردومان بکات، بەڵام فوئاد عارف ژەنەڕاڵی کورد کە هاوکات وەزیری دەوڵەتە، بە هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوە توانی ڕازی بکات دەستبەرداری ئەو بیرۆکەیە بێت. ئەمەش بەو مانایەیە کە ململانێکان تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتی ڕاگیراوە.

## ٤. کورد لە ڕێگەی یاداشتنامەوە پەیامەکانی دەنێرێت

سێ یاداشتنامەی یەک لەدوای یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە دووانیان ئاراستەی "جەنابی سەرۆک وەزیران، ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان" کراوە، کاتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی کەم پێش دەستپێکردنی شەڕ. ئەم یاداشتنامانە نیشانەن کە بزووتنەوەی کورد هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی ڕژێم سیاسەتێکی دیموکراتی پەیڕەو بکات و باشتر لە کێشە و دۆزی گەلی کورد تێبگات.

یاداشتی یەکەم[١]، کە بیست و دوو لاپەڕەی چاپکراوە، میانڕەوی تێدایە.

پارتی دیموکراتی کوردستان ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت و جەخت لەوە دەکاتەوە، پاش ١٠ مانگ لە هەوڵدان سەرکەوتوو نەبوو لە گرێدانی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک وەزیران "بۆ ئەوەی بە ڕوونی و ڕاشکاوانە بارودۆخی گشتیی وڵات و هەندێک کێشەی نەتەوەیی کوردی بۆ ڕوون بکاتەوە". ئەم یاداشتە ستایشی "شۆڕشی ١٤ ی تەمووز" دەکات و تیشکی خستە سەر ڕۆڵی خەڵک کە شانبەشانی سوپا گێڕاویانە. دواتر گلەیی لەوە دەکرێت کە "قۆناغی گواستنەوە و باری نائاسایی" سەرەڕای بەڵێنە دووبارەکراوەکان بە "ڕژێمێکی دیموکراتی و دادپەروەر" نەگۆڕاوە، ئەمەش بووە هۆی ناڕەزایی خەڵک. لەیاداشتەکەدا جەخت لەوە دەکرێتەوە کە ئەو پارتە سیاسیانەی چالاکیەکانیان لەلایەن حکومەتەوە پەکخراوە و سڕکراوە، پێویستە مەرجی ئازادییان هەبێت، بتوانن ڕۆڵێکی بەسوود بۆ وڵات بگێڕن. پاشان باسی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و چاکسازی کشتوکاڵی دەکات و ناڕەزایی دەردەبڕێت کە "لە زۆرێک لە خزمەتگوزارییە گشتییەکانی دەوڵەت درز و کەلێنی گەورە لەنێوان خەڵک و حکومەتدا دروست بووە و بەرژەوەندیی دەرەبەگایەتی بەسەر جووتیاراندا پەسەند کراوە، بەتایبەتی لە کوردستان".

تەنیا چوار لاپەڕە بۆ کێشەی کورد تەرخانکراوە تێیدا پارتی دیموکراتی کوردستان جەخت لەسەر ڕۆڵی خۆی دەکاتەوە لە "ئاڕاستەکردنی هەستی نەتەوەیی کورد هەم لە کوردستانی عێراق و هەم لە بەشەکانی تری کوردستان لە ڕێگەی شەڕکردن لە دژی

---

(١) بەداخەوە کۆپی ئەم یاداشتەی لە لامانە ڕێکەوتی لەسەر نییە. بە ئەگەرێکی زۆرەوە مێژووەکەی بۆ سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦١ دەگەڕێتەوە.

دوژمنانـی کۆمـارە تـازە دەمەزراوەکەمـان کـە سـەرکەوتنی گەورەمـان بەدەسـتهێناوە". سـەبارەت بـە "مـادەی ٣ی دەسـتوور"، یاداشـتەکە دەڵێـت "یەکێکە لـە بەرهەمە باشـەکانی خەباتـی هاوبەشـی درێژخایەنـی هـەردوو گـەلی عـەرەب و کـورد لـە دژی ئیمپریالیـزم و پاشـایەتی و کۆنەپەرستی". سـەرەڕای گومانـی ڕەشـبینەکان، پارتـی پێیوایـە داننـان بـە مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد و پەیوەنـدی نێـوان کـورد و عـەرەب بنەمایەکـی باشـە و دەکرێـت لەداهاتـوودا بـۆ باشترکردنـی پەیوەندییەکانـی نێـوان ئـەم دوو نەتەوەیـە پـەرەی پێبدرێت". گەلـی کـورد هیـوای دەخواسـت ڕژێمـی نـوێ کۆتایـی بـەو چەوساندنەوەیە بهێنێـت کـە بەشـێکی پەیوەنـدی بـە ئیمپریالیزمـەوە[١] هەیـە و بەشـێکی پەیوەنـدی بـە نەتـەوەی عەرەبـەوە دژی کـورد هەیـە. بەتایبەتـی "گەلـی کـورد هیواخـوازە ڕژێمـی نـوێ کۆتایـی بـە سیاسـەتی فریـودان و هەڵخەڵەتانـدن و نکۆڵیکـردن لـە بوونـی نەتـەوەی کـورد بهێنێـت کـە بەشـێکی لـە کوردسـتانی عێراقـدا دەژی". لـە یاداشـتەکەدا جەخـت لـەوە دەکرێتـەوە "گەلـی کـورد نـە تورکـە و نـە فـارس و نـە عـەرەب"ە، هەروەهـا بـە تونـدی هێـرش دەکاتـە سـەر ئـەو "کەمپیـن و هەڵمەتـە زیانبەخشـەی داوای بـە عەرەبکردنـی کـورد دەکات ئـەوەی لـە مێژووشـدا مەحکـوم بـە شکسـت بـووە و هەندێـک لـە ڕۆژنامەکانـی بەغـدا پشـتیوانی لێدەکـەن، و دەڵێـت ئەمـە پێچەوانـەی مـادەی ٣ی دەسـتوورە و هـۆکاری سـەرەکی گرژییەکانـی ئێسـتایە". لەگـەڵ ئەوەشـدا، یاداشـتنامەکە "دژایەتـی تۆمەتـی بـێ بنەمـا سـەبارەت بـە جوداخوازیـی کـورد" دەکات و پابەندبوونـی بـە "یەکێتـی نەتەوەیـی عێـراق، برایەتـی عـەرەب و کـورد و خەباتـی هاوبـەش" دووپـات دەکاتـەوە. لـە کۆتاییـدا یاداشـتنامەکە ناڕازیبوونـی گەلـی کـورد لـە چەنـد بوارێـك دەخاتـەڕوو. بەشێکیشـی دیکـەی بـۆ "سیاسـەتی ئابـووری" تەرخـان دەکات کـە بـە ناعەقڵانـی و "کوردسـتانی بێبەشـکراو" دادەنرێـت، سـەرەڕای ئـەوەی خاکـی کوردسـتان پـڕە لـە "کەرەسـتەی خـاو". هەروەهـا بـاس لـە "سیاسـەتی نەوتـی حکومـەت" دەکات کـە کاریگـەری لەسـەر ئـەو ڕاسـتییە هەیـە کـە کۆمپانیـا بیانییـەکان "ئـاگاداری بۆشـایی نێـوان حکومـەت و خەڵـک و

(١) بەڕێـز ئیبراهیـم ئەحمـەد لـە وتارەکەیـدا لـە ٢٧ی تەمـووزی ١٩٥٨ جیـاوازی لـە نێـوان ئـەو چەوساندنەوەیە کـرد کـە کاریگـەری لەسـەر هەمـوو گەلـی عێـراق و عـەرەب و کـورد هەبـوو، بەهـۆی سیاسـەتی کۆنەپەرسـتانەی پاشـایەتی و ئـەو سـتەمە نەتەوەییـەی لەلایـەن عەرەبـەوە لـە کـورد دەکرێـت. جەختـی لـەوە کـردەوە کـورد "دوو جـار دەچەوسـێنرێتەوە".

بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتـەوەی کـوردن، لـە کاتێکـدا پەیوەندییەکانـی نێـوان عێـراق و کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبـی بـە خراپـی ماونەتـەوە". هەروەهـا لـە یاداشـتەکەدا ڕەخنـە لـە "کارەکانـی حکومـەت و ئیـدارە" گیـراوە، کـە لـە ڕژێمـی کۆنـەوە بـە میـرات ماوەتـەوە، هەروەهـا "چاکسـازی کشـتوکاڵی"، کـە جێبەجێکردنـی زیاتـر ڕووکەشـە نـەك واقیعـی، بـە تایبـەت لـە پارێزگاکانـی هەولێـر و مووسـڵ. لـە کۆتاییـدا ئاماژە بـە "مانگرتنە جەماوەریـەکان" دەکات کـە بـە "شـێوازە دیکتاتۆرییـەکان" سـەرکوت دەکرێـن و بـاس لـە ئـازادی ڕۆژنامەگـەری و ئـەو ئاسـتەنگانە دەکات کـە ڕووبـەڕووی دەبنـەوە.

یاداشـتەکە بـە لیسـتێکی کورتـی داواکارییـەکان کۆتایـی دێـت کـە ئامانـج لێـی چارەسـەرکردنی کێشـە باسـکراوەکانن.

دووەم یاداشـتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ قاسـم لـە ٣٠ تەمـووزی ١٩٦١ بـە ناونیشـانی "جدیەتـی بارودۆخـی کوردسـتان" پوختـتر و چڕتـر و تایبەتـە بـە کێشـەی کـورد. لـەم یاداشـتەدا پارتـی نـۆزدە بابەتـی نارەزایـی خسـتۆتەڕوو کـە سیاسـەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیـی دژ بـە گەلـی کـورد نیشـان دەدات، بـەراورد بـە یاداشـتی پێشـوو ئاوازەکـە زۆر بەهێزتـرە. ئەمانـە نـۆزدە خاڵـن کـە پێشـکەش کـراون[1]:

١. "لەبیرکردنـی مـادەی ٣ دەسـتوور": حکومـەت بـە تـەواوی بـێ ئاگایـە لـەوەی کۆمـار عێـراق هـی هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کـوردە.

٢. "ڕاگرتنـی خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی": بەڕێوبەرایەتـی گشـتی پـەروەردە بـە زمانـی کـوردی کار نـاکات و پشـتگوێی خسـتووە.

٣. بێبەشـکردن لـە مافـی خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی: قوتابـی کـورد لـە قوتابخانەکانـی ناوەنـدی و دواناوەنـدی بێبـەش دەکرێـن لـە "مافـی خوێنـدن بـە زمانـی خۆیـان، کـە مافێکـە لـە دەسـتوور دانپێدانـراوە".

٤. "حکومـەت لـە پارێـزگا کوردییەکانـدا زمانی کـوردی وەک زمانـی ڕەسـمی بەکارناهێنێت، بـە پێچەوانـەی ڕژێمـی پێشـوو کـە ئـەو مافـەی بـە تـەواوی لـە کـورد زەوتنەکردبوو".

---

(١) هەمـوو بڕگەکانـی نـاو نیشـانەی کەوانـە وەرگیـراون وشـە بـە وشـە وەرگێـڕدراون، ئەوانـی تـر پوختەیـە؛ لـە عەرەبیـەوە وەرگێـڕدراون (ئەرشـیف).

٥. "فەرمانبەرانی کورد زۆرجار دەنێردرێن بۆ کارکردن لە دەرەوەی کوردستان و نوێنەرایەتییان لە ئیدارە و بەتایبەتی لە پۆستە باڵاکاندا زۆر کەمە".

٦. سەدان پۆلیسی کورد گواستراونەتەوە باشووری عێراق.

٧. حکومەت هیچ پڕۆژەیەکی پیشەسازی و کشتوکاڵی و بیناسازی بۆ ناوچە کوردستانییەکان تەرخان ناکات. تاکە بواردنێک کە لە یاداشتنامەکە باسکراوە، کارگەیەکی جلی ژێرەوە و گۆرەوییە، کە بڕیار بوو لە هەولێر دابنرێت، بەڵام دواجار بۆ ناوچەیەکی عەرەبی گواسترایەوە.

٨. "قوتابیانی کورد لە وەرگرتن ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە، بەتایبەتی لە قوتابخانە و فێرگە سەربازیەکان. سەرەڕای ئەوەش، ئەفسەرانی کورد کە شایستە پلەیان بەرز ناکرێتەوە و ئەوانی دیکەش ڕووبەڕووی مامەڵەی ناخۆش دەبنەوە کە زۆربەیان ناچار دەبن دەست لەکاربکێشنەوە و دەستلەکارکێشانەوەکەشیان بەخێرایی قبوڵ دەکرێت".

٩. حکومەت پارە و چەک بە هەندێک لە "دەرەبەگەکانی کورد دەدات کە بە کارمەند و بریکاری ئیمپریالیزم دادەنرێن و پێشتر پەیوەندیان بە نوری سەعید"ەوە هەبووە. گەلی کورد بە خیانەتکاریان دەزانێت.

١٠.حکومەت چەند بەرپرسێک خەڵات دەکات کە بە "دوژمنایەتییان بەرامبەر بە نەتەوەی کورد" ناسراون.

١١.پارتی دیموکراتی کوردستان، کە نوێنەر و پێشەنگی گەلی کوردستانە، ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و ستەمی گەورە بووە.

١٢.حکومەت ڕێوشوێنی دژی ڕۆژنامەگەری کوردی گرتووەتەبەر بە قەدەغەکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەک خەبات و کوردستان و ئازادی و دەنگی کورد و ڕاستی و هەتاو هتد.

١٣.حکومەت هیچ هەنگاوێکی لە دژی ئەو ڕۆژنامانە نەگرتۆتەبەر کە داوای تواندنەوە و تێکەڵاوی گەلی کورد بە نەتەوەی عەرەب دەکەن، هەرچەندە "پەیوەندییە نزیك و تایبەتیەکانیان لەگەڵ هەندێک لە بەرپرسانی دەوڵەت بە باشی" زانراوە.

١٤."گەلی کورد تووڕەیە لەوەی ڕاپەڕینەکانیان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی بە کاریگەری ئیمپریالیزم وەسف دەکرێن".

١٥."حکومەت ڕێزێکی کەم بۆ هەستی نەتەوەیی کورد دادەنێت، ڕێوشوێنی بێزارکەر دەگرێتەبەر کە ئامانجی بەرەنگاربوونەوە و سوکایەتیکردنە بە ناسنامەی کورد"[١].

١٦."حکومەت ستراتیژێکی ئیمپریالیستی "دابەشکردن و حوکمڕانی" دەگرێتەبەر، سەربازە کوردەکان دەنێرێت بۆ باشوور و سەربازە عەرەبەکان بۆ پارێزگا کوردییەکان دەگوازێتەوە. ئەمەش ئامانجی لاوازکردنی بزووتنەوەکانی مانگرتن و خۆپیشاندانە ناوخۆییەکانە، بۆ نموونە سەرباز و پۆلیسی کورد بۆ سەرکوتکردنی مانگرتنی شۆفێرانی تاکسی لە ئەعزەمیەی بەغدا بەکارهێنران".

١٧."ڕێوشوێنی دەستگیرکردن و دوورخستنەوە لە دژی کورد و بەتایبەتی مامۆستایان گیراونەتەبەر".

١٨.جیاکاری لەنێوان عەرەب و کورد دەکرێت، تەنانەت سەبارەت بە ئازادکردنی هەندێک لە دەستگیرکراوەکان و دوورخراوەکانیش.

١٩.حکومەت بێدەنگە لە بەرامبەر کردەوەی کوشتن و تیرۆرکردنی کورد، بەتایبەتی لە کەرکووک. سەرەڕای ئەوەش، وادیارە دەسەڵاتداران هانی ئەم توندوتیژییانە دەدەن کە ترس و نائارامی لەناو کۆمەڵگای کوردی زیاد دەکەن.

پاش خستنەڕوو و باسکردنی ئەو ناڕەزایەتیانە و ئاماژەکردن بە دەنگۆی چڕبوونەوەی سەربازی لە دەوروبەری بارزان و ناوچە کوردییەکانی دیکە کە گرژییان زیادکردووە، لە یاداشتەکەدا هاتووە:

"پارتی دیموکراتی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە، گرنگە جددیەت و مەترسی بارودۆخی کوردستان و ڕادەی بەرپرسیارێتییان بەرامبەر ئەم پرسە وەبیر سەرکردەکان بخرێتەوە. بەڕوونی ئاگاداریان دەکاتەوە، ئەگەر ئەم سیاسەتە

(١) بۆ نانەتەوەیی کردنی گەورەترین و کۆنترین جەژنی نەتەوەیی کورد، "نەورۆز" (ڕۆژی نوێ) کە یەکەم ڕۆژی بەهار بوو، قاسم ناوی گۆڕی بۆ ‹‹فێستیڤاڵی درەخت›› و بە نەتەوەی عەرەبی بەستەوە. دوای ئەوەی خانەقینی شارۆچکەی کوردستان، لەسەر ڕێگای بەغدا - تاران، حکومەت تابلۆ کوردییەکانی ڕاگەیاندنی سنووری لابرد. لەوێستەگەی شەمەندەفەرە سنوورییەکان و لە فرۆکەخانە، گەشتیارانی کورد بە ئەنقەست دەپشکنرێن و بێزار دەکرێن. "گەمی کوردی" تەقلیدی، کە چەندین سەدە لە بازاڕی بەغدا ناسراوە، بە فەرمی ناوی گۆڕدرا.

بــەردەوام بێــت، لەگــەڵ جێگیرکــردن و بڵاوکردنــەوەی ســەرباز، مەترســی ئــەوە هەیــە شــەڕی ناوخــۆی لێبکەوێتــەوە. شــەڕێک کــە ئیمپریالیــزم لێــی ســوودمەند بێــت و زیانــی بــۆ هــەردوو گەلــی عــەرەب و کــورد دەبێــت".

بــۆ دوورکەوتنــەوە لــەم مەترسییە، پارتــی دیموکراتــی کوردســتان داوا لــە حکومــەت دەکات بەپەلــە ئــەم ڕێوشــوێنانەی خــوارەوە بگرێتەبــەر:

١. "هێــزەکان بکشــێنەوە کــە لــەم دواییانــەدا لــە هەندێــک ناوچــەی کوردســتان کۆکراونەتــەوە و خۆیــان لــە هــەر جووڵەیەکــی ســەربازی نائاســایی لــەو ناوچانــەدا بــەدوور بگــرن".

٢. "هەمــوو کاربەدەســتانی کارگێــڕی و ئەمنــی و پۆلیــس کــە بەهــۆی کەمتەرخەمــی و ئیســتیفزاز و لایەنگیریــی لــە ڕووداوەکانــی ئــەم دواییانــەدا تێــوەگلاون، لــە کوردســتان دووربخرێنــەوە و بدرێنــە دادگای پەیوەندیــدار".

٣. ئــەو فەرمانبــەرە حکومییــە کوردانەی گواســترابوونەوە یــان دوورخرابوونــەوە، بیاهێننەوە کوردســتان، کوردانــی دڵســۆز لــە کۆمــار و برایەتــی کورد-عەرەبــی بــۆ پۆســتی پارێــزگار و ناحیــە کوردییــەکان دابنێــن.

٤. بەتەواوی مادەی ٣ی دەستوور جێبەجێبکرێت و لەهەموو ڕوویەکەوە یەکسانی تەواو، لە نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب، لەژێر ئاڵای کۆماری عێراق مسۆگەربکرێت.

٥. پێویســتە ئــەو کەســانەی دژایەتــی ئــەو ئایدیــا و پرەنســیپانە دەکــەن کــە بــە شــۆڕشی ١٤ی تەمــووزی ١٩٥٨ لــە عێــراق دامــەزران، ســڕبکرێن یــان لــە نــاو دامــودەزگا حکومییــەکان و گشــتییەکان دوور بخرێنــەوە.

٦. پێویســتە مافــە دیموکراتییەکانــی خەڵــک بگەڕێندرێتــەوە و قۆناغــی گواســتنەوە بــە پێکهێنانــی حکومەتێــک کــە بەرپرســیار بێــت لەبــەردەم پەرلەمانێــک کــە ئازادانــە لەلایــەن هاوولاتیانــەوە هەڵبژێردرابێــت. هەروەهــا داوای هەڵوەشــاندنەوەی هەمــوو یاســا و بڕیــارە نائاســاییەکان دەکرێــت کــە ئــەم مافانــە ســنووردار دەکــەن.

٧. ئــەو بڕیارانــەی لــە کۆنگرەی مامۆســتایانی کــورد لــە ســاڵی ١٩٦٠ دا دەرچــوون، دەبێــت بــۆ باشــترکردن و بەرەوپێشــبردنی کەلتوری کــورد جێبەجــێ بکرێــن.

٨. پێشنیاز كراوە زمانی كوردی وەک زمانی فەرمی دەوڵەت لە هەرێمی كوردستان بناسرێت.

٩. داوا دەكرێت كاریگەرییەكانی سیاسەتی جیاكاری دژ بە كورد نەهێڵرێت و ڕێوشوێنی پێویست لە دژی ئەو كەسانە بگیرێتەبەر كە هانی ئەم جیاكاریەیان داوە.

١٠.دەبێت هەر ڕێسا و یاسایەک كە قەدەغەكردنی چاندنی تووتن لە هەرێمی كوردستان سنووردار بكات، لاببرێت و هەڵبوەشێنرێنەوە.

١١.پێویستە بۆ كەمكردنەوەی بارگرانی دارایی لەسەر جووتیاران، یاسای باجی موڵک هەمواربكرێتەوە.

١٢.پێویستە بە دامەزراندنی خێرای كۆمپانیای نوێ لە كەرتی پیشەسازی و بیناسازی بەرەنگاری بەرزبوونەوەی ئاستی بێكاری ببنەوە.

١٣.گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بۆ كەمكردنەوەی تێچووی ژیان بۆئەوەی كەلوپەل و كاڵا و خزمەتگوزارییەكان بۆ خەڵک هەرزانتر بێت.

پارتی دیموكراتی كوردستان لە كۆتایی یاداشتەكەیدا داوا لە "گەلی بە شەرەفی عەرەبی عێراق و هەموو لایەنە نەتەوەییەكان دەكات، پشتیوانی لە داوا ڕەواكانی بكەن و حكومەت كارێك بكات، لە ئاست جێبەجێكردنی ئەم مافانە بێت". بۆ هۆشیاركردنەوەی بارودۆخی كورد و هاندانی كردەوەی دەستەجەمعی، ئەم یاداشتە لەناوخۆی وڵات بە شێوەیەكی بەرفراوان بڵاوكرایەوە.

یاداشتنامەی سێیەم لە ٣ی ئابی ١٩٦١ نووسراوە، ئاراستەی وەزیری ناوخۆ و كۆپییەكی بۆ ئەنجومەنی سەروەری و سەرۆک وەزیران و وەزیری داد نێردراوە. لەم یاداشتەدا پارتی دیموكراتی كوردستان نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت و ئاماژە بەوە دەكات؛ سەرەڕای نامەیەكی وەزیر لە ٣٠ی ئایاری ١٩٦١ كە ڕێگەی بە بەستنی كۆنگرەی ساڵانەی نەتەوەیی داوە، بەڵام بەهۆی ئەو كۆسپ و تەگەرانەی حكومەت خستوویانەتەڕوو، نەتوانرا ئەو كۆنگرەیە ئەنجام بدرێت.

### ٥. دەستدرێژی، یان دیدگا و تێڕوانینی کورد

سـەرەڕای ئـەو گرژییـە زۆرەی لـە کوردسـتاندا هەبـوو، تـا کۆتـا خولـەک ژەنـەڕاڵ بارزانـی و هاوکارەکانـی لـە پارتـی هەوڵیانـدا خۆیـان لـە ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ حکومـەت بـەدوور بگـرن. ئـەوان پێیـان بـاشتر بـوو بـەدوای چارەسـەری ئاشـتیانەدا بگەڕێـن، نـەک بچنـە نـاو ململانـێ.

بـۆ ئـەوەی خوێنـەر لـە ڕووداوەکان تێبگات، سوودی دەبێـت ئەگـەر نامەیەکـی بەڕێـز جەلال تاڵەبانی وەربگرین کە ئەندامی مەکتەبی سیاسـی پارتی و فەرماندەی سـەربازی بووە لـە پارێزگاکانـی سلێمانی و کەرکـووک. ئـەم نامەیـە کەمێـك درێژە بیسـت و چـوار لاپەڕەیە، بـۆ بـارەگای ژەنـەڕاڵ بارزانـی نـووسراوە، کـە کۆمیتـەی ناوەندیـی پارتـی لێ کۆدەبـووەوە و بـەرواری ٩ی تەمـووزی ١٩٦٢ی لەسـەرە: جـەلال تاڵەبانـی دەنووسـێت: "سـەرۆک بارزانـی چەنـد کاتژمێرێـک مۆڵەتـم پـێ بـدە تـا ئـەم نامەیەتـان بۆ بنووسـم... ئێمـە لـە چیاکانین کە شـەڕی ئازادکردنـی ڕایـات لـەوێ بەڕێـوە دەچێـت. فڕۆکەکانـی قاسـم ناوچەکـە بۆردومـان دەکـەن، تەنانـەت ئەمـڕۆش بەلامـان تێپەڕیـن و بۆمبابارانیـان کـردووە، بـەڵام زیانەکەیـان تەنیـا سـوتاندنی پـاشماوەی ئـەو بەروبوومانەیـە کـە پێشتر وشـک بـوون و زیاتر نـا...".

هاونیشـتیمانیانمان پـێمان ڕادەگەیەنن؛ کۆمیتـەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردسـتان لـە نیسـانی ١٩٦١ کۆبـووەوە، بۆ بڕیاردان لەبـارەی ئەوەی ئایا پارتی لە بەرامبەر ئیسـتیفزاز و نیـازە دوژمنکارەکانـی حکومەتـی قاسـم "شـۆڕش ڕابگەیەنێت، یان ئەگەر قاسـم هێرشـی کـردە سـەر بـارزان یـان کوردسـتان بـە گشـتی، هەڵوێسـتی بەرگریکارانـە بگرینەبـەر". دوو بۆچوونـی ناکـۆک و دژیـەك هەبـوون. یەکەمیـان کـە نوێنەرایەتـی کەمینەیەکـی دەکـرد و تاڵەبانـی بەشـێک بـوو لێیـان، ویسـتی دەسـتبەجێ شـۆڕش دەسـتپێبکات، ئەگـەر ژەنـەڕاڵ بارزانـی سـەرۆکی پارتـی، ڕازی بـوو. بۆچوونـی دووەم، زۆرینـە بـوو، سـکرتێری گشـتی بەڕێـز ئیبراهیـم ئەحمـەد پاڵپشـتی دەکـرد، پێیوابـوو کوردسـتان ئامـادە نییـە جەنـگ لـە دژی حکومـەت بەرپـا بـکات. ئـەوان وا بیریـان دەکردەوە کـە ئامادەکارییە سـەربازییەکانی کـورد بـەس نییـە، تەنانـەت ناوچـەی بارزانیش کـە ژەنـەڕاڵ بارزانـی لێبـوو، لـە دۆخێکـی سـەربازیی سـەقامگیردا نییـە و هیـچ پشـتیوانییەکی دەرەکـی بـۆ کـورد نییـە، بۆیـە داوای ئەوەیـان دەکـرد بـە وریاییـەوە بمێننەوە و لـە حاڵەتی بەرگریـدا بن، مەگـەر بارزانی بڕیاری

پێچەوانە بدات و بیەوێ شۆڕش لە بارزانەوە دەست پێبکات. لەم نێوەندەدا پارتی دەبوو پێشتر ڕێوشوێنی بەرگری بگرێتەبەر. لێژنەیەك بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵێک پارتیزان و دامەزراندنی کۆگای چەک و تەقەمەنی و خۆراک دەستنیشانکرا. تاڵەبانی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە ڕاسپێردرا کە ئەنجامی گفتوگۆکانیان بخاتە بەردەم ژەنەڕاڵ بارزانی. ژەنەڕاڵ بارزانیش بەبێ دوودڵی، بژاردەی دووەمیانی هەڵبژارد، کە بوو بە سیاسەتی فەرمی حزب. تاڵەبانی ڕوونی دەکاتەوە "سەرۆکمان بەڕێز بارزانی بە هیچ شێوەیەک پەرۆشی ڕاگەیاندنی شۆڕش نەبووە". هەروەها بەبیرکردنەوە و دانان کە ڕووداوەکان سەلماندوویانە بۆچوونی ژیرانەی زۆرینە هەڵبژاردەیەکی دروست بووە.

تاڵەبانی بەردەوامە و دەڵێت: لە مانگی ئابدا، لە بەرامبەر جۆش و خرۆشی دانیشتوان، گروپە چەکدارەکانی هۆزە جیاوازەکان لە چەند ناوچەیەکی وڵات کۆبوونەوە. بۆ نموونە لە خەلەکان لە ناوچەی ڕانیە بە سەرکردایەتی عەباس مامەند ئاغا و شێخ حوسێن بۆسکێنی، هەروەها لە سورداش لە ناوچەی سلێمانی و چوارتا. سەرەڕای ئەوەش، خۆپیشاندانەکانی جوتیاران کە زۆربەیان ئەندامانی پارتی بوون، لە شەقلاوە بە سەرۆکایەتی عەبدوڵلا ئیسماعیل ئەنجامدرا.

هەڵوێستی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر ئەم کۆبوونەوانە، بەشداری کردن بوو لەو بزووتنەوانە، بۆ ئاراستەکردنی وزەی هۆزەکان و ڕێنمایکردنیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە و لە سەرووی هەمووشیانەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی حکومەت. بۆ ئەم مەبەستەش، عومەر مستەفا ئەندامی مەکتەبی سیاسی نێردرایە خەلەکان و تاڵەبانی چووە چوارتا لە باشوور.

لەکۆتایی مانگی ئاب، بەرپرسانی پارتی تووشی سەرسوڕمان بوون. سەرۆک هۆزەکان بە پشتگوێخستنی ڕاسپاردەکانیان، دەستیان بەسەر دوو ناوچەی گرنگدا گرت، ئەوانیش دەربەندی-بازیان و دەربەندیخان بوو کە خاڵی چوونە ناو ناوچەی سلێمانیە، دەربەندی-بازیان بەرەو کەرکووک و دەربەندیخان بەرەو خانەقین دەچن. لە هەمان کاتدا، بارزانی لە بارزان مایەوە و قاسم ئامادەی جەنگ بوو و لە ڕەتکردنەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دوورکەوتنەوەی گرژیەکان بەردەوام بوو.

لە ٦ی ئەیلوولدا بۆ یادکردنەوەی ٣١ هەمین ساڵیادی کۆمەڵکوژی ساڵی ١٩٣٠ لە سلێمانی، پارتی دیموکراتی کوردستان مانگرتنێکی گشتی لە کوردستان ڕێکخست. ئەم مانگرتنە ئاشتیخوازانە بوو و مەبەست لێی پشتگیری ئەو یاداشتانە بوو کە پارتی بۆ سەرۆکی حکومەتی ناردبوو.

تاڵەبانی لە نامەکەیدا دەنووسێت: "سەرکەوتنی مانگرتنەکە تەواو و بێ وێنە بوو: سەرجەم شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و پێنجوێن و دەربەندیخان و چوارتا و ماوەت و ڕانییە و قەڵادزێ و کەرکووک و کۆیە و چەمچەماڵ و دهۆك و زاخۆ و ئامێدی و شەقڵاوە و ڕواندز و خانەقین دوکان و فرۆشگاکانیان بەتەواوی داخستووە. لەلایەکی دیکەوە، سەرکەوتنی مانگرتنەکە لە هەولێر و توزخورماتوو و کفری و پردێ کەمتر دیار بوو".

تاڵەبانی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: "ڕووداوەکان خێراتر بوون. بڕیار بوو کۆمیتەی ناوەندی لە ١٤ی ئەیلوولدا کۆببێتەوە بۆ پێداچوونەوە بە بارودۆخەکە، بەڵام ئەو دەستدرێژییە دڕندانەیەی حکومەتەکەی قاسم لە ٩ی ئەیلوولدا ڕوویدا، هاوکات لە دژی دەربەندیخان و دهۆک، پاشان لە ١١ی ئەیلوولدا دژی بازیان و تەواوی کوردستانی عێراق ئەنجامدرا. دوژمنمان قاسم هەموو جبەخانە مۆدێرن و وێرانکەرەکەی بەکارهێنا: فڕۆکە، تانک، زرێپۆش، تۆپخانە، دۆشکە و هتد. (...)".

"لە ١١ی ئەیلوولدا سکرتاریەتی پارتی دوو بڕیاری دا: ١- ڕێکخستنی بەرخۆدان بە گرتنەبەری تاکتیکی شەڕی پارتیزانی، بە پێچەوانەی سەرکردە خێڵەکییەکانەوە کە هێرشی بەرەییان پێ باشتر بوو. ٢- ناردنی بەڕێز عومەر مستەفا بۆ لای ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ ئەوەی لە بارودۆخی بارزان[1] تێبگەن. زانیمان لە ١٦ و ١٧ی ئەیلوولدا هێرش کراوەتە سەر بارزان، لە ١٨ی مانگەوە بارزانی لە حاڵەتی شەڕدایە. تەنیا دوای ئەوەی زانی قاسم بارزان ڕادەکێشێتە ناو شەڕەوە، پارتی فەرمانی بە ئەندامانی خۆی کرد بچنە ناو شەڕی پارتیزانی".

تاڵەبانی دەڵێت: "بەڵام شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا: لە باشوور، لە پارێزگای سلێمانی، گروپە خێڵەکیەکان بەتەواوی تێکشکێندران، تەنیا ئەندامانی پارتی لەسەر

(١) دووری نێوان بارزان و سلێمانی کە سکرتێری گشتی پارتی لێیە، زۆرە، بۆیە پەیوەندی کردن سەختە.

ئـەرزی واقیـع و مەیدانەکـە مابوونـەوە کـە ژمارەیـان کـەم و چەکیـان نەبـوو. لـە پارێـزگای هەولێریـش چەنـد سـەد لایەنگـری پارتـی بـە فەرماندەیـی عەبـدوڵلا ئیسماعیـل بـۆ مـاوەی سـێ مانـگ بەرگەیـان گـرت(...) لـە دژی هێـزە باڵادەسـتەکانی دوژمـن بـە پشـتیوانی "جاشـەکان"، واتـە هێـزە نائاسـاییەکان کـە لـە دەرەبەگـە خائینەکانـی کـورد پێکهاتـوون(...). پـاش چەنـد سـەرکەوتنێکی سـەرەتایی، ناچـار بـوون پاشەکشـە بکـەن و لـە چیـای سـەفین سـەر بـە ناوچـەی خۆشـناو کۆببنـەوە".

ئاشـکرایە؛ لـە ڕووی سـەربازییەوە گەلـی کـورد تووشـی سەرسـوڕمان بـووە. لـە ڕاگەیەندراوەکـەی ١٦ی ئەیلوولـی ١٩٦١، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان جەختـی لـەوە کـردەوە کـە سروشـتی دژە دیموکراسـی حکومەتـی قاسـم "هانـدەرە هێـرش بکاتـە سـەر نەتـەوەی کـورد کـە بـاوەڕی بـە دیموکراسـی هەیـە. ئـەم حکومەتـە هێزەکانـی لـە دژی گەلـی کـورد کۆدەکاتـەوە و بانگەشـەی ئـەوە دەکات لەلایـەن هێـزە ئیمپڕیالیسـتەکانەوە لـە کوێتـەوە وڵات هەڕەشـەی لێدەکرێـت. سـەرۆکی حکومـەت و هاوپەیمانەکانـی و میدیـا و ڕاگەیاندنەکانـی هـەوڵ دەدەن ڕای گشـتی عێـراق لـە دژی بزووتنـەوەی دیموکراتـی کوردسـتان بەکاربهێنـن و بـە جوداخـوازی و پیلانگێـڕی ئیمپریالیـزم و پەیمانـی سـێنتۆ(هاوپەیمانی دامـەزراوە ناوەندییـەکان) و یاخیبـوون لـە دژی کۆمـاری نیشـتمانپەروەری عەبدولکەریـم قاسـم تۆمەتبـار بکـەن! ".

"ئـەوەی جێگـەی متمانـە نییـە بـە ژەنـەڕاڵ قاسـم و ڕۆژنامەکانـی، بڵاوکردنـەوەی بروسـکەیە بـۆ پشـتگیری لـە تاوانـە دڕندەکانـی، کـە لەلایـەن لایەنـە خیانەتکارەکانـی دەرەبەگایەتـی، هەڵپەرسـتەکانی وەک هەندێـک بەرپـرس و بەکرێگیراوەکانـی لـە نێـو سـەرکردەی هۆزەکانـی لاگیـری نێردراوە".(ئەرشـیف)

هـەر لـە هەمـان بەڵگەنامـەی پارتـی، ئامـاژە بـە ڕاگەیەندراوێکـی حکومـەت دەکات کـە لـە ئاسمانـەوە لەلایـەن فڕۆکەکانـەوە بەسـەر ناوچـەی کۆیـە فڕێـدراوە:

"براکانمـان و خەڵکـی ئازیـزی شـاری کۆیـە! بزانـن هێزەکانـی حکومـەت دێـن بـۆ لاتـان، ئـەوان بـە تانـک و تـۆپ و زرێپـۆش و سـەرباز پڕچـەک دەکرێـن و بـە فڕۆکـە پاڵپشـتی دەکرێـن. داواتـان لێدەکەیـن بـە خۆشـی و چەپڵـە پێشـوازییان لێبکـەن، چونکـە ئـەوان دێـن بـۆ ئـەوەی ئێـوە لـە خراپـەکاران و چەتـەکان و کاربەدەسـتانی ئیمپریالیـزم

بتانپارێـزن. ئەگـەر تاکـە بەرپرسـێکی دەوڵـەت هێرشـی کرایـە سـەر، ئـەو هێزانـە دەتوانـن شـارەکەتان بەتـەواوی بسـووتێنن و وێـران بکـەن، بۆیـە داوا لـە سـەرجەم دانیشـتوانی شـاری کۆیـەی ئازیـز دەکەیـن بەپەلـە ئـەم چەتانـە لـە شـارەکەیان دەربکـەن بـۆ پاراسـتنی گیانـی خەڵکـی بێتـاوان و ئاشـتیخواز. خـودا هەمووـمـان بپارێزێـت!

**واژۆ:**

**ژەنەڕاڵ مەحمود عەبدولڕەزاق**

**فەرماندەی فیرقەی دوو".**

هــەر لــە بەیاننامەکــەی پارتــی دیموکراتــی کوردســتاندا هاتووە:"ئــەم بانگــەوازە نەبــووە هــۆی ئــەوەی فڕۆکــە جەنگیەکانــی حکومــەت تەنیا بۆردومانــی شــارۆچکەکانی وەک کۆیــە، تەقتــەق، هەڵەبجــە، ئامێــدی، دهــۆک، زاخــۆ، بازیــان، دەربەندیخــان، ڕانیــە و گوندەکانــی شــاروزوور بکــەن، بەڵکــو ئــەم بۆردومانانــە بوونــە هــۆی کوژرانــی دانیشــتوانی بێتــاوان، لەوانــە: ژن و منــداڵ و بەســاڵاچووان. تەنانــەت فڕۆکــەکان ئامرازەکانــی گواســتنەوەیان لەســەر ڕێگاوبانــە گشــتیەکان و بەرهەمــی کشــتوکاڵی و ئاژەڵیــان لەناوبــرد. بــێ ئاگادارکردنــەوە و بــێ ئــەوەی هیــچ بەرپرســێکیان زیانــی پــێ بــگات، هێرشــیان دەکــرد. ئــەم بۆردومانانــە پێچەوانــەی مافــی هاوڵاتیبــوون و هــەر بیرۆکەیەکــی ڕێزگرتنــی مرۆڤایەتیــن".

## ٦. بزووتنەوەی ئیمپڕیالیستی، یان دیدگا و تێڕوانینی ڕژێم

تا ئێوارەی ٢٣ی ئەیلوول حکومەتی عێراق وا هەڵسوکەوت دەکات کە "شۆڕش و یاخیبوون" بوونی نەبووە. ئەو ئێوارەیە، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی بیانی ئامادەی بوون، ژەنەڕاڵ قاسم بە هەستێکی سەرکەوتن و شانازی بەخۆبوونەوە، هاوکات سەرەتا و "کۆتایی یاخیبوون"ەکەی ڕاگەیاند.

قاسم گوتی: "من ئێوەم کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی پێتان ڕابگەیەنم؛ سوپاس بۆ خودا و ئازایەتی و ورەی سوپای پاڵەوان و دڵسۆزمان و بە پشتیوانی گەلی سەربەرزمان، ئێمە گەورەترین یاخیبوونمان تێکشکاند کە ئیمپریالیزم لە دژی کۆماری هەمیشەیی عێراق(١) دەستی پێکردبێت". قاسم لۆمەی ئیمپریالیستەکان دەکات، بەتایبەتی "بەریتانیا و هاوپەیمانە ئەمریکییەکانیان کە لە پشت ئەم پیلانەوەن". قاسم دەڵێت "باڵیۆزخانەی بەریتانیا نزیکەی نیو ملیۆن دیناری خەرجکردووە بۆ پشتیوانیکردن لە کردەوەی دوژمنکارانەی ئەم کۆنەپەرست، چەتە، دز، دەرەبەگ، هەڵپەرست، کاربەدەست و بریکارانی ئیمپریالیزم".

دوای ئەوەی قاسم دووپاتی کردەوە کە کوێت بەشێکە لە عێراق، ڕایگەیاند "ئیمپریالیزم چیاکانی باکووری وڵاتی هەڵبژاردووە بۆ دەستپێکردنی یاخیبوون، کە دژی عەرەب و خودی کوردەکانە". ئەو دەڵێت "بە بیانووی ڕەگەز پەرستی، ئیمپریالیزم بریکارەکانی بۆ کارکردن دژی وڵات هان داوە، تەنانەت هەندێکیان لە دەرەوە هاتوون"(٢). "ئێمە بە ئارامی و ئاشتیخوازانە هەوڵماندا یاخیبووان بگەڕێنینەوە سەر ڕێگای ڕاست، بەڵام سروشتی خراپیان زاڵ بوو بەسەریاندا. ئەوان خۆیان بە بەهێز دەزانی و کەسایەتی ڕاستەقینەیان، وەک چەتەکان و دزەکان، دووبارە دەرکەوتەوە".

سەبارەت بە پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە مانگی ئەیلوولدا قەدەغە کرا، قاسم دەڵێت: "ئەو چینە نەخوێندەوارە، ئەم خیانەتکارانە، بوونەتە نوێنەری گروپە چەتەکان و خراپەکاران و پشتگیری لە بیروبۆچوونی جوداخوازانەیان دەکەن". "یاخیبووەکان جگە لە دەستە و گروپی پەرتەوازە هیچی تر نین کە ئێمە بەدوایاندا

---

(١) وەرگیراوە لە "پاشکۆی بڵاوکراوە"ی ژمارە ٢٢٠ی ئاژانسی هەواڵی عێراقی لە ٢٣ ی ئەیلولی ١٩٦١ لەسەر "کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی سەرۆک وەزیران... "، (وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ فەڕەنسی).

(٢) ئاماژەیە بۆ ئێران و تورکیا.

دەگەڕێین. هەندێکیان هەڵهاتوون و پەنایان بۆ تورکیا و ئێران بردووە (...). لە ماوەی یەک یان دوو ڕۆژدا، ئەم پاشماوەیە بۆ هەمیشەیی لەناودەبرێ".

قاسم بەشێکی زۆری کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی بۆ بە خراپ باسکردنی ژەنەڕاڵ بارزانی تەرخانکرد، ئەو تۆمەتباری دەکات بە "بریکار و سیخوڕی بەریتانیا" و دەڵێت "بەرەو ئێران و تورکیا هەڵهاتووە".

هەروەها دەڵێت حکومەت کار لەسەر پرۆژەیەکی کشتوکاڵی دەکات بۆ ناوچەی ڕێزان، بە ئامانجی گۆڕینی شێوازی ژیانی بارزانییەکان، گواستنەوەیان لە دڕندەییەوە بۆ ژیانێکی شارستانی.

لێرەدا هەموو ئەو دەستەواژانە دەبینین کە ستەمکارانی گەلی کورد بۆ وەسفکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی ئەو گەلە بەکاریدەهێنن: باس لە ڕێگری و چەتەگەرایی دەکەن کە لە باوباپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە و لەلایەن هێزە بیانییەکانەوە لە خزمەتی ئیمپریالیزمدا پشتیوانی دەکرێن. هەروەها بزووتنەوەکە بە "ڕەگەزپەرست" ناودەبەن و دەڵێن ناتوانرێت بە نەتەوەیی دابنرێن. جگە لەوەش بە "دەرەبەگ و کۆنەپەرست" وەسفی دەکەن. ئەم جۆرە قسەکردنە باو و ئاساییە. لە ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە هەیە، ئەنقەرەش پێشتر هەمان ئارگیومێنتی دژ بەم بزووتنەوەیە بەکارهێنابوو.

بۆ پشتگیریکردن لە بانگەشە و قسەکانی سەرۆک وەزیران سەبارەت بە ڕۆیشتنی بارزانی بۆ ئێران، ڕۆژنامەکانی بەغدا لە ٢٤ و ٢٥ی ئەیلوولدا ڕایانگەیاند؛ بارزانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە دەستگیرکراوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران بە توندی ئەم زانیاریانەی ڕەتکردەوە. لای خۆیەوە بەریتانیا ناڕەزایی خۆی بەرامبەر ئەو تۆمەتانەی ژەنەڕاڵ قاسم دەربڕی[١].

لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، ئاژانسی هەواڵی فەرمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاماژە بەوە دەکات؛ دەسەڵاتدارانی عێراقی هێشتا سەرکەوتوو نەبوون لە کۆنترۆڵکردنی بزووتنەوەی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی کورد، کە پێدەچێت پەلبهاوێت و فراوان بێت. جگە لەوەش فەرمان بە هێزە عێراقییەکان کراوە " بە هەر نرخێک بێت ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکەن"[٢].

---

(١) بڵاوکراوەی فەرمی ئاژانسی فرانس پرێس، لەندەن، ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٦١.

(٢) ڕۆژنامەی لۆزانی سویسری لە ١٨ی ئەیلوول.

### ٧. پرسی کوێت لە پلان و پرۆژەکانی قاسمدا

لـە ٢٥ی حوزەیـران، نزیکەی ١٠ هەفتە پێش دەسـتپێکردنی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان لـە کوردسـتان، ژەنـەڕاڵ قاسـم لەنـاکاو باسـی کوێـت دەکات، تەنیـا دوای ئـەوەی ئـەو خاکـە سـەربەخۆیی خـۆی بەدەسـتهێنا. بانگەشـەی ئـەوەی کـرد کـە کوێـت هەمیشـە بەشـێک بـووە لـە عێـراق و ڕێککەوتنـی سـاڵی ١٨٩٩ کـە پارێـزگاری بەریتانیـای بەسـەر ئـەو وڵاتـەدا دامەزرانـد، نایاسـاییە. قاسـم ئامـادە نەبـوو دان بـە سـەربەخۆیی کوێتـدا بنێـت و هەڕەشـەی پچڕاندنـی پەیوەندییـە دیپلۆماسییەکانی لەگـەڵ هـەر وڵاتێـک کـرد کـە ئـەو کارە بـکات. داوای کـرد کوێـت "بگەڕێنرێتـەوە" بـۆ عێـراق و بەڵێنـی بـە گەلـی عێـراق دا کـە بـە بەکارهێنانـی هێـزی سـوپاکەی کوێـت ئـازاد بـکات.

ئێمە ئەو قەیرانە دەزانین کە دوای ئەوە هات، ئەویش هاتنی هێزەکانی بەریتانیا و دواتر هێزی عەرەبی لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، بۆ بەرگری کردن لە کوێت لە دژی قاسم.

لێـرەدا پرسـیار لـە گێڕانـەوەی ئـەم قەیرانـە یـان بڕیـاردان لەسـەر شـەرعییەتی ئـەم داخوازیانـە نییـە. هەرچەنـدە ئاشـکرایە کوێـت هەرگیـز بەشـێک نەبـووە لـە عێـراق نـە لـە پێـش و نـە لـە دوای سـاڵی ١٨٩٩، چونکـە پێـش سـاڵی ١٩٢١ هیـچ کات دەوڵەتێـك نەبـووە نـاوی عێـراق بـێ. ئـەوەی جێگـەی سـەرنجمانە، ئەوەیـە تێبگەیـن بۆچـی قاسـم، سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق، بڕیـاری وروژاندنـی ئـەم بابەتـەی داوە.

وەڵامەکـە سـادەیە. لـە هاوینـی ١٩٦١ قاسـم ڕووبـەڕووی چەندیـن کێشـەی ناوخۆیـی بـووەوە کـە زیانـی بـە ناوبانگـی دەگەیانـد. یەکێـک لـەو کێشـانە زیادبوونـی دژایەتـی ناوەنـدە دیموکراتییەکانـە بەرامبـەری، ئـەوی تریـان دۆخـی سـەختی بـاری ئابـووری بـوو. قاسـم بـە ئاماژەکـردن بـە مەسـەلەی کوێـت، هیـوای خواسـت سـەرنج لەسـەر ئـەم مەسـەلانە لابـدات و گەڕانـەوەی سیسـتەمی پەرلەمانـی و دیموکراسـی دوابخـات.

گەورەتریـن کێشـەی قاسـم کێشـەی کـورد بـوو. مەسـەلەی کوێـت بەشـێک بـوو لـە ئامادەکارییەکانـی بـۆ هەڵمەتێکـی سـەربازی و سیاسـی دژی کوردسـتانی عێـراق. قاسـم بـە وروژاندنـی ئـەم پرسـە، هیـوای خواسـت سـوودی ناوخۆیـی و دەرەکـی بەدەسـتبهێنێت. لێـرەدا ئـەو سـوودانە دەخەینـەڕوو کـە هیـوای خواسـتبوو بەدەسـتی بهێنێـت و تاڕادەیەکـی زۆر هاتوونەتـە دی:

١. قاسم توانی بانگەشەی ئەوە بکات، کورد "بریکاری ئیمپریالیزمی بەریتانیان" لە سەردەمێکدا یاخی بوون کە "عێراق لەلایەن سەربازانی بەریتانیا لە کوێت هەڕەشەی لەسەر بوو و بەرژەوەندییەکانی لە مەترسیدا بوون". ئەمەش دەرفەتی پێدا ڕاپەڕینی کورد وەک هەڕەشەیەکی دەرەکی وێنا بکات، پاساو بۆ کردە سەربازییەکانی خۆی بێنێتەوە و پشتیوانی بەدەستبهێنێت.

٢. قاسم هیوای خواست بەشێک لە ناوبانگ و جەماوەری پێشووی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، بەتایبەتی لە نێو چینی بۆرژوازی عەرەبیدا. بە وروژاندنی پرسی کوێت، دەتوانێت ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتی ئەم بۆرژوازیە لە چەک داماڵێت و تەنانەت بە شێوەیەکی کاتی بۆ دۆزی خۆی پەلکێشینان بکات.

٣. هەروەها قاسم هیوای خواست جۆرێک لە ئاگربەست لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق ڕابگەیەنێت، یان تەنانەت بەشێوەیەکی کاتی بۆ لای خۆی ڕایبکێشێت.

٤. هەروەها قاسم پلانی دانابوو سەربازە کوردەکانی سوپای عێراق بگوازێتەوە باشوور بە بیانوی ئەوەی کوێت ئازاد دەکەن. لە هەمان کاتدا توانی سەربازی عەرەب بنێرێتە باکوور کە کوردەکان لەوێ بوون. ئەمەش ڕێگە دەدات بتوانێت بوونی کورد لە سوپادا کەم بکاتەوە و هێزە عەرەبییەکان لە ناوچە هەستیارەکاندا بەهێز بکات.

٥. قاسم هیوای خواست لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پشتیوانی چەپە دیموکراتەکان بەدەست بهێنێت و لە سەرووی هەمووشیانەوە سوود لە یارمەتی سەربازی و ئابووری وڵاتانی سۆسیالیست وەربگرێت.

هەر لە سەرەتای شەڕەوە ئەم بۆچوونە بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەیاننامەیەکی کۆمیتەی داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد دا هاتبوو کە لە ڕێکەتی ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٦٢دا دەرکرابوو[١].

---

(١) بەیاننامەیەک بەناونیشانی "ڕاپەڕینی جەماوەری لە کوردستانی عێراق بەردەوامە"، لۆزان.

### ٨. بیرو بۆچوونە بیانییەکان لەبارەی شۆڕشی کورد

سەرەتا شۆڕشی کورد لە ڕۆژنامە و میدیای نێودەوڵەتیدا زۆر بایەخی پێنەدرا و سەرنجی میداکانی ڕانەکێشا. ئەمەش لە لایەکەوە بۆ نەبوونی زانیاری بابەتیانە سەبارەت بە دۆخەکە، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ڕووداوەکانی دیکە بوو کە میدیایان داگیرکردبوو. شەڕی کوردستان لە ناوەڕاستی قەیرانی بەرلین سەریهەڵدا. هەر دوای ئەوە، بەڕێز داگ هاممەرشوێڵد، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕووداوێکی تەمومژاوی لە کۆنگۆ گیانی لەدەستدا. ڕۆژی ١٧ی ئەیلوول، سەرۆکوەزیرانی پێشووی تورکیا بەڕێز عەدنان مەندەرس لەسێدارەدرا. چەند ڕۆژ دواتر، لە ٢٩ی ئەیلوولدا کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بە جیابوونەوەی سوریا و میسر لە یەکتر ڕووخا.

سەرەڕای ئەم ئاستەنگانە، کێشەی کورد لە چەند وڵاتێکی وەک فەڕەنسا، سویسرا، ئەڵمانیا، نەمسا، ئیتالیا، هۆڵەندا و ئینگلتەرا بووە جێی سەرنج و بایەخی ئەم وڵاتانە. لە ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتانە نەک هەر شرۆڤەکاران، بەڵکو زیاتر و زیاتر بەرگریکار و داکۆکیکاری دۆزی کوردیان تێدا دەرکەوت. هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستی حکومەتی عێراق ڕەخنەی لێگیرا و ئیدانە کرا.

سەبارەت بە هۆکارەکانی ململانێکە، ژەنەڕاڵ ڕۆندوت ئاماژە بەوە دەکات کە سەرۆکی عێراق لە جێبەجێکردنی بەڵێنە گەورەکانی بۆ گەشەپێدانی کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ ناوچە کوردییەکان لەسەرخۆ و سست بوو. لە جیاتی ئەم بەڵێنانە، بێ متمانەیی و تەنانەت گێچەڵکردن هەبوون. ئایا ژەنەڕاڵ قاسم دەترسا پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ئەم گەلە چالاکە بەسەریدا زاڵ بێت؟ (...) ئایا دەیویست بە قوربانیدانی کورد پشتیوانی خۆی بۆ عەرەبیزم دەرببڕێت؟. لە کۆتاییدا دەڵێت "کوردستان هێشتا وەک هەرێمێکی ناسەقامگیر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ماوەتەوە. ئەمە بەردەوام دەبێت، تا ئەو کاتەی کورد مافە سەرەتاییەکانی گەشەپێدانی کەلتوری و خۆبەڕێوەبردنی خۆی وەرنەگرێت. نکۆڵی کردن لەم مافانە بۆ ئەم گەلە شتێکی بێمانا و بەسەرچووە، بەتایبەتی لە کاتێکدا مافی چارەی خۆنووسین یاسایەکی پەسەندکراوی نەتەوەکانە"[(١)].

---

(١) "سەلماندنی هێز"، ڕۆژنامەی لا کروای فەرەنسی، ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٦١، پاریس.

چارلـز هـێنری فاڤـرۆد لـە ڕۆژنامـەی لۆزانـدا دووپاتـی دەكاتـەوە "لەعێراقـدا حوكمڕانـی دژی كـورد تەحەدایەكـی ڕاسـتەقینەیە. نموونـەی نـوری سـەعید دەهێنێتـەوە كـە شكسـتی هێنـا و ڕوونـی دەكاتـەوە؛ قاسـمیش لـەوە تێگەیشـتووە. دوای شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨، بەڵێنـی ئیمتیازاتـی بـە كـورد دابـوو، بـەڵام كاتێـك بینـی جـۆرە كوردسـتانێک لـە نێوان مووسڵ و كەركووكدا دروست دەبێـت، بیرۆكەكـەی گـۆڕی. پاشـان قاسـم بۆئـەوەی "دەوڵەتێـک لەنـاو دەوڵەتێكـدا"[1] دروسـت نەبێـت، یـاری ڕكابـەری لـە نێـو خێڵـەكان دەسـت پێكـرد. لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٥٩دا، ئەگـەر بارزانییـەكان نەبوونایـە، بـۆ قاسـم بـە زەحمـەتتر دەبـوو لـە سـەركوتكردنی ئـەو یاخیبوونـەی كـە سـیراج سـەركردایەتی دەكـرد. بـۆ ماوەیەكـی زۆر دوودڵ بـوو بـۆ ئـەوەی ڕاسـتەوخۆ هێـرش بكاتـە سـەریان. بەڵام دواجـار بڕیاریـدا دەسـتوەردان بـكات، كاتێـک ململانێـی نێـوان زێباریـەكان و بارزانییەكانـی وەک بیانوویـەک بەكارهێنـا. سـوپای عێـراق بـە نوانـدن دەیتوانـی خـۆی وەک ناوبژیـوان نیشـان بـدات. بـەڵام ئـەم مانـۆڕە چاودێرانـی هەڵنەخەڵەتانـد "[2].

سـەبارەت بـە پرسـی كوێـت، فاڤـرۆد هـەر لـە هەمـان وتـاری ڕۆژنامـە سویسرییەكە، پێـی وایـە "دەبێـت داواكانـی باشـوور لـە چوارچێـوەی ڕووداوەكانـی باكووردا تێبگەیـن و تۆمەتەكانـی ژەنـەڕاڵ قاسـم ڕەتدەكاتـەوە كـە گوایـە بارزانییـەكان بریـكاری كۆمپانیـا نەوتییەكانـن". لـە كۆتاییـدا ئامـاژە بـەوە دەكات تاكـە ڕووداوێـك بەردەوامـی هەبێـت، بەردەوامـی شۆڕشـی بارزانییەكانـە كـە بارگرژییەكانـی زیـاد كـردووە". هەروەهـا ئامـاژە بـەوە دەكات "ڕووداوەكانـی كوردسـتان یارمەتیـدەرن بـۆ تێگەیشـتن لـەوەی بۆچـی قاسـم لەندەنـی تـووڕە كـرد، بـە بانگهێشـتكردنی هێـزە ئاسمانـی و دەرياييەكانـی لەنـدەن".

ئێـدوارد سـابلیێر، لـە ڕۆژنامـەی "لـو مۆنـد"[3]ی فەڕەنسـی، گومانـی هەیـە و بـاوەڕ بـە تۆمەتەكانـی قاسـم سـەبارەت بـە بارزانـی نـاكات. ئامـاژە بـەوە دەكات "بارزانـی لـە مێـژە وەک سـەركردەیەک وێنـا دەكرێـت كـە داوای پشـتیوانی سـۆڤیەت دەكات بـۆ دۆزی ڕەوای گەلەكـەی، ئێسـتا لەلایـەن قاسـمەوە تۆمەتبـار دەكرێـت بـەوەی بریـكار و

(١) لـەم نووسـەرە كـە سـویسرییە، دەپرسین، ئایا ئـەو بیسـت و دوو ویلایەتـەی سـویسرایان پێكهێنـاوە، مەترسـی بـۆ سـەر كۆنفیدڕاڵـی دروسـت دەكەن؟
(٢) وتارێكی ڕۆژنامە لە ٥ی شوباتی ١٩٦٢.
(٣) وتاری "هۆشیاری لە كوردستان"، ٢٦ ئەیلولی ١٩٦١.

پیاوی بەریتانیایە". هەروەها ڕۆژنامەکە ئەو "بیرۆکەیەش دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە قاسم سەرکەوتوو بوو لە کەمکردنەوەی بزووتنەوەی کوردی، بەڵام دەڵێت ئەمجارە حکومەتی بەغدا ڕووبەڕووی ڕاپەڕینێکی سادەی عەشایەری و خێڵەکی نەبووەتەوە، بەڵکو ئەمە ڕاپەڕین و شۆڕشی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستانە کە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە". دوای چاوپیاخشاندن و لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کورد لە تورکیا و ئێران و سوریا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە "بێ دەستێوەردانی دەرەکی گەلی کورد هیواخوازە ئەمجارە ئاواتەکانی خۆی بەدیبهێنێت، تەنیا مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و سەروەر نییە، بەڵکو بەدەستهێنانی قەوارەی ئۆتۆنۆمی لەناو ئەو وڵاتانەدا کە کورد پەیوەندیی مێژوویی لەگەڵیاندا هەیە".

گۆڤاری نێودەڵەتی "تریبیون دێ ناسیون" ڕەتیدەکاتەوە "گفتوگۆ لەبارەی ئەگەری یارمەتییەکانی سۆڤیەت بۆ یاخیبوون و سەرهەڵدانی کورد بکات. جەخت لەوە دەکاتەوە ساڵانێکە قسە لەسەر بیرۆکەی هاوپەیمانی نێوان سۆڤیەت و کورد دەکەن و دووبارەی دەکەنەوە، بێ ئەوەی هیچ کات بەڵگەی کۆنکرێتی پێشکەش بکەن، تەنیا قسە و باس و پێشبینیە"[١].

ڕۆژنامەی "تریبیون دو لۆزان"ی سویسری جەخت لەوە دەکاتەوە، "سەرهەڵدانی کورد لە عێراق لەوانەیە ببێتە سەرەتای قەیرانێکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا"[٢]. ڕۆژنامەکە پێیوایە "هەرچەندە قاسم بانگەشەی سەرکەوتنی شەڕەکەی کردووە، بەڵام پێناچێت لەڕاستیدا وابێت"[٣]. ئەم هەڵوێستانە ڕەنگدانەوەی نیگەرانیی زیادبوونی گرژییەکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراقە سەبارەت بە سەقامگیری ناوچەکەیە.

---

(١) وتارێکی پییێر دیستریا، "کارەساتی کورد لە عێراق"، ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٦١، پاریس.

(٢) ١.لا تریبون دی لۆزان، ٢٣ی ئەیلولی ١٩٦١: "ڕاپەڕینی کورد لە عێراق: نیشانەی زەنگ بۆ ناوچەکە"
٢.لا تریبون دی لۆزان، ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٦١: "قاسم سەردەکەوێ، بەڵام تا کەی؟"
بابەتی دیکە کە باسکراون: کریستیان سولسەر: لە ڕۆژنامەی لۆزان، ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٦١: "کورد و عێراق و شەیەک لە زینۆفۆنەوە"، و لە ڕۆژنامەی چاودێری بەریتانی، ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٦١: "پیاوە نامۆکان لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ". ئەمانە تیشک دەخەنەسەر نیگەرانییە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە دۆخی کورد و کاریگەریی یاخیبوونەکەیان لەسەر سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

### ٩. شەڕی کۆلۆنی و گرفتەکانی کورد.

لە ئاستی سیاسی، قاسم بە وردی پلانی شەڕەکەی لە کوردستان دانابوو، وەک شەڕێکی کۆلۆنیالی یان نیمچە کۆلۆنیالی سەیری دەکرد. مەبەستەکانی چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات بەدیهات.

لە ناوخۆی وڵاتدا، بزووتنەوەی بەرگری کورد بە تەواوی گۆشەگیر بوو. سەرۆک وەزیران قاسم خۆی وەک پاڵەوان و قارەمانێکی نەتەوەیی و داکۆکیکار لە یەکپارچەیی خاکی عێراق ناساند. ئەو سەرکەوتوو بوو لە کۆکردنەوەی ڕای گشتی عەرەب لە دژی ئەوەی پێی دەگوت "یاخیبوونی جوداخواز و ئیمپریالیست". هەموو پارتە سیاسییەکانی عێراقی عەرەبی لەوپەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی ڕاستڕەوەکان بە شێوەیەکی گەورە پشتگیری قاسم دەکەن جگە لە کەمینەیەکی بچووک. ئەم یەکگرتنە سیاسییە لە دەوری قاسم پێگەکەی بەهێزتر کردووە و بارودۆخی بۆ کورد ئاڵۆزتر کردووە کە ناچار بوون لە ناوخۆی وڵاتدا ڕووبەڕووی ئۆپۆزسیۆنێکی توند ببنەوە.

لەسەر ئاستی دەرەوەش، کورد تا دەهات پەراوێزتر دەبوو. وڵاتانی سۆسیالیست، بەتایبەتی یەکێتی سۆڤیەت و چیکۆسلۆڤاکیا، تەنانەت دوای دەستپێکردنی جەنگیش، بەردەوام بوون لە دابینکردن و ناردنی چەک بۆ قاسم. قاسم گوتی پێویستم بەم چەکانەیە "بۆ ڕزگارکردنی عێراقی دیموکراتی لە پیلانی ئیمپریالیستی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی بەریتانیا"، بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا لە دژی گەلی کورد لە شەڕێکی کۆلۆنیالیدا بەکاری دەهێنا. لە ئەیلوولی ١٩٦١، نێردە سەربازییەکانی عێراق بە بەردەوامی بۆ داواکردنی چەکی زیاتر دەچوونە مۆسکۆ.

وڵاتانی ڕۆژئاوای هاوپەیمانی تورکیا و ئێران، کە ئەم دوو وڵاتەش لەگەڵ کورددا کێشەیان هەبوو، بێباکانە یان لە چاوەڕوانی و وەك بینەر دەرکەوتن. ڕۆژئاوا و تەنانەت باقی جیهانیش بەو لایەنانەشەوە کە ئاگادری پرسی کورد بوون، ئەوەندە تێڕوانینی هەڵەیان لەبارەی کوردەوە هەبوو، باوەڕیان بە شانس و ئەگەرەکانی ئەم گەلە نەدەکرد، بۆیە لەبەرامبەر دەستدرێژیی سوپایەکی مۆدێرن جێهێڵران و درانە دەستی قەدەر.

لە ڕووی سەربازیشەوە، دەشێت قاسم بەڕاستی باوەڕی بە سەرکەوتنەکەی کردبێت لە ئێوارەی ٢٣ی ئەیلوول. لە سەرووی هەموو شتێکەوە؛ پشتی بە هێزی ئاسمانی

خۆی بەست، بۆ سەرکوتکردنی بەرخۆدانی کورد و کوشتن و تۆقاندنی دانیشتوان و سوتاندن و وێرانکردنی شار و شارۆچکە و گوندەکان وەک لە نامەکەی بەڕێز تاڵەبانی ئاماژەی پێکراوە، لە ناوچەکانی باشوور، کۆبوونەوە خێڵەکییە خۆڕسکەکان دوای یەکەم شەڕ بە خێرایی تێکشکێندرا، چونکە ئامادە نەبوون و ڕانەهاتوون ڕووبەڕووی مووشەک و بۆمبی ناپاڵم ببنەوە، کە لەلایەن فڕۆکەکانی وەک "مێگ"ی فەڕەنسی، "ئیلیوشین"ی ڕوسی، "فیوری" بەریتانی و فڕۆکەکانی تر دەهاوێژران. بە گشتی جگە لە باکوور، هێزەکانی بەرگری کورد ژمارەیان کەم و چەکیان کەمبوو. ئەوان یارمەتی پزیشکی و تەنانەت پێداویستی و خواردنیشیان نەبوو، لە هەموو جیهان دابڕابوون و نەیانتوانی پشت بە یارمەتی کەس ببەستن. لەبەر کەمی چەک و تەقەمەنی ناچار بوون بۆ سێ مانگی یەکەم پاشەکشە بکەن. ژمارەی قوربانیانی مەدەنی زۆر بووەوە.

سەرەڕای ئەم ئاستەنگانە، لە کاتێکدا پێدەچوو شەڕ لە باشوور و ناوەڕاست بە سەرکەوتنی حکومەت کۆتایی بێت، ژەنەڕاڵ بارزانی بە چەند سەد چەکدارێکی سەرسەخت و ئازا و شەڕکەر ناوچەی بارزانی بەجێهێشت و بەرەو ناوچەی زاخۆ لەوپەڕی باکووری ڕۆژئاوای کوردستانی عێراق لە نزیک سنووری سوریا پاشەکشەی کرد. لەم قەڵایەدا، لە زستانێکی درێژ و سەختدا، بارزانی توانی بە قوربانیدان هێزەکانی دوژمن تێکبشکێنێت کە پێکهاتبوون لە خۆفرۆش و خیانەتکارانی دەرەبەگ و یەکە ئاساییەکانی سوپای عێراق، پێش ئەوەی دەست بە ڕێپێوانە دوور و درێژەکەی بکات بەناو کوردستاندا.

ئەم شەڕە زۆر گرنگە. کات و دەرفەت دەداتە خەڵک بە توندوتیژی هێرشەکە مەندەهۆش بن و بۆ ساتێک سەرگەردان بن، ئینجا خۆیان کۆبکەنەوە بۆ ئامادەکردنی قۆناغەکانی شەڕێک کە چیتر تەنیا بەرگری نابێت، بەڵکو خەباتێکی ڕاستەقینە دەبێت بۆ ئازادی.

# بەشی سێیەم

# لە یاخیبوونەوە بۆ شۆڕش

## أ. شۆڕش

ئەم بزووتنەوە مەزنە کە لە ئەیلوولی ١٩٦١ بەدواوە باشووری کوردستانی هەژاند، زۆر جیاواز بوو لە هەموو ڕاپەڕینەکانی پێشووی ناوچەکە. جیاوازە لەو شۆڕشانەی کە لە کوردستانی عوسمانی پێشوو لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا ڕوویاندا، کە ئەوانیش خەباتی نەتەوەیی بوون، بەڵام لەلایەن ئەریستۆکراتەکانەوە سەرکردایەتی دەکران بۆ پاراستنی سەربەخۆیی میرنشینە دەرەبەگایەتیەکان. ڕاستە پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی تری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش لە شێوەی دەرەبەگایەتی بوون. ئەم بزووتنەوەیە هەروەها جیاوازە لە شۆڕشی بارزان لە ١٩٤٣-١٩٤٥: هەرچەندە شۆڕشێکی نەتەوەیی بوو، بەڵام لە ڕووی جوگرافییەوە سنووردار بوو.

ئەم بزووتنەوەیە، بە تەواوی مانای وشە، شۆڕشێکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی دەبێت. هەموو بزووتنەوە چەکدارییەکان شۆڕش نین. شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کاتێک ڕوودەدات کە گەلێکی چەوساوە یان وابەستە و ژێردەستە، لە ڕێگەی ڕاپەڕینی دیاریکراو یان جۆرەکانی تری توندوتیژی، یان تەنانەت چالاکی سیاسی بەردەوام، لەپێناو دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ، فیدراڵی، یان خۆبەڕێوەبەر، خەبات بکات. ئەم دەوڵەتە دەبێت بتوانێت پێشکەوتنی ئابووری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی زیاتر دەستەبەر بکات. بۆئەوەی بزووتنەوەیەکی لەم شێوەیە بەرنامەیەکی ڕوون دابڕێژرێت و ڕێکبخرێت، پێویستە پارتێکی سیاسی یان ڕێکخراوێکی سیاسی پێشەنگ بێت کە ڕێنمایی ئەم خەباتە بکات. بزووتنەوەکە، لانی کەم لە لایەنی سیاسییەوە، دەبێت هەموو خاکی نەتەوەیی وڵات بگرێتەوە و پشتیوانی چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەدەست بهێنێت. شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کاتێک دەگاتە بەرزترین و توندترین شێوەی خۆی کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خەباتی سیاسی، مانگرتن، خۆپیشاندان یان کردەی تیرۆریستی

تێدەپەڕێــت. پاشــان دەگۆڕێــت بــۆ ڕاپەڕینێکــی گشــتگیر، بــە مەبەســتی گەیــشتن بــە ئامانجەکانــی لــە ڕێگــەی شــەڕێکی شۆڕشــگێڕییەوە، کــە تێیــدا ئامــرازی ســەرەکی ســوپایەکی جەمــاوەری و ڕێکخــراو و ڕێکوپێــک دەبێــت. هەمــوو ئــەم تایبەتمەندیانــە لــە شۆڕشــی کوردســتانی عێراقــدا ئامــادەن.

هەرچەنــدە کەسانی نــاوازە و جیــاواز ڕۆڵێکــی گرنگیــان لــە مێــژوودا گێــڕاوە، بــەڵام زۆرجــار بارودۆخــی مێژوویــی ڕێگــە بــە ســەرکردە دەدات ســەرهەڵبدات. ســەرکردە بــەزۆری لــە نــاو گروپێکــدا بەهــۆی تایبەتمەندییــە کەسییەکانی دەردەکەوێــت، بــەڵام ســەردەم و بــارودۆخ یەکلاکــەرەوەن بــۆ ســەرکەوتنی. تەنانــەت ســەرکردەیەکی زۆر بەتوانــا و بەهرەمەنــد لەوانەیــە شکســت بهێنێــت، ئەگــەر لــە کۆمەڵگایەکــدا کار بــکات کــە بــۆ بیرۆکــە و کردارەکانــی ئامــادە نییــە. لــەم حاڵەتــەدا، ئــەو دەبێتــە مژدەبەخــش، کەســێک کــە پێشــبینی گۆڕانکاریــەکان دەکات، بــەڵام نەیتوانیــوە بــە تــەواوی درکیــان پێبــکات.

هەندێکجــار ســەرکردەکانی شــۆڕش هــەر لــە ســەرەتاوە لەســەر بنەمــای ئەزمــوون و ڕابــردووی خۆیــان هەڵدەبژێردرێــن. بــۆ نموونــە شۆڕشــگێڕانی ئەمەریــکا جــۆرج واشــنتنیان وەک ســەرکردەی خۆیــان هەڵبــژارد و لــە ڕوســیا لینیــن ســەرکردەی شۆڕشــی ئۆکتۆبــەر بــوو.

لەگــەڵ ئەوەشــدا، هەندێــک شــۆڕش تاکــە ســەرکردەیان نییــە، بەڵکــو چەنــد ســەرکردەیەك بــە تێپەڕبوونــی کات ســەرهەڵدەدەن، بەگوێــرەی بــارودۆخ و ململانــێ ناوخۆییــەکان. ئەمــە ئــەو شــتەیە کــە لــە شۆڕشــی فەڕەنســا و شۆڕشــی جەزائیــردا ڕوویــدا کــە ســەرکردە جیــاوازەکان جێگــەی یەکتریــان گرتــەوە. لــە حاڵەتــی شۆڕشــی کــورددا، مســتەفا بارزانــی ڕۆڵێکــی گرنگــی گێــڕا، کــە هاوشــێوەی مســتەفا کەمــال لــە تورکیــا، هۆشــی میــن لــە ڤێتنــام، فیــدڵ کاسترۆ لــە کوبــا و ئۆجوکووایــە لــە بیافــرا. ئەمــەش مانــای ئەوەیــە؛ بارزانــی ســەرکردەیەکی ســەرەکی شۆڕشــەکە بــوو.

**ب. پێکهێنەرەکانی**

لەژێـر ڕۆشـنایی ئەمانـەی سـەرەوە لـە پەرەگرافەکانـی خـوارەوە لایەنـە جیاوازەکانـی شۆڕشـی کوردسـتانی عێـراق دەخەینـە ڕوو:

١. بارزانی ، سەرکردە و ڕێبەری شۆڕش.

٢. پارتی دیموکراتی کوردستان و پەیڕەو و بەرنامەکەی، هێزی بزوێنەری شۆڕش.

٣. ئامانجە نەتەوەییەکانی شۆڕش.

٤. ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی شۆڕش.

٥. ڕێکخستنی شۆڕشگێڕی، تا ساڵی ١٩٦٤.

٦. بنکە و بارەگا و سنووری جوگرافیای شۆڕش.

٧. کۆمەڵگەی کوردی لە شۆڕشدا.

٨. هەڵوێستی کەمایەتیەکان.

٩. بەسیاسیکردنی جەماوەر.

١٠.یەکێتی و برایەتی کورد.

لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا، ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگێك دەبینـەوە: لایەنەکانـی بزووتنـەوەی کـورد تەنیـا بـە تێپەڕبوونـی کات، لـە کاتـی شـەڕدا ڕوون و ڕێکدەخرێـن. پەرەسـەندنیان خاوبـووە و هەندێکجاریـش نارێـک بـووە. تـا ئێسـتا دیـار نییـە، ئایـا ئـەم پرۆسـەیە تـەواو بـووە یـان نـا. سـەبارەت بـە دامودەزگاکانـی بزووتنەوەکـە، لـە ڕاسـتیدا تـا پاییـزی ١٩٦٤، واتـە سـێ سـاڵ دوای دەسـتپێکردنی شـەڕ، بـە باشـی پێکهاتـە و ڕێکخـراو نەبـوون.

بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم گرفتەش، لەم بەشـەدا لایەنـە جیاوازەکانی بزووتنـەوەی کوردی لـە نێـوان ئەیلوولـی ١٩٦١ و شـوباتی ١٩٦٣ لـە کاتـی شـەڕی دژی قاسـم دەخەینـەڕوو. ئەگـەر پێویسـت بێـت، لـە بەشـەکانی داهاتـوودا ئامـاژە بـەو گۆڕانکارییانـە دەکەیـن کـە لـە هـەر قۆناغێکـدا ئەنجامـدراوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، لێکۆڵینـەوە لـەو ڕێکخسـتنەی کـە لـە سـاڵی ١٩٦٤ دامـەزرا، پێویسـتی بـە بەشـێکی جیا هەیـە[1].

(١) ئەمەش دەبێتە بەشی حەوتەم: "دامەزراندنی دامەزراوەکانی شۆڕش".

لە سەرەتادا دوو تێبینی گرنگ پێویستە کە بریتین لە:

١. هەر شۆڕشێک تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەوەی کوردستان، وەک لە بەشی پێشوودا بینیمان، بە سەرلێشێواوی و ناڕوونی دەستی پێکرد. پێشوەختە پلانی بۆ دانەنرابوو. نە ژەنەڕاڵ بارزانی و نە مەکتەبی سیاسی پارتی ساتی ڕاپەڕینیان هەڵنەبژارد. ئەوان تەنیا دوای هێرشکردنە سەریان و بۆردومانی ناوچەکانیان بڕیاری شەڕکردنیان دا. بە جۆرێک ڕاپەڕین و سەرهەڵدان پێش شۆڕش بوو. بەڵام هەلومەرجی مێژوویی بە خێرایی ئەم بزووتنەوە خۆڕاگرییەی کە لە سەرەتادا تا ڕادەیەک ناڕێکخراو بوو، بەڵام بۆ شۆڕشێکی ڕاستەقینە و پێناسەکراو گۆڕا.

٢. کاتێک دەگوترێت شۆڕش ئەو ساتەیە کە "هەموو گەلێک وەک یەک لە دژی دوژمن ڕادەپەڕێت"، ئەمە زۆرجار زیادەڕۆییە. لەڕاستیدا؛ شتەکان هەمیشە ئاڵۆزترن. لە هەموو شۆڕشەکاندا کەمینەیەکی تەواو پابەندن کە سەرکردایەتی کردارەکان دەکەن و هەڵگری بیرۆکەکانن. زۆرینەی خەڵک پشتگیری ئەم بزووتنەوەیە دەکەن، بەڵام ئەم پشتیوانییە، چ ماددی بێت یان مەعنەوی، زۆر گرنگە. بەبێ ئەو پاڵپشتییە، بزووتنەوەکە سەرکێشییەکی مەترسیدار دەبێت و مەحکوم دەبێت بە شکست. پابەندبوونی خەڵک بە شۆڕشێکەوە بەندە بە چینی کۆمەڵایەتیانەوە. کەمینەیەکی بچووکی دیکە هەیە، کە خەڵک ڕقیان لێیە و دژی ڕەوتی مێژوو مامەڵە دەکەن، چالاکانە دژایەتی شۆڕش دەکەن. شۆڕشی کوردیش هەمان لۆژیک پەیڕەو دەکات.

جیاوازی نێوان چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان کە بەشدارن و دژایەتی بەرژەوەندییەکانی نێوانیان نیشان دەدات. ئەمەش دژایەتی و ململانێی بیرۆکە و پەروەردە و نەوە و شێوازی بیرکردنەوە دروست دەکات. ئەم نیشانانە وەک نیشانەی زیندوویی و تەندروستی باش دەناسرێنەوە، بە مەرجێک بە دروستی پێوانە بکرێن. تاکگەرایی زۆر بەهێزی کورد شتەکان ئاڵۆزتر دەکات، بەڵام جگە لەو ناوچانەی پێیان دەوترێت خێڵەکی، کە تادێت بچووک و نارێک دەبێت و لە شۆڕش دوور دەکەوێتەوە، ئەم تاکگەراییە دەتوانێت ملکەچی یاسایەکی نوێ، یاسای شۆڕشگێڕی بێت.

دەکرێت ئەم دەربڕینە بە هەڵە تێبگەین، دەبێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستانی عێراق شۆڕشێکی کۆمۆنیستی نییە. لە کاتێکدا تایبەتمەندیی خۆی دەپارێزێت، لەم ڕووەوە لە شۆڕشی جەزائیر دەچێت.

### ١. بارزانی، سەرکردە و ڕێبەری شۆڕش.

لێرەدا باسی ئەم ڕۆڵە ناکەین، چونکە پێشتر لەم کتێبەدا بە باشی ڕوون کراوەتەوە و لە دەرەوەی وڵات بە شێوەیەکی بەرفراوان ناسراوە.

مستەفا بارزانی ئەندامی خێڵی فەرمانڕەوای نەریتی بارزانییەکانە و یەکێکە لەو هۆزانەی دەسەڵاتی خۆی لە کوردستانی ناوەڕاست پاراستووە. بارزان گوندی سەرەکی عەشیرەتەکەیە و دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاوی و لە نێوان ڕووباری زێی گەورە و سنووری نێوان تورکیا و عێراقدا، گوندێکە دانیشتوانەکەی بە جوتیاری، ئاژەڵداری، پیشەی ڕاوچی و داربڕین خەریکن. سەرۆکی خێڵ لە هەمان کاتدا سەرکردەی سیاسی و سەربازی و ڕۆحییە. بارزانییەکان پەیڕەوی لقێکی تایبەتی سۆفیگەری دەکەن کە پێی دەڵێن "نەقشبەندی". بنەماڵەی بارزان بەهۆی تایبەتمەندی سەرکردەکانییەوە خۆی لە ناوچەکەدا جێگیر کردووە و گروپە کوردییەکانی دیکەش لە دەوری کۆبوونەتەوە وەک شێروانی و مزوری و بەرۆژی و دۆلەمەری کە ئێستا بە بارزانی دادەنرێن. دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لە کوردستانی کۆن باو بووە، کەواتە بارزانییەکان عەشیرەتێک نین کە بە خوێن بەیەکەوە گرێدراون، بەڵکو فیدراسیۆنێکە لە دانیشتوانی ناوچەی بارزان پێک هاتوون، کە بە سەربەخۆیی دەژیان و ئابوورییەکی سەربەخۆیان هەبوو. پێش جەنگی یەکەمی جیهان، خێڵی بارزانی کێشەی لەگەڵ سوپای عوسمانی هەبوو، هەروەها لەگەڵ خێڵە ڕکابەرەکانی دراوسێ، وەک زێباری، ڕێکانی و سۆفیەکانی برادۆست. مستەفا بارزانی یەکێکە لە منداڵە بچووکەکانی سەرۆکی خێڵەکە، ساڵی ١٩٠٣ لەدایک بووە. هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ دایکی ئەزموونی زیندانی تورکیای بینیوە. باپیری لەلایەن تورکەکانەوە لە سێدارە درا. باوکی لە ساڵی ١٩٠٨ لەلایەن دراوسێ نەیارەکانەوە تیرۆر دەکرێت. برا گەورەکەی عەبدولسەلام، کە بوو بە سەرکردەی خێڵەکە، هەروەها ئەویش لە ساڵی ١٩١٤ لەلایەن تورکەکانەوە لە سێدارە درا. لەو کاتەوە شێخ ئەحمەد، دووەم برا گەورەی مستەفای تەمەن ١٦ ساڵ، بووە بە سەرۆکی خێڵەکە. وەک لە بەشی یەکەمدا بینیمان مستەفا بارزانی (یان مەلا مستەفا بۆ کەسوکار و کەسە نزیکەکانی) بە فەرمانی شێخ ئەحمەد بەشداری شۆڕشی ١٩٣١-١٩٣٤ کرد، پێش ئەوەی لەگەڵ براکەی دوور بخرێنەوە بۆ باشووری عێراق و پاشان بۆ سلێمانی. لە کاتی دوورخستنەوەی بۆ ئەو شارە

کوردییە کە ناوەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی بوو، مستەفای لاو بیرۆکەی ناسیۆنالیستی بۆرژوازی شارستانی وەرگرت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەرگیز ڕەگ و ڕیشەی خێزانەکەی لەبیر نەکردووە و زۆر نزیک بوو لە خەڵکی ئاسایی، بۆیە وەك بڵێی داهاتووی پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابوو. بینیمان چۆن ئەو شۆڕشەی لە بارزان لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣ و ١٩٤٥ سەرکردایەتی دەکرد، بوو بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و چۆن بەشداری کرد لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و لەوێ بوو بە ژەنەڕاڵ. هەروەها باسی "ڕێڕۆیشتنی درێژ"[١] و دوازدە ساڵی تاراوگەی بارزانیمان لە یەکێتی سۆڤیەت کرد.

لە بەشی دووەمدا، بینیمان بارزانی بە شکۆداری و ناوبانگێکی گەورەوە گەڕایەوە عێراقی سەردەمی قاسم. گرنگە بزانین لە ماوەی مانەوەی لە مەهاباد لەگەڵ هەڤاڵ و هاوەڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (عێراقی) دامەزراند. خوێنەرانی ئارەزومەند دەتوانن بیبلۆگرافیای تەواوتر لەبارەی ڕێبەری کورد لە بەرهەمەکانی دانا شمیتدا بدۆزنەوە[٢].

هەڵەیە ئەگەر مستەفا بارزانی، وەک هەندێک لە چاودێرانی بیانی دەیکەن، وەک سەرکردەیەکی نەریتی گرنگ و تەنانەت دەرەبەگ سەیر بکەین. بێگومان هەندێک لایەنی کەسایەتی، پەیوەندی خێزانی، ڕێزگرتن بۆ دابونەریتی ناوخۆیی، بێفیزی و سادەیی لە داخوازییە سیاسییەکانی، بێ متمانەیی، لایەنە واقیعییەکەی و ساڵانی دوورودرێژەی کە لە لادێدا بەسەربردووە، وای لێکردووە لە وێنەی میرێکی کلاسیکی کورد بچێت. تەنانەت دەتوانین بەراوردی بکەین بە "پیاوێکی شۆڕشگێڕ"، وەک ئێریک ڕۆلۆ لە ڕاپۆرتێکی درێژدا بۆ ڕۆژنامەی "لو مۆند" باسی کردووە[٣].

---

(١) سەرەتا بارزانی بەنێو خاکی کوردستانی عێراق ڕۆیشت، بەڵام دوای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ سوپای عێراق، بەهەڵگەڕان بەسەر زنجیرە چیا سەختەکانی سەر سنوور، توانی بچێتە ناو خاکی کوردستانی تورکیا، لەوێش لەلایەن سوپای تورکیاوە هەراسانکران. سەرەنجام بارزانی توانی تەنیا بە چەند سەد پێشمەرگەیەکەوە لە ڕووباری ئاراس بپەڕێتەوە کە دوا سنووری نێوان تورکیا و ئەرمینیای سۆڤیەت دادەنرا.

(٢) بڕوانە گەشت لە نێو پیاوانی ئازا، لاپەڕە ٩٣-١١٦.

(٣) بڕوانە "پیاوێکی شۆڕشگێڕ" لە ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٣ ی نیسانی ١٩٦٣، بەشی سێیەمی ڕاپۆرتێکی پێنج بەشی بە ناونیشانی "کوردستانی عێراق لەسەر پشتی هێستر".

بارزانـی سـەرۆکی عەشـیرەت نییـە، تەنانـەت سـەرۆکی خێڵەکـەی خۆیشـی نییـە. ئـەوە بـرا گەورەکەیەتـی، شـێخ ئەحمـەد، کـە زۆر ڕێـزی لێدەگرێـت، بەڕاسـتی ئـەم ڕۆڵـە دەگێڕێـت. کاتێـک مسـتەفا بارزانـی لـە ئەیلوولـی ١٩٦١ چەکـی هەڵگـرت، ناچـار بـوو ناوچەکـەی خـۆی بەجێبهێڵێـت لەگـەڵ ئـەو پێشـمەرگە و چەکـدارە بارزانیانـەی دەیانویسـت شـوێنی بکـەون. لەبـەر وریایـی و هەسـتیاری بارودۆخەکـە، شـێخ ئەحمـەد پێـی بـاش بـوو بێلایەنـی بـارزان ڕابگەیەنێـت. پێشـمەرگەکانی بارزانـی هێزێکـی عەشـایەری نیـن، هیـچ لێکچوونێکیـان لەگـەڵ ئـەو هێزانـەدا نییـە کـە سـەرکردە تەقلیدیـەکان سـەرکردایەتیان دەکـەن.

هەروەهـا بارزانـی دەرەبـەگ نییـە و خـاوەن زەویـش نییـە، تەنانـەت خاوەنـی پارچـە زەوییەکیـش نییـە. شـێخ ئەحمـەدی بـارزان بـرای سـەرۆکی یەکێـک لـە بەڕێزتریـن و شـکۆدارترین خێڵەکانـە، لەهەمـان کاتـدا یەکێکـە لـە هەژارتریـن خێڵەکانـی کوردسـتان. لـە بـارزان ژیـان تەندروسـتە و تـا ڕادەیـەک یەکسـانی هەیـە لەنێـو دانیشـتوانەکەی، بـەڵام هەروەهـا سـەخت و دژوار و هەژاریشـە.

لەپێنـاو گەلـی کـورد، لـە شۆڕشیشـدا مسـتەفا بارزانـی لـە یەککاتـدا نوێنەرایەتـی چەنـدی بەهـا و هێمایـەك دەكات:

پێـش هەمـوو شـتێك، ئـەو پاڵەوانـە نەتەوەییـەی سـەرکردایەتی شۆڕشـی ١٩٤٣-١٩٤٥ کـرد، بەرگـری لـە کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد کـرد، و "ڕێڕۆیشـتنی درێـژ" (یـان "پاشەکشـەی پێنـج سـەد") بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت ئەنجامـدا و بـە هەریـەك لـە وڵاتانـی ئێـران، عێـراق و تورکیـای دوژمـن تێپـەڕی.

لـە مـاوەی دوورەوڵاتـی لـە یەکێتـی سـۆڤیەت، بـووە ئەفسانە و داسـتانێك بـۆ گەلـی کـورد. بەجۆرێـک کاتێـک دەگەڕێتـەوە عێـراق حزبـی شیوعی عێـراق و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەردووکیـان ئەویـان دەوێـت، بـەڵام بـە دڵسـۆزی بـۆ حزبەکـەی دەمێنێتـەوە و دەبێتـە سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان.

لـەم کوردسـتانەی لـە دۆخـی شـەڕدایە، بارزانـی زۆر زیاتـرە لـە سـەرۆکی حزبێـک، تەنانـەت سـەرۆکی پارتییـش. ئـەو سـەرکردەی نـاسراو و دانپێدانـراوی تـەواوی گەلێکـە، لـە دوورەوە جەمـاوەر پێـی سەرسـامە و دوژمنیـش لێـی دەترسـێت. دەبێتـە سـەرکردەی بـاڵای

سیاسی شۆڕش و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی. بێ لێکۆڵینەوە و ڕەزامەندی بارزانی، شۆڕش یان پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ بڕیارێکی نەدەدا.

لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەو سەرکردەی ڕێزلێگیراوی خەباتکار و جەنگاوەرە بارزانی و پیاوەکانی خۆی بوو، کە گروپێکی بەهێزیان پێکهێنا، بە ناوی "هێزی گورزوەشێن" لە نێو پارتیزانەکاندا. ئەم جەنگاوەرانە هۆشیارن، هەمیشە ئامادەن، بەتەواوی دڵسۆزن و زۆر ڕێکوپێک و بە دیسیپلینن. بەهۆی ئازایەتی و ڕەوشتی سادە و بەهاکانی ئەندامەکانیان خەڵک خۆشیان دەوێن، بەهۆی توانای زۆریان دوژمن لێیان دەترسن. لە کتێبەکەی لەسەر "کۆماری کوردی ساڵی ١٩٤٦"، ولیام ئیگلتۆن ئاماژە بەوە دەکات؛ بارزانییەکان کە پێشتر لە مەهاباد بوون، هێزێکی سەربازی جیاوازیان لە گروپە خێڵەکیەکانی تر پێکهێنا:

نووسەر دەنووسێت: "لەو کاتەدا بە شێوەیەکی بەرفراوان باوەڕ وابوو، بارزانییەکان نوێنەرایەتی ئەو هێزە سەرەکییە کوردە دەکەن کە دەبێت حسابی بۆ بکرێت. دوای ساڵانێک شەڕ لە دژی دراوسێکانیان و بۆسەدانان بۆ یەکەکانی سوپای عوسمانی و پاشان سوپای عێراق، بارزانییەکان بوون بە شارەزای شەڕی چیا و شاخ. دەیانتوانی بە شاراوەیی و بێ جووڵە بمێننەوە، تا هێزێکی گەورەی دوژمن دەچێتە ناوچەی بۆسەکەیانەوە. هەروەها تاکتیکی گەمارۆدانی زۆر زیرەکانەیان داهێنا لە دژی بنکەی پۆلیس و سەربازییە دابڕاوەکان، بێ ئەوەی ژیانی پیاوەکانیان بخەنە بەر مەترسی و گولەی دوژمن، کە لە پشت دیوارەکانیانەوە بە باشی پارێزرابوون. نهێنی سەرکەوتنە سەربازییەکانی کورد لەوەدایە توانای کەمکردنەوەی زیانەکانیان هەیە. هەروەها تایبەتمەندیی هۆزە کوردییەکانە کە تەنیا لە دووری خاکی خۆیانەوە دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر کار بکەن. بەڵام بارزانییەکان بەدەر بوون لەم یاسایە"(١).

وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەرکردایەتی شۆڕش دەکات، بارزانی سەرۆکی پێکهاتە سەربەخۆکانیش بوو. لە بەرامبەر سەرکردە ڕۆشنبیرەکانی پارتەکە و "گەنجە ڕادیکاڵەکان" پارتەکەی، ئەو سەرکردە تەقلیدییەکانی بەشداربووی جەنگ دەپارێزێت، تەنانەت ئەگەر زۆربەیان پشتگیری پارتەکەشی نەکەن کە زۆرینەیان

(١) لاپەڕە ٩١، وەرگێڕانی بۆ کراوە لە ئینگلیزیەوە.

"دژی پارتـی" بـوون. دواتـر، دوای ڕووخانـی قاسـم، کاتێـک شـیوعیەکان لـە بەغـدا لەلایـەن بەعسـییەکانەوە دەچەوسـێندرانەوە، پەنایـان بـردە بـەر کوردسـتان، بارزانیـش بەهەمـان شـێوە پارێـزگاری لێکـردن و قبوڵـی کـرد لـە ژێـر ئـاڵای شۆڕشـدا چـەک هەڵگـرن، بـە پێچەوانـەی ئـەو سیاسـەتەی تـا ئـەو کاتـە لـە حزبەکەیـدا پەیـڕەوی دەکـرد ڕێگـەی بـەوە نەدابـوو. بۆیـە مسـتەفا بارزانـی سـەرکردە و هێـزی بزوێنـەری هەمـوو هێـزە نەتەوەیـی و نیشـتیمانیەکان بـوو کـە بەشـدارییان لـە شـەڕی ئازادیخوازیـدا کـرد. ئەمـەش ڕاسـتڕەوی پارێـزگار و دژە پارتـی دەگرێتـەوە، کـە دژە پارتیـەکان دواتـر کاریگـەری خۆیـان لەدەسـت دەدەن، بـۆ ئەوپـەڕی چـەپ کـە ئامادەیـی کەمیـان لـە کوردسـتاندا هەیـە، بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و لایەنگرانیشـیەوە. وەک هانـدەری ئـەم هێزە جیاوازانە و سـیمبولی یەکێتـی نەتەوەیـی، بارزانـی بـوو بـە "پیـاوە داناخوایی"هکـەی بارودۆخەکـە. زۆرێـک لـە چاودێـران دەڵێـن لێکچوونێـک هەیـە لـە نێـوان ڕۆڵـی بارزانـی و ڕۆڵـی ژەنـەڕاڵ دو گـۆل کـە لـە چارەنووسـی فەڕەنسـا لـە دوای جەنگـدا بینیویەتـی. ناتوانیـن هەڵەیـان بسـەلمێنین. بارزانـی لـە نامەیەکـدا کـە لـە ١٩ی کانوونـی دووەمـی ١٩٦٣ بـۆی ناردویـن، جەختـی لەسـەر "پێویسـتی یەکخسـتنی هێزەکانـی گەلـی کـورد بـە هەمـوو چیـن و پـارت و ڕێکخراوەکانییـەوە بـۆ سـەرکەوتنی کۆتایـی شـۆڕش کردووەتـەوە"[(١)] و داوای لێکردیـن بـۆ بەدیهێنانـی ئـەم ئامانجـە بـەردەوام بیـن.

ئایـا ئـەم یەکێتیـی نەتەوەییـە دەتوانـرا بەبـێ ئامادەبوونـی ئەم پیـاوە جیـاواز و ناوازەیە بـەدی بهێنرێـت؟ ئـەو تاکـەی سـەرکەوتوو دەبێـت لـە هێشـتنەوە و پاراسـتنی ناوبژیوانـی ناکۆکییـەکان و کۆنترۆڵکردنـی دژایەتییـە ناوخۆییەکانی شـۆڕش؟ لە لایەکی تـرەوە، ئایا ڕەگ و ڕیشـەی ململانێیەکـی زۆر مەترسـیدارتر نییـە بتوانێت لە درێژخایەندا دژایەتی دەسـەڵاتی خـۆی بـکات لـە بەرامبـەر بیروڕای تیمی سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان؟

سـەرەڕای ئـەو دەسـەڵاتەی لـە کەسـایەتیە کاریزماکـەی سـەرچاوە دەگرێـت، مسـتەفا بارزانـی لـە بنەڕەتـدا پیاوێکـی خـاوەن عەقیـدە و بـاوەڕی دیموکراتییـە، بـۆ ئاینـدەی عێـراق و کوردسـتانی عێـراق، لـە شـێواز و بەڕێکردنـی ژیانیـدا زۆر سـادەیە. لـە کـردارە سیاسـییەکەیدا، زۆر پراگماتیـک بـوو.

---

(١) ئەرشیفی تایبەتی نووسەر.

مستەفا بارزانی لە هاوسەرگیری یەکەمی سێ منداڵی هەبوو: گەورەترینیان عوبەیدوڵڵا بوو کە لەوانەیە لە ساڵی ١٩٢٧ لەدایک بووبێت، لوقمان و ئیدریس. دواتر، لەوانەیە لەبەر هۆکاری سیاسی بێت، هاوسەرگیری لەگەڵ کچی مەحمود ئاغا، سەرۆکی عەشیرەتی زێبارییەکان و دوژمنی خێڵەکەی خۆی کرد. چوار کوڕی دیکەی لەم هاوسەرگیرییەش هەبوو: مەسعود، کە لە ساڵی ١٩٤٦ لەدایکبووە، سابیر، یەک یان دوو ساڵ بچووکتر، نیهاد و دوایین منداڵیش کە هێشتا بچووکە. دوو گەورەترینیان لە بارزان دەژین. ئیدریس و منداڵەکانی تر لەگەڵ باوکیان دەژین کە بارەگاکەی بارزانی بەپێی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و پێویستی و ڕێکاری ئەمنی شوێنەکەی دەگۆڕێت. لایەنێکی تایبەتی ڕێزگرتنی مستەفا بارزانی بۆ دابونەریتی باوباپیران ئەوەیە کە کوڕەکانی ئیدریس و مەسعود هەرچەندە نزیکترین هاوکارن و ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە شۆڕشدا، بەڵام هیچ نازناوێکی فەرمییان نەبوو. ئەوان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان نین، هەرچەندە پەیوەندیی ڕۆژانە و زۆر نزیکیان لەگەڵ سەرکردەکانی پارتەکەدا هەیە. کاتێک بارزانی ناوچەی بادینانی بەجێهێشت بۆ ئەوەی بچێتە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور، فەرماندەیی ناوچەی باکووری بە بارزانییەکی دیکەی سپارد کە ئەویش هەڵگری هەمان پەیام و شوێنکەوتووی هەمان پرسە. ئەسعەد خۆشەوی جەنگاوەری شۆڕشی ١٩٤٥ و یاوەری بارزانی لە مەهاباد و یەکێتی سۆڤیەت و سێ فەرماندە گەنجەکەی لە ژێر فەرماندەییدا عیسا سوار و خەلیل خۆشەوی و حەسۆ میرخان هەموویان بارزانی و شارەزای ستراتیژی سەربازین وەک بارزانیی سەرکردەیان، بە درێژایی شۆڕش دەمێننەوە. دوای دروستبوونی ئەنجوومەنی شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٤، بارزانی ڕەتیکردەوە ئەوانیش بەشێک بن لەو ئەنجوومەنە، ڕەنگە بە پێویستی نەزانیبێت، بەڵام لە ناوچەکانی تر دۆخەکە زۆر جیاواز دەبێت.

بارزانی هەموو شتێک دەزانێت، نەک تەنیا لە سایەی دەزگای شۆڕشگێڕی ئاسایی و پارتی، بەڵکو لە سایەی تۆڕی ڕاوێژکار و بەڕێوبەری ئەرکەکانی خۆیەوە. ئەویش وەک ژەنەڕاڵ دو گۆل، فۆکارت و بورین دێ ڕۆزێیر[1] و هاوڕێی هەیە کە هاوتەریب

---

(١) فۆکارت: جەنگاوەرێکی بەرگری پێشوو و مێژوویی شوێنکەوتووی ژەنەڕاڵ دو گۆل بوو، پێش

لەگـەڵ دەسـەڵاتە فەرمییـەکان کاردەکـەن و بـەرەو پێـش دەچـن. کاتێـک بڕیارێکـی دا، ئەسـتەمە قەناعەتـی پێبکـەی بیگـۆڕێ. خێـرا مرۆڤـەکان هەڵدەسـەنگێنێ، دەزانێـت چـۆن هاوکارەکانـی هەڵبژێرێـت و باشترینیـان لـێ هەڵدەبژێرێـت، هەمـوو ئـەرك و بەرپرسـیارێتیان پێـدەدات، کاتێـک بـە تـەواوی متمانەیـان پێـدەکات بـە سـێبەری ئـەو دادەنرێـن. دەوترێـت ئەمـە نیشـانەی پیـاوی مـەزن و دەوڵەتمـەداره گەورەکانـە. ئـەو بـێ متمانەیـی و ژیرییەکـی گـەوره لەگـەڵ زیرەکـی تێکـەڵ دەکات کـە هەمیشـە ڕاسـت دەردەکەوێـت. سـەرکردەکانی پارتـی لـە شـارەکان و ئەفسـەرانی سـوپا هەمیشـە بـە ڕێزەوە لێـی نزیـک دەبنـەوە، بـەڵام ئـەم ڕێـزە زۆر جـار بەهـۆی تایبەتمەندییەکـی کوردییـەوە کـە لـە تاکـی کـورددا هەیـە: ڕاشـکاو، ڕاسـتەوخۆ، سـادە، کـە حـەز دەکـەن بـە گاڵتـە و خۆشـی وەڵام بدەنـەوە. لەنێـو کـورددا هەمـووان یەکسـانن و مـرۆڤ چەنـدە کـەمتر خوێنـدەوار بێـت یـان پلـە و پایـەی نـزم بێـت، ئەوەنـدە ئازادتـر هەسـت دەکات لـەوەی بیـری لێدەکاتـەوە بەبـێ لادان و ڕق و کینـە. هیـچ کوردێـک وەك کۆیلـە و ژێردەسـتە لەگـەڵ بارزانیـدا هەڵسـوکەوت نـاکات، لەگـەڵ ئەوەشـدا بارزانـی خەڵکـی کۆیلـەی خـۆش ناوێـت و متمانەیـان پـێ نـاکات. بارزانـی ڕقـی لـە ماسـتاوکردن و خۆشـیرین کـردن بـوو و نایەوێـت بـە ژەنەڕاڵـی مـن، خـاوەن شـکۆ، گـەورەم یـان مامۆسـتا ناوببرێـت و بانـگ بکرێـت (مامۆسـتا دەسـتەواژەیەکی کوردیـە بـۆ پیاوێکـی بەتەمـەنتر یـان پلـە بەرزتـر بەکاردێـت). ئـەو پێـی باشـترە بـە نـاوی یەکەمـی بانـگ بکرێـت. هەرچەنـدە لـە دابونەریتـی خێڵەکیـی یـان لادێیـی کوردیـدا پلەبەندییەکـی زۆر تونـد هەیـە لـە نێـوان پیاوانـدا کـە بـۆ نموونـە لـەو شـوێنەی دەبێـت دابنیشـیت یـان لـە چۆنییەتـی پێشکەشـکردنی خواردنـدا. سـەرەڕای ئـەوەش، هەمـوو کەسـێک دەتوانێـت ئازادانـە ڕای خـۆی دەرببڕێـت.

---

ئـەوەی ببێتـە سـکرتێری گشـتی ئێلیـزێ بـۆ کاروبـاری ئەفریقـا و مەلەگاسـی لـە سـاڵی ١٩٦٠ تـا ١٩٧٤ لـە سـەردەمی ژەنـەڕاڵ دو گـۆل و دواتـر لـە سـەردەمی جـۆرج پۆمپیـدۆ بـووە کەسایەتییەکی سـەرەکی لـەم سیاسـەتەدا کـە دواتـر بـە "فرانسـافریقی" ناودەبرێـت. بـە یەکێـک لـە پیاوانـی ژێـر سـێبەری گۆلیـزم دادەنرێـت، هەمـوو شـێوازەکانی بەکارهێنـا بـۆ کۆنترۆڵکـردن یـان خنکاندنـی ئۆپۆزیسـیۆن. هەوڵـی دا ببێتـە دۆسـتی کاریگـەری سـەرکردەی وڵاتـان.

بیوریـن دێ ڕۆزێیـر: ئێتیـان بوریـن دێ ڕۆزێیـر (١١ی ئابـی ١٩١٣ لـە دایـك بـووە - ٢٦ی کانوونـی یەکەمـی ٢٠١٢ لـە پاریـس کۆچـی دوایـی کـردووە). فەرمانبەرێکـی بـاڵای حکومـی فەرەنسـایە. بـە تایبەتـی لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٦٢ بـۆ ١٩٦٧ سـکرتێری گشـتی ئێلیـزێ بـووە.

مستەفا بارزانی جلوبەرگی نەریتی کوردی دەپۆشێت، جلوبەرگی نەتەوەیی لەبەردایە، خەنجەرێکی گەورەی دیکۆراتی بە پشتێنەکەیەوە بەستراوەتەوە و تفەنگێکی لە جۆری "برنۆ"ی هەمیشە لەبەردەستدایە. لە ساڵانی جەنگدا، پێی باشتر بوو لە ڕەشماڵدا بژی، تەنانەت لە وەرزی زستانیشدا. بارزانی دەستپێکی ڕۆژەکەی بەزۆری لە دەوروبەری نیوەڕۆ دەست پێدەکات و زۆرجار لە دەوروبەری سێ یان چوار بەیانی کۆتایی دێت. ئەو پێشوازی لە خەڵکێکی زۆر دەکات، تەنانەت خەڵکی هەرە سادە و ساکاریش کاتێک دێنە دەرگای بارەگاکەی، بەم شێوەیە تەندروستی و پشوودانی خۆی دەکاتە قوربانی بۆ ئەوانی تر. لەگەڵ دوژمنندا دڵڕەق و بێ بەزەییە، لەگەڵ خۆشەویستەکانی نەرم و نیان و خەمخۆرە، بەرامبەر بەدبەختی و ناخۆشییەکانی خەڵکی هەژار هەستیارە. ڕقی لە پارەیە و لە چوارچێوەی توانای خۆیدا، هەرگیز ڕەتی ناکاتەوە یارمەتی کەسێک بدات کە بەدوای یارمەتیدا دەگەڕێت. بە درێژایی ڕۆژ یەک لە دوای یەک جگەرە دەکێشێت و خۆی جگەرەکەی بە توتنی کوردی دەیپێچێتەوە و ڕقی لە جگەرەی بیانی گرانبەها دەبێتەوە کە لە بازاڕدا هەیە، کە هەندێکی تر بێ دوودڵی دەیکێشن و چێژی لێوەردەگرن. بارزانی دارجگەرەیەکی درێژی دەستکرد بەکاردەهێنێت کە لە لقی داری گێلاسی خۆڕسك نەخشێنراوە. مستەفا بارزانی کە کاتی هەبێت وەک زۆرێک لە کوردەکانی دیکە حەز لە خوێندنەوەی شیعری فارسی دەکات. کاتێک دەگەیتە بارەگاکەی، پاسەوانێک لەگەڵت دەبێت و یاوەریت دەکات بۆ ژێر ڕەشماڵەکەی. ئینجا هەڵدەستێت و سڵاوت لێ دەکات، هەموو ئامادەبووان هەمان شت دەکەن. ئەگەر تۆ سەردانکەرێکی گرنگ بیت، بارزانی شوێنێکت لە نزیک خۆی پێشکەش دەکات و مافی ئەوەت دەبێت پاسەوانێکی چەکدار وەربگریت کە لە ماوەی مانەوەت لە ناوچەکەدا لەگەڵت دەمێنێتەوە، هەمووان ئاگاداری ئاسوودەیی تۆ دەبن و هەموو هەوڵێکی خۆیان دەدەن بۆ پێشبینیکردنی خواستەکانت. کاتێک بارزانی میزاجێکی باشی دەبێت، گفتوگۆکەی پڕە لە پەندی کوردی و ئایەتەکانی قورئان و چیرۆکی کورتی ئامۆژگاری ئامێز. هێندە سەرنجڕاکێشە؛ بەڕادەیەک لەوانەیە ئەو بابەتە لەبیر بکەیت کە بۆی هاتوویت و پلانت دانابوو باسی بکەیت. بەڵام کاتێک گفتوگۆ و پەندەکان تێدەپەڕن، لەناکاو بۆت دەردەکەوێت کە بارزانی پێشتر وەڵامی خۆی پێتداوەتەوە. ئەگەر هێشتاش بەباشی تێنەگەیشتوویت و سەرت

سوڕماوە، بارزانی بیروبۆچوونەکانی لە چەند وشەیەکی بەهێزدا کورتدەکاتەوە. پاش قەیرانی ناوخۆی ساڵی ١٩٦٤ کە ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی و گروپەکەیان دژایەتی بارزانیان کرد، چووم بۆ پاڕانەوە بۆیان، بۆ ئەوەی دووبارە تێکەڵ بە ڕیزەکانی شۆڕش و پارتی بکرێنەوە. ئێمە بەتەنیا بووین، هەردووکمان لەسەر دۆشەکێک دانیشتبووین، لەژێر ڕەشماڵێکدا کە بە چرایەکی لۆکس ڕووناککرابووەوە. لە شەوێکی تاریک، بەڵام جواندا بە زەحمەت دەتوانرا پاسەوانەکان ببینین کە لە دەرەوە دەسوڕێنەوە، لە ژێر دار بەڕووە سەوزەکاندا. بۆ ساتێک گوێی لە قسەکردنم گرت، بە بێدەنگی بە دەستی خۆی و بە چەقۆیەکی قەڵەمی دەمی دارجگەرەکەی دادەتاشی. پاشان بۆ ماوەیەکی درێژ قسەی کرد. من خۆم لەناو پەند و چیرۆکە کۆنەکانی ون کرد، کە وەك ئەو گەنجینە بەنرخە پڕ داناییەی ڕۆژهەڵاتی وایە. ماوەیەک تەنیا گوێم لە دەنگی ئەو ئاوە بوو کە لە دۆڵی هێمن و ئارامی دۆڵی شاورێدا دەڕژا، یان سەرم بەرز دەکردەوە و سەیری ئەستێرەکانم دەکرد کە لە ئاسمانی بەیانی زوودا لە سەرووی چیا تاریکەکەی هەڵگوردەوە کاڵ دەبنەوە. لەناکاو دەنگە قووڵەکەی بارزانی منی هێنایەوە نێو واقیع و وتی: "تۆ داوام لێدەکەیت، دووپشکێك بخەمە گیرفانی خۆمەوە. ئەم کەسانەی ئێوە بەرگریان لێدەکەین بە بەغداوە پەیوەستن"، بەڵام بەو پێیەی تۆ پێداگری دەکەیت، وەک ئەوانی دیکەی پێش خۆت، بڕۆ پێشەوە و هەوڵبدە، بەڵام ئاگادارتان دەکەمەوە: "ئەمەی دەیکەن بە پێچەوانەی ویستی منە ". ڕۆژێک کەمێک بە بێ تاقەتی پێشنیازم بۆی کرد کە خێراتر کارەکان تەواو بکات، لە کاتێکدا هێشتا هێزی هەیە، حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی کوردی دروست بکات. وەڵامی دامەوە و گوتی: "هەموو شتێک دەبێت لە کاتی خۆیدا بکرێت. ئەگەر سبەی بمرم، گرنگ نییە. گەلی کورد نامرێ".

### ٢. پارتی دیموکراتی کوردستان و پەیڕەو و بەرنامەکەی، هێزی بزوێنەری شۆڕش

ئـەو ڕۆڵـە جەوهەرییـەی پارتـی لـە شۆڕشـدا بینیویەتـی، لـە دوو توێـی ئـەم کتێبـە دیـار دەبێـت، بـەڵام بـە گشـتی لـە دەرەوەی وڵات لـە چـاو سـەرۆکەکەی کـەمتر نـاسراوە.

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٤٦ لەلایـەن ژەنـەڕاڵ بارزانـی و کۆمەڵێـک لـە هاوکارانـی لـە کوردسـتانی عێراقـەوە دامـەزرا کـە لـە مەهابـاد بـوون لـە کوردسـتانی ئێـران، لـەو مـاوە کورتـەی کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد. "پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان (ئێـران)" وەك ئیلهـام بەخشـی مێژوویـی نـاوی پارتـی دیموکراتـی کـوردی بەکارهێنـاوە، بـەڵام هیـچ پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆ و ئۆرگانـی لەنێـوان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران و پارتـی دیموکراتـی کـورد لـە عێـراق نییـە. یەکـەم کۆمیتـەی ناوەنـدی زۆرینـەی لەو ئەفسـەرانە بـوون کـە یـاوەری بارزانـی بـوون لـە مەهابـاد وەک: میرحـاج ئەحمـەد تەهـا، نـوری ئەحمـەد تەهـا، عیـززەت عەبدولعەزیـز، مسـتەفا خۆشـناو، خەیـروڵلا عەبدولکەریـم و محەمـەد قودسـی. وەك دەزانیـن کـە لـە سـاڵی ١٩٤٧ بارزانـی پەنـای بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت بـردووە و چـوار لـە ئەفسـەرەکانی لـە بەغـدا لـە سـێدارە دران.

لـە کوردسـتانی عێراقـدا پارتـی بـە کۆکردنـەوەی ئەندامانـی دوو حـزب کـە بـۆ پێکهێنانـی خۆیـان هەڵوەشـابوونەوە ئەوانیـش "ڕزگاری کـورد" و "هیـوا" بـوو کـە یەکەمیان لـە ئەوپـەڕی چـەپ بـوو، بـەڵام هیـچ پەیوەندییەکـی بـە شـیوعیەتەوە نەبـوو، دووەمیـان حزبێکـی ناسیونالیسـت بـوو. پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە نـاوی "ڕزگاری". لـە سـاڵی ١٩٤٦ تـا ١٩٥٨ ڕۆژنامەیەکـی نهێنـی بڵاودەکاتـەوە.

لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٥٦، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دووبـارە خـۆی ڕێکخسـتەوە و پێشـوازی لـە ئەندامانـی نـوێ کرد و ناوەکەی گـۆڕی و بوو بە "پارتـی دیموکراتی یەکگرتووی کوردسـتان". ڕۆژنامەکـەی کـە بـە نـاوی "ڕزگاری" نـاوی "خەباتـی کوردسـتان"ی وەرگـرت. لەگـەڵ ئەوەشـدا، هێشـتا لاوازە و کاریگەرییەکـی ئەوتـۆی لەسـەر جەمـاوەر نییـە کـە باشتر کاریگـەری حزبـی شـیوعی عێراقـی لەسـەرە. لـەدوای شـۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ و دروسـتکردنی ڕژێمـی کۆمـاری لە عێراق، لاوازبوونی پارتی دیموکراتـی یەکگرتوو لە بەرامبەر حزبـی شـیوعی کـە چـالاکتر بـوو، دۆخەکـە هێنـدەی تـر نیگەرانهێن بـوو، بەتایبەتـی کاتێک حزبـی شـیوعی لەنـاکاو سیاسـەتێکی عێراقـی بـۆ یەکخسـتنی کـورد گرتەبـەر. کۆمیتەیەکـی

ناوەندی زۆر لاواز بە سەرۆکایەتی سکرتێری گشتی بەڕێز هەمزە عەبدوڵڵا وای نیشاندا کە لەژێر کاریگەریی دەسەڵاتی بەدەستهێنراوی ئەم دواییەی حزبی شیوعی عێراق دایە. پاشان ڕۆژنامەی "خەبات" ئەو دروشمەی گرتەبەر کە لە "ئیتیحاد ئەلشەعب" "یەکێتی گەل"دا پەرەی پێدراوە، کە ئۆرگانی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقە و ئیدیعای دەسەڵات بۆ ئەم حزبە دەکات. ڕێکخراوە جەماوەرییە کوردییەکانی لاوان، قوتابیان، مامۆستایان، ئافرەتان، جوتیاران و ئەوانی دیکە، وەک لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان پێدا، گشتیان هەڵوەشێنرانەوە و تێکەڵ بە ڕێکخراوە عێراقییە هاوشێوەکانیان کران، کە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی حزبی شیوعی عێراق دایە. کاتێک لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا بووین بۆ بەشداری لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی نێودەوڵەتی، تێبینیمان کرد لە مۆزەخانەی ئێتنۆگرافی کە یەکێتی گشتی قوتابیانی کۆماری عێراق ڕێکیخستبوو. لەو بۆنەیەدا، کەلوپەلی هونەری کوردی و عەرەبی، جلوبەرگی نەتەوەیی و پیشە و کارە دەستییەکان بە نەناسراوی پێشکەش دەکرێن، لە ژێر ناونیشانی "عێراقی"، کاتێک بە بەرپرسانی یەکێتی گشتی قوتابیانی کۆماری عێراقمان گوت کاتێک ڕووداوی هاوشێوە لە یەکێتی سۆڤیەت ڕێکدەخرێت، گرنگی بە دیاریکردنی بنچینەی ئێتنۆگرافی ئەو شتانە دەدرێت کە پیشان دەدرێن، بەڵام هیچ وەڵامێکی جێگەی ڕەزامەندیمان پێنەدرایەوە.

لە ناو پارتی یەکگرتووی دیموکراتی کوردستان، دابڕانێک لەنێوان سەرکردەکان و ئەندامانی پارتەکەدا هەیە. ئەندامان وەک خەڵک دەیانەوێت ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن و بەهێزتری بکەن. ئەم بارودۆخە دوای گەڕانەوەی ژەنەڕاڵ بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت گۆڕا: ئەو بە خێرایی ئەو سەرکردانەی کۆمیتەی ناوەندی دەرکرد کە نەخوازراو بوون و ناچار کران نووسینگەکانیان لە بەغدا جێبهێڵن، ئەم کارە لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی گەلی کورد و ئەندامانی حزبەکەدا دەگونجێت. چەندینجار، لە ساڵی ١٩٦٠ و دواتر، گوێمان لە بارزانی دەبێت ڕەخنەی توند لە بەڕێز هەمزە عەبدوڵڵا و هاوکارەکانی دەگرێت، هەروەها ڕەخنەی لەو سیاسەتەش گرت کە حزبی شیوعی عێراقی پەیڕەوی دەکرد. لە کۆنگرەی پێنجەمی پارتی لە ساڵی ١٩٥٩ دا دۆخی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان گەڕایەوە: کۆمیتەی ناوەندیی نوێ لە کەسانی دژی گروپەکەی بەڕێز هەمزە عەبدوڵڵا هەڵبژێردرا و لەلایەن بارزانی سەرۆکی پارتەکەوە پەسەند کرا.

پێنج ئەندامە نوێیەکەی مەکتەبی سیاسی هەموویان کوردن و خەڵکی باشووری کوردستانن، کە پێیان دەوترێت "سۆرانی". ئەمە جیاوازە لە بەڕێز هەمزە عەبدوڵڵا کە لە ناوەڕاستی کوردستانەوە هاتووە و وەک بارزانییەکان بە "کرمانجی" قسە دەکات. ئەم وردەکارییە گرنگە، چونکە ئەوە نیشان دەدات کە لە حزبدا، مرۆڤەکان بەپێی ناوچەی ڕەچەڵەکی خۆیان دابەش نەبوون.

خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش: هەموو ئەم ئەندامە نوێیانە ڕۆشنبیرن، واتە مرۆڤی ڕۆشنبیرن، کە لە خێزانی چینی ناوەند یان بچووکی بۆرژوازی شارەکان هاتوون. سکرتێری گشتی نوێ ناوی ئیبراهیم ئەحمەدە، پیاوێکی زیرەک و ڕۆشنبیرە، لە دایکبووی ساڵی ١٩١٣ی شاری سلێمانییە، لە زانکۆی بەغدا یاسای خوێندووە. هەروەها شاعیر و ڕۆماننووسە و کتێبەکانی بە زمانی کوردی لە کوردستان ناسراون. هەروەها حەزی لە ئەدەبیاتی بیانییە، وەک ئەدەبیاتی هێمینگوەی و ژان پۆڵ سارتەری فەڕەنسی.

بەڕێز جەلال تاڵەبانی کە خەڵکی شارۆچکەی کۆیەیە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٣ە، لە زانکۆی بەغدا یاسای خوێندووە. ئەو نموونەی ئەو شتەیە کە ئێمە پێی دەڵێین "گەنجە گورگە ڕادیکاڵەکەی حزب". کەسێکی بەهێزە، هەم تیۆریست و هەم سەرکردە، زۆر بەئاسانی لە بەرانبەرەکەی نزیک دەبێتەوە. وتاربێژێکی لێوەشاوە و زیرەکە، بیرمەندێکە توانای بەرگریکردن و گفتوگۆی بیرۆکەکانی بە شێوەیەکی لۆژیکی هەیە. هەڵەی سەرەکی ئەو، ئەوەیە کە سەرەڕۆیە و هەندێک جار لە کردارەکانی زۆر خێرایە و بێ ئەوەی بیر بکاتەوە، خێرا هەڵسوکەوت دەکات.

بەڕێز عومەر مستەفا، خەڵکی هەولێرە، لە ساڵی ١٩٢١ لەدایک بووە، لە زانکۆی بەغدا یاسای خوێندووە. دوای خوێندن لە شارەکەی خۆی وەک پارێزەر کاری کردووە. ئەو پیاوێکی بەسۆز و بەڕێزە، هەم ڕێکخەرێکی باشە و هەم جێبەجێکارێکی باشە. توانای جەستەیی ناوازەی ئەو لە شەڕکردن لەگەڵ پۆلیسی ڕژێمی پێشوو تاقی کراوەتەوە، لە خۆپیشاندانەکانی سەر شەقام لە بەغدا کاتێک هێشتا قوتابی بوو، زۆر ناسراو بوو.

بەڕێز نوری شاوێس بە ڕەچەڵەک خەڵکی سلێمانییە، لە ساڵی ١٩١٨ لەدایک بووە، ئەندازیارێکی دەرچووی زانکۆی بەغدایە. ئەو رێکخەر و کەسێکی زانستیی بەڕێزە. سەبارەت بە کەسایەتییەکەی، بە پیاوی هێمن و ئارامی پارتی وەسف دەکرێت. ناهیدە خانی هاوسەری مامۆستایە و ژنێکی لێهاتووە. بە تایبەتی وەک سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان جێ دەستی دیارە. بەڕێز عەلی عەبدوڵڵا کە ئەویش خەڵکی شاری سلێمانییە و لە ساڵی ١٩٢٢ لەدایک بووە. هەروەها ئەندازیارە و دەرچووی زانکۆی بەغدایە. وەک شاوێس ڕێکخەر و کەسێکی زانستیی بەڕێزە.

ئەم پیاوانە؛ بەتایبەتی تاڵەبانی، چەپن و پەیڕەوی ئایدیای سۆسیالیستی دەکەن، یان نزیکن لە سۆسیالیزم. دەتوانرێت زانیاری زیاتر لەبارەیان لە کتێبی "جەنگی کوردەکان"ی نووسەری بەریتانی دەیڤد ئادامسۆن بەدەستبهێنرێت و وتارێکی ئێریک رۆلۆ کە لە ڕۆژنامەی لومۆندی فەڕەنسی بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی "سیاسەتمەدارانی ئەشکەوت"[(١)].

لە ٩ی کانوونی دووەمدا، پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان بە یاسایی بوونی خۆی بەدەستهێنا، بەڵام بە ناوێکی نوێ، کە پارتی دیموکراتی کوردستانە (PDK). ڕۆژنامەی سەرەکی "خەبات" ئێستا لە بەغدا بە زمانی عەرەبی دەردەچێت، بە ناونیشانی "النضال" (بە عەرەبی بە مانای "خەبات"). ئەم بڕیارە بۆ ئەوە درا کە عەرەب باشتر لە بیرکردنەوەی پارتی و ئامانجە سیاسییەکانی تێبگەن. لەگەڵ ئەوەشدا، چاپی عەرەبیی خەبات هەندێکجار نوسخەی کوردی لەگەڵدا دەبێت، چونکە ڕۆژنامەی لۆکالی پارتەکە بەردەوام بە کوردی بڵاو دەکرێتەوە. لە ١٨ ی کانوونی دووەم ، خەبات بەرنامەی سیاسی خۆی بڵاو دەکاتەوە کە ئەمەی خوارەوە پوختەیەکی بیست و سێ مادەی سەرەکییە:

مادەی یەکەم تایبەتە بە ناوی پارتییەوە. لە مادەی دووەمدا هاتووە؛ پارتی دیموکراتی کوردستان پارتێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕە، نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و جوتیاران و مووچەخۆران و پیشەوەران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی کوردستانی عێراق دەکات. مادەی سێیەم ئاماژە بەوە دەکات کە پارتی لە شیکارییە سیاسی و

(١) ژمارەی بەرواری ١٤ی نیسانی ١٩٦٣.

کۆمەڵایەتییەکانیدا ڕێبازی زانستی مارکسیزم-لینینیزم دەگرێتەبەر. مادەی چوارەم باس لە "پاراستنی کۆماری دیموکراتی عێراق" دەکات. لە مادەی پێنجەمدا، پرۆگرامەکە جەخت لەسەر گرنگی "پاراستنی ئاشتی جیهان" دەکاتەوە لەسەر بنەمای "بڕیارەکانی کۆنفرانسی باندونگ، پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و پرەنسیپەکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە". پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت "سیاسەتی برایانە بەرامبەر وڵاتانی کۆمکاری عەرەبی و بلۆکی ئەفریقی ئاسیایی" و "سیاسەتی نیشتمانی دژە ئیمپڕیالیستی" بگرێتەبەر. لە مادەی شەشەمدا، پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت؛ دەبێت کار بۆ "پتەوکردنی پەیوەندییەکانی برایەتی نێوان گەلانی عەرەب و گەلی کورد و کەمایەتییە نەژادییەکانی عێراق" بکات. هەروەها بەڵێن دەدات "مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد" لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی یەکپارچەیی عێراقدا بچەسپێنێت و ئەم مافانە لە دەستووری هەمیشەییدا بچەسپێنێت. مادەی حەوتەم دەڵێت دەبێت کورد لە هەموو خزمەتگوزارییە حکومییەکاندا نوێنەرایەتی دەکات، بە لەبەرچاوگرتنی مافی کەمایەتییەکانی دانیشتووی کوردستان. مادەکانی ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٣ و ١٤ داوای سیاسەتێک دەکەن کە ئەمانە لەخۆ بگرێت:

- بە پیشەسازیکردنی وڵات.
- ئابوورییەکی تەندروست.
- پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنە نەوتییەکان.
- بە نیشتیمانی کردنی هەندێک دامەزراوەی بیانی.
- یاسای کۆمەڵایەتی پێشکەوتنخواز بۆ هەموو عێراق.

ئامانجی ئەم ڕێوشوێنانە باشترکردنی ئابووری، مافە کۆمەڵایەتیەکان و بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکانە. مادەی ١٢ لە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان باس لە چاکسازیی کشتوکاڵی تایبەت بۆ کوردستان دەکات، بە ئامانجی پشتیوانیکردنی جوتیارانی کورد. مادەی ١٥ ئاماژە بە گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری کوردستان دەکات، واتە باشترکردنی ڕێگاوبان و تۆڕەکانی پەیوەندی و خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان. مادەی ١٦ داوای بەهێزکردنی سوپای عێراق دەکات لە پێناو دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی

و بەرگری لە یەکپارچەیی وڵات. مادەی ١٧ داوا دەکات ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ باشترکردنی تەندروستی گشتی. مادەی ١٨ جەخت لەسەر گرنگی دامەزراندنی سیستەمی هەڵبژاردنی دیموکراتی بە دەنگدانی ڕاستەوخۆ دەکاتەوە، بەمەبەستی دەستەبەرکردنی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانە. مادەی ١٩ پشتگیری لە بیرۆکەی پێدانی مافە سیاسی و ئابوورییەکانی ئافرەتانی عێراقی دەکات. مادەی ٢٠ کار بۆ پەرەپێدانی کەلتوری کوردی، بەمەبەستی پاراستن و پەرەپێدانی ناسنامەی کەلتوری کوردی. ماددەی ٢١ دەڵێت دەبێت مافە کەلتوری، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دانیشتووی کوردستان مسۆگەر بکرێت و بەم شێوەیە ڕێز لە فرەیی خەڵکی عێراق بگیرێت. مادەی ٢٢ ئاماژە بە ڕێوشوێنەکانی باشترکردنی بارودۆخی پەنابەرانی سیاسی کورد دەکات کە لە عێراق دەژین، بەتایبەتی ئەوانەی لەبەر ستەم و زۆرداری و شەڕ هەڵهاتوون. لە کۆتاییدا، مادەی ٢٣ پشتیوانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ "تێکۆشانی گەلی کورد لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان دەردەبڕێت بۆ ڕزگاربوونیان لە ژێردەستەیی ئیمپریالیزم و ڕژێمە کۆنەپەرستەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناو مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورددا دەجەنگێت، واتە مافی کورد بۆ بڕیاردانی ئازادانە لەسەر داهاتووی سیاسی"(١).

گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە لە مادەی ٣دا پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی وەک پارتێکی مارکسی-لینینی نیشان نادات، بەڵکو دەڵێت ئیلهام لەم ئایدیۆلۆژیایە وەردەگرێت. لە ڕاستیدا، پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی وەک گروپێکی دیموکراتی دەبینێت کە لە ڕەوتی ناسیونالیستی جیاواز پێکهاتووە، کە بیروبۆچوونەکانی لە مارکسیزم-لینینیزم تا کۆنەپەرستی، لە ڕیفۆرمخوازی بۆرژوازی هەیە. هەرچەندە لە سەرکردایەتی پارتەکەدا پێکهاتە چەپڕەوەکان زۆرترن و کاریگەرترن.

ئەم بەرنامەیە لەلایەن پارتێکی کوردی عێراقی لەسەردەمی ئاشتیدا داڕێژرابوو دوای ئەوەی لەلایەن قاسم قەدەغە کرا و جەنگ دەستی پێکرد، تا ساڵی ١٩٦٤ گۆڕانکاری بەسەردا نەهات. هەرچەندە دوو ئامانجی سەرەکی شۆڕش کە بریتین

---

(١) بڕوانە وەرگێڕانی فەرەنسی تەواوی دەقی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٩ لە گۆڤاری Orient ، ژمارە ٣١، پاریس، ١٩٦٠.

لە ئۆتۆنۆمی کورد و بە دیموکراتیزەکردنی عێراق پێشتر لەم بەرنامەیەدا هەبوون. لە کۆنگرەی شەشەمی پارتی لە ساڵی ١٩٦٤، هەندێک گۆڕانکاری ئەنجامدرا. ئەم گۆڕانکارییانە بەرنامەکەیان لە ڕووی ناسیۆنالیستییەوە ڕادیکاڵتر کرد و بیرۆکەی مارکسیزم لینینیزم لابرا و بیرۆکەیەکی گشتگیرتر جێگەی گرتەوە. ئێمە ئەم گۆڕانکاریانە بە وردەکاریی زیاتر لە بەشی حەوتەم ڕوون دەکەینەوە.(بڕوانە تەواوی پڕۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە تشرینی دووەمی ١٩٦٦ لە کۆنگرەی حەوتەمی پارتی، لە گەلاڵە، لە پاشکۆی سێیەمدا دادەنرێت).

پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێتە کۆڵەگە و بناغە و ڕۆح و هێزی بزوێنەری شۆڕش. هەر ئەو پارتەیە وادەکات شۆڕش لە سەرتاسەری خاکی کوردستان گەشە بکات، کە خەڵکێکی زیاتر هاندەدات بەشداری تێدا بکەن، ئامانجە نەتەوەییەکان و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی شۆڕش دیاری دەکات. پارتی زۆرینەی سەرکردە سیاسیەکان، بەشێکی زۆری هێزە سەربازییەکانی دەهێنێت و ئەوەش وزەی پێویست دەبەخشێت بۆ پێکهێنانی خۆی و بەردەوامبوونی. بەبێ پارتی دیموکراتی کوردستان شۆڕش نەدەبوو، بەڵکو تەنیا یاخیبوونێك دەبوو کە زوو یان درەنگ وەک ئەوانی تر دادەمرکایەوە.

### ٣. ئامانجە نەتەوەییەکانی شۆڕش.

ئامانجـی سـەرەکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە بەتایبەتـی بـە گەلـی کـورد لـە ناسـیۆنالیزمێکی بەهێـزەوە سـەرچاوە دەگرێـت، بـەڵام بـێ ڕق و کینـە بەرامبـەر گەلانـی تـر. لەوانەیـە ئەمـە وای لـە خەڵـک کردبێـت لـە دەوری شـۆڕش کۆببنـەوە. خوێنـەر ئـەو هـۆکارە کـۆن و تازانـەی بەبیـر دێتـەوە، کـە لـە بەشـەکانی پێشـوو بـاسمان کـردووە و بوونـە هـۆی ئـەم شۆڕشـە، کـە بەشـێوەیەکی سـەرەکی سروشـتی نەتەوەییـان هەیـە.

نەبوونـی وردبینـی و ئەوپـەڕی میانڕەویـی لـە ئامانجەکانـی سـەرەتای ململانێکـەدا، جێگـەی سـەرنجە، چونکـە وەک دەزانیـن، لـە سـەرەتاوە بزووتنەوەیـەک نەبـوو پلانـی چالاکـی سـەربازی دارشـتبێت و ئامانجـە سیاسـییەکانی خـۆی بـۆ جەنگی ڕزگاری نیشـتمانی دیـاری کردبێـت. ئـەم ئامانجانـە لـە بەرنامـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا هەبـوون، بـەڵام لـە کاتـی شـەڕدا وردە وردە پشتڕاسـت بوونـەوە و لـە سـاڵی ١٩٦٤ ڕادیـکاڵتر بـوون.

پێویسـتە ئامـاژە بـە جیاوازییـەک بکرێـت لـە نێـوان ئامانجـە فەرمییـەکان، وەک ئـەوەی لـە زاری سـەرکردەکان دەبیسرێـن و بڵاودەکرێنـەوە، لەگـەڵ ئـەوەی جەمـاوەر لێـی تێـدەگات. بـۆ جەمـاوەر و بـۆ ئـەو "پێشـمەرگانە "[(١)] ی خەبـات دەکـەن، هەمـوو شـتێک سـادە و ڕوونـە: ئێمـە بـۆ کوردسـتان، بـۆ سـەربەخۆیی خەبـات دەکەیـن. دروشـمی "کوردسـتان یـان نەمـان" ئـەم حاڵەتـە دەروونییـە بەباشـی دەردەخـات، بـەڵام جەمـاوەری بـە دیسـپلین، سیاسـەتی فەرمـی بزووتنەوەکـە پەیـڕەو دەکات.

لـە سـەرەتا و پێـش دەسـتپێکی شـەڕ، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان خـۆی لە قسـەکردن لەسـەر ئۆتۆنۆمـی بـە دوور دەگـرت، هەرچەنـدە ئـەم ئامانجـە لـە پەیـڕەو و پرۆگرامیـدا هەبـوو. ئـەوکات پێویسـت بـوو ژەنـەڕاڵ قاسـم قەناعەتـی پێبکرێـت واز لـە سەرکێشـی دژە کـورد بهێنێـت و هێـرش نەکاتـە سـەر کـوردەکان. کاتێـک جەنـگ دەسـتپێکرد، پارتـی دەبووایـە وەڵامـی تۆمەتەکانـی جوداخـوازی بداتـەوە و هـەوڵ بـدات دۆسـتایەتی ڕای گشـتی عـەرەب بەدەسـتبهێنێت، بەتایبـەت ئەوانـەی تاڕادەیـەک دوژمنایەتـی بیرۆکـەی ئۆتۆنۆمـی بـوون کـە وەک ئامانجێکـی ڕاسـتەوخۆ و هەنوکەیـی سـەیردەکرا.

---

(١) "پێشـمەرگە "ئـەو ناوەیـە کـە کـورد بـە تێکۆشـەرەکانی دەیـدات، بـە واتـای "ئەوانـەی ڕووبـەڕووی مـەرگ دەبنـەوە". وشـەکە لـە پێشـگرێکی "پێـش" و "مـردن یـان مـەرگ" پێکهاتـووە.

لـەم بەشـەدا بـاس لـە پچڕانـی پەیوەنـدی نێـوان ڕژێمـی قاسـم و بزووتنـەوەی کـوردی دەکات، ئامـاژە بـە سێ یاداشـتنامە دەکەیـن کـە لەلایـەن پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە بـۆ حکومەتـی عێـراق نێـردراون. ئـەم یاداشـتانە بـاس لـە داواکاریـی دیموکراسـی بـۆ هەمـوو عێـراق دەکـەن، بەتایبەتـی داخوازییەکانـی کـورد، بـەڵام تاڕادەیـەک گشـتی یـان لاوەکـی بـوون، بـۆ نموونـە مەسـەلەی داواکاریـی ڕێزگرتـن لـە مافەکانـی کـورد و مـادەی سـێیەمی دەسـتوور و گەشـەپێدانی ئابـووری کوردسـتان و هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو ڕێوشـوێنانەی بەغـدا بەرامبـەر بـە کـورد گرتوویەتییەبـەر و گەڕاندنـەوەی فەرمانبـەر و بەرپرسـانی کـورد بـۆ کوردسـتان هتـد.

داواکاریـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ١٦ ی ئەیلوولـی ١٩٦١، وەک بینـیمان، بـە سـادەیی ڕوونـی دەکاتـەوە؛ بۆچـی کـورد بەرهەڵسـتی ئـەوە دەکات کـە پێـی دەڵێـن "دڕندەیـی قاسـم". داوا لـە "گەلـی عەرەبـی عێراقـی بـرا و هێـزە دیموکراتییەکانـی جیهـان" دەکـەن پشـتیوانی گەلـی کـورد بکـەن، بـۆ بەدیهێنانـی "کۆمـاری عێراقـی دیموکراتـی و یەکڕیزییەکـی ڕاسـتەقینەی عێـراق".

سـەرەتا لـە ناوخـۆی کوردسـتان ئامانجەکانـی بزووتنەوەکـە نـاڕوون بـوون، ئەمـەش شـتێکی ئاشـکرا بـوو، بـەڵام دەبـوو کوردەکانـی ئەوروپـا بـە جۆرێـك لـە جـۆرەکان لـە جێگـەی سـەرکردەکانی بەرخۆدانـی ناوخـۆ شـتەکان بـۆ ڕای گشـتی جیهـان ڕوون بکەنـەوە کـە ئۆتۆنۆمـی کوردسـتانی عێـراق ئامانجـی سـەرەکی بزووتنەوەکـە بـووە، کـە بەڕاسـتیش هـەر وابـوو. لـە لایەکـی دیکـەوە، ئامانجـی بـە دیموکراسـیکردنی عێـراق هـەر لـە سـەرەتاوە بەشـێک بـوو لـە داواکاریـی شۆڕشـگێڕان.

لـە ٢٠ی نیسـانی ١٩٦٢ ژەنـەڕاڵ بارزانـی بانگـەوازی بـۆ ڕای نێودەوڵەتـی دەسـتپێکرد. یەکـەم بەڵگەنامـەی گرنگـی سـەرکردەی شـۆڕش بـوو کـە بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان لـە دەرەوە بڵاوبـووەوە، هـەم لـە بەیـروت و هـەم لـە ئەوروپـا. ئـەم بڵاوبوونەوەیـە لەلایـەن کۆمیتـەی داکۆکـی لـە مافەکانـی گەلـی کـوردەوە ڕێکخرابـوو، بـە هـاوکاری نوێنـەری ژەنـەڕاڵ بارزانـی، بەڕێـز ئەحمـەد تۆفیـق کـە لـە بەیـروت چاومـان پێـی کـەوت.

لـە داواکارییەکـەدا، کـە چەنـد لاپەڕەیەکـە، ئامـاژە بـە ئامانجـی سـەرەکی شـۆڕش

"ئۆتۆنۆمــی نەتەوەیــی کوردســتان لــە چوارچێــوەی کۆمــاری عێراقــدا" کــراوە. (لــە پاشــکۆی چــوارەم بڕوانــە دەقــی ئــەم داواکارییــە، وەک ئــەوەی لــەو کاتــەدا پوخــتمان کردووەتــەوە و بڵاومــان کردووەتــەوە.)

ژمارەی ٤٦٥ی خەبـات[١] لـە یەکـی نیسـانی ١٩٦٢ تەرخانکـراوە بـۆ بەدرۆخسـتنەوەی ئـەوەی پێـی دەڵێـت "درۆکانـی موسـەیلیمەی فێڵبـازی عێـراق"[٢]، واتـە ئـەو تۆمەتانـەی ژەنـەڕاڵ قاسـم دەیکرد. ئـەم تۆمەتانـە پەیوەنـدی بـە سـێ خاڵـی سـەرەکییەوە هەیـە:

١. شۆڕشــی کــورد لەلایــەن هێزەکانــی ئەنگلۆساکســۆنەکانەوە هەڵگیرســا. لــە ڕاســتیدا قاســم لــە ٢٣ ئەیلوولــی ١٩٦١ دووپاتــی کردبــووەوە کــە هێرشــی کــورد مانۆڕێکــە لەلایـــەن ئەمریـــکا و هێزەکانـــی تـــری ڕۆژئـــاواوە بـــۆ ناســـەقامگیری عێـــراق و بەرژەوەندییەکانــی خۆیــان.

٢. خاڵــی دووەم کــە خەبــات لــە وتارەکــەدا باســی کــردووە، ئــەو بانگەشــەیەی قاســم ڕەتدەکاتــەوە کــە "شۆڕشــی کــورد شکســتیهێناوە".

٣. شۆڕشی کورد ئامانجی جیاکردنەوەی باشووری کوردستان بوو لە عێراق.

پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بەتونــدی بەبیــری دەهێنێتــەوە کــە پێــش جەنگــی یەکەمــی جیهانــی، "هیــچ دەوڵەتێــک نەبــووە بــە نــاوی "عێــراق". بەگوێــرەی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، ئــەوە بەریتانیــا بــوو بــە لکاندنــی بەشــێک لــە کوردســتان بــە بەکارهێنانــی میتــۆدی ئیمپریالیســتی و دڕندانــە، ئــەم دەوڵەتــەی دروســت کــرد ".

هــەر لــەو ژمارەیــەدا، ڕۆژنامــەی ئۆرگانــی ناوەنــدی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان ڕایدەگەیەنێــت: "شۆڕشــی کــورد بــە ســەرکردایەتی مســتەفا بارزانیــی قارەمــان و کــوڕی دڵســۆزی عێــراق بــەردەوام دەبێــت تــا ئــەو ئامانجانــەی خــوارەوە بــەدی دەهێنرێــن:

(١) "خەبات" بەردەوام بوو لە دەرچوون لە سەردەمی شۆڕشیشدا.

(٢) موسـەیلەمە کـەزاب (موسـەیلەمە - درۆزن) سەرکێشـێک بـوو، دوای مردنـی موحەممـەد(د.خ)، خـۆی بـە پێغەمبـەر ناسـاند. لەلایـەن خەلیفـەوە لەناوبـرا. نـاوی لـە ئەدەبیاتـی عەرەبیـدا وەک هاوواتایـەک بـۆ فێڵبـاز ماوەتـەوە

١. کشـانەوەی هێـزە عێراقییـەکان بـۆ بنکەکانـی پێـش جەنـگ و هەڵوەشـاندنەوەی هێـزە بەکرێگیـراو و میلیشـیاکان کـە بـە "جـاش" نـاسراون.

٢. دووبارە بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە بۆردومانکراوەکان.

٣. ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی.

٤. هەڵوەشـاندنەوەی یاسـای سـەربازی، کۆتایـی هاتنـی قۆناغـی گواسـتنەوە و گێڕانـەوەی ئازادییـە دیموکراتییـەکان.

٥. داڕشـتنی دەسـتوورێکی نـوێ لەلایـەن کۆمیسـیۆنێک بەنوێنەرایەتـی سـەرجەم هێـزە سیاسـییەکانی عێـراق کـە ڕژێمێکـی پەرلەمانـی دیموکراتـی دابمەزرێنـێ و پێگـە و کیانێکـی سـەربەخۆ بەگەلـی کـورد ببەخشـێت لەچوارچێـوەی کۆمـاری عێـراق.

٦. گونجاندنـی چاکسـازی کشـتوکاڵی، بـۆ کوردسـتان، بـە لەبەرچاوگرتنـی بارودۆخـی ناوخۆیـی و لـە پێنـاو باشـتر پاراسـتنی بەرژەوەندیـی جوتیـاران، بـە پیشەسـازی کردنـی کوردسـتان و باشـترکردنی ئاسـتی ژیانـی دانیشـتوانەکەی هتـد.

تـا ئـەو کاتـە، ڕووخانـی ڕژێمـی قاسـم پێناچێـت ئامانجـی ڕاستەوخۆی شـۆڕش بێـت، بـەڵام ئەمـە کاتێـک دەبێـت کـورد تێبـگات و درك بـەوە بـکات کـە سـەرۆک وەزیـران لـە پێشـنیازەکانیدا تەنیـا بـەدوای بەدەسـتهێنانی جۆرێـک لـە "ئاشـتی یـان ئاگربەسـت" دەگەڕێـت کـە کـورد هـەر لـە سـەرەتاوە ڕەتـی دەکاتـەوە.

سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی کورد، ئەم تێبینیانەی خوارەوە گرنگ دەردەکەون:

١. بـۆ سـەرکردایەتی شـۆڕش ئۆتۆنۆمـی کـورد بـە کەمتریـن ئامانـج دادەنرێـت؛ واتـە دەبێـت حکومەتـی عێـراق دان بـەو مافـەدا بنێـت کـە بـێ ئـەوە شـۆڕش بـە تەواوەتـی و سـەرکەوتوو دادەنرێـت.

٢. ئۆتۆنۆمـی کـورد تەنیـا ئامانجێکـی مەعنـەوی یـان تیـۆری نییـە، بەڵکـو بـۆ بەدیهێنـان و پاراسـتنی مافەکانـی تـری گەلـی کـورد: مافـە نەتەوەیـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و کەلتورییـەکان بـە چوارچێوەیەکـی گرنـگ دادەنێـت، بـە واتایەکـی دیکـە، بـێ ئۆتۆنۆمـی، زەحمـەت دەبێـت ئـەم مافانـەی تـر بـە شـێوەیەکی کاریگـەر دەسـتەبەر بکرێـت.

٣. هەرچەندە ئۆتۆنۆمی تەنیا لە ڕێگەی دانوستانی نێوان دوو لایەنی ململانێکەوە بەدەست دێت، بەڵام دەبێت وەک کرداری مافی چارەی خۆنووسین سەیر بکرێت. واتە شۆڕش بەناوی گەلی کوردەوە جەخت لەسەر مافی کورد دەکات بۆ بڕیاردان لەسەر ئایندەی خۆی. ئەم ئۆتۆنۆمیە جوداخوازی نییە، بەڵکو هەڵبژاردنی یەکێتییەکی ئازادە لەگەڵ عەرەبەکانی عێراق لە چوارچێوەی هەمان دەوڵەتدا.

٤. کاتێک ئۆتۆنۆمی بەدەست دێت، گەلی کورد مافی چارەی خۆنووسینی خۆی دەپارێزێت. ئەمە مانای ئەوەیە، ئەم مافە هەرگیز ناتوانرێ لێیبسەنرێتەوە یان سنووردار بکرێت، گرنگ نییە چ شۆڕشێک یان نەوەکانی داهاتوو بێت. ئەمە مافێکی بنچینەییە کە نە لە ڕابردوو و نە لە داهاتوودا ناتوانرێ بخرێتە ژێر پرسیارەوە.

٥. بە هەڵبژاردنی ئۆتۆنۆمی لە جیاتی سەربەخۆیی نەتەوەیی بۆ باشووری کوردستان وەک ئامانجی سەرەکی شۆڕش، سەرکردایەتی شۆڕش هەڵویستێکی واقیعیانە وەردەگرێت. لە ساڵی ١٩٦٢ لە گفتوگۆکانماندا لەگەڵ ژەنەڕاڵ بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیازی جێگرتنەوەی ئۆتۆنۆمیمان بە سەربەخۆیی نەتەوەیی کرد، "بۆ ئەوەی بوارێکی فراوانتر بە شۆڕش بدرێت و وەڵامی خواستەکانی جەماوەری گەلی کورد بداتەوە". لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم پێشنیازە قبوڵ نەکرا. پێمان ڕاگەیەنرا بەپێی داتا و زانیارییە زانستی و هەنووکەییەکانی پرسی کورد، ئامانجی ئۆتۆنۆمی واقیعیانەترە نەک سەربەخۆیی تەواو.

ئەو لێدوانەی ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ گەلی عێراق کە لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٢ بەبۆنەی یەکەمین ساڵیادی شۆڕشەوە لە خەبات بڵاوکرایەوە، ڕوون و ڕاستەوخۆیە: "قاسم تۆمەتبارمان دەکات بە جوداخوازی، بەوەی دەمانەوێت کوردستان لە کۆماری عێراق جیابکەینەوە و دەوڵەتێکی کوردی لە ژێر سەرکردایەتی مندا دروست بکەین. ئەم تۆمەتە ڕاست نییە و بێ بنەمایە".

هەر لەو بابەتەدا، ئۆرگانی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم بارەیەوە

ئـەم لێدوانانـەی خـوارەوە دەخاتـەڕوو کـە وەکـو خـۆی دایدەنێینـەوە:

١. "کاتێـک دەڵێیـن ئامانجـی جوداخـوازی لـە بزووتنەکەمانـدا نییـە(...)، ئـەوە لەبـەر ئـەوە نییـە کـە ئێمـە هـەوڵ دەدەیـن بەرگـری لـە خۆمـان بکەیـن لـە تۆمەتێکـی جـددی، نـە بـۆ هەڵخەڵەتاندنـی بـرا عەرەبەکانمانـە، یـان لەبەرئـەوەی دەترسـین لـە دەرەنجامـی ئـەم تۆمەتانـە. جیابوونـەوە کردارێکـی ڕادیکاڵـە، مـەرج نییـە بـاش بێـت. ئەمـە بەگوێـرەی بارودۆخەکـە دەتوانـێ یارمەتیـدەر بێـت یـان زۆر خـراپ بێـت. هیوادارییـن بـرا عەرەبەکانمـان ئەوەنـدە بێهەڵوێسـت و سـاویلکە نەبـن کـە بـە هەڵـە لـە قسـەکانمان تێبگـەن. دەبێـت بزانـن کاتێـک گەلێـک، کـە گەلێکـی تـر زاڵ دەبێـت بەسـەریدا، بـۆ دروسـتکردنی دەوڵەتـی خـۆی بڕیـاری جیابوونـەوە دەدات، ئەمـە بەشـێکە لـە مافـی خـۆی(...). کاتێـک گەلەکەمـان ژیانـی لەگـەڵ گەلـی عـەرەب لـە عێراقـدا هەڵبـژارد، بـە ڕوونـی ئـەم مافـە دەردەخـات. هەروەهـا ژیرانـە نییـە، ئەگـەر تۆمەتبارمـان بکـەن بـەوەی هەمـوو ڕاسـتیەکان لەبـارەی نیازەکانمانـەوە نالێیـن، چونکـە ئەگـەر شـتێکمان هەبوایـە بیشـارینەوە، بۆچـی چەکـمان هەڵدەگـرت؟"

٢. خەبـات دەڵێـت: "ئـەم شۆڕشـە تەنیـا لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا ڕوودەدات، هیـچ پەیوەندییەکـی بـە کوردەکانـی دیکـەوە نییـە، تەنیـا ئـەوە نەبێـت کـە سـەر بـە هەمـان نەتەوەیـن. شۆڕشـی ئێمـە تاکـە ئامانجـی ڕوخاندنـی دیکتاتۆریـی قاسـم و گەڕاندنـەوەی دیموکراسـی لـە عێـراق و بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنۆمییـە بـۆ کوردسـتان. ئـەم ئامانجانـە تەنیـا پەیوەنـدی بـە گەلـی عێراقـەوە هەیـە".

٣. ئــەو ڕاســتییەی هیــچ بزووتنەوەیەکــی جوداخــواز لــە شۆڕشــەکەماندا نییــە. مانـای ئـەوە نییـە بیروبۆچوونـی جوداخـوازی لـە نێـو هەندێـک لـە ئەندامانـی گەلەکەمانـدا نییـە، یـان ئـەو جـۆرە بیرۆکانـە نەتوانـن سـەرهەڵبدەن و گەشـە بکـەن(...). ڕێگریکـردن لـە پەرەسـەندنی ئـەم بیروبـاوەڕە جوداخوازانـە، لەکاتێکـدا ئێمـە داکۆکـی لـە یەکێتـی ئارەزوومەندانـە دەکەیـن، زۆر بـە هەڵوێسـتی گەلـی عـەرەب لـە عێـراق بەرامبـەر بـە داواکاریـی ئێمـە بـۆ "ئۆتۆنۆمـی بەنـدە"، کـە داواکاری پارتەکەشـمانە. کـەس گومانـی لـەوەدا نییـە، لـە سـەرەتاوە، شۆڕشـی

جەزائیر بەدوای جیابوونەوەی تەواوەتی لە فەڕەنسا نەبووە. تەنیا دوای جەور و ستەمی فەڕەنسا بوو(...)، کە جەزائیرییەکان تێگەیشتن تاکە چارەسەری مومکین سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی جەزائیرییە(...)، بۆیە ئاساییە، لەکاتێکدا زۆرێک لە گەلان خەریکە سەربەخۆ دەبن، کوردەکانیش بڕوایان بەوە هەیە کە مافی سەروەری نەتەوەییان هەیە. هەرچەندە لاوازی ئەم خواستە بۆ سەربەخۆیی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، بەراورد بە خواستی بەهێز بۆ یەکێتییەکی ئازاد، دەرفەتێکی بێوێنە بە عەرەب لە عێراق دەبەخشێت بۆئەوەی نیازپاکی خۆیان بەرامبەر بە کورد نیشان بدەن".

٤. هەروەها خەبات "دروشمی کوردستان بەشێکی دانەبڕاوە لە نەتەوەی عەرەب وەک لە مادەی ٢ی دەستووردا هاتووە" ڕەتدەکاتەوە. ڕۆژنامەکە دەشڵێت: "گەلی کورد ڕقیان لەم دروشمە دەبێتەوە، بە قەد ئەوەی خەڵکی جەزائیر ڕقیان لە دروشمی جەزائیری فەڕەنسی بوو".

ئەو ڕەوتە جوداخوازییەی خەبات باسی کردووە، کە لەنێو هەندێک کورددا هەیە، لەڕاستیدا ڕەنگدانەوەی هەستێکی بەربڵاوە لەنێو گەلی کورددا. ئەم بۆچوونەش لەلایەن گروپێکی سیاسی بچووکەوە بەناوی "کاژیک"[(١)] نوێنەرایەتی دەکرێت کە بە بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی ئاشکرا نیشان دەدرێت. هەروەها دەبێت ئەوە بزانین کە زۆرێک لە کوردەکان، بەتایبەتی لە شارەکان و لە نێو سەرکردە نەریتییەکانیشدا، هەست بە شانازی بەهێز دەکەن بە ئینتیمای خۆیان بۆ "ڕەگەزی ئاری" و بە ناسنامەی کوردی. هەرچەندە ئەم بۆچوونە بەربڵاوە، بەڵام بە شێوەیەکی ئاسایی نابێتە هۆی ترس لە بێگانە (ڕق لە گەلانی تر)، ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵە پەروەردەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەرەودان بە ناسیۆنالیزمی کوردی میانڕەوتر کە ڕێز لە کەلتورەکانی تر بگرێت.

ڕێکخراوی کاژیک هەوڵ دەدات لە نێو وردە بۆرژوازی کورددا جێگەی خۆی بەدەست بهێنێت، بەڵام هێشتا سەرکەوتوو نەبووە. ئیلهام لە فەلسەفەی نزیک

(١) کورتکراوەی KAJYK بە واتای "کۆمەڵە بۆ ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد".

لــە فەلســەفەی ئەڵمانیــای ســەدەی نۆزدەیــەم یــان نیهیلیــزم[١] وەردەگــرت. بــەڵام ئەگـەر بزووتنـەوەی پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان لـە داهاتـوودا تووشـی گرفـت ببێـت، مەحــاڵ نییــە بیروبۆچوونــی هاوشــێوەی ئارتــور دی گۆبینــۆ فەڕەنســی یــان هێنریــك ڤــۆن تریتچكــی ئەڵمانــی (دوو تیۆریزانــی ناســیۆنالیزمی تونــدڕەوی ئەوروپایــی) دەنگدانــەوەی فــراوانتری لەنــاو كوردەكانــدا هەبێــت.

پارتــی دیموكراتــی كوردســتان تــا ســاڵی ١٩٦٣ دوای ڕووخانــی قاســم، ئۆتۆنۆمــی كــوردی پێناســە نەكــرد و ڕانەگەیانــد، بــەڵام هــەر لــە ســەرەتاوە دەیویســت ئیلهــام لــە نموونــەی ئــەو دەوڵەتانــە وەربگرێــت كــە چەندیــن نەتــەوە پێكــەوە دەژیــن وەك ســویسرا و یوگۆسلاڤیــا و هیندســتان.

شۆڕشــی كــورد دەیەوێــت لەســەر ئاســتی نێودەوڵەتــی بێلایــەن بێــت، واتــە لــە ململانێكانــی نێــوان زلهێزەكانــدا لایەنگــری نــاكات. لەگــەڵ ئەوەشــدا، دژایەتــی كۆلۆنیالیــزم، چەوســاندنەوەی گــەلان و جیــاكاری ڕەگــەزی دەكات. هــەوڵ دەدات پەیوەندیــی دۆســتانە بپارێزێــت و یارمەتــی هەمــوو گــەلان بەدەســتبهێنێت. دەتوانیــن بڵێیــن ئەمــە پرســیاری "بێلایەنــی واقیعیانــە" یــان "سیاســەتێكی پراگماتیــك" یــە كــە بــە بنەماكانــی دیموكراســی بەڕێــوە دەچێــت.

(١) هیچخـوازی یـان هیچبـاوەڕی (بـە ئینگلیـزی: Nihilism، لە Nihil لە لاتینییـەوە هاتـووە بـە واتـای هیـچ) بیروباوەڕێکـی فەلسـەفییە، پێشـنیازی باوەڕنەکـردن بـە یـەک یـان زیاتـر لـە لایەنـە واتادارەکانـی ژیـان دەدات. بیردۆزێکـی فەلسـەفییە دەڵێـت ژیـان هیـچ واتـا و نرخێکـی نییـە و مرۆڤەکانیـش بێبایەخ و بـێ ئامانجـن. هیچخـوازە ئاکارییـەکان دووپـات دەکەنـەوە کـە هیـچ ڕەوشـتێکی خۆیـی بوونـی نییـە، هەروەهـا ئـەو پێـوەرە ڕەوشـتیانەی بـە پەسـەند دانـدراون بـە تـەواوی و واتایـی داهێنـدراون.

## ٤. ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی شۆڕش

ئـەم ناوەرۆکـە بـە تایبەتـی لـە مادەکانـی ٢ و ١٠ و ١٢ ی بەرنامـەی پارتـی دیموکراتـی کوردســتاندا ڕەنگیداوەتــەوە، کــە خــۆی وەک "پارتێکــی دیموکراتــی شۆڕشــگێڕ دەناسـێنێت و بەرگـری لـە بەرژەوەندییەکانـی کرێـکاران، جوتیـاران، موچەخـۆران، پیشـەوەران و ڕۆشـنبیرانی شۆڕشـگێڕ دەکات".

ئـەم بەرنامەیـە بـە تـەواوی سۆسیالیسـتی نییـە، بەڵکـو ڕەنگدانـەوەی ڕەوتـە کۆمەڵایەتـی و پێشـکەوتنخوازەکانە.

بـە لەبەرچاوگرتنـی هەمەچەشـنیی کۆمەڵایەتیـی گەلـی کـورد و بەرژەوەندییـە جیاوازەکانـی گروپـە جیاوازەکانـی بەشـدار لـە شـەڕدا، ئەسـتەم دەبـوو ئـەم بەرنامەیـە بـە تـەواوی لـە مـاوەی جەنگـدا جێبەجـێ بکرێـت. دەتوانیـن بڵێیـن لـە نێـو شۆڕشـی کـورد دوو تێڕوانینـی دژ بـە یـەک هەبـوون؛ یەکەمیـان لەلایـەن مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردستانەوە نوێنەرایەتـی دەکرا و ئامانجـی جێبەجێکردنـی بەرنامـەی کۆمەڵایەتیـی پارتەکـە بـوو لـە کاتـی جەنـگ و تەنانـەت ڕادیکاڵترکردنـی لـە هەندێـک بـواردا. لـە ڕاسـتیدا، سـەرکردایەتیی ئـەم تیمـە لـە کۆنگـرەی پێنجەمـدا دەرکـەوت، تـا بەهـاری سـاڵی ١٩٦٤ سـەرکردایەتی سیاسـی و سـەربازی شۆڕشـیان لـە نیـوەی باشـووری کوردسـتانی عێـراق؛ واتـە لـە ناوچەکانـی سـلێمانی و کەرکـووک و خانەقیـن و دەشـتی هەولێـر کۆنتـڕۆڵ کـرد.

لـە هەمـوو ئـەم ناوچانـەدا، لەشـکری شـۆڕش بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە ئەندامانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان یـان لایەنگرانیـان پێکهاتبـوو. سـەرکردە تەقلیدییـەکان کـە پێـشتر لاواز بـوون، بـە خێرایـی لـە سـەرکردایەتی شـۆڕش لادران.

دوای نەمـان و ڕووخانـی ئیـدارەی عێـراق، تەنانـەت پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ئەزموونێکـی سۆسیالیسـتی تاقیکـردەوە، بـە هاندانـی جوتیـاران بـۆ دروسـتکردنی کۆمەڵـە و سـپاردنی ئیـدارەی گونـدەکان بـە ئەنجومەنـی ناوخۆیـی کـە لەلایـەن جوتیارانـەوە هەڵدەبژێـردران کـە پێیـان دەگوتـرا "ئەنجومەنـی جوتیـاران" لـە ژێـر چاودێریـی پارتیـدا بـوون و دەسـەڵاتی بەڕێوەبردنـی ژیانی گونـدەکان و گوندنشـینان لـە بوارەکانـی وەک کشـتوکاڵ، پاراسـتنی مەدەنـی، پێداویسـتی و ڕێـککاری ناوخۆییـدا

هەبـوو، بـەڵام ئـەم سیسـتەمە تەنیـا لـە چەنـد گوندێـک وەك ئەزمـون جێبەجـێ کـراوە، وەک تاقیکردنەوەیـەک لـە خۆبەڕێوەبـردن. پێناچێـت بـە تەنیـا سۆسیالیسـتی بێـت، بـەو پێیـەی سیسـتەمی هاوشـێوە هەیـە، وەک "ئەنجومەنـە گشـتییەکان" لـە گوندەکانـی سـویسرا. بـە بـڕوای خاتـوو جۆیـس لوسـو، ژنـە چاودێرێکـی ئیتاڵـی و ئەندامـی کاریگـەر لـە پارتـی سۆسیالیسـتی یەکێتـی پرۆلیتـاری ئیتالیـا، ئـەو ئەزموونـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ئەنجامـی داوە، بەڕاسـتی "ئەزموونێکـی سۆسیالیسـتی سـەرکەوتووە". دوای گەڕانـەوەی بـۆ ڕۆمـا، لـە دوای گەشـتێکی بـۆ کوردسـتان، لـە ناوچـەی سـلێمانی، کـە لـەوێ چـاوی بـە جـەلال تاڵەبانـی، فەرمانـدەی سـەربازیی ناوچەکـە کـەوت، جۆیـس لوسـو لـە وتارێکـدا کـە لـە ڕۆژنامـەی "مۆنـدۆ نوڤـۆ"، ئۆرگانـی ناوەنـدی حزبەکەیـدا بڵاوکراوەتـەوە. لەوێـدا دەنووسـێت "پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان پارتێکـی مارکسـیە، ئایدۆلۆژیـا و بەرنامەکـەی هاوشـێوەی ئایدۆلۆژیـا و پرۆگرامەکـەی حزبەکـەی خۆیەتـی و ڕێکخسـتنێکی کاریگـەری هەیـە"[١].

تێڕوانینـی دووەم، تێڕوانینـی ژەنـەڕاڵ بارزانییـە، جەختـی لەسـەر یەکڕیزیـی هەمـوو هێـزە شـەڕکەرەکانی کوردسـتان دەکـردەوە بـۆ سـەرکەوتن لـە جەنگـی ڕزگاری نیشـتمانیدا. بـە بـڕوای ئـەو، ئـەو چاکسـازییە کۆمەڵایەتیانـەی دەتوانـن ئـەم یەکڕیزییـە لاواز بکـەن، دەتوانـن تـا دوای سـەرکەوتن چاوەڕێـی بکـەن. ئـەم دیدگایـە کـە پێشـتر لـە ناوچـەی بادینـان پەسـەند کـراوە، لـە دوای قەیرانـی سـاڵی ١٩٦٤ زاڵ بـوو، بـەڵام نابێـت بـەم شـێوەیە بیـر بکەینـەوە کـە دەسـتبەرداری ئامانجـە کۆمەڵایەتییەکانـی شـۆڕش دەبـن.

ئێمـە پێمان وایـە، لـە کۆتاییـدا، لـە کوردسـتانی ئاینـدەدا (چ سـەربەخۆ بێـت یـان نـا)، کەرتـی گشـتی ئابـووری دەبێـت گرنگییەکـی تایبەتـی هەبێـت، بەتایبەتـی لـە بوارەکانـی وەک پیشەسـازی و ژێرخانـی ئابووریـدا. بەڕاسـتی سـەرمایەی تایبەتـی کـورد هەنوکـە زۆر لاواز و پەرشـوبڵاوە. نیشـانەی ئاسـتەنگەکانی بـەردەم گەشـەپێدانی ئابـووری کـورد لـە ڕۆژگاری ئەمـڕۆدا، ئەوەیـە کـە ئەوانـەی لـە بـەرەو پێشـچوون لـە کوردسـتان سـەرکەوتوو دەبـن، زۆرجـار حـەز دەکـەن کارەکانیـان لـە بەغـدا ئەنجـام بـدەن. ڕەنگـە

(١) ژمارەی ٥ی نیسانی ١٩٦٤، ڕۆما، وەرگێڕان لە زمانی ئیتاڵییەوە.

ئەمە بەهۆی هەلومەرجی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و نەبوونی بایەخ و تەنانەت توانای حکومەتی عێراقی بۆ گەشەپێدانی ناوچەیەکی کوردی ڕوون بکرێتەوە کە هەرچەندە سروشتی کوردستان دەوڵەمەندتر و باشترە لە باقی ناوچەکانی تری عێراقی عەرەبی. لەهەمانکاتدا دەبێت سەرمایەی تایبەتی کورد نەک هەر وەربەهێنانی تێدا بکرێت، بەڵکو دەبێت لەهەموو بوارەکانی ئابووریشدا هان بدرێت. وەبەرهێنانی بیانی لەوانەیە پێویست بێت، بەلایەنی کەمەوە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەسەندندا. سەبارەت بە جوتیارانیش، دەبێت خاوەن زەویوزاری خۆیان بن، باشتر وایە لە کۆمەڵگەی هەرەوەزیدا ڕێکبخرێن. بەکورتی، سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری حکومەت دەبێت واقیعبینانە بێت و لەگەڵ واقیعی وڵاتدا بگونجێت و لەلایەن ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە نەسەپێنرێت. ئەمە تاڕادەیەک ئەو شتەیە کە لە کاتی دامەزراندنی ئەنجومەنی شۆڕشی کوردستانی عێراق لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ پێشنیازمان کرد.

جێی ئاماژەیە سەرەڕای شکستەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق، کوردستان بەهۆی کاری خەڵك و دانیشتوانەکەی و دەوڵەمەندیی سامانە سروشتییەکەی بە هەرێمێکی تاڕادەیەک خۆشگوزەران و ئاوەدان ماوەتەوە. لەڕووی ئابووریشەوە، کوردستان تاڕادەیەکی زۆر ئۆتۆنۆمی هەیە، لە چوارچێوەی جەنگێکدا کە بەغدا گەمارۆی بەسەردا دەسەپێنێت، ئەمەش گرنگە. جۆیس لوسو بەراوردێکی لەنێوان جوتیارانی کورد و ئیتاڵی کردووە، ئاماژەی بەوەدا "کوردستان وەک ئیتالیا وڵاتی شیر و هەنگوینە".

## ٥. ڕێکخستنەکانی شۆڕش تا ساڵی ١٩٦٤

پێویست ناکات لێرەدا کاتی زۆر بۆ ئەم پرسە تەرخان بکەین، چونکە ڕێکخستنی شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٤ بەتەواوی دەگۆڕێت و کاتێک کاتی خۆی دێت، بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرێت.

ئەم ڕێکخستنە، کە بەشێکی لە سەردەمی ئاشتی بە میرات مابووەوە، لەسەر ئەم ڕەگەزانەی خوارەوە دامەزراوە:

١. فەرماندەیی باڵا.

٢. پارتی دیموکراتی کوردستان.

٣. لەشکری شۆڕش.

٤. ئۆرگانەکانی دەرەوە.

شڵەژان لە پەیوەندییەکانی نێوان فەرماندەیی باڵا بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ بارزانی کە وەک سەرکردەی شۆڕش و سەرۆکی پارتی ناسراوە و خودی پارتەکە کە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسییەوە نوێنەرایەتی دەکرا، دروست بوو. لە ڕاستیدا، لە ڕووی سیاسی و سەربازی، مەکتەبی سیاسی سەرکردایەتی شۆڕشی لە ناوچەکانی باشوور دەکرد، لەوێ دەسەڵاتی ڕێبەری شۆڕش لەگەڵ گەشەکردنی دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی کەمتر و کەمتر دەبوو. دووری نێوان باکوور و باشوور و هەروەها سەختی پەیوەندییەکان شتەکانی ئاڵۆزتر کرد، هەرچەندە نوێنەرێکی هەمیشەیی مەکتەبی سیاسی لە لای ژەنەڕاڵ بارزانی هەبوو.

سەبارەت بە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێریك ڕۆلۆ لە ڕۆژنامەی "لو مۆند"[(١)] دەنووسێت: "پێناچێت عێراقییەکان بە تەواوی لە قەبارەی ئەو شۆڕشە تێبگەن کە لە کوردستاندا ڕوویداوە. پارتی دیموکراتی کوردستان تا ئێستا باشترین پێکهاتە و بەهێزترین ڕێکخراوی سیاسی و سەربازییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا"[(٢)]. هەروەها نووسیویەتی: "پارتی پارەی یاخیبووان تەرخان دەکات، خەڵک و جەماوەر

(١) ڕۆلۆ لە ساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٦٤ و دواتر سەردانی کوردستانی عێراقی کرد.

(٢) بڕوانە "ئاشتییەکی ناجێگیر" لە ٨ی تەمموزی ١٩٦٤.

کۆدەکاتــەوە بــۆ چڕکردنــەوەی هەوڵەکانــی جەنــگ، ڕۆژنامــەی خەبــات چــاپ و بڵاودەکاتــەوە(...)، چاودێـری دابینکردنـی خـۆراک و پێداویسـتی دانیشـتووان دەکات کـە ئابڵۆقـەی ئابووریـیــان لەسـەرە، دەزگای هەواڵگـری هەیـە و سـەرکردایەتی گروپێکـی تیرۆریسـتی لـە شـارەکاندا دەکات(...)"[١].

ئـەو سـوپایە کـە سـەرەتا نـاوی "پێکهاتـە پارتیزانـە نەتەوەییـەکان" بـوو، پاشـان بـوو بـە "لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان": "هـەر زوو بـوو بـە یەکێـک لـە گەورەتریـن سـەرکەوتنەکانی شـۆڕش، کـە بـە ئاسـانی هەسـتی پێدەکـرا. سـوپایەکی ڕێکخـراو و ڕێکوپێـك بـوو، بـەڵام شـێوازەکانی شـەڕی پارتیزانـی بەکاردەهێنـا. چـەک و پـارەی کەمـی هەبـوو، کەچـی بەهـۆی خێراییەکـەی و قەناعەتـی ئەندامەکانـی و سروشـتی ژینگەکـە زۆر کاریگـەر بـوو. لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان بەسـەر یەکـە جیاوازەکانـدا دابەشـکرابوو: گروپـی ١٠ پێشـمەرگە یـان جەنـگاوەر (دەسـتە)ی پێدەڵێـن، ٥٠ (پـەل)، ١٥٠ (سـەرپەل)، ٣٥٠ (لـق) و ١٠٠٠ (سـەرلق) "[٢].

ئێریـك ڕۆلـۆ لـە ڕۆژنامـەی "لـو مۆنـد"دا دەنووسـێت: "بـە بیرکردنـەوە لـە دۆخەکـە، پێناچێـت شکسـتی سـوپای ژەنـەڕاڵ قاسـم جێگـەی سەرسـوڕمان بێـت (...). لـە ڕاسـتیدا سـیفەتی بەرخودانــی خەباتگێـڕان زۆر بەهێزتـرە لـە دوژمنەکانیـان. هەمـوو کەسـێک ناتوانێـت ببێـت بـە "پێشـمەرگە". بـۆ ئـەوەی کەسـێک بچێتـە نـاو لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتانەوە، پێویسـتە پێشـینەی تاوانکاریـی پـاک و خاوێنـی هەبێـت و لەلایـەن دوو ئەندامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە پشـتگیری بکرێت، کە شـایەتحاڵی هەڵسوکەوتی بــاش و بیروبـاوەڕی ڕابــردووی سیاسـی دەدەن. پێــش ئــەوەی بتوانێــت بچێتــە نــاو یەکەکەیــەوە، دڵسـۆزی بـۆ دۆزی کـورد، ڕێزگرتنـی بـۆ دیسـیپلین، هێـزی جەسـتەیی و ئازایەتییەکـەی تاقیدەکرێتــەوە"[٣].

تـا ڕووخانـی قاسـم، لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان حـەوت هـەزار پێشـمەرگە کـەمتر بـوو، بـێ حسـابکردنی هێـزی نایاسـایی سـەرکردە تەقلیدیـەکان. کوردسـتانی عێـراق بەسـەر

(١) وتاری ئێریك ڕولۆ،"سیاسەمەدارانی ئەشکەوت" ژمارەی بەرواری ١٤ی نیسانی ١٩٦٣.

(٢) سەیری ڕێکخستنی سوپاکە لەم قۆناغەدا بکە، دانا ئادەمز شمیت، لاپەڕە ٥٩-٧٢.

(٣) "پارتیزانەکان"، ١١ ی نیسانی ١٩٦٣.

چەنـد ناوچەیەکـی سـەربازیدا دابەشـکراوە، هەریەکەیـان فەرمانـدە و یەکـە و ئەفسـەری خۆیـان هەیـە بـۆ ئـەوەی سەرتاسـەری کوردسـتان بگرێتـەوە[١].

لـە ناوچەکانـی ژێـر کۆنترۆڵـی هێزە کوردییـەکان، ئیدارەیەکـی شـەڕ دامەزرا، کـە "لیژنەی ناوچـە" لـە سـەرۆکایەتی هـەر ناوچەیەکدا بوو. هەر لیژنەیەک لە شـەش ئەنـدام پێکهاتبوو: فەرمانـدەی سـەربازی، کارگێڕێـک و ڕێپێـدراوی سیاسـی کـە نوێنەرایەتـی پارتـی دیمەکراتی کوردسـتان دەکات، بـە گشـتی نزیکەی پـازدە لیژنەی ناوچـە هەبوون[٢].

لـە دەرەوەی وڵات، کۆمیتەیەکـی داکۆکیـکار لـە مافەکانـی گەلـی کوردسـتان، کـە لـە تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٦١ لەلایـەن ڕۆشـنبیرانی کـوردەوە دروسـتکراوە و بنکەکـەی لـە ئەوروپایـە، لـە ڕێکەوتـی ٢٧ی حوزەیرانـی ١٩٦٢ لەلایـەن ژەنـەڕاڵ بارزانـی (سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و فەرمانـدەی گشـتی لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان)، بـە نامەیـەک ڕاسـپێردرا نوێنەرایەتـی شۆڕشـی کـورد لـە دەرەوەی وڵات بـکات و بـە نـاوی شۆڕشـەوە قسـە بـکات. ئـەم لیژنەیـە لەلایـەن سـکرتاریەتێکی هەمیشـەیی سەرپەرشـتی دەکـرا کـە لـە سـێ ئەنـدام پێکهاتبـوو: دکتـۆر وریـا ڕەوانـدوزی ، پزیشـك لـە ڤیەننـا و یاریـدەری سـکرتێر ، بەڕێـز سـەعدی ئەمیـن دزەیـی، ئەندازیـار لـە بەرلینـی ڕۆژئـاوا و یاریـدەری سـکرتێر و بەنـدەش وەک سـکرتێر.

لـە کتێبـی ڕۆژنامەنووسـی ئەمریکـی دانـا ئادەمـز شـمیت کـە لـە مانگـی ئابـی ١٩٦٢ سـەردانی کوردسـتانی کـرد و چـاوی بـە ژەنـەڕاڵ بارزانـی کەوتـووە، وەسـفێکی زۆر ڕوون و ئاشـکرا و زینـدوو بـۆ شۆڕشـی ئـەو سـەردەمە کـردووە.

کتێبێکـی دیکـە بـە زمانـی ئینگلیـزی سـەبارەت بـە شـۆڕش لـەم کاتـەدا، کتێبـی ڕۆژنامەنووسـی ئینگلیـزی دەیڤید ئادەمسـۆن بـوو، کـە لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٦٢ سـەردانی کوردسـتانی کـردووە و لەگـەڵ ژەنـەڕاڵ بارزانـی و هەروەهـا ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـی کۆبووەتـەوە. ئـەم کتێبـە زیاتـر گەشـتنامەیە نـەک لێکۆڵینـەوە، بـەڵام هەندێـک جـار تێبینـی سەرنجڕاکێشـی تێدایـە. (بڕوانـە جەنگـی کـورد).

---

(١) هەروەهـا بنـوارە لـە خاڵـی "بنکـە و بـارەگا و سـنوری جوگرافیـای شـۆڕش"ی ئـەم بەشـە کـە چـی لەسـەر سـوپا نـووسراوە، هەروەهـا لـە بەشـی حەوتەمیـش باسـکراوە.

(٢) "پارتیزانەکان"، ڕۆژنامەی لو مۆندی فەڕەنسی، ١١ی نیسانی ١٩٦٣.

سێیەمین کتێبی گەواهیدان لەلایەن ئێرلەندۆر هارالدسۆن ئایسلەندی نووسراوە، کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٢ سەردانی کوردستانی کردووە، لە ناوچەی خانەقین، پاشان بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٩٦٤، لەوێ چاوی بە ژەنەڕاڵ بارزانی کەوتووە. ئەم کتێبە گێڕانەوەکە بە لاپەڕەکانی مێژوو و بە تێبینی واقیعیانە دەگوازێت. ( بڕوانە کتێبی وڵات لە ڕاپەڕینی کوردستاندا، کانونی دووەمی ١٩٦٦).

**٦. بنکە و بارەگا و سنووری جوگرافیای شۆڕش**

شۆڕشی ساڵی ١٩٦١ بەخێرایی لە هەموو کوردستانی عێراقدا بڵاوبووەوە، "لە زاخۆوە تا خانەقین"، واتە لە سنووری سوریاوە لە ڕۆژئاوا، تا سنووری ئێران لە ڕۆژهەڵات و لە سنووری تورکیاوە لە باکوورەوە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان کورد و عەرەب لە باشوور کە ڕووباری دیجلە و ناوچەکانی دەوروبەری حەمرینە. تەنیا چیای شەنگال لە ڕۆژئاوای مووسڵ کە بە بیابانێک لە باقی کوردستان جیاکراوەتەوە و سەرچاوەی ئاوی کەمی هەبووە، لە شەڕ ڕزگاری بووە. زۆرێک لە کوردانی ئێزیدی بەشداری شۆڕشەکەیان کرد.

پێشتر هەرگیز ڕاپەڕین لەم بەشەی کوردستان بۆ زیاتر لە یەک لەسەر سێی ڕووبەرەکەی درێژ نەبووەتەوە. تەنانەت بەغداش دەرباز نابێت، بەو پێیەی چەندین کردە و جموجۆڵی سیاسی لەوێ ئەنجام دەدرێت.

بەشێکی زۆری ئەم خاکە ئازاد دەکرێت، بەتەواوی لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. سەربازە عێراقییەکان کە لەو ناوچانە دەرکراون، چیتر ناتوانن جارێکی تر بچنەوە ناو ئەو ناوچانەوە. خاکێکی شێوە کەوانەییە، لە باکووری ڕۆژئاوا پشتی بە سنووری سوریا بەستووە، سنووری تورکیا و عێراق بە تەواوی، پاشان سنووری ئێران و عێراق لە باکووری خانەقین و بە درێژایی نزیکەی ٧٠٠ کیلۆمەتر. پانییەکەی جیاوازە: هەندێک جار زۆر تەسکە، دەوروبەری ٣٠ کیلۆمەتر بە درێژایی ڕێگا سەرەکییەکان و هەندێکجاریش تا ١٠٠ کیلۆمەتر درێژ دەبێتەوە بۆ ناوەوەی وڵات، بەپێی ناوچەکە. شاخاویترین بەشە لە وڵاتەکەدا، شاخەکانی بەرزتر و دارستانی زیاتر و دۆڵی قووڵترە. بە درێژایی شەڕەکە، سوپای عێراق هەرگیز نەیتوانی بچێتە ئەم ناوچەیە.

لـەم ناوچەیـەدا، جگـە لـە بۆردومانـی ئاسمانـی، هیـچ ئۆپەراسـیۆنێکی سـەربازی ئەنجـام نادرێـت. هێـزە کوردییـەکان لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی دیکـە لـە نێـو دانیشـتوانی مەدەنـی دەجوڵێنـەوە کـە لەسـەر کێڵگەکانیـان کار دەکـەن، یـان کار و کەسـابەتی ڕۆژانـە ئەنجـام دەدەن. هەروەهـا چەندیـن ئـاوارەی تێدایـە کـە لـە بارودۆخێکـی زۆر سـەختدا دەژیـن. لـەم ناوچەیـەدا، هێـزە کوردییـەکان لـە خاڵـە جێگیرەکانـدا جێگیـر کـراون، شـەڕی بەرگـری دەکـەن. لەلایەکـەی دیکـە، خاڵەکانـی سـوپای عێـراق، پاشـان سـەربازگەکانی و تەنانـەت دوورتـر، بنکـە سـەرەکییەکان و فڕۆکەخانەکانـی لـە دەشـتاییەکانی سـنوورەکە هـەن.

لـە ناوچەکانـی نزیـك سـنوورەکان، بـە گشـتی شـارۆچکەگەلێک هـەن کـە لەلایـەن سـەربازگەکانی عێراقـەوە کـۆنترۆڵ دەکرێـن. ئـەم شـارانە بـە تـۆڕی ڕێگەوبـان بـە باقـی وڵاتـەوە بەستراونەتـەوە کـە ڕێگـە بـە هێـزە عێراقـەکان دەدەن پێداویسـتییان پـڕ بکەنـەوە و تانـک و تۆپـی قـورس بهێنـن. هێـزە کوردییـەکان خۆیـان لـە کۆنترۆڵکردنـەوەی شـارە گـەورەکان لـە دەسـتی سـوپای عێـراق بـەدوور دەگـرن.

لـە بەشـەکانی تـری وڵات؛ دەبێـت سـەرەتا ئـەو ناوچـە شـاخاویانە جیابکەینـەوە کـە ئازادکـراون و سـوپای عێراقـی ناتوانـێ بیانگاتـێ، بـۆ نموونـە زنجیـرە چیـای سـەفین لـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـی هەولێـر و ناوچـە دارسـتانییەکانی قـەرەداغ لـە باشـووری ڕۆژئـاوای سـلێمانی کـە دۆخـی شـەڕیش لـەوێ سـەقامگیرتر بـووە. لـەو ناوچانـەی گـرد و تەپۆڵکەیـان هەیـە و ناوچـە نـزم و دەشـتاییەکان، سـوپای عێـراق بـەزۆری تەنیـا سـەنتەری شـارە گـەورەکان و دەوروبەریـان داگیـر دەکات. یەکـە سـەربازییە کوردییـەکان لـەم ناوچانـەدا هـەن، تەنانـەت لـە نزیـک هەولێـر و کەرکـووک و خانەقیـن چالاکـی دەکـەن و هەتـا کفـری و حەمریـن و هەندێکجاریـش تـا ئـەو دیـو دیجلـە دەڕۆن، بـەڵام لـەو ناوچانـەی کۆنترۆڵیـان قورسـە، جووڵەیـان زیاتـرە و بـە گروپـی بچـووک کار دەکـەن و تەنیـا تاکتیکـی پارتیزانـی بەکاردەهێنـن. پێگـەی سـوپای عێـراق لـە کوردسـتان لـە شـەڕدا، هـەروەك پێگـەی سـوپای وڵاتێکـی داگیرکـەرە لـە وڵاتێکـی دوژمنـدا.

لـە هەمـوو ئـەم ناوچانـە یەکەکانـی لەشـکری کوردسـتان دەتوانـن بـە ئاسـانی

پەیوەندی لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ فەرماندەیی باڵا بکەن کە لە ناوچە سەرەکییە ئازادکراوەکاندا هەڵکەوتوون. ئەوان ڕێگای لادێکان بەکاردەهێنن کە لەژێر کۆنترۆڵیان دایە، هەروەها کەڵک لە تۆڕی پەیوەندی بێتەل و تەلەگراف وەردەگرن. بەرپرسانی پێشمەرگە و پارتی بەردەوام لە نێوان فەرماندەیی باڵا و ناوچە دوورە دەستەکانی کوردستان هاتوچۆ دەکەن. ئاساییە ئەفسەر، یان تەنانەت پێشمەرگەش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بگوازرێنەوە. گروپە چەکدارەکانی بارزان لە خاڵە ستراتیژییەکان بڵاوە پێکراون و جێگیرن. لە شۆڕشدا تێکەڵەیەکی تەواو لە نێوان خەڵکی بادینان و سۆران و کوردانی فەیلیدا هەیە. بۆ سوپای پێشمەرگە ڕێگاکانی کوردستان کراوەن، بەڵام زۆر سەختن، بەتایبەت لە وەرزی زستاندا، لەناو بەفر و قوڕدا. گەشتەکە لە زاخۆوە بۆ خانەقین دەتوانێ چوار هەفتەی بخایەنێت، قاچەکانیان بە پێڵاوی دڕاو، سکی برسی و جلوبەرگی ڕەنگ خاکی شڕ و دڕاو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان بە ورەیەکی بەرزەوە دەڕۆن، گۆرانی دەڵێن و بە شانازییەوە دۆشکە و چەکەکانیان لەسەر شانیان هەڵدەگرن[1].

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناوچە ئازادکراوەکان، بڕوانە بەشی حەوتەم.

## ٧. کۆمەڵگەی کوردی لەسەردەمی شۆڕشدا

سەرەتا دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان دوو چینی کۆمەڵایەتی سەرەکیدا: شارنشین و گوندنشین.

١. **شارنشین**: دانیشتوانی شارەکانی کوردستانی عێراق بریتین لە بازرگانان بە هەموو قەبارەیەکەوە (گەورە، مامناوەند، بچوك)، خاوەن زەویەکان، فەرمانبەرانی حکومی، پیشەیی، مامۆستا و قوتابی، هەروەها ئەفسەر و سەربازانی سوپای عێراق و پۆلیس، پیشەوەر و کرێکاران. زۆربەیان دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن. ئەوان نزیکەی ٢٥٪ی دانیشتوانی کورد پێکدەهێنن و زۆرترین پەیوەستبوونی سیاسیان هەیە.

شارەکان قەڵای پارتی دیموکراتی کوردستانن، بەتایبەتی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک، تانانەت شاری بەغداش. ئەگەر بەپێی دوایین خەمڵاندنەکانی کوردانی دانیشتووی بەغدا بێت، پێویستە ئەم شارە بە گەورەترین شاری "کوردی" لە عێراق هەژمار بکرێت، چونکە نزیکەی یەک لەسەر پێنج یان شەشی دانیشتوانەکەی بەڕەچەڵەک کوردن(١). ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەرچەندە کەمینەیەکی ناو شارەکانن، بەڵام کەمینەیەکی چالاک و کاریگەرن. زۆرینە لە سەربەخۆکان پێکهاتووە، بە گشتی ڕێنماییەکانی پارتی پەیڕەو دەکەن.

دەتوانین لە نێو شارنشینەکاندا چوار چین جیا بکەینەوە، ئەوانیش بۆرژوازی سەرەوە، ناوەڕاست و خوارەوە، هەروەها چینی کرێکاریش، کە هێشتا ژمارەیان کەمە، تەنیا لە کەرکووک نەبێت کە ژمارەیەکی تاڕادەیەک زۆر کرێکاری تێدایە.

بۆرژوازی سەرەوە یاخود گەورە کە لە هەبوونی زەویوزار و لە بازرگانی و هەندێکجاریش لە پیشەسازییەوە(٢) دێت، چینێکە لەڕووی چەندێتی ژمارەیان

---

(١) بەپێی ئەم خەمڵاندنانە، ژمارەی دانیشتوانی عێراق ٨ ملیۆن دەبێت، ژمارەی دانیشتوانی بەغداش نزیکەی ملیۆنێک و دوو سەد هەزار کەس دەبێت، کە نزیکەی چارەک ملیۆنێکیان کوردن، ئەو ئامارانە ڕەنگە تاڕادەیەک زیادەڕەوییان تێدا بێت.

(٢) ژمارەیەک لە دەوڵەمەندترین بازرگانان و ئەندازیارانی کورد لە بەغدا نیشتەجێ بوون و لەوێ کارگەی پیشەسازی بچووك و ڕستن وچنینیان دامەزراندووە.

کەمە. هەروەها فەرمانبەرانی باڵای حکومی و هەندێک لە ئەندامانی ئەرستۆکراتی کۆن لەخۆدەگرێت کە تارادەیەک دەوڵەمەند ماونەتەوە. ئەم چینە پشتگیری ناسیۆنالیزمێک دەکات، هەندێکجار زۆر بەهێزە، هەندێکجار میانڕەوترە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کارەکانیان لە بەغدایە. ئەو چینە نە ڕاستەوخۆ بەشداری شۆڕش دەکات و نە لە نزیکەوە ئەندامێتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، بەڵکو لەڕووی داراییەوە بەشداری لە ئامانج و پرسەکە دەکات، تووڕەبوونی خۆشیان ناشارنەوە کاتێک ڕژێمی بەعس، دوای ڕووخانی قاسم، "شەڕی تەواوەتی و سەرتاسەر"ی دژی کورد دەستپێدەکات. بەشێک لە ئەندامانی ئەم چینە وەک نێوەندگیر کاردەکەن بۆ یارمەتیدانی دانوستاندن لەسەر ڕێککەوتنەکانی ئاگربەست لە نێوان هەردوولادا.

بۆرژوازی ناوەڕاست کە لە کەسانی پیشەیی (وەک پزیشک، پارێزەر) و ئەفسەری پلە دیاریکراو پێکهاتووە، بە تەواوی پشتیوانی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی دەکات. ئەم چینە بەشێك لە کادرەکانی پارتی دیموکراتی دابین دەکات و زیاتر لە چینی بۆرژوازی گەورە پابەندبوونی حزبی بۆ پارتی نیشان دەدات، بەڵام بە بڕوای ئەندامان، پابەندبوونی سیاسی ئەوان هەمیشە ئەوەندە ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە نییە. بۆ نموونە هەرچەندە پزیشکی زۆری کورد لە عێراق هەن، بەڵام لە شۆڕشدا کێشەی کەمی پزیشکیان هەیە[1]. لە لایەکی دیکەوە، ئەفسەرەکان خێراتر بەشداری شۆڕش دەکەن. ئەم چینە بەشداریی داراییش دەکات و دوای ڕووداوەکانی ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ پابەندبوونی بەهێزتر دەبێت.

لەوانەیە بۆ ڕوونکردنەوە سوودبەخش بێت، ئەگەر ساتێک تەرخان بکەین و بە کورتی باسی هەندێک لەو جۆرە ئەفسەرانە بکەین کە بەشداری شۆڕش بوون.

عەقید نوری مەعروف کە لە ساڵی ١٩٦٦ تەمەنی ٤٩ ساڵ بوو و خەڵکی شاری سلێمانی بوو، ئەفسەرێکی بەڕێز بوو لە سوپای عێراقدا، لەوێ تواناکانی خۆی وەک سەرباز سەلماند. لە ساڵی ١٩٦١ کاتێک خەریک بوو پلەی بۆ ژەنەڕاڵ بەرز بکرێتەوە، سوپای بەجێهێشت و ئەو سوودە ماددییانەی ڕەتکردەوە کە ڕژێم

(١) نەبوونی پزیشک بە تایبەتی، لە شۆڕشدا، جێگەی سەرنجە. لە ساڵی ١٩٦٤دا شەش حەوت کەس بوون، لە ساڵی ١٩٦٦دا تەنیا چوار پزیشك مابوونەوە، لە بەرامبەردا ژمارەی پەرستارەکان زۆر زیاترە.

پێشکەشـی ئەفسـەرەکانی کردبـوو. هـەر لـە سـەرەتاوە بەشـداری شۆڕشـی کـرد و وەک فەرماندەیەکـی نموونەیـی ناوچەیەکـی سـەربازی زۆر چـالاک بـوو. ئـەو بـە خۆشحاڵییەوە ئـەو ماندووبوونـە جەسـتەییەی قبـوڵ کـرد لـە پێنـاو شـەڕی ڕزگاری کوردسـتان، لـە مەیدانەکانـی شـەڕ پێشـەنگی پێشـمەرگەکانی بـوو. کاتێـک بـە ئەندامـی دەسـتەی کارگێـڕی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش هەڵبژێـردرا، ئەرکەکانـی زیاتـر کارگێـڕی بـوون. بیـری ژیـان لـە هـەوای کـراوە و شـەڕ و ماندووبوونـی جەسـتەیی دەکات، بـەڵام لـە کەمپەکـەدا هـەر وەک سـەربازێک دەژییێـت. لەگـەڵ نزیـک بوونـەوەی وەرزی زسـتان، کاتێـک خانـووی قـوڕ لـە کامپەکـە دروسـت دەکرێـت، ئـەو پێـی بـاشترە خێمەکـەی لـە قەراغـی داربەڕووێـک لـە نزیـک ڕووبارێـک هەڵـدات. لـە کاتـی گفتوگۆکانـی دەسـتەی کارگێـڕی، بـوار بـە گەنـج و بەرپرسـی سیاسـی لەنـاو کۆمیتـەی ناوەنـدی پارتـی دەدات، چونکـە سـەربەخۆ مایـەوە.

ڕۆژێـک لـە مـاوەی ئاگربەسـتدا، هاوسـەری عەقیـد نـوری مەعـروف لـە سلێمانییەوە گەیشـت و ڕۆژی دواتـر ڕۆیشـت. بـاران بەسـەر کەمپەکـەدا دەبـاری و شـەو بەفـر چیاکانـی سـپی پـۆش کردبـوو. ئێـواران، دوای کارکـردن، کاتێـک ئـەوان یـاری شـەترەنج دەکـەن، نـوری ئـەم ئێوارەیـە یارییەکـە دەباتـەوە، بـەڵام نیگـەران دەردەکەوێـت. لـە کۆتاییـدا باسـی بارودۆخـی خـۆی دەکات: "ژنەکـەم وەک پشـیلەی دایکانـە وایـە، لـە غیابـی مـن بەتەنیـا چاودێـری منداڵـەکان دەکات. ناچـار بـووە خانووەکامـان بفرۆشـێت، بـۆ ئـەوەی پـارەی خوێندنـی کـوڕە گەورەکەمـان لـە زانکـۆی بەغـدا دابیـن بکەیـن. کـوڕی دووەمـەممان تـازە ئامادەیـی تـەواو کـردووە، پرسـیاری لێکـردم، دەکـرێ دواییـن خانوومـان بفرۆشـێت بـۆ ئـەوەی پـارەی خوێندنـی زانکـۆی بـدات. پێـم گـوت هەمـوو شـتێک بـکات بـۆ ئـەوەی بتوانێـت بیگوزەرێنێـت. نـوری هـاوڕای ئـەو پرسـیارە بـوو کـە ئاڕاسـتەم کـرد، لەوانەیـە بتوانێـت زەمالـەی خوێندنـی بـۆ بدۆزیتـەوە بـۆ ئـەوەی لـە ئەوروپـا بخوێنێـت؟ ژەنـەڕاڵ ناجـی تالیـب سـەرۆک وەزیرانـی ئێسـتای عێـراق لـە قوتابخانـەی سـەربازی هاوپـۆلم بـوو. ئەگـەر شـۆڕش نەتوانێـت ژیانێکـی مـادی شایسـتە بـۆ خێزانەکامـان دابیـن بـکات، بەلامانـەوە گرنـگ نییـە، دەبێـت تـا کۆتایـی ڕێگاکـە بڕۆیـن".

موقـەدەم عەزیـز ئاکرەیـی خەڵکـی شـاری ئاکـرێ بـوو، لە سـاڵی ١٩٦٦ تەمەنـی نزیکەی ٤٤ سـاڵ بـوو، ئەفسـەرێکی بەتوانـا بـوو لـە سـوپای عێراقـدا. وەک ئەفسـەری ئـەرکان، لـە ئینگلتـەرا و ئـەوەی لەبیرمـان بێـت، لەوانەیـە لـە مۆسـکۆش مەشـقی بینیبێـت. لەسـەرەتای شۆڕشـدا لەگـەڵ کۆمەڵێـک لـە هـاوکارە کوردەکانی سـوپای عێراقی بەجێهێشـت و چووە ناو ڕیزەکانـی شـۆڕش و پەیوەنـدی بـە شـاخەوە کـرد و هاوسـەر و حـەوت منداڵەکـەی هێنایـە ناوچـە ئازادکـراوەکان، بـەڵام لـە ماوەی شـەش سـاڵی شۆڕشـدا، منداڵەکانـی نەیانتوانی بچنە قوتابخانـە، وەک زۆربـەی منداڵانـی تـری کـورد لـە کاتـی جەنگـدا، وەک بەرپرسـی ناوچـە سـەربازییە جیـاوازەکان، کە یەک لە دوای یـەک فەرماندەیی دەکرد و زۆر چالاک و نموونەیی بـوو، هەمیشـە لە هێڵی پێشـەوەی شـەڕدا بوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا، لەگەڵ دەسـتەی کارگێڕی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش و کۆمیتـەی ناوەنـدی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە خـۆی ئەندامـی بـوو تێیـدا، زۆر بە توندی مشـتومڕی دەکرد. پاشـان خانەنشـین بـوو، لەگەڵ خێزانەکـەی لـە گوندێـک نیشـتەجێ بـوو، بەڵام هـەر کاتێک ژەنـەڕاڵ بارزانی پێویسـت پێی هەبووایە، یان داوای بکردایە، هەمیشـە ئامادە بوو. کاتێـک دێتە سـەر بەکارهێنانی تۆپخانە، شـارەزایی تەکنیکـی و ئەزموونـی موقـەدەم عەزیـز زۆر بـەرز دەنرخێنرێـت. هیـچ کەسێك لێـی تـووڕە نابێـت، چونکە ئـەو پاک و نموونەییە. ئەو هەمیشـە دەیەوێـت کاری باش بکات، بـەڵام واقیـع زۆرجـار شـتێك دەسـەپێنێت دژی ویسـتی خۆمـان. پـاش ئاشـتبوونەوە لەگـەڵ دەسـتەی کارگێـڕی و کۆمیتـەی ناوەنـدی، زۆر زیاتر هاتوچـۆی بارەگاکەیانـی دەکرد. ڕۆژێک نەخشـەیەکی سـەربازیی وردی بـۆ کوردسـتان کێشـا و پێـی گوتیـن بۆچـی لـە سـاڵی ١٩٦٣ ناچـار بوو لە دەروازەی سـپیلیک بکشـێتەوە: "یەک مەتر چوارگۆشـە لـە دەوروبەرمان نەبوو کـە بـە ناپاڵـم بۆمبـاران نەکرابێـت. تەنیـا چـەکمان هەبـوو، نانی وشـک کـە تاکە خواردنمان بـوو، ئەویـش تـەواو بـوو". ئێوارەیـەک، بـە وریاییـەوە بەرگێکێکـی گـەورەی فەرهەنگەکەی دەکاتـەوە، کـە لـە قردێلەیـەك پێچـراوە و بۆی بووە بە حـەز و خولیـا: فەرهەنگێکی کوردییە کـە بـە دەسـتی خـۆی نووسـیویەتی. هەروەها پڕ لـە وێنـەی ڕووەک و ئاژەڵ و شـتی ترە کە هەموویـان لەلایـەن خۆیـەوە کێشراون. پیتەکان بـە ئەلفوبێی لاتینی نـووسراون، چونکە ئەو ڕوونـی دەکاتـەوە؛ "پیتەکانـی عەرەبـی گونجـاو نین بـۆ دەنگی کـوردی کە زمانێکـی ئارییە". ئـەو دەشـڵێت: "مـن چەندیـن سـاڵە کار لەسـەر ئەمـە دەکـەم، لەنێـوان شـەڕەکاندا. مـن کاتژمێرەکانـی پشـوودان و خەوتـم بـۆ تەرخان کردووە. هیـوادارم بتوانـن یارمەتیم بدەن بۆ

دۆزینـەوەی خانەیەکـی چـاپ و بڵاوکـەرەوە بـۆ بڵاوکردنەوەی ئـەم فەرهەنگە لـە ئەوروپا".

هاوشـانی چینـی کرێـکار، بـورژوازی بچووکـی شارنشـین، کـە لـە موچەخـۆران و فەرمانبـەران و کاسـبکارە بچووکـەکان پێکهاتـووە، ئـەو چینـەی زۆرتریـن پشـتیوانی لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەکات. ئەندامێکـی زۆر بـۆ حـزب و بەشـێک لـە کادرەکانـی دابیـن دەکات. بەشـداریکردنی لـە شـەڕی نەتەوەیـی زوو دەسـتی پێکـرد و بـە شـێوەیەکی بەرچـاو زیـادی کـرد. لـە وێنـەی عەلـی کـە پێشـمەرگەیەکی تەمـەن نزیکـەی ٢٥ سـاڵە، خەڵکـی شـاری سـلێمانییە و سـەر بـە چینـی کرێـکارە:

بـە ئۆتۆمبێلەکەمـان تـا گونـد ڕۆیشـتین. لـەوێ پێشـمەرگە ئەسـپێکیان بـۆ دابینکـردم بۆ درێـژەدان بـە ڕێگاکە بۆ بـارەگای هاوینەی ژەنـەڕاڵ بارزانی. دەبوایە لەسـەر چالاکییەکانی دەرەوەی چەنـد مانگـی ڕابـردوو ڕاپۆرتێکـی پـێ بدەم. ڕێگاکە هـەوراز و نشـێوی زۆر بوو و کەشـوهەواش گـەرم بـوو. عەلـی، تاکـە هـاوەڵ و هاوڕێـگام، بـە پـێ دەڕۆیشـت و ئارەقەی کردبـوو، تفەنگەکـەی بـە شـانێکەوە هەڵگرتبـوو، جانتاکـەی منیـش لەسـەر شـانەکەی تـر و لـە ڕێـڕەوی سـەختدا کـۆت و جڵـەوی ئەسـپەکەمی گرتبـوو. پێشـنیازم کـرد بـە نۆرە سـواری ئەسـپەکە بیـن، بـەڵام ڕەتیکـردەوە، ڕەنگـە لـە شـانازییەوە ڕەتیکردبێتەوە: "ئێـوە خزمەت بە دۆزی ئێمـە دەکـەن، تـۆ لـە دوورەوە هاتوویـت، خزمەتکردنـت بـۆ من ئەرک و شـانازییە ". ڕازی بـوو جانتاکـەم لەسـەر پشـتی ئەسـپەکە لـە دواوەی بـار بـکات. لـە نیـوەی ڕێـگادا، بـۆ ئـەوەی پشـویان پێبـدەن، بـە پێ بەردەوام بووم. شـان بە شـانی یەک بە ڕێگادا دەڕۆیشـتین، عەلـی ئـازا و زیـرەک، باسـی ژیانـی خۆی بـۆ کردم:

"لـە سـلێمانی شـۆفێری تاکسـی بـووم، ئۆتۆمبێلەکـە هـی خـۆم بـوو. هەروەها بەشـێک بـووم لـە کۆمەڵێـک پارتیزانـی نهێنـی شـارەکە. ڕۆژێـک لـە ڕێـگای کەرکووک بۆردومـان کرایـن. ئۆتۆمبێلەکـەم تێکچـوو، بـە کەڵکـی بەکارهێنـان نەمـا، منیـش لەلایـەن سـەربازە عێراقییەکانـەوە دەسـگیرکرام. بـۆ مـاوەی مانگێـک پۆلیسـی سـەربازی ئەشـکەنجەیان دام". نیشـانە و ئاسـەواری برینـە قووڵەکانـی نیشـاندام کـە شـوێنی ئاسـنی گەرم لەسـەر پشـتی و شـوێنەکانی تـری جەسـتەی بەجێـی هێشـتووە. ئامـاژەی بـەوەش دا، بـۆ ئـەوە "ئووتـووی گەرمیـان بەکارهێنـاوە، بـەڵام مـن دانـم بـە هیـچ شـتێکدا نـەدا". بـۆ سـاتێک وەسـتا، پاشـان دەسـتی پێکـردەوە: "توانیـم بـە یارمەتـی پاسـەوانێک دەربـاز ببـم و هەڵبێم، دایکم بڕی ٣٠

دینـاری پێدام، هەمـوو ئـەو پارەیەی پاشـەکەوتم کـرد بوو. دوای ئـەوە، بەرپرسـەکانم منیان بـۆ دەسـتەی کارگێـڕی دانـا. لـەو کاتەوە بـووم بـە پۆلیس، پاسـەوان، کۆڵبـەر، وەسـتا... هەر شـتێک". ئـەو زەردەخەنـەی کـرد، چاوەکانـی هێمـن بـوون و گوتی: "ئـەوە بێزارم نـاکات. لە شۆڕشـێکی وەک ئێمـەدا، هەمـوو کەسێک دەبێـت ئـەوەی لـە توانایـدا بێـت بیـکات".

پێویسـتە گرنگـی تایبـەت بـە ڕێپێدراوانـی پۆلیـس و بەتایبەتی پۆلیسـی بێ پلـە بدرێت. لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٦١، بـۆ هاتنـە ڕیزەکانـی شـۆڕش بـە چـەک و هەمـوو کەلوپەلـە سـەربازییەکانیانەوە، دەسـتیان کـرد بـە جێهێشـتنی هێزەکانـی حکومـەت و ئـەو هێمنییـە کۆمەڵایەتییەیـان بەجێهێشـت کـە لـەوێ دۆزیبوویانـەوە، هەرچەنـدە ڕێژەیـی بـوو. لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٦٢ ژمارەیـان زۆر بـوو، تـا ئـەو ڕادەیـەی فەیلەقێك نزیکـەی دوو هـەزار و پێنـج سـەد پیـاو دەبـوون، یـان یـەك لەسەرسێی هێـزە ئاسـاییەکانی کـورد لـەو کاتـەدا.

هەروەهـا ژمارەیـەک لـە پارێـزگار و جێگـری پارێـزگار و ئەندازیـاران و خەزنەدارانـی دارایـی گشـتیش ڕیزەکانـی حکومەتـی عێراقیـان جێهێشـت بـۆ بەشـداری کـردن لـە شـۆڕش. زۆرێـک لـە دادوەرانیـش بـە هەمـان شـێوە هاتنـە ڕیزەکانـی شۆڕشـەوە. تەنانـەت هەندێـک لـەو خەزنەدارانـە پـارەی ئـەو خەزێنانەشـیان لەگـەڵ خۆیـان هێنـا کـە لـە بەرپرسـیارێتیان بـوو.

بـەراورد بـە کـۆی ژمـارەی شۆڕشـگێڕان، زەحمەتـە خەمڵاندنێکـی ورد بـۆ ڕێـژەی دانیشـتووانی شـار لـە سـوپا و ئۆرگانـە جیاوازەکانـی شـۆڕش بکەیـن، بـەڵام دەتوانیـن ئـەم ڕێژەیـە بـە نزیکـەی ٪ ٤٠ بخەملێنیـن، لـە کاتێکـدا هەمـوو چیـن و توێژەکانـی شـار بەزەحمـەت ٢٥٪ ی خەڵکـی کوردسـتان پێکدەهێنـن. ئەمـەش گرنگـی چەندایەتـی ئـەم چینـە کۆمەڵایەتییـە لـە بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕانەدا دەردەخـات.

گرنگـە جەخـت لـەوە بکەینـەوە کـە بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕانە کاری هەمـوو چیـن و توێـژە کۆمەڵایەتییەکانـە، بـە تایبەتـی بەرهەمـی هاوپەیمانـی نێـوان بـۆرژوازی شـار و جوتیـاران و گوندنشـینانە، بـەڵام ڕۆڵـی بزوێنـەر و سـەرەکی سیاسـی شـۆڕش بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان دەکەوێتـە سـەر توخمـە شـارییەکان. لـە بەشـی حەوتەمـدا وێنـەی ئەندامێکـی پێشـەنگی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەکێشـین، بـۆ وێناکـردن و ڕوونکردنـەوەی ئـەم سـەرکردایەتییە.

**٢. دانیشـتوانی گونـدەکان:** هەرچەنـد "سیسـتەمی خێڵەکـی" بـە شـێوەیەکی بەرچـاو لاواز بـووە، بـەڵام هێشـتا ژیانـی گوندنشـینی لـە کوردسـتاندا زاڵـە. لـە مـاوەی دەیـان سـاڵی ڕابـردوودا، بەتایبەتـی لـە ناوچەکانـی باشـووری کەرکـووک و سـلێمانی، ئـەم سیسـتەمە وردە وردە کاریگەریـی خـۆی لەدەسـتداوە و هەڵوەشـاوەتەوە.

لـە نێـو دانیشـتوانی گوندەکانـدا دەبێـت دوو چیـن یـان جـۆر دانیشـتوان جیـا بکرێنـەوە: جووتیـاران و سـەرکردە تەقلیدییـەکان. ئـەو سـەرکردە تەقلیدییانـە چیـتر گـەورەی کـوردی سـەردەمی دەرەبەگایەتـی و دامەزرێنـەری میرنشـینەکان نیـن، نـە سـەرۆک خێڵـن و نـە هـۆزن کـە نووسـەرانی وەک نیکیتیـن[١] و ڕۆنـدوت[٢] یـان فرێدریـك بـارس[٣] وەسـفیان کـردوون. سـەرۆکی تەقلیـدی، وەک ئەمـڕۆ دەیبینیـن، زۆرجـار پیاوێکـی خۆشەویسـت، جوامێـر و ئـازادە، کـە دان بـە دەسـەڵاتی هیـچ حکومەتێکـی ناوەندیـدا نانێـت، تەنیـا یاسـای نەریتـی ناوخۆیـی جێبەجـێ دەکات. سـەرۆک نەریتـی زۆر گرنگـی بـە ژیانـی جووتیـاران و شـوانکارانی گوندەکـە دەدات کـە زۆربەیـان ئامـۆزا یـان خـزم و کەسـی یـەکترن. ئـەو ڕۆڵـی ناوبژیـوان و قـازی دەگێڕێـت بـە ئەنجامدانـی هاوسـەرگیری لـە نێـوان گەنجـان و دادوەریکـردن لەسـەر ناکۆکییـەکان و سـەپاندنی سـزا بەسـەر تاوانبارانـدا. هەروەهـا بەرگـری لـە بەرژەوەندییەکانـی کۆمەڵگـەی گوندەکـە دەکات، هەندێکجـار تەنانـەت چەکیـش بەکاردێنـێ. هەرچەنـدە لـە بەرامبـەر خزمەتەکانیـدا بەرهەمـە کشـتوکاڵیەکان وەك یارمەتـی وەردەگرێـت، بـەڵام ئەرکـی میوانداریکـردنی لـە ئەسـتۆیە، کەواتـە دەبێـت شـەو و ڕۆژ دیوەخانـی بـە کراوەیـی بهێڵێتـەوە. ئـەو خانـووە شـوێنی کۆبوونەوەیـە کـە جوتیـاران دەتوانـن هەمـوو ئێوارەیـەک بـۆ خـواردن، خواردنـەوەی خۆڕایـی و گفتوگۆکـردن لەسـەر کارەکانیـان کۆببنـەوە. ئـەو ڕێبـوار و گەڕیـدە بیانیانـەی تێدەپـەڕن، بـە خۆڕایـی شـوێن و خواردنیـان بـۆ دابیـن دەکرێـت.

"میوانخانـە" یـان دیوەخـان هێشـتا لـە کوردسـتاندا مـاوە، تەنانـەت لـە نێـو

(١) "کوردەکان ... "، بەشی شەشەم.

(٢) هۆزە شاخاوییەکانی ئاسیای پێشوو.

(٣) بنەماکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە باشوری کوردستان

کەسانی هەژاریش. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو سەرۆکە نەریتییەی کە پێشتر ڕێزی لێدەگیرا و خۆشەویست بوو لای خەڵك، ئەمڕۆ زۆر دەگمەنە، ئەو لایەنی جوامێری خۆی لەدەستدا و بوو بە خاوەن زەوی، چ گەورە بێت یان بچووك. ئەو سەرکردەیە تەنیا گرنگی بە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەدات، گوێ بە ژیانی جوتیاران نادات، مەگەر کاتێک بتوانێت باشتر سوودیان لێ وەربگرێت. ئەو لە سەرووی هەموو شتێکەوە هەوڵی ڕاکێشانی ڕەزامەندی پارێزگار دەدا، یان لەلایەن وەزیری ناوخۆوە وەک جێگر یان نوێنەر دابنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، چەند حاڵەتێکی جیاواز هەیە. تێکچوون یان تەنانەت نەمانی سیستەمی تەقلیدی زیاتر لە ناوچەکانی باشوور بەدی دەکرێت، کە بە گشتی تەختن و بۆیە گونجاون بۆ پێکهێنانی ناوچەیەکی گەورە، وەک دەشتی هەولێر. لێرەدا، میکانیزمی کشتوکاڵ لەوانەیە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕابێت. لە دەشتەکانی جەزیرە لە سوریا ئەم دیاردەیە هەیە، لە زۆر حاڵەتدا "پەیوەندی خێڵەکی" لەنێوان خاوەن موڵک و جوتیاراندا نەماوە. تەنانەت هەندێک لەو جوتیارانە گوندەکانیان جێهێشتووە بۆ ئەوەی ببنە کرێکار لە شارۆچکەکانی نزیك شاری قامیشلۆ.

**جوتیارەکان:**

جوتیاران، چ کرێکاری کێڵگەی کشتوکاڵی و چ خاوەن زەوییە بچووکەکان بن، نوێنەرایەتی زۆرینەی گەلی کورد دەکەن. بە پێچەوانەی ئەوەی لە دەرەوەی وڵات بیری لێدەکرێتەوە، زۆربەیان لەگەڵ بیرۆکەی ئازادی نەتەوەیین، هەرچەندە ئەم بیرۆکەیە زۆر جار بە شێوەیەکی سادە و ڕاستەوخۆ دەبینرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنیا بەشێکی بچووکی ئەم دانیشتوانە بە ڕاستی بە سیاسی کراون. جووتیاران بەشێکی گرنگی هێزە کوردییەکان پێکدەهێنن و کادرە گوندنشینەکان دەهێننە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان. لە هەندێک حاڵەتدا، تەنانەت ئەوانەن کە پۆستی فەرماندەی سەربازی وەردەگرن[١].

(١) لە نێو فەرمانده سەربازییە دیار و درەوشاوەکانی شۆڕشدا، هەردوو برا حەمید کاوانی و مەحمود کاوانی هەن کە ئەوانە جووتیار بوون لە ناوچەی شەقڵاوە. هەردووکیان لە شەڕەکاندا شەهید کراون.

لەسەر ئاستی سیاسی، دەتوانین چوار پۆل لە جوتیاران جیابکەینەوە:

أ. پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ژمارەیەکـی زۆر جووتیـاری لـە باشـوور هەیـە، بەتایبەتـی لـە ناوچەکانـی سـلێمانی و کەرکـووک و دەشـتی هەولێـر و ناوچـەی خانەقیـن، ئـەم جوتیارانـە بەشـداری شـەڕیان دەکـرد یـان بـە شـێوازی جۆراوجـۆر پشـتگیرییان لـە خەباتـی ڕزگاری دەکـرد. ئـەوان لـە حزبـدا چالاکـن و کاریگـەری سـەرۆک هۆزەکانیـان لەسـەر نییـە. بـە پێچەوانـەوە، داوای گۆڕانکاریـی کۆمەڵایەتـی دەکـەن و لـە دژی ئـەو سـەرکردانە داوای مافەکانـی خۆیـان دەکـەن.

ب. جوتیارانـی سـەربەخۆ زۆرجـار لـە گرنگـی خەباتـی شـۆڕش ئـاگادارن، بـەڵام هەمیشـە بـە سیاسـی ناکرێـن. ئـەم پۆلـە جوتیـارە بـەزۆری خـاوەن زەوی بچووکەکانـن و کێڵگـەی خێزانـی بەڕێوەدەبـەن و ئـەم پۆلـە زۆرینـەی جوتیارانـی کوردسـتان پێکدەهێنـن. لـە بنەمـادا ئـەوان لـە چەوسـاندنەوەی سـەرۆکە تەقلیدییـەکان دەربـاز دەبـن و کاتێـک سـەرۆکێک هـەوڵ دەدات دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر گوندەکانیانـدا بسـەپێنێت، دژایەتی دەکـەن. ئـەم جووتیارانـە پشـتیوانی لـە شـۆڕش دەکـەن و لـە کاری کشـتوکاڵیش بەردەوامـن: پێشـمەرگەی گەنـج و لاو دەنێرنـە نـاو شـۆڕش، یـان لـە گوندەکانیـان پێشـوازی لـە شۆڕشـگێڕان دەکـەن. کاتێـک بەرهـەم بـۆ شـۆڕش دابیـن دەکـەن، شـۆڕش بەڵێـن دەدات پـارەی تـەواوی ئـەو شـتانە بـدات کـە دەیکڕێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا، زۆرێـک لـە جووتیـاران ڕەتیدەکەنـەوە پـارە وەربگـرن، هەرچەنـدە دراو لـە هەندێـک ناوچـە دووره دەسـتەکان کەمـتر بەکاردێـت.

بـۆ نموونـە، ئەمـە نموونـەی جوتیارێکـە کـە لەسـەر سـنووری نێـوان جوتیـارە نـا سیاسییەکان و جوتیارانـی ئـەو پۆلێنانـەی دوورن لـە پابەندبوونـی سیاسـی ئێمە دەیناسـین:

کاک حەمیـد جوتیارێکـی بـە تەمەنـە، زەحمەتـە پێشـبینی تەمەنـی بکرێـت، ڕەنگـە تەمەنـی نزیـك شەسـت سـاڵێک بێـت. ئێمـە بـە ڕێکـەوت بـە شـاخەوانی گەیشـتینە گوندەکـەی، سـەرەڕای جیـاوازی تەمـەن و ئاسـتی خوێنـدن، هـەر زوو بوویـن بـە هـاوڕێ. وا دەردەکەوێـت نەخوێنـدەوار بێـت و لـە جوتیارانـی دیکـە لاوازتـر دەردەکەوێـت. گوندەکـە، گوندێکـی بچووکـە و دەکەوێتـە سـەرووی ئـەو ڕێگایـەی بەنـاو چیاکانـی کوردسـتانی ئازادکـراودا دەسـوڕێتەوە، لەنێـوان ڕوانـدوز و ناوچەکانـی دیکـەدا. شـوێنێکی

ئارامـە، بـە کێڵگـەی تووتـن و دارسـتانەکان دەورە دراوە. هەرچەنـدە شـەڕ نزیکـە، بـەڵام کاک حەمیـد پـێمان دەڵێـت گوندەکـەی بەڕاسـتی زیانـی پێنەگەیشـتووە: "چەنـد بۆمبێـک لـە دەوروبـەری ئێـرە کەوتونەتـە خـوارەوە، بـەڵام هیـچ زیانێکـی گـەورەی نەبـووە". لەوێـدا بێدەنگـی بـاڵ دەکێشـێت بەسـەر گفتوگۆکەمـان، تەنیـا بـە ڕادیۆیـەک کـە گۆرانـی ڕۆمانسـی کـوردی پەخـش دەکات ئـەو بێدەنگیـە دەشـکێت[1]. گونـدی کاک حەمیـد تەنیـا نزیکـەی پـازدە بنەماڵـە و خێزانـی تێدایـە کـە هەموویـان بـە خزمایەتـی بەیەکـەوە گرێـدراون. دانیشـتوانەکەی جوتیـارن، خاوەنـی کێڵگـە و خانووەکانیانـن. خـاوەن زەویـوزاری زۆر و گـەورە ("ئاغـا")ی نییـە کـە ئیسـتغلالیان بـکات، نـە پزیشـک، نـە مامۆسـتا، نـە کارەبایـان نییـە. کاک حەمیـد، لـە سـادەییەکەیدا، تاڕادەیـەک ئاسـوودە دەردەکەوێـت، بـەڵام جوتیارێکـی دەوڵەمەنـد نییـە. خـۆی لەگـەڵ کـوڕە گەورەکـەی لـە کێڵگەکـەی کاردەکات و لـە نزیـک ڕووبارەکـە، بـۆ فرۆشتن، دار ئەسـپیندار دەبڕێـت و هیچ سـەر ئاژەڵێکـی نییـە. کاتێـک چوویـن بـۆ سـەردانی کاك حەمیـد و خـۆی لـەوێ نەبـوو، هاوسـەرەکەی کـە بـە نەریتـی کـوردەواری و بـێ پەچـەی نەریتـی عەرەبـی و فارسـی دڵسـۆزە، هەوڵیـدا نەهێڵێـت ئێمـە بڕۆیـن تـا مێردەکـەی دێتـەوە. کاتێـک کاك حەمیـد ئامـادە بـوو کارەکـەی ڕاگـرت، بۆئـەوەی بـە پێـی ڕێسـاکانی میوانداریـی کـوردی بێـت و پێشـوازیمان بـکات، کـە لایـان زۆر گرنگـە. هەمیشـە چـای بـە تـام و میـوەی تـازەی وەکـو هەڵـوژە و خۆخیـان پێشـکەش دەکردیـن کـە منداڵەکانـی لـە باخچەکـەی لێیاندەکـردەوە. بـە سـادەیی و ئەدەبێکـی پـڕ لـە ڕێـزەوە بانگهێشـت و فەرموویـان لێکردیـن. پێداگـری دەکـرد کـە ئێمـە بـۆ نانخواردنـی ئێـوارە لـە ماڵەکـەی بمێنینـەوە، یـان شـەو لـە ماڵەکەیـدا بەسـەر بەریـن، هەندێکجاریـش پێشـنیازی دەکـرد ڕۆژی دواتـر لەگەڵیـدا بڕۆیـن بـۆ شـاخ. لەبـارەی شـۆڕش و شـەڕەوە قسـەمان لەگـەڵ کـرد، ئەویـش کەمێـك بیـری کـردەوە، پاشـان بـە چـاوی درەوشـاوە، بـە هێمنـی گوتـی: "خـوای گـەورە بتانپارێزێـت! "، "خـوای گـەورە سـەرکەوتنمان پـێ ببەخشـێت! ". کاتێـک دەهاتـە خـوارەوە بـۆ نـاو دۆڵەکـە، هاتـە لای ئێمـە، سـەبەتەی تـرێ و گوێـز و میـوەی هەڵگرتبـوو. هەرگیـز ئامـادە نەبـوو لـە بەرامبـەردا هیـچ پارەیـەک وەربگرێـت.

---

(١) ئـەم وێسـتگانەی خـوارەوە مۆسـیقای کوردییـان پەخـش دەکـرد: ڕادیـۆ بەغـدا، ڕادیـۆ ئێـران، ڕادیـۆی ئێریڤـان، ڕادیـۆ قاهیـرە و "دەنگی کوردستان"ی شـۆڕش.

ج. جوتیارانـی سـەربەخۆ و ناسیاسـی ئەوانـەن کـە لە ناوچـە دابڕاوەکاندا دەژیـن و دوور لە چالاکـی سیاسـی گەورە. ئەوان لەژێر کاریگەریی سـەرکردە تەقلیدییـەکان دەرباز دەبن و بەشـداری ململانێـی دەسـەڵات ناکەن. ئەوان تەنیـا تێگەیشـتنێکی زۆر ناڕوونیان لەبارەی شـۆڕش هەیـە و لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە جەنـگ وەک بەدبەختییـەک دەبینـن کـە ڕوو لـە وڵاتەکەیـان دەکات بـێ ئـەوەی لـە مەترسـیی پرسـە قووڵـەکان تێبگـەن. ئـەوان بەگشـتی خـاوەن زەوییـە بچووکەکانـن کـە لـە کێڵگـە و زەوییەکانیان بە شـێوەی خێزانی کار دەکـەن و خۆیـان بـۆ کشـتوکاڵ و ئاژەڵـداری تەرخـان دەکـەن. ژیانـی ڕۆژانەیـان بـە سـەختی پەیوەنـدی بـە ئەنجامـە خراپەکانـی جەنگـەوە هەیـە: بەرزبوونـەوەی نـرخ، کەمـی هەندێـک بەرهـەم لە بازاڕدا، قورسـی فرۆشـتنی تووتـن و جاروبـار بۆمبارانکردنی ئاسـمانی. هەرچەنـدە بـە ناردنـی پێشـمەرگە چالاکانـە بەشـداری شـەڕەکە ناکـەن، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا؛ دەتوانـن لـە گوندەکانیـان پێشـوازی لـە پێشـمەرگە شۆڕشـگێڕەکان بکەن.

د. جوتیارانـی نـەزان، دواکەوتـوو و ناسیاسـی بـە قووڵـی لەژێـر کاریگـەری سـەرکردە تەقلیدییەکانـن و ڕێگـە بـە خۆیـان دەدەن، بـێ دەربڕینـی هیـچ ناڕەزاییـەك ئیسـتغلال بکرێـن. ئـەوان هێشـتا لـە بیرۆکـەی داخوازییـە کۆمەڵایەتییـەکان و مانـای شـۆڕش تێناگـەن. ژیانیـان لەلایـەن سیسـتەمێکی خێڵەکیـەوە بەڕێـوە دەچێت، کـە زۆربەی کات دوای بڕیارەکانـی سـەرکردەکانیان دەکـەون، ئەگـەر گەورەکانیـان ناسیونالیسـت بـن و پشـتگیری شـۆڕش بکـەن، جوتیارانیـش لەگەڵیان دەبن، بـەڵام ئەگەر سـەرکردەکانیان کار و دڵسـۆزی بـۆ حکومـەت بنوێنن و میلیشـیا و چەتەی حکومەت بن، ئەوا دژی شـۆڕشـن. لـە هـەردوو حاڵەتـدا، ئـەم جووتیارانـە لـە چاودێـری و کارکردن لـە زەویـی گەورەکانیان بەردەوامـن و پەیـڕەوی یاسـاکانی ناوخۆیـی سیسـتەمی نەریتی دەکـەن و بەپێی نەریتی گوندەکـە بەشـێک لـە دروێنـە و بەرهەمـەکان وەك حەقـی مانـدوو بـوون وەردەگـرن. تەنانـەت ئەگـەر سـەرکردەکانیان ناسیونالیسـت بـن و پشـتگیری شۆڕشـیش بکـەن، ئـەم جوتیارانـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی ڕاسـتەوخۆی ئەو سـەرکردانە دەمێننـەوە، لە ڕاسـتیدا تەنیا بـە شـێوەیەکی تیـۆری گوێڕایەڵـی ئۆرگانەکانـی شـۆڕش دەبـن.

جوتیارانـی هەریـەك لـە دەشـتی هەولێـر و کەرکـووک بـە تایبەتـی بـە دەسـت شـەڕەوە دەناڵێنـن.

**سەرکردە تەقلیدییەکان:**

سەرەتا جێی خۆیەتی جیاوازی لە نێوان سێ پۆل لە سەرکردە تەقلیدییەکان بکەین:

أ. سەرۆکە تەقلیدییەکان بە مانای کلاسیکی کوردی، نموونەی سەدەی نۆزدەم و ناوچە شاخاوییەکان و گۆشەگیرەکانن، زۆرجار سەرۆک خێڵ بوون نەک خاوەن زەوی و ئاغا. دەسەڵاتیان لەسەر بنەمای ئەو پارێزگارییەی پێشکەشی جوتیارانی دڵسۆزیان دەکرد، دەسەڵاتیان زۆرجار یەکسانیخوازتر بوو لە خاوەن زەوییە گەورەکان و ئاغاکان. ئەم سیستمە لە کوردستاندا تا دێت کەمتر دەبێتەوە. ئەم چەند سەرکردە تەقلیدییە کەمەی ماونەتەوە بە شێوەیەکی گشتی لایەنگری شۆڕشن، لانی کەم لە ڕووی سەربازییەوە.

ب. لە هەندێک ناوچە شاخاوییەکان سەرۆکە تەقلیدییەکان لە جوتیاران دەوڵەمەندتر نین، بەڵام خێزانەکانیان شکۆ و ناوبانگ و دەنگیان هەیە، کە زۆرجار لە باوباپیرانیانەوە بە میرات بۆیان ماوەتەوە. ئەوان تێکۆشەر و جەنگاوەری زۆر باشن، ئامادەن خۆیان بخەنە خزمەتی شۆڕشەوە، بە کەسوکار و چەکەکانیانەوە چوونە ناو لەشکری شۆڕشەوە، لە هەر شوێنێک داوایان لێکرابێت شەڕیان کردووە و بەتەواوی تێکەڵ بە خەبات بوون.

ج. ئەو سەرۆکە تەقلیدیانەی زیاتر لە خاوەن زەوییە گەورە یان مامناوەندەکان دەچن وەک لە سەرۆک خێڵە ڕاستەقینەکان، دەتوانرێت لە ڕووی سیاسییەوە دابەش بکرێن بۆ سێ گروپ:

أ. سەرکردە تەقلیدییە ناسیۆنالیستەکان، تەنیا دان بە دەسەڵاتی ژەنەڕاڵ بارزانیدا دەنێن وەک سەرکردەی نەتەوەیی و نیشتیمانی، نەك وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان. سەرەتا بەشداری زۆریان لە شەڕدا کرد، بەڵام کاتێك شۆڕش بە دامەزراوەیی و سوپاکەی زیاتر ڕێکخراو و پیشەیی بوو، ڕۆڵیان سنووردارتر بوو. ئەو هێزانەی بۆ پاڵپشتیکردنی شۆڕش دەینێرن، بەشێک نین لە سوپای ئاسایی، بەڵکو بە سەربازی تەواوکەر یان یەدەگ و یارمەتیدەر هەژمار دەکرێن. ئەم هێزانە لە گوندنشین و جوتیاری ناوخۆیی پێکهاتوون، ناڕێکخراون و زۆر جووڵە ناکەن، واتا لە ناوچەکەی خۆیان دوورناکەونەوە.

ئـەوان تەنیـا بـۆ بەرگریکـردن لـە ناوچەکەیـان لـە بەرامبـەر ئەگـەری هێرشـی سـوپای عێـراق لەوێـدان. سـەرکردە قبوولـی دەکات یەکەکانـی سـوپای ئاسـایی شـۆڕش لـە ناوچەکـەی خۆیـدا ئامـادە بـن، بـەڵام دڵخـۆش نییـە و بـە باشـی نازانێـت و پیاوەکانـی دەنێردرێنـە ناوچەکانـی تـر، مەگـەر لـە ناوچـەی خۆیـەوە نزیـک بـن، ئەگـەر ئەرکێکـی زۆر تایبـەت و دیاریکـراو بێـت.

لـە کاتـی جەنگـدا، هەندێـک لـە سـەرۆکەکان هەلومەرجەکەیـان قۆسـتەوە بـۆ زیادکردنـی دەسـەڵات و هەژموونـی خۆیـان. ئـەوان دەسـتیان بـە کۆنترۆڵکردنـی جوتیارانـی ناوچـە دراوسـێکان کـرد، کـە پێـشتر هیـچ پارەیەکیـان پێنـەدەدان. ئـەم سـەرکردانە لـە سـایەی شـۆڕش و شـەڕەوە دەوڵەمەنـد بـوون و لـە ململانـێ و جەنگـی درێژخایـەن مانـدوو ببـوون، دەسـتیان بـە دروسـتکردنی پەیوەنـدی نهێنـی کـرد لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی حکومەتـی عێـراق. ئـەوان دەیانویسـت دڵنیاببنـەوە لـەوەی بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان دەپارێـزن و خۆیـان لـە هێرشـەکانی سـوپای عێـراق دەپارێـزن. شـۆڕش ئـاگاداری هەمـوو شـتێك بـوو و دەزانێـت چـی ڕوودەدات، بـەڵام چاوپۆشـی لێکـرد بـۆ ئـەوەی ئـەو دەوڵەمەنـدە نوێیانـە نەتوانـن بچنـە پـاڵ دوژمـن. ئەمـەش دۆخێکـی لاواز و مەترسیدار دروسـت دەکات و زیـان بـە جوتیـاران دەگەیەنێـت کـە تـا ئێسـتا لـەم قۆناغـەدا بەغـدا و سـەرکردە خۆجێییـەکان و شـۆڕش هاوسـەنگییان هەیـە. ڕوون نییـە ئـەم کارە تـا کـەی بـەردەوام دەبێـت و چەنـد دەخایەنێـت، بـەڵام چارەسـەری ڕیشـەیی ئەوەیـە شـۆڕش جوتیـاران لەژێـر یـەك چەتـر کۆیانبکاتـەوە و لـە ڕووی سـەربازی و سیاسـییەوە لـە دژی سـەرکردەکانیان و بەغـدا هانیـان بـدات.

بە پێچەوانـەی ئـەم سـەرکردانەی باسمان کـرد، سـەرکردە ناسیۆنالیسـتەکانی دیکـە کـە خـاوەن زەویـوزاری فـراوان و سـەروەت و ماڵـی زۆر بـوون، بەهـۆی شـەڕەوە هەمـوو شـتێکیان لەدەسـتدا. هەمـوو شـتێکیان کـردە قوربانـی شـۆڕش. دوای ئـەوەی زۆر یارمەتـی شۆڕشـیان دا، لـە ڕووی دارایـی و تەنانـەت سەربازیشـەوە، ناچـار بـوون لەگـەڵ یەکەکانـی لەشـکری شـۆڕش کـە لـە ناوچەکانـی خۆیـان بـوون، ئـەم ناوچانـە بەجێبهێڵـن. ئەمانـە بەرگریکردنیـان لـە ناوچەکانـی خۆیـان قـورس بـوو بەرامبـەر سـوپای عێـراق کـە لـە پێشـڕەوی دابـوو.

ب. هەروەها کۆمەڵێک کەسی وریا هەن، پشتگیری لە بیرۆکەی نەتەوەیی دەکەن، بەڵام لە سەرکوتکردنی عێراق دەترسن. هەروەها گرنگی بە بەرژەوەندییەکانیان دەدەن و وەک خاوەن زەویوزاری ئاسایی لە خەمیاندان. پێدەچێت ئەم کەسانە بێلایەن بمێننەوە، چونکە لە ڕادیکالیزمی پارتیش دەترسن، بەتایبەتی لەسەر پرسی زەوییە کشتوکاڵییەکان. زۆرجار ناوچەکانیان لە بنکە سەربازییەکانی عێراق نزیکن یان بەرگریکردنیان قورسە. ئەوان پەیوەندیی نهێنییان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەردوولا هەیە و زۆرجار بە وریاییەوە یارمەتی شۆڕش دەدەن، بە پێدانی پارە یان بەخشین بە ناوی شۆڕشەوە. لە زۆر حاڵەتدا سوپای عێراق ئەو سەرکردانە ناچار دەکات بچنە ناو گروپە بە وەکالەتەکانی دژە شۆڕشەوە. ئەگەر ئەم سەرکردانە ڕەتی بکەنەوە، هەڕەشەی بۆردومان و سووتاندنی گوندەکانیان لێدەکرێت. کاتێک لەژێر هەڕەشەدا تەسلیم دەبن، دەبنە "جاش"، بەڵام "جاش"ی خراپ بۆ بەغدا، چونکە ڕێگایەک دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە پەیوەندیدا بمێننەوە لەگەڵ شۆڕشدا و بە جۆرێک یان جۆرێکی تر هاوکاریی بکەن. تەنانەت هەندێکیان چەند جارێک لایەنگیری و سەنگەر دەگۆڕن. جوتیارانی ئەو ناوچانە بە گشتی پاڵپشتی شۆڕش دەکەن و شوێن سەرکردەکانیان ناکەون، کە ناچارن لە دوولا یاری بکەن.

ج. کۆمەڵێک سەرکردەی تەقلیدی دژە شۆڕش هەن کە خاوەن زەویوزاری گەورە یان مامناوەندن. چەکدارن و لەلایەن حکومەتی بەغداوە مووچەیان پێدەدرێت. لە ژێر کۆنترۆڵی ژەنەڕاڵە عێراقیەکاندا، گروپی نائاسایی یارمەتیدەر و میلیشیا پێکدەهێنن، کە گەلی کورد بە سووکایەتیەوە پێیان دەڵێن "جاش"، وشەیەک مانای "گوێدرێژ" یان "جاشکە کەر" دەگەیەنێت. جاش مانگانە چواردە دیناری[١] عێراقی وەردەگرێت کە مووچەیەکی زۆر بەرزە، بەراورد بە پێشمەرگەیەک کە لە بارودۆخێکی زۆر سەختدا دەژیت.

هەلومەرجەکانی جەنگ بە دڵنیاییەوە کاریگەریان هەیە بۆ لەناوبردنی ئەوەی ماوەتەوە لەو دامەزراوە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەی سەرۆک تەقلیدی

---

(١) یەك دیناری عێراقی یەکسانە بە یەک پاوەندی ئیستەرلینی.

نوێنەرایەتــی دەکات. بەکرێگیــراوان دەســەتە و گروپــی نــاو ئــەوان ئێســتا لەلایــەن خەڵکــەوە وەک ســەربازی مووچەخــۆر ســەیر دەکرێــن، کــە ڕەگ و ڕیشــەی ئابووریــی خۆیــان لەدەســتداوە. زۆرێکیــان گوندەکانیــان جێهێشــت تــا بنــە دز وجــەردە و لــە پەنــای ســەربازانی عێــراق خــۆ دەوڵەمەنــد بکــەن. ئــەو کەســانەی دوودڵــن، ئەوانــە لــە چاوەڕوانیــدا دەمێننــەوە، بەدەســت ئــەم دۆخــە دەناڵێنــن و تەنیــا بــە ڕێکــەوت دەژیــن. تەنانــەت ناسیونالیستەکانیش کــە ڕێزیــان لێدەگیــرا سەرســام بــوون بــە واقیعــی شۆڕشــگێڕی نــوێ کــە چیتر ڕۆڵیــان تێــدا نەمــاوە. زۆربەیــان ناچــار دەبــن خاکەکانیــان جێبهێڵــن، یــان دەبێــت شــێوازی بیرکردنەوەیــان بگــۆڕن و بەپێــی پرەنســیپەکانی شــۆڕش بــە ئاڕاســتەیەکی دیموکراتــیتر گەشــە بکــەن.

ڕەنگــە جێــگای ســەرنج بێــت؛ باســی هەندێــک لــەو ســەرکردە تەقلیدییانــەش بکەیــن کــە پەیوەندییــان بــە شۆڕشــەوە کــردووە:

وەهــاب ئاغــا بــە دڵنیاییــەوە تــووڕە دەبێــت، ئەگــەر لــە پەرەگرافێکــدا باســی ئــەو لەگــەڵ ســەرۆکە تەقلیدییــەکان بکەیــن. ئــەو ڕاســت دەکات، بــەڵام تەنانــەت ئەگــەر چیتر ســەرکردەیەکی تەقلیدیــش نەبێــت، پەرەســەندنی هەندێــک لــەو ســەرکردانە لــە بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی نیشــتمانیدا بــەرەو دیموکراســی زیاتــر نیشــان دەدات. وەهــاب ئاغــا کــوڕی ئەنــدام پەرلەمانــی پێشــووی ڕوانــدز بــوو لــە ســاڵی ١٩٢٠ دا، خاوەنــی چەنــد گوندێکــی نزیــک شــارەکەیە، خوێندنــی ســەرەتایی و ناوەنــدی تــەواو کــرد پێــش ئــەوەی بــۆ بزووتنــەوەی کــورد خــۆی بــە تــەواوی تەرخــان بــکات. چەندجارێــک بــە هــۆکاری سیاســی زیندانــی کــراوە. ئــەو پێشــنیازی حکومەتەکــەی نــوری ســەعیدی ڕەتکــردەوە کــە دەیویســت لــە جیاتــی باوکــی کۆچکــردووی ببێتــە ئەنــدام پەرلەمــان بــۆ ڕوانــدز. لــە ســاڵی ١٩٤٥ لــە زینــدان ئــازاد کــرا و لەگــەڵ مســتەفا بارزانــی بەشــداریی شــۆڕش و تێکۆشــانی بارزانــی کــرد. لــە مەهابادیــش یــاوەری بارزانــی بــوو. کاتێــک گەڕایــەوە عێــراق، دووبــارە زینــدان کرایــەوە. ئەمــڕۆش وەهــاب ئاغــا هێشــتا کەســایەتییەکی گرنگــە لــە ناوچــەی ڕوانــدز ئــەو هێشــتا خاوەنــی زەوی مڵــك و ماڵــی زۆرە، بــەڵام زۆر کــەمتر لــە باوکــی و لــە نزیــک ناوچــە ئازادکــراوەکان دەژیــت. هەرچەنــدە پێــش هەمــوو شــتێک شۆڕشــگێڕ و ئەندامــی دەســتەی کارگێــڕی ئەنجومەنــی شــۆڕش بــوو.

منداڵەکانی لەگەڵ خۆی لە گوندێک دەهێڵێتەوە کە قوتابخانەی نییە، چونکە لە سەلامەتی ئەوان دەترسێت، ئەگەر بۆ خوێندن بیاننێرێتە ڕواندز. هەرچەندە ئەو کەسە بەڕێزە بە شێوەیەکی سادە و بە شێوازێکی خێڵەکیی کۆنی کوردی لە شۆڕشێکدا دەژی کە هیچ خێڵەکییەکی تێدا نییە، هەڤاڵمان ژان پرادییێری تووشی سەرسوڕمان کرد، ئەو زۆر شارەزا بوو لە شۆڕشی فەڕەنسا و ڕووداوەکانی جیهان و هەستێکی باشی بە پێشکەوتن و دیموکراسی هەبوو. ئەو نایەوێت بە "ئاغا" ناوببرێت کە پەیوەندی بە چینی فەرمانڕەوای پێشووی لادێی کوردەوە هەیە. ئێستا گەورەترە و تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵە و لە هەوڵدان و ڕاهێنانی جەستەیی بەردەوامە. دەکرا داوای لێبکرێت لە پێناو شۆڕشدا بمرێت، یان هەموو ئەو پارەیەی هەیەتی ببەخشێت، تەنانەت ئەگەر هیچیشی نەمێنێت، ئەو بێ دوودڵی ئەو کارە دەکات لە ڕوانگەی هەستکردن بە ئەرك و بەرپرسیارێتییەوە. ئەو ئەندامی هیچ حزبێک نەبوو و دوودڵ نەبوو لە وازهێنان و شوێن چۆڵکردن بۆ کادرە ڕۆشنبیرە گەنجەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

شێخ حوسێن بۆسکێنی، یەکێک لە سەرۆکە تەقلیدییەکانی دەڤەری پشدەری ناوچەی ڕانییە، یەکێک بوو لە گەورەترین خاوەن زەویەکانی باشووری کوردستان. ئەو زەوییانەی کەوتوونەتە دەشت، بەشێکی زۆریان دەکەونە پڕۆژەی دەریاچەی دەستکردی دۆکان و ژێرئاوکەوتوون. حکومەتی عێراق وەک قەرەبوو بڕە پارەیەك کە دەکاتە نزیکەی چوار ملیۆن فرانکی سویسری قەرزداری شێخ حوسێنە، بەڵام تا ئێستا هیچی پێنەدراوە. کاتێک شەڕ هەڵگیرسا، پارەی خۆی بۆ شۆڕش تەرخان کرد و خستییە خزمەت شۆڕش و لە ماڵەکەی خۆی پێشوازی لە سەرکردەکانی کرد، هەر لە ماڵەکەی ئەو بوو ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆڕش دروست بوو. دەیتوانی لەگەڵ بەغدا دانوستاندن بکات و ئەو پارەیە وەربگرێتەوە کە لای حکومەت بوو، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو. لە کاتی هێرشی هێزە عێراقییەکان شانبەشانی لەشکری شۆڕش بەرگری لە ناوچەکەی خۆی کرد. ئەو پیاوێکی سادەی حوجرە و مزگەوتەکانە، موسڵمانێکی پراکتیککارە وەک جوتیارەکانی، بە هیچ شێوەیەک بە عەرەبی قسە ناکات. تەنانەت لە ناوەڕاستی شەڕەکان، لە ناوەڕاستی لادێکان، بۆ نوێژکردن دەوەستێت، بەڵام لەبەرئەوەی

ناوچەکـە دەشـتاییە کـە ڕێگایەکـی ئاسـانە بـۆ تێپەڕبـوون، نەیتوانـی بـۆ ماوەیەکـی درێـژ بەرگـەی تانکەکانـی بەغـدا بگرێـت. لەبەرئـەوە ئـەوەی لـە خاکەکـەی مابـووەوە ئەویشـی لەدەسـت دا. ئەمـڕۆ لـە ناوچـە ئازادکراوەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی شـۆڕش، شـێخ حوسـێن بـە قوربانیـدان و تایبەتمەندییەکانـی ڕێـزی لێدەگیرێـت، بـەڵام هیـچ ڕۆڵ و پێگەیەکـی سیاسـی لـە ئەسـتۆ نەگرتـووە.

ماوەتـەوە چـوار تێبینـی گرنـگ بخەینـەڕوو کـە لـە شۆڕشـدا ڕەنگدانـەوەی هەندێـک جیـاوازی نێـوان باکـوور و ناوەڕاسـت و باشـوورن.

١. لـە ناوچـەی بادینـان لـە باکـوور، نزیـک مووسـڵ، کـە بەدرێژایـی سـنووری تورکیـا ناوچەیەکـی شـاخاوی بەرفراوانـە، هێشـتا کاریگەریـی سـەرکردە تەقلیدییـەکان بەهێـزە. شـۆڕش لـەوێ لـە سـایەی بارزانییـەکان هێـزی خـۆی دەدۆزێتـەوە، سـەرۆکە تەقلیدییـە بچووکـەکان کـە لـە جوتیـاران، گوندنشـینان و دانیشـتوانی شـارەکانیش دەوڵەمەندتـر نیـن. هەمـوو ئـەم گروپانـە یەکگرتـوون و نزیکـەی هەموویـان بـێ مـەرج پشـتگیری لـە دەسـەڵاتی ژەنـەڕاڵ بارزانـی دەکـەن، جـا ئەندامـی پارتـی بـن یـان نـا.

ناکۆکـی و ململانێـی کۆنـی خێڵەکیـی، کـە هەندێکیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی، کـە بەشـێکی ڕوون دەکاتـەوە، بـەڵام پاسـاو نـادات، کـە بۆچـی هەندێـک لـە سـەرۆکە تەقلیدییـەکان، بـەزۆری خـاوەن زەوییەکانـی چینـی مامناوەنـدن، خزمەتـی بەغدایـان هەڵبـژاردووە. ئـەم سـەرکردانە بـە خزمەتـکار و لایەنگـران و سـەروماڵیان پێـشتر لـە سـاڵی ١٩٤٥ لـە دژی ڕاپەریـن و شۆڕشـەکانی بـارزان پشـتگیری بەریتانیـا و ڕژێمـی کۆنیـان کردبـوو. ئەمـە ئـەوە دەردەخـات کـە هێشـتا ئاسـەواری سیسـتەمی خێڵەکیـی کـۆن مـاوە.

٢. لـە باشـوور، لـە ناوچەکانـی کەرکـووک و سـلێمانی و خانەقیـن کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی بـەراورد لەگـەڵ باکـوور کەمـتر تاکگەراییـن، تەنانـەت پێـش دەسـتپێکردنی جەنـگ دەسـەڵاتی خێـڵ و هـۆزەکان لـە بەرژەوەندیـی بیرۆکـەی مۆدێـرن نەمـا. لـەم ناوچانـەدا، سـەرۆکە تەقلیدییـەکان بـوون بـە خـاوەن زەوییەکـی گـەورەی بـێ شـکۆ، یـان گـۆڕدراون بـۆ دانیشـتووانی شـار کـە لـە بازرگانـی ئـازاددا دەوڵەمەنـد

بــوون و بیرۆکــەی شــارەکانیان وەرگرتــووە، بۆیــە لــە باشــوور شــۆڕش بــە ڕوونــی هاوپەیمانییەکــی نێــوان دانیشــتوانی شــارەکان و جوتیارەکانــە. لــە لایەکــی تــرەوە، لــە باکــوور زۆر ئاڵۆزتــرە.

٣. لــە ناوەڕاســتدا کــە ڕێــك ناوچەکانــی دەوروبــەری پارێــزگای هەولێــر دەگرێتــەوە، بارودۆخەکــە زۆر تێکەڵــە. ڕۆژهەڵاتــی شــاخاویی کەمێــک لــە باشــوور دەچێــت، لــە کاتێکــدا ڕۆژئــاوای، لــە دەشــتاییەکان، زیاتــر لــە باشــوور دەچێــت. هــەر لەبــەر ئەوەشــە کاریگــەری و چالاکــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لــە باشــوور زیاتــرە وەک لــە باکــووری شــارەکە. ئەمــە گرنگــە تێبینــی بکەیــن، چونکــە ئــەم جیاوازییــە کۆمەڵایەتیانــە دەبنــە هــۆی ناکۆکــی و ململانێــی سیاســی.

٤. لــە هــەر ســێ ناوچەکــەی ســەرەوە کــە ئاماژەمــان پێکــردووە، ئەگــەر ئەمــە سیاســەتی ڕەســمی شۆڕشــیش نەبێــت، بــەڵام شــۆڕش دەیەوێــت شــەڕی ئەوانــە بــکات، تەنانــەت لــە ڕیزەکانــی شۆڕشــیش دووریــان بخاتــەوە، کــە بەهــۆی پێگــەی کۆمەڵایەتــی، بەرژەوەندییــەکان و شــێوازی بیرکردنەوەیانــەوە ئامــادە نیــن بــۆ ماوەیەکــی درێــژ پابەنــدی بنەماکانــی شــۆڕش بــن و بەرگــری پێویســتیان نییــە: ســەرۆکە تەقلیدییــەکان، ئەگــەر خــاوەن زەویــوزاری زۆر بــن یــان کــەم.

## ٨. هەڵوێستی کەمایەتییەکان

وێنەی کۆمەڵگای کوردی لە سەردەمی شۆڕش بێ ئاماژەکردن بە کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکانی وڵات، تەواو نابێت:

گەورەترین کەمینەیان، کەمینەی تورکیە کە لە عێراق پێیان دەگوترێت تورکمان و نزیکەی ٨٠ هەزار کەسن کە دەکاتە ٤٪ ی کۆی دانیشتوانی کوردستانی عێراق کە لە کەرکووک و چەند شارۆچکەیەکی سەر ڕێگای باکوور و چوونە ناو تورکیە دەژین.

تورکەکانی باشووری کوردستان پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ کورد هەیە و تا ئەمڕۆش ئازادان لە کاری کشتوکاڵی و بازرگانی خۆیان، بەڵام پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا و داواکانی بۆ ویلایەتی پێشووی مووسڵ، هەندێک لە ئەندامانی بۆرژوازی تورکمان ڕوویان لە ئەنقەرە کرد، لە کاتێکدا بەردەوام بوون لە پاراستنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ کورددا.

دوای دامەزراندنی کۆماری عێراق و دانانی بە مافەکانی گەلی کورد کە هاوبەشی سەرەکی گەلی عەرەبە لە عێراق، پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو نەتەوەیە تەنیا کاتێک تێکچوو کە ژەنەڕاڵ قاسم هەندێک گرووپی تورکمانی لە دژی کورد هان دا. لە بەرامبەردا بەشێک لە کورد کاردانەوەیان هەبوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بۆ ماوەیەک هەندێک ڕووداوی توندوتیژی و ناخۆش ڕووبدات، بەڵام دوای ڕووخانی قاسم هەموو شتێک ئاسایی بووەوە.

حکومەتی عێراق هیچ ڕێوشوێنێکی نەگرتۆتەبەر نە بۆ پاراستنی ناسنامەی ئەم کۆمەڵگە تورکیە و نە بۆ پەرەپێدانی کەلتوری تورکی، بەڵام بەرنامە و پلانی پارتی دیموکراتی کوردستان مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و گرنگی پێدەدات. شۆڕشی کورد بە فەرمی دانانی بە مافەکانی تورکمانەکانی کوردستان وەک کەمینەیەک لە وڵاتدا خستووەتە بەرنامەی خۆیەوە و لە هەموو ئەو داخوازییانەی ئاراستەی حکومەتی بەغدای کردووە جێی بۆ کردووەتەوە، ئەم مافانە بریتین لە دامەزراندنی قوتابخانە و ڕۆژنامەی تورکی، هەروەها دەرفەتی گەشەکردن و بەرەو پێشبردنی ئەم نەوەیە لە کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی. کە دەتوانرێت بەپێی

ژمـارەی دانیشـتووانەکەی بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە لـە دامەزراوەکانـی داهاتـوودا نوێنەرایەتـی بکرێـت[١].

لـە سـەردەمی شۆڕشـدا، پەرەسـەندنێکی خـاو، بـەڵام ئەرێنـی لـە هەڵوێسـتی ئـەم پێکهاتـە بەرامبـەر بـە پرسـی کـورد دەبینیـن. تورکمانەکانـی کەرکـووک بـۆ بەرگریکـردن لـە کوردسـتان شانبەشـانی هاونیشـتیمانە کـوردەکان چـەک هەڵناگـرن، بـەڵام لانیکـەم بـە بێلایەنـی دەمێننـەوە. تادێـت زیاتـر نیشـانی دەدەن کـە لـە داخوازییەکانـی کـورد تێدەگـەن و قبوڵـی دەکـەن. تەنانـەت پێدەچێت بـۆ هەندێـک کـەس ئـەم هەڵوێسـتە لـە تێگەیشـتنێکی سـادەی کێشـەکە تێپەڕێـت. هەڵوێسـتی ژەنـەڕاڵ عومـەر نەزمـی، تورکمانێکـی خەڵکـی کەرکـووک کـە وەک ئەفسـەرێکی بـاڵای عێـراق لـە سـەردەمی ڕژێمـی پێشـوودا شـەڕی بزووتنـەوەی کـوردی کردبـوو، دەتوانیـن وەک نموونەیـەک بهێنینـەوە.

ئاشـووری-کلدانی کەمینەیەکـی ئایینـی کوردسـتانن. ژمارەیەکـی زۆریشـیان لـە شـارە گـەورە عەرەبییەکانـی عێراقـدا دەژیـن، بـەڵام بـە عـەرەب کـراون. سـوپای عێـراق لـە سـاڵانی ١٩٣٠ەکانـەوە دەسـتی بـە هێرشـکردنە سـەریان کـردووە. دوای ئـەوەی لەلایـەن بەریتانیـاوە پشـتیان تێدەکرێـت، کـە لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا وەک سـەرباز بەکاریـان هێنابـوون، ئازایانـە بەرگریـان لـە خۆیـان کـرد لـە دژی سـوپای ڕژێمـی بەغـدا. لەبـەر کەمـی ژمارەیـان و خراپـی چەکەکانیـان ناچـار بـوون پاشەکشـە بکـەن. هەندێکیـان پەنایـان بـردە سـوریا کـە ئـەوکات لـە ژێـر دەسـەڵاتی فەڕەنسـا بـوو. ئەوانـی تـر، بەداخـەوە، کۆمەڵکوژکـران.

بـە پێچەوانـەی کەمینـەی تورکمانـەوە، ئاشـووری-کلدانەکانی کوردسـتان بـە کـوردی مەسـیحی ئـەو وڵاتـە دادەنرێـن و خۆیـان بـە کـورد دەزانـن. ئێمـە دەزانیـن ئـەوان زمانێکـی تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە، سریانـی یـان ئارامـی، زمانێکـی کۆنـە، بـەڵام بـە زمانـی کوردیـش قسـە دەکـەن، کـە ڕۆژانـە شانبەشـانی سریانـی بەکاریدەهێنـن. لـە

(١) لـەم بارەیـەوە بڕوانـە ئـەو دوو وتـارەی ڕۆژنامـەی جمهوریەتـی تورکـی لـە٢٤ و ٢٥ی کانوونـی دووەمـی ١٩٦٥ لـە ئەنقـەرە پاش کۆنگرەیەکـی ڕۆژنامەوانـی کـە ڕۆژێـک پێشتر لە بەیـروت لەبـارەی سیاسـەتی شـۆڕش ئەنجـامدان دابـوو و پەیامنێرانـی تـورک ئـەم پرسـەیان خستەڕوو.

ڕووی ئایینییــەوە ئاشــوورییەکان نەســتورین، لــە کاتێکــدا کلدانییــەکان بەشــێکن لــە کەنیســەی کاســۆلیکی ڕۆمانــی. ئایینــی مەســیحی لەلایــەن کــوردە موســڵمانەکانەوە ڕێــزی لێدەگیرێــت، بەهەمــان شــێوەی ئاینــی ئیــسلام، لەکوردستانیشــدا هیــچ جــۆرە جیاکارییــەک لــەم ڕووەوە نییــە.

حکومەتــی بەغــدا وەک هەمــوو حکومەتــە عەرەبیــەکان، لەبــەر هــۆکاری مێژوویــی هیچــی بــۆ پاراســتنی کەلتــوری کۆنــی ئاشــووری کلدانییــەکان نەکــردووە، سریانــی زمانێکــی ســامی کۆنــە و بــۆ چەندیــن ســەدەیە لــە وڵاتانــی ڕۆژهەڵاتــی نزیــک زمانــی عەرەبــی جێگــەی گرتووەتــەوە. تــا ســەدەی ڕابــردوو هێشــتا لــە هەندێــک ناوچــەی چیاکانــی لوبنــان قســەی پێدەکــرا و هێشــتا کۆمەڵگەیەکــی بچــووک هەیــە کــە ئــەم زمانــە لــە ســوریا دەهێڵێتــەوە،[١] بــەڵام بــۆ مــاوەی چەنــد؟ ئایــا زمانــی حامورابــی یەکــەم یاســادانەری گــەورەی مرۆڤایەتــی کــە تــا ئێســتاش لــە ســایەی ئاشــووری کلدانــی کوردســتانەوە زینــدووە و لــەو گوندانــەی تــا ئێســتاش قســەی پــێ دەکرێــت، شــایەنی ئــەوە نییــە ڕزگار بکرێــت و لــە زانکــۆ بخوێنرێــت؟ بــەڵام کاتێــک ئیتاڵیــەکان دەیانەوێــت بگەڕێنــەوە بــۆ ڕەگ و ڕیشــەی زمانەکەیــان، فێــری زمانــی لاتینــی دەبــن. ڕەنگــە پێویســت بێــت چــاوەڕێ بکەیــن، تــا کــورد ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتان بەدەســتدەهێنێت، بــۆ ئــەوەی کەلتــوری نــاوازەی ئــەم کەمینــە ئایینییــە بچووکــە، شانبەشــانی کەلتــوری کــوردی پــەرەی پێبدرێــت.

بــۆ بەدەســتهێنانی ئــەم ئۆتۆنۆمییــە، ئاشــووری-کلدانییەکان شانبەشــانی کــوردە مووســڵمانەکان چەکیــان هەڵگــرت. شــۆڕشــی کوردســتان هــی ئەوانیشــە. یەکــەم شــت لەبــەر ئــەوەی کوردســتان وڵاتــی ئەوانیشــە و هەروەهــا ســەرکەوتنی شــۆڕش لــە هەمــوو بــوارەکان گەرەنتــی پێشــکەوتنی پێکهاتــە و کۆمەڵگاکەیــان دەکات.

حکومەتــی عێراقــی بــە بۆمبــاران کــردن و ســوتاندنی گوندەکانیــان کــە لــە ناوچــەی بادینــان بــوون، تۆڵــەی بەشــداریکردنیانی لــە شــۆڕشــدا لێکردنــەوە و کڵێســاکانیانی وێــران کــرد کــە زۆرجــار کتێبخانــەکان دەســتنووســی کۆنــی بەنرخیــان تێدابــوو.

(١) لــە ناوچــەی ســێدنایا لــە لوتکــە چیــای قەلامــون نزیــك شــاری دیمەشــقی پایتەختــی ســوریا کــە کۆنتریــن شــاری مەســیحی نشــینە لــە ڕۆژهەڵاتــی عەرەبــی.

(لەم بارەیەوە سەیری لیستێکی گوندە مەسیحییەکان بکە کە وێرانکراون لە پەڕاوێزدا.)[1] هەندێک لە سەرکردە ئاینییەکانیان دەستگیرکران و خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. قەشەی کلدانی مووسڵ، قەشە ڕافائێل شاوریز، پیاوێکی بلیمەت، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول دەستگیرکرا و زیندانی کرا، لەکاتێکدا میوانی پاتریارکی کلدانی بوو لە بەغدا. پاشان، هێنرایەوە زیندانی مووسڵ و لەوێ زیندانی کرا و ئەشکەنجە درا و لە تەمووزی ساڵی ١٩٦٣ لە ژێر دەسەڵاتی بەعسدا، بەهۆی پشتیوانیکردن لە شۆڕشی کورد، حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا. ئەو لە پایزی ساڵی ١٩٦٦، لە ماوەی ئاگربەستدا، لە سایەی هەوڵ و بەدواداچوونی شەخسی ژەنەڕاڵ بارزانی ئازاد کرا.

---

(١) ئەمەی خوارەوە لیستی ئەو گوندە مەسیحیانەیە کە تەنیا لە ماوەی نیسانی ١٩٦٥ تا نیسانی ١٩٦٦ لەلایەن هێزە عێراقیەکانەوە وێران کراون، لیستێک کە لەلایەن نووسینگەی جێبەجێکاری ئەنجومەنی شۆڕشەوە ئامادە کراوە:

لە دەڤەری ئامێدی : ١. بارەگای قەشە لە شاری ئامێدی ڕووخێنرا، لەگەڵ پەرستگای ڕەبەنەکان و کتێبخانەیەکی کۆن.٢. گوندی کوانی، لەگەڵ کڵێسای مار کیریاکۆس. ٣. گوندی دێری و کڵێسای مار ئۆدیشۆ. ٤. گوندی حەیزیک، لەگەڵ کەنیسەی ئەلوەردییە.٥.گوندی بیناتا، لەگەڵ کڵێساکەی مەریەمی پاکیزە؛ ٦. گوندی ئیمیشکی، لەگەڵ دوو کڵێساکەی سانت شیمۆنی و مار گۆرگیس؛ ٧. گوندی ئێرەدان، کە شوێنی پێشووی ئەسقەفە، خانەقای ڕاهیبەکان و دوو کڵێسا پیرۆزەکەی شیمۆنی و مادۆخت، کە دووەمیان گرنگییەکی شوێنەواریی هەیە؛ ٨. گوندی داودییە لەگەڵ کڵێساکەی مار یۆهانا؛٩. گوندی بەد-ڕێشکی و کڵێساکەی مار گۆرگیس؛١٠- گوندی مازی و کڵێساکەی مار شیمونی؛١١. گوندی ئاتۆش و کڵێساکەی مار گۆرگیس؛١٢. گوندی ئارکێنێت کڵێسای مار مێتی کیریاکۆسەکەی؛ ١٣. گوندی سێیان و کڵێساکەی مار مێتی؛١٤. گوندی بۆباڤا؛١٥. گوندی بارسێنجە؛١٦. گوندی سێردراڤ؛١٧. گوندی سەکرین؛١٨. گوندی حێزی و کڵێساکەی؛

لە دەڤەری زخۆ:

١٩. گوندی مێلا عەرەب؛ ٢٠. گوندی تل ئەکبەر؛ ٢١. گوندی شکافت-ئێ مارا؛ ٢٢. گوندی مێهمێدک؛ ٢٣. گوندی قەرەوڵە؛ ٢٤. گوندی بافلۆجە؛

٢٥. گوندی ئاڤ زەرۆک ژۆری؛ ٢٦. گوندی ئاڤ-زەرۆک ژێری؛ ٢٧. گوندی باجد.

لە سنووری پارێزگای دهۆك:

٢٨. گوندی باکیرات؛ ٢٩. گوندی هەزەرکی؛ ٣٠. گوندی ڕێبیبی؛ ٣١. گوندی سۆرکا؛ ٣٢. گوندی کاشافەر، کڵێساکەی و کتێبخانەکەی.

لە سنووری شێخان:

٣٣. گوندی ئازێخ؛ ٣٤. گوندی باندێڤا و کڵێساکەی.

ئاشـووریيەکان لـە ئەنجومەنـی فەرماندەیـی شۆڕشـدا لەلایـەن باڵاتریـن کەسـایەتی ئایینـی خۆیانـەوە نوێنەرایەتـی دەکرێـن، ئەویـش پاتریکـی گەنـج ئەندریـۆس مـار شـەمعون، کـە هـەم سـەرکردەی ڕۆحـی و هـەم سـەرکردەی کۆمەڵـگای ئاشـووریەکانە. ئێمـە بـە تـەواوی نازانیـن پەیوەنـدی نێـوان پاتریـارک ئەندریۆسـی کوردسـتان و قەشـە مـار ئیشـای شـیمۆن و قەشـە مـار سـەدۆک چییـە، ئـەو دووانـەی دوایـی بـە هەمـان شـێوە بـە سـەرکردەی ڕۆحـی کۆمەڵگـەی ئاشـووری دادەنرێـن، بـەڵام لـە تاراوگـە و دووره وڵاتـی دەژیـن - یەکەمیـان لـە لـۆس ئەنجلـۆس و دووەمیـان لـە شـیکاگۆ.

نوێنەرایەتـی کلدانییەکانیـش لەلایـەن باوکـە پـاول بایـدەر دەکرێـت کـە ئەندامـی دەسـتەی کارگێـڕی ئەنجومەنـی سـەکردایەتی شۆڕشـە.

باوکـە بایـدەر کەسـایەتییەکی تایبـەت و ڕۆحێکـی یاخـی بـوو. شـارەزایی تـەواوی لـە سریانی-ئارامـی، عەرەبـی، کـوردی و فەڕەنسـی هەیـە، هەروەهـا ڕێزماننासـە، لـە سـاڵی ١٩٢٥ کتێبـی ڕێزمانـی کـوردی لـە پاریـس بڵاوکـردەوە. ئـەو نووسـەری توێژینەوەیەکـی بەراوردکاریـی قووڵـی نێـوان زمانەکانـی سریانـی و عەرەبییـە، کـە تێیـدا نیشـانی دەدات ڕێزمانـی سریانـی "عەقڵانـی" تـرە لـە ڕێزمانـی عەرەبـی[١]. هەروەهـا بیرۆکـەی بوژاندنـەوەی زمانـی سریانـی دەسـتپێکرد، ئەمـەش یەکێکـە لـەو هـۆکار و پاڵنەرانـەی وایـان لێکـرد بـۆ ڕزگارکردنـی کوردسـتان خەبـات بـکات. بەڕەچەڵـەک خەڵکـی بادینانـە، هەمـوو کوردسـتانی ناوەڕاسـت زۆر بـاش شـارەزایە و لـەو ئێوارانـەی پێکـەوە بەسـەرمان دەبـرد، دوای یارییەکـی شـەترەنج، دەیتوانـی وانـەی جوگرافیـای زۆر سـەرنجڕاکێشمان پێبـدات. سـۆزێکی ڕاسـتەقینەی عیرفانیـی بـۆ چیـا و شـاخەکانی کوردسـتان و لەوەڕگـە بەرزەکانـی کوردسـتانی ناوەڕاسـت هەیـە، کـە لـە سـەر سـنووری تورکیـا و عێـراق هەڵکەوتـوون. شـارەزایی لـە ئایینناسـی و مێـژوو و ئەدەبیاتـی فەڕەنسـی فـراوان و سەرنجڕاکێشـە.

لــە تەمەنــی ٧٦ ســاڵیدا، هێشــتا "لــە دۆخێکــی تەندروســتی زۆر باشــدایە". ڕۆژەکـەی بـە خوێندنـەوەی "کتێبـی پیـرۆز" دەسـتپێدەکات و دوای ڕاوێژکارییەکانـی

(١) ئـەم توێژینەوەیـە بـە زمانـی عەرەبـی؛ وەک وانەیـەک لـە زانکـۆی سـانت جۆزێـف لـە بەیـروت پێشـکەش کـراوە و وەک ناميلکەیـەک بڵاوکراوەتـەوە.

دەستەی کارگێڕی، بۆ پاراستنی باری جەستەیی خۆی دەست دەکات بە پیاسەکردن بە تەنیا لە چیاکان، کە لە سەرکەوتن بەسەر شاخەکان ناترسێت. پێشمەرگە ئاشووری-کلدانەکان کە ڕێگایان دەکەوێتە بارەگای بارزانی، هەرگیز ئەو دەرفەتە لەدەست نادەن، حەتمەن دەچنە ژێر ڕەشماڵەکەی باوکە بایەدر بۆ ڕێزگرتن لێی، بەڵام بۆ هەموو پێشمەرگەیەك و بۆ هەموو ئەوانەی بەرپرسن، چ مەسیحی بێت یان مووسڵمان، گەورە یان بچووک و تەنانەت بۆ ژەنەڕاڵ بارزانیش بە "ڕەمز پیاوێکی ئایینی مەزن" دادەنرێت. لە هەموو گوندە مەسیحییەکانی کوردستانەوە دیاری بچووکی پێشکەش دەکرێت، کە نیشانەی سۆز و خۆشەویستی و ڕێزلێنانێکە لەو ڕۆڵە گرنگەی لە شۆڕشدا دەیگێڕێت.

ناتوانین کۆتایی بەم پەرەگرافە بهێنین بەبێ ئاماژەکردن بە کەسایەتی دوو جەنگاوەری ئاشووری، کە لە ڕاستیدا ژمارەیان زۆرە و بەتایبەتی جێ پەنجەیان لە لەشکری شۆڕشدا دیار و درەوشاوەیە: جۆرج، عەریفی پێشووی سوپای بەریتانیا، و کچەکەی مارگرێت، ژنێکی گەنجی چاونەترس کە ڕۆژنامەکانی فەڕەنسا نازناوی "ژاندارکی کوردی" یان[1] پێداوە.

---

(١) ژان دارک (بە فەڕەنسی: Jeanne d'Arc، یان خاتوونی ئۆرلیان (١٤١٢ - ٣٠ی ئایاری ١٤٣١) کەسایەتییەکی پیرۆزە لە مێژووی فەڕەنسادا، وەک بەرگریکاری نەتەوەی فەڕەنسی دەناسرێت، بەهۆی ڕۆڵی لە گەمارۆدانی ناوچەی ئۆرلیان و سووربوونی لەسەر تاج لەسەرنانی چارلزی حەوتەمی فەڕەنسا لە کاتی جەنگی سەد ساڵەدا. بووە سەرکردەیەکی سەربازی کە وەک ڕزگارکەرێکی فەڕەنسا دەبینرا. ژان دارک، لە دەوروبەری ساڵی ١٤١٢ لە شاری دۆمرێمای فەڕەنسا لەدایکبووە، کچێکی چاو نەترس بووە و ڕۆڵێکی سەرەکی لە جەنگی سەد ساڵەدا گێڕاوە. بە بانگەشەی ڕێنمایی خودایی، چارلزی حەوتەمی ڕازی کرد کە ڕێگەی پێبدات سەرکردایەتی هێزەکانی فەڕەنسا بکات دژی ئینگلیز. ژان دارک یارمەتی هەڵگرتنی گەمارۆی ئۆرلیانی دا لە ساڵی ١٤٢٩، وەک شایەتحاڵ لە ئاهەنگی تاج لەسەرنانی چارلزی حەوتەم بەشدار بوو. دوای ئەوەی لەلایەن بۆرگۆندییەکانەوە گیرا و بە ئینگلیزەکان فرۆشرا و دواتر بەهۆی دژایەتیکردنی شانشینی ئینگلتەرا و جادووگەرییەوە دادگایی کرا. لە ساڵی ١٤٣١ لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا لە سێدارە درا. لە ساڵی ١٩٢٠ وەک کەسایەتییەکی پیرۆز ناوی خرایە مێژووەوە.

### ٩. بە سیاسیکردنی جەماوەری کوردستان

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ئەنجامـی سیاسـەتێکی کـۆنترە کـە پەیوەنـدی بـە هـۆکارە مێژووییـە ناسراوەکانـەوە هەیـە، بـەڵام تەنیـا بـە شـێوەیەکی ڕووکەشـانە خـۆی دەرخسـتووە، بەتایبەتـی لـە نێـو چینـە شارنشـینەکاندا. پارتـی لـە ڕێگـەی ئـەم کردارەیـەوە، ئـەم دیاردەیـە فـراوان دەکات و کاریگـەری لەسـەر ژمارەیەکـی زیاتـری چیـن و توێـژە کۆمەڵایەتییـەکان دەبێـت.

لـە سـاڵی ١٩٤٧ تـا ١٩٥٨ و تەنانـەت دوای ئـەوەش، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حزبـی شـیوعی عێراقـی لـە ڕێگـەی گفتوگـۆ و ململانـێ و هەندێکجـار ئاڵوگـۆڕ و هـاوکاری و خەباتـی هاوبەشـیان لـە دژی ڕژێمـی پێشـوو بەشـداری ئـەم پێشـکەوتن و بەهێزکـردن و فراوانبوونـی بزووتنـەوەی سیاسـی کـورد لـە عێـراق دەکـەن.

لە سەرووی هەمووشیانەوە دوو ڕووداوی گرنگ لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کورددا هەبوون کە وای لە پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە کوردییەکانی تر کرد بە سیاسیکردنی جەماوەر بەهێز بکەن: شۆڕشی ١٤ ی تەمووزی عێراق و شۆڕشی ١١ی ئەیلوول.

شۆڕشـی عێـراق وایکـردووە ڕۆژنامەگەریـی سیاسـی کـوردی چ ڕۆژانـە بێـت یـان هەفتانـە، یـان مانگانـە کـە بـە نهێنـی دەردەچـوون و بـۆ یەکەمجـار لـە مێـژووی گەلـی کـورددا خـۆی بـە ئاشـکرا وەك "دەزگای میدیایـی" بناسـێنێت، لەمـەودوا ڕۆژنامەکانـی وەک (خەبـات) و (کوردسـتان)ی ئۆرگانەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە کۆشـکی ڕۆژنامە فرۆشـتنی پایتەختـی عێـراق دەفرۆشرێـن و لـە شـار و گوندەکانـی کوردسـتان بـە فراوانـی دەخوێنرێنـەوە و سـەرنجیان لەسـەر دەدرێـت. بەهەمـان شـێوە ئەمـە بەسـەر ڕۆژنامـەی ئـازادی ئۆرگانـی "بەشـی کوردسـتان"ی حزبـی شـیوعی عێـراق[1] و ڕۆژنامـە کوردییەکانـی دیکەشـدا دەچەسـپێت، چ سـەربەخۆ یـان ناسیۆنالیسـت یـان پارێـزگار[2] بێـت. ڕێبەرانـی شۆڕشـی کـورد و بەتایبەتـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ڕۆڵـی سـەرەکی دەبینـن لـە چـالاك کردنـی ئـەم دیاردەیـە.

---

(١) ئۆرگانەکانـی حزبـی شـیوعی عێراقـی تەنیـا نافەرمـی بـوون، چونکـە ئـەم پارتـە لەلایـەن حکومەتەوە مۆڵەتی پێنـەدراوە.

(٢) لە هاوینی ساڵی ١٩٦٠دا نزیکەی ١٤ ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی لە عێراقدا هەبوون.

پارتی دیموکراتی کوردستان تۆڕێکی چڕی لە بەش و شانە هەیە کە تەواوی خاکی ئازادکراو و داگیرکراوی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە، بە شار و لادێکانیشەوە. ئەم تۆڕەش هەموو یەکەکانی سوپای کوردی دەبڕێت و تا عێراقی عەرەبی و چەندین پایتەختی عەرەبی و ئەوروپا دەگرێتەوە. لەڕێگەی ئەم تۆڕەوە هەموو بڵاوکراوەکانی ئۆرگانەکانی شۆڕش لەڕێگەی کەناڵە پەیوەندارەکانەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاو دەکرێنەوە.

مەرج نییە هۆشیاری نەتەوەیی ببێتە هۆی بە سیاسیکردن، کە مانای پابەندبوونە. یەکەمیان مەرج نییە پەیوەندی بەو دۆخە دەروونییە هەبێت کە تێیدا تاک بە ئارەزووی خۆی ملکەچی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا دەبێت بۆ ئەوەی کەسایەتی خۆی لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و سەربەخۆدا بناسێنێت، بەڵام دووەمیان پەیوەندی بە دۆخە دەروونییەکەوە هەیە. لە نێو ئەو سەرۆک "جاش"ە بچووکە بەکرێگیراوانەی دژایەتی و شەڕی شۆڕشی گەلەکەیان دەکەن، هەموویان، بەبێ جیاوازی، ئاگاداری نەتەوەی خۆیانن.

بەسیاسیکردنی جەماوەری کورد، ڕێگە بە شۆڕش دەدات لە ڕووی جوگرافییەوە فراوان ببێت و خەڵکێکی زیاتر لە چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان ڕابکێشێت و لە ژێر دروشم و ئاڵای شۆڕش کۆیان بکاتەوە.

کاتێک شۆڕش ئەم بە سیاسیکردنە چڕتر دەکاتەوە، گەمەی کردار و پەرچەکرداری کاریگەری تۆپەڵە بەفر[١] دروست دەکات کە پەرەسەندنەکەی بە واقیعی تاڵ سنووردار دەبێت: سنووری سیاسی، نەبوونی چەک، هەژاری خەڵک و سەرچاوە داراییە سنووردارەکانی بزووتنەوەکە.

(١) کاریگەری تۆپەڵە بەفر زاراوەیەکی خوازراوە کە وەسفی ڕووداوێک دەکات کە لە قۆناغێکی سەرەتاییەوە دەست پێدەکات کە کاریگەری زۆری نییە و پاشان کەڵەکە دەبێت و خراپتر دەبێت تا گەورەتر و کاریگەرتر و جدیتر بێت و لەوانەیە مەترسیدارتر بێت.

### ١٠.یەکێتی و برایەتی کورد

هەرچەنـدە شـۆڕش بەشـێوەیەکی سـەرەکی پەیوەنـدی بـە کوردسـتانی عێراقـەوە هەیە، بـەڵام ئەمـە بـەو مانایـە نییە کـە ئـەو کوردانەی لـە دەرەوەی ئەم سـنوورە دەژیـن بەرامبەر بـەم ڕووداوە بێبـاک بمێننـەوە. ڕاسـتییەکەی ئەوەیـە ناوچـە ئازادکراوەکانـی باشـووری کوردسـتان لـە ڕۆژهەڵاتـەوە هاوسـنووورە لەگـەڵ کوردسـتانی ئێـران و لـە باکـوورەوە لەگەڵ کوردسـتانی تورکیـا و ناوچـە کوردییەکانـی سـوریا لـە باکـووری ڕۆژئـاواوە.

ئەم یەکڕیزی و برایەتییە بە چەند شێوازێك خۆدەنوێنێت:

١. پێـش هەمـوو شـتێك، ئەمـە ڕەهەندێکـی ئەخلاقییـە، ڕەنگدانـەوەی یەکگرتوویـی نەتەوەییـە کـە زۆر بەهێزتـر بـووە. هەمـوو گەلـی کـورد لـە نزیکـەوە بەدواداچـوون بـۆ وردەکاری و پێشـکەوتنی شـەڕ دەکـەن و بـە یـەك دەنـگ هیـوای سـەرکەوتنی شـۆڕش دەخـوازن، تەنانـەت بـە کوردەکانـی یەکێتـی سۆڤیەتیشـەوە.

٢. بەشـێک لـە کوردانـی غەیـرە عێراقـی بـە شـێوەی شەخسـی خۆیـان دەچنـە نـاو سـوپای شۆڕشـەوە، هەرچەنـدە ژمارەیـان کەمـە. سـەرکردایەتی شـۆڕش بـە هەمـوو شـێوەیەک ئـەم مەیلـە سـنووردار دەکات، لـە لایـەک پێویسـتی بـە هێـزی پیـاو نییـە، لـە لایەکـی دیکەشـەوە پابەنـدە بـە سیاسـەتی خـۆی و لـە نێـو سـنوورەکانی عێـراق جموجۆڵەکانـی بزووتنەوەکـە سـنووردار دەکات. هیـچ کوردێکـی سـۆڤیەت لـە کوردسـتانی عێراقـدا نییـە.

٣. کـورد لـە ناوچـە سـنوورییەکان بـە بەردەوامـی پەنابەرانـی مەدەنـی وەردەگـرن کـە لـە بۆردومانـەکان هەڵهاتـوون. هەروەهـا هەندێکجـار خـۆراك بـۆ دانیشـتوانی کوردسـتانی عێـراق دەنێـرن کـە بەدەسـت ئابڵوقـەی ئابوورییـەوە دەناڵێنـن.

٤. ئـەوان هەندێـک جـار یارمەتـی بڵاوکردنـەوەی هەواڵـی شـەڕەکە دەدەن لـە کوردسـتانی عێراقـەوە.

٥. ڕێکخـراو و کەسـایەتییە کوردییەکانـی دەرەوەی وڵات، بـە کۆکردنـەوەی کـورد لـە هەمـوو ناوچەکانـی کوردسـتان، یەکدەگـرن بـۆ پشـتیوانیکردن لـە شـۆڕش. ئـەم چالاکییـە بـە تایبەتـی لـە ئەوروپـا زۆرە.

٦. پـارت و ڕێکخـراوە سیاسـییە کوردییـە غەیـرە عێراقیـەکان، واتـە لـە ناوچەکانـی دیکـەی کوردسـتان بـە بەردەوامـی بەیاننامـەی هاوسـۆزی و هاودەنگـی لەگـەڵ خەڵکـی کوردسـتانی عێـراق بڵاودەکەنـەوە. زۆرێـک لـە ڕێکخـراوە بیانییـەکان هەمـان شـت دەکـەن و سروشـتییە کوردەکانیـش ئـەم کارە بکـەن.

نموونـەی هاوسـۆزی ئـەو نامـە کـراوەی ١٢ی ئایـاری ١٩٦٢ە کـە لەلایـەن پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان-ئێران، پارتـی دیموکراتـی کـورد لـە سـوریا و کۆمیتـەی بەرگـری لـە مافەکانـی گەلـی کـورد واژۆکـراوە. لـەم بەڵگەنامەیـە هەرسـێ لایەنـی واژۆکار پشـتیوانی خۆیـان بـۆ شۆڕشـی کوردسـتانی عێراق و ژەنـەڕاڵ بارزانـی و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق دەربـڕی. نموونەیەکـی تـر، ئـەو یاداشـتەیە کـە لـە ٢٥ی حوزەیرانـی ١٩٦٢ لەلایـەن پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران و کۆمیتـەی بەرگـری لـە مافەکانـی گەلـی کـورد بـۆ سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان یـو سـانت نێـردراوە. هـەردوو لایەنـی واژۆکارەکـە پشـتگیری تـەواوی خۆیـان بـۆ داواکاریـی ژەنـەڕاڵ بارزانـی لـە نیسـانی ١٩٦٢ دەردەبـڕن کـە لەلایـەن کۆمیتـەی بەرگرییـەوە پێشـکەش بـە سـکرتێری گشـتی کرابـوو.

# بەشی چوارەم
# ڕووخانی ڕژێمی قاسم

### ١. شکست و تێکشکانی سوپای عێراق

بارزانـی لـە زسـتانی سـاڵانی ١٩٦١-١٩٦٢ بـەرەو چیاکانـی زاخـۆ هەڵکشـاو و لـەوێ مایـەوە، لـە ڕۆژئـاوای ناوچـەی بادینـان، کـە "جـاش" و "بەکرێگیـراو" و سـەربازی عێراقـی زۆری تێـدا بـوو. لـە شـوباتی سـاڵی ١٩٦٢ ناوچـەی زاخـۆی لـە دوژمنـان پاککـردەوە، پاشـان لـە شـەڕی "گەلـی سـپی" شـەڕی فەوجێکـی عێراقـی کـرد و بەسـەریاندا سـەرکەوت. دوای ئـەوە شکسـتی بـە بەکرێگیـراوان و جاشـەکان[1] هێنـا، دواتـر لـە شـەڕی "گەلـی-زاوێتـە" سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا. پاشـان بـەرەو ناوچەکانـی بەرواری-ژێـری و ئەتـروش پێشـڕەوی کـرد و دانیشـتووانەکەی پاڵپشـتی شۆڕشـەکەیان کـرد. ئینجـا، هێرشـی کـردە سـەر گونـدی برێفـکا و گەمارۆیـدا، ئـەوێ کـە مەڵبەنـدی "جـاش" و "خۆفرۆشـەکان" بـوو، بـەرەو باشـوور بـە ئاڕاسـتەی بنکـە عێراقیـەکان لـە مووسـڵ هەڵاتـن. بارزانـی لـە پێشـڕەوییەکردنەکەی بـەرەو ڕۆژهـەڵات بـەردەوام بـوو، کۆتایـی مانگـی ئـادار چیـای ئاکـرێ و لوتکـەی پێرسـی گـرت. ئەمـەش بـووە هـۆی شکسـتێکی گـەورەی لای بەکرێگیـراو و جاشـەکان و ورەی سـەربازانی عێراقـی لاواز کـرد.

وەرزی بەهـار یارمەتیـدەرە و ڕێگـە بـە هێـزە کوردییـەکان دەدات جارێکـی تـر شـەڕ دەسـتپێبکەنەوە، بـەڵام ئەمجارەیـان بـە قەبارەیەکـی گەورەتـر و بەرفـراوانتر، تەنیـا لـە ناوچـەی بادینـان نییـە، بەڵکو لە ناوەڕاست و باشـووریش دەبێت. لەسایەی کاری هاوبەش و پێکەوەیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و سـەرکردە ناسیونالیسـتە تەقلیدییـەکان، ئـەم ناوچانـە لـە شکسـتە خێراکـەی ئەیلوولـی ١٩٦١ ڕزگاریـان بـوو.

ئـەو سـەرکەوتنانە ڕێگەیـان بـە هێـزە کوردییـەکان دا ناوچـەی بەرفـراوان بگرنە دەسـت و زیـان و خەسـارەتی قـورس و زۆر بـە دوژمـن بگەیەنـن و لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە

---

(١) ئێمـە گێڕانـەوە و وردەکاری ئـەو ئۆپەراسیۆنە سـەربازییانەمان لـەلای ژەنـەراڵ بارزانـی لـە ڕانیـە لـە تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٤ دەسـت کـەوت.

دەست بەسەر چەندین چەک و تەقەمەنی و کەرەستەی سەربازیدا بگرن. ئەمەش وایکرد یەکەیەکی نوێی پێشمەرگە دروست بکرێت. هەروەها ژمارەی دیلەکانی جەنگیش لەلایەنی سوپای عێراقیش زۆر زۆر بوو.

لە ١٥ و ١٦ ی نیسان یەکێک لە فەرماندە بارزانییەکان بە ناوی عیسا سوار هێرشی کردە سەر بەتالیۆنێکی عێراقی لە گەلی زاخۆ و دەستیگرت بەسەر بڕێکی زۆر لە دەستکەوتی جەنگی[١].

لە مانگی ئایاردا بارزانی، ئەسعەد خۆشەوی هاوکار و هەڤاڵە دێرینەکەی وەک فەرماندەی سەربازی ناوچەکانی باکوور دەستنیشان کرد. سێ ئەفسەری ئازا و چالاکیشی پێدا بۆ یارمەتیدانی: عیسا سوار، حەسۆ میرخان و عەلی خەلیل. پاشان بارزانی لە ڕووباری زێی گەورە پەڕییەوە و چوو بۆ مێرگەسۆر لە نێوان بارزان و ڕواندوز لە سنووری پارێزگای هەولێر.

پەڕینەوەی لە ڕووباری زێی گەورە سەرەتای قۆناغێکی نوێیە لە فراوانبوونی شەڕی نەتەوەیی کورد.

بارزانی لە مێرگەسۆرەوە بەرەو هاودیان بەڕێکەوت و هێرشی کردە سەر جاشەکان لە نزیک سنووری ئێران و پاشان بەرەو باشوور بەرەو ناوچەی باڵەکایەتی ڕۆیشت: گوندەکانی گەلاڵە، بەرسیرین، وەلاشی گرت، هەروەها ڕایات و حاجی ئۆمەرانیشی گرت، بەمەش بەشێکی گرنگی ڕێگای نێودەوڵەتی "هامیلتۆن"ی کۆنترۆڵ کرد کە ڕواندز بە سنووری ئێرانەوە دەبەستێتەوە. پاشان دەچینە ناوەڕاستی کوردستانی عێراقەوە، ڕایات، پاش چل ڕۆژ گەمارۆدان، لە مانگی حوزەیران کەوت. سەربازگەکەی لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە ڕادەستی دەسەڵاتدارانی ئێران کرا و ئەوانیش گەڕاندیانەوە بۆ قاسم.

هاوکات هێزە کوردییەکان لە باشوور بە ناچالاکی و دەستەوەستان نەماونەتەوە. هەردوو برا کاوانییەکە، جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا و عەلی عەسکەری پێش

(١) لێرەدا ئاماری شەڕی گەلی-زاخۆ دەخەینەڕوو: ٨١ سەرباز و ئەفسەری عێراقی کوژران، ١٣٣ بریندار، ٢٢١ دیل. ٢٥ بارهەڵگر و ٣ تانک و ٩ زرێپۆش تێکشکێندران. ٢٠ ئامێری بێتەل و بڕێکی زۆر چەکی ئۆتۆماتیکی و تەقەمەنی وەک دەستکەوتی جەنگی دەستی بەسەرداگیرا.

هێرشـکردنە سـەر کاروانێکـی سـەربازی لەسـەر ڕێـگای کۆیـە دەسـتیان بەسـەر چوارتـا، پێنجوێـن، چەمـی ڕێـزان و ئاغجەلـەردا گـرت. بـە تایبەتـی دەسـتیان بەسـەر بـڕی ٣٣ هـەزار دینـاری سـویسری (نزیکـەی ٤٠٠ هـەزار فرانکـی سـویسری)دا گـرت، کـە لـەو کاتەدا بـڕە پارەیەکـی یەکجـار زۆر بـوو و زۆریـش پێویسـت بـوو. بـە هاتنـی ڕێبـەری شـۆڕش بـۆ ناوچەکانـی ناوەڕاسـت و ئـەو یەکگرتنـەی بـەم شـێوەیە لـە نێـوان باشـوور و باکووردا کـرا، خاکـی سـەرەکی ڕزگارکـراو لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٦٢دا دروسـت بـوو.

لـە مانگـی تەمووزدا، بارزانی هێرشـی کردە سـەر چەتە بەکرێگیراوەکان کـە بەرەو تورکیا و ئێـران هەڵهاتـن. ئەفسـەرەکانی بیرۆخی و مسـتەفا نێروەیی و برایانی کاوانی، ئەسـپیندارە و چیـای هـەورێ و هیرانیـان گـرت، عەقیـد عەزیـز ئاکرەیـی، فەرمانـدەی ناوچەکـە، زنجیـرە چیـای سـەفین و پاشـان ناوچـەی خۆرانی گرت و بەرەو دەشـتی هەولێر بـەرەو دەروازەکانی شـارەکە پێشـڕەوی کـرد. لـە باشووریشـەوە جـەلال تاڵەبانـی و عەلـی عەسـکەری دەشـتی کەرکووکیـان گـرت پـاش گرتنـەوەی قـەرەداغ و مـاوەت و سـورداش و دەشـتی سـلێمانی و ناوچـەی کۆیـە. لـە ناوچـەی خانەقیـن پیاوەکانـی حیلمـی شـەریف لـە چیاکانـی شـێخان و مەیـدان نیشـتەجێ بـوون. شـەڕ لـە سەرانسـەری کوردسـتانی عێراقـدا دەسـتی پێکرد.

ژەنـەڕاڵ بارزانـی لـە نامەکەیـدا لـە ٢٧ ی حوزەیرانـی ١٩٦٢ کـە هـاوکات وەک نوێنـەری کۆمیتـەی بەرگـری لـە مافەکانـی گەلـی کـورد پـێمان گەیشـتووە، بارودۆخـی سـەربازی بـەم شـێوەیە وەسـف دەکات :

"پێتـان ڕادەگەیەنیـن کـە شۆڕشـەکەمان لـەم ماوەیـەی دواییـدا بەرەوپێـش چـووە و تەشـەنەی کـردووە بـۆ هەمـوو ناوچەکانـی کوردسـتانی ئازیزمـان هـەر لـە زاخـۆوە تـا خانەقیـن. شـەڕ و پێکـدادان لـە سەرتاسـەری هەرێمـی کوردسـتان بەردەوامـە، حکومـەت ناتوانێـت تەنانـەت یـەک بەتالیۆنیـش پێشـڕەوی پـێ بـکات، جـا سـوپا، پۆلیـس یـان جـاش بێـت، بـەڵام هەمـوو ڕۆژێـک فڕۆکەکانـی دەنێرێـت بـۆ هێـرش کـردن و منـداڵ و ژن و کەسـانی پیـر و بەسـاڵاچووی بێتـاوان دەکوژێـت. ئێمـە هەمـوو ناوچەکانـی کوردسـتانمان کـۆنترۆڵ کـردووە، جگـە لـە سـەنتەری شـارە گـەورەکان و چەنـد ناحیەیـەك، وورەی هێزەکانـی حکومـەت زۆر نزمـە. هێزەکانـی جـاش تێکشـکێنران و تەنانـەت هەندێکیـان چوونەتـە پـاڵ هێزەکانمان(...)".(ئەرشـیفی تایبەتـی کەسـی)

سوپای عێراقی قاسم لە کوردستان تووشی کێشە بوو، بەردەوام شەڕەکانی دەدۆڕاند. تەواوی یەکەکانی سوپا بێ شەڕ خۆیان ڕادەستی هێزە کوردییەکان کرد و سەربازەکان لە یەکەم فیشەک تەقاندن چەکەکانیان بەجێدەهێشت و داوای بەزەییان لە پێشمەرگە دەکرد، پێشمەرگەکانیش هەرگیز بریندارەکانیان نەکوشتووە، چاودێری دیلەکانیان کردووە، چەکەکانیان لێداماڵیوون، خواردنیان پێداون و جگە لە تاوانبارانی جەنگ ئازادیان کردوون، دوای ئەوەی بەڵێنیان لێ وەرگرتوون کە نەگەڕێنەوە بۆ شەڕی کورد.

ڕاستە ژەنەڕاڵ قاسم هەموو هێزەکانی عێراقی بۆ شەڕ نەناردووە بۆ کوردستان. سەرەتا پشتی بە جاش و بەکرێگیراوانی کورد بەستووە، کە لەلایەن پۆلیس و هەندێک یەکەی سوپاوە پاڵپشتی دەکران، هەروەها پشتی بە هێزی ئاسمانی بەستووە، بەڵام بەو پێیەی ئەمە ئەنجامێکی باشی نەبوو، هێرشە ئاسمانییەکان خەڵکی مەدەنی زیاتریان کوشت و لە ڕووی سەربازییەوە کاریگەر نەبوو، بۆیە دەستی کرد بە ناردنی هێزی سوپای زیاتر. تا سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ بە نزیکەیی ئەم هێزانەی خوارەوەی لە کوردستان بڵاوکردبووەوە:

١. نزیکەی ٣٥ هەزار سەرباز، کە دەکاتە نیوەی سوپای عێراق.

٢. لە نێوان پێنج بۆ دە هەزار پۆلیس کە تانک و چەکی ئۆتۆماتیکی زۆریان لە عێراقدا هەیە.

٣. پێکهاتە بەکرێگیراوە کوردییەکان کە پێیان دەوترا "جاش"، لەلایەن بەغداوە بە "سوارچاکەکانی سەلاحەددین"(١) ناودەبرێن.

٤. هەروەها کۆمەڵێک بەکرێگیراوی عەرەبی بە ڕەچەڵەک خێڵەکی هەبوون، کە حکومەت نازناوی "سوارچاکانی خالید بن وەلید"(٢)ی لێ نابوون.

٥. هێزی ئاسمانی کە بنکەکانیان لە مووسڵ و کەرکووکن.

---

(١) ئاماژە بەم کوردە مەزنە کراوە، کە بەسەر خاچپەرستەکاندا سەرکەوتووە، بۆ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات کە میراتگرەکانی سەلاحەددین هەروەها شەڕ لەگەڵ "یاخیبووانی ئیمپریالیزمی بیانی" دەکەن.

(٢) خالید بن وەلید ڕزگارکەری گەورەی عەرەب بوو لە سەدەی حەوتەم، نە عەرەب و نە کورد حەزناکەن ناوی ئەم دوو پاڵەوانە پەیوەست بێت بە شەڕی سەرکوتکردن و داگیرکارییەوە.

ئەستەمە بتوانین بە وردی بزانین ژمارەی "جاش"ی کوردی و عەرەبی چەند بوون. بەغدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ١٠ هەزار کەس بوون، پاشان ٢٠ هەزار، بەڵام ئەم ژمارانە زۆر زیادەڕەوییان تێدا کراوە. دروستکردنی ئەم گروپە بەکرێگیراوانە بەستراوەتەوە بە ژەنەڕاڵەکانی عێراقەوە، کە لەگەڵ سەرکردە تەقلیدییەکان ڕێکدەکەوتن. لەبەرئەوەی هەر بەکرێگیراوێک مانگانە چواردە دیناری پێدەدرا و ئەم پارانەش لەلایەن سەرکردەکانی سوپاوە بڕیاری لەسەر دەدرا، دەتوانین مەزەندە بکەین کە هەندێک سەرکردە و هەموو سەرکردە بەکرێگیراوەکان، بەرژەوەندییان هەبوو لە زیادکردنی ژمارەی جاشەکانی ژێر فەرماندەیی خۆیان. لە واقیعدا، زیاتر لە نیوەی بەکرێگیراوەکان تەنیا لەسەر کاغەز بوونیان هەبووە. لە لایەکی ترەوە، وەك دەزانین، نیوەی بەکرێگیراوانی ڕاستەقینە "جاشی خراپ" بوون، ناچار بوون بچنە ڕیزەکانەوە. تەنانەت سەرسەخترین "جاش"یش درێغییان نەدەکرد لە فرۆشتنی چەك و تەقەمەنی خۆیان بە شۆڕش: ئەگەر جاشێك لە شەڕێکدا سەد فیشەکی تەقاندبێت، دەیگوت پێنج سەد گولەی تەقاندووە، چوار سەدەکەی تریشی بە بەرزترین نرخ دەفرۆشتەوە.

زەحمەتە بتوانین ئامارێکی ورد بۆ زیانەکانی ڕیزەکانی سوپای عێراق لەم ماوەیەدا بخەینەڕوو. دەتوانرێت مەزەندە بکرێت کە نزیکەی ١٠ هەزار "پیاوی شەڕکەر" (کوژراو، بریندار، دیل یان بێسەروشوێن) لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە لەدەستچوون، لەنێویاندا بەکرێگیراوان و پۆلیس، لە ماوەی ساڵی یەکەمی شەڕەکەدا، بەڵام ژەنەڕاڵ قاسم لە یەکەکانی سوپا جێگەی پیاوە کوژراو و ونبووەکانی پڕکردەوە.

بەراورد بە فراوانبوونی جەنگ، زیانەکانی لەشکری شۆڕش لە هەمان ماوەدا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کەم دەردەکەوێت. ژمارەی ٤٦٨ی خەبات لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٢ لیستی ٧١ چەکداری کوژراوی لە سەرتاسەری کوردستان بڵاوکردەوە، بێ ئەژمارکردنی برینداراەکان. پێش ڕووخانی قاسم، ئەم ژمارەیە تەنیا دەگەیشتە ١٨٦ پێشمەرگە کە لە شەڕدا کوژرابوون. ئەم ژمارانە کەمن بەهۆی سروشتی ناوچەکە و ئەزموونی جەنگاوەرانی کورد و ئەو ستراتیژ و یاسا زێڕینانەی ژەنەڕاڵ بارزانی و ئەفسەرەکانی پەیڕەوی دەکەن. ئەوان هەموو شتێکیان کرد بۆ پاراستنی گیانی

پێشمەرگەكانیان و تەنیا كاتێک هێرشیان دەكرد كە هەموو ڕێوشوێنێک دەگیرایەبەر بۆ كەمكردنەوەی زیانی گیانی و ماددی.

وێنە ڕۆمانسییەكەی جەنگاوەرانی كورد لەسەر پشتی ئەسپ هێرش دەكەن لە "داستانی قارەمانانە" لە دژی دۆشكە و تانكەكانی دوژمن ئەمە وێنە و داهێنانی گەشتیارانە. كوردستان "ڕۆژئاوای دووری"[١] ئەمریكی سەدەی نۆزدەم نییە. لە لەشكری شۆڕشی كورددا هیچ یەكەیەكی ئەسپ سواری نییە. بەدرێژایی جەنگ هیچ پێشمەرگەیەک سواری ئەسپ نەبووە، ئەسپ و هێستر تەنیا بۆ گواستنەوە بەكاردەهێنرێن. كەمی زیانی جەنگاوەرانی كورد، ژمارەی زۆری قوربانیانی دوژمن و زنجیرە سەركەوتنە بەردەوامەكانی شۆڕش، ورەی بەرزی پێشمەرگە ڕوون دەكاتەوە. لە لایەكی دیكەوە بە خێرایی ڕێژەی قوربانییەكان لەنێو هاوڵاتیانی مەدەنی كورددا زۆر زیاتر دەبێت.

خۆبەدەستەوەدانی زۆرێک لە سەربازانی عێراقی كە هەندێكجار بەبێ شەڕ، دەتوانرێت بە بەشێک لە سیاسەتی زیرەكانەی سەركردایەتی شۆڕش بەرامبەر بە دیلە عێراقییەكان ڕوون بكرێتەوە. سەربازە ئازادكراوەكان كە زۆربەیان لە چینی كرێكار بوون و نیوەیان نەخوێندەوارن، كاتێک دەگەڕانەوە ماڵەكانی خۆیان لە عێراقی عەرەبی و هەندێک جار بە زیادەڕەوییەوە باسی "هێزی ترسناكی كورد"، "نەبەزینی پێشمەرگەكان"، "ئاسمانی كەوتوو بەسەر سەریاندا"، "دۆزەخی شەڕ" و "زەحمەتی و نەهامەتییەكانی ناو بەفر و قوڕی چیاكان"یان دەكرد. تەنانەت هەندێكیان دەڵێن كورد فڕۆكە و زرێپۆشیان هەبووە كە وانەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان هەمیشە پێداگری لەسەر ئەو شێوازە دروستە دەكەن كە لە كاتی دیلبوونیاندا مامەڵەیان لەگەڵدا كراوە[٢].

---

(١) ڕۆژئاوای ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا: ناوچەیەكە لە ڕۆژئاوای ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا. پێناسەكەی بە تێپەڕبوونی كات پەرەیسەندووە، كاتێک دانیشتوانی سەردەمی نوێ لە ناوەوە نیشتەجێ بوون لە ڕێگایان بۆ ئۆقیانووسی ئارام. ئەم داگیركردنە پێی دەگوترێت داگیركردنی ڕۆژئاوا. ڕۆژئاوای دووریشی پێ دەگوترێت، ناوچەیەكە كە كۆمەڵگایەكی ڕەسەن تێیدا گەشە دەكات، لەوێ تاكەكان لە ڕەچەڵكی جیاواز و باكگراوندێكی زۆر جیاواز كۆدەبنەوە.

(٢) ئەم دەنگۆ و دەنگدانەوەنەمان لە كورد و عەرەبەكانی بەغداوە پێگەیشتووە كە لە ساڵی

ئـەم سیاسـەتە ئەنجامـی هەڵسـەنگاندنێکی بیرکردنەوەیـە لـە فاکتـەرە دەروونـی و سیاسـیەکان. بـۆ نموونـە ئەمـەی خـوارەوە قسـەی هەسـت بزوێنـی پێشـمەرگەیەکی کـوردە کـە ئاراسـتەی سـەربازە عەرەبەکانـی دەکات. ناونیشـانەکەی "ئـەی بـرای عـەرەب، شـەڕم لەگـەڵ مەکـە!" لـە چاپـی عەرەبـی "خەبـات" لـە ئەیلوولـی ١٩٦٢ بڵاوکرایـەوە، پاشـان لـە چاپـی حوزەیرانـی ١٩٦٣ دووبـارە بڵاوکرایـەوە و لەلایـەن پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە لـە عێراقـی عەرەبـی بڵاوکرایـەوە:

پێشـمەرگە کوردەکـە گوتـی: "ئـەی بـرای عـەرەب، پێـش ئـەوەی تەقـەم لێبکەیـت، داوات لێدەکـەم بـۆ سـاتێک بیـر بکەیتـەوە: ئایـا ئـازارم داویـت؟ ئایـا هیـچ مافێکـم لـێ زەوتکردوویـت؟ ئایا مـن دژی هیـچ یەکێـک لـە خواسـتە ڕەواکانتـان بـووم؟ ئایا مـن یـەک پارچـە زەویـم لـە وڵاتەکەتـان داگیرکـردووە؟ ئەگـەر بیـری لێبکەیتـەوە، دەبینیـت هیـچ هۆکارێکـت نییـە بـۆ ئـەوەی بێیـت و شـەڕم لەگـەڵ بکەیـت و لـە دژم بجەنگیـت. بـە پێچەوانـەوە، ئێـوە هـۆکاری زۆرتـان هەیـە بـۆ پشـتگیری کـردن لـە تێکۆشـان و خەباتـی مـن و شـەڕکردن شانبەشـانی مـن بـۆ مافـە ڕەواکانـم(...). مـن لەگەڵتـان بـووم کاتێـک مەغۆلـەکان وڵاتەکەمانیـان داگیـر کـرد، خوێنـم ڕشـت بـۆ بەرگـری لـە خاکـی پیـرۆزی فەڵەسـتین لـە دژی خاچپەرسـتان (...). مـن شانبەشـانی ئێوە شـەڕم کـرد کاتێـک ئیمپریالیزم هـەردوو وڵاتـی ئێمـەی داگیـر کـرد و نەتـەوە و گەلەکانمانیـان دابـەش کـرد(...)".

"ئـەی بـرای عەرەب!بـاوەڕ بـە درۆکانی قاسـم[١] و هـاوکار و هاودەسـتەکانی مەکـە(...). مـن فرمێسـک لـە چاوەکانمـدا قەتیـس مـاون، کـە ناچـارم شـەڕت لەگـەڵ بکـەم و تەقـەت لێبکـەم، بـۆ ئـەوەی بەرگـری لـە خـۆم بکـەم لـە دژی ئـەو چەکـە ترسـناکانەی کـە دوژمـن پێیـداون، پـاش ئـەوەی ئێـوە فریـودراوی دەسـتی ئەوانن. ئـەوان تۆیان نارد بۆ کوشـتنی من، لـە کاتێکـدا بـە ئاشـتی لە وڵاتەکەم دەژیام، لە نێـو ماڵ و دایک و باوکـم و منداڵەکانم (...)".

"ئـەی بـرای عـەرەب! بـۆ سـاتێک بیربکـەرەوە پێـش ئـەوەی ژیانـی خـۆت بخەیتـە مەترسییەوە، دەبینیـت ئـەو کەسـەی تـۆی نـاردووە بـۆ شـەڕکردن لەگەڵـم، دەبێـت خـۆی شـەڕی لەگەڵـدا بکرێـت (...)".

---

١٩٦٦ لە کوردستانی عێراق چاومان پێکەوتوون.

(١) لە چاپی حوزەیرانی ١٩٦٣ی خەباتدا، "قاسم" لە تێکستەکەدا بە "جێنشینەکانی قاسم" گۆڕدراوە.

"بـرای عـەرەب! بـە تەنیـا لـە بەرەکانـی شـەڕدا جێـم مەهێڵـە، چونکـە بـەم شـێوەیە بەدبەختییەکانـی هـەردوولا درێـژە دەکێشـێت. بـە هەمـوو شـێوەیەک کـە دەتوانـی لـە شـەڕی دوژمنـە هاوبەشـەکەماندا بەشـێوەی بانگەشـە، ئامـۆژگاری، مانگرتـن، خۆپیشـاندان و تێکـدان بەشـدار بـن و چەکەکانتـان دابنێـن، یـان یەکـە سـەربازییەکانتان بەجێبهێڵـن و بـە چەکەکانتانـەوە وەرن بـۆ ڕیزەکانـی ئێمـە و لەگـەڵمان بـن. شۆڕشـی چەکـداری لـە وڵاتەکـەت دەسـت پـێ بکـە، وەک شۆڕشـی کوردسـتان (...)".

پێـش کۆتاییهێنـان بـەم پەرەگرافـە، گرنگـە ئامـاژە بـە هێرشـی کـورد بـۆ سـەر دامـەزراوە نەوتییـەکان و پێکدادانـی ئاسمانـی نێـوان تورکیـا و عێـراق بکەیـن.

یەکـەم ڕووداو لـە تەمـووزی سـاڵی ١٩٦٢ ڕوویـدا کاتێـک فڕۆکەیەکـی عێراقـی بـە هەڵـە بۆردومانـی خاکـی تورکیـای دراوسـێ کـرد کـە دانیشـتوانەکەی کـورد بـوون. ڕووداوەکـە هیـچ ئەنجامێکـی گـەورەی نەبـوو. میدیاکانـی تورکیـا نارەزاییـان دەربـڕی، بـەڵام هـەردوو حکومـەتی ئەنقـەرە و بەغـدا پـاش داوای لێبوردنێکـی فەرمـی لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی عێراقـەوە، لـە بایەخـی ڕووداوەکەیـان کەمکـردەوە. دواتـر کێشـەیەکی گەورەتـر سـەریهەڵدا کاتێـک وەزارەتـی ناوخـۆی تورکیـا بڕیاریـدا "ناوچـە سـنوورییەکان بـۆ قوڵایـی ٢٥ کیلۆمەتـر چـۆڵ بـکات"[(١)].

ڕووداوەکانـی مانگـی ئـاب مەترسـیدارترن. لـە ڕێکـەوتی ١٦ی ئـاب، تورکیـا ڕاگەیەندراوێکـی ڕۆژنامەوانـی ڕاگەیانـد کـە دوو فڕۆکـەی جەنگـی لـە جـۆری "مێـگ" لـە عێراقـەوە خاڵێکـی جەندرمـەی تورکیـان لـە نزیـک سـنوور لـە زوبەرلیـک بۆردومـان کـردووە و جەندرمەیەکیـان کوشـتووە. لـە ڕێکـەوتی ١٧ی ئابـدا، ڕاگەیەندراوێکـی تـری وەزارەتـی بەرگـری ڕووداوێکـی دیکـەی بڵاوکـردەوە: "دوو فڕۆکـەی عێراقـی هێرشـیان کـردە سـەر گونـدی سـنووری بیسـکان. فڕۆکـە تورکییـەکان بەدوایـان کەوتـن و تەقەیـان لێکـردن و یەکێکیـان ناچـار کـرد لـە خاکـی عێـراق بنیشـێتەوە".

---

(١) هیچ زانیاریەکمان نییە ئاماژە بەوە بدات، ئەم بڕیارە جێبەجێ کراوە.

"بەغـدا لـە ڕێگـەی کەناڵـە دیپلۆماسـییەکانەوە داوای لێبوردنـی لـە ئەنقـەرە کـرد و هیـوای خواسـت کاریگـەری لەسـەر دۆسـتایەتی نێـوان تورکیـا و عێـراق نەبێـت. میدیاکانـی عێراقـی سـوودیان لـەو ڕووداوە وەرگـرت و جەختیـان لـەوە کـردەوە کـە "تورکـەکان لەگـەڵ کـوردەکان پێکـەوە شـەڕ لـە دژی سـوپای عێـراق دەکـەن". ئەمـە بـۆ پاسـاوهێنانەوەی شکسـتەکانی سـوپای عێـراق بەکارهـێنرا و زۆرێـک لـە عێراقییـەکان باوەڕیـان پێـی هەبـوو. دواجـار لـە ٢١ ی ئابـدا وەزارەتـی دەرەوەی تورکیـا لـە بەیاننامەیەکـدا ڕایگەیانـد "حکومەتـی تورکیـا فەرمانـی ڕاگرتنـی چاودێـری ئاسمانـی لەسـەر سـنووری عێـراق داوە بـۆ ئـەوەی زیـان بـە پەیوەنـدی دۆسـتایەتی نێـوان هـەردوو وڵات نەگەیەنێـت"[١].

جێـی ئاماژەیـە لـە مانگـی تەمـووزدا گفتوگـۆ لـە نێـوان کـوردە شۆڕشـگێڕەکان و حکومەتـی عێـراق بـە هیـوای ئاشـتی لـە ڕێگـەی دانوسـتانەوە ئەنجامـدرا، پێدەچێـت گەشـتەکەی شـێخ ئەحمـەدی بـارزان بـۆ بەغـدا بەشـێک بووبێـت لـەو گفتوگۆیانـە، بـەڵام نەگەیشـتنە ئەنجـام و هەوڵەکـە سـەرکەوتوو نەبـوو.

(١) بڕوانە پەیامەکانی ئاژانسی فرانس پرێس لە ١٧ و ٢٢ی ئابی ١٩٦٢.

## ٢. دەنگدانەوەکانی شەڕ لە دەرەوەی وڵات

لە دەرەوە دەستکەوتنی زانیاری لەبارەی شەڕی کوردستان زەحمەت بوو. ڕۆژنامەی "گاردیان"ی بەریتانی یەکێک بوو لە یەکەم ڕۆژنامەکان کە ڕاپۆرتی لەسەر ئەو بابەتە بڵاوکردەوە و گوتی "شەڕەکە فراوانترە لەو ڕاپەڕین و یاخیبوونەی گوایە قاسم لە مانگی ئەیلوولی ڕابردوودا سەرکوتی کردبوو". ڕۆژنامەکە بڵاویکردەوە "زیانەکانی عێراق هەم سەربازی و هەم مەدەنی زۆر قورس بوون، لە کاتی هێرشە ئاسمانییەکاندا چەندین گوند وێران بوون و سوتێنراون". ڕۆژنامەکە دوای ئەوەی دووپاتی کردەوە، کورد بۆ ئۆتۆنۆمی خەبات دەکات و دەجەنگێت و ئاماژەی بەوەدا "قاسم هێزی یارمەتی بۆ باکوور دەنێرێت"، ڕۆژنامەکە لە کۆتاییدا ئاماژەی کردووە "ئەم ڕاپەڕینە گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر قاسم، و کوردەکان کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراقدا فراوان کردووە"[(١)].

لە کۆتایی ئاداری ١٩٦٢، ژەنەڕاڵ قاسم پێشنیازی "لێبوردنی گشتی و بێ مەرج"ی بۆ یاخیبووان کرد. هەرچەندە، بەگوێرەی ڕۆژنامەی تایمزی لەندەنی، "وادیارە ئەم پێشنیازە پشتگوێ خراوە". دواتر قاسم بڕیاری ناردنی هێزەکانی یارمەتی دا "بۆ پاراستنی دانیشتوانی ناوچەکە"، هەر بە گوێرەی ڕۆژنامە لەندەنییەکە دەنووسێ: "نە دەسەڵاتدارانی عێراقی دەرەوەی ناوچە کوردییەکان نە ژەنەڕاڵ قاسم نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی کورددا بکەن بە هەوڵدان بۆ تێکەڵکردنی بەڵێنەکان (ماستاوکردن) و هێزی سەربازی، بێتوانایی خۆیان لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکە بە شێوەیەکی کاریگەر نیشان دەدەن"[(٢)].

ڕۆژنامەی تریبیون دو لۆزان یەک لە دوای یەک مانشێتی هەواڵەکان بڵاو دەکاتەوە: "شۆڕشی کورد بەردەوامە"[(٣)] ، "هێزی ئاسمانی عێراق ناوچەی یاخیبووەکان بۆردومان

---

(١) گاردیان، ژمارەی ٢٦ی نیسانی ١٩٦٢.

(٢) تامز، لە ٣ی ئایاری ١٩٦٢، لەندەن.

(٣) ڕۆژنامەی تریبیون دە لۆزان، یەکی ئایاری ١٩٦٢.

دەکات"[١] و "شـەڕ لـە نێـوان هێـزە عێراقییـەکان و یاخیبووانـی کـورددا بەردەوامـە"[٢].

لـە لای خۆیـەوە ڕۆژنامـەی لـو مۆنـدی فەڕەنسـی پێیوایـە "ئـەو شـەڕەی بـە سـەرکردایەتی ناسیونالیسـتە کـوردەکان لـە پایـزی ڕابـردووەوە بەردەوامـە، لـەم چەنـد هەفتەیـەی دواییـدا بۆتـە جێگـەی نیگەرانـی و کێشـەیەکی ڕاستەقینە بـۆ حکومەتەکـەی ژەنـەڕاڵ قاسـم "[٣].

سـەبارەت بـە گۆڤـاری تایمـزی ئەمریکـی، لـە وتارێکـدا بـە ناونیشـانی "ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت: ئـەو مەترسـی و هەڕەشـانەی لـە چیاکانـەوە دێـن"، "لـە چیـای زاگرۆسـەوە، یاخیبـووان پێشـڕەوییان کـردووە بـەرەو باشـوور تـا نزیکـەی ٧٠ میـل لـە دووری بەغـدا. سـەرکەوتنە یـەک لـە دوای یەکەکانـی دیموکراتـە غەیـرە کوردەکانـی بەهێزتـر کـردووە کـە دژایەتـی سـەرۆک وەزیـران دەکـەن. ئۆپۆزسـیۆن گاڵتـە بـەو بیرۆکەیـەی قاسـم دەکات کـە دەڵێـت ڕاپەڕینەکـە بەهـۆی ئیمپریالیسـتەکانی بەریتانیـا و هاوپەیمانـە ئەمریکییەکانیانەوە ئەنجامـدراوە. تایمـز لـە کۆتاییـدا دەڵێـت: "ئەگـەر لـە نـاوەوە و دەرەوە هێـرش بکرێتـە سـەر ڕژێمـی قاسـم ، مەترسـی ڕووخانـی لەسـەرە "[٤].

یەکێـک لەسـەرنجڕاکێشترین گەواهیدانـە ڕاسـتەوخۆکان، هـی ڕۆژنامەنووسـانی ڕۆژئاواییـەوە کـە سـەردانی کوردسـتانیان کـردووە. یەکـەم هەڵمـەت لەلایـەن تیمێکـی ئەڵمانی-سـویسرییەوە بـوو، کـە لـە بەڕێـز ڕیچـارد ئاندرێـگ پەیامنێـری ڕادیـۆی لـۆزان لـە بەیـروت و چەنـد ڕۆژنامەیەکـی سـویسری و بەڕێـز فێـرا کـە تەکنیـککاری تەلەفزیۆنـی ڕۆژئـاوای ئەڵمانیایـە پێکهاتبـوون.

ڕیچـارد ئاندرێـگ ڕاپۆرتێکـی دەربـارەی گەشـتەکەی نووسـی، لـە کاتێکـدا فێـرا ئـەو ئەزموونـەی خـۆی وێنـە گـرت. ئـەم دوو گەواهیدانـە لـە ئەوروپـا و ئەمریـکا پەخـش کـراون. ئەمـەی خـوارەوە لـە گەواهیدانەکـەی ئاندرێـگ وەرگیـراوە، کـە لـە ١٦ی ئابـی ١٩٦٢ لەلایـەن ئاژانسـی فڕانـس پرێـس و ڕادیـۆی لۆزانـەوە پەخـش کـرا و ڕۆژی دواتـر لـە

---

(١) رۆژنامەی تریبیون، ٦ی ئایاری ١٩٦٢.
(٢) رۆژنامەی تریبیون، ١٠ی ئایاری ١٩٦٢.
(٣) ڕۆژنامەی لو مۆند، لە ٤ی ئایاری ١٩٦٢.
(٤) چاپی ئەتڵەنتیك لە ٤ی ئایاری ١٩٦٢.

ڕۆژنامەی لو مۆند بڵاوکرایەوە:

"ڕادیۆی لۆزان، ١٦ی ئاب: بەرگری عێراق بە درێژایی سنووری تورکیا و ئێران بە تەواوی دارماوە و پۆلیس چووەتە پاڵ شۆڕشگێڕانی کورد و لە چەند گوند و شارۆچکەیەکی بچووک کە هێشتا جلوبەرگی سەربازی تێدا دەپۆشن ئێستا بە ئاشکرا لەگەڵ کورد کار دەکەن سوپای عێراق چەند سەربازگەیەکی بچووکی ڕەمزی بەجێهێشتووە، بەڵام بە کرداری لەلایەن پارتیزانە شۆڕشگێڕەکان گەمارۆدراون. بۆ جێهێشتنی بنکەکانیان، ئەفسەران پێویستیان بە مۆڵەتی شۆڕشگێڕان هەیە(...).

"لەلایەکی دیکەوە، ئێستا، پارتی دیموکراتی کوردستان بزووتنەوەکە ڕێکدەخاتەوە و بەڕێوەی دەبات. قوتابیان و پارێزەران و کوردانی شارەکان شانبەشانی خەڵکی شاخ شەڕ دەکەن. کورد دەستیان بە لەبەرکردنی جلوبەرگی ڕەنگ خاکی کردووە. ئەفسەرانی پێشووی سوپای عێراقی بە ڕەچەڵەک کورد، بەرپرسن لە پەیوەندییە ڕادیۆییەکان و خزمەتگوزاری لۆجیستیکی لە پشت هێڵەکانی پێشەوەی شەڕ".

"تا بەهاری داهاتوو، شۆڕشگێڕانی کورد خۆڕاگری و بەرخۆدانی خۆیان دەگۆڕن بۆ سوپایەکی نەتەوەیی ڕێکخراو، هاوشێوەی ئەوەی سوپای جەزائیر لە شەڕی سەربەخۆییدا کردوویەتی".

"چانسی ئەوەم بۆ ڕەخسا لە خاڵی فەرماندەیی بارزانییەوە چاودێری جووڵەی لیوای ٤ی عێراق بکەم کە بۆ ناو دۆڵی ڕواندز دەجووڵێت. ئەوەی یارمەتی سوپای عێراق دەدات ئەوەیە کورد هیچ چەکێکی قورسی نییە، تەنیا تۆپهاوێژی ٥٠ ملم. جگە لەوەش، کورد هیچ هاوکارییەک و یارمەتییەك لە دەرەوە وەرناگرێت. ئەوان بە چەکی خۆیان دەستیان بە ڕاپەڕین کرد: تفەنگی فەڕەنسی دەیان ساڵە هەیە، تفەنگی مارکەی ماوسەری ئەڵمانی کۆن و تفەنگی ڕاوکردن".

"ئەوان ئێستا تفەنگی پۆلیس و دەمانچە و دۆشکەیەکی زۆر و چەکی سۆڤیەتیان زۆرە کە لە سوپای عێراق دەستیان بەسەر داگرتووە. لە سایەی هێزی پیادەی بچووك و پارتیزانییان بە سەرکردایەتی سەرکردە لێهاتووەکان، هێڵەکانی دابینکردنی یارمەتی سوپای عێراقیان بڕی و دۆڵەکانیان پڕ کرد لە ئاو و ڕێگاکانیان داخست و یەکە سەربازییەکانی عێراقیان برسی کرد".

"ئەگەر سەرکەوتوو بن لە برسی کردنی دوو لیوای ڕواندز، ئەوا بۆ یەکەمجار تۆپ و مین هاوێژی قورسیان دەبێت".

"سەرکردە کوردەکان هێشتا دوورن لەوەی بتوانن بچنە ناو ناوچە عەرەبییەکانەوە، نازانرێت ژەنەڕاڵ قاسم تاکەی دەتوانێت لە بەغدا بمێنێتەوە، بەڵام تاکە شتێک دڵنیایە ئەویش ئەوەیە حکومەتی بەغدا چیتر هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەر کوردستاندا نەماوە. لە ماوەی شەش هەفتە، ئەوەم بە چاوی خۆم بینی".

لە وتارێکی تردا، ئاندریگ لەبارەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت:

"یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکە ئەوە بوو؛ پارتی دیموکراتی کوردستان کە تا ڕادەیەك بیروڕای چەپی هەبوو، کۆنترۆڵی بزووتنەوەکەی کرد. ڕۆشنبیرانی شارەکان، ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەم لە دژی قاسم و هەم لە دژی سەرکردە تەقلیدییەکانی کورد شەڕیان کرد، بەڵام ئێستا بۆ یەکەمجارە، ئەم سەرکردە تەقلیدیانە و ڕۆشنبیرانی شارەکان یەکیان گرتووە و کاریگەری بێ وێنە هەبوو. لەناکاو، بزووتنەوەی کورد کە تا ئەوکاتە زۆرینەی خێڵەکیی بوو، بوو بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی ڕاستەقینە و ڕێکخراو و ستراتیجی کە چەند بەرەیەکی بەهێزی بەڕێوە دەبرد: لە باکوور، لە ڕۆژهەڵات و تا باشووری عەرەبیش، لەوێ کورد دەستیان بە پاڵپشتی دارایی بزووتنەوەکە و دابینکردنی زانیاری کرد "[١].

دانا شمیت، پەیامنێری نیویۆرک تایمز، لە چوار وتاری[٢] وردا باسی سەردانەکەی بۆ کوردستان کرد. لە یەکەم وتاریدا بەناونیشانی "شۆڕشگێڕانی کورد دڵنیان لە سەرکەوتن"[٣]، بەشێوەیەکی سەرەکی باس لە گفتوگۆکانی لەگەڵ سەرکردە و ڕێبەری کورد بارزانی دەکات. لە وتاری دووەمدا، "سەرکردەی شۆڕشگێڕانی کورد، هێز بە تاکە

(١) بڕوانە هەواڵەکانی Preuves Informations لە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٢، پاریس.

(٢) شمیت خەڵاتی جۆرج پۆلکی ئەمریکی بۆ ئەم ڕاپۆرتە وەرگرتووە، کە بۆ باشترین ڕاپۆرتی ساڵ تەرخان کراوە و لە بارودۆخێکی مەترسیداردا بەرهەمهێنراوە. خەڵاتی جۆرج پۆلک خەڵاتی ڕۆژنامەگەرییە ساڵانە لەلایەن زانکۆی لۆنگ ئایلەند لە بروکلینی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبەخشرێت. لە ساڵی ١٩٤٩ بە یادی جۆرج پۆلک دامەزراوە کە پەیامنێری سی بی ئێس بوو و لە کاتی شەڕی ناوخۆی یۆنان کوژرا.

(٣) دانا شمیت، نیویۆرک تایمز ١٠ی ئەیلولی ١٩٦٢.

ڕێگە بـۆ بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنۆمـی دەبینێـت"[١]، تیشـک دەخاتـە سـەر ژیاننامـەی بارزانی. لـە وتـاری سـێییەمیدا، "ژەنەڕاڵـی ڕێبـەری کـورد فەرماندەیـی ئـەو پێشـمەرگانە دەکات کـە بـۆ شـەڕی پارتیزانـی لەدایـک بـوون"[٢]، بـاس لـە پێشـمەرگە و لایەنگرانی پارتـی دەکات. لە کۆتاییـدا، لـە چـوارەم وتـاری "گونـدە کوردییـەکان لـە ڕاپەڕین و شۆڕشـدا ئازار دەچێـژن"[٣]، شـمیت ئازارەکانـی خەڵکـی مەدەنـی دەگێڕێتـەوە. باسـی ئـەو هێرشـە ئاسمانییانـە دەکات کـە بـە چـاوی خـۆی بینیوەیەتـی و تێیـدا ژن و منـداڵ بـە بۆمـب کـوژراون، باس لـە بوێری و ئازایەتـی ژنانـی کـورد دەکات. کاتێـک پرسـیاری ئـەوە دەکات کـە ئـەوان و منداڵەکانیـان تـا کـەی دەتوانـن بەرگـەی ئەو هێرشـانە بگـرن، سـەرکردەی کورد وەڵامـی دەداتـەوە و دەڵێت : نازانـم، بـەڵام ژنـان خۆیـان وەڵام دەدەنـەوە: "پێنـج، دە، پەنجا سـاڵ ئەگەر پێویسـت بوو". دانا شـمیت سەرسـامی خۆی بۆ ژنانی کورد دەردەبڕێت، جەخت لەسـەر هێز و خۆڕاگرییان دەکاتـەوە. ڕوونـی دەکاتـەوە؛ "هێزیـان لـە ژیانـی سـادە و چالاکـی و تەندروسـتی ژیانـی ڕۆژانـەوە سـەرچاوە دەگرێـت، تەنانـەت ژیـان لـە ئەشکەوتێکشـدا هیـچ کێشـەیەکیان بـۆ دروسـت نـاکات(...). بـە وتـەی ئەو، ژیانـی ڕۆژانەیان لـە ژیانی دانیشـتوانە سـەرەتاییەکانی ئەمەریـکا دەچێـت. جگـە لـە گرنگیـدان بـە منـداڵ و ئـاژەڵ، شـیری مانـگا و بزن دەدۆشـن، ماسـت و کـەرەی لـێ دروسـت دەکەن(...).نـان دەکـەن و ئامـادەی دەکـەن (...)، خـوری دەڕێسـن و قوماشـی لێ دروسـت دەکـەن و جلوبەرگی خێزانەکە ئامادە دەکـەن و دەدورن. مـاڵ بـە پاکـی و تەندروسـت دەهێڵنـەوە، لـە هەمـان کاتیشـدا خۆیـان بـە سـەرنجڕاکێشـی دەمێننـەوە(...). لـە زۆرێـک لە گوندە کوردنشـینەکاندا ژنان زیاتر لـە کۆمەڵگەکانی عەرەبی، تورکـی یـان فارسـدا ئازادییـان هەیـە(...). کـورد شـانازی بـە ژنەکانیانـەوە دەکـەن و هەموو هۆکارێکیـان هەیـە بـۆ ئـەوەی وا بن".

دوای ڕاپۆرتەکـەی دانـا شـمیت، وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا بـە سـەرۆکایەتی جـۆن کەنـەدی بـە پێویسـتی زانـی ڕوونکردنەوەیـەک دەربـکات. ئـەم لێدوانـە بـۆ دڵنیاکردنەوەی عێراقـی قاسـم بـوو کـە ئەمریـکا نیـازی نییـە پشـتگیری سـەرهەڵدانی کـورد بـکات و ڕێـز لـە یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق دەگرێـت.

(١) دانا شمیت، نیویۆرک تایمز، ١١ی ئەیلولی ١٩٦٢.

(٢) دانا شمیت، نیویۆرک تایمز،١٢ی ئەیلولی ١٩٦٢.

(٣) دانا شمیت، نیویۆرک تایمز، ١٣ی ئەیلولی ١٩٦٢.

ڕۆژنامەکان دەستیان کردووە بە هەڵوێست وەرگرتن لەبارەی شۆڕشی کورد، ڕۆژنامەی "کۆمبا"[١] لە مانشێتێکیدا دەنووسێت: "بەغدا هەموو دەسەڵاتێکی لە کوردستان لەدەستداوە "[٢]. ڕۆژنامەی "لاناسیۆن"[٣] دەنووسێت: "وادیارە شۆڕشی کورد سەرکەوتنی نوێ بەدەست دەهێنێت"[٤]. لە ١٤ی تەمووزی ١٩٦٢، ڕۆژنامەی "لە تریبیون دو لۆزان" مانشێتێکی جێگەی سەرنجی بڵاوکردەوە: "هەرچەندە ١٤ ی تەمووزە، بەڵام قاسم ئاهەنگ ناگێڕێت"، ئاماژەی بەوەداوە کە لەو ڕۆژەدا ڕژێمی عێراق لە دۆخێکی باش نەبووە. لەلای خۆیەوە "لۆرۆر"[٥] پێی وایە "ڕۆژئاوا هیواخوازە شۆڕشی کورد سەرکەوتوو بێت، بە مەرجێک واز لە سەربەخۆیی بهێنێت و بە ئۆتۆنۆمی ڕازی بێت"[٦].ڕۆژنامەی "پاریس پرێس"[٧] جەخت لەوە دەکاتەوە "ڕژێمی ژەنەڕاڵ قاسم هەڕەشەی لەسەرە: مستەفا بارزانی، سەرکردە و ڕابەری شۆڕشی کورد، سوێندی خواردووە کە ڕکابەرەکەی دەخاتە سەر چۆک. ئەمە لەخۆوە ناگوترێ"[٨].

بەڕێز سێسیل ئێدمۆندز، ڕاوێژکاری پێشووی بەریتانیا لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق[٩]، لە ڕۆژنامەی "تایمز"دا هیوای ئەوە دەخوازێت ڕێککەوتنێکی میانڕەو لە نێوان کورد و حکومەتی بەغدا بکرێت. بە بڕوای ئەو، دەکرێت ئەم ڕێککەوتنە "لەسەر بنەمای دەستووری کاتی ساڵی ١٩٥٨ بێت کە بە سەرکردایەتی خودی قاسم داڕێژراوە"[١٠].

---

(١) Combat، بە ناونیشانی (Le Journal de Paris)، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی فەڕەنسییە، لە ساڵی ١٩٤١ تا ١٩٧٤ دەرچووە، لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا وەک ئۆرگانێکی ڕۆژنامەوانی بزووتنەوەی بەرخۆدانی شەڕ لەدایک بووە، لە سەردەمی داگیرکاریدا بە نهێنی دەردەچوو.

(٢) لە ١٧ی ئابی ١٩٦٢، پاریس.

(٣) لا ناسیۆن ڕۆژنامەیەکی هەواڵی گشتی نیشتمانی کۆماری بێنینە، بە زمانی فەرەنسی دەردەچێت.

(٤) لە ١٧ی ئابی ١٩٦٢، پاریس.

(٥) L'Aurore ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی فەڕەنسی بوو کە لەلایەن ئێرنست ڤۆگان، سەرنووسەری پێشووی L'Intransigeant دامەزرا، کە لە ساڵی ١٨٩٧ تا ١٩١٤ دەرچوو. دەستەی سەرنووسەران پێکهاتبوون لە ئارسەر رانک و بێرنارد لازار و جۆرج کلیمانسۆ.

(٦) لە ١٧ی ئابی ١٩٦٢، پاریس.

(٧) رۆژنامەیەکی رۆژانەی فەڕەنسییە، لە پاریس لە ١٩٤٤ تا ١٩٧٠ دەردەچوو.

(٨) لە ١٧ی ئابی ١٩٦٢، پاریس.

(٩) بەڕێز ئێدمۆندز نووسەری کتێبێکە بەناوی کورد، تورک و عەرەب.

(١٠) لە ٣٠ی ئابی ١٩٦٢.

ڕۆژنامەی لو مۆند لە سەروتارێکدا بە ناونیشانی "سەرکەوتنەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" دوای ئاماژەکردن بە سەرکەوتنە سەربازییەکانی کورد، تیشك دەخاتە سەر ئەوەی "گرنگترین سەرکەوتنی شۆڕشی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تۆمارکراوە. ڕای گشتی جیهانی لە کۆتاییدا بایەخ بە کێشەیەک دەدات کە چل ساڵە بوونی هەیە"[١].

زیادبوونی کاردانەوەی ڕۆژنامە و میدیاکانی جیهان تاڕادەیەکی زۆر لە بەرژەوەندیی دۆزی کورد بوو. ئەگەر باسی هەموو وتار و بابەتەکان یان تەنانەت ناونیشانەکانیشیان بکەین، کاتی دەوێت و زۆر درێژە دەکێشێت. بەهەمان شێوەی فەڕەنسا، سویسڕا، ئینگلتەرا و ئەمریکا، ڕۆژنامە ئەڵمانی، نەمسایی، هۆڵەندی، ئیتاڵی، ئەسکەندەناڤییەکان و زۆر وڵاتی تر بەدواداچوونیان بۆ کێشەی کورد کرد. تەنانەت ڕۆژنامەگەری وڵاتانی سۆسیالیستی و پارتە شیوعیەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا کە تا ئەو کاتە بێدەنگ بوون، لەو بارەیەوە بە شێوەیەکی ئەرێنی دەستیان بە قسەکردن کرد، بەتایبەتی وتارگەلێکی زۆر هەیە کە لەلایەن شیوعییەکانی عێراقەوە نووسراوە و بۆچوون و تێڕوانینی حزبەکەیان ئاشکرا دەکات. دواتر لەم بەشەدا، پەرەگرافێک تەرخان دەکرێت بۆ هەڵوێست و پەرەسەندنی حزبی شیوعی عێراق. ئەمانە چەند بەشێکن لەو وتارانەی باسکراون:

"...مانۆری ئیمپڕیالیستەکان لە لایەک و سیاسەتە دژە دیموکراتییەکانی قاسم لە لایەکی دیکەوە، لە ساڵی ١٩٦١ەوە کوردستانی خستۆتە دۆخێکی جددیەوە. حکومەتەکەی قاسم سەرەتاییترین داواکارییەکانی کوردی ڕەتکردەوە (...)". (پەرەگرافێک لە نامەیەک لە عێراقەوە، لەلایەن سەعدی عەلی، لە گۆڤاری لا نوڤێل[٢] ئینتەرناشناڵ. کێشەکانی ئاشتی و سۆسیالیزم، ئاداری ١٩٦٢، لاپەڕە ٢٠١-٢٠٤، پاریس).

"حکومەتەکەی قاسم هەوڵ دەدات ڕای گشتی هەڵخەڵەتێنێت. واقیعی بارودۆخی کوردستان دەشێوێنێت، ئەمڕۆش وەک پاییزی ڕابردوو خوێنی گەلی کورد دەڕژێت کە بۆ بەرگری لە مافە نەتەوەییەکانی خۆی ڕاپەڕیوە و شۆڕشی کردووە ".(دژی سەرکوتکردن لە عێراق، لە گۆڤاری لا نوڤێل ئینتەرناشناڵ، تەمووزی ١٩٦٢، لاپەڕە ١٩٤-١٩٥).

---

(١) لە ١٩ی ئابی ١٩٦٢

(٢) گۆڤاری لا نوڤێل: گۆڤارێکی فەڕەنسیە، دوو هەفتە جارێك دەردەچێت.

"حزبی شیوعی عێراق هەمیشە لەنێوان ئەو دوو فۆڕمە جیاوازی کردووە کە ناسیۆنالیزم لە نێو گەلانی ستەملێکراودا وەریدەگرێت. بەم شێوەیە پشتیوانی لە فۆڕمی دیموکراسی کرد، کە ئاراستەی سەربەخۆیی نەتەوەیی و دژ بە ستەمکاری دەرەکی بوو، لە هەمان کاتدا دژی فۆڕمەکەی تر وەستایەوە، کە بەرگری لە بەرژەوەندیی ئەرستۆکراتی کورد دەکات. هەنوکە ڕەوتی قووڵی دیموکراسیی بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد زاڵە. ئەم بزووتنەوەیە ڕەنگدانەوەی خواستی گەلێکی دابەشکراو بۆ یەکڕیزی و یەکگرتوویی و ئازادی و دژایەتیکردنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئیمپریالیزم و هاوپەیمانەکانی دەردەبڕێت. هاوپەیمانێکی بەهێزی چینی کرێکار و هێزە دیموکراتییەکانە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست. بە لەبەرچاوگرتنی پلانە ستراتیژییەکانی وڵاتانی پەیمانی بەغدا و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی پەیوەست بە نەوت و تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی وڵات، بزووتنەوەی کورد لە خەباتی گشتی گەلان بەرامبەر بە پلانە شەڕانگێزییە ئیمپریالیستییەکان کە هەڕەشە لە ئاشتی جیهانی دەکەن، گرنگییەکی زۆری هەیە. ئەگەر هێشتا پرسی کورد یەکلایی نەبووەتەوە، پێش هەموو شتێک خەتای زلهێزە ئیمپریالیستەکانە...". ("پرسی کورد لە عێراق" لە نووسینی عەلی جەبار، لە گۆڤاری لا نوڤێل ئینتەرناشناڵ، مانگی ئابی ١٩٦٢، لاپەڕە ٥٣-٦٤)

شۆڕشی کورد، لەم قۆناغە بەدواوە، زیاتر لە دەرەوەی عێراق بەدواداچوونی بۆ دەکرا، بەتایبەتی لە سایەی بڵاوکردنەوەی بەیاننامە فەرمییەکان. لەم بەیاننامانە باس لە پەرەسەندنی شەڕ و بارودۆخی سیاسی عێراق دەکرا و بە بەردەوامی لەلایەن ڕۆژنامە نێودەوڵەتییەکانەوە وەرگیرابوون. هەندێک جار ڕۆژنامەکان نەک هەر ڕۆڵی ڕاپۆرتکردنی ڕووداوەکانیان هەبوو، بەڵکو شرۆڤە یان شیکار و سەرنجیان زیاد دەکرد، بەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جیهانی بۆ خەباتی کورد و پشتیوانی کردن لە دۆزی کورد.

**٣. لە ڕۆژنامە عەرەبییەکان.**

لـە وڵاتانـی عەرەبیـش، ڕۆژنامەگـەری بـێ ئـەوەی بەتـەواوی لـە پرسـەکە تێبگـەن، بایەخیـان بـە پرسـی کـورد دەدا. بـۆ نموونـە ڕاگەیاندنەکانـی میسر لـە سـەردەمی ڕژێمـی قاسـمدا بایەخێکـی کەمـی پێـدەدا. ئـەو زانیاریانـەی بڵاودەکرانـەوە زۆر جـار کـورت بـوون و زۆرتـر بـێ لێـدوان بـوون[١]. سـەبارەت بـە ڕۆژنامەکانـی سـوریا، کێشـەی کـورد بـۆ ماوەیەکـی زۆر بابەتێکـی قەدەغەکـراو بـوو. خۆیـان بـەدوور دەگـرت لـە قسـەکردن لەبـارەی، تـا وردە وردە هەڵوێسـتەکە تـوونتر دەبـوو و ڕەخنـە لە کـورد دەبیسـترا، بەتایبەتی لەچوارچێـوەی شـەڕی عێـراق و فراوانبوونـی بزووتنـەوەی کوردیـدا.

لـە لوبنـان، کـە ڕۆژنامەگـەری ئـازادە، هەرچەنـدە نایەکسـانی هەیـە و هەندێکجـار بیـروڕای زۆر جیـاواز هەیـە، پرسـی کـورد بـە بەردەوامی بـاس دەکرێت و زۆرجار شـوێنێکی بەرچـاو دەگرێـت، دەبێتـە سـەردێڕی هەمـوو پانتایـی لاپـەڕەی یەکەمـی ڕۆژنامـەکان، بۆیـە لوبنانییـەکان بایـەخ بـەم بابەتـە دەدەن، بـەڵام هەندێـک لـە ڕۆژنامەکانـی بەیـروت، بەتایبەتـی ئەوانـەی تیراژیـان کەمـە، هەمیشـە بـە دروسـتی نابنـە زمانحاڵـی ڕای گشـتی وڵات لـە تێڕوانیـن و بیروبۆچوونـی زۆر جیـاواز لەسـەر بارودۆخـی کـورد.

ڕۆژنامـەی ئەلحەیـات کـە هەڵوێسـتێکی میانڕەوانـە دەگرێتەبـەر، پێـی وایـە قاسـم دەبـێ بـە دوای چارەسـەری ئاشـتیانەی کێشـەی کـورددا بگەڕێـت. بەگوێـرەی ڕۆژنامەکـە، "بەکارهێنانـی هێـز لـە سـاڵی پێشـوودا شکسـتی هێنـا، بـە پێچەوانـەی ئـەوەی پێشـبینی دەکـرا ئەنجامـی لێکەوتـەوە". لەلایەکـی تـرەوە، "بەڕاسـتی ئەزموونەکانـی چـل سـاڵی ڕابـردوو بـە ڕوونـی ئـەوە نیشـان دەدەن کـە هێـز ناتوانێـت گرژییەکانـی ناوچـە کوردنشـینەکان چارەسـەر بـکات"، بۆیـە ئەلحەیـات داوای چارەسـەری ئاشـتیانە دەکات، "بـۆ ئـەوەی ڕاپەڕیـن و شـۆڕش نەبێتـە خەباتێکـی نەتەوەیـی چارەسـەرنەکراو کـە مەحاڵـە ڕابگیرێـت"[٢].

هەفتەنامـەی "سـەیاد" لـە وتارێکـی پـڕ جـۆش و خرۆشـدا بـە ناونیشـانی " لـە عێـراق ئێمـە داوای ڕزگارکردنـی نەتـەوەی عـەرەب دەکەیـن: زایۆنیـزم خـۆراک و سـووتەمەنی

(١) بڕوانە "ئەلئەهرام" لە ٢٤ی نیسانی ١٩٦٢.

(٢) ئەلحەیات، ٢٦ی نیسانی ١٩٦٢، بەیروت.

شۆڕشـی کـورد دادەت". هەڵوێسـتێکی زۆر ڕادیـکاڵتر دەگرێتەبـەر بـە ڕەخنەگرتـن لـە هەندێـک بابـەت لـە ڕۆژنامەکانی ڕۆژئـاوا دەسـت پێـدەکات و "بـە بەشـێک لـە پلانگێـڕی کـوردی دەزانێـت بـۆ قەناعـەت پێهێنانـی جیهـان کـە شۆڕشـەکە بەتـەواوی خۆڕسـك بـووە، بـێ هیـچ کۆمـەك و یارمەتییەکـی دەرەکـی". بـۆ پشـتگیری و پاسـاوهێنانەوە بـۆ تۆمەتەکانـی، سـەیاد ئامـاژە بـە بەرنامەکانـی ئێزگـەی ڕادیـۆی لـۆزان دەکات: "کـە بـە یاریزانێکـی سـەرەکی ئـەم پڕوپاگەندەیـەی دادەنێـت. بـە گوێـرەی هەفتەنامەکـە ئـەم کەناڵـە کـە گرنگـی بـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نادات، چەنـد مانگێکـە زانیـاری بڵاودەکاتەوە و بـاس لـە سـەرکەوتنەکانی شۆڕشـی کـورد و شکسـتی سـوپای عێـراق دەکات". لـە کۆتاییدا، سـەیاد جەخـت لـەوە دەکاتـەوە؛ "ڕاپەڕینـی کـورد بەشـێکە لـە زنجیرەیـەک پـیلان کـە لەلایـەن ئیمپریالیـزم و زایۆنیزمـەوە ڕێکخـراوە، بـە ئامانجـی زیانگەیانـدن بـە ناسیۆنالیزمی عەرەبـی و یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق". کەواتـە بەگوێـرەی هەفتەنامەکـە، "شۆڕشـی کـورد خەبـات و تێکۆشـان بـۆ مافـە نەتەوەییـەکان نییـە، بەڵکـو ئامرازێکـە کـە لەلایـەن هێـزە بیانییەکانـەوە بەکاردەهێنرێـت بـۆ ناسـەقامگیرکردنی ناوچـەی عەرەبـی"[١].

لـە وتـاری دووەمـدا، سـەیاد ڕەخنـە لـە ژەنـەڕاڵ قاسـم دەگرێـت: "لـە شـێوازی بەڕێوەبردنـی شـەڕی دژی کـورد بـە ناتەواویـی تۆمەتبـاری دەکات. گۆڤارەکـە نیگەرانـی خـۆی دەردەبڕێـت لـەوەی قاسـم سـوورە لەسـەر بەڕێوەبردنـی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان لـە وەزارەتـی بەرگرییـەوە، بەبـێ ئـەوەی ڕێوشـوێنی پێویسـت بگرێتەبـەر بـۆ بردنـەوەی شـەڕ لەسـەر ئـەرزی واقیـع". سـەرەڕای ئـەوەش، سـەیاد ئامـاژە بـەوە دەکات، "تەنانـەت سـیناتۆرەکانی ئەمەریـکا دەسـتیان کـردووە بـە وروژاندنـی پرسـی بارودۆخـی عێـراق و ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە تێوەگلانـی ئەمریـکا لـەو ململانێیـەدا لەوانەیـە ببێتـە بابەتێکـی مشـتومڕی نێودەوڵەتـی"[٢].

لـە وتـاری سـێیەمدا، ئەلسـەیاد دەڵێـت "زایۆنیـزم فشـار دەخاتـە سـەر ئەمریـکا بـۆ پشـتگیری کـردن لـە کـورد، هـەروەک چـۆن ڕوسـیا و بەریتانیـا دەیکـەن"[٣]. بەگوێـرەی

(١) ئەلسەیاد کە بە مانای (ڕاوچی) دێت. لە ٣٠ی ئابی ١٩٦٢، بەیروت.

(٢) لە ٧ی ئەیلولی ١٩٦٢.

(٣) لە ١٣ی ئەیلولی ١٩٦٢.

ئـەو گۆڤـارە، ئـەم هێـزە ڕۆژئاوایـی و نێودەوڵەتیانـە لـە پشـتیوانیکردن لـە یاخیبوونـی کـورد بەرژەوەنـدی شـاراوەیان هەیـە، هەوڵـی لاوازکردنـی وڵاتانـی عەرەبـی و تێکدانـی یەکڕیزیـی نەتەوەیـی عێراقـە.

ڕۆژنامەیەکـی دیکـەی لوبنانـی ئەلموحـەرەر هەڵوێسـتێکی زۆر ڕەخنەگرانـە و ترسـناکانە دەگرێتەبـەر. لـە یەکێـک لـە وتارەکانیـدا نووسـیویەتی: "ئەلموحـەرەر سـەرنجی عەرەبـەکان بـۆ فەڵەسـتینێکی نـوێ ڕادەکێشـێت: ناسـیۆنالیزمی کوردسـتانی لـە ڕوناکییەکـی نوێـدا. داوای دروسـتبوونی دەوڵەتێکـی کـوردی دەکات کـە کۆنترۆڵـی سـەرچاوەکانی نـەوت بکات، هەرلەبـەر ئەوەشـە ئیسرائیـل و ڕۆژئـاوا پشـتگیری لـە یاخیبوونـی کـورد دەکـەن"[١].

بـرەوی ڕاپۆرتەکانـی ڕۆژنامـە بیانییـەکان لەسـەر کوردسـتان و ئـەو گرنگییـەی بـۆ شۆڕشـی کـورد لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی دروسـتیان کـرد، پێدەچێـت ژەنـەڕاڵ قاسـمیان زۆر نیگـەران کردبێـت. ڕۆژنامەکانـی بەغـدا بـۆ بەرپەرچدانـەوەی ئـەم بانگەشـەیە لـە ژێـر کۆنترۆڵـی ئـەودا کاردانـەوەی خێرایـان هەبـوو. ئەمـەی خـوارەوە چەنـد بەشـێکە لـە سـەروتارێکی ڕۆژنامـەی "عەهـد ئەلجەدیـد" کـە بیرۆکـەی چۆنییەتـی مامەڵەکردنـی میدیـا فەرمییەکانـی عێـراق لەگـەڵ ئـەم بابەتـەدا دەخاتـەڕوو. لـەم سـەروتارەدا کـە بـە ناونیشـانی "بـارزان لـە خزمەتـی ئەمریکیەکانـدا" دەبینیـن نـوسراوە:

"ڕۆژنامەنووسـێکی ئەمریکـی لـە ڕۆژنامـەی "نیویـۆرک تایمـز" بەنـاوی دانـا شـمیت ڕێـگای زۆری بڕیـوە و بـە ناو شـاخ و دۆڵەکاندا تێپەڕیوە و لەسـەر پشـتی هێسترێک دەگاتە شـوێنی خۆحەشـاردانی ژەنـەڕاڵ، ئـەم ژەنەڕاڵـە ژەنەڕاڵـی ورچـەکان، کۆنەپەرسـتەکان، دەرەبەگایەتـی و ئیمپریالیزمـە، هەروەهـا ئـەو ژەنەڕاڵـی بـەرازە کێوییـەکان، سـەگە هـارەکان و چەتەکانـە. ئـەم ژەنەڕاڵـە نـاوی مسـتەفا بارزانییـە"[٢].

لـە سـەروتارێکی دیکـەدا بـە ناونیشـانی ‹ئـەی چەتـەی شـیکاگۆ! هەمـان ڕۆژنامـە نووسـیویەتی "ژەنەڕاڵـی! چەتەکانـی سـەر ڕێـگا گـەورەکان و چەتەکانـی شـیکاگۆ هەمیشـە بریـکاری ئیمپریالیزمـی ئەنگلـۆ ئەمریکـی بـوو"[٣].

---

(١) ئەلموحەرەر کە بە مانای(رزگارکەر) دێت، لە ئەیلولی ١٩٦٢، بەیروت.

(٢) ڕۆژنامەی "عەهد ئەلجەدید" ١ ی تشرتنی یەکەمی ١٩٦٢، بەعدا.

(٣) ڕۆژنامەی "عەهد ئەلجەدید" ٢ ی تشرتنی یەکەمی ١٩٦٢، بەعدا.

لـە سـەروتاری سـێیەمیدا هـەر هەمـان ڕۆژنامـەدا بـە ناونیشـانی "ئـەی دڵخـۆر! " نـووسراوە: "ژەنـەڕاڵ! نەخۆشـە، بـەڵام لـە ڕۆحـی نەخۆشـە، نەخۆشـی شـۆڤێنیزمی هەیـە، لـە مرۆڤایەتیـدا نەخۆشـە (...). لـە جێگاکەیـەوە، چەتـە تاوانبارەکانـی دەنێرێـت بـۆ ئـەوەی بـە خەنجەرەکانیـان سـنگی منـداڵان و ژنـان و پیرەمێـردەکان شـەق بکـەن و دڵیانـی بـۆ ببـەن بۆئـەوەی چـاک بێتـەوە (...). سـی سـاڵە ئـەم بارزانییـە نەخۆشـە بـە خواردنـی دڵ و خوێـن کـە خیانەتـکاران و دز و چەتـەکان و ئیمپڕیالیسـتەکان پێشکەشـی دەکـەن چارەسـەری خـۆی دەکات، بـەڵام ئایـا چـاک دەبێتـەوە؟ ئایـا تێـر دەبێـت؟ ئایـا تینوویەتـی دەشـکێنێت؟"[1]

مەبەسـت لـە وەرگرتنـی ئـەم وتـار و ناونیشـانانە ئەوەمـان نیشـان دەدات کـە سـەرکردەکانی عێـراق چـۆن لـە پرسـی کـورد دەڕوانـن و لێـی تێدەگـەن و ئـەو مەترسییەی ڕق و کینـە و نـاخ ڕەشـی عـەرەب هەڕەشـە بـۆ گەلـی کـورد دروسـت دەکات. هەروەهـا زەحمەتـی سـەرکردەکانی بزووتنـەوەی کـوردی دەردەخـات بـۆ گەیـشتن بـە ڕێککەوتـن لەگـەڵ ئـەو جـۆرە سـەرکردانە و ژیانێکـی ئاشـتیانە و پێکەوەژیـان لەگـەڵ عەرەبـەکان لـە عێراقێکـدا کـە دیموکراسـی نییـە و لەلایـەن سـوپا و سـەربازەوە بەڕێـوە دەبرێـت[2].

بـۆ وڵاتانـی مەغریـب (جیهانـی عەرەبـی ڕۆژئـاوا)، پرسـی کـورد، کـە پێـشتر زۆر کـەم نـاسراو بـوو، دەبێـت لایـان ئاشـنا بووبێـت، بـەڵام ئاشـکرایە؛ لـەم وڵاتانـەدا نەیاندەویسـت لەبـارەی ئـەم بابەتـە هەڵوێسـتیان هەبـێ[3].

"لەسـەر شۆڕشـی کـورد پێویسـتە باسـی بابەتێـک بکەیـن کـە لـە ١١ی ئابـی ١٩٦٢ لـە تونـس لـە گۆڤـاری Jeune Afrique، بـە ناونیشـانی: "لـە هەمـوو شـوێنێک تینوێتـی بـۆ ئـازادی زیـاد دەبێـت" بڵاوکراوەتـەوە.

---

(١) ڕۆژنامەی "عەهد ئەلجەدید" ٣ی تشرتنی یەکەمی ١٩٦٢، بەعدا.

(٢) هەندێـک لـەو قسـە و لێدوانانـەی خراوەنەتـە پاڵ ژەنـەڕاڵ بارزانـی و لـە ١٠ ی ئەیلولـی ١٩٦٢ لـە نیویـۆرک تایمـز بڵاوکرایـەوە، لەلایـەن خەبـات لە تشرینـی یەکەمی ١٩٦٢ ڕەتکرایـەوە و بـەدرۆ خرایەوە. هەمـان ژمارەی ڕۆژنامـە کوردییەکـە تێکستی لێدوانەکانـی بارزانـی بـۆ بەڕێـز شـمیت لە خـۆ دەگرێت.

(٣) "پێویسـتە لەسـەر شۆڕشـی کـورد باسـی بابەتێـک بکەین کە لـە ١١ی ئابی ١٩٦٢ لە تونـس لە گۆڤاری Jeune Afrique بڵاوکراوەتـەوە، بـە ناونیشـانی:"لە هەموو شـوێنێک تینوێتی بۆ ئـازادی زیاد دەبێت".

### ٤. شەڕ لە ماوەی زستانی ١٩٦٢-١٩٦٣.

پاش سەرکەوتنەکانی کورد لە هاوینی ١٩٦٢، جەنگی زستانی دواتر بەگوێرەی چاودێران لە لەندەن "تا ڕادەیەك بێزارکەر بوو"[(١)]. دەیڤد ئادەمسۆن پەیامنێری سەندەی تەلەگراف کە لە مانگی کانوونی یەکەمدا سەردانی کوردستانی کرد، دەڵێت: "شۆڕشگێڕانی کورد شکستێکی گەورە و یەکلاکەرەوەیان بە هێزەکانی حکومەت گەیاندووە: ئەوان پێشڕەوی ٤٠٠ میل دەکەن و بێ هیچ بەرەنگاربوونەوەیەک ناوچەیەکی بەرفراوانی باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق کۆنتڕۆڵ دەکەن"[(٢)]. ئەم پەیامنێرە بارودۆخی سەربازی بەم شێوەیە دەبینێت:

١. هێزە عێراقییەکان بۆ گرتنەوەی چیاکان، دەستبەرداری هەر هەوڵێک بوون، کردەوەکانیان تەنیا بریتییە لە "تۆپبارانکردنی پچڕ پچڕی گوندەکان" و "پەلاماردانی ناوچە نشێوەکان، کە بۆ چەکە قورسەکانیان گونجاوترە، لەبەرئەوەی کورد هیچ چەکێکی کاریگەریان لە بەرامبەریاندا نییە".

٢. پێشمەرگە چالاکییەکانی تا کەنارەکانی دیجلە لە ڕۆژئاوا ئەنجام دەدات و شەوانەش شارە گەورەکانی کەرکووک و هەولێر و سلێمانی لەژێر دەستیانە.

٣. "پێدەچێت ورەی هێزەکانی حکومەت ڕووخا بێت". ئەمەش لە ئاسانی چوونی پێشمەرگە بۆ ناو دامەزراوە نەوتییەکان و زیادبوونی ژمارەی زیندانییەکاندا دەبینرێت. لە ڕاستیدا، "واز لە سیاسەتی ئازادکردنی زیندانیان دەهێنن و ئاگاداریان دەکەنەوە کە نەگەڕێنەوە شەڕ، ئێستا نزیکەی دوو هەزار کەسیان دەستبەسەرکردووە".

٤. بەگوێرەی ئادەمسۆن، سەرکەوتنەکانی کورد "هانی وڵاتانی دراوسێی پەیمانی بەغدا، تورکیا و ئێران دەدات بۆ ئەوەی سیاسەتەکانیان بەرامبەر کەمایەتییە کوردییەکانیان نەرم بکەنەوە. ئەگەری درێژەکێشانی شۆڕشەکە مەترسییەکی درێژخایەنی گەورە بۆ ئەم وڵاتانە و بۆ سیاسەتی بەرگری پەیمانی بەغدا نیشان دەدات".

---

(١) تایمز، لە ١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٦٣.

(٢) سەندەی تەلەگراف ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٦٢.

شـــایانی باســـە شـــەوی ١٠ لەســـەر ١١ ی تشرینـــی یەکەمـــی ١٩٦٢ یەکەیەکـــی کـــورد بـــە مەلـــە لـــە ڕووبـــاری دیجلـــە پەڕییـــەوە و هێرشـــی کـــردە ســـەر دامـــەزراوە نەوتییەکانـــی عەیـــن زالـــە لـــە بیابانـــی باکـــووری ڕۆژهەڵاتـــی مووســـڵ. ســـەربازانی ســـەربازگە عێراقییەکـــە و بەرپرســـانی بەریتانـــی و ئەمریکـــی کۆمپانیاکـــە بـــە دیـــل گیـــران[١]. هێرشـــێکی تـــر لـــە ناوچـــەی دەوڵەمەنـــد بـــە نـــەوت لـــە کەرکـــووک لـــە ٢٥ ی تشرینـــی دووەم[٢] ئەنجامـــدرا.

ســـەبارەت بـــە داگیرکردنـــی شـــارە ســـەرەکییەکانی کوردســـتان، لـــە کۆتاییـــدا هێـــزە کوردییـــەکان بڕیاریـــان دا نەچنـــە ناویانـــەوە لەبـــەر ئـــەم هۆکارانـــەی خـــوارەوە:

١. بۆ ئەوەی دانیشتووانەکانیان ڕووبەڕووی مەترسی هێرشی ئاسمانی عێراق نەبنەوە.

٢. بـــۆ ئـــەوەی ڕێگـــە بـــە بەغـــدا بـــدات بـــۆ دابینکردنـــی پێداویســـتییەکانی شارنشـــینان، بەتایبەتـــی شـــارەکان بازاڕێـــک بـــوون کـــە شـــۆڕش دەیتوانـــی ڕاســـتەوخۆ یـــان ناڕاســـتەوخۆ ئـــەو بەرهەمانـــە بەدەســـتبهێنێت کـــە لـــە لادێکانـــی ژێـــر کۆنتڕۆڵـــی خۆیـــدا نەبـــوون یـــا کـــەم بـــوون.

بـــۆ پەردەپۆشـــکردن و شـــاردنەوەی شکســـتە ســـەربازییەکانی، ڕۆژنامەکانـــی بەغـــدا هەواڵـــی چەواشـــەکاریان بڵاودەکـــردەوە. لـــە ٢٨ ی کانوونـــی یەکەمـــی ١٩٦٢، ژەنـــەڕاڵ قاســـم خـــۆی لـــە ڕادیـــۆدا ڕایگەیانـــد "بارزانـــی لەســـەر ســـنوور مـــردووە ". ڕۆژی دواتـــر ڕۆژنامەکانـــی عـــەرەب ڕایانگەیانـــد "بارزانـــی پەنـــای بـــۆ گوندێکـــی نزیـــک ســـنوور بـــردووە و لـــەوێ بەهـــۆی ســـەختی برینەکانییـــەوە گیانـــی لەدەســـتداوە"[٣]. بـــەڵام ڕۆژنامـــەی "لا تریبیـــون دو لـــۆزان" ئامـــاژەی بـــەوەدا "بـــۆ پێنجـــەم جـــار، مردنـــی بارزانـــی لەلایـــەن بەغـــداوە ڕادەگەیەنرێـــت"[٤]، لـــە کاتێـــکدا ڕۆژنامـــەی "کۆمبـــا" پێـــی وایـــە "قاســـم

(١) ئەمریکییـــەکان کـــە (خێزانێـــک) بـــوون، زۆر زوو ئـــازاد کـــران، بـــەڵام "سەرپەرشـــتیار" دانـــک وێرســـی بەریتانـــی "وەک میوانێکـــی نابـــەدڵ" لـــە شۆڕشـــدا دەســـتگیرکرا و تەنیـــا دوای بەدواداچوونەکانـــی خاچـــی ســـووری نێودەوڵەتـــی و خاچـــی ســـووری بەریتانیـــا ئـــازاد کـــرا.

(٢) گۆسلینگی بەریتانی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک دەستبەسەرکرا.

(٣) بڕوانە ڕۆژنامەی ئەلجومهوریە لە ٢٩ کانوونی یەکەمی ١٩٦٢، بەغدا.

(٤) ژمارەی بەرواری ٣٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٢.

ئاواتەکانی خۆی لەگەڵ ڕاستی تێکەڵ دەکات"[(١)]. لای خۆیەوە ڕۆژنامەی "سەندەی تەلەگراف" ئاماژەی بەوەدا "پەیامنێرەکەی دەیڤد ئادەمسۆن هاوەڵ و یاوەری ژەنەراڵ بارزانی بووە ڕێك لەو کاتەدا قاسم لە ڕادیۆیەکەوە ڕایگەیاند، لە نزیک سنووری تورکیا بریندار بووە. بارزانی تەندروستی زۆرباش و سەلامەت بوو و ٢٠ میل لە باشووری ئەو سنوورە دوور بوو کە قاسم باسی کردووە "[(٢)].

کێشەی ئاوارە و لێقەوماوە کوردە مەدەنیەکان لە لایەنی مرۆییەوە ڕۆژنامەی جنێفی سویسری نیگەران دەکات: "زۆرێک لە ناوچەکان بە بۆمبی سووتێنەر بۆردومان کراون. ڕزگاربووەکان پەنایان بردەبەر دارستانەکان، لە هاویندا تا ڕادەییەك بەرگە دەگیرێت، بەڵام لە ناوچە بەرز و شاخاویەکاندا کە زستانیان زۆر ساردە، بەرگەگرتن سەختە". سەرنووسەری ڕۆژنامەی جنێڤ ڕونێ پایوت پێی وایە "جێگەی قبوڵ نییە ژەنەراڵ قاسم ڕێگری لە ڕێکخراوە مرۆییەکان بکات، بەتایبەتی خاچی سوور، لە یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە ئازار دەچێژن و لە مەینەتیدان"[(٣)].

(١) ژمارەی بەرواری ٣٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٢.

(٢) ژمارەی بەرواری ٣٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٢.

(٣) سەروتاری بەرواری ٣٠ تشرینی دووەمی ١٩٦٢.

### ٥. قورسایی و کاریگەریی شەڕ لە عێراقی عەرەبی

شـــەڕی کوردســـتانی عێـــراق و پێشـــڕەوی بەردەوامـــی لەشـــکری شـــۆڕش، ژیانـــی سیاســـی و ئابـــووری عێراقـــی عەرەبـــی ڕۆژ بـــە ڕۆژ لاوازتـــر دەکـــرد، بـــەم شـــێوەیە مانـــەوەی ڕژێمـــی قاســـم ڕۆژ بـــە ڕۆژ قـــورستر دەبـــوو.

ئـــەو ســـەردەمە بەســـەرچووە، کـــە سیاســـەتی بەریتانیـــا وەك پرســـێکی کەمینـــە ســـەیری کێشـــەی کـــوردی دەکـــرد و دەتوانـــرا لەلایـــەن ســـەرکردە و کاربەدەســـتانی بەغـــداوە پشـــتگوێ بخرێـــت. ئێســـتا لـــە جەرگـــەی ژیانـــی عێراقدایـــە و بابەتـــی ســـەرەکی گفتوگـــۆی سیاســـی نێـــوان خەڵکـــە و فاکتەرێکـــی ســـەرەکییە کـــە بەداخـــەوە بەشـــێوەیەکی نەرێنـــی کاریگـــەری لەســـەر سیاســـەتی ناوخـــۆ و دەرەوەی حکومەتـــی عێـــراق هەیـــە، ئەمـــە زیاتـــر و زیاتـــر لەســـەر ژیانـــی ڕۆژانـــەی هاوڵاتیـــان و سیاســـەت قـــورستر دەبێـــت. ســـەقامگیری دەســـەڵات و داهاتـــووی دەوڵـــەت بەنـــدە بـــەوەی، ئایـــا چارەســـەر دەکرێـــت یـــان خـــراپتر دەبێـــت.

کاریگەرییەکانـــی شـــەڕی عێراقـــی عەرەبـــی لـــە چەنـــد بوارێکـــی جیـــاوازدا هەســـتی پێدەکـــرا:

١. خەرجییـــە ســـەربازییەکانی عێـــراق زۆر گـــەورە بـــوون و لەگـــەڵ شـــەڕەکەدا بـــەردەوام زیـــادی دەکـــرد. ئـــەوان قورســـایی زۆریـــان لەســـەر بودجـــە دانـــا، کاریگـــەری خراپـــی لەســـەر بەدیهێنانـــی پـــڕۆژە ئابوورییـــە بەرهەمـــدارەکان هەبـــوو. مەزەنـــدە دەکرێـــت کـــە قاســـم ٪٤٠ ی بودجـــەی وڵاتەکـــەی بـــۆ ســـوپاکەی تەرخـــان کردبێـــت. داهاتـــی کۆمپانیـــای نەوتـــی عێراقـــی لـــە ســـاڵێکدا نزیکـــەی یـــەك ملیـــار و پێنـــج ســـەد هـــەزار فرانکـــی ســـویسری بـــووە. ئـــەم داهاتانـــە بـــووە هـــۆی ئـــەوەی بتوانرێـــت پـــارەی شـــەڕی کوردســـتان دابیـــن بکرێـــت.

٢. هەروەهـــا خەرجیەکانـــی دەزگا هەواڵگرییـــەکان و مەشـــقپێکردنی بەکرێگیـــراوان و جاشـــەکان و پۆلیســـی گشـــتی و نهێنـــی کـــە قاســـم بـــۆ مســـۆگەرکردنی مانـــەوەی ڕژێمەکـــەی دانـــاوە زۆر بـــەرز بـــوو.

٣. شـەڕەکە بازرگانـی و هاتوچـۆی نێـوان ناوچـە کوردییـەکان و عەرەبەکانـی قورسـتر کـرد. هەندێـک بەرهەمـی کشـتوکاڵی، هەرچەنـدە لـە عێـراق زۆرن، دەبووایـە هـاوردە بکرێـن. ئەمـەش لەگـەڵ خەرجییەکانـی سـوپا و پۆلیـس ئابـووری وڵاتەکـەی زۆرتـر لاواز کـرد. چەقبەسـتوویی هاتـە ئـاراوە، ژیـان گرانـتر بـوو. بـۆ جوتیـاران و کرێـکاران، بەرگەگرتنـی هـەژاری قورسـتر بـوو.

٤. زۆربـەی خێزانـەکان، بەتایبەتـی لـە نێـو هەژارترینیـان، کـوڕ یـان مێردیـان یـان باوکیـان کـوژراون یـان دیـار نەمـاون یـان بـە دیـل گیـراون. بـە تێپەڕبوونـی ڕۆژەکان، ئـەم لیسـتە زیادەبـووە و کاریگـەری لەسـەر ڕای گشـتی هەبـوو.

٥. ڕای گشـتی عەرەبـی نیگەرانـی ئاینـدەی دەوڵـەت بـوو و پرسـیاری ئـەوەی دەکـرد، ئامانجەکانـی بزووتنـەوەی کـوردی چییـە و چـی دەبێـت. خەڵـک لـە سنووردارکردنی ئازادییەکانیـان لەلایـەن ڕژێمـەوە، لـە بەرزبوونـەوەی نرخـی نـان و لـە بارودۆخـی سـەختی ژیانیانـدا، هەسـتیان بـە قورسـایی شـەڕ دەکـرد.

٦. لەگـەڵ ڕای گشـتی، دژایەتـی و بەرهەڵسـتی پارتـەکان و ئەفسـەران بەهێزتـر بـوو، سـوودیان لـە گرفتەکانـی ڕژێـم وەرگـرت بـۆ هێرشـکردن.

چـوار هێـزی سیاسـی کـە دەبێـت چاودێـری بکرێـن: سـوپا، بـۆرژوازی ناسیونالیسـت، بـۆرژوازی دیموکـرات و حزبـی شـیوعی.

### ٦. هەڵوێستی سوپا

سوپا وەک هێزێکی سیاسی پێکدێ لە ئەفسەرانی پلە بەرز. زۆربەی سەربازەکان کە بەشێوەیەکی سەرەکی شیعە بوون، لە شەڕ بێزار بوون و دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ ماڵ و حاڵی خۆیان لە عێراقی عەرەبی، بەڵام بۆچوونیان گرنگ نەبوو و وەرنەدەگیرا.

ژمارەیەکی کەم لە ئەفسەرە باڵاکان هاوکاری ڕاستەوخۆی قاسم بوون و چارەنووسیان بە چارەنووسی ئەوەوە بەسترابووەوە. قاسم توانیبوی خۆی بە کەسانێک دەورە بدات کە بە دژە شیوعی ناسراون، وەک ژەنەڕاڵ محەمەد ساڵح عەبدی، سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق، یان کەسانێک کە بە شیوعی دادەنرێن، وەک ژەنەڕاڵ جەلال ئەلئەوقاتی، سەرۆکی هێزی ئاسمانی، عەمید تەها شێخ ئەحمەد(دەگوترێت پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقەوە هەبووە)، سەرۆکی نووسینگەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی و عەقید فازل ئەلمەهداوی سەرۆکی داگای باڵای سەربازی یان دادگای گەل.

زۆربەی ئەفسەرەکان زیاتر دوژمنایەتی ڕژێمیان دەکرد، جا چ لایەنگری ناسرییەکان بن یان بەعس. ژەنەڕاڵ قاسمیان بە خراپ بەڕێوەبردنی جەنگ دژی کوردستان تۆمەتبار کرد. بەگشتی ئەو ئەفسەرانە شکستی سوپایان قبوڵ نەبوو و داوای تۆڵەسەندنەوەیان لە کورد دەکرد، بەگوێرەی ڕۆژنامەیەکی ناسیونالیستی لوبنان[1]، گروپێک لە ئەفسەرانی ئەرکان ڕاپۆرتێکی زۆر نهێنییان پێشکەش بە ژەنەڕاڵ قاسم کردووە و ڕەخنەیان لە شێواز و هەڵسوکەتەکانی گرتووە، لەوانە: "بێبەشکردنی هێزە عێراقییەکان لە ئازادی جووڵەکردن و کەمکردنەوەی خۆراک و تەقەمەنی" کە "ورەی سەربازەکانی دابەزاندووە" و ڕێگە بە هێزەکانی بارزانی دەدات ئازادانە مانۆڕ و هەڵسوکەوت بکەن و خاکی کوردە دڵسۆزەکان پاک بکەنەوە. ڕاپۆرتەکە هەروەها ڕەخنەی لە قاسم گرتووە کە "سوپای لە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی ناسیۆنالیست پاککردووەتەوە".

لەناو ئەم چینەناڕازیەدا بوو کە ڕێکخراوێکی نهێنی دامەزرا بە ناوی "ئەفسەرانی ئازاد". ئەم بزووتنەوەیە بۆ ڕووخاندنی ڕژێم پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کرد.

---

(١) ئەلموحەرەر لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢، بەیروت.

### ٧. هەڵوێستی چینی بۆرژوازی ناسیونالیستی عەرەبی

بـۆرژوازی ناسیونالیسـتی عێراقـی عەرەبـی کـە بـە بەردەوامـی دژایەتـی زۆری ڕژێمـی قاسـم و حزبـی شـیوعی دەکـرد، لـە دوو لایەنـی سـەرەکی پێکهاتبـوو، بەعـس و ناسرییـەکان، پشـتگیری بزووتنـەوەی یەکپارچەیـی عەرەبـی دەکـرد و لـە هەمـان کاتـدا ناسـیۆنالیزمێکی عێراقـی دیاریکـراوی گەشـەپێدەدا. بـە نەریـت دژی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـورد بـوو. لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا، بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە بێلایەنـە، لـە کاتێکـدا ڕقـی زۆری لـە بێگانەیـە و بەرامبـەر ڕۆژئـاوا و وڵاتـە سۆسیالیسـتەکان شـۆڤێنییە.

ئـەم بۆرژوازییـە بـە چاوێکـی خـراپ سـەیری بزووتنەوەیەکـی کـوردی نـاکات کـە کێشـە بـۆ حکومەتەکانـی تـاران و ئەنقـەرە دروسـت بـکات. لەگـەڵ ئەوەشـدا، لەلایـەوە کوردسـتانی عێـراق بەشـێکی دانەبـڕاوە لـە "نیشـتمانی عەرەبـی" و نـاوی کوردسـتان میراتـی ئیمپریالیزمـی بەریتانیایـە و ئەگەرنـا هیـچ مانایەکـی نییـە و بوونـی نییـە: هەندێـک لـە ئەندامەکانـی ئەوپـەڕی مافـی کەلتـوری سـنووردار بـۆ گەلـی کـورد قبـوڵ دەکـەن، هەندێکـی تـر دەیانەوێـت بـە ئارەزوومەندانـە بێـت یـان بـە زۆرەملـێ گەلـی کـورد تێکەڵیـان بن و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد تێکبشـکێنن، هەرچەنـدە زۆربەیـان گەنـج بـوون و بەشـداربووی خۆپیشـاندانەکانی سـەر شـەقام بـوون، بـەڵام ئـەم بۆرژوازییـە ئەفسـەرێکی زۆری لـە سـوپادا هەبـوو و دەیویسـت "ڕاپەڕیـن و شـۆڕش لـە باکـوور" سـەرکوت بـکات. تـا ئەوکاتـەی دەتوانـن "دابەشـکەری عێـراق"، واتـە ژەنـەڕاڵ قاسـم دەڕوخێنـن، سـەرکردەکانی ئـەم بۆرژوازییـە بیرۆکـەی هاوپەیمانێتییەکـی تاکتیکی لەگـەڵ هەمـان "شـۆڕش لـە باکـوور" ڕەت ناکەنـەوە.

لـە سـەردەمی قاسـمدا دوو پارتـی سیاسـیی نهێنـی نوێنەرایەتـی ئـەم بۆرژوازییەیـان دەکـرد: "بەعـس" کـە بەهێزتریـن و ئەفسـەرێکی زۆری هەبـوو و بزووتنـەوەی بەنـاو "ناسیۆنالیسـتە عەرەبییـەکان" کـە لایەنگـری نـاسری بـوون، بـەڵام کـەمتر لـە خـودی نـاسر نیشـانەیان هەبـوو. ئـەم بزوتنەوەیـە دواجـار بۆچوونەکانـی میانـڕەو کـرد و لـە سـاڵی ١٩٦٨دا تەنانـەت دان بـە ڕەوایەتـی بزووتنـەوەی کـورد لـە سـووریا و لوبنـان

دەنێــت. پێدەچێــت پــاشماوەی پارتــی ســێیەم، "ئیســتیقلال"، کــە لــە ســەردەمی ڕژێمــی کۆنــدا بــە حزبــی دیموکراتــی دادەنــرا، لــە دوای شۆڕشــی ١٤ی تەمــووزەوە، بــەرەو لای ناسیۆنالیســتە چالاکوانــەکان ڕۆیشــتووە.

کۆمیتــەی ناوەنــدی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لــە کۆبوونەوەکانــی ١٤ تــا ١٧ و ٢٦ تــا ٣١ی کانوونــی یەکەمــی ١٩٦٢ بــۆ شــیکردنەوەی هەڵوێســتی لایەنــە سیاســییە جیاوازەکانــی عێــراق بەرامبــەر بــە شۆڕشــی کــورد زنجیرەیــەک بڕیــاری پەســەند کــرد: پارتــە ناسیونالیســتە عەرەبییــەکان، پارتــی نیشــتمانی پێشــکەوتنخواز، پارتــی دیموکراتــی نیشــتمانی و حزبــی شــیوعی عێراقــی.

پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لــە بڕیارەکەیــدا ســەبارەت بــە "پارتــە ناسیۆنالیســتەکان" ئامــاژە بــەوە دەکات "هەڵوێســتی ئــەوان بەرامبــەر گەلــی کــورد و داخوازییــە نەتەوەییەکانمــان و شۆڕشــەکەمان شــۆڤێنییە و دوژمنکارانەیــە، ڕێــک هەڵوێســتی داگیرکەرێکــە بــە پێچەوانــەی پرەنســیپە مرۆییــەکان و مافــی چــارەی خۆنووســینی گــەلان، هەروەهــا پێچەوانــەی بڕیارەکانــی کۆنفرانســی ئەفریقــی-ئاســیایی لــە باندونــگ و قاهیــرە"[١].

(١) ئەم بڕیارانە لە ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە ئەورووپا لە نامیلکەیەکدا بڵاوکرایەوە بە ناوی بڵاوکراوەی گشتی، کە لە دوو چاپدا بەردەست بوو: کوردی و عەرەبی.

### ٨. هەڵوێستی بۆرژوازی دیموکراتی عەرەبی.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆرژوازی دیموکراتی عێراقی بیلایەنە و ناسیۆنالیزمێکی عێراقی تایبەت بەرجەستە دەکات کە زیاتر گرنگی بە ناسنامەی عێراقی دەدات وەک لە بۆرژوازی ناسیونالیست. لە هەمانکاتدا، داکۆکی لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی کەمتر سۆزدار و بیرمەندتر دەکات. یەکێتییەکی عەرەبی لەگەڵ وڵاتانی تری عەرەبی قبووڵە، بەڵام بە سێ مەرج، واتا تەنیا ئەو کاتەی فیدراڵ و دیموکراسی بێت و ڕێز لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقی و ناسنامەکەی بگرێت.

خاڵی لاوازی گەورەی ئەم بۆرژوازییە نەبوونی ڕێکخستنی سیاسییەتی. نە دەتوانێت جەماوەر وەک بۆرژوازی ناسیونالیست یان حزبی شیوعی بۆ خۆپیشاندانەکان و جووڵانی شەقام کۆبکاتەوە و نە دەتوانێت پشت بە ئەفسەرانی ناسیونالیست و ناسیونالیستی توندڕەو ببەستێت کە توانای ئەنجامدانی کودەتایان هەیە.

پارتی دیموکراتی نیشتیمانی، بە سەرۆکایەتی بەڕێز کامل ڕەفعەت چادرچی کە بە مانای وشە عێراقی بوو، دواتر بەهۆی چاکسازیەکانی قاسم بەسەر سێ باڵی ڕکابەر دابەش بوو. یەکێکیان بە سەرۆکایەتی بەڕێز چادرچی ناوی سەرەکی پارتەکەی هێشتەوە. ئەوی تریان بە سەرۆکایەتی بەڕێز محەمەد حوسێن حەدید لهێبی بوو، کە پارتەکە بوو بە "پارتی نیشتمانی پێشکەوتنخواز" و سێیەم بە سەرۆکایەتی بەڕێز حوسێن جەمیل، هێڵێکی جیاوازی گرتەبەر. بەڕێز چادرچی و شوێنکەوتووانی بۆ بیروبۆچوونەکانیان دژی هەر دیکتاتۆرییەکی سەربازی دڵسۆز بوون.

دوای ماوەیەکی درێژ لە بێدەنگی، بەڕێز چادرچی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ماڵەکەی خۆیدا، کە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەخشکرا، لێدوانێکی سەرسوڕهێنەری دا. سەرەتا ڕەخنەی لە ڕژێمی قاسم گرت و بە دیکتاتۆرێکی سەربازی وەسفی کرد و داوای گەڕانەوەی سیستەمی دیموکراتی و پەرلەمانی کرد. پاشان ئەو بیروڕایە ڕەسمییە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێت سەرهەڵدان و شۆڕشی کورد "یاخیبوونێک بوو کە لەلایەن ئیمپریالیزمەوە هاندراوە " و دانی بە شەرعییەت و ڕەوایەتی ئەم شۆڕشەدا ناوە بێ ئەوەی بە ئاشکرا و بە ڕاشکاوی باسی "کوردستان" یان "ئۆتۆنۆمی" بکات، داوای کۆتاییهێنان بە شەڕ و دانان بە مافە نەتەوەیی و کەلتوورییەکانی کورد دەکات. هۆشداری دەدات، ئەگەر شەڕ بەردەوام بێت،

کورد لە عێراق جیادەبێتەوە و وەبیری دەهێنێتەوە کە وڵاتانی عەرەبی بە هەمان مەبەست و هۆکار لە دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕاپەڕینیان کردبوو: "دەبێت لەو شتانە فێربین و وانەیەك وەربگرین کە لەم ئیمپراتۆریەتەدا ڕوویدا". لە کۆتاییدا داوا دەکات "هەموو کاربەدەست و بەرپرسانی سەربازی سوپا دەسەڵات بە خەڵکی مەدەنی لێهاتوو بدەن "[١].

دوای ئـەوەی بەڕێـز چادرچـی سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی نیشـتیمانی و یـازدە کەسـایەتی عێراقـی لـە نێوانیانـدا شـیوعییەکان بانگەوازێکـی گشـتییان لـە ڕۆژنامەکانـدا بڵاوکـردەوە و داوای "کۆتاییهێنـان بـە شـەڕ و چارەسـەری ئاشـتیانە بـۆ ناکۆکیـەکان لـە ڕێگـەی دانـان بـە مافـە ڕەواکانـی گەلـی کـورد"[٢] کـرد. دواتـر سـکاڵای دیکـە بڵاوکرایـەوە، بـەڵام واژۆکارەکان بـە خێرایـی بـێ لێپێچنـەوە دادگایـی کـران.

دەبێت ئەوە بزانین، ڕژێمی قاسم ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتی بە تەواوی لە ئازادی ڕۆژنامەگەری بێبەش نەکرد. هەندێک لە ڕۆژنامەکانی بەغدا هێشتا دەیانتوانی ڕەخنە لە سیاسەتەکانی ڕژێم بگرن، بەڵام ئەمە ڕووبەڕووی ڕێوشوێنی یاسایی یان ڕاگرتنی کارگێڕی بوونەتەوە.

بەڕێـز محەمـەد حەدیـد سـەرۆکی "پارتـی نیشـتمانی پێشـکەوتنخواز" لـە سـەردەمی ژەنـەڕاڵ قاسـم وەزیـری دارایـی بـوو و پشـتگیری شـەڕی دژی کـورد بـوو. بەڕێـز حوسـێن جەمیـل پارێـزەر و پیاوێکـی میانـڕەو بـوو لەگـەڵ ڕژێمـی قاسـم هـاوکاری کـردووە.

هەڵوێسـتی ئـەم بۆرژوازییـە دیموکراتییـە بەرامبـەر بـە کێشـەی کـورد بەهـۆی دوو هـۆکارەوە بـوو: لـە لایـەک پەیوەسـتبوونی بـە پرەنسـیپە دیموکراتییـەکان، کـە هانـی دەدات بـۆ دانـان بـە هەندێـک مافـی نەتەوەیـی بەرامبـەر بـە کـورد. لـە لایەکـی دیکەوە، ناسـنامە ناسـیۆنالیزمە عێراقییەکـەی و وەڵامدانـەوەی بـۆ داواکارییەکانـی شۆڕشـی کـورد، هەرچەنـدە میانـڕەو بـن، سـنووردار دەکات.

کۆمیتـەی ناوەندیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە بڕیارنامـەی کانوونـی یەکەمـی ١٩٦٢ دا پارتـی نیشـتمانی پێشـکەوتنخوازی بـە "پارتێکـی بـێ بنکـەی جەمـاوەری" وەسـف

---

(١) دەتوانیـن دەقـی وتارەکـەی بەڕێـز چادرچـی لـە ڕۆژنامـەی "چـواردەی تەمـووز" لـە ٢٣ی نیسـانی ١٩٦٢ لـە بەغـدا (بـە عەرەبـی) بخوێنینـەوە.

(٢) دەتوانـن سـەیری دەقـی "بانگـەوازی یـازدە کەسـایەتییەکە " بکـەن لـە ڕۆژنامـەی "سـەوت ئەلئەحـرار" لـە ٢٤ی نیسان لـە بەغـدا و لـە "ئەلحەیـات" لـە ٢٥ی نیسـانی ١٩٦٢ لـە بەیـروت.

کـرد کـە هەڵوێسـتەکانی بـە "هەڵپەرسـت" دادەنرێـت. هەڵوێسـتی ئـەو بـە "شـۆڤێنی" سـەیردەکرێت کـە دژایەتـی شۆڕشـی کـورد و گەلـی کـورد و مافەکانـی دەکات.

کۆمیتـەی ناوەندیـی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان پێی وابـوو؛ پارتی دیموکراتی نیشـتمانی سیاسـەتی "دژ بـە دیکتاتـۆری و مافـە دیموکراتییـەکان" پەیڕەو دەکات. هەڵوێسـتی ئەم پارتە و بەتایبەتـی سـەرۆکەکەی چادرچـی بەرامبـەر شۆڕشـی کـورد بە "دۆسـتانە، بـەڵام نێگەتیڤ" دادەنرێت، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردسـتان پێشـنیازی بانگهێشـتکردنی ئەم پارتە دەکات کە بەهـۆی دابەشـبوونە ناوخۆییەکانییـەوە لاواز بـووە، بۆ "دەسـتپێکردنەوەی چالاکی سیاسـی"، "ڕاسـتکردنەوەی هەڵوێسـتی بەرامبـەر بـە کـورد" و "پشـتیوانی کـردن لـە شۆڕشـەکەمان و مافەکانـی گەلەکەمـان، لـەم نێوەندەشـدا ئۆتۆنۆمـی". هەروەهـا پارتی دیموکراتی کوردسـتان دەیەوێـت پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ پارتی دیموکراتـی نیشـتیمانی بەهێزتر بکات.

لــە هەمــان بڕیارنامــەدا، پارتــی دیموکراتــی کوردســتان دەڵێــت؛ کار دەکات بــۆ "کۆکردنـەوەی هەمـوو یـان زۆربـەی پـارت و لایەنـە عێراقییـەکان لـە بەرەییەکـی یەکێتـی نیشـتمانی"، بـە ئامانجـی "دامەزراندنـی کۆمارێکـی دیموکراتـی کـە مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد لـە چوارچێـوەی ئۆتۆنۆمیـدا بناسـێنێت".

هەروەهـا دەبێـت ئامـاژە بـە پارتـی کۆمـاری بکەیـن کـە لـە ڕۆشـنبیرانی عەرەبـی چەپـی تونـدڕەو پێکهاتبـوو، بـەڵام شـیوعی نەبـوون. ئـەم حزبـە لەلایـەن شـاعیری بەناوبانـگ محەمـەد مەهـدی ئەلجەواهیـری، عەبدولفەتـاح ئیبراهیـم، فەیسـەڵ سـەمیر و بەکـر سـدیقی سـەرکردایەتی دەکـرا، بیـروڕای ئـەم حزبـە زۆر نزیـک بـوو لـە بیـروڕای حزبـی شـیوعی عێـراق کـە دواتـر باسـی دەکەیـن. دوای ئـەوەی ڕژێمـی بەعـس لـە سـاڵی ١٩٦٣ دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت، جەواهیـری و هەندێـک لـە هەڤاڵـە سیاسـییەکانی ناچـار بـوون هەڵبێـن و بچنـە پـراگ. لـەوێ لەگـەڵ عێراقییەکانـی دیکـە گرووپێکیـان پێکهێنـا بـە نـاوی "بزووتنـەوەی بەرگـری گەلـی عێـراق". ئـەم بزووتنەوەیـە بـەردەوام پشـتیوانی لـە داخوازییەکانـی شۆڕشـی کـورد کـردووە و لەگـەڵ کۆمیتـەی داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی گەلـی کـورد هـاوکاری کـردووە. بەکورتـی، پارتـی کۆمـاری پشـتیوانی لـە دۆزی کـورد کـرد و تەنانـەت لـەدوای گۆڕینـی ڕژێمـی عێراقیـش، سـەرکردەکانی بـەردەوام بـوون لـە داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی کـورد، بەتایبەتـی لـە تاراوگـە.

### ٩. هەڵوێستی حزبی شیوعی عێراق

بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی حزبی شیوعی عێراق بەرامبەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، پێویستە ئاوڕێك لە مێژووی پەیوەندییەکانی نێوانیان بدەینەوە. دوو هۆکاری دژ بە یەک هەیە کە هەڵوێستەکەیان ڕووندەکاتەوە. یەکەمیان لە سەردەمی پاشایەتیدا، ئەو دوو پارتە بە شێوەیەکی بابەتییانە هاوپەیمان بوون. پێکەوە لە دژی ڕژێمی کۆن و سیاسەتی بەریتانیا و کۆنتڕۆڵ و پاوانخوازی کۆمپانیای نەوتی عێراقی شەڕیان دەکرد، بۆیە ئەم هاوپەیمانێتییە لۆژیکی و هاوبەش بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم هاوکارییە زۆرجار بەهۆی ڕکابەرییەکی بەهێزی نێوان هەردوو پارتەوە تێکدەچوو. ئەم ڕکابەرییە، دەبێتە هۆکاری دووەمیش، ئەمەش لە چەند هۆکارێکەوە سەرچاوەی گرت، لەوانە:

١. یەکێک لە هۆکارەکانی ڕکابەریی و ململانێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق، ئایدۆلۆژیایە. پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیڕەو و بەرنامەکەیدا دەڵێت؛ لە خەباتەکەیدا ئیلهام لە مارکسیزم -لینینیزم وەردەگرێت، بەڵام لە عێراق حزبی شیوعی خۆی بە تاکە پارتی مارکسیست لینینیستی ڕاستەقینە دەزانێت و ڕێگە بە هیچ لایەنێکی تر نادات بانگەشەی هەمان ئایدۆلۆژیا بکات، یان تەنانەت ئیلهام وەربگرێت. بە واتایەکی تر، حزبی شیوعی ڕێگە نادات گروپێکی تر بیروڕای خۆی بڵاو بکاتەوە، بێ ئەوەی لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بێت. ئەمە گرژی دروستکردووە، چونکە هەردوو حزب بانگەشەی هەمان ئایدیۆلۆژیا دەکەن، ئەمەش کێبڕکێی ئایدۆلۆژی لە نێوانیاندا دروست دەکات.

٢. هۆکاری سیاسی: حزبی شیوعی عێراقی تاکە پارتە لە عێراقدا کە عەرەب و کورد و گروپەکانی تر کۆدەکاتەوە. تەنانەت لقێک یان باڵێکی تایبەتی هەیە کە پێی دەڵێت "بەشی کوردستان" ئەمەش کێبڕکێیەک لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دروست دەکات، چونکە هەردوولا دەیانەوێت پشتیوانی کورد بەدەستبهێنن. ئەم پێشبڕکێیە زۆر بەهێزترە، چونکە ئەو دوو پارتە بە شێوەیەکی سەرەکی لە هەمان چینی کۆمەڵایەتییەوە دروستبوون. بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە بەرەی ڕاستڕەو نزیك دەبێتەوە و ئەندامانی بۆرژوازی لەخۆ دەگرێت، لە

کاتێکدا حزبی شیوعی چینی کرێکاران و چینە جەماوەریەکان زیاتر ڕادەکێشێت. حزبی شیوعی عێراق هەمیشە ژمارەیەکی بەرچاوی کوردی لە کۆمیتەی ناوەندیدا هەبووە. سکرتێری گشتیی زۆرجار کورد بووە و ئەمەش گرنگی پرسی کورد لەناو ئەم حزبە دەردەخات.

٣. ئەو دوو حزبە، پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق، لە سەرووی هەموو شتێکەوە ئامانج و ستراتیژی جیاوازیان هەیە. حزبی شیوعی عێراق پێی وایە تاکە شەڕی ڕاستەقینەی عەرەب و کورد لە عێراقدا دەبێت شەڕێکی هاوبەش بێت لە دژی هێزە کۆنەپەرستەکان و ئیمپریالیزم، بۆ ڕزگارکردن و دیموکراتیزەکردنی عێراق و تەنانەت بۆ ڕزگارکردنی جیهانی عەرەبیش. بە گوتەی حزبی شیوعی عێراق، پرسی کورد دوای ئەم ڕزگارییە، لە چوارچێوەی خۆیدا چارەسەر دەبێت. پارتی دیموکراتی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکات کە تەنیا سەرنجی لەسەر بەرژەوەندییەکانی کوردە، حزبێکی گۆشەگیرە یان تەنانەت جوداخوازە، ناسیۆنالیزمی کوردی بۆرژوازی بچووکی لە بزووتنەوەی گەورەی ڕزگاریخوازی عەرەبی دابڕاندووە. لای خۆیەوە پارتی دیموکراتی کوردستان بەرگری لە خۆی دەکات، وەڵامی ئەوە دەداتەوە کە خەباتی هاوبەش فەرامۆش ناکات، بەڵکو دەبێت هاوتەریب بۆ ڕزگاری نەتەوەیی کوردیش خەبات بکات. هاوکات ڕەخنە لە ڕژێمی عەرەبی لە عێراق و سامانی نەوتی کوردی کەرکووک دەگرێت، ئەمەش ڕەخنەی توندی حزبی شیوعی عێراق و لایەنە دیموکراتی عەرەبییەکانی لێکەوتەوە، کە ئەوانیش دژی ڕژێمی کۆنن.

لەم ململانێیەدا حزبی شیوعی عێراق دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر شەڕی بیروباوەڕەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردووە، کاتێکیش بیروبۆچوونەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پەسەند دەکات، بەڵام لەو کاتەشدا دان بە شایستەیی پارتی دیموکراتی کوردستان دانانێت. بەپێچەوانەوە، حزبی شیوعی هەوڵ دەدات دروشمە کۆنەکانی خۆی بگونجێنێت، بۆ ئەوەی خۆی وەک تاکە هێزی پێشەنگ و سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردی پیشان بدات، تا ئاستی جەماوەری خۆی لە نێو جەماوەری کورددا زیاد بکات. ئەمە مانای ئەوەیە؛ کاتێک دێتە سەر ئەو

ئامانجە دیاریکراوانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناویدا دەجەنگێت، هەڵوێستی حزبی شیوعی عێراق زۆرجار زیاتر بەربەست و لەمپەرە لەوەی یارمەتیدەر بێت بۆ بزووتنەوەی کوردی. لە ڕاستیدا، کاریگەری حزبی شیوعی عێراق و بەتایبەتی بەشی کوردستانی ئەو حزبە، زۆرجار دەبێتە کۆسپ بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و هەوڵەکانی خاودەکاتەوە و تەنانەت ڕێگریشە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

حزبی شیوعی عێراق لە دوورەوە سەیری شۆڕشەکانی ناوچەی بارزانی دەکرد، بێ ئەوەی چالاکانە بەشداری تێدا بکات، لە کاتێکدا گەلی کورد و ڕێکخراوەکانیان بە تەنیا لە دژی سوپای پاشایەتی عێراق و هێزی ئاسمانی شاهانەی بەریتانیا شەڕیان دەکرد. ئەو ڕووداوە گرنگانە کە توندوتیژی و خوێناوی بوون بۆ کورد، تەنیا پاش ڕووداوەکە لە ڕۆژنامەکانی حزبی شیوعی عێراقی بڵاودەکرایەوە. ئەم تێبینییە خاڵێکی گرنگ دەردەخات: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن پارت و ڕێکخراوە کوردی و دیموکراتەکانەوە بەڕێوە دەچوو، نەک لەلایەن حزبە شیوعییە عەرەبییەکان یان حزبە شیوعییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. خەباتی کورد خەباتی خودی کورد بوو، بێ پاڵنەر و سەرکردایەتی حزبە شیوعییە عەرەبییەکان.

سەرەڕای دوودڵی و گۆڕانی هەڵوێستەکان، هەڵوێستی حزبی شیوعی عێراق بەرامبەر بەکێشەی کورد پەرەسەندنێک نیشان دەدات کە بەگشتی بەرەو ئەرێنی زیاتر دەڕوات، هەرچەندە زۆرجار لەدوای هەڵوێستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دێت، بەڵام حزبی شیوعی عێراق خێراتر لە بۆرژوازی عەرەبی دیموکرات لە دۆزی کورددا بەرەوپێش دەچێت. ئەمەش ئەگەری ئەوە دەڕەخسێنێت حزبی شیوعی عێراق ڕۆڵی ناوبژیوانی بگێڕێت، بە مەرجێک هەندێک گومان نەمێنێت. بەم شێوەیە دەتوانێت پردێک لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بۆرژوازی عەرەبی دامەزرێنێ و ببێتە هۆی نزیککردنەوەی بزووتنەوەی کورد و بزووتنەوەی عەرەبی. ئەم نزیکبوونەوەیە دەتوانێت لە دەوڵەتێکی عێراقی دیموکراتیدا ڕووبدات کە تێیدا پرسی باشووری کوردستان بە سیستەمی ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی یان باشتر لە چوارچێوەی فیدراڵییەک لە نێوان کۆماری کوردی و کۆماری عەرەبی عێراقدا چارەسەر بکرێت.

حزبـی شـیوعی عێراق هەوڵـی دا پارتە دیموکراتـە جیاوازەکانی ئۆپۆزسـیۆن بۆ پێکهێنانی "بەرەی نیشـتمانی" لە یەکتر نزیک بکاتەوە، هەرچەندە هەوڵەکانی تا ڕادەیەك سـەرکەوتوو بـوون. سـاڵی ١٩٥٣ ئـەم بیرۆکەیـەی پێشـکەش کرد و بەرەی نیشـتمانی دروسـت بـوو، بەڵام تەنیا ئـەو دوو حزبـەی لەخـۆ گرتبـوو کە لـەو کاتـەدا لەلایەن ڕژێمـەوە ڕێگەیـان پێدرابوو، ئەوانیـش: پارتـی دیموکراتی نیشـتمانی بە سـەرۆکایەتی بەڕێز چادرچی و حزبی ئیسـتیقلال. حزبـی شـیوعی عێـراق لایەنـی نهێنـی بـوو لـەو بەرەیـە، بـەڵام کاتێک پێشـنیازی کـرد پارتی دیموکراتـی کوردسـتانیش بچێتـە بـەرەی دروسـتبوو، ئـەم بیرۆکەیـە لەلایـەن ئیسـتیقلالەوە ڕەتکرایـەوە. لـە هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی سـاڵی ١٩٥٣، ئۆپۆزسـیۆنی دیموکراتـی سـەرکەوتوو بـوو لـەوەی توانـی ١٧ نوێنـەر بۆخـۆی مسـۆگەر بـکات، بەهـۆی ئـەو هاوپەیمانێتییـەی کـە لەنـاو بـەرەی نیشـتمانیدا پێکهێنرا، بـەڵام پەرلەمـان پـاش ماوەیەکـی کـەم هەڵوەشـایەوە و پارتـە ئۆپۆزسـیۆنەکانیش قەدەغـە کران. لـە حوزەیرانـی ١٩٥٦، پارتی دیموکراتی نیشـتیمانی و ئیسـتیقلال بڕیاریـان دا یەکبگـرن و "پارتـی کۆنگرەی نەتەوەیـی" پێکبهێنـن. ئـەم پارتـە بەرنامەیەکـی پێشـکەش کـرد، لـە مـادەی شەشـەمدا ئاماژەی بـەوەدا کۆنگرەی نەتەوەیـی :"عـەرەب و کـورد بـە هاوبەشـی ئـەم نیشـتمانە دەزانێـت و لـە چوارچێوەی یەکێتـی و یەکپارچەیـی عێراقـدا داوای ڕێزگرتـن لـە مافـە نەتەوەییەکانیـان دەکات "، بـەڵام وەزیـری ناوخـۆ بـە پاسـاوی ئـەوەی ئـەم مادەیـە تەنیـا باسـی عـەرەب و کـورد دەکات و مەترسـی "هاندانـی ڕق و کینـە و دووبەرەکـی لە نێو عێراقییەکان هەیە، ئەم پێشـنیازە ڕەتدەکاتەوە".( ڕۆژنامـەی ئەل-ئەخبـار لـە ١٥ی تەمووزی ١٩٥٦، بەغدا). لە سـاڵی ١٩٥٦ بە دواوە، بیرۆکەی دروسـتکردنی بـەرەی نیشـتمانی جگـە لـە پڕۆژەیـەک هیچی تـر نەبـوو، نەدەتوانـرا ببێت بە واقیـع. لـە سـاڵی ١٩٥٧ لـە ژێـر ناوی بـەرەی یەکێتی نیشـتمانی دووبـارە ڕێکخرایـەوە، بەڵام ئەمجـارە بـێ پارتـی دیموکراتی کوردسـتان. پاشـان لە سـاڵی ١٩٥٩ دیسـان پارتـی دیموکراتی کوردسـتان بەشـداری کـرد، بـەڵام هەمـوو جارێـک ناکۆکـی ناوخۆیـی لـە نێـوان ئەندامانـی بـەرە ڕێگـری لە سـەرکەوتنی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشـدا، ئـەو بیرۆکەی حزبی شـیوعی بەرگری لێـدەکات بـۆ شـەڕکردن لە پێنـاو عێراقێکی دیموکراتی، کـە عەرەب و کورد تێیـدا "هاوبەش" بـن، بـەردەوام بڵاوبـووەوە. ئـەم بیرۆکەیە نەک تەنیا لە نێـو بۆرژوازی عەرەبـدا، بەڵکو لەناو پارتـی دیموکراتـی کوردستانیشـدا دەنگدانـەوەی هەبـوو. لە کۆتاییدا، ئەم پێشـنیازە بە یاسا لـە سـاڵی ١٩٥٨ پەسـەند کرا.

تـا سـاڵی ١٩٥٦ هەڵوێسـتی حزبـی شـیوعی عێـراق لەبـارەی پرسـی نەتەوەیـی کـورد، تەنانـەت لـە ئاسـتی تیۆریشـدا نـاڕوون و بـە دووفاقـی مایـەوە، بـەڵام لـە دووەم کۆنفرانسـی خۆیـدا کـە لـە ناوەڕاسـتی ئـەو سـاڵەدا بەڕێوەچـوو و لەژێـر فشـاری ئەندامـە کوردەکانـی و ڕەخنەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، حزبـی شـیوعی عێراقـی دەسـتبەرداری بزووتنـەوەی کـوردی بـوو. لـە ڕاسـتیدا، حزبەکـە بـە فەرمـی لـە ڕاگەیەندراوێکـی کۆنفرانسـەکەدا دانـی بـەوەدا نـاوە کـە کـورد بەڕاسـتی نەتەوەیـە، حـزب دووپاتـی دەکاتـەوە:

"مـادەی دووەم: عێـراق لـە چوارچێـوەی سـنوورەکانی ئێسـتای کـە لەلایـەن ئیمپریالیزمـەوە دامـەزراوە، بەشـێکی کوردسـتانیش دەگرێتـە خـۆی.

مادەی سێیەم: کەواتە عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە: عەرەب و کورد.

گەلـی کـورد لـە عێـراق بەشـێکە لـە نەتـەوەی کـورد، کە لـە ناوچەیەکـدا دەژی بـە ناوی کوردسـتان. ئەمـڕۆ کوردسـتان لـە نێـوان تورکیـا و ئێـران و عێراقـدا دابـەش بـووە. کـورد نەتەوەیـەک پێکدەهێنێـت، واتـە کۆمەڵێـک کـەس کـە تایبەتمەنـدی هاوبەشـیان هەیـە، وەک: گرووپێکـی جێگیـر و سـەقامگیر و مێژوویـی، خاکێکـی هاوبـەش، تەنانـەت ئەگـەر ئـەم خاکـە لەلایـەن هێـزە بیانیەکانیـش دابـەش بکرێـت، زمانێکـی هاوبـەش و ئەگـەری دروسـتکردنی ئابووریيـەك کـە یارمەتـی ئـازادی و یەکڕیـزی نەتـەوەی کـورد دەدات"[١].

لە بەشی ڕوونکردنەوەکەیدا، لە هەمان ڕاگەیەنراو دا هاتووە:

"هەمـووان دەزانـن ئیمپریالیـزم بـوو کوردسـتانی دابـەش کـرد و لـە دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانییـەوە ڕێگـری لـە دروسـتبوونی دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی کـرد لـەم هەرێمـە و لەسـەر ئـەم خاکـەدا. ئـەوە ئیمپریالیزمـە هانـی سیاسـەتی سـەرکوتکردنی کـورد دەدات و بەردەوامـە لـە پشـتیوانی کـردن لـە عێـراق و تورکیـا و ئێـران".

بـەڵام لـە بڕگـەی دووەمـی مـادەی یەکەمـی هەمـان ڕاگەیەنـدراودا، ناکۆکـی و

(١) دەقـی ئـەم ڕاگەیاندنـە لـە ڕاپۆرتێکـدا ببینـە کـە لـە ئەیلوولـی ١٩٥٦ لەلایـەن کۆمیتـەی ناوەندییەوە پێشکەشـی کۆنفرانسـی دووەمـی حزبـی شـیوعی عێـراق کـرا، بەناونیشـانی "هێڵـی سیاسـیمان بـۆ ڕزگاری نەتەوەیـی" (وەرگێـڕان لـە عەرەبییـەوە).

دژاییەتیەك هەیە کە دووبارە لە مادەی دووەمی دەستووری کاتیی ژەنەڕاڵ قاسمدا باس دەکرێتەوە:

"مادەی یەکەم: ئەو خاکەی عەرەب لە عێراق تێیدا نیشتەجێ دەبن بەشێکی دانەبڕاوە لە نیشتیمانی عەرەب.

عێراق بە هۆی یەکڕیزی سیاسییەوە؛ هەم لەسەر ئاستی نەتەوەیی و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەوڵەتێکی عەرەبییە و ئەندامێکی سەرەکی خێزانی دەوڵەتە عەرەبییەکانە".

لەوەش مەترسیدارتر ئەو ستراتیژە فریودەر و ناواقیعی و دواکەوتووەیە کە حزبی شیوعی عێراق دەیەوێت بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردیدا بسەپێنێت و چارەنووسی دیاری بکات و بە ڕزگاری و یەکگرتنەوەی جیهانی عەرەبی وابەستە بکات. هەر لە هەمان ڕاگەیەنراودا هاتووە:

"لە هەلومەرجی ئێستادا، هیچ بژاردە و ڕێگایەکی تر نییە، جگە لە خەبات لەگەڵ جەماوەری عەرەبی عێراق، دژی ئیمپریالیزم و ڕێککەوتنەکانی، گرتنەبەری ڕێگای خەباتی هاوبەش لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی، بۆ ئازادی عەرەب، بۆ ئازادی نیشتمانی گەلانی عێراق و بۆ یەکڕیزی عەرەبەکان".

یان : "گەلی کوردی عێراق لە مێژوودا بانگهێشت کراوە کە لە ڕێگەی خەباتی هاوبەشیان لەگەڵ عەرەبەکانی عێراق(...) بەشداری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب بکەن. تەنیا لەدوای ئازادی عەرەبەوە، کوردستانی عێراق دەتوانێت ببێتە پێشەنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی تەواوی گەلی کورد و هەلومەرجی پێویست بۆ ئەو گەلە بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی مافی چارەی خۆنووسینی خۆی جێبەجێ بکات".

کەواتە پێویستە کوردی عێراق پێش ئەوەی بیر لە ڕزگاری نەتەوەیی کورد بکاتەوە، دەبێت لە ڕێگەی خەباتی هاوبەشیان لەگەڵ عەرەبەکانی عێراقەوە بەشداری بکەن، نەک تەنیا لە ڕزگارکردنی عێراقدا، بەڵکو سوریا و ئوردن و فەلەستین و عومان و یەمەن و باکووری ئەفریقا. دواتریش لە بەدیهێنانی یەکڕیزی سیاسی ئەم جیهانی عەرەبیەدا و لە کۆتاییدا بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی و بە کۆمەڵایەتیکردن، بەڵام

کاتێـک جیهانـی عەرەبـی شۆڕشـەکەی تـەواو کـرد و یەکڕیـزی خـۆی بەدەسـتهێنا. ئایا ڕازی دەبێـت دەسـتبەرداری سـەرچاوەکانی وەک نـەوت لـە کەرکـووک و گەنـم لـە هەولێـر و دار لـە بادینـان و ئاسـن لـە بـارزان و تووتـن لـە سـلێمانی و بەنـداوی کارەبایـی- ئاویـی دەربەندیخـان و دوکان بێـت؟ گەلـی کـورد تاکـەی دەبێـت چـاوەڕێ بـکات و خـۆی لەبیـر بـکات و خـۆی بکاتـە قوربانـی بـۆ دراوسـێکانی، تـا ئـەو یەکڕیزییـە بـەدی دێـت؟ لـە کۆتاییـدا، ئایـا ئـەوە ڕاسـتە کـە شۆڕشـی کۆمەڵایەتـی، بـە کۆمەڵایەتیکـردن، دەبێـت بـە ناچـاری پێـش ڕزگاری نەتەوەیـی بێـت؟ ئایـا وڵاتانـی تـازە سـەربەخۆی ئەفریقـا چاوەڕێـی گەشـەی پیشەسـازی پرۆلیتاریـای خۆیـان بـوون، پێـش ئـەوەی خەباتـی خۆیـان بـۆ ئـازادی نەتەوەیـی دەسـت پێبکـەن؟

دوایین بەشی ڕاگەیەنراوەکە هێرشکردنە بۆ سەر پارتی دیموکراتی کوردستان:

"حزبـی شـیوعی عێراقیمان و بەتایبەتـی بەشـی کوردسـتان یـان باڵـی کورسـتانی، وێـڕای بەردەوامیـدان لـە داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی گەلـی کوردسـتان، بەپێویسـتی دەزانێـت مشـتومڕ و ئارگیومێنتەکانـی ئـەو کەسـانە ڕەتبکاتـەوە کـە بەرگـری لـە دیـدگای تەسـکی گۆشـەگیریی نەتەوەیـی دەکـەن، بەرەنـگاری ئـەو هەڵوێسـتانەش دەبێتـەوە لـە ئەنجامـی خـراپ تێگەیـشتن لـە خەباتـی هاوبـەش و گرنگییەکـەی بـۆ ڕزگاری نەتەوەیـی خـودی گەلـی کـورد، هەروەهـا دژ بـە کـەم سـەیرکردنی ئـەو پشـتیوانییەیە کـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی عـەرەب پێشکەشـی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـوردی دەکات".

لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٥٦ەوە پەیوەندییـەکان لـە نێـوان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و سـەرکردە کوردەکانـی بەشـی کوردسـتانی حزبـی شـیوعی عێـراق دەسـتپێکرد، سـەرەتا بـێ ئـاگاداری کۆمیتـەی ناوەندیـی حزبـی شـیوعی عێـراق و دواتـر بـێ ڕەزامەنـدی ئـەو حزبـە. لـە مانگـی حوزەیرانـدا، کۆمیتـەی بەشـەکە بـە کۆبوونەوەیەکـی تـەواو، بڕیـاری هەڵوەشـاندنەوەی خـۆی دا و چوونـە نـاو پارتـی دیموکراتـی یەکێتـی کوردسـتانی" بـۆ دەسـتەبەرکردنی یەکڕیـزی ئۆرگانیـی هێـزە دیموکراتیەکانـی کوردسـتانی عێـراق".

کۆمیتـەی ناوەنـدی حزبـی شـیوعی کاردانـەوەی تونـدی هەبـوو. لـە نامیلکەیەکـی نزیکـەی پەنجـا لاپەڕەییـدا بـە ناونیشـانی "وەڵام بـۆ بیروباوەڕی ناسیۆنالیسـتی و بـۆرژوازی و تەسـفیەکردن لەسـەر بابەتـی پرسـی کـورد لـە عێـراق" (بـە زمانـی عەرەبـی) کۆمیتـەی

بەشی کوردستان کە پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و بەنیازن بە ئەندامانی نوێ جێگەیان پڕ بکرێتەوە. شیوعی پێیوایە "لادانەکە جێی سەرسوڕمان نەبوو"، چونکە "بیرۆکەی هەڵەی ناسیۆنالیزمی گۆشەگیری و جوداخوازی لەنێو ڕۆشنبیرانی وردە بۆرژوازی کورددا ڕەگێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی قووڵی هەیە". هەروەها حزبی شیوعی عێراقی لەو باوەڕەدایە "گەلی کورد ناتوانێت بزووتنەوەیەکی جوداخواز بە سەرکردایەتی ئەمریکا پەسەند بکات، سەربەخۆییەکی ساختە کە تێیدا دەبێت خەباتی خۆی بۆ ئازادی دژی ئیمپریالیزم دەستپێبکاتەوە، لە کاتێکدا دەبێت بەدوای ئازادی ڕاستەقینەی خۆیان لە عێراقێکی ئازاد و سەربەخۆدا بگەڕێن". پاشان هێرشی کردە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕەخنەی لێگرت کە "خەباتی چینایەتی کرێکاران و جوتیاران لە ژێر پەردەی چەمکی ناسیونالیستی تەسکدا کاڵ دەکاتەوە"، "خۆی بە حزبێکی عێراقی نازانێت" و "هەنگاو دەنێت لەسەر ڕێبازی جوداخوازی" و بەم شێوەیە لەبیری کرد "عێراق یەکێتییەکی نەتەوەیی دابەشنەکراوە لە خەباتی دژی ئیمپریالیزم و خیانەتکارانی کۆنەپەرستی عەرەب و کورد". حزبی شیوعی هەروەها سەرزەنشتی لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات کە "پرسی کوردیان خستووەتە سەرووی هەموو پرسەکانی ترەوە، کێشە هاوبەشەکانیان خستووەتە پشتەوەی شتەکان: ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەوان بۆ ڕزگارکردنی خۆیان لەدەستی عەرەب دەجەنگن نەک لە ئیمپریالیزم؟"

ئاماژەکردن بە "ئیمپریالیزمی ئەمریکی" جێی سەرنجە، چونکە ڕێگەمان پێدەدات باشتر لە هەڵوێستی نەرێنی حزبی شیوعی عێراقی بەرامبەر شۆڕشی کورد لە یەکەم ساڵی ڕاگەیاندنی تێبگەین. بە دۆزینەوەی "سیخوڕ" و "سیخوڕی ئەمەریکی" لە هەموو شوێنێک لە نێو ئەوانەی سیاسەتەکانی دەخەنە ژێر پرسیارەوە، حزبی شیوعی پێشوەخت وای دانا کە هەر بزووتنەوەیەکی کوردی لەو هێڵە سیاسیە کە لە ڕاگەیاندنەکەی ئەیلوولی ١٩٥٦ دا کێشابووی لابدات، ئەوە لەلایەن ئیمپریالیزمەوە هاندراوە. ئاشکرایە ئەمە گریمانەیەکی بێ بنەمایە، چونکە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کایەی دیموکراتییەوە پێویستی بە ڕێبەر نییە. بۆ پێشکەوتنخوازی مەرج نییە بزووتنەوەی کوردی عێراقیەت و عروبە لە پێش کوردایەتییەوە دابنێت. بۆچی کوردستانێکی ئازادکراو بە شۆڕشێك بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک جەزائیر نەبێت لە عێراقی قاسم و عارفەکان؟

ئێمە دەزانین ناکۆکی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق لە دوای هاتنی قاسم بۆ دەسەڵات، لەسەر بابەتی ڕێکخراوە کوردییەکان، بەتایبەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستانە. حزبی شیوعی عێراق هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێکخراوانە و تێکەڵکردنیان بە ئارەزووی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوە عێراقییە هاوشێوەکانی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەکەی دا و بۆ ماوەیەک سەرکەوتوو بوو. ئەمە یەکێک بوو لە هۆکارەکانی پچڕانی پەیوەندی نێوان قاسم و بزووتنەوەی کوردی و هەڵەیەکی گەورە بوو لەلایەن حزبی شیوعی عێراقی. (سەبارەت بەم بابەتە بڕوانە بەشی دووەم). ئایا یەکگرتنەوە؛ چارەسەرێک بوو کە حزبی شیوعی بۆ کێشەی کورد پێشکەشی کرد؟ ئیتیحاد ئەلشەعب، زمانحاڵی حزبی شیوعی عێراق، لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ و ١٩٦٠، ڕێگای دووبارە نووسینەوەی مێژووی کوردی بەخۆیدا. بەم شێوەیە ئەم ڕۆژنامەیە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو دوو گەلە: عەرەب و کورد، "سەدان ساڵە لە عێراق پێکەوە دەژین". لە کاتێکدا، لە ڕاستیدا، لە ساڵی ١٩٢١ەوە بە خواستی ئیمپریالیزمی بەریتانیایە بەیەوەکەوە لکێنراون. لەگەڵ ئەوەشدا، هەریەکە لە میرنشینە کوردییە گەورەکانی بابان و ئەردەلان لەم وتارەدا "بە هێز و دەسەڵاتی سەربازی وەسف کراون کە لەلایەن عوسمانییەکان و فارسەکانەوە بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونەکانی گەلی عەرەبی عێراق دروستکراون".

پێویستە بگوترێ لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨ ڕێککەوتنێکی هاریکاری لە نێوان حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان واژۆ کرا، ئامانجی ئەم ڕێککەوتنە تایبەت بە پێکەوە کارکردن بوو بۆ داڕشتنی دەستووری عێراقی کە بیرۆکەی پێکەوەیی لە نێوان عەرەب و کورد بگۆڕێت بۆ واقیع، وەک لە مادەی ٣ی دەستووری کۆماردا هاتووە، بەڵام ئەم هاوکارییە چاوەڕوانکراوە ڕووی نەدا و نەهاتە دی، ناکۆکی نێوان هەردوولا بەردەوام لە پەرەسەندن بوو. لە ساڵی ١٩٦٠ ڕۆژنامەی خەبات کە ئۆرگانی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ناچار بوو زنجیرەیەک وتاری چڕ و پڕ بڵاوبکاتەوە کە ڕەخنە بوو لە "کارە خراپەکانی بەشی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق" و داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو حزبەی کرد.

پاش ئەم پێشەکییە مێژووییە؛ بەدواداچوون بۆ پەرەسەندنی هەڵوێستی حزبی شیوعی عێراقی بەرامبەر شۆڕشی کورد ئاسانتر دەبێت. گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە؛ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بڕیارەکانی کانوونی یەکەمی ١٩٦٢ دا ئەم هەڵوێستەی "هەم بە دۆستانە و هەم بە نێگەتیڤ" وەسف کردووە. پارتی دیموکراتی کوردستان پێیوایە لانی کەم لە پرەنسیپدا حزبی شیوعی دژی دیکتاتۆرییەتە و لەگەڵ مافی دیموکراتی و ئۆتۆنۆمی کوردەکانە، بەڵام سیاسەتی بەرامبەر شۆڕشی کورد واقیعی نییە. سەبارەت بە هەڵوێستی کوردە شیوعییەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان بە "دژی شۆڕش و دژی چالاکی سەرکردەکانی" زانی، چونکە "ئەوان ئەو توخمە کوردانە پەکدەخەن کە هێشتا لایەنگری پارتین و لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە دژی هێزەکانی قاسم ڕێگریان لێدەکەن"، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیازی ئەوە دەکات و دەڵێت: "دەبێت حزبی شیوعی عێراق هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە و دان بە ڕاستی و شەرعییەتی شۆڕشەکەمان بنێت و لە ناوخۆ و دەرەوە پشتیوانی لێ بکات." کەواتە، بەڕاستی بارودۆخەکە بە کوێ گەیشت؟

حزبی شیوعی عێراق لە بانگەوازەکەی لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٦١دا، بە تایبەتی جەخت لەسەر "ڕۆڵی لایەنە کۆنەپەرستەکان و بریکارەکانی ئیمپریالیزم لە یاخیبوونی چەکداریدا" کردەوە. جەخت لەوە دەکاتەوە ئەم هێزە دەرەکی و دژە شۆڕشە دەستیان لە ململانێکاندا هەبووە. پاشان حزبی شیوعی عێراق داوا لە حکومەتی عێراق دەکات "ئەو ستەم و چەوساندنەوە نەتەوەییەی لە دژی گەلی کوردستان و بەرامبەر بارزانییەکان بوەستێنێت، ڕێگە لە بریکارەکانی ئیمپریالیزم بگرێت و قەیرانەکە بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکات".

لەگەڵ ڕێزمان بۆ ژەنەڕاڵ بارزانی، ئەم بانگەوازەی حزبی شیوعی عێراق زۆر نزیکە لە بیروڕای قاسم لەسەر "یاخیبوونی ئیمپریالیستی". لە ڕاستیدا، مشتومڕەکە جەخت لەسەر کاریگەری "بریکارەکانی ئیمپریالیزم" و "لایەنە کۆنەپەرستەکان" لە یاخیبوونی کورددا دەکاتەوە و پێشنیازی ئەوە دەکات خەباتی کورد دەتوانرێت لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە هان بدرێت یان کاریگەری لەسەر بێت. ئەم بۆچوونە

ناڕوونـی دروسـت دەکات، چونکـە وا دەردەکەوێـت، شـەرعییەتی بزووتنـەوەی کـورد کـەم دەکاتـەوە و یاخیبوونەکـە دەخاتـە پـاڵ هێـزە دەرەکییـەکان، وەک ئـەوەی قاسـم کـردی، کاتێـک یاخیبوونەکـەی بـە "یاخیبوونـی ئیمپریالیسـتی" ناوبـرد. ئـەم ناڕوونییـە لـە داواکارییەکانـی حزبـی شـیوعی عێراقـدا هەیـە.

لـە ١١ ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦١، حزبـی شـیوعی عێـراق یەکـەم ژمـارەی ڕۆژنامـە نهێنییەکـەی خـۆی بـە نـاوی "تەریـق ئەلشـەعب" بـە واتـای "ڕێـگای گـەل" بڵاوکـردەوە. لـەم ژمارەیـەدا ئامـاژەی بـەوەدا کـە وڵاتەکـەی لـە "خراپتربوونـی کردەوەکانـی ئیمپریالیـزم لـە کوردسـتان" ئـاگادار کردبـووەوە، بـەڵام نیگەرانـی خـۆی دەردەبڕیـت لـەوەی سـەرەڕای بانگەوازەکـەی، "حکومـەت بەردەوامـە لـە لێدانـی هێـزە نیشـتمانییەکانی گەلـی کـورد". حزبـی شـیوعی عێـراق جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە هۆشـداری داوە بـە ناسیونالیسـتە کـوردەکان و ئامۆژگاریـان دەکات کـە "ڕێگـە نـەدەن خۆیـان بکشـێننە نـاو خەباتێکـی داخـراو و بێهیـوا و دوور لـە خەباتـی هاوبـەش لەگـەڵ هەمـوو گەلـی عێـراق".

سـەبارەت بـە حزبـی شـیوعی عێراقـی، "ناسیۆنالیسـتە کـوردەکان" ئاماژەیـە بـۆ ئەندامـان و لایەنگـران و هاوخەباتانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، لـە کاتێکـدا "بریکارەکانـی ئیمپریالیـزم" دەبێـت ئامـاژە بێـت بـۆ سـەرکردە ناسیونالیستە تەقلیدییـەکان کـە چەکیـان هەڵگرتـووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، حزبـی شـیوعی لـە گوتـاری خۆیـدا دژایەتـی خـۆی دەکات. لـە هەمـان ژمـارەی ڕۆژنامـەی تەریـق ئەلشـەعبدا ئامـاژەی بـەوەدا، لـە بانگەوازەکـەی ٣٠ ی ئەیلوولـدا "سیاسـەتی حکومەتـی سـەرکۆنە کـردووە کـە هـەوڵ دەدات پشـت بـە دەرەبەگـەکان ببەسـتێت بـۆ ئـەوەی ئیسـتیفزازەکانی زیـاد بـکات و بیانگۆڕێـت بـۆ دەسـتدرێژی و شـەڕانگێزی دژی نیشـتیمانپەروەرانی بارزانـی". کەمێـك دواتـر، حزبـی شـیوعی دەنووسـێت: "سـەرۆک وەزیـران لـە کۆنگـرە ڕۆژنامەوانییەکـەی ٢٣ی ئەیلوولـدا، هەوڵیـدا پاسـاو بـۆ ئـەو تاوانانـە بهێنێتـەوە کـە حکومەتەکـەی لـە کوردسـتان ئەنجامیـدا، بـە دووپاتکردنـەوەی ئـەوەی کـە باڵیۆزخانەکانـی بەریتانیـا و ئەمریـکا لـە پشـت بزووتنەوەکـەدان، بـەڵام هەڵسـوکەوتی حکومـەت پێـش و دوای ئـەم کۆنگـرە ڕۆژنامەوانییـە لەگـەڵ ئـەم بۆچوونـەدا ناگونجێـت. حکومـەت لەبـری لێدانـی ئیمپریالیـزم و بریکارەکانـی، دەسـتی کـرد بـە هەڵمەتێکـی نـەژادی و هیستریایـی دژ بـە

گەلـی کـورد"، بەتایبەتـی هاوپەیمانـی "لەگـەڵ بریکارەکانـی ئیمپریالیـزم لـە بەرامبـەر بـڕە پارەیەکـی زۆردا". پێدەچێـت حکومەتـی عێـراق لەجیاتـی بەرەنگاربوونـەوەی زلهێـزە ئیمپریالیسـتەکان، سـەرنجی لەسـەر سـەرکوتکردنی ڕەگـەزی دژ بـە کـورد بێـت، هـاوکات لەگـەڵ "بریکارەکانـی ئیمپریالیـزم" هـاوکارە بـۆ ئەنجامدانـی کـردەوە دژی کـورد. بـەم شێوەیە؛ حزبـی شـیوعی ڕەخنـە لـە گوتـاری حکومـەت دەگرێـت، لـە کاتێکـدا دەسـەڵاتە ئیمپریالیسـتەکان بـە کاریگـەری لەسـەر یاخیبـوون و شـۆڕش تۆمەتبار دەکات، پێشـدەچێت لـە هەندێـک ڕووەوە هاوکارییـان بـکات.

بەگوێـرەی حزبـی شـیوعی عێـراق، ئیتر ڕوون نییـە، ئایـا ئـەم "بریکارەکانـی ئیمپریالیزم" هاوپەیمانـی "شۆڕشـی چەکـداری"ن یـان "ژەنـەڕاڵ قاسـم و حکومەتـە نیشـتمانییەکەی". ئـەم سەرلێشـێواوییە ناڕوونـی هەڵوێسـتی حزبـی شـیوعی عێـراق سـەبارەت بـە شۆڕشـی کـورد دەردەخـات. لـە ڕاسـتیدا حزبـی شـیوعی عێـراق لەبـەر چەنـد هۆکارێـک نەیدەتوانی لـە دژی قاسـم پشـتگیری لـە شـۆڕش بـکات:

١. پێـش هەمـوو شـتێک حزبـی شـیوعی عێـراق لـە ئاینـدە و داهاتـوو دەترسـا: ئەگـەر ڕژێمەکـەی قاسـم ڕووخـا، کـێ دەسـەڵات لـە بەغـدا دەگرێتـە دەسـت؟ حزبـی شـیوعی عێـراق دەیزانـی ئەگـەر کـورد لـە ڕووی سـەربازییەوە لـە کوردسـتانیش سـەربکەوێت، توانـای سـەپاندنی ئـەو حکومەتـەی نابێـت کـە خـۆی دەیەوێـت لـە بەغـدا. لـە لایەکـی دیکـەوە، هەرچەنـدە شیوعییەکان توانـای کۆکردنـەوەی خەڵکیـان لـە شـەقامەکاندا هەبـوو، بـەڵام ئەفسـەری کەمیـان لـە سـوپادا هەبـوو. زۆربـەی ئـەو ئەفسـەرانە هاوپەیمانـی ژەنـەڕاڵ قاسـم بـوون. لـە لایەکـی تریشـەوە، لـە سـوپادا ئەفسـەری ناسیۆنالیسـتی تونـدڕەو زۆر بـوون، ئەگـەر ڕژێمەکـەی قاسـم زۆر لاواز بـوو، ئـەو ئەفسـەرانە مەترسـی ئەوەیـان لێدەکـرا بـە خێرایـی دەسـەڵات بگرنـە دەسـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئـەم ئەفسـەرانە بـە دژە شـیوعییەتی بەهێـز نـاسراون.

٢. حزبـی شـیوعی عێـراق نەیتوانـی پشـتیوانی لـە شۆڕشـێکی چەکـداری بـکات کـە کۆنتڕۆڵـی بەسـەردا نەبێـت. ئـەو ترسـی لـەوە هەبـوو بـێ سـەرکردایەتیکردنی خـودی هێـزە شۆڕشـگێڕەکان، بزووتنەوەکـە ببێتـە هـۆی ڕووخانـی ڕژێـم، بـێ ئـەوەی بتوانێـت سـوودی لـێ وەربگرێـت.

٣. پێناچێت حزبی شیوعی عێراق بڕوای بە چانسی سەرکەوتنی سەربازیی کورد هەبێت. پێیوابوو سەرەڕای بەرخۆدان، کورد ناتوانێت حکومەتی عێراق ببەزێنێت و پڕۆژەی سیاسی خۆی بەسەر بەغدادا بسەپێنێت.

٤. حزبی شیوعی عێراق ئاماژەی بەوە دەکرد، "حکومەتە نیشتیمانیەکەی قاسم سیاسەتێکی بابەتیانەی پێشکەوتنخوازی پەیڕەو کردووە"، بەڵام ئەم بیرۆکەیە چیتر لەگەڵ واقیعدا ناگونجێت. ئەو ڕاستییەی عێراق زۆرجار لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگ بە یەکێتی سۆڤیەت دەدات، یان بەغدا چەکەکانی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات دەکڕێت لە جیاتی وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەمانە بەس نەبوون و نابنە پێوەر بۆ سەلماندنی ئەوەی حکومەت بەڕاستی پێشکەوتنخواز بوو. بەڕای ئێمە، پێوەری ڕاستەقینە و بابەتیانە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم سیاسەتە ئەوەیە کە حکومەت لە ناوخۆی وڵاتدا لەگەڵ خەڵك و گەلەکەی خۆی چی دەکات. ئەگەر بەوردی سەیری بکەین، دەبینین تەنانەت بێ ئاماژەکردن بەو جەنگەی دژ بە کورد بەڕێوەچوو، سیاسەتی حکومەت بەرامبەر بە گەلی عەرەبی عێراق و لایەنە سیاسییەکان، بە حزبی شیوعیشەوە، بەهیچ شێوەیەک دیموکراتی نەبوو، ئەو ڕژێمەی لە شۆڕشی ١٤ ی تەمووز سەریهەڵدابوو، بوو بە دیکتاتۆرییەکی سەربازی.

٥. لە سەرەتای شۆڕشی کورددا هەستێکی زۆر نەرێنی لای زۆرینەی ڕەهای عەرەب لە عێراقدا وروژا، لە نارەزامەندییەوە تا ڕق و کینە. تەنانەت بۆرژوازی دیموکراتیش ئامادە نەبوو دان بە هیچ ئۆتۆنۆمییەکدا بنێت بۆ کورد. حزبی شیوعی عێراق نەیتوانی هەڵوێستێک بگرێتەبەر کە زۆرینەی عەرەبی لە دژی بن. جگە لەوەش دەبوو پەیوەندی باش لەگەڵ باڵی دیموکراتی بۆرژوازی عەرەبی بپارێزێت، بۆ ئەوەی هەوڵی زیندووکردنەوەی بەرەی یەکێتی نیشتمانی بدات.

لە لایەکی دیکەوە، حزبی شیوعی عێراق نەیتوانی بە تەواوی و بەڕاشکاوی ئیدانەی شۆڕشێک بکات کە بە خێرایی سیمای ڕزگاری نیشتمانیی وەردەگرت. ئەوە تەنیا بابەتی پرەنسیپ نەبوو، بەم کارە دوا پێگە و هەڵوێست لەدەست دەدا کە لە کوردستان بەدەستی هێنابوو. ئەمەش شەرمەزارییەکەی ڕوونکردەوە: شۆڕشی ئیدانە کرد، بەڵام بە شێوەیەکی وردە وردە و پلەبەندی، لە هەمان کاتیشدا تا دەهات پشتیوانییەکانی بۆ قاسم کەمدەکردەوە.

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ڕۆژنامـەی "خەبـات"، سـەرەتای تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٢ ڕەخنـەی لـە لایەنـە عێراقییـەکان گـرت لەسـەر هەڵوێسـتی خراپیـان و گوتـی: "قاسـم و هاوپەیمانەکانـی پێیـان وابـوو شـۆڕش کۆتایـی هاتـووە"، بـەڵام ڕۆژنامـە کوردییەکـە دەشـڵێت، "ئـەوەی سـەیرە لایەنـە عێراقییـەکان لەگـەڵ ئـەم بیرۆکەیـە هـاوڕا بـوون. تاکـە حزبـی عێراقـی کـە لـە هەیکەلـی حزبەکەیـدا بەشـێکی هەبـوو بـە نـاوی بەشـی کوردسـتان پێیوابـوو ئـەوەی پێـی دەگوتـرا شکسـت - شکسـتی ناسیۆنالیسـتە کـوردەکان، وەک خۆیـان پێیـان خۆشـە وا بڵێـن- دەرفەتێکـی باشـە بـۆ ئـەوەی دەسـەڵاتی خـۆی بەدەسـتبهێنێتەوە، لانیکـەم لـە کوردسـتاندا". ئاشـکرا و ڕوونـە لێـرەدا پارتـی باسـی حزبـی شـیوعی عێـراق دەکات.

لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٢، چەنـد مانگێـک دوای دەسـتپێکردنی جەنـگ، حزبـی شـیوعی عێراقـی دەسـتی کـرد بـە گۆڕینـی هەڵوێسـت و بیـروڕای خـۆی. ئەمانـەی خـوارەوە تێبینـی کـراون:

١. حزبـی شـیوعی عێراقـی کەمـتر و کەمـتر بـاس لـە پەیمانـی بەغـدا دەکات کـە هۆکارەکـەی شـۆڕش و بزوتنـەوەی کـوردی بێـت.

٢. چیـتر تەنیـا بەرگـری لـە بارزانییـەکان نـاکات، بەڵکـو بەرگـری لـە تـەواوی گەلـی کـورد دەکات، کـە دەبێـت بتوانێـت "وەک پێکهاتەیـەك لـە نێـو یەکێتـی عێراقـدا بژیـن"[(١)].

٣. لـە عێراقـی عەرەبـی، بـە هـاوکاری پارتـی دیموکراتـی نیشـتمانی و پارتـی کۆمـاری، هەڵمەتێکـی دەسـتپێکرد، "بـۆ کۆتاییهێنـان بـە گرژییەکانـی کوردسـتان بەشـێوەیەکی ئاشـتیانە و گـەڕان بـەدوای چارەسـەری دادپەروەرانـە بـۆ ململانێـکان"[(٢)].

٤. داوای لـە حکومـەت کـرد "کۆتایـی بـە حوکمـی سـەربازی لـە کوردسـتان بهێنێـت" و "لێبوردنـی گشـتی ڕابگەیەنێـت بـۆ هەمـوو ئـەو کەسـانەی بەشـداری ڕووداوەکانـی کوردسـتانیان کـردووە کـە لـە مسـتەفا بارزانییـەوە دەسـتپێبکات"[(٣)].

---

(١) بەشـێك لـە نامیلکەیـەك بـە ناونیشـانی نامـەی چواردەیـەم لـە عێـراق کـە لـە ناوەڕاسـتی کانوونـی دووەمـی ١٩٦٢ لـە لایـەن حزبـی شـیوعی عێراقـی بڵاوکرایـەوە.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشتر.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشتر.

٥. داوا لە حکومەت دەکات "دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا بنێت" و زۆرجار ڕەخنەی توند لە "ڕژێمی دیکتاتۆری تاکڕەویی لە عێراق" دەگرێت.

پێویستە چەند تێبینییەک لەبارەی ئەم بابەتەوە بدرێت:

١. حزبی شیوعی عێراقی، هەرچەندە تا دێت زیاتر دژی دیکتاتۆریەتی قاسمە، بەڵام هەوڵی ئەوە نادات بە هاوکاری هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن کۆتایی پێبهێنێت، بەڵکو تەنیا هەوڵی "ئاڕاستەکردنی دەسەڵات بەرەو دیموکراسی زیاتر دەدات"، بەڵام هەرگیز نەمانبینی دیکتاتۆرێکی سەربازی بەڕاستی هەڵسوکەوتی خۆی بگۆڕێت.

٢. هێشتا دان بەوەدا نانێت کە شەڕ هەیە، چونکە تەنیا باسی "گرژی و ململانێ و ڕووداوەکانی کوردستان" دەکات.

٣. داواکاریی ڕاگەیاندنی لێبوردنی گشتی لە تێکۆشەرانی کورد کە زۆرجار لە ناڕەزایەتییەکانیدا دێتە پێشەوە، ئامانجی سەرەکی شۆڕش نییە.

قۆناغی سێیەمی ئەم پەرەسەندنانە لەو هەڵوێستانەدا دەردەکەوێت کە لە "ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق بۆ چارەسەرێکی دادپەروەرانەی کێشەی نەتەوەیی کورد لە عێراق" لە ئاداری ١٩٦٢ [1] دا ئاماژەیان بۆ کراوە. ئەمانە پێنج خاڵی سەرەکی ئەم ڕاپۆرتەن، کە بەدوایدا، ئێمە سەرنج و تێبینی خۆمان دەخەینەڕوو.

### ١. خاڵی یەکەم

لەم خاڵەدا هاتووە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە دوو گرووپی وڵاتاندا کار و چالاکی دەکات، گروپی یەکەم تورکیا و ئێران دەگرێتەوە کە "بە توندی ملکەچی ئیمپریالیزم" بوون. گروپی دووەم عێراق و سوریا دەگرێتەوە "لەگەڵ کەمایەتییە کوردییەکانیان،" کە "دەوڵەتی سەربەخۆن، هەرچەندە هێشتا تازە دەوڵەتن و ڕووبەڕووی مەترسیی ئیمپریالیستی ئاشکرا دەبنەوە، "بۆیە "بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەشێکی دانەبڕاوە لە بزووتنەوەی گشتی بۆ ئازادی گەلانی ئەو دوو وڵاتە". بەتایبەتی، بزووتنەوەی کوردی "ناتوانێت بێ هاوپەیمانی لەگەڵ بزووتنەوەی گەورەی دیموکراتی ئەم وڵاتانە" و نابێت بێ ئەو پشتیوانییە کار بکات.

---

(١) ڕاپۆرتەکە لە نامیلکەیەکی ٣٤ لاپەڕەیی پێکهاتووە، بە زمانی ئینگلیزی بە ناونیشانی نامەی عێراقی بڵاو کرایەوە، بڵاوکراوەی زانیاری، ژمارە ٦، حوزەیرانی ١٩٦٢.

دەتوانین ئەم تێبینیانەی خوارەوە لەسەر ئەم خاڵە بخەینەڕوو:

أ. بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتانی عێـراق نابێتـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی عێـراق بەشـێکیش نییـە لێـی، بـەڵام تـا شۆڕشـی کـورد تەنیـا بـە داواکردنـی ئۆتۆنۆمـی لـە چوارچێـوەی عێراقـدا سـنووردار بێـت، دەبێـت ئـەم دوو بزووتنەوەیـە لـە پێنـاو بەرژەوەندییـە هاوبەشـەکانیاندا هـاوکاری و هاوپەیمانـی بکـەن. ئۆتۆنۆمـی کـورد تەنیـا لـە عێراقێکـی دیموکراتیـدا دەتوانرێـت بـەدی بێـت و پارێـزگاری لێبکرێـت. لەلایەکـی تریشـەوە عێـراق تەنیـا دوای ئـەوەی دان بـە ئۆتۆنۆمـی کـورددا دەنێـت، دەتوانێـت ببێتـە دیموکراتـی. کەواتـە، ئۆتۆنۆمـی کـورد تەنیـا ئـەو میـوە ئامـادە و پێگەیشـتووە نابێـت کـە عێراقێکـی دیموکراتـی پێشکەشـی گەلـی کـوردی بـکات. بـە پێچەوانـەوە، دیموکراتـی لـە عێراقـدا دەشـێت دەرئەنجامـی سـەرکەوتنی ئۆتۆنۆمیخـوازە کـوردەکان بێـت، کەواتـە گێڕانـەوەی ژیانـی دیموکراتـی لـە عێراقـدا، دووەم ئامانجـی بنەڕەتـی شۆڕشـی کـوردە. ئایـا ڕێگایەکـی ڕادیکاڵـتر لـە شۆڕشـی چەکداریـدا هەیە بـۆ بەدیهێنانی ئەمـە؟ ئـەوە پەیوەسـتە بـە دیموکراتـە عەرەبەکانـەوە، ئەگـەر بەڕاسـتی دیموکـرات بن، لانیکـەم پشـتیوانی ئـەم شۆڕشـە بکـەن، ئەگـەر هێـزی ئەوەشـیان نەبێـت لـە عێراقـی عەرەبیـدا چـەک هەڵبگـرن لـە دژی دیکتاتۆرییـەت.

ب. چەمکـی "خەباتـی هاوبەشـی عـەرەب و کـورد لـە عێـراق" کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی پاشـایەتیدا دروسـت بـوو، ڕێـک لـە دژی پاشـایەتی و نفـوز و کاریگـەری بەریتانیـا، پێویسـتی بـە هەندێـک گۆڕانـکاری هەیـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی کۆمـاری قاسـم. کاتێـک بـۆرژوازی عەرەبـی دیموکراتیـش بیرۆکـەی ئۆتۆنۆمـی کـورد ڕەتدەکاتـەوە و حکومەتـی کۆمـار شـەڕ لـە دژی کـورد دەکات تەنیـا لەبـەر ئـەوەی داوای ئۆتۆنۆمـی دەکات، چـی لـەم خەباتـی هاوبەشـە دەمێنێتـەوە چ واتایـەك دەبەخشـێت؟ ئـەی چـی ڕوودەدات ئەگـەر ڕۆژێـک خەڵکـی کوردسـتان بڕیـار بـدەن مافـی چـارەی خۆنووسـینی خۆیـان پیـادە و جێبەجـێ بکـەن؟ خەباتـی هاوبـەش دەبێـت پاڵپشـتی بێـت، نـەک ببێتـە کۆسـپ لەبـەردەم ئازادیـی نەتەوەیـی کـورد. بـەرەی ڕزگاری نەتەوەیـی جەزائیـری سـەرکردایەتی خەباتـی سـەربەخۆیی جەزائیـری کـرد، بـەڵام ئـەم سـەربەخۆییە لەلایـەن هیـچ پـارت و لایەنێکـی سیاسـی فەڕەنسـاوە پێشکەشـی نەکـرا.

## ٢. خاڵی دووەم

لەم خاڵە بۆمان دەردەکەوێت کە دوو ئاڕاستەی سەرەکی لە بزووتنەوەی کوردیدا هەیە: چینی کرێکاران کە لەلایەن حزبی شیوعی عێراقەوە پاڵپشتی دەکرێت و لایەنی بۆرژوازی کورد. "چینی کرێکارانی عێراق گرنگی بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کوردستان نادات، بەڵکو جەخت لەسەر بەرژەوەندییەکانی کرێکاران لە سەرانسەری جیهاندا و خەبات بۆ ئاشتی دەکاتەوە، دژی ئیمپریالیزم و کار بۆ سۆسیالیزم دەکات"، بەڵام بۆرژوازی کورد "بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی دەخاتە پێش بەرژەوەندییە هاوبەشەکانەوە، کە پرسی نەتەوەیی دەخاتە مەترسییەوە و دەتوانێت گۆشەگیری بکات"، لەبەرئەوە "کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقی باوەڕی وایە؛ چارەسەری پرسی کورد تەنیا لە ڕێگای چینی کرێکارانەوە دێت".

دەتوانین ئەم تێبینیانەی خوارەوە لەبارەی ئەم خاڵە بخەینەڕوو:

أ. وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، تەنیا پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان دەتوانن سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بکەن، هیچ لایەنێکی عێراقی ناتوانێت بانگەشەی سەرکردایەتیکردنی ئەم بزووتنەوەیە بکات. مێژوو بەڕوونی نیشانی دەدات، لەسەرەتای سەرهەڵدانی حزبە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بزووتنەوەی کوردایەتی هەمیشە لەلایەن پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانەوە ڕێبەرایەتی کراوە، بزووتنەوە دیموکراتییە غەیرە کوردییەکان تەنیا دەتوانن پشتیوانی لەم بزووتنەوەیە بکەن.

ب. گەلی کورد و گەلی عەرەب لە قۆناغی ڕزگاری نەتەوەیدان، نەک لە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانە بە سەرکردایەتی پرۆلیتاریایەک کە هێشتا زۆر لاوازە و ژمارەیان کەمە، مێژووی هاوچەرخ ئەوە دەسەلمێنێت. بۆ نموونە، یەکێک لە کارەکانی جەزائیری نوێ قەدەغەکردنی حزبی شیوعی جەزائیر بوو. بەهەمان شێوە، حزبە شیوعییەکان لە میسر لە سەردەمی ناسر و سوریای بەعس و کۆماری بەناو ئازادکراوی عێراق قەدەغە کراون.

ج. بزووتنەوەی کوردی هاوپەیمانێتییەکە لە نێوان چینی بۆرژوازی و چینی جوتیاران و چینی کرێکاران. بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەخاتە پێش ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشانەی لەگەڵ گەلی عەرەبدا هاوبەشن، بەتایبەتی لەو

حاڵەتانـەدا کـە ئـەو بەرژەوەندییـە بـۆ ڕێگریکـردن لـە ڕزگارکردنـی گەلـی کـورد وەک چەکێـک بەکاردەهێنرێـت. بێگومـان بزووتنـەوەی کـورد لایەنگـری ئاشـتی و دژی هەمـوو شـێوەکانی کۆلۆنیالیـزم و ئیمپریالیزمـە. ئاواتەخـوازە تێگەیشـتن و پشـتیوانی بزووتنـەوەی کرێـکاری نێودەوڵەتـی بەدەسـتبهێنێت، بـەڵام ناتوانێـت بـە تـەواوی خـۆی لەگـەڵ ئـەم بزووتنەوەیـە بناسـێنێت، چونکـە سـەر بـە سیسـتەمێکی جیـاوازە.

### ٣. خاڵی سێییەم

لـەم خاڵـەدا؛ ڕاپۆرتـی حزبـی شـیوعی عێـراق بـە وردی ڕەنگدانـەوەی بۆچوونـی بزووتنــەوەی کوردییــە:

لـە نووسراوەکـەدا هاتـووە: "ئەو هاوکێشـە ناڕوونـەی پەیوەندی عـەرەب و کورد دیاری دەکات، جگـە لـە هێورکردنـەوەی کاتیـی گەلـی کورد هیچی تـر نییە(...). حکومەت پرسـی کـوردی پشتگوێخسـت و نکۆڵـی لـە بوونی کوردسـتان کـرد، و هەرچەندە "دابەشـنەبوونی عێراقـی" وەک "بەشـێکی دانەبـڕاو لـە گەلـی عەرەبـی" ڕاگەیانـد و داوای لـە کوردەکان کـرد "پشـتگیری لـە یەکپارچەیـی و یەکڕیـزی عێـراق" بکـەن، بـەڵام لـە هەمانکاتـدا بـە بێبەشـکردنی گەلـی کـورد لـە مافـی چارەی خۆنووسـین و یەکێتـی ئارەزوومەندانـە و تەنانـەت نکۆڵـی کـردن لـە سـەرەتایترین مافەکانی ئەم گەلـە، ئـەم یەکێتییـەی لاواز کرد".

### ٤. خاڵی چوارەم

ڕاپۆرتەکـە ڕوونیدەکاتـەوە "پرسـی گەلـی کـورد کـە لـە وڵات و خاکـی خۆیـان دەژیـن کـە کوردسـتانە، ئـەو خاکـە لـە نێـوان تورکیـا و ئێـران و عێراقـدا دابـەش بـووە، پرسـێکی دادپەروەرانــە و دیموکراتییــە، چونکــە نەتەوەیەکــی دابەشــکراوە و هەمــوو مافەکانــی لــێ زەوت کــراوە. وەک هەمــوو نەتەوەکانــی تــر دەبێــت گەلــی کــورد مافــی ئــەوەی هەبێـت خـۆی بڕیـار بـدات، چـۆن دەیەوێـت بژیێـت و دامـەزراوە سیاسـییەکانی و ئـەو پەیوەندیانـەی دەیەوێـت لەگـەڵ وڵات و گەلانـی دراوسـێ هەبێـت".

بـە دووپاتکردنـەوەی "مافـی چارەی خۆنووسـینی گەلی کـورد، لەوانە مافـی جیابوونەوە و دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆش لـە خۆدەگرێـت"، حزبـی شـیوعی عێـراق کەمێـک ئـەم مافـەی کەمکـردەوە و جەختـی لـەوە کـردەوە "هەمیشـە بـۆ پـاراستن و بەهێزکردنـی

یەکێتی عێراق خەباتیان کردووە" و "پاراستنی ئەم یەکێتییەش بە تەواوی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی عەرەب و کورددا دەگونجێت".

**٥. خاڵی پێنجەم**

ئەم خاڵەی ڕاپۆرتەکە لە بەرژەوەندی شۆڕشی کورد، گوزارشت لە سازشێکی گەورە دەکات:

"لە هەلومەرجی ئێستادا تاکە چارەسەری گونجاو و دروست ئەوەیە؛ لە ڕێگەی پێکهێنانی حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی لە کوردستاندا، یەکێتی عەرەب و کورد بە دیموکراتی ڕاستەقینە بکرێت[1]، لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی کۆماری عێراقدا بمێنێتەوە. ئەم مافە دەبێت لە دەستووری هەمیشەییدا جێگیر بکرێت و بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی کۆنکرێتی بگیرێتەبەر (...). حکومەتی ئۆتۆنۆمی نەک تەنیا هەر خزمەت بە بەرژەوەندیی گەلی کورد دەکات، بەڵکو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تەواوی گەلی عێراقیشدا دەگونجێت، ئەمە بیرۆکەیەکی خەیاڵی و دوور نییە، بەڵکو داواکارییەکی پراکتیکییە و دەتوانرێت لەچوارچێوەی شۆڕشی دیموکراتی لەعێراقدا بەدی بهێنرێت".

جێی ئاماژەیە حزبی شیوعی عێراق لە بەرنامەی ساڵی ١٩٦٠ی خۆیدا باس لە ئۆتۆنۆمی تەواوەتی کوردستانی عێراق ناکات، تەنیا لە مادەی ٣ دا داوا دەکات "ڕێگە بە گەلی کورد بدرێت کاروباری ئیداری و کەلتوری خۆی لە چوارچێوەی یەکێتی و یەکپارچەیی عێراقدا بەڕێوە ببات. ئەم مافە سەرەتاییترین مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردە"[2].

ئەو جیاوازییە لە چۆنییەتی بەدەستهێنانی ئەم ئۆتۆنۆمییەدایە لە نێوان شۆڕش و حزبی شیوعی عێراقدا دەردەکەوێت، ڕاپۆرتەکە دەڵێت: "پرۆسەی دروستکردنی حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستان، بەشێکی دانەبڕاوە لە خەباتی گەورە و ئاشتیخوازانە، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی کۆماری عێراق لە دژی هەموو هەڕەشەکان و گەڕاندنەوەی ئازادییە دیموکراتییەکان". ئەم پرۆسەیە "بەشێکە لە خەبات بۆ دروستکردنی بەرەیەکی فراوانی یەکێتی نیشتیمانی کە هەموو هێزە دژە ئیمپریالیستی، نیشتمانپەروەر و

---

(١) لە دەقە ئینگلیزییەکە بە " خۆبەڕێوەبەری لە کوردستانی عێراق" هاتووە .

(٢) ئەلسەقافە ئەلجەدیدە، بەغدا، شوباتی ١٩٦٠، وەرگێڕانی تەواوی فەڕەنسی لە گۆڤاری ئۆریانت، ژمارە ١٣، وەرزی یەکەمی ١٩٦٠، پاریس.

نەتەوەییـەکان کۆبکاتـەوە "، بـەڵام "لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە، باسـی خەبـات بـۆ چارەسـەری ئاشـتیانە بـۆ قەیرانـی ئێسـتای کوردسـتان جیانەکراوەتـەوە".

ئەم بۆچوونە شایەنی چەند تێبینییە:

أ. حزبـی شـیوعی عێـراق لـە کاتێکـدا لـە ناوبردنـی شـەڕی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی بـە "قەیـران" بەردەوامـە، هەوڵیـش دەدات لـە ڕێگـەی ئاشـتیخوازانە و لـە ڕێگـەی بـەرەی یەکێتـی نیشـتمانییەوە ئامانجـی بنەڕەتـی شـۆڕشـی کـورد بەدەسـتبهێنێت. ئـەو پشـتیوانی لـە ئامانجـی شـۆڕش دەکات، بـەڵام دژایەتـی خـودی شـۆڕش دەکات. بێگومـان هەمـوو جەنگێـک بـە دانوسـتاندن بـە ئاشـتی کۆتایـی دێـت، بـەڵام ئـەم چارەسـەرە تەنیـا ئەنجامـی جەنگـە. ئایـا هەڵوێسـتی حزبـی شـیوعی عێـراق لـە بەرژەوەنـدی حکومەتێکـی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان؛ وەک چارەسـەرێکی دەسـتبەجێ بـۆ کێشـەکە خـۆی، ئەنجامی شـەڕ نییـە؟ بـەڵام، حزبـی شـیوعی عێـراق؛ نایەوێـت، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان سـوود لـە شۆڕشـێکی سـەرکەوتوو وەربگرێـت.

ب. بـۆرژوازی دیموکراتـی عەرەبـی کـە گوایـە بەشـێک بێـت لـە بـەرەی یەکێتـی نیشـتمانی، هێشـتا ئۆتۆنۆمـی کـورد ڕەتدەکاتەوە. تەنیـا کاتێـک دەتوانێـت هەڵوێسـتی خـۆی بگـۆڕێت کـە ڕووبـەڕووی ڕاسـتیەکان ببێتـەوە و زیاتر ئـاگاداری ڕاسـتییەکانی شـۆڕش بێـت.

لـە مـاوەی مانگەکانـی کانوونـی دووەم و شـوباتی ١٩٦٣، ڕێـك پێـش ڕووخانـی قاسـم، حزبـی شـیوعی عێـراق کـە دەبینـێ بارودۆخەکـە بـەرەو خـراپتر دەڕوات، بـۆ کۆتاییهێنـان بـە شـەڕ لـە کوردسـتان، هەڵوێسـتی توندتـری گرتەبـەر. لـە ڕێگـەی خۆپیشـاندانەوە؛ جەمـاوەری لـە بەغـدا کۆکـردەوە و داوای کـرد ڕژێـم دانوسـتانی ئاشـتی لەگـەڵ کـورد دەسـتپێبکات.

پـاش ڕووخانـی قاسـم، حزبـی شـیوعی عێراقـی جارێکـی دیکـە هەڵوێسـتی خـۆی گـۆڕی، بـەڵام ئەمجارەیـان لـە بەرژەوەنـدی شۆڕشـدا.

**١٠.ڕووخانی ڕژێمی قاسم**

لە شوباتی ١٩٦٢، ساڵێک پێش ڕووخانی قاسم، ژەنەڕاڵ تاهیر یەحیا بە نوێنەرایەتی گروپی ناسیونالیستی نهێنی "ئەفسەرانی ئازاد"، نێردراوێکی ناردە کوردستان، بۆ ئەوەی بەڵێنی یارمەتی لە سەرکردەکانی شۆڕشی کورد بەدەستبهێنێت لەو ڕۆژەی ئەو ئەفسەرانە بۆ ڕووخاندنی ڕژێم کودەتا ئەنجام دەدەن. نێردراوەکە فەرماندە کەریم قەرەنی بوو کە بە ڕەچەڵەک کورد بوو. ئەو سەرکردە کوردەی لە ناوچەی سلێمانی چاوی بەو نوێنەرە کەوت بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەویش داوای کرد ئەو پێشنیازە بگەیەنێتە ژەنەڕاڵ بارزانی. نێردراوەکە گوتی: "بەبێ یارمەتی ئێوە، یان بەلایەنی کەمەوە بێلایەنی و نیاز پاکیتمان پێویستە، ئێمە بەرەو مەترسی شکست دەڕۆین"[1]. بە واتایەکی تر، هەرچەندە نێردراوەکە داوای هاوپەیمانێتییەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی لەگەڵ کورد نەکرد، بەڵام جەختی لە "بێلایەنی نیازپاکیان" کردەوە، واتە دەستوەرنەدانیان لە دژی کودەتاکە، بۆ سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکە گرنگە.

بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەد پێشنیازەکەی ژەنەڕاڵ تاهیر یەحیای گەیاندە ژەنەڕاڵ بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، پاش تاوتوێکردنی ئەم پێشنیازە، لە ڕێکەوتی ٢ی نیسانی١٩٦٢ لە نامەیەکی نووسراودا وەڵامەکەیان نارد[2].

سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان کە نامەکەی واژۆ کرد، نیگەرانی خۆی دەربڕی کە بەهۆی بارودۆخەکەوە، نەیتوانیوە بە شەخسی خۆی چاوی بە ژەنەڕاڵ یەحیا بکەوێت. داوا دەکات بڕوا بەو درۆیانە نەکات کە سەبارەت بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێن و گوێ لە تۆمەتەکانی ئەو "ستەمکارە"، مەبەستی ژەنەڕاڵ قاسمە، نەگرێت کە دەڵێت شۆڕشی کورد جوداخوازە. پاشان باس لەمافی

---

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٢ی ئازاری ١٩٦٣.

(٢) ئەم نامەیە بە عەرەبی بە بازنەیەکی بچووکی و تاڕادەیەك نهێنی گەیاندرا. ئەمەش مانای ئەوەیە وەڵامەکەی ژەنەڕاڵ بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاونەکرایەوە و تەنیا بۆ گروپێکی بچووک لە کەسانی باوەڕپێکراو بوو، لەوانەش سەرکردە و ئەندامانی سەرەکی پارتەکە.

چارەی خۆنووسینی گەلی کورد دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە؛ کورد دەیەوێت ئەم مافە جێبەجێ بکات، بەڵام بەگیانی یەکگرتنەوەیەکی ئارەزوومەندانە لەچوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا. بەشەکەی دیکەی نامەکە باس لە پرسی دیموکراسی لە عێراق و سروشتی ڕژێمی داهاتوودا دەکات. ئەمەی خوارەوە دەقی ئەم بەشەی نامەکەیە:

"وەک چۆن ستەمکار (قاسم) ستەمکارییەکەی بۆ دوور مەودا بەردەوامی پێدا، ویستی شەڕی پاکتاوکردنی ڕەگەزی و سڕینەوە لە دژی گەلەکەمان ئەنجام بدات. گەلەکەمان بوێرانە و جوامێرانە هاتە مەیدانی تێکۆشان و وەڵامی دایەوە، پێشمەرگە لەبەردەم خودا و گەلدا سوێندیان خوارد، لە خەباتی چەکداری بەردەوام بن، تا ئەو کاتەی سەرکەوتن بەدەستدێنن. بەڵێنیان دا چەکەکانیان دانەنێن تا ڕژێمی دیکتاتۆری لەناو نەبەن و نەیڕووخێنن و لە شوێنی ئەو حکومەتێکی دیموکراتی دانەمەزرێنن کە ئازادی و خۆشگوزەرانی و ئارامی بۆ هەموو گەلی عێراق زامن بکات".

بەشەکانی دیکەی نامەکە لەوەش گرنگترن، چونکە داواکارییەکی زۆر ڕوون و ورد لەخۆ دەگرێت: کورد داوای بەڵێننامەیەکی نووسراو دەکات کە ئۆتۆنۆمی کوردستان مسۆگەر بکات. داوا دەکەن هەر کە ڕژێمی قاسم ڕووخێنرا، حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان پێکبهێنرێت:

"بۆ دوورکەوتنەوە لە کێشە لەک اتی دانوستانەکانی ئاشتی لە کوردستان، گەلی کورد پێیانوایە؛ گرنگە هەر لەسەرەتاوە دان بە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بنرێت. پێویستە حکومەتی داهاتووی عێراق لە وتارە بەراییەکانیدا ئەو ئۆتۆنۆمییە ڕابگەیەنێت و بەڕێز مستەفا بارزانی وەک سەرۆك یان سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکات. دەبێت مافی پێکهێنانی حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستانی هەبێت. ئەم مەرجە گرەنتی ئەوە دەکات کە ئەوەی بەڵێن دراوە پێشێل نەکرێت و گرەنتی ئەوە دەکات کە ڕێز لە مادەی ٣ی دەستووری عێراق دەگیرێت، هەروەها دەبێتە بناغەیەکی پتەو و بەهێز بۆ یەکێتییەکی بەهێز و سەربەخۆیی عێراق کە بتوانێت دیموکراسی و ئازادی و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک دابین بکات".

ئەو برایانەی قسەم لەگەڵدا کردوون، پێیانوایە ڕێکەوتنی نووسراو لەسەر ئەم خاڵە زۆر گرنگە؛ بۆ دەستپێکردن و کردنەوەی ڕێگا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر

بابەتەکانی تر. ئەوان ئامادەن لە هەر شوێنێک لەگەڵ کەسانی پەیوەندیدار قسە بکەن. هەرچەندە پێیان باشترە لە کوردستان بێت، چونکە گواستنەوەیان بۆ ئەوێ ئاسانترە.

دیارە ئەم نامەیە شەخسی نییە و دوای ئەو بڕیارە دێت کە ژەنەڕاڵ بارزانی دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ مەکتەبی سیاسی بڕیاری لێ داوە. مەرجێکی دیکە ئەوە بوو حکومەتی داهاتووی عێراق دەبێت پێنج وەزیری کوردی هەبێت.

لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا، بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەد "وەڵامی پیلانگێڕانی کودەتاکەی پێگەیشت. مەرجەکانیان قبوڵ کرد و داوایان لە ژەنەڕاڵ بارزانی کرد ناوی کەسایەتییە کوردەکانیان بۆ بنێرێت کە دەیەوێت لە یەکەم کابینەی حکومەتی شۆڕشگێڕیدا پۆستیان هەبێت"(١). پاشان ژەنەڕاڵ بارزانی پێنج ناوی پێشنیاز کرد، لە نێوانیان ناوی بەڕێز بابە عەلی و ژەنەڕاڵ فوئاد عارف هەبوو.

پاش سەرکەوتنی کودەتاکە؛ عەقید عەبدولسەلام عارف سەرۆک کۆماری نوێی عێراق بە ڕۆژنامەنووسانی بیانی گوت: "ئێمە ساڵێکە خەریکی ئامادەکاریین بۆ شۆڕش"(٢).

ژەنەڕاڵ بارزانی لای خۆیەوە بە ڕۆژنامەنووسانی گوت، "پێش کودەتای ٨ی شوبات لەلایەن ناسیونالیستە عەرەبەکانەوە پەیوەندییان پێوە کراوە". ئەوەشی روونکردەوە کە "پێی ڕاگەیاندوون، ئەگەر دان بە مافی ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بنێن، پشتیوانییان لێدەکات". لەگەڵ ئەوەشدا باسی لەوە کرد کە "هیچ ڕێکەوتنێکی نووسراو نەبووە، تەنیا پابەندبوونێکی ئەخلاقی هەیە"(٣).

ئەفسەرانی ئازاد بە نووسراو وەڵامی نامەکەی پێشوویان نەدایەوە. پابەندبوونیان بە پەسەندکردنی مەرجەکانی کورد بە شێوەیەکی زارەکی پێشکەش کرد. ڕەوتی ڕووداوەکان کە لە بەشی داهاتوودا دەیبینین، نیشانی دەدات، نەبوونی وەڵامی نووسراو، نیەت و نیازی خراپی شاردووەتەوە.

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٢ی ئازاری ١٩٦٣.

(٢) ڕۆژنەمەی لو فیگارۆی فەڕەنسی لە ٢٦ی ئازاری ١٩٦٣، پاریس.

(٣) سەیری وتارەکەی ژان فرانسوا شۆڤێل بکە لە رۆژنامەی (لو فیگارۆی) فەڕەنسی لە ٢ی ئازاری ١٩٦٣.

لـە ڕاسـتیدا؛ لەنێـو کوردەکانـدا، وەک ڕۆژنامـەی لـو مۆنـد نووسـیویەتی، "بەرامبـەر ناسیۆنالیستەکانی عـەرەب بـێ متمانەییەکـی گـەورە هەبـوو کـە ئامانجیـان یەکگرتنـەوەی "ئومـەی عەرەبییـە"[1]، لـە زەریـای ئەتڵەسـی تـا کەنـداوی عەرەبـی". لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئامانجـی سـەرەکی شۆڕشـگێڕانی کـورد "لەناوبردنـی دووپشـکەکەی بەغـدا" بـوو، تەنانـەت ئەگـەر ئەمـە بـە مانـای هاوپەیمانـی لەگـەڵ "دوژمنانـی گەلـی کورد"یـش بێـت"[2].

لـە ڕۆژانـی کۆتایـی پێـش ڕووخانـی قاسـم، خۆپیشـاندانی جەمـاوەری کـە لەلایـەن حزبـی شـیوعی عێراقـەوە ڕێکخرابـوو و دژە خۆپیشـاندانەکانیش بـە سـەرۆکایەتی بەعـس و هاوپەیمانەکانـی بـەدوای یەکـدا هاتبـوون، هەندێکجاریـش لـە شـەقامەکانی بەغـدای پایتەخـت پێکـدادان ڕوویـدەدا. زانکـۆ مانگرتنـی ڕاگەیانـد. سـوپا لـە قەیرانـدا بـوو. ژەنەڕاڵ قاسـم بە هەسـتکردن بەو مەترسییەی کە لە ئەفسـەرە ناسیۆنالیسـتەکانەوە دێت، لیستێکی درێـژی ئـەو ئەفسـەرانەی ئامـادە کردبوو و دەیویسـت پێشـوەختە خانەنشـینیان بکات. ئەم ئەفسـەرانە ئـاگادار بوون، چونکە سـەرۆک وەزیـران لە کۆبوونەوەی بۆنەی "ڕۆژی سـوپا" بە ئاشـکرا هەڕەشـەی دەرکـردن لـە کارەکانیانـی لێ کردبوون. ئەمـەش هـۆکاری کودەتاکە بوو. بەگوێـرەی ڕۆژنامـە نێودەوڵەتییـەکان، کودەتـای ٨ی شـوباتی ١٩٦٣ لـە ڕووی تەکنیکییـەوە لەسـەر ئاسـتی سـەربازی داڕێژرابوو، بـەڵام ئەم هۆکارە ڕاسـتەوخۆیانە نابێـت وامان لێبکەن هـۆکاری سـەرەکی لەبیربکەیـن: بێتوانایـی دەسـەڵات لـە چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد و بێتوانایـی سـوپاکەی لـە شکسـتپێهێنانی لەشـکری شـۆڕش.

گۆڤـاری ژۆن ئەفریـك دەڵێـت کەوتنـی قاسـم نیشـانی دەدات "لـە عێراق سـەرکردەیەک نەتوانێـت کـورد و شـیوعییەکان و ناسرییـەکان و کۆمپانیاکانی نـەوت ڕازی بکات، مەحکومە بـە شکسـت. ئـەم ڕێبـازە بـەزۆری تەنیـا دەبێتـە هـۆی ناسـەقامگیری زیاتـر و لەدەسـتدانی پشـتیوانی، ئەمـەش ئەگـەری ڕووخانـی سـەرکردە زیاتـر دەکات. بـە واتایەکی دیکـە، کاتێک سـەرکردەیەک بـە گرتنەبەری مەترسـی دەرەکـی، نەک چارەسـەرکردنی کێشـە ناوخۆییەکان، هەوڵی پاراسـتنی دەسـەڵات دەدات، بەزۆری لێی خۆش نابن و لە کۆتاییدا دەڕوخێنرێت"[3].

(١) "ئومە" لە زمانی عەرەبی مانای نەتەوە دەگەیەنێت.

(٢) لو مۆند لە ١٢ی ئازاری ١٩٦٢.

(٣) بڕوانە گۆڤاری Jeune Afrique لە ١١ی شوباتی ١٩٦٣، تونس: "کودەتای بەغداد: سوپا، نەوت، دەسەڵات".

ڕۆژنامـەی تایمـزی لەندەنـی دەنووسـێت، لـە ڕاسـتیدا فەرمانڕەوایـی قاسـم جۆرێـک بـوو لـە وێرانکردنـی ئـەو شۆڕشـەی دەسـتیپێکردبوو. بـە بـڕوای ئـەوان هـۆکاری سـەرەکی شکسـتەکەی بـۆ شـەڕی دژ بـە کـورد دەگەڕێتـەوە:

"ئاشـکرایە؛ ئـەوەی دوێنـێ ڕوویـدا، پیلانێکـی ناوخۆیـی بـوو کـە لەلایـەن ئەفسـەرانی بـاڵای سـوپا و هێـزی ئاسمانییـەوە ڕێکخرابـوو، کـە بەرانبـەر ڕژێـم چەندیـن تۆمەتیـان هەبـوو. سـوپای عێـراق سـاڵێک زیاتـرە بـۆ وەسـتاندنی شۆڕشـی کـورد، خەریکـی هەوڵێکی سـەرنەکەوتوو بـوو. بەشـێکی زۆری باکووری وڵات لـە ژێـر کۆنترۆڵـی حکومـەت نەمابـوو. قاسـم ڕەتـی کـردەوە ڕاسـتی ئـەم ڕاپەریـن و شۆڕشـە قبـوڵ بـکات و لەبـری ئـەوە پێـی باشتر بـوو "ئیمپریالیـزم" تۆمەتبـار بـکات کـە دەڵێـت لـە عێـراق دەری کـردووە. سـوپا ڕووبـەڕووی جەنگێکـی درێژخایـەن و ئابڕووبـەر بـووەوە و کێڵگـە نەوتییەکانـی خسـتە مەترسـییەوە و بـەردەوام سـەرچاوەکانی وڵاتـی بەکاردەهێنـا و بەهـەدەری دەدا"[١].

ژەنـەڕاڵ قاسـم و زۆربـەی ئەفسـەرانی تیمەکـەی، لـە هەمـان ڕۆژی کودەتاکـە، بـە خێرایـی لـە سـێدارە دران.

(١) بڕوانە سەروتاری "خۆ لەناوبردن" لە ڕۆژنامەی تایمز، ٩ی شوباتی ١٩٦٣.

# بەشی پێنجەم

## گفتوگۆ و دانوستاندن لەنێوان نوێنەرانی کورد و دەسەڵاتدارانی حکوومەتە عێراقیەکان لەبارەی پرسە سیاسییەکان

### ١. ڕژێمی ١٤ی ڕەمەزان

لە ڕۆژی کودەتاکەدا؛ ڕادیۆی بەغدا دامەزراندنی "ئەنجومەنی نیشتمانی فەرماندەیی شۆڕشی" ڕاگەیاند، بەڵام ناوی ئەندامەکانی ئاشکرا نەکرا. بە دڵنیاییەوە عەقید عەبدولسەلام عارف کە بە سەرۆک کۆمار ناویهات و داوای سەرۆکی ئەنجومەنەکەش دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، عەقید کە دواتر بە موشیر ناودەبرێت، کۆنترۆڵی ئەنجومەنەکەی نەکرد و سەرکردەی ڕاستەقینەی نەبوو. ئەنجومەنەکە سەرکردەکانی "ئەفسەرانی ئازاد" و کەسایەتییەکانی لایەنگری ناسرییەکان و بەتایبەتی بەعسییەکان بە مەدەنی و سەربازییەوە لەخۆ دەگرت.

کابینەی حکومەتێکی ٢١ ئەندامی لەلایەن ئەنجومەنەکە پێکهێنرا و پێشکەش بە وڵات کرا، بەبێ ئەوەی لە پەرلەماندا تێپەڕێت، زۆربەیان بەعسی بوون. پۆستە سەرەکییەکان بریتین لە سەرۆک وەزیران ژەنەڕاڵ ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ عەلی ساڵح ئەلسەعدی، وەزیری بەرگری ژەنەڕاڵ عەماش و وەزیری دەرەوە تالیب حوسێن شەبیب. بەڕێز سەعدی بەخێرایی بوو بە پیاوی بەهێزی ڕژێم. کابینەکە تەنیا لە دوو وەزیری کورد پێکهاتبوو کە بریتین لە بەڕێز بابە عەلی وەزیری کشتوکاڵ و ژەنەڕاڵ فوئاد عارف وەزیری دەوڵەت. هەردووکیان پێشتر وەزیر بوون لە یەکەم حکومەتی ژەنەڕاڵ قاسم.

ئەوانەی سەرکردایەتی کودەتاکەیان کرد، کودەتایەکەیان ناونا "شۆڕشی ١٤ی ڕەمەزان"، چونکە مانگی ڕەمەزان مانگی نوێژ و ڕۆژووە لە ئیسلامدا.

لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا؛ ڕژێمی نوێ، خۆی بە بێلایەن نیشان دا. هەرچەندە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا پێیان وابوو ئەم ڕژێمە بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزێت و پێی دڵخۆش بوون. ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە وتارێکدا دەنووسێت "بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا خاڵی ئەرێنی ئەوەیە کە سەرکردە نوێیەکان بە توندی دژی

شـیوعییەتن. بەڵێنیـان داوە ڕێـز لـە پابەندییـە نێودەوڵەتییەکانـی عێـراق بگـرن. ئـەم پابەندبوونـە بەتایبەتـی لـە ڕووی بەرژەوەندییـە نەوتییەکانیانـەوە کـە بـۆ ئابـووری عێـراق گرنگـن، وڵاتانـی ڕۆژئـاوای دڵنیـا کردووەتـەوە "[١].

لــە ١١ی شــوباتدا، بەرپرســێکی بەریتانــی -ئێــدوارد هیــث- بــە پەرلەمانــی وڵاتەکــەی ڕاگەیانــد "حکومــەت زانیــاری پێگەیشــتووە کــە ڕژێمــی نــوێ پشــتیوانی هێــزە چەکــدارەکان و زۆرینــەی دانیشــتوان و جەمــاوەری هەیــە و بــە شــێوەیەکی کاریگــەر کۆنترۆڵــی وڵاتەکــەی کــردووە، بۆیــە گونجــاوە ئێمــە دان بــەم حکومەتــە نوێیــەی عێراقــدا بنێیــن". وتارێکــی ڕۆژنامــەی "لــو مۆنــد" بــە ناونیشــانی "دیپلۆماســی و نــەوت" جەخــت لــەم خاڵــە دەکاتــەوە.

تەنانــەت هەندێــک لــە ڕۆژنامەکانــی ئەوروپــا بانگەشــەی ئەوەیــان کــرد کــە کودەتاکــە لەلایــەن کۆمپانیاکانــی نــەوت و دەزگای هەواڵگــری ئەمریکــی ســی ئــای ئــەی ڕێکخــراوە. هەرچۆنێــک بێــت، لــە شــەوی ١١ی شــوباتدا ڕژێمــی نــوێ، نــەک تەنیــا لەلایــەن ئەمریــکا و بەریتانیــا، بەڵکــو لەلایــەن یەکێتــی ســۆڤیەت و وڵاتانــی عەرەبــی و پەکیــن و وڵاتانــی دیکــەش، دانــی پێدانــرا.

پارتــی بەعســی ناسیۆنالیســت بزووتنەوەیەکــی لایەنگــری نــاسری نییــە. باڵێکــی بچــووک یــان کەمینــەی ئــەم حزبــە بــە ســەرۆکایەتی ئەکــرەم حۆرانــی کــە ســوری بــوو، دژی نــاسر بــوون، بــەڵام زۆرینــەی حزبەکــە بــە ســەرۆکایەتی میشــێل عەفلــەق و ســەڵاحەدین ئەلبەیتــار کــە ئەوانیــش ســووری بــوون، بیرۆکــەی گفتوگۆکردنیــان لەگــەڵ نــاسر ڕەت نەکــردەوە و هاوبەشــی هەمــان خواســتی نــاسر بــوون بــۆ بەدەســتهێنانی هەژمــوون بەســەر جیهانــی عەرەبیــدا. بەعســییەکانی عێــراق ســەر بــە باڵــی زۆرینــە بــوون،

ڕێکــەوتی ١٦ی شــوبات، بەڕێــز حــازم جــەواد وەزیــری کاروبــاری ســەرۆکایەتی، بەرنامــەی حکومەتــی خســتەڕوو. لێرەدا خاڵــە ســەرەکییەکانی لێدوانەکــەی دەخەینــەڕوو:

---

(١) ســەبارەت بــە کات یــان دەقــە وەرگیراوەکانــی ڕۆژنامەوانــی لــەم پەڕەگرافــەدا، بڕوانــە ڕۆژنامــەی نیویــۆرک تایمــز لــە ١١ و ١٢ و ١٨ی شــوبات و ڕۆژنامــەی لــو مۆنــد ١٦ و ١٧ و ١٨ی شــوباتی ١٩٦٣.

١. پرۆگرامی حکومەتی نوێ جەخت لەسەر: چاکسازی کشتوکاڵی (بۆ باشترکردنی بارودۆخی جوتیاران)، بەرەنگاربوونەوەی گرانی تێچووی ژیان (بۆ ئاسانکردنی دەستگەیشتن بە بەرهەمە سەرەتاییەکان) و گەڕانەوە بۆ ئازادییە دیموکراتیەکان (بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیان) دەکاتەوە.

٢. کاتێک دۆخەکە ئارام دەبێتەوە، ڕێگە بە دروستبوونی پارتی سیاسی دەدەین.

٣. دەبێت چەند قۆناغێک تێبپەڕێنین، پێش ئەوەی بتوانین سۆسیالیزم جێبەجێ بکەین.

٤. کێشەی کورد بە ئاشتیانە چارەسەر دەکرێت، کاتێک گوێمان لە داواکاری و بۆچوونی خودی کورد بێت.

٥. حکومەتی عێراقی چیتر بوونی خۆی لە کۆمکاری عەرەبی مەرجدار ناکات لە سەر پرسی کوێت.

٦. حکومەتی شۆڕش پێیوایە؛ پرسی فەڵەستین گرنگترین کێشەی گەلی عەرەبیە کە دەبێت گرنگی پێبدات.

بەڕێز جەواد گوتیشی: "ئێمە ڕێز لە ڕێککەوتنەکانمان لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان دەگرین کە خاوەن ئیمتیازاتن".

لە واقیعدا؛ جگە لە ڕازیکردنی کۆمپانیا نەوتییەکان، هیچ خاڵێکی دیکەی بەرنامەکە جێبەجێ ناکرێت. کۆتاییهاتنی قەیرانی کوێت و ئەو هاوکارییە داراییە زەبەلاحەی کە ئەم وڵاتە بچووکە نەوتییە پێشکەشی سەرکردەکانی بەعس لە بەغدا دەکات، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە.

دوو ڕووداوی گرنگ سیاسەتی ناوخۆی ڕژێمی نوێیان پێناسە کرد:

١. "ڕاوکردنی شیوعییەکان"، واتە لەناوبردنی و پاکتاوکردنی شیوعییەکان، دیموکراتەکان و هەموو ئەوانەی دژایەتی ڕژێم دەکەن.

٢. ڕژێم بۆ ماوەی چەند مانگێک دەستی دەستی بە کورد دەکرد، پێش ئەوەی لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا شەڕی توند دەستپێبکاتەوە.

لە ڕۆژی کودەتاکەدا؛ حزبی شیوعی عێراق هەوڵیدا، بۆ پشتیوانی لە ژەنەڕاڵ

قاسم خۆپیشاندان ڕێکبخات، بەڵام کودەتاچییەکان پلانی هەموو شتێکیان دانابوو: شەقامەکانی بەغدا پێشتر لەلایەن سەرباز و پۆلیس و کۆمەڵێک هەرزەکاری چەکدارەوە تەنرابوو و پێیان دەگوترا "گاردی نیشتمانی" کە میلیشیایەکی نیمچە سەربازیی حزبی بەعس بوو. دەسەڵاتداران بانگهێشتی هاوڵاتیانی کرد بۆ ئەوەی "شیوعییەکان ئاشکرا بکەن". ئەم ئاشکراکردنە دەتوانرێت بە نەناسراوی و بە تەلەفۆن ئەنجام بدرێت، بەبێ ئەوەی ناوی هاوڵاتییەکە ئاشکرا بکرێت. ئەستەمە بتوانین بە وردی ژمارەی قوربانییەکان بزانین، بەڵام هەندێک مەزەندە دەکەن کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا؛ زیاتر لە حەوت هەزار کەس کوژراون و گیانیان لەدەستداوە. ژن و تەنانەت منداڵانیش بەدەر نەبوون. سەدان ژن، کە مێردەکانیان هەڵاتبوون، هەروەها کچانی خێزانە بەڕێزەکان، دەستگیرکران و لێیاندرا و ئەشکەنجە دەدران و هەندێکجار دەستدرێژییان کراوەتە سەر، ئەمەش پێچەوانەی نەریتی شەرەفی عەرەبی بوو. بۆ ماوەی چەند مانگێک، زانکۆی بەغدا داخرا، چونکە زۆرێک لە باشترین مامۆستا و پڕۆفیسۆرەکانی وڵات زیندانی کراون، کوژراون یان هەڵهاتوون بۆ دەرەوەی وڵات. زۆرێک لە فەرمانگەکانی کارگێڕی وڵات بە تەواوی بەتاڵ بوون لە بەرپرس و فەرمانبەرەکانیان. پاکتاوکردنی ئەو کەرتانەی کە بە شیوعی دادەنرێن، بە گوێرەی ڕۆژنامەی لو مۆند، ڕاستەوخۆ لەلایەن سوپاوە ئەنجامدراوە. دەسەڵاتدارانی نوێ لە جیاتی مەحکوم کردنی کۆمەڵکوژییەکان، "سەرکوتی جەماوەری" بە "کاردانەوەی دادپەروەرانە" لە دژی شیوعییەکان دەزانن.

لە ١٥ی شوباتدا، شرۆڤەکاری سیاسی ڕادیۆی مۆسکۆ ئاماژەی بەوەدا کە "ڕای گشتی سۆڤیەت کاتێک هەواڵەکەی لە عێراقەوە بیست، زۆر نیگەران بوو". لای خۆیەوە وەزیر حازم جەواد گوتەبێژی فەرمی حکومەتی عێراق هەمان ڕۆژ ڕایگەیاند: "دەمانەوێت بە یەکجاری حزبی شیوعی لە عێراق لەناوببەین، بەڵام هیواداریـن پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکەی سۆسیالیست هەبێت". ڕۆژی دواتر، بەیاننامەیەکی فەرمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی سۆڤیەت کە ئاژانسی هەواڵی تاس[1] بڵاوی کردەوە، "شیوعییەکانی

(١) تاس، کورتکراوەی (دەزگای تەلەگرافی یەکێتی سۆڤیەت)، لە ساڵی ١٩٩٢ تا ٢٠١٤، یەکێکە لە

سـۆڤیەت و هەمـوو گەلـی سـۆڤیەت بـە توندی ئیدانـەی تیـرۆری خوێنـاوی و سـەرکوتکردنی هاوڵاتیانـی عێراقییـان کـرد". لەبەرئـەوەی بەرخۆدانـی شـیوعییەکان و نەیارانـی دیکـەی ڕژێـم لاواز و بـێ هیـوا بـوو، ڕادیـۆی سـۆڤیەت بـە زمانـی کـوردی داوای لـە هێزەکانـی ڕابـەری کـورد مسـتەفا بارزانـی کـرد کـە لـە دژی موشـیر عـارف ڕاپەڕیـن، ڕۆژنامـەی لـو مۆنـدی فەڕەنسـی دەنووسـێت: "ئاشـکرایە مۆسـکۆ لـە وەرگرتنـی هەڵوێسـتێکی ڕوون سـەبارەت بـە ئاراسـتەی ڕاسـتەقینەی حکومەتەکـەی مارشـال عـارف دوودڵ بـوو، بـەڵام عـارف، لانـی کـەم لـە ڕواڵەتـدا، پشـتگیریی شۆڕشـی کـوردی بەدەسـتهێنا و قاهیـرە پێشـوازی لـە کەوتنـی قاسـم کـرد، بۆیـە یەکێتـی سـۆڤیەت بـۆ چەنـد ڕۆژێـک هەڵوێسـتێکی ناڕوونـی گرتەبـەر. لەگـەڵ ئەوەشـدا پەیوەندییـە نهێنییەکانـی نێـوان بارزانـی و ڕژێمـی نوێـی عێـراق بـەردەوام بـوو".

ئێـوارەی ١٥ی شـوبات، لەبـەر ڕۆشـنایی ئامانجـی دیموکراتـی شـۆڕش، ڕاگەیەندراوێکـی ڕۆژنامەوانـیمان لـە دەرەوە لـە بـارەی ڕووداوەکانـی عێراقـەوە بڵاوکـردەوە، لـە بەشـی یەکەمـی ئـەم بەیاننامەیـەدا؛ ئامـاژە بـەوە کـراوە کـە شۆڕشـی کـورد و حزبـی شـیوعی عێـراق جیـاوازن "حزبـی شـیوعی عێراقـی لەژێـر دەسـەڵاتی قاسـمدا پشـتیوانی لـە شۆڕشـی کـورد نەکـردووە". لـە بەشـی دووەمـدا هاتـووە: "سـەبارەت بـە ڕژێمـی نوێـی بەغـدا، شـۆڕش چاوەڕێـی ئـەوە دەکات کـە هەڵوێسـتی خـۆی سـەبارەت بـە داواکارییەکانـی ئۆتۆنۆمـی و ئامانجەکانـی تـر ڕوون بکاتـەوە، وەک لـە بەیاننامەکـەی ئـەم دواییانـەدا بـە وردی باسـکراوە و دیاریکـراوە، بـەڵام کۆمەڵکوژییەکانـی ئـەم دواییـەی هـەزاران عەرەبـی عێراقـی ناتوانـێ شۆڕشـی کـورد بێئـاگا بهێڵێتـەوە، کـە یەکێـک لـە ئامانجەکانـی گەڕاندنـەوەی ئـازادی دیموکراتـی و تاکەکەسـییە لـە عێـراق". (هەروەهـا سـەیری دەقـی ڕۆژنامـەی لۆمۆنـدی ١٧ی شـوبات بکـە).

---

دەزگا سەرەکییەکانی ڕۆژنامەوانی لە ڕووسیا، لەلایەن کرێملینەوە پارەدار دەکرێت.

### ٢. خۆدزینەوە و یاریکردن بەکات لەلایەن حکومەتی عێراقەوە

وەك دەزانین "ئەفسەرانی ئازاد" چەقی سەربازی و سەرچاوەی کودەتاکانی داهاتوو بوون، ڕازی بوون بە ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی کوردستان هەر کە ڕژێمی قاسم ڕووخێنرا و لە بەرامبەردا پشتیوانی کوردیان بەدەستهێنا.

بێگومان لە کوردستاندا، بە خۆشحاڵییەوە؛ پێشوازیی لەڕووخانی ڕژێمی قاسم کرا. ژەنەڕاڵ بارزانی دەستبەجێ فەرمانی ئاگربەستی یەکلایەنەی دا و نزیکەی هەزار سەربازی عێراقی ئازاد کران کە بە دیل گیرابوون، بەڵام لە ٨ی شوباتدا کورد بێهوودە چاوەڕێی ئەو بەڵێنە بوو کە پێیدرا بوو. لە ڕاستیدا؛ لە بەیانی کودەتاکەدا ڕادیۆی بەغدا جگە لە "سڵاو کردن لە شۆڕشی شکۆداری کورد" هیچی تری نەکرد و بە جیهانی ڕایگەیاند، کورد پشتیوانی لە ڕژێمی نوێ دەکات.

لە کاتێکدا ئەم هەواڵە لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبووەوە، ڕۆژنامەی لو مۆند دەنووسێت "تورەیی لە بارەگای شۆڕشگێڕان بەرزبووەوە"، هاوڕێ و هەڤاڵە چەکدارەکانی بارزانی هاواریان کرد: "جارێکی تر فریودراوین!"، هەندێکیان بڕیاریان دا و گوتیان پێویستە دەستبەجێ شارە گەورەکانی باکوور وەک کەرکووک و سلێمانی کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام بارزانی "هەرچەندە سازشی نەدەکرد، بەڵام هەڵەشەش نەبوو. ئەو ئەم پێشنیازانەی ڕەتکردەوە و بڕیاریدا، سەرەتا لە هەموو ئەگەرەکانی دانوستان بکۆڵێتەوە. لای خۆیەوە حکومەتی بەغداش ڕێوشوێنەکانی ئاشتەوایی زیاتر کرد. سوپای عێراق چەند شارێکی گەورەی چۆڵکرد کە لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە گەمارۆدرابوون. هەروەها لێبوردنی گشتی بۆ کوردانی زیندانیکراوی سەردەمی ڕژێمی قاسم ڕاگەیەند"[1].

بۆ ڕەتکردنەوەی گومانەکان، ئێمە لە چوارچێوەی کۆمیتەی بەرگریدا لە بەیاننامەیەکدا کە لە ١٠ی شوبات بە ڕۆژنامەنووسان ڕاگەیاندرا، بەرپرسیارێتیمان لە ئەستۆ گرت کە هەڵوێستی شۆڕش ڕوون بکەینەوە. ڕاگەیەندراوەکە بە "پێشوازیکردن لە ڕووخانی ڕژێمی قاسم" دەستپێدەکات و دواتر ئاماژە بەوە دەکات ئەم ڕووخانە

---

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٢ی ئازاری ١٩٦٣.

"تەنیا ئامانجێکی دووەمی شۆڕش" بووە کە ئامانجی سەرەکی ڕزگاری نیشتمانی کوردەکانە. لە درێژەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، ئەم ئامانجە دەتوانرێت بە گەڕانەوە بۆ پرەنسیپەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز و بە دامەزراندنی پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لە نێوان عەرەب و کورددا لەسەر بنەماکانی خوارەوە بەدیبهێنرێت:

١. دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی یەکپارچەیی کۆماری عێراقدا.

٢. چۆڵکردنی کوردستان لەلایەن هێزە عێراقیەکانەوە و ناساندنی هێزە تەناهییەکانی کورد.

٣. دابەشکردنێکی دادپەروەرانە لە داهاتی نەوت لە نێوان کوردستانی عێراق و عێراقی عەرەبی. (هەروەها بڕوانە نیویۆرک تایمز لە ١١ی شوبات و تایمز لە ١٣ی شوبات).

بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک جیهان پرسیاری لەبارەی هەڵوێستی شۆڕش لە بەرامبەر حکومەتی نوێی عێراق دەکرد. دوای گفتوگۆی سەرەتایی؛ هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر ناردنی شاندێکی کوردی بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە بە شێوەیەکی ئاشتیانە بدەن. مستەفا بارزانی ڕێبەر و سەرکردەی کورد بەڕێز جەلال تاڵەبانی بە یاوەری بەڕێز ساڵح یوسفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەرکردایەتی شاندەکە ڕاسپارد. نوێنەرە کوردەکان لە ١٩ی شوباتدا بە فڕۆکەیەکی سەربازی عێراق گەیشتنە بەغدا، کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆیان دابینکرا بوو. ژەنەڕاڵ تاهیر یەحیا، پێشتر بەرپرسی پەیوەندییە نهێنییەکان بوو لەگەڵ کورد، لە ساڵی ١٩٦٢ و ئێستا سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقە، داوای لێبوردنی لە نوێنەرانی کورد کرد و بۆیانی ڕوونکردەوە کە "نەیتوانیوە بەڵێنانەکانی لە ساڵی ١٩٦٢ جێبەجێ بکات، چونکە لەو کاتەوە حکومەت فراوانتر بووە بە ئەندامانی ناسیۆنالیستی زیاتر، کە دژایەتی بیرۆکەی پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کورد بوون"[(١)].

دانا شمیت لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز دەنووسێت، کورد لە پێگەیەکی بەهێزەوە لە دانوستانەکان نزیک دەبنەوە، دوای ئەوەی ژەنەڕاڵ قاسم لە ١٠ی کانوونی دووەم لێبوردنی گشتی ڕاگەیاند. ئەم دۆخە وای لە کورد کرد پێگەی

(١) لو مۆند لە ١٢ی ئازار.

خـۆی لـە بەرامبـەر حکومەتـی عێراقـدا بەهێـز بـکات، بۆیـە کاتێـک ئامـادە بـوون بـۆ گفتوگۆکـردن، بـەڵام بەهێـز و متمانـەی زیاتـرەوە. سـەرەڕای ئـەم هەڵوێسـتە بەهێـزە، داخوازییەکانـی کـورد لای ڕژێمـی بەعـس ئاسـان نەبـوو بـۆ قبوڵکـردن. لـە ڕاسـتیدا؛ فەلسـەفەی حزبـی بەعـس کـە جەختـی لەسـەر یەکڕیـزی و ناسـنامەی عـەرەب دەکـردەوە، لەگـەڵ خواسـتی کـورد بـۆ ئۆتۆنۆمـی زۆر گونجـاو نەبـوو. ئەمـەش وایکـردووە؛ تێگەیـشتن و قبوڵکردنـی داخوازییەکانـی کـورد زەحمـەت بێـت. "سـەرەڕای ئـەم گرژییانـە، لـەم قۆناغـەدا، کـورد بڕیاریـان دا، باشتریـن ڕوخسـار بەرامبـەر فەلسـەفەی بەعـس نیشـان بـدەن، بەبـێ ئـەوەی بـە تـەواوی لەگـەڵ ڕژێمـی نـوێ پەیوەنـدی بپچڕێنـن، بـەو هیوایـەی چارەسـەرێکی ئاشـتیانە بدۆزنـەوە کـە لـە بەرژەوەنـدی دۆزی خۆیانـدا بێـت"[1].

میشـێل عەفلـەق، مەسـیحی سـوری و مامۆسـتای پێشـووی مێـژوو لـە ئامادەیـی لـە دیمەشـق[2]، یەکێکـە لـە دامەزرێنەرانـی حزبـی بەعـس، کەسایەتییەکی ڕۆشـنبیری گرنگـە کـە کاریگەرییەکـی زۆری لەسـەر بیـری عەرەبـی هاوچـەرخ هەبـووە، بەتایبەتـی لـە ڕێگـەی تێڕوانینـی یەکێتـی عەرەبـی. لـە نووسـینەکانیدا لەبـارەی گرنگـی کەلتـور و ناسـنامەی عەرەبـی لێدوانـی بوێرانـە دەدات. بـۆ نموونـە، ئـەو محەمـەد پێغەمبـەری ئیـسلام بـە "گەورەتریـن پاڵەوانـی نەتەوەیـی عەرەبـی لـە هەمـوو سـەردەمەکان" دادەنێـت، کـە هەرچەنـدە جێـی مشـتومڕە، بـەڵام سەرسـامی ئـەو بـۆ ڕۆڵـی سـەرەکی محەمـەد لـە مێـژوو و یەکڕیـزی گەلانـی عەرەبـدا دەردەخـات. بـاس لـەوە دەکات کـە عەرەبـەکان "ئەرکێکـی ئیلاهـی" ئەنجـام دەدەن، کـە دیدێکـی سـۆفیگەری و نیمچـە ئایینـی پشـتگیری دەکات و ڕایدەگەیەنێـت، ئـەم ئەرکـە ئەنجـام دەدرێـت "چونکـە خـودا و سروشـت لەگەڵیـدان"، ئەمـەش ڕەهەندێکـی ڕۆحـی و سـۆفیگەری دەخاتـە نـاو هـزری سیاسـییەوە. گوتارێکـە کـە سیاسـەت و بـاوەڕ تێکـەڵ دەکات و لەسـەر ئـەو بیرۆکەیـە دامـەزراوە کـە عـەرەب چارەنووسـێکی تایبەتیـان هەیـە، ڕۆڵێکیـان هەیـە لـە مێـژووی جیهانـدا. هەروەهـا شـیعری تێدایـە، چونکـە گوزارشـت لـە بیرۆکـە و

---

(١) ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، ١٨ی شوباتی ١٩٦٣.

(٢) لە ساڵانی چلەکاندا میشێل عەفلەق مامۆستای ئێمە بوو لەوێ، هەروەک سەلاحەدین بەیتار.

یەکێتییەک دەکات کە لەسەر بنەمای باوەڕێکی نزیکە ئایینییە: "أمة عربیة واحدة ذات رسالة خالدة" واتا (نەتەوەی یەکگرتووی عەرەبیی - خاوەن پەیامێکی نەمر)ە. "واحدة" و "خالدة" لە زمانی عەرەبیدا پێکەوە یەك سەروایان هەیە.

لەم فەلسەفەیەدا، کە بە شێوەیەکی سەرلێشێواو بیروڕای فەیلەسوفانی وەک کانت و هێگڵ و مارکس و بیروڕای ڕۆزنبێرگ[1] و توخمە ئایینییەکانی وەک سروشت و خودا و موحەممەد تێکەڵ دەکات، ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ناوەڕاستدا دانراوە. وەک بەهایەکی ڕەها، تا ئاستی پەرستن تەماشا دەکرێت. ئەم ناسیۆنالیزمە عەرەبییە دەبێتە ئامانجێکی کۆتایی، ئامانجێک خۆی لە خۆیدا باشە، بەڵام تەنیا بە هەوڵ و کار و ئەرکی بەکۆمەڵ لە چوارچێوەی "سۆسیالیزمی عەرەبی" بەدەستدێت. ئەوەی لەم ڕوانگەیەدا گرنگە ئەوەیە، دەبێت ئایدۆلۆژیاکان لەگەڵ جیهانی عەرەبی بگونجێنرێن. بۆ نموونە سۆسیالیزم دەبێت بە شێوەیەک دابڕێژرێت کە لەگەڵ تایبەتمەندی و بەهاکانی جیهانی عەرەبی بگونجێت، دوور لە مۆدێلی بیانی. ئەمە بیرۆکەی یەکێتی و هاوپشتی عەرەب لە مێژوو و کەلتور و ئاییندا دەبەخشێت. لێرەوە، ئەم تێڕوانینەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی زۆر لە ناسیۆنال سۆسیالیزم دەچێت، بەو مانایەی نەتەوە لە سەرووی هەموو شتێکەوە دادەنێت.

لە ئایدۆلۆژی و فەلسەفەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا کە نەتەوەی عەرەبی لە سەرووی هەموو شتێکەوە دادەنێت، کوردستان و کورد وەک توخمێکی دەرەکی یان پەراوێزی "نیشتمانی عەرەبی" تەماشا دەکرێن. کەواتە کورد و کوردستان لە چاوی لایەنگرانی ئەم ئایدۆلۆژیایە دەتوانن نوێنەرایەتی چی بکەن؟ عێراق لەم ڕوانگەیەدا تەنیا پارێزگا یان هەرێمێکی ڕۆژهەڵاتی ئەم نیشتیمان و نەتەوە گەورە یەکگرتووەی عەرەبە و کوردستان بە کەلتور و زمان و تایبەتمەندییە نەژادییەکانی لەم چوارچێوە ئایدیۆلۆژییەدا جێگای نییە. ئەی نەتەوەی کورد؟ لەم ڕوانگەیەوە بە تێکەڵاوبوون لە نێو نەتەوەی عەرەبدا دادەنرێن. بیرۆکەکە ئەوەیە کورد دەبێت واز لە ناسنامەی

---

(١) ئەلفرێد ڕۆزنبێرگ، لە ١٢ی ژانویەی ١٨٩٣ لە شاری ڕیڤاڵب لەدایکبووە و لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ لە شاری نورنبێرگ کۆچی دوایی کردووە، سیاسەتمەدار و تەلارساز و وتارنووسێکی ئەڵمانییە، ئەندامی پارتی کرێکارانی ناسیۆنال سۆسیالیستی ئەڵمانیایە و یەکێکە لە تیۆریستەکانی نازیزم.

جیاوازی خۆی بهێنێت بۆ ئەوەی تێکەڵ بە کەلتور و کۆمەڵگای عەرەبی بێت. ئەگەر هەندێکیان ئەم تێکەڵبوونە ڕەتبکەنەوە، ئەوا وەک توخمێکی بێگانە بۆ "نیشتمانی عەرەب" تەماشا دەکرێن و بەپێی ئەم بنەمایە، تەنیا یەک بژاردەیان لەبەردەمدایە، ئەویش جێهێشتنی ئەم نیشتیمانە عەرەبییە و "گەڕانەوە بۆ وڵاتی سەرەکی خۆیان"[(١)].

عەبدولسەلام عارفی سەرۆک کۆمار لەگەڵ هەردوو نوێنەری کورد کۆبووەوە، دوای کۆبوونەوەکەیان، بە پەیامنێرانیان گوت "لە بارودۆخەکە ڕازین". لەوکاتەدا قسە لەسەر "دروستکردنی کەشێکی دۆستانە" هەبوو بۆ یارمەتیدان لە بەرەوپێشبردنی گفتوگۆکان. عێراقییەکان ڕازی بوون هێزەکانیان لە هەندێک شارۆچکەی کوردیدا بکشێننەوە، بەڵام لەمەدا کێشەیان نەبوو، چونکە وای لێکردن پێگەکانیان لە ناوچە عەرەبییەکانی عێراق بەهێز بکەن، کە هێزەکانیان خەریک بوو لەلایەن هێزەکانی لەشکری شۆڕشی کوردستانەوە گەمارۆ بدرێت. هەروەها ڕازی بوون بە "ئازادکردنی سەرجەم زیندانیانی سیاسی کورد، جگە لە شیوعییەکان"[(٢)].

کورد دڵنیایی دەدات، ئامادەیە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی "ئاسایش بپارێزن"، ئەمەش مانای ئەوەیە دۆخی ئێستای قبوڵ کردووە، بەبێ ئەوەی بیگۆڕن. حکومەت بۆ نوێنەرانی کورد ڕوونی کردەوە، دژی بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی کورد نییە، بەڵام ناتوانێت بەبێ ڕەزامەندی وڵاتانی عەرەبی "ئازادکراو" قبوڵی بکات، بۆ ئەوەی لەلایەن جەماوەری عەرەبەوە وەک "خیانەتکار" تەماشا نەکرێت، بۆیە پێشنیاز کرا؛ بەڕێز جەلال تاڵەبانی بچێتە میسر و جەزائیر بۆ گفتوگۆکردن.

تاڵەبانی وەک ئەندامی شاندێکی "جەماوەری" کە لە چەند کەسایەتییەکی عێراقی پێکهاتبوو، چووە قاهیرە و لەگەڵ شاندێکی فەرمی کە پێکهاتبوون لە بەڕێز ئەلسەعدی و بەڕێز شەبیب. لەوێ تاڵەبانی ئەو پشتگیرییەی بەدەستهێنا کە چاوەڕێی دەکرد. سەرۆک کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لەبەردەم ئەندامانی عێراقی پێی ڕاگەیاند: "هیچ کەسێک ناتوانێت نکۆڵی لە بوونی گەلی کورد بکات،

(١) ناوی بەعس لە عەرەبیدا بە مانای زیندووبوونەوە یان لەدایکبوونەوە دێت و ناوی تەواوی ئەم پارتە دەتوانرێت بە "حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی" وەربگێڕدرێت.

(٢) نیویۆرک تایمز، ٢٠ی شوباتی ١٩٦٣.

کەواتە هەقی هەموو مافەکانی هەیە، یەکێک لەو مافانە داواکردنی ئۆتۆنۆمییە"[(١)]. تاڵەبانی بۆی باسکردین کە لەو کۆبوونەوەیەدا لە قاهیرە، سەرۆک ناسر ڕایگەیاند: "نەتەوەی کورد هەیە وەک چۆن ڕووباری نیل لە میسر هەیە". گوتیشی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو پشتگیری لە داواکارییەکانی کورد دەکات؛ لەوانە ئۆتۆنۆمی، تا ئەو کاتەی یەکێتی دەوڵەتی عێراق پارێزراو بێت، بەڵام قاهیرە دەڵێت، ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی هەردوولا کە خۆیان کێشەکە بە ئاشتیانە چارەسەر بکەن. ناسر ئامۆژگاری هەردوولا دەکات، جارێکی دیکە شەڕ دەستپێنەکەنەوە. هەروەها، لە هەمان کۆبوونەوەدا، گلەیی لەو بەیاننامەیە کرد کە لە ١٠ی شوباتدا دەرمانکرد، سەبارەت بە دابەشکردنی داهاتی نەوت، کشانەوەی سوپای عێراق لە کوردستان و دانپێدانانی "هێزێکی ئەمنی کوردی" لەلایەن بەغداوە. لە پایتەختی وڵاتی جەزائیریش، نێردەی کورد پشتیوانی هاوشێوەی بەدەستهێنا. بن بێلای سەرۆکی جەزائیریش لێدوانی هاوشێوەی سەرۆك ناسری دا، تەنانەت تا ئەو ئاستە ڕۆیشت کە ستایشی شۆڕشی کورد بکات و بەراوردی کرد بە بزووتنەوەی (بەرەی ڕزگاری نیشتمانی جەزائیر) و دان بە داواکارییەکانیاندا دەنێت، تا ئەو کاتەی "دەربڕینی ڕاستەقینەی گەلێك بێت کە مافی چارەی خۆنووسینی دەوێت"[(٢)].

گەشتەکەی تاڵەبانی بۆ قاهیرە و جەزائیر سوودبەخش بوو، چونکە هەردوو سەرکردەی باڵی چەپی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب پشتگیری بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی کوردیان کرد، بەڵام ئەم پشتگیرییە بەشێوەی زارەکی و نافەرمی دەکرا. لە کاتی گەڕانەوە بۆ بەغدا، نێردەی کورد ڕووبەڕووی نائومێدی بووەوە. لە چاوپێکەوتنێکیدا بۆ گۆڤاری قاهیرە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس ڕۆز ئەلیوسف، موشیر عارف ڕایگەیاند:"کێشەی کوێت و کێشەی کورد بە شێوەیەکی دەستکرد لەلایەن قاسم، بەپێی ڕێنماییەکانی بەریتانیا، دروستکراوە"[(٣)].

بەغدا لە بەڵێنەکانی پاشگەزبووەوە و دوودڵ بوو لە قبووڵکردنی بیرۆکەی

---

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٢ی ئازاری ١٩٦٣.

(٢) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ٢٠ی ئازاری ١٩٦٣.

(٣) ڕۆژنامەی لا تریبیون دو لۆزان لە ٢٦ی شوباتی ١٩٦٣.

ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان، کەشـوهەوای گفتوگـۆکان بـەرەو خراپـی دەچـوو. ڕۆژنامەنـووس ئێریـک ڕۆلـۆ دەنووسـێت: "دانوسـتانکارە عەرەبـەکان چارەسـەری جیاوازیـان بـۆ ژەنـەڕاڵ بارزانـی پێشـنیاز کـرد: ڕاوێژکـردن بـە لایەنـەکان، ڕێکخسـتنی ڕیفرانـدۆم، یـان واژۆکردنـی ڕێکەوتنێکـی نهێنـی نـوێ لەبـارەی ئۆتۆنۆمـی کـورد، بـەڵام ژەنـەڕاڵ بارزانـی کـە لـە پێگەییەکـی بەهێـزەوە دانوسـتانی دەکـرد، هەمـوو ئـەو پێشـنیازانەی ڕەتکـردەوە و وەڵامـی دایـەوە: سـەرەتا بـە ئاشـکرا دان بـە پرەنسـیپی ئۆتۆنۆمـی دابنێـن، پاشـان دەتوانین باسـی وردەکارییـەکان و سـنوورەکانی ئـەو ئۆتۆنۆمییـە بکەیـن"[1].

لـە کوردسـتان گرژیـەکان دووبـارە سـەریانهەڵدایەوە و بـەرەو هەڵکشـان دەچـوو. لەبـەردەم ڕۆژنامەنووسـانی بیانـی کـە هاتبـوون بـۆ بـارەگای بارزانـی لـە قـەڵادزێ، ژەنـەڕاڵ بارزانـی نەیشـاردەوە و ئامـاژەی بەوەکـرد، تووڕەیـە کـە بینیویەتـی "وەزیرەکانـی عێـراق لەبـری ئـەوەی قسـەی جـدی لەگـەڵ کـورد بکـەن، دەچنـە پشـوو بـۆ قاهیـرە". دەشـڵێت: "داوام لـە تاڵەبانـی نەکـردووە بچێتـە قاهیـرە و جەزائیـر"[2]. لـە ٢٨ی شـوباتدا بـە ڕۆژنامەنووسـانی ڕاگەیانـد: "بـە پێشـمەرگەکانم وت بگەڕێنـەوە بەرەکانـی شـەڕ(...). ئەگـەر حکوومەتـی عێـراق دان بـە ئۆتۆنۆمـی ئێمـە لـە چوارچێـوەی عێراقـدا نەنێـت، دیسـان شـەڕ دەسـتپێدەکەینەوە و ڕەنگـە ناچـار بیـن سـەربەخۆیی خۆمـان ڕابگەیەنین"[3].

ئۆتۆنۆمـی کـورد تاکـە کێشـە نەبـوو لـە گەیـشتن بـە ڕێککەوتـن. ژەنـەڕاڵ بارزانـی ویسـتی دیموکراسـی تـەواو لـە عێراقـدا بگەڕێنێتـەوە. لـە ١ی ئـاداردا بـە پەیامنێـری ڕۆژنامـەی لـو مۆنـدی فەڕەنسـی ڕاگەیانـد:

"ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان بـەس نییـە بـۆ هێنانـەدی ئاشـتی و یەکڕیـزی لـە عێـراق. هەروەهـا دەبێـت کۆتایـی بـەو کودەتـا سـەربازیانە بهێنیـن کـە بـەدوای یەکدادێـن، بەبـێ چارەسـەرکردنی کێشـە گەورەکانـی وڵات. مـن هەرگیـز دوژمنـی عـەرەب نەبـووم و هیـچ تەمـاح و ئامانجێکـی سیاسیشـم نییـە، بۆیـە بـە سـەرکردەکانی عێـراق دەڵێـم: ئەگـەر بەرژەوەندیـی گـەل و خەڵکتـان دەوێـت، دەبێـت لێبوردنـی گشـتی ڕابگەیەنـن و ڕێگـە

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٢ی ئازاری ١٩٦٣.

(٢) ڕۆژنامەی لو فیگارۆ لە ٢ی ئازاری ١٩٦٣.

(٣) ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، ٢ی ئازاری ١٩٦٣.

بـە بوونـی هەمـوو لایەنـەکان بـدەن بەبـێ جیـاوازی و هەڵبژاردنـی ئـازاد ڕێکبخـەن و حکومەتێـک پێکبهێنـن کـە نوێنەرایەتـی هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکان و کەمایەتییـە نەتەوەیـی و ئایینییەکانـی تێـدا بێـت(...).

ئەگـەر عێـراق دیموکراسـییەکی ڕاسـتەقینە نەبێـت لـە وڵاتێکـە کـە لـە میللەتـی زۆر پێکهاتـووە، ئـەوا تووشـی ئـاژاوە و ناسـەقامگیری دەبێـت. فەرمانڕەواکانـی ئێسـتای بەغـدا لـە کۆتاییـدا دەڕوخێنرێـن، بـە هەمـان ئـەو شـێوە توندوتیژییـەی بـۆ دەستبەسـەرداگرتنی دەسـەڵات بەکاریانهێنـا"[١].

لـە دەرەوەی وڵاتیـش ئـەم قسـانەی ژەنـەڕاڵ بارزانـی دەبیسترێـن و دەنگدانـەوەی بـەدوای خۆیـدا هێنـا. لـە بەغـدا تاڵەبانـی گوتـی: "وەک جـاران ئێمـە ئۆتۆنۆمییەکـی فراوانمـان بـۆ کوردسـتان دەوێـت، ئەگـەر دانوسـتانەکان سـەرنەکەوتن و شکسـتیان هێنـا، ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە شـەڕەکە دەسـتپێدەکەینەوە. ئێمـە تەنیـا شۆڕشـەکەمان هەڵپەسـاردووە، بـەڵام بەتەواوەتـی ڕامـان نەگرتـووە "[٢].

حکومـەت بـۆ سـەلماندنی نیازپاکـی خـۆی، بڕیاریـدا شـاندێک بنێرێتـە کوردسـتان بـۆ ڕازیکـردن و قەناعـەت پێهێنانـی ژەنـەڕاڵ بارزانـی. شـاندەکە بـە سـەرۆکایەتی ژەنـەڕاڵ تاهیـر یەحیـا کـە پێکهاتـووە لـە ژەنـەڕاڵ فوئـاد عـارف و بەڕێـز بابـە عەلـی -هەردووکیـان وەزیـری کـوردن لـە کابینـەی حکومـەت- هەروەهـا ژەنـەڕاڵ فەتـاح شـالی و عەلـی حەیـدەر سلێمان کـە باڵیـۆزی عێراقـە لـە ئەمریکا، ئەوانیـش هەردووکیـان بـە ڕەچەڵـەک کـوردن. بارزانـی لـە ٤ی ئـادار لـە کانـی مـاران پێشـوازی لێکـردن و پێـی ڕاگەیانـدن بەغـدا بـە بەڵێنەکانـی پابەنـد نەبـووە و وەبیریهێنانـەوە کـە دانـان بـە ئۆتۆنۆمـی کورد یەکـەم مـەرج بـوو بـۆ کۆتاییهێنـان بـە شـەڕ و جەنـگ. "کەشـوهەوای گفتوگۆکـە گـرژ بـوو"[٣]، بـەڵام کۆبوونەوەکـە بـە هێمنـی کۆتایـی پێهـات، هـەردوولا خواسـتی بەردەوامـی دانوسـتانەکانیان لـە بەغـدا هەبـوو. هەمـان ڕۆژ لـە ڕاگەیەندراوێکـی ئەنجومەنـی

---

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٦ی نیسانی ١٩٦٣.

(٢) ڕۆژنامەی گازێت دو لۆزان لە ٢ی ئازاری ١٩٦٣.

(٣) بڕوانـە وتارەکـەی ڕۆژنامەنـووس ئێریـک ڕۆلـۆ کـە لـە بەشـێک لـەم کۆبونەوەیـەدا ئامادە بـوو، لـە ڕۆژنامـەی لـو مۆنـد لـە ٨ی ئـازاری ١٩٦٣.

فەرماندەیـی شۆڕشـی نیشـتمانی بڵاوکرایـەوە و سـەبارەت بـە "مافەکانـی کـورد" کـە دڵنیایـی دەدات، بەبـێ ئـەوەی وردەکاری زیاتـر بـدات.

لـە ٦ی ئـادارردا بەڕێـز تالیـب شـەبیب وەزیـری دەرەوەی عێـراق ڕایگەیانـد "هیـچ پرسـێک یـان شـتێك لـە ئـارادا نییـە بـۆ پێدانـی ئۆتۆنۆمـی بـە کـورد. هەروەهـا دەشـڵێت زۆر زۆرە کـە ڕازی بیـن بـە دانوسـتان لەگـەڵ "یاخیبووێـک یـان لەگـەڵ لـە یاسـادەرچووان" کـە لەگـەڵ ئەوەشـدا هەمـوو کـورد پشـتگیرییان نـاکا. هۆشـداری دەدات، ئەگـەر ژەنـەڕاڵ بارزانـی ئامـادە نەبـێ سـازش بـکات، ئـەوا سـەرکوتکردنی یەکجارەکـی یاخیبوونەکـە زۆر ناخایەنێـت"[1]. لای خۆیانـەوە ئەفسـەرانی بەعـس دووپاتیـان کـردەوە: "ژەنـەراڵ قاسـم ئـەو ئامـراز و پێداویسـتیانەی پێنەدەدایـن بـۆ لەناوبردنـی یاخیبـووان داوامـان دەکـرد"، چـەک و سـەربازی پێویسـتمان بدەنـێ و لەمـاوەی هەفتەیەکـدا یاخیبوونـی کـورد کۆتایـی پێدێـت"[2].

لـە ٨ ئـادار، مانگێـک پـاش کودەتاکـە، کودەتایەکـی سـەربازی دیکـە لـە سـوریا دەسـەڵاتی دایـە حزبـی بەعسـی بەڕێـزان میشـێل عەفلـەق و سـەلاحەدین بەیتـار کـە هەمـان ڕەوتـی سیاسـی عێـراق بـوو. ئەمەش بەغـدا بە شێوەیەکی بەرچـاو بەهێـز دەکات.

لـــە ٩ ی ئـــادارردا، ڕاگەیەندراوێکـــی فەرمـــی ئەنجومەنـــی فەرماندەیـــی شۆڕشـــی نیشـــتمانی عێـــراق "دان بـــە مافـــە نەتەوەییەکانـــی گەلـــی کـــورد لەســـەر بنەمـــای لامەرکەزیـــەت دەنێـــت".

کـورد، کـە دەیەوێـت واقیعبیـن بێـت، دەسـتەواژەی "لامەرکەزییـەت" قبـوڵ دەکات، وا بیردەکاتـەوە هەمـان مانـای ئـەو ئۆتۆنۆمییـەی هەیـە کـە لـە بەرنامەکەیـدا داوای دەکات.

لـە ١٢ ی ئـادار ڕادیـۆی بەغـدا لـە بەیاننامەیەکـی فەرمیـدا ڕایگەیانـد، مافەکانـی کـورد لەسـەر بنەمـای لامەرکەزییـەت، "دەخرێتـە نـاو دەسـتووری کاتـی و دەسـتووری هەمیشـــەیی داهاتـــوو"، کۆمیســـیۆنێکی تایبـــەت لـــە کـــورد و عەرەبـــی عێراقـــی پێکدەهێنرێـت بـۆ "دیاریکردنـی یاسـا سـەرەکییەکانی ئـەم لامەرکەزییەتـە".

---

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٦ی نیسانی ١٩٦٣.

(٢) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٦ی نیسانی ١٩٦٣.

لـە نیـوەی دووەمـی مانگـی ئـاداردا "کۆنفڕاسـی جەمـاوەری" کـورد لـە کۆیـە بـە بەشـداری ژەنـەڕاڵ بارزانـی بەڕێوەچـوو. ئـەم کۆنفڕاسـە ئەندامانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و لەشـکری شـۆڕش و کەسـایەتییە گرنگەکانـی شـار و گونـد و کۆمەڵگـە ئایینـی و کەمینەکانـی کوردسـتان کۆکردووەتـەوە، هەروەهـا نوێنەرانـی کۆمەڵگـەی تورکمانیـش لـە کەرکـووک تێیـدا بەشـدارن.

کۆنفڕانسـەکە جەخـت لـەوە دەکاتـەوە، گەلـی کـورد دەیەوێـت مافەکانـی خـۆی بەدەسـتبهێنێت. تیمێکـی حـەوت کەسـی هەڵبـژارد، بـۆ درێـژەدان بـە گفتوگـۆکان لەگـەڵ بەغـدا. ئـەم تیمـە بـە سـەرکردایەتی جـەلال تاڵەبانـی پێکهاتـووە لـە بەڕێـزان:

- ساڵح یوسفی (دادوەر)
- ڕەشید عارف (پیشەساز)
- مستەفا عەزیز (ئەفسەر)
- عەگید سدیق (بەڕێوەبەری قوتابخانە)
- محەمەد سەعید خەفاف (دوکاندار)
- مەسعود محەمەد (پارێزەر).

بـەڵام گفتوگۆکانـی نێـوان کـورد و عێـراق بـە هێواشـی بەرەوپێـش دەچـوون. سـەرکردەکانی عێـراق زیاتـر گرنگـی بـە دانوسـتان لەسـەر یەکێتـی و یەکڕیـزی وڵاتانـی عەرەبـی دەدەن، نـەک چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد.

### ٣. کورد و یەکێتی عەرەب

لە ١٣ی شوباتدا وەزیری نوێی دەرەوەی عێراق لە قاهیرە گوتی: "یەکێتی عەرەب ئامانجی سەرەکی سیاسەتەکەمانە"[(١)]. لە ٨ی ئاداردا، کودەتایەک لە سوریا بە سەرکردایەتی حزبی بەعس وایکرد لە قاهیرە گفتوگۆ لە نێوان سوریا و عێراق و کۆماری یەکگرتووی عەرەبی دەستپێبکات بۆ دروستکردنی یەکێتییەک لە نێوانیاندا. لە ١٠ی ئادار، بەڕێز ساڵح ئەلسەعدی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق لەگەڵ شاندێکی فەرمی گەیشتە دیمەشق، بەناوی ئەنجومەنی شۆڕشی عێراقەوە پێشنیازی دروستکردنی فەرماندەییەکی سەربازی یەکگرتووی عەرەبی کرد لە نێوان عێراق و سوریا و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و کۆماری یەمەن و جەزائیر.

لە ڕاگەیەندراوی هاوبەشی ١١ی ئاداری سوریا و عێراق هاتووە "هەردوو وڵات لە دژی پلانەکانی هێزە ئیمپریالیستەکان و سیاسەتی چەواشەکاری و زایۆنیزم گفتوگۆیان لەسەر ئەو خەباتە کرد کە لە پێشڕەوی گەلی عەرەب بەرەو ئازادی و یەکڕیزی و سۆسیالیزم ڕێگرە"[(٢)].

لە میانەی سەردانەکەدا بەڕێز ئەلسەعدی پلانی "لامەرکەزیت"ی عێراقی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بۆ ڕۆژنامەکانی سوریا ڕوونکردەوە و گوتی: "ناوچە کوردییەکان لە هەموو بوارەکاندا ئیدارەی تایبەت بە خۆیان دەبێت، جگە لە کاروباری دەرەوە و بەرگری و دارایی کە لە ژێر بەرپرسیارێتی حکومەتی ناوەندیدا دەمێننەوە ". لە وەڵامی ڕەخنەکاندا، گوتیشی: "یەکەم، بڕیارەکەمان ڕێز لە مافی گەلان دەگرێت بۆ هەڵبژاردنی داهاتوویان. دووەم، لەسەر بنەمای شیکردنەوەیەکی واقیعبینانە بۆ بارودۆخی ئێستای عێراق دامەزراوە"[(٣)].

لە کۆنفرانسی قاهیرەدا، سەرۆک ناسر کە بەتەواوی لەگەڵ بیروڕای ئەو دوو هاوبەشە بەعسییەدا نەبوو، لەبەرەوپێشبردنی پرۆژەکانیان پەلەی نەکرد و دانوستانەکان ڕووبەڕووی سێ بەربەستی سەرەکی بوونەوە:

---

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند، ١٤ی شوباتی ١٩٦٣.

(٢) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٢ی ئازاری ١٩٦٣.

(٣) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٦ی نیسانی ١٩٦٣.

١. پێشنیازەکەی عێراقی بۆ پێکهێنانی فەرماندەییەکی سەربازی یەکگرتووی عەرەبی ڕەتکردەوە. ناسر سەرۆکی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی نەیدەویست لە نێو چەند هۆکارێکی تردا بە یارمەتیدانی عێراق پابەند بێت، بە شێوەی ئۆتۆماتیکی، ئەگەر شەڕ لە کوردستان دەستپێبکاتەوە.

٢. بەعسییەکانی سوریا و عێراق سەرۆکایەتییەکی هاوبەشیان دەویست بۆ بەڕێوەبردنی فیدراسیۆنی داهاتووی عەرەب، بەڵام کۆماری یەکگرتووی عەرەبی ڕژێمێکی سەرۆکایەتی پەسەند کرد کە هەر خۆشی وەك سەرۆک بناسێنێت.

٣. ڕژێمەکەی ناسر لەسەر یەک حزبی سیاسی دامەزرا بوو، ئەویش "یەکێتی سۆسیالیستی عەرەب". هەریەکە لە ڕژێمەکانی دیمەشق و بەغداش یەک حزبیان هەبوو، ئەویش حزبی بەعس بوو، بەڵام ناسر دەیویست لە فیدراسیۆنی داهاتووی عەرەبدا تەنیا یەک پارت هەبێت، ئەویش پارتەکەی خۆی بوو، کە بەمانای کۆتاییهاتن و هەڵوەشانەوەی حزبی بەعس دێت. بەعسییەکان ئەم مەرجەیان ڕەتکردەوە. لەلای خۆیەوە، سەرۆك بن بێلای جەزائیری پێی باشتر بوو خۆی لەم پرۆژانە بە دوور بگرێت.

هاوکات، لەم نێوەندەدا، گفتوگۆکانی نێوان عەرەب و کورد لە بەغدا ڕووبەڕووی دوو کێشەی گەورە بووەوە:

١. کێشەی یەکەم ئەوە بوو؛ ئایا هێزە چەکدارەکانی کورد وەک خۆیان دەمێننەوە یان دەبنە هێزێکی ئەمنی بۆ کوردستانی ئۆتۆنۆم (یان لامەرکەزی).

٢. کێشەی دووەم پەیوەندی بە دابەشکردنی داهاتی نەوت لە نێوان کوردستان و عێراقی عەرەبیدا هەبوو.

لە ١٠ی نیسان لە قاهیرە، ڕێکەوتنێکی سیاسی لە نێوان سێ شاند کرا و بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی فیدراڵی عەرەبی لەسەر ئەم بنەمایانە بە فەرمی ڕاگەیەنرا: فیدراسیۆن بە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی ناودەبرێت. لە سێ بەش پێك دێت: سوریا، عێراق و میسر. تاکە سەرۆکی دەوڵەت، سەرۆک ناسر دەبێت، تەنیا یەک ئاڵای دەبێت، ئەویش ئاڵای کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، پایتەختی فیدراڵی

قاهیرەیـــە، یـــەك فەرماندەیـــی ســـەربازی هاوبـــەش، یـــەك نوێنەرایەتـــی دیپلۆماســـی هاوبـــەش و یـــەك یاســـای دارایـــی و گومرگـــی هاوبەشـــی دەبێـــت.

ئـــەم ڕێككەوتننامەیـــە بـــۆ نووســـینی دەســـتووری یەكێتییـــە عەرەبییـــە نوێیەكـــە بـــوو. هەرچەنـــدە نـــاسر لـــە زۆربـــەی خاڵەكانـــدا ئـــەوەی دەیەویـــت بەدەســـتی هێنابـــوو، بـــەڵام بەتـــەواوی بـــۆ ئـــەو فیدراڵییـــە ڕازی نەبـــوو كـــە دەبـــوو لەســـەر بنەمـــای پشـــتیوانی جەمـــاوەری ڕاســـتەقینە بێـــت، لەگـــەڵ یـــەک حزبـــی سیاســـی لـــە هەرســـێ وڵاتەكـــە، ئەویـــش: یەكێتـــی سۆسیالیســـتی عـــەرەب، بـــەڵام ســـەركەوتوو نەبـــوو لـــە ســـەپاندنی ئـــەم خاڵـــە. هەروەهـــا نـــاسر پێـــی وابـــوو؛ ڕژێمـــی بەعـــس كـــە لـــە كودەتـــای ٨ی ئـــادارد ســـەریهەڵدا، لـــە ڕاســـتیدا نوێنەرایەتـــی ئیـــرادەی خەڵكـــی ســـوریا نـــاكات، "ســـەبارەت بـــە عێراقیـــش، هەنوكـــە، كـــەمتر گرنگـــی پێـــدەدات، تـــا كێشـــەی كـــورد چارەســـەر نەكرێـــت"[(١)].

ڕۆژی ١٧ی نیســـان ڕێككەوتنێـــک لەســـەر بنەماكانـــی دەســـتووری فیدراســـیۆنی ئاینـــدە لەلایـــەن بەڕێـــز نـــاسر و ژەنـــەڕاڵ ئەحمـــەد حەســـەن ئەلبەكـــری عێراقـــی و ژەنـــەڕاڵ لوئـــەی ئەلئەتاســـی ســـوری واژۆ كـــرا. بـــە پێـــی ئـــەم ڕێككەوتنـــە: "یاســـاكانی ئێســـتا لـــە هـــەر ناوچەیەكـــی فیدراســـیۆن بـــە كارا دەمێننـــەوە، تـــا لەلایـــەن دەســـەڵاتی پەیوەندیـــدارەوە دەســـتكاری دەكرێـــن یـــان هەڵدەوەشـــێنەوە "، هەروەهـــا "ئـــەو پەیماننامـــە و ڕێككەوتننانـــەی حكومەتـــی هـــەر هەرێمێـــک واژۆیـــان كـــردووە، لـــە هەرێمـــی پەیوەندیداردا بـــەردەوام دەبـــن. فیدراســـیۆن دەبێـــت دوای مـــاوەی گواســـتنەوە كـــە زۆرترینـــی بیســـت و پێنـــج مانگـــە، دروســـت بكرێـــت".

بیســـت و پێنـــج مانـــگ تێپـــەڕی، بەبـــێ ئـــەوەی یەكێتییەكـــە دروســـت بكرێـــت. ئەمـــەش بەهـــۆی گۆڕانـــكاری و ململانێـــی سیاســـەتی نێـــوان وڵاتانـــی عەرەبـــی. لـــە ڕێككەوتننامەكانـــی قاهیـــرەدا، بـــە فەرمـــی هیـــچ ئاماژەیـــەک بـــە كوردســـتانی عێـــراق و كـــوردی ســـوریا نەكـــراوە، وەک ئـــەوەی كـــورد هـــەر بوونـــی نەبووبێـــت.

لەگـــەڵ ئەوەشـــدا، شۆڕشـــی كـــورد بۆچوونـــی خـــۆی بـــۆ بەشـــداربووانی كۆنفرانســـی قاهیـــرە دەربـــڕی، كـــە نامەیەكـــی ئاراســـتەی ســـەرۆكی شـــاندی عێراقـــی ژەنـــەڕاڵ

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٢ی نیسانی ١٩٦٣.

ئەلبەکر کرد، ئەم نامەیە کە بەڕێز تاڵەبانی بەناوی شاندی کوردییەوە واژۆی کردووە بەرواری ٨ ی نیسانی لەسەرە، بۆیە پێش ڕێککەوتنی نێوان سێ لایەنەکە نووسراوە.

لە پێشەکیی ئەم نامەیەدا، لە خاڵی یەکەمدا، نووسراوە "گفتوگۆکانی قاهیرە دەبێت بەشێوەیەک لە شێوەکان نوێنەرایەتی گەلی کورد لەخۆبگرێت. ئەو بڕیارانەی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرسێ کۆمارەکە دەدرێن، بە دڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر بارودۆخ و مافەکانی گەلی کورد لە عێراقدا دەبێت". دەتوانین بڵێین شاندی فەرمی عێراق نوێنەرایەتی هەموو گەلی عێراق دەکات، بەڵام "لەکاتی قبووڵکردنی ئەم بیرۆکەیە"، گرنگە بیر لەوە بکەینەوە کە "بۆ ئەوەی دانوستانەکان باشتر ڕەنگدانەوەی واقیع بێت، پێویستە نوێنەری عێراقی دوو نەتەوەی سەرەکی عێراق لەخۆ بگرێت: عەرەب و کورد". ئەمە وادەکات بڕیارەکان "زیاتر لەگەڵ واقیعی عێراقدا بگونجێن".

لە خاڵی دووەمدا نووسراوە "گەلی کورد بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان لایەنە جیاوازەکان و حکومەتەکانیان هەرگیز دژایەتی ئەو خواستەی گەلی عەرەبی نەکردووە". بە پێچەوانەوە، "گەلی کورد تەنانەت شانازی دەکات کە بتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بنیاتنانی ئەم پەیوەندیانە لە نێوان بەشە جیاوازەکانی نیشتیمانی عەرەبی".

لە خاڵی سێیەم و کۆتاییدا، نامەکە دەڵێت: "بۆ دوورکەوتنەوە لە هەر ناکۆکییەک لە داهاتوودا و دڵنیابوون لەوەی هیچ ناکۆکییەک لە نێوان بڕیارەکانی دانوستانەکانی قاهیرە و مافەکانی گەلی کورددا نەبێت، پێویستە لێرەدا بۆچوونی گەلی کورد لەسەر ئەو پەیوەندیانەی دەیانەوێت لەگەڵ گەلی عەرەب لە بارودۆخە جیاوازەکاندا هەیانبێت، کورت بکەینەوە. ئەم بۆچوونە ڕەنگدانەوەی پێگەی خۆی لەعێراق و خەبات و ئەزموونەکانی بەدرێژایی مێژوو لەبەرچاو دەگرێت":

أ. ئەگەر عێراق بەو شێوەی ئێستای بمێنێتەوە، ئەوا داواکارییەکانی گەلی کوردستان بە جێبەجێکردنی ڕاگەیاندنی کۆماری عێراق لەسەر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد سنووردارە کە لەسەر بنەمای سیستمی لامەرکەزییە.

ب. ئەگـەر عێـراق بچێتـە نـاو هـەر یەکێتییـەك و فیدراسـیۆنێکەوە، دەبێـت گەلـی کـورد لـە عێراقـدا ئۆتۆنۆمییەکـی تـەواو بەدەسـتبهێنێت، بەبـێ هیـچ مـەرج و سـنووردارکردنێک.

ج. ئەگـەر عێـراق لەگـەڵ وڵاتێکـی تـری عەرەبیـدا یەکبگرێـت و دەوڵەتێکـی یەکگرتـوو پێکبهێنێـت، ئـەوا گەلـی کـورد دەبێـت خاوەنـی دەوڵەتـی خـۆی بێـت. ئـەم دەوڵەتـە بـە دەوڵەتـی یەکگرتـووی عەرەبیـەوە دەبەسـترێتەوە. ئەمـەش دەبێتـە هـۆی پاراسـتنی ناسـنامەی گەلـی کـورد و دوورکەوتنـەوە لـە گومانـی جیابوونـەوە و پەرەپێدانـی پەیوەنـدی باشـتر لـە نێـوان ئـەو دوو گەلـە لـە داهاتـوودا"[1].

ئـەم نامەیـە هیـچ وەڵامێکـی نەبـوو، دانوسـتانکارە کوردەکانیـش بانگهێشـتی گفتوگـۆ و وتووێژەکانـی قاهیـرە نەکـران. ڕەنگـە ئەمـە هەڵەیـەک بووبێـت لەلایـەن عەرەبەکانـەوە. نـاسر دەیتوانـی فشـار بخاتـە سـەر بەعسـییەکانی عێـراق، بـۆ ئـەوەی کوردیـش بێنـە نـاو گفتوگۆکانـەوە.

(١) ئەرشیفەکان، لە زمانی عەرەبیەوە وەرگێڕان.

### ٤. دیدگا و تێڕوانینی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی.

لـە ٢٥ی نیسـان شـاندی کـورد یاداشـتنامەیەکی پێشکەشـی حکومەتـی عێـراق کـرد. دوو ڕۆژ دواتـر، لەلایـەن شـاندەکەوە لـە میدیاکانـی عەرەبـی و جیهانییـەوە نووسراوێـک بڵاوکرایـەوە، کـە دانوسـتانەکان لەگـەڵ بەغـدا بـە کـرداری شکسـتیان هێنـاوە.

ڕۆژنامـەی لـو مۆنـد، پێیوایـە "پێدەچێـت کـورد داواکارییـە سـەرەتاییەکانی خـۆی بەرزتـر کردبێـت لـە بەرامبـەر ئەگـەری چوونـی عێـراق بـۆ نـاو یەکێتـی عەرەبـی. دوای وەسـتانی دانوسـتانەکانی نێـوان هـەردوولا، ڕادەسـتکردنی بەڵگەنامەکـە ئـاوازی دوامۆڵەتـی بـۆ حکومەتـی عێـراق پێییـە"[1].

نـە وشـەی (ئۆتۆنۆمـی) نـە وشـەی (لامەرکەزییـەت) لـە هیـچ دەق و تێکسـتێك دەرناکەوێـت. بەڵگەنامەکـە ڕوونیدەکاتـەوە، دەبێـت مافـی گەلـی کوردسـتان و پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ گەلـی عەرەبـی عێـراق و حکومەتـی ناوەنـدی لـە بەغـدا چـی بێـت، ئەگـەر عێـراق وەک وڵاتێکـی سـەربەخۆ بمێنێتـەوە. ئەگـەر عێـراق بچێتـە نـاو یەکێتـی عەرەبییـەوە، تەنیـا چەنـد مادەیـەك بـاس لـە مافەکانـی کـورد دەکـەن، بـەڵام دەقەکـە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی بـۆ عێراقێکـی سـەربەخۆ نـووسراوە. ئەمـەش گرنگـە، چونکـە بەپێـی ئـەو یاداشـتەی لـە ٨ی نیسـان لـە کاتـی دانوسـتانەکانی قاهیـرە بـۆ شـاندی عێراقـی نێـردراوە، پێویسـتە پێگـەی کوردسـتانی عێـراق لـە عێراقێکـی فیدڕاڵـی لەگـەڵ دەوڵەتێکـی تـری عەرەبـی لـە پێشـینەی کارەکان بێـت. بەگوێـرەی بڕگـەی (ج)ی مـادەی ٣ی ئـەم یاداشـتە، ئەگـەر عێـراق بـە تـەواوی لەگـەڵ دەوڵەتێکـی تـری عەرەبـی یەکبگرێـت، وەک ئـەوەی سـاڵی ١٩٥٨ سـوریا لەگـەڵ میسر کـردی، ئـەوا دەبێـت کوردسـتانی عێـراق لـە عێراقـی عەرەبـی جیـا ببێتـەوە و ببێتـە دەوڵەتێکـی جیـا و بەشـێوەیەک لـە شـێوەکان لەگـەڵ دەوڵەتـی یەکگرتـووی عەرەبـی یەکبگرێتـەوە. ئەمـەش ئـەو کێشـانە دەردەخـات کـە دەشـێت لـە نێـوان بزووتنـەوەی کـوردی و بزووتنـەوەی عەرەبـی سـەرهەڵبدات. سـاڵی ١٩٦٤، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەڵوێسـتێکی توندتـری لەسـەر ئـەم بابەتـە گرتەبـەر. کەواتـە داهاتـووی پەیوەندییەکانـی عـەرەب و کـورد نادیـار دەبێـت، مەگـەر عەرەبـەکان بزووتنـەوەی

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ٣٠ی نیسانی ١٩٦٣.

نەتەوەیـی خۆیـان بـە شـێوەیەکی دیموکراتـیتر بەڕێـوە ببـەن و بـە ڕوونـی دان بـە بوونـی گەلـی کـورد و مافـی چـارەی خۆنووسـینیدا بنێـن.

لێرەدا، خاڵە سەرەکییەکانی پلانی کورد دەخەینەڕوو:

١. کوردســـتانی عێـــراق پارێزگاکانـــی ســـلێمانی و هەولێـــر و کەرکـــووک و ناوچـــە کوردنشـــینەکانی پارێـــزگای مووســـڵ و دیالـــە دەگرێتـــەوە.

٢. کوردســتان لەلایـەن ئەنجومەنـی جێبەجێکـردن بەڕێوەدەچێـت کـە ڕاپـۆرت دەداتـە ئەنجوومەنـــی یاســـادانان. دەســـەڵاتی کـــورد؛ دەســـەڵاتی بەســـەر هەمـــوو ئـــەو بابەتانـە دەبێـت کـە ڕاسـتەوخۆ پشـت بـە حکومەتـی ناوەنـد نابەسـتن لـە بەغـدا. ناوچەکانـی ژێـر بەرپرسـیارێتی ئـەوان بـە ڕوونـی دیارکـراون.

٣. حکومەتـــی ناوەنـــد تەنیـــا لـــە چەنـــد بوارێکـــی دیاریکـــراو دەســـەڵاتی دەبێـــت، وەک: کاروبـــاری دەرەوە، بەرگـــری نیشـــتمانی، ئابـــووری، دارایـــی، پەیوەندیـــەکان، ســـەرۆکایەتی دەوڵـــەت و هتـــد.

٤. دەبێـت کوردسـتان لـە حکومەتـی ناوەنـد و مەجلیسـی قیـادەی سـەورەی وەتەنـی عێـراق نوێنـەری هەبێـت.

٥. داهاتـی نـەوت و باجـی گومـرگ لەنێـوان کوردسـتان و عێراقـی عەرەبـی دابـەش دەکرێـت.

٦. ئەفسـەر و سـەربازە کوردەکانـی سـوپای عێـراق لـە هێزێکـی تایبەتـی کوردسـتان یەکدەخرێـت، ئـەم هێـزە تەنیـا لـە ناوچـە کوردییـەکان دەمێنێتـەوە. ڕێگـە بـە هیـچ یەکەیەکـی تـری سـوپای عێـراق نادرێـت بچێتـە نـاو کوردسـتانەوە، مەگـەر لـە حاڵەتـی مەترسـی دەرەکـی یـان بـە ڕەزامەنـدی دەسـەڵاتدارانی کـورد.

٧. جێگری سەرۆک کۆماری عێراق دەبێت کورد بێت.

٨. هیـچ یاسـایەکی عێراقـی و عەرەبـی ناتوانێـت مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد پێشـێل بـکات، ئەگینـا لەلایـەن کـوردەوە بـە پووچـەڵ دادەنرێـت. (بڕوانـە دەقـی تـەواوی یاداشـتنامەی ٢٥ی نیسـان سـەبارەت بـە ئۆتۆنۆمـی کوردسـتانی عێـراق لـە پاشـکۆی پێنجەمـدا لـە کۆتایـی ئـەم کتێبـەدا).

جێی سەرنجە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە نامەی ژمارە ١٩٤ لە ١٠ی تەمووزی ١٩٦٢ دا لەسەر سیستەمی ئۆتۆنۆمی داوای ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی لێکردین و دەڵێت: "بەتایبەتی ئێوە لە سویسران کە وڵاتێکی دیموکراتی فرە نەتەوەییە". هەرچەندە، چەند ڕۆژێک پێشتر لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٦٢ دا پوختەیەکی لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەم بابەتە لە شێوەی دوو کۆپی ئاراستەی ژەنەڕاڵ بارزانی و مەکتەبی سیاسیمان کردبوو، کە ئەم خاڵە سەرەکیانەی خوارەوەی تێدابوو(ئەرشیف):

١. سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی، سەروەری نەتەوەیی و نیشتیمانی دەرەکی دەبێت لەلایەن دەسەڵاتی ناوەند لە بەغدا جێبەجێ بکرێت.

٢. دەسەڵاتی ناوەند دەبێت لە پێکهاتە و سیاسەتی خۆیدا ڕەنگدانەوەی پەیوەندی عەرەب و کورد بێت و بە یەکسانی خزمەت بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی عەرەب و کورد بکات.

٣. دەبێت ئۆتۆنۆمی ناوچەیی لەسەر بنەمای ناوچە نەژادییەکانی کوردستانی عێراق بێت.

٤. ناوچەی ئۆتۆنۆمی قەوارەیەکی نیشتمانی پێکدەهێنێت و ناوی فەرمی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق هەڵدەگرێت.

٥. کوردستانی عێراق حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی و پەرلەمانێکی سەربەخۆی دەبێت و دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن دەتوانرێت لە نێوان خۆبەڕێوەبەری و حکومەتی ناوەندیدا بە ڕێکەوتن و دانوستان دابەش بکرێت.

٦. لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا هەر شتێک پەیوەندی بە پەروەردە و دادپەروەری و کارگێڕی و پاراستنی ئاسایشی گشتیەوە هەبێت، لە ئەستۆی تایبەتی دەسەڵاتی سەربەخۆ دەبێت. زمانی کوردی لەوێ زمانی فەرمی دەبێت.

٧. کشتوکاڵ و پیشەسازی کوردستان لە ئەستۆی دەسەڵاتە ئۆتۆنۆمییەکاندایە؛ جگە لە کارە گەورەکان.

٨. داهاتی نەوت بە گوێرەی بەرهەمهێنانی ئەو دوو ناوچەیە لە نێوان کوردستانی عێراق و عێراقی عەرەبی دابەش دەکرێت.

٩. ئۆتۆنۆمی کوردستان باج و بودجەی تایبەت بە خۆی دەبێت، دەبێت هاوکارییە داراییەکانی کوردستان و عێراقی عەرەبی بەڕێککەوتنێک بۆ گەنجینەی حکومەتی ناوەند دیاری بکات، لە بەرامبەر پابەندبوونەکانی بەرامبەریان.

١٠.لەشکری شۆڕشی کوردستان دەبێت بگۆڕدرێت بۆ هێزێکی ئەمنی کوردی کە پێکهاتە سەربازییە کوردییەکانی سوپای عێراق لەخۆ بگرێت. یەکە عەرەبییەکان لە عێراقی عەرەبی دەمێننەوە، ئەم مەرجە گرنگە بۆ گەرەنتی ئەو ئۆتۆنۆمییەی دانوستاندنی لەسەر کراوە.

١١.پێویستە ڕێز لە مافەکانی کەمینە نەتەوەیی و ئایینیەکانی کوردستانی عێراق بگیرێت، کە یەکسانی مەدەنییان لەگەڵ زۆرینەی کورد زامن بکرێت.

**٥. بەعس خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکات**

ڕۆژێک دوای کودەتاکەی ٨ی شوبات، لە کاتێکدا یەکێتی سۆڤیەت ڕادەستکردن و ناردنی چەکی بۆ عێراق ڕاگرت، سەرکردەکانی بەعس هاوکارییەکی بەرچاویان لە دەوڵەتە جیاجیاکان وەرگرت. حکومەتی لەندەن کەلوپەلی سەردەم و مۆدێرنی بۆ سوپای عێراق دابین کرد، وەک فڕۆکەی جەنگی هاوکەر هانتەر، کە بەراورد لەگەڵ فڕۆکەی مێگ و ئیلیوشین بۆ ناوچە شاخاوییەکان بە گونجاوتر دادەنرا. هەروەها دەوڵەتی کوێتیش کە ژەنەڕاڵ قاسم شەرعییەتی خستبووە ژێر پرسیارەوە، قەرزێکی ٣٠ ملیۆن پاوەندی[1] پێشکەش کرد، کە بە خێرایی بۆ دابینکردنی خەرجییە سەربازییەکان بەکارهێنرا. هەروەها ئەمریکا و ئەڵمانیای فیدراڵی لە شێوەی قەرزی جۆراوجۆردا پاڵپشتی داراییان پێشکەش کرد. جگە لەوەش، کۆمپانیای نەوتی عێراقی بۆ پشتیوانیکردن لەم هەوڵە سەربازییانە، لە گەنجینەی عێراقدا؛ پێشکەوتنی بەرچاوی کرد.

لە وتارێکی ڕۆژنامەنووس لیۆنۆڤ بە ناونیشانی "تیرۆر ڕێگای ئازادی نییە" کە لە ١٤ی نیسان ڕۆژنامەی "ترود" (ڕۆژنامەی سەندیکاکانی سۆڤیەت) بڵاوی کردووەتەوە، باس لەوە دەکرێت، حکومەتی عێراق خۆی بۆ شەڕ لە دژی کورد ئامادە دەکات.

---

(١) ڕۆژنامەی نیویۆرک هیرالد تریبیون، ١٤ی حوزەیران. ئەم ڕۆژنامەیە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٤ تا ١٩٦٦ دەردەچوو.

هەروەها ڕۆژنامەکە دەڵێت: حکومەتەکانی ئێران و عێراق بۆ "دابڕاندنی کورد لە بزووتنەوە دیموکراتییەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێک. لەلای خۆیەوە، تورکیا بەڵێنی داوە هەر شەڕ دەستپێبکات، سنوورەکانی دادەخات و بۆ دۆزینەوەی هێزە کوردییەکان فڕۆکەکانی بەکار بهێنێت[1]. ئەمەش بە ئامانجی لاوازکردنی کورد و سنووردارکردنی پشتیوانییان هەماهەنگی ناوچەیی نیشان دەدات.

کودەتای ٨ی شوبات، جگە لە چین، ڕێگەی بە ڕۆژنامەگەری سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیستی دا[٢] بێدەنگی بشکێنن و ئازادانەتر لەسەر پرسی کورد بنووسن. لە مانگی ئایاردا، ڕۆژنامەی پراڤدا[٣] بە ناونیشانی "گەلی کورد بۆ مافە ڕەواکانی دەجەنگێت وتارێکی بڵاوکردەوە". لەم وتارەدا، پراڤدا ڕەخنە لە "هەوڵەکانی ژەنەڕاڵ قاسم و لایەنگرانی دەگرێت، بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کوردی وا نیشان بدەن کە لەلایەن هێزە ئیمپریالیستەکانەوە ڕێکخراوە، ئەم هەوڵە دووڕووە کەس هەڵناخەڵەتێنێت". بەگوێرەی ڕۆژنامەکە، "لە ڕاستیدا ئەوە ئیمپریالیستەکانن دژایەتی چارەسەری کێشەی کوردن"[٤]. پراڤدا پیرۆزبایی لە ژەنەڕاڵ بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە "کورد بە دوای جیابوونەوە لە عێراقدا ناگەڕێ". ڕۆژنامەکە بە ڕەوای دەزانێت "کورد داوای گەشەپێدانی ئابووری (پیشەسازی، کشتوکاڵ، گواستنەوە) لە باکووری عێراق و پشکی دادپەروەرانە لە داهاتی نەوت لە کوردستان بکات". ئەم پشتیوانییە لەگەڵ داواکارییەکانی کورد دەگونجێت کە لە یاداشتنامەی ٢٥ی نیساندا هاتووە، پراڤدا دەیەوێت لە چوارچێوەی پلانی یەکێتی عەرەبی نێوان عێراق و سوریا و

(١) لەلایەن ڕۆژنامەی لو مۆندەوە لە ١٦ی نیسانی ١٩٦٣ ئاماژەی پێکراوە.

(٢) چین پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ حیزبی بەعس لە هەریەکە لە وڵاتانی سوریا و عێراق هەبوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی حزبە شیوعییەکانی ئەم دوو وڵاتە هەڵوێستیان لە بەرژەوەندی یەکێتی سۆڤیەت وەرگرت لە ناکۆکی ئایدیۆلۆژی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و چین.

(٣) پراڤدا (بەکوردی:ڕاستی) ناوی ڕۆژنامەیەکی ڕووسی بوو کە زمانحاڵی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت بوو، ڕۆژنامەکە لە ٥ی ئایاری ١٩١٢ دامەزرا لە سەنت پیتەرزبورگ کە سەرکردەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر - ڤلادیمیر لینین یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕۆژنامەیە، لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لەساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ لەلایەن دادگاوە ئەو ڕۆژنامەیە وەستێنرا.

(٤) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ٨ی ئایار.

کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبـی پرسـی کـورد بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە چارەسـەر بکرێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ڕۆژنامەکـە "ڕەخنـە لـە سـەرکردەکانی بەغـدا دەگرێـت و تۆمەتباریـان دەکات بـە دواخسـتنی دانوسـتانەکان لەگـەڵ کـورد، بـۆ لادانـی سـەرنج لەسـەر ئامادەکارییـە سـەربازییەکانیان، بـۆ سـەرکوتکردنی بزووتنـەوەی کـوردی".

لـە ٣٠ی نیسـاندا سـەرۆکی عێـراق بـە فەرمـی ئاڵایەکـی نوێـی بـۆ وڵاتەکـە پەسـەند کـرد. ئـەم ئاڵایـە هـی یەکێتـی عەرەبیـە و سـێ ئەسـتێرەی لـە ناوەڕاسـتدا هەیـە کـە نوێنەرایەتـی سـێ وڵاتـی ئەنـدام دەکات: عێـراق، سـوریا و مـیسر. سـەرەڕای داواکاریـی کـورد کـە لـە یاداشـتنامەی ٢٥ی نیسـان نێـردراوە، هیـچ هێمایـەک بـۆ گوزارشـت لـە گەلـی کـورد زیـاد نەکـراوە.

لـە مانگـی ئایـاردا، پەیوەندییەکانـی نێـوان کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبـی و بەعـس خـراپتر بـوو. یەکـەم، سـەرکردایەتی نیشـتمانی حزبەکـە، واتـە حکومەتـی بەڕێـز سـەلاحەدین بەیتـار، لەژێـر کاریگـەری بەڕێـز میشـێل عەفلـەق، پێنـج وەزیـری لایەنگـری ناسریـان لـە کابینـەی سـوریا دەرکـرد. دواتـر ئـەو ئەفسـەرانە دەرکـران کـە لایەنگـری نـاسر بـوون. لەبەرئـەوەی بەعـس لـە سـوریا هیـچ بنکـەی جەمـاوەری نییـە، تەنیـا نوێنەرایەتـی کەمینەیەکـی بچـووک دەکات، بـۆ حـزب مەحـاڵ بـوو بتوانێـت بـێ پشـت بـەستن بـە سـوپا دەسـەڵات بپارێزێـت، کـە دواتـر بـوو بـە بەندیخانـە. ئێریـک ڕۆلـۆ سـەبارەت بـە بەرنامـەی بەعـس دەنووسـێت، "لەلایـەن حزبـی بەعسـەوە خاڵـە جەوهەرییەکـە جێبەجـێ ناکرێـت. بەڕاسـتی ئازادییـە گشـتییەکان کـە حـزب هـەم لەژێـر دەسـەڵاتی یەکێتـی عـەرەب و هـەم لـە کاتـی جیابوونـەوەدا لـە یەکێتییەکـە نەگەڕێنراونەتـەوە. کارەسـاتی بەعـس ئەوەیـە وابەسـتەی سـوپا بێـت. کەمینەیـەک چ لـە نـاو دانیشـتووان و چ لـە نێـو دەسـتەبژێرەکاندا، تەنیـا بـە هاوپەیمانکردنـی خـۆی لەگـەڵ گروپـە سیاسـییەکانی دیکـە دەتوانێـت حوکمڕانـی بـکات. ئـەو حزبانـەی لایەنگـری نـاسر بـوون، بـە هەوڵـدان بـۆ بێلایەنکردنیـان و بـە گرتنەبـەری سیاسـەتی سـەرکوتکردن و دوژمنایەتـی پێکهاتەکانـی دژە نـاسری چ ڕاسـتڕەو یـان چەپـڕەو دوورخسـتووەتەوە. عەفلـەق و هاوڕێکانـی گۆشـەگیر بـوون و داهاتوویـان بـە سـوپا سـپارد، کـە دەتوانێـت بـە ئاسـانی لەناویـان ببـات وەک ئـەوەی

لـە ٩ ی ئـادار[١]دا ئەوانـی هێنایانـە سـەر دەسـەڵات". چەنـد ڕۆژێـک دواتـر، لـە ٣١ی ئایـار، سـەرکردایەتی لۆکالـی بەعـس لـە عێـراق، بـە هەمـان شـێوەی نموونـەی سـوریا، دوو وەزیـری لایەنگـری ناسریـان لـە ئیسـتقلال لابـرد، بەڕێـزان عەبدولسـتار عەلـی حوسـێن و سـەلاح کوبـە کـە لـە قاهیـرە بـوون. ئەمـە دوو ئەنجامـی لێکەوتـەوە:

١. پـڕۆژەی یەکێتـی عەرەبـی سـێ قۆڵـی، سـەرەڕای ڕاگەیاندنـە گەشـبینەکانی سـەرۆک وەزیرانـی سـوریا بەڕێـز بەیتـار، بووەتـە بەڵێنێکـی پـووچ و یاداشـتێکی مـردوو.

٢. پەیوەندییەکانـی نێـوان هـەردوو ڕژێمـی بەعسـی بەغـدا و دیمەشـق زیاتـر لێـک نزیـک دەبـووەوە. نەبوونـی کاریگەریـی میانـڕەوی بەڕێـز نـاسر وایکـرد؛ ئـەم دوو حکومەتـە لـە جێبەجێکردنـی پلانەکانیـان لـە دژی کـورد بـەردەوام بـن. لـەو ماوەیـەوە چەوساندنەوەی نەتەوەیـی دژی کـوردی سـوریا توندتـر بـووەوە و بـووە هـۆی پلانـی دەوڵـەت بـۆ جینۆسـاید[٢].

لـە ٢٥ی ئایـار وتەبێـژی وەزارەتـی دەرەوە ڕایگەیانـد؛ بەریتانیـا ڕازی بـووە چـەک ڕادەسـتی حکومەتـی عێـراق بـکات. ڕاگەیاندنـەکان مەبەسـتی سـوپای عێراقیـان لـە "ڕزگارکردنـی سـوپای عێـراق، لـە پشـت بـەستن بـە یەکێتـی سـۆڤیەت، لـە چاوەڕوانـی دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ لـە دژی یاخیبووانـی کـورد، دەبینـی"[٣].

پێـش دەسـتپێکردنەوەی شـەڕەکان، بەغـدا خـۆی وا نیشـاندا، دەیەوێـت گفتوگـۆ لەگـەڵ کـورد[٤] دەسـتپێبکاتەوە. وەزیـرە عێراقییـەکان پێشـنیازیان بـۆ بەڕێـز تاڵەبانـی کـرد کـە بچێتـە قاهیـرە بـۆ وەرگرتنـی "بەڵگەنامەیەکـی نـووسراو" لـە سـەرۆک نـاسر کـە پێشـنیازی پێدانـی ئۆتۆنۆمـی بـە کوردسـتان دەکات. تاڵەبانـی، بـۆ ئێمـەی ڕوونکـردەوە؛ بەغـدا بـەدوای بەڵگـەدا دەگەڕێـت کـە نـاسر دەیەوێـت "بەشـێک لـە نیشـتمانی عـەرەب دووربخاتـەوە". لـە کۆتایـی مانگـی ئایـاردا دانوسـتانکاری کـورد بـە یـاوەری

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند، ٩ی ئایاری ١٩٦٣.

(٢) بڕوانە پەرەگرافەکانی "مێژوونووسی فەرمی" لە پێشەکیدا و "کێشەی کورد لە سووریا" لە بەشی نۆیەم.

(٣) ڕۆژنامەی لو مۆند، ٢٦ی ئایاری ١٩٦٣.

(٤) بڕوانـە ڕۆژنامـەی لـو مۆنـد لـە ٦ی حوزەیـران، "دانوسـتانەکانی نێـوان کـورد و حکومـەت بـەم زووانـە دەسـتپێدەکەنەوە".

بەڕێـز شـەوکەت ئاکرەیـی چـووە قاهیـرە، لـەوێ دووەم کۆبوونـەوەی لەگـەڵ سـەرۆکی کۆمـاری عەرەبـی یەکگرتـوو ئەنجامـدا. لـە ٥ی حوزەیرانـدا ئەلئەهـرام نووسـیویەتی: "کۆمـاری عەرەبـی یەکگرتـوو پشـتگیری لـە دەسـتپێکردنەوەی دانوسـتانەکان دەکات و جەخـت لـەوە دەکاتـەوە، ئەگـەری چارەسـەرکردنی کێشـەکە هەیـە".

لـە ٦ی حوزەیـران شـاندێکی گـەورەی سـوریا گەیشـتە بەغـدا کـە پێکهاتبـوو لـە ژەنـەڕاڵ ئاتاسـی سـەرۆکی ئەنجومەنـی نیشـتمانی شـۆڕش و زیـاد ئەلحەریـری پلاندارێـژەری کودەتـای ٨ی ئـادار و ئەمیـن حافـز جێگـری سـەرۆکی ئەنجوومەنـی وەزیـران بـە یـاوەری میشـێل عەفلـەق سـکرتێری گشـتی حزبـی بەعـس[1]. ئـەم کۆبونەوەیـە لـە کەنـاری دیجلـە هـەم دەوڵەتییانـە و هـەم بەعسیانە بـوو کـە چەنـد ڕۆژێـک پێـش دەسـتپێکردنەوەی شـەڕی کوردسـتان، باڵاتریـن سـەرکردەکانی سـوریا و عێراقـی کۆکـردەوە. ئەمـەش کۆبوونەوەیەکـی ڕاسـتەقینەی جەنـگ بـوو. بوونـی ژمارەیەکـی زۆر لـە ژەنەڕاڵـەکان لـە هـەردوولا گەواهیـدەرە. حزبـی بەعـس لـە ڕێگـەی ئـەوەی پێـی دەڵێـن یەکێتـی شۆڕشـگێڕانەی هـەردوو وڵات، پلانێکـی گشـتگیری داڕشـتبوو بـۆ جۆرێـک لـە "چارەسـەری کۆتایـی کێشـەی کـورد".

لـە ٨ی حوزەیرانـدا بەڕێـز محەمـەد حەسـەنین هەیکـەل، سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی ئەهـرام و هاوڕێـی نزیکـی عەقید ناسر نووسـیویەتی؛ سـەرۆك نـاسر "بـۆ بەرگریکـردن لـە ڕژێمـە ئازادکراوەکانـی عـەرەب لـە حاڵەتـی پیلانگێـڕی ناوخۆیـی، دژی پرەنسـیپی دەسـتێوەردانی بـە کۆمەڵـی ئۆتۆماتیکـی بـوو"، پێشـنیازێک کـە بـە فەرمـی لەلایـەن عێراقـەوە پێشـکەش کـرا و لەلایـەن حکومەتـی سـوریاوە پەسـەند کـرا.

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٦٣.

### ٦. پرۆژەی لامەرکەزییەتی عێراق

لە سەرەتادا؛ پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، ئەو ڕەشنووسەی لە ١١ی حوزەیران لەلایەن حکومەتی بەغداوە بڵاوکرایەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لە ڕێگەی دانوستانەوە، پێشنیازێکی پێچەوانە نەبوو، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١. پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لەلایەن حکومەتی عێراق و دوایین مۆڵەت و لە ١٠ی حوزەیران ئاگادارکردنەوەیەکی ئاراستەی شۆڕشی کورد کرد.

٢. لە کاتێکدا پلاندارێژەرانی شەڕ لە دژی بارزانی بە شێوەیەکی فراوانتر دەستپێدەکەنەوە، ئەم پرۆژەیە تەنیا وەک کارێکی پرۆپاگەندە و هەوڵێک بۆ پاساوهێنانەوەی ڕای عەرەب و بیانی تەماشا دەکرا، بەڵام نە لەلایەن حکومەتی بەعسەوە و نە تا ئێستا لەلایەن جێگرەوەکانی هەرگیز جێبەجێ نەکراوە.

٣. ئەگەر پرۆژەکە لە چوارچێوەی دانوستاندندا پێشکەش بە کورد بکرابا، ئەوا لە ئاست چاوەڕوانی و پێشبینیەکانی ئەوان نەدەبوو، لەبری ئەوەی ناسنامە و شوناسی تایبەتیان بناسێت، پرسی کوردی بەتەواوەتی پشتگوێخست. بەمەبەستی دانەنان بەکێشەی کورد، حکومەتی بەغدا پێشنیازی دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچە کارگێڕییەکانی کرد، بۆئەوەی ئۆتۆنۆمییەکی دیاریکراویان پێ ببەخشێت، بەڵام هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی خۆیدایە. ئەم چاکسازییە دەبوو بەسەر هەموو وڵاتدا جێبەجێ بکرێت، بێ هیچ جیاوازییەکی تایبەت بۆ کورد. لەو پڕۆژەدا باسی کورد و کوردستان نەکراوە، تەنیا یەک پاشکۆ هەندێک ڕێوشوێنی تایبەت بە بەکارهێنانی زمانی کوردی تێدابوو. دەبوو هەموو خاکی عێراق دابەش بکرێت بۆ شەش پارێزگا کە تەنیا یەکێکیان پارێزگای سلێمانی لە ناوچە کوردستانییەکان دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، چەند ناوچەیەکی کوردی دەخرێنە دەرەوەی کوردستان، وەک ناوچە دەوڵەمەندەکانی نەوتی کەرکووک و ناوچەی خانەقین و شەنگال و شێخان و بەدرە و مەندەلی کە دەخرێنە سەر عێراقی عەرەبی. بەم شێوەیە کوردستانی عێراق تەنانەت بە ناویش ناناسرێتەوە و سێیەکی ڕووبەری خۆی لەدەست دەدات و سوود لە هیچ پێگەیەکی تایبەت وەرناگرێت کە ڕەنگدانەوەی بوونی گەلی کورد بێت. (بڕوانە دەقی پڕۆژەی عێراقییەکە لە پاشکۆی شەشەم)

# بەشی شەشەم

# شەڕی بەعس و دەرەنجام و ئاکامەکانی

# (حوزەیران-تشرینی دووەمی ١٩٦٣)

## ١. شەڕی خاچپەرستان

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٠ی حوزەیران ڕادیۆی بەغدا ڕایگەیاند "مەجلیسی سەورەی وەتەنی عێراق بڕیاریداوە دەستبەجێ ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دژی ڕێبەری کورد مستەفا بارزانی و پێشمەرگە و لایەنگرانی دەستپێبکات". "دوا مۆڵەتی ٢٤ کاتژمێری پێدان، تا خۆیان بەدەستەوە بدەن". مەجلیسی عێراقی لە بەیاننامەیەکی درێژدا ڕوونیکردەوە؛ بۆ مسۆگەرکردنی "ئاشتییەکی هەمیشەیی لەنێوان عەرەب و کوردی عێراقدا، ڕێوشوێنی گرتۆتەبەر"، داوای لە خەڵک کرد بۆ "کۆتاییهێنان بە بارزانی و لایەنگرانی کە بە جوداخواز و دەرەبەگ و سەرکوتکەر و تاوانبار و دوژمنی شۆڕشی عێراق وەسفی کردوون، پشتگیری حکومەت بکەن". فەرمانڕەوای سەربازیی باکوور پەیامێکی دیکەی نارد و هۆشداری بە دانیشتوانی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر دا "هەر بەرهەڵستکاریەک لەبەرامبەر سوپادا بێ بەزەییانە تێکدەشکێت"، هەروەها قەدەغەکردنی هاتوچۆ و ناوچەی قەدەغەکراو دانرا[١].

جەنگ ڕاگەیەنرا، بەڵام لە لۆزان بە ناوی شۆڕشی کوردەوە ئاگاداری و مۆڵەتەکەی حکومەتی عێراق لەلایەن کۆمیتەی بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد ڕەتکرایەوە، ئێوارەی ١٠ی حوزەیران، بەیاننامەیەکی بڵاوکرایەوە و ڕایگەیاند؛ بەرپرسیاریەتی دەستپێکردنەوەی شەڕ بە تەواوی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی بەعس. ئەم بەیاننامەیە ئامانجی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دووپات دەکاتەوە و داوا لە "زلهێزەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا" و وڵاتانی عەرەبی دەکات لانی کەم لەم ململانێیەدا بێلایەن بمێننەوە[٢].

---

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٦٣.

(٢) ڕۆژنامەی گازێت دو لۆزان و ڕۆژنامەی جۆرناڵ دو جێنیڤ لە ١١ی حوزەیران، ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٢ی حوزەیران.

لـە ١١ی حوزەیـران، بەیاننامەیەکـی درێـژی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە ناونیشـانی "چەتـەی فەرمانـڕەوای بەعـس شـەڕێکی قێـزەون و نەگریسـی لـە دژی گەلـی کوردمـان ڕاگەیانـد"(١)، مێـژووی دانوسـتانەکانی لەگـەڵ حکومەتـی بەغـدا خسـتەڕوو. ئـەم بەیاننامەیـە پـڕۆژەی لامەرکەزییەتـی عێراقـی ڕەتکـردەوە و ئاشـکرای کـرد؛ حکومـەت لـە ٩ی ئـادارەوە هێزێکـی گەورەی لـە کوردسـتان بڵاوکردووەتـەوە و نیازی خۆی بـۆ دەسـتپێکردنی شـەڕ لـە ٤ی حوزەیـران نیشـان دەدات، بـەڵام ژەنـەڕاڵ بارزانی لـە ڕێگای تۆڕێکـی کـوردی چـالاک لـە پایتەختـی عێـراق لەکاتـی خۆیـدا هۆشـداری دا و کاردانـەوەی نیشـاندا و داوای لـە بەڕێـز سـاڵح یوسـفی کـرد بـۆ ڕوونکردنـەوەی نیازەکانـی حکومەتـی عێراق پەیوەنـدی بـە سـەرۆک وەزیـران و وەزیـری بەرگرییـەوە بـکات. سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق کـە لەلایـەن کـوردەوە پرسـیاری لێکـرا، بـە قورئانـی پیـرۆز سـوێندی خواردبـوو کـە حکومـەت تەنیـا نیـازی باشـی بەرامبەریـان هەیـە، لـە کاتێکـدا وەزیـری بەرگـری دڵنیایی دا کـە هیـچ پیلانێکـی خـراپ لـە پشـت جموجـۆڵی هێـزە سـەربازییەکانەوە نییـە. سـەرەڕای ئـەم ڕاگەیاندنانـە لـە ٣ی حوزەیـران پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بروسـکەی بـۆ حکومەتی عێـراق و مەجلیسـی قیـادەی وەتەنـی نـارد. ئـەم پەیامـە دووپاتـی لەخواسـتی کـورد بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی ئاشـتیانە کـردەوە و وەبیـری هێنایـەوە ئـەو ئاگربەسـتەی ژەنـەڕاڵ بارزانـی بڕیـاری لەسـەر داوە بـە بەردەوامـی ماوەتـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا لـە ڕاگەیەندراوەکـەی ئاشـکرای کـرد کـە دوا مۆڵەتـی عێـراق لـە ٩ی حوزەیـران دوای بەسـەرچوونی وادەی دیاریکـراو بـە کـورد گەیشـتووە و سـوپای عێـراق پێـش ناردنـی مۆڵەتەکـە دەسـتی بـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی کـردووە. هەروەهـا هـەر لـە بروسـکەکەدا ئیدانـەی ڕێکەوتنێکـی نهێنـی نێـوان سـوریا و عێـراق دەکات کـە تیایـدا بـە کارهێنانـی هێـزی ئاسمانـی سـوریا و بڵاوەپێکردنـی هێزێکـی زرێپۆشـی سـوریا لە نزیـک ناوچـەی ئەلرومـادی ڕێکخـراوە. هەروەهـا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ئیدانـەی دروسـتکردنی یەکـە و میلیشـیای بەکرێگیـراوی نـوێ لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە کـرد کـە لـە عـەرەب و کـورد پێکهاتـوون و پێشـێلکارییە زۆرەکانـی ئاگربەسـتی خسـتەڕوو کـە هێـزە عێراقییـەکان لـە چەنـد هەفتـەی پێـش دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ و پێکدادانـەکان ئەنجامیـان داوە. بەگوێـرەی ڕاگەیەندراوەکـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان "لـە ٩ی

(١) بڕوانە دەقی تەواوی ئەم بەیاننامەیە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٤٦٩ ی حوزەیرانی١٩٦٣.

حوزەیران کاتژمێر پێنجی سەرلەبەیانی؛ دەسەڵاتدارانی سەربازی قەدەغەی هاتوچۆیان لە شارەکانی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر ڕاگەیاند پێش ئەوەی ژەنەڕاڵ بارزانی بروسکەی فەرماندەکانی فیرقەی یەک و دووی پێگەیشتبێت. بۆ ئاگادارکردنەوەی دانیشتووان، هێزە سەربازییەکان دەستیان بە کردەوە سەربازییەکانی کرد. یەکەی تانکەکان کە گەمارۆی شارەکانیان داوە تەقەیان لە گەڕەکەکانی قەراغی شارەکان دەکرد، سەربازانی پاسەوانی نیشتمانی و هێزە چەکدارەکان ترسیان بڵاوکردەوە: خەڵکی بێتاوانیان کوشت، دوکان و فرۆشگاکانیان تاڵان کرد و سەدان هاووڵاتی ئاشتیخوازیان دەستگیرکرد. قەدەغەکردنی هاتوچۆ کە هێشتا بەردەوامە وایکرد نەتوانرێت ڕادەی توندوتیژییەکان بزانرێت، بەڵام ئەو هاووڵاتییانەی توانیویانە هەڵبێن ڕاپایاندەگەیاند و باسیان دەکرد کە حکومەتی عێراق کۆمەڵکوژی ئەنجامداوە، بەتایبەتی لە شاری سلێمانی کە دەوترێت کوشتارێکی زۆر ترسناکی تێدا ڕوویداوە. بۆردومانکردنی شارۆچکە و گوندەکان بەردەوام بوو(...)".

لە بەرەبەیانی ٩ی حوزەیران کۆمەڵکوژییەکەی سلێمانی ڕوویدا، لە کاتژمێرەکانی زوودا سوپای عێراق کۆنترۆڵی شارەکەی کرد و سەربازەکان دەستیان بە تەقە کردن و گەڕان بە ماڵەکان و بڵاوکردنەوەی ترس کرد. ئاماری ئەم هێرشە تراژیدی بوو: ٢٦٧ کەسی مەدەنی کوژران، لە گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە دەرەوەی شارەکە[١] نێژراون و نزیکەی پێنج هەزار کەس دەستگیرکران کە کەسایەتییە دیارەکان، ڕۆشنبیران و کارمەندانی مەدەنی بوون[٢].

هێرش و پەلامارەکەی حوزەیرانی ١٩٦٣ی عێراق زۆر توندوتیژتر و کوشندەتر بوو لەو جەنگەی لە سەردەمی قاسم بەڕێوەچوو. لەبەرئەوەی بەم ئامانجانەی خوارەوە لە دژی گەلی کورد شێوەی جەنگی خاچپەرستی ڕاستەقینەی وەرگرت:

١. ئامانجی سەرەکی ئەم هەڵمەتە، لەناوبردنی هێزە چەکدارە کوردییەکان بوو لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کە لەنێوان دوو تا سێ هەفتەدا خەمڵێنرابوو. بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە؛ بەمەبەستی مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی یەکلاکەرەوە و خێرا لە دژی

---

(١) بە کوردی بە "گۆڕی شەهیدان" ناسراوە.

(٢) ئەرشیفی شۆڕش. ژەنەڕاڵ سدیق مستەفا بەرپرس و ڕێکخەری کۆمەڵکوژییەکەیە.

هێـزە کوردییـەکان بڕیـاری بەکارهێنانـی ناپاڵـم و هەمـوو چەکێکـی مۆدێـرن درابـوو کـە لەبەردەسـتدا بـوون.

٢. ژەنـەڕاڵ بارزانـی ڕێبـەری کـورد ئامانجـی سـەرەکی هەڵمەتەکانـی عێـراق بـوو کـە خەڵاتـی سـەد هـەزار دینـاری عێراقـی (نزیکـەی یـەک ملیـۆن و دوو سـەد هـەزار فڕانکـی سویسری)[١] بـۆ دەسـتگیرکردن یـان تیرۆرکردنـی وەك پاداشـت تەرخـان کرابـوو.

٣. ئامانجـی هێرشـی عێـراق، تەنیـا لەناوبردنـی هێـزە چەکدارەکانـی کـورد نەبـوو، بەڵکـو تیرۆرکـردن و لەناوبردنـی گەلـی کوردیـش بـوو، فەرمانـدە سـەربازییەکانی عێـراق؛ مۆڵەتـی توندوتیـژی بـێ سـنووریان پێدرابـوو: کوشـتنی بـێ هەڵاوێـردن، کۆمەڵکـوژی هاووڵاتیانـی مەدەنـی، بەتایبەتـی لـە شـار و گونـدە کوردییـەکان، تاڵانکـردن، بۆمبـاران و سـوتاندنی گونـد و خانـوو و ماڵـی هاووڵاتیـان. ئـەم سیاسـەتە تیرۆریسـتییە بـە مەبەسـتی تێکشـکاندنی بەرگـری کـورد بـوو، لـە ڕێگـەی هێرشـکردنە سـەر خەڵکـی مەدەنـی و دروسـتکردنی کەشـێکی ترسـناک و ملکەچـی تـەواو.

٤. یەکێـک لـە سـتراتیژەکانی حکومەتـی عێـراق؛ ئیفلیـج کـردن و لەناوبردنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـوو لـە ڕێگـەی دەسـتگیرکردنی بەکۆمەڵـەوە کـە لـە شـارۆچکە و گونـدە کوردنشـینەکان ئەنجامـدرا و لـەوێ سـەدان ئەندامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە سـەرکردە و چالاکوانـی سیاسـی و ڕۆشـنبیران و لایەنگرانـی ئاسـایی لەخـۆ دەگـرت، بـێ جیاوازیکـردن دەسـتگیرکران.

٥. ئامانجـی حکومەتـی عێـراق ئـەوە بـوو؛ ناوچـە تەختـەکان و باشـووری کوردسـتانی عێـراق، بەتایبەتـی ناوچـە دەشـتاییەکانی کەرکـووک کـە بـە نـەوت دەوڵەمەنـدە و ناوچـە کشـتوکاڵییەکانی باشـووری هەولێـر لـە کـورد دابماڵێـت. ئەمـەش بـە مانـای دەرکردنـی زۆرەملـێ و کوشـتاری دانیشـتوانی کـورد بـوو. لـە پـڕۆژەی لامەرکەزییەتـدا، ناوچـە ناشـاخاوییەکانی پارێـزگای کەرکـووک بەشـێک نەبـوو لەپارێـزگای سـلێمانی فراوانکـراو کـە تایبـەت بـوو بەکـورد، ڕیچـارد بێسـتۆن پەیامنێـری ڕۆژنامـەی دەیلـی تەلەگـراف[٢] بـەم شـێوەیە باسـی "ئۆپەراسـیۆنەکان"ی دەوروبـەری کەرکـووک دەکات:

---

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٢ی حوزەیران.

(٢) ژمارەی بەرواری ١٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣، لەندەن.

"هەڵمەتـی دژ بـە کـورد کـە بـە شـێوەیەکی بەرنامـە بـۆ دەڕێـژراو بەڕێـوە دەچێـت، لـە هەمـوو ئـەو شـتانەی ژەنـەڕاڵ قاسـم کردوویەتـی زۆر توندوتیژتـرە.

لـە چوارچێـوەی ٤٠ کیلۆمەتـری دەوروبـەری شـاری کەرکـووک، تـەواوی دانیشـتوانی گونـدە کوردنشـینەکان ناچارکـران شـوێنیان چۆڵبکـەن، چەندیـن گونـد بۆردومـان کـران و دواتـر لەلایـەن تانـک و بلـدۆزەرەوە وێـران کـران و تەختـی زەوی کـران.

لـە نزیـک بەنداوی دوبز، ئۆپەراسـیۆنێکی ئاسایی ئەنجامـدرا. تانکەکان بـە تۆپبارانکردن بەتـەواوی گوندەکانیـان وێـران کـرد. ئـەو دانیشـتوانەی هەوڵیـان دەدا هەڵبێـن، لەلایـەن سـەربازانی پاسـەوانی نیشـتمانییەوە کوژراون".

لـە دەوروبـەری کەرکـووک نزیکـەی ٤٠ هـەزار کـورد بـە زۆر دەرکـراون، هەندێکیـش کـوژراون. سـەربازەکان لـەو کەسـانەیان دەدا کـە لـە شـەقامەکاندا مابوونـەوە، بۆئـەوەی ناچاریـان بکـەن بچنـە دەرەوە. هەندێکـی تریـان لەنـاو بارهەڵگری سـەربازیدا کۆکرانـەوە و بـەرەو باکـوور بـردران و لـە دامێنـی چیـاکان بـێ خـواردن بەجێهێڵـران. کاروانێکـی ٨٠ بارهەڵگـر لەلایـەن هێـزە کوردییەکانـەوە ڕێگریـان لێکـرا و خەڵکەکـەی نـاو بارهەڵگـرەکان گوێزرانـەوە ناوچـە ئازادکـراوەکان[1]. لـە گونـدە کوردییـە چۆڵکـراوەکان، دەسـەڵاتدارانی عێـراق هـۆزە عەرەبەکانیـان نیشـتەجێ کـرد و تـۆوی کشـتوکاڵیان بـۆ دابیـن کـردن و بـۆ بەرگـری کـردن لـە خۆیـان لـە دژی هێزەکانـی کـورد چەکیشـیان پێـدان. ڕژێمـی بەعسـی ویسـتی ئـەم شـەڕە بگۆڕێـت بـۆ ململانێیەکـی تـەواو لـە نێـوان کـورد و عەرەبـدا. شۆڕشـی کـورد ئامـادە نەبـوو ڕقـی لـە گەلـی عـەرەب بـە گشـتی بێـت و بـەردەوام بـوو لـە بەئامانـج گرتنـی ڕژێمـی دیکتاتـۆر بـە تەنیـا، واتـا جیـاکاری لـە نێـوان گەلـی عـەرەب و دەسـەڵاتدا دەکـرد. ڕۆژنامـەی خەبـات لـە بانگەوازێکـدا کـە لـە مانگـی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٦٣دا بڵاوکرایـەوە، پێشـمەرگەیەکی کـورد نووسـیبووی بـۆ "بـرا عەرەبەکـەم"، داوای لێکـرد شـەڕ لەگـەڵ کـورد نـەکات و دژی دیکتاتـۆر ڕاپەڕێـت.

لـە عێراقـی عەرەبیـدا کوردێکـی زۆر دەسـتگیرکران و خـراپ مامەڵەیـان لەگەڵـدا کـرا. لـە نێویانـدا ئەندامانـی شـاندە کوردییـەکان بـوون کـە پێـش دەسـتپێکردنەوەی

---

(١) ئەرشیفی شۆڕش.

شـەڕەکە لــە بەغــدا بــوون. هەرچەنــدە ئــەم دانوســتانکارانە لەلایــەن حکومەتــی عێراقــەوە بانگهێشــت کرابــوون و میوانــی ئــەوان بــوون. بەڕێــز ســاڵح یوســفی ئەندامــی کۆمیتــەی ناوەنــدی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و بەڕێــز یــەدوڵڵا فەیلــی بــۆ مــاوەی چەنــد مانگێــک ئەشــکەنجە دران.

ئیدوارد سەعب، پەیامنێری ڕۆژنامەی لومۆند:

"حزبــی بەعــس بڕیاریــدا بــە دەســتپێکردنی جەنگێکــی نــوێ، سەرکێشــییەکی گــەورە بــکات، هەرچەنــدە شــەڕێکی هاوشــێوە پێــشتر ڕژێمــی ژەنــەڕاڵ قاســمی ڕووخانــد. ئــەم هەڵمەتــە ســەربازییە نوێیــەی دژ بــە کوردســتان، خزمــەت بەئامانجەکانــی بەعــس دەکات کــە هیــوادارە خەڵــک یەکبخــات و وایــان لێبــکات پرســی بەرگــری لــە گەڵــی عــەرەب لــە دژی جوداخــوازان و ئیمپریالیســتەکان بێــت. تەنانــەت بەرپرســانی عێــراق لــە بەیــروت بانگەشــەی ئەوەیــان کــرد، ئــەم دوژمنانــە هەمــان ئــەو دوژمنانــەن کــە لــە نزیــک وڵاتانــی عەرەبــی هــاوکاری دروســتکردنی ئیسرائیلیــان کــردووە ".

" دیــارە ئەمــڕۆ حکومەتــی عێــراق بــێ چەنــد گرەنتییــەک شــەڕی دەســت پــێ نەدەکــردەوە: یارمەتــی هێــزی ئاسمانــی ســوریا، پشــتیوانی هەندێــک هــۆزی کــوردی کــە دژی بارزانــی بــوون و بێلایەنــی تورکیــا. جگــە لــەوەش، حکومەتــی عێراقــی لــەم دواییانــەدا بڕێکــی زۆر چــەک و تەقەمەنــی بەدەســت گەیشــتووە کــە لەلایــەن بەریتانیاوە نێــردراوە"[(١)].

ڕێکــەوتی ١٢ی حوزەیــران ســەلاح بەیتــاری ســەرۆکی ئەنجوومەنــی ســوریا و وەزیــری دەرەوە، دوای کۆبوونەوەیــەک لەگــەڵ تەهــا حەمیــد، نوێنــەری عێــراق، بــە ڕۆژنامەنووســانی ڕاگەیانــد: "ســوریا ئامادەیــە هــاوکاری عێــراق بــکات، ئەگــەر بــۆ ســەرکوتکردنی شۆڕشــی کــورد پێویســت بــکات"[(٢)]. پاشــان ڕادیــۆ و تەلەفزیۆنــی ســوریا بــۆ "پەروەردەکردنــی" هاوڵاتیانــی عــەرەب ســەبارەت بــە "دوژمنەکانیــان بەرنامەیەکــی ڕۆژانەیــان دەســتپێکرد". لــەو بەرنامانــەدا؛ ئــەو کوردانــەی پشــتیوانی لــە بارزانــی دەکــەن، وەک دوژمنــی ســەرەکی نیشــاندەدران.

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٦٣.

(٢) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩٦٣.

یارمەتییەکانی حکومەتی سوریا بۆ عێراق تەنیا خۆی لە دابینکردنی یارمەتی سەربازی و پارە و دانەوێڵە سنووردار نەکردبوو، هەروەها بۆ ڕازیکردنی وڵاتانی تری عەرەبی بۆ پشتیوانیکردنی عێراق، هەڵمەتێکی دیپلۆماتی گەورەی دەستپێکردبوو. ڕێکەوتی ١٣ی حوزەیران پاش سەردانەکەی موشیر عەبدوڵلا یەحیا سەلال سەرۆک کۆماری یەمەن، سوریا و یەمەن بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە کە تێیدا پشتەوانی خۆیان بۆ عێراق لە دژی کورد دووپات کردەوە و داوایان لە وڵاتانی عەرەبی کرد " لە سەرکوتکردنی یاخیبوونی جوداخوازان پشتیوانی عێراق بکەن"[1]. ڕۆژی ٢٤ی حوزەیران دوای سەردانێکی فەرمی سەلاح بەیتار بۆ جەزائیر، بەیاننامەیەکی دیکەی هاوبەشی نێوان سوریا و جەزائیر بڵاوکرایەوە. لە دوا بڕگەی بەیاننامەکەدا هاتووە:

"شاندەکان پشتیوانی خۆیان بۆ گەلی عێراق و حکومەتە شۆڕشگێڕەکەی دەردەبڕن لە خەباتیان دژی یاخیبوون بە سەرکردایەتی گروپێکی بچووک لە جوداخوازانی کورد کە بە نوێنەری ئیمپریالیزم دادەنرێن"[2].

ئەم بڕگەی کۆتایی لە ڕۆژنامەکانی جەزائیر بڵاو نەکرایەوە. بەڕێز بەیتار خۆی دەستپێشخەری کرد و لە پاریسەوە بۆ میدیاکانی بیانی بڵاوکردەوە.

ئەوەی جێی سەرنجە؛ لەکاتی شەڕی جەزائیردا، گەلی کوردی عێراق لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵانەی لە عێراق ڕێکخرابوون بۆ دابینکردنی پارە بۆ بزووتنەوەکەیان، پشتگیری گەلی جەزائیریان کرد. هەروەها چەندین شاعیری کوردیش شیعریان بۆ ڕێزلێنان لە تێکۆشانییان بۆ سەربەخۆیی نووسیوە.

سەرۆک ناسر بە بێلایەنی مایەوە، ئەمەش سەرکردەکانی بەعسی تووڕە و بێزار کرد. ئەو سەرکردە بەعسیانە سەبارەت بە هەندێک کردەوەی میدیای میسر، گلەیی و گازاندەیان لە دەسەڵاتدارانی قاهیرە کرد. بۆ نموونە "ڕۆژنامەکان وێنەی موشیر عارف سەرۆکی دەوڵەتی عێراق و ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانییان شان بە شانی یەکتر بڵاوکردووەتەوە و ڕەتیانکردەوە کوردە شۆڕشگێڕەکان بە

(١) ڕۆژنامەی نیویۆرک هێرالد تریبیون، ١٤ی حوزەیران.

(٢) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ٢٥ی حوزەیرانی.

یاخـی و چەتـە ناوببـەن"[١]. ئێوارەیـەک، پێشکەشـکارێکی بەرنامـەی کـوردی ڕادیـۆی قاهیـرە بـە دەستپێشـخەری خـۆی ڕەخنـەی لـە ڕژێمـی بەعـس گـرت، ئـەوەش ناڕەزایـی لێکەوتـەوە. لەچاوپێکەوتنێکیـدا لەگـەڵ ڕۆژنامـەی لـو مۆنـدی فەڕەنسـی، سـەرۆک نـاسر هەڵوێسـتی خـۆی ڕوون کـردەوە:

"ئێمـە دژی هـەر هەوڵێکـی دابەشـکردنی وڵاتیـن، بـەڵام لەبەرئـەوەی حکومەتـی عێـراق دانـی بـە بوونـی گەلـی کـورد نـاوە و ڕێکەوتنێکـی نهێنـی لەنێـوان ژەنـەڕاڵ بارزانـی و سـەرکردەکانی بەغـدا ئەنجامـدراوە، پێموایـە بـاشتر بـوو پێـش بەکارهێنانـی هێـز بـەدوای چارەسـەرێکی ئاشـتیانەدا بگەڕابـان. جـەلال تاڵەبانـی، نوێنـەری ژەنـەڕاڵ بارزانـی، دڵنیـای کردبوومـەوە کـە کـورد ڕێـز لـە ئاگربەسـتەکە دەگرێـت و هیـچ کات دەستپێشـخەری شـەڕ نـاکات، بۆیـە زۆرم سەرسـوڕما کـە بەغـدا لـە بەیاننامەیەکـدا دەسـتپێکردنەوەی جەنگـی ڕاگەیانـد".[٢]

هـەر لـەو چاوپێکەوتنـەدا سـەرۆکی کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبـی، ئۆتۆنۆمـی کـورد بـە سیسـتەمی پارێزگاکانـی میـسر بـەراورد دەکات. ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە بەڕاسـتی لـە پرسـی نەتەوەیـی کـورد تێنـاگات.

بـۆ خەڵکـی مەدەنـی و هێـزە شۆڕشـگێڕەکان کـە هەمیشـە کێشـەی کەمـی کەرەسـتە و کەلوپەلیـان هەبـوو، جەنـگ زۆر سـەخت بـوو. دوای چەنـد کۆسـپێک و هەندێـك پاشەکشـە، ئـەم هێزانـە توانیـان بەرگـەی هێرشـەکانی سـوپای عێـراق بگـرن لـە ناوچـە شـاخاوییەکان و تەنانـەت لـە هەندێـک شـوێنیش هێرشـی پێچەوانەیـان ئەنجامـدا. بـەو پێیـەی سـوپای عێـراق ئامانجـی تێکشـکاندنی شۆڕشـی کـورد بـوو، دیـارە ئەمجـارەش کـورد دووبـارە بەسـەر سـوپای عێـراق سـەرکەوتەوە کـە لـە کوردسـتان گیریـان خـواردووە و چەندیـن سـەرباز و کەرەسـتە و کەلوپەلـی سـەربازی لەدەسـتداوە. وەک سـەردەمی ڕژێمـی قاسـم، ئـەم شکسـتە حکومەتـی بەعسـی لاواز کـرد و بـەرەو ڕووخـان پاڵـی پێوەنـا، تەنانـەت هاوپەیمانێتـی لەگـەڵ سـوریا و چەکـی

---

(١) "سـەرۆک نـاسر خـۆی لـە دەسـتوەردان لـە ململانێـی کـورد دەپارێزێـت"، وتارێکـی ئێریـك ڕۆلـۆ لـە ڕۆژنامـەی لومۆنـدی ١٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٣.

(٢) ژمارەی ٥ی تەمووزی ١٩٦٣.

بەریتانیا و پشتیوانی چین نەیتوانی چیتر ئەم ڕژێمە ڕزگار بکات. لە عێراق، بەعسییەکان زۆر گۆشەگیر بوون. ئەوان لەگەڵ ناسرییەکان و شیوعییەکان و دیموکراتەکان ناکۆک بوون، ئەوەش وایکرد تەنانەت لە دیکتاتۆری پێشوو کەمتر جەماوەریان هەبێت.

لە ١٨ی حوزەیران هێزە کوردییەکان؛ دامەزراوە نەوتییەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراقیان لە کێڵگەی نەوتی جەمبوور وێران کرد کە بیست کیلۆمەتر لە باشووری کەرکووک دوورە[1]. هەر لە هەمان ڕۆژ، حکومەتی بەغدا لەدایکبووانی ساڵانی ١٩٣٩ و ١٩٤٠ و ١٩٤١ بانگهێشت کرد "بۆ مانۆڕی سەربازی کە شەش مانگ دەخایەنێت[2]. لە ٢١ی حوزەیران، ڕادیۆی بەغدا ڕایگەیاند؛ "هێزە عێراقییەکان ڕووبەڕووی بەرگریی توندی یاخیبووانی کورد بوونەتەوە"[3]. لە ١٤ی تەمووزدا، لە پێنجەمین ساڵیادی شۆڕشی ١٩٥٨دا، ڕادیۆی پەکین "پەیامێکی پیرۆزبایی سەرۆک کۆماری چین، لیو چاو-چی و سەرۆک ئەنجومونی چین، چوو ئین-لێی، بۆ مارشال عارف و ژەنەراڵ ئەلبەکر"[4] پەخش کرد. ئەم زانیارییە چەند جارێک دووبارە بووەوە. هاوکات لە شەقامەکانی لەندەن پێنج سەد قوتابی عێراقی و عەرەب و کورد بە دروشمی "کۆمەڵکوژی بوەستێنن" دژ بە ڕژێمی بەعس خۆپیشاندانیان ئەنجامدا [5].

هەمان ڕۆژ لە بەغدا موشیر عەبدولسەلام عارف لە وتارەکەیدا ڕایگەیاند: "هێزە عێراقییەکان زۆربەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی یاخیبووانیان پاککردووەتەوە" و "هێزە ئیمپریالیستەکان و بێدینان و شیوعییەکانی" بەوە تۆمەتبار کرد کە لە دژی ڕژێمەکەی هاوپەیمانییان کردووە. ئەو پێشبینی "نزیکبوونی کۆتایی" شۆڕشی کورد دەکات[6]. هەرچەندە، لە ١٤ی تەمووزدا، پەیامنێری تایبەتی ئاژانسی هەواڵی ئەسۆشیەتید پرێس، بەڕێز ئیفتیڤلۆسی یۆنانی، کە تازە بەناو کوردستانی عێراقدا

(١) ڕۆژنامەی دەیلی تەلەگراف، ١٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣.

(٢) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ٢٠ی حوزەیران.

(٣) ڕۆژنامەی گازێت دو لۆزان لە ٢٢ی حوزەیران.

(٤) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٦ی تەمووز.

(٥) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٦ی تەمووز.

(٦) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٦ی تەمووز.

گەشـتی کردبـوو، ئاشـکرای کـرد، بەیاننامەکانـی سـەرکەوتنی عێـراق لەگـەڵ واقیعـدا ناگونجێـت. ئـەو دەنووسـێت: "کـورد توانیویەتـی کۆنترۆڵـی بەسـەر کوردسـتاندا بهێڵێتـەوە". لـە نامەکەیـدا کـە لـە ٥ی تەمـووز لـە کوردسـتانەوە نێـردراوە و لـە ١٤ی تەمـووز گەیشـتووەتە بـارەگای ئاژانسـەکەیەوە ، بـاس لـەوە دەکات؛ "لـە هەمـوو ئـەو گوندانـەی پێیـدا تێپەڕیـوە، لـە مـاوەی گەشـتەکەی بـۆ ناوچـە شـاخاوییەکانی پارێـزگای سـلێمانی، چـاوی بـە شۆڕشـگێڕە یەکپۆشـەکان کەوتـووە، لەکاتێکـدا سـەربازانی عێراقـی بـە هیـچ شـێوەیەك ئامادەیـی و بوونیـان نەبـووە"[١].

لـە کاتێکـدا ئەمیـر کامـەران بەدرخـان بەرامبـەر بـە گەیاندنـی چەکـی بەریتانیـا بـۆ عێـراق نارەزایـی دەربـڕی[٢]، لـە ٢٨ی ئابـدا زانـرا ڕێککەوتنێـک لـە بەغـدا واژۆ کـراوە. بەپێـی ئـەم ڕێککەوتنـە، "ئەمریـکا بـڕی شـەش ملیـۆن و ٨٥٦ هـەزار دۆلاری بـە قـەرز بـە عێـراق داوە. ئـەم پارەیـە بـۆ دابینکردنـی ٥٠ هـەزار تـۆن گەنـم و هـەزار و ٥٠٠ تـۆن تووتـن و ٤٥٠ تـۆن گۆشـتی پەلـەوەر بەکاردەهێنرێـت"[٣]. لـە کاتێکـدا ئـەم بەرهەمانـە لـە کوردسـتان زۆرن.

لـە ٦ی ئـاب ڕادیـۆی بەغـدا ڕایگەیانـد؛ "بەرخودانـی کـورد تێکشـکاوە"[٤]. لـە ١٠ی ئـاب بەیاننامەیەکـی هاوبـەش لـە دژی ئیمپریالیـزم، یەکڕیـزی نێـوان سـوریا و عێـراق دووپاتدەکاتـەوە، کەچـی بەڕێـز هەیکـەل سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی ئەلئەهرامـی قاهیـرە لـە وتارێکـدا ڕەخنـە لـە سیاسـەتی دژە شـیوعی عێـراق دەگرێـت[٥]. موشـیر عـارف بـۆ کەمکردنـەوەی ناکۆکییەکانـی نێـوان ڕژێمەکـەی و کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبـی سـەردانی قاهیـرە دەکات. لـە ڕاگەیەندراوێکـدا کـە لـە دوای سـەردانەکەی هاتـووە: "شـاندی عێراقـی باسـی دواییـن ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی سـوپای عێـراق لـە دژی جوداخوازانـی بارزانـی کـردووە"[٦].

(١) ڕۆژنامەی گازێت دو لۆزان لە ١٥ی تەمووز.

(٢) ڕۆژنامەی جێنیڤ لە ١٨ی تەمووز.

(٣) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ٢٩ ی ئاب.

(٤) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ٧ ی ئاب.

(٥) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١١ ی ئاب.

(٦) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ٢٨ ی ئاب.

پاشان عارف لە قاهیرەوە چووە سوریا، لە ڕاگەیەندراوێکی دیکەی هاوبەش سەبارەت بە ئەنجامی وتووێژەکانی لەگەڵ دیمەشق دەردەکەوێت "لیژنە سەربازییەکان هاوکاری سەربازی خێرای بەرگری لەنێوان بەغدا و دیمەشقدا ڕێکدەخەن". لەلایەکی ترەوە؛ سوپای سوریاش "پشتیوانی تەواوی خۆی لە شەڕی دژی بزووتنەوەی بارزانی بۆ سوپای عێراق دەردەبڕێت"[(١)].

لە ١١ی ئەیلوول کە دووەمین ساڵیادی دەستپێکردنی شەڕی کورد و عێراق بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان بانگەوازێکی دەستپێکرد. ئەم داواکارییە ئاراستەی ئەمانە کراوە:

- نەتەوە یەکگرتووەکان،
- سەرکردەی دەوڵەتان و حکومەتان،
- کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور (ICRC)
- ڕێکخراو و سەندیکا نێودەوڵەتییەکان،
- ئاژانسەکانی هەواڵ،
- ڕای گشتی جیهان.

لەو پەیامەدا پارتی دیموکراتی کوردستان نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت و داوای پشتیوانی بۆ دۆزی کورد دەکات و تێیدا هاتووە:

"بە درێژایی سنووری نێوان ناوچە عەرەبییەکان و کوردستانی عێراق، حکومەت دانیشتوانی کوردی ئاشتیخوازی سەرکوت کردووە و چەوساندووەتەوە. کورد بۆئەوەی خۆی لە مردن ڕزگاربکات، ناچار بوو ڕابکات و دەست لە کەلوپەل و موڵك و ماڵی خۆی هەڵبگرێت. دواتر، حکومەت بۆ نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبەکان لەو ناوچانە، لیژنەی فەرمی بۆ دابەشکردنی زەوی و موڵک و سامانی کوردی بەسەریاندا پیکهێنا (...).

حکومەت بانگەشەی ئەوە دەکات کە کێشەی ئێمە کێشەیەکی ناوخۆییە، بەڵام ئەم قسەیە هەڵەیە و بێ بنەمایە(...). نەتەوە یەکگرتووەکان پێشتر دژی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی حکومەتی ئەفریقای باشوور هەڵوێستی وەرگرتووە(...). سیاسەتی

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ٤ ی ئەیلول.

کۆلۆنیالیـزم کـە حکومەتـی بەعـس لـە کوردسـتان پەیـڕەوی دەکات، هیـچ جیاوازییەکـی نییـە(...) لەگـەڵ ئـەو سیاسـەتەی کـە خەڵکـی هەندێـک وڵاتـی داگیرکـراوی سـتەملێکراو لەلایـەن هێـزە ئیمپریالیسـتییەکانەوە دەچەوسـێنرێتەوە. ئایـا ئـەو ڕاسـتییەی کـە چەوسـێنەرانی کوردسـتان غەیـرە ئەوروپیـن و عێـراق وڵاتێکـی دواکەوتـووی ئابوورییـە و ئەمـە بـۆ پاککردنـەوەی ئـەو سـتەمکارانە لـە تۆمەتـی کۆلۆنیالیـزم بەسـە(...).؟ ئایـا لـە جیهانـدا وڵاتێکـی داگیرکـراو هەیـە، لـە هـەر کاتێکـدا بـێ پاسـاو، تۆمەتبارکـردن و دادگاییکـردن، سـوپای داگیرکـەر مافـی کـوشتن و تـاڵان و لەناوبـردن و دەستبەسـەرکردنی هـەر کەسـێک و هـەر شـتێکی هەیـە؟ بـەڵام حکومەتـی عێـراق بـە بڕیـاری سـەرۆکایەتی لـە ٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٣ لـە کوردسـتاندا ئـەو مافـە بـە سـوپاکەی خـۆی داوە (...).

بـا جیهـان بزانێـت گەلـی کوردمـان دەیسـەلمێنێت، ئەوانیـش وەک ئەوانـی تـر پەیـوەستن بـە ناسـنامەی خۆیانـەوە (...)".

بانگەوازەکـە داوا لـە هەمـوو حکومەتەکانـی جیهـان دەکات، ناردنـی چـەک بـۆ حکومەتـی عێـراق ڕابگـرن "تـا کۆتایـی بـەو شـەڕە نـاڕەوا و نەگریسـە دەهێنێـت" و داوا لـە ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـە پەیوەندیـدارەکان دەکات، یارمەتـی فریاگـوزاری بـۆ دانیشـتوانی کـورد بنێـرن.

ئـەم شـەڕی بـە نـاو خاچپەرستییە؛ کاریگـەری ئـەوەی هەبـوو، کۆکردنـەوەی چینـی جوتیـاران و کرێـکاران و بـۆرژوازی کـورد لەنـاو بزووتنـەوەی خۆڕاگریـدا فـراوانتر بـکات، بەمـەش یەکڕیـزی نەتەوەیـی ئـەم گەلـەی لـە دەوری شـۆڕش چەسـپاند. دەرەنجامێکـی دیکـەی بەرچـاو نزیکبوونـەوەی سیاسـی حزبـی شـیوعی عێـراق و تاڕادەیەکـی دیاریکـراو بـۆرژوازی دیموکراتـی عەرەبـی بـوو لەگـەڵ ئـەو هەڵوێسـتانەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان داکۆکـی لێدەکـرد، بـەڵام ئـەم پشـتیوانییە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی بـە تیـۆری و سیاسـی مایـەوە، جگـە لـە چەنـد بەشـدارییەکی کۆنکرێتـی.

هـەر کـە بەعـس هاتـە سـەر دەسـەڵات، ژمارەیەکـی زۆر لـە شـیوعییەکان و عەرەبـە دیموکراتـەکان بـە چەنـد ئەفسەرێکیشـەوە توانیـان لـە بەغـدا هەڵبێـن کـە زۆرجـار وەکـو پەناگەیـەك پەنایـان بـۆ ڕیزەکانـی شـۆڕش دەبـرد. ئـەوان بـە یاسـاکانی دابونەریتـی کـورد پابەنـد بـوون و کوردیـش میوانـداری کـردن. لەگـەڵ دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ، ژەنەراڵ

بارزانـی ڕێگـەی پێـدان چـەك هەڵبگـرن و شانبەشـانی هێـزە کوردییـەکان بجەنگـن، ئەمڕۆ لـە کـۆی ١٥ هــەزار پێشــمەرگەی لەشــکری کوردســتان، نزیکــەی ٢٥٠ پێشــمەرگەی عــەرەب هــەن. ئــەم جەنــگاوەرە عەرەبانــە بــە تــەواوی تێکــەڵ بــە ڕیزەکانــی لەشــکری شــۆڕش بــوون و جلوبەرگــی کــوردی نەریتــی دەپۆشــن و فێــری زمانــی کــوردی بــوون. تەنانـەت هەندێکیـان ژنـی کوردیـان هێنـاوە و لـە بەرژەوەندیـی ڕژێمێکـی دیموکراتـی و ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتانی عێـراق بەرجەسـتەی بەرەیەکـی یەکگرتـووی عـەرەب و کـوردن. پابەندبوونیـان لەسـەر ئـەرزی واقیـع نموونەییـە و هاوسـۆزی خۆیـان لەگـەڵ هەڤاڵـە کوردەکانیـان دەردەبـڕن و ڕێـز لـە گەلـی عـەرەب دەگـرن.

لـە دەرەوەی وڵاتیـش، لـە ١٠ی حوزەیرانـی ١٩٦٣ کۆمیتـەی بـاڵای بزووتنـەوەی بەرگـری لـە گەلـی عێـراق؛ لـە بەیاننامەیەکـدا پشـتیوانی تـەواوی خـۆی بـۆ داخوازییەکانـی گەلـی کـورد دووپاتکـردەوە و سڵاوی لـە تێکۆشـانی قارەمانانـەی ئـەم گەلـە کرد بۆ بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنۆمـی لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا. ئـەم بزووتنـەوە چەپـە کـە هــەزاران عێراقـی لـە ئەوروپـا و شـوێنەکانی تـر کۆدەکاتـەوە، شـاعیری گـەورەی عـەرەب محەمـەد مەهـدی ئەلجەواهیــری ســەرۆکایەتی دەکات. لــە ٢٩ی حوزەیرانــی ١٩٦٣ لــە بەرلینــی ڕۆژئــاوا کۆبوونەوەیـەک لـە نێـوان نوێنەرانـی ئـەم بزووتنەوەیـە و نوێنەرانـی کۆمیتـەی بەرگـری لـە مافەکانـی گەلـی کـورد بەڕێوەچـوو، ئـەم کۆبوونەوەیـە بەیاننامەیەکـی هاوبەشـی دەرکـرد کـە بەڕێـز جەواهیـری بەنـاوی عەرەبەکانـەوە واژۆی کـرد و بەڕێـز جـەلال تاڵەبانـی و بەنـدە بەنـاوی کوردەکانـەوە واژۆمـان کـرد. بەڵگەنامەکـە پشـتگیری لـە داواکارییەکانـی شۆڕشـی کـورد بـۆ ئۆتۆنۆمـی کـرد و دانـی بـە مافـی چارەی خۆنووسـینی گەلـی کـورد نـا، لـە بەرامبـەردا واژۆکاران لەسـەر پێویسـتی خەباتـی هاوبەشـی عـەرەب و کـورد بـۆ گێڕانـەوەی دیموکراسـی لـە عێراقـدا ڕێککەوتـن کـە پێشـمەرجێکی گرنگـە بـۆ داننـان بـە ئۆتۆنۆمـی کـورد لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە. ڕۆژنامـەی لـو مۆنـد لـە لێدوانێکـدا جەختـی لـەوە کردووەتـەوە، "سـەرهەڵدانی بەرەیەکـی یەکگرتـووی عـەرەب و کـورد لـە دژی ڕژێمـی بەعسـی عێـراق ڕادەگەیەنرێـت"[1]، بـەڵام سـەرەڕای ئـەم ئاواتانـە و ئـەم پابەندبوونـە هاوبەشـە، ئـەم بەرەیـە هەرگیـز نەیتوانـی لـە دایـك ببێـت.

(١) وتاری ئێریك ڕۆلۆ، ١٥ی ئابی ١٩٦٣.

لــە نامەیەکدا کە لــە حزبی شــیوعی عێراقەوە ئاراســتەی حزبی شــیوعی یەکێتی سـۆڤیەت کراوە و واژۆی بەڕێز ئەنوەر مســتەفا ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقی لەســەرە، پشــتیوانی کۆماری گەلی چین بــۆ ڕژێمی عێراقی شــەرمەزارکردووە. تــەواوی نامەکە لــە ڕۆژنامــەی پراڤــدا بڵاوکراوەتــەوە و "ســەرکردەکانی چین بەوە تۆمەتبــار دەکات، لایەنگــری ســەرکوتی شــیوعییەکان و کــورد لــە عێراقــدا دەکەن، هەڵوێســتێک ســەبارەت بە ئەولەویەتــی یارمەتیدانــی بزووتنەوەکانــی ڕزگاریخوازی نیشــتمانی پێچەوانەی تیۆرییــە ڕاگەیەندراوەکانی خۆیــان بوو"[١].

شــایانی باســە لە ٣ی تەمــووزی ١٩٦٣ لــە کامپی ســەربازی ئەلڕەشــید لە نزیک بەغدا، هەوڵــی کودەتایەک درا. بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکــی عێراقی کە پاش ئەم ڕووداوە بڵاوکراوەتەوە، یاخیبووان لە " ســەربازە شــیوعییەکان و دیموکراتــەکان پێکهاتوون، بەڵام لە مــاوەی نیو کاتژمێــردا لەناوبران"[٢].

لــە ٨ی تشرینی یەکەمــی ١٩٦٣ بە فەرمی لە دیمەشــق و بەغــدا ڕاگەیەنرا، "عێراق و ســوریا چوونەتە ناو یەکگرتنێکی ســەربازییەوە، ئەمەش دەبێتە پێشــەکی یەکێتییەکی تــەواو لەنێــوان هــەردوو وڵات و گەلەکانیــان". هەرچەنــدە، قاهیــرە دژایەتــی ئەم یەکێتییەی کــردووە. "بەگوێرەی قســەی هەیکەل سەرنووســەری ڕۆژنامــەی ئەهرامی نافەرمــی، وتووێژەکانی ئــەم دواییەی لەگــەڵ نوێنەرانی عێراق لەبــارەی یەکێتی نێوان عێراق و ســوریا نەبــووە، بەڵکو پەیوەندییــان بە پرســە ســەربازییە پەیوەندیدارەکان بــە ڕەوشــی ناوخۆی عێراقــەوە بــوو. بەعس لــە کاتێکدا بەرگــری لە فەڵەســتین و بیروباوەڕەکانــی تر دەکرد، لە ســەرووی هەموو شــتێکەوە هەوڵی پاراســتنی حزبەکەی لە تووڕەیی خەڵــک دەدا"[٣].

---

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ٣٠ی ئاب.

(٢) ڕۆژنامەی گازێت دو لۆزان لە ٤ تەمووز.

(٣) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٠ی تشرینی یەکەم.

**٢. لە ڕاگەیاندنی عەرەبی و جیهانیدا**

ڕۆژنامەگەری لوبنان بەهۆی هەمەچەشنییەکەیەوە زۆر سەرنجڕاکێشە. هەڵوێستەکانی ڕەنگدانەوەی ڕەوتی جیاوازن لە جیهانی عەرەبیدا یان بە گوێرەی ڕۆژنامەکان گوزارشت لە بۆچوونی قووڵی خەڵکی لوبنان خۆیان دەکەن.

لە سەروتارێکی ڕۆژنامەی "لیسانول حال" بە ناونیشانی "کێشەی کورد؛ تاقیکردنەوەی ڕاستی ئەخلاقی عەرەب"، بەڕێز جوبران حایک بۆچوونێکی سەربەخۆ دەردەبڕێت کە تایبەتمەندی بیری لوبنانییە:

"نازانین حکومەتی عێراق چۆن دەتوانێت بڕیاری سەرکوتکردنی تەواوی گەلێک بۆ جیهان ڕوون بکاتەوە کە تەنیا داوای ئازادی و ئۆتۆنۆمی دەکەن. ئەم خەڵکەی لەژێر دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی پێشوودا ئەوەندە ئازاریان چەشتبوو، خۆزگەیان بە هاتنی سەردەمی سۆسیالیزم دەخواست و ئازادی خەونەکانیان بەدیبهێنن، بەڵام ئێستا خۆی لەگەڵ بەدبەختییەکی ترسناکتردا دەبینێتەوە (...)".

"ئێمە نازانین حکومەتی بەغدا وەک چارەسەرێکی دۆزی گەلی کورد، چۆن دەتوانێت پاساوی فەلسەفی و ئەخلاقی و پرەنسیپی مرۆڤایەتی بۆ شەڕی جینۆساید بدۆزێتەوە کە لە چواردەی ڕەمەزانەوە وەك تارمایی بەرۆکی کوردی گرتووە".

"چونکە ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بە مانا مۆدێرنەکەی، دەبێت لەسەر بنەمای نەژاد و توندوتیژی نەبێت، بەڵکو لەسەر بنەمای بەها مرۆیی، کۆمەڵایەتی، پێشکەوتنخواز و ئازادیخوازەکانە بێت".

"کەواتە سەرکردە عەرەبەکانی عێراق چۆن دەتوانن پاساو بۆ لەناوبردنی کورد لە عێراق بهێننەوە؟"

"ئەگەر وەڵامەکە ئەوە بێت کورد ڕەتیدەکاتەوە بچێتە ناو ناسیۆنالیزمی عەرەبەوە و شوێن ئاراستەکانی بکەوێت، ئەوە مافی ڕەوای خۆیانە، چونکە ئەوان عەرەب نین، هەرچەندە موسڵمانن".

"ئەگەر وەڵامەکە وەک ڕاگەیاندنەکانی حکومەت بانگەشە دەکات کە کورد یاخیبوون و ئاسایشی گشتی تێکدەدەن، ئەوا سەرکردەکانی بەغدا لەبیریان چووە،

کوردیش مافی ئەوەی هەیە لە دژی عەرەبەکان ڕاپەڕێت، هەروەک چۆن عەرەب خۆیان لە دژی تورک یاخی بوون. مافی ڕەوای هەموو گەلێکە شۆڕش بکات، بۆ ئەوەی خۆی لەژێر دەسەڵات و هەژموونی یەکێکی تر ڕزگار بکات (...)".

"عەرەبەکان نەک تەنیا ڕەوشتی خۆیان لەدەست دەدەن، بەڵکو ناوبانگیشیان لەدەست دەدەن، ئەگەر ڕازی بن بە سوکایەتی و زەلیلی گەلی برایان کە کوردە، لەکاتێکدا هەرگیز لە ڕاگەیاندنی نموونەی ئازادی و دادپەروەری خۆیان بۆ هەموو جیهان نەوەستاون".

"داوا لە عەرەبەکان دەکرێت خۆیان پابەند بکەن بە ڕازیکردن و قەناعەت پێهێنانی حکومەتی عەرەبی لە بەغدا بەوەی کە ڕێگایەکی هەڵەی گرتووەتەبەر"[(١)].

لە سەروتارێکی دیکەی هەمان ڕۆژنامەدا بە ناونیشانی "ڕاستییەکان سەبارەت بە قەیرانی کورد"[(٢)]، بەڕێز جبران حایک قسەکانی خۆی دووپات دەکاتەوە:

"ڕاگەیاندنەکانی لوبنان دەیانەوێت لەبەر ڕۆشنایی هەڵوێستی بەعس و ناسرییەکاندا مامەڵە لەگەڵ پرسی کورد بکەن، بەڵام کێشەکە زۆر وردتر و جدیترە (...). ئەمە هەم کێشەی گەلی کوردە و هەم کێشەی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە (...)".

"ئێمەی لوبنانییەکان تەنیا لە ڕوانگەی مرۆییەوە گرنگی بەو کێشەیە دەدەین و دەمانەوێت شەرەف و شکۆمەندی برا عەرەبەکانمان بپارێزین، بۆیە بە ئەرکی دەزانین؛ سەرکردەکانی وڵاتانی عەرەبی ئاگاداربکەینەوە: بۆ دەوڵەتێک مایەی شەرەفمەندی نییە بۆ تێکشکاندن و سەرکوتکردنی بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی هێزەکانی کۆبکاتەوە، تەنیا لەبەرئەوەی ڕەتیدەکاتەوە جگە لە ناوی خۆی، هیچ ناوێکی تر هەڵبگرێت(...)".

"عەرەب دەتوانن بە چەک و هێز و پارە بەرخودانی کورد تێکبشکێنن، تەنانەت دەتوانن سەرکردەکەیان لەناوببەن، وەک ئەوەی بۆ تیرۆکردنی بارزانی خەڵاتی سەد هەزار دینار دانراوە، بەڵام ئەوکات سەرکەوتنی بەهێزەکان بەسەر لاوازەکان،

(١) ژمارەی ١١ی حوزەیرانی ١٩٦٣، بەیروت، وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە.

(٢) ژمارەی ١٢ی حوزەیران، وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە.

سەرکەوتنی گەورەکان بەسەر بچووکەکان، دەوڵەمەندەکان بەسەر هەژاراندا دەبێت، بۆیە سەرکەوتنێکی ئاوا لەم شێوەیە شەڕەفمەندانە نابێت".

بەڕێز کامل مەڕوە لە سەروتارێکی ڕۆژنامەی ئەلحەیات بە ناونیشانی "ئەم شەڕە لە عێراق"، باسی "هەڵەی کوشندەی تورکەکان لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی بەرامبەر بە عەرەب دەکات کە " چۆن درزی خستە نێوان برایەتییەکی هەزار ساڵەی نێوان ئەم دوو گەلە و پچڕاندی". پاشان بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

"ئێمە نامانەوێت لە نێوان ئێمەی عەرەب و کورد ململانێیەکی هاوشێوە دروست ببێت. ئێمە ئەو قسانە ئاراستەی عەرەب و کورد بەگشتی و ئەوانە دەکەین کە لەدەستپێکردنەوەی ئەم جەنگە بەرپرسن، پێیان دەڵێین ئەو خوێنەی ڕژاوە، جا چ هی عەرەب بێت یان کورد، ڕق و کینەیەک لە دوای خۆی جێدەهێڵێت کە بۆ چەند سەدەیەک دەمێنێتەوە، ئەم ڕق و کینانە ڕێگری لە پێکەوەژیانی نێوان ئەم دوو گەلە دەکات کە ئیسلام بۆ ماوەی چواردە سەدە کۆی کردوونەتەوە و پێکەوە سەرکەوتنی سەلاحەدینیان بەدەستهێناوە. داوایان لێدەکەین بیر لە داهاتوو بکەنەوە و دانوستانەکان دەست پێبکەنەوە و ژیان بە کارکردن لە پێناو ئامانجێکی بەرزتر ببخشنەوە"[(١)].

لە ژمارەیەکی دیکەی هەمان ڕۆژنامەدا، سەروتارێک بە ناونیشانی "لە یەمەنەوە بۆ کورد" تیشك دەخاتە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

"کاتێک ئەنجومەنی شۆڕشی عێراق بە فەرمی دەستپێکردنی شاڵاوی سەربازی ڕاگەیاند، لە ڕاستیدا شەڕ چەند ڕۆژێک پێشتر دەستی پێکردبوو. سوپاکان ناتوانن تەنیا سێ کاتژمێر پاش ڕاگەیاندن هێرش بکەن: ئەمە پێویستی بە ئامادەکاری پێشوەخت هەیە. لە ڕاستیدا، ئەم هەڵمەتە سەربازییە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو مانگ پلانی بۆ داڕێژرابوو(...). لە کاتێکدا گفتوگۆکان بەڕێوەدەچوون، وەزیری بەرگری عێراق ژەنەڕاڵ عەماش بە نهێنی هێزە سەربازییەکانی لە ناوچەکانی کورددا بڵاو دەکردەوە(...)، ئەمەش نیشانی دەدا کە ڕووبەڕووبوونەوە حەتمییە".

---

(١) ڕۆژنامەی ئەلحەیات ١١ی حوزەیرانی ١٩٦٣، بەیروت، وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبیەوە.

"سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان ئەوە دەردەخەن کوردیش ناچالاك نەماوەتەوە، بەڵکو، کەلوپەل و خواردن لە کۆگاکان عەمبار دەکەن و چەک هاوردە دەکەن، خۆیان بۆ جەنگێکی درێژخایەن و سەخت ئامادە دەکەن(...)".

"دەتوانین بڵێین، شەڕی ڕاستەقینە هێشتا دەستی پێنەکردووە. بەڕاستی کاتێک دەست پێدەکات کە سوپای عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە کوردییەکان لە چیا، شار و ڕێگا سەرەکییەکان جێدەهێڵێت، لەوانەیە چەند هەفتەیەک، ئەگەر چەند مانگێک نەخایەنێت، تاوەکو کارەکانی ئێستا بگاتە خاڵی وەرچەرخان"[١].

هەفتەنامەی ئەلئەخباری شیوعییەکانی لوبنان لە ژمارەی ١٦ی حوزەیرانی خۆیدا حەوت وتاری درێژی سەبارەت دەستپێکردنەوەی شەڕ و کێشەی کورد تەرخان کردووە:

١. "هەوڵدانی لەناوبردنی تەواوی گەلێک، ئەمە چ سۆسیالیزمێکە!"

٢. هاوکاریی سوریا لەگەڵ فاشیستەکانی عێراق، پێچەوانەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبییە.

٣. فەرمانڕەواکانی عێراق دوای گرێبەستی چەک لەگەڵ بەریتانیا، جەنگ لە دژی کورد ڕادەگەیەنن"

٤. "کورد مافی ئۆتۆنۆمی هەیە" (بۆچوونەکە لەلایەن زۆرێک لە کەسایەتییەکانی لوبنانەوە پشتگیری کراوە)

٥. "لێدوانی ڕۆژنامەی پراڤدا لەسەر ڕێوشوێنەکانی عێراق لە دژی کورد: کردارێکی کۆنەپەرستانەیە و تەنیا قازانج بە ئیمپریالیزم دەگەیەنێت".

٦. "مێژووی پرسی کورد"

٧. "کێشەی کورد لە چاوپێکەوتنێکی تاڵەبانی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئیزڤێستیا[٢]".

هەر هەمان هەفتەنامەی ئەلئەخباری شیوعی لوبنانی لە چاپی ژمارەی ٢٣ی حوزەیرانی خۆیدا، بەم ناونیشانانە چەند وتارێکی درێژی هاوشێوەی بابەتەکانی پێشووی بڵاوکردەوە :

(١) ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی ١٦ی حوزەیران.

(٢) ڕۆژنامەی ئیزڤێستیا "هەواڵەکان" یەکێکە لە ڕۆژنامە گەورەکانی ڕووسیا کە لە ساڵی ١٩١٧ دامەزراوە.

١. پرسی کورد بە هێزی چەک چارەسەر ناکرێت، بەڵکو بە دانانن بە مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کورد چارەسەر دەکرێت: ڕێگای بەعسی فاشیست بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ڕێگای گەلی عێراق نییە ".

٢. گەلی عەرەبی سوریا؛ بۆ دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا، لەگەڵ گەلی کوردن".

٣. یەکێتی سۆڤیەت دژی ئەوەیە یارمەتییەکانی دژی بەرژەوەندییەکانی گەلانی تر بەکاربهێنرێت" (وتاری ڕۆژنامەی پراڤدا)

٤. مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە: سیاسەتی سەرکردەکانی بەعس پێگە و بەرژەوەندیی ئیمپریالیستەکان بەهێز دەکات" (وتاری ڕۆژنامەی ئیزڤێستیا)

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە وتاری هاوشێوە لە ڕۆژنامەیەکی دیکەی شیوعی لوبنانی بڵاودەکرێتەوە بە ناوی "ئەلنیدا" کە بنکەکەی لە بەیروتە.

ڕۆژنامەی ناسرییەکان و بەعسییەکان ناکۆک بوون و لەبارەی هەڵوێستی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی ڕەخنەیان لە یەکتر گرت. نموونەیەکی بەرچاوی ئەم گرژییە، وتاری دکتۆر سامی ئەلجوندی، وەزیری ڕاگەیاندنی سوریایە لە خوانێکدا لە دیمەشق کە بۆ ڕێزلێنان لە موشیر سەلال سەرۆك کۆماری یەمەن ڕێکخرابوو. ئەم وتارە بە ئامادەبوونی بەیتار پێشکەش کرا و ڕەنگدانەوەی ئەو هەڵوێستەیە کە میدیاکانی بەعس لەم مشتومڕەدا پەیڕەویان کردووە:

دکتۆر سامی ئەلجوندی لە وتارەکەیدا "پشتیوانی تەواوی سوریا بۆ عێراق دەردەبڕێت لە "شەڕی دژی شەڕی "جوداخوازان و چەتەکان" کە ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ کورد و داخوازییەکانی". جەختی لەوە کردەوە سوریا ئامادەیە "هەموو وزەی شۆڕشگێڕانەی خۆی بۆ بەرگری لە عێراقی "برا" تەرخان بکات". هەروەها جەخت لە گرنگی دەستبەردارنەبوونی سەرچاوە سروشتییەکانی وەک ئاو و خاک دەکاتەوە "کە ناهێڵن تەنانەت یەك دڵۆپ ئاوی ڕووبارەکانیان و یەك دەنکە زیخی خاکەکەیان بۆ کورد بێت" و هۆشداری دەدات لە دووبارەبوونەوەی "تراژیدیای فەلەستینییەکانی ساڵی ١٩٤٨"[(١)].

(١) لە ڕۆژنامەی (لیسانولحال)ی ١٤ی حوزەیرانی ١٩٦٣ وەرگیراوە، بەیروت.

لـە سـەروتارێکدا کـە لـە ڕۆژنامـەی جنێـڤ[١] بڵاوکراوەتـەوە، ڕونـێ پایـوت بـاس لـە "دەسـتپێکردنەوەی شـەڕی ناوخـۆ لـە عێـراق": دەکات و ڕوونـی دەکاتـەوە "ڕێبـەری کـورد، مسـتەفا بارزانـی، ئێسـتا کۆنترۆڵـی ناوچەیەکـی فـراوانتر لـە ١٨ مانـگ لەمەوبـەر دەکات. سـەرەڕای ئـەوەش، بەهـۆی ئـەو چەکانـەی لـە دوژمنەکانـی دەسـتیان بەسـەردا گیـراوە، هێـزی سـەربازی هێزەکانـی بەهێزتـر بـوو. ئـەوە نیشـان دەدات کـە حکومەتـی بەغـدا بـەرەو ململانێیەکـی ئاڵـۆز دەڕوات، شـەڕێک کـە قاسـمی سـەرکردەی پێشـووی عێـراق پێـشتر تێیـدا دۆڕابـوو".

عەلـی مسـتەوفی لـە وتارێـکدا بـە ناونیشـانی "کـورد باجـی ئـەوە دەدات کـە متمانـەی بـە لایەنێـك کـردووە؛ شـایەن نەبـوون"[٢] لـە ڕۆژنامـەی تریبیـون دو جنێـڤ بڵاوکراوەتـەوە، ڕوونـی دەکاتـەوە "کـورد کـە پێـشتر لـە جیهانـی عەرەبـدا پشـتگیری دەکـران، ئێسـتا لەلایـەن هەمووانـەوە ڕەتکراونەتـەوە. تەنانـەت وڵاتێکـی وەک یەمـەن کـە خـۆی ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگی گـەورە دەبێتـەوە لـە سـەقامگیری وڵاتەکـەی، پەلـە دەکات لـە پێشکەشـکردنی پشـتیوانی خـۆی بـۆ حکومەتـی عێـراق لـە دژی کـورد. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ڕەنگـە کودەتاکـەی عـارف بەبـێ هـاوکاری و ڕەزامەنـدی و ڕێککەوتنـی کـورد سـەرکەوتوو نەبووایـە".

عەبدولحەمیـد بێنزیـن لـە ڕۆژنامـەی کۆمـاری جەزائیـر، پێیوایـە "شـەڕی عێـراق لـە ڕاسـتیدا شـەڕی نەوتـە، چونکـە زێـڕی ڕەش لـە باکووری وڵاتـە و لـە ژێـر کۆنترۆڵـی کـورد دایـە"، بـەڵام "لەبەرئـەوەی مەحاڵـە بـە هـۆکاری ئابـووری وەک داهاتـی نـەوت پاسـاو بـۆ جەنـگ بهێنرێتـەوە، بەڵکـو بـە بیانـووی بەرگـری لـە "یەکڕیـزی شـۆڕش" و شـەڕی "کۆنەپەرسـتی" و "ئیمپریالیـزم" بەڕێـوە دەچێـت". بەڕێـز بێنزیـن لـە کۆتاییـدا ڕەخنـە لـە "ڕژێمـی عـارف دەگرێـت و دەڵێـت: ئەمـە ڕێچکـەی ئاسـایی حکومەتـە دژە گـەل و جەماوەرییەکانـە و نیشـانە و ئامـاژەی شکسـتیانە"[٣].

لـە سـەروتارێکدا بـە ناونیشـانی "یارییەکـی مەترسـیدار"، ڕۆژنامـەی تایمـزی

---

(١) ژمارەی ١٣ی حوزەیرانە.

(٢) چاپی ١٨ی حوزەیران.

(٣) لە ڕۆژنامەی کۆمبا چاپی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٦٣ وەرگیراوە، پاریس.

لەنـدەن[١] بـە تۆنێکـی جیـاواز لەبـارەی بارودۆخـی عێـراق قسـە دەکات. ڕۆژنامەکـە ئامـاژە بـەوە دەکات "کـورد داواکاری و ئـاوات و تموحـی بـەرز و زۆری هەیـە، لەوانـە حکومەتێکـی ئۆتۆنۆمـی و بەشـێک لـە داهاتـی نـەوت. ئەمـەش وایکـردووە بەغـدا ترسـی لـەوە هەبێـت، جێبەجێکردنـی ئـەم داواکارییانـە یەکێتـی دەوڵـەت بخاتـە مەترسـییەوە". لەگـەڵ ئەوەشـدا، ڕۆژنامـەی تایمـز هۆشـداری دەدات لـەوەی "لـە درێژخایەنـدا، دەسـتپێکردنەوەی جەنـگ لەوانەیـە ببێتـە هـۆی هەڵوەشـانەوەی وڵاتەکـە". ڕۆژنامـە لەندەنییەکـە پێیوایـە دوو هـۆکاری نـوێ لـە دوای کەوتنـی قاسـمەوە دەرکەوتـوون: " یەکـەم : پشـتیوانی ڕوسـیا؛ ڕووسـەکان کـە پێـشتر لـە مەسـەلەی کـورددا وریـا بـوون، ئێسـتا بـە ئاشـکرا پشـتگیری لـە بیرۆکـەی دەوڵەتـی کـوردی سـەربەخۆ دەکـەن. دووەم : پەیوەندییـەکان لەگـەڵ نـاسر؛ هەندێـک لـە سـەرکردەکانی کـورد لەگـەڵ نـاسری سـەرۆکی مـیسر گفتوگۆیـان کـردووە، هەرچەنـدە بەرژەوەندیـی هاوبەشـیان کەمـە، جگـە لـە بـێ متمانەیـی هـەردوو لایـان بـە حکومەتـی بەغـدا، کـە تاکـە خاڵـی هاوبـەش بـوو. کـورد، نایەوێـت تێکەڵـی کۆمارێکـی گـەورەی یەکگرتـووی عەرەبـی بێـت، کـە ئامانجـی سـەرۆك نـاسرە، بـەڵام ئەگـەر نـاسر و کـورد هـەوڵ بـدەن یـەکتر بـۆ گەیـشتن بـە ئامانجەکانـی خۆیـان بەکاربهێنـن، ئەوکاتـە بارودۆخەکـە مەترسـیدار دەبێـت".

The Observer (چاودێـر)، کـە هەفتەنامەیەکـی بەریتانییـە، میانڕەوتـر لـەوەی پێشـووتر، لـە سـەروتارێکدا بـە ناونیشـانی "ژیـان بـە شمشـێر"[٢] ڕەخنـە لـە بەکارهێنانـی هێـز دەگرێـت و هۆشـداری لـە دەرئەنجامەکانـی ئـەم ڕێـکارە دەدات و جەخـت لەسـەر گرنگـی چارەسـەری ئاشـتیانەی ململانێـکان دەکاتـەوە :

"هەوڵەکانـی سـەرکوتکردنی سـەرهەڵدانی کـورد بـە هێـز، کارێکـی دڕندانـە و بێباکانـە و ناژیرانەیـە، تەنانـەت ئەگـەر ئـەم هەڵمەتـە سـەربازییە تاڕادەیەك سـەرکەوتووش بێت کە لـە سـەرکەوتنی دڵنیـاش نییـە، سـەرەڕای ئـەو هێـزە زۆرەی حکومـەت بـەکاری دێنـێ، ئـەوا تووڕەیـی و ڕقـی کـورد زیاتـر دەکات و چارەسـەرکردنی ململانێکـە قـورستر دەکات".

(١) چاپی ١١ی حوزەیران.

(٢) ژیان بە شمشێر، چاپی ٢٣ی حوزەیران.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەغدا لە ڕەتکردنەوەی ئۆتۆنۆمی کورد ڕاست بوو کە داوای دەکرد:

"ئـەوەی حکومـەت لـە جوداخوازیـی کـورد دەترسـێت، مایـەی تێگەیشـتنە. لـە کاتـی دانوسـتانەکانی ئـەم دواییـەی بەغـدا، شۆڕشـگێڕانی کـورد داوای ئۆتۆنۆمـی هەرێمیـان کـرد، بـەڵام ئـەوان دەسـتەواژەی ئەوەنـدە تونـد و ڕەهایـان بەکارهێنـا کـە عەرەبـەکان دەترسـان لـەوەی ئامانجـی ڕاسـتەقینەیان سـەربەخۆیی بێـت. هیـچ حکومەتێکـی عێراقـی ناتوانێـت دەوڵەتێکـی کـوردی سـەربەخۆ قبـوڵ بـکات، چونکـە ئەمـە مەترسـی دابەشـبوونی عێراقـە بـۆ دوو بـەش و بێبەشـکردنی وڵاتـە لـە کێڵگـە نەوتییـەکان کـە سـەرچاوەی سـەرەکی ئابووریـن. لەلایەکـی تـرەوە؛ دەوڵەتـی عێراقـی هێشـتا لاوازە، ناتوانێـت سـەقامگیری خـۆی بپارێزێـت، ئەگـەر نائومێدانـە کەمینـەی بەهێـزی کـورد بـەرەو دوژمنایەتـی ڕابکێشرێـت".

لـە کۆتاییـدا، پێویسـتە دانوسـتان لەسـەر شـێوازێکی گونجـاوی ئۆتۆنۆمـی خۆجێیـی بـۆ کوردسـتان بکرێـت و "هەمـوو ئامـرازە دیپلۆماتییـەکان" بـۆ ڕازیکردنـی بەغـدا بـۆ ڕاگرتنـی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان بەکاربهێنرێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا "لەبەرئـەوەی کـورد ناتوانێـت پشـت بـە پشـتیوانی چالاکانـەی هیـچ هێزێکـی بیانـی ببەسـتێت، بۆیـە نابەرپرسـیارانەیە بـۆ گەشـەپێدانی ئـەو هیوایـە، هانیـان بدەیـن".

ڕۆژنامـەی ئیکۆنۆمیسـتی لەنـدەن لـە وتارێکیـدا بـە ناونیشـانی "هیـوای زۆر، سیاسـەتی خـراپ"[(١)]، ڕەخنـە لـە بـێ ئەزموونـی سـەرکردەکانی عێـراق دەگرێـت:

"سـەرکردەکانی بەعـس لـە هێـز و بـێ ئەزموونیانـدا کێشـەکەیان بـە ڕەش و سـپی دەبینـی: یـان کـورد ئۆتۆنۆمـی تـەواوی پێدەدرێـت، یـان دەبێـت تێکبشـکێنرێت و سـەرکوت بکرێـت. بـژاردەی یەکـەم نەتوانـرا بهێڵرێتـەوە، چونکـە دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی "ئیسرائیلـی دووەم". دووەمیـان وەک ڕاهێنانـی ماسـولکەکان؛ سـەرنجی ئـەو گەنجانـەی ڕاکێشـا کـە ئەمـڕۆ عێـراق بەڕێـوە دەبـەن. ئـەوان قەناعەتیـان بـە خۆیـان هێنـاوە کـە هێرشـی خێـرا و دڕندانـە و بـێ بەزەییانـە، مسـتەفا بارزانـی لەنـاو دەبـات و ئـەو شۆڕشـە دەخاتـە سـەر چـۆک".

---

(١) "هیوای زۆر، سیاسەتی خراپ"، چاپی لە ١٥ی حوزەیران.

ڕۆژنامەکــە پێیوایــە شکســتی دانوســتانەکانی بەغــدا دەگەڕێتــەوە بــۆ هــەردوولا: "کــورد لــە دانوســتاندنەکاندا کەمتەرخــەم و بــێ تاکتیــك بــوو و گەورەتریــن هەڵــەی بەکارهێنانــی ڕێککەوتننامــەی قاهیــرە بــوو لەســەر یەکێتــی عەرەبــی بــۆ داواکردنــی زیاتــر. ئەمــە ترســی عەرەبەکانــی بەهێزتــر کــرد، کــە پێیــان وابــوو کــورد لــە ڕاســتیدا بــە بیانــووی ئۆتۆنۆمــی هەوڵــی جیابوونــەوە لــە عێــراق دەدات". لای خۆیانــەوە "ســەرکردەکانی عێــراق ڕێگەیــان داوە پەیوەندییەکانــی نێــوان عــەرەب و کــورد بــەرەو خراپــی بچێــت، تــا بگاتــە ئــەو ڕادەیــەی دوژمنایەتــی یــەکتر بکــەن". ڕۆژنامــەی ئیکۆنۆمیســت لــە داهاتــووی حزبــی بەعــس نیگەرانــە: "حزبــی بەعــس کــە دەیەوێــت ببێتــە جێگرەوەیــەک لــە جیهانــی عەرەبــی بــۆ ڕژێمــە دیکتاتــۆرەکان و سیســتەمە پەرلەمانییــەکان کــە بــە ناچــالاك دادەنرێــن. دەســتپێکردنەوەی شــەڕ لــە دژی کــورد، تەنیــا ئــەم ئامانجــە لاواز دەکات و زیانــی پێدەگەیەنێــت".

### ٣. دەستێوەردانی سوریا

لە سەرەتای جەنگدا؛ بەشداریی سەربازیی سوریا کە لە کۆبوونەوەی نێوان سەرکردەکانی بەعسی سوریا و عێراق لە بەغدا بڕیاری لێ درابوو، بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی لە دەستێوەردانی هێزی ئاسمانی دەبینییەوە. هەرچەندە بە فەرمی ئەمە ڕەت دەکرایەوە، بەڵام خەڵکی کوردستانی عێراق دەیانزانی، فڕۆکەکانی سوریا ناوچەکە بۆردومان دەکەن. ئەم فڕۆکانە لە بنکەی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق دەفڕین کە بۆیان دابین کرابوو و هەندێکیشیان ڕاستەوخۆ لە سوریاوە دەهاتن لە کوردستان بۆمبی سوتێنەر و ناپاڵمیان فڕێدەدا. دواتر هێزە زەمینییەکانی سوریا لە ناوچەی جەزیرەوە چوونە ناو کوردستانەوە.

لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٦٣ کۆمیتەی بەرگری لەمافەکانی گەلی کورد لە لۆزان، لەبەیاننامەیەکدا کە لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە[١] بڵاوکرایەوە، دەستێوەردانی سوریای لە عێراق ئیدانە کرد. بەیاننامەکە جەختی لەوە کردووەتەوە، ئەم دەستێوەردانە جەنگەکەی بە نێودەوڵەتی کردووە و داوا لە حکوومەتە دیموکراتەکان، بەتایبەتی لە ئەفریقا و ئاسیا دەکات، ململانێکە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بنێرن. هەر لەو چوارچێوەیەشدا، ئێمە وەك کۆمیتەی بەرگری نارەزاییمان گەیاندە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە. چەند ڕۆژێک دواتر لە ٤ی تەمووز؛ ڕۆژنامەی لۆزان لە لاپەڕەکانیدا باسی ئەم دەستێوەردانە سەربازییەی سوریا کردووە.

لە ٩ی تەمووزدا حکومەتی سۆڤیەت یاداشتێکی فەرمی گەیاندە باڵیۆزی سوریا لە مۆسکۆ، تێیدا سوریای تۆمەتبار کرد بە "گرتنەبەری ڕێوشوێنی سەربازی" و دەستوەردان لە ڕووداوەکانی باکووری عێراق[٢].

لە یاداشتێکدا کە لە ١٢ی تەمووزدا ئاڕاستەی ئەنجومەنی ئاسایشی کردووە، حکومەتی سوریا کاردانەوەی توندی نیشانداوە. لە لایەکەوە؛ ڕایگەیاند هیچ دەسەڵاتێکی دەرەکی مافی ئەوەی نییە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا

(١) ڕۆژنامەی لۆزان لە ٢٩-٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣.

(٢) بڕوانە پەڕەگرافی داهاتوو.

بـكات. لـە لایەکـی دیکـەوە؛ جەختـی لـەوە کـردەوە هێزەکانـی سـوریا بەشـداری لـە ململانـێ و شـەڕ و پێکدادانـەکان نەکـردووە:

١. لـەم یاداشـتەدا حکومەتـی سـوریا ڕوونـی دەکاتـەوە، سـوریا بزووتنەوەکـەی بارزانـی بـە کـردەوەی یاخیبـوون و نافەرمانـی دژی دەسـەڵاتی شـەرعی دەزانێـت و ئاسـایش و سـەقامگیری وڵات دەخاتـە مەترسـییەوە. هـەر بەگوێـرەی یاداشـتنامەکە، مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئـەم بزووتنـەوە خۆجێییـە، تەنیـا لـە چوارچێـوەی دەسـەڵاتی حکوومەتـی عێـراق دایـە. جگـە لـەوەش داوا لـە زلهێـزەکان دەکات دەسـتوەردان لـە کاروبـاری ناوخـۆی عێـراق نەکـەن.

٢. لەگـەڵ ئەوەشـدا، هـەر دەسـتێوەردانێکی دەرەکـی بـە ئاشـکرا پێچەوانـەی بڕگـەی ٢ی مـادەی ٧ی پەیماننامـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـە کـە دەوڵەتـان لـە دەسـتوەردان لـە کاروبـاری ناوخـۆی وڵاتێکـی دیکـە قەدەغـە دەکات.

٣. حکومەتـی سـوریا دەڵێـت: هیـچ یەکەیەکـی سـەربازییان بـۆ عێـراق نەنـاردووە بـۆ ئـەوەی لـە سـەرکوتکردنی بزووتنەوەکـە هاوکاربـن. لەم ئۆپەراسـیۆنەدا تەنیـا هێزەکانی عێـراق بەشـدارن.

٤. سـوریا و عێـراق، دوو وڵاتـی ئازادیخـوازن، سیاسـەتی بێلایەنـی پەیڕەودەکـەن. بەپێـی ئـەم سیاسـەتە و پرەنسـیپەکانی، ناتوانـن لەگـەڵ ئـەو وڵاتانـەدا هـاوکاری بکـەن کـە ئەندامـی پەیمانگەلێکـن ئامانجـی ئیمپڕیالیسـتییان هەیـە[١].

حکومەتـی سـوریا بـە پەرۆشـەوە پابەندبوونـی خـۆی بـۆ پاراسـتنی دۆسـتایەتی لەگـەڵ یەکێتـی سـۆڤیەت و هەمـوو دەوڵەتـە سۆسیالیسـتییەکان دووپـات دەکاتـەوە"[٢].

لـە ٣٠ ئەیلوولـی ١٩٦٣ ڕاگەیەندراوێـک لە دیمەشـق دەرچـوو و ڕایگەیاند: فیدراسـیۆنی سـوریا و عێراق دەبێتە "دەوڵەتێکی جەماوەری، سۆسیالیسـتی و دیموکراتی". پاش ماوەیەکی کـورت لـە ٨ی تشرینـی یەکـەم، ژەنـەڕاڵ سـاڵح مەهـەدی عەمـاش وەزیـری بەرگـری عێـراق

(١) ئەمـە ئاماژەیـە بـۆ یاداشـتەکانی سـۆڤیەت لـە ٩ی تەمـووزدا کـە تورکیـا و ئێـران تۆمەتبـار دەکـەن بـە یارمەتیدانـی عێـراق لـە دژی کـورد.

(٢) گۆڤاری نەتەوە یەکگرتووەکان، تەمووزی ١٩٦٣، لاپەڕە ١٠.

لە دیمەشق وەک فەرماندەی گشتی سوپای یەکگرتووی عێراق و سوریا دەستنیشان کرا.

پێشتر نکۆڵی لێکرابوو بەڵام لە ٢١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ دەستێوەردانی هێزەکانی سوریا لە عێراق بە فەرمی دانی پێدا نرا. هەر لەو ڕۆژەدا ڕاگەیەنرا، موشیر عەبدولسەلام عارف سەرۆک کۆماری عێراق؛ سەردانی هێزە چەکدارەکانی سوریای کردووە کە لە ناوچەی زاخۆ لە کوردستانی عێراق لە نزیک سنووری سوریا دەجەنگن بۆ شەڕکردن لەگەڵ "یاخیبووانی کوردی بزووتنەوەکەی بارزانی"[١].

لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣، عەقید فەهد ئەلشاعر، فەرماندەی هێزەکانی سوریا لە کوردستانی عێراق، لە موسڵەوە گوتی: "هێزەکانمان لەگەڵ هێزە عێراقییەکان بۆ پاککردنەوەی ناوچەکانی خابوور و خایر لە یاخیبووانی کورد هاوکاریان کردووە". هەروەها هیوای خواست "یەکێتی سەربازی سوریا و عێراق هەموو سوپای عەرەب بگرێتەوە" و نیگەرانی خۆی دەربڕی "لەوەی هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی دژایەتی ئەم یەکگرتنە دەکەن و پێیان وایە تەنیا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم دەکات"[٢]. ئەلشاعر ئەندامی ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆڕشی نیشتمانی سوریا بوو، هەروەها پۆستی فەرماندەی هێزەکانی "ئەل-یەرمووک"ی سوریای هەبوو کە لە نزیک سنووری ئیسرائیل جێگیر بوون.

بەغدا و دیمەشق سەرەتا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، تەنیا دوو فەوجی سەربازی سوریا کە دەکاتە نزیکەی شەش هەزار چەکدار لە کوردستانی عێراقدا هەن، بەڵام بەپێی سەرچاوەکانی دیکە ئەم ژمارەیە ڕەنگە بگاتە حەڤدە هەزار پیاو. پشتگیریی سەربازیی سوریا بۆ سوپای عێراق، کە دوای پێنج مانگ لە دەستپێکردنی دانیپێدانراوە کە بە گوتەی هەندێک لایەن بڕیار بوو تەنیا یەکەی "بلیتزکریگ"[٣] بێت، و بە گوتەی هەندێکی دیکە تەنیا یەکەی "ئۆردوگایەکی سەربازی"یە، ئەمەش ئاماژەیەکی دیکەیە بۆ کێشە و گیروگرفتە سەربازییەکانی بەغدا، بەڵام سوپای سوریاش لە دەستە

---

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ٢٢ی تشرینی یەکەم.

(٢) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ٢٩ی تشرینی یەکەم.

(٣) بلیتزکریگ (بە ئینگلیزی: Blitzkrieg) چەمکێکی سەربازییە کە لە ئۆپەراسیۆنە هێرشبەرەکاندا بەکاردێت. بلیتزکریگ پشت بە بەکارهێنانی توخمە سەرسووڕهێنەر و هێرشکردنە خێراکان دەبەستێت بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانێت لە ڕووی بەرگرییەوە خۆی ڕابگرێت.

خوشکە عێراقییەکەی باشتر نەبووە. ڕۆژنامە و میدیا لوبنانییەکان باسیان لە تێپەڕبوونی شەمەندەفەرە سەربازییەکانی سوریا بە حەلەب کردووە، بەرەو ڕێگای کوردستان، کە سەرباز و چەکیان گواستووەتەوە، دواتر گەڕانەوەیان بە خەمباری و کۆمەڵێك برینداو و لاشەی سەربازی کوژراوەوە[1]. ڕۆژنامەی ئەلنیدا پرسیاری ئەوەی کرد "ئایا سوپای ئەلیەرموکی سوریا لەشکرێکی دەستدرێژیکارە یان ڕزگاریخواز؟"[2] بۆ بەعسییەکان، ئایا ڕزگارکردنی فەڵەستین، کە دەکاتە تێچووی هێرشکردنە سەر گەلی کورد بەدیهات؟ ڕای گشتی سوریا و بنەماڵەی ئەو سەربازە سوریانەی کە بێ هودە لە دۆڵ و گەرووەکانی کوردستاندا کوژران، بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم شەڕەیان لە یادەوەری دەمێنێتەوە. سەرکەوتنی بەرخودانی کورد ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە لە سوریا و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ناوەندە جەماوەرییەکانی دژ بە بەعس باسی لێوەدەکرێت.

هێزی سوریا؛ دوای شکستی هەڵمەتەکە، بێ ئەوەی بچوکترین سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، لە کوردستان کشایەوە. زیانێکی زۆری گیانی و ماددی بەرکەوتبوو، کە بڕێکی بەرچاو چەک و دیلی لەژێر دەستی یەکەکانی پێشمەرگەدا بەجێهێشتبوو[3]، بەڵام بە ئامادەبوونی ژەنەڕاڵ ئەمین ئەلحافیز، سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕش و دەوڵەت و هەروەها زۆرێک لە کەسایەتییە بەرزەکانی ڕژێم، لە ڕێکەوتی ١٠ی کانونی دووەمی ١٩٦٤ لە دیمەشق، نمایشێکی سەربازیی گەورە ڕێکخرا. هەروەک گۆڤاری ئەلجوندی، ئۆرگانی فەرمی سوپای سوریا بڵاویکردووەتەوە، لە وتارێکی بێ وێنەدا، عەقید ئەلشاعیر و سەربازەکانی کە وەک پاڵەوان پێشوازییان لێکرا. ئەو ڕۆژە بە "شکۆمەندترین ڕۆژ کە تا ئێستا گەلی عەرەبی سوریا ئەزموونی کردبێت" وەسف کرا. وتاری فەرمی پێشکەش کرا. لە وەڵامەکەیدا بۆ ئەلحافیز، ئەلشاعیر بانگەشەی ئەوەی کرد کە سەربازەکانی "باندەکانی جوداخوازی بارزانییان لە ناوچەیەکی فراوانی ئەو بەشە هەمیشەییەی نیشتمانی عەرەبی کە باکووری عێراقە پاککردەوە". ئاماژەی بەوەشکرد، "کورد لە نیشتمانی عەرەبدا لە مافی هاوڵاتیبوونی تەواو سوودمەندە، بەڵام ناتوانێت داوای مافی تایبەت بکات"[4].

---

(١) ڕۆژنامەی النداء چاپی ٢٩ و ٢١ ی تشرینی یەکەم، بەیروت.

(٢) ڕۆژنامەی النداء چاپی ٢٩ و ٢١ ی تشرینی یەکەم، بەیروت.

(٣) بڕوانە ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٤٧٣ی کانونی دووەم ١٩٦٤.

(٤) بڕوانە وردەکاری زیاتر لەسەر ئەم ڕێوڕەسمە لە گۆڤاری ئەلجوندی (سەرباز)، ژمارە ٦٣٦ی

### ٤. کاردانەوەی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیست

وەك دەزانین، ڕۆژنامە سۆسیالیستییەکان و ڕۆژنامەکانی وڵاتانی سۆسیالیست لە سەردەمی ڕژێمی قاسمدا دەستیان بە ڕەخنەگرتن لە شەڕی کوردستان کردووە و بە شێوەیەکی وردتر و بە ئاشکرا؛ داوای چارەسەری ئاشتیانەیان بۆ ناکۆکیەکە و دانان بە "مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد" دەکەن. ئەم ڕەخنانە زۆرجار لەلایەن سەرکردەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە بووە کە لە میدیا نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە شیوعییەت بیروڕای خۆیان دەردەبڕی[1].

لەدوای کودەتای بەعس و سەرکوتکردنی خوێناوی شیوعییەکان و پێشکەوتنخوازان لە عێراق؛ ڕۆژنامە گەورەکانی سۆڤیەتی وەک "پراڤدا" و "ئیزڤێستیا" و "ترود" و ڕۆژنامەکانی دیکەی وڵاتانی سۆسیالیستی ئەوروپا، پشتیوانیان لە داخوازییە سەرەکییەکانی کورد دەکرد کە خۆی لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەبینییەوە، لە هەمانکاتدا ڕەخنەی توندیان لە ڕژێمی بەغدا دەگرت. لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕی کوردستان ئەم هەڵمەتی ڕاگەیاندنە فراوانتر بوو، کە بووە هەڵمەتێکی دیپلۆماسی بە ئامانجی داکۆکیکردن لە مافەکانی کورد و داواکردنی گەڕانەوەی دیموکراسی بوو لەعێراقدا.

چەند ڕۆژێک پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ، حکومەتی سۆڤیەت لە بەیاننامەیەکدا کە لەلایەن ئاژانسی هەواڵی تاس بڵاوکرایەوە، هەڵوێستی خۆی ڕوون کردەوە:

"یەکێتی سۆڤیەت ناتوانێت ئەو ڕووداوانە پشت گوێ بخات کە لە عێراق ڕوودەدەن، چونکە سیاسەتی ئێستای حکومەتی عێراق بەرامبەر کورد هەڕەشە لە سەقامگیری و ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی سۆڤیەت، خەڵکی کوردستانی عێراق کە "نوێنەرایەتی زیاتر لە چارەکێکی دانیشتووانی وڵاتی عێراق دەکەن"، ناخوازن لە عێراق جیاببنەوە، بەڵکو ئاواتەخوازن "ڕژێمێکی دیموکراتی لەسەر بنەمای هاوکاریی نێوان عەرەب و کورد دابمەزرێنن". هەروەها "ئەم خەڵکە دژایەتی هەر جۆرە ملکەچبوونێکی عێراق

١٤ی کانونی دووەم ١٩٦٤، دیمەشق (وەرگێڕان لە عەرەبییەوە).

(١) بڕوانە وەرگیراوە سەبارەت بەم بابەتە لە بەشی چوارەم.

بۆ هێزە ئیمپریالیستەکان دەکەن". دواتر بەیاننامەکە "ڕژێمی بەعسی بە گرتنەبەری شێوازگەلێکی سەرکوتکردن بە شێوازی هیتلەریانە بەرامبەر بە کورد" تۆمەتبار دەکات و دووپاتی دەکاتەوە؛ "حکومەتی عێراق بە لە ناوبردنی کورد بەشێوەیەکی بەرفراوان، دانیشتوانی کوردستان جینۆساید دەکات"[١].

ڕۆژنامەی "پراڤدا" لە وتارێکدا باس لە هاوکارییەکانی سۆڤیەت بۆ عێراق دەکات کە سروشتێکی ئابووری و تەکنیکی و سەربازیی هەیە، پێشنیازی ڕاگرتنی ئەم هاوکارییانە دەکات، چونکە "ئەوە ڕاستییە کە یەکێتی سۆڤیەت هاوکاری عێراق دەکات و لەوە دوورە کە ئێمە داهاتمان بۆ بەفیڕۆدان هەیە". جگە لەوەش "پراڤدا" جەخت لەوە دەکاتەوە "گەلی سۆڤیەت ناتوانێت ڕێگە بدات ئەم ئامراز و کەلوپەلانە و ئەم یارمەتییە کە بۆ دەوڵەتە نوێیەکان دەینێرن، بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی گەلەکانیان بەکاربهێنرێن"[٢].

لە ٣ی تەمووزی ١٩٦٣، حکومەتی کۆماری گەلی مەنگۆلیا (مەنگۆلیای دەرەوە) بە فەرمی داوای کرد، پرسی "سیاسەتی جینۆسایدی حکومەتی عێراق لە دژی گەلی کورد"[٣] بخرێتە ئەجێندای کاری دانیشتنی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە کاردانەوەی ئەمەدا، حکومەتی بەغدا دەستبەجێ پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی لەگەڵ حکومەتی ئۆلانباتۆر[٤] پچڕاند[٥].

لە ٩ی تەمووز چالاکی دیپلۆماتی چڕ لە مۆسکۆی پایتەخت ئەنجامدرا. وەزیری دەرەوە ئاندرێ گرۆمیکۆ یاداشتێکی بەهێزی بە باڵیۆزەکانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا دا کە هەموویان بانگهێشتی وەزارەتی دەرەوە کرابوون. لەو یاداشتەی کە ئاڕاستەی حکومەتی عێراق کراوە، هاتووە:

"وڵاتانی ئەندامی بلۆکی سەربازی و کۆلۆنیالیستی پەیمانی بەغدا تا ئەو ڕادەیە

(١) وەرگیراوە لە: ڕۆژنامەی لو مۆندەوە لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٦٣.
(٢) وەرگیراوە لە: لاپەڕەی ئاگادارییەکانی لۆزان لە ٢١ی حوزەیران.
(٣) بڕوانە بڕگەی "هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان"، بەشی هەشتەم.
(٤) ئۆلانباتۆر: پایەتەخت و گەورەترین شاری کۆماری گەلی مەنگۆلیا
(٥) ڕۆژنامەی لو مۆند، ٥ ی تەمووز.

دەڕۆن کە ڕێوشوێنی سەربازی دەگرنەبەر، ئەمەش بۆ پاراستنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا مەترسییە".

"سەرکوتکردنی خوێناوی گەلی کورد کە چارەکێکی دانیشتوانی وڵاتی عێراق پێکدەهێنێت، تەنیا دەوڵەتی عێراق لاواز دەکات و زیان بە پێگەی نێودەوڵەتیەکەی دەگەیەنێت. هەروەها مەترسی ئەوە دروست دەکەن کە هێزە داگیرکەرەکان بۆ لاوازکردنی سەربەخۆیی عێراق و پتەوکردنی پێگەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست، سوود لەو بارودۆخە وەربگرن".

"سیاسەتی حکومەتی عێراق بە ڕەخساندنی دەرفەتی دەستێوەردان بە هێزە ئیمپریالیستەکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست، مەترسی ئەنجامێکی زۆر مەترسیداری لێدەکەوێتەوە".

"دەستێوەردانی هێزە بیانییەکان لەو ڕووداوانەی لەسەر خاکی عێراق ڕوودەدەن، تەنیا پەیوەندی بە عێراقەوە نییە. لەبەرئەوەی بەشداریی هێز و دەوڵەتەکانی دیکە و دامەزراندنی بنکەی سەربازی لەلایەن هێزە دەستدرێژکارەکان لە نزیک سنووری سۆڤیەت، هەڕەشە بۆ ئاسایشی چەندین وڵات دروست دەکات کە یەکێتی سۆڤیەت یەکێکە لەوانە".

حکومەتی سۆڤیەت یاداشتێکی ئاڕاستەی ئێران و تورکیا و سوریا کردووە و داوای لێکردوون "پێش بڕیاردان لەسەر بارودۆخی عێراق، بە وردی بیر بکەنەوە". سۆڤیەت بانگەشەی ئەوە دەکات "بە پێی زانیارییە بەردەستەکانی حکومەتی سۆڤیەت، ئەم وڵاتانە دەست لە ڕووداوەکانی باکووری عێراق وەردەدەن، تەنانەت ڕێوشوێنی سەربازیشیان گرتووەتەبەر". یاداشتەکە قەیرانی ساڵی ١٩٥٦ی سوێس لە دژی میسر بەبیر دەهێنێتەوە و هۆشداری دەدات: "لە دەرەنجامە مەترسیدارەکانی ئەو سیاسەتەی ئەندامانی پەیمانی بەغدا پەیڕەوی دەکەن. حکومەتی سۆڤییەت سوورە لەسەر ئەوەی؛ نابێت هیچ وڵاتێك دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەربدات". لە کۆتاییدا ئیدانەی ئەو توندوتیژییە زۆرە دەکات کە بە "کۆمەڵکوژیی خوێناوی دژ بە کورد" وەسفی دەکات و داوای ڕێزگرتن لە سەروەری عێراق و کۆتایهێنان بە دەستێوەردانی دەرەکی دەکات. پاشان دەگاتە ئەو ئەنجامەی:

"ئێستا دۆخی کورد وەک کێشەیەکی نێودەوڵەتی ناسێنراوە. ئەم کارەساتە توورەیی ڕەوای بەشێکی زۆری ڕای گشتی جیهانی وروژاندووە"(١).

هەمان ڕۆژ لە نیویۆرک؛ بەڕێز نیکۆلاس فیدۆرێنکۆی نوێنەری سۆڤیەت، نامەیەکی بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش نارد. لە نامەکەدا حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت ئاماژەی بەوە کردووە، بە مافی خۆی دەزانی کێشەی کورد بخاتە بەردەم ئەنجومەن:

"لە ئەنجامی ڕووداوەکانی باکووری عێراق و دەستێوەردانی چەند دەوڵەتێک لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دەسەڵاتدارانی عێراقی لە دژی گەلی کورد، دۆخێکی مەترسیدار سەریهەڵداوە(...)".

"بەگوێرەی لێدوانی نوێنەرانی گروپی سەربازی و کۆلۆنیالیستی پەیمانی بەغدا، سەرکوتکردنی خوێناوی دژی کورد لە کۆنفرانسی وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە تاوتوێ کراوە(...)".

"دەستێوەردانی دەوڵەتانی بیانی لەو ڕووداوانەی لەسەر سنوورەکانی دەوڵەتی عێراق ڕوودەدەن، تەنیا پەیوەندی بەعێراقەوە نییە. ڕاکێشانی هێزەکانی تر و بەشداریکردنی دەوڵەتانی تر لە ململانێکان و دابینکردنی مەیدانی ئۆپەراسیۆن لە نزیک سنوورەکانی سۆڤیەت بۆ هێزە دەستدرێژکارەکان ئاسایشی چەندین دەوڵەت دەخاتە مەترسییەوە، لەوانە یەکێتی سۆڤیەت(...)".

"ئەگەر دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان لە ڕووداوەکانی باکووری عێراق بەردەوام بێت، لەوانەیە پێویست بکات، ئەنجومەنی ئاسایش بۆ گرتنەبەری ڕێکار و هەنگاوی پێویست بۆ کۆتاییهێنان بەم دەستتێوەردانە"، کۆببێتەوە (٢).

هەر لە نامەکەیدا بەڕێز نیکۆلاس فێدۆرێنکۆ بۆ ئەنجومەنی ئاسایش، دەڵێت:

"...ئەو یارمەتییەی وڵاتانی دراوسێ پێشکەشی حکومەتی عێراقی دەکەن لە

(١) بڕوانە بەشێکی ئەم یاداشتنامەیە لە ڕۆژنامەی جنێڤ لە ١٠ ی تەمووز و ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١١ی تەمووز.

(٢) یاداشتنامەی س\٥٣٤٥، گۆڤاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە تەمووزی ١٩٦٣، لاپەرە ٩ .

ئۆپەراسیۆنەکانی سزادانی دانیشتوانی کورد، مەترسی ئەوەی هەیە دەوڵەتانی دیکە بۆ نەهێشتنی ئەم دەستێوەردانە و پاراستنی ئاسایشی خۆیان، ناچارن رێوشوێنی پێویست بگرنەبەر(...)".

"وڵاتانی دراوسێ؛ یەکەی سەربازی دەنێرنە عێراق کە ڕاستەوخۆ بەشداری ئۆپەراسیۆنەکانی سزادان دەکەن. بەگوێرەی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان، بەتالیۆنێک لە هێزەکانی سوریا و فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی سوریا بەشداری ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دەکەن. ئەم دەستێوەردانە هەڕەشەی فراوانکردنی ململانێکە دەکات و بنەما ناجێگیر و هەستیارەکانی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاواز دەکات" (١).

لە ١٠ی تەمووزدا، حکومەتی عێراق "دژی دەستێوەردانی ناڕەوا و بێ پاساوی یەکێتی سۆڤیەت لە کاروباری ناوخۆی عێراق" یاداشتنامەی ناڕەزایی بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش نارد و ڕایگەیاند "تۆمەتی لەناوبردنی دانیشتووان لە باکووری عێراق بەتەواوی بێ بنەمان" و "ئەو قسەیەی دەڵێ: یەکەی سەربازی بیانی لە عێراق بەکاردەهێنرێت، پێچەوانەی ڕاستییە". لە وەڵامی هۆشداریی سۆڤیەتدا، حکومەتی عێراق لە هەمان یاداشتنامەدا چەک و کارتی هاوسۆزی عەرەبی ڕاوەشاند و بەرزکردەوە:

"هەڕەشەی ئاشکرا بۆ سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکەم کە لە نامەکەی نوێنەری هەمیشەیی یەکێتی سۆڤیەت بەدی دەکرێت و دەستێوەردانی بەردەوامی یەکێتی سۆڤیەت لە کاروباری ناوخۆی عێراق، نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی گەورەی لە جیهانی عەرەبی دروستکردووە. لە کاتێکدا ئێمە هەمیشە ئارەزووی دڵسۆزانەی خۆمان بۆ پاراستنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت ڕاگەیاندووە. کە نیشاندانی دوژمنایەتی بێسنووری سۆڤیەت کارەسات دروست دەکات. بێگومان ئەم هەڵوێستە لەلایەن زلهێزێکەوە کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە، دەتوانێ مەترسیدارترین کاریگەری لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی هەبێت..." (٢).

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٢ی حوزەیران.

(٢) گۆڤاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە تەمووزی ١٩٦٣، لاپەرە ٩- ١٠.

سـوریاش لـە بەرامبـەردا بـە یاداشـتێک کـە لـە ١٢ی تەمـووز ئاراسـتەی ئەنجومەنـی ئاسـایش کـرد، وەڵامـی هەڵوێسـتی سـۆڤیەتی دایەوە.(بڕوانـە پەرەگرافـی پێشـووتر)

یەکێتـی سـۆڤیەت لەمـە نەترسـا و لـە ١١ی تەمـووز لـە بەردەوامـی هەڵمەتەکەیـدا، نـۆرەی شـاندەکەی یەکێتـی سـۆڤیەت بـوو کـە داوا لـە ئەنجومەنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـکات کـە لـە جنێـڤ کۆبـووەوە، پرسـی "سیاسـەتی جینۆسـاید کـە حکومەتـی عێـراق دژی گەلـی کـورد پەیـڕەوی دەکات" بخاتـە بەرنامـەی کارەکەیـەوە. ئـەم داواکارییـە پـاش گفتوگۆیەکـی زۆر ڕەتکرایـەوە. لـە بەشـی کۆتایـی ئـەم کتێبـەدا دەچینـەوە سـەر ئـەم بابەتـە.

لـەو ماوەیـەدا، مۆسـکۆ هاوکارییـە تەکنیکیەکانـی بـۆ بەغـدا ڕاگـرت. دروسـتکردنی بگـۆڕی تەلەفۆنـی نوێـی لـە پایتەختـی عێـراق هەڵپەسـارد.

ڕۆژنامـەی لـو مۆنـد لـە سـەروتارێکیدا بـە ناونیشـانی "کێشـەی بـە نێودەوڵتیکـراوی کـورد" دەڵێـت:

"یەکێـک لـە گەورەتریـن ئارەزووەکانـی کـوردە ناسیونالیسـتەکان بەدیهـات. ململانـێ چەکدارییەکانیـان لـە دژی دەسـەڵاتدارانی ناوەنـد لـە بەغـدا، بووەتە پرسـێکی نێودەوڵەتی، ئەمـەش وادەکات زلهێـزەکان بێدەنگـی بشـکێنن و هەڵوێسـتیان هەبێـت(...)".

"مۆسـکۆ هەڵمەتێکـی دیپلۆماتـی گـەورەی دەسـتپێکردووە(...). حکومەتـی کرملیـن ئامـاژە بـە ڕاپۆرتەکانـی ئەگـەری هـاوکاری سـەربازی نێـوان تورکیـا و عێـراق و کڕینـی چـەک لەلایـەن عێراقـەوە لـە لەنـدەن دەکات. هەروەهـا هۆشـداری دا بـە سـوریا، چونکـە دەنگـۆی ئـەوە هەیـە، سـەربازانی سـوریا بـە تایبەتـی هێـزی ئاسمانـی چالاکانـە بەشـداری شـەڕەکانی باکـووری عێـراق دەکـەن".

"پەیـام و یاداشـتە فەرمییەکانـی یەکێتـی سـۆڤیەت زۆر بـە باشـی داڕێـژراون. ئـەوان هـەوڵ دەدەن نیشـانی بـدەن، یەکێتـی سـۆڤیەت وەك پاڵـەوان؛ بەرگـری لـە سـەربەخۆیی عێـراق دەکات کـە لەلایـەن "وڵاتانـی ئیمپریالیسـت و ئەندامانـی پەیمانـی بەغـدا هەڕەشـەی لێدەکرێـت. هەروەهـا حکومەتـی بەغـدا، بـە سـەرکردایەتی حزبـی بەعس، بـە ئەنجامدانـی "تاوانـی جینۆسـاید" تۆمەتبـار دەکـەن".

بەداخـەوە ئـەو زانیاریانـەی گەیشـتوونەتە ڕۆژئـاوا، ئـەوە پشتڕاسـت دەکەنـەوە کـە یەکێتـی سـۆڤیەت ئاماژەی پێدەکات. هەمـووان دەزانـن، هێـزە عێراقییـەکان دانیشـتووانی باکـووری وڵات کۆمەڵکـوژ دەکـەن: هـەر کەسـێك گومانـی لێبکرێـت کـە هاوسـۆزی و پشـتیوانی لـە بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕی ژەنـەڕاڵ بارزانـی دەکات. دەیـان گونـد سـوتێنران و وێـران و خاپـور کـران. ژن، منداڵ و بەساڵاچووان بـەدەر نیـن لـە هەڵمەتـی لەناوبـردن. شۆڕشـگێڕە دەسـتگیرکراوەکان بـە خێرایـی بـێ دادگاییکـردن کـوژران".

"هەڵوێسـتی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا لـە بەرامبـەر ستراتیـژ و هەڵمەتـی دیپلۆماتـی یەکێتـی سـۆڤیەت چـی دەبێـت؟ چەندیـن ڕۆژنامـەی ئەوروپـا و ئەمەریـکا پشـتیوانی لـە گەلـی کـورد دەکـەن و هاوسـۆزیان بـۆ ئـەم گەلـە دەردەبـڕن کـە داوای سـەربەخۆیی نـاکات، بەڵکـو داوای کەمێـک ئۆتۆنۆمـی لـە چوارچێـوەی خاکـی عێـراق دەکات. هەرچەنـدە، حکومەتـە ڕۆژئاواییـەکان نایانەوێـت پشـتیوانی لـە بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد بکـەن، چونکـە نایانەوێـت هاوپەیمانەکانیـان کـە تورکیـا و ئێرانـن تـووڕە بکـەن. لەگـەڵ ئەوەشـدا لەوانەیـە بـۆ ئەنقـەرە و تـاران بـاشتر بێـت، ئەگـەر بـە خێرایـی ڕێککەوتنـی ئاشـتی لـە عێراقـدا ئەنجام بدرێـت، ئەگـەر شـەڕ بـەردەوام بێـت، ئەگـەری ئـەوە هەیـە شۆڕشـگێڕان لـە هەڵوێسـتی خۆیـان سـوورتر بـن، ئەمـەش زوو یـان درەنـگ نائارامـی و کێشـە لـە نێـو کوردەکانـی تورکیـا و ئێـران دروسـت دەکات".

"زەحمەتـە پێشـبینی ئـەوە بکەیـن، وڵاتانـی ڕۆژئـاوا چـۆن ڕێگـە دەدەن، هاوپەیمانـی شـیوعییەکان (وڵاتانـی نزیـک لـە یەکێتـی سـۆڤیەت) خۆیـان وەک پارێـزەری ئـەخلاق و مافەکانـی مـرۆڤ نیشـان بـدەن کـە لـە پەیماننامـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا هاتـووە"[(١)].

یەکێتـی سـۆڤیەت هەڵمەتێکـی دیپلۆماتـی بەڕێـوە دەبـرد کـە هەڵمەتێکـی میدیاییـشی لەگەڵـدا بـوو. کاتێـک ڕۆژنامەکانـی حکومەتـی عێـراق وەڵامـی ئـەم هێرشـانەیان دایـەوە، پەیوەندییەکانـی نێـوان هـەردوو وڵات خـراپتر بـوو.

لـە وتارێکـدا لـە ڕۆژنامـەی پراڤـدا لـە ١١ی تەمـووز، حزبـی شـیوعی یەکێتـی سـۆڤیەت "سـەرکردەکانی عێراقـی حزبـی بەعـس تۆمەتبـار دەکات بـە هەڵگیرسـانی شـەڕ بـۆ

---

(١) ژمارەی ١١ی تەمووز.

لەناوبردنی کورد". هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکات "بەریتانیا کە ئەو بە "ئیمپریالیست" ناویان دەبات، زۆر یارمەتی عێراق دەدات. وتارەکە ئەوەشی خستووەتەڕوو "عێراق لەگەڵ ئەمریکا لە گفتوگۆدایە بۆ کڕینی کەرەستەی سەربازی". پراڤدا باس لە "چالاککردنەوەی مەترسیداری هاوپەیمانی دەستدرێژکاری پەیمانی بەغدا دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست". ڕۆژنامە مۆسکۆییەکە دەڵێت: دەبێت یەکێتی سۆڤیەت بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە، ڕێوشوێنی پێویست لەسەر سنوورەکانی بگرێتەبەر(١).

موشیر عارف سەرۆک کۆماری عێراق؛ لەمیانەی سەردانەکەیدا بۆ کوردستان، لە وتارێکیدا لەبەردەم سەربازەکانی "ڕەخنەی لە کارەکانی ئیمپریالیزم و هێرشەکانی سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت بەڕێز نیکیتا خروشچۆڤ گرت". ئەو پێشبینی پێکهێنانی تاکە دەوڵەتێکی عەرەبی کرد "لە کەنداوی عەرەبییەوە تا زەریای ئەتڵەسی". ئەو دەڵێت: "ئەم جۆرە هاوپەیمانییە دوژمنانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی نیگەران کردووە"(٢). ئینجا قسە لەگەڵ سەربازەکانی دەکات و دەڵێت:

"ئێوە باش دەزانن ئەو ناوچەیەی ئێوە شەڕی تێدا دەکەن، زۆر دەوڵەمەندترە لە ناوچەکانی باشووری عێراق، بۆیە دەیانەوێت لێمان زەوت بکەن، بەڵام ئێمە بەسەر دوژمنەکانماندا سەردەکەوین".

شەڕکردن بۆ پاراستنی "خاکی دەوڵەمەندی کوردستان"، ئەمە بابەتێکە لەلایەن فەرماندەیی عێراقەوە بەکاردەهێنرێت. دوای کۆمەڵکوژییەکەی سلێمانی لە ٩ی حوزەیران، سەربازانی عێراقی تینووی خوێن، بە شێوەی بازنەیی سەمای دەبکەیان دەکرد و دەیانگوت: "ئەم خاکە سەوزە جێناهێڵین. بۆ ماوەی حەوت ساڵە، ئێمە شەڕ دەکەین". بۆ ئەوان کە لە بیابانی عەرەبی عێراقەوە هاتوون، کوردستان بەهەشتە. ئەمە تاڕادەیەک ئەو قسانەی هیتلەرمان بیر دەهێنێتەوە لە بەڵگە فیلمی "کامپی من" کە دەڵێت پێویستە سوپای ئەڵمانیا زەوی لە وڵاتانی دراوسێ داگیر بکات و بیداتە جووتیارانی ئەڵمانی. بەڵام لێرەدا جیاوازی ئەوەیە کە خاکی کورد لە سایەی بەریتانیاوە لەلایەن سوپای عێراقەوە دەستی بەسەردا گیراوە.

---

(١) لە ١٣ی تەموزدا لەلایەن ڕۆژنامەی لو مۆندەوە ئاماژەی پێکراوە.

(٢) ڕۆژنامەی لو مۆندی فەڕەنسی لە ١٤ تەمووز و ڕۆژنامەی ژنێڤی سویسری لە ١٣ی تەمووز.

ڕۆژنامـەی ئیزڤێسـتیا؛ وەک پراڤـدا باسـی "فەلسـەفەی بەعسـیزم دەکات کـە بـە ڕەگەزپەرستی وەسـفی دەکـەن". بـەڕای ئـەوان ئـەو شـەڕەی بەعسـییەکان لـە دژی خەڵکـی کوردسـتان بەرپایـان کـردووە، کۆنەپەرسـتانە و لایەنگـری ئیمپریالیسـتە، ئیزڤێسـتیا دواتـر وتـەی میشـێل عەفلـەق بـە نموونـە دەهێنێتـەوە، کـە تیۆرینووسـی بەعسـە، دەڵێـت "گەلانـی پلـە دووی وەک ئۆزبـەک، قرغیـز و ئازەربایجانـی ئایدیۆلۆژیایەکـی بیانییـان قبـوڵ کـردووە، کـە مارکسـیزمە"، ئیزڤێسـتیا دەڵێـت: "ئـەم بۆچوونانـە تەنیـا هەسـتی قێـز لێبوونـەوە و بێـزاری دەوروژێنێـت(...). بۆیـە هەڵوێسـتی یەکێتـی سـۆڤیەت سـەبارەت بـە کێشـەی کـورد شـایەنی ڕێـز و پشـتیوانی هەمـوو مرۆڤایەتییـە"[(١)].

بەبۆنـەی ڕاگەیاندنـی "یەکێتـی سـەربازی نێـوان سـوریا و عێـراق" لـە ٨ ی تشرینـی یەکەمـدا، پراڤـدا بـەم شـێوەیەی خـوارەوە باسـی شکسـتی سـەربازی عێـراق دەکات:

"دەسـەڵاتدارانی عێراقـی دەیانویسـت لـە مـاوەی سـێ مانگـدا لـە کوردسـتان کۆتایـی بـە شـەڕ بهێنـن، بـەڵام بەتـەواوی شکسـتیان هێنـا(...). سـەرەڕای نەبوونـی چـەک و تەقەمەنـی، گەلـی کـورد و پێشـمەرگە قارەمانەکانـی بـە سـەرکردایەتی و فەرماندەیـی پاڵەوانـی نەتەوەیـی ژەنـەڕاڵ مسـتەفا بارزانـی لـە زیـان گەیانـدن بـە هێـزە عێراقییـەکان بەردەوامـن کـە بـە زەحمـەت ڕزگاریـان دەبێـت(...)".

"حکومەتـی سـوریا لیوایەکـی بـە تانـک و تۆپخانـە ڕەوانـەی سـنوور کـردووە و لیوایەکـی دیکـەش بەڕێکەوتـووە و بـەرەو سـنوور لـە ڕێگادایـە. حکومەتـی سـوریا بـە پشـتیوانیکردن لـەم شـەڕەی جینۆسـایدی گەلـی کـورد، بەرپرسـیاریەتییەکی قورسـی لـە ئەسـتۆدایە. داخوازییەکانـی گەلـی کـورد ڕاسـت و ڕەوانـن، ئـەوان بـە پشـتیوانی گەلـی عێـراق و هەمـوو ئەوانـە پشـت ئەسـتوورن کـە لـە جیهانـدا ئاشـتییان خۆشـدەوێت "[(٢)].

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند لە ١٤ی تەمووز.

(٢) لەلایەن ڕۆژنامەی لو مۆندەوە وەرگیراوە و ئاماژەی پێکراوە لە ٩ی تشرینی یەکەم.

### ٥. ڕووخانی ڕژێمی بەعس

لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ هەوڵێکی کودەتای سەربازی لە بەغدا شکستیهێنا. لە مانگی حوزەیراندا سوپا پشتگیری دەستپێکردنەوەی شەڕی کرد، بە هیوای سەرکەوتنێکی خێرا و کاریگەر، بەڵام بێ توانایییان لە بەزاندنی شۆڕشگێڕان بێ هیوا و بێ ورەی کردبوون. وەک زۆربەی کات لەم حاڵەتانەدا، ئەوان لۆمەی "هاووڵاتیانی بەغدا"[(١)] دەکەن و بە بەرپرسیاریان دەزانن. هۆکارێکی دیکەی کودەتاکە؛ تووڕەیی خەڵک و جەماوەر بوو بەرامبەر بەعسییەکان، بەهۆی ئەو ترس و تۆقاندنەی لە وڵاتدا بڵاویان کردبووەوە. لە کۆتاییدا؛ "گۆڕانی هاوپەیمانێتییەکان" لە سیاسەتی دەرەوەدا هەبوو: ڕژێم خۆی لەگەڵ بەریتانیا یەک خستبوو و خۆی لە سەرۆك ناسر دوورخستەوە. عەبدولسەلام عارف کە غەیرە بەعسی و دۆستی سەرۆکی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بوو، بە سەرۆک کۆمار دەستنیشان کرا، بەڵام هیچ هێز و دەسەڵاتێکی نەبوو، ئەمەش وای لێکرد لە بارودۆخێکی سەختدا بێت.

سەرکردەکانی بەعس هەستیان بەوە کرد، کودەتایەک ئامادە دەکرێت، ڕۆژێک پێشتریش عەلی ساڵح ئەلسەعدییان لە ڕیزەکانیان دەرکرد کە بە "هاندەری شەڕ لە دژی کورد"[(٢)] دادەنرێت. لە جێگەی ئەو، باڵی میانڕەویان دانا کە تالیب شەبیب وەزیری دەرەوە نوێنەرایەتی دەکرد، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە بەس نەبوو. لە کاتێکدا هەردوو باڵی بەعس خەریکی ململانێ و ناکۆکی بوون، موشیر عارف لە بەرەبەیانی ١٨ی تشرینی دووەم لە کودەتای دووەم سەرکەوتوو بوو و هەردوو گروپەکەی لەناوبرد و دەسەڵاتی گرتە دەست. هەرچەندە، ڕژێمی بەعس لە دیمەشق هەوڵی دا بە کۆکردنەوەی هێزەکانی کاردانەوەی هەبێت، بەڵام ئەمە هیچ شتێکی نەگۆڕی: بەعس بە یەکجاری لە بەغدا لە دەسەڵات لادرا. پاشان حزبی بەعس دابەش بوو بۆ چەند بەشێک کە پێنج بۆ شەش لایەنی ڕکابەری لە خۆدەگرت: هەندێکیان وشەی "پێشکەوتنخواز"یان بۆ ناوەکانیان زیاد کرد. عەلی ساڵح ئەلسەعدی ئەمڕۆ "سوپا و لایەنە سەربازییەکان" بەوە تۆمەتبار دەکات کە لە دەستپێکردنەوەی شەڕ

---

(١) سەروتارێکی ڕۆژنامەی لومۆند بە ناونیشانی "بەعس لە مەترسیدایە"، لە ١٤ی تشرینی دووەم.

(٢) سەروتارێکی ڕۆژنامەی لومۆند بە ناونیشانی "بەعس لە مەترسیدایە"، لە ١٤ی تشرینی دووەم.

بەرپرسە و دەڵێت "ئێمەیان هەڵخەڵەتاند و چەواشەیان کردین "ئێستا بانگەشەی ئەوە دەکات، لە عێراقێکی دیموکراتیدا پشتیوانی لە ئۆتۆنۆمی کوردستان دەکات.

لەم هەلومەرجەدا؛ ڕژێمی نوێ بۆ هێشتنەوە و بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی، شەڕی کوردستانی خاوکردەوە و بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە، گفتوگۆکانی لەگەڵ شۆڕش چڕکردووتەوە. لە ٢٨ی تشرینی دووەم، عەبدولسەلام عارف داوای لە کورد کرد و بەبیری هێنایەوە ئەوان هەمان ئایینی عەرەبەکانیان هەیە. ئەو لۆمەی جەنگەکەی خستە ئەستۆی "ڕژێمی پاشایەتی گەندەڵی پێشوو" و "ڕژێمی قاسم، کە ئێستا کۆتایی هاتووە". بەڵێنیدا "باکوور ئاوەدان بکاتەوە" و لێبوردنی گشتی بۆ هەمووان دەربکات، بەو مەرجەی ڕازی بن "چەکەکانیان دابنێن"[(١)]. ڕۆژنامەی لۆریانت کە بە فەڕەنسی لە بەیروت بڵاودەکرێتەوە، لێدوانێکی لەبارەی ئەم بارودۆخە نووسیوە:

"لەوەتەی قەیرانی کورد لە مانگی حوزەیران دەستیپێکردووەتەوە، قەیرانیشی لەناو ڕژێمدا دروستکردووە(...). کورد بووەتە ناوبژیوانی ڕاستەقینەی ململانێی نێوان بەعس و قاهیرە. لایەنگرانی ناسر(ناسرییەکان) لە کردەوەکانی بارزانیدا دەرفەتێکیان بینی بۆ پەلەکردن لە ڕووخانی بەعس لە بەغدا، کە لە ئەنجامدا دەسەڵات و هەژموونی بەعسیشی لە دیمەشق لاواز دەکرد. ئەم لێکدانەوەیە خراپ نەبوو، بەڵام هێشتا دۆخەکە لە چارەسەرکردن دوورە".

سەبارەت بە بانگەوازەکەی ٢٨ی تشرینی دووەمی عارف، هەمان ڕۆژنامە دەڵێت:

"ئاشکرایە؛ لە هاوسەنگی هێزدا، پرسی کورد توخمێکی گرنگە. ئەگەر هێزەکانی بارزانی وەڵامی داواکاری و بانگەوازەکەی عارف بدەنەوە، ئەوا دەسەڵاتی ئەخلاقی سەرۆکی عێراق بەهێزتر دەبێت. ئەو کاتە دەتوانێت هاوپەیمانێتییەکی فراوان لە دەسەڵاتدا پێکبهێنێت. دیمەشق ناچار دەبێت شوێن ئەم ڕەوتە بکەوێت و قاهیرەش بە ئاشکرا پشتگیری دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا؛ ئەوەی تا ئێستا بە نەزانراوی ماوەتەوە، هەڵوێستی خودی کوردە. بێگومان ئەوان کلیلی سەرەکی بارودۆخەکەن،

(١) "بانگەواز بۆ کورد"، لە لۆریانت، ٣٠ی تشرینی دووەم.

بەڵام بانگەوازەکەی عارف وەڵامی داوخوازییەکانی ئەوانی لە خۆ نەگرتووە... "[١].

لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ ئاگربەست لە نێوان هەردوولا ڕاگەیەنرا؛ هەریەک لە موشیر عارف و ژەنەڕاڵ بارزانی دوو ڕاگەیەنراویان بڵاوکردەوە و لە هەمانکاتدا لە ڕادیۆی عێراقەوە خوێندرایەوە، سەرەتا بە عەرەبی و دواتر بە کوردی لەلایەن ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم فەرحان وەزیری ئاراستەکردنی نیشتیمانی. ئەم ڕووداوە لەناو بزووتنەوەی کورد قەیرانێکی گەورەی ناوخۆیی لێکەوتووەتەوە.

بۆ کۆتاییهێنان بەم بەشە، سەبارەت بە شۆڕشی کورد، کە تایبەتن بەو قۆناغەی لێکۆڵینەوەمان کردووە بە پێویست دادەنرێ ئاماژە بە سێ ڕاپۆرتی ڕوون بدەین:

- "لەناو کورد: لەدایکبوونی نەتەوەیەک" لە ڕۆژنامەی (Paris-Match) دا بڵاوکراوەتەوە.
- وتارەکانی گاڤین یۆنگ لە ڕۆژنامەی (The Observer) و وتاری "لە ڕێگەی کوردستانی خوێناوییەوە" لە نووسینی گۆردیۆن ترۆلەر لۆکسمبۆرگی و ژنە ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی کلۆد دیفارژ، لە گۆڤاری (Stern)ی ئەڵمانی کە هەفتانە لە هامبۆرگ چاپ دەکرێت (بڕوانە بەشی سەرچاوەکان).

---

(١) "بانگەواز بۆ کورد"، لە لۆریانت، ٣٠ی تشرینی دووەم.

# بەشی حەوتەم

## دامەزراندن و دروستکردنی دامەزراوە شۆڕشگێڕییەکان

### ١. قەیرانی ناوخۆیی

ڕێککەوتنی ئاگربەست لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ لە نێوان ژەنەڕاڵ بارزانی و موشیر عارف قەیرانێکی زۆر گەورەی لە نێوان بارزانی ڕێبەری شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دروستکرد. ئەمەی خوارەوە ڕاگەیەنراوی١٠ی شوباتی ژەنەڕاڵ بارزانییە:

"لە وەڵامی خواستی موشیر عارفی سەرۆک کۆمار بۆ پاراستنی یەکێتی نیشتمانی عێراق و دوورکەوتنەوە لە خوێنڕشتنی خەڵکی بێتاوان و کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوان برایان، بڕیارماندا ئاگربەست ڕابگەیەنین. داوا لە کورد دەکەین بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و دەست بە کار و چالاکییەکانیان بکەنەوە، بۆ ئەوەی حکومەت ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکە و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی هاوڵاتیانی کورد" [١].

ئەمەی خوارەوەش ڕاگەیانراوەکەی موشیر عارفە:

"لە وەڵامی برا کوردەکانمان و بانگەوازەکەی مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئاساییکردنەوەی ژیان لە باکووری نیشتمانی ئازیزمان و ڕێگرتن لە مانۆڕەکانی ئیمپریالیزم و بریکارەکانی و پاراستنی بێتاوانان، لە بەرژەوەندی وڵاتەکەماندا بڕیارماندا ئەمانە بکەین:

١. دانانی بە مافە نەتەوەییەکان بۆ برا کوردەکانمان لە چوارچێوەی یەکڕیزیی نیشتمانی عێراق و جێگیرکردنیان لەنێو دەستووری کاتیدا.

٢. ئازادکردنی زیندانییەکان و لێبوردنی گشتی بۆ ئەو کەسانەی بەهۆی ڕووداوەکانی باکوورەوە تۆمەتبارکراون و دەستگیرکراون. موڵک و ماڵی دەست بەسەرداگیراوی جووڵاو و نەجوڵاو دەبێت بۆ خاوەنەکانی پێشوویان بگەڕێنرێنەوە.

٣. دووبارە دامەزراندنەوەی حکومەتی خۆجێیی لە ناوچەکانی باکوور.

---

(١) ڕۆژنامەی الفجر الجديد (بەرەبەیانی نوێ) لە ١١ شوباتی ١٩٦٤ ، بەغدا.

٤. گەڕاندنەوەی کارمەندان و کارمەندانی گشتی لە کار دوورخراو بۆ پۆستەکانی پێشوویان.

٥. کۆتایهێنان بە ئابلۆقەی ئابووری لە ناوچەکانی باکوور.

٦. دەبێت دەستبەجێ و بەبێ دواکەوتن ناوچەکانی باکوور ئاوەدان بکرێنەوە و قەرەبووی قوربانیان و زیانلێکەوتوان بکرێتەوە.

٧. دەبێت قەرەبووی دادپەروەرانە بۆ ئەو کەسانە بکرێتەوە کە زەوییەکانیان بەهۆی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخانەوە ژێر ئاو کەوتووە.

٨. دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە باکوور.

٩. وەزیرە پەیوەندیدارەکان یاسا و ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕاگەیەنراوە ئامادە دەکەن"[1].

ڕۆژنامەی لو مۆند لە لێدوانێکدا سەبارەت بەم هەواڵە نووسیویەتی: "مەگەر ڕێکەوتنێکی نهێنی هەبێت... مەرجی ڕاگەیەنراوەکانی لە ڕادیۆی بەغداوە پەخش دەکرێن سەرسوڕهێنەر دەردەکەون. لە ڕاستیدا؛ ژەنەراڵ بارزانی هەمیشە ڕەتیکردووەتەوە چەک دابنێت، پێش ئەوەی "مافە نەتەوەییەکانی کورد" لە دەستووردا بچەسپێنرێت و بە کردەیی دانی پێدابنرێت کە پێناچێت هێشتا وابێت"[2]. لە سەروتارێکی تری ڕۆژنامەکە بە ناونیشانی "ئاگربەستی عەرەب و کورد"، هەمان ڕۆژنامە[3] جەخت لە ڕۆڵی ناسر و "لووتکە"ی عەرەبی لە کۆتایی ئەم ڕووداوەدا دەکاتەوە، بۆ "ڕزگارکردنی سوپای عێراق لە ئەرکە ناوخۆییەکانی بۆ ئامادەکردنی لە حاڵەتی پێکدادانێک لەگەڵ ئیسرائیل". هەروەها سەروتارەکە ئاماژە بەوەشدەکات:

"لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ بەرپرسانی عێراقی ڕایانگەیاند، دەتوانن گروپەکانی بارزانی لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا لەناوبەن، بەڵام لە کانوونی دووەمی ١٩٦٤، تێگەیشتبوون کە نە شەڕی سەرتاسەری و نە سەرکوتکردنی دڕندانە و بێ بەزەییانە، ناتوانن بزووتنەوەیەک بوەستێنن کە بە توندی لەلایەن خەڵکەوە پشتگیری

(١) ڕۆژنامەی الفجر الجدید (بەرەبەیانی نوێ) لە ١١ شوباتی ١٩٦٤ ، بەغدا.

(٢) ژمارەی ڕۆژی ١٢ شوبات.

(٣) ژمارەی ڕۆژی ١٤ شوبات.

دەکرێت و لەناو جەماوەر ڕەگی داکوتاوە. شکستی سەربازی؛ ناڕەزایی زۆری لە سوپا دروستکرد، ئەمەش ناڕەحەتی دانیشتوانی زیاد کرد(...). قاهیرە بۆ پشتیوانیکردن لە هەوڵەکانی جەنگی عێراق لە ئەگەری ئەوەی کورد سەقفی داواکارییەکانی بەرز بێت، لە ناردنی هێزی ئاسمانی میسر بۆ ئەنجامدانی ئەرکی تایبەت بۆ بەغدا، دوودڵ نەبوو (...)".

"ڕێککەوتننامەکە باس لە مافی ئۆتۆنۆمی ناکات کە ژەنەڕاڵ بارزانی داوای دەکات. هەروەها ئاماژە بە پێکهێنانی حکومەتی خۆجێی یان هەرێمی ناکات و باسی سروشتی پێکهاتەی نەژادی هێزە ئەمنییەکان ناکات کە لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری کوردستان بەرپرس دەبن".

دوای ڕاگەیەنراوەکەی ١٠ی شوبات؛ شاندێك لەلایەن ژەنەڕاڵ بارزانی نێردرایە بەغدا، شاندەکە توانیان لەگەڵ حکومەت بگەنە ڕێککەوتن. ئەم ڕێککەوتنە بە گرتنەبەری ئەم هەنگاوانەی خوارەوە"ململانێ و گرژییەکان"ی کەمکردەوە:

أ. جەنگاوەرانی کورد کە بە پێشمەرگە ناسراون، دەبێت لە ناوچەیەکی دیاریکراو کۆببنەوە، تا ئەوکاتەی بڕیار لە چارەنووسیان دەدرێت.

ب. حکومەت بە دەرکردن و چەکداماڵینی نیوەی یەکەمی هێزە نائاساییەکان دەست پێدەکات کە پێیان دەوترێت "سوارچاکەکانی سەڵاحەددین" یان "جاش".

ج. ئیدارە خۆجێییەکان وردە وردە دەگەڕێنەوە، بەڵام لە هەر قۆناغێکدا تەنیا بە ڕەزامەندی بارزانی دەبێت.

د. هەڵوەشاندنەوەی نیوەی دووەمی "سوارچاکەکانی سەڵاحەددین" یان "جاش" وردە وردە ئەنجام دەدرێت، کاتێک هەنگاوە سەرەتاییەکانی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ دەکرێت.

ه. تێکەڵکردنی ئەفسەر و سەربازە کوردەکان لە سوپا و پۆلیسی عێراقدا کە دەیانەوێت ڕیزەکانی پێشمەرگە بەجێبهێڵن. بە ڕەزامەندی ئەوان وەک بەشێک لە هەوڵەکانی ئاشتبوونەوە و ئاشتکردنەوەی نیشتمانی جێبەجێ دەکرێت.

و. گەڕاندنەوەی خاک و گوندەکان بۆ ئەو گوندنشین و جوتیارە کوردانەی لە زێدی خۆیان دەرکراون.

ز. ڕاگەیەنراوەکانی ١٠ی شوبات لەگەڵ هەندێک گۆڕانکاری و هەموارکردن دەبنە بنەمایەک بۆ داننان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد[1].

مەرجەکانی ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێ نەکران. مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەگەڵ ئەو دانوستانانە نەبوو. لە دژی دەسەڵاتی ژەنەڕاڵ بارزانی یاخی بوون و داوای بەردەوامی شەڕیان لە دژی بەغدا کرد. بەتایبەتی ڕەخنەیان لە بارزانی گرت کە داوای لە کوردەکان کردووە، بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و قبوڵکردنی گەڕانەوەی ئیدارەی حکومەتی عێراق بۆ چەند ناوچەیەکی ئازادکراو. تەنانەت هەندێک لە لایەنگرانی بارزانییان بە "خیانەت لە شۆڕش" تۆمەتبار کرد. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ سەرباز و ئەفسەرێکی کورد ڕیزەکانی لەشکری شۆڕشی بەجێنەهێشت و یەکەکانیان لە شوێنی خۆیان مانەوە.

کاتێک لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٦٤ سەردانی ناوچەکانی ڕانییە و قەڵادزێمان لەناوچە ئازادکراوەکان کرد کە بارەگای ژەنەڕاڵ بارزانیشی تێیدا بوو، تەنیا ئامادەبوونێکی سیمبولی ئیدارەی عێراقی تێدا بوو: پێنج یان شەش پۆلیس و دوو یان سێ کارمەندی مەدەنی کە بە ئاشکرا نارەحەت و ترساو دیار بوون لەنێو سوپایەکی پێشمەرگە کە شانازی بە نیشاندانی هێزەکانیانەوە دەکەن. ئەو یارمەتیانەی بەغدا پێشکەشی کرد، خۆی لە چادر و بارهەڵگری پڕ لە کیسەی ئارد و هتد دەبینییەوە، کە بۆ مەبەستی پاڵپشتیکردنی لەشکری شۆڕشی سەرکەوتوو بەکارهات، بەڵام لەشکرێکی زۆر هەژار بوو. کاتێک پرسیارمان لە ژەنەڕاڵ بارزانی کرد، بۆچی بە ئاگربەست ڕازی بوو، وەڵامی دایەوە: "لە سەرەتادا، سوپاکەمان لەسەر خەڵک و میلەت دەژیا، بەڵام دوای دوو ساڵ شەڕ، دەبووایە خەڵک لەسەر سوپا بژین". ئەو ئاماژەی بە هەژاریی گشتی دەکرد کە بەهۆی جەنگەوە دروستبوو: بەروبوومەکان وێران بوون و لەناوچوون، بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەهۆی بۆمبارانەکانەوە کەمبوونەتەوە، ئاژەڵەکان لەناوچوون، بازرگانی تووتن بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات، بەرهەمە سەرەکییەکانی وەک شەکر، چا و ڕۆن کەم بوون و زۆر گران بوون. ئاگربەست پشوویەکی کورتی پێشکەش بە دانیشتوان کرد، بۆئەوەی بە شێوەیەکی

(١) ئەرشیفی شۆڕش (ڕێککەوتنەکە بە نهێنی مایەوە)

کاتـی ژیانـی ئاسـایی و بەرهەمهێنـان و بازرگانـی دەسـتپێبکەنەوە و چاوەڕێـی پەرەسـەندن و پێشـهاتەکانی داهاتـوو بـن.

ڕێککەوتنـی ١٠ی شـوبات هـۆکاری ڕاسـتەقینەی قەیرانەکـە نەبـوو، بەڵکـو هـۆکاری ڕاسـتەقینە ململانێیەکـی درێژخایـەن بـوو. لـە ڕاسـتیدا؛ لەنـاو بزووتنـەوەی کوردیـدا دوو تێڕوانینـی سـەرکردایەتی دژ بـە یـەک هەبـوون: دیـدگای یـەک سـەرکردەیی کـە بارزانـی نوێنەرایەتـی دەکات و سـەرکردایەتییەکی هاوبـەش و کاری دەسـتەجەمعی کـە مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەرگری لێدەکات. لـە مەکتەبـی سیاسـی دەیانویسـت پارتـی بـە ڕەهایـی کۆنتڕۆڵـی شـۆڕش بـکات، تەنانـەت کەسـە سـەربەخۆ سیاسـیەکانیش لەخۆبگرێـت. لـە ڕاسـتیدا، مەکتەبـی سیاسـی بـە شـێوەیەکی سـەرەکی فەرمانڕەوایـی ناوچەکانـی باشـووری دەکـرد، لـە کاتێکـدا بارزانـی کۆنترۆڵـی باکـووری دەکرد. لەگـەڵ ئەوەشـدا، دەسـەڵاتی بارزانـی بەسـەر هەمـوو بزووتنەوەکـەدا تەنیا تیۆری بـوو. تێڕوانینـی گەنجانـی مەکتەبـی سیاسـی، مۆدێـرن، کۆمەڵایەتـی و شۆڕشـگێڕانەتر، ئومێدبەخـشتر دەردەکـەوت، بـەڵام جێبەجێکردنـی لـە کۆمەڵگایەکـدا کـە هەلومەرجـی کۆمەڵایەتـی و نەریتـی ئاسـانکاری بـۆ ئـەم جـۆرە حوکمڕانییـەدا نەکـردووە، ئەسـتەم بـوو. بـەم شـێوەیە، ئـەم بۆچوونـە لەگـەڵ واقیعـدا ناکـۆک بـوو: ڕۆڵـی سـەرەکی و سـیمبوڵی "سـەرکردە و پاڵەوانـی نەتەوەیـی" و تایبەتمەندییەکانـی تایبـەت بـە کۆمەڵـگای کـوردی، گومانـی لـە دەسـەڵاتی بارزانـی زیاتـر کـرد. لای بارزانـی خەڵـک و کێشـەکانیان کۆنکرێتی و بەرجەسـتەن و دەبێـت ڕاستەوخۆ چارەسـەر بکرێـن. لای خۆیانـەوە ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـی ئـەم کێشـانە درك پێدەکـەن، بـەڵام لـە ڕێگـەی بیرۆکـەی تیۆریـەوە شـیکارییان بـۆ دەکـەن. کێشـەیەکی دیکـە ئـەوە بـوو؛ مەکتەبـی سیاسـی کەسـانی سـەربەخۆی خسـتە ژێر دەسـەڵاتی ئەندامانـی حزبـەوە، تەنانـەت ئەگـەر ئـەو سـەربەخۆیانە ئەزموونـی زیاتریـان هەبێـت، یـان پێگـەی کۆمەڵایەتـی بەرزتریـان هەبێـت. ئەمـەش دەسـەڵاتی حزبـی بەهێزتـر کـرد و هـەر ڕێکخراوێکـی سیاسـی دیکـەی بـەدەر کـرد، کـە دەکـرا ببێتـە هـۆی حوکمڕانـی پاوانخوازانـە. ئـەم بۆچوونـە ڕوونـی کـردەوە کـە بۆچـی پێکهاتـە شـیوعییەکان پشـتگیری بارزانـی دەکـەن لـە ململانێیـدا لەگـەڵ مەکتەبـی سیاسـیدا، سـەرەڕای لایەنـە خێڵەکیەکانـی پەیوەسـت بـە سـەرکردایەتیەکەی. بارزانـی ستراتیژێکـی جیـاوازی پێشـنیاز کـرد: سـەرکردایەتی شـۆڕش بـکات لـە ڕێگـەی کۆکردنـەوەی هەمـوو گروپـە کۆمەڵایەتـی و

سیاسییەکان لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا، بە پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە. ئەم دیدگایە لە چوارچێوەی جەنگدا واقیعیانەترە و زیاتر دەگونجێت و ئامانجی یەکێتی نەتەوەیی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو مەترسی هەبوو کە ئەو تێڕوانینەی پێ ببەخشێت کە شۆڕشی کورد تەنیا کاری یەک پیاوە و تەنیا لەلایەن بارزانییەوە بەڕێوە دەبرێت کە دەتوانێت ناوبانگی لە دەرەوە لەکەدار بکات.

لە ڕاستیدا؛ شۆڕشی کورد پڕۆژەیەکی بەکۆمەڵ بوو، لە سەرووی هەمووشیانەوە لەلایەن خەڵکەوە بەڕێوە دەچوو. لەلایەکی ترەوە، ستراتیجی سەربازی لە دەستبەسەرداگرتنی بەرنامەی کۆمەڵایەتی پارتی مەترسی هەبوو، کە لەوانەیە لە درێژخایەندا کێشە دروست بکات. مێژوو دەریدەخات کە بزووتنەوەیەکی کوردی بەبێ پارتێکی سیاسی کە سەرکردە و ئایدۆلۆژیا و پرۆگرامی بۆ دابین بکات، زۆرجار بە شکست مەحکومە. ئەگەر کەسێک، تەنانەت کەسێکی بەڕێز و سەرکەوتووش بێت، هەموو شتێک بەڕێوە ببات، لەوانەیە هەڵە بکات یان دیار نەمێنێت. ئەو کاتە چی ڕوودەدات؟ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە ڕاستە کە گروپێک یان سەرکردایەتییەکی بە کۆمەڵ دەتوانن بە هەمان شێوە هەڵە بکەن.

ناکۆکی نێوان ئەو دوو گروپە ئەوەندە بەهێز بوو، لە ساڵی ١٩٦٢ بارزانی بە ڕۆژنامەنووسانی بیانی گوت "ئەو سەرۆکی پارتی نییە" کە بووە جێی سەرسوڕمانی ڕۆژنامەنووسەکان. لای خۆیەوە ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری مەکتەبی سیاسی جەختی لەوە کردەوە بارزانی بە ژەنەڕاڵ "دو گۆلی کورد" دادەنرێت کە لایەنگری "دەسەڵاتی شەخسی" و کۆنەپارێزە و پەیوەستە بە خێڵ و هۆزەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ بارزانی پێشنیازی کرد، لەوانەیە ناچار بێت "ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بگۆڕێت، لە جێی ئەوان کەسی تر دابنێت" و بە "هێزێکی سەرکوتکەر لە دژی گەلی کورد تۆمەتباری کردن ". ئەم گرژییانە کە پێشتر بە زەحمەت کۆنترۆڵ کرابوون، دوای ئاگربەستی ١٠ی شوبات؛ بە ئاشکرا سەریانهەڵدا و بووە ململانێی حەتمی. بەغدا خۆشحاڵ بوو بەم دابەشبوونە و چاوەڕێی دەرکەوتنی ئەنجامەکەی بوو.

مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە کاریگەریی ڕاستەقینەی خۆی لە وڵاتدا وەهم و خەیاڵی هەبوو، بەڵام لە کۆکردنەوەی فەرماندە سەرەکییەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی

کوردستان لە دژی فەرماندەی گشتی ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی شکستی هێنا. نزیکەی حەفتا کەسیان کە دڵسۆزی بارزانی بوون، هەموویان ئەفسەری پیشەیی یان کۆمیسیاری پێشووی پۆلیس بوون، ئامادەی کۆنفرانسی سەربازی بوون کە لەلایەن بارزانی، ڕێبەری کورد لە هەفتەی کۆتایی مانگی ئاداردا بەسترابوو. ئەم کۆنفرانسە چەند هەنگاوێکی نا: فەرماندەیی هێزی کاوە بە موقەدەم عەزیز ئاکرەیی سپێردرا کە جێگەی عومەر مستەفا ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەگرێتەوە. فەرماندەیی هێزی خەبات بە عەقید نوری مەعروف درا کە جێگەی عەلی عەسکەری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان دەگرێتەوە. جەلال تاڵەبانی لە پۆستە گرنگەکەی لە ناوچەکانی کەرکووک و سلێمانی لانەدراوە. تاڵەبانی بە جۆش و خرۆش و خوێنگەرم هێشتا دوودڵ بوو، لەوانەیە هیوای ئەوەی خواستبێ خۆی لە پچڕانی تەواو بە دوور بگرێت. بارزانی ئەوی خۆشی دەویست، هێشتا هیوای خواست بیکاتە یاریدەر و جێگری سەرەکی خۆی و سکرتێری پارتی. تەنیا ژمارەیەکی کەم لە ئەفسەران پێیان باش بوو لە پشتەوەی ڕووداوەکان بمێننەوە و چاوەڕێ بکەن، لەوانەیە لە پەرەسەندنی ڕووداوەکان نائومێد بووبن. چوار یان پێنجێکیشیان دوای مەکتەبی سیاسی کەوتبوون.

لە ٤ تا ٩ی نیسان، مەکتەبی سیاسی لە مۆڵگە و بارەگاکەی خۆی لە ماوەت کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەست کە لە دژی بارزانی سەرۆکی پارتی، بڕیارنامەیەکی پەسەند کرد. ئەم بڕیارە لە شێوەیناملکەدا بڵاوکرایەوە، کە ناونیشانێکی تۆمەتبەخشانەی هەڵگرتبوو: "ڕێککەوتنی عارف-بارزانی، ئاشتی یان خۆبەدەستەوەدان و تەسلیمبوون؟". بەڵگەنامەکە لە ١٩ی نیسان ڕەخنەی توندی لەو ڕێککەوتنەی باسی لێوە دەکرێت گرتووە و دەڵێت ئامانجەکانی شۆڕش بۆ ئۆتۆنۆمی بەدیناهێنێت. بارزانی بەوە تۆمەتبار دەکات کە دژ بە ئازادییە دیموکراتییەکان و چالاکیی پارتەکە کاری کردووە بەتایبەتی لە ١٠ی شوباتەوە. هەروەها ڕەخنە لە بارزانی دەگرێت کە داواکاریی لاوەکی وەک قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی جەنگ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە خستووەتە سەرووی داواکارییە سەرەکییە نەتەوەییەکانەوە. لە کۆتاییدا ڕەخنە لەو ڕاستییە دەگرێت کە بارزانی ڕێگەی بە حکومەتی دیکتاتۆری بەغدا داوە، پارت و بزووتنەوەکە سەرکوت بکات و بە ئەنقەست ئاماژە بە دەستەواژەی

"کوردستان" نەکات و خۆی بە ئاماژەکردن بە "ناوچە " سنووردار کردووە. بەتایبەتی ڕەخنەی لێدەگرێت کە بەڵێنی بە بەغدا داوە ڕێگە بە گەڕانەوەی ئیدارەی حکومەت بدات بۆ ناوچە ئازادکراوەکان. بڕیاری کۆنفڕانس سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پارتی بەم شێوەیە داڕێژراوە:

"لە کاتێکدا جەنابی مستەفا بارزانی وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان؛ بەم دواییانە دەستیکردووە بە بڕیاردان کە لەگەڵ بەرژەوەندی شۆڕشەکەمان و گەلەکەماندا ناگونجێت، بەڵام پێویستە سەرنجی ئەندامان و دۆستەکانی پارتی بۆ ئەو ڕاستییە ڕابکێشین کە ئەم بڕیارانە لە دەرەوەی دەسەڵاتی سەرۆکی پارتین. بەپێی مادەی ٢٢ی پەیڕەوی ناوخۆی حزب، سەرۆک تەنیا مافی ئەوەی هەیە "ئامۆژگاری و ڕێنمایی کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی یان پلینۆمی پارتی" بکات. مافی ئەوەی نییە فەرمانی ڕاستەوخۆ بۆ ئەندامان و ڕێکخراوەکانی حزب دەربکات، تەنیا کۆنفڕانس، کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەکانی دیکە ئەم دەسەڵاتەیان هەیە، بەپێی پرەنسیپەکانی سەرکردایەتی بە کۆمەڵ و مەرکەزییەتی دیموکراتی ئەم دەسەڵاتەیان هەیە، بۆیە کۆنگرە بڕیار دەدات هەموو فەرمان و ڕێنماییەکانی مستەفا بارزانی وەک سەرۆکی پارتی پێچەوانەی ڕێنماییەکانی حزبە و نە لەلایەن ئەندامانی پارتی و نە لەلایەن یەکەکانی لەشکری شۆڕشگێڕییەوە(...) نابێت لەبەرچاو بگیرێن. کۆنگرە هەروەها سەرنجی بەڕێز مەلا مستەفا بۆ پێویستی ڕێزگرتن لە ڕێنماییەکانی پارتی ڕادەکێشێت و داوا دەکات لە ماوەی یەک هەفتەدا بە فەرمی ملکەچی ئەو بڕیار و ڕێوشوێنانە بێت کە ئێمە لە کۆنفڕاس سەرکۆنە و ئیدانەمان کردوون و دەبێت پاشگەز ببێتەوە و لە داهاتوودا هیچ هەنگاوێکی تری تاکەکەسی نەگرێتەبەر و ڕێنماییەکانی پارتی پێشێل نەکات"[1].

مەکتەبی سیاسی دەستبەجێ بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنفڕانسی ماوەتی بڵاو نەکردەوە. لە بری ئەوە شاندێکی نارد بۆ چاوکەوتن بە ژەنەڕاڵ بارزانی لە ڕانیە، بۆئەوەی ئەمەی پێ ڕابگەیەنن، بارزانی لەبەرامبەردا ڕایگەیاند؛ ئەم کۆنفڕانسە نایاساییە، چونکە بەپێی یاساکانی پەیڕەوی ناوخۆی پارتی ئامادەبوونی سەرۆک

(١) ئەرشیفی شۆڕش.

ئیجبارییــە، بۆیــە پێشــنیازی کــرد لــە مــاوەی مانگێکــدا کۆنگرەیەکــی فەرمــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لــە قــەڵادزێ ببەسترێــت، بۆئــەوەی بتوانێــت ناکۆکییەکــە یەکلایــی بکاتــەوە. شــاندەکە گەڕایــەوە مــاوەت، بــەڵام مەکتەبــی سیاســی ڕەتیکــردەوە و گوتــی: ئەندامەکانــی لــە کۆنگرەیەکــی لــەو شــێوەیەدا پارێــزراو نابــن، چونکــە لەژێــر هەڕەشــەی "چەکــی پیاوانــی بارزانــی" بەڕێوەدەچێــت. پاشــان مەکتەبــی سیاســی بڕیــاری بڵاوکردنەوەی بڕیارەکانــی کۆنفرانســەکەی دا، بــە بڵاوکردنــەوەی نامیلکەیــەك بــە ناونیشــانی "ڕێککەوتنــی عارف-بارزانــی ئاشــتی یــان خۆبەدەســتەوەدان و تەســلیمبوون؟" ئــەم دەقــە تونــد و زبــرە بــووە هــۆی شــۆک و جێــی سەرســووڕمان لای زۆرینــەی گەلــی کــورد. لــە ١٤ی حوزەیــران، ئیبراهیــم ئەحمــەد و ســێ ئەندامــی دیکــەی مەکتەبــی سیاســی لەگــەڵ بارزانــی لــە ڕانیــە کۆبوونــەوە، لــە کۆتاییــدا بــە بەســتنی کۆنگــرە لــە ٢٥ی حوزەیــران بــە سەرپەرشــتی لێژنەیەکــی بێلایــەن ڕازی بــوون. لەگــەڵ ئەوەشــدا؛ ڕووداوەکانــی دوای ئــەوە هێشــتا نادیــارن و نازانیــن چــی ڕوودەدات. موقــەدەم عەزیــز شــەمزینی کــە بــەم دواییانــە ببــووە ئەندامــی مەکتەبــی سیاســی، لــە ڕانییــە دەســتگیرکرا و ئیبراهیــم ئەحمــەد ناچــار بــوو بگەڕێتــەوە مــاوەت.

لە سەرەتای مانگی تەمووز لە قەڵادزێ شەشەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچــوو و نزیکــەی ٩٠٠ نوێنــەری تێدا کۆبــووەوە. هەرچەنــدە لــە ڕێگــەی بروســکەوە مەکتەبی سیاسی بۆ بەشداریکردن بانگهێشت کرابوو، بەڵام بڕیاری دا بەشداری نەکات. لەم کۆنگرەیەدا؛ لە کۆی حەڤدە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە پێنج ئەندامی مەکتەبی سیاسی تێدایە، بڕیاردرا چواردە ئەندام دەربکرێن. ســەرەنجام بە هەڵبژاردن کۆمیتەی ناوەندی نوێ و مەکتەبی سیاســی نوێ هەڵبژێردرا و لەلایەن ژەنەڕاڵ بارزانی هەموویان پەســەند کران[1]. لــە ١٠ی تەمــووز، ڕادیــۆی "دەنگی کوردســتان" کــە بارەگاکــەی لــە ماوەتــە، بانگەوازێکــی بڵاوکــردەوە و داوای لــە پێشــمەرگە کــرد، یاخیبــوون دژی ژەنــەڕاڵ بارزانــی و کۆمیتــەی ناوەنــدی نوێــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان ئەنجــام بــدەن. ئــەم داواکاریانــە بــێ ئەنجــام بــوون. لــە ١٣ی تەمــووز ژەنەڕاڵ بارزانی بە ســەرکردایەتی هێزێکی چەکــدار، بەرەو ماوەت ڕۆیشــت و داوای لــە کۆمیتــەی ناوەنــدی پێشــوو کرد، هەمــوو موڵك و کەرەســتەکانی پارتی

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم کۆنگرەیە بڕوانە پەرەگرافی دواتر.

و شـۆڕش بـە چـەک و کەلوپـەل و پێداویسـتییەکان بداتـە کۆمیتـەی نـوێ، بـەڵام کۆمیتـەی کۆن ڕەتیکـردەوە.

لـە ١٦ی تەمـووز پێکدادانێـک ڕوویـدا و دوازدە چەکـدار کـوژران کـە هەشـتیان لـە ڕیزەکانـی هێزەکانـی بارزانـی بوون. لـە ڕووبەڕووبوونەوەی شکسـتدا، لایەنگرانـی مەکتەبی سیاسـی پێشـوو کـە نزیکـەی پێنج سـەد کەس بـوون (نزیکـەی هەموویـان ئەندامانـی پارتی بـوون) ناچـار بـوون پاشەکشـە بکـەن و چەکەکانیان لەگـەڵ خۆیان ببـەن، سـنوور تێپەڕێنن و لەگـەڵ سـەرکردەکانیان پەنـا بەرنـە بـەر ئێـران. هێرشـبەران ئـەو گروپەیان بـە لەناوبردنی بڕێکـی زۆر خۆراکـی عەمبارکـراو و ئێسـتگەی ڕادیـۆی کـۆن و بردنـی ئێزگـەی ڕادیـۆی نـوێ تۆمەتبـار کـرد. هەفتەیـەک پـاش هەڵهاتـن، یاخیبـووان هەوڵیـان دا بـە هێـز بگەڕێنـەوە ناوچـەی چوارتـا و بانگەشـەی ئەوەیـان کـرد کـە "ناوچـە ئازادکـراوەکان هـی بارزانـی نیـن"، بـەڵام دووبـارە بەرپەرچیـان درایـەوە و ڕاونـران. دەسـەڵاتدارانی ئێران بە ڕێزگرتن لە یاسـا و ڕێسـا نێودەوڵەتییـەکان، پەنابەرەکانیـان لە چەک داماڵیـن و میوانداریيان کـردن. ئەو پیاوانە گواسـتراونـەوە شـاری هەمـەدان، لەوێـش بـە پیاسـەکردن لەنـاو شـەقامەکان بـە جلوبەرگـی پێشـمەرگەوە لەگـەڵ خەڵکـی ناوچەکە ئاشـنا بـوون. سـەرکردەکان وەک ئیبراهیـم ئەحمەد، جـەلال تاڵەبانـی، عومـەر مسـتەفا، عەلـی عەسـکەری و حیلمی شـەریف، برانە تـاران، دواتر دوکتـور عەزیـز شـەمزینی پەیوەنـدی پێیانەوەکـرد، بـەڵام هەریـەک لـە نـوری شـاوێس و عەلـی عەبـدوڵڵا و سـاڵح یوسـفی، لـە کوردسـتان مانەوە.

بەدرێژایـی قەیرانەکـە، کوردانـی وەک ژەنـەڕاڵ فوئـاد عـارف و ڕەشـید عـارف و حەمـە ڕەشـید خـان و عەبـاس مامەنـد ئاغـا هەوڵیان دا خۆیـان لـە ڕووبەڕووبوونـەوە و پێکدادانی حەتمـی نێـوان هـەردوو لایەنـی ڕکابـەر بـەدوور بگـرن. بەداخـەوە هەوڵەکانیـان بـێ سـوود بـوو. لـە ئەیلوولـی ١٩٦٤ دوای گەڕانەوەمـان لـە ئەوروپـا، ئێمـە و بەڕێـز کەمـال فوئـاد هەوڵمانـدا ناوبژیوانـی نێـوان تـاران و ڕانییـە بکەیـن بـە هیـوای ئاشـتبوونەوەی ئـەو دوو لایەنـە و گەڕاندنـەوەی پەنابەرانـی ئێـران بـۆ ژێـر دەسـەڵاتی بارزانـی، بـەڵام ئـەم هەوڵانـە بێهـودە بـوون. خوێنـڕشتن هیـچ متمانەیەکـی نەهێشـت و جیاوازییـە سیاسـییەکان گـۆڕان بـۆ ڕق و کینـەی سەرسـەخت و دوژمنایەتـی لـە هـەردوولا[1].

(١) هەروەهـا لـە سـەر ئـەو قەیرانـەی کـە باسـی لێـوە دەکرێـت، لێکۆڵینـەوەی ج.پ ڤینـۆت لەسـەر

هەرچەنـدە، ئـەم قەیرانـە ناوخۆییـە کاریگەرییەکـی کەمـی لەسـەر هێـزی سـەربازی شـۆڕش هەبـوو. لەشـکری شۆڕشـی کوردسـتان بـە دڵسـۆزانە وابەسـتەی فەرمانـدەی گشـتی خـۆی مسـتەفا بارزانـی مایـەوە.

تەنانـەت پێشـمەرگە ئاوارەکانـی شـاری هەمـەدان بـەو هیوایـە دەژیـان کـە شـەڕ دووبـارە دەسـتپێبکاتەوە، بۆئـەوەی بتوانـن بگەڕێنـەوە کوردسـتان و ئەرکەکانیـان بەجـێ بگەیەنـن. کاتێـک شـەڕ لـە سـاڵی ١٩٦٥ دەسـتیپێکردەوە، پەنابەرانـی ئێـران لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی شۆڕشـگێڕی نوێـوە ڕێگەیـان پێـدرا، بگەڕێنـەوە کوردسـتان. "پەنابەرانـی پێشـووی هەمـەدان" گەڕاونەتـەوە نـاو لەشـکری شـۆڕش، بـەڵام سـەرکردەکانیان کـە ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـی پێشـوون، لـە دۆڵـی شـاورێ لـە ماڵەکانیـان دەستبەسـەرکران، بێجگـە لـە ئیبراهیـم ئەحمـەد کـە لـە تاراوگـە و ئاوارەیـی مایـەوە. ئێمـە هیوامـان دەخواسـت ئـەوان بخرێنـە نـاو ئەنجومەنـی فەرماندەیـی شۆڕشـەوە کـە لـە سـاڵی ١٩٦٤ پێکهـێنراوە، بـەڵام ژەنـەڕاڵ بارزانـی بـە تونـدی دژایەتـی ئـەوەی کـرد و ڕەتیکـردەوە. ئێمـە هەوڵمانـدا بەرگریـان لێبکەیـن لـە دژی تاوانبارکردنیـان لەلایـەن بارزانـی کـە بـە "خیانەتـکار و سـیخوڕی بەغـدا" ناویانـی دەبـرد، لـە کاتێکـدا دان بـەوەدا دەنێیـن "هەڵـەی گەورەیـان کـردووە". ئـەم هەڵوێسـتەی ئێمـە مانگێـک ناکۆکـی لەگـەڵ سـەرکردەی شـۆڕش و هۆشـداریدانێکی لەلایـەن ئـەوەوە بـۆ ئێمـە لێکەتـەوە. لـە کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٦ تاڵەبانـی و عومـەر مسـتەفا و عەلـی عەسـکەری و حیلمـی شـەریف توانیـان لـە دۆڵـی شـاورێ هەڵبێـن. چەنـد سـەد کـەس لـە لایەنگرانـی پێشـوویان کۆکـردەوە و بـە پشـتیوانی ئاشـکرای حکومەتـی عێراقـی بـەرەی شـەڕیان لـە چەنـد ناوچەیەکـی باشـوور لـە نزیـک سـەربازگەکانی سـوپای عێـراق پێکهێنـا. لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٦٦ کاتێـک شـەڕی ڕوانـدز لـە نێـوان سـوپای عێـراق و لەشـکری شـۆڕش پەرەیسـەند. ئـەم بەرهەڵسـتکارانە لـە هەوڵێکـی سـەرنەکەوتوو و نەزۆکـدا ویسـتیان هێـرش بکەنـە سـەر لەشـکری شـۆڕش و هەوڵیـان دا کۆنتڕۆڵـی چەنـد لیوایەکـی دوور بەدەسـتبهێننەوە. بـە وتـەی لایەنگرانیـان؛ ئـەم هەوڵانـە دوای شـەڕەکەش بـەردەوام بـوون.

---

"بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد"، لە ڕۆژنامەی ئۆریانت.

ئـەم ڕووداوە بـۆ ئێمـە ئازاربەخـش بـوو، بەتایبەتـی کـە ئێمـە هاوڕێـی زۆربـەی ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـی پێشـوو بوویـن. زەحمەتـە بڵێین ئـەوان چۆن هەڵسوکەوتیان دەکـرد، ئەگـەر ژەنـەراڵ بارزانـی ڕازی بووایـە، سـاڵی ١٩٦٥ بیانخاتـەوە نـاو ڕیزەکانـی بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕییەوە، وەک ئـەوەی ئێمـە هیوامـان دەخواسـت. هەرچەنـدە، ئاشکرایە ئـەم گروپـە بـە هـاوکاری ژەنەڕاڵەکانـی بەغـدا دژایەتی شۆڕشیان کـرد، دەتوانین بزانیـن چـۆن پاسـاویان بـۆ گۆڕینـی هەڵوێستەکەیان هێنابـووەوە، بـەڵام بـۆ تاڵەبانـی و شـوێنکەوتووەکانی بـاشتر بـوو سـاڵی ١٩٦٦ بگەڕێنـەوە ماڵـەوە. ئـەوان دەیانتوانـی متمانەیـان بەدەستبهێننەوە بـە بەردەوامبـوون لـە شـەڕکردن لەگـەڵ دیکتاتـۆری سـەربازی کـە لـە سـەردەمی قاسـم زۆر ئازایانـە ڕووبەڕوویـان بوونەتـەوە. هەروەهـا دەیانتوانـی خۆیـان وەک ئۆپۆزسـیۆنێکی سیاسـی و دیموکراتـی لەنـاو خـودی شۆڕشـەکەدا نیشـان بـدەن، نـەک لـە دەرەوە دژایەتـی بکـەن.

**٢. کێشەی دامەزراوەکان**

هەرچەنـدە قەیرانەکـەی بەهـاری ١٩٦٤، هێـزی سـەربازی شۆڕشـی کـوردی لاواز نەکرد، بـەڵام دەرئەنجـام و لێکەوتـەی سیاسـی جـددی و درێژخایەنی هەبوو، گەلی کوردی تووشـی شـۆکی قـووڵ کـرد و هێشـتا لـە ڕووی دەروونییـەوە کاریگـەری بەسـەرەوە دیاربـوو. پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەشـێوەیەکی بەرچـاو لاواز بـوو و دابەشـی دوو باڵـی ڕکابـەر بـوو کـە هەریەکەیـان بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن "پارتـی ڕاستەقینەن". هەندێـک لـە لایەنگـر و ئەندامـەکان کـە زۆربەیـان لـە ئەندامـە لێهاتـووەکان بـوون، بڕیاریـان دا لایەنگـری باڵـەکان نەکـەن، یـان بۆ ماوەیەکی کاتی لە سیاسـەت بکشـێنەوە، چونکە بەهـۆی ڕووداوەکانەوە بێ هیوابـوون. بەگوێـرەی ڕۆژنامـەی لو مۆند، ئێریك ڕولۆ، پەیامنێری لـو مۆند، پارتی دیموکراتی کوردسـتان کـە پێـشتر بـە "بەهێزتریـن و ڕێکخراوتریـن پێکهاتـەی سیاسـی و سـەربازی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت" دادەنـرا، خەریکـە وزەی خۆی لـە ململانێ ناوخۆییەکاندا لەدەسـت دەدات. باڵـی بەرهەڵسـتکاری پارتەکـە لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی عێراقـەوە بەکاردەهـێنرا و هانـدەدرا. بەغـدا بـە پشـتیوانیکردن لـەم دەسـتە یاخیبووانـە هەوڵـی قووڵکردنـەوەی دووبەرەکـی لەنـاو پارتـی و لاوازکردنـی شـۆڕش لـە نـاوەوە دەدات، پـاش ئـەوەی لـە ڕووی سـەربازییەوە لەلایـەن هێـزە کوردییەکانـەوە شکسـتی پێهـێنرا.

لـەم قەیرانـەدا، هەڵەیـە ململانێکـە لە دژایەتـی نێوان بارزانـی و پارتی کـورت بکرێتەوە. لـە ڕاسـتیدا؛ مەکتەبی سیاسـی نوێنەرایەتی زۆرینەی ئەندامانی پارتی نـاکات. بەپێچەوانەوە؛ زۆرینـەی دانیشـتوانی کـورد، دڵسـۆزی دەسـەڵاتی بارزانـی بـوون و پشـتیوانیان لـە بارزانـی دەکـرد، بـەم پشـتیوانییە، ژەنەڕاڵ بارزانی بـە یارمەتی هاوپەیمانە نوێیەکان و سـەرکردەکانی ڕیـزی خـوارەوەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، توانـی لە کۆنگـرەی ١٩٦٤ دا سـەرکردایەتی پارتەکـە ڕێکبخاتـەوە. ئـەم قەیرانـە تەنیـا پەیوەنـدی بە تاکەکانـەوە نەبوو، بەڵکـو جیاوازیی قووڵـی لـە تێڕوانینی سیاسـی و تەنانەت فەلسـەفیش دروسـتکرد.

لە کاتی جەنگی جەزائیردا؛ بەرەی ڕزگاری نیشـتمانی (FLN) بە نوێنەرایەتی شۆڕشـگێڕان سـەرکردایەتی شۆڕشـەکەی کـرد، بـە واتایەکـی دیکـە بەنـاوی تـەواوی گەلـی جەزائیـر لـە ڕێگەی ئەنجومەنی شۆڕشـگێڕی و جێبەجێکردن و لیژنەکانی. تەنیا دوای ڕێکەوتنی ئیڤیان(١) و سـەربەخۆیی بـوون کـە بـەرەی ڕزگاری نیشـتمانی گـۆڕدرا بـۆ پارتێکـی سیاسـی، لـە ڕووی تیۆرییـەوە بـوو بـە تاکـە خـاوەن دەسـەڵات. ململانـێ ناوخۆییەکانـی FLN لـە نێـوان مەیل و گـرووپ و سـەرکردەکاندا دوای سـەرکەوتن لـە کاتـی دامەزراندنـی دەوڵـەت و دەسـتوری جەزائیـردا سـەریهەڵدا. لـە کوردسـتان بارودۆخەکـە ڕێك بـە پێچەوانە بوو. پارتـی دیموکراتی کوردسـتان پێـش ڕاپەڕیـن و شـۆڕش هەبـووە و لـە کاتـی جەنگـدا هەوڵـی دەدا لـە ڕێگـەی کۆمیتـەی ناوەنـدی و مەکتەبـی سیاسـییەوە خۆی وەک تاکە هێزی دەسـەڵاتی شۆڕشـگێڕانە بسـەپێنێت. تەنیا دوای قەیرانی سـاڵی ١٩٦٤ و سـەرکەوتنی بیروباوەڕەکانی ژەنەڕاڵ بارزانی بـوو، ئەنجوومەنـی فەرماندەیی شـۆڕش دروسـت بـوو کە هاوتـای بەرەی ڕزگاری نیشـتمانی جەزائیـر بـوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەڵنەوەشـێنراوەتەوە. بـە پێچەوانـەوە؛ ئـەم حزبـە وەک کۆڵەکەیەکی سـەرەکی ئەم ئەنجومەنە شانبەشـانی نوێنەرانی

---

(١) ڕێکەوتنی ئیڤیان لە ئەنجامی دانوستانەکانی نێوان نوێنەرانی حکومەتی کۆماری فەڕەنسا و حکومەتی کاتی کۆماری جەزائیر بوو بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگی جەزائیر. ئەم ڕێککەوتنانە لە چەند هەفتەی پێشتر بە نهێنی لە لێس روس نزیک سنووری سویسرا گفتوگۆیان لەسەر کرا، لە ١٨ی ئازاری ١٩٦٢ لە ئێڤیان لێ-بان واژۆ کران و لە ئەنجامدا ئاگربەست لە سەرتاسەری خاکی جەزائیرهاتە ئاراوە، لە ڕۆژی دواتر ١٩ی ئادار لە نیوەڕۆدا جێبەجێ کرا. لە لایەن فەڕەنساوە لەڕاپرسی ٨ ی نیسانی ١٩٦٢ کە لە شارە گەورەکانی فەڕەنسا ڕێکخرا پەسەند کرا و دەسەڵاتی تەواوی دا بە حکومەت بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکان بە ٩١٪ دەنگەکان و لە لایەنەنی جەزائیرەوە لە ڕاپرسی سەربەخۆیی ١ی تەمووزی ١٩٦٢ بە ٩٩.٧٢٪ ی دەنگەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

هێزەکانی تری بەشدار لە جەنگدا ماوەتەوە. ئەم پەرەسەندنەش کە بە دارشتن و دامەزراندنی دامەزراوەکان بۆ شەرعییەتدان بە شۆڕش دیاری کراوە، هەنگاوێکی ئەرێنییە بۆ پێشەوە. کێشەکە ئەوەیە ئەم گۆڕانکارییە جەوهەری و بنچینەییانە بەبێ قەیران نەدەکرا. ئەمە لە ناوەڕاستی جەنگدا دەستیپێکرد، پێش سەرکەوتنی یەکلاکەرەوە، لەگەڵ چەند دەرئەنجامێکی ناخۆش کە ئێمە دەیانزانین.

کێشەکانی پەیوەست بە بیرۆکەی "سەرکردە و پاڵەوانی نەتەوەیی" وەک تاکە سەرکردەی بزووتنەوەکە لە ڕێگەی دروستکردنی دامەزراوە شۆڕشگێڕییەکانەوە چارەسەرکرا. ئەم دامەزراوانە ڕێگە بە بەڕێوەبردنی هاوسەنگی و هاوبەشی دەسەڵات دەدەن.

لەوانەیە سەیر بێت، وا دابنرێت کە ئەوە بارزانییە دەبێت دژی ئەو دامەزراوەیە بێت و دەسەڵاتەکەی سنووردار دەکات، هاوکارە نوێکانی ڕێک دوای چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی باسمان کرد، بە دروستکردنی دامەزراوەکان شۆڕشیان ڕێکخست. هەرچەندە زیادەڕەوی و هەڵەشە، ئەگەر بڵێین مەکتەبی سیاسی بەرهەڵستکار دژایەتی دەکات. دواکەوتنی دامەزراندنی ئەم دامەزراوانە لە ڕەتکردنەوەی پرەنسیپی ئەم دامەزراوەیە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە ئاستەنگەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەم شێوازە دروستی دەکرد. ئەم گرفتانە بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی نەبوونی متمانە لە نێوان ژەنەڕاڵ بارزانی و مەکتەبی سیاسی پێشوودا بوو.

لە ڕۆژی ١٩ی نیسانی ١٩٦٢ لە نامەیەکەدا کە ئێمە بە شەخسی لە یەك کاتدا دوو کۆپیمان بۆ هەردوو لایەن نارد، بابەتی "پڕوپاگەندەی ناکۆکی" نێوان ژەنەڕاڵ بارزانی و مەکتەبی سیاسیمان خستەڕوو. هەروەها هیوامان خواست، شۆڕش بە دامەزراوەیی بکرێت، بەتایبەتی لە ڕێگەی دروستکردنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە نوێنەری هەموو لایەنە بەشداربووەکان لە خۆ بگرێت و دامەزراندنی لێژنەی جۆراوجۆر و جیاوازیشمان پێشنیاز کرد.

ژەنەراڵ بارزانی لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٦٢ بە نامەیەک وەڵامی ئێمەی دایەوە و لە دەنگۆی ناکۆکیەکان دڵنیای کردینەوە گوتی: بێ بنەمایە. هەروەها گوتیشی: "ئەو پێشنیازانەی لە نامەکەتدا پێشکەشتان کردووە، جێگەی ڕێزمانە. لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێت و ئێمە ئەوانە جێبەجێ دەکەین کە لەگەڵ هەلومەرجەکانمان

دەگونجێن. هەندێکیان ئێستا جێبەجێ کراون"[١].

مەکتەبی سیاسیش لە نامەکەی ١٠ی تەمووزی ١٩٦٢ بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە:

"...سەبارەت بە پێشنیازە بنیاتنەرەکانتان لەبارەی شۆڕش و داهاتووی شۆڕش، ئێمە لەو پێشنیازانە دەکۆڵینەوە کە بەسەرماندا تێپەڕیوون و هەلومەرجی ناوخۆ و پەرەسەندنی بارودۆخەکە لەبەرچاو دەگرین. مەسەلەی تاکە فەرماندەیی و دەستووری ئەنجوومەنی باڵای شۆڕش کە ئێوە باستان کردووە، لەمێژە بابەتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئێمەن. لەگەڵ ئەوەشدا؛ هێشتا بارودۆخ بۆ جێبەجێکردنیان گونجاو نییە، بەتایبەتی لەنێو ئەوانەدا کە بێ ڕەزامەندییان هیچ شتێك ناکرێت. سەرەڕای ئەوەش، بۆشایی لەنێوان بەرە جیاوازەکاندا هەیە، پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو شوێن و ناوچەکان هێشتا ڕێک نییە. لە کۆتاییدا، بوونی لایەنە خێڵەکیە باوەڕپێنەکراوەکان لە فەرماندەیی باڵادا، هەروەها ڕێزگرتن لە ڕای بەڕێز سەرۆکمان (مەبەستیان ژەنەڕاڵ بارزانییە) و نیگەرانیمان لە وروژاندنی جیاوازی جدی بیروڕا، ناچارمان دەکات، جێبەجێکردنی ئەم بیروبۆچوونە دادپەروەرانە و گرنگانە بۆ ئێستا دوابخەین. لەگەڵ ئەوەشدا، داواتان لێدەکەین لە نامەکانتاندا بۆ سەرۆک بارزانی، یان بۆ کەسانی پەیوەندیدار بەردەوام بن لەسەر پێویستی پێکهێنانی ئەنجومەنێکی شۆڕشگێڕی لەو شێوەیە و یەکخستنی فەرماندەیی سەربازی شۆڕشەکەمان. بارودۆخەکە بۆ لەناوبردنی توخمە دەرەبەگایەتییە هەڵپەرستەکان لە شۆڕشدا هاوشێوەیە. هەرچەندە ئەمە یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی پارتەکەمان کە دەبێت لە کاتی شۆڕشدا بەدەستبهێنرێت، بەڵام دەبێت دژایەتییەکی بەهێزی بکەین. ئێمە نامانەوێت ئێستا لەسەر ئەم مەسەلەیە ناکۆک بین، بەتایبەتی کە پارتەکە لە هەموو ئەو بوارانەدا بە نموونەیی ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات. ئەم توخمە دەرەبەگایەتیانە لە کەرتەکانی تردا خۆیان دەردەخەن، بەڵام دیسان پێویستمان بە پشتیوانی ئێوەیە لەو نامانەی کە بۆ سەرۆک بارزانی دەینێرن و هیواداریین ئەمە یارمەتیمان بدات بۆ ڕیشەکێشکردنی هەموو توخمە هەڵپەرستە دەرەبەگایەتیەکانی شۆڕش، بەتایبەتی ئەوانەی لە دەوری فەرماندەیی باڵای شۆڕشدا دەسوڕێنەوە(...)"[٢].

---

(١) ئەرشیفی تایبەتی نووسەر.

(٢) ئەرشیفی تایبەتی نووسەر.

### ٣. كۆنفرانسە ئامادەكارییەكان

لـە بەهــار و هاوینــی ١٩٦٤ چــوار كۆنفرانــس؛ یــەك لــە دوای یــەك لــە ناوچــە ئازادكراوەكانــی ژێــر كۆنترۆڵــی شــۆڕش بــەستران. ئــەم كۆنفرانســانە بوونــە هــۆی دامەزراندنــی ئەنجوومەنــی فەرماندەیــی شــۆڕش كــە دواتــر دەســتوورەكەی داڕشــت و یاســاكانی نووســییەوە:

١. كۆنفرانسی سەربازی

٢. كۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموكراتی كوردستان

٣. كۆنفرانسی جەماوەری

٤. موڵكــی گشــتی شــۆڕش قۆناغێكــی گرنگــی ڕێكخســتنی بزووتنــەوەی شۆڕشــگێڕی دیــاری كــرد. لــەو كۆبونەوانــە ئەنجوومەنــی فەرماندەیــی شــۆڕش پێكهێــنرا، ئــەم ئەنجومەنــە دەســتورێكی داڕشــت و یاســای دانــا.

١. **كۆنفرانســی ســەربازی:** وەك دەزانیــن ئــەم كۆنفرانســە لەهەفتــەی كۆتایــی مانگــی ئــادار بــە ســەرۆكایەتیی ژەنــەڕاڵ بارزانــی بەڕێوەچــوو، ئامانجــی ســەرەكی دەرچوونــی بڕیــاری ســەربازی بــوو لــە بەرامبــەر مەكتەبــی سیاســی پارتــی دیموكراتــی كوردســتان كــە خەریــك بــوو لــە حاڵەتــی یاخیبوونــدا بێــت. لــەو كۆبوونەوەیــەدا ســەركردەكانی لەشــكری شۆڕشــی كوردســتان ئــەو كەسانەشــیان دەستنیشــان كــرد كــە لــە ئەنجوومەنــی شــۆڕش نوێنەرایەتیــان دەكــەن.

٢. **كۆنگــرەی شەشــەمی پارتــی دیموكراتــی كوردســتان:** كۆنگرەكــە لــە ١ تــا ٩ی تەمــووز لــە قــەڵادزێ بەڕێوەچــوو، لــە كەشــێكی تایبــەت بــەو قەیرانــەی كــە لەســەرەوە باســمان كــرد. كۆنگــرە گۆڕانــكاری لــە بەرنامــەی پارتیــدا كــرد بــە زیادكردنــی دوو مــادە كــە ئامانجەكانــی بزووتنەوەكــەی توندتــر و ڕوون دەكــردەوە:

"**مــادەی ســێیەم:** ئێمــە لــە پێنــاو ڕزگاری و بەدەســتهێنانی ئۆتۆنۆمــی بــۆ كوردســتانی عێــراق شــەڕ دەكەیــن و لــە چوارچێــوەی كۆمــاری عێراقــدا دەمێنینــەوە.

**مادەی چوارەم:** ئەگەر کۆماری عێراق لەگەڵ وڵاتێکی دیکەی عەرەبی یەکبگرێت، ئەوا گەلی کورد خۆی بڕیار لەسەر ئایندە و چارەنووسی خۆی دەدات"[(١)].

مادەی ٣ی پرۆگرامی کۆن کە ئاماژەی بە "پەنابردن بۆ زانستی مارکسیزم-لینینیزم کرد" هەموارکرایەوە و بوو بە مادەی ٥ و ئێستا بەم شێوەیە داڕێژراوە:

**مادەی پێنجەم:** "پارتی لە خەباتی سیاسی و شیکارییە کۆمەڵایەتییەکەیدا پەنا دەباتە بەر مەزهەبی زانستی پێشکەوتنخواز کە لەگەڵ واقیعی گەلی کوردماندا دەگونجێت."

لە پرۆگرامە نوێکەدا، ئەم ئامانجانەی خوارەوە دووپاتکراونەتەوە و هەندێکجار ڕوون کراونەتەوە و ڕادیکاڵتر کراون: گێڕانەوەی سیستمی دیموکراتی پەرلەمانی لە عێراق، بە ئۆتۆنۆمییەوە بۆ کوردستان (مادەی ٦)، پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەب و کورد و کەمایەتییەکان لە عێراق (مادەی ٧ و ٩)، پاراستنی ئاشتی جیهانی، بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزم و پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی (مادەی ٨)، داڕشتنی پلانی ئابووری و بەرەودان بە پیشەسازیکردنی عێراق (مادەکانی ١٠ و ١١)، بەرەنگاربوونەوەی بێکاری و داکۆکیکردن لە مافی سەندیکاکان لە عێراق (مادەی ١٢)، زیادکردنی داهاتی نەوت (مادەی ١٣)، بە " عێراقیکردن"ی بازرگانی دەرەکی (مادەی ١٥)، یەکخستنی دارایی و بە نیشتیمانیکردنی بانکە بیانییەکان لە عێراق (مادەی ١٦)، باشترکردنی کەرتی تەندروستی گشتی و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لە عێراق (مادەی ١٩)، پەسەندکردنی سیستەمی دەنگدانی ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی دیموکراتی ( مادەی ٢٠)، بەرەوپێشبردنی مافەکانی ژنان (مادەی ٢١)، ئامانجە دیاریکراوەکان کە تایبەتن بە کوردستانی عێراق: جگە لە مادەکانی ١ تا ٥: پەسەندکردنی چاکسازیی کشتوکاڵی گونجاو تایبەت بە کوردستان (مادەی ١٤ کە درێژترین و پڕ وردەکارترینە لە پرۆگرامەکە)، باشترکردنی ژێرخانی ئابووری و ڕێگاکانی پەیوەندی لە کوردستان (مادەی ١٧)، بە پیشەسازیکردنی کوردستان (مادەی ١٩)، پەرەپێدانی کەلتوری نەتەوەیی کوردی (مادەی ٢٢). پرۆگرامە نوێیەکە هەندێک لە بنەما و پرەنسیپەکانی پرۆگرامی ١٩٥٩ی وەرگرت (بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم پەرتووکە)، بەڵام هەندێك شتی گرنگی زیادکرد، بەتایبەتی

---

(١) "بەرنامە و ڕێنماییە ناوخۆییەکانی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆنگرەی شەشەمی پارتی ١٩٦٤"، بڵاوکراوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپی عەرەبی.

بەهـۆی پێشـهات و گۆڕانکارییەکانـی پەیوەسـت بـە جەنگـەوە. مـادەی ٢٣: هـەروەک لـە بەرنامـەی سـاڵی ١٩٥٩ دا پارتـی پشـتیوانی لـە مافی گەلی کـورد دەکات بۆ بڕیاردان لەسـەر ئاینـدەی خـۆی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردسـتان. مادەی ٢٤: ئەم مادە نوێیە لەم بەرنامەیەدا داوا دەکات ڕەگەزنامـەی عێراقـی بدرێـت بـەو گروپـە کوردانـەی کە لە عێـراق دەژین، بەڵام لـە ناوچەکانـی کوردسـتانەوە هاتـوون کـە لـە دەرەوەی سـنوورەکانی عێراقن. سێ ئامانجی گرنگـی تـر کـە لە بەرنامـەی ١٩٥٩ دا نەهاتوون لـە دەرئەنجامی نوێی جەنگـدا هاتنە ئاراوە: بەهێزکردنـی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان، پرۆگرامەکـە پتەوکردنـی پەیوەندییەکانـی پارتی لەگـەڵ پـارت و ڕێکخـراوە کوردییەکانی دیکە کـە لە دەرەوەی عێـراق کار دەکەن، هەروەها لەگـەڵ پـارت و ڕێکخـراوە دیموکراتەکان لە سەرانسـەری جیهاندا دابیـن دەکات (مادەی ٩)، دابەشـکردنی داهاتـی نـەوت: دەبێت بەشـێکی دیاریکراو لە داهاتی نەوتـی دەوڵەتی عێراق بـۆ ئابـووری کوردسـتان تەرخـان بکرێـت (مـادەی ١٣)، مۆدێرنکردنـی سـوپای کـورد: ئامانج لـە پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانی شۆڕشـی کـورد و بەهێزکردنی لەشـکری شۆڕشـی کوردسـتانە (مـادەی ١٨)، وردەکارییـە زیـادەکان: دامەزراندنـی سـوپا: لەشـکری شۆڕشـی کوردسـتان لـە کاتـی شـەڕ و جەنگدا بە نـاوی خۆیەوە بانگ دەکرێت. لـە کاتی ئاگربەسـتدا، وەک لە کاتی کۆنگـرەی قـەڵادزێ دا، بـە "پێکهاتـەی نەتەوەیـی پارتیزانـی کوردسـتان" ناودەبرێت.

جگـە لـە چەنـد گۆڕانکارییەکـی بچـووک، پرۆگرامی پەسـەندکراوی پێشـوو؛ لـە کۆنگرەی حەوتەمـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە لـە ١٥ تـا ٢١ ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٦ لـە گەڵاڵـە بەڕێوەچـوو، پەسـەند کـرا. دەقـی تـەواوی پرۆگرامەکـە لـە پاشـکۆی ٣ دا هاتـووە.

کۆنگـرەی شەشـەم لـە ئەنجامـی خراپبوونـی خێـرای پەیوەندییـەکان لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق لـە دوای ئاگربەسـتی ١٠ی شـوبات، سـەبارەت بـە سیاسـەتی ناوخۆیـی چەنـد بڕیارێکـی گرنگـی پەسـەند کـرد:

١. بەهێزکردنـی لەشـکری شـۆڕش و ڕێکخـراوە حزبییـەکان لەنێـو خەڵکـی کوردسـتان بـۆ بەهێزکردنـی خەبـات .

٢. گەڕانـەوەی مەرجـدار بـۆ ئیـدارەی حکومـەت: حکومەتـی ناوەنـد تەنیـا پـاش پێدانـی مافـی نەتەوەیـی شـەرعی بـە گەلی کـورد، دەتوانێـت بەڕێوەبردنی ناوچـە ئازادکراوەکان وەربگرێتەوە.

٣. پێکهێنانی ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆڕش بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی بۆ بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی شۆڕش کە نوێنەرانی پارت و سوپا و خەڵک لەخۆ دەگرێت.

٤. ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی لە حاڵەتی دەستپێکردنەوەی شەڕ: ئەگەر شەڕ دەستپێبکاتەوە، ئەنجومەنی شۆڕش ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق ڕادەگەیەنێت.

٥. هێشتنەوەی لەشکری شۆڕش پێش و پاش بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی، وەک گەرەنتییەک بۆ پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی کورد.

٦. هەڵگرتنی یاسای سەربازی و گێڕانەوەی ئازادییە دیموکراتییەکان: کارکردن بۆ کۆتاییهێنان بە حوکمی سەربازی و ئازادکردنی سەرجەم زیندانیانی سیاسی و دەستگیرکراوەکان و گێڕانەوەی مافە دیموکراتییەکان لە عێراق.

٧. داواکاریی فەرمی بۆ ئۆتۆنۆمی: کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسە لە پێشکەشکردنی یاداشتنامەیەك بۆ حکومەتی عێراق بۆ داواکردنی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق.

٨. دەرکردنی هۆزە عەرەبەکان کە بە نادادپەروەری نیشتەجێ بوون: کار بۆ گواستنەوەی هۆزە عەرەبەکان کە لە گوندە کوردنشینەکان نیشتەجێ بوون و ڕێگەدان بە گەڕانەوەی دانیشتووانی پێشووی کورد.

٩. دامەزراندنی دەزگا مەدەنییەکانی کورد: دامەزراندنی دەزگای مەدەنی لەناوچە ئازادکراوەکان بە پشتیوانی پێکهاتە نیشتمانییەکانی پارتیزانی کوردستان.

١٠.یارمەتیدانی کەسوکاری شەهیدان و قوربانیان: بۆ یارمەتیدانی ئەو خێزانانەی یەکێك لە ئەندامەکانیان لە جەنگ یان شۆڕشدا لەدەستداوە.

١١.لێژنەی لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان: لیژنەیەک پێکبهێنن بۆ لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان لە دژی توخمە لادەرەکانی ناو بزووتنەوەکە.

١٢.لێکۆڵینەوە لە زیانەکانی جەنگ: پێکهێنانی لێژنەیەکی هاوبەش لە نێوان پارتی و پێکهاتەی پارتیزانی نیشتمانی کوردستان (لەشکری شۆڕشی کوردستان) بۆ لێکۆڵینەوە لە دیارنەمانی چەک و پارە و موڵکی دیکە لە کاتی شەڕدا.

١٣.هۆکارەکانی دەرکردنی ١٤ ئەندامی لادەری کۆمیتەی ناوەندی:

١. "دابەشـــبوونی حـــزب: هەوڵـــی دابەشـــکردنی یەکڕیزیـــی حـــزب و لەشـــکریان دا، بەتایبەتـــی لـــە کاتـــی کۆبوونەوەیەکـــی نایاســـایی لـــە مـــاوەت.

٢. خیانـەت: هـاوکاری هێـزی بیانـی و جاشـەکانیان کـرد لـە دژی شـۆڕش و سـەرۆکەکەی مستەفا بارزانـی.

٣. کـــردەوەی چەوســـێنەرانە: نائارامییـــان لـــە ناوچـــە ئازادکراوەکانـــدا وروژانـــد، لایەنگرانیـــان بـــۆ دژایەتـــی یەکـــتر هانـــدەدا، لـــە کاتێکـــدا پێویســـت بـــوو هەمـــوان پێکـــەوە لـــە جیاتـــی شـــەڕی براکـــوژی، هەروەکـــو جـــاران پێکـــەوە بـــە دروشـــمی "کوردســـتان یـــان نەمـــان" لـــە دژی دوژمـــن شـــەڕ بکـــەن.

٤. پڕوپاگەنـــدەی دوژمنکارانـــە: نامیلکـــە و ئاگادارییـــان بڵاوکـــردەوە کـــە هێرشـــیان دەکـــردە ســـەر پێشـــمەرگە و فەرماندەکانیـــان و پارتـــی و ســـەرۆکەکەی، بەمـــەش لـــە بەرژەوەنـــدی دوژمنـــان پارتـــی بـــوو و یەکڕیـــزی لاواز دەکـــرد.

٥. بڕیـــاری پابەندبـــوون: لەبـــەر ئـــەم هۆکارانـــەی ســـەرەوە بڕیـــاری دەرکردنیـــان لـــە ڕیزەکانـــی پارتـــی درا بـــە بڕگەکانـــی (٢، ٣، ٥ و ٩)ی مـــادەی ٧ی پەیـــڕەوی ناوخـــۆی پارتـــی"[١].

لە بڕیارەکانی کۆنگرە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە:

١. "پشـتیوانی لـە ئـازادی نیشـتمانی: پشـتیوانی لـە خەباتـی گەلانـی عومـان و باشـووری عەرەبسـتان و ئەنگـۆلا و ناوچەکانـی تـر بـۆ ئـازادی نیشـتمانی دەکەیـن.

٢. خەباتـــی عـــەرەب: پشـــتیوانی لـــە خەباتـــی گەلـــی عـــەرەب لـــە پێنـــاو یەکڕیـــزی و ئـــازادی و پێشـــکەوتنی کۆمەڵایەتـــی دەکەیـــن.

٣. پشـتیوانی لـە کوبـا: پشـتیوانی لـە خەباتـی گەلـی کوبـا بـۆ پاراسـتنی سـەروەری نەتەوەیـــی دەکەیـــن.

(١) "بڕیارەکانـی کۆنگـرەی شەشـەمی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان تەمـووزی ١٩٦٤"، نامیلکـە بـە عەرەبـی و کـوردی (ئەرشـیف).

٤. ئاشتیی جیهانی: پشتیوانی لە هەوڵەکانی سەرۆک ناسر بۆ ئاشتیی جیهانی، ئازادی گەلانی ئەفریقی-ئاسیایی و بەرەوپێشچوونی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو دەکەین.

٥. خەباتی ئەفریقی-ئاسیایی: پشتیوانی لە خەباتی گەلانی ئەفریقی-ئاسیایی بۆ ئازادی و دیموکراسی دەکەین.

٦. پرسی قوبرس: پشتیوانی لە چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ پرسی قوبرس دەکەین، بۆ مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی، بە گوێرەی خواستی خەڵک.

٧. هەماهەنگی نێودەوڵەتی: پشتیوانی دەکەین لە هاوکاری نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا لە بواری بۆشایی ئاسمان و پەیماننامەی مۆسکۆ بۆ قەدەغەکردنی تاقیکردنەوەی ئەتۆمی.

٨. یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا: پشتیوانی لە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا لە بەرژەوەندی گەلی ئەڵمانیا و مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی دەکەین.

٩. ناڕەزایی: ڕەخنە لە کردەوەکانی حکومەتی بەعس لە سوریا دژ بە ئازادی هەردوو گەلی عەرەب و کورد دەگرین.

١٠.جیاکاریی ڕەگەزی: ئیدانەی جیاکاری ڕەگەزی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەفریقای باشوور دەکەین.

١١.دەستێوەردانی دەرەکی: ڕەتکردنەوەی دەستێوەردانی بیانی لە باشووری ڤێتنام و لاوس"[١].

ئەم بڕیارانە؛ ڕەنگدانەوەی پشتیوانییەکی چالاکانەیە بۆ خەباتی ئازادی جۆراوجۆر و ئیدانەکردنی نادادپەروەرییە نێودەوڵەتییەکان.

کۆنگرە کۆمیتەی ناوەندیی نوێی هەڵبژارد کە لە حەڤدە ئەندام پێکهاتبوو و ژەنەڕاڵ بارزانی سەرۆکایەتی کرد. ئەم کۆمیتەیە، وەک کۆمیتەی پێشوو، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەندامانی بۆرژوازی شارنشین پێکهاتبوو. لە نێو ئەو ئەندامانەی کۆمیتە؛ پێنجیان بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەستنیشان کراون، بریتین لە:بەڕێز حەبیب

(١) پارتی دیموکراتی کوردستان "بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان تەمووزی ١٩٦٤"، نامیلکە بە عەرەبی و کوردی (ئەرشیف).

کەریم، سکرتێری گشتی ، تەمەنی نزیکەی ٣٦ساڵ لە ساڵی ١٩٦٤، لە زانکۆی بەغدا بەشی یاسای تەواوکردووە . ئەو کوردێکی فەیلییە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی لوڕستانە و باوباپیرانی لە بەغدا نیشتەجێ بوون. بەڕێز مەحمود عوسمان، کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی بەغدا، تەمەن نزیکەی ٣٠ ساڵە لە ساڵی ١٩٦٤، خەڵکی سلێمانیە. بەڕێز ئیسماعیل عارف، یاوەری پێشووی ژەنەڕاڵ بارزانی لە مەهاباد، تەمەن ٤٤ ساڵە لە ساڵی ١٩٦٤، ئەندامی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی پێشووی سەندیکایە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی سلێمانیە. بەڕێز هاشم ئاکرەیی، خەڵکی بادینان. بەڕێز مستەفا قەرەداغی تەمەن ٤٣ ساڵە لە ساڵی ١٩٦٤ لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە ئەمریکا ماستەری لە زانستە سیاسیەکان تەواوکردووە، کونسوڵی گشتی پێشووی عێراق بوو لە پراگ کە دوای وازهێنان لە پۆستەکەی لە ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە کرد. بەڕێز ساڵح یوسفی تاکە ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندییە کە لە کۆمیتەی نوێش ئەندامە، تەمەنی نزیکەی ٤٥ ساڵە لە ساڵی ١٩٦٤، دادوەر، بە ڕەچەڵەک خەڵکی بادینانە. لە نێو ئەندامانی دیکەی کۆمیتەدا کە هەموویان ئەندامی دێرینی پارتین، جگە لە یەکەمیان، دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین: موقەدەم عەزیز ئاکرەیی کە پێشتر لەم کتێبە ناساندوومانە. بەڕێز عەلی شنگالی، بە ڕەچەڵەک خەڵکی چیای شەنگالە، کرێکاری پێشوو (میکانیکی تەلەفۆن). بەڕێز فوئاد جەلال، پزیشکی ڤێتێرنەری لە زانکۆی بەغدا، یەکێکە سەرکردەکانی پێشووی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە ڕەچەڵەک خەڵکی سلێمانیە. بەڕێز شێخ محەمەد، کە پێشتر فرۆشیار بوو، بە ڕەچەڵەک خەڵکی سلێمانیە. بەڕێز یەدوڵڵا، کوردێکی فەیلییە خەڵکی بەغدایە، بەرپرسی ڕێکخستنی پارتیە لە عێراقی عەرەبی. بەڕێز نعمان عیسا، کوردێکی خەڵکی بادینانە کە بە ئایین جووە.

٣. **کۆنفرانسی جەماوەری:** لە ٢٨ و ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٦٤ کۆنفرانسی قەڵادزێ بەئامادەبوونی نزیکەی ٣٥٠ کەس بەڕێوەچوو کە زۆربەیان سەرۆک هۆز، خاوەن زەوی و کەسایەتیی شارەکان بوون. چینی جوتیاران و بۆرژوازی و کرێکار و ڕۆشنبیران پێشتر لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نوێنەرایەتی دەکران و کەسایەتییە سەربازییەکانیش لە سوپادا کۆکرابوونەوە. ئامانجی ئەم کۆنفرانسە؛ ڕێگەدان بوو بە گروپە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە کە نوێنەری خۆیان بۆ ئەنجومەنی داهاتووی شۆڕش

هەڵبژێـرن، بەمەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی نوێنەرایەتـی هاوسـەنگ. بەهـۆی بارودۆخـی سـەختی وڵاتـەوە، نوێنـەرەکان ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن خەڵکـەوە هەڵنەبژێـردران. لەلایـەن کۆمیتـەی ناوەندیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە ڕەزامەنـدی ژەنـەڕاڵ مسـتەفا بارزانـی هەڵبژێردرابـوون. لـە نێـو بەشـداربوواندا، هەندێکیـان بەتایبەتـی لایەنگـری بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕی نەبـوون، بـەڵام بانگهێشـت کرابوون بـۆ بەهێزکردنـی بیرۆکـەی یەکێتـی نیشـتمانی. لـە لایەکی ترەوە، بێ دەستپێشـخەری سـەرکردە شۆڕشـگێڕەکان ئەم کۆبوونەوەیـە نەدەبـوو، چونکـە ئەو چینانەی نوێنەرایەتی دەکرێن، لە ڕووی سیاسـییەوە ڕێکخـراو نەبـوون. ئەم کۆنفرانسـە کە دەتوانرێـت پێی بگوترێت کۆبوونەوەی سـەرکردە گـەورەکان و سـەرکردە تەقلیدییـەکان، هیـچ دەسـەڵاتێکی بڕیاردانی ڕاسـتەقینەی نەبوو، بەڵکـو ڕەنگدانـەوەی کۆتایـی سـەردەمێک بـوو کـە ئـەم سـەرکردانە پێشـتر دەسـەڵاتیان هەبـوو. دەگوترێـت لە سـاڵانی بیسـتدا، نوێنەرانـی بیانی وەک ئارنۆڵد ویلسـن یان بەڕێز پێرسـی کۆکس لـە ئەنجوومەنێکـی لـەو شـێوەیە ڕاوێژیـان پێکـراوە، بـۆ تاوتوێکردنـی داهاتـووی کوردسـتان، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٦٤ ئەو سـەرکردە نەریتیانە کە بـە ڕووداوەکان سەرسـام بـوون، دوای کادرە گەنجەکانـی پارتـی کەوتـن کە زۆرجـار لە ڕۆژئـاوا پەروەردە بـوون و باشـتر ئامـادە بوون بـۆ سـەرکردایەتیکردنی پارتێکی پێشـەنگ. ئـەم کۆبونەوەیە گۆڕانکارییـە قووڵەکانـی کۆمەڵـگای کـوردی دەردەخـات کە دەسـتەبژێری کـۆن جێگە بە سـەرکردەی نـوێ دەدەن و ئاماژەیـە بـۆ گۆڕانێکـی هەمیشـەیی.

زۆرێــک لــە بەشــداربووانی کۆنفرانســەکە نیشــتمانپەروەرانی دڵســۆز بــوون کــە هەندێکیــان پێــشتر لــە ڕووی سیاســی و ســەربازییەوە هــەر خەریکــی بزووتنــەوەی شۆڕشــگێڕی کــورد بوونــە. ڕێــك پێــش ئــەوەی ئــەم کۆنفرانســە دەســت پێبــکات، ئێمــە گەیشــتینە کوردســتان و توانیومــان تێبینــی ئــەوە بکەیــن کــە بــە شــێوەیەکی نموونەیــی و بــە شــکۆمەندییەکی زۆرەوە بەڕێــوە دەچــوو، دوور لــە ئــاژاوە و قســەی پــووچ کــە هەندێــک جــار تایبەتمەندیــی کۆمەڵــگا تــازە پێگەیشــتووەکانە. هەرچەنــدە، کۆمەڵــگای کوردیــش یەکێکــە لــەو کۆمەڵگایانــە، بــەڵام لــە بەڕێوەچوونــی کۆنفرانســەکە، دیســپلینێکی بەرچــاوی نوانــدووە. لــە ڕیزەکانــی پێشــەوە کەســایەتییە ئاینییــەکان هەبــوون. وتــارەکان، بەتایبەتــی وتارەکانــی ژەنــەڕاڵ بارزانــی و باوکــە پــۆڵ بایــدەر و وتــاری ئێمــە کــە ســەبارەت بــە بزووتنــەوەی کــوردی کاردانــەوەی نێودەوڵەتــیمان

خستەڕوو، بە سەرنج و دیقەتەوە گوێمان لێ گیرا و بەدواداچوونی بۆ کرا. لەنێو ئەو کەسایەتیانەی بۆ بەشداریکردن لە ئەنجوومەنی شۆڕش هەڵبژێردران، دەبێت ئاماژە بە ئامادەبوونی پاتریک ئاندریۆس بکەین کە سەرکردەیەکی گەنجی ڕۆحی کۆمەڵگەی ئاشوورییە، هەروەها باوکە بایدەر، نوێنەری کۆمەڵگەی کلدانییەکانە، کە پێشتر لەم کتێبەدا ئاماژەمان پێکردووە و ناساندوومانە.

٤. **دەستەی پێکهێنەری ئەنجومەن:** ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەرانی سوپا و نوێنەرانی کۆنفڕانسی جەماوەری کە دەستنیشان کرابوون، بۆ یەکەم جار لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ لە گوندی بۆسکێن لە نزیک دەریاچەی دوکان کۆبوونەوە کە لە ڕانیە دوور نییە. لە کۆبوونەوەی دەستبەکاربوون، بە فەرمی دامەزراندنی ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشی کوردستانی عێراق ڕاگەیاندرا، بە بڕیاری ژەنەڕاڵ بارزانی و مەکتەبی سیاسی، دوو کەسایەتی "سەربەخۆ" بۆ ئەم ئەندامانە زیادکران: بەڕێز کەمال فوئاد سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و بەندە (نووسەری کتێب)، وەک سکرتێری گشتی کۆمیتەی بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد. کۆی گشتی ئەنجومەنەکە چل و هەشت ئەندامی هەبوو: سەرۆک بارزانی، حەڤدە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، یازدە نوێنەری سەربازیی لەشکری شۆڕشی کوردستان، حەڤدە نوێنەری کۆنفڕانسی جەماوەری و دوو ئەندامی سەربەخۆ. دانیشتنی دەستپێک[١]، کۆبوونەوەیەکی مێژوویی ڕاستەقینەی گەلی کورد بوو، بە ساتێکی مێژوویی و شکۆدار دیاری کرا. لە میانەی وتارەکەیدا، ژەنەڕاڵ بارزانی گرنگی ئەم ڕووداوەی بۆ ئایندەی کوردستان دووپاتکردەوە.

ژەنەراڵ بارزانی بە وتارێکی پڕ لە سادەیی و بەرپرسیارێتی؛ قسەی لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنەکە کرد و گوتی:

"ئێوە، نوێنەرانی شۆڕش و گەل! ئێوە، لێرە کۆبوونەتەوە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خەڵکی کوردستانی عێراق کە لە ئێستاوە دەکەوێتە ئەستۆی ئێوە(...). من تەنیا خزمەتکاری ئەم گەلەم. ئەگەر هەڵەیەکم کرد، ئەوە لەسەر ئێوەیە

(١) لە لایەن ئێرلێندور هارالدسۆنی ئایسلەندی بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکراوە.

ڕاستی بکەنەوە و لێپرسینەوەم لەگەڵ بکەن(...). ئێمە دەبێت بەرپرسیارێتیەکانمان بە یەکگرتوویی و دڵێکی پاک و ڕێزی هاوبەش لە ئەستۆ بگرین".

ئەم قسانە گوزارشت لە پابەندبوونی بارزانی بە دۆزی کورد و ئەو گرنگییە دەکات کە لە بەڕێوەبردنی شۆڕشدا بە یەکڕیزی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی داوە.

لە ڕۆژانی دواتر؛ ئەنجومەنەکە لە پێنج لێژنەدا ڕێکخرا: دەستوور، کارگێڕی، دارایی، دادوەری و سەربازی. هەریەکەیان ئەرکی ئامادەکردنی دەستوور و یاسای پێویستیان بۆ شۆڕش هەبوو. ئەندامەکان ئازاد بوون لە هەڵبژاردنی لێژنەکانیان، پارێزەر و یاساناس لە هەموو لێژنەکان بەشدارییان کرد. زۆر سەرنجڕاکێش بوو کە کەسانێک لە باکگراوند و پەروەردەیەکی جیاوازەوە، ئاوا بە یەکگرتوویی کار دەکەن.

لێژنەی دەستوور کە ئێمە بەشداریمان تێدا کرد، پێکهاتبوو لە بەڕێز کەمال فوئاد، بەڕێز هاشم ئاکرەیی، باوکە بایدەر، کاک زیاد ئاغا و کاک عەباس مامەند ئاغا. لە دانیشتنی گشتی ١٧ی تشرینی یەکەمدا؛ تێکست و دەقەکانی لیژنەکان تاوتوێکران و هەموارکران و پاشان بە کۆی دەنگ پەسەند کران و قۆناغێکی گرنگی لە ڕێکخستنی شۆڕشدا دیاری کرد.

هەر لەو دانیشتنەدا، ئەنجومەنەکە ١٢ ئەندامی دەستەی جێبەجێکار یان مەکتەبی تەنفیزی(دەستەی کارگێڕی) خۆی هەڵبژارد. لەوانە: پێنج ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بریتین لە هاشم ئاکرەیی، مستەفا قەرەداغی، موحسین دزەیی (پارێزەر)، محەمەد ئەمین (ئەندازیار) و دکتۆر فوئاد جەلال. نوێنەری مەسیحییەکان: باوکە بایدەر. سێ نوێنەری ناوەندە خێڵەکیەکان: وەهاب ئاغا، حاجی مەحمود ئاغا و ساڵح بەگی میران. سێ کەسایەتی سەربازی: عەقید عەبدولڕەحمان قازی و عەقید نوری مەعروف و هەروەها موقەدەم عەزیز ئاکرەیی. دەستەی کارگێڕی مستەفا قەرەداغی وەک سکرتێر دەستنیشان کرد، بە ڕێزلێنانی زۆرەوە، ژەنەڕاڵ بارزانی بە سەرۆکی ئەنجومەنەکە هەڵبژێردرا. چەند مانگێک دواتر، مستەفا قەرەداغی ئەرکی تری پێ سپێردرا، حەبیب کەریم جێگەی گرتەوە، کە دواتر پۆستەکانی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان و سکرتێری دیوانی ئەنجومەنەکەشی وەرگرت. دواتر ژمارەی ئەندامانی دەستەی کارگێڕی بۆ ١٧ ئەندام زیاد کرا.

**٤. دەقە دامەزراوەییەکان**

**١. دەستووری شۆڕش:** دەستووری ٩ - ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ لە پێشەکییەک بەناوی گەلی کورد و سێزدە مادە پێکهاتووە، ئەو یاسا بنەڕەتیەیە کە کاروبارەکانی کوردستانی عێراق لە سەردەمی ڕاپەڕیندا بەڕێوە دەبات، دەستوورێکی دیموکراتی ڕەسەنە، سیستەمی سەرۆکایەتییە، لەگەڵ زاڵبوونێکی بەهێز بەسەر دەسەڵاتی یاسادانان کە ئەنجومەنەکە بەکاریدەهێنێت، کەواتە ئەنجومەن بوو بە "بەرزترین دەسەڵاتی شۆڕش": سیاسەتی گشتی دیاری کرد، ئامانجی دیاری دەکرد و یاسای دادەڕشت کە دەسەڵات چۆن کاردەکات.

**ئەنجومەن:**

- دەسەڵاتی یاسادانانی سەرەکی هەیە.
- هێڵە سیاسییە سەرەکییەکان دەکێشێت و دەنگ لەسەر یاساکان دەدات.(سەیری مادەی ٩ بکە)

**سەرۆک:**

سەرۆك هەڵدەبژێردرێت و دەبێتە فەرماندەی گشتی لەشکری شۆڕشی کوردستان، دەسەڵاتەکانی وەکو دەسەڵاتی سەرۆك کۆمار وایە لە فراوانیدا. سەرۆك ڕاستەوخۆ یاساکان دەرناکات، بەڵام پەسەندیان دەکات. لە دەسەڵاتی دایە نوێنەرانی کوردستان لە دەرەوە و ئەفسەرانی باڵا دادەمەزرێنێت و دووریان بخاتەوە. بڕیارەکانی سەبارەت بە جەنگ و ئاشتی دەبێت لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسەند بکرێت.

دەستەی کارگێڕی: وەکو کابینەیەکی وەزارییە کە یاساکان جێبەجێ دەکات و پەیڕەوی ئەو سیاسەتە دەکات کە ئەنجومەنەکە دیاری کردووە. ئەندامانی دەستەی کارگێڕی بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێردرێن، بەڵام دەکرێت لەلایەن سەرۆکەوە درێژبکرێتەوە. (بڕوانە دەقی دەستوور لە پاشکۆی حەوتەمدا).

**٢. یاسای کارگێڕی:** ئەم یاسایە پێشنیازی دروستکردنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی بەناوی "ویلایەتی کوردستان" لە کوردستانی عێراقدا دەکات. ڕێکخستنی کارگێڕی: لە سەرەوە، ئەنجومەنێکی باڵای کارگێڕی سەرکردایەتی ناوچەکە دەکات. ویلایەت

دابـەش دەبێـت بەسـەر پێنـج پارێـزگای گـەورەدا (پێیشـی دەوترێـت لیـوا)، هـەر پارێزگایـەک بەسـەر قـەزاکان دابـەش دەکرێـت، قەزاکانیـش خۆیـان دابـەش دەکرێـن بـۆ ناحیـەکان. ناحیـەکان گونـدەکان بەیەکـەوە کۆدەکەنـەوە. هـەر یەکەیەکـی کارگێـڕی بەڕێوەبـەری تایبـەت بـە خـۆی دەبێـت بـۆ بەڕێوەبردنـی ناوخۆیـی. (بـۆ دەقـی تـەواوی ئـەم یاسـایە بڕوانـە پاشـکۆی هەشـتەم).

٣. **یاسای دادوەری:** ئەم یاسایە زۆر درێژە، لێرەدا پوختەیەک دەخەینەڕوو:

بنەماکانی دادپەروەری لە کوردستاندا:

١. **سەربەخۆیی دادوەری**

- دەزگای دادوەری لـە کوردسـتان بەتەواوەتـی سـەربەخۆیە لەحـزب و لەهـەر دەسـەڵاتێکی سیاسـی و سـەربازی. ئەگـەر کەسـێک لـەم بنەمایـە سـەرپێچی بـکات، بەپێـی یاسـا سـزا دەدرێـت (مـادەی١).

٢. **یاسا جێبەجێ کراوەکان:**

- کەیسـی تاوانـکاری و مەدەنـی: یاسـاکانی ئێسـتای عێـراق (یاسـای تاوانـی بەغـدا و یاسـای مەدەنـی عێـراق) بەکاردەهێنرێـن، لەگـەڵ هەندێـک گۆڕانـکاری. بـۆ نموونـە "دەوڵەتـی عێـراق" بـە "شـۆڕشـی کـورد" جێگـەی دەگیرێتـەوە.
- ئەگەر تۆمەتبارەکە پێشمەرگە بێت یان ئەندامی پارتی بێت، سزاکە قورستر دەبێت.
- کاروباری خێزانی (باری کەسیی): شەریعەتی ئیسلام جێبەجێ دەکرێت (مادەی ٢).

٣. **جۆرەکانی دادپەروەری:**

- دادگای مەدەنی: بۆ زۆربەی حاڵەتەکان جێبەجێ دەکرێت.
- دادگای سـەربازی: یاسـایەکی تاوانـی سـەربازی دیاریکـراو بەکاردەهێنێـت کـە لەلایـەن لێژنـەی سـەربازییەوە دروسـتکراوە.
- لـەو کەیسـانەی خەڵکـی مەدەنـی و سـەربازی تێـوەگلاون، دادگای مەدەنـی بڕیـار دەدەن ( مـادەی ٣).

سەبارەت بە ڕێکخستنی دادگاکانی کوردستان کە بەم جۆرەیە:

دادگای سەرەتایی: تەنیا یەک دادوەر لێی دادەنیشێت.

دادگای گەورە: لە سێ دادوەر پێکهاتووە.

دادگای تێهەڵچوونەوە بەرزترین دەسەڵاتی دادوەرییە لانی کەم لە سێ دادوەر پێکهاتووە کە لەلایەن دەستەی کارگێڕییەوە دەستنیشان دەکرێن (مادەی ٤). دابەشبوونی جوگرافی، هەر قەزایەک دادگایەکی هەیە کە یەک دادوەری هەیە. ویلایەتی کوردستان دوو دادگای گەورەی دەبێت. یەکێکیان بۆ مووسڵ و هەولێر، ئەوی تریان بۆ ناوچەکانی تر، هەر دادگایەکی گەورەش داواکاری گشتی خۆی هەیە. سەبارەت بە پێوەرەکانی دادوەری. دادوەران دەبێت زۆرترین ڕاهێنان و ئەزموونی یاساییان هەبێ، دەبێت ڕەوشت و ئاکاری باشیان هەبێت، ئەوانیش لەلایەن دەستەی کارگێڕییەوە دەستنیشان دەکرێن (مادەی ٥).

**کارکردنی دادپەروەری لە کوردستان:**

١. یارمەتی دەزگا کارگێڕییەکان و لەشکری شۆڕش:

- دەزگا کارگێڕییەکان و لەشکری شۆڕش دەبێت یارمەتیدەر بن لە جێبەجێکردنی دادپەروەری (مادەی٦).

**٢. بەڕێوەبردنی داهاتی دادوەری:**

- پارەی باج و غەرامە و موڵک و ماڵی دەستبەسەرداگیراو مانگانە دەنێردرێت بۆ دەستەی کارگێڕی.
- ئەم پارەیە بۆ پێدانی مووچەی دادوەران و کارمەندان بەکاردەهێنرێت (مادەی ٧).

**٣. سزای لەسێدارەدان:**

- هیچ لە سێدارەدانێک نابێت بێ ڕەزامەندی پێشوەختەی فەرماندەی گشتی شۆڕش ئەنجام بدرێت (مادەی ٨).

**٤. حکومی بەرپرسە باڵاکان:**

- تاوانی خیانەتی گەورە:
- ئەندامێکی ئەنجومەنی شۆڕش یان دەستەی کارگێڕی لەلایەن دادگایەکی تایبەتەوە دادگایی دەکرێت کە پێی دەوترێت دادگای باڵای شۆڕش. ئەم دادگایە پێکهاتووە لە: دوو ئەندامی دەستەی کارگێڕی، دوو فەرماندەی سەربازی، دوو دادوەری دادگای تێهەڵچوونەوە کە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە. بەڵام تاوان و سەرپێچیەکانی تر لەلایەن دادگای ئاساییەوە دادگایی دەکرێن (مادەی ٩).

**٥. پشکنینی دادگاکان:**

- سیستەمێک دابینکراوە بۆ چاودێریکردن و پشکنینی دادگاکان بۆ دڵنیابوون لە کارکردنیان (مادەی١٠).

دادگاکانی شۆڕش بەرپرسیارن لە:

- ئەو تاوانانەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش ئەنجام دراون (پێیان دەوترێت "ناوچە ئازادکراوەکان".
- ئەو حاڵەتانەی کە بەلایەنی کەمەوە یەکێک لەو کەسانەی تێوەگلاون لەم ناوچانەدا دەژیت.

ئەگەر کەسێک لە ناوچەیەکی شۆڕش تاوانێک ئەنجام بدات و پەنا بۆ ناوچە ئازادکراوەکان ببات:

- لە کاتی ئاشتیدا: ڕادەستی دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق دەکرێت.
- لە کاتی جەنگدا: دەستگیر دەکرێت و لە بەندیخانە دەمێنێتەوە تاوەکو:
- ڕادەستی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێت، یان- بە چەند مەرجێکی دیاریکراو ئازاد بکرێن (وەک پێدانی کەفالەت).

مەبەست لەم سیستەمە جێبەجێکردنی یاسایە بە دادپەروەری.( مادەی ١١)(ئەرشیف).

**٤. یاسای دارایی:** ئەم یاسایەش زۆر درێژە، لێرەدا پوختەیەک دەخەینەڕوو، یاساکە بە پێشەکییەک دەست پێدەکات کە دەڵێت:

"هەموو وڵاتانی جیهان یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە، بەتایبەتی یاسایەك بۆ بەڕێوەبردنی دارایی(...)، چونكە دارایی زۆر گرنگە بۆ كاركردن و بەڕێوەبردنی وڵات. بە هەمان شێوە لە كوردستانی ئازادی خۆماندا یاسایەک دادەڕێژین بۆ ڕێکخستنی دارایی خۆمان (...). بۆ ئەم مەبەستە، لێژنەیەكی دارایی باڵاتر دروست دەكرێت. ئەم لێژنەیە لەلایەن ئەندامێكی دەستەی كارگێڕییەوە بەڕێوە دەچێت".

یاساكە ڕوونی دەكاتەوە كە دارایی شۆڕش لەم سەرچاوەیانەی خوارەوە سەرچاوە دەگرێت:

١. پارە و دارایی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ئابوونەی ئەندامێتی، بەخشین و هاوكارییەوە دێت.

٢. ئەو پارەیەی لە دادگاكانەوە دێت (وەک لە یاسای دادپەروەریدا ڕوون كراوەتەوە).

٣. باجی میرات.

٤. بەخشینی ڕێكخراو و كۆمەڵە خێرخوازییەكان.

٥. باجی كۆكراوەی ناوچە ئازادكراوەكان.

٦. باجی گومرگ.

لە بەشی باجدا، جیاوازییەک كراوە لە نێوان ئەمانە:

١. باجی تووتن: ٪ ٣ی تووتنی كۆكراوە و ٢٥٠ فلس (نزیكەی چارەكە پاوەندێكی ئیستەرلینی) بۆ هەر فەردە تووتنێك.

٢. باج لەسەر زەوییە بەكرێگیراوە گشتیەكان: پێنج یەكی میوە و برنجی دروێنەكراو، و چواریەكی سەوزە كە بۆ مەبەستی فرۆشتنە.

٣. باجی چاكسازی زەوی: بڕە پارەیەكی دیاریكراو بۆ ئەو زەویانە.

٤. باج لەسەر زەوی بەرهەڵستكارانی شۆڕش: كە هاوشێوەی زەوی و زاری گشتی.

٥. باج لەسەر موڵكی تایبەت : ٪ ٥ی بەرهەمی زەوی كشتوكاڵی خاوەنەكانی.

٦. باج لەسەر موڵكی ئایینی ( "وەقف"): هەمان باجی سەر زەوی و زاری گشتی.

٧. باج لەسەر باڵەخانەكانی شار: بڕە پارەیەكی دیاریكراو لەلایەن دەستەی كارگێڕی.

٨. باجی ڕاوکردن: ١٠ دینار بۆ هەر تەنێک ماسی ڕاوکراو.

لە بەشی گومرگدا دوو جۆر باج هەیە:

١. باج لەسەر کاڵای هاوردە ( هاتنە ناوەوەی کوردستان )

٢. باج لەسەر کاڵای هەناردەکراو ( دەرچوون لە کوردستان)

ئەم باجانە پەیوەندی بە بازرگانی نێوان ناوچە ئازادکراوەکان و وڵاتانی دراوسێوە هەیە. ئەمانە چەند نموونەیەکن:

- هاوردەکردن:
- خواردنەوە کحولییەکان: ٧٥٪ی نرخی کڕینیان.
- جگەرەی بیانی: ١٠٪.
- بۆن: ٧ ٪.
- سابوون:١٪.
- ئاژەڵەکان:
- مەڕ: ٥٠ فلس
- گۆشتی گا: ١٠٠فلس.
- ئەسپ یان هێستر: ٢٥٠فلس.
- هەناردەکردن:
- تووتن: ١ دینار و ٧٥٠ فلس بۆ هەر بارێکی هێستر.
- بەرهەمە دووبارە هەناردەکراوەکان (بۆ نموونە، ڕادیۆ): ٢٠٠فلس.

ئەو چەکانەی بەبێ مۆڵەتی شۆڕش هاوردە دەکرێن دەست بەسەردا دەگیرێن.

لە بەشی سێیەمدا هاتووە داهاتەکان خەرج دەکرێن بۆ:

١. موچەی پێشمەرگە.

٢. خواردن.

٣. کەلوپەلی سەربازی و چەک و جلوبەرگ.

٤. هاوکاری بۆ بنەماڵەی پێشمەرگە کە لە کاتی جەنگدا گیانیان لەدەستداوە.

٥. مووچەی بەرپرسانی سەربازی و سیاسی کە لە بەڕێوەبردنی شۆڕش بەشدارن.

٦. خەرجیەکانی پێویست بۆ بەرەوپێشچوون و بەڕێوەبردنی شۆڕش.

٧. خەرجی جۆراوجۆر.

بەشی چوارەم پێکهاتە و بنەماکانی بەڕێوەبردنی دارایی لە شۆڕش دەخاتەڕوو:

١. لێژنـەی بـاڵای دارایـی: ئـەم لێژنەیـە لەژێـر سەرپەرشـتی ئەندامێکـی دەسـتەی کارگێڕیدایـە کـە سەرپەرشـتی لایەنـە داراییـەکان دەکات. هەروەهـا بەڕێوەبـەری پسـپۆڕی وەک بەڕێوەبـەری گومـرگ، بـاج و ژمێریـاری لەخـۆ دەگرێـت.

٢. لێژنـەی دارایـی ناوخۆیـی: دەتوانرێـت لـە نێـو یەکـە کارگێڕییەکانـدا لیژنـەکان دابمەزرێنرێـن بـۆ بەڕێوەبردنـی دارایـی بـە شـێوەیەکی لامەرکـەزی، بـەم شـێوەیە بەڕێوەبردنـی بوارەکـە ئاسـان دەکرێـت.

٣. بەڕێوەبردنـی سـەرمایەی شۆڕشـگێڕانە: سـەرجەم موڵکەکانـی شـۆڕش دەبێـت لـە تۆمـاری تایبەتـدا تۆمـار بکرێـن و شـەفافییەت و بەڕێوەبردنیـان مسـۆگەر بکرێـن. ئـەم موڵکانـە نابێـت بـۆ مەبەسـتی تایبـەت بـەکار بهێنرێـن.

٤. کۆنترۆڵکردنـی خەرجـی و داهـات: هـەر خەرجییـەک و داهاتێک دەبێت پسـوولەیەکیان لەگەڵـدا بێـت بەپێـی ڕێنماییەکانـی دەسـتەی کارگێـڕی، بۆ دڵنیابـوون لـە بەدواداچوونی هەمـوو مامەڵـە داراییەکان.

٥. ڕێگەپێـدان: هیـچ کەسـێک بـۆی نییـە پـارە بـە نەختـی بـێ مۆڵەتـی تایبەتـی دەسـتەی کارگێـڕی مامەڵـە بـکات و وەربگرێـت، بـەم شـێوەیە بەڕێوەبردنـی ورد و کۆنترۆڵکـراوی سـەرچاوەکان مسـۆگەر دەکات.(ئەرشـیف)

ئامانجـی ئـەم سیسـتەمە دامەزراندنـی بەڕێوەبردنـی شـەفاف و مەرکـەزی و سـەرچاوەکانی نـاو بزووتنـەوەی شـۆڕش و کەمکردنـەوەی مەترسـی گەندەڵـی و خـراپ بەکارهێنانـی دەسـەڵاتە.

٥. **یاسای سەربازی:** لە کۆی پێنج یاسای ئەنجوومەن کە لە ١٧ی تشرینی یەکەمدا پەسەندی کرد، یاسای تایبەت بە پرسە سەربازییەکانە کە درێژترین و ئاڵۆزترین یاسایە. یاساکان دادەنرێ بۆ: فەرماندەیی، ڕێکخستنی لیواکان، بەڕێوەبردنی لۆجیستیکی، پەیوەندیەکان، لایەنە تەکنیکیەکان، بەڕێوەبردنی سەربازی و دادوەری.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ بەیاننامەیەکی دەرکرد و دامەزراندنی ئەنجومەنی شۆڕشی ڕاگەیاند. ئەمە دەقەکەیەتی:

"خۆشحاڵین و شانازی دەکەین کە هەواڵێکی خۆش بە گەلی کورد و دۆستانمان لە سەرانسەری جیهان ڕابگەیەنین کە ئەویش دامەزراندنی ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشی کوردستانی عێراقە؛ ئەم ئەنجومەنە نوێنەرایەتی ئیرادەی گەلەکەمان دەکات بۆ بنیاتنانی شۆڕشێک لەسەر بنەمای ڕێکخستنی پتەو و دیسپلینی توند. بەم شێوەیە یەکێک لە ئامانجەکانمان خەریکە بەدەست دەهێنین کە چەندین جار بە یاداشتنامە پێشکەشی سەرکردەکانی عێراقمان کردووە. ئەویش دروستکردنی دەستە و ئەنجومەنێکی یاسادانان لە کوردستانە: ئەرکی ئەنجومەنەکە دارشتنی یاساکانی شۆڕش و دڵنیابوون لە جێبەجێکردنیان لەلایەن ئۆرگانێکی تری ئەنجومەنەوە کە پێی دەوترێت دەستەی کارگێڕی(...)".(ئەرشیفی شۆڕش)

لە بەیاننامەیەکدا کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٤ لە ڕانییە بڵاوکرایەوە و ئاراستەی ڕای گشتی جیهان کرا، ژەنەڕاڵ بارزانی جەختی لەوە کردەوە حکومەتی عێراق ڕێزی لە بەڵێنەکانی نەگرتووە لەو ڕێککەوتنانەی کە بووە هۆی ئاگربەستی ١٠ ی شوبات. بارزانی ڕوونی دەکاتەوە:

"لە بەرامبەر ئەم دۆخەدا ناچار بووین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆمان ڕێکبخەینەوە(...). ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆڕش دامەزرا(...)، پێشتریش یاسای پێویستمان لە بوارەکانی دەستووری، دارایی، کارگێڕی، دادوەری و سەربازی دارشتووە(...). لە ئێستادا، دەستەی کارگێڕی ئەم یاسایانە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا جێبەجێ دەکات. ئیدارەیەکی کوردی دروست بوو، لەگەڵ سیستمی باج و دادوەری. هەروەها سوپاکەمان ڕێکخراونەتەوە. بەم شێوەیە ئۆتۆنۆمی کورد لە ئێستاوە بە شێوەیەکی کۆنکرێتی بەدی دێت".

ئێمـەش ئـەم لێدوان و ڕاگەیاندنـەی ژەنەڕاڵ بارزانیمان زیاتر درێـژە پێدا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیـدا کە لە ٢٢ی کانوونـی دووەمی ١٩٦٥ لە بەیروت بەڕێوەچوو[١].

**٥. ئۆرگان و خزمتگوزارییەکانی شۆڕش لە پراکتیکدا.**

ئێمـە دەمانەوێـت لـەوە بکۆڵینـەوە چـۆن ڕێکخسـتنی شۆڕشـی کـورد لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٦٦ بـە کـردەوە کاری دەکـرد، ئەگـەر دەقـە فەرمییەکانـی سـاڵی ١٩٦٤ وەلا بنێیـن، ئەگـەر پێویسـت بـکات لـە دوای ئـەم ڕێکەوتـەوە زانیـاری زیـاد دەکەیـن. ئـەم سیسـتەمە سـەرکەوتنێکی سەرنجڕاکێشـە، بـە تایبـەت بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو سـەرچاوە مادییـە زۆر سـنووردارانەی لەبەردەسـتدان کـە بەهـۆی ڕەسـەنایەتی و کاراییەکەیـەوە جیـاوازە. بەرخۆدانـی کـوردی، لـە ژینگـەی سروشـتی گـەورەی خۆیـدا، کاریگەرییەکـی سـادە و پتـەو دەداتـە دەرەوە. ئـەم ڕێکخسـتنە پلەبەندییـە بـە باشـی پێکهـێنراوە.. ئـەو پەرەسـەندنانەی لـە سـەرەتای قارەمانانـەی شۆڕشـەوە لـە پایـزی ١٩٦١ەوە ڕوویـداوە، سەرسـوڕهێنەرە، ئـەو ڕێگایـەی بڕیویەتـی ماندووبـوون و بلیمەتـی بزووتنـەوەی کـوردی لـە بنیاتنانـی پێکهاتەیەکـی شۆڕشـگێڕانەی ڕاسـتەقینە و بـەردەوام دەردەخـات.

ئێمە یەك بە یەك لە مانەی خوارەوە دەکۆڵینەوە:

١. سەرۆکایەتی.

٢. ئەنجوومەنی شۆڕش.

٣. دەستەی کارگێڕی.

٤. مەکتەبی سیاسی و ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٥. لەشکری شۆڕش.

٦. ناوچە ئازادکراوەکان.

٧. کارگێڕی.

٨. دادپەروەریی مەدەنی و سەربازی.

(١) بڕوانە وتارەکەی دانا شمیت لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە ٢٤ی کانونی دووەم ١٩٦٥.

٩. دارایی.

١٠.نوێنەرایەتی گشتی لە دەرەوەی وڵات.

١١.خزمەتگوزاری جۆراوجۆر.

١. سەرۆکایەتی: ژەنەڕاڵ بارزانی، زۆرجار بە تێکەڵەیەک لە هەردوو سەرکردە دو گۆل و زاپاتا بەراورد دەکرێت[1]، لە ناوەندی دەسەڵاتی شۆڕشی کورددا. وەک سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕش، دەستەی کارگێڕی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و فەرماندەی گشتی سوپا کاردەکات. دەسەڵاتی سروشتی و ئەو متمانەیەی بە کەسایەتییە سەرەکییەکانی دەوروبەری، وەک بەڕێز حەبیب کەریم و دکتۆر مەحمود عوسمان ئیلهامبەخشی دەکات، بەڕێوەبردنی ئاسان و هاوسەنگی دامەزراوەکان مسۆگەر دەکات. هەموو بڕیارە گرنگەکان بە ڕەزامەندی پێشوەختەی بارزانی تێدەپەڕن. هەرچەندە بارەگای گشتی بارزانی بەگشتی دە کیلۆمەترێک لە بارەگای دەستەی کارگێڕییەوە دوورە، بەڵام ئاڵوگۆڕی زانیاری نێوانیان بەردەوامە. ئەوان لە ڕێگەی بروسکە، بێتەل، یان سەردانی ڕۆژانە کە زۆرجار لە ئەندامانی فەرمانگەی دەستەی کارگێڕییەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجام دەدرێن. ئەم نزیکییە گەرەنتی هەماهەنگی کاریگەر لە بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕشگێڕانەدا دەکات.

لە بارەگای ژەنەڕاڵ بارزانی، ئامێرێکی بێتەلی ڕادیۆیی بەهێز هەیە بۆ پەیوەندییەکان کە تیمێکی تایبەت بە کارکردنی لەگەڵدایە. هەروەها لەوێ خزمەتگوزارییەکی پزیشکش دانراوە، لەگەڵ دەستەیەك پاسەوان -نزیکەی دوو سەد پیاو-کە هەموویان خەڵکی ناوچەی بارزان یان بادینان بوون، ڕەنگدانەوەی پەیوەندییەکی بەهێزە بە خاکی نیشتیمانەوە. خێزانەکەی لەوێ لەگەڵیدا دەژین. ئیدریس کوڕی سێیەمی؛ ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو وەک یاریدەدەر و سکرتێر و جێگری فەرماندە. مەسعود کوڕی چوارەمی؛ بە یارمەتی ئەفسەرێک کاروباری نامەنووسی و پەیوەندیەکانی بەڕێوە دەبرد. بارزانی زۆر جار پێشوازی لە سەردانیکاران دەکات

(١) ئیمیلینۆ زاپاتا سالازار (٨ی ئابی ١٨٧٩ - ١٠ی نیسان١٩١٩) ڕێبەری شۆڕشگێڕی شۆڕشی مەکسیک و ڕێبەری سەرەکیی شۆڕشی وەرزێری لە ئەیالەتی مورێلۆس و هەروەها دامەزرێنەری بزۆتنەوەی وەرزێریی زاپاتیسمە.

و سـەرەڕای ڕۆڵـی سـەرەکی و دەسـەڵاتی بـاڵا، ژیـان لـە بارەگاکـەی سـادە، لادێیـی و وەفـاداره بـۆ دابونەریتـی کـوردی.

٢. ئەنجوومەنـی شـۆڕش: لـە سـاڵی ١٩٦٦ بـۆ یەکـەم جـار ئەفسـەرێکی عەرەبـی بەشـدار لـە شۆڕشـدا بـە نـاوی نەقیـب کەمـال نوعـمان بـە ئەندامـی ئەنجومەنەکـە هەڵبژێـردرا. ئـەم ئامـاژە ڕەمزییـە یەکڕیـزی هێـزە عەرەبـی و کوردییـەکان بـۆ بنیاتنانـی عێراقێکـی دیموکراتـی دەردەخـات. ژمـارەی ئەندامانـی ئەنجومەنەکـە بـۆ شەسـت و دوو ئەنـدام بەرزکرایـەوە.

ئەنجومەنەکـە بەشـێوەیەکی سـەرەکی وەک پەرلەمـان کار دەکات، دامەزراوەیەکـە جارجـارە لـە کاتـی بانگهێشـتکردنی لەلایـەن دەسـتەی کارگێڕییـەوە کۆدەبێتـەوە. دەسـتەی کارگێڕیـش ڕاسـتەوخۆ سـەرچاوەی ئەنجومەنەکەیـە، بـە کـردەوە بـە هـاوکاری سـەرۆک بڕیـاری گرنـگ دەدات. بەگوێـرەی هـاوڕێ و کەسـانی نزیـک لـە بەڕێـز تاڵەبانـی، ئەنجومەنەکـە هەندێکجـار وەک ئۆرگانێکـی سـادە بـۆ "تۆمارکردنـی بڕیـارەکان" تەماشـا دەکرێـت.

٣. دەسـتەی کارگێـڕی (مەکتەبـی تەنفیـزی): لـە سـاڵی ١٩٦٦، دەسـتەی کارگێـڕی حەڤـدە ئەندامـی هەبـوو و وەک کابینەیەکـی وەزاری ڕاسـتەقینە کاری دەکـرد، کـە سەرپەرشـتی و کۆنترۆڵـی هەمـوو دامـەزراوە و خزمەتگوزارییـە شۆڕشـگێڕییەکانی کـرد، تەنانـەت بـە سوپاشـەوە، بـەڵام لـە پراکتیـك و واقیعـدا خـۆی لەژێـر کاریگـەری مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـوو کـە زۆرینـەی ئەندامەکانیشـی لـە دەسـتەی کارگێـڕی ئەنـدام بـوون. بەڕێـز حەبیـب کەریـم سـکرتێری مەکتەبـی سیاسـی تـا سـاڵی ١٩٦٨ پۆسـتی سـکرتێری دەسـتەی کارگێـری هەبـوو. دواتـر ئەرکـی سـکرتێری دەسـتەی کارگێـری بـە دکتـۆر مەحمـود عوسـمان سـپێردرا، ئەویـش ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـییە. بەڕێـز حەبیـب کەریـم لـە پۆسـتەکەی وەک سـکرتێری مەکتەبـی سیاسـی مایـەوە و لـە هەمانکاتـدا لـە دەسـتەی کارگێڕیـش وەك ئەنـدام مایـەوە. شانبەشـانی دکتـۆر مەحمـود عوسـمان و حەبیـب کەریـم، ڕۆشـنبیری لاو، بەڕێـز سـامی کـە ئەندازیـار و ئەندامـی هەڵبژێـردراوی کۆمیتـەی ناوەندیـی پارتـی لـە تشرینـی دووەمـی ١٩٦٦دا هاتـە نـاو دەسـتەکەوە بـۆ بەهێزکردنـی تیمـی

سەرکردایەتی و پێشەنگی گەنجانەی دەستەی کارگێڕی. دوو ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی لە ساڵی ١٩٦٤ لە ڕیزەکانی پارتی دەرکران، بەڵام لە کاتی کۆنگرەی گەلاڵە لە تشرینی دووەمی ١٩٦٦دا گەڕێنرانەوە، کە هەردوو ئەندازیار نوری شاوێس و عەلی عەبدولا بوون و لەم کاتەدا پەیوەندییان بە دەستەی کارگێڕییەوە کرد. دەستەی کارگێڕی چەند کەسێکی گرنگی لەخۆگرتبوو: دکتۆر حیکمەت حەکیم، بەرپرسی تەندروستی لە شۆڕشدا، بەڕێز موحسین دزەیی، پارێزەر خەڵکی هەولێر، تەمەن نزیکەی ٣٨ ساڵە لە ساڵی ١٩٦٦.

بەڕێز حەمە محەمەد ئەمین بەگ، ئەندازیار دەرچووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، بەڕەچەڵەک خەڵکی سلێمانییە، تەمەن نزیکەی ٥٠ ساڵە، بەڕێز عەلی شەنگالی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان، تەمەن لە دەوروبەری ٣٥ ساڵە لە ساڵی ١٩٦٤، بەڕێز شێخ محمد، هاوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی. پێنج ئەفسەر کە ئەندامی دەستەی کارگێڕی بوون، لێژنەی سەربازییان پێکهێنا بوو: عەقید نوری مەعروف، عەقید عەبدولرەحمان قازی، موقەدەم نافیز، شێخ ڕەزا کە ڕێپێدراوی پۆلیس بوو و نەقیب یوسف کە ئەندازیاری سەربازی بوو لە ئەمریکا ڕاهێنراوە. ئەندامە گرنگەکانی تر: باوکە بایەدر کەسایەتییەکی ئاینی بەڕێز، وەهاب ئاغا، کەسێکی دیاری گوندنشین کە هێشتا لە ساڵی ١٩٦٦ ئەندامێکی چالاکە. سەرکردە نەریتییەکانیش کە سەرکردەی عەشیرەتەکانن کە لە ساڵی ١٩٦١دا لە سەرەتای شۆڕشدا؛ ڕۆڵێکی گرنگیان بینیبوو، وردە وردە دەکشانەوە: حاجی مەحمود ئاغا، تەنیا لە ڕواڵەتدا ئەندام بوو و سەرنجی لەسەر بەرووبووم و زەویەکانی بوو لە گوندەکەی بە ناوی هێرۆ، لە دەڤەری پشدەر. ساڵح بەگ میران، پیرە پیاوێکی بەساڵاچوو بوو، پێی باشتر بوو لە زێدی خۆی، گوندی هیران دابنیشێت و لە ساڵی ١٩٦٥ەوە ئەندام نەبوو. ئەم پەرەسەندنە گوزارشت لە دابەزینی وردە وردەی کاریگەریی سەرکردە تەقلیدییەکان دەکات لە شۆڕشدا. ڕۆڵی ئەوان کە جاران لە ساڵی ١٩٦١دا بەرچاو بوو، بە تێپەڕبوونی کات کەم بووبووەوە، تا ئەو ڕادەیەی نە لە سەرکردایەتی سیاسی و نە لە هێزە چەکدارەکانی شۆڕشدا نوێنەرایەتییان نەما.

ئەندامانـی دەسـتەی کارگێـڕی کـە هەریەکەیـان بەرپرسـیاریەتی تایبەتیـان هەیـە، بـە دەگمـەن پێکـەوە کۆدەبنـەوە. بەڕاسـتی زۆرێکیـان زۆرجـار بـۆ ئەنجامدانـی ئەرکەکانیـان دەنێردرێتـە ناوچـە جیاوازەکانـی وڵات.

دکتـۆر مەحمـود عـوسمان ئەندامـی کاریگـەری حـزب و سـکرتێری ئێسـتای دەسـتەی کارگێـڕی، ڕۆڵێکـی هاوشـێوەی سـەرۆک وەزیـران لـە ناوچـە ئازادکراوەکانـدا دەگێڕێـت. هەرچەنـدە کاتێکـی کەمـی هەیـە بـۆ پراکتیزەکردنـی پیشـەی پزیشـکی، بـەڵام درێغـی نـاکات لـە چارەسـەرکردنی کەسێک، ئەگـەر پێویسـت بـکات. هەندێکجـار دەیبینیـن دوای کۆبوونـەوە، دەتوانێـت بەجانتـا و کیتی پزیشـکییەکەیەوە بڕوات. لە پاشـخانێکی بێگەردەوە هاتبـوو، لەگـەڵ برایەکـی لـە ئەمریـکا دەیخوێنـد، بـە تـەواوی پابەنـد بـوو بـە شۆڕشـەوە، وەک ژان پرادیێـر جەختـی لەسـەر کردەوە. لە سـاڵانی ١٩٦٦ و ١٩٦٧ بینیمان بە شـێوەیەکی کاریگـەر لـە کوردسـتان کاردەکات و لـە دەرەوەی وڵاتیش، لە ئەوروپا و ئەمریکا ئەرکەکانی ئەنجـام دەدات. بـە توانـای کارکـردن و هەسـتی تونـدی بەرپرسـیاریەتی و خۆبەخشـی بـۆ بزووتنەوەکـە سەرسـامان دەکات. لـە کارەکتەری هۆشـیار و ژیریی، هەسـتێکی گاڵتەوگەپی تایبـەت بـە دانیشـتوانی سلێمانی هەیـە. پێـشتر هەر سێ زمانەکانـی (کـوردی و عەرەبی و ئینگلیـزی) دەزانـی، لـە چەنـد مانگێکـدا لـە کوردسـتان فێـری زمانی فەرەنسـی بـووە، دوای دەوامـی فەرمـی، بـە بەکارهێنانـی ئامێـری تۆمارکـردن و مەشـقکردن لەگـەڵ بـاوک بەیـدار. ئێسـتا شـارەزاییەکی زۆرباشـی لـەم زمانـە هەیـە، چ بـە نووسـین و چ بـە قسـەکردن.

لە کەمپی فەرمانگەی دەستەی کارگێڕی، کە دەکەوێتە ناوپردان لە ساڵی ١٩٦٦، چەندین ئۆرگان یان خزمەتگوزاری و هەروەها دەستەکان کۆکرابوونەوە. لێرەدا ئەوەی هەیە:

أ. دادگای تێهەڵچوونەوە.

ب. بەشی خەزێنە و ژمێریاری.

ج. دەزگای هەواڵگری، کە هەردوو بەشی مەدەنی و سەرباز پێکهاتووە.

د. خزمەتگوزاری پزیشکی.

ه. لێژنەی سەربازی.

و. لە کەمپی فەرمانگەی جێبەجێکردندا، هەروەها دەبینین:

خزمەتگوزاری ناوەندی: دڵی کارگێڕی و فەرمانگەی دەستەی کارگێڕی، هەماهەنگی کاروچالاکیی خزمەتگوزارییە جیاوازەکان دەکات و سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە دەکات کە لەلایەن فەرمانگەوە دەدرێن. مەشقگەی پەیوەندییە ڕادیۆییەکان: مەبەست لێی ڕاهێنانی کارمەندان لە گواستنەوەی ڕادیۆیی، کە پێویستە بۆ پاراستنی پەیوەندی نهێنی و جێی متمانە لە نێوان ناوچە جیاوازەکان و ئۆرگانەکانی شۆڕش.

ز. خزمەتگوزارییەک بۆ کاری سکرتێری، بە ئامێری پێویست پەیوەست کراوە. ئەم خزمەتگوزارییە کتێبخانەیەکی بچووکی گەڕۆکیشی لەخۆگرتووە.

ح. خزمەتگوزاریی بەڕێوەبردن: ئەم خزمەتگوزارییە بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی ئەو پێداویستی و کاڵایانەی بۆ ژیان لە کەمپەکەدا پێویستن. ئەوانەی بەرپرسیارن لەم خزمەتگوزارییە، هەندێکجار گەشت دەکەن بۆ سەر سنوورەکان بۆ کڕینی خۆراک و ئامێر و شتە سەرەکییەکانی تر.

ط. یەکەی پاسەوانی سەربازی کە لە چەکداری پێشمەرگە پێکهاتووە، لە شوێنەکە جێگیرکراون. ئەوان بە بەرگری دژە فڕۆکە (DCA) تەدارەکراون بۆ پاراستنی ناوچەکە لە هێرشی ئاسمانی.

هێزێکی پۆلیسی سەربازی هەیە کە ئەندامانی بە قۆڵبەستێکی سووری جیاواز دەناسرێنەوە. ئەم هێزەی پۆلیسە ئەرکی ڕێکخستنی هاتوچۆی سەر ڕێگای ڕواندز- حاجی ئۆمەرانیشی هەیە. لە پاییزی ساڵی ١٩٦٦ لە کاتی سەردانێکمدا و مانەوە لە کەمپی دەستەی کارگێری، ڕووداوێکی هاتووچۆ لە نێوان ئۆتۆمبێلێکی دەستەکە و ئۆتۆمبێلێکی تایبەت ڕوویدا کە کە لە بەغداوە هاتبوو. لێکۆڵینەوەیەک لەلایەن دادوەرێکی کورد و پۆلیسەوە ئەنجامدرا، بەو پێیەی قۆناغی ئاگربەست بوو، هاوکاری نێوان دەسەڵاتی شۆڕش و دەسەڵاتی عێراق هەبوو. نزیکترین بنکەی پۆلیس لەسەر ڕێگاکە بە هێڵی تەلەفۆنی کورت بەستراوەتەوە بە بارەگای فەرمانگەی دەستەی کارگێڕییەوە.

ي. خزمەتگوزارییەکی کارگێڕی بۆ خودی کەمپی دەستەی کارگێڕی داڕێژراوە. ئەم بەشە سەرجەم ئەرکە کارگێڕییەکانی پێویست بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی چالاکیەکانی ناو کەمپەکە جێبەجێ دەکات و دڵنیایی دەدات لە بەڕێوەبردنی کارامەیی و هەماهەنگی ئۆپەراسیۆنەکان.

ك. کارگەیەک بۆ دروستکردنی جلوبەرگ بۆ پێشمەرگە و خزمەتگوزاریی چێشتخانە و پارکێکی بچووکی ئۆتۆمبێل ڕێکخراوە، هەروەها وێنەگرێکی "نافەرمی" هەیە کە ڕاستەوخۆ بە دەستەی کارگێڕییەوە بەستراوەتەوە.

ل. خزمەتگوزاریی دۆکیۆمێنتکردن و ئەرشیف و تۆمارکردن کە هەموو زانیارییەکانی تێدا تۆمار دەکرێت.

هەر ئەندامێکی دەستەی کارگێڕی، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەفسەرانی لەشکری شۆڕش، هەروەها میوانە بەڕێزەکان کە دەگەنە کامپەکە، پێشمەرگەیەکیان بۆ هاوکاریکردنیان بۆ دیاری کراوە و هەمیشە یاوەریانە. سەرەڕای ئەوەش، بەرپرسان و میوانەکان هەرگیز بێ تیمی پاسەوانی چەکدار جووڵە ناکەن، لەبەر دڵنیابوون لە سەلامەتییان.

٤. مەکتەبی سیاسی و ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان: مەکتەبی سیاسی لە واقیعدا ناوەندی پێشەنگی دەستەی کارگێڕییە. دوای کۆنگرەی حەوتەمی پارتی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٦ لە چەند ئەندامێکی سەرەکی پێکهاتبوو:

- بەڕێز حەبیب کەریم، سکرتێر،
- دکتۆر مەحمود عوسمان،
- بەڕێز ساڵح یوسفی،
- بەڕێز نوری شاوێس،
- عەلی عەبدوڵا.

ئەم سێ کەسەی دوایی بەشێک بوون لە تیمی پێشووی بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەد کە ئێستا تێکەڵ بە ئیدارە نوێیەکە بوون. کۆمیتەی ناوەندی نوێ؛ ئەندامانی دیار لەخۆدەگرێت، وەک: بەڕێز سامی و بەڕێز شەوکەت ئاکرەیی، کە هەردووکیان ئەندازیار بوون لە لە بەریتانیا خوێندوویانە، هەروەها چەندین کەسایەتی سەربازی وەک عەبدولوەهاب ئەتروشی، ئەفسەری پێشووی پۆلیس، موقەدەم عەزیز ئاکرەیی و ملازم ڕەشید سندی. بەڕێز ساڵح یوسفی لە ساڵی ١٩٦٧ ڕۆژنامەیەکی بە ناوی التاخی ("برایەتی") بەڕێوە دەبرد، کە بنکەکەی لە بەغدایە و بە شێوەیەکی

سەرەکی بە زمانی عەرەبی دەنووسرا. ئەم ڕۆژنامەیە کە پەیوەستە بە شۆڕشەوە، لە سایەی ئاگربەستی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا ڕێگەپێدراوە، بەڕێز شەوکەت ئاکرەیی هاوکار دەبێت لە بەڕێوەبردنیدا، لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٦٧ بەڕێز سامی دەچێتە ناو مەکتەبی سیاسییەوە.

سامی کە کاسایەتییەکی سەرەکییە لە شۆڕشی کورددا[1]. لە ساڵی ١٩٣٢ لە خێزانێکی ماماوەند لە چیای شەنگال لەدایک بووە، لە بەریتانیا خوێندوویەتی و بڕوانامەی ئەندازیاری کارەبای لە زانکۆی مانچستەر بەدەستهێناوە. دوای ئەوەی ماوەیەک لە وەزارەتێکی تەکنیکی لە بەغدا کاردەکات، هەر لەسەرەتاوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە. ساڵی ١٩٦٤ وەک سەرنووسەر لە ڕادیۆی "دەنگی کوردستان" لە چیای ماوەت کاری کردووە. ئەو سەردەمە سەربەخۆ بوو و بەرپرسیارێتی سیاسی نەبوو، چونکە پۆستەکانی سەرکردایەتی لەلایەن ئەندامانی حزبەوە بەڕێوەدەبران. قەیرانی ساڵی ١٩٦٤ کاریگەری زۆری لەسەر دروست کرد: پەنای بردە بەر بێدەنگی و خەمخواردن، لە قەڵادزێ لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە دەژیا کە لەکاتی خوێندنی لە بەریتانیا ناسیبوونی، لەگەڵ دامەزراندنی دامەزراوە شۆڕشگێڕییەکان، بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی دا: خۆی بە تەواوی پابەند بکات بە شۆڕشەوە. سەبارەت بەرپرسیاریەتیەکانی: لە تیمی بەڕێز حەبیب کەریم، دکتۆر مەحمود عوسمان بەرپرسیارێتی ڕادیۆی پێدەدات. ساڵی ١٩٦٥ بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی شۆڕش، پاشان لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ساڵی ١٩٦٦ بووەتە ئەندامی دەستەی کارگێڕی، دواجار لە ساڵی ١٩٦٩ گەیشتە مەکتەبی سیاسی. تایبەتمەندی و بەشدارییەکانی سامی، پیاوێکی ڕۆشنبیر و ڕێکخراوە، هەستێکی بەهێزی بە ئەرک و ئیش هەیە. ورد و زانستییە، هەمیشە پشت بە ڕاستی و ئامار دەبەستێت، بۆ ئەوەی ئارگومێنتەکەی بخاتەڕوو. جگە لە سیفەتە فیکرییەکانی، پیاوێکی کردارییە، توانای دەستپێشخەری و سەرکردایەتیکردنی هەیە. لەگەڵ هاوسەرەکەی و منداڵە بچووکەکانی لە خانوویەکی بچووکی لادێیی لە نزیک فەرمانگەی دەستەی کارگێڕی دەژین.

(١) تەواوی ناوی ئەو کەسانەی دیکە کە لەم کتێبەدا ناویان هاتووە، ڕاستەقینەن.

سامی کە بە تەواوی خۆی تەرخانکردووە بۆ شۆڕش، نموونەیەکی تایبەتی سەرکردەیە کە بەهۆی ئەم خەباتەوە دروستبووە. لە ساڵی ١٩٦٦، لە کاتی بۆمباران و هێرشەکانی ناپاڵم لە ماوەی شەڕی ڕواندزدا، سامی ڕۆڵێکی سادە، بەڵام گرنگی گێڕا: ئەو ڕێنمایی و وەرگێڕیی بۆ ڕۆژنامەنووسانی بیانی کرد کە بۆ ڕووماڵکردنی جەنگ هاتبوون، وەک ڕۆژنامەنووسان: بێرتۆلینۆ و مۆریس و تیواڵت.

سامی پیاوێکی کرداری مەیدانەکانە، ئەو بە بەردەوامی لە سەر پشتی هێستر بەناو ناوچە شاخاوییە جوانەکان، دەربەند و گەرووە ساردەکان و دەشتە وشکەکاندا دەڕوات، لەگەڵ دەستەی پاسەوانی چەکداری بچووک. ئەم هەڵمەتانە کە هەندێک جار لە سێ هەفتە بۆ مانگێک دەخایەنێت، لە بارودۆخێکی زۆر سەختدا لە نێوان قوڕ و بەفری زستان و لە ژێر گەرمای تاقەتپڕوکێنی هاویندا ئەنجام دەدرێت بۆ دابەشکردنی پێداویستییەکان، سامی دەچێتە شوێن و پێگەکانی پێشمەرگە بۆ دابەشکردنی ئەو سەرچاوە کەمانەی کە شۆڕش دەتوانێت پێشکەشی بکات.

سەبارەت بە ڕۆڵی دیپلۆماسی و سەربازی بەڕێز سامی: لە هاوینی ١٩٦٩ وەک دیپلۆماتکار نێردرا بۆ ئەوروپا بۆ نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی کورد، ئەرکێکی هەستیارە؛ لەبەرئەوەی کورد وەک دەوڵەت نەناسرابوو. لەڕووی سەربازیشەوە، توانی خۆی وەک سەرکردەی سەربازی لە هێرشێکی ستراتیژی بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکووک بسەلمێنێت. ژەنەڕاڵ بارزانی فەرماندەیی ئەم ئۆپەراسیۆنە ئاڵۆزەی پێ سپارد، ئەو هەڵبژاردنەی سامی، لۆرد کیلبراکن ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا و ڕۆژنامەنووس بە "سروشتیی" وەسف کرد، بەهۆی شارەزایی وەک ئەندازیار و ئەفسەر، بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی ورد، لە پلان داناندا، سامی خۆی بۆ ئۆپەراسیۆنەکە ئامادە دەکات بە لێکۆڵینەوەی ورد لە ناوچەکە و ئەنجامدانی پشکنین و ڕێکخستنی بچووکترین وردەکارییەکان. لە جێبەجێکردنیشدا بلیمەت و سەرکەوتوو بوو: توانی سەرکردایەتی ٢٠٠ پێشمەرگەی هەڵبژێردراو و ١٠٩ هێستر و ١٣ ئۆتۆمبێل (جێب و لاندرۆڤەر) بکات کە بە هاوەنی قورس و تەقەمەنی و خۆراک بارکراو بوون، بە درێژایی ٢٠٠ کیلۆمەتر لە ڕێگا سەختە شاخاوییەکان و دەشتاییەکان کە لەلایەن خاڵە سەربازییەکانی عێراقەوە پاسەوانی دەکرا. ئەم ئەرکە نەک تەنیا توانای تاکتیکی

سامی دەردەخات، بەڵکو پابەندبوونی تەواوی بە شۆڕشی کوردیشەوە دەردەخات کە تیایدا چەندین ڕۆڵ دەگێڕێت: ڕێبەر، دیپلۆماتکار، سەرکردەی سەربازی و لۆجستیک.

لە بەرەبەیانی یەکی ئاداری ١٩٦٩، سامی و پێشمەرگەکانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی وردیان ئەنجامدا. ئەمەی خوارەوە پوختەی ڕووداوەکانە: پێشمەرگە هاوەنە ١٢٠ ملیمەکان لە بەرزایی پێنج کیلۆمەتر لە کەرکووک دامەزران کە شوێنێکی نموونەییە بۆ هێرشکردن.

ئەو هێرشە؛ ئەو کەرستانە دەکەنە ئامانج کە لاوازن و زوو گڕ دەگرن، لەوانە دامەزراوە مۆدێرنەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە ناوچەی بابە لە قەراغی کەرکووک. دامەزراوەکان زیانێکی بەرچاویان بەرکەوتووە، ئەمەش یەکێکە لە هێرشە وێرانکەرەکانی شەڕەکە. داهاتی نەوتی بەغدا دەستبەجێ زیانی پێگەیشت. لە سەرەتادا، بەرپرسانی عێراق بە سەرسوڕمانەوە ئیسرائیل تاوانبار دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لەلایەن هێزێکی ئاسمانییەوە هێرشیان کراوەتە سەر. بەرپەرچدانەوەی سەربازی لەلایەن عێراقەوە: نزیکەی هێزێکی پشتیوانی هەزار سەربازی عێراقی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکە بەڕێدەکەون لە ڕێگای کەرکوك بەرەو شوێنی هێرشەکە، بەڵام دوای شەڕێکی کورت، سەربازەکان گەڕانەوە. سەرەڕای جووڵاندنی هێزی ئاسمانی، سامی و پێشمەرگەکانی هەموویان بە سەلامەتی دەگەڕێنەوە بنکەکەیان، تەنیا یەکێکیان برینداره و لە دوای خۆیان هیچ کەرەستە و کەلوپەلێکیان جێنەهێشت. پێشمەرگە و ستراتیژەکەیان لەدوای هێرشەکەی کەرکووک، سامی سەرکردەی کورد بە هاوڕێکەی لۆرد کیلبراکن ڕاگەیاند کە ڕۆژنامەنووسێکی بەریتانی بوو، لە لەندەنەوە هاتبوو بۆ نووسینی ڕاپۆرتی مەیدانی لەبارەی شەڕەکە: "پێشمەرگەکان تەنانەت گولە هاوەنە بەتاڵەکانیشیان لەگەڵ خۆیان هێنایەوە "، ئەمەش بەڵگەی دیسپلین و نیگەرانییانە لەوەی هیچ شتێک بەجێ نەهێڵن کە زیانیان پێ بگەیەنێت". سەبارەت بە هەڵوێستی عێراق لە دوای هێرشەکە، سوپای عێراق شوێنی هێرشەکەی دیاری کرد و لەوێ خاڵی سەربازی توند و تۆڵیان دروستکرد بۆ ڕێگریکردن لە هێرشێکی نوێ، بەڵام وەک لۆرد کیلبراکن دەنووسێت: "پێشمەرگە ئەوەندە ناژیر نییە بڕۆن و لە هەمان شوێن دووبارە هێرش بکەنەوە". ئەمە زیرەکی و توانایان نیشان دەدات بۆ خۆلادان لە تەڵە. ڕۆژنامەنووسە لەندەنییەکە دەنووسێت:

"دوای هێرشەکەی کەرکووک؛ کورد بەردەوامە لە شەڕەکانی بە ئەنجامدانی شەش هێرشی دیکە بۆ سەر بۆرییە نەوتییەکانی ناوچەکە و هەروەها هێرشکردنە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سەربەشاخ"(١).

پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێنج "لق" پێکهاتووە کە هەموو کوردستانی عێراق و بەشەکانی عێراقی عەرەبی دەگرێتەوە. ئەمەی خوارەوە دابەشکردنی ناوچەیی لقەکانە:

- لقی یەك بۆ پارێزگای مووسڵ(بادینان)
- لقی دوو بۆ پارێزگای هەولێر
- لقی سێ بۆ پارێزگای کەرکووك
- لقی چوار بۆ پرێزگای سلێمانی
- لقی پێنج بۆ پارێزگای بەغداد

پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهاتەیەکی پلەبەندی دیاریکراوی هەیە، کە لە لقی پارێزگاکانەوە تا گوندەکان درێژدەبێتەوە. لێرەدا چۆن ڕێکدەخرێت:

هەر لقێك لەلایەن کۆمیتەیەکی هەرێمییەوە بەڕێوەدەبرێت. کۆمیتەی هەرێمی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کۆمیتەی ناوەندی پارتییەوە. لە هەر قەزایەك لێژنەی ناوچە هەیە، کە ڕاپۆرت دەداتە کۆمیتەی هەرێمی پارێزگا. لە هەر ناحیەیەك ڕێکخراوێك هەیە، پەیوەستە بە لێژنەی ناوچەوە. ڕێکخراوە ناوخۆییەکانیش خۆیان دابەش دەبن بەسەر شانەدا، بنەمای ڕێکخستنی حزبی پێکدەهێنن. بەرپرسانی حزبی خۆجێی تەنانەت لە گوندەکانیشدا ئامادەییان هەیە، ئەمەش گەرەنتی پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردساتان و دانیشتوانی ناوچەکە دەکات.

پێش کۆنگرەی حەوتەم، پێکهاتەیەک هەبوو بە ناوی "لقی شەش"، کە ئەندامانی حزبی لە لەشکری شۆڕشدا کۆدەکردەوە، بەڵام بۆ ئاسانکردنی ڕێکخستن، ئەم سیستەمە پێکهاتەیەکی لامەرکەزیتر جێگەی گرتەوە: ڕێکخستن لە لیوا، هەر لیوایەک یان "هێز"ی

(١) "هێرشبەرانی نەوت"، لە ڕۆژنامەی سەندەی تایمز، ١١ی ئایاری ١٩٦٩.

سوپا ئێستا لێژنەی تایبەتی خۆی هەیە، کە ئەندامانی حزب کۆدەکاتەوە. ئەم لێژنەیە بەستراوەتەوە بە لیژنەی ناوچەیی پەیوەندیدار. ڕێکخستن بەپێی بەتالیۆن، ئەندامانی حزب لە بەتالیۆنێکدا لەلایەن لیژنەیەکەوە سەرپەرشتی دەکرێن کە لەو ئاستەدا هەڵدەبژێردرێن. ئەم لیژنەیە بەستراوەتەوە بە لێژنەی لیواکە. لیژنەکە کۆڕی پەروەردەیی و پێگەیاندن بۆ هەموو پێشمەرگە ڕێکدەخەن، جا ئەندامی پارتی بن یان نا. کۆنفرانسی هاوشێوەش بۆ هاووڵاتیانی مەدەنی ڕێکدەخرێت. هەر لیوا و بەتالیۆنێک ڕێپێدراو، یان نوێنەرێکی سیاسی هەیە، پێشی دەگوترێت ڕابەری سیاسی کە لەلایەن پارتییەوە ڕاسپێردراون. ئەم ڕابەرە بەرپرسە لە چالاکیی پارتی لە سوپادا و دەبێت هاوکاریی فەرماندەکان بکات، بۆ چارەسەکردنی کێشەکان لەبەرژەندی هاوبەش. ئەگەر فەرماندە ئەندامی پارتی بێت، ئەوا دەتوانێت ڕۆڵی ڕابەری سیاسیش بگرێتە ئەستۆ. ئەم سیستەمە ئامانجی باشتر هەماهەنگی چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانە، لە هەمان کاتدا ئەندامانی پارتی لە هەموو ئاستەکاندا بەشداربن.

گروپی جیابووەوە بە سەرۆکایەتی بەڕێزان ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی هێشتا چالاک و ڕێکخراوە. ئەو تاقمە هێشتا خۆی بە "پارتی ڕاستەقینە" دەزانێت و ڕۆژنامەی تایبەتی خۆی بە ناوی "خەبات" بڵاودەکاتەوە. ئەم گروپە بە ئاشکرا هاوکاری حکومەتی عێراق دەکەن بۆ دژایەتیکردنی دەسەڵاتی ژەنەڕاڵ بارزانی و ڕێکخستنی شۆڕش، سەرکردەکانی بە زۆری لە بەغدا دەژین. دوو وەشانی خەبات (ئەوەی بارزانی و ئەوەی بەرهەڵستکاران) بە ناوەڕۆک و ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی یەکتری دەکەن، جیا دەکرێنەوە. لە کۆنفرانسێکدا؛ کە لە ٢٨ی ئابی ١٩٦٦ لە تیمار (باشووری کوردستانی عێراق) لەلایەن گروپی جیابووەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەسترا، ئەم بڕیارانەی خوارەوە پەسەند کران:

- حکومەتی ئێستای عێراق بە "حکومەتێکی نیشتمانی دژە ئیمپریالیست" دادەنرێت، بەڵام هێشتا "دیموکراتی و پەرلەمانی" نییە.
- پارتی هەوڵ دەدات ئەم حکومەتە بگۆڕێت بۆ ڕژێمێکی نیشتمانی و دیموکراتی.
- پارتی پشتگیری لە حکومەتی ناجی تالیب دەکات لە هەڵوێستەکەی دژی ئیمپریالیزم.

- ئەگـەر حکومـەت بەرنامـەی ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٦ جێبەجـێ بـکات (کـە دوای ئاگربەسـت پەسـەند کـرا) و بارزانـی شـەڕ دەسـتپێبکاتەوە، ئـەوا پارتـی هەمـوو هێزەکانی بـۆ شـەڕکردن دژی مـەلا مسـتەفا بارزانـی کۆدەکاتـەوە. (بڕوانـە ڕۆژنامـەی خەباتـی گروپـی جیابـووەوەی ئەیلوولـی ١٩٦٦).

ئـەم لێدوانانـە بـە ڕوونـی دژایەتـی نێـوان ئـەو دوو باڵـە دەردەخـات کـە یەکێکیـان پشـتگیری حکومەتـی عێراقـی دەکات و ئـەوی تریـان دڵسـۆزە بـۆ بارزانـی.

٥. لەشکری شۆڕشی کوردستان

ئێمە یەک لە دوای یەک بەدواداچوون بۆ ئەمانە دەکەین:

أ. فەرماندەیی سوپا

ب. دابەشبوون و لیواکانی

ج. ژمارەی هێزە چەکدارەکانی

د. چەك و جبەخانە

هـ. خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر

أ. فەرماندەیـی سـوپا: فەرماندەیـی سـەربازی لەلایـەن ژەنـەڕاڵ بارزانـی سەرپەرشـتی دەکرێـت، بـە هـاوکاری:

- کوڕەکەی: ئیدریس
- عەقید نوری مەعروف
- عەقیـد عەبدولرەحـمان قـازی، کـە پۆسـتی سـکرتێری سـەربازی فەرمانـدەی گشـتی و پاشـان سـەرۆکی ئەرکانـی لەشـکری شۆڕشـی هەبـوو.

لێژنـەی سـەربازی دەسـتەی کارگێـڕی لەگـەڵ فەرمانـدەی گشـتی هـاوکاری دەکات و پەیوەنـدی لەگـەڵ فەرماندەیـی لیـواکان دەبەسـتێت. فەرمانـدەی لیـواکان ئازادییەکـی دیاریکراویـان هەیـە بـۆ کارکـردن لـە ناوچەکانـی خۆیانـدا، جگە لە ئۆپەراسیۆنە گـەورەکان کـە فەرماندەیـی بـاڵا بڕیـاری لەسـەر دەدات.

ب. دابەشبوون و لیواکان: پێش ساڵی ١٩٦٤ لەشکری شۆڕشی کوردستان بە هێز(لیوا) و لیواش بە بەتالیۆن ڕێکدەخرا. بەڵام لە ڕێکخستنەوەی ساڵی ١٩٦٤ەوە سیستەمی لیوای ئۆتۆنۆم وازی لێهێنرا. بەم بۆنەیەوە سوپا بەسەر سێ لەشکر(فیرقە)ی گەورەدا دابەش بوو:

١. **لەشکری یەکەم:** بەرپرسە لە ناوچەکانی باکوور ( بادینان).

٢. **لەشکری دووەم:** بەرپرسە لە ناوچەکانی ناوەڕاست.

٣. **لەشکری سێیەم:** بۆ ناوچەکانی باشوور دیاری کراوە.

ئەو سێ لەشکرە ئەو شتەیان پێکهێنا کە پێی دەگوترا "سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان"، بەڵام ئەم سیستەمە کردەنی نەبوو، چونکە سەلماندنی زۆر قورس بوو و ئاسانکاری تێدا نەبوو. پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر لە کادیری سەربازی هەبوو کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئەرکی ئیدارییان پێسپێردرابوو، ئەمەش ئۆپەراسیۆنی گشتی ئاڵۆزتر کرد. لە ئەنجامدا گەڕاینەوە سیستەمێک کە لەسەر بنەمای لیوای سەربەخۆتر و ئاسانتر بوو. سەرەڕای ئەم گۆڕانکارییە، فیرقەی یەکەم کە دەکەوێتە ناوچەی بادینان، پارێزگاری لێکراوە و ئۆتۆنۆمییەکی زۆر بەرچاوی هەبوو، کە ئەم دەڤەرە لە ناوچەکانی دیکەی ناو ڕێکخستنی سەربازی جیا دەکاتەوە. ئەم پێکهاتە ئامانجی باشتر هەماهەنگی و مەرکەزیکردنی چالاکییە سەربازییەکان بوو لە ناوچە جوگرافییە جیاوازەکاندا.

فیرقەی یەکەم و لیوا جیاجیاکان تەواوی خاکی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە، بەو ناوچانەش کە هێشتا لەژێر دەسەڵاتی هێزە عێراقییەکاندان. هەر یەکێکیان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا کاردەکات. لیواکان ناویان هەیە کە ڕەنگدانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردییە و زۆرجار ئاماژە بە ناوچەیەکی جوگرافیای دیاریکراو دەکەن. سەربازەکان بە تایبەتی ئەفسەرەکان زۆرجار لە نێوان لیوا جیاوازەکاندا ئاڵوگۆڕدەکرێن. لیواکانی فیرقەی بادینان بە ناوی فەرماندەکانیان دەناسرێنەوە، کە لە سەرەتای شەڕەوە هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە. ئەم فەرماندانە هەموویان لە بارزانەوە هاتوون و سەربازی پیشەیی نین، بەڵام بە ساڵانێک شەڕ و ژیان لە خەباتی بەرخۆدان و شۆڕش ئەزموونی خۆیان بەدەستهێناوە. لەبەرامبەردا، لە لیواکانی تر و بەتالیۆنەکاندا،

زۆربـەی فەرمانـدەکان ئەفسـەری پیشـەیی و زۆربەیـان لـە سـوپای عێـراق یـان پۆلیسـی عێـراق هەڵاتـوون.

لەشکری شۆڕشی کوردستان لە:

- شـەش لیـوای سـەربەخۆ: بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆ لـە ناوچەکانـی خۆیانـدا کاردەکـەن.
- فیرقەیەک کە پێکهاتووە لە چوار لیوای زیادە، کۆی گشتی دەبێتە دە لیوا.
- بەتالیۆنێکی سەربەخۆ.
- یەکەیەکـی تۆپخانـەی گـەڕۆک بـۆ پاڵپشـتیکردنی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان. (بـۆ شـوێنەکان سـەیری نەخشـە بکـە).

١. لیـوا یـان "هێـز"ی خەبـات لـە ناوچەکانـی نزیـک سـنووری ئێـران چالاکـی دەکات. ناوچـەی کارکردنـی درێژدەبێتـەوە لـە زێـی بچووکـەوە (ڕووبارێـک کـە دەکەوێتـە باکووری ڕۆژهەڵاتـی عێراق تـا باشـووری خانەقیـن (نزیـک سـنووری ئێـران، هەروەهـا ئـەو ناوچانـە دەگرێتـەوە کـە دەکەونـە ڕۆژهەڵاتـی سـلێمانی).

٢. لیـوا یـان "هێـز" ی قـەرەداغ، ناوچەکانـی قـەرەداغ، جەبـاری و کفـری دەگرێتـەوە، ناوچـەی کارکردنەکـەی لاکێشـەیەکی گـەورە پێکدەهێنێـت کە بـەم ڕێگایانـەی خوارەوە سـنووردارکراوە: بەغـدا – خانەقیـن – دەربەنـدی خـان – سـلێمانی – کەرکـووک – بەغـدا.

٣. لیوا یـان هێـزی ڕزگاری: لـە باکـووری هێـزی قـەرەداغ و ناوچەکانـی شـوان و دەشـتی کەرکـووک و لـە نێـوان ڕێـگای سـلێمانی-کۆیە لـە باکوورەوە و بەشـی باکـووری چیـای حەمریـن لـە باشـوور و بەشـی خـوارەوەی زێـی بچـووک لـە ڕۆژئـاواوە دەگرێتـەوە.

٤. لیـوا یـان هێـزی کاوە: دەکەوێتـە نزیـک سـنووری ئێـران، لـە باشـوورەوە هاوسـنوورە لەگـەڵ سـەرەوەی ڕێـڕەوی زێـی بچـوك کـە جیـای دەکاتـەوە لـە هێـزی خەبـات لـە باکـورەوە هاوسـنوورە لەگـەڵ ڕێـگای ڕواندز-حاجـی ئۆمـەران، کـە لـە هێـزی باڵـەک جیـای دەکاتـەوە. لـە سـنوورەوە تـا کۆیـە لـە ڕۆژئـاوا درێـژ دەبێتـەوە، کـە ناوچـەی ڕانییـە و قـەڵادزێ دەگرێتـەوە.

٥. لیـوا یـان هێـزی سـەفین: دەکەوێتـە نێـوان بەشـی خـوارەوەی زێـی گـەورە و بچـووک، لـە ڕۆژهـەڵات هاوسـنوورە لەگـەڵ دیجلـە و لـە باشـوور سـنووردارە بـە بەشـی

باکووری ئـەو ڕێگایـەی کەرکـووک بـە کۆیـە دەبەسـتێتەوە. چالاکییەکانـی ناوچـەی هەولێـر دەگرێتـەوە.

٦. لیـوا یـان هێـزی باڵـەك (کـە لـە نـاوی ڕووبارێکـەوە وەرگیـراوە): دەکەوێتـە باکـووری هێـزی "کاوە " لـە نێـوان ڕێـگای ڕواندز-حاجـی ئۆمـەران کـە لـەو ڕێگایـەوە تـا ئـەو شـوێنەی سـنوورەکانی تورکیـا و ئێـران و عێـراق بەیەکدەگـەن . ناوچـەی چالاکییەکانـی ناوچـەی ڕوانـدوزە.

- لیواکانـی ٧ تـا١٠: فیرقـەی یەکـەم: بادینـان لەگـەڵ بـارزان و چیـای شـەنگال، واتـە ناوچـە ناوخۆییەکانـی مووسـڵ هەتـا سـنووری تورکیـا لـە باکـوور و سـنووری سـوریا لـە ڕۆژئـاوا دەگرێتـەوە. ئـەم بەشـە لـە چـوار هێـز یـان لیـوا پێکدێـت کـە فەرماندەییەکـی هاوبەشـیان هەیـە.

ج. ژمارەی هێزە چەکدارەکانی لەشکری شۆڕشی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٦.

| یەکە | ژمارەی پێشمەرگەکانی |
|---|---|
| هێزی خەبات(چوار بەتالیۆن) | ١٤٠٠ |
| هێزی قەرەداغ(سێ بەتالیۆن) | ١٣٠٠ |
| هێزی ڕزگاری(چوار بەتالیۆن) | ١٦٠٠ |
| هێزی کاوە(بێ بەتالیۆن) | ٧٥٠ |
| هێزی سەفین(سێ بەتالیۆن) | ٢٠٠٠ |
| هێزی باڵەك(بێ بەتالیۆن) | ١٧٠٠ |
| لەشکری یەك | ٤٥٠٠ |
| بەتالیۆنی سەربەخۆی بێتواتە | ٤١٢ |
| پاسەوانانی بەرەگای بارزانی | ٢٠٠ |
| پاسەوانانی کەمپی دەستەی کارگێڕی | ١٥٠ |
| کۆی گشتی | ١٤٠١٢ |

لـە سـاڵی ١٩٦٦ هێـزە ئاسـایی و چالاکەکانی لەشـکری شۆڕشـی کوردسـتان ژمارەیـان زیاتـر بـوو لـە ١٤ هـەزار چەکـدار، بەپێـی ئامارەکانـی تۆمـاری دەسـتەی کارگێـڕی

مووچـەی پێشـمەرگە. پاسـەوانەكانی سـنووری حاجـی ئۆمـەران، چاودێـری وێسـتگەی ڕادیـۆ و یەكـەی تۆپهاوێـژ كـە بـە شـێوەیەكی سـەرەكی لیـوای باڵەكیـان پێكهێنـاوە. لـە كـۆی گشـتی ئـەو هێزانـەدا گروپـە چەكـدارە بچووكەكانـی هەندێـك سـەركردەی نەریتـی و پیاوانـی گروپـی بەرهەڵسـتكار و جیابـووەوە لـە خـۆ ناگرێـت كـە بـە چەنـد سـەد كـەس دەخەمڵێنرێـن. لـە لایەكـی تـرەوە، هەندێـك لـە سـەركردە تەقلیدییـەكان كـە پشـتیوانی شـۆڕش دەكـەن، هێزەكانیـان تێكـەڵ بـە لەشـكری شـۆڕش كـردووە، بۆیـە بـۆ ئامارەكانـی پێشـوو؛ نزیكـەی دوو هـەزار پێشـمەرگە زیـاد دەبـن كـە بەهـۆی نەبوونـی كەلوپـەل و كەمـی چـەك ناتوانرێـت چەكـدار بكرێـن.

لـە سـاڵی ١٩٦٤ەوە، لەشـكری شۆڕشـی كوردسـتان پـەرەی سـەندووە و بـووە بـە سـوپایەكی ڕێكخـراو، لـە بەرخـۆدان و شۆڕشـەوە دەگۆڕێـت بـۆ هێزێكـی نیشـتمانی و پیشـەیی. هەروەهـا بـە سـوپایەكی جەماوەریـش دەمێنێتـەوە كـە لـە نیشـتمانپەروەرانی دڵسـۆز پێكهاتـووە.

سـەركردە سـەرەكییەكانی لەشـكری شۆڕشـی كوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٦٦ بریتـی بـوون لـە: ڕێپێدراو(ڕێپێـدراوی پێشـووی پۆلیـس) عەبدولوەهـاب ئەتروشـی، فەرمانـدەی لیـوای خەبـات. ملازم تاهیـر عەلـی وەلـی فەرمانـدەی لیـوای قـەرەداغ. ملازم ڕەشـید سـندی، فەرمانـدەی لیـوای ڕزگاری. جەنـگاوەری دێریـن حەسـۆ بارزانـی، فەرمانـدەی لیـوای كاوە. موقـەدەم عەزیـز ئاكرەیـی، فەرمانـدەی لیـوای سـەفین، جەنـگاوەری دێریـن عەبـدوڵلا پێشـدەری، فەرمانـدەی لیـوای باڵـەك. فیرقـەی یەكـەم لەلایـەن جەنـگاوەری دێریـن ئەسـعەد خۆشـەڤی فەرماندەیـی دەكـرا. هـەر چـوار لیواكـەی فیرقـەی یەكـەم فەرماندەكانـی ئەمانـە بـوون: عیسـا سـوار، بـۆ ناوچـەی زاخـۆ (هـەزار پێشـمەرگە). عەلـی خەلیـل خۆشـەڤی بـۆ ناوچەكانـی ئامێـدی و دۆسـكی (هـەزار و سـەد پێشـمەرگە). حەسـۆ میرخـان بـۆ ناوچەكانـی ئاكـرێ، شـێخان و زێبار (هەزار و شـەش سـەد پێشـمەرگە). سـەعید عەبدولوەهـاب بـۆ ناوچـەی دهـۆك (هەشـت سـەد پێشـمەرگە). بەتالیۆنـی سـەربەخۆی بێتواتـە لەلایـەن عەلـی شـەعبان بارزانـی فەرماندەیـی دەكرێـت.

پێشـمەرگە بەرگـی یەكپۆشـی لەبـەر دەكات، بـەڵام هیـچ پلـە و پایەیـەك لـە سـوپادا نییـە، چونكـە ئەفسـەرانی پیشـەیی و پیـاوی بـێ پلـە لـە پۆسـتە فەرماندەییەكانـدا پێكـەوە

کاردەکەن، زیادکردنی پلە دووبەرەکی دروست دەکرد. ئەفسەرانی پیشەیی لە دوایین پلەی خۆیان دەمێننەوە کە لە سوپا یان پۆلیسی عێراقدا بەدەستیان هێناوە.

د. پاش دامەزراندنی ئەنجوومەنی شۆڕش، پرچەککردنی لەشکری شۆڕشی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بوو، بەهۆی کڕینی چەکی قورستر: ئارپیجی، هاوەنەکانی ٨١ و ١٢٠ ملیمەتری، هەندێک تۆپهاوێژی دوور مەودای ١٤ کیلۆمەتری، هەروەها چەکی دژە فڕۆکە و کەرەسە و تەقەمەنییەکانیان.

ه. خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر

١. گرنگترین خزمەتگوزاری تۆڕی پەیوەندییەکان و پەیوەندییە ڕادیۆییەکانە کە پسپۆڕێک سەرپەرشتی دەکات بەناوی ڕێپێدراو کەمال بەرقی کە سەر بە دەستەی کارگێڕییە. سەرجەم فەرماندەی لیواکان شەو و ڕۆژ بە ئامێری نێرەر-وەرگر بە بنکەی فەرماندەیی ژەنەڕاڵ بارزانی و بارەگای دەستەی کارگێڕییەوە دەبەسترێنەوە. فەرماندەکانی بەتالیۆنیش بە هەمان شێوە پەیوەندییان بە فەرماندەی لیواکەیانەوە هەیە. هەموو بروسکەکان کە نێردراون یان وەرگیراون؛ لە تۆماری تایبەتدا تۆمار دەکرێن لەکاتی ناردنیان یان وەرگرتنیان. لە شۆڕشدا، سێ ئامێری نێرەر-وەرگری بەهێز هەیە، نزیکەی سی ئامێری مامناوەند و ژمارەیەکی زۆر ئامێری بچووک، کە هەموویان لە سوپای عێراقەوە بەدەستهاتوون.

٢. فێرگەیەکی پەیوەندی ڕادیۆیی لەلایەن ڕێپێدراو کەمال بەرقی بەڕێوە دەچێت.

٣. فێرگەیەکی ڕاهێنانی تۆپخانە لەلایەن ئەفسەرانی گەنجەوە بەڕێوە دەچوو لەوانە ملازم تاهیر و ملازم سوبحی و ملازم بورهان کە لەلایەن ژان پرادییەرەوە نازناوی "Les Saint-Cyriens"[(١)] یان لێنابوو. دەکەوێتە دەڤەری باڵەکایەتی.

---

(١) دەستەواژەی "Les Saint-Cyriens" لێرەدا بە شێوەیەکی مەجازی؛ ئاماژە بە ئەفسەرانی گەنجی کورد دەکات کە قوتابخانەی مەشقی تۆپخانە بەڕێوە دەبەن. ئاماژە بە فێرخوازان و دەرچووانی قوتابخانەی سەربازی École spéciale militaire de Saint-Cyr لە فەرەنسا دەکات کە بە مەشقپێکردنی ئەفسەرانی دەستەبژێر ناسراوە. ئەم دەستەواژەیە بۆ جەختکردنەوە لەسەر لێهاتوویی و جددی و ئاستی بەرزی ئەم ئەفسەرانە بەکاردەهێنرێت، هەرچەندە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەم قوتابخانەیەوە نییە.

٤. فێرگـەی تێکـدان شـوێنێکە کە تەکنیکـەکان فێردەکرێن بـۆ لەناوبردن یـان پووچەڵکردنی ژێرخانـی دوژمـن، کەلوپـەل و سـەرچاوەکان، زۆرجـار لـە چوارچێـوەی سـەربازی یـان سـتراتیجی دەبێـت. ئەمـە دەکرێـت شـارەزایی وەک بەکارهێنانـی تەقەمەنـی، پچڕانـی هێڵەکانـی پەیوەنـدی، تێکدانـی ئامرازەکانـی گواسـتنەوە، یـان تێکدانـی دامـەزراوە گرنگـەکان لەخـۆ بگرێـت. ئـەم قوتابخانەیـە هەمیشـە کار نـاکات، ئەمـەش لەوانەیـە مانـای ئـەوە بێـت کـە چالاکیەکـەی پچـڕ پچـڕ دەبێـت. ئەمـە دەشـێت بەهـۆی چەنـد هۆکارێکـەوە بێـت، وەک کەمـی سـەرچاوە، کەلوپـەل، ڕاهێنـەری لێهاتـوو، یـان گۆڕینـی ئەولەویـەت لـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکاندا.

٥. دەزگای هەواڵگری (بەستراوە بە ئۆفیسی دەستەی کارگێڕییەوە).

٦. کارگەیەکی بچووکی دروستکردنی مین و نارنجۆک، لەگەڵ تاوەری مۆدێرن.

٧. دادگای سەربازی (لە خوارەوە باسکراوە).

٨. خزمە تگوزاریی پزیشکی (لە خوارەوە باسکراوە).

٩. خزمەتگوزاریی ئەندازیاریی سەربازی (سەرەتایی).

٦. سەقامگیری ناوچە ئازادکراوەکان:

لـە مانگـی تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٥ ئـەو ناوچانـەی لـە ژێـر کۆنترۆڵـی هێزەکانـی شۆڕشـدا بـوون، سـەقامگیر بـوون و هێـزە عێراقییـەکان نەیاندەتوانـی بگەنـە ئـەو ناوچانـە کـە لـە بەشـی سـێیەم باسمانکـردووە. ئـەم ناوچەیـە لـە دوو بەشـی سـەرەکی پێکهاتـووە؛ ناوچـە سـەرەکییە ئازادکـراوە سـنوورییەکان، کـە ناوچەیەکـی شـاخاوییە بەدرێژایـی سـنوورەکانی ئێـران و تورکیـا درێـژ دەسـت پێـدەکات و لـە باکـووری خانەقیـن تـا سـنووری باکـووری ڕۆژهەڵاتـی سـوریا درێـژ دەبێتـەوە. ناوچـە ئازادکـراوەکان لـە نـاوەوە، ناوچـە قووڵەکانـی وڵات کـە زۆرجـار کـەمتر شـاخاوین وەک قـەرەداغ، جەبـاری و دزەیـی. هەرچەنـدە؛ بـە ڕێـگای سـەرەکی لەژێـر کۆنترۆڵـی هێـزە عێراقییـەکان جیـا کراونەتـەوە، بـەڵام ئـەم ڕێگایانـە بـۆ یەکەکانـی لەشـکری شۆڕشـی کوردسـتان ئاسـان دەمێننـەوە، بـۆ پەڕینـەوە و چالاکـی (بڕوانـە نەخشـەی ناوچـە ئازادکـراوەکان)[1]، ستراتیـژی سـوپای

(١) نەخشەکە لەسەر بنەمای ئەو نەخشەیە داڕێژراوە کە دکتۆر مەحمود عوسمان دروستی کردووە.

شۆڕشگێڕ دەوەستێتە سەر ئەوەی ئایا لە ناوچە ئازادکراوەکان (لەژێر کۆنتڕۆڵی ئەوان) یان لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزە عێراقییەکان چالاکی دەکات:

١. لە ناوچە ئازادکراوەکاندا ستراتیژی لەشکری شۆڕش بەشێوەیەکی سەرەکی بەرگری بوو. تیشک دەخاتە سەر پاراستنی سنووری ئەو ناوچانە و ئامانجی بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی هێزە عێراقیەکانە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، تاکتیکی جەنگی بنکەیی یان سەنگەری گرتەبەر، کە بریتی بوو لە پتەوکردن و ڕاگرتنی هێڵە جێگیرەکان لە دژی دوژمن.

٢. لە دەرەوەی ناوچە ئازادکراوەکان، ستراتیجی لەشکری شۆڕش هێرشبەرانەیە و لەسەر بنەمای تاکتیکی شەڕی پارتیزانی بوو. یەکەکانی لەشکری شۆڕشی کوردستان لە ناوچە ئازادکراوەکانەوە هێرش دەکەنە سەر بنکە و سەنگەرەکانی عێراق لەناوچە داگیرکراوەکان. هەروەها کاروانی سەربازی عێراقی لە ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان شارەکان دەکەنە ئامانج و جموجۆڵ و لۆجیستیکیان تێکدەشکێنن.

ئەو ناوچانەی لەلایەن لەشکری شۆڕشی کوردستانەوە ئازاد کراون، نزیکەی ٣٥ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە دەگرێتەوە، نزیکەی نیوەی کوردستانی عێراقە کە ڕووبەری ٧٥ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. ئەم ناوچە ئازادکراوە؛ بە شێوەیەکی سەرەکی لە گوند و شارۆچکە پێکهاتووە، لە کاتێکدا شار و شارۆچکەکان کە دەکەونە سەر ڕێگا سەرەکییەکان، لە ژێر کۆنترۆڵی هێزە عێراقیەکانن. ئەو ناوچانەی هێشتا بەغدا داگیری کردوون، بە ٣٥ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە دەخەملێنرێت، بەزۆری لە دەشت و گردەکانی باشوور پێکهاتووە. ئەم ناوچانە بریتین لە:

- ناوچەکانی دەوروبەری خانەقین و کفری (لەنێوان قەرەداغ و چیای حەمرین) و کەرکووک.
- دەشتەکانی کەندیناوە و مەخمور (لەنێوان هەولێر و دیجلە).
- دەشتی باکووری مووسڵ.
- بەرزاییە دابڕاوەکانی شەنگال.
- دەشتی ناوەوەی شارەزوور (باشووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی)

لـە هەمانکاتـدا، ناوچەکانـی دەوروبـەری دەڤـەری بـارزان بـە ناوچەیەکـی بێلایـەن دادەنرێـت کـە ئێسـتا هیـچ لایەنێـک چالاکیـی سـەربازی ئەنجـام نـادات.

ژمـارەی دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـەی لەلایـەن لەشـکری شۆڕشـی کوردسـتانەوە ئازادکـراون، بـە زیاتـر لە یـەک ملیۆن کـەس دەخەملێنرێت، لەکۆی ژمارەی دانیشـتوانەکەی کـە نزیکـەی دوو ملیـۆن کەسـە. ئـەو ئامارانـەی خـوارەوە[1] بـۆ ناوچـە جیـاوازەکان ئامـاژە بـە "نەخشـەی ناوچـە ئازادکـراوەکان" دەکـەن.

ژمارەی دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکان (لە ساڵی ١٩٦٧):

| ناوچە ئازادکراوەکان | دانیشتوانی ڕەسەن | پەنابەرانی کە لە شوێنەکانی ترەوە هاتوون | ژمارەی گوندە سوتێنراوەکان |
|---|---|---|---|
| خانەقین | ٥٠ هەزار | ١٧ هەزار | ٨٠ |
| هەڵەبجە | ٤٠ هەزار | ٨ هەزار | ٤٠ |
| پێنجوێن | ٦٠ هەزار | ٥ هەزار | ٣٥ |
| چوارتا | ٥٠ هەزار | ١٤ هەزار | ٤٠ |
| پشتدەر(قەڵادزێ) | ٥٠ هەزار | ٤ هەزار | ١٥ |
| شوان و ئاغجەلەر | ١٠٠ هەزار | ٢٥ هەزار | ١٢٠ |
| جەباری | ١٢٠ هەزار | ٢٢ هەزار | ١٢٠ |
| قەرەداغ | ٦٠ هەزار | ٩ هەزار | ٣٠ |
| دزەیی | ٦٠ هەزار | ١٨ هەزار | ٨٠ |
| بالیسان و خۆشناوەتی | ٦٠ هەزار | ١٦ هەزار | ٣٠ |
| باڵەك (ڕواندز) | ٦٠ هەزار | ٤ هەزار | ٢٠ |
| ئامێدی | ٥٠ هەزار | ٧ هەزار | ٣٠ |
| دهۆك | ٦٠ هەزار | ٧ هەزار | ٣٥ |
| زاخۆ | ٧٠ هەزار | ٤ هەزار | ٤٠ |
| ئاکرێ و زێبار | ٥٠ هەزار | ٤ هەزار | ٢٠ |
| شێخان | ٥٠ هەزار | ٦ هەزار | ٣٠ |
| کۆی گشتی | ٩٩٠ هەزار | ١٧٠ هەزار | ٧٥٠ |

(١) لە لایەن دکتۆر مە حمود عوسمان کێشراوە.

٧. بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان: سەرەتا هەوڵماندا یاسای کارگێڕی ئەنجومەنی شۆڕش جێبەجێ بکەین کە لە ساڵی ١٩٦٤ پەسەندی کرد، بەڵام زوو بۆمان دەرکەوت کە پێویستی بە بەڕێوەبەر و کارگێڕی زۆر هەیە. پاش چەند گۆڕانکارییەک؛ فەرمانڕەوا یان پارێزگار کە بۆ پارێزگاکان دانرابوون، ئەرکی دیکەیان پێسپێردرا. سیستەمێکی ئاسانتر جێبەجێ کرا: بەرپرسانی کارگێڕی بۆ سەرۆکی "قەزاکان" دەستنیشانکراون و ئەوان لەبەردەم دەستەی کارگێڕی ڕاستەوخۆ بەرپرس بوون. فەرماندەی ناوچە سەربازییەکان چیتر لە ئەرکە ئیدارییەکان بەرپرسیار نین، بەڵام هێزێکی پۆلیس کە لە پێشمەرگە پێکهاتووە، هاوکاری بەرپرسانی ئیداری دەکەن. لەو ناوچانەی هیچ بەرپرسێکی بۆ دیاری نەکراوە، لیژنەیەك کاروبارەکان بەڕێوە دەبات. ئەم لیژنەیە لە نوێنەرێکی لەشکری شۆڕشی کوردستان و نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری دانیشتوانی لۆکالی ناوچەکە پێکهاتووە.

پڕۆژەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن دەستەی کارگێڕییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. بەگوێرەی ڕەشنووسەکە، هەر گوندێک سێ نوێنەر هەڵدەبژێرێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆجێیی و شارەوانییەکان. نوێنەری گوندەکان و ناحییە لیژنەیەکی کارگێڕی بۆ ئەو ناحییەیە پێکدەهێنن. پاشان نوێنەرانی ناحییەکان لیژنەیەك هەڵدەبژێرن بۆ بەڕێوەبردنی پارێزگاکەیان. ئەم ڕێکخستنە کارگێڕییە بە هەماهەنگی و بە سەرپەرشتیی دەسەڵاتدارانی شۆڕش بەڕێوەدەچێت.

٨. دادپەروەری

أ. بۆ دادوەری سەربازی هەر لیوا یان ناوچەیەکی سەربازی دادوەرێکی هەیە کە دەکرێت ئەفسەر یان پێشمەرگە بێت. لە قەزاکان، دادوەرانی مەدەنی دەتوانن مامەڵە لەگەڵ دۆسیە و کەیسی سەربازی بکەن. دادگایەکی سەربازی باڵا لە ماوەت هەیە. پێکهاتووە لە سەرۆک بەناوی موقەدەم بەهجەت عەونی و دوو دادوەری مەدەنی کە یەکێکیان بەڕێز محەمەد ساڵح قەرەداغییە کە بواری یاسای لە بەغدا و لەندەن و پاریس خوێندووە.

ب. بۆ دادوەری مەدەنی هەر "قەزایەك" دادگایەکی سەرەتایی هەیە کە لە یەک دادوەر پێکهاتووە. نزیکەی بیست دانە دادگای لەو شێوەیە هەیە. لەو ناوچانەی

تـا ئێسـتا هیـچ دادوەرێکیـان بـۆ دانەمـەزراوە یـان دیـاری نەکـراوە، "لێژنەیەکـی ئاشـتەوایی" ئـەم ئەرکـە جێبەجـێ دەکات. ئـەم لێژنەیـە بـەزۆری لـە هاووڵاتییەکـی بەتەمـەن و شـێخێکی ئایینـی و ئەندامێکـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و هەندێـک جـار پێشـمەرگەیەك پێکهاتـووە.

دادگای تێهەڵچوونـەوە، زۆربـەی کات لـە بـارەگای دەسـتەی کارگێـڕی کۆدەبێتـەوە، لـە سـێ دادوەر پێکهاتـووە. تاوەکـو سـاڵی ١٩٦٦ بەڕێـز عەونـی یوسـف سـەرۆکایەتی دەکـرد، پارێـزەر و وەزیـری پێشـوو بـوو لـە سـەردەمی ژەنـەڕاڵ قاسـم. لـەو ڕێکەوتـە بـەدواوە، بەڕێـز عـارف تاڵەبانـی کـە پارێزەریشـە، بەوەکالـەت سـەرۆکی دادگاکـە بـوو. ڕێکخسـتنی سیسـتەمی دادوەری مەدەنـی لەلایـەن بەڕێـز موحسـین دزەیـی پارێـزەر و ئەندامـی دەسـتەی کارگێـڕی سەرپەرشـتی دەکرێـت.

٩. دارایـی: ڕێسـا توندەکانـی جێبەجێکردنـی یاسـای دارایـی سـاڵی ١٩٦٤ جۆرێـك لـە ناڕەزایـی بەشـێک لـە دانیشـتوانی لێکەوتـەوە. ئەفسـەرانی گومـرگ، لـە لەشـکری تایبەتـی پێشـمەرگە کـە بـە قۆڵبەسـتێك دەناسرێنـەوە، زۆر بەتەنـگ جێبەجێکردنـی ئەرکـە نوێیەکانیـان بـوون. سـەرەنجام بـۆ هێورکردنـەوەی دۆخەکـە، سیسـتەمەکە سـادە کرایـەوە و یاسـاکان ئاسـان کـران.

کاتێـک پـارە بەردەسـت دەبێـت، زۆربـەی کات هـەر سـێ مانـگ جارێـک دوو یـان سـێ ئەندامـی دەسـتەی کارگێـڕی دەسـت بـە سـەرفکردنی پـارەی ئـەو پێشـمەرگانە دەکـەن کـە لـە تۆمـاری سـوپادا تۆمـار کـراون. هـەر پێشـمەرگەیەک هـەر سـێ مانـگ جارێـک نزیکـەی پێنـج دینـار وەردەگرێـت کـە بڕێکـی زۆر کەمـە، بـەڵام لەلایەن شۆڕشـەوە شـوێنی حەوانـەوە و نیشـتەجێ بـوون و خـواردن و جلوبـەرگ و چەکیـان بـۆ دابیـن دەکرێـت. شۆڕشـی کـورد بـە قەیرانێکـی بەردەوامـی داراییـدا تێدەپەڕێـت، ئەمـە گەورەتریـن تەحـەدای ئـەو شۆڕشـەیە، چونکـە دەبووایـە خەرجـی سـوپایەکی ١٥ هـەزار کەسـی دابیـن بـکات، ئیـدارەی بـدات، موچـە بـە بەرپرسـان و کادرەکانـی پارتـی و خزمەتگوزارییـە جۆراوجـۆرەکان بـدات. هەروەهـا پێویسـتە کەرەسـتە و کەلوپەلـی سـەربازی نـوێ بهێنێـت و بـاشتری بـکات و یارمەتـی خێزانـی پێشـمەرگە شـەهیدانی بەرەکانـی جەنـگ بـدات. ئـەم خەرجییانـە بـۆ هەرێمێـك کـە سـەربەخۆ نییـە و نیـوەی خاکەکـەی داگیرکـراوە،

زۆر گـەورەن. تەنانـەت هەندێـک لـە دەوڵەتـە سـەربەخۆکانیش سـوپایەکی ئەوەنـدە گەورەیـان نییـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، لـە شۆڕشـێکی وەک شۆڕشـی کـورددا، هێشـتنەوەی سـوپا لـە ئەولەویەتـی یەکەمدایـە.

لـە سـاڵی ١٩٦٤ەوە بەڕێوەبردنـی دارایـی لە نێـو دەسـتەی کارگێڕی، یەک لـە دوای یەک بـە بەڕێـز محەمـەد ئەمیـن بـەگ، پاشـان بە دکتـۆر مەحمـود عوسمان و ئێسـتاش بـە بەڕێز سـامی سـپێردراوە. خەزنـەداری گشـتی و ژمێریـاری سـەر بـە دەسـتەی کارگێڕییـە، بەڕێـز شـەکیب سـەعید، پارێـزەر و فەرمانبـەری پێشـووی عێراقـە. هـەر خەرجییـەک لـە ئاسـتی بەڕێوەبـردن، دەبێـت بـە ئیمـزای بەرپرسـی دارایـی دەسـتەی کارگێڕی پەسـەند بکرێـت.

١٠.نوێنەرایەتـی گشـتی لـە دەرەوەی وڵات: لـە چواچێـوەی ڕێکخسـتنەوەی شـۆڕش لـە سـاڵی ١٩٦٤، پۆسـتی نوێنـەری شـۆڕش لـە دەرەوەی وڵات دروسـت کـرا. بـە وەکالـەت ئەرکـی نوێنەرایەتـی شـۆڕش لـە دەرەوە بـە بەنـدە -عیسـمەت شـەریف- سـپێردرا و فەرمانەکـە لـە ٢٥ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٤ لەلایـەن ژەنـەڕاڵ بارزانـی واژۆ کرابـوو. ئەرکـی ئێمـە بریتـی بـوو لـە "قسـەکردن بـە نـاوی شـۆڕش لـە دەرەوە و ئەنجامدانـی هەمـوو هەنـگاو و پەیوەندییـەکان بـە ناوی شۆڕشـەوە لەگـەڵ لایەنە پەیوەندیـدارەکان لـە دەرەوەی وڵات". لـە سـاڵی ١٩٦٥ ئـەم پۆسـتە گـۆڕدرا بـۆ "نوێنەرایەتـی گشـتی لـە دەرەوەی وڵات". ژەنـەراڵ بارزانـی، لـە ٧ی تشرینـی یەکەمـی هەمـان سـاڵدا، ئـەم متمانەیـەی بـە ئێمـە بەخشـییەوە کـە ئەرکـە تایبەتـەکان بریتیـن لـە:

١. ئاگادارکردنـەوەی ڕای نێودەوڵەتـی، ئەویـش خـۆ دەبینێتـەوە لـە ڕاگەیانـدن لەسـەر بەرەوپێشـچوونی شـۆڕش و بارودۆخـی کوردسـتان لـە ڕێگـەی ڕاگەیاندنـی ڕۆژنامەوانـی لەسـەر ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان، لێدوانی سیاسـی و بەسـتنی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لـە پایتەختـە جیاجیـاکان و ئاسـانکاری بـۆ سـەردانی پەیامنێرانـی بیانـی، بـۆ ئـەوەی بتوانـن ڕاسـتەوخۆ زانیـاری لـە کوردسـتانەوە بهێننـەوە[١].

(١) هـەر لەسـەرەتای شۆڕشـەوە، ناوەنـدە کوردییـەکان لـە دەرەوەی وڵات خۆبەخـۆ و خۆڕسـکانە دەسـتیان بـە ئەنجامدانـی چالاکـی زانیـاری و فریاگـوزاری کـرد کـە لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٦٢ەوە لـە چوارچێـوەی کۆمیتـەی بەرگـری لـە مافەکانـی گەلـی کـورد و لەلایـەن ئەمیر دکتـۆر کامـەران بەدرخـان ئەنجامـدەدرا.

٢. دەبووایە داوای یارمەتی و پشتگیری بۆ شۆڕش بکەین، لەوانە هاوکارییە مرۆییەکان بۆ خەڵك و دانیشتوانی مەدەنی و پەیوەندی بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی خاچی سوور، کۆمەڵەکانی خاچی سووری نەتەوەیی وڵاتان و ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی تر بکەین.

٣. ئامادەکاری و ڕێکخستن و پێشکەشکردنی سیمینار و کۆنفرانس لەبارەی شۆڕش لە دامەزراوە ئەکادیمییەکاندا، بۆ نموونە لە بەهاری ساڵی ١٩٦٥ لە زانکۆ بەناوبانگەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک کۆلۆمبیا، هارڤارد، پەنسلڤانیا و ڤیرجینیا وتارمان پێشکەشکرد.

٤. هێنانی بڵاوکراوەکانی ناوخۆی کوردستان، دواتر سەرپەرشتیکردن، نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەو بڵاوکراوانە لە دەرەوە بە زمانە بیانییەکان، بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری خەڵك سەبارەت بە شۆڕش.

٥. بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان: ڕادەستکردنی یاداشتنامە و نامە فەرمییەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕش بە حکوومەتە پەیوەندیدارەکان، ئەنجامدانی هەوڵی دیپلۆماسی لە پێناو بەرەوپێشبردنی دۆزی گەلی کورد و بەدەستهێنانی پشتیوانی نێودەوڵەتی.

٦. ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان؛ بە هەبوونی پەیوەندیی بەردەوام بۆ ئاگادارکردنەوەیان لە بارودۆخی کوردستان و ئەنجامدانی کار و چالاکیی جدی، بۆ دانانی پرسی کورد لە ئەجێندای کاری دامەزراوە سەرەکییەکانی وەک کۆمەڵەی گشتی یان ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٧. هاندان و ڕێنماییکردنی ڕێکخراوە کوردخوازەکانی دەرەوەی وڵات: هاندانی دروستکردنی ڕێکخراوی پشتیوانی لە دۆزی کورد لە وڵاتە جیاوازەکانی ئەوروپا و بەردەوام بە بەردەوامی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەم گروپ و ڕێکخراوانە بۆ ڕێکخستنی هەوڵەکانیان و بەهێزکردنی پشتیوانیکردنیان لە کورد.

٨. ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراوە کوردییەکان: بەمەبەستی هێشتنەوەی پەیوەندییەکی بەردەوام لەگەڵ ڕێکخراوە کوردییەکان و قوتابیان و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئەوروپا

و ئەمەریکا کە ئامانج لێی ئاگادارکردنەوەیان بوو لە پێشهاتەکانی کوردستان و تا ئەوپەڕی توانا لە کارەکانیاندا ڕێنماییان بکەین.

یەکێک لە دەستکەوتە سەرەکییەکانی نوێنەرایەتی، پێشکەوتنی بەرچاوی ئاڵوگۆڕی نێوان ناوخۆ و دەرەوە بوو: بڵاوکردنەوەی هەواڵنامەکە بوو کە نوێنەرایتی گشتی سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی هەواڵنامەکەی بە ناوی "کوردستان" دەکرد، ئەم بڵاوکراوەیە لە دوو چاپی (فەڕەنسی و ئینگلیزی) بڵاو کرایەوە و بە تایبەتی لە کاتی شەڕدا بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی نێودەوڵەتی بڵاو دەکرایەوە.

ئەرکەکانی نوێنەرایەتی لە دەرەوەی وڵات هەم زۆر و هەم ئاڵۆز بوون. کێشەی سەرەکی نەبوونی کەسانی لێهاتوو بوو کە لە دەرەوە کار بکەن. بەربەستێکی تر و کێشەیەکی تر هاتە ئاراوە کە گرژییەکانی قەیرانی ناوخۆی ساڵی ١٩٦٤ بوو. ئەم گرژییانە کاریگەری لەسەر ڕێکخراوە کوردییەکانی دەرەوە هەبوو و هاوکاری و هەماهەنگی قورس کرد. لە تشرینی دووەمی ١٩٦٦ نوێنەرایەتی گشتی هەڵوەشایەوە. لەو کاتەوە چالاکییەکانی دەرەوەی وڵات بەشێوەیەکی خراپ ڕێکخراوە، بەبێ هەماهەنگی بەڕێوەدەچێت و بە ناڕێکی ئەنجام دەدرێت کە زۆر کاریگەری نییە، ئەنجامەکانی سنووردارن.

١١.خزمەتگوارییە جۆراوجۆرەکانی شۆڕش:

أ. خزمەتگوزاری پزیشکی:

لە ناوچە ئازادکراوەکاندا تەنیا چوار پزیشک هەن کە کار بۆ شۆڕش دەکەن. لە نێویاندا دکتۆر محمود عوسمان کە زۆر سەرقاڵی بەرپرسیارێتییە سیاسییەکانییە، بە دەگمەن لە بواری پزیشکی کار دەکات، مەگەر زۆر پێویست بێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کەمی کارمەندانی پزیشکی چەندە کێشەیەکی جددییە. خزمەتگوزاری پزیشکی زیاتر خۆی دەبینێتەوە لە: چارەسەکردنی پێشمەرگە کە ژمارەیان نزیکەی ٢٠ هەزار کەسە، هەروەها خەڵکی مەدەنی کە ملیۆنێک کەس دەبێت، لەوانەش پەنابەرێکی زۆر هەیە. شەڕ؛ بە بریندار و سووتاو و بەدخۆراکی، دۆخەکە خراپتر دەکات. سەرەڕای ئەوەش، نەخۆشیی وەک: مەلاریا، سیل و نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەرس زۆر بەربڵاون و لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە وەک پێویست مامەڵەیان

لەگەڵدا نەکراوە. بە تایبەتی منداڵان زۆر بەدەست ئەم حاڵەتانەوە دەناڵێنن.

لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشدا سێ نەخۆشخانە هەن: یەکەمیان دەکەوێتە ناوچەی سەربازی هێزی کاوە، کە لە لایەن دکتۆر حیکمەت حەکیم بەڕێوەدەبرێت، لە هەمان کاتدا ئەندامی دەستەی کارگێڕی بەرپرسی خزمەتگوزاری پزیشکیشە. دووەمیان لە ماوەت لە ناوچەی سەربازی هێزی خەبات، کە لە لایەن دکتۆر ئەحمەد شالی بەڕێوەدەبرێت. سێیەمیان لە ناوپردان ناوچەی سەربازی هێزی باڵەکە، لە لایەن دکتۆر حەسەن بەڕێوەدەبرێت کە عەرەبە و خەڵکی شاری بەغدایە. ئەم دامەزراوانە بەهۆی بچووکی قەبارە و نەبوونی ئامێری مۆدێرن، بەڕاستی ناتوانرێت بە نەخۆشخانە ناوببرێن. هەروەها ناتوانن نەشتەرگەری بۆ ئەو کەسانە بکەن کە بە سەختی برینداربوون. ئەو دەرمانانەی لەبەردەستدان، بەراورد بە پێداویستییەکانی دانیشتووان، بەس نین. ئەم نەخۆشخانانە تەنیا نەخۆشی ناوخۆیی ناوچەیەکی سنووردار وەردەگرن، ئەمەش کاریگەریی ئەو گەمارۆیەی عێراق کەمتر هەستی پێدەکرێت. ئەو دەرمانانە لە وڵاتانی دراوسێوە دەکڕدرێن، یان هەندێکجار بە شێوەیەکی نایاسایی لە عێراق بەدەستدەهێنرێن، بەڵام لە سەرووی هەمووشتێکەوە، ئەو دەرمانانەن لەلایەن لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور و هەندێک کۆمەڵەی خاچی سووری وڵاتانی ئەورووپا بەخشراون. لە سایەی هەوڵی کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور و هاوکاری لەگەڵ نوێنەرایەتی دەرەکی بزووتنەوەکە، ناویان لە کوردستان بەباشی ناسراوە.

بەشێکی کەمیی پزیشک، بە ژمارەیەکی زیاتری پەرستار قەرەبوو دەکرێتەوە. تاوەکو پایزی ١٩٦٦ نزیکەی ٤٠ کەس بوون. لەو ڕێکەوتەوە، یەکەی خزمەتگوزاریی پزیشکی قوتابخانەیەکی پەرستاری کردەوە. ٣٠ قوتابی دەرچوون و بڕوانامەیان وەرگرت دوای کۆرسێکی چڕ و پڕی سێ مانگ کە زیاتر تەرکیزی لەسەر پراکتیکی بوو نەک تیۆریی. ئەم پەرستارانە کە بەهۆی بارودۆخەکەوە بە "پزیشکی گشتگیر" دادەنرێن، کلینیکی بچووک و دەرمانخانە بەڕێوە دەبەن. هەر بەتالیۆنێکی لەشکری شۆڕشی کوردستان دەرمانخانەیەکی هەیە. هەروەها دەرمانخانە لە ناوەندە گرنگەکانیش هەیە. ساڵانە دوو بۆ سێ جار پەرستارەکان دەچنە بارەگای دەستەی کارگێڕی بۆ وەرگرتنی بەشی

خۆیـان لـە دەرمـان و فریاگـوزاری، هەرچەنـدە ئەوانـەی لـە ناوچـە دووره دەسـتەکانن، ڕاسـتەوخۆ ئـەو بـارە پزیشـکیانەیان بـۆ دەنێردرێـت.

دکتـۆر حیکمـەت حەکیـم کـە کوردێکی مەسـیحییە و لە سـاڵی ١٩٦٤ تەمەنی ٣٨ سـاڵە و لـە زانکـۆی دیمەشـق دەرچـووە، پێـی باشترە وەک پزیشـک کار بـکات، نەک گرنگـی بە کاری کارگێـڕی و سیاسـی بـدات. ئەو بەشـداری لـە کۆبوونەوەکانـی ئەنجومەنی دەسـتەی کارگێڕی نـاکات و بەتـەواوی خـۆی تەرخـان دەکات بـۆ نەخۆشـخانەکەی و ئـەو خزمەتگوزارییـە پزیشـکییەی کـە خـۆی لێـی بەرپرسـە. پزیشـک و موقـەدەم بـوو لە سـوپای عێراقـدا لە ١٠ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ وەک هەزاران کورد لەلایەن بەعسـییەکانەوە دەسـتگیرکرا و خەریک بوو لە سـێدارە بدرێـت. کۆمەڵێـک پێشـمەرگە؛ بە هێرشـکردنە سـەر کاروانـی ئۆتۆمبێلەکانی عێراق، ڕزگاریـان کـرد کـە بەندکراوەکانـی دەگواسـتەوە. لەو ڕۆژەوە بـە گیان و ماڵ بەتـەواوی خۆی تەرخـان کـردووە بـۆ شـۆڕش و ژن و منداڵەکانـی لە هەولێر بەجێهێشـتووە. نەخۆشـخانەکەی خانوویەکـی قـوڕە کـە بەشـێکی داری گوێـز سـێبەری لەسـەر کـردووە و بـە کێڵگـەی تووتـن دەورە دراوە. خـۆی بـۆی باسـکردم کـە "کێشـانی هـێمای خاچـی سـوور یـان مانگـی سـوور لەسـەر سـەقفەکە مەترسـیدارە، چونکە ئێمە دەکاتە ئامانجی فڕۆکەکانی بەغدا". ئەو دەڵێت "دوێنـی فڕۆکـەکان بۆردومانیـان کردیـن، خەریـک بـوو برینداربـم". کاتێـک نەخۆشـخانەکە قەرەباڵـغ دەبێـت، نەخۆشـەکان ناچارن لەسـەر زەوی لەسـەر بەتانـی لەنێـوان قەرەوێڵەکاندا ڕابکشـێن. دکتـۆر حەکیـم هەمیشـە زۆر سـەرقاڵە، هەندێکجـار بۆڵەبـۆڵ دەکات، بەتایبەتـی کاتێـک کەمـی دەرمـان هەیـە، یـان نەبوونی ئامێـرە سـەرەتاییەکانی نەخۆشـخانە دەبنـە بەربەسـتی نەشـتەرگەری نەکـردن بـۆ برینـدارە سـەختەکان. ئەو شـەوەم هەمیشـە لەبیرە کە دکتـۆر حیکمـەت حەکیـم تـا بەیانـی زوو مانـدوو نەناسـانە کاری دەکـرد لـە دەوری چەندین سـندوقی دەرمـان و بەتانـی کـە لـە ئەوروپاوە هاتبـوون. ئـەم کەلوپەلانە کـە ماوەیەکی زۆرە چـاوەڕوان دەکـران دوای ماوەیەکـی درێـژ لـە کەمـی و نەبوونیـان ژووره سـارد و ڕووتەکـەی تـا سـەقفەکەی پـڕ کـرد کـە لـە کۆنکریـت دروسـتکرابوو. بـە یارمەتـی مـن و پەرسـتارەکەی، سـندوق دوای سـندوق دەیکردەوە، دەیپشـکنین، پۆلێنی کردن و بە شـێوازێکی سیسـتەماتیك داینـان. تەنانـەت هەوڵـی دا ئـەو نامیلکە و نووسـینانە بخوێنێتـەوە کە بە زمانێـک نووسراون کـە نەیدەزانـی، وەک زمانـی هەنـگاری. ئەو بە پەرۆشـەوە پێی گوتم؛ "زۆر نایابـە!" "لەوانەیە ئـەم کەلوپەلانـە بەشـی شـەش مانـگمان بـکات، بـەڵام لەبەرئـەوەی کاتـی گەیاندنیـان بـۆ

ئێـرە زۆر دەکێشـێت، بۆیـە پێویسـتە داوا لـە خاچی سـوور بکـەیـت، دەسـتبەجێ زیاترمان بۆ بنێـرن". لـە سـاتێکدا تووشـی شـتێک بـوو کـە وەک گەنجینەیەکـی ڕاسـتەقینە بـوو بـۆی. بـە خۆشـحاڵی و سـەربەرزییەوە بـە نەرمـی دەسـتی بـە دوو سـێ سـندوق داهێنـا و گوتـی "ئەم دەرمانـە لـە عێـراق بەردەسـت نییـە، تەنانەت سـوپای عێراقیـش نییەتی".

ب. یەکەی خزمەتگوزاری بڵاوکراوە و ڕۆژنامەوانی:

"لێژنـەی ڕاگەیانـدن و زانیـاری"ی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ڕۆژنامـە و گۆڤـاری وەرزی بڵاودەکاتــەوە:

١. ڕۆژنامـەی خەبـات: ڕۆژنامـەی سـەرەکی و زمانحاڵـی پارتـی و شۆڕشـە، سەرنووسـەر و بەرپرسـانی ئـەم ڕۆژنامەیـە بریتیـن لـە بەڕێـز ئیسـماعیل عـارف و دکتۆر ئەنوەر دڵسـوز (هاوڕێـی نزیـک و هاوەڵـی بارزانـی لـە مەهابـاد کـە لـە مۆسـکۆ خوێندوویەتـی) و بەڕێـز حەمیـد عوسـمان. ئەمانـە لەگـەڵ تیمەکەیـان لـە گوندێکـی دوورەدەسـت کار دەکـەن کـە خانوویەکـی بچووکیـان هەیـە بـۆ چاپکـردن، سەرپەرشـتیاری چـاپ و کرێـکاران، یەکەیەکـی پاسـەوانیی بچووکـی پێشـمەرگە هەیـە..

٢. گۆڤارێـک بەنـاوی هەواڵـی کوردسـتان(ئەخبار کوردسـتان)، ئـەم گۆڤـارە بە پرۆسـەیەکی سـادە چـاپ کـراوە، بـە دوو وەشـان بەردەسـتە بـە کـوردی (هەواڵـی کوردسـتان) بـە عەرەبـی (ئەخبـار کوردسـتان). هەواڵنامەیەکـی دیکـەش بەنـاوی ‹‹کوردسـتان›› لەلایـەن نوێنەرایەتـی دەرەوە بڵاوکراوەتـەوە کـە بـە زمانەکانـی فەڕەنسـی و ئینگلیـزی بەردەسـتە بـۆ ڕای نێودەوڵەتـی نێودەوڵەتـی.

٣. گۆڤارێکی دیکە بەناوی دەنگی پێشمەرگە کە گۆڤارێکی سیاسی و پەروەردەییە.

٤. ژمارەیەکـی زۆر لـە ڕاگەیەنـراو و بەڵگەنامـە و ناميلكەش(دەقـی کورتـی سیاسـی یـان زانیاریـی) لـە لایـەن لێژنـەی ڕاگەیانـدن و زانیـاری و لیژنـە هەرێمییەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـاتانەوە بڵاوکرایـەوە. حزبـی شـیوعی عێراقیـش لـە ڕێگـەی "بەشـی کوردسـتان"ی خۆیـەوە گۆڤارێکـی دیکـەی کـوردی بـە نـاوی ڕێـگای کوردسـتان بـڵاو دەکاتـەوە. ئـەم گۆڤـارە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە نییـە، بـەڵام پشـتگیری بیروبۆچوونەکانـی دەکات.

ج. ئێزگـەی پەخشـی ڕادیۆیـی: نـاوی "ئێزگـەی پەخشـی کوردسـتان" یـان "دەنگـی کوردسـتان"ە و لەسـەر شـەپۆلی کـورت پەخشـی بڕگـە و بەرنامەکانـی دەکات. دەنگـی لـە کوردسـتان و بەغـدا و وڵاتانـی دراوسـێش دەبیسـترێت. پەخشـەکانی زۆرجـار بـە گۆرانـی نەخـوازراو دەگیرێـن کـە لەلایـەن ئێزگەیەکـی بەهێزتـری حکومەتـی عێراقـەوە پەخـش دەکرێـن. هـەر لەبـەر ئەمەیـە ئەندازیـاران و تەکنیـککاران ئێزگـە کوردییەکـە سـێ چـوار ڕۆژ جارێـک درێـژی شـەپۆل دەگـۆڕن. بەرنامـەی پەخشـکراو بریتییـە لـە بڵاوکـراوەی هەواڵـەکان، بـە زمانـی کـوردی و عەرەبـی، شرۆڤـەی سیاسـی و میوزیـك و گۆرانـی کـوردی.

تـا پایـزی سـاڵی ١٩٦٦ بەڕێـز سـاڵح یوسـفی بـە هـاوکاری بەڕێـز شـەوکەت ئاکرەیـی ڕادیۆکـەی بەڕێـوە دەبـرد. دواتـر بەڕێـز کەمـال کەتانـی و بەڕێـز ئەحمـەد شـالی بەڕێوەبردنـی ڕادیۆکەیـان گرتـە ئەسـتۆ، کـە هەردووکیـان دەرچـووی زانکـۆی بەغـدان و پێـشتر بەرپرسـی گرنـگ بـوون لـە عێراقـدا، بـەڵام پۆسـتەکانیان بەجێهێشـت، بـۆ ئـەوەی بچنـە نـاو ڕیزەکانـی شۆڕشـەوە. تیمـی ڕادیۆکـە ئەمانـە لەخـۆ دەگرێـت: دەسـتەی نووسـەران، دوو شرۆڤـەکار، دوو ئەندازیـاری تایبەتمەنـدی کـورد، لەوانـە یەکێکیـان نـاوی بەڕێزعەبدولخالقـە. دەسـتەیەکی پاسـەوانی گـەورە کـە چەکـی دژە فڕۆکـەی پێیـە بـە سـەرکردایەتی ڕێپێـدراو ئیسماعیـل. کاتێـک ئاگربەسـت هەیـە، حکومەتـی عێراقـی بـە نهێنـی داوا لـە ژەنـەڕاڵ بارزانـی دەکات، پەخشـی ڕادیۆکـە ڕابگرێـت، بـەڵام هـەر کـە گـرژی دروسـت بـوو، بەرنامـەکان دەسـت پێدەکەنـەوە. لـە سـاڵی ١٩٦٨ پەخشـی بەرنامەکانـی فەڕەنسـی و ئینگلیـزی دەسـتیانپێکردەوە، ئـەم بەرنامانـە هەمـوو شـەممە و سێشـەممەیەک بەڕێـوە دەچـن و لـە کاتژمێـر ٤ی پاشـنیوەڕۆ (بـە کاتـی بەغـدا) لەسـەر شـەپۆلەکانی ١٨ بـۆ ٢٥ مەتـر پەخـش دەکرێـن.

د. خزمەتگوزاریی بەندیخانەکان: ئەم خزمەتگوزارییە ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

١. سـێ زیندانـی سـەرەکی هەیـە: یەکێکیـان لـە ماوەتـە، ئـەم زیندانـە بەشـێوەیەکی سـەرەکی بـۆ دیلەکانـی جەنگـی عێراقـی بەکاردەهێنرێـت. یەکێکیـان دەکەوێتـە گەڵاڵـە (باڵەکایەتـی)، یەکێکیشـیان دەکەوێتـە سـونات لـە ناوچـەی بادینـان. بەڕێوبەرانـی ئـەم بەندیخانانـە لەژێـر سەرپەرشـتی دەسـتەی کارگێڕیـدان.

٢. هەر ناوچەیەکی سەربازی سنووری هەر لیوایەك بەندیخانە یان یەکەی زیندانی دەستبەسەرکراوی تایبەت بە خۆی هەیە، کە تاوانبارانی ئاسایی یان پێشمەرگە کە یاساکانیان شکاندووە، دەخرێنە ناویانەوە. ڕێز لە فەرمان دەگیرێت و سەلامەتی خەڵک لە ناوچە ئازادکراوەکان مسۆگەر دەکرێت.

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٦ لە کاتی سەردانێکم بۆ زیندانی گەڵاڵە، شەش زیندانی تێدا هەبوون. هاووڵاتییەک لەوێ حوکمەکەی بەسەر دەبرد بەهۆی سەرپێچی یاسایی گشتی. ئەوانی تریش دەستبەسەرکراو بوون، لە نێویان دوو پێشمەرگە هەبوون، بەهۆی پێشێلکردنی دیسیپلینەکانەوە دەستبەسەربوون.

ه. خزمەتگوزاریی پۆستە و گەیاندن:

ئەم خزمەتگوزارییە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ نییە کە بەڕێوەبردنی خۆی هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە سیستەمێکی زۆر ڕێکخراوی ئاڵوگۆڕی نووسراو لە نێوان ناوچە و پێکهاتە جیاوازەکانی شۆڕشدا هەیە. ئەم سیستەمە بەهۆی پێشمەرگەوە کار دەکات کە بێ ترس مەودایەکی درێژ دەڕۆن. پارکێکی ئۆتۆمبێلیش هەیە، فەرماندەکانی لیوا و بەتالیۆن و هەندێک بەرپرسی مەدەنی زۆرجار ئۆتۆمبێلی لاند رۆڤەر یان جێبیان هەیە بۆ هاتوچۆیان بەکاردەهێنن.

لەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی لەشکری شۆڕشی کوردستاندا بوون، خزمەتگوزاریی پەروەردەی گشتی نەبوو. لە ساڵی ١٩٦١ەوە منداڵانی کورد نەیانتوانیوە بچنە قوتابخانە. جگە لە چەند خولێکی تایبەت بۆ ڕاهێنانی پسپۆڕان، هیچ شتێک لەم بوارەدا دانەمەزرا. شۆڕش کە سەرقاڵی پرسە گرنگەکانی وەک بەرگری و پێداویستی سەرەکی بوو، نە کات و نە سەرچاوەی دارایی هەبوو بۆ کردنەوەی قوتابخانە. دەبێت ئەوەش بگوترێت، تەنانەت لە ژێر دەسەڵاتی عێراقیشدا قوتابخانەیەکی زۆر کەم لە گوندە کوردییەکاندا هەبوون. بارودۆخەکە زۆر جێی نیگەرانی بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٨ بەدواوە گۆڕا.

# بەشی هەشتەم

# شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٥ تا ساڵی ١٩٦٩

## ١. شکاندنی ئاگربەست

ئاگربەستی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ ئارامی نەهێنا ئاراوە. بە پێچەوانەوە، زنجیرە ڕووداوێک بەخێرایی بارگرژیەکەیان زیاتر کرد. ئەمەی خوارەوە پوختەکەیەتی:

١. حکومەتی عێراق هیچ کام لە بەڵێنەکانی نەبردووەتە سەر، چونکە تا ئێستا مافی کورد دیاری نەکراوە، زمانی کوردی نەبووەتە زمانی خوێندن لە قوتابخانەکاندا، ئاوارەکان بێ یارمەتی و هەر بە ئاوارەیی مانەوە، ئەو جوتیارانەی لە ٥٥ گوندی دەشتی هەولێر دەرکراون و ڕاگوێزراون، نەیانتوانی زەویەکانیان وەربگرنەوە، کە لەلایەن عەرەبەکانەوە دەستییان بەسەردا گیراوە. جگە لەوەش، ئەوەی پێی دەگوترێت ئاوەدانکردنەوەی باکوور کە بەغدا وەک چارەسەر پێشکەشی کرد، تەنیا خزمەتی بە دروستکردنی ڕێگای ستراتیژی و قولە و قەڵای سەربازی دەکرد.

٢. لە ١٠ی ئایاری ١٩٦٤ دەستوورێکی نوێی کاتی پەسەند کرا. زۆر کەمتر لەبار بوو بۆ مافەکانی کورد و ئازادییە دیموکراتییەکان لە چاو دەستووری ژەنەڕاڵ قاسم. (سەیری خوارەوە بکە)

٣. ڕژێمی عارف بڕیاری دا، وەک میسر؛ تاکە حزبێك دروست بکات بە ناوی "یەکێتی سۆسیالیستی عەرەب". هەموو پارتە سیاسیەکانی تر هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام گەلی کورد پێشتر پارتی خۆی هەبوو بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان. کورد ڕەتیکردەوە بچێتە ناو ئەم حزبە عەرەبییەوە، کە بە دەستکردی دەزانی و لەلایەن حکومەتەوە سەپێنراوە.

٤. سەرۆک ناسر و عارف بڕیاریان دا یەکێتی نێوان عێراق و میسر زیندوو بکەنەوە، ئەم بڕیارە بێ ڕاوێژ بە گەلی کوردی عێراق دراوە.

٥. میسر سەرباز و هێزی ئاسمانی ڕەوانەی عێراق کردووە بۆ یارمەتیدانی ڕژێمی سەربازی. ئەمەش پشتیوانی سەربازی ڕاستەوخۆی میسر بۆ حکومەتی عێراق دەردەخات.

٦. هەڵمەتەکانی پۆلیس بووە هۆی دەستگیرکردنی زیندانیانی سیاسی نوێ، لە کاتێکدا هێشتا زیندانیانی پێشوو لە بەندیخانە ماونەتەوە و ئازاد نەکراون.

٧. لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤ دا ٣٠٠ خێزانی تری جووتیار لە ناوچەی دوبز لە دەشتی کەرکووک دەرکران. ئەمە دەردەخات کە دانیشتوانی ناوچەکە تووشی ئاوارەبوونی زۆرەملێ دەبن.

٨. ڕۆژی ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٤ دەسەڵاتدارانی عێراق ١٥ پێشمەرگەیان لە شاری مووسڵ دەستگیرکرد، سەرەڕای ئەوەی مۆڵەتیشیان لابوو کە واژۆی ژەنەڕاڵ بارزانی لەسەر بوو. ئەم دەستگیرکردنە؛ پێشێلکردنی ڕێککەوتنی ئاگربەست لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە دەردەخات. دوای ئاگربەستی ١٠ی شوبات، ڕێککەوتنێک کرا کە ڕێگە بە پێشمەرگە دەدرا بە چەکەوە بە ناوچە سەربازییەکانی عێراق تێپەڕبن، بەمەرجێک کاغەزێك وەك مۆڵەت پێشکەش بکەن کە واژۆی بارزانی لەسەرە. ئەم ڕێککەوتنە لە بۆنەی تردا ڕێزی لێگیرابوو، ئێمە کاتێک بە دەستەیەك پاسەوانی چەکدارەوە چووینە شاری سلێمانی، ئەمەمان ئەزموون کردبوو، لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ لە دەروازەی شار، سەربازە عێراقییەکان بە بینینی بەڵگەنامەی مۆڵەتەکە، داوای لێبوردنیان کرد کە ئۆتۆمبێلەکەمانیان ڕاگرتووە.

لە ڕوانگەی عێراقەوە؛ دەکرێت هۆکارەکانی گرژی لەگەڵ کورد بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

١. چەکدارنەکردنی هێزە کوردییەکان: بەغدا هیوای دەخواست دوای ئاگربەست کورد دەست بە کەمکردنەوەی هێزە چەکدارەکانی بکات، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا.

٢. داواکاری فەرمی بۆ ئۆتۆنۆمی: لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ ژەنەڕاڵ بارزانی یاداشتنامەیەکی نارد و داوای لە حکومەتی عێراق کرد بە فەرمی دان بە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بنێت و لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە.

٣. دامەزراندنی ئەنجومەنی شۆڕشی کورد و داڕشتنی دەستوور و یاسا و ئیدارە و سیستەمی دادوەری و سیستەمی باج، تووڕەیی و ترسی لە لای حکومەتی بەغدا دروستکرد، بەغدا ئەمەی وەک دروستبوونی "دەوڵەت لەناو دەوڵەت" دەبینی.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە سیستەمە فیدراڵییەکانی وەک سویسرا؛ ئاساییە قەوارەی سەربەخۆ لەناو دەوڵەتدا هەبێت. ئەو بانگەشەیەی ئێمە کە لە دەرەوەی وڵات کردمان، بەتایبەتی لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی لە بەیروت لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٦٥ بۆ ئەنجومەنی شۆڕشە نوێیەکە، تووڕەیی بەغدای زیاتر کرد (سەیری ڕۆژنامەی لۆریانت ٢٣ی کانوونی دووەم لە بەیروت و ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە ٢٤ی کانوونی دووەم بکە) کە زانیارییەکەیان بڵاوکردەوە. لە وەڵامدا؛ لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە دەزانین، دوای ئەم کۆنفرانسە، وەزیری دەرەوەی عێراق نوێنەرانی دیپلۆماتی و باڵیۆزی ئەمەریکا و فەڕەنسا و ئەڵمانیای فیدڕاڵ و بەریتانیای بانگهێشت کرد و داوای لێکردن پێشوازی لە ئێمە نەکەن وەك کورد، لەو کاتەدا ئێمە پەیامی نووسراوی ژەنەڕاڵ بارزانیمان دەگەیاندە ئەو حکوومەتانە و هەروەها بۆ حکوومەتەکانی یەکێتی سۆڤیەت و هیندستان.

٤. دوای دەستگیرکردنی پازدە پێشمەرگەکە لە مووسڵ کە پێشتر لە سەرەوە باسمان کرد فەرماندە عیسا سوار لە لیوای زاخۆ وەک تۆڵەسەندنەوەیەک هێرشی کردە سەر بارەگا و بنەکەی عێراقی لە ناحیەی سندی، لەوێ کاربەدەستانی مەدەنی و ئەفسەری بنکەکە و نۆ پۆلیس و سێ ئەندازیاری ئەڵمانی دەستگیرکرد کە لەسەر ڕێگایەکی ستراتیژی کاریان دەکرد. لەو ڕووداوە بەدواوە، ڕووداوی هاوشێوە لە چەند ناوچەیەک زیادیکرد و چەند هێندە بوون و زنجیرەیەک تۆڵەسەندنەوە لە یەکتری بە دوای خۆیداهێنا.

لە دەستووری نوێی کاتی ١٠ی ئایاری ١٩٦٤ مادەی هاوتای مادەی ٣ی دەستووری ١٩٥٨ کە دان بە "یەکگرتوویی" عەرەب و کورد و مافە نەتەوەییەکانیاندا دەنێت، بۆ پلەی نۆزدەیەم دابەزێنرا. ناوەڕۆکەکەی زۆر کەمترە لە ناوەڕۆکی مادە کۆنەکە. ئەمەش پاشگەزبوونەوە لە مافەکانی کورد لە دەستووری نوێدا دەردەخات:

"مادەی ١٩ : هەموو عێراقییەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن و هەمان ماف و ئەرکیان هەیە. نابێت هیچ جیاوازییەک لەسەر بنەمای ڕەگەز، ڕەچەڵەک، زمان و ئایین بکرێت. هاووڵاتیان چ عەرەب و چ کورد؛ دەبێت هاوکار بن بۆ پاراستنی وڵات و نیشتیمانەکەیان، ئەم دەستوورە دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی یەکگرتوویی عێراقدا دەنێت"

مادەكانی١ق تا ٣ی ئەم دەستووره بەم شێوەیە داڕێژراون:

"مـادەی١: كۆمـاری عێـراق دەوڵەتێكـی دیموكراتـی و سۆسیالیسـتییە و لەسـەر بنەمـای دابونەریتـی عەرەبـی و بەهاكانـی ئیسلام دامـەزراوە.

گەلـی عێـراق بەشـێكن لـە نەتـەوەی گـەورەی عـەرەب. ئامانجـی سـەرەكی یەكێتـی تـەواوی وڵاتانـی عەرەبییـە، كـە حكومـەت پابەنـدە بـە بەدەسـتهێنانی لـە زووتریـن كاتـدا و دەسـتپێكردنی یەكڕیـزی لەگـەڵ كۆمـاری یەكگرتـووی عەرەبـی.

مـادەی ٢: كۆمـاری عێـراق دەوڵەتێكـی خـاوەن سـەروەری تـەواوە. دەسـتبەرداری هیـچ بەشـێكی خاكەكـەی نابێـت.

مادەی ٣ : ئیسلام ئایینی ڕەسـمی دەوڵەتە و بناغە و بنەمای سـەرەكی دەستوورەكەیەتی. عەرەبی زمانی فەرمی وڵاتە".(ئەرشیف، وەرگێڕانـی لە زمانی عەرەبییەوە).

یاداشـتنامەی ١١ی تشرینـی یەكەمـی ١٩٦٤ كـە لەلایـەن ژەنـەڕاڵ بارزانـی واژۆ كـراوە و ئاراسـتەی موشـیر عـارف و سـەرۆک وەزیـران ژەنـەڕاڵ تاهیـر یەحیـا كـراوە، بـە پێشـەكییەكی بەهێـز دەسـت پێـدەكات. بارزانـی نموونـەی وڵاتانـی وەک سویسـڕا و یەكێتـی سـۆڤیەت و كەنـەدا و هیندسـتان دەهێنێتـەوە كـە كێشـەی نەتەوەیـی خۆیـان لـە ڕێگـەی سیسـتەمی فیدڕالـی و دیموكراتییـەوە چارەسـەر كـردووە. ئـەو داواكارییانـەی پێشـكەش كـراون هاوشـێوەی یاداشـتنامەكەی نیسـانی ١٩٦٣یـە كـە ئاراسـتەی ڕژێمـی بەعـس كـراوە. ئامانجیـان ئەوەیە پارێـزگا كوردییـەكان لـە هەرێمێكـی ئۆتۆنۆمـی بەنـاوی "ویلایەتـی كوردسـتان" كۆبكرێتـەوە، لەگـەڵ ئەنجوومەنـی یاسـادانان، ئەنجوومەنـی جێبەجێـكار، باجـی تایبـەت بـە خـۆی و خاوەنـی هێـزی چەكداری تایبـەت بـە خـۆی بێـت لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێراقـدا، بـەڵام هەندێـک لـە بڕگەكانـی ئـەم یاداشـتە نوێیـە كەمێـک جیـاوازن یـان تـازەن.

لـە یاداشـتی ١١ی تشرینـی یەكەمـی ١٩٦٤ داوای هەمواركردنـی تایبـەت بە دەسـتووری كاتـی عێـراق كـرا: كـە لـە دوا بڕگـەی مـادەی ١٩ مـادەی ١ داوا دەكات:

- دەقـی ئێسـتا : "ئـەم دەسـتووره دان بــە مافــە نەتەوەییەكانیانــدا دەنێــت لــە چوارچێــوەی یەكێتــی عێراقــدا."

- هەمواركردنی پێشنیازكراو : "ئەم دەستووره مافەكانی گەلی كورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی یەكڕیزی عێراقدا بناسێنێت."

مادەی ١٢ له یاداشتەكه دەڵێ له مادەی ١ دەستوور هاتووه

- دەقی ئێستا مادەی ١ : "گەلی عێراق بەشێكن له نەتەوەی عەرەب."
- گۆڕانكاری پێشنیازكراو بۆ مادەی ١ : "گەلی عەرەب لە عێراق بەشێكن لە نەتەوەی عەرەب."

سەبارەت بە پرسە سەربازییەكانیش، یاداشتەكە لە (مادەی ٩، بڕگەی a) داوا دەكات كە "یەكەكانی پێشمەرگەی كورد، تا پێكهێنانی ئەنجومەنی ویلایەت، وەک خۆیان بمێننەوە. دوای ئەم قۆناغە، ئەوان دەگۆڕدرێن بۆ هێزێكی پاسەوانی سنووری ئاسایی كە هێزەكەی سنووردارە بۆ ٢٠ هەزار پیاو" (١).

یاداشتەكەی كورد لە ١١ی تشرینی یەكەمی ١٩٦٤ كە داوای ئۆتۆنۆمی دەكرد، هیچ وەڵامێكی فەرمی دەستبەجێی وەرنەگرت. هەرچەندە لە كۆتایی كانوونی دووەمی ١٩٦٥ ژەنەڕاڵ سوبحی عەبدولحەمید وەزیری ناوخۆی عێراق بە ڕۆژنامەكانی گوت: "عێراق هیچ پلانێكی نییە بۆ پێدانی ئۆتۆنۆمی بە كورد نە لە ئێستا و نە لە داهاتوودا". گوتیشی: "هەرچەندە حكومەت نایەوێت شەڕێكی خوێناوی ڕووبدات و خوێن بڕژێت، بەڵام لەوانەیە حكومەت ناچار بێت هێز بەكار بهێنێت، بۆ سەپاندنی یاسا لە باكووری وڵات" (٢). لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی حكومەتی بەغدا، ئەنجومەنی شۆڕشی كوردستان و ژەنەڕاڵ بارزانی ڕایانگەیاند: "كورد خوازیاری جەنگ نییە و نایەوێت شەڕ ڕووبدات و دەستپێشخەریش ناكات. لەگەڵ ئەوەشدا، پابەندبوونی خۆیان دووپاتكردەوە بۆ بەردەوامبوون لە بنیاتنانی ئۆتۆنۆمی و ئیدارەی خۆیان" (٣).

(١) "یاداشتنامەی مافە نەتەوەییەكانی گەلی كورد"، لە لایەن پارتی دیموكراتی كورستانەوە (ئەرشیف، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە).

(٢) ڕۆژنامەی لۆزان لە ٢ی شوباتی ١٩٦٥.

(٣) بڕوانە وتاری "پرسی كورد لە عێراقدا دێتەوە بەرباس"، لەلایەن ژەنەڕاڵ ڕۆندو، لە ڕۆژنامەی "لا كروا"ی فەڕەنسی، ٤ شوبات، پاریس.

### ٢. شەڕی عارفەکان (١٩٦٥-١٩٦٦)

سوپای عێراق لە ٤ی ئاداری ١٩٦٥ هێرشی کردە سەر کورد کە لە بەهاردا زۆر جار دووبارە دەبووەوە و ببووە نەریت. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ ماوەی دوو سێ مانگ، حکومەتی عێراق نکۆڵی لەوە کرد کە "شەڕ لە باکووری وڵات هەبێت." لە ١ی ئاداری ١٩٦٥ لە پاریس، ئێمە بە ڕۆژنامەکانمان ڕاگەیاند، پەیوەندییەکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراق[١] بەرەو خراپتر دەڕوات. لە ٥ی ئاداری ١٩٦٥ ڕامانگەیاند: شەڕ دەستی پێکردووەتەوە "دوای ئەوەی حکومەتی عێراق ئاگربەستەکەی شکاند"[٢]، بەڵام لە ٨ی ئاداری ١٩٦٥: "باڵیۆزخانەی عێراق لە پاریس بۆ ڕۆژنامەکان نکۆڵی لە دەستپێکردنەوەی شەڕ کرد و گوتی ئەو هەواڵانە درۆن و دوورن لە ڕاستییەوە"[٣]. گۆڤاری ناوخۆیی شۆڕشی کوردستان بەناوی "هەواڵی کوردستان" لە ژمارەی ١٦ی ئایاری ١٩٦٥ پشتڕاستی کردەوە کە هێرشەکە لە ٤ی ئادار دەستی پێکردووە.

لە ژمارەی ١٤ی نیسانی گۆڤاری هەواڵی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە " عارف بە پێچەوانەی هاوپەیمانە بەعسییەکانی پێشووی بە فەرمی شەڕی ڕانەگەیاندووە، چونکە ئەمە شەپۆلێکی نیگەرانی و ناڕەزایی لێدەکەوێتەوە، چ لەناو ڕای گشتی عێراق و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا".

بە وتەی چاودێران: "سوپای عێراق توانیویەتی نزیکەی هەموو هێزەکانی خۆی بۆ شەڕی کوردستان تەرخان بکات، بەهۆی گەیشتنی یەکە سەربازییەکانی میسر کە لە سەربازگەکانی دەوروبەری بەغدا جێگیر بوون" [٤]. ئەم گۆڕانکارییە ڕێگەی بە ڕژێمی عارف دا ئەم هێزانەی خوارەوە بۆ شەڕەکە کۆبکاتەوە:

---

(١) ڕۆژنامەی کۆمبا لە ٣ی ئازار، پاریس.

(٢) ڕۆژنامەی هیومانیتی ٥ ی ئازار، و لۆریانت لە ٦ ی ئازار، بەیروت.

(٣) ڕۆژنامەی لو مۆندی فەڕەنسی لە ١٢ی ئاداردا، باڵیۆزخانەی عێراق ڕوونیکردەوەی دیکەی دا بۆ ڕۆژنامەکان کە باوەڕی وایە؛ کورد لە عێراق مافی خۆی وەردەگرێت و گومانی لە شەرعییەتی ئێمە کرد بۆ نوێنەرایەتیکردنیان، بەڵام لە وەڵامدا ڕۆژنامەی لو مۆند هەڵوێستی وەرگرت و کاردانەوەی لەسەر ئەم لێدوانەی باڵیۆزخانەکە هەبوو.

(٤) ڕۆژنانەی جنێڤ لە ٥ی تەمموزی ١٩٦٥.

أ. نزیکـەی هەمـوو هێـزی زەمینیـی ئاسـایی: پێنـج فیرقـە و یـەک لیـوای زرێپۆشـی سـەربەخۆ، کـە نزیکـەی لـە ٧٠ هـەزار سـەرباز پێکهاتـووە.

ب. تەواوی هێزی ئاسمانی عێراقی، واتە نزیکەی ١٠٠ فڕۆکە.

ج. لەنێوان ١٠ هەزار بۆ ١٥ هەزار کارمەندی پۆلیس کە تانک و هاوەنیان پێیە.

د. نزیکەی ١٠ هەزار میلیشیا و بەکرێگیراو بە کورد و عەرەبەوە.

کـۆی گشـتی ئـەو هێزانـەی لەلایـەن ڕژێمـی عارفـەوە جێگیرکرابـوون، گەیشـتە نزیکەی ١٠٠ هـەزار کەسـی چەکـدار بـە چەکـی قـورس و پێشـکەوتووەوە. ئـەم سـەربازانە دەبـوو ڕووبـەڕووی نزیکـەی ١٥ هـەزار پێشـمەرگەی لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان ببنـەوە، کـە لـە ڕووی چـەك تەقەمەنییـەوە بارودۆخیـان زۆر خـراپ بـوو، زۆرجـار خـۆراک نەبـوو بیخـۆن و پـێڵاوی کالەیـان لەبـەردا بـوو.

لەوانەیـە عـارف پشـتی بـە لاوازبوونـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەسـتبێت لـە دوای قەیرانـی ناوخـۆی سـاڵی ١٩٦٤ بـۆ بەڕێوەبردنـی هەڵمەتەکـەی. شـەڕەکە لەلایـەن ژەنـەڕاڵ عەبدولـڕەحمان عـارف، بـرای سـەرۆک بەڕێـوە دەچـوو.

شـەڕ و پێکدادانـی چـڕ و بـێ پچـڕان لـە ئـاداری ١٩٦٥ تـا حوزەیرانـی ١٩٦٦ بـەردەوام بـوو، ئـەم شـەڕانە دەتوانرێـت بەسـەر پێنج قۆناغـدا دابـەش بکرێـت، کـە بـە نزیکەیـی هاوتـای وەرزەکانـە:

١. قۆناغـی "هێرشـی بەهـارە" (٤ی ئـادار - ٤ی ئایـاری ١٩٦٥): لـەو ماوەیـەدا، هێـزە عێراقییـەکان؛ بەهـۆی زۆری ژمـارەی سـەرباز و چـەک و تەقەمەنییـەوە، سـەرکەوتنی سـەرەتاییان بەدەسـتهێنا .

٢. قۆناغـی هاویـن (٤ی ئایـار – ٣٠ی ئەیلوولـی ١٩٦٥): شـەڕەکە بـەردەوام بـوو، بـەڵام بـۆ سـوپای عێـراق زۆر گـران و شـۆکهێنەر بـوو کـە زیانـی گیانـی و مـادی زۆری بەرکـەوت.

٣. قۆناغـی پاییـز (تشرینـی یەکـەم - تشرینـی دووەمـی ١٩٦٥): ئـەم قۆناغـە شکسـتێکی گـەورە بـوو بـۆ هێـزە عێراقییـەکان کـە ناچـار بـوون زۆربـەی ئـەو ناوچانـە چـۆڵ بکـەن کـە لـە بەهـاردا داگیریـان کردبـوو.

٤. هێرشی زستانی کورد (٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٥ - ٢٨ شوباتی ١٩٦٦): هێزە کوردییەکان لە زستاندا هێرشێکی پێچەوانەی کاریگەریان ئەنجامدا و زیانی زیاتریان بە سوپای عێراق گەیاند و ناوچەکانیان گرتەوە.

٥. هێرشی عێراق لە بەهاری ١٩٦٦ یان (شەڕی ڕواندز): ئەم هێرشە بە سەرکردایەتی سوپای عێراق بە شکستێکی شەرمەزارکەر کۆتایهات. هێزە عێراقییەکان لە ڕواندز شکستیان هێنا و حکومەت ناچاربوو بە ئاگربەست ڕازی بێت.

١. هێرشی بەهاری ١٩٦٥: لەم قۆناغەی یەکەمدا؛ سوپای عێراق باڵادەستی خۆی لە بەکارهێنانی تانکدا نیشاندا بۆ پێشڕەوی لەسەر ڕێگا ستراتیژییەکان. کردارە سەرەکییەکان بریتی بوون لە باکوور: داگیرکردنی چوارتا کە دەکەوێتە ناوچەی سەربازیی هێزی خەبات و ناحیەی سەرەکی دەڤەری قەرەداغە. هەروەها سوپا چووە ناو ناوچەی شوانیش. لە باشوور: لە ناوچەی خانەقین یەکەیەکی سەربازی دەستی بەسەر ناحیەکانی دەلۆ و نەفتخانەدا گرت. پاش ئەم داگیرکردنە، عەرەبەکان لەوێ نیشتەجێ بوون و دانیشتووانی کوردی ڕەسەنیش دەرکران[1].

---

(١) سەبارەت بەم قۆناغەی یەکەمی جەنگ، لە نێو ئەوانی تردا، لە ڕۆژنامەکانی بەریتانیا، ئەم بابەت و وتارانەی خوارەوە ببینە:

١. "هێرش بردن بۆ سەر کورد پێچەوانە دەبێت"، لە ڕۆژنامەی ئۆبزێرڤەر، ١ی نیسانی ١٩٦٥.

٢. "عارف ئامادەیە بۆ هێرشکردنە سەر کورد"، لە ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی، ١١ی نیسان.

٣. "هێرشی عێراق کۆتایی بە ئاگربەست لەگەڵ کورد دەهێنێت"، لە ڕۆژنامەی دەیلی تەلەگرافی ١٥ی نیسان.

٤. "بۆمبارانکردنی کورد"، لە ڕۆژنامەی دەیلی تەلەگراف، ١٧ی نیسان.

٥. "سەربازانی عێراق کورد لە شار وەدەردەنێن"، لە ڕۆژنامەی دەیلی تەلەگراف، ٢١ی نیسان.

٦. "عێراق گوێ لە ناسر ناگرێت لە هەڵمەتی دژە کورد"، لە دەیلی تەلەگراف، ٢٢ی نیسان.

٧. "بارزانی هێشتا پاڵەوانی گەلی کوردە "، لە ڕۆژنامەی گاردیانی ٢٢ی نیسان.

٨. "کورد پاشەکشە دەکات لەبەردەم سەربازانی عێراق"، لە تایمز، ٢٢ی نیسان.

٩. "کورتەی هەواڵی جیهانی"، هەواڵەکانی بی بی سی، ژمارە 1/A/1841/ME لە ٢٢ی نیسان.

١٠. "مانەوەی ڕژێمی عێراق لە هاوسەنگیدایە " لە ڕۆژنامەی دەیلی تەلەگراف، ٣ی ئایار.

١١. "بەربەستەکانی بەغدا لە شەڕی دژی کورد"، لە دەیلی تەلەگرافەوە، ٤ی ئایار.

١٢. "سوپای عێراق لە پێکدادان و تێکهەڵچوون لەگەڵ کوردایە "، گاردیانی بەریتانی، ٨ی ئایار.

١٣. "کورد بە چەکی نوێ شەڕ دەکات" لە ڕۆژنامەی سەندەی تایمزی ١٦ی ئایار.

ئـەم پێشـکەوتنە سـەرەتاییانە ڕێگـەی بـە سـوپای عێراقـی دا، پـێ لەسـەر زەوی قایـم بـکات، بـەڵام ئاوارەبوونـی دانیشـتوان گـرژی و شـەڕی زیاتـر کـرد.

٢. وەرزی هاوین شەڕێکی سەختی بەخۆیەوە بینی:

أ. شـەڕی سـەفین: شـەڕێکی سـەخت لـە زنجیـرە چیـای سـەفین (٢٠ی حوزەیـران – تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٥)

ئـەم شـەڕە یەکێـک بـوو لـە سـەخترین و درێژتریـن شـەڕەکانی کـورد و عێـراق. لـە ٢٠ی حوزەیـران دەسـتی پێکـرد و تـا مانگـی تشرینـی یەکـەم بـەردەوام بـوو، شـەڕێك بـێ پچـڕان بـۆ مـاوەی ٤٦ ڕۆژ، لـە نێـوان: چەنـد سـەد پێشـمەرگەیەکی کـورد لـە زنجیـرە چیـای سـەفین (باکـووری ڕۆژهەڵاتـی هەولێـر) و نزیکـەی ١٠ هـەزار سـەرباز و بەکرێگیـراوی عێراقـی کـە بـۆ دەستبەسـەرداگرتنی بەرزاییـەکان بڵاوەیـان پێکرابـوو. تـا ناوەڕاستی هاویـن هێزەکانـی عێـراق توانیـان نیـوەی باکـووری شـاخەکە کۆنتـڕۆڵ بکـەن، بـەڵام بـۆ ئەمـە باجێکـی گەورەیـان دابـوو، بەتایبەتـی لەنێـو ڕیزەکانـی بەکرێگیراوانـی کـورددا. زۆرجـار ئەمانـە دەنێردرانـە هێڵـی پێشـەوە بـۆ پاراسـتنی لێژایـی و لێـوارەکان پێـش ئـەوەی سـەربازە نیزامـی و ئاسـاییەکان بچنـە پاڵیانـەوە. لـە بەرامبـەر سـەختی و مەترسـییەکانی ئۆپەڕاسـیۆنەکاندا، ژەنەڕاڵەکانـی عێـراق؛ سیسـتەمێکی (مـەزاد) زیادکردنیـان دانـا بـۆ تەرخانکردنـی هێرشـەکان: سـەرکردە بەکرێگیراوەکانـی کـورد دەتوانن داوای مافـی هێرشـکردنە سـەر گردێـک بکـەن. بـڕە پـارەکان جیـاواز بـوون لـە نێـوان ٢٠ هـەزار، ١٠ هـەزار یـان پێنـج هـەزار دینـار بەپێـی سـەختی و مەترسـی ئۆپەڕاسـیۆنەکان. زۆرجـار ستراتیژیتریـن گـردەکان نازنـاوی "گـردی دۆزەخ"یـان پێـدەدرا، چونکـە زۆرێـک لـەو بەکرێگیراوانـە لەگـەڵ پیاوەکانیانـدا گیانیـان لەدەسـتدا کـە هەوڵـی داگیرکردنیـان دەدا. (بڕوانـە هەواڵـی کوردسـتان، ژمـارە ١٠ی ئابـی ١٩٦٥). بەکرێگیراوانـی عـەرەب بـە دردکـردن بـە قورسـایی و مەترسـی دۆخەکـە، بـە وریاییـەوە بڕیاریانـدا بکشـێنەوە و گەڕانـەوە مـاڵ و حاڵـی خۆیـان، هێزەکانـی عێـراق و بەکرێگیراوانـی کوردیـان بەجێهێشـت، بـۆ ئـەوەی بەتەنیـا لـە هەلومەرجێکـی ئەوپـەڕی سـەختدا ڕووبـەڕووی پێشـمەرگە ببنـەوە. ئـەم شـەڕە ئیرادە و سـووربوونی کـورد و ئـەو شـێوازە بێهیوایانـەی سـوپای عێـراق بـەکاری دەهێنێـت بـۆ کۆنترۆڵکردنـی ناوچـە کوردییـەکان دەردەخـات.

ب. داگیرکردنی پێنجوێن: لە ئەیلوولی ١٩٦٥ هێزێکی گەورەی سوپای عێراقی، لە شاری سلێمانییەوە بۆ هێرشکردنە سەر شارۆچکەی پێنجوێن، بەڕێکەوت. هێزەکانی عێراق دوای ئەوی بە تەواوی شارەکەیان وێران کرد، داگیریانکرد. دانیشتوانی پێنجوێن کە پێشبینی هێرشەکەیان کردبوو، پێش گەیشتنی سەربازەکان شارۆچکەکەیان چۆڵ کردبوو. دانیشتووان پەنایان بردەبەر چیاکانی نزیک سنووری ئێران. ئەم ناوچەیە هێشتا لە ژێر کۆنترۆڵی هێزە کوردییەکانی لەشکری شۆڕشی کوردستاندا بوو.

ج. چوونە ناو شەڕی تۆپخانە کوردییەکان: لە ٤ی ئایاری ١٩٦٥ەوە هێزە کوردییەکان بۆ یەکەمین جار تۆپخانە نوێیەکەیان بەکارهێنا، لەوانە : تۆپهاوێژ و هاوەنی قورس، ئەم چەکانە بۆ هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگا سەربازییەکانی عێراق و سەربازگە قەڵابەندەکان، پێگەی ستراتیجی لە ڕواندز، باپشتیان، دیانا، میلتۆکەر و بنکەکانی تر لە دۆڵی ڕواندز بەکاردەهاتن. ئەمە بووە جێی سەرسوڕمانی تەواوی سوپای عێراق کە پێشبینی ئەو هێرشەی نەدەکرد. هێزەکانی عێراق زیانی گیانی و مادی زۆریان بەرکەوت. هێزە کوردییەکان هەوڵی هێرشێکی ستراتیژییان دا بۆ تێپەڕاندنی ڕواندز، ئەوان دەیانویست بە کۆڕەکدا بپەڕنەوە و کۆنترۆڵی دەروازەی گەلی عەلی بەگ بکەن، کە ڕێگایەکی سەرەکییە و دۆڵی ڕواندز بە باشوورەوە دەبەستێتەوە. ئەم هەوڵە بە زەحمەت شکستیهێنا، بەڵام ستراتیجی هێرش و بوێریی هێزە کوردییەکان نیشان دەدات.

د. بەکارهێنانی گازە کیمیاییە ژەهراویەکان: لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٥ سوپای عێراق گازی ژەهراوی بۆ هێرشکردنە سەر گوندەکانی ناوچەی پێنجوێن و بادینان بەکارهێنا. ئەم گازانە بوونە هۆی ئیفلیجی کاتی بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر. قوربانیی لێکەوتەوە، خەڵکی مەدەنی کاریگەری ئەم هێرشەیان لەسەر بوو. گازەکە تەشەنەی کردوو و بەهۆی تەوژمی باوە بڵاوبۆوە و گازەکە گەیشتە خاکی ئێران. ڕۆژنامەکان لە ئێران لە تاران ئەم ڕووداوەیان بڵاوکردەوە. بەهۆی دەنگ و سەدای ڕۆژنامە بیانییەکان کە زۆر قسەیان لەسەر ئەم هێرشە و ناکاریگەری ئۆپەڕاسیۆنە سەبازییەکە کرد، ئەمە وایکرد حکومەت بەردەوام نەبێت[1]. چەند

(١) لە ڕۆژنامەی لو سوار ٢٣ی ئاب، بەیروت، دەقی ناڕەزایەتیی ژەنەڕاڵ بارزانی، کە ئاراستەی

مانگێـک پێشـتر ڕۆژنامـە بیانییـەکان پێشـتر هۆشـدارییان دابـوو لـە مەترسـییەکانی بەکارهێنانـی گازی ژەهـراوی لـەم شـەڕەدا[1].

هـ. هێزەکانـی عێـراق توانیـان شـارۆچکەی قـەڵادزێ بگـرن کـە دەکەوێتـە دەڤـەری پشـدەر. لەگـەڵ ئەوەشـدا، پێشـکەوتنیان لـە دەرەوەی شـار وەسـتا، بەبـێ ئـەوەی بتوانـن زیاتـر بـڕۆن.

و. لـە مـاوەی ئـەم هاوینـەدا؛ لەشـکری شۆڕشـی کوردسـتان شـەڕێکی بەرفراوانـی لـە هەمـوو ناوچـەکان دەسـتپێکرد. شـەڕ و پێکـدادان ڕۆژانـە لـە زاخـۆ تـا خانەقیـن ڕوویـدەدا. لـە ناوچەکانـی قـەرەداغ و شـوان سـوپای عێـراق لـە پێگـەی بەرگریـدا بـوو، پێشـمەرگە هێرشـی قـووڵ و وێرانکەریـان ئەنجامـدا و گەیشـتنە ناوچـەی بەعقوبـەی عەرەبـی کـە ١٥٠ کیلۆمەتـر لـە بەغـداوە دووره.

لـە ١١ی ئـاداری ١٩٦٥ تـا ٢٤ی ئابـی هەمـان سـاڵ، ئامـاری قوربانیانـی عێراقـی لەلایەن پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە بڵاوکرایـەوە. ئـەم زیانانـە لـە بەیاننامەیەکـدا کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ڕایگەیانـد بەبۆنـەی چوارەمیـن سـاڵیادی دەسـتپێکردنی شۆڕشـی گـەورەی گەلەکەیـان لـە دژی سـتەم و زۆرداری:

| پلەکانیان | بریندارەکان | کوژراوەکان |
|---|---|---|
| سەرباز و نائیب زابت | هەزار و ٤٤٦ | ٢ هەزار و ٤٠٦ |
| ئەفسەر بە هەموو پلەکانییەوە | ١٤ | ٦٧ |
| جاش و بەکرێگیراوی کورد و عەرەب | هەزار و ٦٨٦ | ٧٢٢ |
| پۆلیس | ٣٥ | ١٩ |
| کۆی گشتی | ٢ هەزار و ٢٠١ | ٤ هەزار و ١٩٤ |

نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی وڵاتان کراوە.

(١) بڕوانـە وتـاری ڕۆژنامەنـووس ڕۆبێـرت ئاندرێـگ بـە ناونیشـانی "ئایـا سـوپای عێـراق گازی کیمیایـی لـە دژی خەڵکـی مەدەنـی کـورد بەکاردەهێنێـت"، ڕۆژنامـەی لـۆزان لـە ١٨ی ئـاداری ١٩٦٥. ئاندرێـگ ئاشـکرای دەکات کـە کۆمپانیـا ئەوروپییـەکان (سویسـڕی، ئیسـپانی و سـویدی) ناپاڵـم، گاز و ٧٠ هـەزار دەمامکیـان بـە بەغـدا فرۆشـتووە.




**Carte des « hêz » (régions militaires kurdes)**

—·—·—·— Frontières d'Etats
— — — — — Ligne de démarcation arabo-kurde
▬▬▬▬ Rivières
———— Routes
·············· Limites des régions militaires
Echelle = 1 : 2 851 200

0 50 100 150 200 km




**Carte du territoire libéré (1966-69)**

Frontières d'Etats
Ligne de démarcation arabo-kurde
Rivières.
Routes
Régions libérées
Echelle = 1 : 2 851 200
0 50 100 150 200 km

دیلەکانی جەنگی عێراق: ١٤٥.

ئـەو کەسـانەی هەڵاتـوون و پەیوەندییـان بـە لەشـکری شۆڕشـی کوردسـتانەوە کـردووە: ٤٦٠ کـەس.

لەشـکری شـۆڕش ئـەم دەسـتکەوتانەی جەنگـی بـە دەسـتهێنا : ٥٥٩ تفەنـگ، ٧٢ هـەزار و ٧٢٠ فیشـەك ، ٣٢ دۆشـکە، ٤هـاوەن، ٣٦ تفەنگـی ئۆتۆماتیـك، ١٨ دووربیـن، ١١٦٥ بەتانـی، ٢٥ چـادر، ٢٥٠ مەتـارە، ١٤٠ گولـەی هـاوەن و ١٥ ئامێـری بێتـەل.

لـە لایەکـی تـرەوە، ئـەم کەلوپەلانـەی عێراقـی تێکشـکێنرا و لەناوچـوون: ٧٥ ئۆتۆمبێـل، ٨ زرێپـۆش، ١٢ تانـک، ١٠ تۆپهاوێـژی ١٢٢ ملـم، ٩ ئامێـری بێتـەل و ٥ فڕۆکـە.

٣. لـە وەرزی پاییـزدا، هێزەکانـی لەشـکری شۆڕشـی کوردسـتان ناوچـە داگیرکراوەکانیـان گرتـەوە. لـە ٣ی تشرینـی یەکـەم[١] چیـای سـەفینیان گرتـەوە و لـە ٩ی تشرینـی یەکـەم تـەواوی ناوچـەی قەرەداغیـان کۆنتـرۆڵ کـردەوە و هێـزە عێراقیەکانیـان ناچارکـرد پاشەکشـە بکـەن. لـە ١٩ی تشرینـی دووەم؛ لەشـکری شـۆڕش ناوچەکانـی دەلـۆ و نەفتخانەیـان لـە نزیـک خانەقیـن گرتـەوە و هـۆزە عەرەبەکانیـان لەسـەر خاکـی کـوردان دەرکـرد. هەڵمەتـی سـەربازی ساڵی ١٩٦٥ بـە سـەرکردایەتی موشـیر عـارف شکسـتیهێنا، سـەرەڕای دوو سـەردانی کردنـی بـۆ بەرەکانـی پێشـەوەی شـەڕ.

لەسـەر ئاسـتی سیاسـی، بەیاننامەیەکـی هاوبەشـی نێـوان مـیسر و عێـراق لـە قاهیـرە دەرچـوو، پـاش گفتوگـۆی نێـوان دکتـۆر عەبدولـڕەحمان بـەزاز سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق و سـەرکردەکانی کۆمـاری عەرەبـی یەکگرتـوو لـە تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٥، بـە ئاشـکرا شۆڕشـی کوردسـتانی عێراقـی ئیدانـە کـرد:

"کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبـی پشـتگیری تـەواوی هەوڵەکانـی حکومەتـی عێـراق دەکات بـۆ پاراسـتنی یەکپارچەیـی وڵات و نەهێشـتنی ئـەو هەوڵانـەی هەڕەشـە لـە سـەربەخۆیی و سـەروەری عێـراق دەکـەن(...).

ئـەم هەوڵانـە بـەڕای هـەردوولا نـەک هـەر سـەروەری عێـراق، بەڵکـو ئاسایشـی تەواوی گەلـی عەرەبیـش دەکاتـە ئامانج"[٢].

دکتـۆر بـەزاز مامۆسـتای پێشـووی زانکـۆی بەغـدا، کاتێـک بـوو بـە سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق، وتارێکـی هێمـن و ئاشـتکەرەوەی پێشـکەش کـرد. هەرچەنـدە هێرشـی بەهـاری ١٩٦٥ لەلایـەن سـوپاوە دەسـتی پێکـرد و جێبەجـێ کـرا، کاتێـک ئـەو لـە دەسـەڵاتدا بـوو.

٤. بـۆ یەکـەم جـار لـە سـەرەتای جەنگـەوە، زسـتانی ١٩٦٥-١٩٦٦ چالاکـی چـڕ و پـڕی بەخـۆوە بینـی کـە لەشـکری شۆڕشـی کوردسـتان دەستپێشـخەر بـوو، لـە کاتێکـدا سـوپای عێـراق لـە پێگـەی بەرگـری دا بـوو.

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەسـەر ئـەم ماوەیـە و قۆناغـی داهاتـووی جەنـگ، دەتوانـن سـەردانی گۆڤـاری هەواڵـی کوردسـتان بکـەن لـە ژمارەکانـی ١٤ و ١٥ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٦٥ و ٦ و ٢٨ ی کانوونـی دووەمـی ١٩٦٦ و ٢٠ی شـوباتی ١٩٦٦.

(٢) ڕۆژنامەی لو مۆند، ٢٣ی تشرینی یەکەم.

بە تایبەتی دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین:

أ. شەڕی دووەم لە پێنجوێن لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٥ دەستی پێکرد تا کۆتایی شوباتی ١٩٦٦ بەردەوام بوو. لەشکری شۆڕشی کوردستان یەکەیەکی لە تۆپخانەکانی خۆی بەکارهێنا کە لە باڵەکایەتییەوە هێنرابوون. پێگە قەڵابەندەکانی عێراق لە پێنجوێن و گوندەکانی دەوروبەری وەک مانگا و ناڵپارێز و هەرزەلا و ڕەوگان بە بەردەوامی تۆپباران کران و هێرشیان کردە سەر ناوچە سەخت و بەفریەکان. کاروانەکانی عێراقیش لەسەر ڕێگاکە کرانە ئامانج. سوپای عێراق توانی کۆنترۆڵی پێنجوێن و ڕێگاکە بکات، بەڵام پێگەکانی تری لەدەستدا و زیانی گەورەی بەرکەوت.

ب. شەڕی دەشتی هەولێر: ئەم شەڕە لە ٦ تا ١٨ی کانوونی یەکەم ڕوویدا. لەو ماوەیەدا؛ سوپای عێراق هەوڵی دا یەکەکانی لەشکری شۆڕشی کوردستان لە دەشتی نێوان هەولێر و سەفین و کۆیە دەربکات، بەڵام شکستی هێنا و ناچار بوو بکشێتەوە.

ج. چەندین چالاکیی پارتیزانیی کورد: یەکە سەربازییەکانی کورد چەندین هێرشیان کردە سەر پێگە و بارەگاکانی عێراق لە شارە جیاجیاکان. دەچوونە ناو شارەکان، بۆ چەند کاتژمێرێک یان شەوێک کۆنترۆڵیان دەکرد. پاشان پاش هێرشکردنە سەر سەربازگاکان و بنکەی پۆلیس و دامەزراوەکانی ئاو و کارەبا یان لەناوبردنی سەرکردەی جاش بەکرێگیراوەکان پاشەکشەیان دەکرد. زۆرجار دەستکەوت و زیندانیان لەگەڵ خۆیان بردووە. ئەو هەڵمەتانە شارەکانی وەک کەرکووک و هەولێر و خانەقین و پێنجوێن و قەڵادزێ و ڕانییە و دهۆک و چوارتا و هەڵەبجە و دەوروبەری سلێمانی و کۆیە و تەنانەت شارە عەرەبییەکانی وەک مووسڵ و بەعقوبەیان کردووەتە ئامانج.

لە ئاستی دیپلۆماسیش، ژەنەڕاڵ بارزانی لە ١ی کانونی دووەمی ١٩٦٦ یاداشتێکی ئاڕاستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەندام کرد. لەم یاداشتە داوای کردووە لێژنەیەکی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان بنێردرێت. ئەم لێژنە بۆ لێکۆڵینەوە بوو لە دوو خاڵی سەرەکی: یەکەمیان؛ ئەو شێواز و بەرنامەیەی بۆ سوتاندنی خاکی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە شەڕی دژی کورد بەکارهاتووە. دووەمیان؛ سیاسەتی بەعەرەبکردن کە لەلایەن بارزانییەوە بە فاشیست وەسف دەکرێت. (بڕوانە پوختەی ئەم یاداشتە ورد و درێژە لە پاشکۆی نۆیەمدا)

لـە ١٣ی نیسـانی ١٩٦٦ موشـیر عەبدولسـەلام عـارف لـە ڕووداوی تێکشـکانی هەلیکۆپتـەر؟ لـە عێراقـی عەرەبـی کـوژرا. لـە ڕۆژانـی دواتـر، چەنـد ناوێـک بڵاوبوونـەوە وەک کاندیـد بـۆ جێگرتنـەوەی : ژەنـەڕاڵ عەبدولعەزیـز ئەلعوقێلـی نـاسراوە بـە دژایەتیکـردن بـۆ هـەر سازشـێک بـۆ شۆڕشـی کـورد. سـەرۆک وەزیـران عەبدولـڕەحمان بـەزاز، بـە میانڕەوتـر دادەنرێـت، لەگەڵ برای سـەرۆکی کۆچکـردوو ژەنـەڕاڵ عەبدولڕەحمان عـارف. لـە کۆتاییـدا؛ بازنـەی نـاوەوەی ئەفسـەرانی بـاڵا کـە دەسـەڵاتیان بەدەسـتەوە بـوو، عەبدولـڕەحمان عارفیـان وەک سـەرۆک کۆمـار دەسـتنیشـان کـرد. بەڕێـز بەزازیشـیان لـە پۆسـتەکەی وەک سـەرۆکی حکومـەت هێشـتەوە.

### ٣. شەڕی ڕواندز (یان داستانی هەندرێن)

موشـیر عـارف لـە هەمـان ڕۆژدا گیانـی لەدەسـتدا کـە سـوپاکەی خـۆی ئامـادە دەکـرد بـۆ هێـرش کـردن بـۆ سـەر حـەوزی ڕوانـدز. بەگوێـرەی پلانەکانـی ئەرکانـی گشـتی؛ ئـەم ئۆپەراسـیۆنە بـۆ لێدانێکـی یەکلاکـەرەوە بـوو کـە ئـەوان پێیـان دەگـوت "یاخیبـوون". جیـاواز لـە هەڵمەتـە سـەربازییەکانی پێشـوو، هێرشـەکەی سـاڵی ١٩٦٦ کـە نـاوی لـێنرا "توکەلنـا علـی اللـه " (ئێمـە پشـت بـە خـودا دەبەسـتین) لەلایـەن ژەنـەڕاڵ عوقێلـی داڕێـژرا. پلانەکـە لەسـەر ستراتیجـی چڕکردنـەوەی زۆری هێـزەکان لـە بەرەیەکـی کـورت دامەزرابـوو کـە نزیکـەی بیسـت کیلۆمەتـر بـوو. ئامانجـی سـەرەکی پاراسـتنی ئـەو ڕێـگا ستراتیژییـە بـوو کـە بـە "ڕێـگای هامیلتـۆن" نـاسراوە و زۆرجاریـش بـە "ڕێـگای پیـرۆزی کوردسـتان"[1] نـاسراوە. ئـەم ڕێگایـە ٨٠ کیلۆمەتـر درێـژە و ڕوانـدز بـە سـنووری ئێرانـەوە دەبەسـتێتەوە و بـە چیاکانـی ناوچـەی باڵەکایەتـی دەپەڕێتـەوە کـە ئـەو کاتـە لەژێـر کۆنترۆڵـی هێزەکانـی لەشـکری کـورد بـوو.

ڕوانـدز، دەکەوێتـە ناوەڕاسـتی حەوزێکـی شـاخاوی، لەسـەر لوتکەیـەک هەڵکەوتـووە کـە بـە دەربەنـد و دۆڵی قـووڵ دەورەدراوە و وای لێکـردووە وەك قەڵایەکی سروشـتی بێت. عوسمانییـەکان بـارەگا و قـەڵای شـکۆداریان دروسـتکردبوو لەگـەڵ ڕێـڕەوی ژێرزەمینـی لـەوێ. ئەمـڕۆ؛ ئـەم ژێرخانـە بـە گوندەکانـی دەوروبـەرەوە بەهێـز دەکرێـت، بنکـەی سـەرەکی پێشـەوەی سـوپای عێـراق لـە کوردسـتاندا پێکدەهێنێـت. لـە ١٢ی نیسـانی ١٩٦٦

(١) ڕونێ مۆرێیس، "کوردستان یان نەمان"، لاپەڕە ١٧٥.

هێزە عێراقییەکان دوو باشترین فیرقەی سەربازییان لەوێ مۆڵ دابوو؛ فیرقەی یەکەم پێکهاتبوو لە لیوای یەک و چوارده و پازده بە فەرماندەیی ژەنەڕاڵ زەکی حوسێن حیلمی. فیرقەی دووەم پێکهاتبوو لە لیوای سێ و چوار و پێنج بە سەرکردایەتی ژەنەڕاڵ ئیبراهیم فەیسەڵ ئەل-ئەنساری. لە کۆی گشتی ئەم دوو فیرقە؛ نزیکەی ٣٠ هەزار سەربازی ئاسایی هەبوو کە لەلایەن هەزاران جاش و بەکرێگیراوەوە پشتگیری دەکرا. فەرماندەیی گشتی ئەم ئۆپەڕاسیۆنە بە ژەنەڕاڵ بەڕێز س. محەمەد سپێردرا. جگە لەوەش هێزی ئاسمانی عێراق هەموو سەرچاوەکانی خۆی لەسەر ئەم ناوچەیە چڕکردووەتەوە، بە ئامانجی پشتیوانیکردن لە هێرشەکە.

لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێزە زۆر و سەرسوڕهێنەرە کە سوپای عێراقی بڵاوی کردووەتەوە، لەشکری شۆڕشی کوردستان تەنیا هەزار و ٧٠٠ پێشمەرگەی لە یەکەیەکدا هەبوو پێی دەوترا هێزی باڵەك، ئەم یەکەیە بە چەند پارچەیەکی تۆپخانە پشتەوانی دەکرا لەلایەن عەقید ئەلقازی سەرۆکی ئەرکان و ئیدریس بارزانی و عەبدوڵڵا پشدەری فەرماندەی "هێز" یاوەری دەکرا. سێ مانگ پاش شەڕی ڕواندز، عەبدوڵڵا پشدەری ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەسەر ڕووداوەکان پێشکەش کردین. ئەم شەڕە کە ئەو بە گرنگترین شەڕ لە ساڵی ١٩٦١ەوە وەسفی کرد، بە نەبوونی هێزێکی یارمەتی و پشیتوانی چاوەڕوانکراو، کە پشدەری وەک هێزێکی یەدەگ داوای کردبوو. پشدەری لە ڕاپۆرتەکەیدا گوتی "ئەم هێزانە لەکاتی خۆیدا نەگەیشتوون." پشدەری ڕوونی دەکاتەوە هێرشەکەی ساڵی ١٩٦٦ لە کۆبوونەوەیەکی نێوان موشیر عارف و بەڕێز بەزاز و بەرپرسانی سەربازیی باڵای سوپای عێراق بڕیاری لەسەر دراوە. لە میانەی ئەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا لەگەڵ گروپی جیابووەوەی جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد بە مەبەستی ئەنجامدانی هەڵوێستی لادەرانەیان لە دژی لەشکری شۆڕشی کوردستان هەماهەنگی بکەن. ئەم ڕاپۆرتە بە وریاییەوە نووسراوە و لە ١٧ی ئابی ١٩٦٦ لە گەڵاڵە لە دەڤەری باڵەکایەتی، لەلایەن عەبدوڵڵا پشدەری پێشکەش کراوە.

نزیکەی ١٠ کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی ڕواندز، ئەو ڕێگا ستراتیژییەی تا سنووری ئێران دەڕوات بە دوو چیای بەرز دەپارێزرێت کە وەك قەڵای سروشتی وان: چیای زۆزک (٢٢٠٠ مەتر) لە باکوورەوە کە دارستانێکی کەمی هەیە و چیای هەندرێن (٢٨٧٥ مەتر) لە

باشوورەوە کە دارستانەکەی چڕی زیاترە. ئەم دوو چیایە کە دەڕواننە حەوزی ڕواندز، پێگەی ستراتیژین بۆ هێڵی بەرگری کورد. هێزە کوردییەکان پێگەی بەرگری سەرەکی خۆیان لە لێژایی ڕۆژئاوا و لوتکەی ئەو چیایانە دامەزراند و خەندەقیان هەڵکەند بەتایبەتی لە چیای زۆزک، گەیشتن بە چیای هەندرێن کەمتر قورسە، فەرماندەیی سیسیتەمەکەی دابەش بوو بۆ چوار بەرە: زۆزک (باکووری ڕێگا) ٤٠٠ پێشمەرگە بە فەرماندەیی فارس کورەمارکی سەرکردەیەکی گەنج و بە ئەزموون. هەندرێن (باشووری ڕێگاکە): ٤٥٠ پێشمەرگە بە سەرکردایەتی فاخیر مێرگەسۆری کە ئەویش فەرماندەیەکی گەنج و شارەزایە. گەرووی عومەرائاغا ( باکووری زۆزک ): ٤٥٠ پێشمەرگە چاودێری دەکەن بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن لە هەر تێپەڕبوونێکی سوپای عێراقی لە باکوورەوە. دۆڵی ئاکۆیان (باشووری هەندرێن): ٤٠٠ پێشمەرگە ئەم ڕێگایەیان پاراست بۆ ئەوەی لە باشوورەوە گەمارۆنەدرێن. هاوەنەکانی ١٢٠ ملم و ٨١ ملم بەسەر ئەم چوار میحوەرەدا دابەش کران. عەبدوڵڵا پشدەری لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت: "ئێمە تۆپهاوێژی ٨٧ ملمیمان لە پشتەوە دانابوو کە لە قەراغ ڕێگاکە شاردبوومانەوە، بۆ ئەوەی پاڵپشتی یەکەکانمان بکەین و پێکهاتەکانی دوژمن تێکبشکێنین کە لە پێشەوە پێشڕەوی دەکەن." لە پشت پێگەکانی زۆزک و هەندرێن، بەرەو قووڵایی خاکی کوردی ئازادکراو کە بە زنجیرەیەک چیای یەک لە دوای یەک دەپارێزرێت. ئەو چیایانە لە هەردوو لای ڕێگاکە، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان هەبوو لە ستراتیجی بەرگری. وەک پەیامنێرێکی بیانی دەڵێت، ئەم چیایانە "ژەنەڕاڵی زۆری هەبوو" لەم جەنگەدا. رونێ مۆرییێس ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی و سەرنووسەری ڕۆژنامەی لۆکالی "دێپێش دو میدی" لە شاری تولوز، رونێ لە کتێبی "کوردستان یان نەمان"، شاهێدی ڕاستەوخۆی شەڕی ڕواندز بووە، کە بە شەڕ یان "داساتانی هەندرێن" ناسراوە. ئەم شەڕە کە رونێ بە "ڤێردونی کورد"(١)ی وەسفی دەکات و شاهێدی ڕاستەقینەی پێکدادانەکانی نێوان هێزە کوردییەکان و سوپای عێراقە. بەشێکی تەواوی لە چل و چوار لاپەڕە بۆ ئەم جەنگە تەرخان کردووە، بە ناونیشانێکی سەرنجڕاکێش: "لێپرسینەوەی ڕۆژی دوایی".

---

(١) جەنگی ڤێردون لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە ٢١ی شوبات تا ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩١٦ لە نزیک شاری ڤێردون لە هەرێمی لۆرین ڕوویدا. سوپای فەڕەنسی لە دژی سوپای ئەڵمانیا وەستایەوە.

پێش ئەوەی فیرقەکانی هێزە عێراق بتوانن لە دەشتی دیانا جێگیر بن، بەهۆی تۆپخانە کوردییەکانەوە ناچار بوون پاشەکشە بکەن. ئەوان پاشەکشەیان کرد تا گەلی عەلی بەگ لە ڕۆژئاوای ڕواندز. ڕۆژی دواتر واتە ١٣ی نیسان مردنی موشیر عارف دەنگۆ و پشێوی گەورەی لە نێو ڕیزەکانی سوپای عێراقیدا دروستکرد. جارێکی دیکە قسەکردن بۆ ئاگربەست دەستپێکردەوە. ڕاپۆرتەکەی پشدەری دەگێڕێتەوە: "لە ڕاستیدا، لە ٢٨ی نیسان بەڕێز زەید عوسمان کە لەلایەن سەرۆکی نوێ عەبدولڕەحمان عارف وەک نوێنەر نێردراوە، خواستی ڕاستگۆیانەی حکومەت بۆ وەستاندنی شەڕ و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکەی بۆ ئێمە دەربڕی، بەڵام لە هەمانکاتدا دوژمن سوودی لەو دەرفەتە وەرگرت و هێزێکی گەورەی سەربازی نارد بۆ بەرەکانی پێشەوەی جەنگ".

لە شەوی ٢ لەسەر ٣ی ئایار، دوو فیرقەی عێراقی هێرشێکی گشتییان دەستپێکرد. تەنیا لە کەرتی ئاکۆیان بەرگری هەبوو. لە هەندرێن بارودۆخەکە زۆر سەخت بوو. لیوای چواری عێراق کە لە نزیکەی ٦ هەزار سەرباز پێکهاتبوو، بە تایبەتی بۆ شەڕکردن لە چیاکان ڕاهێنرابوون، توانیان لە ناوەڕاستی بناری ڕۆژئاوادا تێبپەڕن. لە کۆتاییدا؛ یەکەم سەربازەکان بە یەکەی تۆپخانەی شاخاوییەوە گەیشتنە لووتکە. ئەوان بەخێرایی قەڵای بچووکیان لەو ناوچەیە دروست کرد. لە زۆزک و گەرووی عومەرئاغا کورد پێگەکانی خۆی لە دەست دا.

لە نێوان ٤ و ١٠ی ئایار، هێرشەکانی عێراق لە چوار بەرەدا بەدوای یەکدا هاتن. جاش و بەکرێگیراوەکانیش بەشداربوون کە دابەش بوون بەسەر شەش لیوادا، بەڵام پێشمەرگەکان سوور بوون و هیچ ناوچەیەکیان جێنەهێشت. ئەوان زۆر ماندوون: هیچ گوڕوتین و هێزێکیان لەبەردا نەماوە، چونکە لە ٢ی ئایارەوە نەخەوتبوون، هیچ هێزێکیش نیە جێگەی ئەوان بگرێتەوە و ئاڵوگۆڕ بکەن. ١٠ و ١١ی ئایار هێمنی و ئارامی هەبوو. عێراقییەکان سوودیان لەوە وەرگرت بۆ بەهێزکردنی هێزەکانیان و هێنانی کەلوپەل و هێز بۆ هێرشێکی نوێ. ئەوان متمانەیان بەخۆیان هەبوو، بەڵام فاخیر و پیاوەکانی، کە کۆنترۆڵی دووەم لوتکەی هەندرێنیان کردبوو، چاودێری جموجۆڵەکانیان دەکرد. ڕۆژی ١٢ی ئایار کاتژمێر ٤ی پاش نیوەڕۆ پاش شەوێک پشوودان و بەپێی پلانێکی وردی پێشمەرگە، هێزە بەرگریکارەکان بەسەر گروپی بچووک بچووك

دابــەش بــوون و هێرشــێکی پێچەوانەیــان دەســتپێکرد، ســەرەتا هێرشــیان کــردە ســەر باڵــی ڕۆژئــاوای دوژمــن و پاشــان لــە لووتکەکــەوە هێرشــیان کــرد. لیــوا عێراقییەکــە دوای بەرگرییەکــی کــەم، شــکان و ڕایانکــرد. ســەرباز و ئەفســەر هەڵاتــن و چــەک و کەلوپــەل و تەنانــەت کــوژراو و بریندارەکانیشــیان بەجێهێشــت. ئــەوان بــە شــڵەژانێکی تــەواوەوە بــە "هەڵاتنــی بــە کۆمــەڵ"[1] بــەرەو ڕوانــدز ڕایانکــرد. لەنێــو ئــەو کەلوپەلانــەی کــە بەجێماون چەندیــن پێڵاو و جانتایەکــی ئەفســەرێک هەبــوو کــە کۆپییەکــی پلانــی "توکلنا علــی اللــە " ی ژەنــەڕاڵ عوقەیلــی تێدابــوو. بەهــۆی شــەڕەکەوە؛ هێــزی ئاسمانــی عێــراق و تۆپخانــەکان نەیانتوانــی دەســتێوەردان لــە جەنگەکــە بکــەن. پێشــمەرگەکان دوایــان کەوتــن و لــە هەمــان کاتــدا لەگــەڵ هەڵاتــووەکان یــان تەنانــەت پێــش ئەوانیــش گەیشــتنە حــەوزی ڕوانــدز. بــەردەوام بــوون لــە ڕاوەدونانــی ڕزگاربــووان تــا ٦٠٠ مەتــر لــە نزیــک ســەربازگەی ڕوانــدز. لــە چیــای هەندریــن، لــە ژێــر داربەڕووەکانــی دارســتانەکە، ســەدان لاشــە لــە نێــو گوڵەکانــی بەهــاردا لەســەر زەوی بڵاوبوونەتــەوە. کەلوپەلــە بەجێهێڵــراوەکان ســەلامەت ماونەتــەوە. شــەڕەکە کــەمتر لــە ســێ کاتژمێــری خایانــد، نەتوانــرا ســەربازە عێراقییــە بریندارەکان ڕزگار بکرێــن، چونکــە بۆردومانەکانــی عێــراق بەخێرایــی دەســتیان پێکــردەوە. مانگــی ســووری عێراقــی وەڵامــی داواکــەی ژەنــەڕاڵ بارزانــی نەدایــەوە، کــە دواتــر ئێمــە بــۆ لێژنــەی نێودەوڵەتــی خاچــی ســورمان نــارد، بــۆ ئاگربەســتی لۆکالــی یــەک ڕۆژە، بــۆ گواســتنەوەی کــوژراو و بریندارەکان. ئەمــەی خــوارەوە ژمــارەی قوربانیانــی شــەڕی ڕوانــدزە لــە نێــوان ٢ی ئایــار و ١٥ی حوزەیــران، بــە گوێــرەی ڕاپۆرتــی پشــدەری:

| زیانەکانی دوژمن | کوژراو | بریندار |
|---|---|---|
| لیوای یەکەم | ١٥١ | ٨٣ |
| لیوای چوارەم | ٣٢٧ | ٣٧ |
| لیوای پێنجەم | ١٦٤ | ١٤٨ |
| لیوای سێیەم | ٢٧٩ | ١٣٩ |
| لیوای چوارەدەهەم | ١٣٥ | ٧٩ |

زیان لە ڕیزەکانی جاش و بەکرێگیراوەکان: ٦٠٠ کوژراو و بریندار.

(١) ڕونێ مۆرێیس، "کوردستان یان مردن"، لاپەڕە ١٨٥.

زیانی ئاژەڵە بارهەڵگرەکان: نزیکەی ٤٠٠ ئەسپ و هێستر.

زیانی پێشمەرگە: ٣٨ شەهید و ٨٥ بریندار.

ئەو دەستکەوتانەی جەنگ کە ئێمە بە دەستمان هێنا: ٤ تۆپهاوێژی شاخ، ٤ هاوەنی قورسی ئەمەریکی ٤ ئینجی، ٤ هاوەنی ئینگلیزی ٣ ئینجی، ٣ هاوەنی سووکی ٢ ئینجی، ٦ چەکی قورس لە جۆری دۆشکەی ڤایکەرز، ٤٤ دۆشکەی مارکەی برێن، ٣٠٠ دۆشکەی گەورە و بچووك، ١٠٠٠ تفەنگ، ٢ ئامێری پەیوەندی نێوان زەوی بۆ فڕۆکە، ٤٦ ئامێری وەرگر- نێرەری بێتەل، ٩٢ خێوەت، نزیکەی ٥٠٠٠ بەتانی خوری و بڕێکی زۆر خۆراک و تەقەمەنی.

لە ڕۆژانی دواتر؛ پێشمەرگە بەرگریکارەکانی کەرتەکانی دیکەش هێرشی پێچەوانەیان دەستپێکرد. وەک خۆپارێزی؛ سوپای عێراق پاشەکشەی کرد و هەموو ئەو شوێن و خاکانەی جێهێشت کە داگیری کردبوون، بەڵام بۆ تۆڵەسەندنەوە، هێزی ئاسمانی عێراقی بە یارمەتی تۆپهاوێژی قورس، تەواوی هەندرێن و زۆزکیان بە بۆمب و ناپاڵم و ترشی گۆگرد بۆردومان کرد. یەک مەتریش لە زەوی و خاك نەما بۆردوومانی نەکەن. سێ مانگ پاش شەڕەکە، زۆزک و هەندرێن بە تەواوی ڕەش ببوو: گژ و گیاکە بەهۆی ناپاڵمەوە بوو بە خۆڵەمێش، بەڵام داربەڕووەکان کە زۆر بەرگەگرن، لە ئاگرەکە ڕزگاریان بوو. گوندەکان وێران و خاپوور کرابوون، ڕێگاکان زیانیان پێگەیشتووە، پردەکان زیانیان پێگەیشتووە یان ڕووخێنراون. مەڕ و ماڵات و ئاژەڵ لەنێوبرابوون، کێڵگەکان سووتاون و دانیشتووانیش لە پەناگەی سروشتی و ئەشکەوتەکان خۆیان حەشارداوە. دوای ئەم وێرانکارییە، حکومەتی بەغدا نێردراوی نارد بۆ ئەوەی داوای دانوستان بکەن، لە ١٥ی حوزەیران ئاگربەستێکی نوێ واژۆ کرا.

پاش ئەم شکستەی سوپای عێراق، ڕادیۆی بەغدا لە ڕێگەی وتەبێژی فەرمیەوە ڕایگەیاند: "یاخیبوون"ەکە تێکشکێنراوە و سەرکوتکراوە و سوپا سەرکەوتووە و ژمارەیەک لە کوڕەکانی ژەنەڕاڵ بارزانی لە شەڕەکەدا کوژراون. ئەم ڕاگەیاندنە وایکرد، ئیدریس بارزانی زۆر پێبکەنێت کە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس ڕونێ مۆرییس گوێی لە ڕادیۆ دەگرت.

ماوریس دەڵێت: "کاتێک یەکەم ساتی سەرسوڕمان تێپەڕی، پیرۆزبایی زیندوومانەوەمان لە ئیدریس بارزانی کرد". (کوردستان یان مردن، لاپەڕە ١٦٧). هەروەها ڕادیۆکە ڕایگەیاند: ئەو ئەفسەرانەی شەڕیان کردووە، پیرۆزبایی سەرکەوتنیان

لێکـراوە و پلەیـان بەرزکراوەتـەوە بـۆ پلـەی باڵاتـر، دوا مۆڵەتیـش بـۆ "یاخیبـووەکان" نێـردراوە و فەرمانیـان پێـدراوە خۆیـان بەدەسـتەوە بـدەن. ئـەم دەقـە لـە چاپەمەنـی و ڕۆژنامـە جیهانییـەکان بڵاوکرایـەوە:

"داواتـان لێدەکەیـن چەکەکانتـان دابنێـن و دەسـتبەجێ خۆتـان ڕادەسـتی سـوپا ئـازا و نەبەردەکەمـان بکـەن. شکسـت و دۆڕانـی یەکجارەکـی نزیکـە. هیـچ هیوایەکتـان نەمـاوە (...). هیـچ کەسـێک ناتوانێـت بەرەنـگاری هێـزی سـوپا گەورەمـان و پێشـڕەوییە پیرۆزەکـەی ببێتـەوە. ئێسـتا هەمـوو بەرخودانێـک بـێ کەڵکـە. ئێـوەی یاخیبـووە بچووکـەکان؛ بـاشترە خۆیـان ڕادەسـت بکـەن، پێـش ئـەوەی هێزەکانمـان هەمـوو ئـەو کەسـانە لەنـاو ببـەن کـە دەوێـرن دژایەتـی پێشـڕەوی قارەمانانەیـان بکـەن"[1].

ڕونـێ مۆرییـس کـە دوای گەڕانـەوەی بـۆ فەڕەنسـا و خوێندنـەوەی ئـەم دەقـە لـە ڕۆژنامەکانـی فەڕەنسـا، بـەم شـێوەیە سـەرنجی خـۆی نووسـیوە:

"پێـم وابـوو خـەون دەبینـم. مـن لەنـاو ئـەم شـەڕانەدا ژیـاوم کـە دوو هەفتـەی خایانـد و بـە یەکێـک لـە خراپتریـن شکسـتەکان کۆتایـی هـات کـە سـوپایەکی نیزامـی توشـی بوویێـت. کـورد کـە بەغـدا بـە کورتەبـاڵای هـەژار نـاوی دەبـرد، وەک زەبەلاحـەکان شـەڕێکی قارەمانانەیـان کـرد. تەنیـا بـە تفەنگەکانیـان یـەک پێشـمەرگە بەرامبـەر ١٠ سـەرباز شـەڕیان کـرد، سـەرەڕای بۆمبارانکردنـی بەردەوامـی تـۆپ و فڕۆکـەی عێراقـی. ئـەوان دوو باشتریـن فیرقـەی دوژمنیـان تێکشـکاند و توانیـان بیانگەڕێننـەوە ئـەو بنکەیەی لێیـەوە هاتـوون. ئـەم بەنـاو "پێشـڕەوی قارەمانانـە"ی سـوپای عێـراق، لـە ڕاسـتیدا لـە هەندێـک شـوێندا گـۆڕاوە بـۆ هەڵاتنـی بـە کۆمـەڵ. عێراقییـەکان سـەدان کـوژراو و چەکێکـی زۆریـان لەسـەر زەوی و مەیدانـی شـەڕ بەجێهێشـتووە (...). ئەمـە نیشـانی دام، تەنانـەت بـە مۆدێرنتریـن ئامـرازی تەکنیکـی، ڕای گشـتی جیهـان تـا چ ڕادەیـەک دەتوانرێـت هەڵبخەڵەتێنرێـت. بەغـدا نەیدەزانـی کـە ڕۆژنامەنووسـێکی بیانـی سادە لـە شـوێنی شـەڕەکە دەبێـت، تـا ببێتـە شـاهیدی ئـەم شکسـتە، لـەم شـەڕە چارەنووسسـازەدا کـە بەڕاسـتی دەتوانرێـت و شـایەنی ئەوەیـە نـاوی لـێ بنرێـت "ڤێردونـی کـورد"[2].

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند ٢٤ی ئایاری ١٩٦٦.

(٢) ڕەنێ مۆرییس، کوردستان یان نەمان، لاپەڕە ١٦٨، دوای مۆرییس، پەیامنێرانی دیکە چوونە کوردستان،

**٤. ئاگربەستی حوزەیرانی ١٩٦٦**

ئەوەی جێی سەرنجە، دیارە شۆڕشی کورد لە گۆڕینی سەرکەوتنە سەربازییەکانی بۆ سەرکەوتنی سیاسی سەرکەوتوو نەبوو: یەکەم؛ ئەوەی نەکرد کە بۆ ڕێکخستنی دانوستانی فەرمی پێویست بوو. لەجیاتی ئەوەی لە جیهانی دەرەوە یان لەوڵاتێکی بێلایەن یان لەژێر گەرەنتی زلهێزەکان یان وڵاتانی عەرەبی داوای گفتوگۆی کراوە بکەن، بەگفتوگۆی نهێنی ڕازی بوون. زۆرجار ئەم کارە لەگەڵ نوێنەری نافەرمی بەغدا، یان ڕاستەوخۆ لەگەڵ سوپای فەرمانڕەوا و نوێنەرەکانیاندا ئەنجام دەدرێت. دووەم؛ زۆرجار ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکان لە ئامانجە سەرەکییەکانی شۆڕش و سەرکەوتنە سەربازییەکانی دووربوون. لە کۆتاییدا؛ ئەو ڕێککەوتنانە، تەنانەت ئەگەر پێشتریش کرابن، هەرگیز ڕێزیان لێ نەگیراوە و جێبەجێ نەکراون. بەغدا هەمیشە زیرەکانە وەک "بەرنامەیەکی حکومی" یان وەک مافێک کە ئەوان بە کوردی دەبەخشن داوای ڕێکەوتن دەکەن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم ڕێککەوتنانە تەنیا بۆ وەستان و پشوودانە، نەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. ئەم ڕێککەوتننامانە ناویان لێنراوە ڕێککەوتنی ئاگربەست، نەك ڕێککەوتنی ئاشتی، ئەمە دەرفەت بۆ هەردوولا دروست دەکات، بەغدا بۆ هەڵگێڕانەوەی شکستەکانی و خۆ ڕێکخستن و ئامادەکاری بۆ هێرشی نوێ. کوردیش وەك شۆڕش پشوویەک بە دانیشتووانی ماندوو و هەژار بدات و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی چارەسەر بکات.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٥ی حوزەیران ژەنەڕاڵ بارزانی لە حاجی ئۆمەران پێشوازی لە نێردراوانی بەغدا کرد. ئەم شاندەی بەغدا پێشنیازەکانی سەرۆک وەزیران بەزازی بۆ چارەسەرکردنی "پرسی کورد" پێشکەشی کرد. بارزانی بەو پێشنیازانە ڕازی بوو و هەمان ڕۆژ ئاگربەستی ڕاگەیاند. لە ١٨ی حوزەیران بۆ درێژەدان بە وتووێژەکان، شاندێکی دیکەی عێراقی کە سەرۆک وەزیرانی پێشووی لەگەڵ بوو، گەیشتە حاجی ئۆمەران. پێشنیازیان کرد شاندێکی کورد بچنە بەغدا. ڕۆژی ٢١ی حوزەیران شاندێکی کوردی بە سەرۆکایەتی حەبیب کەریم گەیشتە بەغدا، لەلایەن سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانەوە پێشوازیی لێکرا. لە ٢٩ی حوزەیران بەزاز لە تەلەفزیۆنی عێراق

لەوانە بەڕێز بێرتۆلینۆ، لە ڕۆژنامەی لا کرا لە پاریس و تیمێکی تەلەفزیۆنی ئەڵمانی (د. تیوالت).

بـە ناونیشـانی "بەرنامـەی حکومـەت بـۆ داننـان بـە مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد" نووسراوێکـی خوێنـدەوە. ڕۆژی دواتـر؛ حەبیـب کەریـم لـە هەمـان کەناڵـی تەلەفزیۆنـی، پەیامـی ژەنـەڕاڵ بارزانـی خوێنـدەوە کـە ئـەم بەرنامەیـەی قبـوڵ کـردووە. ئاشـکرایە؛ ئـەم بەرنامەیـە کـە پێدەچـوو تەنازولێـک بێـت لەلایـەن حکومەتـەوە، لـە ڕاسـتیدا ئەنجامـی ئـەو دانوسـتانانە بـوو کـە لـە حاجـی ئۆمـەران ئەنجامـدرا.

ئـەو بەرنامەیـە ڕاسـترە پێـی بڵێیـن "ڕێککەوتنـی ئاگربەسـت" کـە بـەو نـاوە نـاسراوە. ئەمانـە لەخۆدەگرێت: پێشـەکییەک، دوازدە مادەی گشـتی (یان خاڵ) و سـێ مـادەی نهێنی.

لە پێشەکییەکەدا حکومەتی عێراق بە فەرمی بەڵێنی داوە ڕێز لە بەرنامەکە بگرێت.

**مـادەی ١:** حکومـەت لـە دەسـتووردا بـە فەرمـی "نەتـەوەی کـورد" و مافەکانـی لـە چوارچێـوەی عێراقـدا دەناسـێت.

**مادەی ٢:** ئەم دانپێدانانەش لە ڕێگەی یاسایەکی نوێی لامەرکەزیەت جێبەجێ دەکرێت.

**مادەی سێیەم:** لە ناوچە کوردییەکاندا؛ زمانی کوردی هاوتای عەرەبی، زمانی فەرمی دەبێت.

پاشـان بەرنامەکـە بەڵێنـی چەنـد شـتێک دەدات: گەڕاندنـەوەی ژیانی پەرلەمانـی و پارتە سیاسـییەکان و ئازادییـە گشـتییەکان. ڕێگـەدان بـە کـورد بەشـداری لـە هەمـوو ئاسـتەکانی دەوڵـەت و حکومـەت و ئیـدارەدان و کارگێـڕی وڵات بـکات. لـە ناوچـە کوردییەکانـدا فەرمانبەرانـی مەدەنـی تـا ئەوپـەڕی توانـا لـە پێکهاتـەی کـورد دەبـن. ئاوەدانکردنـەوەی ناوچــە کوردییــە وێرانکــراوەکان و قەرەبووکردنــەوەی قوربانیــان. پابەندبوونەکانــی تــر بریتیــن لــە: هەڵوەشــانەوە و چــەک داماڵینــی جــاش و بەکرێگیــراوەکان کــە پێیــان دەوترێـت "فرسـان". ئـەو کوردانـەی سـوپا و پۆلیـس و ئیـدارەی عێراقیـان جێهێشـتووە، دەبێـت بگەڕێنـەوە سـەر پۆسـت و شـوێنی کارەکانیـان. چەکـدارە کوردەکانـی دیکـە بـە شـێوەیەکی کاتـی بـە هێزێکـی حکومـی دادەنرێـن، تـا ئـەو کاتـەی ڕێککەوتنێـک بـۆ گەڕانەوەیـان بـۆ ژیانـی ئاسـایی دەکرێـت. لـە کۆتاییـدا، کـورد ڕۆژنامـە و بڵاوکـراوەی سیاسـی و ئەدەبـی تایبـەت بـە خـۆی دەبێـت. ئـاوارە و ڕاگوێـزراوە کـوردەکان لـە گوندەکانـی خۆیـان نیشـتەجێ دەکرێنـەوە بـە دەرکردنـی هـۆزە عەرەبـەکان کـە لـە کاتـی جەنگـدا لـە گوندەکانـی ناوچـەی دەشـتە کوردییـەکان نیشـتەجێ کرابـوون.

لە بڕگە و مادده نهێنییەکاندا حکومەتی عێراق بەڵێنی دا بە:

- دروستکردنی ناوچەیەکی نوێی(لیوا یان پارێزگا) تایبەت بە کورد لە ناوچەی بادینان لە دەوروبەری دهۆک کە لە شاری مووسڵ جیا بکرێتەوە.
- ئازادکردنی هەموو زیندانیانی سیاسی لە عێراق.
- بە یاساییکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئەم بڕگانە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە کۆنگرەی حەوتەمی خۆی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٦ ئاشکرا کران، ئاشکراکردنی ئەم بڕگە نهێنیانە دەریخست کە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و بەغدا بە خێرایی بەرەو تێکچوون دەچێت. (دەقی تەواوی ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لە پاشکۆی ١٠ بەردەستە).

### ٥. بارودۆخی ساڵانی ١٩٦٦ تا ١٩٦٩

لاوازیی سیاسی عەبدولڕەحمان عارف وەک سەرۆک، کە لەڕووی سەربازی و سیاسی پشتیوانی کەمە، وایکرد بارودۆخەکە خراپ بێت. ڕێککەوتنی بارزانی و بەزاز و هەروەها شکستی سوپای عێراق لە داستانی هەندرێن بە شکستی سەرۆك دادەنرێت، بەتایبەتی لەلایەن گروپەکەی ژەنەڕاڵ عوقەیلی. عارف بەهۆی فشاری سیاسی و سەربازییەوە نەیتوانی مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکات، بەڵام هیواداربوو بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی و بێدەنگکردنی ڕکابەرەکانی، بارزانی ڕازی بکات، بۆیە عارف پێشنیازی کرد لە بەغدا پێشوازی لە بارزانی بکات، بەڵام بارزانی ئەو داوایەی ڕەتکردەوە و جەختی لەوە کردەوە کۆبوونەوەکە لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا ئەنجام بدرێت.

کۆبوونەوەکە لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦ لە ڕۆژهەڵاتی ڕواندز لەناوچە ئازادکراوەکان بەڕێوەچوو کە هێمایە بۆ پێگەی بەهێزی بارزانی. بۆ پاراستنی وێنە و کەسایەتی عارف، بەغدا ڕووداوەکە وەک "گەشتێکی پشکنین و سەردانیکردن بۆ پارێزگاکانی باکوور" لەلایەن عارف نیشان دەدات کە لەوێ عارف پێشوازی لە شاندە جەماوەریەکان دەکات، ئەوانەی دێنە پێشوازیی".

بارزانی و عارف دیارییان ئاڵوگۆڕ کرد، عارف "وەک هێمایەک بۆ خواستی دڵسۆزانەی

حکومەتـی عێـراق، بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد بەیەکجـاری و بـۆ هەمیشـەیی" قورئانێکـی پیـرۆزی پێشکەشـی بارزانـی کـرد. بـۆ بـێ دەنگکردنـی ژەنـەڕاڵ عوقەیلـی و لـە بەرامبـەر بەڵێنـی جێبەجێکردنـی پلانـی بـەزاز، بارزانـی بـە پاڕانـەوە بەردەوامەکانـی سـەرۆک عـارف ڕازی دەبێـت، بـە گەڕاندنـەوەی ئـەو پارچـە تۆپانـەی سـوپای عێـراق لـە لێژاییەکانـی هەندریـن لەدەسـتی دابـوون. مۆسـکۆ هیـوای خواسـت، ململانێـی نێـوان کـورد و عێـراق لـە ڕێگـەی سازشـکردنی نێـوان هـەردوولاوە چارەسـەر بکرێـت، میدیاکانـی ڕوسـیا زۆر باسـی کۆبوونـەوەی نێـوان بارزانـی و عـارف دەکـەن. هەرچەنـدە جگـە لـە ئازادکردنـی چەنـد زیندانییەکـی سیاسـی کـورد، "پلانـی بـەزاز" جێبەجـێ نەکـرا. ئـەو قورئانـەی عـارف بـە بارزانـی دابـوو، لـە دۆڵابـی بارزانـی هەڵگیرابـوو، لەگـەڵ دیـاری تـری هاوشـێوە کـە لـە بەرپرسـانی عێراقـی وەرگیرابـوون و بەڵێنـی چارەسـەرکردنی کێشـەی کوردیـان دابـوو، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوون، چونکـە ئەوانـە بەرپرسـانی بێدەسـەڵات یـان فێڵبـاز بـوون؟ کۆبوونەوەکـەی عـارف و بارزانـی شـکۆمەندی سـەرۆک عارفـی بـەرز نەکـردەوە. لەسـەر بنەمـای ئـەو قسـە نوێیـە کـە لـە عێراقـی عەرەبیـدا بڵاوبووەتـەوە و دەڵێـن مسـتەفا بارزانـی "پاشـای بـێ تاجـی عێـراق"ە.

لـە ٢٥ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٦ لـە بەلاغـی کۆتایـی حەوتەمیـن کۆنگـرەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە لـە گەڵاڵـە بەڕێوەچـوو، تێیـدا داوای جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنامـەی ٢٩ی حوزەیرانـی کـرد. ئـەم ڕێککەوتنـە بـە خاڵـی دەسـتپێکی بەدیهێنانـی هەنـگاو بـە هەنـگاوی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان دادەنرێـت:

"تەنانـەت وێـڕای ئـەوەی بەرنامـەی ٢٩ی حوزەیـران بـە بڕگـە و مـاددە ئاشـکرا و نهێنییەکانییـەوە بـە تـەواوی ئامانجـی شـۆڕش بەدیناهێنێـت کـە بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنۆمییـە بـۆ کوردسـتان، بـەڵام کۆنگـرە پەسـەندی دەکات و دەیەوێـت ڕێگـە لـە ڕشـتنی خوێنـی عـەرەب و کـورد بگرێـت و دەیەوێـت ئاشـتی بـاڵ بەسـەر وڵاتـدا بکێشـێت و سـەربگرێت، کۆنگـرە داوا دەکات ئـەم ڕێککەوتنـە بـە تـەواوی و بـە جـددی و ڕاسـتگۆییەوە ڕێـزی لێبگیرێـت و جێبەجـێ بکرێـت. کۆنگـرە داوای لـە ڕێبـەری شـۆڕش کـرد داواکارییەکـی فەرمـی ئاراسـتەی حکومـەت بـکات بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو ڕێککەوتنامەیـە، لەهەمانکاتـدا داوا لەکۆمیتـەی ناوەنـدی دەکات بـەردەوام بێـت لـە

یەکخستنی هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق لەبەرەیەکی نیشتمانیدا لەپێناو پێکهێنانی حکومەتێکی دیموکراتی و پەرلەمانی دامەزراو، ئەمەش ڕێگە بە گەلی کورد دەدات وردە وردە مافە نەتەوەییەکانی خۆی بەدەست بهێنێت، تا ئەو کاتەی ئەو ئۆتۆنۆمییەی لە مادەی ٣ی بەرنامەی پارتیمان هاتووە، بەدەستدەهێنرێت"[١].

دوای ئەم ڕاسپاردەیە؛ لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ ژەنەڕاڵ بارزانی یاداشتنامەیەکی بۆ سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران نارد. لەم یاداشتنامەیەدا ئاماژەی بەوەدا "هیچ خاڵێکی ڕێککەوتنەکە ڕێزی لێ نەگیراوە و جێبەجێ نەکراوە ". هەروەها گوتی "وادیارە کەسانی کاریگەر و باڵادەست لەناو دەوڵەت و نزیک لە حکومەت ڕێگری لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکان دەکەن و دەیانەوێت وڵات بگەڕێننەوە ناو ترس و تراژیدیای شەڕی ناوخۆ"[٢].

بە کەمێک جیاوازییەوە؛ ئەم هەڵوێستە هی ڕۆژنامەی "تاخی"یش بوو (کە مانای برایەتی دەگەیەنێت). ئەم ڕۆژنامە سیاسییە بە زمانی عەرەبی دەردەچێت، نوێنەرایەتی شۆڕش دەکات و لەلایەن حکومەتەوە ڕێگەی پێدراوە، بەڕێز ساڵح یوسفی بەڕێوەی دەبات. ڕۆژنامەکە بەهۆی ڕەخنەکانی لە حکومەت و بانگەوازەکانی بۆ دروستکردنی بەرەی یەکێتی نیشتمانی و گێڕانەوەی سیستەمی پەرلەمانی، بووە بەناوبانگترین و بەربڵاوترین ڕۆژنامەی خوێنراو لە عێراقی عەرەبیدا.

شکستی وڵاتانی عەرەبی لە شەڕی ٥ی حوزەیرانی ١٩٦٧ لە دژی ئیسرائیل، ڕژێمی عێراقی زیاتر لاواز کرد. پێش ئەم شەڕە؛ سەرۆک عارف داوای لە ژەنەڕاڵ بارزانی کرد، بە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ فەلەستین پشتیوانی لە دۆزی عەرەبی بکات. بارزانی ڕەتیکردەوە و گوتی: دەبێت سەرەتا سوپای عێراق لەو پێگە هەڕەشەئامێزانەی بۆ سەر کوردستان بکشێنرێتەوە، تەنانەت ئامۆژگاری عەرەبەکانی کرد گەرووی تیران[٣]

---

(١) ئەرشیف.

(٢) ئەرشیف

(٣) گەرووی تیران ڕێڕەوێکی دەریاییە کە لە ڕۆژئاواوە لە سینا (میسر) و لە ڕۆژهەڵاتەوە لە دوورگەی تیران (عەرەبستانی سعودی) پێکهاتووە. دەکەوێتە کەنداوی عەقەبە، کۆنترۆڵی چوونە ژوورەوە لە دەریای سوورەوە دەکات. لە تەسکترین بەشیدا ٦ کیلۆمەتر پانە.

دانەخـەن و بـە شـاندە نێردراوەکـەی عێراقیشـی گـوت :"ئێـوە شـەش سـاڵە شـەڕ لـە دژی ئێمـە دەکـەن و هەوڵـی لەناوبردنـی گەلـی کـورد دەدەن. چـۆن چاوەڕێـی ئـەوە دەکـەن یارمەتیتـان بـدەم؟"[1]. هەمـووان دەزانـن حکومەتـی عێـراق تەنیا بەشێکی کەمـی سـوپای خـۆی بـۆ دژی ئیسرائیـل نـاردووە و پێـی بـاشترە هێزەکانـی لـە عێـراق بهێڵێتـەوە بـۆ خـۆ پـاراستن یـان دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ دژی کوردسـتان. ڕژێمـی بەعسـی سـوریا هیـچ جیاوازییەکـی نەبـووە، هیـچ خەمێکـی تـری نەبـوو، جگـە لـە پاراسـتنی سـوپاکەی بـۆ ئـەوەی لـە دەسـەڵاتدا بمێنێتـەوە. لـە سـوریا زانـراوە کـە ڕژێـم بـێ شـەڕێکی جـددی بەرزاییەکانـی جۆلانـی جێهێشـتووە. ئەفسـەرانی بەعـس سـەرەتا هەڵاتـن و سـەربازەکانیان بەدوایانـدا هاتـن. ڕژێـم تەنانـەت پلانـی داڕشـتبوو دیمەشـق چـۆڵ بـکات و لـە شـارەکانی حمـس و حەلـەب جێگیـر بێـت.

بـە بیانـووی ئازادکردنـی فەڵەسـتین، گروپێـک لـە ئەفسـەرانی پلەبـەرز کـە بـە پێـی ڕۆژنامـەی لـو مۆنـد پەیوەندییـان بـە کۆمپانیاکانـی نەوتـی بیانییـەوە هەبـوو[2]، لـە کودەتـای ١٧ی تەمـووزی ١٩٦٨ ڕژێمـی عارفیـان ڕووخانـد و دەسـەڵاتیان گرتـە دەسـت. ئەنجامدەرانـی ئـەم کودەتایـە بە "شـۆڕش" ناویان بـرد. ژەنەڕاڵ ئەحمەد حەسـەن ئەلبەکر سـەرۆک وەزیرانـی پێشـووی ڕژێمـی بەعـس لـە سـاڵی ١٩٦٣ بـوو بـە سـەرۆک کۆمـار و عەقیـد عەبدولـڕەزاق نایـف بـە سـەرۆک وەزیـران دەستنیشـان کـرا، بـەڵام ئـەم بارودۆخە زۆری نەخایانـد لـە ٣٠ ی تەمـووزدا بەکـر کودەتایەکـی تـری ئەنجامـدا، بـۆ لەناوبردنـی نایف و گرتنەدەسـتی تەواوی دەسـەڵات و بوو بە سـەرۆکی دەوڵەت و سـەرۆک وەزیران. بـەم شـێوەیە دیکتاتۆرییەتێکی سیاسـی و سـەربازی بـە سـەرکردایەتی حزبـی بەعـس دامەزرانـد. بەکـر وەزارەتەکانـی ناوخـۆ و بەرگری بـە ژەنەڕاڵ محەمەد مەهـدی عەماش و حـەردان ئەلتکریتـی سـپارد. کودەتـای ٣٠ تەمـووز کـە لە یـادەوەری ناخۆش ڕوخسـارێکی هاوشـێوەی ڕژێمـی ١٤ی ڕەمەزانـی هەیـە. ئـەم ڕژێمـە نوێیـە بانگەشـەی ئـەوە دەکات،

---

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند، ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨.

(٢)سـەیری ئـەو ڕاپۆرتـە بکـە کـە لەسـەر کودەتاکانـی ١٧ و ٣٠ ی تەممـوزی ١٩٦٨ نـووسراوە کـە ڕاپۆرتێکـی ئێریـک ڕۆلـۆ لـە ژێـر نـاوی "عێـراق دوای شۆڕشـی سـپی"، لـە چـوار بەشـدا: "دیموکراسـی سـەربازی"، "بۆنـی نـەوت"، " دیوارێـک لـە بـێ متمانەیـی" و "سـەنگی کوردسـتان"، لـە ڕۆژنامـەی لـو مۆنـد ٩، ١٠، ١١ و ١٢ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٨.

نوێنەرایەتی "سەرکردایەتی نیشتمانی" بەعس دەکات کە بزووتنەوەیەکی پان عەرەبیزم بوو، لە کاتێکدا ڕژێمی بەعس لە سوریا کە دژایەتی دەکرد، داوای "سەرکردایەتی هەرێمی" حزبی بەعسی دەکرد و خۆی بە شۆڕشگێڕتر دەزانی.

عێراقییەکان ئەو کۆمەڵکوژییانەیان لەبیرە کە لە ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن "حەرەس قەومی" ئەنجامدرا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر هەوڵیدا ڕێبازێکی نوێی دیالۆگ پێشنیاز بکات و داهێنان بکات، ڕۆژنامەی لومۆند بە "دیموکراسی سەربازی›› وەسفی کرد. ئەم بیرۆکەیە تووشی "دیوارێك لە بێ متمانەیی"[1] بەهێز بووەوە. شۆڕشی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی عێراق (کە بەسەر دوو باڵ دابەش بوو)، باڵی لایەنگری ناسرییەکان و باڵی چەپی بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی، هەموو ئەو لایەنانە ئەم پێشنیازەیان ڕەتکردەوە. تەنیا گروپی جیابووەوەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بە دەستپێکردنی دیالۆگ ڕازی بوون، بەڵام وەک لومۆند ئاماژەی پێکرد، "سەنگی کوردستان"[2] زۆر گەورە بوو، لە ڕووی سیاسییەوە ڕژێمی نوێی بەعس خۆی گۆشەگیر کرد، هەروەک لە ساڵی ١٩٦٣ کردیان. لە ١٧ ی تەمووزی ١٩٦٩ لە وتارێکی ڕادیۆییدا، ژەنەڕاڵ ئەلبەکر دانی نا بە گۆشەگیریی ڕژێمەکەیدا و ڕایگەیاندهەموو هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ گروپە سیاسیەکانی تر شکستیان هێناوە، چونکە ئەوان لەبەر هۆکاری تایبەت بە خۆیان هاوکاری ڕەتدەکەنەوە[3]. هاوکات بەعس هەوڵ دەدات بە سەرقاڵکردنی خەڵک بە دادگاییکردنی گشتی و تۆمەتی زیادەڕۆی وەک "ڕاوکردنی جادووگەر، ئەم کێشەیە چارەسەر بکات "[4]. بەمانایەکی دیکە؛ بۆ ئەوەی سەرنج لەسەر ئەم شکستە لابدات، ڕژێم دادگایی سیاسی و لەسێدارەدانی ئاشکرای ڕێکخست. جوو و مووسڵمان و مەسیحییەکانی بە سیخوڕی کردن بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا یان بریکاری ئیپریالیزم تۆمەتبارکردن و لە سێدارەی دان. لە نێو کەسایەتییە دەستگیرکراوەکان کەسایەتییە بەناوبانگەکانی وەک دکتۆر بەزاز و ژەنەڕاڵ عوقەیلی دەستگیرکران، بەڵام دەستبەجێ لە سێدارە نەدران.

---

(١) هەمان سەچاوەی پێش خۆی.

(٢) هەمان سەچاوەی پێش خۆی.

(٣) ڕۆژنامەی لو مۆندی ٢٠ تەمووزی ١٩٦٩.

(٤) "ڕاوکردنی جادووگەرەکان لە عێراق"، وتاری سەرنووسەری ڕۆژنامەی لومۆند، ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٨.

ڕژێمـی بەعـس هاوپەیمانـی لەگـەڵ گروپـە کوردییـە جیابووەوەکـە کـرد. ئـەو گروپـە بـۆ شـەڕکردن دژی شـۆڕش پـارە و چەکـی وەردەگـرت، هەروەهـا ڕێگـەی دەرکردنـی ڕۆژنامەیەکـی سیاسیشـی بـە زمانـی عەرەبـی بـە نـاوی "ئەلنـور" وەرگـرت کـە لـە بەغـدا دەردەچـوو. لـە بەرامبـەردا ڕۆژنامەکـە ستایشـی ئەلبەکـری دەکـرد و بـە زەعیـم نـاوی دەبـرد و ڕژێمەکەشـی بـە "سۆسیالیسـت، شۆڕشـگێڕ، پێشـکەوتنخواز و دیموکراتـی" وەسـف دەکـرد. هـاوکات ڕۆژنامـەی "التاخـی" کـوردی داخـرا و سـاڵح یوسـفی کەسـایەتییەکی پێشـەنگی بزووتنـەوەی کـورد گەڕایـەوە پۆسـتەکەی لـە دەسـتەی کارگێـڕی. هەروەهـا پەخشـی ڕادیـۆی "دەنگـی کوردسـتان" دەسـتیپێکردەوە. کەواتـە ئەمـە ئامـاژەی شـەڕە. شـەڕی نێـوان ڕژێـم و شۆڕشـی کـورد لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٦٩ دەسـتی پێکـردەوە.

لەبـەر ئـەم هۆکارانـەی خـوارەوە شـۆڕش ڕاسـتەوخۆ بەرپرسـیاریەتی دەسـتپێکردنەوەی شـەڕی لـە ئەسـتۆ نەگـرت:

١. بەرپرسیاریەتی دەستپێکردنەوەی شـەڕەکان بـۆ بەغـدا جێبهێڵـن، بـۆ ئـەوەی قورسایی سیاسـی ئـەم بڕیـارەی جەنـگ هەڵنەگـرن.

٢. کات بدرێـت بـە خەڵکـی کوردسـتان، تـا لـە ئەنجامـە کارەسـاتبارەکانی ئابـووری کـە بەهـۆی شـەڕەوە هاتووەتـە ئـاراوە، خۆیـان ڕێکبخەنـەوە.

٣. بەهێزکردنـی ڕیزەکانـی شـۆڕش لـە نـاوەوە، بـە چەسـپاندنی بنکـە و بارەگاکانـی و بەهێزکردنـی ڕێکخسـتن و پشـتیوانیی جەمـاوەری.

ئـەم سـێ ئامانجـە بەدیهاتـوون. بـۆ ئامانجـی سـێیەم؛ نامەکانـی لیژنـەی کاروبـاری دەرەوەی دەسـتەی کارگێـڕی (ڕێکەوتـی ١٢ی ئەیلـوول و ٢٦ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٦٨ و ٧ی نیسـانی ١٩٦٩) کـە کۆپییەکـی بـە ئێمـەش گەیشـتووە[١] و ژمـارە دەرچووەکانـی ڕۆژنامـەی خەبـات کـە لـەو ماوەیـەدا بڵاوکرایـەوە و ئـەو نامانـەی کـە لـە دکتـۆر مەحمـود عوسمانـەوە پـێمان گەیشـتوون، نیشـانی دەدەن سـەرکردە شۆڕشـگێڕەکان جەختیـان لـە چەنـد ئەولەویەتێـک کردووتـەوە:

---

(١) ئەرشیف، بە زمانی کوردی.

١. لـە سـەرەتای ئابـی ١٩٦٨ دووبـارە ئەنجومەنـی فەرماندەیـی و دەسـتەی کارگێـڕی ڕێکخرایـەوە: ئەنجومەنـی فەرماندەیـی؛ ژمـارەی ئەندامـان کەمکراوەتـەوە بـۆ ٥٢ ئەنـدام، کـە تەنیـا ٣ کەسـیان نـاسراون. سـەبارەت بـە دەسـتەی کارگێـڕی، ژمـارەی ئەندامـان بـە ١١ ئەنـدام دانـراوە، هەمـوو ئەندامـە چالاکـەکان: دکتـۆر مەحمـود عوسـمان (سکرتێری دەسـتەی کارگێـڕی) و حەبیـب کەریـم و سـامی و عەلـی عەبدوڵـڵا و ساڵح یوسـفی و شـەفیق ئەحمـەد و شـەکیب سـەعید و ئیدریـس بارزانـی و مەسـعود بارزانـی و ئەفسـەران یوسـف میـران و ڕەشـید سـندی بـوون، لـەو ١١ ئەندامـە تەنیـا شـەفیق ئەحمـەد ئاغـا نـاسراوە و خەڵکـی شـارە. ئیدریـس بارزانـی و مەسـعود بارزانـی هەرچەنـدە بـە فەرمـی ئەنـدام نیـن (لەسـەر خواسـتی باوکیـان)، بـەڵام ڕۆژانـە بەشـداریی کۆبوونـەوەکان دەکـەن. باوکـە بەیداریـش هـەر بـە ئەندامـی ئەنجومـەن مایـەوە. بـۆ بەهێزکردنـی چالاکییـە نێودەوڵەتییـەکان لـە نێـو دەسـتەی کارگێـڕی، لیژنـەی کاروبـاری دەرەوە پێکهێـنرا.

٢. پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان "قوتابخانـەی کادیـران"ی دامەزرانـد کـە گۆڤارێکیشـی هـەر بەنـاوی کادیـران لەگەڵـدا بـوو (وشـەی کادیـر لـە زمانـی فەڕەنسـیش هـەر هەمـان مانـای هەیـە). لـە کۆنگـرەی حەوتەمـدا پێنـج ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی هەڵبژێـردران: حەبیـب کەریـم (سـکرتێر)، مەحمـود عوسـمان، سـاڵح یوسـفی، نـوری شـاوێس، عەلـی عەبدوڵـڵا. لـە نیسـانی ١٩٦٩ کۆمیتـەی ناوەنـدی دوو ئەندامـی دیکـەی زیادکـرد: بەڕێـز سـامی و موقـەدەم عەزیـز ئاکرەیـی. پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ئێسـتا خـۆی بـۆ ئەنجامـدانی هەشـتەمین کۆنگـرەی خـۆی ئامـادە دەکات، ئەمـەش نیشـانەی بەردەوامـی دینامیکـی لـە ڕێکخسـتن و پێکهاتەکەیدایـە.

٣. پێشـکەوتنی لەشـکری شـۆڕشـی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٦٨: سـوپای کـورد ٢ هـەزار چەکـداری نوێـی بـە نـاوی پێشـمەرگە دامەزرانـد. ئێسـتا سـوپاکە نزیکـەی ١٧ هـەزار سـەربازی هەیـە. هەروەهـا سـوپا چەکـی مۆدێرنـی کڕیوە، وەک: تۆپخانـە، هاوەنـی قورس، چەکـی دژ بـە فڕۆکـە، مووشـەک هاوێـژی دژە تانـک. لـە ڕووی ڕێکخسـتنەوەی ناوچـە سـەربازییەکانیش، ناوچـەی سـەربازی سـەفین بەسـەر دوو بەشـدا دابـەش بـوو. بەشـێک پێـی دەگوترێـت لیـوا یـان هێـزی سـەفین، بەشـەکەی تـری بـە لیـوای یـان هێـزی دەشـتی

دەشتی هەولێر ناسراوە کە فارس باوە فەرماندەیی دەکات -پێشتر جوتیارێک بووو دواتر بوو بە سەرکردەی سەربازی-. عەقید نوری مەعروف دووبارە فەرماندەیی لیوای قەرەداغی گرتەوە دەست. مەشق و ڕاهێنان ئەنجامدرا بۆ فێرکردنی پێشمەرگە چۆن چەکی نوێ بەکاربهێنێت. ئەم گۆڕانکارییانە ئەوە دەردەخەن کە سوپای کورد خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بەهێزترین و باشترین ئامێری سەربازی لەبەردەست بێت.

٤. پەرەپێدانی خوێندنی سەرەتایی لە نێو کورد لە ساڵی ١٩٦٨. لە ساڵی ١٩٦٨، ٣٠٠ قوتابخانەی سەرەتایی کرانەوە. ئەو قوتابخانانە یەك یان دوو پۆلیان هەیە بۆ دەستپێکردن. قوتابخانەکان تێکەڵن: کچ و کوڕ بەیەکەوە دەخوێنن. وانەکانیش تەنیا بە زمانی کوردی دەخوێنرێن. لە ڕووی ژێرخانیشەوە، قوتابخانە لە خانووی جووتیاران لە گوند دادەنران. کتێبەکانی قوتابخانە هێشتا کەمن و دەگمەنن. بەرنامەی ئەنجومەنی شۆڕش بۆ ساڵانی ١٩٦٩- ١٩٧١ بریتییە لە زیادکردنی ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان بۆ نزیکەی ٧٥٠ قوتابخانە لە ناوچە ئازادکراوەکان و زیادکردنی ژمارەی پۆلەکان بەپێی پێشکەوتنی منداڵان و چاپکردنی زۆرترین کتێبی قوتابخانە. ئەمەی خوارەوە چەند ئامارێکن لەسەر قوتابخانەی گوندی زینوێ کە دەکەوێتە نزیکەی ٨ کیلۆمەتر دوور لە حاجی ئۆمەران: ژمارەی قوتابیان لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩ دا ٦٢ قوتابی بوو، کچ و کوڕ، دابەش بوون بۆ پۆلی یەکەم و دووەم. قوتابخانەکە دوو مامۆستای هەیە: بەڕێز فەهمی ئاکرەیی و بەڕێز زولفەقار.

٥. لە بواری تەندروستیی گشتی، هەوڵی زیادکردنی ژمارەی دەرمانخانەکان دراوە کە هەم بۆ شۆڕشگێران و هەم بۆ دانیشتوانی مەدەنی بەردەست بێت. خولێکی مەشق و ڕاهێنان کۆتایی پێ هات، کۆمەڵێك پەرستاری نوێ دروست بوون، بەڵام بەهۆی کەمی دەرمان و ئامێر و کەمی کارمەندی تەندروستییەوە ئاستەنگییەکان زۆر بوون و وەك خۆیان مانەوە. لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٦ تا تشرینی یەکەمی ١٩٦٨، بەهۆی ئاگربەستەوە، لێژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور ناردنی پێداویستی فریاگوزاری بۆ کوردستان ڕاگرت. لەو کاتەی پەیوەندیمان لەگەڵ لێژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور دامەزراند، بە ناردنی باری فریاگوزاری نوێ ڕازی بووە، بەڵام وەکو پێویست نییە (بڕوانە بەشی داهاتوو لەسەر ئەم بابەتە).

٦. بەرنامەکانی ئێزگەی "دەنگی کوردستان" باشتر و هەمەچەشن کراوە. هەموو شەممە و سێ شەممە هەواڵەکان بە زمانە بیانییەکان پەخش دەکرێن: بە زمانی ئینگلیزی کاتژمێر ٤ی دوای نیوەڕۆ و بە زمانی فەڕەنسی کاتژمێر ٤ و پازدە خولەکی دوای نیوەڕۆ بە کاتی بەغدا. قوتابییەکی کورد لە دەرەوەی وڵات دەخوێنێت و خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بچێتەوە کوردستان، تا بەرپرسیاریەتی پەخشی فەڕەنسی وەربگرێت.

٧. باج (سیستەمی باج)، دادگا (سیستەمی دادگا) و خزمەتگوزارییە کارگێڕییەکان وەک پێشوو بێ گۆڕانکاریی گەورە بەردەوامن.

**٦. دەستپێکردنەوەی شەڕ لەلایەن بەعسەوە لە ساڵی ١٩٦٩**

بە دڵنیایی گروپی جیابووەوەی کورد بەعسیان بەرەو جەنگێکی نوێ برد، کە لەدوای شەڕ لە دژی قاسم، شەڕ لە دژی خودی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ و شەڕ لە دژی هەردوو عارف لە ١٩٦٥- ١٩٦٦، ئەمە چوارەم ڕووبەڕووبوونەوەی گەورەیە.

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٦دا، بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و عومەر مستەفا و حیلمی شەریف و عەلی عەسکەری لە دۆڵی شاورێ هەڵاتن کە لەوێ لەژێر چاودێری دەسەڵاتی شۆڕشدا بوون. دواتر، دەوترێت پەیوەندیان بە سەرکردەیەکی جاش لە گوندی چەرمەگا کردووە، ئەویش بەرەو بەغدای بردوون. لەوێش پەیوەندییان بە سەرکردەکەیان ئیبراهیم ئەحمەدەوە کردووە. بەهاوکاری حکومەتی عێراق، هێزێکی چەند سەد کەسیان لە ئەندامانی پێشوویان کۆکردەوە، هەوڵیاندا، کۆنترۆڵی هەندێک ناوچەی سەربازیی کوردی بکەن، بەتایبەتی دوای داستانی شەڕی هەندرێن-ڕواندز، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. ئەم گروپە بەرهەڵستکارە خۆیان بە پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاستەقینە دەزانن. تا ئێستاش ڕۆژنامەی خەبات بڵاودەکەنەوە. لە بەشی حەوتەم باسمان کردووە کە لە کۆنفرانسی تیمار لە ساڵی ١٩٦٦ بڕیاریاندا پشتگیری لە حکومەتی بەغدا بکەن، ئەگەر ڕێککەوتنەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ جێبەجێ بکات، هەروەها دووپاتیان کردەوە "ئەگەر بارزانی بڕیاری دەستپێکردنەوەی شەڕەکەی بدات"، شەڕی بارزانی دەکەن. لەو کاتەوە بە ئیرادەوە ئەم هێڵە سیاسییەیان پەیڕەو کردووە کە چوار ئامانجی سەرەکی هەبوو:

١. داوای چەک و پارە لە حکومەتی بەغدا دەکەن، بۆ بەهێزکردنی هێزی سەربازیی خۆیان.

٢. فشار دەخەنە سەر بەغدا و ڕازی بکەن بۆ ئەوەی هەڵوێستی هەبێت بۆ بەدەستهێنانی هەندێک دەستکەوت، تەنانەت ئەگەر بچووکیش بێت لە بەرژەوەندی کورددا، بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە چالاک بووە.

٣. بۆ ئەوەی خەڵک بڕوا بەوە بهێنن کە حکومەتی عێراق "نەتەوەیی و دیموکراتی" بووە و ڕێزی لە ڕێککەوتنی حوزەیرانی ١٩٦٦ لەبارەی کێشەی کورد گرتووە.

٤. بۆ هاندان و تووڕەکردنی یەکەکانی لەشکری شۆڕشی کوردستان، تا هێرش بکەن، هەندێک جار بە هاوکاری سوپای عێراق بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ کار دەکەن، دواتریش ژەنەڕاڵ بارزانی بە بەرپرسیاری ئەو شەڕە تۆمەتبار دەکەن.

ئەمە نیشانی دەدات کە چۆن ئەم گروپە بارودۆخەکەیان بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

ڕەنگە عەبدولڕەحمان عارف ئارەزووی پەیڕەوکردنی پلانێکی لەو شێوەیەی نەبووبێت. هەرچەندە ڕژێمی بەعسی ژەنەڕاڵ ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر هەموو هاوکارییەکی پێویستیان پێشکەش بە گروپی جیابووەوەی کورد کرد، ئەم گروپە ڕۆژنامەی "ئەلنوور"ی بە سەرۆکایەتی خاوەن ئیمتیاز حلمی شەریف و سەرنووسەر عومەر مستەفا بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێکی گەورە لە دژی شۆڕش و خودی ژەنەڕاڵ بارزانی بەکارهێنا. لەبەرئەوەی پارەی زۆری هەیە و تاڵەبانییەکان دەزانن چۆن لەسەر ئاستی تاکتیکی ئەم ڕۆژنامەیە کارەکان بەباشی ئەنجام بدەن، چونکە ئەم ڕۆژنامەیە جگە لە مەیل و ئامانجە سیاسییەکانی لەڕووی ئاستی کەلتوری و زانیاری لەسەر وڵاتانی بیانی و وتارە مێژووییەکان و ستوونە وەرزشییەکانی و ناوخۆیی، خاڵمان یان تەرفیهی باشترین ڕۆژنامەیە کە لە عێراقدا بینیومانە و بۆ فریودانی خوێنەری ئاسایی عەرەب هەموو دەرفەتێکی هەیە. سەروتارەکانی ئەلنور چەند مەبەستێکیان هەیە: بڵێن شۆڕش چیتر شۆڕش نییە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی چەکدارە کە لەلایەن ئیمپریالیزمەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. هەروەها تۆمەتبارکردنی شۆڕش و بارزانی کە لەگەڵ ئیسرائیل کار دەکەن بۆ وروژاندنی ڕق و کینە لەلای گەلی عەرەب. بۆ لەناوبردنی ئەو هاوسۆزییەی شۆڕش دەتوانێت لە وڵاتانی سۆسیالیستی بەدەستی بهێنێت، بە تێوەگلان لە تاکڕەوی چەپ وەسفیان دەکەن.

بۆ ئەوەی خەڵک بڕوا بەوە بهێنن کە ئەوان دۆستی ڕاستەقینەی عەرەبن لەڕێگەی جەختکردنەوە لەسەر دۆزی فەڵەستین. دواجار ڕۆژنامەکە هەوڵ دەدات کورد قەناعەت پێبهێنێت کە خەبات و تێکۆشانی ئەوان بۆ مافەکانیان کەمتر گرنگە و کێشەی کورد وەک ململانێیەکی سادە لەگەڵ بەغدا دەخاتەڕوو و هانی کورد دەدات، زیاتر تەرکیز لەسەر ئازادی و دۆزی فەڵەستین بکات[(١)].

ئێستا یەکەی هەواڵگریی کوردە بەرهەڵستکارەکان و سوپای عێراق پێکەوە دژی شۆڕش کاردەکەن. لەو ناوچانەی کوردستان کە سەربازانی عێراقی تێدا جێگیرن، ئەو کوردانە یاساکانی خۆیان دەسەپێنن، بەتایبەتی لە شارەکانی وەک سلێمانی، کەرکووک و هەولێر، بەڵام چەند چەکداریان هەیە کە بە پێشمەرگەش ناویان دەبەن؟ ئەوە قورسە بیڵێین. لە سەرەتادا؛ نزیکەی ٥٠٠ کەس بوون، بەڵام ئەمڕۆ دەکرێت ٢ هەزار بن. زۆربەیان هەرگیز ئەندامی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوون. ئەم پیاوانە دەچنە پاڵ بەرهەڵستکاران، تەنیا بۆ ئەوەی مووچەی ١٤ دینار وەربگرن کە بەغدا مانگانە پێیان دەدات، بەڵام زۆرێکیشیان لە لایەنگرانی پێشووی بەرهەڵستکاران، کە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، ڕای خۆیان گۆڕیوە، بە بینینی بارودۆخەکە پەشیمان بوونەتەوە و گەڕاونەتەوە ناو شۆڕش.

سوپای عێراق هیوادارە جاشەکان بۆ لاوازکردنی شۆڕش بەکار بهێنێت، بێ ئەوەی پێویست بکات ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بکات. ئەمە لە لێدوانێکی تایبەتی ژەنەڕاڵێک و وەزیرێکی عێراقی پشتڕاست دەکرێتەوە کە بە هەڵە و بێ ئاگایی ئاشکرا کراوە: "گورگ و سەگ شەڕ لەگەڵ یەکتر دەکەن و پێویست ناکات ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بکەین." پاڵنەری سەرەکی تاڵەبانی و جەلالییەکان ڕق هەڵگرتنە لەو کەسانەی لە سەرکردایەتی شۆڕش لایان بردوون، بە ئومێدن بۆ بەهێزبوونی خۆیان و لاوازکردنی پێگەکانی لەشکری شۆڕشی کوردستان، سوود لە هاوکارییەکانی بەغدا وەربگرن، ئامانجی کۆتاییشیان بەدەستهێنانەوەی کۆنتڕۆڵی شۆڕش و

(١) بێسوود دەبێت ئەگەر بە وردی ئاماژەیان پێ بکەین، چونکە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٨ و تا ئێستا سەروتارەکانی ئەلنور ڕۆژانە لەم جۆرە بوون. بە تایبەتی سەیری سەروتارەکانی ٥، ٧، ١٥، ٢٤، ٢٥، ٢٦ و ٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٨ و ١٩ی نیسانی ١٩٦٩ بکە.

سـەپاندنی دیکتاتۆرییەتـی گروپەکەیانـە بەسـەر گەلـی کـورددا، بـەڵام هـەردوولا لـە لێکدانەوەکانیانـدا هەڵـەن: بەغـدا بـە سـاویلکەیی و گەمژەیـی خۆیـەوە هیواخـوازە ستراتیژیەکـەی سـەرکەوتوو بێـت، بـەڵام لەوانەیـە ئەمـە ببێتـە هـۆی لەناوچوونـی دەوڵەتـی عێـراق. جەلالییـەکان خۆیـان تاوانبـار دەکـەن بـەوەی تەنیـا پشـت بـە ڕژێمەکانـی عێـراق دەبـەستن کـە دوژمنـی دیموکراسـی و کـوردن، بـە هەڵـە پێیـان وایـە گەلـی کـورد لـە دژی شـۆڕش پشـتیوانییان لێـدەکات. حکومەتێکـی عێراقـی دیموکـرات؛ ئەگـەر دەیەوێـت پرسـی کـورد چارەسـەر بـکات، دەبێـت لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی شـۆڕش دانوسـتان بـکات، ئەوانـەن کـە زیاتـر لـە نیـوەی کوردسـتانیان کـۆنترۆڵ کـردووە و بـێ ڕەزامەنـدی ئـەوان هیـچ ڕژێمێـک ناتوانێـت لـە عێراقـدا بمێنێتـەوە. ڕژێمێکـی عێراقـی کـە پشـتیوانی لـە بەرهەڵسـتکارانی دژ بـە شـۆڕش بـکات، ناتوانێـت بەرانبـەر خواسـتی چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد ڕاسـتگۆ بێـت، ئەگـەر بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە دەیەوێـت کێشـەکە چارەسـەر بـکات: نابێـت بـەدوای شـەڕدا بگەڕێـت دژی کـورد، چونکـە لـەو کاتـەدا تەنیـا شـەڕیش لـە بەرامبـەر ئاشـتیدا سـەردەکەوێت.

ئـەو تەنازولانـەی ڕژێمـی ئەلبەکـر بـۆ گروپـی جیابـووەوە لـە بەرژەوەنـدی کـورددا کردوویەتـی، لـە پێنـج خاڵـدا کـورت دەکرێتـەوە:

١. دامەزراندنـی زانکـۆی سـلێمانی لـە سـاڵی ١٩٦٨، حکومەتـی عێـراق بڕیـاری دامەزراندنـی ئـەم زانکۆیـەی دا کـە بڕیـار بـوو بـە زمانـی عەرەبـی و کـوردی وانـەی تێـدا بوترێتـەوە. لـە سـاڵی یەکەمـی خوێندنـدا (١٩٦٨-١٩٦٩)، زانکۆکـە نزیکـەی ٥٠٠ قوتابـی هەبـوو، بـەڵام دەتوانیـن بڵێیـن کـە بـە نزیکەیـی هـەر ٥٠٠ قوتابییەکـە عـەرەب بـوون. ئـەو کوردانـەی پشـتیوانی ژەنـەڕاڵ بارزانییـان دەکـرد، چ قوتابـی یـان مامۆسـتا، لـەم زانکۆیـە دوورخراونەتـەوە. وانەگوتنـەوە تەنیـا بـە زمانـی عەرەبییـە، سـەرەڕای بەڵێنـەکان بـۆ بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی هاوشـانی زمانـی عەرەبـی. لـە وەڵامـی ئـەو ڕەخنانـەدا، ڕۆژنامـەی ئەلنـور ڕوونیکـردەوە، لـە ڕووی مادییـەوە دەسـتپێکردنی خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی ئەسـتەمە، بۆیـە داوا لـە حکومـەت دەکات، بـۆ نووسـین و چاپکردنـی کتێبـی زانسـتی بـە زمانـی کـوردی، لێژنەیـەک پێکبێنێـت، بۆئـەوەی لـە داهاتـوودا بتوانێـت بـەو زمانـە وانـەکان بگوترێنـەوە.

٢. دامەزراندنـی ئەکادیمیـای زانسـتی زمانەوانـی کـوردی: لـە سـاڵی ١٩٦٨ بڕیارێکـی حکومەتـی عێراقـی دامەزراندنـی ئـەم ئەکادیمیایـەی ڕاگەیانـد، بەڕێوەبردنـی درایـە ئیبراهیـم ئەحمـەدی نووسـەر و شـاعیر و سەرپەرشـتیاری گروپـە جیابووەوەکـە. هەنوکە ئـەم ئەکادیمیایـە تەنیـا مەرەکەبـی سـەر کاغـەزە و هێشـتا دانەمـەزراوە.

٣. بـە پارێزگاکردنـی دهـۆك: لـە ٢٨ی حوزەیرانـی ١٩٦٩ بڕیارێکی ئەنجومەنـی فەرماندەیی شۆڕشـی عێراقـی بـە پارێزگابوونـی شـاری دهۆکـی ڕاگەیانـد. لـە ڕاسـتیدا بڕیارەکـە جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنێکـی نهێنـی نێـوان بارزانـی و بـەزازە کـە بـۆ ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٦ دەگەڕێتـەوە. پلانێـک هەیـە بـۆ دانانـی کەسێکی لایەنگری گروپـی جیابـووەوە وەک پارێـزگار، بـەڵام ئەمـە مەحاڵـە. لەبەرئـەوەی دەڤـەری دهـۆک بـە شـێوەیەکی سـەرەکی؛ لەژێـر کۆنتڕۆڵـی هێـزە شۆڕشـگێڕەکان دایـە.

٤. ڕەشنووسـی یاسایەکـی نـوێ لـە بـارەی ڕێکخسـتنە کارگێڕییەکانـی عێـراق : لـە ١٠ی تەمـووزی ١٩٦٩ وەزارەتـی ناوخـۆی عێـراق پـڕۆژە یاسـایەکی دەرکرد بۆ ڕێکخسـتنەوەی دابەشـکارییە کارگێڕییـەکان لـە عێـراق بە ناوی "یاسـای پارێزگاکان"[1]. لە سـاڵی ١٩٦٣ لە کاتی هێرشـێک بۆ سـەر کوردستان، ڕژێمی بەعس یاسـایەکی هاوشێوەی "لامەرکەزیەتی" پێشـنیاز کـرد. (سـەیری پاشـکۆی شەشـەم بکـە). ڕەشنووسـی سـاڵی ١٩٦٩ چـی دەڵێت؟ دەقەکـە دیـاری نـاکات کە چ پارێزگایەک نوێ دەبێت. بۆ نموونـە: نازانرێت ئایا کەرکووک بەشـێک دەبێـت لە پارێـزگا کوردییـەکان، یان بە پارێـزگا عەرەبییـەکان دەلکێندرێ، وەک لـە ڕەشنووسـی سـاڵی ١٩٦٣ دا هاتـووە؟ ڕەشنووسـە نوێیەکـە هیچ شـتێک لـەو بارەیەوە بـاس نـاکات، تەنیا تواناکانـی یەکـە کارگێڕییـەکان کـە بەتـەواوی خۆجێیـن و چۆنییەتـی دامەزراندنـی فەرمانبەرانـی مەدەنی دیـاری دەکات.

٥. لەسـاڵی ١٩٦٨ پارێـزگاری نـوێ بـۆ پارێزگاکانی سـلێمانی و هەولێر و کەرکـووک دامەزران. ئـەم پارێزگارانـە کـوردن و سـەر بـە گروپـی جیابـووەوەن، ئـەوان ناوەنـدی شـارە کوردییـەکان بەلایەنگرانیانـەوە بەڕێـوە دەبـەن، بـەڵام لـە ژێـر چاودێـری سـوپای عێراقدا. تەنانـەت بینیـمان یەکێـک لـەو پارێـزگارە نوێیانـە، مـولازم محەمـەد ئەمیـن فـەرەج، کـە یەکێـک لـە "هاوەڵـە کۆنەکانـی گروپـی هەمـەدان"، لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٦٩دا

(١) بڕوانە دەقی تێکستی النور لە ١١ و ١٢ی تەمووزی ١٩٦٩.

بە ئۆتۆمبێلە فەرمییەکەیەوە گەشتێک بۆ دیمەشق دەکات. لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی نافەرمیدا، هەوڵی ڕازی کردنی سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا دەدات، بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ هەڵوێستەکانی گروپی جیابووەوە هاوتەریب و هاوڕا بکەن، بەڵام لە هەوڵەکەیدا سەرکەوتوو نابێت. لە کاتی کۆنگرەی سێزدەیەمی کورد لە ئەوروپا (مانگی ئابی ١٩٦٩ لە بەرلین) ئەندامێکی ئەو گروپە لە هەولێرەوە هاتە ئەوروپا. پارەی بۆ گەشتی ئەو قوتابیانە تەرخان کرد کە پشتگیری گروپی جیابووەوە دەکەن، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن زۆرینەی کۆنگرە بەدەست بهێنن، بەڵام ئەم هەوڵەش شکستیهێنا (بۆ زانیاری زیاتر سەیری پاشکۆی دوازدەی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا بکە).

ڕژێمی بەعس نەک هەر پشتگیری گروپە کوردییە جیابووەوەکان لە ناوخۆی عێراق دەکات، بەڵکو لەڕووی دیپلۆماسییەوە هاوکاریان دەکات. لێدوانی باڵیۆزی عێراق لە پاریس لە ٢٩ی ئایاری ١٩٦٩سەبارەت بە بارزانی و لایەنگرانی، "بە ژمارەیەکی کەم و یاخی و لە یاسادەرچوو" وەسف دەکات. باڵیۆز بانگەشەی ئەوە دەکات کە "ئەوان لەلایەن ئیمپریالیستەکان و زایۆنییەکان پشتیوانی دەکرێن" و "ئەوان پشتیوانی جەماوەری گەلی کوردیان لەدەستداوە". سەبارەت بە حکومەتی عێراق، باڵیۆز دەڵێت "بەغدا وەڵامی داخوازییەکانی کوردی داوەتەوە". دەشڵێت: "ڕێکخراوە کوردییە پێشکەوتووەکان؛ وەک پارتی دیموکراتی کوردستان (بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد) پشتگیری ڕژێمی عێراقی پێشکەوتنخواز دەکەن.

ئەم گروپانە ڕەخنە لە بارزانی و هێزەکەی دەگرن و بە تاوانبار تۆمەتباریان دەکەن"[(١)]. وتارێکی مشتومڕئامێز لە بەشی "ئینتەرناشناڵ تریبیون"، لە ڕۆژنامەی لو مۆند[(٢)]،کە لەلایەن حەمید ئەلشاوی ناوێکەوە نووسراوە کە عێراقییە و بە فەڕەنسییەکی باش قسە دەکات، هەوڵ دەدات پاساو بۆ توندوتیژیەکانی ڕژێمی عێراق بهێنێتەوە. وتارەکە بە ناونیشانی "توندوتیژی لە عێراق". خاڵە سەرەکییەکانی وتارەکە: نووسەر "بەرگری لە سێدارەدانی بەکۆمەڵ دەکات کە لەلایەن ڕژێمی بەغدا ڕێکخراوە

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند، ٣٠ی ئایاری ١٩٦٩.

(٢) لە ٤ی ئەیلولی ١٩٦٩.

و هەوڵی شەرعییەتدان بەو کارانە دەدات. شۆڕشی کورد بە خەباتێکی خێڵەکیی وەسف دەکات. مەلا مستەفا بارزانی وەک "سەرکردەییەکی دەرەبەگ" نیشان دەدات کە تۆمەتبارکراوە بە تاڵانکردن و کوشتار و تینووی خۆسەپاندن". وتارەکە بانگەشەی ئەوە دەکات "بارزانی لەلایەن هێزەکانی ئەنگلۆساکسۆنەوە پشتگیری دەکرێت، سەرەڕای ئەوەی گوایە لەناو کورددا ناپەسەند و نەویستراوە ". ستایشی گروپی جیابووەوە دەکات و دەنووسێ "ئەوان نوێنەری ڕاستەقینەی پارتی دیموکراتی کوردستانن و ئەوان بە ناسیۆنالیست و هەڵگری بیرۆکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاوچەرخ وەسف دەکات. وتارەکە سەرزەنشتی هێزە ڕۆژئاواییەکان دەکات و ئەنگلۆساکسۆنەکان تۆمەتبار دەکات بەوەی پشتگیری بارزانی دەکەن بۆ بەردەوامی پشێوی، ئەمەش زیان بە خواستە ڕاستەقینەکانی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی و پێشکەوتن دەگەیەنێت.

ئەم وشە و قسانە بە شێوەیەکی سەیر سەردەمی قاسم و عارف و بەعسی ساڵی ١٩٦٣مان بیر دەخەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاوازێکی نوێ دەبیسترێت: شکۆمەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ هاوکارەکانی دەناسرێتەوە.

لە ئاستی ناوخۆشدا؛ دەستپێشخەریی دامەزراندنی زانکۆ لە سلێمانی ئەرێنییە، بە مەرجێک پەروەردە و فێرکردن بە زمانی کوردی بێت و بۆ هەموو قوتابیان و مامۆستایانی کورد بەردەست بێت و نەبێتە ئامرازێک لە دژی شۆڕش. بەداخەوە، ئێمە شاهێدی جۆرێک لە ململانێی خوێناویین لە نێوان دەسەڵاتدارانی شۆڕش کە نیوەی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراق و بەشێک لە گوندەکانی نیوەی باشووری کوردستانیان کۆنتڕۆڵ کردووە، ئەو بەرهەڵستکارانەی کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ناوەندی شارەکانی ئەم ناوچە باشوورییە چالاکن کە لەلایەن سوپای عێراقەوە داگیرکراوە. کردنەوەی ئەم زانکۆیە لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە سەدان قوتابخانەی سەرەتایی لە ناوچە ئازادکراوەکاندا پێدەچێت لانی کەم بەشێکی بەهۆی ئەم ڕۆحی ڕکابەرییەوە بووبێت. دوور نییە شۆڕش کاتێک توانای هەبێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان زانکۆی کوردستان لەسەر ئەم ناوچە لادێییە ئازادکراوانە دابمەزرێنێ کە ئەوکاتە بە پێچەوانەی دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی، سەر بە دەوڵەتی عێراق نابێت.

زانکۆیـەک؛ تەنانـەت زانکۆیەکـی زۆر گرنگیـش ناتوانـێ جێگـەی ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بگرێتـەوە، یـان بـاشتر لـەوەش دامەزراندنـی کۆمـاری باشـووری کوردسـتان بگرێتـەوە کـە لەگـەڵ کۆمارێکـی عێراقـی کـە تەنیـا لـە عـەرەب پێکبێـت. بـا سـەیری نموونـەی گەلـی سـلۆڤاک بکەیـن: مەگـەر زانکۆیەکیـان لـە براتیسلاڤـا نەبـوو و نـاوی وڵاتەکەیـان بـە نـاوی "چیکۆسـلۆڤاکیا" دەرکـەوت. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئـەوان ڕازی نەبـوون. تاوەکـو سـاڵی ١٩٦٩، کاتێـک چیکۆسـلۆڤاکیا بـوو بـە کۆمارێکـی فیدڕالـی لەگـەڵ دوو کۆمـاری جیـاواز: سـلۆڤاکیا و چیـک، بارودۆخەکەیـان بەڕاسـتی گـۆڕا. لـەم وتـارەدا کـە لەسـەر داوای دەسـتەی کارگێـڕی نووسـیومانە، بـەڵام خۆمـان بابەتەکەمـان هەڵبـژاردووە، ڕەخنەیەکـی بنیاتنەرانەمـان لـە ئامانجـی شـۆڕش گـرت کـە ئۆتۆنۆمییـە. ئێمـە بیرۆکەیەکـی جیاوازمـان پێشـنیاز کـرد: گۆڕینـی کۆمـاری ئێسـتای عێـراق بـۆ فیدڕاسـیۆنێك. ئـەم فیدڕاسـیۆنە لـە دوو کۆمـار پێکدێـت: کۆمـاری باشـووری کوردسـتان و کۆمـاری عەرەبـی عێـراق. ئـەم دوو کۆمـارە لـە ژێـر ناوێکـی هاوبەشـدا یەکدەگـرن، وەک حاڵەتـی چیکۆسـلۆڤاکیا. (بڕوانـە بەشـی ئەنجامـی ئـەم کتێبـە لەسـەر ئـەم بابەتـە). لـە کۆنگـرەی سـێزدەمی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپا لە بەرلیـن؛ ئەم بیرۆکـەی ئێمەیـان وەرگرت و پێشـوازیەکی باشـی لێکـرا و ئـەم وتـارە لـە ڕۆژنامـەی خەبـات بڵاوکراوەتـەوە و لـە ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتان پەخـش کـراوە کـە ئەمـە گرنگـی ئـەم پێشـنیازە نیشـان دەدات.

ڕەنگـە ڕۆژێـک گروپـە جیابووەکـە بەشـداری شـۆڕش بکـەن و بێنـەوە ژێـر ئـاڵای شـۆڕش و یاسـاکان و شـەرعییەتی قبـوڵ بکـەن، وەک ژەنـەڕاڵ بارزانـی لـە ١٠ی ئابـی ١٩٦٩دا لـە داواکارییەکـدا داوای لێکـردن: ئەمـە هیوایەکـە وهیواداریـن بێتـە دی، بـەڵام ئێسـتا زۆرینـەی دانیشـتوانی کوردسـتانی عێـراق و سـەرجەم کوردەکانـی دەرەوەی سـنوورەکانی عێـراق و نزیکـەی سـەرجەم ڕۆشـنبیران و قوتابیانـی کـورد لـەدەرەوەی وڵات؛ سـەرکۆنەی ئـەو گروپـە جیابـووەوە دەکـەن. ئەوانـە لـە دژی شـۆڕش لەگـەڵ ڕژێمەکانـی بەعـس لـە بەغـدا و دیمەشـق کار دەکـەن، ئەمـەش زەلیلییـە. گەلـی کـورد نایەوێـت دیکتاتۆرییـەک لەلایـەن بەرهەڵسـتکارانەوە بـە هـاوکاری و چەکـی بەغـدا بسـەپێنرێت، ڕژێمـە بەعسییەکان بەبـێ شـۆڕش کـە باڵـی سـەرکردە شـۆڤێنییە سـەربازییەکان و ناسیونالیسـتەکانی عـەرەب هەڵیدەسـووڕێنن، بۆیـە ئـەو گروپـە جیابووەوانـە لـە بەغـدا هیـچ گرنگییەکیـان نەدەبـوو. ژەنەڕاڵـە عێراقییـەکان

شۆڕشـگێڕانی کـورد بـە گورگـی چیرۆکـە ئەفسـانەییەکان دەبینـن، بـەڵام لـە چـاوی هەمـان ئـەو ژەنەڕاڵانـە گروپـە جیابووەکـە وەک سـەگ وان.

زەحمەتـە بتوانیـن بـۆ دەسـتپێکردنی قۆناغـی چوارەمـی شـەڕی کوردسـتان؛ وادەیەکـی دیاریکـراو دیـاری بکەیـن. سـوپای عێراقـی بـۆ پشـتگیریکردنی چالاکییەکانیـان، وردە وردە لەگـەڵ بەکرێگیـراوان بەشـداری شـەڕەکەی کـرد. گروپـی جیابـووەوە بەهـۆی هەبوونـی دەزگایەکـی ڕێکلامـی کاریگـەرەوە، جەخـت لـەوە دەکەنـەوە کـە "شـەڕ چـیتر لەنێـوان بەغـدا و گەلـی کـورددا نییـە، بەڵکـو لەگـەڵ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی بارزانییـە". پێـشتر لـە ١٤ی نیسـانی ١٩٦٨ یەکەکانـی سـوپای عێـراق و کـوردە بەکرێگیـراوەکان هێرشـیان کـردە سـەر پێگەکانـی لەشـکری شۆڕشـی کوردسـتان لـە دەشـتی هەولێـر. لـە ٢٣ی نیسـانی ١٩٦٨پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە بەیاننامەیەکـدا بە ناونیشـانی "لەسـەر لێدوانـی وتەبێـژی وەزارەتـی بەرگـری عێـراق"[١] ئیدانـەی ئـەو هێرشـەی کـرد. لـە دوای هاتنـی ڕژێمـی بەعـس لـە ٣٠ ی تەمـووزی ١٩٦٨ ڕووداوی لـەم جـۆرە زیاتـر بـوون. لـە ٧ی تشرینـی دووەم، "نووسـینگەی کاروبـاری باکـوور"ی سـەر بـە مەجلیسـی قیـادەی سـەورەی عێـراق؛ بانگەوازێکـی ئاراسـتەی گەلـی کـورد کـرد و هۆشـداری لـە کردەوەکانـی ئیمپریالیزم دا. لـە ١٠ی تشرینـی دووەمـدا دەسـتەی کارگێـڕی شۆڕشـی کوردیـش؛ لـە بەیاننامەیەکـدا لەبـارەی مەبەسـتی ڕژێـم لـە دوای ئـەم بانگـەوازە پرسـیار دەکات و ئامـاژە بـەوە دەدا کـە بەغـدا هیـچ شـتێکی لـە ڕێککەوتنـی حوزەیرانـی ١٩٦٦ جێبەجـێ نەکـردووە[٢]. هەرچەنـدە دەتوانرێـت سـەرەتای قۆناغـی چوارەمـی جەنـگ بـۆ ١ی نیسـانی ١٩٦٩بگەڕێتـەوە، بـەڵام لـە ٧ی نیسـان نووسراوێکـی دەسـتەی کەرگێـڕی ئامـاژەی بـە شـەڕی نێـوان هێزەکانـی عێـراق و یەکەکانـی لەشـکری شۆڕشـی کوردسـتان لـە دەوروبـەری شـاری کۆیـە کـرد. لـە ١٥ی نیسـانی ١٩٦٩ ژەنـەڕاڵ بارزانـی بەنـاوی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و ئەنجومەنـی شـۆڕش داوای لەلایـەن و گـرووپ و کەسـایەتییە نەتەوەییـەکان و هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق کـرد. ئـەو سیاسـەتەی ڕژێمـی ئیدانـە بکـەن کـە لـە دژی شـۆڕش هێـزی بەکارهێنـا و کـوردی بـەرەو شـەڕی براکـوژی بـرد.

---

(١) ئەرشیفەکان، وەرگێڕان لە زمانی عەرەبییەوە.

(٢) ئەرشیفەکان، وەرگێڕان لە زمانی عەرەبییەوە.

لـە نێـوان مانگـی نیسـان و ئایـاردا هێزەکانـی لەشـکری شۆڕشـی کوردسـتان؛ لـە پاشەکشـە پێکردنـی سـوپای عێـراق سـەرکەوتوو بـوون کـە ناچـاری کـرد شـارۆچکەکانی قـەڵادزێ، پێنجوێـن و چوارتـا بەجێبهێڵـن کـە لـە سـاڵی ١٩٦٥ەوە داگیرکرابـوون. لـە مانگـی حوزەیرانـدا سـوپای عێـراق بـە دوو فیرقـەی نـوێ و جـاش و بەکرێگیـراو هێرشـی کـردە سـەر گوندنشـینانی دەشـتەکانی هەولێـر و هەڵەبجـە و بەشـێک لـە بادینـان. لـە ئەنجامـدا؛ گوندەکانیانـی وێـران کـرد و بـە مەبەسـتی برسـی کردنـی دانیشـتوان دانەوێڵـە و گەنمیانـی بـە ناپاڵـم و ترشـی گۆگـرد سـووتاند. هێـزە شۆڕشـگێڕەکان دوای شـەڕێکی سـەخت توانیـان هێرشـەکە بەرپـەرچ بدەنـەوە، بـەڵام زۆربـەی بەروبوومـەکان لەناوچـوون و زیانـی گیانـی زۆر بـوو. لـە سـەرەتای مانگـی تەمـووزدا پەتـای نەخۆشـی کۆلێـرا لـە شـارۆچکەی قـەڵادزێ بڵاوبـووەوە. لەبەرئـەوەی یەکـەی خزمەتگـوزاری تەندروسـتی شـۆڕش هیـچ ڤاکسـینێکی نەبـوو، دەسـەڵاتدارانی عێراقیـش یارمەتییـان نـەدا، پەتاکـە پێـش ئـەوەی کۆنتـرۆڵ بکرێـت، نزیکـەی هـەزاران کـەسی کوشـت.

لـە مانگـی ئابـی ١٩٦٩ پێدەچـوو بارودۆخـی سـەربازی هێـور بووبێتـەوە: سـوپای عێراقـی چیـتر هیـچ ئیرادەیەکـی بـۆ شـەڕ نیشـان نـەدا و گیانـی شـەڕکردنی لەدەسـتدا. لـە میانـەی شـەڕ و پێکدادانـدا، شـەش فڕۆکـەی عێراقـی خرانـە خـوارەوە، وێـڕای ئـەوەی هێشـتا شـەڕ کۆتایـی نەهاتـووە.

لەسـەر ئاسـتی سیاسـی؛ لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٦٩ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان(١) پڕۆژەیەکـی بـە ناونیشـانی "پـڕۆژەی هـاوکاری نێوان هێـزە نەتەوەیـی و دیموکراتییـەکان لـە چوارچێـوەی بەرەیەکـی یەکگرتـوو" پێشـنیاز کـرد. ئـەم پـڕۆژە ١٠ خاڵییـە لـە بنەڕەتـدا بـۆ: پێکهێنانـی حکومەتـی یەکێتـی نیشـتیمانی لـە عێـراق کـە ئازادییـە گشـتی و تایبەتـی و سیسـتەمی پەرلەمانـی دەگەڕێنێتـەوە. چارەسـەرێک بـۆ پرسـی کـورد لەسـەر بنەمـای ڕێککەوتننامـەی ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٦ کـە ڕێگـەی بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنۆمـی بـە گەلـی کـورد دەدات. زیادکردنـی پشـکی عێـراق لەداهاتـی نـەوت و پلاندانانـی ئابـووری بـاشتر و چاکسـازی لە بارودۆخی کرێکاران و چاکسـازی کشـتوکاڵی گونجاو لەگەڵ پێداویسـتییەکانی کوردسـتان. پتەوکردنـی پەیوەندییەکانـی نێـوان عێـراق و وڵاتانـی دیکـەی عەرەبـی بـە

(١) دەقی ئەو پڕۆژەیەی لەبەردەستماندایە، بە زمانی عەرەبییە، ڕێکەوتێکی دیاریکراوی لەسەر نییە.

ڕەچاوکردنــی تێڕوانینــی پێگــەی گەلــی کــورد. پەســەندکردنی سیاســەتێکی دەرەکــی دژ بــە ئیمپریالیــزم و پشــتیوانی لــە بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی نەتەوەیــی.

وەک هەمــوو پارتــە سیاســیەکانی تــری عێــراق؛ حزبــی شــیوعی عێــراق لــە پایــزی ســاڵی ١٩٦٧ دابــەش بــوو بــۆ دوو گــرووپ کــە هەریەکەیــان بانگەشــەی ئــەوە دەکــەن کــە حزبــی شــیوعی عێراقــی ڕاســتەقینەن: باڵــی زۆرینــە و ئۆرتۆدۆکســە، پێــی دەگوترێــت "حزبــی شــیوعی عێراقی-کۆمیتــەی ناوەنــدی"، هێڵــی سیاســی یەکێتــی ســۆڤیەت پەیــڕەو دەکات. ســکرتێری گشــتی نــاوی عەزیــز محەمــەدە و کــوردە. باڵەکــەی دیکــە: کــە "حزبــی شــیوعی عێراقی-ســەرکردایەتی ناوەنــدی "شــی پێدەگوترێــت، ئــەو گروپــە پشــتگیری بیروباوەڕەکانــی چیــن دەکات و گروپەکــەی تــر بــەوە تۆمەتبــار دەکات کــە وەک پێویســت شۆڕشــگێڕ نیــن. ســکرتێری گشــتی ئــەم باڵــە نــاوی عەزیــز ئەلحاجــە و کوردێکــی فەیلــی خەڵکــی بەغدایــە. لــە ئابــی ١٩٦٨ باڵــی لایەنگــری چیــن لــە نزیــک بەســرە یاخیبوونێکــی جوتیارانــی ئەنجامــدا. ئــەم یاخیبوونــە بــە شــێوەیەکی خــراپ ئامــادە کــرا، لەلایــەن ســوپای عێراقــەوە تێکشــکێندرا. ژمارەیەکــی زۆر لــە چالاکوانــان و جوتیــاران کــوژران. عەزیــز ئەلحاج دەســتگیرکرا و ئەشــکەنجەدرا و ئــازاد کــرا، پاشــان لێدوانــی ناڕوونــی لــە تەلەفزیــۆن دا، لەوانەیــە لەژێــر فشــاری ڕژێمــی بەعســدا بووبێــت. لــەو کاتــەوە؛ ڕەنگــە لــە ســەرکردایەتی گروپەکــەی جێگــەی پڕکرابێتــەوە.

هــەردوو گروپــی حزبــی شــیوعی عێــراق پشــتیوانی لە شــۆڕشــی کــورد دەکــەن و ئیدانەی ڕژێمــی بەعــس و هــاوکاری گروپــی جیابــووەوەی کــورد لەگــەڵ ئــەم ڕژێمــە دەکــەن، هــەر بــەو هۆیەشــەوە لــە ســەروتارەکانی ڕۆژنامــەی "ئەلنــور" ڕەخنەیــان لێدەگیرێــت. شــیوعییە کــورد و عەرەبــەکان کــە لــە ژێــر ئــاڵای شــۆڕشــی کــورددا شــەڕیان دەکــرد، لەســەر بنەمــای تــاک و ســەر بــە گروپــی شــیوعییەت بــوون کــە بــە هێڵــی ســۆڤیەت دەڕۆیــشتن. لەگــەڵ ئەوەشــدا، ژمــارەی چەکــدارە عەرەبــەکان لــەم ســاڵانەی دواییــدا بــە شــێوەیەکی بەرچــاو کەمــی کــردووە و ئێســتا تەنیــا پەنجــا چەکداریــان هەیــە. ئەوانــەی شــۆڕشــیان جێهێشــت و گەڕانــەوە عێراقــی عەرەبــی، دوای وەرگرتنــی مۆڵــەت لــە دەســەڵاتدارانی شــۆڕش، شــەرەفمەندانە ڕیزەکانــی شــۆڕشــیان بەجێهێشــت، زۆرجــار لەبــەر هــۆکاری خێزانــی ئــەو کارەیــان دەکــرد. بــۆ نموونــە: نەقیــب کەمــال نــوعمان، تاکــە ئەندامــی عەرەبــی ئەنجومەنی

شۆڕش بوو و موقەدەم غەسبان ئەلسەعد، پاشکۆی سەربازی پێشووی ژەنەراڵ قاسم لە مۆسکۆ، کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک پەنای بۆ شۆڕشی کورد بردبوو وەك پەناگە، موقەدەم ئەلسەعد لە ماوەی مانەوەیدا لە کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥ و ١٩٦٦ چالاکانە بەشداری شەڕەکەی نەکرد.

کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق لە ڕۆژنامەی "ڕێگای گەل"ی زمانحاڵی خۆی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٩ دا ڕەخنەی توندی لە گروپی جیابووەوەی کورد گرت. وتارەکە ناونیشانێکی ئاشکرای هەیە: "دابەشکارانی ڕیزەکان؛ خراپترین دوژمنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازن ". کۆمیتەی ناوەندی گاڵتەی بەو گروپە کرد کە لە ڕۆژنامەی "النور" بڵاویان کردووەتەوە و دەڵێت: "ئەوان پێیان وایە، خۆیان لە حزبی شیوعی پاکتر و شیوعی تر دەزانن". ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە "حزبی شیوعی لە هەڵە دەپارێزن، بەڵام لە ڕاستیدا، ئەوان هەڵەن". حزبی شیوعی بەبیرییان دەهێنێتەوە کە لە ساڵی ١٩٦٣ کاتێک ڕژێمی بەعس دەسەڵاتی گرتە دەست ،هەمان ئەو گروپ و دەستە بوون هەڵمەتێکی ترسناکیان لە دژی حزبی شیوعی عێڕاق لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا ئەنجامدا، ئەندامانی ئەم حزبەیان چەک کرد، دادگاییان کردن، حوکمی کاری زۆرەملێ و تەنانەت کوشتنیشیان بەسەردا سەپاندن. هەندێک لە هەڤاڵانی شیوعی کە لە دەست ڕژێمی بەعس هەڵهاتبوون لەلایەن ئەو گروپە ڕادەست کرانەوە. سەرەڕای ئەو هەموو هەڵە و شکستە سیاسی و ئایدۆلۆژی و سەربازییانەیان، کۆمیتەی ناوەندی سەرزەنشتی ئەو گروپە دەکات کە لە مێژوو وانەیان وەرنەگرتووە و لە شکستەکانیانەوە فێرنەبوون. ڕۆژنامەکە لە نووسینەکەی بەردەوامە:

"پاش گەڕانەوەیان لە ئێران لە بەهاری ١٩٦٦ ئەو گروپە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کڕان. هاوکارییان لەگەڵ ڕژێمی بەزاز کرد کە بۆ هێزە ئیمپریالیستەکان کاری دەکرد، هەروەها بۆ تێکشکاندنی شۆڕشی کورد؛ لایەنگرانیان هاندەدا، بچنە ڕیزەکانی پێشمەرگە، تا لەوێوە لە دژی شۆڕشی کورد چەک هەڵگرن و یاخیببن. هاوکات ڕژێمی عارف لە بەهاردا هێرشێکی سەربازی لە دژی شۆڕشگێڕان دەستپێکرد. هەرچەندە ئەم هێرشە شکستی هێنا. هێزەکانی حکومەت لە داستانی هەندرێندا

دۆڕان و ڕژێـم زیاتـر گۆشـەگیر بـوو. ئەمـە حکومەتـی ناچـار کـرد لـە ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٦ ئاگربەسـتێکی نـوێ واژۆ بـکات. ئەگـەر بەرهەڵسـتکاران خیانەتیـان لـە شۆڕشـی کورد نەکردبایـە و هانـی ئـەم یاخیبوونەیـان نەدابـا، شـۆڕش دەیتوانـی سـەرکەوتنی گەورەتـر بەدەسـتبهێنێت. ئەوکاتـە ڕژێـم ناچـار دەبـوو، سازشـێکی زۆر گەورەتـر بـکات، لـەوەی لـە بەیاننامەکـەی ٢٩ ی حوزەیـران هاتـووە".

"سـەرکردەکانی دەسـتەی ئەلنـور بـە شـکۆوە باسـی ڕژێمـی ئێسـتا دەکـەن و داوا لـە هەمـووان دەکـەن پشـتگیری ڕژێمەکـە بکـەن و بـە "پێشـکەوتنخواز و شۆڕشـگێڕ" نـاوی دەبـەن، بـەڵام لەبیریـان چـووە کـە پێشتر ستایشـی ڕژێمەکـەی عەبدولـڕەحمان عـارف و تاهیـر یەحیاشـیان کـردووە!(...). ئەمڕۆ؛ ئـەم گروپـە چیتر پارتێکی سیاسـی ڕاستەقینە نین، بەڵکـو وەک هێزێکـی پۆلیسـی نائاسـایی و میلیشـیایی کار دەکـەن و لەلایەن سـەرکردایەتی ڕژێمـەوە وەك بوکەڵـە بەکاردەهێنرێـن. ڕۆڵـی ئـەوان وەک جـاش و بەکرێگیـراو، تەنیـا لـە ڕووی ماددییـەوە سوپاسـکردنی ئەوانەیـە کـە پشـتگیریان دەکـەن، گرنـگ نییـە هـەر لایەنێـك بـن. چیتر پرسـی پرەنسـیپ نییـە، بەڵکـو تەنیا پرسـی پـارە و پاڵپشـتی ماددییـە. ئـەوان خۆیـان لـە دۆخێکـی زۆر شـەرمەزارکەر دەبیننـەوە کـە کـەس ئیرەییـان پـێ نابـات. پشـتیوانییان بـۆ سـەرکردەکان، گرنـگ نییـە هـەر کەسـێك بێـت، لـە کۆتاییـدا لاوازیـان دەکات، نـەک بەهێزیـان بـکات. کەسـانی زیـرەکتر لـە سـەرکردەکانی ئێسـتا ئـەم ڕاسـتییە بەباشـی تێدەگـەن. تەنانـەت خـودی سـەرکردەکانیش خەریکـە تێدەگـەن کـە بەهـۆی دەسـتە و تاقمـی ئەلنـورەوە لـە دۆخێکـی سـەختدان و بـەدوای دەریچەیـەك دەگەڕێـن لـەم بارودۆخـە چەقبەسـتووە دەربچـن. لـە ڕاسـتیدا؛ ئـەم دەسـتەیە بەڵێنیـان پێـدان کـە دەتوانـن کۆتایـی بـە شۆڕشـی کـورد بهێنـن، بـەو مەرجـەی مانگانـە بڕێـک پـارەی زیاتـر وەربگـرن، بـەڵام وادیـارە ئـەم بەڵێنـە تەنیـا خەیاڵـە (...)".

"هـە ڵوێسـت و کردارەکانـی گروپـی جیابـووەوە لـە دژی شۆڕشـی کـورد بـە تـەواوی شکسـتی هێنـا، ئـەم شکسـتانە بوونـە هـۆی زیاتـر گۆشـەگیریان و تووڕەیـی خەڵـک و جەمـاوەری بەرامبەریـان زیاتـر کـرد. پێشـمەرگە قارەمانـەکان لـە شـەڕەکانی جەبـاری و قـەرەداغ و هەڵەبجـە شکسـتێکی گەورەیـان بـەو گروپـە گەیانـد. لەبـەر ئەمـەش؛ تەنانـەت ئەوانـەی پشتگیرشـیان دەکـەن، خەریکـە متمانەیـان بـە خۆیـان لەدەسـت دەدەن، بۆیـە ئەم

گروپە خیانەتکارە هەست بە ڕقێکی گەورە لە دژی شۆڕشی کورد بە گشتی و دژی حزبی شیوعی ئێمە دەکەن کە دڵسۆزانە داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد دەکات".

"حزبی شیوعی عێراقی-سەرکردایەتی ناوەندی" لە نامیلکەیەکی بچووکدا کە لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨ بڵاوکرایەوە، بیروڕا و هەڵوێستی خۆی دەربڕی. لەم بڵاوکراوەیەدا پشتیوانی خۆی بۆ خەباتی گەلی کورد لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان دووپات دەکاتەوە کە لەنێوان تورکیا و ئێران و عێراق و تا ڕادەیەکی کەمتر سوریا دابەش بووە. داکۆکی لە مافی کورد دەکات بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووس و ئایندەی خۆی و لەوانەش ئەگەری پێکهێنانی کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ. ڕاگەیانراوەکە پشتیوانی لە شۆڕشی کورد دەکات و ئاماژە بە هەندێک کەموکوڕی دەکات، بەگوێرەی باڵی "سەرکردایەتی ناوەندی"، یەکێک لە کێشەکان ئەوەیە، حزبی شیوعی عێراقی لە ئۆرگانەکانی شۆڕشدا نوێنەرایەتی نییە. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە شۆڕش بە تەواوی سوودی لەو دەرفەتانە وەرنەگرت کە دەکرا سەرکەوتنی گەورەتر بەدەستبهێنێت".

"سەرکردایەتی ناوەندی دەیەوێت هاوکاری و هەماهەنگی لە شۆڕشی کورددا لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراقدا هەبێت. پێیوایە، دەبێت شۆڕشی کورد ڕۆڵێکی گرنگتر ببینێت لەپشتیوانیکردن لەخەباتی شۆڕشگێڕانەی سەرجەم خەڵک و گەلانی عێراق. لەلایەکی ترەوە؛ "ئەم کێشە و کەموکوڕیانە لە گرنگی خەباتی گەلی کورد و ئامانجی ڕزگاریخوازی کەم ناکاتەوە"، سەرکردایەتی ناوەندی جەخت لەوە دەکاتەوە "لە کۆتاییدا خواستی گەلی کورد و مافی ژیانێکی ئازاد بەسەر ئەو بەربەستانە سەردەکەوێت کە شۆڤێنیزم دروستی کردوون". هەروەها باوەڕی وایە "بەشێکی کێشەکان چارەسەر ناکرێن". دواجار ڕەخنە لە ڕژێمی بەعس دەگرێت: "ئەم ڕژێمە بەردەوامە لە ناردنی فیرقەی سەربازی بۆ کوردستان، بۆ پشتیوانیکردن لە خیانەتکاران و گروپە بەکرێگیراو و جاشە کوردییەکان، کە بۆ ئەنجامدانی هێرشی چەکداری هانیان دەدات، ئەمەش ڕەفتاری شۆڤێنی، ڕەگەزپەرستی و شەڕانگێزانەی ڕژێم نیشان دەدات"[(١)].

سەبارەت بە چالاکی کورد لە دەرەوەی وڵات، بڕوانە پاشکۆی دوازدەیەم.

---

(١) نامیلکەیەکی ٨ لاپەڕەیی، بە زمانی عەرەبی.

# بەشی نۆیەم

## پرسی کورد و شۆڕشەکەی لە ڕوانگەی کۆمەڵگای نێودەڵەتییەوە

هەڵوێستی جیهانی عەرەبی و وڵاتانی دەوروبەری غەیرە عەرەبی و جیهانی سێیەم و وڵاتانی دیکە بەرامبەر شۆڕشی کوردستانی عێراق چییە؟

هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان و خاچی سووری نێودەوڵەتی چییە؟

ئایا یاسای نێودەوڵەتی ئەوەندە پەرەسەندوو و دادپەروەرانەیە، بتوانێت چارەسەرێک بۆ پرسێکی وەک پرسی کورد بدۆزێتەوە؟

ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە بەپێی کەیسەکە تیشکی دەخەینە سەر، دواتر وێنایان دەکەین و کورتی دەکەینەوە.

### ١. جیهانی عەرەبی و پرسی کورد

لە بەشەکانی پێشوودا؛ تیشکمان خستووەتە سەر هەڵوێستی جیهانی عەرەبی و لایەنە سیاسییەکانی و ڕای گشتی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق و حکومەتەکانی، هەڵوێستی عەرەبەکانی عێراق و حکومەتی بەغدا بە شێوەیەکی سروشتی و سیستماتیک لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کرا و پەرەسەندن و گۆڕانەکانی بەدواداچوونیان بۆ کرا. خوێنەر خۆی دەزانێت، دەبێت جیاوازی لەنێوان هەڵوێستی حکومەتی عێراق و هەڵوێستی زۆرینەی عێراقییەکان و پێکهاتە سیاسییەکانیان بکرێت کە زۆر جیاوازن. هەروەها زانراوە جگە لە پارتی شۆڕش کە پارتی دیموکراتی کوردستانە، تاکە پارتی عێراقی کە ئێستا دان بە پرەنسیپی ئۆتۆنۆمی کوردستان دەنێت و لە دوای پەرەسەندنێکی سەرسوڕهێنەردا؛ لە نووسینەکانیدا پشتگیری دەکات، حزبی شیوعی عێراقە. باڵی چەپی "بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی" و بەعس لە عێراق بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لایەنگری بیرۆکەی کوردستانێکی سەربەخۆن لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا.

هەڵوێستی جەزائیر و وڵاتانی دیکەی باکووری ئەفریقا: خەڵک بە گشتی پشتیوانی خەبات و تێکۆشانی کورد بۆ ئازادی دەکەن، بەڵام حکومەتەکانی ئەو وڵاتانە هیچیان

نەکردووە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی فەرمی یان سیاسی ئەم پشتیوانییە نیشان بدەن.

سەبارەت بە هەڵوێستی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی: سەرۆک ناسر هەندێکجار پشتگیری شۆڕشی کوردی کردووە و هەندێکجار پشتگیری نەکردووە، ئەمەش پشت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق دەبەستێت. پشتگیری ئەو زۆر جار لاواز و ناڕوون بوو. ئەگەر نەیدەتوانی سوپای عێراق ناچار بکات چارەسەر قبوڵ بکات، خۆ دەیتوانی هەڵوێستێکی ڕوونتر و فەرمیتر پیشان بدات و لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان ڕۆڵێکی چالاک بگێڕێ. سەرۆك ناسر دەیتوانی پێداگری لەسەر ئەوە بکات کە کورد بخرێتە ناو گفتوگۆکانی دروستکردنی فیدراسیۆنی عەرەبی.

لەبارەی هەڵوێستی حکومەتە عەرەبییە میانڕەوەکان یان حکومەتە شاهانییەکان، تەنانەت ئەگەر پەیوەندییەکی باشیشیان لەگەڵ بەغدا نەبووبێت، هەرگیز پشتگیری بزووتنەوەی کوردیان نەکرد و هاوسۆز نەبوون. بورقیبەی سەرۆکی تونس کە بە بیروڕای واقیعی ناسراوە، دەگوترێت هەڵوێستێکی کراوە و ئاشتیانەی بەرامبەر بە بزووتنەوەی کوردی هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا؛ هیچ هەنگاوێکی سیاسی کرداری یان هەڵوێستی ڕوون لەم ئاراستەیەدا نەگیراوەتەبەر.

هەستی جەماوەری و سیاسی لە ئوردن و لوبنان، دانیشتوان، بەتایبەتی مەسیحییەکانی لوبنان، پشتگیری لە بزووتنەوەی کوردی دەکەن. حزبە شیوعییە عەرەبییەکان، یان ئەوانەی پاش دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبیدا ماونەتەوە، بە هەمان شێوە پشتگیری ئەم بزووتنەوەیە دەکەن. "بزووتنەوەی ناسیونالیستە عەرەبەکان" لە سوریا و لوبنان و بە تایبەتی باڵی چەپ بەرگری لە داخوازییەکانی کورد دەکات. ئەمە بۆ باڵی چەپی هەندێک لە ڕێکخراوە فەڵەستینییەکانیش ڕاستە، وەک "بەرەی دیموکراتی جەماوەری بۆ ڕزگاری فەڵەستین".

هەڵوێستی حکومەتە عەرەبییەکان بەرامبەر بە شۆڕشی کورد: هیچ حکومەتێکی عەرەبی ناڕەزایی بەرامبەر بە بەکارهێنانی ناپاڵم و بۆمبارانکردنی زەمینی و ئاسمانی خەڵکی مەدەنی کورد دەرنەبڕی، هەرچەندە گەلی کورد موسڵمانن و سەڵاحەدینی گەورەیان بە جیهانی ئیسلامی بەخشیوە. هیچ حکومەتێک بە فەرمی هەوڵی کۆکردنەوەی

هەردوولای لە سەر مێزی گفتوگۆ بۆ دانوستانی ئاشتی نەداوە. زۆربەی وڵاتانی عەرەبی پاڵپشتی عێراقن، چ لە پەیوەندی کەلتوری یان ئایینی یان بە بیانووی خەباتی دژە ئیمپریالیزم، لە دژی شۆڕشی کورد پشتگیری حکومەتی عێراقیان کرد. خودی کورد خۆی دژی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم دەجەنگێت. ئەم هاوپەیمانییەی نێوان وڵاتانی عەرەبی کە (١٣ وڵاتی سەربەخۆ بوون)، کوردی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی قەتیس کردووە، چونکە وڵاتانی عەرەبی بەهۆی سەرچاوەکانیان وەک نەوت و کەرەستەی خاو، قورسایی ئابووری گەورەیان لە جیهاندا هەیە. قورسایی ئەم هێزەیان ڕێگە بە دیپلۆماتکارانی میسر و سوریا دەدات، بۆ پوچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی کورد بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی لە دەرەوە، یارمەتی هاوتا عێراقییەکانیان بدەن.

لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە زانیمان کە لە ٢٩ی ئایاری ١٩٦٦ باڵیۆزی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی و باڵیۆزی عێراق لە ستۆکهۆڵم لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سوید کۆبوونەوە. ئامانجیان ڕێگریکردن بوو لە کۆبوونەوەی سەرۆک وەزیرانی سوید دکتۆر تاگ ئێرلاندەر لەگەڵ ئێمە وەك نوێنەرانی شۆڕشی کورد، کە بڕیار بوو نامەیەکی نوسراوی ژەنەڕاڵ بارزانی بگەیەنینە سەرۆك وەزیران. لە ١ی حوزەیران باڵیۆزخانەی عێراق ڕاگەیەندراوێکی درێژی بڵاوکردەوە و ناڕەزایی بەرامبەر بە ڕووماڵکردنی میدیاکان بۆ پرسی شۆڕشی کورد بەبۆنەی سەردانەکەمان دەربڕی. ئەم ڕووماڵە لەلایەن تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕاگەیاندنەکانی سوید پێشکەش کرا. سەرەڕای کۆبوونەوەیەك کە باڵیۆزخانەکە بۆ ئەم مەبەستە ڕێکیخست، بەڵام ئەو میدیایانە ڕەتیان کردەوە ڕاگەیەندراوە پڕ ناڕەزاییەکەی عێراق بڵاوبکەنەوە. ئێمە کۆپیەکی ئەم ڕاگەیەنراوەمان لای خۆمان پاراستووە. عێراق و وڵاتانی تری عەرەبی چەندین جار فشاریان خستۆتە سەر حکومەتی لوبنان بۆئەوەی ڕێگەمان لێ بگرێت لە چوونە ناو لوبنان (بڕوانە ڕاگەیەندراوی باڵیۆزخانەی عێراق لە بەیروت لە ڕۆژنامەی دەیلی ستار لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٦٥ لە بەیروت). ئەمە لە ئابی ١٩٦٥ ڕوویدا. سەرەڕای ئەوەش؛ بەڕێز شەوکەت ئاکرەیی، نوێنەری کورد لە قاهیرە، لەکاتی هێرشی بەهاریی عێراقدا، ناچار کرا لە ئاداری ١٩٦٥ میسر بەجێبهێڵێت. هەروەها هەستمان بە فشاری دیپلۆماتی عێراقی و عەرەبی کرد لە شارەکانی وەک پاریس و لەندەن و بۆن و بێرن و واشنتن و نیویۆرک. بەگشتی ئەم دەستێوەردانەی عێراق بە خراپی ئەنجام درا، بەتایبەتی لە ڕۆژنامەکاندا. بۆ نموونە، لە وەڵامێك بۆ ئەمیر کامەران

بەدرخان، حیکمەت سلێمان-ی باڵیۆزی عێراق لە پاریس، ڕایگەیاند: "هیچ یاخیبوونێکی کورد لە عێراق نییە، بەڵکو تەنیا گروپێکی بچووکی جوداخوازی کوردن". (لوموند، ٣٠ تەمووزی ١٩٦٥).(هەروەها سەیری بەشی هەشتەم بکە، بڕگەی "شکانی ئاگربەستەکە").

هەرچەندە ئەوە ڕاستە کە لە ناسیۆنالیزمی تونڕەوی عەرەبی هەڵەیەکی ئەخلاقی هەیە، لەلایەن هەندێک سەرکردەوە ترس لە بێگانەیە پەیڕەو دەکرێت، بەڵام هەڵەن ئەگەر وا بیربکەینەوە هەموو جەماوەری عەرەب لەگەڵ ئەم بۆچوونە هاوڕان. لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزمێکی تری عەرەبی هەیە، دیموکراتیتر، دڵسۆزتر بۆ بەها نەریتییەکانی عەرەب، دواتر نیشتیمانپەروەرانەتر. ئەمەش لە خۆپیشاندانەکاندا، بەتایبەتی لە لوبنان، لە ڕۆژنامەکان و لە نێو سیاسەتمەداراندا دەبینرێت، لە دژی ئەو جەنگە سەرتاسەرییانەی بەعسییەکان لە دژی گەلی کورد بەڕێوە دەبرێن. لەم ناڕەزایەتیانە میانڕەوی و تێگەیشتنی ژیرانە و پاڵنەر و هەناسەیەکی مرۆڤدۆستانە هەیە کە دڵنیاکەرەوەیە بۆ داهاتووی بیری عەرەبی کە لە ڕووی مێژووییەوە شکۆدارە و لەڕووی نەریتییەوە لیبڕالە، بەڵام چەپی عێراق نموونەیەکی دیکەمان پێشکەش دەکات.

سەرەڕای جەنگێک کە لە ساڵی ١٩٦٩ دەچووە هەشتەمین ساڵی خۆی و هێشتا کۆتایی نەهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا گەلی کورد ڕقی لە عەرەب نییە و بە شێوەیەکی سیستماتیک شۆڕشەکەی ڕێکخستووە و بەرهەڵستی هەموو هێرشە سەربازییەکانی کردووە، بەڵام بە دڵسۆزییەوە هیوای ئاشتی لەگەڵ عەرەب دەخوازێت، بە مەرجێک بە تەواوی مافەکانی دیاربکرێن. تەنانەت لە کاتی جەنگیشدا دڵسۆز مایەوە، ژان پرادییێر ئاماژە بە نەبوونی تیرۆرکردن لە شۆڕشدا دەکات. گەلی کوردیش سوورە لەسەر ئەوەی بە ئاشتی و دۆستایەتی لەگەڵ عەرەب بژیت. لەگەڵ ئەوەشدا؛ ئەم دڵسۆزییە بەباشی نەگەیشت و متمانەکەی لە جێی خۆیدا نەبوو. ئەو عەرەبانەی داکۆکی لە مافەکانی کورد دەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی شانبەشانی کورد لە یەکەکانی لەشکری شۆڕش؛ لەپێناو کوردستانێکی سەربەخۆ لەعێراقێکی دیموکراتیدا شەڕێکی بوێرانە و گرنگ دەکەن بەکردەوەکانیان، هەرچەندە سنووردار و بچووکیش بێت، متمانەی گەلی کورد دەگەڕێننەوە و بەجۆرێک تێگەیشتنی دەوڵەتانی عەرەبی و هەڵەکانی بەغدا و دڕندەیی جەنگ ڕاستدەکەنەوە.

## ٢. کێشەی کورد لە سوریا

پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد، سوریا لە ساڵی ١٩٦٣ سوپای خۆی بۆ یارمەتیدانی سوپای عێراق لە شەڕکردن دژی شۆڕشی کورد نارد. دیپلۆماسیەتی سوریاش زۆر چالاک بووە لە دژایەتیکردنی ئەم بزووتنەوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا؛ مەحاڵە بتوانین باسی هەڵوێستی عەرەب بەرامبەر بە کورد بکەین، بێ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە خودی سوریادا، کێشەیەک کە هەم جدییە و هەم کەم ناسراوە.

ژمارەی دانیشتوانی کورد لە سوریا نزیکەی نیو ملیۆن کەسە لە کۆی پێنج ملیۆن دانیشتوانی سوری، واتە نزیکەی ١٠٪ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە. زۆرینەی کوردەکانی سوریا بە شێوەیەکی سەرەکی لە سێ ناوچەی باکووری وڵات دەژین کە زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن:

١. لە ناوچەی جەزیرە کە بە پارێزگای حەسەکەش ناسراوە و دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، نزیکەی ٣٠٠ هەزار کورد هەیە لە کۆی ٣٩٠ هەزار دانیشتووان. کورد بە شێوەیەکی سەرەکی لە بەشی باکووری ئەم ناوچەیە نیشتەجێن کە لە ڕووی دانیشتوان چڕترینە و لە ڕووی کشتوکاڵ بەپیترینە. ئەم ناوچە کوردییە کە گەورەترین ناوچەیە لە سوریا، پارچەیەکی بەر تەسکە، بەڵام نزیکەی ٣٠٠ کیلۆمەتر درێژە و لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا درێژبووەتەوە. لە باکوورەوە هاوسنوورە لەگەڵ سنووری تورکیا (کوردستانی تورکیا) و لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ سنووری عێراق (کوردستانی عێراق).

٢. ناوچەی کورداغ کە بە "چیای کورد" ناسراوە، بەتەواوی کوردنشینە و دووەم گرنگترین ناوچەی کوردییە لە سوریا. تاکە ناوچەی شاخاوییە لە نێو ناوچە کوردنشینەکاندا دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای حەلەب و لە باکوورەوە هاوسنوورە لەگەڵ سنووری تورکیا (کوردستانی تورکیا) و لە ڕۆژاواوە لەگەڵ پارێزگای هاتای تورکی (پێشتر سەنجاکی ئەلێکساندەرێتی سوری بوو). ئەم ناوچەیە نزیکەی ١١٠ هەزار کوردی تێدایە.

٣. ناوچەی کۆبانێ (عەرەب پنار -هەروەها پێی دەوترێت عەین ئەلعەرەب) دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی حەلەب و ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات. نزیکەی ٥٠ هەزار کورد تێیدا نیشتەجێن. ئەم ناوچەیە لە دووانەکەی تر بە ناوچەکانی نیشتەجێبوونی عەرەب جیا دەکرێتەوە. هاوشێوەی ناوچەکانی جزیرە و کورداغ لە

باکوورەوە هاوسنووره لەگەڵ سنووری تورکیا (کوردستانی تورکیا).

لە ناوچە کوردنشینەکانی سوریا پێنج شاری سەرەکی هەن کە چواریان لە ناوچەی جەزیرەن: قامیشلۆ کە نزیکەی ٤٠ هەزار دانیشتووی هەیە. عامودا ١٥ هەزار دانیشتووی هەیە. دیربێسیرێ ژمارەی دانیشتووانەکەی ١٥ هەزار کەسە، دێریکا ژمارەی دانیشتووانی ٦ هەزار کەسە. پێنجەم شار عەفرینە کە دەکەوێتە ناوچەی کورد-داغ نزیکەی ١٨ هەزار دانیشتووی تێدایە. سێ شاری یەکەم (قامیشلۆ، عامودا و دیربێسیرێ) نزیکن لە سنووری تورکیا، لە کاتێکدا دێریکا دەکەوێتە ناوچەی "سێگۆشەی" و نزیک سنووری سوریا و تورکیا وعێراق. کوردەکانی سوریا زۆربەیان دانیشتووی گوندن و بەشێوەیەکی سەرەکی وەک جوتیار کار دەکەن. ئەوانەی لە شار دەژین، زیاتر خۆیان بۆ بازرگانی تەرخان دەکەن.

کوردی ئەم ناوچانە؛ لە کوردستانی عوسمانی جیاکرانەوە و بەهۆی ڕێککەوتنی فەڕەنسا و تورکیا کە لە ٩ ی ئاداری ١٩٢١ لە لەندەن واژۆ کرا، تێکەڵ بە سوریا کران. ئەم ڕێککەوتننامەیە سنووری نێوان تورکیای مستەفا کەمال ئەتاتورک و دەوڵەتی نوێی سوریای دیاری کرد کە ئەوکات لەژێر دەسەڵاتی فەڕەنسا بوو. هەندێک لە کوردەکانی دانیشتووی ناوچەی جزیرە لە نێوان ساڵانی ١٩٢١ و ١٩٣٨ لە کوردستانی تورکیاوە کۆچیان کرد بۆ ئەم ناوچەیە. لەو کاتەدا جەزیرە ناوچەیەکی نیمچە بیابانی بوو کە تەنیا لە گوندە کوردییەکاندا کاری کشتوکاڵی دەکرا. بەهۆی ماندووبوونی جوتیارانی کوردەوە، ئەم هەرێمە ببووە سەبەتەی نانی ڕاستەقینەی کشتوکاڵی سوریا. پێش ئەوەش هەندێک هۆزی عەرەبی کۆچەری وەک تەی و شەمەڕ و جبور و بەکەرە ئەم ناوچەیەیان بەکاردەهێنا، ئەم هۆزانە کە زیاتر خۆیان تەرخانکردبوو بۆ بەخێوکردنی حوشتر، هەندێک جار لەگەڵ جوتیارە کوردەکان ناکۆک دەبوون و هەڕەشەی هێرشکردن و لەناوبردن و داگیرکردنی بەروبوومەکانیان دەکرد.

لە ساڵی ١٩٥٧ پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا بە ئامانجێکی زۆر میانڕەوانە دامەزرا. پرۆگرامەکەی(١) لە ساڵی ١٩٦٧ دیاری کراوە، ئامانجەکانی بریتی بوون لە:

---

(١) پرۆگرامەکە بەپێی ئەو دەقەی لە یەکەم کۆنگرەی پارتی لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٧ پەسەند کرا، کورت کرایەوە.

١. کۆتایهێنـان بـەو زوڵمـە نەتەوەییـەی حکومەتـی دیمەشـق بەرامبـەر کوردانـی سـوریا ئەنجامیـداوە و لـە دەسـتووردا گەرەنتـی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد بچەسـپێنێت.

٢. بـۆ بەرقەرارکردنـی یەکسانی تـەواوی مافـەکان لـە نێوان کـورد و عـەرەب و ڕێگـەدان بـە گەشـەکردنی ئازادانـەی کەلتـوری نەتەوەیـی کـورد لـە سـوریا.

٣. کارکـردن بـۆ گێڕانـەوەی ڕژێمێکـی دیموکراتـی لـە سـوریا کـە لەسـەر بنەمـای سیسـتمی پەرلەمانـی و ڕێزگرتـن لـە ئازادییـە گشـتییەکان بێـت و هـاوکات پشـتیوانی لە سیاسـەتی بـە کۆمەڵایەتـی کـردن بکات.

٤. خۆمـان لـە ئاسـتی نێودەوڵەتـی دژی ئیمپریالیـزم پابەنـد بکەیـن و پشـتیوانی لـەو خەڵکانـە بکەیـن کـە بـۆ ئـازادی نەتەوەیـی خۆیـان تێدەکۆشـن، چ عـەرەب بـن یـان کـورد یـان ئەوانـی تـر.

٥. بـۆ بەدیهێنانـی ئەو ئامانجانە، پشـت بە پێکهاتـە پێشـکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگای کوردی سـوریا ببەسـتن و هەماهەنگـی لەگـەڵ سـەرجەم هێـزە دیموکراتییەکانـی گەلـی سـوریا بکـەن، لەپێنـاو پێکهێنانـی بەرەیەکـی یەکگرتـوو، بـۆ داکۆکیکردن لـە مـاف و ئازادییەکان.

لـە سـاڵی ١٩٦٠ پـاش سـاڵێک لـە چالاکیـی نهێنـی، زۆربـەی سـەرکردەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی سـوریا، لـە نێویانـدا دکتـۆر نورەدیـن زازا سـەرۆکی پارتەکـە، دەسـتگیرکران و سـزای جۆراوجـۆر و زیندانییـان بەسـەردا سـەپێنرا. تۆمەتبارکـران بـەوەی ویسـتویانە دەوڵەتێکـی کـوردی جوداخـواز لـە باکـووری سـوریا دابمەزرێنـن. ئـەم سـەرکوتکردنە لـە سـەردەمی ڕژێمـی عەقیـد عەبدولحەمیـد ئەلسـەراج لـە کاتـی یەکگرتنی سـوریا لەگـەڵ میـسر ڕوویـدا. سـەرەڕای ئـەم سـەرکوتکردنە، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی سـوریا بـە سـەرکردایەتییەکی نوێـوە لـە چالاکییەکانـی بـەردەوام بـوو.

پـاش جیابوونـەوەی سـوریا لـە کۆمـاری عەرەبـی یەکگرتـوو لـە سـاڵی ١٩٦١، ڕژێمـی بـۆرژوازی قودسـی و عـەزم لـە هەوڵـی قەرەبووکردنـەوەی گۆشـەگیریی خـۆی لـە گۆڕەپانـی جیهانـی عەرەبیـدا بارودۆخـی کوردەکانـی لـە سـوریا خـراپتر کـرد. هەڵمەتێکـی ڕۆژنامەوانـی گـەورە دەسـتیپێکرد و کـوردی تۆمەتبـار کـرد بـەوەی بـە نایاسـایی لـە تورکیـا و عێراقـەوە چوونـە نـاو ناوچـەی جەزیـرەوە و دەیانەوێـت بـە

"پشـتیوانی ئەمریـکا و ئیمپریالیـزم" لـەوێ "ئیسرائیلـی دووەم" دابمەزرێنـن. ڕێوشـوێنی نایاسـایی دژ بـە کـورد گیرایەبـەر. لـە تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٢، دەسـەڵاتدارانی سـوریا بـە بڕیارێکـی سـەرۆکایەتی ژمـارە ٩٣ لـە ٢٣ ی ئابـی هەمـان ساڵدا، تەنیـا لـە پارێـزگای جەزیـرە سـەرژمێرییەکی دانیشـتووان ڕێکخـرا. ئـەم سـەرژمێرییە بـە زۆری هـۆکاری دۆزینـەوەی نـەوت بـوو لـەم ناوچەیـەدا کـە زۆرینـەی دانیشـتووانی کـوردن. بەگوێـرەی ئەنجامەکانـی ئـەم سـەرژمێرییە، نزیکـەی ٪٤٠ ی کوردەکانـی جەزیـرە بـە "غەیـرە سـوری" دانـران، سـەرەڕای ئـەو ناسـنامانەی کـە پێـشتر هەیانبـوو و هاووڵاتـی بوونـی ئەوانـی دەسـەلماند. ئەوانـەی بـە سـوری دەناسرێـن، ناچـار بـوون ناسـنامەکانیان بـە ناسـنامەی نـوێ بگـۆڕن. بـەم شـێوەیە نزیکـەی ١٢٠ هـەزار کـورد لـە ڕەگەزنامـەی خۆیـان بێبـەش کـران و بـە بیانـی دانـران. ئـەم بڕیـارە بوارێکـی زۆری بـۆ خۆپەرستی بـۆ بەرپرسـانی دەوڵـەت بەجێهێشـت، بەجۆرێـک کـە زۆرجـار لەنـاو یـەک خێزانـدا، هەندێـک لـە ئەندامـەکان بـە "سـوری" و هەندێکـی تـر بـە "قاچـاغ یـان بـێ ناسـنامە " پۆلێـن دەکـران. ئەوانـەی بـە "قاچـاغ" پۆلێـن دەکرێـن، کەوتوونەتـە ژێـر فشـاری ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی تونـد بـە مەبەسـتی ناچارکردنیـان بـۆ جێهێشـتنی وڵات.

وەک پێشـبینی دەکـرا، پـاش هاتنـی ڕژێمـی بەعـس بـۆ دەسـتەڵات لـە ئـاداری ١٩٦٣، بارودۆخـی کـورد خـراپتر بـوو:

١. چەوسـاندنەوەی ئەندامانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان: سـەرکردەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە سـوریا جارێکـی دیکـە ڕووبـەڕووی ڕەشبگیری بوونـەوە کـە ژمارەیەکیـان دەسـتگیرکران و زیندانـی کـران.

٢. بێبەشکردنی کوردانی بێ ناسنامە لە مافە بنچینەییەکان:

- ئـەم کوردانـە چیـتر ناتوانـن بـە یاسـایی هاوسـەرگیری بکـەن، یـان مامەڵـەی بازرگانـی ئەنجـام بـدەن.
- ناتوانن خانووەکانیان بفرۆشن، یان نۆژەنبکەنەوە.
- ناتوانـن منداڵەکانیـان لـە قوتابخانـە تۆمـار بکـەن، خزمەتگـوزاری مەدەنـی وەربگـرن، یـان لـە کەرتـی تایبـەت کار بکـەن.

- هەروەها لە کاتی نەخۆشکەوتنیان، لە چوونە نەخۆشخانە و چارەسەر بێبەش دەبن.
- بۆ هەموو ئەم ڕێوشوێنانە؛ پێویستە ئەو کاغەزانە پێشکەش بکەیت کە ئەوان نییانە.
- سەرەڕای ئەوەش؛ ئەوان ناتوانن بێ مۆڵەتی تایبەت لە پارێزگار لە نێوان گوندەکان و ناوچەکاندا هاتوچۆ بکەن، کە بەدەستهێنانی زۆر مەحاڵە.
- سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەوان هێشتا بۆ خزمەتی سەربازی بانگ دەکرێن.

٣. ئەم چەوساندنەوەیە پەیوەندی بە هەموو کوردەکانەوە هەیە، تەنانەت ئەوانەی ناسنامەشیان هەیە:

- پۆلیس دەتوانێت ماڵە کوردەکان بە شێوەیەکی دڕندانە بپشکنێت.
- هەبوونی کتێب یان دەقێکی کوردی، تەنانەت ئەدەبییش؛ زۆرجار دەبێتە هۆی دەستگیرکردن، سوکایەتی کردن و توندوتیژی.
- تۆمارەکانی مۆسیقای کوردی بە ئاشکرا لە کافتریاکان و شوێنە گشتییەکاندا لەناودەبرێن.
- ئەگەر کوردێک بە سوری خۆی ناساند، بچێتە فەرمانگەیەکی حکومی و بە باشی بە عەرەبی قسە نەکات، سووکایەتی پێدەکرێت و دەردەکرێت.
- تەنانەت ئەگەر بە عەرەبییەکی باشیش قسە بکات، دەبێت خۆی وەک عەرەبی سووری بناسێنێت نەک تەنیا "سوری"، ئەگینا سووکایەتی پێدەکرێت و ڕەتدەکرێتەوە.

٤. ترسناکترین هەنگاو کە هەڕەشە لە گەلی کورد دەکات لە سوریا و جینۆسایدێکی ڕاستەقینەیە، پلانی "پشتێنەی عەرەبی"یە، ئەم پلانە پێکهاتووە لە:

- دەرکردنی سەرجەم جوتیارانی کورد لەسەر پارچە زەوییەک بە درێژایی ٢٨٠ کیلۆمەتر و پانییەکەی ١٠ کیلۆمەتر لەسەر سنووری تورکیا کە لە ناوچەی جەزیرە دەژین.
- ئەم کوردانە بە جووتیارانی عەرەب یان عەرەبی دەشتەکی جێگەیان پڕدەکرێتەوە، کە لەلایەن حکومەتەوە لە ناوچەکانی ترەوە هێنراون.

ئەم ناوچەیە ٣٣٢ گوندی کوردی لە خۆ دەگرێت کە ١٤٠ هەزار جووتیاری

کوردی تێدا دەژین. حکومەت پێشنیازی ئەوە دەکات، لە بیابانی ئەلرەد لە نزیک حەسەکە نیشتەجێ بکرێن، کە هیچ ڕووەکێکی تێدا ناڕوێت. هەنوکە دانیشتوانی شارەکانی ئەم هەرێمە؛ کاریگەریی ئەم ڕێوشوێنەیان لەسەر نییە[1].

دەسەڵاتدارانی بەعس ناوێکی نوێیان بە پلانی " پشتێنەی عەرەب " داوە و ئەمەیان بە "پلانێک بۆ دامەزراندنی کێڵگەی نموونەیی دەوڵەت" ناوبرد. بە بیانووی "سۆسیالیزمی عەرەبی"، جووتیارانی کورد لە گوندەکانیان دەردەکرێن و بەزۆر ئاوارە دەکرێن بۆ بیابان و بوونیان دەکەوێتە مەترسییەوە. لە ڕاستیدا، ئەمە سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستی و سەرکوتکەرانە و کۆنەپەرستییە کە خۆی لە پشت گوتاری شۆڕشگێڕانە شاردووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٦٦ پلانی "پشتێنەی عەرەبی" جێبەجێ کرا و بۆ ناوچەکانی "چیای کوردان" و "کۆبانێ" درێژکرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا؛ جوتیارە کوردەکان بە پشتیوانی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا ڕەتیان کردەوە گوندەکانیان جێبهێڵن و گوتیان: لێرە بمرین باشترە لەوەی بگوازرێینەوە بیابان. تا ئێستا حکومەتی دیمەشق بۆ دەرکردنیان هێزی بەکارنەهێناوە، هەرچەندە هەندێک گوند بە یارمەتی هێزی پۆلیس و سوپا چۆلکراون.

لە ساڵی ١٩٦٧ لە بەرامبەر بەرهەڵستی جووتیاران، هەموو گوندە پەیوەندیدارەکان کرانە موڵکی دەوڵەت. دانیشتووانەکەیان چیتر ڕێگەیان پێنەدرا کێڵگەکانیان بکێڵن، یان بەروبوومەکانیان دروێنە بکەن. تیمەکانی دەوڵەت بە یاوەری دەڕاسە و هێزی پۆلیس بەرپرسیارێتی دروێنەیان گرتە ئەستۆ. لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٧ جووتیاران ڕێگەیان پێدرا بەروبوومەکانیان بدورنەوە. لەو کاتەدا سوریا لە ژێر هێرشی هێزەکانی ئیسرائیلدا بوو. کورد؛ تەنانەت ئەوانەی لە ڕەگەزنامەی سوریش بێبەشکرا بوون، دەبووایە شان بە شانی عەرەبەکان بەرگری لە وڵات بکەن. بەبیریان هاتەوە کە ئەوان "نەوەی سەلاحەددینی مەزن"

(١) دیموکرات، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریایە، ژمارە ٦ی مانگی شوباتی ١٩٦٧ و ژمارە ٨ی ١ی ئایار، هەروەها بڕوانە بەیاننامەی ١١ی شوباتی ١٩٦٧ی کۆمیتەی داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد.

بــوون ، ئەمەیــان پێدەڵێــن، بــۆ ئــەوەی بــۆ شــەڕکردن هانیــان بــدەن. زۆر کــەس هیوایــان دەخواســت حکومەتــی دیمەشــق واز لــە سیاســەتی ســەرکوتکردن بهێنێــت، بــەڵام پــڕۆژەی دەرکردنــی بەکۆمەڵــی دانیشــتوانی کــورد لــە ناوچــە ســنوورییەکان بــە فەرمــی مایــەوە، هەرچەنــدە هەندێــک دوودڵــی هەبــوو. بەڵگەنامــەی فەرمــی سوریامان لەســەر ئــەم بابەتــە هەیــە. یەکێــک لەوانــە بەناونیشــانی: "ڕاپــۆرت لەبــارەی پــڕۆژەی کێڵگــە حکومییــەکان لــە پارێــزگای حەســەکە" کــە لــە ڕۆژنامەیەکــی ناوخۆیــی تایبــەت بــە کادیرانــی حزبــی بەعســی ســوریا بــە نــاوی ئەلموناضــل بــوو لــە ژمــارە ١١ی مانگــی کانوونــی یەکەمــی ١٩٦٦ بڵاوکرایــەوە. یەکێکــی دیکــە "ڕاپۆرتــی تایبــەت لەســەر هەرێمــی عەفریــن" (چیــای کــوردان) لــە ١٣ی تەمــووزی ١٩٦٦. بەداخــەوە؛ بەهــۆی کەمــی بــوارەوە، ناتوانیــن لێــرەدا شــیبکەینەوە. (هەروەهــا لــە پێشــەکی ئــەم کتێبــە ســەیری "مێژوونووســی فەرمــی" بکــە).

لــەدوای جەنــگ؛ ناســیۆنالیزمی عەرەبــی دەبێتــە هێزێکــی پۆزەتیــڤ و یارمەتــی گەلانــی عــەرەب دەدات خۆیــان لــە کۆلۆنیالیــزم و کاریگــەری زلهێزانــی بیانــی ڕزگار بکــەن. ئــارەزووی جەمــاوەری عــەرەب بــۆ یەکگرتنیــان تێــر بــکات، ناســیۆنالیزمی عەرەبــی دوای جەنــگ؛ بــە مانایــەک هێزێکــی پێشــکەوتنخوازە، بــەڵام ئــەم ناســیۆنالیزمە کاتێــک دەبێتــە کێشــە کــە هێــرش دەکاتــە ســەر مافەکانــی گەلانــی دیکــە. لــەوەش خراپترئەوەیــە هێــرش دەکاتــە ســەر نەتەوەیەکــی دراوســێی وەک کــورد کــە زۆر دەچەوســێنرێتەوە. ئــەم گەلــە چەوســاوانە؛ پێــشتر خراونەتــە ژێــر کۆنتڕۆڵــی ئیمپریالیزمــەوە. بەداخــەوە؛ لــە ڕۆژهەڵاتــی عەرەبــی (ڕۆژهەڵاتــی عەرەبــی)، زۆرجــار ئــەو ســەرکردانە ئــەم هەڵانــە دەکــەن کــە خۆیــان بــە شۆڕشــگێڕ ناودەبــەن. بنەماکانــی دادپــەروەری و مرۆڤایەتــی پشــتگوێ دەخــەن. هەڵەیەکــی هاوشــێوە لــە تورکیــا لــە ژێــر دەســەڵاتی کەمــال ئەتاتــورک لــە ســاڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ ڕوویــدا[١].

(١) بڕوانــە کتێبــی ( دیموکراتــی ژمــارە ٥)، لــە مانگــی کانوونــی دووەمــی ســاڵی ١٩٦٧، ســەردێڕێک بــە نــاوی: ‹‹ستەمی نیشــتمانی، لایەنێکی نائاسایی دەســەڵاتێکی پێشــکەوتنخوازانە››.

### ٣. هەڵوێستی ئیسرائیلییەکان

لەلایەن ئیسرائیلەوە سەبارەت بە ململانێی نێوان کورد و حکومەتی عێراق، هیچ لێدوانێکی فەرمی هەڵوێستی حکومەتی تەلئەبیبی بڵاو نەکردۆتەوە. تاکە لێدوانی زانراو قسەی ژەنەڕاڵ مۆشی دایان بوو کە لە ساڵی ١٩٦٦ دا کردبووی، ئەویش کاتێک هیچ ئەرکێکی فەرمی نەبوو. لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە پاریس پشتیوانی شەخسی خۆی بۆ تێکۆشانی کورد لە پێناو مافەنەتەوەییەکانی خۆی دەربڕی. لەبەرامبەردا ڕێکخراوە کوردییەکان زۆرجار هاوسۆزی خۆیان بۆ پرسی عەرەب و پشتیوانی خۆیان بۆ گەلی فەڵەستین نیشانداوە. بۆ نموونە، لە کۆنگرەی سێزدەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کە لە ١١ تا ١٧ی مانگی ئابی ١٩٦٩ لە بەرلینی ڕۆژئاوا بەڕێوەچوو، بڕیارێک لەم بارەیەوە پەسەند کرا.

ژەنەڕاڵ بارزانی بروسکەی هاوسۆزی بۆ کۆنفڕانسێکی پشتیوانی لە دۆزی فەڵەستین نارد کە لە ساڵی ١٩٦٨ لە قاهیرە بەڕێوەچوو. لەگەڵ ئەوەشدا؛ ڕێکخراوە کوردییەکان زیاتر خۆیان لە وەرگرتنی هەڵوێستی ڕوون سەبارەت بە ململانێی عەرەب و ئیسرائیل بەدوور دەگرن. لە کاتی شەڕی شەش ڕۆژە لە حوزەیرانی ١٩٦٧، کاتێک ئاگربەستێکی لاواز لە کوردستان هەبوو، ژەنەڕاڵ بارزانی ڕەتیکردەوە هێزی کورد بنێرێت بۆ شەڕکردن دژی ئیسرائیل. هەر بەشداربوونێکی کوردی مەرجدار کرد بە چۆڵکردنی پێشوەختەی هەندێک ناوچەی کوردی کە لەلایەن سوپای عێراقەوە داگیرکرابوون.

بانگەشەکانی هەندێک لە ناوەند و بازنەی عێراقی، لەوانە گروپی جیابووەوەی تاڵەبانی و ڕۆژنامەکەی ئەلنوور[١]، کە ئاماژە بە پیلانگێڕی نێوان ئیسرائیل و شۆڕشی کورد، یان شۆڕشی کورد لەگەڵ پەیمانی بەغدا دەکەن، ئەم تۆمەتانە هەموو بێ بنەمان، بەڵام نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل لە ئاستی باڵا یان بەرپرسانی کورد بە فەرمی ئیدانەی سیاسەتی ئیسرائیلیان کردووە، ئەمە بەتەواوی ڕەنگدانەوەی هەستی گەلی کورد نییە.

---

(١) بڕوانە دوو پەرەگرافی کۆتایی بەشی پێشوو.

وادیـاره ڕای گشـتی ئیسرائیـل لـە ئاسـتی جەمـاوەری تـا ڕادەیەکـی زۆر، بگـرە بەتـەواوی، لایەنگـری پرسـی کـوردن لـە عێـراق و سـوریا، ئەمـە جێگـەی تێگەیشـتنە. ئەمـە دەتوانرێـت بـە هاوسـۆزی بـۆ گەلێـك ڕوون بکرێتـەوە کـە دژی سـتەم و ستەمکاری نەتەوەیـی دەجەنگن کـە لەلایـەن حکومەتـە عەرەبییەکانـی دژی ئیسرائیلـەوە سـەپێنراوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا؛ ئیسرائیـل حکومەتـی بەغـدا بـە لاوازکردنـی عـەرەب دەبینێـت بـە چڕکردنـەوەی هێـزە سـەربازییەکانی لـە کوردسـتان. لـە چوارچێـوەی شـەڕی کوردسـتاندا، ڕەتکردنـەوەی حکومەتـی بەغـدا لـە دانـان بـە ئۆتۆنۆمـی کـورد، هەروەهـا چەوساندنەوەی گەلـی کـورد لەلایـەن حکومەتـی دیمەشـق، ئـەو بۆچوونـە جەماوەرییـە بەهێـز دەکات کـە ئـەم حکومەتانـە سـەرەڕای بانگەشـە و گوتـاری پێشـکەوتنخوازانەیان، لـە ڕاسـتیدا شـۆڤێنی، ڕەگەزپەرسـت و میلیتاریسـتن. لـە کۆتاییـدا هۆکارێکـی تـری مێژوویی و کۆمەڵناسـی بـۆ هەڵوێستی پەسـەندی ڕای گشـتی و جەماوەری ئیسرائیـل بەرامبـەر بـە دۆزی کـورد کـە لەگـەڵ تێڕوانینـە سیاسـییەکانی ئـەو سـەردەمە تـەواو نامۆیـە، دەگەڕێتەوە بـۆ پەیوەندییەکانـی نێـوان جوەکانـی کوردسـتان و دراوسـێیە مووسـڵمانەکانیان. جوەکانـی کوردسـتان هەمیشـە بـێ جیـاوازی لەگـەڵ هاونیشـتیمانە موسـڵمانەکان بـە ئاشـتی و تەبایـی ژیـاون. هەرچەنـدە؛ زۆربەیـان کۆچیـان کـردووە بـۆ ئیسرائیـل، لـە نیشـتیمانی نـوێ بـە کۆمـەڵ دەژیـن، بـەڵام لەگـەڵ عیبری بـە کوردیـش قسـە دەکـەن و بـە وڵاتـی ڕەسـەنی خۆیانـەوە پەیوەسـت دەمێننـەوە. ئـەو ڕێـز و ناوبانگـەی لـە نێـو دانیشـتوانی ئیسرائیلـدا بەدەسـتیان هێنـاوە، بەهـۆی تایبەتمەندییەکانـی خۆیانـەوە، دیسـان ئەمـە بەشـێکی پشـتگیری ئیسرائیـل بـۆ دۆزی کـورد ڕوون دەکاتـەوە. ئـەم پەیوەندییـە کەلتـوری و مێژووییـە لـە کتێبێکـی ئـەم دواییـەی بەڕێـز ئەبرەهـام بـن یاکـۆڤ بـە زمانـی عیبری بـە نـاوی "کۆمەڵگـەی جووەکانـی کوردسـتان"، کـە لـە "گۆڤـاری کـورد" کـە ئۆرگانـی "ڕێکخـراوی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەمریکا"[١] یـە ڕوونکراوەتـەوە.

هـەر لەبـەر هەمـوو ئـەم هۆکارانەیـە ئـەم هاوسـۆزییە لـە ڕاگەیاندنەکانی جووەکانـی دیاسـپورا دەردەکەوێـت کـە لـە دژی حکومەتەکانـی بەغـدا و دیمەشـق پشـتگیری لـە

---

(١) "جووەکانـی کوردسـتان" لـە نووسـینی یۆنـا سـابار، لـە "گۆڤـاری کـورد"، واشـنتۆن، بەرگـی پێنجـەم، ئادار-حوزەیرانـی ١٩٦٨، لاپـەڕە: ٢٠-٢٢.

دۆزی کـورد دەکـەن[١] و بـە شـێوەیەکی گشـتی خۆیـان لـە باسـکردنی پرسـی کـورد لـە تورکیـا و ئێـران دوور دەخەنـەوە. لـە پەخشـی ڕادیـۆی ئیسرائیـل بـە زمانـی عەرەبـی، هەواڵـی کوردسـتان ڕووبەڕێکـی هاوشـێوەی وڵاتانـی تـری ناوچەکـە داگیـر دەکات. لەگـەڵ ئەوەشـدا؛ دامەزراندنـی بزووتنەوەیـەک لـە ئیسرائیـل کـە لایەنگیـری کـورد دەکات لەلایـەن کۆمەڵێـک ڕۆشـنبیر بـە سـەرکردایەتی بەڕێـز ئەڤنێـری پەرلەمانتـاری ئۆپۆزسـیۆن لـە پەڕلەمانـی ئۆرشـەلیم بـە نـاوی "کۆمیتـەی بەرگـری لـە مافەکانـی گەلـی کـورد"[٢]، گەواهیـدەری جووڵـەی ئـەم پرسـەیە، بەڵام هێشـتا ڕوون نییـە، ئایا کۆمیتەکـە بەردەوامـە لـە کارکـردن، یـان چ کاریگەرییەکـی هەبـووە.

هەمـوو کـورد یـەک بۆچوونیـان لەبـارەی ئیسرائیـل نییـە: کەمینەی شـیوعییە کـوردەکان پەیـڕەوی بیـروڕای حزبەکەیـان دەکـەن و بـە تونـدی دژایەتـی ئیسرائیـل دەکـەن. گروپـی جیابـووەوەی کـوردی دەسـتەی ئەلنـور کـە هـاوڕای بیـروڕای سـەرەکی کوردەکانـی تـر نییـە، زیاتـر دژی ئیسرائیلـە. دۆزی کـورد کـەم دەکەنـەوە و دەڵێـن تەنیـا ناکۆکییەکـی بچـووك و سـادەیە لەگـەڵ حکومەتـی عێراقـدا[٣]، بـۆ ئـەوان خەباتـی ڕاسـتەقینە و گـەورەی کـورد ئەوەیـە لەگـەڵ عـەرەب بچنـە پـاڵ یـەکتر بـۆ ڕزگارکردنـی فەڵەسـتین. لەگـەڵ ئەوەشـدا؛ ئـەم بۆچوونـە پێچەوانـەی هەسـتی زۆرێـک لـە کوردەکانـە کـە تێکۆشـانی خۆیـان بـۆ مافەکانیـان بـە گرنـگ دەزانـن. لـە هەڵوێسـتی ئـەم گروپـەدا چەوشـەکاری زۆر و موزایـەدەی بێسـنوور هەیـە کـە ئامانجـی سـەرەکیان بەدەسـتهێنانی چـەک و پارەیـە لـە ژەنەڕاڵەکانـی بەغـدا، بـۆ شـەڕکردن لـە دژی شـۆڕشی کـورد. گروپـی سـێیەم کـە گروپێکـی بچووکـە، لـە ناسیۆنالیسـتە توندڕەوەکانـی کـورد پێکهاتوون، هەڵوێسـتێکی تـەواو جیاوازیان

(١) نموونـەی بەرچـاوی پشـتگیری لـە ڕۆژنامەکانـدا بریتیـن لـە وتارێـک کـە لـە ٤ی تەمـووزی ١٩٦٩ لـە ڕۆژنامـەی "Jüdische Rundschau Maccabi" لـە بـازل بڵاوکرایـەوە و بـە تونـدی ئیدانـەی سیاسـەتی عێـراق بەرامبـەر بـە کـوردەکان کـرد. وتارێکـی دیکـە کـە لـە ١٨ی تەمـووزی ١٩٦٩ لـە هەمـان ڕۆژنامەدا بڵاو کرایـەوە، بـە ناونیشـانی "ڕژێمـی فاشـیزمی سـوریا ئایدیۆلۆژیـای (نەبـەردی مـن کـە کتێبێکـی سەرکردەی سـەرکردەی نازییـەکان ئەدۆلـف هیتلـەرە) لـە دژی کـوردەکان پەیـڕەو دەکات "، سـەرنج لەسـەر نامیلکەیەکـی ئێمـە دەدات بـە ناونیشـانی "چەوسـاندنەوەی گەلی کـورد لەلایـەن دیکتاتۆرییەتی بەعـس لـە سـوریا".

(٢) هەواڵێک کە لەو کاتەدا لە ڕۆژنامەی لو مۆند بڵاوکرایەوە.

(٣) بەشێک لە سەروتاری ڕۆژنامەی النور لە ٧ی کانوونی دووەمی ١٩٦٨.

هەیـە. ئـەوان بـە تونـدی دژی عەرەبەکانـن و پشـتگیری ئیسرائیـل دەکـەن. بـە بۆچوونـی ئێمـە، بۆچوونـی ئـەو سێ گروپـەی ئاماژەمـان پێکـرد گوزارشـت لـە هەسـتی ڕاسـتەقینەی گەلـی کـورد نـاکات. زۆرینـەی کـورد پەیوەسـتە بـەو پەیوەندییـە مێژوویـی و ئایینـی و کەلتورییـەوە کـە ئـەوان بـە عەرەبـەوە دەبەسـتێتەوە. ئـەوان ناڕازیـن لـە بارودۆخـی گەلـی فەڵەسـتین و پشـتگیری لـە خەبـات و تێکۆشـانیان دەکـەن بۆ بەدەسـتهێنانەوەی ناسـنامەی نەتەوەییـان. لەگـەڵ ئەوەشـدا، کـورد هەسـت بـەو ڕق و کینەیـە نـاکات کـە زۆرێـک لـە عەرەبـەکان بەرامبـەر بـە جـووەکان هەسـتی پێدەکـەن. بـە پێچەوانـەوە، گەلـی کـورد دان بـە مافـی جووەکانـدا دەنێـت وەک فەڵەسـتینییەکان، بـۆ ژیانێکـی ئـازاد و هەبوونـی ناسـنامەی نەتەوەیـی خۆیـان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت.

ئێمـە چیرۆکـی قوتابییەکـی کوردسـتانی عێـراق دەزانیـن کـە لـە ئەوروپـا درێـژە بـە خوێنـدن دەدات، پاسـپۆرتی عێراقـی و بژێـوی ژیانی لەدەسـتدا و خوێندنـی دواکەوت. هیچ هەواڵێکـی لەسـەر خێـزان و بنەماڵەکـەی نییـە، بـەڵام ئەوەنـدە دەزانێت کە بەهۆی شـەڕی کوردسـتانەوە هەموو شـتێکیان لەدەسـتداوە، وڵاتێکی ئەوروپی میواندۆسـت سکۆلەرشـیپی خوێنـدن و بـۆ گەشـتکردن بەڵگەنامـەی کاتـی پێـدا. لـە گەشـتێکی تایبەتیـدا بـۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، چەنـد کاتژمێرێـک لـە تەلئەبیـب وەسـتا بـە مەبەسـتی ترانزێـت، ئـەو قوتابییـە پێـی گوتیـن: "مـن بـە هەمـوان دەڵێـم کـوردم و ڕقم لـە حکومەتـی بەغدایـە". کاردانەوەی ڕێبـواران لـە فڕۆکەخانـە سەرسـوڕهێنەر بوو: "بێگانـەکان هاتن بۆ لام و پرسـیاریان لێکردم و هەمووان دەیانویسـت بانگهێشـتم بکەن بۆ لای خۆیان. دیاری زۆرم وەرگرت". ئایا بەڕاسـتی دەتوانیـن لۆمـەی ئـەم قوتابییـە بکەین بـۆ کاردانەوەی؟

سـەرکردەکانی بزووتنـەوەی کوردی دەزانـن، ئۆتۆنۆمـی کورد پێویسـتی بـە پێکەوەژیانی ئاشـتیانە هەیـە لەنێـوان کـورد و عـەرەب لـە یـەک وڵاتـدا، بۆیـە دەیانەوێـت دۆسـتایەتی مێژوویـی نێـوان هـەردوو گـەل بپارێـزن، بـەڵام ئەگـەر شـەڕ لـە کوردسـتانی عێـراق بـۆ ماوەیەکـی زۆر بـەردەوام بێـت و تـا ئـەو کاتـەی دەسـەڵاتدارانی سـوریا کۆتایـی بـە پیلانەکانیـان نەهێنـن بـۆ سـەرکوتکردن و جینۆسـایدکردنی گەلـی کـورد لـە سـوریا، ئـەوا زیاتـر و زیاتـر کـورد متمانـەی بـەو دۆسـتایەتییە نامێنێـت و بەرپرسـیاریەتی ئـەم دۆخـە بـە تـەواوی دەکەوێتـە ئەسـتۆی حکوومەتـە عەرەبییـەکان.

### ٤. هەڵوێستی ئێران

نازناوی "ئاریا مێهر" (خۆشەویستی ئارییەکان) کە بە فەرمی لەلایەن شاوە پەسەند کراوە، ڕەنگدانەوەی تێڕوانینێکی نموونەیی دەردەخات کە تیایدا کورد بە پاکترین ئاریایی و باشترین ئێرانییەکان دادەنرێن. ئەم تێگەیشتنە، هەرچەندە ئارەزووی نزیککردنەوەی کورد و فارسە لەیەک، بەڵام لەسەر بنەمای پەیوەندییە مێژوویی و زمانەوانییەکانە. چەند فاکتەرێک دەبێت هەبێت، بە شێوەیەکی لۆژیکی پاڵ بە ئێرانەوە بنێن، بۆ پشتیوانیکردن لە شۆڕشی کورد لە عێراق:

- ناکۆکی مێژوویی نێوان ئێران و عێراق لەسەر ئاوی شەتولعەرەب و ڕووباری ئەڵوەن کە لقێکی سیروان-دیالەیە .
- ناکۆکی لەسەر ناوی کەنداوی فارس، کە عەرەبەکان دەیانەوێت بیکەنە کەنداوی عەرەبی.
- ناکۆکی لەسەر داهاتووی بەحرێن.
- شەڕی ڕادیۆیی نێوان تاران و قاهیرە.
- سوریا داوای پارێزگای خوزستانی ئێرانی دەکات کە دیمەشق بە بەشێکی دەنەبڕاو لە "نیشتیمانی عەرەبی" دادەنێت.
- بێ متمانەیی نێوان شا و ناسر.
- دوژمنایەتی مێژوویی نێوان نوخبەی فەرمانڕەوای فارس و عەرەب.

ئەم هۆکارانە؛ لەگەڵ ترسی ئێران لە عەرەبیزمی شۆڕشگێڕانە، لەوانەیە تاران هان بدات پشتگیری لە دۆزی کورد و شۆڕشی کوردستان لە عێراق بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا چەند فاکتەرێک ئێران بە ئاراستەیەکی پێچەوانەدا پاڵ دەنێن و پشتیوانی بۆ شۆڕشی کورد لە عێراق کەم دەکەنەوە، یان دژی دەوەستنەوە:

- بوونی کێشەی کورد لە ئێران، ئەمەش ترسی ئەوە دروست دەکات کە ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق داواکاریی هاوشێوە لە نێو کوردەکانی ئێراندا زیندوو بکاتەوە.
- یادەوەری کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ کە هێشتا بە ڕووداوێکی گرنگ و هەستیار ماوە.

- گرژییەکانی ڕابردووی نێوان هێزەکانی ئێران و مستەفا بارزانی، بەتایبەتی لە کاتی پێکدادانەکانی ساڵی ١٩٤٧.
- هاوپەیمانی ئێران لەگەڵ تورکیا لە چوارچێوەی پەیمانی بەغدا کە بە توندی دژایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەکات.
- ئارەزووی ئێران بۆ پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری، دوورکەوتنەوە لە ململانێی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جیهانی عەرەبی.

ئەم هۆکارانە وای لە ئێران کردووە هەڵوێستێکی خۆپارێزتر بەرامبەر بە دۆزی کورد لە عێراق بگرێتەبەر، لە ترسی کاردانەوەی ناوخۆیی و گرژی ناوچەیی.

کەواتە پاڵنەرە دژەکان پاڵ بە ئێران دەنێن هەڵوێستێکی هاوسەنگ بگرێتەبەر. لە لایەکەوە هۆکارگەلێك هەن، دەتوانن هانی پشتیوانی لە شۆڕشی کورد لە عێراق بدەن، بەڵام لە لایەکی ترەوە مەترسی و نیگەرانی ناوخۆیی ڕێگرە لە هەر کارێک بەم ئاڕاستەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی گرتنەبەری سیاسەتی فەرمی دەستێوەرنەدان، کە لەوانەیە لەلایەن دیپلۆماسیەتی ئێرانەوە بۆ هێورکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا دووپات بکرێتەوە.

هەرچەندە ئێران بە فەرمی سیاسەتی دەستێوەرنەدان پەیڕەو دەکات، بەڵام هەندێک جار لەناو ئیدارەی ئێراندا هەستێکی هاوسۆزی لەگەڵ "برا کوردەکانی عێراق" هەیە. لە پراکتیکدا، هەندێک ڕاستی هەن کە دژایەتی ئەم بێلایەنییە ڕاگەیەندراوانە دەکەن:

سنووری ژێر کۆنترۆڵی کورد، بۆ ماوەی چەند سەد کیلۆمەتر، سنووری ئێران و عێراق لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە، نەک لەلایەن سوپای بەغداوە. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی ئێران و کورد. ئێران وەك پەناگەیەکە بۆ هاووڵاتیانی مەدەنی، هاووڵاتیانی کورد کە لە شەڕ و بۆمبارانەکان هەڵهاتوون دەتوانن لە کوردستانی ئێران زۆرجار پەنا بۆ خزم و ناسیاوەکانیان ببەن. زۆر جاریش بۆ چاودێری پزیشکی؛ ئەو کوردانەی بە سەختی بریندار دەبن، لە نەخۆشخانەکانی ئێران

چارەسەر دەکرێن. سەبارەت بەو کوردانەی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی بەشدارن، دەتوانن خۆراک و دەرمان لەو دیوی خاکی ئێران بەدەستبهێنن. ئەم کردەوانە کە زۆرجار بە هۆکاری مرۆیی یان پەیوەندییە نزیکەکان دەسەپێنرێن، سەرەڕای هەڵوێستی فەرمی بێلایەنی، هاوسۆزییەکی چالاک نیشان دەدەن. لەم ناوچەیەدا، قاچاغچێتی هەمیشە چالاکییەکی باو بووە. هەندێک جار چاویان لە هەندێک حاڵەت پۆشیوە، وەک سەردان یان تێپەربوونی ڕۆژنامەنووسێکی بیانی، بەگوێرەی ڕۆژنامەنووس ئێریك ڕولۆ: "لایەنگرانی ژەنەڕاڵ بارزانی هەرچەندە لە بارودۆخی برا کوردەکانیان لە ئێران نارازین، بەڵام دەزانن حکومەتی شا هەڵوێستێکی تاڕادەیەک مرۆڤانە بەرامبەر ئەوان دەگرێتەبەر. بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کوردانی ئێران هەر نەبێت ناچەوسێنرێنەوە و لایەنی کەم بە زمانی خۆیان بە ئازادایی قسە دەکەن"[(١)].

لەم هاوسەنگییەی بێدەنگییدا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەستی لە کاروباری کوردستانی ئێران وەرنەدا. جگە لە چەند سەرکردەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە پەنایان بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد هێنا و هەروەها هەندێک سەرکردەی خێڵەکیی دژ بە چاکسازیەکانی ئێران.

دەسەڵاتدارانی ئێران هانی ئەو هەستە هاوسۆزییەیان نەداوە کە پێشتر باسمان کرد بۆ شۆڕشی کورد. لە میدیا گەورەکانی ئێراندا کە بە زمانی فارسی دەردەچن، شۆڕشی کوردستانی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕش، لەشکری شۆڕش و کۆمیتەی بەرگری بە سادەیی بە "هۆزەکانی باکووری عێراق" وەسف دەکرێن. تەنیا لە ڕۆژنامەکانی ئێرانی کە بە ئینگلیزی و فەڕەنسی دەردەچن، وەک کەیهان ئینتەرناشناڵ و ڕۆژنامەی تاران، کە کەمتر بە ڕای گشتی ئێران دەگات، کوردی عێراق و بزووتنەوەکەی بە ناوی ڕاستەقینەی خۆی بانگ دەکرێت.

کوردستانی ئێران کە ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی ٤ ملیۆن و ٢٥٠ هەزار کەسە و لوڕستان و هەرێمی بەختیاری دەگرێتەوە، بە پێچەوانەی ئەو شەڕەی لەو نزیکانە ڕوودەدات، ئارامە. ناوچەکە دەوڵەمەند دیارە و دانیشتوانەکەی زەحمەتکێشن

(١) "پەرەسەندنی ململانێی کورد"، لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی دیپلۆماتی، ئابی ١٩٦٣.

و کار دەکەن. ئیدارەی حکومەت لەوێ پڕۆژەی گەشەپێدانی جێبەجێ دەکرد، وەک دروستکردنی ڕێگاوبان، قوتابخانە و نەخۆشخانە. هەروەها پلانی دروستکردنی بەنداوێکی گەورە بۆ باشترکردنی ئاودێری لە ناوچەی مەهاباد دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، چاکسازی کشتوکاڵی "شۆڕشی سپی" لە ناوچەکانی کرماشان و سنە وەک هەموو ئێرانیش بەڕێوە دەچێت. کتێبە بیانییەکان لەبارەی شۆڕشی کوردستانی عێراق ئازادانە لە کتێبخانە تایبەتەکانی پایتەختی ئێران بەردەستن و دەفرۆشرێن. هەروەها کتێبە مارکسییەکان کە ڕاستەوخۆ لە مۆسکۆوە هاوردە دەکرێن و لە هەمانکاتدا لە وڵاتانی وەک میسر و عێراق و سوریا قەدەغە کراون، هەرچەندە بە وڵاتی شۆڕشگێڕیش دادەنرێن، بەڵام لە کوردستانی ئێران هێشتا چاوەڕوانی کردنەوەی قوتابخانەی کوردین و پێکهاتە ناسیونالیستە ناوخۆییەکان بە نهێنی، بەڵام بە شێوەیەکی چڕ، چاودێری دەکرێن و هەندێک لە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ئێران لە ساڵی ١٩٥٩ەوە هێشتا لە زینداندان.

تۆمەتەکانی عێراق؛ بەوەی ئێران (و تورکیا) پشتیوانی لە شۆڕشی کورد دەکەن، بێ بنەمان. پارتی سیاسی فەرمانڕەوای ئێران، بە ناوی "ئێرانی نوێ"، کە نزیکە لە کۆشکی پاشایەتی و نوێنەرایەتی بۆرژوازی ڕۆشنبیر، لیبراڵ و ڕیفۆرمیستەکان دەکات، خۆی لە دەربڕینی هاوسۆزی بۆ شۆڕشی کورد بەدوور گرتووە. لەلایەکی ترەوە، پارتی پان ئێرانیزم کە دەوترێت ڕاسترەوە و هەروەها لە کۆشکی پاشایەتییەوە نزیکە، بە بەردەوامی لە ڕۆژنامەی زمانحاڵی خۆی بە ناوی "خاک و خوێن" پشتیوانی خۆی بۆ "برا کوردەکانی ئاریایی عێراق دەربڕیوە کە لەلایەن عەرەبە سامییەکانەوە چەوسێنراونەتەوە"، بەڵام گروپێکی سیاسی بچووکە و ڕۆژنامەکەی بڵاوبوونەوەیەکی کەمی هەیە و ئایدۆلۆژیاکەی ڕەگەزپەرست و یەکگرتووخوازە، بوارێکی کەم بۆ بزووتنەوەیەکی کوردی تایبەت دەهێڵێتەوە. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ١٩٦٧ پارتی پان ئێرانیزم بۆ یەکەم جار سەرکەوتوو بوو لەوەی چوار کاندیدی خۆی لە هەڵبژاردن دەربچوێنێ. گروپێکی تری پان ئێرانیزم بە هەمان ناو و هەمان ئایدۆلۆژیا هەیە، بەڵام دەگوترێت دژی حکومەتن، بارەگاکەی لە دەرەوەی وڵاتە. ڕۆژنامەکەی بە ناوی "ناسیۆنالیزم" پشتیوانی لە دۆزی کوردستانی عێراق دەکات لە دژی بەغدا.

پێکهاتـەی سیاسـی سـێیەم کـە پشـتیوانی لـە پرسـی شۆڕشـی کـورد دەکات، پارتـی "تـوودەی" یـە، ئـەم پارتـە چەپـە و هەڵوێسـتەکانی لـە حزبـی شـیوعی عێـراق نزیکـە، لـە ڕێگـەی ڕۆژنامـەی "گـەل" زمانحاڵـی، پشـتیوانی خـۆی بـۆ شۆڕشـی کـورد دەردەبڕێـت، بـەڵام تـوودەی چـیتر کاریگـەری ئەوتـۆی لـە ئێـران نەمـاوە و چالاکیەکانـی زیاتـر لـە دەرەوەی وڵات دەردەکـەون.

ئارامیـی کوردسـتانی ئێـران بەهـۆی ڕووداوەکانـی ساڵی ١٩٦٨ تێکچـوو، هەرچەنـدە وردەکارییـەکان نـاڕوون بـوون. ژمارەیـەك لـە ئەندامانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران کـە پەنایـان بـۆ ناوچەکانـی ژێـر کۆنتڕۆڵـی شۆڕشـی کـورد لـە عێـراق هێنـا بـوو، بڕیاریـان دا بگەڕێنـەوە کوردسـتانی ئێـران، بێـزار و مانـدوو بـوون لـە بێهەڵوێسـتی و بـێ چالاکـی، لەوانەیـە ویسـتوویانە حزبەکەیـان لـە ئێـران ڕێکبخەنـەوە. دواتـر دەسـەڵاتدارانی ئێـران دەسـتیان کـرد بـە هەڵمەتـی دەسـتگیرکردنیان و هەندێکیـان خۆیـان شـاردەوە، لەوانـە دووانیـان بـە نـاوی ئیسماعیـل شـەریف زادە و فائیـق موعینـی کـە تەمەنـی ٣٠ ساڵان بـوو، ئێمـە لـە ساڵی ١٩٦٤ لـە شاری ڕانیـە چاومـان بـە فائیـق کـەوت، هەردووکیـان دەسـتگیرکران و لـە سـێدارەدران. بزووتنـەوەی بەرخـۆدان بـە سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان-ئێران چڕتـر بـووەوە و فـراوان بـوو. لـە وەڵامـدا، حکومەتـی ئێـران هێـزی سـەربازی گـەورەی نـاردووە بـۆ ناوچـەی کوردسـتان. شـەڕی قـورس لـە بەهـاردا ڕوویـدا، پاشـان لـە مانگـی ئـاب و ئەیلولـی ١٩٦٨. لـە شـەڕی ئـاگالان لـە نزیـک مەهابـاد لـە مانگـی ئەیلوولـدا، دەوترێـت زیاتـر لـە ١٢٠ کـورد کـە زۆربەیـان ئەندامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـن، لـە شـەڕەکەدا گیانیـان لەدەسـتداوە. سـەدان کەسـی تـر دەسـتگیرکراون و زیندانـی کـراون و چوونـە پـاڵ سـەرکردەکانی پارتەکـە وەک عەزیـز یوسـفی و غەنـی بلوریـان کـە لـە سـاڵی ١٩٥٩ەوە دەسـتگیرکراون.

لەپـاش ئـەو ڕووداوانـەوە؛ شـەڕ و پێکـدادان وەسـتاوە و ئارامـی بـۆ کوردسـتانی ئێـران گەڕاوەتـەوە. دۆخەکـە هێشـتا گـرژی پێـوە دیـارە. ڕۆژنامەیەکـی وەرزی نهێنـی بەنـاوی "کوردسـتان" بـە زمانـی کـوردی( زاراوەی موکریانی-سـۆرانی) دەنووسرێـت و گوزارشـت لـە بیروبۆچوونەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان-ئێران دەکات و ڕەخنـەی

توندی لـە حکومـەت دەگرێـت. پێدەچێـت ئـەم ڕۆژنامەیـە لـە ناوخـۆ و دەرەوەی ناوچەکـە بڵاو ببێتـەوە. لـە ژمـارە ٢١، کـە ڕێکەوتـی مانگـی ئایـاری ١٩٦٩ لەسـەرە، بۆمـان نێـردراوە. ڕۆژنامەکـە هیواخـوازە حکومەتـی ئێـران زیندانیانـی سیاسـی کـورد ئـازاد بـکات و دان بـە مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد لـە ئێـران بنێـت، ئەمـە دەتوانێـت گرژییـەکان کـەم بکاتـەوە و یەکڕیـزی نێـوان گەلانـی هاوبـەش لـە زمـان و شارسـتانییەتی ئێرانـی بەهێـز بـکات.

لـە عێـراق، گروپـی جیابـووەوەی ئەلنـور، ژەنـەڕاڵ بارزانـی بـەوە تۆمەتبـار دەکات کـە موعینـی و شـەریف زادەی ڕادەسـتی دەسـەڵاتدارانی تـاران کـردووە، بـەڵام ئـەم تۆمەتانـە بـێ بنەمـان و درۆن. کوردەکانـی ئێـران بەتونـدی ناڕەزایـی دەردەبـڕن لەهاوکاریکردنـی ئـەو گروپـە لەگـەڵ ژەنەڕاڵەکانـی بەغـدا لـە دژی شۆڕشـی کـورد لـە عێـراق، ئـەوان سەرسـامی قـووڵ و ڕێـزی زۆریـان بـۆ ژەنـەڕاڵ بارزانـی هەیـە کـە بـۆ مـاوەی چـل سـاڵە خەبـات دەکات و بـە پاڵەوانـی نەتەوەیـی سـەیر دەکرێـت. لـە مانگـی ئابـی سـاڵی ١٩٦٩ دا لـە کۆنگـرەی سـاڵانەی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا لـە ڕێگـەی هەڵوێسـتی خوێندکارانـی کوردسـتانی ئێرانـەوە ئـەم ڕێزەمـان بـۆ دووپـات بـووەوە.

دەسـەڵاتدارانی ئێـران هەواڵـی شـەڕیان ڕەتکردووەتـەوە. دەبێـت چاوەڕێـی هەواڵـی وردتـر بیـن، بۆیـە دەبێـت لـەم خاڵـەدا ئـاگادار بیـن. لەگـەڵ ئەوەشـدا؛ لەسـێدارەدانی دوو سـەرکردەی گەنجـی پارتەکـە، گومانـی تێـدا نییـە.

### ٥. هەڵوێستی تورکیا

یادەوەری ئەسکەندەروون[١] هێشتا لەنێو عەرەبەکاندا ماوە و لەبیرنەکراوە، بەڵام بەگشتی ئەنقەرە وەك ئێران لەگەڵ ئەو هۆکارانەدا نییە کە لە سەرەوە باسمان کرد، تا پشتیوانی لە پرسی شۆڕشی کوردستانی عێراق بکات. لە لایەکی ترەوە، بە ئاراستەی پێچەوانە پاڵنەرەکانی سەبارەت بە ئێران زۆر ڕاستەقینەن و تەنانەت لەوانە گرنگترن کە لەسەرەوە باسمان کرد. کێشەی کوردستانی تورکیا کە نزیکەی ٦.٦ ملیۆن کوردی چەوساوە دەژین، کێشەیەکی سەرەکییە، هەرچەندە بۆ تورکیای هاوچەرخ هەستیارە، بەڵام هێشتا یادەوەری پەیمانی سیڤەر و شۆڕشە گەورەکانی کورد لە ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ دا بە زیندوویی ماونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بازنەی فەرمانڕەوای تورکیا بە ئاشکرا لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەترسن.

بەگوێرەی زانیارییەکانی ئێمە، تورکیا لە ململانێکانی باشووری سنوورەکانی، هیچ هاوکارییەکی پێشکەش نە بە بەغدا و نە بە کورد نەکردووە. دەتوانرێت سیاسەتەکەی وەک دەستێوەرنەدان یان چاودێریکردنی بارودۆخ وەسف بکرێت کە دڵەڕاوکێیەکی پێوە دیارە. لەلای هەندێک لە بەرپرسان، بەتایبەتی سەبازییەکانی ناو سوپادا، خواستێك بۆ دەستێوەردان لە دژی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات هەیە، بەڵام بەهۆی ترسی بڵاوبوونەوەی شۆڕشی کوردەوە، پوچەڵ دەبێتەوە. ترسی ئەم بڵاوبوونەوەیە بەهۆی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە دەبێت کە تورکیا نەیتوانیوە کۆنترۆڵی بکات کە ئێستا لە هەموو کاتێک قووڵتر لە باکووری ئەم سنوورە ڕەگی داکوتاوە.

بە هەمان ڕۆحی میانڕەوییەوە، ئۆپۆزسیۆنی چەپی دیموکرات بە نوێنەرایەتی پارتی کرێکاران و سەندیکاکان کە کورد بە ژمارەیەکی زۆر ئامادەیی تێدا هەیە، ڕۆڵی هێورکەرەوە دەگێڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا، تورکیا بە قووڵی بە کێشە ناوخۆییەکانی وەك کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەرقاڵە. ئەم نیگەرانیانە وادەکات

(١) ئەسکەندەروون (بە عەرەبی: الإسکندرونة)، کە لەڕووی مێژووییەوە بە "ئەلێکساندرێتا" و "سکاندەروون" ناسراوە، شارێکە لە پارێزگای هەتای لەسەر کەناری دەریای ناوین لە تورکیا. لە سووریا ئەسکەندەروون بە پازدەمین پارێزگای ئەو وڵاتە دادەنرێت. ئەگەرچی لە ١٥ی تەمووزی ١٩٣٨ەوە سوپای تورکیا هاتووەتە نێو شارەکەوە و هەتا ئێستاش لەژێر دەسەڵاتی تورکیایە.

ئێستا هیچ ئارەزوویەکی جددی نەبێت بۆ سەرکێشییەکی نوێی دژە کورد. سەرەڕای ئەو سەرکوتکردنە نەتەوەییەی حکومەتی ئەنقەرە لە دژی خەڵکی کوردستانی تورکیا ئەنجامیداوە، پێدەچێت جۆرە لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان گەلی کورد و تورکیادا هەبێت، بەتایبەتی لەسەر ئاستی جەماوەری. ئەم پەیوەندییە دەتوانرێت بۆ بیرەوەریە باوەکانی سەردەمی عوسمانی بگەڕێتەوە. دەشێت تورکێکی ئاسایی یان چینی کرێکار هەست بە نزیکی زیاتر بکات لە کوردەکان، کە وەک هاووڵاتییەکی چەوساوە تەماشا دەکرێن، وەک لە سەرکردە عەرەبەکانی دیمەشق و بەغدا کە ناسیۆنالیزمیان زۆر جار بە شەڕانگێز تەماشا دەکرێت. ئەم دینامیکە لە ڕۆژنامەکانی تورکیادا دەنگدانەوەی هەبوو، بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی "یێنی" کە لە ژمارەکانی ١٠ و ١١ و ١٤ ی ئایاری ١٩٦٧ دا ڕەخنەی توندی لە سیاسەتی بەعەرەبکردن لەلایەن حکومەتی سوریا و ئاوارەبوونی زۆرەملێی دانیشتوانی کورد لە جەزیرە گرت. هەروەها دەنگی بۆ پەنابەرانی کورد هەڵبڕی کە لە سوریا هەڵهاتوون و پێشوازی لەو هەنگاوانە کرد کە تورکیا ڕێگەی پێداون لە سنوور بپەڕنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ستراتیژی شۆڕشی کورد بە مەبەستی بەدەستهێنانی دۆستایەتی کۆمەڵگەی تورک لە کەرکووک، لەڕێگەی ناساندنی مافە ڕەواکانیان، پێدەچێت کاریگەری ئەرێنی لەسەر ڕای گشتی تورکیا هەبێت[1]. ڕۆژنامەکانی تورکیا بە ئاشکرا باسی پرسی شۆڕشی کورد دەکەن و زیاتر مامەڵە لەگەڵ کێشەی نەتەوەیی کوردستانی تورکیا دەکەن کە زۆرجار بە "پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات" ناودەبرێن. لە کاتێکدا بیروبۆچوونەکان لەسەر ئەم بابەتە لە تورکیا ناکۆک ماونەتەوە و هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی دان، تەنیا ئێستا ئەم کێشەیە بە ئاشکرا باس دەکرێت، ئەمەش گەواهیدەری گۆڕانکارییەکی دیاریکراوە لە عەقڵییەتدا. ئەم مشتومڕە ئاماژە بەوە دەکات کە پرۆسەی گۆڕان بەڕێوەیە. ئەم گفتوگۆیانە، هەرچەندە هێشتا سنووردارن، بەڵام لەوانەیە ببنە پێشەکی گۆڕانکاری گەورە لە تێڕوانین و بەڕێوەبردنی پرسی کورد لەلایەن تورکیاوە. لەوانەیە هێشتا لە دەرەوەی وڵات بەکەم سەیر ئەم گۆڕانانە بکرێت، بەڵام ئاماژە بە پەرەسەندنی گەورە دەکەن.

---

(١) لەسەر ئەم بابەتە کاردانەوە ئەرێنییەکانی ڕۆژنامەی جمهوریەتی تورکی لە ٢٥ی کانوونی دووەم و ٨ی شوباتی ١٩٦٥ ببینە.

بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد لـە تورکیـا لـەم سـاڵانەی دواییـدا بـە خێرایـی و بەشـێوەیەکی بەرچـاو گەشـەی کـردووە. ئەمـەش دەکـرێ پەیوەنـدی بـە ئاڵوگـۆڕی بیروڕایـەکان لـە کوردسـتانی عێراقـەوە هەبێـت کـە ئـەم بزووتنەوەیـە بـە چەند شـێوەیەک خـۆی نیشـان دەدات:

١. بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد لـە تورکیـا؛ لـە ڕێگـەی چالاکیـی ڕۆشـنبیران و کرێکارانـی کـوردەوە، بـە بەهێـز خـۆی دەردەخـات کـە لـە بزووتنـەوە سۆسیالیسـتییەکانی تورکیادا بەشـدارن، وەک پارتـی کرێـکاران و سـەندیکاکانی کرێـکاران کـە چالاکییەکانیـان لـە شـارە گەورەکانـی ڕۆژئـاوای وڵات وەک ئەنقـەرە، ئەسـتەمبوڵ و ئیزمیـر بـەدی دەکرێـت. زۆرێـک لـە سـەرکردەکانی ئـەم بزووتنەوانـە بـە ڕەچەڵـەک کـوردن، وەک دکتـۆر تاریـق ئیکینچـی کـە پزیشـك و نوێنـەری دیاربەکـرە لـە پەرلەمـان و سـکرتێری گشـتی پارتـی کرێکارانیشـە، هەروەهـا بەڕێـز ئەحمـەد عەلـی ئەسـلان سەرنووسـەری گۆڤارێکـی چەپـە بەنـاوی یەنـی. ئـەم بزووتنەوانـە کـە ئێسـتا بـە "تورکیـا" ناوەبرێـن نـەک "تورکـی"، شـەڕ دەکـەن بـۆ:

- باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی کرێکاران و جووتیاران.
- دژایەتیکردنی دەرەبەگایەتی و میلیتاریزمی تورکی.
- ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی حکومەت بۆ لایەنگری ئەمەریکا.
- باشترکردنی ئاستی ژیان لە "پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات"، واتە ناوچە کوردییەکان.
- دانان بەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی تورکیادا.

٢. لـە کوردسـتانی تورکیـا، پـارت و ڕێکخـراوی کـوردی تایبـەت دروسـت بـوون، هەرچەندە هەنوکـە لـە قۆناغـی نهێنیـدان. لەوانە:

- پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، لە ساڵی ١٩٦٧ دامەزراوە.
- پارتی ئازا کورد لە تورکیا، لە ساڵی ١٩٦٨ دامەزراوە.
- پارتی کۆما ئازادی.

بەرنامـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی تورکیـا بەشـێوەیەکی سـەرەکی ئەمانـە پێشـکەش دەکات:

- بە دیموکراتیزەکردنی تورکیا.
- گۆڕینـی وڵات بـۆ کۆمارێکـی فیدراڵـی کـە لـە دوو قـەوارە پێکهاتـووە : کۆمـاری تورکیـا و کۆمـاری باکووری کوردسـتان.

٣. بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد لـە داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی کـورد لـە زانکۆکانـی ئەنقـەرە و ئەسـتەنبوڵ ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕێـت کـە لـە سـاڵی ١٩٦٩ هـەزاران قوتابـی کـورد تێیانـدا دەخوێنـد.

ڕێکخراوەکانی قوتابیان:

- ناوەندەکانی ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات (وەرگێڕانی وشەیی)، یان باشتر بڵێین: یەکێتی قوتابیانی شۆڕشگێڕ و گەنجانی ڕۆژهەڵات. ئەم ڕێکخراوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە دانی پێدادەنرێت و قوتابیانی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات کۆدەکاتەوە.
- باهۆز؛ ڕێکخراوێکی تازەیە، بەڵام نهێنییە.(سەیری پاشکۆی دوازدە بکە)
- هێڤرا؛ ڕێکخراوێکی کۆنترە لەوانەی تر، بەڵام پێدەچێت تەنیا بە ناو هەبووبێت.

٤. هەندێـک لـە پەرلەمانتـار و وەزیـری پێشـووی بـە ڕەچەڵـەک کـورد، هەڵوێسـتێکی گشـتییان وەرگرتـووە :لـە بەرژەوەندیـی پارێزگاکانـی ڕۆژهـەڵات و بەرگریکـردن لـە هەرێمـە کوردییـەکان لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی نایەکسـانی و پەراوێزخسـتن و دژ بـەو هەڵوێستانەی بازنـەی شـۆڤێنی و تورکـە ڕەگەزپەرستەکان گرتوویانەتەبـەر کـە هێـرش دەکەنـە سـەر ناسـنامەی کـوردی.

ئـەم دەسـتێوەردانە، هەرچەنـدە میانـڕەو و هەندێـک جـار بـە وریاییـەوە دەردەبڕدرێن، بـەڵام لـە چوارچێـوەی چەوسـاندنەوەی نەتەوەیـی کاریگـەری لەسـەر گەلـی کـورد لـە باکـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان هەیـە، کـە بـە هەڵوێسـتێکی بوێرانـە دەمێنێتـەوە.

٥. ناوچـە گوندنشـینە کوردییـەکان دوژمنایەتییەکـی قـووڵ و مێژوویـی بەرامبـەر بـە ئیـدارەی ڕاسـتەوخۆی تورکیـا نیشـان دەدەن. هەرچۆنێـک بێـت:

- هەندێک لـە کـوردە خـاوەن زەوییـەکان، لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی تورکیـا کار دەکـەن، بـۆ سـوود وەرگرتـن لـەو بارودۆخـە و چەوسـاندنەوەی زیاتـری جووتیـاران.
- جووتیارانـی کـورد لـە لایەکـی تـرەوە بـە زۆری دژایەتی ئـەم ئیدارەیە دەکەن و هەسـت بـە چەوسـاندنەوە و سـەرکوتکردن دەکـەن کـە بوونەتـە قوربانی ئـەو ئیدارەیە.

٦. لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٩ەوە ناسـیۆنالیزمی کـوردی لـە نێـو بـۆرژوازی و دانیشـتوانی شارنشـینی کوردسـتاندا بەرزبوونەوەیەکـی بەرچـاوی بەخۆیـەوە بینیـوە، ئـەم تەقینـەوەی هەسـتە نەتەوەییانـە بـەم شـێوەیە ڕەنگدەداتـەوە:

- خۆپیشـاندانی جەمـاوەری لـە شـارە کوردییـەکان، کـە هاووڵاتیـان بـە ئاشـکرا داوای مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد دەکـەن.
- پەرەسـەندنی بزووتنـەوەی چینـی کرێـکاری شـار و یەکخسـتنی چینـە کۆمەڵایەتییـە جیـاوازەکان لـە دەوری دۆزی کـورد.

ڕۆژنامـەی حوریـەتی تورکـی لـە ٢٠ی تشرینی یەکەمـی ١٩٦٠ بڵاوی کـردەوە: کارگێڕێکی تـورک کـە سـاڵانێکی زۆر ژیانـی لـە ڕۆژهەڵاتـی وڵات بەسـەربردووە، گوتوویەتـی : " ٪١٥ی دانیشـتوان بـە تورکـی قسـە دەکـەن. ٪ ٨٥ی دانیشـتوان تەنیـا بـە کـوردی قسـە دەکـەن کـە زمانـی دایکیانـە"[1]. گرنگـە ئامـاژە بـەوە بکەیـن کـە لـە نێـو ئـەو ٪ ١٥ی دانیشـتوانەش کـە بـە تورکـی قسـە دەکـەن، زۆربەیـان بـە کـوردی قسـە دەکـەن. ئەمـەش گرنگـی کـورد لەناوچەکـەدا دەردەخـات، سـەرەڕای هەژموونـی تـورک لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی.

ڕۆژنامـەی یەنـی ئەسـتەمبوڵ لـە ٣٠ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٠ نامـەی مامۆسـتایەکی تورکـی بەنـاوی ئۆزتـورک بڵاوکـردەوە کـە لـە شـارۆچکەی کۆزلـوک لـە پارێـزگای سێرت لـە کوردسـتانی تورکیا وانـەی دەگوتـەوە. لـە نامەکـەیدا مامۆسـتاکە ڕووداوێکـی هەسـتبزوێنی گێڕاوەتـەوە: "بـە فرمێسـکەوە ئـەم دێڕانەتـان بـۆ دەنووسـم. ئـەم ڕۆژە ڕۆژێکـی پیـرۆزە بـۆ هەموومـان. لـە کۆبوونەوەیەکـدا بـۆ یادکردنـەوەی ڕۆژێکـی گرنـگ، منـداڵان چوونـە سـەر شـانۆ و سروودی نیشـتمانی تورکیایـان گـوت. کاربەدەسـتانی تـورک ئامـادە بـوون کـە

(١) لەلایـەن سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی کـورد، پاریـس وەرگیـراوە، تورکیـای مۆدێـرن لـە ڕووبـەڕووی کوردسـتانی تورکیـا، ناملکـە، سـاڵی ١٩٦١.

بریتیـن بـوون لـە پارێـزگار و فەرمانـدەی جەندرمـە و دادوەران، هەموویـان بـۆ گوتنـی سروودەکـە هەسـتانەوە سـەر پـێ . لەلایەکـی تـرەوە، ئـەو کوردانـەی هۆڵەکەیـان پـڕ کردبـوو بـێ جیـاوازی دانیشـتبوون. بەرپرسـانی تـورک بـە سەرسـوڕمان و توڕەییـەوە سـەیری دەوروبەریـان کـرد، کـوردەکان لـە کاتێکـدا جگەرەیـان دەکێشـا بـە کـوردی ورتەورتیـان دەکـرد: "ئێمـە تـورک نیـن، ئێمـە کوردیـن. ئـەو ڕۆژەی کوردسـتان دروسـت دەبێـت و سروودی نیشـتمانیمان لێدەدرێـت، ئێمـە هەڵدەسـتین"[١].

لـە ٢٥ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٠ ڕۆژنامـەی حورییـەت وتارێکـی ژەنـەڕاڵ جەمـال گورسـێل سـەرۆک کۆمـاری ئەوکاتـی تورکیـای بـۆ جەمـاوەر لـە شـاری دیاربەکـری کوردسـتانی تورکیـا بڵاوکـردەوە. لـە وتارەکەیـدا گوتـی: "ئێـوە هەمووتـان تورکـن! ژێـر بـن و لۆژیکانـە بیربکەنـەوە! دژی ئـەو خەڵکـە یەکبگـرن کـە دەیانەوێـت وڵات دابـەش بکـەن! "[٢]. ئامانجـی ئـەم گوتـارە یەکخسـتنی دانیشـتوان بـوو لـە ژێـر شوناسـی تورکیـدا، بـە تونـدی دژایەتـی هـەر هەوڵێکـی دابەشـکردن بـوو، بـە تایبەتـی خواسـتی سـەربەخۆیی یـان دانپێدانـان بـە مافـی نەتەوەیـی کـورد. ڕەنگدانـەوەی تێڕوانینێکـی ناسیۆنالیسـتی بـوو بـۆ دەوڵەتـی تورکیـا، کـە هـەر نارەزاییـەک یـان بانگەشـەیەکی کـورد وەک هەڕەشـە بـۆ سـەر یەکپارچەیـی وڵات تەماشـا دەکـرا.

لە سـاڵی ١٩٦٠ ڕۆژنامەی سـویدی داگسـن نیهیێتەر لێدوانە توند و هەڕەشـەئامێزەکەی ژەنـەڕاڵ گورسـێل، سـەرۆک کۆمـاری تورکیـای، سـەبارەت بـە کـوردەکان بڵاوکـردەوە. لـە ڕاگەیەندراوەکـە گوتوویەتـی: "ئەگـەر ئـەم تورکـە شـاخاویانە بێدەنـگ نەبـن، سـوپا لـە بۆمبـاران کـردن و وێرانکردنـی شـار و گوندەکانیـان ناسـڵەمێتەوە و گۆمێکـی خوێـن دروسـت دەبێـت کـە ئـەوان و خاکەکەیـان نقـوم دەکات و دەیانسـڕێتەوە "[٣]. ئـەم لێدوانـە ڕەنگدانـەوەی سیاسـەتی سـەرکوتکەر و هەڕەشـە لێکردنـە کـە ڕژێمـی سـەربازی

(١) لەلایـەن سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی کـورد، پاریـس وەرگیـراوە، تورکیـای مۆدێـرن لـە ڕووبـەڕووی کوردسـتانی تورکیـا، ناملکـە، سـاڵی ١٩٦١.

(٢) لەلایـەن سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی کـورد، پاریـس وەرگیـراوە، تورکیـای مۆدێـرن لـە ڕووبـەڕووی کوردسـتانی تورکیـا، ناملکـە، سـاڵی ١٩٦١.

(٣) لەلایـەن سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی کـورد، پاریـس وەرگیـراوە، لـە ناملکـەی (دۆخـی کـورد لـە کوردسـتانی تورکیـا، ١٩٦١).

تورکیا بەرامبەر هەر داخوازییەکی کورد پەیڕەوی کردووە. بەگوێرەی هەمان ڕۆژنامە، دەوترێت عەقید کوچوک لە ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ ڕایگەیاندووە: " ئەگەر پێویست بکات، سوپای تورکیا دەستێکی ئاسنین دژی کورد بەکاردەهێنێت " [١]. لە ساڵی ١٩٦١ لە ئەنقەرە پرۆسەی دادگاییەکی سەیر بەڕێوەچوو و ٤٩ ڕۆشنبیر و ئەفسەر بە ناسیونالیستی کورد تۆمەتبارکران، ئەمە نیشانی دەدات کە ڕژێمی سەربازی لە کودەتای ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ تا چ ڕادەیەک هەوڵی لەناوبردنی هەر ئۆپۆزسیۆنێکی کوردی دەدا. بۆ تێگەیشتنی باشتر لە چەمکی ناسیونالیستی ئەم ڕژێمە سەربازییە، دەتوانین بۆ وتارەکەی ڕۆژنامەنووس فریدرك فێرناو "کەمالیزمی کۆمیتەی یەکێتی نیشتمانی"[٢] بگەڕێینەوە کە ئایدیۆلۆژیای پشت هێزی سەربازی ئەو کاتە شیدەکاتەوە.

"تورکە شاخاوییەکان" دەستەواژەیەکی سووکایەتی کردنە بە گەلی کورد کە دەسەڵاتدارانی تورک بەکاریان دەهێنا، بۆ ئەوەی وەک گەلێکی جیاواز نکۆڵی لە بوونی ئەو گەلە بکەن. لە دوای ساڵی ١٩٦٠ "شۆڕشی تورکیا" لە دژی ڕژێمی عەلی عەدنان مەندەرەس گۆڕا. ئەمڕۆ تەنانەت لە بازنەی کۆنەپارێزی تورکیادا، زەحمەتە بە کورد بڵێین "تورکی شاخاوی". لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک گروپ بەتایبەتی سوپا و ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان، دژی پێدانی مافن بە کورد، وەک داننان بە زمان، کەلتور و ئۆتۆنۆمی. سەرەڕای هەندێک پێشکەوتن ئەم ئۆپۆزسیۆنانە ئەوە دەردەخەن کە گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان حکومەتی تورکیا و کورد بەردەوامە کە داوای مافەکانی خۆیان دەکەن.

ژەنەڕاڵ سونای سەرۆکی ئێستای تورکیا گوتی: "هەموو ئەوانەی لەسەر خاکی تورکیا دەژین، تورکن" "ئەگەر خەڵکانێک لەنێوماندا هەبێت کە تورک نەبن، دەتوانن بڕۆن". ئەم لێدوانانە کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا، بەتایبەتی لە گۆڤاری ڕاستڕەوی تورکی" ئۆتۆکێن" کە لە ئەستەنبوڵ بڵاودەکرایەوە. ئەم گۆڤارە ڕەگەزپەرستە لە وتارێکدا بە ناونیشانی "بێ ئەسپ"[٣] و لە ژمارە

---

(١) لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی کورد، پاریس وەرگیراوە، لەناملکەی (دۆخی کورد لە کوردستانی تورکیا، ١٩٦١).

(٢) بڕوانە ئۆرییانت، پاریس، ژمارە ١٦ی ساڵی ١٩٦٠.

(٣) ناونیشانی "At Siz" کە بە مانای "بێ ئەسپ" دەشێت هێمای لاوازی، دابڕان یان لەدەستدانی

٤٠ی نیسانی ١٩٦٧ بڵاوکرایەوە، هێرشی کردە سەر کوردەکانی دانیشتووی تورکیا. وتارەکە سوکایەتی بە ناسنامەی نەتەوەیی و کەرامەتی مرۆیی ئەوان دەکات و دوژمنایەتییەکی قووڵ بەرامبەر کۆمەڵگای کوردی نیشان دەدات.

کاردانەوەی بازنەی کوردی، بەتایبەتی لەنێو چینی قوتابیانی زانکۆدا، لەبەرامبەر ئەو سوکایەتیکردنانە زۆر توند بوو. لە وتارێکی نوێی توندوتیژتری هەمان نووسەر بە ناونیشانی "هاواری کوردە سوورەکان" کە لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٧ لە ژمارە ٤٢ی گۆڤاری "ئۆتوکێن" بڵاوکرایەوە، نووسەری ڕەگەزبەرست و توندڕەو بەردەوام بوو لە هێرشەکانی. شتی سەرسوڕهێنەر و سوکی نووسی وەک: "ئەگەر ڕاستی لەبارەی کورد بگوترێت، دەموچاوی سوور هەڵناگەڕێت، چونکە ڕوخساری مرۆڤانەیان نییە". پاشان بەردەوام دەبێت:

بەڵێ، من لە وتاری پێشووی گۆڤاری "ئۆتوکێن" لە نیسانی ١٩٦٧ دا گوتم: ئەگەر کوردەکان دەیانەوێت بەردەوام بن لە قسەکردن بە زمانەکەیان کە ئەو بە "سەرەتایی" و "سنووردار" وەسفی دەکات، یان دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن، دەبێت خاکی تورکیا بەجێبهێڵن بڕۆن. نووسەر بۆ ئەم هەڵوێستەی پاساوەکەی ئەوەیە کە تورکەکان ئەم خاکانەیان بە ڕشتنی خوێنی خۆیان و لەناوبردنی ئەو خەڵکانە ڕزگار کردووە کە پێشتر لەوێ ژیاون، وەک خۆرجییەکان، ئەرمەنییەکان و یۆنانییەکانی بێزەنتی(...). ئەو بەردەوام دەبێت و کورد بە هەڵپەرست وەسف دەکات کە لە چیاکانی خۆیاندا دابڕاو دەژین و هەندێکجار خەریکی کاری دڕندەیی و ڕێگری دەبن. تەنانەت کاتێک لە هەندێک شەڕی دژ بە ئێران پشتیوانی تورکیان کردووە، تۆمەتباریان دەکات بەوەی هەمیشە بەدوای دەرفەتدا دەگەڕێن بۆ خیانەت و هاوپەیمانی لەگەڵ ئێران. ئەم لێدوانانە ڕەنگدانەوەی سووکایەتیکردنێکی قووڵ و نکۆڵیکردنە لە ناسنامە و مێژووی کورد. لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهاندا، نووسەر دەڵێت ئەرمەنییەکان خیانەتیان لە تورکەکان کردووە، لە کاتێکدا کوردەکان کە لە چیاکانی دابڕاو دەژیان، لە

---

دەسەڵات بێت، چونکە ئەسپ لە کەلتوری تورکیدا نوێنەرایەتی هێز و ئازادی دەکات. لە ڕۆژنامەیەکی ڕەگەزپەرستدا بۆ ناو زڕاندنی کوردەکان بەکاردەهێنرێت، بە پەیوەستکردنیان بە پلەوپایەیەکی نزم یان لەدەستدانی شکۆمەندی. هەروەها دەشێت ڕەنگدانەوەی ئیستیفزاز یان لەخۆبایی بوونی نووسەر بێت.

تۆڵەسەندنەوە ڕزگاریان بوو. بە وتەی ئەو بێ، ئەم گۆشەگیرییە ئەمڕۆ کورد دەبوو بە کەمینەیەک لەو ناوچانەی ئێستا زۆرینەن، هەروەها ڕایدەگەیەنێت، تەنانەت ئەگەر زۆرینەی سەد لە سەدیش بەدەست بهێنن، خەونیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە تورکیا بەدینایەت، هەروەک ئاواتەکانی یۆنانییەکان لە بێزەنتی یان ئەرمەنییەکان بۆ ئەرمەنی گەورە. داوا لە کورد دەکات تورکیا جێبهێڵن پێش ئەوەی زیان بە گەلی تورک بگەیەنن، یان خۆیان لەناوببەن. نووسەر پێشنیازی ئەوە دەکات ئەوان دەتوانن بۆ هەر شوێنێک کە بیانەوێت بڕۆن: بۆ ئێران، پاکستان، هیندستان، لای بارزانی، یان تەنانەت با داوای یارمەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، بۆئەوەی شوێنیان لە ئەفریقا بۆ بدۆزێتەوە. لە کۆتاییدا دەڵێت ئارامی گەلی تورک سنووری هەیە: کاتێک تووڕە دەبێت وەك شێر دەنەڕێنێت کە کەس ناتوانێت پێشی لێبگرێت و هۆشداری دەدات بە کورد کە هەڵەی ئەرمەنییەکان دووبارە نەکەنەوە!

ئەم چەند دێڕە؛ بە ئاشکرا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە خیانەتکار دادەنرێن، واتە ئەوانەی دەیانەوێت تورکیا دابەش بکەن و کوردستانێکی سەربەخۆ لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات دابمەزرێنن. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی بەو کەسانە نییە کە دڵسۆزی ناسیۆنالیزمی تورکن و خۆیان بە تورک دەناسێنن. نابێت هەست بکەن کە ئەوان ئامانجن و نابێت بەهۆی ئەم جۆرە لێدوانانە بێزار بن(...).

نووسەرە تورکەکە بەردەوامە و دەڵێت: ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کە ناسیونالیستێکی تورکین. تورکەکان مێژوویان دروستکرد، شارستانییەتێکی مەزنیان دامەزراند و بە ئیمپراتۆریەتێکی بەهێز فەرمانڕەواییان بەسەر ناوچەیەکی فراواندا کرد، بەڵام سەیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکە، دوای کشانەوەی تورکەکان چی ڕوویدا: ناوچەکە کەوتە دۆخێکی لاوازەوە. ئەمە دەبێت واتان لێبکات وەك کورد بیر بکەنەوە و وانەی لێوە فێربن! عەرەبەکان سەردەمێک نەتەوەیەکی مەزن بوون، مێژوویەکی دەوڵەمەند و شارستانییەتێکی سەرنجڕاکێشیان هەبوو، بەڵام لەو کاتەوەی خۆیان لە ئێمە دوورخستەوە و هاوپەیمانیان لەگەڵ ئینگلیزەکان هەڵبژارد، تووشی چەندین بەدبەختی بوون. تەنیا لە ماوەی پێنج ڕۆژدا، لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە تێکشکێنران و لەبەرچاوی جیهاندا تووشی شەرمەزاری گەورە

بـــوون. ئێـــوەی کـــورد کۆمەڵگەیەکـــی دواکەوتـــوو و بـــێ کەلتـــورن، ئێـــوە هەرگیـــز دەوڵەتتـــان دروســـت نەکـــردووە و شارســـتانییەتتان دروســـت نەکـــردووە (...).

نووسـەرەکە کـورد بـەوە تۆمەتبـار دەکات کـە بـە نهێنی بۆ بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی کەلتـوری و سیاسـی کار دەکات. ئـەو بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە کـورد زمـان و قوتابخانـە و بەرنامـەی ڕادیۆیـی و ڕۆژنامەگـەری جیاوازیـان دەوێـت کـە بـە زمـانی تورکـی نەبـن و تۆمەتباریـان دەکات بـەوەی بـۆ پشـتیوانیکردن لـە ئامانجەکەیـان، کۆبونـەوەی نهێنـی ڕێکدەخـەن. ئـەو بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە ئـەوان بارزانـی بـە پاڵەوانـی خۆیـان دەزانـن و لـە تورکیـاوە چەکـی بـۆ دەنێـرن و شـیعری کـوردی بـە منداڵەکانیـان دەڵێـن و لەگـەڵ ڕێکخـراوە کوردییەکانـی ئەوروپـا هـاوکاری دەکـەن.

نووسـەر ڕەخنـە لـە ئاسـتی ڕۆشـنبیری گەلـی کـورد دەگرێـت و بـە سـووکی دەزانـێ و ڕایدەگەیەنـێ کـە ئـەو وەك نووسـەر تەنیـا شـێتێکە و بـەس، شـێتی شـەرەفمەندترە لـەوەی خیانەتـکار بیـت، وەك بیرخستنەوەیەك بـۆ کـورد، بیرۆکـەی "دەرکردنـی ئەوانـەی تـورک نیـن" لەلایـەن سـەرۆک کۆمـار سونایەوە هاتـووە و ئـەو پشـتگیری دەکات. ئینجا هەڕەشـە دەکات و دەڵێـت: بـا کـورد وەڵامـی سـەرۆك بداتـەوە، بزانـم بوێـری ئەوەیـان هەیـە؟ ئـەو کاتـەی کـوردەکان هەوڵی دابەشـکردنی تورکیـا دەدەن، وەڵامی خۆیان دەبینـن و بە تۆنێکی بەتەحەدیـەوە دەڵێـت: "ئـەو کات دەزانـن ئێمـە ئێوە بۆ کـوێ دەنێرین با چـاوەڕێ بکەین".

گۆڤاری "ئۆتوکێن" تاکە بڵاوکراوە و گۆڤاری تورکی نییە کە هێرش دەکاتە سەر کورد، گۆڤارەکانی دیکە، وەک "ڕێگای نیشتیمان"، "ڕۆژنامەی ئەستەمبوڵ" و "بزووتنەوەی نەتەوەیی"، هەمان هەڵوێستیان هەیە. ئەم گۆڤارانە پەیوەستن بە پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی (MHP) بە سەرکردایەتی عەقید ئەلپارسلان تورک کە ئێستا لە ئۆپۆزسیۆن دایە. ئەم پارتە میلیشیایەکی ١٧ هەزار چەکداری گەنجی هەیە بەراورد بە لیوای "ئێس ئێس هیتلەر"[١] و بەنیازە ئەم هێزانە بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات بە هێز بەکاربهێنێت.

---

(١) هێـزە ئەمنییـە تایبەتـەکان یـان یەکەکانـی ئێـس ئێـس یـان شوتزسـتافێل (بـە ئەڵمانـی: Schutzstaf-fel) بـە واتـای وشـەیی "فەوجـی پـاراستن" ڕێکخراوێکـی نیمچـە سـەربازی گـەورە بـوو کـە لەلایـەن ئەدۆڵـف هیتلـەر و پارتـی نـازی لـە ئەڵمانیـای نـازی سـەرکردایەتی دەکـرا، دواتـر لـە سەرانسـەری ئەورووپـای داگیرکـراوی ئەڵمانیا لەکاتی جەنگی دووەمـی جیهانیـی. سـەرەتا بـە یەکەیەکـی بچووکـی

جێگـەی سەرسـوڕمانە، نووسـینی لـەم جـۆرە لـە وڵاتێکـی وەک تورکیـا ڕێگـە پێـدراوە کە خـاوەن دەسـتوورێکی دیموکراتییـە. هەرچەنـدە ئـەم وتەیـە گرنگـە، چونکـە ڕەنگدانـەوەی بەردەوامـی عەقڵییەتـی شـۆڤێنیترین و ڕەگەزپەرسـتترین باڵـی ناسـیۆنالیزمی تورکـە کـە کاریگـەری لەسـەر سیاسـەتی وڵاتەکـە هەیـە. لـە هەمـان ژمـارەی "ئۆتوکێـن"، وتارێکـی دیکـە بـە ناونیشـانی "مانـای هاوچەرخـی تۆرانیـزم[1] "کـە ڕێسـاد نووسـیویەتی، جەخـت لـەوە دەکاتـەوە "٧٠ ملیـۆن تورکـی چەوسـاوە لـە دەرەوەی سـنوورەکانی تورکیـا" هـەن لەوانـە لـە چیـن، ڕوسـیا، ئەفغانسـتان و ئێران. ئـەو پێشـنیازی دووبـارە دروسـتکردنەوەی "نووسـینگەی ڕەگـەزەکان" دەکات، وەک ئـەوەی پێـش سـاڵی ١٩٤٤ هەبـوو، بـە ئامانجـی:

١. ڕێگەگرتـن لەکەسـانێک کـە بەڕەچەڵـەک تـورک نیـن لـە وەرگرتنـی پۆسـتی گرنـگ لەدەوڵـەت و سـوپا، یـان چوونـە قوتابخانـە سـەربازییەکان و پەیمانـگا سیاسـییەکان و کۆلێژەکانـی یاسـا.

٢. قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان تورک و غەیرە تورک.

٣. قەدەغەکردنی قسەکردن بە زمانێکی دیکە جگە لە تورکی لە خاکی تورکیا.

نووسـەر بـە هێنانـەوەی پێناسـەی تـورک، کۆتایـی بـە وتارەکـەی دەهێنێـت کـە مسـتەفا کەمـال ئەتاتـورک لـە کتێبـی "مێـژووی کۆمـاری تورکیـا" دا کـە لـە سـاڵی ١٩٣٥ بڵاویکردووەتـەوە. بەگوێـرەی ئـەم پێناسـەیە، تـورک ئـەو کەسـەیە کـە لەسـەر خاکـی تورکیا دەژیـ، لـە هەمـوو شـوێنێک بـە تورکـی قسـە دەکات، بـە کەلتـوری تورکـی سەرسـامە و پرەنسـیپەکانی تـورک پەیـڕەو دەکات و لـە ڕەچەڵەکـی تورکـەوە هاتـووە.

لـە وتـاری ١٧ی تەمـووزی ١٩٦٧ سـیناتۆری کـوردی دیاربەکـر بەڕێـز سـەلاحەددین جزرلـی ئۆغڵـو لەبـەردەم ئەنجومەنـی پیرانـی تورکیـا قسـەی کـرد. ئـەو ڕەخنـەی لـە

پاسـەوانی نـاسراو بـە "سال-شـوتز-Saal-Schutz" (بـە ئەڵمانی: هۆڵـی ئاسایش) کـە لـە خۆبەخشانی پارتـی نـازی پێکهاتبـوو بـۆ دابینکردنـی ئاسـایش بـۆ کۆبوونەوەکانـی پارتەکـە لـە میونشـن.

(١) تۆرانیـزم یـان پـان تۆرانیـزم بزووتنەوەیەکـی کۆتایـی سـەدەی ١٩یـەم و سـەرەتای سـەدەی ٢٠ەمـە بـۆ یەکخسـتنی سیاسـی و چانـدی نەتـەوەکان تـورک، تەتـەر، ئۆرالیـک و خەڵکانـی تـر کـە لـە تورکیـای ئێسـتا دەژیـن و هەروەهـا لـە مەجـەڕەوە بـۆ زەریـای هێمـن. وشـەکە خـۆی لـە فارسـیەوە هاتـووە تـۆران بـە واتـای تورکسـتان یـان وڵاتـی تـورکان دێـت.

نووسینەکانی "ئۆتوکێن" گرت و گوتی ئەو نووسینانە قسەکانی سەرۆک کۆمار سونای شێواندووە، بەڵام کاردانەوەی گەنجانی کورد لەوەش گەورەتر بوو:

لە بەیاننامەیەکدا کە بە زمانی تورکی چاپ کراوە، لەژێر ناونیشانی "با دابەزن بۆ گۆڕەپانەکە و بزانین کێ کێ دەردەکات!"، کۆمەڵەی قوتابیانی ١٩ شاری کوردی کە واژۆیان لەسەر بەیاننامەکە کردووە، وەڵامی نووسەری "ئۆتوکێن" و لایەنگران و هاوشێوەکانیان دایەوە، ئەوان خەمباری خۆیان دەردەبڕن بەرانبەر ئەو وتارانەی خوێندوویانەتەوە دەڵێن: "ئەم جۆرە نووسەرانە هەوڵ دەدەن شەڕی ناوخۆ و براکوژی هەڵبگیرسێنن و گۆمی خوێن هەڵبستێنن و وڵات بکەنە مەیدانی جەنگی دووبەرەکی و ناکۆکی لەنێوان گەلاندا دروست بکەن. باشە، وەرن و هەوڵ بدەن شەڕمان لەگەڵ بکەن! بزانین کێ ئەوی تر لەم وڵاتە ڕاودەنێت و دەردەکات. بزانن هیچ هێزێک لە جیهاندا دەتوانێ وامان لێبکات خاکەکەمان بەجێبهێڵیین کە هەزاران ساڵە تێیدا ژیاوین، ئەوانەی لێرە دەردەکرێن بە دڵنیاییەوە کەسانی وەک ئێوەن، بە بیرۆکە مەترسیدار و فاشیستەکانتەوە"[(١)].

ئەم ڕاگەیەندراوە لەلایەن کۆمەڵەی قوتابیانی ئەم شارانەی خوارەوە واژۆ کرا: قەرەکۆسە، باتمان، بینگۆل، بدلیس، جزیر، دیاربەکر، خارپێت، ئەرزەڕۆم، جۆلەمێرگ، خنوس، کۆلیك، کانی ڕەش، ماردین، مووش، سێوەرەگ، دێرسیم، ڕحا، وان و وارتۆ. ئەو قوتابیانە پەیامی خۆیان ئاراستەی حکومەتی تورکیا کرد. لە بەیاننامەیەکی دیکەدا کە بە تورکی نووسراوە و واژۆی "قوتابیانی زانکۆی بدلیس"ی لەسەرە، ئاماژەیان بەوە کردووە، ڕۆژنامەیەکی تورکی لە ١٣ی تەمووزی ١٩٦٧ ڕاگەیەندراوێکی نەقیب ڕیدڤان سێکمەری بڵاوکردۆتەوە کە لەگەڵ سەرۆک جەودەت سونای بوو لە سەردانەکەیدا بۆ بدلیس. ئەو ئەفسەرە تورکە لە لێدوانەکەیدا گوتی: پێشوازی خەڵکی شارەکە لە سەرۆک سونای ساردوسڕ بووە و وتیشی: خۆ ئەگەر بارزانی لە جیاتی سونای سەردانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی بکردبا، خەڵک بە پارەیەکی زۆر و ئالای سەوزەوە بەگەرمی پێشوازییان لێدەکرد. ئێمە ئەم خەڵکەمان لە دڵماندا هەڵگرتووە، بەڵام

---

(١) ئەرشیفی تایبەتی نووسەر. ئەم بەڵگەنامانە بەرواریان لەسەر نییە، بەڵام دەبێ لە سەرەتای مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٦٧ بن.

ئـەوان ئێمـە دەچەوسـێننەوە خوێـنمان دەمـژن، لـەم وڵاتـە دەژیـن و هیـچ سـودێکیان بـۆ ئـەم وڵاتـە نییـە. قوتابییەکانـی بدلیـس وەڵامـی ئەفسـەرەکەیان دایـەوە و پرسـیاریان لێکـرد: "کـێ بەڕاسـتی لەسـەر دڵـی ئـەوی تـر دەژی و کـێ خاکـی ئەوی تـر داگیـر دەکات؟ تـۆ بـاش دەزانـی کـە ئێمـە هـەزاران سـاڵە لەسـەر خاکـی باوباپیرانمـان دەژیـن"[(١)].

پـاش نیـوەڕۆی ڕۆژی یەکشـەممە ٣ی ئابـی ١٩٦٧ بـۆ خۆپیشـاندانی جەمـاوەری لـە شـارەکانی کوردسـتان تەرخـان کـرا، ئـەم خۆپیشـاندانانە بـە مەبەسـتی ناڕەزایـی دەربڕیـن بـوو لـە دژی نووسـینەکانی ناسیونالیسـتە توندڕەوەکانـی تورکیـا (تۆرانیسـتەکان) و دژی سیاسـەتەکانی حکومـەت. لـە هەمـوو شـارە پەیوەندیـدارەکان "لێژنـەی ئامـادەکاری بـۆ خۆپیشـاندانەکانی ڕۆژهـەڵات و باشـووری ڕۆژهـەڵات" کـە دەکاتـە کوردسـتانی تورکیـا پێکهـێنراون. بـۆ بـاشتر تێگەیـشتن لـە بـاری دەروونـی دانیشـتوانی ئـەم ناوچانـەی کوردسـتانی تورکیـا ئەمـەی خـوارەوە دەقـی ئـەو بانگەوازەیـە کـە لیژنـەی ئامادەکاریـی دیاربەکـر ئاراسـتەی دانیشـتوانی شـارەکانی کـردووە، بـۆ بەشـداریکردن لە خۆپیشـاندانەکە:

"ئەی برایانمان لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات!

ئێـوە گەلێکـی لەبیرکـراون و بـۆ ماوەیەکـی زۆرە خـراپ مامەڵەتـان لەگەڵـدا کـراوە! ئێـوە بـە دەسـت نەزانـی و بێـکاری دەناڵێنـن، ئێـوە کـە لـە تاریکیـدا دەژیـن، لەکاتێکـدا ئێمـە لـە تورکیـای سـەدەی بیسـتەمین، ئـەی ئەوانـەی لـە ماڵـە هەژارەکانـدا نیشـتەجێن کـە وەک گـەوەڕی ئـاژەڵان وایـە، ئێـوە کـە مانـدوون، ناچـار دەبـن بـە هەناسـەی گەرمـی ئاژەڵـەکان یـان بـە سـووتاندنی ڕیـخ و پاشـەڕۆی مانـگاکان خۆتـان گـەرم بکەنـەوە! "

"تـۆ هەرگیـز هیـوات لەدەسـت نـەداوە، تەنانـە بـۆ یـەک ڕۆژیـش. تـۆ هەمیشـە چاوەڕێـت کـرد، بـە تەنیـا و لەبیـرت چـوو، کـە تـۆ هەڵخەڵەتێندراویت، خەوتوویت و بـێ ڕێـگا و قوتابخانـە بەجێیـان هێشـتوویت. تـۆ چیتر خـەون بە کارگـە و دووکەڵکێشـەکانییەوە مەبینـە. تـۆ بـێ کار بوویـت، تەنیـا بـۆ پارچەیـەک نانـی وشـك تێدەکۆشـیت. تـۆ ژیانـی خۆتـت لـە کێڵگەکانـی میـن کـردە قوربانـی".

---

(١) ئەرشـیفی تایبـەتی نووسـەر. ئـەم بەڵگەنامانـە بەرواریـان لەسـەر نییـە، بـەڵام دەبـێ لـە سـەرەتای مانگـی تەمـووزی سـاڵی ١٩٦٧دا بـن.

"ئەمڕۆ تورکیا بە پلانێکی ڕێکخراوەوە بەرەو پێشەوە دەڕوات، تۆش بە پلانێکی ڕێکخراوی تورکیا بە دواکەوتوویی بەجێ دەهێڵرێیت، هەمیشە درەنگ دەکەوێ. پلانی پێنج ساڵە جیاوازی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای وڵات فراوانتر دەکات".

"وەک بڵێی ئەوە بەس نەبوو، حکومەت هیچ ناکات لە دژی ئەو بیروباوەڕە فاشیستانەی تۆرانی، کە دەیانەوێت لە زێد و خاکەکەی خۆتان و نیشتیمانەکەتان دەرتان بکەن".

"بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە تووڕەیی خۆمان دەربڕین، بە یەك دەنگ لە دژی نادادپەروەری پلانەکان، لە دژی جیاکاری لە نێوان هەرێمەکاندا، لە دژی ئەوانەی ڕقیان لە ڕۆژهەڵاتە، هاوار بکەین: دەبێت ئێوە بێن و بەشداری ئەو خۆپیشاندانانە بکەن کە لە دیاربەکر پلانی بۆ دانراوە بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات...[1]"

بانگەوازی لێژنەی ئامادەکاری بۆ خۆپیشاندانەکەی شاری فارقین لەوەش ڕاشکاوترە:

"ئەی برایانمان لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات!

ئێوە کە سەدان ساڵە لە تاریکیدا ژیاون، لە داهاتوو بێ هیوا، کاتێک لاواز دەبن ئازار دەدرێن، کاتێک تینووتان دەبێت لێتان دەدرێت، ئەوانەی دەیانەوێت هەستنەوە سەرپێ، ئەوانەی بە دواکەوتوو وەسفکراون، ئەی ڕۆڵەی شەهیدی ڕۆژهەڵات! بەباشی گوێ لە خۆت بگرە، لە ماوەی ٤٤ ساڵی دامەزراندنی کۆماردا، هیچ کام لەو مافانەی بە یاسا پێتان دراوە، ڕێزیان لێ نەگیراوە".

"لە ناوچەکانی ئێمە هیچ کارگەیەکی ڕاستەقینە نییە، سەرەڕای هەبوونی کەرەستەی خاوی خۆمان. نەوت و کرۆم و ئاسن لە هەرێمەکانمانەوە دەنێردرێن بۆ ئەسکەندەروون، مێرسین، قەرەبوک و شارەکانی تری ڕۆژئاوا، ڕۆژانە کۆمپانیای نوێ لە ڕۆژئاوا دەردەکەون، بەڵام تا ئێستا هیچ کارگەیەکمان نەبینیوە. حکومەت هەموو ساڵێک هەڵمان دەخەڵەتێنێت و تەنیا بەڵێنمان دەداتێ و هیچی تر".

"ئەی برام لە ڕۆژهەڵات، کاتی ڕزگاربوونت هاتووە! تەنانەت ئەگەر ئازارەکانت لە ناخی خۆتدا بهێڵیتەوە، فاشیستەکان و توندڕەوەکان دەیانەوێت لە خاکی باوباپیرانتان دەرتان بکەن. بۆچی؟ چونکە تۆ بە کوردی قسە دەکەیت، چونکە تۆ

(١) ئەرشیفی تایبەتی نووسەر کە لە تورکییەوە وەرم گێڕاوە.

کوردیت دەیانەوێت بتنێرنە ئێران و پاکستان و تەنانەت ئەفریقا. بە مێشکی نەخۆش و بیرۆکە و ئایدۆلۆژییە شێتانەکانیانەوە، پێیان وایە دەبووایە ئێوە زووتر دەربکرابان، چونکە ئێستا ئەم کارە وێنەی تورکیای سەدەی بیستەم لەکەدار دەکات".

"ئەی برای ڕۆژهەلات! دەستوور هەمان مافت پێ دەبەخشێت وەک کەسانی تر، بێ گوێدانە ڕەگەز، زمان، نەتەوە، ئایین یان بیروباوەڕت. دەبێت وەلامی ئەوانە بدەیتەوە کە لەبەر ڕەچەڵەک یان زمانت ڕقیان لێت دەبێتەوە و سوکایەتیت پێدەکەن و دەیانەوێت بتخەنە ناو چاڵەوە. تۆ وەک ئەوان شکۆدار و بەڕێزیت، زمانەکەت شایەنی ڕێزە وەک زمانەکانی تر. دەنگت بەرز بکەرەوە و پێیان بڵێ کە پیاوێکی بەڕێزیت و زمانت پیرۆزە. وەرە ڕۆڵەی شەهیدەکانی ڕۆژهەلات بەشداری لەو دیدار و خۆپیشاندانە مەزنە بکەن کە کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ٣ی ئابی ١٩٦٧ لە فارقین بەڕێوەدەچێت و هەموو نوێنەرانی ڕۆژهەلات و باشووری ڕۆژهەلاتیش بانگهێشت کراون"[(١)].

مادەی ١٢ی دەستووری تورکیا هەر جۆرە جیاکارییەک لە نێوان هاوولاتیانی ئەو ولاتە قەدەغە دەکات، جا لەسەر بنەمای ڕەچەڵەک، زمان، ئایین یان نەتەوە بێت. ئەم مادەیە بەپێی پەیماننامەی لۆزان کە لە ساڵی ١٩٢٣ واژۆ کراوە (مادەکانی ٣٧ تا ٤٤). لەم پەیماننامەیەدا، تورکیا پێش ولاتانی تری واژۆکەر بەڵێنی دا ڕێز لە مافی ئەو هاوولاتیانە بگرێت کە تورک نین و جگە لە تورکی بە زمانێکی تر قسە دەکەن، یان جگە لە ئایینی ئیسلام ئایینێکی تر پەیڕەو دەکەن. پاش شکستی پەیمانی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠، پەیماننامەی لۆزان کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە، بناغەی دانا کە تورکیای هاوچەرخ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانی پێدابنرێت. مادەکانی ٣٧ تا ٤٤ لە پەیماننامەکە کەمترین ماف بۆ کەسانی غەیرە تورک یان غەیرە موسڵمان کە لە تورکیا دەژین دەستەبەر دەکات. بۆ نموونە مادەی ٣٨ دەڵێت: "حکومەتی تورکیا بەڵێن دەدات ژیان و ئازادی هەموو دانیشتووانی تورکیا بە تەواوی بپارێزێت، بێ جیاوازی لەدایکبوون، نەتەوە، زمان، ڕەگەز و ئایین"[(٢)]. مادەی ٣٩ لە پەیماننامەی لۆزان دەڵێت: "هاوولاتیانی تورکیا ئازادن

---

(١) ئەرشیفی تایبەتی نووسەر کە لە تورکییەوە وەرمگێڕاوە.

(٢) بڕوانە دەقی پەیمانی لۆزان لە کۆمەڵەیەکی گشتی نوێی پەیماننامەکاندا، لە نووسینی

لـە بەکارهێنانـی هـەر زمانێـک لـە کاروبـاری تایبەتـی، بازرگانـی، ئایینـی، لـە ڕۆژنامەگـەری یـان کۆبوونـەوە گشـتییەکاندا". مـادەی ٣٧ دەڵێـت "تورکیـا پابەنـد دەبێـت بـە ڕێزگرتن لەو مافانـەی لـە مادەکانـی ٣٨ تـا ٤٤ ی پەیماننامەکـەدا هاتـوون. ئەمـە مانـای ئەوەیـە، دەبێت ئـەم مافانـە بـە یاسـای بنەڕەتـی دابنرێـن و هیـچ یاسـایەک یـان ڕێکارێـك یـان کردارێکـی فەرمـی حکومـەت ناتوانێـت دژی ئـەم مافانـە بێـت".

بەپێـی یاسـاکانی پەیماننامـەی لـۆزان و مـادەی ١٢ی دەسـتووری تورکیـا، یاسـای ژمـارە ١٠٥ نادەسـتوورییە. ئـەم یاسـایە ڕێگـە بـە پۆلیـس دەدات گومانـی داکۆکیکردنـی لـە مافەکانـی کـوردی لـە هـەر کەسـێک هەبێـت، دەسـتگیری بـکات و دیپۆرتـی بکاتـەوە. بەهەمانشـێوە؛ بڕیـاری حکومـی ٢٥ی کانوونـی دووەمـی ١٩٦٧ کـە لەسـەر بنەمـای یاسـای ژمـارە ٥٦٨٠ دامـەزراوە و بەگوێـرەی ئـەو یاسـایە هێنانـی لـە دەرەوە یـان دابەشـکردنی کتێـب و تۆمـار و دیسـك بـە کـوردی لـە تورکیـا قەدەغـە دەکات". کـە لـە ١٤ی شـوباتی ١٩٦٧ لـە ڕۆژنامـەی فەرمـی[١] بڵاوکرایـەوە، ئەویـش نادەسـتوورییە. ئـەم بڕیـارە لەلایـەن سـەرۆک جـەودەت سـونای، سـەرۆک وەزیـران سـلێمان دەمیرێـل و هـەر سـێ جێگـری سـەرۆك وەزیـران و ١٨ وەزیـر واژۆکـراوە.

نووسـینەکانی "ئۆتوکێـن" و ئـەو لێدوانانـەی خراوەتـە پـاڵ سـەرۆک گورسـێل و سـونای و هەروەهـا سیاسـەتی سـتەمکارانەی بەرامبـەر بـە گەلـی کـورد لـە تورکیـا، بـە ئاشـکرا ناکۆکـن لەگـەڵ دەسـتووری تورکیـا و پابەندییـە نێودەوڵەتییەکانـی تورکیـا. سـەیرە حکومەتـی تورکیـا بـە فەرمـی نکۆڵـی لـە بوونـی ٦.٦ ملیـۆن کـورد دەکات کـە لـەو وڵاتـەدا دەژیـن کـە دەکاتـە نزیکـەی نیـوەی کـۆی دانیشـتوانی هەمـوو گەلـی کـورد[٢]. لەگـەڵ ئەوەشـدا، پەیماننامـەی سـیڤەر (مادەکانـی ٦٢ تـا ٦٤، بەشـی سـێیەم: کوردسـتان) "دانـی بـە ئەگـەری دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی کـوردی سـەربەخۆ یـان ئۆتۆنـۆم لـە پارێزگاکانـی ڕۆژهـەڵات نـاوە"[٣].

---

مارتێنس، زنجیرەی ٣، بەرگی سێزدەیەم، لاپەڕە ٣٣٨-٣٩٠، لایپزیگ، ١٩٢٤.

(١) " ڕۆژنامەی فەرمی کۆماری تورکیا"، سێشەمم، ١٤ی شوباتی ١٩٦٧ژمارە ١٢٥٢٧.

(٢) بڕوانـە توێژینەوەکەمـان بـە نـاوی "کوردسـتانی گـەورە" لەبـارەی دانیشـتوان و مێـژووی کـۆن و سـەدەکانی ناوەڕاسـت و هاوچەرخـی کوردسـتانی تورکیـا.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشووتر.

لــە كانوونــی دووەمــی ١٩٦٨ فائیــق بوجــاك پارێــزەر و ئەندامــی پەرلەمانــی بــە نوێنەرایەتــی ڕحــا و ســەرۆكی پارتــی دیموكراتــی كوردســتانی توركیــا بــە گولەیەكــی وێــڵ كــوژرا ، ســەعید ئەلچــی خەڵكــی دیاربەكــر و هەشــت ســەركردەی دیكــەی هەمــان پارتــی ناوبــراو لــە ئەنتالیــا دەســتگیركران و زیندانــی كــران. لــە بەرامبــەردا بەردەوامیــی خۆپیشــاندانەكان لــە شــارە كوردییــەكان، حكومەتــی توركیــا ناچــار بــوو تــا كاتــی دادگایــی كــردن ئازادیــان بــكات. خۆپیشــاندانەكان بەردەوامــن و لــە وان، ســێوەرەگ، جورنــی ڕەش، دیاربەكــر و شــوێنەكانی تــر قەبارەیــان زیادیكــردووە. سەرەڕای یاساكانی ژمارە ١٠٥ و ٥٦٨٠ ی توركیا و بڕیاری ١٤ی شوباتی ١٩٦٧ قوتابییە كوردەكانــی زانكــۆی ئەنقــەرە ڕووبــەڕووی هاوپۆلەكانیــان بوونــەوە كــە شــوێنكەوتووی بیروبــاوەڕی تۆرانــی بــوون لــە خــودی زانكۆكــەدا. موســا عەنتــەر شــیعرە كوردییەكانــی بڵاو دەكاتــەوە پــاش بەســەربردنی ســاڵێك لــە زینــدان بــە تۆمەتــی هەمــان تــاوان. موحەمــەد ئەمیــن بــوزەرسلان ئەلفوبێیەكــی كــوردی نیشــان دەدات پــاش ئــەوەی كتێبــی تــری بــەم زمانــە نووســیوە. بڵاوكــراوە كوردییــەكان، چ لــە توركیــا و چ لــە دەرەوەی وڵات، بــە نهێنــی لــە شــار و گوندەكانــدا بڵاودەبنــەوە. ئەندامانــی پــارت و ڕێكخــراوە كوردییــەكان چالاكانــە سەرپەرشــتی خۆپیشــاندەران دەكــەن.

لــە نێــوان خۆپیشــاندانەكانی ئابــی ١٩٦٧ و خۆپیشــاندانەكانی ئابــی ١٩٦٩، گۆڕانكارییەكــی بەرچــاو ڕوویــدا: داواكارییــەكان چیتر ســنووردار نەبــوون بــۆ كەمكردنــەوەی نایەكسانی نێــوان ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوای وڵات. ئێســتا و لــە ســەرووی هەمووشیانەوە ئامانجیان بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و ئابووری و دیموكراتیەكانی گەلــی كــوردە لــە توركیــا. بــە چاودێــری پۆلیــس وتــاری خۆپیشــاندەران بــە كــوردی پێشــكەش دەكرێــن و بــەم شــێوەیە بــە ئاشــكرا بەرەنــگاری قەدەغەكراوەكان دەبنــەوە. ئــەو پڕوپاگەندەیــەی كــە كــورد بــە "توركــی شــاخ" ناودەبــرد بــۆ نكۆڵــی كــردن لــە ناســنامە و مافــە نەتەوەییەكانیــان بەســەرچووە، پێدەچێــت پارتــی دادپــەروەری ســلێمان دەمیرێــڵ كــە لــە دەســەڵاتدایە و هەندێــك پشــتیوانی لــە نوخبــەی كوردد هەیــە، دەیەوێــت خــۆی لــە ڕووبەڕووبوونــەوەی ڕاســتەوخۆ بپارێزێــت و ڕێگــری لــە شــەڕی ناوخــۆ بــكات. لەگــەڵ ئەوەشــدا، هەندێــك جــار لەلایــەن لایەنــە ڕادیكاڵەكانــی ڕاســتڕەوە دەورە دەدرێــت.

پۆلیس چاوپۆشی لە کردەوەکانی میلیشیاکانی رائید تورکی، سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کرد کە لە کۆتایی ئەیلوولی ١٩٦٩، ئەو هێزانە بە چەکەوە ڕێگرییان لە ٢٥٠ قوتابی کورد کرد لە چوونە ناو کۆلێژی ئەندازیاری ئیشق لە ئەستەنبوڵ، لەو ڕووداوەدا قوتابییەکیان کوشت و ١٣ی دیکەش بە سەختی بریندار بوون. لافیتەیەک لەسەر دیواری کۆلێژەکە نووسراوە "کۆلێژ بۆ کورد و سوورەکان قەدەغەکراوە"[١]. پاش چەند ڕۆژێک نزیکەی هەزار قوتابی کورد بۆ ڕێزلێنان لە هە ڤاڵی کۆچکردوویان لە زانکۆکە کۆبوونەوە، بەڵام پۆلیس بە بیانووی "تێکدانی ئاسایشی گشتی" لە ناو حەرەمی زانکۆ هێرشی کردە سەریان. لەو دەستێوەردانەدا قوتابییەکی دیکەش کوژرا و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بوون. لە هەمان کاتدا، چەتەکانی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی دەستیان لێ نەدراوە و لە مەشق و ڕاهێنانیان لەسەر چەک هەڵگرتن لە کەمپەکاندا بەردەوامن.

لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٩، دوو سەرکردەی ڕێکخراوی قوتابیانی کورد بە ناوی "بنکەی کەلتووری شۆڕشگێڕی لە ڕۆژهەڵات" لە ناوەڕاستی شەقامێکدا لەلایەن بکوژێکەوە کوژران. پۆلیس کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکانیان هێنا و گوتی بکوژەکە نەدۆزراوەتەوە. لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٩ وەزیری ناوخۆ شانۆگەرییەکی بە ناوی "پیر سوڵتان عەبدال" لە شاری دێرسیم قەدەغە کرد. بڕیار بوو ئەم شانۆگەرییە لەسەر بانگهێشتی ڕۆشنبیرانی کورد نمایش بکرێت. ڕۆژی دواتر خەڵک، بۆ ناڕەزایی دەربڕین، خۆپیشاندانێکیان ڕێکخست. لە کاتی خۆپیشاندانەکەدا؛ بەڕێوەبەری پۆلیس لە بالکۆنی ئۆفیسەکەیەوە تەقەی لە خەڵکەکە کرد و کەسێک کوژرا. دواتر پۆلیس هێرشی کردە سەر خەڵک و ٨٠٠

(١) دەستەواژەی "کۆلێژ بۆ کورد و سوورەکان قەدەغەکراوە" لێدوانێکی ڕەگەزپەرستانە و قێزەونە دوو شێوەی ڕەتکردنەوە نیشان دەدات: ئەمە مانای ئەوەیە کورد گروپێکی کەمینەن لە تورکیا کە زۆرجار جیاکاری بەرامبەر دەکرێت لەم کۆلێژەدا وەرناگیرێن، ئەمە نموونەیەکی ڕوونی ڕەگەزپەرستییە دژی ئەم خەڵکە. سوورەکان: لێرەدا "سوورەکان" ئاماژە بەو کەسانە دەکات کە پشتگیری بیروباوەڕی چەپ یان شیوعییەت دەکەن. لەو کاتەدا، ئەم بیرۆکانە لەلایەن گروپە ناسیۆنالیستەکانەوە ڕەتدەکرانەوە و بە توندوتیژی دژایەتییان دەکرد.

خۆپیشـاندەری دەسـتگیرکرد. ڕۆژنامـە ئازادیخوازەکانـی تورکیـا بایەخیـان بـەو ڕووداوە دا و بـە ئابڕووچوونێکـی نەتەوەیـی ناویـان بـرد. بەڕێوبـەری پۆلیـس ڕووبـەڕووی فشارە بـووەوە و مانگێـک مۆڵەتـی وەرگـرت و دیـار نەمـا. لەگـەڵ ئەوەشـدا، دادگایـی کردنـی لەسـەر ڕووداوەکـە بەردەوامـە. (ئـەم زانیاریانـە لەلایـەن بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کوردسـتانی تورکیـاوە بەدەسـت هاتـوون).

کۆمـاری تورکیـا لـە گرتنەبـەری ڕێوشـوێنی تونـد لـە دژی گروپـە ڕەگەزپەرستەکانی پـان تۆرانـی و وازهێنـان لـە سیاسـەتی بەسـەرچوو و نادادپەروەرانـەی سـەرکوتی نەتەوەیـی کـە زیـان بـە سیمای خـۆی دەگەیەنێـت سـوودمەند دەبێـت. دەبێـت بیر لـەوە بکاتـەوە ببێتـە فیدراسـیۆنی کوردی-تورکـی، کـە تیایـدا هـەردوو گـەل پێکـەوە لـە ئاشـتی و یەکسـانیدا بژیـن، ئەمـەش لـە بەرژەوەنـدی هەمووانداپـە.

لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریەتـی عوسمانیـدا، پەیوەندییەکانـی نێـوان تـورک و کـورد هەمیشـە نێگەتیـڤ نەبـوون. لـە سـەردەمی مۆدێرنـی ئێمـەدا، کـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی تێـدا بـەدی دەکرێـت، ناکرێـت کۆمارەکـە لـە پشتگوێخسـتنی مافەکانـی ٦.٦ ملیـۆن کـورد بـەردەوام بێـت کـە لەسـەر خاکـی خۆیـان دەژیـن، وەک بەڕێـز عیسـمت ئینۆنـو لـە سـاڵی ١٩٢٣ لـە کۆنفرانسـی لۆزانـدا دانـی پێـدا نـا.

### ٦. هەڵوێستی وڵاتانی دیکە

پێویست ناکا زیاتر درێژە بەم پرسە بدرێت، چونکە خوێنەر توانیویەتی لە بەشەکانی پێشوو زۆر شت بزانێت.

ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئێستای کورد لە جاران جیا دەکاتەوە ئەوەیە؛ ئێستا گوتەبێژ و ڕێکخراو و پشتیوانی میدیایی لە دەرەوە لە زۆر شوێن هەیە. چ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بێت یان لە وڵاتانی سۆسیالیست، زۆرجار ڕۆژنامەگەری پشتگیری ئەم بزووتنەوەیەیان کردووە. توخمێکی سەرەکی ئەوەیە کە ڕای گشتی جیهانی گەشەی کردووە و پشتیوانی لە داخوازییەکانی شۆڕشی کوردستانی عێراق و بزووتنەوەی کوردی بەگشتی دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەک چۆن سەرکەوتنە سەربازییەکانی کورد لە ناوخۆی کوردستاندا نەگۆڕاوە بۆ دەستکەوتی سیاسی، ئەو هاوسۆزییەی ئەمڕۆ کورد لە ڕای گشتی جیهاندا هەیەتی نەتوانراوە بۆ چارەسەرێکی نێودەوڵەتی ململانێکە بەکاربهێنرێت. هۆکارەکانی ئەم شکستە بەم شێوەیەن کە بە پێی گرنگی ڕیزبەند کراون:

١. زلهێزەکان بایەخ بە دۆزی کورد نادەن، چونکە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە سوود و قازانجی نازانن.

٢. پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان گونجاو نییە، بۆ پاراستن یان دانان بە مافەکانی ئەو خەڵکانەی کە دەوڵەتی خۆیان نییە. زۆرجار بڕیارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری بەڕێوە دەچن نەک بنەما ئەخلاقییەکان، ئەمەش چارەسەری کێشەکانی کورد ئاڵۆزتر دەکات.

٣. شۆڕشی کورد بە ڕوونی وەک ئامانجی سەرەکی سەربەخۆیی تەواوی دیاری نەکردووە، ئەمەش بەدەستهێنانی پشتیوانی بەهێزی نێودەوڵەتی قورستر کردووە.

٤. ماوەکانی شەڕ و بەدوایدا ئاگربەست لەنێوان شۆڕش و حکومەتی بەغدا بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات. ئەمە کێشەی کورد لە دەرەوە لاواز دەکات، تەنانەت دڵسۆزترین لایەنگرانی نائومێد دەکات و هەستی نائومێدی لە نێو خودی کوردەکانیش دروست دەکات.

زلهێـزەکان لەبـەر بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان لـە وڵاتانـی عەرەبـی: بازرگانـی چـەک، نـەوت، کاریگـەری ئابـووری و سیاسـی، حـەز ناکـەن یـان نایانەوێـت پشـتیوانی لـە دۆزی کـورد بکـەن. هەروەهـا زلهێزەکانـی وەك ئەمەریـکا و بەریتانیـا شـوێن هەڵوێسـتی حکوومەتـە عەرەبییـەکان دەکـەون کـە دژایەتـی کـورد دەکـەن و ڕێـز لـە پابەندییەکانـی پەیوەسـت بـە پەیمانـی بەغـدا دەگـرن. کـورد یەکێکـە لـە چەوساوەترین گەلانـی جیهـان کـە لـە پێنـاو ئـازادی خۆیـدا قوربانـی گـەورەی داوە، بـەڵام کوردسـتان وەك قوبـرس و کۆنگـۆ و ڤێتنـام ئەوەنـدە بـە بەخـت نییـە.

هەندێـک وڵاتـی بچووکـی وەک وڵاتانـی سـکاندەناڤیا کـە بەرگـری لـە پرەنسـیپەکانی ئـازادی و دیموکراسـی و پرسـە مرۆییـەکان دەکـەن، ڕەنگـە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان پشـتیوانی لـە چارەسـەرێکی نێودەوڵەتـی بـۆ کێشـەی کـورد بکـەن. ئـەم وڵاتانـە بەرژەوەندیـی بازرگانـی کەمتریـان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا هەیـە، ئـەوەش ئـازادی زیاتریـان پـێ دەبەخشـێت. ئەمـە لەوانەیـە بـۆ هەندێـک لـە وڵاتانـی جیهانـی سـێیەمیش ڕاسـت بێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا، تـا ئێسـتا زۆرێـک لـەو دەوڵەتانـە لەژێـر فشـاری حکومەتـە عەرەبییەکانـدا بـوون و مافـی گەلـی کوردیـان بـۆ بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی خۆیـان پشـتگوێ خسـتووە، سـەرەڕای ئـەو پرەنسـیپانەی لـە کۆنفرانسـی باندونـگ[1] دانرابـوون کـە داکۆکـی لـە مافـی چـارەی خۆنووسـین و هاوسـۆزی لـە نێـو گەلانـی چەوسـاوە دەکـرد.

کۆنفرانسـە ئەفریقـی - ئاسـیاییەکان هەرگیـز نەیاندەویسـت بـاس لـە کێشـەی کـورد بکـەن، یـان بڕیـار لـە یارمەتیدانـی گەلـی کـورد بکـەن، هەرچەنـدە نوێنەرانـی کـورد هەوڵیـان دەدا پەیوەندییـان پێـوە بکـەن. هیـچ کوردێـک بـۆ ئـەم کۆبونەوانـە بانگهێشـت نەکـراوە، تەنانـەت ئەوانـەی نوێنەرایەتـی گەلانـی جیهانـی سـێیەم یـان بزووتنـەوەی سـەربەخۆیی دەکـەن، ئـەو پەیـام و بروسـکانەی ئێمـە ناردمانـە کۆنفرانسـە نێودەوڵەتییەکانـی وەک کۆنفرانسـی بێلایـەن لـە بەلگـراد یـان کۆنفرانسـی

(١) کۆنفرانسـی باندونـگ لـە ١٨ تـا ٢٤ی نیسـانی ١٩٥٥ لـە باندونـگ لـە ئیندۆنیزیـا بەڕێوەچـوو و ڕووداوێکـی مێژوویـی بـوو لـە مێـژووی وڵاتانـی جیهانـی سـێیەم. ٢٩ وڵاتـی ئەفریقـا و ئاسـیای کۆکـردەوە کـە بـەم دواییانـە سـەربەخۆ بـوون یـان لـە پرۆسـەی هەڵوەشـاندنەوەی کۆلۆنیالیـزم بـوون، کـە نوێنەرایەتـی زیاتـر لـە نیـوەی دانیشـتوانی جیهـان دەکـەن لـەو کاتـەدا. ئـەم وڵاتانـە نیگەرانـی هاوبەشـیان هەبـوو سـەبارەت بـە حوکمـی داگیـرکاری، ڕەگەزپەرسـتی و گرژیەکانـی جەنگـی سـارد.

سـێ کیشـوەریی هاڤانـای پایتەختـی کوبـا لـە سـاڵی ١٩٦٦ بـێ وەڵام ماونەتـەوە. ئەمــەش لەوانەیــە بــە هــۆی کاریگــەری نوێنەرانــی حکومەتــە عەرەبییــەکان بێـت لـە و ڕێکخراوانـەدا، بـەڵام گەلـی کـورد بەشـێکە لـە ناوچـەی ئەفریقی-ئاسـیایی و تێکۆشــانیان نموونەیەکــی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی نەتەوەییــە.

لـە مانگـی تشرینـی دووەم و کانوونـی یەکەمـی ١٩٦٥ ئێمـە وەك نوێنـەری شۆڕشـی کوردسـتانی عێـراق لەلایـەن سـەرۆک سـێ وڵاتـی ئەفریقییـەوە پێشـوازیمان لێکـرا، لـەو کۆبوونەوەیـەدا کێشـەکانی گەلـی کوردمـان خسـتەڕوو و داوامـان لـەو سـەرۆکانە کـرد کـە لـە نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا بـاس لـەو ململانێیـە بکـەن بیخەنـە بەرنامـەی کاری نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە، هەرچەنـدە ئـەم سـەرۆکانە تێگەیشـتنیان نیشـان داوە، بـەڵام بەڵێنەکانیـان جێبەجـێ نەکـران هـەر وەك بەڵێنـی بـێ کـردار مایـەوە. یەکێـک لـە سـێ سـەرۆکەکان ڕوونـی کـردەوە کـە پشـتگیری و هاوسـۆزی بـۆ دۆزی دیکـەش هەیـە، وەک ئـەوەی لـە سـودانی باشـوور و ئازانیـا، بـەڵام خـۆی لـە بەئاشـکرا قسـەکردن لەسـەر ئـەو بابەتـە بـەدوور گرتـووە، بـۆ ئـەوەی وڵاتانـی عەرەبـی تـووڕە نـەکات. ئەمـەش بـە نـۆرەی خـۆی پرسـیارێک دروسـت دەکات: ئایـا ئەمـە بەهانەیەکـی باشـە بـۆ ئـەوەی بەرگـری لـە گەلانـی چەوسـاوە نەکەیـن؟ ئـەی بۆچـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان هیـچ شـتێک نـاکات؟

## ٧. هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان

لەم بابەتانەی خوارەوە دەکۆڵینەوە:

١. کێشـەی کوردسـتانی عێـراق پەیوەنـدی بـە یاسا نێودەوڵەتییەکانـەوە هەیـە. ئەمـە پرسـێکە کـە ڕێسـاکانی نێـوان وڵاتـان دەگرێتـەوە.

٢. یاسـای نێودەوڵەتـی و بەیاننامـەی نەتەوەیەکگرتـووەکان بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە بـەس نیـن.

٣. ئەم کێشەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەباشی چارەسەر نەکراوە.

١. کێشەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی

کێشـەی کوردسـتانی عێـراق لـە ڕووی یاسـاییەوە کێشـەیەکی نێودەوڵەتییـە و بەرپرسـیاریەتی هەندێـک حکومـەت و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بەگشـتی دەگرێتـەوە، لەبـەر ئـەم هۆکارانـەی خـوارەوە:

أ. پەیمانـی سیڤەر، هەرچەنـدە بـە پەیمانـی لـۆزان هەڵوەشـایەوە، بەڵام بەهـای ئەخلاقی دەپارێزێـت. ئایا گەلـی کـورد کـە لـەم پەیماننامەیـەدا بەڵێنـی سـەربەخۆیی پێدرابـوو، لەلایـەن کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـەوە کرایـە قوربانـی، دەسـت و قاچیـان ڕادەسـتی قێزەونتریـن ستەمکاران نەکـرد؟ ئایـا بەلایەنـی کەمـەوە ئەمـە کێشـەیەکی ئەخلاقـی دروسـت نـاکات؟ پرسیاری ڕاسـتەقینە ئەوەیـە ئایـا ئەخـلاق هێشـتا دەتوانرێـت بـە سـەرچاوە و پرەنسـیپی یاسـا دابنرێـت؟

ب. حکومەتی بەریتانیا وەک هێزی فەرمانڕەوا و حکومەتی عێراقی بەڵێنیان دا لە چوارچێوەی عێراقـدا ئۆتۆنۆمـی تـەواو بـە باشـووری کوردسـتان بـدەن، بـەڵام ئـەم پابەندبوونـە ڕێزی لـێ نەگیـراوە، ئـەم بەڵێنە لەبیرکراوە و پشـتگوێ خـراوە. هەرچەندە،کۆمەڵـەی گەلان لە فەرمانـەکان بەرپرسـە، بـەڵام نەتەوە یەکگرتـووەکان میراتگری کۆمەڵەی گەلانە.

ج. کۆمەڵـەی گـەلان بەڵێنـی پاراسـتنی مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد لەسـەر بنەمـای ئەنجامەکانـی کۆتایـی ڕاپۆرتـی ویرسـن-تێلیکی دابـوو[١]. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئـەم گەلـە

(١) ڕاپۆرتـی Wirsen-Teleki بەڵگەنامەیەکـە لـە دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی نـووسراوە. باسـی

ناچار بوون بۆ بەرگری لەو مافانە بجەنگن، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان لە پشتگوێخستنی بەردەوامن.

د. دەستێوەردانی سەربازی سوریا لە شەڕ و ململانێ لە پایزی ١٩٦٣.

هـ. جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ کە لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرا، عێراقیش واژۆی کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژانە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پێشێلکاری دەکرێت بەتایبەتی لەو شەڕەی کە لە دژی کوردستان دەیکات.

و. مافی چارەی خۆنووسینی گەلان لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٢ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرا. گەلی کورد لەڕێگەی خەباتی چەکدارییانەوە هەوڵ دەدەن ئەم مافە جێبەجێ بکرێت بەجۆرێک بتوانن خۆیان بڕیار بدەن. هەرچەندە، نەتەوە یەکگرتووەکان کاری بۆ یارمەتیدانی نەکردووە و بەشێک لەئەندامانی ڕێخراوەکە بە دابینکردنی چەک بۆ ستەمکاران دژی کورد مومارەسەکردنی ئەو مافەیان قورستر کردووە:

١. "دەقی ئەو بڕیارە دەڵێت: هەموو گەلان و نەتەوەکان مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە، واتە ئەوان مافی ئەوەیان هەیە بڕیار لەسەر پێگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری خۆیان بدەن"[1].

٢. هەموو دەوڵەتان، بە ئەوانەشەوە کە بەرپرسن لە بەڕێوەبردنی ناوچە خۆبەڕێوەبەرەکان و هەروەها ئەوانەی بە هەر شێوەیەک کۆنترۆڵی جێبەجێکردنی

---

لە مافەکانی گەلی کورد و پێویستی پاراستنیان کرد بەتایبەتی لەدوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕاپۆرتەکە پێشنیازی ئەوە دەکات، ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتە، بەر بۆ یارمەتیدانی کورد کە گروپێکی جیا و خاوەن ماف تایبەتن، بەڵام ئەو ڕاسپاردانە جێبەجێ نەکران و گەلی کورد ئەو پارێزگارییەی کە بەڵێنی پێدرابوو پێنەدرا. ئەم ڕاپۆرتە زۆرجار ئاماژەی پێدەکرێت بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مافەکانی کوردی بەلاوە ناوە.

(١) نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیڕەوی مۆدێرن بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەشی سێیەم: "مافی گەلان بۆ چارەی خۆنووسین"، لەلایەن میرکین گوێتزێڤیچ، لە گۆڤاری پێداچوونەوەی گشتی بە یاسای نێودەوڵەتی گشتی. ژمارەی ١٩٥٤، لاپەڕە ٥٢٨.

ئـەم مافـە دەكـەن لەلایـەن گەلێكـی تـرەوە، دەبێـت یارمەتیـدەر بـن بـۆ دڵنیابـوون لـەوەی ئـەم مافـە لـە هەمـوو خاكەكانیانـدا ڕێـزی لێدەگیرێـت. هەروەهـا دەبێـت ڕێـز لـەم مافـە بگـرن لـە وڵاتانـی تـر، بەپێـی بڕگەكانـی پەیماننامـەی نەتـەوە یەكگرتـووەكان.

٣. مافـی چـارەی خۆنووسـینی گـەلان مافـی پاراسـتنی سـەروەری هەمیشـەیی بەسـەر سـەرچاوەكان و سـامانە سروشـتییەكانیاندا دەگرێتـەوە. ئـەو مافانـەی دەوڵەتانـی تـر دەتوانـن داوای بكـەن، هەرگیـز ناتوانـن پاسـاو بـۆ بێبەشـكردنی سـەرچاوەكانی خەڵـك بهێننـە كـە بـۆ مانـەوەی پێویسـتن.

ز. پەیماننامـەی نەهێشـتن و سـزادانی تاوانـی جینۆسـاید كـە لـە ٩ی كانوونـی یەكەمـی ١٩٤٨ لەلایـەن كۆمەڵـەی گشـتی نەتـەوە یەكگرتووەكانـەوە پەسـەند كـرا، لەلایـەن حكومەتـی بەغـداوە پێشـێل كـرا:

مـادەی ١ی پەیماننامەكـە دەڵێـت ئـەو وڵاتانـەی واژۆیـان كـردووە جەخـت لـەوە دەكەنـەوە كـە جینۆسـاید، چ لـە كاتـی ئاشـتی بێـت یـان لـە كاتـی جەنگـدا، تاوانێكـە دژی یاسـای نێودەوڵەتـی. بـە ڵێنیـان داوە ڕێگـری لـەم تاوانـە بكـەن و بەرپرسـان و ئەنجامدەرانـی سـزا بـدەن.

مـادەی ٢ی پەیماننامەكـە جینۆسـاید بـە هـەر یەكێـك لـەم كارانـەی خـوارەوە پێناسـە دەكات كـە بـە مەبەسـتی لەناوبردنـی گروپێكـی نەتەوەیـی، نـەژادی، ڕەگـەزی یـان ئایینـی بـە تـەواوی یـان دژی بەشـێكی ئەنجـام دەدرێـت:

١. كوشتنی ئەندامانی گروپەكە.

٢. زیانگەیاندنی جەستەیی یان دەروونی جدی بە ئەندامانی گروپەكە.

٣. ناچاركردنـی گروپەكـە لـە دۆخێكـی هێنـدە خراپـی ژیانـدا كـە لـە كۆتاییـدا بـە تـەواوی یـان بەشـێكی لەنـاو دەچێت.

٤. ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ ڕێگریكردن لە لەدایكبوون لەناو گروپەكەدا.

٥. گواستنەوەی منداڵانی ناو گروپەكە بۆ گروپێكی تر.

مادەی ٣. ئەم کارانەی خوارەوە سزا دەدرێن:

١. جینۆساید.

٢. پیلانگێڕی بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٣. هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٤. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٥. بەشداریکردن لە جینۆساید[١].

ح. ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٥٩ لەسەر مافەکانی منداڵان.

ط. پەیماننامەی جیاکاری لە دامەزراندن و کار، ساڵی ١٩٥٩.

ي. پەیماننامەی یونسکۆ دژی جیاکاری لە پەروەردەدا.

ك. بڕیارنامەی ١٩٦٢ی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی قبوڵنەکردنی نەتەوەیی و ئایینی.

ل. پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٦٦ بۆ نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاری ڕەگەزی.

٢. کەموکورتی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستووری دادوەری دادگای نێودەوڵەتی بابەتەکە فراوان و گرنگە. ئەم پوختەیە تەنیا مەبەستی تیشک خستنە سەر هەندێک لەو کۆتوبەندانەیە کە بەهۆی شکستە بەردەوامەکانی گەلی کورد لە بەدەستهێنانی دادپەروەری لە نەتەوە یەکگرتووەکان:

أ. برگەی ٧ی مادەی ٢ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت "هیچ شتێک لە پەیماننامەکەدا ڕێگە بە نەتەوە یەکگرتووەکان نادات دەست لە کاروباری دادوەری نەتەوەیی وڵاتێک وەربدات، هەروەها وڵاتانی ئەندامیش ناچار ناکات ئەو بابەتانە بگەیەننە چارەسەرێک بەپێی دەستوور. لەگەڵ ئەوەشدا؛ ئەم پرەنسیپە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنە زۆرەملێییەکان سنووردار ناکات کە لە بەندی حەوتەمدا هاتوون"[٢].

---

(١) "پەیماننامە..." لە پێداچوونەوەی گشتی یاسای نێودەوڵەتی گشتی، ژمارەی ١٩٤٩.

(٢) نەتەوە یەکگرتووەکان "پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیڕەوی ناوخۆی دادگای نێودەوڵەتی".

هیـچ وڵاتێکـی ئەنـدام ناچـار نییـە و ڕێگەپێـدراو نییـە سـکاڵا لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان تۆمـار بـکات لـە دژی وڵاتێکـی تـر کـە دەسـتوور پێشـێل دەکات. ڕێوشـوێنە زۆرەملێیـەکان کـە لـە بەنـدی حەوتـەم (مادەکانـی ٣٩ تـا ٥١) ئاماژەیـان پێدراوە، پشـت بە دەستپێشـخەری ئەنجومەنـی ئاسـایش دەبەسـتێت، بـەڵام تەنیـا لـە حاڵەتی هەڕەشـە بۆ سـەر ئاشـتی جیهان. ئەمـە ڕەخنەیـەک دروسـت دەکات کـە لـە خـوارەوە لـە خاڵـی "ب" دا ئامـاژەی پێکـراوە. لـە پراکتیکدا، دەوڵەتێک کە دەسـتوور یان بنەماکانی یاسـا بەرامبەر بە دانیشـتووانەکەی پێشـێل دەکات، زۆرجـار پەنـا دەباتـە بـەر بنەمای "سـەروەری نیشـتمانی" دەیکاتە بیانـوو بۆ ڕێگرتن لـە وڵاتانـی تـر لـە تۆمارکردنـی سـکاڵا لـە دژی. لەگـەڵ ئەوەشـدا، نەتـەوە یەکگرتـووەکان بە شـێوەیەکی گشـتی پێیوایـە توانـای مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئـەو کێشـانەی کـە بـە "ناوخۆیـی" وەسـف دەکرێن بۆ وڵاتێک نییە، تەنانەت لە حاڵەتی پێشـێلکردنی جدی یاسـای نێودەوڵەتی یـان پەیماننامـەی دیاریکـراودا. ئەمـە نکۆڵیکردنێکـی ڕاسـتەقینەیە لـە دادپەروەری.

ب. تەنیـا دەوڵەتـان، ئەگـەر ئەنـدام بـن یـان نـا (بڕگـەی ١ و ٢ مـادەی ٣٥)، مافـی ئەوەیـان هەیـە ناکۆکـی یـان بارودۆخێـک کە هەڕەشـە لە ئاشـتی و ئاسایشـی نێودەوڵەتـی بکات، بـە ئەنجوومەنـی ئاسـایش یـان کۆمەڵـەی گشـتی ڕابگەیەنـن. سـنووردارکردنی ئـەم مافـە تەنیـا بـۆ دەوڵەتـەکان، دوورخسـتنەوەی قەوارەکانـی تـر وەک گروپـە نەتەوەییـە نادەوڵەتییـەکان، گەلانـی چەوسـاوە یـان کەمایەتییـە چەوسـاوەکان، هەڕەمەکـی و بێسـەروبەری دەخاتـە نـاو پرۆسـەکەوە. ئەمـە تێڕوانیـن و بەرژەوەندییـە سیاسـییەکان دەخاتـە سـەرووی دادپەروەرییـەوە، بـەم شـێوەیە ئـەو کەسـانە بێبـەش دەکات کـە زۆرتریـن زیانیـان بەرکەوتـووە لـە دەستگەیشـتن بـە دادپـەروەری ڕاسـتەقینە.

ج. مـادەی ٩٩ ڕێگـە بـە سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەدات "سـەرنجی ئەنجومەنـی ئاسـایش بـۆ هـەر بابەتێـک ڕابکێشـێت کـە بـە بۆچوونـی ئـەو ببێتـە مەترسـی بـۆ پاراسـتنی ئاشـتی و ئاسایشـی نێودەوڵەتـی".

لەبـەر هـۆکاری سیاسـی، سـکرتێری گشـتی هەرگیـز ئـەو دەسـەڵات و مافـەی بـەکار نەهێنـاوە، ئەگـەر بزانێـت کارەکـەی کاریگـەری لەسـەر سیاسـەتی وڵاتێکـی ئەنـدام دەبێت. چەندیـن جـار نوێنەرانـی کـورد داوایـان لـە "یوتانـت"ی سـکرتێری گشـتی کـردووە ئـەو کارە بـکات، بـەڵام هیـچ ئەنجامێکیـان بـە دەسـت نەگەیشـتووە.

د. تەنانـەت کاتێـک دەوڵەتێـک بـە پێـی دەسـتوور؛ ڕێوشـوێنی پێشکەشـکردنی ناکۆکـی یـان دۆخێـک بـۆ دامەزراوەیەکـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەسـتپێدەکات، دەتوانرێـت بـە دەنگـی نەرێنـی زۆرینـەی وڵاتانـی ئەنـدام ڕەتبکرێتـەوە، کـە تێیـدا تێڕوانینـی سیاسـی و بەرژەوەندییـە تایبەتـەکان بەسـەر پێداویسـتییەکانی دادپەروەریـدا زاڵ دەبن. دواتـر ڕوونـی دەکەینـەوە کـە حکومەتـی سـۆڤیەت دوای دەسـتپێکردنی پرۆسـەکە شکسـتیهێنا لـە خسـتنەڕووی پرسـی جینۆسـاید دژی گەلـی کـورد لـە ئەجێنـدای ئەنجوومەنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی.

ه. لەبـەر هەمـان هـۆکاری سیاسـی و نایاسـایی، بڕیارێـک کـە دژی ڕۆحـی دادپـەروەری بێـت، یـان تەنانـەت دژی بڕگەکانـی یاسـاکە، دەتوانرێـت بدرێـت، تەنانـەت پـاش ئـەوەی پرسـێك یـان کێشـەیەک بـە شـێوەیەکی گونجـاو خراوەتـە بەرنامـەی کاری دامەزراوەیەکـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە. لـە ڕاسـتیدا؛ کۆمەڵـەی گشـتی، ئەنجومەنی ئاسـایش و ئەنجومەنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی وەک دادگایەکـی نێودەوڵەتـی کار ناکـەن. ئەندامەکانیـان دادوەر نیـن، بەڵکـو دیپلۆماتـکارن، کـە دەتوانـن کاریگـەری لەسـەر بڕیارەکانیـان هەبێـت.

و. تەنانــەت کاتێــک دەزگایەکــی لێهاتــووی نەتــەوە یەکگرتــووەکان؛ بڕیارێکــی دادپەروەرانــە بــدات بــۆ چارەســەر کردنــی ناکۆکییــەک، یــان کۆتاییهێنــان بــە دۆخێـک کـە پێشـێلکردنی یاسـای نێودەوڵەتـی و دەسـتووری تێـدا بێـت، لەوانەیـە ئـەو بڕیـارە هەرگیـز جێبەجـێ نەکرێـت. لـە ڕاسـتیدا؛ ئەنجومەنـی ئاسـایش و سـکرتێری گشـتی هەمیشـە ئامـرازی سـەربازی و لۆجیسـتیکی پێویسـتیان نییـە بـۆ دڵنیابـوون لـە ڕێزگرتـن لـەو بڕیارانـە. بـۆ نموونـە دەسـتێوەردانی هێزەکانـی نەتـەوە یەکگرتــووەکان لــە ململانێکانــی وەک قوبــرس یــان نێــوان ئیسرائیــل و وڵاتانــی عەرەبـی لـە جیاتـی چارەسـەرکردنی کێشـەکە، دۆخێکـی گـرژی درێـژ کردووەتـەوە. لـە حاڵەتەکانـی وەک جەنگـی کۆریـا یـان قەیرانـی کۆنگـۆ، دەسـتێوەردانی سـەربازی ئەنجامـی بڕیـاری سیاسـی بـوو نـەک پرۆسـەی دادوەری. تـا ئێسـتا وا دەردەکەوێـت کـە هێزەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان هەرگیـز بـۆ دابینکردنـی دادپـەروەری بـۆ گەلێکـی چەوسـاوە بـەکار نەهاتـوون.

ز. مـادەی ٣٤ لـە دەسـتووری دادگای نێودەوڵەتـی دەڵێـت "تەنیـا دەوڵەتـان مافـی ئامادەبوونیـان هەیـە لەبـەردەم دادگا". ئەمـە مانـای ئەوەیـە کـە کۆمەڵگـە نەتەوەییـە نادەوڵەتییـەکان، وەک گەلانـی چەوسـاوە یـان کەمایەتیـەکان، لـەم مافـە بێبـەش کـراون. ئـەم سـنووردارکردنە هاوتایـە لەگـەڵ ئـەو ڕەخنانـەی پێشـتر لـە پەیماننامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان گیـراون، کـە دەستگەیشـتن بـە دادپـەروەری نێودەوڵەتـی تەنیـا بـۆ وڵاتـان دەپارێزێـت بـە زیانـی ئـەو گروپانـەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیـدارن.

ح. جاڕنامــەی جیهانــی مافەکانــی مــرۆڤ کــە لەلایــەن کۆمەڵــەی گشــتی نەتــەوە یەکگرتووەکانــەوە ڕاگەیەنــراوە، وەک "ســتانداردێکی هاوبــەش کــە دەبێــت هەمــوو گــەلان و هەمــوو نەتــەوەکان بەدەســتیبهێنن" پێشــکەش دەکرێــت، بــەڵام هیــچ ســزایەک بــۆ دڵنیابــوون لــە ڕێزگرتــن لــەو مافانــە دیــاری نــاکات، کــە کاریگــەری و جێبەجێکردنــی ســنووردار دەکات.

لـە سـاڵی ١٩٤٧ کۆمیسـیۆنی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ مافەکانـی مـرۆڤ دەزگایەکـی هەمیشـەیی دامەزرانـد بـە نـاوی لیژنـەی لاوەکـی بـۆ نەهێشـتنی جیـاکاری و پاراسـتنی کەمینـەکان. ئـەم لیژنـە ١٢ ئەندامییـە ئەرکـی ئەنجامدانـی توێژینـەوەی تیـۆری بـۆ پێناسـەکردنی چەمکـی "جیـاکاری" و "کەمایەتـی" پـێ سـپێردراوە. هەروەهـا بەرپرسـە لـە پێشـنیازکردنی یاسـایەک بـۆ نەهێشـتنی هەمـوو شـێوەکانی جیـاکاری و دەسـتەبەرکردنی مافـە تایبەتـەکان، بەتایبەتـی لـە بوارەکانـی کەلتـوری و کارگێـڕی، بـۆ نەتەوەیـی و کەمایەتیەکانـی تـر کـە لـە دەوڵەتـە سـەربەخۆکاندا دەژیـن. ڕاسـپاردەکانی لێژنـەی لاوەکی بەرەنگاربوونـەوەی جیـاکاری و پاراسـتنی کەمینـەکان نەخراونەتـە نـاو جاڕنامـەی جیهانـی مافەکانـی مرۆڤـی سـاڵی ١٩٤٨، بەهـۆی دژایەتـی زۆرینـەی دەوڵەتـان، لەوانـە زلهێـزەکان. "هەندێـک لـە وڵاتـان بڕیاریانـدا دەنـگ بـە جاڕنامەکـە نـەدەن، تەنانـەت ڕەخنەیـان لـە نەبوونـی یاسـای تایبـەت بـۆ پاراسـتنی کەمینـەکان گـرت"[1]. لـە سـاڵی ١٩٥٠، لێژنـەی لاوەکـی پـڕۆژە بڕیارێکـی پێشـنیاز کـرد کـە ئـەو وڵاتانـەی کەمایەتییەکانـی تێدایـە دەبێـت هەندێـک ئاسـانکاری وەک بەکارهێنانـی زمانەکانیـان لـە سیسـتەمی دادوەری و پەروەردەدا

(١) "حوکمـی جیـاکاری نەکـردن و پاراسـتنی کەمینـەکان"، لەلایـەن چیرکۆڤیـچ، لـە پێداچوونـەوەی گشـتی یاسـای نێودەوڵەتـی گشـتی، ژمـارەی ١٩٥١، لاپـەڕە ٢٤٧-٢٧٠.

پێشکەش بکەن، بەڵام ڕەشنووسەکە ڕوونی کردووەتەوە "نابێت ئەم مافانە بۆ هەڕەشە کردن یان لاوازکردنی یەکێتی و ئاسایشی دەوڵەتان بەکاربهێنرێن"[(١)][٣٩]. سەرەڕای ئەم ئاگادارییە، کۆمیسیۆن لە ساڵی ١٩٥٠ ئەم پێشنیازەی ڕەتکردەوە.

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، ئەوەی لەم ڕەشنووسە ڕەتکراوەدا، ئەو بڕگەیەیە کە دەڵێت: نابێت کەمایەتیەکان مافەکانیان بەکاربهێنن بۆ هەڕەشە کردن لە یەکڕیزی و ئاسایشی دەوڵەتان، بە ئاشکرا پێچەوانەی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان، کە بووەتە یاسایەک لە یاساکانی نێودەوڵەتی.

ط. مافی کەسایەتی یان گروپە نادەوڵەتییەکان بۆ پێشکەشکردنی سکاڵا لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان زۆر سنووردارە، تەنانەت بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە کۆمەڵەی گەلانیشدا هەبووە.

بەگوێرەی بڕگەی ١ی بڕیاری ٧٢٨ف(٢٨)ی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، "کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ دەسەڵاتی ئەوەی نابێت ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر سەبارەت بە داواکانی مافەکانی مرۆڤ" لەلایەن تاکەکان یان گروپە نادەوڵەتییەکانەوە. ئەوپەڕی لە بڕگەی ٢ی ئەو بڕیارە دەڵێت "کۆمیسیۆن تەنیا دەتوانێت داوا لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات":

١. بۆ ئەوەی لیستی سکاڵاکان ئامادە بکەن و پێش هەر کۆبوونەوەیەک بیدەن بە ئەندامانی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ. ئەم لیستە لەوانەیە نهێنی یان گشتی بێت، بەگوێرەی داواکاری ئەو کەسانەی سکاڵایان ناردووە.

٢. بۆ ڕێگەدان بە ئەندامانی کۆمیسیۆن، لەسەر داواکاری، بەڵگەنامە ڕەسەنەکانی سکاڵاکان بخوێننەوە(...).

٣. بۆ ئەوەی ئەو کەس و لایەنانەی سکاڵا دەنێرن ئاگادار بکاتەوە کە پەیامەکانیان وەک لەم بڕیارەدا ڕوونکراوەتەوە(...)، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت بۆیان ڕوون بکرێتەوە کە کۆمیسیۆن ناتوانێت کار لەسەر داواکارییەکانیان بکات.

---

(١) هەمان سەرچاوە.

٤. بۆ ئەوەی کۆپی هەر سکاڵایەکی مافەکانی مرۆڤ بە هەر وڵاتێکی پەیوەندیدار بدات، بەتایبەتی ئەگەر سکاڵاکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو دەوڵەتە یان ناوچەیەکی ژێر کۆنترۆڵی ئەو وڵاتەوە هەبێت(...).

کۆمیسیۆن بەم شێوەیە وەڵامی ئەو سکاڵایانەی داوەتەوە کە ئێمە بۆیانمان ناردووە[1]، کەواتە مافی سکاڵاکردن تەنیا خۆی لە ئاگادارکردنەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبینێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی بڕیاری داوە لە دژی ئەو وڵاتانە کار نەکات کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ ناگرێ، لەو ناوچانەی کە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانن.

ی. ئەمڕۆ لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا، گەلان مافی چارەی خۆنووسینیان وەک یاسایەکی فەرمی بە پێی بڕیاری ١٩٥٢ دانی پێدا دەنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لە پراکتیکدا، ئەمە لە سەرووی هەموو شتێکەوە وەک بیرۆکەیەکی گشتی دەمێنێتەوە: ئەگەر ئەم مافە ڕێزی نەگیرێت، هیچ سزایەک دانەنراوە.

ك. بە هەمانشێوە، هیچ سزایەک بۆ ڕێگرتن یان سزادانی جینۆساید دیاری نەکراوە. مادەی ٦ی پەیماننامەکە ڕوونی دەکاتەوە: "ئەو کەسانەی بە جینۆساید یان کردەوەی گەورەی دیکە تۆمەتبارن (کە لە مادەی ٣ دا هاتووە) یان لەلایەن دادگای ئەو وڵاتەی کە ڕووداوەکەی تێدا ڕوویداوە، یان لەلایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دادگایی دەکرێن، بەڵام تەنیا ئەگەر وڵاتانی پەیوەندیدار دەسەڵاتی ئەو کارە قبوڵ بکەن." ئەمە مانای ئەوەیە کە کردارەکان لە سەرووی هەموو شتێکەوە بەندە بە بڕیاری وڵاتانی پەیوەندیدار.

بەڵام چی ڕوودەدات کاتێک تۆمەتبار حکومەتی وڵاتێک بێت، وەک زۆرجار ڕوودەدات؟ ئایا حکومەت خۆی تاوانبار دەکات و خۆی لە دادگاکانی خۆی دادگایی دەکات؟ ئایا دەسەڵاتی دادگای نێودەوڵەتی دادگاییکردن قبوڵ دەکات ؟

---

(١) نامەی ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧ کە لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤەوە وەرمانگرت لە وەڵامی ئەو سکاڵایانەدا کە لیژنەی داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد، لە ٢٢ و ٢٥ی شوباتی ١٩٦٧دا، ئاراستەی کۆمیسیۆنی ناوبراو و سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانمان کرد، سەبارەت بەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ کە لەلایەن حکومەتی دیمەشقەوە بەرامبەر بە گەلی کوردی سوریا ئەنجام دراوە.

ئەمە کێشەکە دەردەخات: حکومەتێکی تاوانبار دەتوانێت بە ئاسانی خۆی لە هەر ئەنجامێک بپارێزێت.

زۆرجار ئێمە لە دابەشبوونی جیهان بۆ دەوڵەتی پیشەسازی و دەوڵەمەند و دەوڵەتی تازە پێگەیشتوو و هەژار نیگەران دەبین، بەڵام کەس باسی ئەو خەڵکە لەبیرکراوانە ناکات کە لە سەرانسەری جیهاندا ئازار دەچێژن. ئەم گەلانە بۆ چارەنووسی ڕەشی خۆیان بەجێهێڵدراون، قوربانی ستەمی دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان کە دەیانەوێت تێکەڵیان بکەن بە میللەتانی خۆیان، جا بە هێز و زەبر و زەنگ تێکەڵیان بکەن، یان تەنانەت لەناویان ببەن. تێکەڵاوکردنی گەلان بە پێچەوانەی خواستی خۆیان بە گەلانی تر، ئەمە جۆرێکە لە جینۆساید. ئەم جینۆسایدە کەلتورییە دەبێت قەدەغە بکرێت و وەک تاوان سزا بدرێت. بێگومان گەلانی چەوساوە زیاترن لە دەوڵەتانی خاوەن سەروەری لەم ئەفریقایەدا کە لەلایەن ئیمپریالیزمەوە دابەش کراون بۆ دەوڵەتی دەستکرد، تەنانەت لە ئاسیا و ئەمریکای لاتین هەیە.

ئەی ئەوروپا چی؟ دەگوترێت کێشەی خەڵک چارەسەر کراوە؟ کێ لە نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگی بەم خەڵکە لەبیرکراوە دەدات؟ کێ بیر لە هەرێمی باسکی ئیسپانیا و بریتۆن و فریسی یان وێڵز دەکاتەوە[1]؟ کێ بیر لە هیندیەکانی ئەمریکای

(١) بریتۆنەکان: دانیشتووانی بروتانی، ناوچەیەکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای فەڕەنسا. ئەوان ناسنامەیەکی کەلتوری بەهێزیان هەیە، بە زمانی خۆیان (بریتۆن)، دابونەریت و مێژووی خۆیان. هەندێک لە بزووتنەوەکانی بریتۆن لە کاتی جیاوازدا داوای ئۆتۆنۆمی زیاتر یان دانان بە کەلتورەکەیان لەناو فەڕەنسا کردووە.
باسکیەکان: لە ناوچەیەک دەژین دەکەوێتە باکوری ئیسپانیا و باشوری ڕۆژئاوای فەڕەنسا، پێی دەوترێت هەرێمی باسک. ئەوان یەک زمانیان هەیە، باسکی، کە هیچ پەیوەندییەکی بە زمانە ناسراوەکانی ئەوروپا نییە. کەلتور و ناسنامەیان زۆر بەهێزە. لە ئیسپانیا، بەشێک لە وڵاتی باسک ئۆتۆنۆمی فراوانی هەیە، بەڵام هەندێک لە بزووتنەوەکانی باسک شەڕیان کردووە (هەندێک جار بە شێوازی توندوتیژی).
فریسییەکان: گەلێکی ئەڵمانین کە لە ناوچە کەناراوییەکانی هۆڵەندا و باکووری ئەڵمانیا دەژین (فریسلاند). ئەوان بە زمانی فریسی قسە دەکەن، زمانێکی نزیکە لە ئینگلیزی کۆن و هۆڵەندی. هەرچەندە ئەوان بە شێوەیەکی گشتی داوای سەربەخۆیی ناکەن، بەڵام پابەندن بە پاراستنی زمان و کەلتوری خۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا، ناسنامەی کەلتورییان بەهۆی مۆدێرنبوونەوە بەرە بەرە بەرەو داکشان دەڕوات.
وێڵزییەکان: لە وێڵز دەژین کە نەتەوەیەکی پێکهێنەری شانشینی بەریتانیایە. زمانەکەیان وێڵزی

لاتیـن دەکاتـەوە، نـەوەی ئینـکا و مایـاکان[١]، کـە لەگـەڵ ئەوەشـدا نوێنەرایەتـی زۆرینـەی دانیشـتوانی ئـەم کیشـوەرە دەکـەن؟

کەواتـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان چیـە؟ ئایـا نەتـەوە یەکگرتـووەکان تەنیـا شـوێنێکە بـۆ گفتوگۆکـردن و کۆبوونـەوەی حکومەتـەکان؟ بەڵـێ بێگومـان، بـەڵام لـە سـەرووی هەمـوو شـتێکەوە؛ کۆمەڵێـک وڵاتـی خـاوەن سـەروەرین. هەندێـک لـەو وڵاتانـە بـۆ سـەرکوتکردنی خەڵکانـی ژێردەسـتە یـان یاخیبـوو یاسـاکانی خۆیـان بەکاردەهێنـن، یـان سـوود لـە بۆشـایی یاسـاکان وەردەگرن. لەگەڵ ئەوەشـدا، زۆرێک لەم حکومەتانە نوێنەرایەتی چینی دەوڵەمەند دەکـەن کـە چینـە هـەژارەکان دەچەوسـێننەوە، کـە زۆرینـەن لـە وڵاتەکانـی خۆیاندا.

ئـەی سـەبارەت بـە سـەربەخۆیی نەتەوەیـی چـی؟ هۆکارێـک هەیـە کـە زیاتـر ئیمتیازاتێکـە بـۆ نوخبـەی فەرمانـڕەوا تەرخـان کرابێـت. ئـەم نوخبەیـە کـە نوێنەرایەتـی نەتەوەیەکـی باڵادەسـت دەکات، کورسـییەکی لـە یانەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان پێدەدرێت، بـەڵام زۆرجـار لەسـەر حسـابی خەڵکـی ئاسـایی و گروپـە کەمایەتییـەکان و ژێردەسـتەکان. بـۆ گۆڕینـی ئـەو دۆخـە، دەبێـت دەسـتکاری تـەواوی پەیماننامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و دەسـتووری دادگای نێودەوڵەتـی بکرێـت.

بەم شێوەیە ئەم چاکسازییە دەبینین:

١. بیرۆکەکــە لێــرەدا ئەوەیــە جیــاوازی لــە نێــوان ئــەو گەلانــە بکەیــن کــە چەوســێنراونەتەوە و ئەگــەر بیانەوێــت بتوانــن ســەربەخۆ بــن و کەمایەتییــە نەتەوەییـەکان کـە بچووکـترن، بـەڵام دەبێـت بتوانـن بـە شـکۆمەندی بژیـن و ڕێـز لـە دابونەریتەکانیـان بگیرێـت لـەو دەوڵەتانـەی کـە تێیـدا نیشـتەجێن. گەلێـک بـە

هێشـتا زمانێکـی کێلتییـە، هەرچەنـدە زۆرێـک لـە وێڵزییـەکان بـە ئینگلیـزی قسـە دەکـەن وەک زمانـی سـەرەکییان. وێڵـز حکومـەت و پەرلەمانـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، بـەڵام هەندێـک لـە وێڵزییـەکان هەڵمـەت دەکـەن بـۆ خۆبەڕێوەبردنـی زیاتـر یـان تەنانـەت سـەربەخۆیی.

(١) مایـاکان: لـە ئەمریـکای ناوەڕاسـت دەژیـان، لـەو ناوچانـەی کـە ئێسـتا مەکسـیکن (نیمچەدوورگـەی یوکاتـان)، گواتیمالا، بەلیـز، هینـدۆڕاس و ئەلسـالڤادۆر.

ئینــکاکان :خەڵکــی ڕەســەنی ئەندێــز بــوون لــە ئەمریــکای باشــور. ئیمپراتۆریەتەکەیــان کــە بــە تاوانتینسـویو نـاسراوە، بەشـێوەیەکی سـەرەکی بەسـەر ناوچەکانـی ئێسـتای پیـرو، بۆلیڤیـا، ئیکـوادۆر، چیلـی و باکـوری ئەرجەنتیـن درێـژ بـووەوە.

چەوساوە دادەنرێت، ئەگەر ئەوەندە گەورە بێت و خاکەکەی بە پێچەوانەی خواستی خۆی لەلایەن دەوڵەتێکی ترەوە لکێنرابێت و داوای ئازادی بکات. گرنگ نییە ئەم نەتەوەیە لە ڕووی ژمارەوە بەراورد بە کۆی دانیشتوانی دەوڵەتەکە کەمترە. لە ڕاستیدا هەندێک لەو نەتەوە چەوساوانە، هەم لە ڕووی دانیشتووان و هەم لە ڕووی سەرچاوە و قەبارەی خاکەکانیانەوە، لە زۆرێک لە دەوڵەتە سەربەخۆکانی ئەمڕۆ گەورەترن.

٢. ئەم گەل و کەمایەتییە چەوساوانە، دەبێت مافی ئەوەیان هەبێت، کەیسەکانیان لەبەردەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پێشکەش بکەن، لەوانە دادگای نێودەوڵەتی. ئەمە ڕێگەیان پێدەدات بەرگری لە مافەکانیان بکەن و داوای دادپەروەری بکەن، بێ ئەوەی تەنیا پشت بە بڕیاری دەوڵەتانی خاوەن سەروەری ببەستن.

٣. بۆ ڕێگریکردن لە خراپ بەکارهێنانی ئەم مافە، دادگای نێودەوڵەتی دەبێت بڕیار بدات؛ ئایا کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی بەڕاستی چەوساوە یان کەمایەتی بووە یان نا، ئایا مەرجەکانی پێشکەشکردنی کەیسەکەی لەبەردەم دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان تێدایە یان نا. بەم شێوەیە دادگا دڵنیایی دەدات کە ئەم مافە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و شەرعی بەکاردەهێنرێت و دڵنیایی دەدات کە تەنیا هۆکارە ڕەواکان لەبەرچاو دەگیرێن.

٤. دادگا دەبێت بڕیار لەسەر ئەو داوایە بدات کە پێشکەش کراوە. دەتوانێت:

- دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کەمینەیەک کە هەست دەکات بە خراپ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.
- ئەگەر گەلێک بیەوێت سەربەخۆ بێت، دادگا دەتوانێت بڕیار بدات کە ئایا ئەمە ڕەوایە یان نا.
- ئەگەر چارەسەری کۆتایی دەستبەجێ نەکرێت، دادگا دەتوانێت ڕێوشوێنی کاتی بگرێتەبەر بۆ بەڕێوەبردنی بارودۆخەکە تا چارەسەری کۆتایی.

بە کورتی، دادگا دەبێت بڕیار بدات کە چۆن لە هەر حاڵەتێکدا بە باشترین شێوە هەڵسوکەوت بکات.

٥. دادگا تەنیا کاتێک دەتوانێت بڵێت گەلێکی چەوساوە سەربەخۆ دەبێت کە ئەو گەلە بە ڕوونی نیشانی دابێت دەیەوێت خۆی ئازاد بکات. ئەمە دەبێت بە ڕاپەڕین یان بزووتنەوەیەکی سیاسی بسەلمێنرێت کە هەمووان پێی بزانن بەس نییە تەنیا سەربەخۆیی دەوێت، بەڵکو دەبێت بە کرداری گشتی نیشانی دابێت کە دەیەوێت خۆی ئازاد بکات.

٦. بڕیارەکانی دادگا لەم بوارانەدا دەبێت ئیجباری بێت. ئەوە دەکەوێتە سەر ئەنجومەنی ئاسایش کە بۆ جێبەجێکردنیان ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر.

٧. بیرۆکەکە لێرەدا ئەوەیە؛ یاسای نێودەوڵەتی لە دۆخی ئێستای دەربهێنین کە یاسای جەنگەڵستانە و زۆرجار بەهێزترین لایەن ئیرادەی خۆی دەسەپێنێت، دەبێت ئەو بنەما و یاسایانەی جیهانێکی شارستانی ڕاستەقینە بەڕێوە دەبەن، وەک یاسای تایبەت جێبەجێ بکرێت.

٣. ئەم کێشەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەباشی چارەسەر نەکراوە:

لە بەشی شەشەم کە باس لە هەوڵە جیاوازەکانی سۆڤیەت و مەغۆل دەکات بۆ هێنانەڕووی کێشەی کوردستانی عێراق بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان. جێی وەبیرهێنانەوەیە لە ٣ی تەمووزی ١٩٦٣ حکومەتی کۆماری گەلی مەنگۆلیا داوای کرد کێشەی کوردستانی عێراق بخرێتە ئەجێندای کاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. ئەم بابەتە "سیاسەتی جینۆساید لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەرامبەر بەگەلی کورد" بوو. پاشان لە ٩ی تەمووزی ١٩٦٣ یەکێتی سۆڤیەت هێرشێکی دیپلۆماسی گەورەی بۆ پشتیوانی لە گەلی کورد دەستپێکرد، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی هۆشیاری لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و داکۆکیکردن لە مافەکانیان:

١. لە مۆسکۆ، بەڕێز ئاندرێ گرۆمیکۆ، وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت یاداشتێکی زۆر توندی دایە باڵیۆزەکانی عێراق، تورکیا، ئێران و سوریا. لەم یاداشتەدا هۆشداری داوە بە هەرسێ وڵات( تورکیا، ئێران و سوریا) لە هەر دەستێوەردانێکی سەربازی ڕاستەوخۆ بۆ پشتیوانی حکومەتی بەغدا لە ململانێی لەگەڵ گەلی کورد لە عێراقدا. هەروەها هۆشداری دا بە حکومەتی عێراقیش کە شەڕ لە دژی کورد ئاسایشی سنوورەکانی باشووری یەکێتی سۆڤیەت دەخاتە مەترسییەوە.

٢. لـە نیویـۆرک، بەڕێـز فێدۆرینکـۆ لـە نامەیەکـدا کـە ئاراسـتەی سـەرۆکی ئەنجومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـراوە، مافـی یەکێتـی سـۆڤیەت بـۆ پێشکەشـکردنی ململانێـی کـورد و عێـراق بـۆ ئەنجومەنەکـە دووپـات کردووەتـەوە. لـە ١٠ی تەمـووز عێـراق و پاشـان لـە ١٢ی تەمـووز سـوریا نامەیەکیـان بـۆ سـەرۆکی هەمـان ئەنجومـەن نـارد و تۆمەتەکانـی سـۆڤیەت ڕەتدەکەنـەوە.

٣. لـە کۆتاییـدا لـە جنێـڤ بەڕێـز بۆریسـۆڤ سـەرۆکی شـاندی سـۆڤیەت بـۆ سـی و شەشـەمین دانیشـتنی ئەنجومەنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتی داوای کرد پرسـی "سیاسـەتی جینۆسـاید کـە حکومەتـی عێـراق دژی گەلـی کـورد پەیـڕەوی دەکات" بخرێتـە بەرنامەی کاری ئەنجومەنەکـەوە.

تەنیـا ئـەم دەستپێشـخەرییەی دوایـی دەرئەنجامـی هەبـوو. ئەمـەی خـوارەوە دەقـی نامەکـەی بەڕێـز بۆریسـۆڤە:

"بەڕێز پاتینۆ،

سـەرۆکی سـی و شەشـەمین کۆبوونـەوەی ئەنجومەنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان:

بەگوێـرەی مـادەی ٦٢ لـە پەیماننامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و بڕیـاری ٩٦ (١) لـە ١١ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٦٤ سـەبارەت بـە تاوانـی جینۆسـاید، شـاندی یەکێتـی سـۆڤیەت داوا دەکات ئەنجومەنەکـە بڕگەیەکـی بەپەلـە بـە ناونیشـانی "سیاسـەتی جینۆسـایدی حکومەتـی عێـراق لـە دژی گەلـی کـورد" بخاتـە بەرمانـەی کار و تاوتوێـی بـکات.

بەڵگەنامەیەکـی ڕوونکردنـەوە و ڕەشنووسـی بڕیـار هاوپێچـی نامەکـە کـراون. سوپاسـگوزار دەبـم ئەگـەر وەک بەڵگەنامـەی فەرمـی سـی و شەشـەمین دانیشـتنی ئەنجومەنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی بڵاویـان بکەنـەوە و دابەشـی بکـەن"[1].

"یاداشـتنامەی شـاندی یەکێتـی سـۆڤیەت" بەڵگەنامەیەکـی فەرمی سێ لاپەڕەیـە و تێیدا

(١) بەڵگەنامـەی ئەنجومەنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی ژمـارە E/٣٨٠٩ لـە ٩ی تەمـووزی ١٩٦٣ (وەرگێڕانـی فەڕەنسـی لەلایـەن نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە لـە دەقـی ڕەسـەنی ڕووسـییەوە). هەروەهـا ئـەم بەڵگەنامەیـە دەقـی یاداشـت و ڕەشنووسـی بڕیارنامـەی یەکێتـی سـۆڤیەتیش لەخۆدەگرێـت.

یەكێتی سۆڤیەت تۆمەتەكانی دژی حكومەتی عێراق دەخاتەڕوو. لەم یاداشتەدا هاتووە "حكومەتی كۆماری عێراق سیاسەتی جینۆساید دژی گەلی كورد پەیڕەو" دەكات:

"تاوانێكی گەورە لە دژی گەلی كورد لە عێراقدا بەڕێوەدەچێت حكومەتی عێراق سیاسەتی جینۆساید پەیڕەو دەكات (...). لە ١٠ی حوزەیران ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دژی گەلی كورد دەستپێكرد كە چارەكێكی دانیشتوانی وڵاتەكە پێكدەهێنن. ناوچەیەكی زۆر لە عێراق كاریگەری ئەم شەڕەیان لەسەرە و بوونەتە گۆڕەپانی شانۆی شەڕ(...)".

"ئەم جەور و ستەم و كارە قێزەونانە دژ بە گەلی كورد تەنیا لەبەر ئەوە دەكرێت كە ئەوان بەردەوامن لە خەبات، بۆ ئەوەی دان بە مافەكانیان بنرێ. داخوازیەكانی گە لی كورد ڕاست و دروست و ڕەوان، هەموو گەلێك مافی ئەوەی هەیە خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و دەبێت ڕێز لە پێداویستی و خەونەكانی بگیرێت".

"گەلی كورد هەوڵیداوە بەشێوەیەكی ئاشتیانە لەگەڵ حكومەتی بەغد گفتوگۆ بكات، بۆئەوەی داخوازییە نەتەوەییەكانیان پەسەند بكرێت. هەروەها داوای جیاكردنەوەی ناوچە كوردییەكانی لە عێراق نەكردوو، تە نیا داوای ئەوەی كردووە، كورد لە كۆماری عێراقدا ئۆتۆنۆمی هەبێت (...)".

شاندەكەی یەكێتی سۆڤیەت ئەوەی بیرهێنایەوە، لە بڕیارێكدا ١٩٦(١) كە لە ١١ی كانوونی یەكەمی ١٩٦٤ درا، كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان جینۆسایدی بە تاوان لە پێی یاسای نێودەوڵەتیدا ڕاگەیاند. ئەم تاوانە پێچەوانەی پرەنسیپ و ئامانجەكانی نەتەوە یەكگرتووەكانە. ئەو بڕیارە ئەوەشی خستەڕوو كە شەڕی دژی جینۆساید مەسەلەیەكی گرنگە بۆ هەموو وڵاتانی جیهان. سەرەڕای ئەوەش جینۆساید لە ڕێكەوتننامەیەكی نێودەوڵەتیدا ئیدانە كراوە كە ئامانج لێی ڕێگرتن و سزادانی ئەم تاوانەیە (...).

وەك ٧٣ وڵاتی دیكە عێراق، ڕێككەوتننامەیەكی نێودەوڵەتی دژ بە جینۆساید مۆركرد. لەم حاڵەتەدا؛ بەرپرسیارێتی جینۆساید، واتە لەناوبردنی كورد بە تەواوی دەكەوێتە ئەستۆی حكومەتی ئێستای عێراق.

ڕێككەوتننامەی نێودەوڵەتی دژ بە جینۆساید دەڵێت: هەر وڵاتێك واژۆی كردووە، دەتوانێت داوا لە نەتەوە یەكگرتووەكان بكات هەڵوێست وەربگرن، ئەوكاتە نەتەوە

یەکگرتـووەکان دەتوانێـت بەپێـی یاسـاکانی، ڕێوشـوێنی پێویسـت بگرێتەبـەر، بـۆ ڕێگرتـن و سـزادانی بکەرانـی جینۆسـاید. ئـەم ڕێککەوتننامەیـە لـە ڕێگـەی ئەنجومەنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتیـەوە؛ لەسـەر داوای کۆمەڵـەی گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دامـەزرا.

شـاندەکەی یەکێتـی سـۆڤیەت هەروەهـا وەبیـری هێنایـەوە، بەپێـی یاسـاکانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، یەکێـک لـە ئەرکەکانی ئەنجومەنی ئابـووری و کۆمەڵایەتی پێشکەشـکردنی ڕاسـپاردەیە بـۆ دڵنیابـوون لـەوەی کـە ڕێـز لـە مافەکانی مـرۆڤ دەگیرێـت (...).

ئەنجومەنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی ناتوانێـت لـە بەرامبـەر ئـەو ڕووداوانـەی کـە ئێسـتا لـە کوردسـتانی عێراقـدا ڕوودەدەن، بێدەنـگ بێـت (...).

"شـاندی یەکێتـی سـۆڤیەت جەخـت لـەوە دەکاتـەوە، ئـەم پرسـە پەیوەنـدی بـە کاری ناوخۆیـی عێراقـدا نییـە، بەڵکـو کێشـەیەکی نێودەوڵەتییـە و دەکەوێتـە چوارچێـوەی پەیماننامەیەکـەوە کـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان پەسـەندی کـردووە، بۆیـە داوا لـە ئەنجومەنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی دەکات بـە دواداچـوون بـۆ ڕەوشـی جینۆسـاید بەرامبـەر بـە گەلـی کـوردی عێـراق بـکات. هەروەهـا شـاندەکە پێشـنیازی بڕیارێـک لەسـەر ئـەم بابەتـە دەکات کـە دەبێـت ئەنجومەنەکـە لێـی بکۆڵێتـەوە"[١].

دەقی پڕۆژە بڕیاری شاندی یەکێتی سۆڤیەت بەم شێوەیەیە:

" بۆ بەڕێزان لە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی،

نیگەرانـی خۆمـان بەرامبـەر حکومەتـی عێـراق دەربڕیـن کـە لـە دژی کـوردەکان لـە باکـووری عێـراق ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی دەسـتپێکردووە کـە بـە سروشـتی خـۆی دژی کـورد بـە جینۆسـاید دادەنـرێ.

"ئێمـە بـە تونـدی ئیدانـەی کردەوەکانـی حکومەتـی عێراقـی دەکەیـن کـە پێچەوانـەی دەسـتووری نەتـەوە یەکگرتـووەکان و بڕیـاری ٩٦ (١) لـە ١١ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٦٤ سـەبارەت بـە تاوانـی جینۆسـاید و بنەمـا جیهانییەکانـی ئـەخلاق و مرۆڤایەتییـە".

(١) بەڵگەنامـەی ئەنجومەنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی ژمـارە ٣٨٠٩/E لە ٩ی تەمـووزی ١٩٦٣ (وەرگێڕانی لـە فەڕەنسـیەوە لەلایـەن نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە لـە دەقـی ڕەسـەنی ڕووسـییەوە). هەروەهـا ئـەم بەڵگەنامەیـە دەقـی یاداشـت و ڕەشنووسـی بڕیارنامـەی یەکێتـی سـۆڤیەتیش لەخۆدەگرێـت.

"ئێمە پێمانوایە کردارە سەربازییەکانی حکومەتی عێراق لە دژی کورد، پێشێلکردنی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە عێراق بۆ نەهێشتن و سزادانی جینۆساید لە ساڵی ١٩٤٨ واژۆی کردووە".

"ئێمە داوا لە حکومەتی عێراق دەکەین، دەستبەجێ هەموو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژ بە دانیشتوانی کورد ڕابگرێت".

لە ١١ی تەمووز سەرەڕای هەوڵەکانی بەڕێز ئارکادییێڤ، داواکاریی یەکێتی سۆڤیەت پاش گفتوگۆیەکی درێژ ڕەتکرایەوە. ئەنجومەنەکە بێ قسەکردن لەسەر ناوەڕۆکی کێشەکە، پێشنیازی سۆڤیەتی لە کارنامەی خۆیدا ڕەتکردەوە. لە کۆی ١٨ ئەندامی ئەنجومەنەکە، ١٣ وڵات دژی دەنگ دەدەن، لەوانە هێزەکانی ڕۆژئاوا و ئوردن کە تاکە وڵاتی عەرەبی ئەنجومەنەکەیە. دوو وڵات دەنگیان بە بەڵێ دا ئەوانیش یەکێتی سۆڤیەت و چیکۆسلۆڤاکیا بوون و سێ وڵاتی دیکە بەشداری دەنگدانیان نەکرد؛ ئەسیوپیا، سەنیگال و یوگۆسلاڤیا. (بەشەکانی ئەم گفتوگۆیە لە پاشکۆی یازدەدا بەردەستن).

دەبووایە یەکێتی سۆڤیەت بە شێوەیەکی فراوانتر مامەڵەی لەگەڵ دۆخەکەدا بکردبا، نەک تەنیا لە لایەنی جینۆسایدەوە خۆی بە نەتەوە یەکگرتووەکان سنووردار بکات. دەیتوانی کێشەکە لەڕێگەی پەیوەندییە سیاسییەکانی خۆیەوە لە یەک کاتدا پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایش یان کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات. لە ڕاستیدا، هەرچەندە جینۆساید تاوانێکی گەورەیە، بەڵام تەنیا لایەنێکی لاوەکی ململانێ دەنوێنێت، ئامانجی سەرەکی شۆڕش دەربازبوون نییە لە سەرکوتکردن، بەڵکو بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی چەوساوەی کوردە. لەگەڵ ئەوەشدا، وادیارە یەکێتی سۆڤیەت ئاسانترە سەرنج بخاتە سەر دڕندەیی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و کوشتاری خەڵکی مەدەنی، بەو هیوایەی بتوانێت بڕیارێک لە بەرژەوەندی گەلی کورد بەدەستبهێنێت بە تیشکخستنە سەر ئەم لایەنە تراژیدییەی بارودۆخەکە.

لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٦٣ لە کاتی دەستپێکردنی دانیشتنی ئاسایی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێدەچوو سکاڵای کۆماری گەلی مەنگۆلیا لە دژی عێراق سەبارەت بە ململانێی کورد یەکێک بێت لە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم دانیشتنە، بەڵام چەند کاتژمێرێک پێش دەستپێکردنی دانیشتنەکە، شاندی مەنگۆلیا لە نەتەوە

یەکگرتووەکان بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک سکاڵاکەی کشاندەوە. ئەگەری ئەوە هەیە شکستی هەوڵەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەبەردەم ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە ترسی ئەوە بووبێت کە وڵاتانی عەرەبی لایەنگری ڕۆژئاوا بکەن، ڕۆڵێکی سەرەکی لەم بڕیارەدا گێڕابێت. لەوانەیە لەبەر هەمان هۆکار یەکێتی سۆڤیەت داوای خۆی بۆ ئەنجومەنی ئاسایش پێشکەش نەکردبێ سەبارەت بە هەمان ململانێ.

ڕۆژنامەی لومۆند لە سەروتارێکدا بە ناونیشانی "نەتەوە یەکگرتووەکان و کورد" بەم شێوەیە لێدوانی لەبارەی کشاندنەوەی سکاڵای مەغۆلەکان، کە سەرنجەکانە ئەمانەن:

"(...) ناسیونالیستە کوردەکان حەقیانە نائومێد بن، بەڵام تێگەیشتن لە گۆڕینی هەڵوێستی کۆماری گەلی مەنگۆلیا بەلایانەوە قورسە. ئەمە یەکەم جار نییە وڵاتانی شیوعییەت بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پشتگیری کورد دەکەن، بەڵام بەڕاستی یارمەتییان نەداوە. بۆ نموونە، "کۆماری کوردستان لە مەهاباد" کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ئێران دروست بوو، بە خێرایی بێ پشتیوانی لەناوچوو. سەرەڕای ئەوەش یەکێتی سۆڤیەت یارمەتی سەربازی پێشکەش بە ژەنەراڵ قاسم کرد کە دژی کورد بوو. ئەم ڕاستیانە نیشانی دەدەن کە ڕەفتار و هەڵوێستی مەنگۆلیا ئەوەندە سەرسوڕهێنەر نییە".

"لە مانگی تەمووزی ڕابردوودا، بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ژەنەڕاڵ بارزانی و لایەنگرانی گونجاو بوو. ڕژێمی بەعس لە عێراق بەتوندی دژایەتی شیوعییەت و یەکێتی سۆڤیەتی دەکرد، ئەمە وایکرد یەکێتی سۆڤیەت بە شێوەیەکی ئاشکرا پشتیوانی لە شۆڕشی کورد بکات (...)، بەڵام لەو کاتەوە شتەکان گۆڕاون کە ڕژێمی بەعس لە بەغدا لە کۆماری گەلی چین نزیک بووەتەوە (...). حکومەتی عارف پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا بەهێزتر کرد و ئەو چەکانەیان بۆی دابین کرد کە یەکێتی سۆڤیەت ڕەتیکردەوە بیانداتە عێراق (...)".

"وادیارە مۆسکۆ دەیەوێت خۆی لە پچڕاندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتێک بەدوور بگرێت کە پشتیوانی زیاتر لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بەدەستدەهێنێت. لەوانەیە فاکتەرێک کاریگەری هەبووبێت لەسەر هەڵوێستی جەمسەری شیوعییەت بەرامبەر بە کورد: ئاشتبوونەوە و کەمکردنەوەی گرژییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (...). هەرچۆنێک بێت، پێشنیاز و پڕۆژە بڕیاری مەنگۆلیا بۆ چارەسەر؛ هیچ شانسێکی

نەبــوو بــۆ بەدەســتهێنانی دەنگــی پێویســت و جەمســەری سۆسیالیســت تووشــی کێشــە دەبــوو. دەگوترێــت وڵاتانــی عــەرەب ســەرەڕای ناکۆکییەکانیــان، بــەڵام بــۆ بەرگریکــردن لــە حکومەتــی عێــراق یەکدەگــرن. ئەمــەش وڵاتانــی شــیوعی دەخســتە دژایەتییەکــی ئاشــکرا، نــەک تەنیــا لەگــەڵ هاوپەیمانــە عەرەبەکانیــان، بەڵکــو لەگــەڵ زۆربــەی وڵاتانــی "جیهانــی ســێیەم"، بۆیــە گۆڕانــکاری لــە سیاســەتی نێودەوڵەتــی لــە دژی کــورد و شۆڕشــەکەی کاری کــردووە. لــە هەمانکاتــدا، ئــەم شــەڕە نەگریســە لــە لێکەوتنــەوەی قوربانــی زۆر، هــەم لــە عەرەبەکانــی عێــراق و هــەم لــە نێــو کوردەکانــدا بــەردەوام دەبێــت "(١).

لــە ١ی تشرینــی یەکــەم، وەزیــری دەرەوەی کۆمــاری گەلــی مەنگۆلیــا، بەڕێــز دوگەرســورن، لــە کۆمەڵــەی گشــتی نەتــەوە یەکگرتــووەکان قســە دەکات بــۆ ئــەوەی ڕوونکردنــەوە بــدات کــە بۆچــی وڵاتەکــەی ســکاڵاکەی لــە دژی عێــراق کشــاندووەتەوە و گوتــی ئــەم بڕیــارە "لەبــەر ڕێزگرتــن لــە هاوســۆزی هــاوکاری ئەفریقی-ئاســیایی" دراوە. لەگــەڵ ئەوەشــدا گوتــی حکومەتەکــەی دەتوانێــت ئــەم کێشــەیە زینــدوو بکاتــەوە "ئەگــەر ڕووداوەکان وا بخــوازن". شــاندی عێراقــی کاردانــەوەی تونــدی هەبــوو.

نوێنــەری ڕژێمــی بەعســی عێــراق دوای نکۆڵــی کــردن لــەوەی کــە کــورد لــە عێــراق ناچەوســێنرێتەوە و جەختــی لــەوە کــردەوە ئــەوان "نەتەوەیەکــی جیــاواز" نین لــە پێکهاتەی عێــراق، هەروەهــا هەڕەشــە لــە مەنگۆلیا دەکات "نــەک تەنیــا دوژمنایەتــی لەگــەڵ عێــراق، بەڵکــو جیهانــی عەرەبی و تەواوی جەمســەری ئەفریقی-ئاسیایی بۆ خۆی دروســت کرد" (٢). بەڕێــز دوگەرســورن بــە تونــدی وەڵامــی دایــەوە و ڕایگەیانــد؛ تۆمەتەکانــی دژ بــە حکومەتی عێــراق ســەبارەت بــە تاوانی جینۆســاید دژی کــورد دووپــات دەکاتەوە. دەڵێــت دەتوانێت بۆ پشــتگیری کــردن لــە بانگەشــەکانی بەڵگــە پێشــکەش بکات.

لــە ٨ ی حوزەیرانــی ١٩٦٥ لــە نیویــۆرک لەگــەڵ بەڕێــز تۆیــڤ باڵیــۆز وســەرۆکی شــاندی هەمیشــەیی کۆمــاری گەلــی مەنگۆلیــا لــە نەتــەوە یەکگرتــووەکان کۆبووینــەوە. بەڕێــز تۆیــڤ هاوســۆزی وڵاتەکــەی بــۆ دۆزی کــورد دەربــڕی، بــەڵام ڕوونیکــردەوە، جارێکــی تــر حکومەتەکــەی ناتوانێــت بابەتەکــە بخاتــەوە بــەردەم ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییــەکان،

(١) سەروتاری ١٩ی ئەیلولی ١٩٦٣.

(٢) ڕۆژنامەی لو مۆند، ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣.

چونکە بە وتەی ئەو، هیچ زۆرینەیەک لەوێ لە بەرژەوەندی گەلی کورد کۆناکرێتەوە و وڵاتانی ئەفریقی-ئاسیایی لەسەر ئەم مەسەلەیە کۆک نەبوون.

هەروەها لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی دیکە، بەتایبەتی ئەفریقا و ئاسیا، کۆبووینەوە. هەموویان نیشانیاندا کە لە ڕەوشی کورد تێگەیشتوون و هەندێکیشیان پشتیوانی خۆیان دەربڕی، بەڵام هیچیان نەیانتوانی بەڵێنی زیاتر بدەن جگە لە گەیاندنی داواکاری و نیگەرانییەکانمان بە حکومەتەکانیان. لە ٤ی حوزەیران چاومان بە بەڕێز مۆرۆزۆڤ کەوت کە دیپلۆماتێکی سۆڤیەت بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەو گوێی لە نیگەرانییەکانمان گرت و بێ ئەوەی بیروڕای خۆی دەرببڕێت تێبینییەکانی نووسی. بەداخەوە نەمانتوانیوە لەگەڵ نوێنەرانی ئەمەریکا و فەڕەنسا و بەریتانیا کۆببینەوە. لۆرد کارادۆن، سەرۆکی شاندی بەریتانیا، لە ١٢ی ئایار وەڵامێکی بۆ ئێمە ناردبوو و پێیڕاگەیاندین، نامەکەی ئێمەی پێگەیشتووە.

ئەو کارانەی یەکێتی سۆڤیەت و مەنگۆلیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامیان دا، سەرەتا خۆشی و هیوای بۆ کورد هێنا، بەڵام شکستیان یان پاشەکشەیان نائومێدییەکی گەورەی لێکەوتەوە. جەلال تاڵەبانی کە ئەو کاتە لە پاریس بوو، ڕایگەیاند: "دۆزی نەتەوەیی کورد لە مەیدانی جەنگدا سەردەکەوێت، نەک لە نەتەوە یەکگرتووەکان"[١]. لە میانەی ئەم شەڕەدا کورد حەوت شاندیان نارده نیویۆرک، دوو شاندی یەکەمیان لە ساڵانی ١٩٦٢ و ١٩٦٣ لەلایەن ئەمیر کامەران بەدرخان سەرکردایەتی دەکرا. سێیەم لە بەهاری ساڵی ١٩٦٥ لەلایەن ئێمەوە سەرکردایەتی دەکرا بە یاوەری بەڕێز سەعدی دزەیی. پێنجەم لە هاوینی ١٩٦٥ شەفیق ئەحمەد سەرکردایەتی دەکرد. شەشەم لە ساڵی ١٩٦٧ لەلایەن دکتۆر مەحمود عوسمان و حەوتەم لە ساڵی ١٩٦٨ دیسان لەلایەن ئەمیرکامەران بەدرخان سەرکردایەتی دەکرا. سەرەڕای پەیوەندیکردن لەگەڵ شاندەکانی وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان و ڕاگەیاندنەکان هیچ کام لە شاندە کوردییانە لە دانانی دۆزی کورد لە ئەجێندای کاری یەکێك لە دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرکەوتوو نەبوون. لە کاتی سەردانەکەمان بۆ نیویۆرک، بەڕێز رالف بانچ جێگری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە نامەکانی ٦ و ٢١ی ئایار و ٢ی حوزەیرانی ١٩٦٥ پێی ڕاگەیاندین، ئەگەر سکرتێری گشتی مۆڵەتی پێبدات، ڕازی دەبێت

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند، ١٩ی ئەیلولی ١٩٦٣.

چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆچوونەکانمان لەگەڵ یو تانت، سکرتێری گشتی ئەوکاتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بێ ئەنجام بوو.

پاش کشاندنەوەی سکاڵاکەی مەنگۆلیا، کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە نیویۆرک؛ لە ١٥ی تشرینی یەکەمدا نامەیەکی بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نارد. ئەمانە چەند بەشێکی ئەم نامەیەن:

" بۆ بەڕێز سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان،

لەم دواییانەدا ئاگادار کراوینەتەوە لە حاڵەتێکی زۆر ترسناکی توندوتیژی و سەرکوتکردن لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دژ بە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی بە ناوی گەلی کورد (...). ئەم چەوساندنەوەیە پەیوەندی بەو ڕاستییەوە هەیە کە کورد داوای ئۆتۆنۆمی هەرێمی کردبوو، بەڵام ڕەتکرایەوە".

"شەڕەکە و بارودۆخەکەش ئەوەندە توندوتیژ بووە، بە پێی ڕاپۆرتی شایەتحاڵەکان حکومەتی عێراق تاکتیکی سوتاندنی دار و بەرد بەکاردەهێنێت و لە ئاسمان و زەوییەوە هێرش دەکات (...). ئەمە تەنیا پرسی مافەکانی گەلی کورد نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا جینۆسایدە. حکومەتی عێراقیش ئەو هاوکارییانەی ڕەتکردەوە کە لەلایەن خاچی سووری نێودەوڵەتییەوە پێشکەش بە کورد کرابوو (...)".

" داواکاریی دانانی ئەم بڕگەیە لە ئەجێندای کاری کۆمەڵەی گشتیدا پشتگوێ خراوە، بەڕێز سکرتێری گشتی، ئایا دەتوانین داوا بکەین هەموو بژاردەکانی دەستێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکان تاقیبکرێتەوە؟

ئیمزا

ڕۆجەر باڵدوین، سەرۆک

جان پاپانێک، جێگری سەرۆک

فرانسیس گرانت، جێگری سەرۆک"[١]

دیسان سکرتێری گشتی وەڵامی داواکەی نەدایەوە.

---

(١) دەقەکە کە لەلایەن خۆمانەوە لە کۆپییەکی ئۆرجیناڵی ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە. هەروەها سەیری ڕۆژنامەی لو مۆند لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ بکە.

### ٨. هەڵوێستی خاچی سووری نێودەوڵەتی

خاچی سوور تاکە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بوو، یارمەتی مادی پێشکەش بە دانیشتووانی کوردستانی عێراق کرد کە گیرۆدەی دەستی شەڕی نەگریسن. دەتوانین شایەتی ئەوە بدەین، چونکە ئەو هاوکارییەی کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی کۆی کردبووەوە، بەهاوکاری ئێمە ڕەوانەی کوردستان دەکرا کە پێویستی بە ئاڵوگۆڕ و ڕاوێژی بەردەوام هەبوو.

کارەکانی کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی؛ لە چوارچێوەی ململانێی کورد، لە ڕووی ئەخلاقییەوە لەسەر بنەما بنچینەییەکانی مرۆڤایەتی دامەزراوە کە ڕێکخراوەکە لەسەریان دەڕوا. لە ڕووی یاساییەوە؛ شەرعییەتی خۆی لە بەشی یەکەم(بڕگە گشتییەکان) کە لە چوار پەیماننامەی جنێڤ لە ١٢ ئابی ١٩٤٩ دا هەن و پەیوەستن بە یاسای جەنگ، دەدۆزێتەوە، بەتایبەتی مادەی ٣ وردەکاریی پابەندبوونی لایەنە پەیوەندارەکان دەستنیشان دەکا، لە حاڵەتی بەناو شەڕی ناوخۆ و مادەی ٩ کە چالاکیەکانی کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی بەڕێوە دەبات[1].

دەیان تەن دەرمان و کەرەستەی پزیشکی و نەشتەرگەری و بەتانی و جلوبەرگ و خۆراک بۆ هاوکاری دانیشتوانی لێقەوماوانی شەڕ ڕەوانە کرا و گەیشتنە کوردستان. بە دیاریکراوی هەشت گروپی خاچی سوور بەشدارییان لەو هاوکارییەدا کرد، بەڵام زۆربەیان نەیانویست ناویان ئاشکرا بکرێت. تەنیا خاچی سووری سوید و خاچی سووری هەنگاریا ڕازی بوون بەشدارییەکانیان ئاشکرا بکەن و بەلایانەوە گرنگ نییە جیهان بزانێت ئەوان یارمەتی قوربانیانی کورد لەشەڕدا دەدەن. بەخشینەکانی ئەم دوو وڵاتە و کۆمەکەکانی خاچی سووری نێودەوڵەتی هەم لە ڕووی چەندایەتی و هەم لە ڕووی چۆنایەتییەوە زۆر گرنگیان پێدراوە. لە هەشت دامەزراوەی خاچی سوور کە یارمەتی کوردیان دا، تەنیا خاچی سووری هەنگاریا نوێنەرایەتی وڵاتێکی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی دەکرد. زانراوە کە فیدراسیۆنی خاچی سوور و مانگی سووری یەکێتی سۆڤیەت پێشنیازی ناردنی هاوکاری بۆ حکومەتی عێراقی کردبوو، ئەویش لای خۆیەوە بیدات بە گەلی کورد، بەڵام پێدەچێت دەسەڵاتدارانی عێراقی ئەو پێشنیازەیان قبوڵ نەکردبێت. خاچی سووری ئەمەریکی کە چەندین جار لەلایەن نوێنەرانی

---

(١) ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ لە ١٢ی ئابی ١٩٤٩ کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی، لاپەڕە ٢٥-٢٨.

کوردەوە پەیوەندیی پێوە کراوە، لەبەر هۆکاری سیاسی دوودڵ بوو. تەنیا ڕازی بوو لە ڕێگەی حکومەتی عێراقەوە هاوکاری کورد بکات، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوەش نەکرا.

کێشە و بەربەستی سیاسی بۆ کۆمەڵەی خاچی سووری نێودەڵەتی ئەوە بوو، حکومەتی عێراقی ڕەتیکردەوە دان بەوەدا بنێت کە ململانێیەکی ڕاستەقینە یان شەڕێکی نانێودەولەتی لەسەر خاکەکەی ڕوودەدات. لای حکومەتی عێراق شۆڕشی کورد تەنیا "بزووتنەوەیەکی چەتەگەری" بوو. بە هۆی ئەو هەڵوێستەوە، هەموو پێشنیازەکانی هاوکاری مرۆیی بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانەی شۆڕش ڕەتکردەوە[١].

مانگی سووری عێراقی ناتوانێت بەبێ مۆڵەتی حکومەت هیچ شتێک بکات. جیاوازی لە نێوان کوردەکان هەبوو کە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی لەشکری شۆڕشی کوردستان دەژیان و ئەوانەی لە ناوچەکانی داگیرکراوی سوپای عێراقن، بەتایبەتی لە شارەکان. نزیکەی ملیۆنێک کەس لە ژێر کۆنترۆڵی کورددا دەژیان کە زیاتر لە ١٠٠ هەزاریان ئاوارە بوون، بێ هیچ یارمەتییەک لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، کە بەتەواوی لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی بەغدان، هەرچەندە لە ڕووی یاساییەوە هێشتا لەژێر سەروەری عێراقدان. ئەم دانیشتوانە زۆرترین زیانیان بە هۆی جەنگەوە پێگەیشتووە و زۆر پێویستیان بە یارمەتی بوو. کۆمەڵەی خاچی سووری نێودەولەتی هەوڵیدا دانوستان لەگەڵ حکومەتی بەغدا بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢ لە سەردەمی ڕژێمی قاسم، نوێنەرێکی ئەو کۆمەڵەیە چووە بەغدا بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی مرۆیی بە گەلی کورد، لە بەرامبەر ئازادکردنی زیندانییە عێراقییەکان کە لەلایەن کوردەوە دەستگیرکراون. ئەو زیندانیانە کارتی دەستگیرکردنیان هەبوو کە دەستگیرکردنیان دەسەلمێنێت، بەڵام حکومەتی عێراق هەر جۆرە هاوکارییەکی بۆ ناوچە شۆڕشگێڕییەکان ڕەتکردەوە و ڕێگەی بە کۆمەڵەی خاچی سوور نەدا نێردراویان بچێتە ئەوێ. ڕێکخراوی خێرخوازی مرۆیی (Care)ی ئەمەریکی بڕێکی زۆر ئاردی بۆ هاوکاری دانیشتوانی کورد دابین کردبوو، بەڵام ئەو هاوکارییە کە ڕادەستی حکومەتی عێراق کرا، بەهۆی نەبوونی کۆنترۆڵەوە بەسەر کوردەکانی ناوچە شۆڕشگێڕییەکاندا

---

(١) بڕوانە ئەو وتارەی لە ڕۆژنامەی "لو مۆند" ٢٣ی ئابی ١٩٦٣دا کە دەڵێت: "دەسەڵاتدارانی عێراق هەموو هاوکارییەکانی خاچی سوور ڕەتدەکەنەوە".

دابەش نەکرا. لە سەروتارێکدا بە ناونیشانی "تراژیدیای کورد" کە لە ١٥ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ لە ڕۆژنامەی جنێف بڵاوکرایەوە، ڕۆژنامەنووس ڕێنێ پایوت ڕەخنەی توندی لە هەڵوێستی حکومەتی عێراق گرت و نووسیویەتی: "بەڕاستی باوەڕناکرێت حکومەتی عێراق ڕێگری لە کۆمەڵەی خاچی سووری نێودەوڵەتی کردبێت لە گەیاندنی یارمەتی بۆ دانیشتوانی گەلی کوردی بەدبەخت".

ڕەتکردنەوەی حکومەتی عێراق بە پێچەوانەی پەیماننامەی جنێڤ کە عێراق دەبێت پێیەوە پابەند بێت، ئەمە کۆمەڵەی خاچی سووری نێودەوڵەتی ناچار کرد پشت بە ڕێکخراوەکانی دەرەوەی شۆڕش ببەستێت، بۆ گەیاندنی یارمەتی مرۆیی. ئەم کارە، هەرچەندە مرۆڤدۆستانە بوو، بەڵام دەبوو بە نهێنی یان نیمچە نهێنی ئەنجام بدرێت. ئەم بارودۆخە مەودای هەڵمەتی هاوکاری خاچی سووری سنووردار کرد. کەوتە نێوان دوو پابەندبوون: لە لایەک؛ ئەرکی ئەخلاقی و یاسایی بۆ یارمەتیدانی دانیشتووانێک کە بەهۆی جەنگەوە لە تەنگانە و نەهامەتی دابوون. لەلایەکی دیکەوە؛ پێویست بوو پەیوەندییەکی باش لەگەڵ حکومەتی عێراق بهێڵێتەوە. لەبەر ئەم هۆیە، کۆمەڵەی خاچی سوور نەیتوانی:

- داوای هاوکاری لە هەموو کۆمەڵەکانی خاچی سوور و مانگی سوور بکات.
- نێردەی مرۆیی بنێرێتە کوردستان، چونکە دەبووایە بەبێ ڕەزامەندی بەغدا بچنە ناوەوە.
- ڕاستەوخۆ پێداویستییە مەیدانییەکانی ناوچەکە هەڵبسەنگێنێت.
- چاودێری دابەشکردنی یارمەتیەکان بکات.
- نەخۆشخانەیەکی پڕ پێداویستی دامەزرێنن، وەک ئەوەی لە یەمەن کرا.

لەگەڵ ئەوەشدا؛ کۆمەڵەی خاچی سووری نێودەڵەتی ویستوویەتی ئەم کارانە جێبەجێ بکات بۆ یارمەتیدانی دانیشتوانی کورد کە کاریگەری باشی هەبێت.

کۆمەڵەی خاچی سووری نێودەوڵەتی ڕایگەیاندووە "چاودێر دەنێرێت بۆ کوردستان، بەڵام تەنیا ئەگەر مۆڵەتی حکومەتی عێراقی بەدەست بهێنێت". وتەبێژی کۆمەڵەی خاچی سوور گوتی: "ئێمە هێشتا چاوەڕێی بانگهێشتنامەی دەسەڵاتدارانی عێراقیین". ڕوونیکردەوە و گوتی "یاسای خاچی سوور ڕێگە بە کۆمەڵەکە دەدات لێکۆڵینەوە لە ململانێ چەکدارییە

ناوخۆییەکانی وەک شۆڕشی کورد بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵەی خاچی سووری نێودەوڵەتی گوتی ناتوانێت بۆ ڕەزامەندی حکومەتی عێراق دەستێوەردان بکات"[١].

لە ماوەی جەنگی جەزائیردا، بۆ فەڕەنسا کە ئەم شەڕە بە ململانێیەکی یاسایی ناوخۆیی دادەنرا، حکومەتی فەڕەنسا ڕێگەی بە کۆمەڵەی خاچی سووری نێودەوڵەتی دابوو، چاودێر بنێرێت بۆ جەزائیر کە بە هەرێمێکی فەڕەنسی دادەنرێت. بەهەمان شێوە؛ لە کاتی جەنگی نێجیریادا، تەنانەت ژەنەراڵ گوۆن[٢] ڕازی بوو یارمەتی مرۆیی نێودەوڵەتی بە وڵاتەکەیدا تێدەپەڕێت و بگاتە بیافرا.

شۆڕشی کورد چەندین جار داوای لە کۆمەڵەی خاچی سووری نێودەوڵەتی کردووە، چاودێر و نێردراو بنێرێت بۆ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی شۆڕش، هەروەها بەڵێنیدا ڕێز لە یاساکانی پەیماننامەی جنێڤ بگرێت. لە ئەیلوولی ١٩٦٣ لە کۆنگرەی سەد ساڵەی خاچی سووری نێودەوڵەتی لە جنێڤ، ژەنەڕاڵ بارزانی ئەم داواکاریەی دووپاتکردەوە و پابەندبوونی خۆی دووپات کردەوە[٣]. لە کارتەکانی دەستگیرکردن و نامەکانی زیندانیانی عێراقی کە لەلایەن کوردەکانەوە بۆ کۆمەڵەی خاچی سووری نێودەوڵەتی نێردراوە، زۆربەیان خۆشحاڵی و ڕازیبوونی خۆیان دەربڕیوە لە بارودۆخی ژیانیان. ئەو کارتانە لەلایەن ڕێکخستنی دەرەوەی شۆڕشەوە نێردراون و لە دەزگای ناوەندی توێژنەوە و بەدواداچوونی خاچی سوور هەڵگیراون. بەڵام حکومەتی عێراق ڕەتیکردووەتەوە ئەو زانیاریانە پشتڕاست بکاتەوە.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا کە کۆتا بەشی ئەم بەرهەمەیە، لەوانەیە بۆ خوێنەر سەرنجڕاکێش بێت سەردانی پاشکۆی ١٢ بکات، کە لەبارەی ڕێکخراوە کوردییەکان و ئەوە ڕێکخراوانەی لە دەرەوەی وڵات لایەنگری کوردن، تێڕوانینێکی گشتی تێدایە.

---

(١) ڕۆژنامەی لو مۆند، ٦ی ئەیلولی ١٩٦٣.

(٢) ژەنەراڵ یاکوبو گوون لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٧٥ سەرۆکی دەوڵەتی نێجیریا بوو. ئەو سەرکردایەتی وڵاتەکەی کرد لە کاتی جەنگی بیافرا (١٩٦٧-١٩٧٠) کە شەڕێکی کوشندە بوو لە نێوان حکومەتی نێجیریا و هەرێمی جیابووەوەی بیافرا. سەرەڕای گەمارۆدانی بیافرا کە برسێتی گەورەی لێکەوتەوە، دانوستانەکان ڕێگەیان بە ڕێکخراوە مرۆییەکان دا، لەوانە خاچی سوور و ڕێکخراوە ناحکومییە ئاینییەکان بۆ گەیاندنی بەشێک لە هاوکارییەکان بۆ هاوڵاتیانی بیافرا.

(٣) بڕوانە ڕۆژنامەی لو مۆند، ٥ی ئەیلولی ١٩٦٣: "ژەنەڕاڵ بارزانی داوایەك ئاڕاستەی خاچی سوور دەکات".

## پاش-نووسین

لەم هەڵسەنگاندنەدا؛ کورتەی هەشت ساڵی یەکەمی شۆڕشی کوردستانی عێراق لە پەیامێکی ڕۆژی ١٥ی ئەیلوولی ١٩٦٩ی ژەنەڕاڵ بارزانی دا هاتووە کە ئاراستەی "گەلی قارەمان و هێزە چەکدارەکانی عێراق"[(١)] کراوە، هەروەها لە بەیاننامەی ڕۆژی١١ی ئەیلوولی ١٩٦٩ی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتووە "بەبۆنەی هەشتەمین ساڵیادی شۆڕشی شکۆداری کوردەوە "[(٢)]. بۆمان دەردەکەوێت لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ەوە بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی بەرگری عێراق، حکوومەتە جیاوازە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق زیاتر لە ٥٠٠ ملیۆن دیناریان بۆ کڕینی چەک لە دژی گەلی کورد و شۆڕشەکەی خەرج کردووە. لە ڕاستیدا؛ لەوانەیە زیاتر پارەیان بۆ جاش بەکرێگیراوان و خیانەتکارانی دژ بە کورد خەرج کردبێت. فڕۆکەکانیان بە دەیان هەزار تۆن لە بۆمبی چێندراو و ناپاڵم و ترشی گۆگرد شارەدێ و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستانیان بۆردومان کرد. زیاتر لە ٣ هەزار گوندی کورد وێران بوون و سوتێنران و نزیکەی ٢٠٠ هەزار کورد ناچار بوون ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێبهێڵن و ئاوارە بوون. لەشکری شۆڕشی کوردستان زیاتر لە ٣ هەزار پێشمەرگەی لەدەستداوە کە لە شەڕەکاندا شەهیدبوون. سەبارەت بە دانیشتوانی مەدەنی کورد، نزیکەی ٢٠ هەزار کەس بوونەتە قوربانی، بەڵام زیانی هێزە چەکدارەکانی عێراق و بەکرێگیراوەکانیان چەند هێندەیە و زۆر زۆر زیاترە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بانگەشەی ئەوە دەکات شۆڕشی کورد، شۆڕشی تەواوی گەلی عێراقە لە دژی ئیمپریالیزم و دیکتاتۆری و سەرکوتکردن و کۆنەپەرستی، لە هەموو قۆناغەکانی جەنگدا سەرکەوتوو بووە. لەلایەکی ترەوە، حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق تەنیا شکست بەشیان بووە. لە ساڵی ١٩٦٣ سەرکردەکانی حزبی بەعس هەوڵیان دا شەڕەکە بکەنە ململانێی خوێناوی نێوان گەلی عەرەب و گەلی کورد و تا ئەو ڕادەیە چوون کە داوای سوپای سوریایان کرد. سەرەڕای شکستیان، لە ساڵی ١٩٦٩ بە توندوتیژی و لەخۆبایی بوونیانەوە جەنگیان دەستپێکردەوە. بە

(١) بەڵگەنامە بە زمانی عەرەبی و کوردی.

(٢) بەڵگەنامە بە زمانی عەرەبی و کوردی.

پشـتیوانیکردن لـە بەکرێگیـراوان و خیانەتـکاران، هەوڵـی لەناوبردنـی گەلـی کوردیـان دا، بـەڵام بـە وتـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و لەشـکری شـۆڕش جارێکـی تـر بەرپەرچـی هێرشـەکانی بەعـس و هاوپەیمانەکانیـان دایـەوە.

لەشـکری پێشـمەرگە چـیتر تەنیـا هێزێکـی چەکـداری لاواز نییـە کـە تەنیـا چەکـی ڕاوکردنـی هەبێـت، بەڵکـو بـووە بـە سـوپایەکی شۆڕشـگێڕی گـەورەی بەهێز، مەشـقپێکراو، شـارەزا و چەکـدار بـە چەکـی قـورس. ڕۆڵـی ئـەو چیتر تەنیـا بەرگریکـردن لـە کوردسـتان و گەلەکـەی لـە دژی سـتەم و دیکتاتۆرییـەت نییـە، بەڵکـو دەیەوێـت بەشـداری بـکات لـە بـە دیموکراتیکردنـی عێـراق و گەڕاندنـەوەی ئاشـتی و ئاسـایش لەوڵاتـەدا. ژەنـەڕاڵ بارزانـی داوا لـە گەلـی عێـراق دەکات لـە دەوری شۆڕشـدا یەکبگـرن و شانبەشـانی گەلـی کـورد ڕیزەکانـی خۆیـان یەکبخـەن. بارزانـی هۆشـداری دەدات "سـەرکردەکانی بەعـس لەسـەر سیاسـەتی سـتەمکارانەیان بـەردەوام بـن و بەرژەوەندییەکانـی گەلـی عێـراق پشـتگوێ بخـەن، بەتەنیـا تووشـی ئاکامـە خراپـەکان دەبـن کـە لـە دەرەنجامی سیاسـەتە هەڵەکانیـان سـەرچاوەی گرتـووە".

ئـەو دڕندەییـەی لـە دواییـن هەڵمەتـی حزبـی بەعـس لـە کوردسـتان ئەنجامـدرا، لەلایـەن لێژنـەی کاروبـاری دەرەوەی دەسـتەی کارگێـڕی لـە نامەیەکـدا لـە ١٧ ی ئەیلوولـی ١٩٦٩ ئیدانـە کـران، ئامـاژەی بـە "کۆمەڵکـوژی داکان" کـرد و بـە کۆمەڵکـوژی نازییـەکان[١]

---

(١) کۆمەڵکـوژی ئۆرادۆر-سـور-گلان و لیدیـس دوو تاوانـی جەنـگ بـوون کـە نازییـەکان لـە جەنگـی دووەمـی جیهانـی ئەنجامیـان دا لـە تۆڵـەی کـردەوەی بەرگـری:

١.Oradour-sur-Glane ، لە فەڕەنسا، ١٠٠ی حوزەیرانی ١٩٤٤

ئـەم گونـدە فەڕەنسییە لەلایـەن یەکەیەکـی ئێـس ئێسـەوە وێرانکرا، لـە تۆڵەسـەندنەوەی نیشـتنەوەی هاوپەیمانـان لـە نۆرمانـدی. سـەربازە ئەڵمانییـەکان ٦٤٢ دانیشـتووی (پیـاو، ژن و منداڵ)یـان کۆکـردەوە. پیـاوەکان تەقەیـان لێکـرا، لـە کاتێکـدا ژن و منداڵـەکان لـە کڵێسـاکە بەنـد کرابـوون و ئاگـری تێبـەردرا. گوندەکـە بەتـەواوی وێـران بـوو و دوای جەنگیـش بـە وێرانـی مایـەوە وەک یادەوەرییـەک.

٢. . Lidice لـە چیکۆسـلۆڤاکیا ، ١٠ی حوزەیرانـی ١٩٤٢، دوای کوشـتنی ژەنەڕاڵـی نـازی ڕێینهـارد هایدریـش (ئۆپەراسیۆنی ئەنترۆپۆیـد)، هیتلـەر فەرمانـی وێرانکردنـی گونـدی لیدیـس دا کـە گومانـی لێدەکـرا پشـتگیری بـەرەی بەرخـۆدان بـکات. هەمـوو پیاوانـی سـەروو ١٥ سـاڵ لـە سێدارە دران و ژن و منـداڵان ڕەوانـەی کەمپـی زۆرەملـێ کـران. گوندەکـە وێـران کـرا و ناوەکـەی لـە نەخشـەکان سڕایەوە. ئەم دوو کۆمەڵکوژییە بوونەتە سیمبولی دڕندەیی نازییەکان و هەموو ساڵێک یاد دەکرێنەوە.

لە ئۆرادۆر لە فەڕەنسا (١٩٤٤) و لیدیس لە چیکۆسلۆڤاکیا (١٩٤٢) بەراوردی کرد. داکان گوندێکی بچوکی کوردی بوو لە نزیک پارێزگای مووسڵ لەسەر ڕووباری خازر کە لقێکی زێی گەورەیە، گوندەکە دەکەوێتە سەر هێڵی ئاگربەست کە لە ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ ڕاگەیەنرابوو. لەشکری شۆڕشی کوردستان خۆی لە هاتنە ناو گوندەکە پاراست، بۆئەوەی دانیشتووانەکەی نەخەنە ژێر هێرشی تۆڵەسەندنەوە. گوندنشینەکان لە کشتوکاڵدا بە ئارامی دەژیان، بەڵام بەیانی ڕۆژی دووشەممە ١٨ی ئابی ١٩٦٩ دوای شکستی سەربازی لە ناوچەکە، هێزە عێراقییەکان چوونە ناو گوندەکە بە مەبەستی کوشتن یان دەستگیرکردنی هەموو پیاوەکان، پیاوەکان هەستیان بە مەترسی کردبوو، خۆشبەختانە لەکاتی خۆیدا خۆیان دەربازکردبوو. ژن و منداڵ لە ئەشکەوتێکی بچووکی نزیک گوندەکە خۆیان حەشاردابوو. سەربازەکان دوای ئەوەی هەرچی لە توانایاندا بوو دزیان و گوندەکەیان تاڵان کرد و سووتاندیان. پاشان ئەو ئەشکەوتەیان دۆزیەوە کە ژن و منداڵەکان تییدا خۆیان حەشاردابوو. داریان لە دەروازەی حەشارگەکە کۆکردەوە بۆ ئەوەی بە زیندوویی بیانسووتێنن. لە ژوورەوە، خەڵک لە ترس و تۆقین هاواریان دەکرد. ژنێکی دووگیان هاتە دەرەوە و لە سەربازەکان پاڕایەوە کە منداڵەکەی بپارێزن، بەڵام بە شێوەیەکی دڕندانە کوشتیان، منداڵەکەیان لە سکی دەرهێنا و هەردووکیان لە دار بەستایەوە و لە سێدارەیاندان. پاشان بەنزینیان بە دارەکانی دەروازەی حەشارگەکەدا کرد و ئاگریان تێبەردان. لەناو ئەشکەوتەکەدا، ٦٦ کەس بەهۆی دوکەڵەوە خنکان و گیانیان لەدەستدا، پێش ئەوەی بەتەواوی بسووتێن. لەنێویاندا ٣٧ منداڵ و ٢٩ ژن و پیاوێکی تەمەن ٩٠ ساڵ هەبوون. ئەو بەڵگەنامە فەرمییەی کە ئەم وردەکاریانەی لێوە وەردەگرین، ناوی قوربانیان و تەمەنی قوربانییەکان و ئەو باوکانەی تۆمار کردووە، کە ژن و منداڵەکانیان لە کۆمەڵکوژیەکەدا لەدەست داوە[١].

ئەم کۆمەڵکوژییەی کورد کە هاوشێوەی کۆمەڵکوژی ئۆرادۆر بوو، یەکەم کردەوەی کۆمەڵکوژی نەبوو و دوا کردەوەشیان نابێت.

---

(١) هەروەها سەیری لا تریبیون دو جێنیڤ بکە لە ٧ی تشرینی یەکەم. ڕۆژنامەی لو مۆند لە ٧ی تشرینی دووەم و ڕۆژنامەی لۆزان لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩.

دکتۆر مەحمود عوسمان لە نامەیەکدا لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٦٩ کە بۆ ئێمەی ناردووە. تێیدا دەگێڕێتەوە کە کۆمەڵکوژییەکی دیکەی هاوشێوە لە ١٦ی ئەیلوول لە گوندی سۆریا لەلایەن بەعسی دڕندە لە ناوچەی زاخۆ ئەنجامداوە. لەو ڕۆژەدا، حزبی بەعس ٩٩ کەسی کوشت کە زۆربەیان ژن و منداڵن. لەنێوانیاندا قەشەیەکی مەسیحیش هەبوو، گوندەکەش بە تەواوی سوتێنرا. تەنیا یەک ئافرەت توانیویەتی هەڵبێت و ڕزگاری بێت[1].

شۆڕشی کورد بایەخ بە کەلتور و هونەریش دەدات. ئەمە شتێکی باشە و نیشانی دەدات ئەمە یەکێکە لە لایەنە هەرە ئەرێنییەکانی بزووتنەوەکەیە، کە بزووتنەوەکە بەڕاستی دەیەوێت سەربەخۆ بێت. لە ساڵی ١٩٦٨ دەسەڵاتدارانی کورد ٣٠٠ قوتابخانەی سەرەتاییان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان کردەوە، پاشان لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦٩ یەکەم پێشانگای تابلۆی کوردی لە گەلاڵە کرایەوە. مەسعود، کوڕی ژەنەڕاڵ بارزانی، بە نوێنەرایەتی باوکی ئامادە بوو. لەو مەراسیمەدا هونەرمەندانی کورد ٥٠ بەرهەمیان نمایشکرد کە بریتین لە تابلۆ و وێنەکێشان و کاریکاتێر کە هەموویان ئیلهام لە واقیعییەتی شۆڕش وەردەگرن[2].

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) "هەواڵی کوردستان" لە ناوەڕاستی ئەیلولی ١٩٦٩.

## ئەنجام

لە سەرەتای ڕاپەڕین و شۆڕشی کوردەوە لە ١١ ئەیلوولی ١٩٦١، کورد زیاتر لە هەشت ساڵە دەجەنگێت و چەك بە دەستە، جگە لە سەردەمی ئاگربەست کە ئەویش ماوەیەکی زۆر ناسەقامگیر بووە. شەڕی کوردستانی عێراق لە شەڕی جەزائیر زیاتر درێژەی کێشا.

کورد ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕی پتەو و دامەزراوەیەکی ڕێکخراوی دامەزراند: ئەنجومەنێک، دەستەی کارگێڕی، ئیدارەی تایبەت بە خۆیان، سیستەمی دادوەری، سیستەمی باج، لەشکرێکی جەماوەری ئاسایی و یاسایی، جگە لەوەش پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بارودۆخی جەنگدا زیاتر خۆی گونجاند. ئەم پارتە سەلماندوویەتی کە بە باشی کار دەکات و کاریگەرە. ئەمە سەرنجڕاکێشە، بەتایبەتی کاتێک وا بیر دەکەینەوە کە لە سفرەوە دەستی پێکردووە و هیچ پشتیوانییەکی نییە و لە چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی سەختدا بنیات نراوە. سەرەڕای کێشەکانی ئێستا، ڕێکخستنی شۆڕشگێڕی کورد زۆر بەهێزە و ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبێت. گەورەترین هێزی سیاسی و سەربازییە کە دەوڵەتی نەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەمەش جارێکیتر ئەوە دەسەلمێنێت، گەلی کورد دەیەوێت ئازاد بێت و وەك هەمیشە ئازادی هەڵدەبژێرێت کە جێگەی مشتومڕ نییە. لەڕاستیدا بەدەگمەن گەلێک هەیە لە شەڕێکی وەهادا هێندەی گەلی کورد قوربانی دابێت. کورد سەرکەوتوو بوون لە دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی دیفاکتۆ لە ناوچەیەکی فراوانی هێندەی سویسرا کە چیتر حکومەتی عێراق هیچ دەسەڵاتێکی تێدا نییە. لە ڕووی سەربازییەوە بارودۆخەکە تەنانەت لە شۆڕشی جەزائیر باشترە. لە دەرەوەی وڵات ڕێکخراوە کوردییەکان پشتیوانی لە شۆڕش دەکەن و نوێنەرەکانیش بەناوی کوردەوە قسە دەکەن. سەرەڕای ئەوەش؛ خەڵکێکی زۆر لە سەرانسەری جیهان پشتگیری لە ئامانجەکەیان دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا؛ تا ئێستا هیچ وڵات و ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بە فەرمی دانی بە هەوڵەکانیاندا نەناوە. ئێستاش شەڕ بەردەوامە و کۆتاییەکەی دیار نییە.

هۆکارەکانی ئەم دۆخە بەشێوەیەکی سەرەکی، لە فاکتەرە دەرەکییەکانەوە سەرچاوە دەگرن و کورد سەرچاوەی هۆکارەکان نین:

١. کوردستان لە ڕووی جوگرافییەوە دابڕاوە، ئەمەش بۆ نموونە فرۆشتنی تووتنی بەرهەمهێنراو لە ناوچە ئازادکراوەکان زەحمەت دەکات. لە هەمانکاتدا، پێگەی ستراتیجی بەیەکگەیشتنی کاریگەریی سیاسەتاکانی سۆڤیەت و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات. هەردوو زلهێز پێیان باشە دۆخی ئێستا بپارێزن و خۆیان لە هەر گۆڕانکارییەکی گەورە بپارێزن و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە ناوچەکەدا مسۆگەر بکەن.

٢. لەسەر ئاستی دەرەوە، چوارده وڵاتی عەرەبی سەربەخۆ پشتگیری عێراق دەکەن لەم ململانێیەدا کە ڕێگە لە زلهێزەکان دەگرێت دەستێوەردان بکەن بۆ کۆتاییهێنان بەو ململانێیە. ئەم هاوسۆزییە زیان بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد دەگەیەنێت و ڕێگرە لە دانپێدانانی ڕەسمی بە ئۆتۆنۆمی.

٣. بوونی پرسی کورد لە تورکیا و ئێران، بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات. ئەم وڵاتانە ترسیان لەوە هەیە، شۆڕشی کورد لە عێراق هانی دانیشتوانی کوردیان بدات داوای مافی هاوشێوە بکەن. ئەمەش پاڵ بە زلهێزەکانەوە دەنێت، بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە ترسی ناسەقامگیری ناوچەکە پشتیوانی لە شۆڕشی کورد نەکەن.

٤. زلهێزەکان چەک بە حکومەتی عێراق و ئەو وڵاتانە دەفرۆشن کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە (وەک تورکیا و ئێران). ئەم فرۆشتنانە لەلایەن دوو لایەنی دژ بە یەکەوە لە سیاسەتی جیهاندا ئەنجام دەدرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە بێ گوێدانە هاوپەیمانیەتیەکان، ئەم دەوڵەتانە بەردەوام کەرەستەی سەربازی وەردەگرن. ئەمەش خەباتی کورد قورستر دەکات، چونکە دەبێت ڕووبەڕووی سوپایەکی پڕچەک ببنەوە و پشتیوانی دەرەکی کەمیان هەبێت.

٥. کۆمپانیای نەوتی عێراق، لە ڕێگەی داهاتی نەوتەوە، پارە بۆ حکومەتی عێراق دابین دەکات، ئەو پارەیە دواتر لەلایەن عێراقەوە بۆ دابینکردنی پارە بۆ شەڕی دژ بە گەلی کورد بەکاردەهێنرێت. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە؛ عێراق زۆربەی چەکەکانی لە وڵاتانی سۆسیالیست دەکڕێت، لە کاتێکدا پارەی بەکارهاتوو بۆ ئەم کڕینانە لە کۆمپانیایەکی ڕۆژئاواییەوە دێت. ئەمە مانای ئەوەیە وڵاتانی دژبەر لە ڕووی سیاسییەوە، بێ مەبەست یارمەتی دارایی ئەم جەنگە دەدەن.

ئـەم ڕاسـتییە، دەبێـت ڕێبەرانـی ئـەو وڵاتانـەی چـەک دەفرۆشـن، بوەسـتێنرێن، چونکـە ناڕاسـتەوخۆ بەشـداری لـە ململانێـی دژی کـورد دەکـەن.

٦. کەموکوڕییەکانـی یاسـای نێودەوڵەتـی گشـتی و پەیماننامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، زۆرجـار لـە دۆخێکـی وەک کوردسـتاندا، لـە پراکتیکـدا، چەنـد خاڵێکـی لاوازی هەیـە.

ئایـا کێشـەکانی شۆڕشـی کـورد بـەو مانایـە دێت کـە سـەرکردایەتییەکەی هەمیشـە بەباشـی هەڵسـوکەوتی کـردووە؟ وەڵامەکـەی: نەخێـر، هەڵـە هەیـە، دەتوانیـن ڕەخنـەی بکەیـن. ئەمانـە چەنـد ڕەخنەیەکـن دەتوانرێـت لـە سـەرکردایەتی شـۆڕش بگیرێـن:

- قبووڵکردنــی ئاگربەســت دوای ســەرکەوتن: هەندێکجـار، دوای بردنـەوەی جەنـگ، ئاگربەسـتەکان لـە شـەڕدا قبـوڵ دەکرێـن، ڕەنگـە ئەمـە دژ بـە یـەک دەربکەوێـت.
- هەندێکجـار گفتوگـۆ لەگـەڵ حکومەتـە سـەربازییەکان هەڵبـژاردراوە کـە دیموکراسـیبوونیان لـە عێراقـدا ناوێـت، ئەمـەش پێچەوانـەی یەکێـک لـە ئامانجەکانـی شۆڕشـە. کاتێـک قسـەیان لەگـەڵ دوژمـن دەکـرد، زۆرجـار داواکاریـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد بەشـێوەی کاتـی وەلاوە دەنێـن کـە هەمیشـە پێشـوازیی لـەو داوایـە نەکـراوە.
- گفتوگـۆی نهێنـی: لەجیاتـی ئـەوەی داوای گفتوگۆی کراوە بکەن، هەندێـک جار بە نهێنی گفتوگۆیـان کـردووە، ئەمـەش دەبێتە هـۆی زیان گەیاندن بە متمانەی ڕای گشـتی.
- دەستکەوتنی کەم لە بەرامبەر کۆتاییهێنان بە شەڕ: هەندێک جار ڕازی بوون بە کۆتاییهێنان بە شەڕ بە قەرەبووکردنەوە کە لە ڕاستیدا، ئەمە بارودۆخی کوردی نەگۆڕیوە.
- ئاگربەسـتی بـەردەوام: وەسـتانی یـەک لـە دوای یـەک لـە شـەڕ، لەوانەیـە لەشـکر و هێـزی کـورد لاواز بـکات و ورەی خەڵـک لـە درێژخایەنـدا دابەزێنێـت.

دەبێـت لـەوەش تێبگەیـن، سـەرکردایەتی شۆڕشـی کـورد ڕووبەڕووی کێشـەی زۆر قـورس دەبێتـەوە، وەک هەڵکەوتـەی جوگرافـی و کاریگەریـی سیاسـەتە نێودەوڵەتییـەکان و بەربەسـتەکانی جەنـگ، ئـەوان ئـەم بڕیارانە لەسـەر بنەمای ئـەم ڕاستیانە دەدەن، تەنانەت ئەگـەر هەمیشـە بڕیـارەکان تەواویـش نەبـن. بڕیاری چەند ئاگربەسـتێک درا بـۆ باشترکردنی بارودۆخـی ئابـووری زۆر خراپـی ئـەو ناوچانـەی ئازادکراون. هەندێکـی تـر: وەک ڕێکەوتنی ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٦ واژۆ کـرا، بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی یاخیبوونـی گروپـی جیابـووەوەی

کورد کە دژی شۆڕش بوون. دوایین ئاگربەست ئەوەندە درێژەی کێشا کە چاودێرێکی بیانی بە "شۆڕشی بەرگری" ناوی برد، بەڵام ئەم بیرۆکەیە هەڵەیە. لە ڕاستیدا؛ دەزانین، سیستەمی ئیدارەی کورد پێویستی بە ئاشتی هەبوو، بۆئەوەی خۆی بەهێز بکات و قوتابخانە بکاتەوە و سوپا دروست بکات و ڕێگە بە دانیشتووان بدات بەروبوومەکانیان بەرهەم بهێنن. هێشتاش کێشە ماوە لە شۆڕشدا چارەسەر بکرێن، بەڵام سەرکردەکانی دەزانن، هەندێک شت هەیە دەبێت باشتر بکرێن. یەکێک لە کێشەکان ئەوەیە هێشتا هیچ هەنگاوێک هەڵنەهێنراوە بۆ باشترکردنی ژیانی جووتیاران. هەڵبەت ئەمە ئاسان نابێت لە هەرێمێك یان ناوچەیەکی بچووک کە لە شەڕدایە، بەڵام ئێستا خاوەن زەوییە گەورەکان بەهۆی شۆڕشەوە لەناوچوون، هیوادارین چاکسازی کشتوکاڵی کوردستانی ئازاد بەزووترین کات بێتە پێشەوە، وەک ژەنەڕاڵ بارزانی گوتی؛ دەبێت هەموو شتێک لە کاتی خۆیدا ڕووبدات.

شۆڕشی کوردستانی عێراق کە بەرهەمی کاری بۆرژوازی و جوتیاران و کرێکارانە بە سەرکردایەتی ژەنەڕاڵ بارزانی و ئەنجومەنی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان کە درێژترین و گرنگترین شۆڕشە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا. بۆ بەردەوام بوون، ڕێکخراو و دامەزراو بوو و هێشتا ئەگەری زۆر و هەموو دەرگاکانی ئایندەی لە بەردەمدا کراوەن بۆ بەرەوپێشچوون. هەرچەندە هەندێک لە بەرهەڵستکاران کە گروپی جیابووەوە بوون هاوکاری بەغدایان کرد، ئەمەش کێشەی دروستکرد، بەڵام ئێستا شۆڕشەکە بەهێزتر و ڕێکخراوتر بووە لە پێش ١٩٦٤.

بیرۆکە و چەمکی دیموکراتی و شۆڕشگێڕی و سۆسیالیستی کاریگەری گەورەی لەسەر بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی هەیە، چونکە هێز بەم بزووتنەوانە دەبەخشن. لە سەرووی هەمووشیانەوە، ڕێگە دەدەن چینی کرێکار زیاتر بە سیاسی بکەن و بەشدارییان لە بوارەدا پێ بکەن. بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ئەم کاریگەرییە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە زۆر گرنگ بووە، بەڵام ئەگەر ئەم بیرۆکانە لەم چوارچێوەیەدا دەربهێنرێن و بەبێ پشتیوانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، ناتوانن کێشەکانی کۆمەڵگایەکی چەوساوە و پیشەسازی نەکراو چارەسەر بکەن: ناتوانن چارەسەرێکی جادوویی یان موعجیزە ئاسا بن دژی ستەم و وابەستەیی.

بەڵام ئایا شۆڕش ئامانجەکانی خۆی بە باشی هەڵبژارد؟ ئایا ئۆتۆنۆمی باشووری کوردستان، تەنانەت لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا، دەتوانێت پرسی کورد چارەسەر بکات؟ ئەمڕۆ، ئایا ئەم ئۆتۆنۆمییە، کە دەبێت بە فەرمی بکرێت و دانی پێدابنرێت، کاریگەری پێویستی هەیە بۆ یارمەتیدان یان تەنانەت ڕێگەدان بە دیموکراتیزەکردنی عێراق؟

ئێمە بڕوامان بەوە نییە؛ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بەس بێت، بەڵکو پێمان وایە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر دەبێت شۆڕش لەگەڵ هێزە عەرەبییە دیموکراتییەکاندا کار بکات، بۆ گۆڕینی دەوڵەتی ئێستای عێراق بۆ فیدراڵی. ئەم فیدراسیۆنە لە کۆماری باشووری کوردستان و کۆماری عەرەبی عێراقی پێک بێت کە لە ژێر ناوێکدا یەکبگرن، ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی هەردوو نەتەوەیی بێت، وەک چیکوسلۆڤاکیا. ئێمە پێشتر ئەم چارەسەرەمان لە وتارێکدا کە لە خەبات بڵاوکراوەتەوە، بۆ ئەنجومەنی شۆڕشمان پێشنیاز کردووە (بڕوانە دوا پەرەگرافەکانی بەشی هەشتەم).

کوردستان، یان کوردستانی گەورە، کە لە پەیماننامەی سیڤەر و لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکا تۆماس ودرۆ ویڵسن لە ڕەشنووسی پەیمانی کۆمەڵەی گەلان بەڵێنی سەربەخۆیی نەتەوەیی پێدرابوو وەک ئەرمەنستان و عەرەبستان کە مافێکی ڕەوای خۆیەتی، بەڵام گەلی کورد کە ئەمڕۆ لەلایەن هێزە ئیمپریالیستییەکانەوە دابەش بووە و لەلایەن میلیتاریزمەوە چەوسێنراوەتەوە، ڕۆژێک ئەم مافە هەر وەردەگرێت. جێی وەبیرهێنانەوەیە، باشووری کوردستان لەلایەن بەریتانیاوە خرایە ژێر دەستەڵات و هەژموونی بەغداوە، حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق ئەم دۆخەیان بە میرات وەرگرتووە و خراپتریان کردووە، بەڵام ئەم کوردستانە نە عەرەبییە وەک هەمووان دەزانن، نە عێراقییە. هەرچەندە هەندێک کەس هەندێجار هەوڵ دەدەن ئەوە لەبیر بکەن. بەگوێرەی خواستی لەندەن سەر بەعێراقە، بەڵام عێراقی نییە، دووپاتکردنەوەی پێچەوانەی ئەوە بیرۆکەی "جەزائیری فەڕەنسی"[(١)] بیرمان دەخاتەوە:

(١) دەستەواژەی "جەزائیری- فەڕەنسی" ئاماژەیە بۆ ئەو ماوەیەی کە فەرەنسا جەزائیری داگیرکردبوو، لەنێوان ساڵانی ١٨٣٠ و ١٩٦٢. لەو ماوەیەدا، فەڕەنسا جەزائیری بە بەشێکی دانەبڕاوی خاکەکەی دەزانی نەک کۆلۆنیال. ئەم بیرۆکەی "جەزائیری-فەڕەنسی" لەلایەن هەندێک لە فەڕەنسییەکانەوە داکۆکی لێکرا، تەنانەت دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی خەباتی

ئـەو ڕاسـتییەی کـورد و عـەرەب هەمـان ئایینـی ئیسلامـی پەیڕەودەکـەن کێشـەکە ناگۆڕێـت. بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلانـی چەوسـاوە بـەزۆری پشـت بـە مەسـەلەی ئایینـی و تێڕوانینـی ئایینییـەوە نابەسـتێت.

پێشـمەرگە سـادەکان کـە چوونەتـە نـاو شۆڕشـەوە و لـە ژێـر ئـاڵای شـۆڕش بـەو قەناعەتـەی لـە پێنـاو ئـازادی کوردسـتان تێدەکۆشـن، ئێمـە زۆر جـار هەسـتمان پێدەکـرد کاتێـک قسـەمان لەگەڵیـان دەکـرد، لـە ژێـر سـێبەری دار بـەڕوو و دارسـتانەکان، یـان بەدرێژایـی کەنـاری ڕووبـارەکان، لـە ژێـر درەختـی چـڕ، لەنـاو ئـەو دۆڵ و شـیوانەی ئازادیـان کـرد و ئێسـتاش پارێـزگاری لێکردنیـان لـە ئەسـتۆ دایـە. ئـەوان بـە بێدەنگـی، بـەڵام ئیرادەیەکـی بەهێـزەوە، دەیانپارێـزن و ڕێگـە نـادەن عێراقـی عەرەبـی جارێکـی تـر بەسـەریاندا زاڵ بێـت.

بەگشـتی؛ ناسـیۆنالیزمی بەنـاو شۆڕشـگێڕی عەرەبـی، نیشـانی نـەداوە کـە لـە بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد تێـدەگات و قبوڵـی نـاکات و دانـی پێـدا نانێـت. لـە عێـراق و سـوریا کـە حزبـی بەعـس بـە سـەرکردایەتییەکی سـەربازی بچووکـی بـۆرژوازی لـە دەسـەڵاتدایە، ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی تەنیـا هەوڵـی لەناوبردنـی بزووتنـەوەی کـوردی دەدات، وەک ئـەوەی کەمالیـزم لـە تورکیـا کـردی. ئەمـە بەتـەواوی پێچەوانـەی وشـەکانی سۆسیالیسـت، پێشـکەوتنخواز و دیموکراتییـە کـە ئـەم ڕژێمانـە بـۆ پێناسـەکردنی خۆیـان بەکاریدەهێنـن. کـەس ناتوانێـت پێشـکەوتنخواز، دژە ئیمپریالیسـتی و دیموکـرات بێـت، لـە کاتێکـدا هەوڵـی سـەرکوتکردنی گەلێکـی دراوسـێ دەدات کـە وەک عـەرەب مووسـڵمانن، تەنانـەت لـەوان چەوسـاوترن و دەیانەوێـت خۆیـان لە هەژموونـی ئیمپریالیـزم ڕزگار بکەن. دەبێـت جەخـت لـەوە بکرێتـەوە کـە چەمکـی سیاسـەت چیتر لـە ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوادا هەمـان مانـای نییـە، بـەڵام ئـەم دیاردەیـە تەنیا پەیوەنـدی بـە جیهانـی عەرەبیـەوە نییـە.

---

سـەربەخۆیی لـە جەزائیـر. لایەنگرانـی ئـەم بیرۆکەیـە؛ سـەربەخۆیی جەزائیریـان ڕەتکـردەوە و پێیـان وابـوو جەزائیرییـەکان سـەرەڕای کەلتـور و ناسـنامەی خۆیـان، بەشـێکن لـە نەتـەوەی فەڕەنسـا. لـەم چوارچێوەیـەدا، نووسـەر بەراوردێـک دەکات بـەوەی کـە دەڵێـت، هـەروەک چـۆن هەندێـک کـەس جەختیـان لـەوە کردووەتـەوە کـە جەزائیـر بەشـێکە لـە فەڕەنسـا، سـەرەڕای جیـاوازی کەلتـوری و ناسنامەکەی، هەندێـک کـەس حـەز دەکـەن بڵێـن باشوری کوردستان بەشێکە لە عێراق، هەرچەنـدە کـورد ناسـنامەیەکی جیاوازیـان هەیـە و عـەرەب نیـن.

هەستێکی چەوساندنەوە هەیە کە لە مەشرقی عەرەبی پەرەی سەندووە و ئاڵۆزبووە: وادیارە هەموو جیهان، هەم شیوعییەت و هەم سەرمایەداری، دژی عەرەبیزم یەکدەگرن. لەم ڕوانگەیەوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، تەنیا دەتوانێ پیلانێکی خراپی ئەم جیهانە بێگانە و دوژمنکارە بێت، وەك ئامرازێکی خراپ بێت کە بۆ لەناوبردنی عەرەبیزم دروستکراوە، بۆیە دەبێت پێش ئەوەی ببێتە هەڕەشە لەناوببرێت. ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە ناکۆکە لەگەڵ بەها مەزنەکانی کەلتوری عەرەبی کلاسیک و ئیسلام. ڕەنگدانەوەی تێڕوانینێکی داخراو و توندڕەوە کە دەڵێت تەنیا جیهانی عەرەبی لایەنگری چاکەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت ئەگەر ئەم هەستە زیادەڕەوی و مەترسیداریش بێت، نابێت نکوڵی لەوە بکرێت کە دۆزی عەرەبیش لایەنی دادپەروەرانەی هەیە. ئەم ڕق و کینە بەشێکی لە کردارە خراپەکانی هەندێک هێزی ئیمپریالیستی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرچاوە دەگرێت، بەڵام عەرەبەکان زۆرجار ئەم نادادپەروەرییانە تەنیا لە ڕێگەی ئەو شتانەوە دەبینن کە کاریگەری لەسەر گەلەکەی خۆیان هەیە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئازاری نەتەوەکانی دراوسێ، بەتایبەتی کورد.

سەرەڕای ئیمپریالیزمی کلاسیکی وڵاتانی پیشەسازی کە مارکس بەتایبەتی وەسفی کردووە و کاریگەرییەکانی بەباشی زانراوە، ئیمپریالیزمێکی نوێ سەریهەڵدا: ئیمپریالیزمی وڵاتە هەژارەکان، بەڵام پێناچێت ئێمە زۆر لێی ئاگاداربین. ئەم ئیمپریالیزمە لە زۆرێک لە وڵاتانی دواکەوتوودا خۆی دەردەخات و زۆرجار لە هەمان دەوڵەتدا دژی دانیشتوانی هەژار، کەمایەتییە نەتەوەییەکان یان ناوچەی دەوڵەمەندتر و پێشکەوتووتر جێبەجێ دەکرێت. ئیمپریالیزمی کلاسیک بە کێشانی هەڕەمەکیانەی سنووری کۆلۆنییەکانی پێشوو، بەشێک لە بەرپرسیاریەتی ئەم دیاردەیەی لە ئەستۆیە کە داتای مێژوویی، جوگرافیای ناوچەیی، دانیشتوانی جیاواز لەوێ دەژین، بێ ئەوەی توانای ئابووری ئەو ناوچانە لەبەرچاو بگرێت. ئەم ئیمپریالیزمە نوێیە کاتێک سەریهەڵدا کە ئەم کۆمەڵگا داگیرکراوانە سەربەخۆبوون. ئەمە زۆرجار بووە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەتی دەستکرد، کە بە خێرایی لەلایەن دیکتاتۆری سەربازی بچووکی بۆرژوازی کۆنترۆڵ دەکرا. وادیارە خەمی سەرەکیان ئەوەیە؛ وەک دەوڵەتی شەرعی ناو یانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانهاتن بناسرێن کە بارەگای سەرەکی نەتەوە

یەکگرتووەکانــە لــە نیویــۆرک. هەرچەنــدە ئــەم جــۆرە ئیمپریالیزمــە پێــشتر بــە شــێوەی دیکــە هەبــووە.

لــەم چوارچێوەیــەدا؛ لەوانەیــە ئــەو کۆنەپەرســتانە هــاوڕای پێناســەی تونــدی بەکارهێنانــی وشــەکانی "ئیمپریالیــزم" و "کۆلۆنیالیــزم" نەبــن، بــەڵام گرنگتریــن شــت هــۆکار یــان دەرئەنجامەکانــە؟

داگیرکــراو واتــە زاڵبوونــی سیاســی، بێبــەش بــوون لــە ئــازادی، چەوســاندنەوەی ئابووری، لاوازی کەلتــور، ســووکایەتیکردن بــە شــکۆمەندیی مــرۆڤ و ڕێگریکــردن لــە پێشــکەوتن. گرنــگ نییــە داگیرکــەر ســپی بێــت یــان ڕەش، دەوڵەمەنــد بێــت یــان هــەژار، پیشەســازی بێــت یــان تــازە پێگەیشــتوو، ئەنجامەکــە هەمــان شــتە، بــەڵام دەشــێ وڵاتانــی دواکەوتــووی کۆلۆنیالیــزم لــە ئیمپریالیزمــی کلاســیک توندوتیژتــر و دڕندەتــر بــن. لــە ڕاســتیدا؛ ئــەم وڵاتانــە بــۆ ســنووردارکردنی پێشــێلکاری نــە دابونەریتــی دیموکراتــی و نــە دامــەزراوەی پەرلەمانیــان هەیــە. هــەروەك جیــاوازی نێــوان هەندێــك وڵاتــی دەگیرکــراو، بــۆ نموونــە هەندێــک لــە وڵاتــە داگیرکــراوە "فەرمییــەکان"ی پێشــوو، هەندێــک جــار ســوودیان لــە کاریگــەری کەلتــووری وەرگرتــووە.

کاتێــک کۆلۆنییەکانــی پێشــووی فەڕەنســا لــە ئەفریقــا ســەربەخۆبوون، ســەرەڕای ئــەو هەمــوو نادادپەروەرییــەی توشــی بــوون، هێشــتا هەندێــک ژێرخانــی ئابووریــان بــە میــرات بــۆ مابــووەوە: قوتابخانــە، بانــک، کارگــە، کێڵگــە، زانکــۆ و تەنانــەت شــارەکان هەندێــک جــار مۆدێــرنتر بــوون لــە پایتەختــەکان. ئەمــەش ئاســانکاری بــۆ گەشــەکردنیان کــردووە. بــە پێچەوانــەوە، کۆلۆنییەکانــی پورتــوگال (وەک ئەنگــۆلا، گینیــا و مۆزەمبیــق) کــەمتر بەخــت یاوەریــان بــوو، چونکــە ئــەم وڵاتــە بــەراورد بــە فەڕەنســا کــەمتر پیشەســازی و کــەمتر دیموکراتــی بــوو. لەگــەڵ ئەوەشــدا، ئــەوان هێشــتا وەک کۆلۆنیــال دەناســرێــن و بــە ســوود وەرگرتــن لــە پاڵنەرەکانــی هەڵوەشــاندنەوەی کۆلۆنیالیــزم، پشــتگیری نەتــەوە یەکگرتووەکان بــۆ ســەربەخۆبوونیان دەجوڵێنــن، بــەڵام لــە بەرامبــەر داگیرکەرانــی دواکەوتوودا، کوردســتان تەنانــەت وەک کۆلۆنیالیــش ناناســرێــت و نکــۆڵــی لێکــراوە و مافــی ناوهێنانــی خــۆی نییــە و مافــی هیــچ پشــتیوانییەکی نێودەوڵەتیشــی نییــە. لــەوەش خــراپتر، چەکدارانــی داگیرکــەر بــۆ ســەرکوتکردنی شــۆڕشــەکە چەکــی کیمیایــی و ناپاڵــم بەکاردەهێنن کە بە پــارەی نەوتی کورد

لە وڵاتانی پیشەسازی کرداون، چونکە داگیرکەرانی کورد نازانن چۆن دروستیان بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا؛ ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئامانجەکانی شۆڕش، دەبێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەین، ئەویش ئەوەیە گەلی عەرەب و گەلی کورد دەیان ساڵە لە یەک وڵاتدا پێکەوە دەژین، ئەمەش بە نۆرەی خۆی پەیوەندی دۆستایەتی و بەرژەوەندی هاوبەشی دروست کردووە کە دەبێت بپارێزرێن، بەهێز بکرێن، یان دووبارە بنیات بنرێنەوە. ئەم پەیوەندییە بە فەرمی لە مادەی ٣ی دەستووری ساڵی ١٩٥٨ دا دانی پێدا نراوە کە دەڵێت: دەوڵەت کۆمارێکی عەرەب-کوردیە، بەڵام ئەم دەستوورە بەهۆی دوکەڵی جەنگ و گەردەلوولی کودەتا یەك بەدواییەکەکان لەناوچوو. لە بەرژەوەندیی گەلانی عەرەب و گەلی کورددایە بۆ گێڕانەوە و زیندووکردنەوەی ئەم مادەیەی دەستوور و جێبەجێکردنی و کۆتاییهێنان بە سەردەمی کودەتاکان پێکەوە کار بکەن، هەروەها دەبێتە هۆی دامەزراندنەوەی دیموکراسی و سیستەمی پەرلەمانی بەتایبەتی کە عەرەب خۆیان بەدەست بارودۆخی ئێستاوە دەناڵێنن، چونکە جگە لە نەهامەتی و چەرمەسەری هیچی بۆ بەدی نەهێناوە. لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا، چینە جەماوەرییەکان بە دەگمەن سوود لە ئیمپریالیزمی کلاسیك وەردەگرن، بەڵام لە وڵاتێکی دواکەوتوودا کە گەلێک بەسەر گەلێکی دیکەدا زاڵ بێت، چینی کرێکار زیاتر ئازار دەچێژێت، ئەگەر کاریگەرییەکانی جەنگ بەلاوە بنێین، جوتیارە عەرەبەکان لە جوتیارە کوردەکان دەوڵەمەندتر و باشتر و پێشکەوتووتر نین. هەندێک جار پێچەوانەکەیە، ئەمەش بە بارودۆخی ناوخۆوە پەیوەستە.

هەڵبەت قسەکردن لەسەر بەرژەوەندیی و خەباتی هاوبەش، ئەو دروشمانەمان بیر دەهێنێتەوە کە زۆرجار بە بیانووی دیموکراسی بۆ ڕێگریکردن لە شۆڕشی کورد لەلایەن هەندێک عەرەبەوە خراپ بەکاردەهێنرێن، بەڵام نابێت ئەم بەرژەوەندییە هاوبەشانە ببنە کۆسپ لەبەردەم ئازادی نەتەوەیی کورد. نابێت بە هیچ شێوەیەک لە بەردەوامبوونی خەبات لە پێناو مافی هەڵبژاردنی داهاتووی خۆیان ڕێگرییان لێبکرێ، ئەگەر ڕۆژێک کورد بڕیاری سەربەخۆیی بدات، بۆیە دەبێت بەرژەوەندییە هاوبەشەکان خۆیان لەگەڵ ئەم واقیعە نوێیە بگونجێنن و ڕێز لە بژاردەی خۆیان بگرن.

پێدەچێت ئەمڕۆ، کورد وعەرەب دەیانەوێت لە یەک وڵاتدا پێکەوە بژین، بەڵام بۆئەوەی ئەم پێکەوەژیانە ئاشتیانە بێت، پێویستە لەلایەن عەرەبەکانەوە هەوڵێک بدرێت و بەتایبەتی سوود لەو سیستەمە وەربگرن کە بەریتانیا دایناوە. ئەم هەوڵە مانای قبووڵکردنی داخوازییەکانی کورد و دانانان بەمافەکانی دێت، ئەگەر عەرەب ڕەتی بکەنەوە، ئەوا کورد لەپێناو سەربەخۆیی خۆی لە خەباتی چەکداری بەردەوام دەبێت.

چۆن دەتوانرێت یەکگرتنێکی ڕاستەقینە لەنێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەبدا بەدی بهێنرێت وەک ئەوەی لە دەستووری قاسمدا هاتووە؟ هەنگاوی یەکەم گەڕانەوەی دیموکراسییە لە عێراقدا، واتە وەستاندنی دیکتاتۆرییەت، چ سەربازی بێت یان تاکەکەسی. چیتر ڕێگە نەدرێ تاکە حزبێکی عەرەبی وەک بەعس کۆنترۆڵی هەموو دەسەڵات بکات. لەسەر ئاستی سیاسیش: ئۆتۆنۆمییەکی سادە بۆ کورد بەس نابێت و پڕۆژەکانی لامەرکەزیەت کە لەلایەن حزبی بەعسەوە پێشنیاز کراون چارەسەرێکی باش نین. تاکە چارەسەری ڕاستەقینە، لەم چرکەساتە، دروستکردنی دەوڵەتێکی فیدڕاڵییە بۆ ئەم دوو نەتەوەیە بۆ زیاتر پتەوکردنی پەیوەندییەکان. ئەمەش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١. ئۆتۆنۆمی تەنیا وەک هەرێمێکی خاوەن هەندێک دەسەڵات، ماف و ئامرازی پێویست نادات بە کورد بۆ بەڕێوەبردنی خاکەکەی خۆی و پەرەپێدانی، کەواتە کێشەکە بە چارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە.

٢. ئۆتۆنۆمی هەرچۆنێك بێت، لەگەڵ داتا نەژادی و مێژوویی و جوگرافیەکانی پرسی نەتەوەیی لە دەوڵەتی عێراقدا ناگونجێت کە دانیشتوانەکەی لە ٪٦٠عەرەب و لە ٪٣٠ کوردن، هەریەکەیان لە ناوچەکانی خۆیاندا دەژین، بەڵام ئەم داتایانە نموونەیین بۆ گۆڕینی دەوڵەت بۆ فیدڕاڵی.

٣. ئۆتۆنۆمییەکی سادە هەندێک مافی ناوچەیی بە کورد دەبەخشێت، بەڵام ڕێگەیان پێنادات لەگەڵ عەرەبەکان لە حکومەتی ناوەندیدا هاوبەشی یەکسان بن و بۆ بەشداریکردنی تەواو لە بڕیارە سیاسیەکان و یاسا و دادپەروەری وڵاتدا دەسەڵاتی پێویستیان نابێت، بۆیە ئەم یەکسانییە بۆ هاوکاری ڕاستەقینەی نێوان هەردوو گەل زۆر گرنگە.

٤. بە شێوەیەکی گشتی، ئۆتۆنۆمی دەسەڵاتێکی کەمتر دەبەخشێت وەك فیدراڵییەت لە چوارچێوەی دەوڵەتدا. بۆ نموونە، سیسیل[1] هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی ئیتاڵیایە، بەڵام هێندەی ناوچەکانی تری حکومەتی ڕۆما کاریگەری لەسەر حکومەتی وڵاتەکە نییە. لە یەکێتی سۆڤیەت، نەتەوە جیاوازەکان لە کۆمارەکانی فیدراڵیدا ڕێکخرابوون، تەنیا کەمایەتییە بچووکەکانی ناو ئەم کۆمارانە دەیانتوانی پێگەی ئۆتۆنۆمییان هەبێت. ئەمە ئەوە دەردەخات کە بەراورد بە فیدراڵییەت لە ئاستی دانپێدانان و دەسەڵات، پێگەی ئۆتۆنۆمی لە پلەیەکی نزمترە.

بە بۆچوونی ئێمە، ئەمانە ئەو مەرجانەن کە دەبێت لەم فیدراڵییەتە بێنەدی:

١. فیدراڵییەت دەبێت لە دوو کۆماری جیاواز پێکبێت: کۆماری باشووری کوردستان، ئەمە ناوە مێژووییەکەی ئەم هەرێمە کوردییە کە لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە سڕاوەتەوە، ئەم کۆمارە دەبێت نوێنەرایەتی کورد بکات و ڕێگەیان پێ بدات کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن. کۆماری عێراق، نوێنەرایەتی عەرەب دەکات و هاوتەریب لەگەڵ کۆماری باشووری کوردستان کار دەکات.

٢. هەردوو کۆمارە فیدراڵیەکە هەریەکەیان ناوچەیەکیان دەبێت کە هاوتایە لەگەڵ ئەو ناوچەیەی کە کورد و عەرەب تێیدا دەژین. هەر کۆمارێک حکومەت و پەرلەمانی تایبەت بە خۆی دەبێت، کە بەرپرسە لە داڕشتنی یاسای پێویست بۆ گەشەپێدانی خاکەکەی و باشترکردنی خۆشگوزەرانی دانیشتوانەکەی.

٣. ناوی فیدراڵییەتەکە نابێت تەنیا "عێراق" بێت، چونکە ئەم ناوە تەنیا نوێنەرایەتی خاکی عەرەب دەکات. ڕاستتر دەبێت ناوێکی پێ بدرێت کە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی دوو نەتەوەیی دەوڵەت بێت، وەک "کۆماری فیدراڵی عەرەب-کورد".

---

(١) دورگەی سیسیلی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی ئیتاڵیایە. حکومەت و چەند یاسایەکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام هێشتا بەشێکە لە ئیتاڵیا و لە بڕیارە گرنگەکانی وەک سیاسەتی دەرەوە و ئابووری پشت بە حکومەتی ناوەندی ڕۆما دەبەستێت. نموونەی سیسیل لێرەدا بەکارهاتووە، بۆ ئەوەی نیشانی بدات، ئۆتۆنۆمی هێندەی پێگەی فیدراڵییەت دەسەڵات نادات. هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی لەوانەیە هەندێک کاروباری ناوخۆیی بەڕێوە ببات، بەڵام کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر چارەنووسی سیاسی و ئابووری خۆیدا نییە.

ئەم پرسە گرنگە، چونکە بە هێشتنەوەی ناوی "عێراق"، مەترسی ئەوە هەیە لە وڵاتێکی عەرەبیدا کورد تەنیا بە "کەمینەیەکی هەرێمی" دابنرێت. ئەمە مەبەستی بەریتانیا بوو، کاتێک باشووری کوردستانیان خستەسەر عێراقی عەرەبی، ئەو کاتەی دەوڵەتی عێراق دامەزرا؛ واتە هەر ئەوان بوون بەکارهێنانی ناوی "عێراق" یان بۆ ئەم هەرێمە کوردییە سەپاند.

٤. کۆماری فیدڕاڵی حکومەت و پەرلەمانێکی هاوبەشی دەبێت کە هەردوو کۆمارەکەی (کورد و عەرەب) بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، بەپێی یاسای دیموکراتی و دادپەروەرانە نوێنەرایەتی دەکرێن. سیاسەتی ناوخۆی فیدڕالییەت دەبێت ئامانجی باشترکردنی ژیانی هەموو هاوڵاتیان بێت. بۆ نموونە نمایشی جەماوەری حکومەتی عێراق وەک "لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی بەغدا"(١) گەلی کورد تووشی شۆک دەکات و وێنە و ناوبانگی لە جیهاندا لەکەدار دەکات، چونکە گەلی کورد بەو ڕووداوانە نامۆیە. لە فیدڕاڵییەتی دیموکراتی لە نێوان عەرەب و کورد، کورد ناتوانێت ئەوە قبوڵ بکات کە ئەو جۆرە ڕووداوانە دووبارە ببنەوە.

٥. سیاسەتی دەرەوەی فیدڕالییەتەکە دەبێت دادپەروەرانە و پێشکەوتنخواز بێت و نابێت هیچ گرووپێک یان نەتەوەیەک تێیدا باڵادەست بێت. دەبێت لەسەر بنەمای مرۆیی بنیات بنرێت و دوور بێت لە شۆڤێنیزم و بەیەکسانی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی عەرەب و کورد بکات، چونکە سیاسەتێک، تەنیا لە بەرژەوەندی عەرەبیزم بێت، وەک ئەوەی ئێستا حکومەتی عێراق پەیڕەوی دەکات، لەلایەن کوردەکانەوە قبوڵ ناکرێت.

٦. دەستووری فیدڕالی مافی کەمە نەتەوەیی و ئایینیەکان مسۆگەر بکات؛ وەک کوردەکانی بەغدا لە عێراق و تورکمانەکانی کەرکووک لە کوردستان.

(١) "لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی بەغدا" ئاماژەیە بە ڕووداوێکی تراژیدی کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس، زیندانییەکان بە کۆمەڵ لە سێدارە دەدران. ئەم لەسێدارەدانە زۆرجار وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی سیاسی و سەپاندنی تیرۆر و لەناوبردنی هەموو ئۆپۆزسیۆنێک بەکاردەهات، بەتایبەتی لە کاتی شەڕی دژی کورد و ئەو گروپانەی کە بە دوژمنی ڕژێم دادەنران. ئەمە نەک تەنیا خەڵکی کوردی تووشی شۆک کرد، بەڵکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشی تووشی شۆک کرد کە ئەم کارەیان بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەزانی.

٧. پێویستە هەردوو کۆماری فیدراڵی عێراق و باشووری کوردستان بتوانن پەیوەندییەکی تایبەتیان هەبێت، عێراق لەگەڵ جیهانی عەرەبی و کوردستان لەگەڵ تەواوی گەلی کورد.

لەم هەلومەرجەی ئێستادا کە شەڕ لە کوردستان بەردەوامە و عێراق ساڵانێکە بە کودەتای سەربازی یەك لە داوی یەك و کۆمەڵکوژی و دیکتاتۆری و ئابوورییەکی قەیراناوی و ناسەقامگیر و نادادپەروەر بەردەوام لە ئاژاوەدا دەژی، لەوانەیە ئامانجی فیدڕالییەت بۆ ڕاکێشانی بەرژەوەندی جەماوەری عەرەبی عێراق لە ئامانجی ئۆتۆنۆمی دەرفەتێکی باشتری هەبێت. ئەمەش دەتوانێت هیوایان پێ ببەخشێت و هانیان بدات، بەشداری شۆڕشی کورد بکەن لە خەباتێکی هاوبەشی ڕاستەقینەدا، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی کورد؛ چ ئامانج بێت یان واقیع بێت لەسەر خاکی کوردستانی ئازادکراو، هەرچەندە کەمترە لە کۆمارێکی کوردی فیدڕالی لەگەڵ عێراقدا، بەڵام وادیارە ئەمە عەرەبەکان دەترسێنێت. ئەوان ئەم ئۆتۆنۆمیە بە شتێکی دوور دەبینن، پەیوەستە بە "باکوور"، بۆیە نامۆیە و تەنیا هەڕەشەئامێزە. لەلایەکی ترەوە، کارکردن بۆ فیدڕالییەتی عەرەب و کورد شتێکی دیکەیە، ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت ئەو دوو گەلە لە هەمان پێکهاتەی سیاسیدا یەکسان و یەکگرتوو دەبن، بە تێپەڕبوونی کات عەرەبەکان دڵنیا دەکاتەوە، چونکە ئەوان هەست بە تێوەگلانی ڕاستەوخۆ لەم پڕۆژە هاوبەشەدا دەکەن، لەبری ئەوەی کورد وەک هەڕەشەیەکی جیا ببینن.

عەرەب دەیانەوێت جیهانی عەرەبی یەکبخەن و کوردیش بۆ ئازادی نەتەوەیی و کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو تێدەکۆشێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو بناغەیەی دەوڵەتی عێراقی لەسەر دامەزراوە لاوازە. ئەم تێبینییە هێشتا لەجێی خۆیەتی، تەنانەت ئەگەر عێراق ببێتە فیدڕالییەتێك لەنێوان عەرەب و کورددا، بەڵام ئایا ئامانجە نەتەوەییەکانی ئەو دوو گەلە بەتەواوەتی دژ بەیەکن؟ گرنگە فراوانتر سەیری ئەم خاڵە بکەین، چونکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیا نەتەوەی عەرەب و کورد نییە. کورد هیچ کێشەیەکی لەگەڵ بیرۆکەی یەکگرتنی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی تر جگە لە عێراق نییە بە مەرجێک:

أ. یەکگرتنەکە دیموکراتی بێت و لەلایەن دەسەڵاتێکی باڵاوە نەسەپێنرێت.

ب. دەبێت پێداویستییە سەرەتاییەکانی هەردوو نەتەوە دابین بکات و بە شێوەیەک

ڕێکبخرێت کە یەکسانی تەواو لە نێوان هاوبەشەکاندا مسۆگەر بکات.

ج. دەبێت ئازادانە و خۆبەخشانە لەلایەن هەردوو گەلەوە قبوڵ بکرێت، پێش ئەوەی بتوانرێت بەدی بهێنرێت.

د. دەبێت هەردوولا بە تەواوی مافی چارەی خۆنووسینیان بپارێزن، واتە ئەگەر بیانەوێت دەتوانن لە هەر کاتێک یەکگرتنەکەیان کۆتایی پێبهێنن و دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، ئامرازی پێویستیان هەبێت.

هـ. ئەم یەکگرتنە دەبێت بۆ گەلان و نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراوەبێت، تا بتوانن لە هەمان هەلومەرجدا بەشداری تێدا بکەن.

بۆ ئەوەی یەکێتی نێوان عەرەب و کورد سنوورەکانی ئێستای عێراق تێبپەڕێنێت، پێویستە کۆنفیدراڵییەک هەبێت، واتە هاوپەیمانی نێوان دەوڵەتە سەربەخۆکان. ئەمەش مانای ئەوەیە باشووری کوردستان(کوردستانی عێراق) دەبێت سەرەتا ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ و سوپا و سیاسەتی دەرەوەی خۆی هەبێت، پێش ئەوەی بیر لە یەکگرتن لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی وەک سوریا و میسر بکاتەوە. کورد ڕەتیدەکەنەوە بۆ ناو یەکێتییەکی عەرەبی ڕابکێشرێن، تەنیا لەبەرئەوەی بەشێکن لە عێراق. ئەوان نایانەوێت لەئەزموونی ڕابردوو بژین، وەک ئەو یەکێتییەی لەژێر کاریگەری ناسر و حزبی بەعس سەپێنرا کە تێیدا سەرکەوتوو نەبوون. جیاوازییەکی زۆر لە نێوان دوو جۆر یەکگرتندا هەیە: یەکەمیان، یەکێتی عەرەبی کە کوردستان ناچار دەبێت بچێتە ناو قەوارەیەکی عەرەبییەوە، بێ ئەوەی بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بناسرێت. ئەم یەکگرتوویەی بە بیانووی پاراستنی یە کێتی عێراق یان دۆستایەتی نێوان عەرەب و کورد دەسەپێنرێت، ئەمە دەبێتە هۆی نکۆڵی کردن لە بوونی کوردستان، وەک ئەوەی بەریتانیا لە سەردەمی داگیرکاریدا کردی. هەرچەندە وتار و قسەکانیشیان جوان بێت، هەر دەبێتە جۆرێک لە ئیمپریالیزم دژ بە گەلی کورد. دووەمیان "یەکێتیی کوردی-عەرەبی" یان برایەتی کورد و عەرەب کە لەسەر بنەمای یەکسانی و سەروەری هەر نەتەوەیەک دەبێت. لەم حاڵەتەدا، کورد و عەرەب هاوبەشی یەکسان دەبن و هەریەکەیان کۆنترۆڵی وڵات و سەرچاوەکانی خۆی دەپارێزێت. دەبێتە پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی دیموکراتی و برایانە لە نێوان گەلانی ئازاددا. شکستی فیدراڵی عەرەبی کە لە ساڵی ١٩٦٣ لە قاهیرە بڕیاری لەسەر

درا، دەتوانرێـت بەشـێکی بـە هـۆکاری ململانێکانـی نێـوان خـودی وڵاتانـی عەرەبـی خۆیان ڕوون بکرێتـەوە، بـەڵام هۆکارێکـی گرنگـی دیکـە، شـەڕی کوردسـتانی عێراقـە. لـە میانـەی وتووێژەکانـی قاهیـرە سـەرکردەکان داواکارییەکانـی گەلـی کوردیـان پشـتگوێ خسـت، ئەمـەش بـووە هـۆی شکسـتی پڕۆژەکـە.

دەبێـت عـەرەب لـەوە تێبـگات کـە باشـووری کوردسـتان بەهیـچ شـێوەیەك ناچـار نییـە دوای عێـراق بکەوێـت و لەیەکێتـی لەگـەڵ وڵاتانـی عەرەبـی وەک سـوریا و مـیسر دا ببێتـە کەمینـە. کوردسـتان تەنیا کاتێک دەتوانێت بەشـداری یەکێتییەکی لەو شـێوەیە بـکات کە چەند مەرجێکـی وردی دیاریکـراو جێبەجـێ بکرێـت. بەهەمـان شـێوەش مافی ئـەوەی هەبێت لەگەڵ گەلانـی تـر یەکبگرێـت، وەک فارسـەکان کـە مێژوویەکـی هاوبەشـیان لەگەڵ یـەکتردا هەیە، یان تـورک، کـە ئامـادە بـن بـە تـەواوی دان بـە مـاف و ناسـنامەی نەتەوەیـی کـوردی دابنێن.

کـورد ناچـار نییـە عـەرەب لـە فـارس یـان تـورک بـە بـاشتر بزانێـت، تەنیـا لەبەرئـەوەی فەرمانڕەوایەکـی بیانـی وەک لـۆرد کـرزۆن ئەوانـی خسـتووەتە ژێـر دەسـەڵات و هەژموونی بەغـدا. دۆسـتایەتی نێـوان گـەلان، هـەروەك دۆسـتایەتی نێـوان تاکـەکان، تەنیـا بـە قسـە حوکمـی لەسـەر نادرێـت. کـورد ڕێگە بە خۆی نادات بە قسـەی جوان و بریقـەدار قەناعەتی بـۆ دروسـت بێـت، ئەگـەر کـردار و هەنـگاوی عەمەلـی بەدوایدا نێـت، گرنگ نییە کەسـێک باسـی دیموکراسـی، سۆسـیالیزم یـان شـۆڕش بـکات. بـۆ کـورد دیموکراسـی تەنیا وشـەیەکی سـادە نییـە، بەڵکـو واقیعێکـە دەبێـت دادپـەروەری و ئـازادی مسـۆگەر بکات.

لەبەرئـەوەی کێشـەی کـورد تەنیـا پەیوەنـدی بـە باشـووری کوردسـتانەوە نییـە، بەڵکو بەرفـراوانترە، بۆیـە دەبێـت دیموکراتەکانـی عـەرەب و کـورد، تـورک و کـورد، فـارس و کـورد کار بـۆ دروسـتکردنی یەکێتـی بکـەن چ فیدڕالـی بێـت یـان کۆنفیدڕالـی. بـە تایبەتـی کـورد پەیوەندییەکـی مێژوویـی و زمانیـی لەگـەڵ فـارس هەیـە و دەتوانێـت ئاسـانکاری بـۆ ئـەو یەکێتـی و هاوپەیمانێتییـە بـکات(١).

کورد وەک چۆن دەتوانێت لەگەڵ گەلانی دراوسێ یەکبگرێ، هەمان مافی هەیە لە نێوان خۆشیاندا یەکبگرن. پێدەچێت شوێنی جوگرافیی و مێژووییان ببێتە پەیوەندییەک لەنێوان

(١) هەروەها سەیری بەشی ئەنجامی کتێبی دیکەی ئێمە بە ناوی "کوردستانی گەورە" بکە.

نەتەوەکانی تورک و فارس و عەرەب. بەم شێوەیە دەتوانرێت کۆنفیدڕالی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست ببێت کە دۆستایەتی، ڕێزگرتنی یەکتر و هاوکاری ئابووری مسۆگەر بکات، وەک بازاڕی هاوبەشی ڕۆژهەڵات. هەرچەندە، ئەمە پەیوەندی بە داهاتووەوە هەیە. بزووتنەوەی کوردی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمێکی شەڕانگێز و ڕق و کینە ڕەگی دانەکوتاوە، وەک ئەوەی لە ئەوروپا جەنگی لێکەوتەوە، ئێستا لە وڵاتانی سۆسیالیست و وڵاتانی ڕۆژئاوا مەحکوم دەکرێت. کورد دژی ئەم جۆرە ناسیۆنالیزم و ئەو ستەمانە دەجەنگێت کە لە ئەنجامی ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمە دێتە کایەوە. ئامانجی ئەم بزووتنەوەیە ئازادی و ڕزگاری کوردە، نەک هەر لەڕووی سیاسییەوە، بەڵکو لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیشەوە.

ئەگەر ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیل بەردەوام بێت، دەتوانرێت لە کۆنفیدڕالی گشتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چارەسەرێکی دادپەروەرانە بدۆزرێتەوە. ئەم چارەسەرە دەبێت ڕێز لە مافەکانی گەلی فەلەستین و ئیسرائیل و عەرەب بگرێت، ئەگەر عەرەب و جووەکان دان بە مافی یەکتردا بنێن، وەک نەتەوە ململانێکەش کۆتایی دێت.

ژیان بە ئاشتی لە نێوان زلهێزەکانی جیهاندا شتێکی باشە و گرنگە، بەوە دەتوانین خۆمان لە جەنگی سێیەمی جیهانی دوور بخەینەوە. هەروەها ڕێگەمان پێدەدات بۆ بەرژەوەندی هەمووان پێکەوە کار بکەین، بەڵام ئەگەر ئەم ئاشتییە تەنیا خزمەت بە نادادپەروەری بکات لە هەندێک ناوچەی جیهاندا، ئەوا دەبێتە کێشە. ئەو کەسانەی لە پێناو ئازادی خۆیاندا تێدەکۆشن وەک گەلی کورد، نایانەوێت ئەم ئاشتییە ڕێگری لە ئازادییان بکات، یەکێتی سۆڤیەت پشتگیری ئەو لایەنانە دەکات کە دەیانەوێت ئازاد بن، هەروەها ئەمریکاش پشتگیری لە بیرۆکەی ئازادی دەکات کە خەڵکێکی زۆر لە پێناویدا گیانیان لەدەستداوە. گەلی کوردیش بڕوای بەم بەهایانە هەیە و پێشکەوتنەکانی یەکێتی سۆڤیەت بەرز دەنرخێنن، هەروەها دەیەوێت پەیوەندییەکی باش لەگەڵ سۆڤیەت بهێڵێتەوە، بەتایبەتی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت بە شکۆمەندییەوە دەژین و بەباشی تێکەڵ بوونە. لەگەڵ ئەوەشدا، کورد دەیەوێت سەر پێی خۆی بمێنێتەوە و ئازادانە بژیت و سەربەخۆ بێت یان بە یەکسانی و سەروەری و شکۆمەندی لەگەڵ دراوسێکانیدا بگونجێت لەو خەباتەی دەیکات. کورد هیواداره ئاشتی نێوان زلهێزەکان یارمەتیان بدات بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری، نەک بەهێزکردنی ئەوانەی ڕێگریان لێدەکەن لە ئازادی.

## دەرەنجام

لە شاری لۆزان، ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠: لە ژمارەی ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ ڕۆژنامەی "ئەلسەوره عەرەبیە"ی عێراقی کە زمانحاڵی ڕژێمی بەعسە لە عێراق، وتارێکی گرنگی بڵاوکردووەتەوە. لەم وتارەدا؛ ڕۆژنامەکە دان بەوەدا دەنێت کە "پرسی کورد پرسی ئازادی نەتەوەییە"، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە؛ "بزووتنەوەی کوردی بزووتنەوەیەکی سروشتی و پێشکەوتنخوازە و پەیڕەوی ڕۆحی ئازادی سەردەمی ئێمە دەکات". لە کۆتاییدا ڕوونی دەکاتەوە: "گەلی کورد لەنێوان چەند وڵاتێکی دراوسێدا دابەش بووە وەک عێراق و ئێران و تورکیا و کوردیش وەک عەرەبەکان بەدەست ئەوەوە دەناڵێنێت کە خاکەکەیان لەنێوان چەند دەوڵەتێکدا دابەش کراوە".

هەرچەند ڕۆژێک لەمەوبەر، لە ٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ هەمان ڕۆژنامە وتارێکی بەڕێز عەبدولسەمەد خانەقای بڵاوکردەوە کە پارێزەرێکی چەپی توندڕەوی کوردە، لەم وتارەدا داوا دەکات بەرنامەی بەزاز لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ بەتەواوەتی هەڵبوەشێنرێتەوە و چیتر نەبێتە بنەمایەک بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، بەڵکو پێشنیازی ئەوە دەکات دان بە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بنرێت و لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، لەچەند هەفتەی ڕابردوودا میدیاکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی بەغدا، هێرشەکانیان بۆ سەر شۆڕشی کورد ڕاگرت. لە ڕۆژنامەکانی عێراقدا "شۆڕشی کورد چیتر وەک بزووتنەوەیەکی چەکداری لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە نیشان نادرێت". لەگەڵ ئەوەشدا، ژەنەڕاڵ بارزانیش چیتر "وەک سەرکردەیەکی دەرەبەگی دڵڕەق وەسف ناکرێت کە باکووری وڵات وێران دەکات".

بۆچی ئەم گۆڕانکارییە لە هەڵسوکەوتی حکومەت ڕوویدا؟ لە نێوان ئەیلوول و کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ و دواتر لە نێوان کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ و کانوونی دووەمی ١٩٧٠ لە کوردستان چی ڕوویدا؟

گرنگترین ڕووداوی ساڵ بەهێزبوونی کورد بوو لەڕووی سەربازییەوە. تۆپخانەکانیان بەتەواوی دەیانزانی و ئاگاداربوون سوپای عێراق چی ئامادە دەکات و توانیان لە مانگی ئەیلوولدا هێرشی دوژمن بوەستێنن. (بڕوانە "ئەمە ئەو زستانەیە کە کورد

خەونـی پێـوە دەبینێـت"، لـە گۆڤـاری هەفتانـەی لێکسـپرێس، پاریـس، ٥-١١ی کانوونـی دووەمـی ١٩٧٠، لەلایـەن پەیامنێرەکـەی جـەواد ئەلئەمیـر)، پێشـمەرگەیەکی کـورد بـە پەیامنێـری گۆڤـارە پاریسـییەکەی ڕاگەیانـدووە: "هێسترەکانمـان ڕۆڵێکـی گرنگیـان هەبـوو، وەک تەکسـیەکانی مـارن[1] وابـوون لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانـی. کاتێـک کـورد زانییـان ژەنـەڕاڵ حـەردان تەکریتـی عێراقـی پلانـی هێرشـی داڕشـتووە، هێستریـان بەکارهێنـا بـۆ گواسـتنەوە پێشـمەرگە و گەیاندنـی چەکەکانیـان بـۆ سـەر چیاکان و شـاردنەوەیان. کاتێـک سـوپای عێـراق گەیشـت کـوردەکان، تەقەیـان کـرد و کوشـتارێکی زۆر لـە ڕیزەکانـی سـوپای عێـراق کەوتـەوە، ئـەو دوو فیرقەیـەی کـە دژی ئێمـە جووڵەیـان کردبـوو، جێگـەی خۆیـان گرتبـوو، سـەربازەکانیان هەڵاتـن و زیندانـی و کەلوپەلـی سـەربازییان بەجێهێشـت کـە ئێمـە بەکاریـان دەهێنیـن".

بەیاننامەیـەك لـە ١٣ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٦٩ لـە ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتان پەخـش دەکرێـت، ڕایدەگەیەنێـت: لـە مـاوەی شـەش مانگـی ڕابـردوودا ١٥ فڕۆکـەی عێراقـی خراونەتـە خـوارەوە کـە دوایـن دوو فڕۆکـەی جەنگـی لـە جـۆری MIG-١٧ لـە ٢ و ١٢ ی کانوونـی یەکەمـدا تێکشـکێنران.

فڕۆکەوانـی یەکێـک لـەو فڕۆکانـە بەنـاوی نەقیـب حەمیـد ڕەشـید مووسـڵی کـە سـەر بـە فەوجـی چوارەمـی کەرکـووک بـوو، توانـی لـە فڕۆکـە سـوتاوەکەی بێتـە دەرەوە، لەلایــەن هێــزە کوردییەکانــەوە دەســتگیرکرا.( ئەرشــیف)

لەڕاسـتیدا لەهەمـوو بەرەکانـەوە؛ چ لـە دەڤـەری بادینـان و چ لـە ناوچـە جیاجیاکانـی سـۆران، چەنـد فیرقەیـەک لـە سـوپای ئاسـایی عێـراق و ئـەو بەکرێگیراوانـەی پشـتیوانییان لێدەکـردن لەلایـەن لیواکانـی لەشـکری شۆڕشـەوە تێکشـکێندراون. ئـەم هێـزە کوردیانـە

---

(١) دەسـتەواژەی "les taxis de la Marne" ئامـاژە بـە ڕووداوێکـی مێژوویـی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی دەکات لـە ئەیلوولـی ١٩١٤. لـەو کاتـەدا سـوپای فەرەنسا ناچار بـوو پێشـڕەوی ئەڵمانییـەکان بـەرەو پاریـس بوەسـتێنێت. لەبەرئـەوەی شـەمەندەفەرەکان دەروەسـت نەدەهاتـن، تاکسـی پاریـس داوایـان لێکـرا، تـا بـە خێرایـی سـەربازەکان بگوازنـەوە پێشـەوەی جەنگـی مـارن. ئـەم کـردارە ڕێگـەی بـە فەڕەنسـییەکان دا هێزەکانیـان بەهێـز بکـەن و جەنگەکـە لـە دژی ئەڵمانـەکان ببەنـەوە. لـەم چوارچێوەیـەدا، بەراوردکردنەکـە مانـای ئەوەیـە کـە هێسترەکان هەمـان ڕۆڵـی تاکسییەکانیان گێـڕاوە: ئـەوان بـۆ گواسـتنەوەی چـەک بـۆ چیـاکان بـۆ بەرگـری کـردن لـە خاکەکەیـان بەکارهـێنراون.

کە سەر بە سوپایەکی شۆڕشگێڕ بوون، زۆر ڕێکوپێک و دیسپلین و چەکی باشیان هەبوو، کە وای لێکردن ئەم سەرکەوتنانە بەدەستبهێنن.

وەک چاوەڕوان دەکرا، بەغدا جارێکی تر داوای ئاشتی دەکات. بەشێکی زۆری ڕای گشتی عێراقیش داوای چارەسەری ئاشتیانە دەکەن. هۆکارێکی تر کە لەوانەیە لەسەر ئەم گۆڕانکارییە کاریگەری هەبووبێت لە هەڵوێستی ڕژێمی سەربازی، بریتییە لە نیگەرانی سەبارەت بە ئێران. لە ڕاستیدا، ئێستا وادیارە ئێران پشتگیری شۆڕشی کورد دەکات، کە ئەمە بەغدا دەخاتە ژێر فشارەوە.

بەگوێرەی سەرچاوە نافەرمییەکان کە پێمان گەیشتووە، ڕژێمی بەعس شاندێکی بە پەلەی ناردووە بۆ کوردستان، بۆ دەستپێکردنی دانوستانە سەرەتاییەکان لەگەڵ ژەنەڕاڵ بارزانی و دەستەی کارگێڕی و ئەنجومەنی شۆڕش. ئەم شاندە لەلایەن بەڕێز عەزیز شەریف سەرۆکایەتی دەکرێت کە پارێزەری پێشوو لە بەغدا و پیاوێکی چەپ و سەرۆکی پێشووی پارتی گەل و براوەی خەڵاتی لینین بۆ ئاشتییە. لە عێراق و کوردستان ناسراوە و ڕێزی لێدەگیرێت. دانوستانەکان کە چاوەڕوان دەکرێت لە کانوونی دووەمی ١٩٧٠ ئەنجام بدرێن، ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١. وازهێنان لە "بەرنامەی بەزاز": ئەم پرۆگرامە کە پێشتر پێشنیازکرابوو، ڕەت دەکرێتەوە.

٢. داننان بە ئۆتۆنۆمی کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا.

٣. نەهێشتنی پێکهاتە بەکرێگیراوەکان کە بەغدا کۆمەکیان دەکات: پێویستە ئەو جاش و هێزە بەکرێگیراوانەی حکومەتی عێراق هەڵبوەشێنرێنەوە.

٤. ئازادکردنی دەستگیرکراوانی سیاسی: ئەو کەسانەی بە هۆکاری سیاسی زیندانی کراون دەبێت ئازاد بکرێن.

٥. دەبێت ئازادییە سیاسییەکان بگەڕێنەوە، کە ڕێگە بە بوونی پارتە سیاسییە ئازادەکان دەدەن.

٦. ڕادەستکردنی دەسەڵاتی ناوەندی بە حکومەتێکی هاوپەیمانی کە نوێنەرایەتی پارتە سیاسییە سەرەکییەکان بکات لەوانە پارتی دیموکراتی کوردستان و بەعس. ئەمەش دەبێت ببێتە هۆی کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆرییەتی سەربازی بەعس.

دامەزراندنـی بەڕێـز عەزیـز شـەریف وەک وەزیـری داد، بـە یەکـەم هەنـگاو بـۆ ئـەم گۆڕانکارییــە دادەنرێــت.

ئەنجامـی دانوسـتانەکان هێشـتا نادیـارە. چەنـد پرسـیارێکی گرنـگ بـێ وەڵام ماونەتەوە: ئایـا دانوسـتانەکان سـەردەکەون؟ ئایـا حکومەتێکـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتانی عێـراق دانی پێدادەنرێـت؟ ئایـا دیکتاتۆرییـەت لـە بەغـدا بـە گێڕانـەوەی ئازادییـە دیموکراتییـەکان و سیسـتمی پەرلەمانـی کۆتایـی دێـت؟ ئایـا حکومەتـی ناوەنـد پـاش نـۆ سـاڵ لـە جەنـگ و شکسـتەکان ڕێـز لـە بەڵێنەکانـی دەگرێـت و جێبەجێیـان دەکات؟ هێشـتا زۆر زووە وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە بدەینـەوە. شـتێک دڵنیـا دیـارە: دانوسـتانەکان ئەمجـارە قـورستر دەبـن، بـەڵام هیواداریـن جـدیتر بـن. هەرچەنـدە کێشـەی سـەرەکی لە پرسـی هێشـتنەوەی لەشـکری شـۆڕش دایـە کـە ژەنـەڕاڵ بارزانـی و سـەرکردەکانی کـورد گرنگییەکـی زۆری پێـدەدەن. خاڵێکـی تـری هەسـتیار بڕیاردانـە لەسـەر دابەشـکردنی داهاتـی نـەوت.

گـریمان کاتێـک ئاشـتی و ئارامـی دووبـارە باڵـی کێشـاوە بەسـەر وڵاتـدا و دان بـە ئۆتۆنۆمـی باشـووری کوردسـتانیش نـراوە، پرسـیارێکی گرنـگ دێتـە ئـاراوە:

ئایـا پێویسـتە گەلـی کـورد بەهـۆی پەیوەندیـی بـە گەلـی عێراقـەوە خەریکـی خەباتـی نەتـەوەی عـەرەب بێـت، تەنانـەت لـە دەرەوەی عێراقیـش؟ یـان سـەرەتا سـەرنجی لەسـەر ئاوەدانکردنـەوە و گەشـەپێدانی وڵاتەکـەی خـۆی بێـت؟

ئایا دەکرێت لەگەڵ بەعس لە عێراق باسی ئاشت بکرێ، لە کاتێکدا لقێکی تری هەمان حزب کە لایەنگری یەکڕیزی عەرەب دەکات و بەردەوامە لە چەوساندنەوەی کورد لە سوریا و پلانێکی داڕێژراو جێبەجێ دەکات کە ئەندامێکی حکومەت بڕیاری لێداوە؟

ئەگـەر باشـووری کوردسـتان ئۆتۆنۆمـی دانپێدانـراو بەدەسـت بهێنێت، ئایا ئەمە هەمان پـرس لـە بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان لە دەرەوەی سـنوورەکانی ئێسـتادا دروسـت ناکات؟

وەک هەمـوو کەسـێک، ئێمـەش ئاشـتیمان دەوێـت. هەرچەنـدە ئـەو ئۆتۆنۆمییـەی زوو یـان درەنـگ بـە گەلـی باشـووری کوردسـتان دەبەخشرێـت، کۆتایـی بـە پرسـی کـورد ناهێنێـت، بـە پێچەوانـەوە زینـدووی دەکاتـەوە و گفتوگـۆی نـوێ لـە سـەر مـاف و ئایندەی کوردسـتان بەگشـتی دەوروژێنێـت.

لۆزان ٢١ی شوباتی ١٩٧٠: لەدوای نووسینی ئەم چەندە دێڕەی سەرەوە. ژەنەڕاڵ حەردان تکریتی وەزیری بەرگری عێراق ڕایگەیاندووە: "دانوستانەکان کۆتاییان هاتووە و عێراق بە فەرمی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەناسێنێت". ئەم لێدوانە لە ٢٤ی کانوونی دووەمەوە لەلایەن میدیا نێودەوڵەتییەکانەوە بڵاوکرایەوە. دوابەدوای ئەوە، بەیاننامەیەکی ئەنجومەنی شۆڕشی عێراق لە ٢٥ی کانوونی دووەم دەرچوو، پشتڕاستی کردەوە کە بەغدا بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ (ناسراو بە "پلانی بەزاز") ڕازی بووە. سەرەڕای ئەوەش، "لێبوردنی گشتی" بۆ هەموو ئەو هاووڵاتی و سەربازانە ڕاگەیەنراوە کە لە شەڕەکانی باکووردا بەشدارن. بۆ زۆربەی چاودێرانی بیانی، ڕێککەوتنەکە ئەگەر بەڕاستی هەبێت، تەنیا کاتێک دروست دەبێت کە لە پراکتیکدا جێبەجێ بکرێت. ئەو ڕاستییەی بەغدا چیتر داوا لە کورد ناکات چەکەکانیان دابنێن، وەک لە بەیاننامەکەی عێراقدا ئاماژەی پێکراوە، ئەوە دەردەخات کە هێشتا بڕێک بێ متمانەیی ماوە. تەنانەت هەندێک پێیان وایە حکومەتی عێراق تەنیا هەوڵی بەدەستهێنانی کات دەدات. ئەو هەڵوێستەی ڕۆژنامەنووس کریستیان سولسەر لە سەروتارێکدا کە لە ٢٦ی کانوونی دووەم لە ڕۆژنامەی لۆزان بڵاوی کردووەتەوە، بە "پەلەپەلکردن" وەسفی کردووە.

لای خۆیەوە ڕۆژنامەی سۆڤیەتی پراڤدا لە وتارێکدا لە ٢٩ی کانوونی دووەم کە پەیامنێری ڕۆژنامەکە لە بەغدا، پریناکۆڤ جەختی لەسەر بەرەوپێشچوونی دانوستانەکان کردەوە و هیوای خواستووە، ئەم شەڕی براکوژییە کۆتایی پێبێت. شەڕەکە تا ئێستا گیان لەدەستدانی هەزاران کەسی لێکەوتووەتەوە و نزیکەی ٦٠٠ ملیۆن دینار (١.٥ ملیار دۆلار) خەرجی لەسەر حکومەتی عێراق کەوتووە. ڕۆژنامەکەی مۆسکۆ ئاماژە بەوە دەکات کە "یەکێتی سۆڤیەت هەمیشە لایەنگری چارەسەری ئاشتیانەی ئەم کێشەیە بووە" و جەخت لە "ساڵانی درێژی دۆستایەتیی ڕاستگۆیانە، کە سۆڤیەت لەگەڵ عەرەب و کورددا یەکدەخات، دەکاتەو ". ڕۆژنامەی تریبیون دو جنێڤ لە وتارێکی عەلی موستەوفی لە ٣٠ی کانوونی دووەم جەخت لەوە دەکاتەوە "ئەگەر هەر گەلێک شایەنی ئەوە بێت بە ئاشتی بژیێت، ئەگەر تەنیا بۆ سارێژکردنی ئازارەکانیشی بێت، ئەوە گەلی کوردە".

لە ١٧ی شوباتدا ڕۆژنامەی بەعسی ئەلسەورە ئەلعەرەبیە ڕایگەیاند: "كێشەی سەرەكی دانوستانەكان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە بەغدا نەیتوانیوە بە ڕوونی ئەو ناوچەیە دیاری بكات كە كورد دەیانەوێت حكومەتی خۆیانی تێدا دامەزرێنن، بەتایبەتی سەبارەت بە ناوچەی دەوڵەمەند بە نەوتی كەركووك". ڕۆژنامە عێراقییەكە تەنانەت داوا لە كوردەكان دەكات "ڕیزەكانیان لە جوداخوازان و كاربەدەستانی ئیمپڕیالیستی و دەرەبەگەكان پاك بكەنەوە".(بڕوانەڕۆژنامەی لو مۆند ١٩ی شوبات)، ئەمە بە ڕوونی نیشانی دەدات كە پرسی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەیە نەك تەنیا "پلانی بەزاز". ئایا نابێت ئۆتۆنۆمی پێناسەیەكی ڕوون بۆ خاكەكەی لەخۆ بگرێت؟ پێناچێت حكومەتی عێراق بیەوێت دان بە بوونی وڵاتێكدا بنێت بە ناوی "كوردستان" و بیرۆكەی گرتنەخۆی ئەو كێڵگە نەوتیانەی كە داهاتی لێوە وەردەگرێت ڕەت دەكاتەوە، كەواتە ئێمە لە كوێی كێشەكە داین؟

بەگوێرەی زانیارییەكانی سەرچاوەیەكی تایبەتی كوردی كە گەیشتووەتە دەستمان و ئێمە بە هەموو زەمانەتێكەوە دەیدەین، بەو پێیەی شۆڕشی كورد تا ئێستا بە فەرمی بێدەنگە، دانوستانەكان لە مانگی كانوونی دووەم لە بەغدا ئەنجامدراوە، پاش گفتوگۆی سەرەتایی لە بارەگای ژەنەڕاڵ بارزانی لە كوردستان. ئەم دانوستانانە لە ئێستادا لە بەغدا بەردەوامن، دوای وەستانێك. شاندێكی كوردی بە سەرۆكایەتی دكتۆر مەحمود عوسمان و نوری شاویس و ساڵحی و سامی و نافیز و دارا توفیق و ئیدریس بارزانی و شاندێكی عێراقی بە سەرۆكایەتی سەدام حوسێن بە بەشداری ژەنەڕاڵ حەردان تكریتی و عەبدولكەریم شێخلی وەزیری دەرەوە. سەرەڕای هەندێك گەشبینی لە هەردوولا، هێشتا دانوستانەكان لەسەر چەند خاڵێك دواكەوتوون، لەوانە:

١. سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی داواكراوی كورد، بەغدا ئەو بنەمایە قبوڵ دەكات، بەڵام دەیەوێت لانی كەم لە ماوەی ساڵێكدا ڕابگەیەنرێت.

٢. لەڕووی جوگرافییەوە بەغدا دەیەوێت ناوچەكانی بەرهەمهێنەری نەوت كەركووك و عەین-زالە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەربهێنرێن، بەڵام ڕازی دەبێت هەرێمی خانەقینی دەوڵەمەند بە نەوت بگرێتەوە.

٣. شۆڕشی كورد داوای هەڵوەشاندنەوەی "مەجلیسی قیادەی نیشتمانی شۆڕشی عێراق" دەكات و جێگرتنەوەی بە پەرلەمانێكی هەڵبژێردراوی ئازاد، هەروەها

داوای گێڕانــەوەی ئازادییــە دیموکراتییــەکان و بەیاســاییکردنی حزبــە سیاســییەکان دەکات. لەلایەکــی دیکــەوە، بەعــس ئێســتا هەڵبژاردنــی پەرلەمــان و بەیاســاییکردنی حزبــە سیاسییەکان ڕەتدەکاتــەوە، لــە جیاتــی ئــەوە پێشــنیازی فراوانکردنــی پێکهاتــەی ئەنجومەنەکــە و گۆڕینــی نــاوی بــۆ "ئەنجومەنــی یاســادانانی عێــراق" دەکات.

٤. کــورد داوای فراوانکردنــی حکومــەت و پێدانــی پۆســتی جێگــری ســەرۆک کۆمــار بــە کوردێــک دەکات، ئــەم پرســە هێشــتا گفتوگــۆی لەبــارەوە دەکــرێ.

٥. شۆڕشــی کــورد داوا لــە بەغــدا دەکات گروپــە بەکرێگیــراوەکان بەنــاوی "ســوارچاکی ســەلاحەددین" و هێزەکانــی گروپــی جیابــووەوەی "ئەلنــوور" هەڵبوەشــێنێتەوە. هێشــتا ئــەم پرســە یەکلایــی نەکراوەتــەوە، بــەڵام ئاگربەســتێکی کاتــی لەنێــوان لەشــکری شۆڕشی کوردســتان و ســوپای عێــراق و "جاشــە " هاوپەیمانەکانــی هەیــە. دەوترێــت تاڵەبانــی لــە پایتەخــت دەرکــراوە و ئێســتا لــە بەســرە دەژییێــت.

٦. شۆڕشــی کورد ڕێگەی نەدا یەکەکانی ســوپای عێراق بچنە ناو پێنجوێن کە شــارۆچکەیەکە نزیکە لە سنووری ئێران و لەلایەن لەشکری شۆڕشــی کوردستانەوە کۆنترۆڵ کراوە.

٧. هەروەهــا بەغــدا داوای لــە کــوردەکان کــردووە یەکــەی تایبەتــی پێشــمەرگە بنێــرن بــۆ پاڵپشــتیکردنی ســوپای عێراقــی کــە لــە ئــوردن لــە نزیــک ســنووری ئیســرائیــل جێگیــرە. بەگوێــرەی ڕاپۆرتــەکان، کــوردەکان ئــەم داوایەیــان ڕەتکردووەتــەوە و ڕوونیــان کردووەتــەوە، لەشــکری شۆڕشــی کوردســتان بەرپرســە لــە چاودێریکردنــی ســنوورەکان، ئەمــەش بــۆی دەبێتــە بارگرانــی.

ئــەوەی جێــی ســەرنجە کاتێــک دانوســتانەکان لــە بەغــدا بەڕێوەدەچــوون، ژەنــەڕاڵ عەمــاش وەزیــری ناوخــۆی عێــراق چــوو بــۆ ئەنقــەرە. بــە فەرمــی هەوڵــی بەدەســتهێنانی ناوبژیوانــی تورکیــا دەدا لــە ململانێــی نێــوان تــاران و بەغــدادا. پەیوەندییەکانــی نێــوان ئێــران و عێــراق لــەم چەنــد مانگــەی دواییــدا زۆر خــراپ بــووە. تــاران بەغــدا بــەوە تۆمەتبــار دەکات، پشــتگیری لــە چالاکیەکانــی ژەنــەڕاڵ بەختیــار ســەرۆکی پێشــووی دەزگای ئاسایشــی ئێــران دەکات کــە ئێســتا دژایەتــی حکومەتــی ڕژێمــی شــا دەکات. ئــەم ناکۆکییــە لیســتی گرژییەکانــی نێــوان هــەردوو وڵات زیــاد دەکات. ڕۆژنامــەی تورکــی "جمهوریــەت" لــە ژمــارەی ٥ ی شــوباتیدا باســی ئــەم بابەتــە دەکات:

"مەبەسـتی ڕاسـتەقینەی سـەردانەکەی وەزیـری ناوخـۆی عێـراق بـۆ ئەنقـەرە کـە لەلایـەن سـەرۆك کۆمـار و سـەرۆك وەزیـران و وەزیـری دەرەوە پێشـوازی لێکـرا، تەنیـا هەوڵدانـی ناوبژیوانـی ململانێـی نێـوان ئێـران و عێـراق نەبـووە، بەڵکـو ئامانجـی سـەرەکی بەدەسـتهێنانی پشـتیوانی و هـاوکاری تورکیـا بـوو لـە جەنـگ و ململانێـی نـۆ سـاڵەی حکومەتـی عێـراق دژی ئۆتۆنۆمیخوازەکانـی کـورد".

ڕۆژنامە تورکییەکە بەردەوام دەبێت و زیاتر ڕوونی دەکاتەوە:

"ناوبژیوانیـی تورکیـا لـە نێـوان ئێـران و عێراقـدا تەنیـا بەهانەیـەک بـوو. ئامانجـی ڕاسـتەقینەی سـەردانەکە، شـاردنەوەی نیگەرانـی ڕاسـتەقینەی حکومەتـی تورکیـا و عێـراق بـوو، کـە ئەویـش پرسـی کـورد بـوو".

"سـەرۆك وەزیرانـی تورکیـا دەمیرێـل نیگەرانـی حکومەتەکـەی بـۆ هاوتـا عێراقییەکـەی دەربـڕی لـە ئەگـەری پێدانـی ئۆتۆنۆمییەکـی فـراوان بـە کوردسـتانی عێراق".

"وەزیـرە عێراقییەکـە جەختـی لەسـەر گرنگـی و پێویسـتی هەماهەنگـی بەهێـزی نێـوان تورکیـا و ئێـران و عێـراق کـردەوە بـۆ کۆتاییهێنـان بـە بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد، چونکـە نەهێـشتن و لەناوبردنـی ئـەم بزووتنەوەیـە، خزمـەت بـە بەرژەوەندییەکانـی سـێ وڵاتـی ناوبـراو دەکات".

(بڕوانـە ڕۆژنامـە تورکییەکانـی جمهوریـەت، یەنـی سـەباح، یەنـی ئەسـتەنبوڵ و گۆڤـاری دێـرم، لـە ٤ و ٥ و ٦ی شـوباتی ١٩٧٠).

دووڕوویـی عێـراق: عێـراق بـە ئاشـکرا هەوڵـی دامەزراندنـەوەی هاوپەیمانێتییەکـی هەرێمـی هاوشـێوەی پەیمانـی بەغـدای کـۆن دەدات بـۆ یەکخسـتنی تورکیـا و ئێـران و عێـراق لـە دژی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـورد، بـەڵام تورکیـا تـا چەنـد ئامادەیـە لـەم پڕۆژەیـەدا شـوێن ژەنەڕاڵـە بەعسییەکانی عێـراق بکەوێـت؟ سـەبارەت بـە حکومەتـی شـای ئێـران، ڕۆژێـک لـە تـاران لـە ئاسـتێکی زۆر بـاڵا دڵنیـا کرابووینـەوە کـە حکومـەت، حکومەتـی هەمـوو ئێرانییەکانـە و نوێنەرایەتـی هەمـوو ئێرانییـەکان دەکات، بە گەلـی کوردیشـەوە، ئایا ڕازی دەبێـت بەشـداری لـەم دەستپێشـخەرییەدا بـکات؟ دوایین زانیارییـەکان لـە تورکیـاوە وەڵامـی پرسـیاری یەکەمیـان دەداتـەوە: پـاش سـەردانەکەی

ژەنـەڕاڵ عەمـاش بـۆ ئەنقـەرە، سـکرتێری گشـتیی وەزارەتـی دەرەوەی تورکیـا بـەرەو تـاران ڕۆیشـت، بـەڵام میدیاکانـی تورکیـا بڵاویـان کردووەتـەوە کـە پێشـوازیکردنەکەی لـە پایتەختـی ئێـران "ساردوسـڕترین پێشـوازی" بـوو.

ئەگـەر ڕۆژێـک لـە ڕۆژان بـۆ سـەرکوتکردنی شۆڕشـی کـورد لـە کوردسـتانی عێـراق، حکوومەتـی تـورک لەگـەڵ حکومەتـی بەغـدا یەکبگرێـت، بـە دڵنیاییـەوە گەلـی کـورد لەتورکیـا بـێ کاردانـەوە نامێنێتـەوە، سـەرەڕای ئـەوەش، بەشـێکی زۆری خەڵکـی تورکیـا ڕەتـی دەکەنـەوە بەشـداری لـەو سـەرکوتکردنە بکـەن. کـەی چارەسـەری دادپەروەرانـە لەسـەر بنەمـای ئاشـتی و بەهاکانـی سـەردەمی ئێمـە دێـت؟ لـە جیاتـی ئـەوەی هـەوڵ بـدەن کوردسـتان تێکبشـکێنن و وێرانـکاری لـە ناوچەکـەدا بکـەن، پێویسـتە ئـەم حکومەتـە بەرژەوەندخوازانـە تەکـەز لەسـەر بەرەنگاربوونـەوەی دواکەوتـن و دابینکردنـی دادپـەروەری بـۆ ئـەو گەلانـە بکـەن کـە لـە ژێـر فەرمانڕەواییـان دان، گەلـی کوردیـش کـە ماوەیەکـی زۆرە ئـازاری چەوسـانەوەی چەشـتووە، شـایەنی مافەکانـی خۆیەتـی.

لـۆزان ١٣ ئـازاری ١٩٧٠: دکتـۆر مەحمـود عـوسمان لـە نامەکەیـدا لـە ١ی ئـاداردا جەختـی لـەوە کردووەتـەوە کـە دانوسـتان لەگـەڵ حزبـی بەعـس ڕووبـەڕووی چەندیـن ئاسـتەنگ دەبێتـەوە؛ گرنگترینیـان خواسـتی بەغدایـە بـۆ دابڕانـی ناوچـە نەوتییەکانـی وەک کەرکـووک لـە خاکـی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان کـە "گەلـی کـورد قبوڵـی نـاکات". لەگـەڵ ئەوەشـدا ئامـاژەی بـەوەداوە، گفتوگـۆکان تێـک نەچـوون و نەوەسـتاون. لـە ١١ی ئـادار ژەنـەراڵ ئەل-بەکـر سـەرۆک کۆمـار بـە فەرمـی لـە تەلەفزیۆنـی عێراقـی ڕایگەیانـد؛ ڕێککەوتنێکـی ١٥ خاڵـی لەگـەڵ نوێنەرانـی شۆڕشـی کـورد ئەنجامـدراوە. ئـەم ڕێککەوتننامەیـە بەتایبەتـی ئەمانـە دابیـن دەکات: دامەزراندنـی حکومەتێکـی ئۆتۆنۆمـی کـوردی لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا و پێدانـی جێگـری سـەرۆک کۆمـار بـە کـورد. کـورد بەپێـی قەبـارەی ژمـارەی خۆیـان بەشـداری حکومەتـی ناوەنـد و ئەنجومەنـی شۆڕشـی عێـراق دەکـەن، تـا هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی یاسـادانانێکی تـر، زمانـی کـوردی وەك دووەم زمانـی فەرمیـی عێـراق دەناسرێـت. وادیـارە کـورد دڵنیایـی وەرگرتـووە بـۆ گرتنەخـۆی کەرکـووك لـە ئۆتۆنۆمـی کوردسـتاندا، هەرچەنـدە پرسـی نـەوت لـە ژێـر کۆنترۆڵـی حکومەتـی ناوەندیـدا دەمایـەوە. شۆڕشـی کـورد کـە زۆر پەیوەسـتی لەشـکری

شۆڕشـە، ئـەم لەشـکرە وەکـو خـۆی بـەردەوام دەبێـت تـا ڕێککەوتنێکـی نـوێ لەسـەر ئـەم بابەتـە دەکرێـت. ژەنـەڕاڵ بارزانـی لـە بروسـکەیەکدا کـە لـە تەلەفزیـۆن خوێندرایـەوە، ڕێککەوتنەکـەی پەسـەند کـرد و دواتـر دیمەنـی ئاهەنـگ و لـە باوەشـگرتنی نێـوان ئـەل-بەکـر و دکتـۆر مەحمـود عـوسمان و ئیدریـس بارزانـی بڵاوکرایـەوە. (سـەرچاوە: ڕۆژنامـەی لـو مۆنـدی فەڕەنسـی، ١٣ی ئـادار).

# پاشکۆکان

**پاشکۆی یەکەم**

پەیماننامەی سیڤەر (١٠ی ئابی ١٩٢٠)

بەشی سێیەم: کوردستان

مادەی ٦٢: "ناردنی کۆمسیۆنێک کە لە نوێنەرانی هەر سێ دەوڵەتی بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتاڵیا پێکهاتووە بۆ ئەستانبۆڵ، لە ماوەی شەش مانگدا لە ڕێکەوتی واژۆکردنی ئەم پەیمانەوە، ئەرکی سەرەکییان دیاریکردنی سنوورەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکە سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی هەرێمی بۆ ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانی کوردن و دەکەوێتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی فورات و باشووری سنووری ئەرمینیا (کە دەکرێ دواتر دیاری بکرێت) و باکووری ناوچە سنوورەکانی تورکیا لەگەڵ سوریا و میزۆپۆتامیا".

مادەی ٦٣: "حکومەتی عوسمانی بەڵێن دەدات لەمەودوا بڕیارەکانی کۆمیسیۆنەکە قبوڵ بکات و جێبەجێی بکات کە لە ماددەی ٦٢ دا هاتووە، لە ماوەی سێ مانگ لە ئاگادارکردنەوەکەی بۆی نێردراوە".

مادەی ٦٤: "ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا؛ لە ڕێکەوتی واژۆکردنی ئەم پەیمانەیە، زۆرینەی دانیشتوانی کورد لەو ناوچانەی لە ماددەی ٦٢دا دیاریکراون، داوا پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان بکەن، بڵێ زۆربەی خەڵکی ناو ئەم ناوچانە، ئارەزوودەکەن لە تورکیا جیاببنەوە و ئەگەر کۆمەڵەی ناوبراویش لەو بڕوایەدابێ کە ئەم گەلە دەتوانێ سەربەخۆیی خۆی بەڕێوەببات و پێشنیازی پێدانی سەربەخۆیی بە گەلی کورد بکات، ئەوکاتە تورکیا لەسەریەتی ئەمە قبوڵ بکات و دەست لە هەموو مافێکی خۆی لەو ناوچانە هەڵبگرێت".

وردەکارییەکانی ئەم دەست هەڵگرتنەش دەبنە بابەتی ڕێککەوتنێکی تایبەتی لە نێوان هاوپەیمانان و تورکیا.

ئەگەر ئەم دەستهەڵگرتنەی تورکیا لە مافەکانی ڕوودات و جیابوونەوەیەکی لەم جۆرە سەربگرێت، دەوڵەتانی هاوپەیمان هیچ چەشنە کەند و کۆسپێک ناخەنە بەردەم مەیلی کوردی نیشتەجێی ئەو بەشەی خاکی کوردستان کە تا ئەمڕۆ لە ویلایەتی مووسڵ دان ، ئەگەر خوازیاری ئەوەبوون لەگەڵ حکومەتە سەربەخۆکەی کورد یەکبگرن".

## پاشكۆی دووەم

بەڵگەنامەكانی بەریتانیا لەسەر كوردستان (١٩١٩)

وەک لە بەشی یەکەمدا ڕوونکراوەتەوە، رائید نۆئێل لە ساڵی ١٩١٩ لە قوستەنتینییە جێگیر بوو، یەکێک بوو لەو ئەفسەرە سیاسییە کەمانەی بەریتانیا کە پشتگیری لە سەربەخۆیی کورد کرد و دژی خستنە ناوەوەی باشووری کوردستان بوو لە سنووری عێراق. هەرچەندە بۆچوونەکانی لەلایەن حکومەتی بەریتانیا لە لەندەن قبوڵ نەکرا. ئەمانە چەند بروسکەیەکی نهێنین کە لە نێوان بەرپرسانی بەریتانیا لەو کاتەدا ئاڵوگۆڕ کراون (کتێبخانەی مۆزەخانەی بەریتانیا، بەڵگەنامەکانی کوردستان):

بروسکەیP

لە: ڕائید نۆێل، قوستەنتینیە

بۆ: سیاسییەکان، بەغدا

كۆپییەك بۆ: كۆمیسیۆنی باڵا، قوستەنتینییە

ژمارە ١٠١، بەرواری ١٠ تەمووزی ١٩١٩، وەرگیراوە لە ١١ ی تەمووزی ١٩١٩:

"ئەوەی دەزانم کە کورد و تورک زۆر جیاوازن و زەحمەتە پێکەوە کۆیان بکەینەوە. من پێموایە تاکە چارەسەر ئەوەیە کە ئەو کارە بکرێت کە لە سمیرنا[1] ڕوویدا، واتە دەوڵەتێکی ئەرمەنی دروست بکرێت کە ئەو ناوچانە لەخۆ بگرێت کە کوردەکان تێیدا زۆرینە بن.

من پێموایە کورد بەراستی بەریتانیایان خۆشدەوێت و پشتیوانی دەکەن، بەڵام دڵنیا نییم کە ئەوان ڕازی بن بە یەکگرتنەوە لە عێراق، بە تایبەت لە ناوچە

(١) سمیرنا(ئیزمیری ئێستا، تورکیا) شارێک بوو کە کۆمەڵگەی جیاواز تێیدا دەژیان، لەوانە یۆنانی، ئەرمەنی، جوولەکە و تورک. لە ساڵی ١٩٢٢ پاش جەنگی نێوان یۆنان و تورکیا، شارەکە لەلایەن هێزەکانی تورکەوە بە سەرکردایەتی مستەفا کەمال (ئەتاتۆرک) داگیرکرایەوە. ئەمە بووە هۆی توندوتیژی، ئاگرێک کە زۆربەی شارەکەی وێران کرد و دەرکردن یان کوشتاری زۆرێک لە مەسیحییە یۆنانی و ئەرمەنییەکانی لێکەوتەوە. "سیاسەتی سمیرنا" ئاماژە بە بیرۆکەی ڕێکخستنەوەی ناوچەکان دەکات لە ڕێگەی دروستکردنی دەوڵەتی نوێ، دەرکردنی دانیشتوان یان دووبارە کێشانەوەی سنوورەکان، وەک ئەوەی لە سمیرنا لەگەڵ کۆتاییهاتنی بوونی یۆنان و ئەرمەنەکان ئەنجامدرا. لێرەدا، نووسەر چارەسەرێکی هاوشێوە پێشنیاز دەکات: دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی کە ناوچە کوردنشینەکان لەخۆبگرێت.

کوردییەکانــی وەک ئاکــرێ و ســلێمانی.

کــورد هــەوڵ دەدەن، نیشــانی بــدەن کــە دۆســتی مەســیحییەکانن بەتایبەتــی لەگــەڵ نێســتۆرییەکان. ســەرکردە مەســیحییەکانی دیاربەکر کە چاوم پێان کەوتووە ئەمە پشتڕاســت دەکەنــەوە (...). تورکــەکان دەیانەوێــت کــورد بکەنــە عوسمانــی، بۆیــە پێیوایــە دابڕانی نێوان کــورد و تــورک ناتوانێ لەناو بچێت. پێشتر قســە لەســەر بوونی هەرێمێکــی کوردی ئۆتۆنۆمی لەژێــر کۆنترۆڵــی تورکیــادا دەکــرا، بەڵام ئێســتا وانییە. ئێســتا تورکەکان سیاســەتێکی ئیسلامی پەیــڕەو دەکــەن و چیتر ناڵێــن کــورد، بەڵکــو دەڵێن ئــەوان تەنیا موســڵمانن (...)".

بروسکەی X Clear line

لە: فەرمانگەی کاروباری دەرەوە بۆ هیندستان، لەندەن

بۆ: سیاسیەکان ،بەغدا

ژمارەی وشەکان: ٤٣٢

بەروار: ناردن لە ٢٢ تشرینی دووەمی ١٩١٩ وەرگرتن لە ٢٣ ی تشرینی دووەم ١٩١٩:

لێــرەدا پرســی سیاســەتی ئێمــە بەرامبــەر بــە هەمــوو کوردســتان تاوتــوێ کــراوە و پێدەچێــت بۆچوونــی حکومەتــی خــاوەن شــکۆ بــەو ئاراســتەیەدا بــڕوات کــە مــن ئێســتا باســی دەکــەم ئێمــە لــە بنەمــا جێگیرەکانــەوە دەســت پێدەکەیــن:

١. لەبەر هۆکاری سەربازی و سیاسی، باشتر وایە سنووری میزۆپۆتامیا کورت بکرێتەوە.

٢. ئێمــە ناتوانیــن پێشــبینی کــردەوەی ســەربازی بکەیــن لەســەر ســنوور یــان دەرەوەی ئــەم ســنوورە.

٣. حکوومەتــی خــاوەن شــکۆ بــە هیــچ شــێوەیەک دەســەڵات یــان ماندێــت بەســەر کوردســتاندا وەرناگرێــت.

٤. ئەگــەر هــەر هێزێــك یــان وڵاتێك دەســەڵات بەســەر ئەرمەنســتاندا بگرێت، ســنوورەکەی ناتوانــێ تــا میزۆپۆتامیــا درێــژ ببێتەوە.

٥. ڕێگە بە گەڕانەوەی سەروەری تورکیا بەسەر کوردستاندا نادرێت.

لەســەر بنەمــای ئــەم پرەنســیپانە، پێدەچێــت کوردســتان بــەم شــێوەیە بــۆ خــۆی

بەجێبهێڵرێـت، کەواتـە پرسـیاری سیاسـی ئەوەیـە کـە چـۆن دەتوانرێـت ئەمـە ئەنجـام بدرێـت، لـە کاتێکدا ئاشـتی و ئاسـایش لەسـەر سـنووری میزۆپۆتامیـا دەپارێزرێـت. نۆئێـل ئامـۆژگاریمان دەکات کـە دەبێـت سـێ مەرجـی سـەرەکی جێبەجـێ بکرێـت:

١. نابێت تورکیا دەسەڵاتی بەسەر کوردستاندا هەبێت.

٢. نابێت کوردستان دابەش بکرێت.

٣. ئەمـەش مانـای ئەوەیـە کـە سـنووری نێـوان کوردسـتان و ناوچـە دراوسـێکان بـە شـێوەیەک بکێشرێـت کـە ئـەو ناوچانـە جیـا بکرێنـەوە کـە زۆرینـەی کـورد تێیـدا دەژیـن و ئـەو ناوچانـەی عـەرەب تێیـدا دەژیـن. مەبەسـتەکە ئەوەیـە، تـا لەتونـادا بـێ هـەر گروپێـک، بەپێـی ڕەچەڵەکـی نـەژادی، بـە تەنیـا بژیێـت.

ئامـۆژگاری نۆئێـل ئەوەیـە، ئەگـەر کـورد سەرپشـك بکرێـت، ئـەوا بـە تونـدی لایەنگـری بەریتانیـا دەکـەن و پێویسـتیان بـە یارمەتـی ئێمـە نابێـت بـۆ ڕێگرتـن لـە گەڕانـەوەی تورکـەکان. هەروەهـا پێیوایـە ئەگـەر وڵات دابـەش بکرێـت بـە لکاندنـی دەوڵەمەندتریـن ناوچەکانـی وەک باشـووری کوردسـتان بـە میزۆپۆتامیـاوە، ئـەوا کاریگـەری تورکیـا دەگەڕێتـەوە و سـنوورەکانمان دەخاتـە مەترسـییەوە، ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر ڕێـگای فارسـیش دەبێـت، بۆیـە پێشـنیازی ئـەوە دەکات کـە سـنوور بکێشـین بـۆ ئـەوەی کەرکووک و ئاڵتـون کۆپـرێ لـەلای خۆمـان بەجێبهێڵیـن و بـەدوای گردەکانـدا بڕۆیـن بـۆ دیجلـە لـە نزیـک مووسـڵ و جەزیـرە کـوڕی عومـەر بـۆ کـوردەکان بەجێبهێڵیـن. سـەبارەت بـە خـودی کوردسـتان، پێشـنیاز دەکرێـت کـە پـەرە بـە دروسـتکردنی فیدراسـیۆنی دەوڵەتـی ئۆتۆنۆمـی بدرێـت وەک لەگـەڵ ئێـوە گفتوگـۆی لەسـەر کـراوە. ئـەم ویلایەتانـە دەیانتوانـی گفتوگـۆ لەگـەڵ یـەکتر بکـەن، بـەڵام کێشـە لەسـەر سـنووری میزۆپۆتامیـا دروسـت ناکـەن (...). ناوچـەی سـلێمانی بـە گرنگـی ئابـووری و ستراتیـژی و پەیوەندییـە ئیدارییەکانـی لەگـەڵ بەغـدا نـاسراوە. هەرچەنـدە بـڕوا وایـە ئەگـەر سـەربەخۆیی سیاسـی کوردسـتان بەگشـتی دانـی پێـدا بنرێـت، دەتوانیـن لەڕێگـەی ڕێککەوتنـی دۆسـتانە لەگـەڵ سـەرکردە و شـێخە ناوخۆییەکانـدا هەرچـی بمانەوێـت بەدەسـتیبێنین (...).

**پاشکۆی سێیەم**

پڕۆگرامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق و دەسـتکاریکردنەکەی کۆنگـرەی حەوتەمـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە مانگـی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٦، گەڵاڵـە.

**مادەی (١)** ناوی حزب- پارتی دیموکراتی کوردستان.

**مـادەی (٢)** پارتـیمان، پارتێـکی دیموکراتـی شۆڕشـگێڕی پێشـڕەوە و نوێنەرایەتـی بەرژەوەنـدی کرێـکار و جووتیار و خاوەنکار و ڕۆشـنبیرانی شۆڕشـگێڕ دەکات لە کوردسـتان.

**مـادەی (٣)** لـە پێنـاو ڕزگاربـوون و دەسـتەبەرکردنی حوکمـی زاتی(ئۆتۆنۆمـی) بـۆ کوردسـتانی عێـراق لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا، تێدەکۆشـین.

**مـادەی (٤)** لـە حاڵەتـی یەکگرتنـی کۆمـاری عێـراق و هـەر وڵاتێـکی دیکـەی عەرەبـی، گەلـی کـورد خـۆی بڕیـار لـە چارەنووسـی خـۆی دەدات.

**مـادەی (٥)** لـە خەباتی سیاسـی و شـیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکانیدا حزب سـوود لە تیۆری زانسـتی پێشـکەوتنخواز وەردەگرێـت کە لەگەڵ واقیعی گەلـی کوردماندا دەگونجێت.

**مـادەی (٦)** خەبـات دەکەیـن لـە پێنـاو حوکمێـکی دیموکراسـی پەرلەمانـی بـۆ عێـراق، لەسـەر بنەمـای داننـان بـە ئۆتۆنۆمـی کوردسـتانی عێـراق و ئـازادی ئایینـی و بۆچـوون و بیروبـاوەڕ و ڕۆژنامەگـەری و بڵاوکـراوە و ڕێکخسـتنی سـەندیکایی و حزبـی بـۆ تـەواوی هاووڵاتیـان.

**مادەی (٧)**

أ. خەبـات دەکەیـن بـۆ پتەوکردنـی پەیوەنـدی برایانـەی نێـوان هـەردوو گەلـی بـرا ( عـەرەب و کـورد).

ب. لەسـەر ئاسـتی کۆمـاری عێراقیـش، خەبـات دەکەیـن لـە پێنـاو پاڵپشـتی برایەتـی (عـەرەب – کـورد) و یەکێتیـی نیشـتیمانی لـە عێـراق.

ج. خەبـات دەکەیـن بـۆ پشـتگیریکردن و پەیوەنـدی دۆسـتایەتی گەلـی کوردمـان و هەمـوو گەلانـی جیهـان.

د. داننان بە مافی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دانیشتووی کوردستان

**مادەی (٨)**

أ. خەبات دەكەین لە پێناو پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا و كەمكردنەوەی تەنگژە نێودەوڵەتییەكان و پابەندبوون بە پەیماننامەی نەتەوە یەكگرتووەكان و بڕیارەكانی كۆنگرەی باندونغ و بنەماكانی پێكەوەژیانی ئاشتییانە و چارەسەركردنی كێشە نێودەوڵەتییەكان بە ڕێگای دانوستاندن و قەدەغەكردنی چەكی ناوەكی و بەرگرتن لە تاقیكردنەوەی.

ب. بەردەوام بوون لە پەیڕەوكردنی سیاسەتی نیشتیمانی دژە ئیمپریالیزم، بەو پێیەی هەڕەشەیە بۆ سەر خەڵک و پتەوكردنی دۆستایەتی لەگەڵ هەموو گەلانی جیهان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و پشتیوانیكردن لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەكانی گەلان كە خەبات بۆ سەربەخۆیی و دیاركردنی چارەنووسیان دەكەن.

**مادەی (٩)** پتەوكردنی دۆستایەتی و هەماهەنگی نێوان پارتیمان و پارت و ڕێكخراوە عێراقییەكانی دیكە كە باوەڕیان بە ڕەوایی پرسی كورد هەیە، هەروەها پشتگیری و پشتیوانیی خەباتی برایانەی نێوان پارت و ڕێكخراوە دیموكراتییەكانمان لە پارچەكانی تری كوردستان دەكەین، لەگەڵ پتەوكردنی دۆستایەتی لەگەڵ پارت و ڕێكخراوە دیموكراتییەكانی دیكە لە هەموو جیهان.

**مادەی (١٠)** خەبات دەكەین بۆ پێشخستنی ئابووریی نیشتمانیمان و بەرزكردنەوەی ئاستی بژێویی خەڵک لەهەموو ڕوویێكەوە، بە جێبەجێكردنی بنەماكانی پلانی ئابووری و ڕاگەیاندنی پڕۆژەی كورتخایەن و درێژخایەن و ئامادەكردنی كادیری كارگێڕی و تەكنیكی پێویست بۆی.

**مادەی (١١)** پارتیمان پێیوایە، پیشەسازییە قورسەكان سەرەكیترین كۆڵەگەی سەربەخۆیی ئابووری و سیاسین، بۆیە كاردەكەین بۆ بنیاتنان و گەشەپێدانی وڵات لە ڕێی پیشەسازی قورس و سوک، لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی ئاماری سامانی كانزایی و بایەخدان بە پیشەسازی نەوت و گۆگرد و بەرەوپێشبردن و ڕووناككردنەوەی وڵات و گرتنەبەری ئەوەی پێویستە بۆ گەشەكردنی پیشەسازیی نیشتیمانی و پاراستنی لە كێبڕكێی كاڵای دەرەكی و هاندانی وەبەرهێنانی سەرمایەی نیشتیمانی لە پیشەسازیدا، بە لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی بەكاربەر و پێشكەوتنی پیشەسازییە نیشتیمانییەكانمان و هاندانی پیشەسازییەكانی وەک شەكر، كاغەز، شیر، چەرم، قوتوبەندی، چیمەنتۆ،

جگەرە و ئەوانی تر، نەهێشتنی باج لەسەر هاوردەکردنی ئامێر و کارگە بۆ پاڵپشتی لە پیشەسازییە نیشتمانییەکانمان.

**مادەی (١٢)** خەبات دەکەین لە پێناو ڕیشەکێشکردنی بێکاری و دەرکردنی یاسای پێشکەوتوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کرێکاران و کارمەندان، بە دیاریکردنی ئاستێك بۆدەستهەق بە شێوەیەک کە کرێکار و خێزانەکەی ژیانێکی شایستەیان هەبێت و کاتژمێرەکانی کارکردن دیاربکرێن و ڕێگری بکرێت لە کارکردنی نەوجەوانان، هەروەها یاسا پێشکەوتووی پێویست بۆ خانەنشینان و بیمەی گشتگیر دەربکرێت، ئازادی سەندیکایی مسۆگەربکرێت کە بەشێوەیەك بێت بەرژەوەندی کرێکار و بەکارهێنەرەکان بپارێزێت، ناردنی کرێکاران بۆ دەرەوەی وڵات و زیادکردنی قوتابخانە پیشەسازییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هونەریی کرێکاران.

**مادەی (١٣)** خەبات دەکەین بۆ زیادکردنی داهاتی نەوتی عێراق و تەرخانکردنی بەشێکی ئەو داهاتە بۆ خەرجیی پڕۆژەکانی بیناسازی و پیشەسازی و کشتوکاڵ لە کوردستان بەپێی ڕێژەی دانیشتوان، هەروەها بۆ هەوڵدان لە پێناو دڵنیابوون لە چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان و ڕەوتی بەرهەمهێنان و نرخەکانی و و جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٨٠)ی ساڵی ١٩٦١ و پاڵپشتیکردنی کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی و کارکردن بۆ ڕێگرتن لە دەستتێوەردانی کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت لە کاروباری ناوخۆی عێراق و دامەزراندنی پیشەسازیی پێکهاتەکانی نەوت لەلایەن حکوومەتەوە لەو شوێنانەی کە نەوتیان لێ دەردەهێنرێت، بەشێوەیەك کە گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی ناوچەکە و، ئامادەکردنی کادیری کارگێڕی و هونەری بۆ مسۆگەرکردن و خۆماڵیکردنی نەوت لە داهاتوودا.

**مادەی (١٤)** لەگەڵ ئەوەی کێشەی زەویوزار لە کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام ئەمە لە یاسای چاکسازیی زەویدا لەبەرچاونەگیراوە، بۆیە ئێمە خەبات دەکەین بۆ هەموارکردنەوەی بە شێوەیەک کە هەموو جووتیارانی کورد لایەنی کەم پارچەیەک زەوییان دەستبکەوێت، هەروەها ڕیشەکێشکردنی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان لە لایەکی تر، بۆئەوەی ڕەوشی جووتیاران باشتر بکرێت و داهاتیان زیاد بکرێت، لەم ڕووەوە پارتیمان لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم داواکارییانەیە:

**یەکەم:**

أ. چاککـردن و بەراوکردنـی ئـەو زەوییانـەی کەڵکیـان لـێ وەرنەگیـراوە و دابەشـکردنی بەسـەر جووتیارانـدا، بەسـەر ئەوانەشـدا کـە زەوییـان لـەو ڕێژەیـە کەمـتر هەیـە کـە بـە کەمتریـن بـڕ دیاریکـراوە لـە یاسـاکەدا.

ب. چارەسـەرکردنی کێشـەی ئاودێـری بـە هەڵکەندنـی جۆگـە و بیـری ئیرتیـوازی و دروسـتکردنی بەنـداو لەسـەر ڕووبـارەکان و گلدانـەوەی ئـاو، بـۆ ئـەو زەوییانـەی بـۆ کشـتوکاڵ بەکاردێـن، ڕێگـەدان بـە جووتیـاران بـۆ ئـەوەی سـوود لـە پڕۆژەکانـی ئاودێریـی حکوومـەت وەربگـرن.

ج. یارمەتیـی جووتیـاران بدرێـت بـە پێدانـی تـۆو و پەینـی کیمیایـی، بـۆ ئـەوەی بتوانـن بەروبوومـەکان باشـتر بکـەن و جۆرەکانیـشی زیاتـر بکـەن و قـەرزی درێژخایەنیـان بـە قازانجـی کەمـتر پـێ بدرێـت، تـا لـە دەسـتی سـووخۆران ڕزگاریـان ببـێ.

د. دامەزراندنـی کۆمەڵـەی هـەرەوەزی بـۆ جووتیـاران، لـە پێنـاو سـاغکردنەوەی بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکانیان و کڕینـی ئـەو شـتومەکانەی بەکاریدێنـن و ئـەو ئامرازانـەی بـۆ بەرهەمهێنـان پێویسـتیانە.

هـ. ڕەواجـدان و ئاسـانکاریی بـۆ بەکارهێنانـی ئامێـر و شـێوازی کشـتوکاڵیی هاوچـەرخ، هاندانـی کاری بەکۆمـەڵ و هـەرەوەزی لەناوچـە کشـتوکاڵیەکان لـە نێـوان جووتیارانـدا.

و. پێدانـی ڕێنمایـی تەکنیکـی بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی تەکنیکیـی کشـتوکاڵی، هانـدان و نـاردنی جووتیارانـی کوردسـتان بـۆ وڵاتانـی دەرەوە.

**دووەم:**

بەخێوکردنی ڕەشەوڵاغ و مەڕداری، یەکێکە لە دوو شێوە سەرەکییەکەی بەرهەمهێنان لە لادێکانی کوردستاندا، ڕێژەیەکی زۆری داهاتی جووتیاران پێکدەهێنێت، بۆیە ئێمە خەبات دەکەین لە پێناو:

أ. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو کۆت و بەندانەی پەیوەندییان بە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتەوە هەیە، وەک پاوانانە و دیاری و سەرانەی دیکەی دەرەبەگایەتی.

ب. نیشتەجێکردنی هۆزە کۆچەرییەکان و ڕەچاوکردنی بارودۆخی بەرهەمهێنانیان و دابەشکردنی زەوی بەسەریان و دابینکردنی لەوەڕگا بۆ ئاژەڵەکانیان.

ج. ڕەخساندنی دامەزراوەی پزیشکیی بۆ پاراستن و چارەسەریی ئەو نەخۆشییانەی تووشی ئاژەڵ دەبن و باشترکردنی وەچە و چاودێریکردنی بەرهەمە ئاژەڵییەکانیان، بە پەیڕەوکردنی ڕێگای زانستیی دروست.

**سێیەم:**

أ. هەموارکردنەوەی یاسای لە چوارچێوەدانی توتنکاری، بە شێوەیەک کە لەگەڵ بەرژەوەندی جووتیاران و باشترکردنی جۆرایەتی بەرهەمەکان بگونجێت، سەبارەت بە کۆتە داسەپاوەکانی سەر چاندن و پۆلێنکردنی پلەبەندیی تووتن و نرخەکەی.

ب. پێدانی پارە و تۆی باش بە جووتیاران بە مەرجی ئاسان، بۆ ئەوەی بتوانن لە سەرەتای وەرزدا دەست بە کارە کشتوکاڵییەکانیان بکەن.

ج. ئامادەکردنی پسپۆڕ و ڕێنیشاندەر بۆ چاککردنی جۆرەکانی تووتن و دامەزراندنی کۆگای هاوچەرخ بۆ پاراستنی تووتن لە تێکچوون.

د. فراوانکردن و باشترکردنی پیشەسازیی جگەرە و تووتن و دامەزراندنی کارگە و تاقیگە لە ناوچەکانی بەرهەمهێنان، بۆ ئەوەی عێراق ببێتە یەکێک لە وڵاتە هەناردەکارەکان.

**چوارەم:**

أ. گرنگیدان بە دارستان و هەموارکردنەوەی یاسا، بۆ پاراستنیان بەپێی بەرژەوەندی ئابوریی نیشتیمانی.

ب. هاندانی دارچاندن و موتربەکردنی درەختەکان بۆ زیادکردنی سامانی ڕووەک.

**مادەی(١٥)** گواستنەوەی ئەو دامەزراوە و بەرژەوەندیە دەرەکییە زاڵانەی لەسەر بازرگانیی دەرەکیی وڵات هەن، بۆ دەستی نێوخۆیی نیشتیمانی، هاوکاریکردنی بازرگانە نێوخۆییەکان بۆ گەشەپێدانی بازرگانی نێوخۆیی و دەرەکی، دژایەتیکردنی قۆرخکاری و فێڵ و یاریکردن بە قوتی خەڵك و بنیاتنانی پەیوەندیی بازرگانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دوولایەنە و ڕێزگرتن لەسەروەری نیشتیمان.

**مادەی (١٦)**

أ. کارکردن بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری دارایی، بە شێوەیەك کە ئامانجی ئابووری لە خەرجییەکان و پارە بهێنێتەدی، بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگی نێوان خەرجی و داهات، پارەی پێویست بۆ تەواوی پرۆژەکانی بەرهەمێنان دابین بکات.

ب. دۆزینەوەی سیستەمێکی دادپەروەرانەی باج، کە پشت بە باجی ڕاستەوخۆ و چەسپاو لەسەر داهات و میرات ببەستێت، سوککردنی باجی ناڕاستەوخۆ کە بارگرانییەکەی دەکەوێتە سەر شانی چینی زەحمەتکێش.

ج. هاندانی بانکە نیشتیمانییەکان، ئەمەش بە زیادکردنی سەرمایەکانیان و کردنەوەی لقی پێویست، دیاریکردنی نرخی سوی جیاواز بە جیاوازی لقە متمانەدارەکان و کۆکردنەوەی ئەو مامەڵە دەرەکییە بانکییانەی پەیوەستن بە حەواڵەکردنی پارە، بە تەنیا لە دەستی بانکە حکوومییەکان.

د. پاڵپشتی و فراوانکردنی بانکی ناوەندیی عێراقی و سەرپشککردنی لە وەرگرتنی هەموو ڕێوشوێنە دەستەبەرییەکان بۆ ڕێگریکردن لە قاچاخچیەتیکردن بە دراو و زێڕ و بەهێزکردنی دراوی عێراقی و پارسەنگکردنی بە بڕی پێویست لە زێڕ و دراوی بیانیی هەمەجۆر.

دەرکردنی یاسا و پێناسە گومرگییەکان بە شێوەیەک بێت کە بەرژەوەندی گشتیی گەل بپارێزێت و پارێزگاری لە ئابووری و بازرگانیی نیشتمان بکات.

**مادەی (١٧)**

أ. ڕێکخستنی ڕێگاکانی گواستنەوە لە کوردستانی عێراق بە فراوانکردنیان و کردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگای سەردەمی و دامەزراندنی هێڵی ئاسنین، هەروەها دابینکردنی تانکەری نەوت کە بۆ هەناردەکردنی نەوتی عێراق پێویستن، دامەزراندنی نووسینگەی گواستنەوەی نیشتیمانی و فراوانکردنی تۆڕی وشکانی و ئاسمانی و ئاوی و بەتەل و بێتەل لەگەڵ وڵاتانی تر بەپێی پێویست و بەرژەوەندی نیشتمانی.

ب. سەردەمی و ئاسانکردنی ڕێگاکانی هاتووچۆ و بەیەك گەیشتنیان، دروستکردنی ڕێگەیەک کە لە لایەک لە سلێمانییەوە تا زاخۆ بەیەکەوە ببەستێتەوە و لە لایەکی دیکەش بیبەستێتەوە بە تەواوی ناوچەکانی دیکەی عێراق.

**مادەی (١٨)** تا ئەو کاتەی بە شێوەیەکی دیموکراتیی دادپەروەرانە کێشەی کورد چارەسەردەکرێت، مانەوەی هێزی پێشمەرگە پێویستە و پێویستە ئاستی لە لایەنی تەندروستی و کەلتوری و ژیانی بەرزبکرێتەوە و ئەندامەکانی بە ڕۆحێکی دیموکراتیی دروست و نیشتمانی دڵسۆز پەروەردە بکرێن، لەگەڵ زامنکردنی ژیانی خانەوادەی شەهیدان و کەمئەندامان بەهۆی بەشدارییان لە شۆڕشی کورددا.

**مادەی (١٩)** دابینکردنی کارمەندی تەندروستی، بەکردنەوەی کۆلێژ و قوتابخانەی تەندروستی و زیادکردنی ڕێژەی ناردنە دەرەوەیان، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی خەڵک، بەدانانی پلانێکی ورد بۆ خۆپاراستن و بنبڕکردنی نەخۆشییە درم و گوازراوەکان، بەهێزکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێنمایی تەندروستی لەڕێگەی پەخش و بڵاوکردنەوە و ڕادیۆوە. بایەخدان بە زیادکردنی ئەو ئاوەی خەڵک بۆ خواردنەوە بەکاریدێنن، چارەسەرکردنی نەخۆشی بێ بەرامبەر لەهەموو کوردستان، زیادکردنی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان، لەگەڵ چەند دامەزراوەیەکی دیکەی چارەسەر، دابینکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکی بۆ گوند و شوێنە دوورەکان، دانانی پلانێکی گشتگیر بۆ بەرهەمهێنانی دەرمان و دانان و پەرەپێدانی پیشەسازییە خۆماڵییەکان و ئاسانکاری بۆ هێنانی ئامێر و کەرەستە تەکنیکییە هاوچەرخەکان، دانانی نرخی گونجاو بۆ داودەرمان.

**مادەی (٢٠)** گرتنەبەری شێوازی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی دیموکراسی بۆ سەرۆک شارەوانییەکان و ئەنجومەنی شارەوانییەکان و ئەنجومەنی بەڕێوەبەرەکان و دانانی پلانێکی گشتگیر بۆ شارەوانییەکان، سەبارەت بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەیی پەیوەندیدار بە دروستکردنی پارک و هاوینەهەوارە گشتییەکان و شەقام و یاریگا و گۆڕەپان لەکوردستان و عێراق.

**مادەی (٢١)** کار بکرێت بۆ ئەوەی ئافرەتان پراکتیزەی تەواوی مافە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بکەن، دانانی یاسای پێویست بۆ پاراستنی مافی کارکردنی ئافرەتان لە پێش و لە کاتی منداڵبوون و پاش منداڵبوون و دروستکردنی خێزان، دانانی یاسا بۆ پارێزگاریکردن لە مافی دایکایەتی و منداڵ.

**مادەی (٢٢)**

أ. تیدەکۆشین لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی قوتابیانی کورد و نەهێشتنی نەخوێندەواری و ڕیشەکێشکردنی نەزانی، ئاڕاستەکردنی پەروەردە و فێرکردن، تا ئاڕاستەیەکی نیشتیمانی و دیموکراتی وەربگرێت، بۆ بەرەنگاربوونەوەی پرۆگرامی خوێندن بە ئاڕاستەی کۆنەپەرستی و فاشیستی و نەژادپەرستی و بەیەکەوە بەستنەوەی تیۆر و پراکتیک:

ب. خەبات دەکەین بۆ زیندووکردنەوەی ئەدەب و مێژوو و هونەری کوردی و دەوڵەمەندکردنی بە کەلەپووری مرۆیی شوێنەواری گەلانی دیکە و پارێزگاریکردن و چاککردنەوەی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان.

ج. خەبات دەکەین بۆ دامەزراندنی زانکۆیەکی فەرمی لە کوردستانی عێراق کە شان بەشانی زانکۆکانی عێراق کاربکات و پارێزگاری لەسەربەخۆیی خۆی بکات و ببێتە ناوەندێکی گرنگی توێژینەوە و بەدواداچوونی زانستی.

د. تێدەکۆشین لە پێناو خوێندنی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد لە بەشی کوردیی زانکۆی بەغدا و بڵاوکردنەوەی خوێندنی زمانی کوردی لە تەواوی عێراقدا، دامەزراندنی کۆڕی زانستی زمانەوانیی کوردی، هەروەها دامەزراندنی تۆڕی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە کوردستان.

ه. خوێندنی سەرەتایی بۆ هەردوو ڕەگەز بکرێتە بە خورتی، کردنەوەی قوتابخانەی ئێواران بۆ کرێکاران و جووتیاران و خەڵکی زەحمەتکێشی تر، کردنەوەی نووسینگەی گشتی و تاقیگەی زانستی و یانە زیاتر، بۆ پێشکەشکردنی وتار و دیبەیتی زیاتر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری لەناو خەڵکیدا.

و. پێشخستنی ئەدەب و هونەری کوردی و قۆستنەوەی وزە شۆڕشگێڕییەکەی لە خزمەتی مرۆڤایەتی بە گشتی و خواست و ئامانجە ڕەواکانی گەلی کورد بەتایبەتی، هاندانی چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکان، زیادکردنی زەمالەی خوێندن و ناردنە دەرەوەی قوتابیانی کورد بەپێی ڕێژەی دانیشتوان و زیادکردنی بنیاتنانی شانۆ و گۆڕینەوەی شاندی شانۆکاران و مۆزیکژەنان.

**مادەی (٢٣)** پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد لەپارچە جیاجیاکانی کوردستان دەکەین، لە پێناو گەیشتنی بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی.

**مادەی (٢٤)** هەوڵدەدەین ڕەگەزنامەی عێراقی بدرێتە ئەو کوردانەی کە ئاواتەخوازن لە عێراقدا بژین، ئەوانەی بە لای کەمەوە پێنج ساڵە ناسنامەی نیشتەجێبوونیان پێدراوە، وەک فەیلی و گۆیان و ئۆمریان (تنە) و ئەوانی دیکە.

## پاشکۆی چوارەم

بانگەوازەکەی ژەنەڕاڵ بارزانی لە ٢٠ی نیسانی ١٩٦٢ بۆ ناوەندە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان

(وەک لەلایەن کۆمیتەی بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردەوە پوختە کراوە و بڵاوکراوەتەوە)

ژەنەراڵ بارزانی بەناوی شۆڕش و هەموو هێزە کوردییەکانەوە داوایەك ئاراستەی سەرجەم گەلانی جیهان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕاگەیاندنەکان دەکات و بانگهێشتیان دەکات نوێنەر بنێرن بۆ کوردستانی عێراق، داوایان لێدەکات تێبینی ئەو کارە نامرۆڤانەیە بکەن کە دیکتاتۆر قاسم بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامیداوە، بەتایبەتی هاوڵاتیانی مەدەنی کە قوربانی هێرشە بەردەوامەکانن و بە بەکارهێنانی بۆمبی سووتێنەر و ناپاڵم و مووشەک.

داواکارییەکە ئیدانەی ئەو مامەڵە ترسناکە دەکات کە بۆ پێشمەرگە کوردەکان گیراوەتەبەر و "ژمارەیان دوای نۆ مانگ شەڕ لە زاخۆوە تا خانەقین کەمتر لە بیست کەس ماوە، چونکە شەرەفی جەنگاوەرە کوردەکە دەخوازێت کە بمرێت باشترە لەوەی خۆی وەک بەندکراو ڕادەست بکات".

سەبارەت بە زیندانییە عێراقیەکان، "ئێمە هەزاران کەسمان دەستگیرکرد، مرۆڤانە و بە ڕێزەوە مامەڵەمان لەگەڵدا کردن، دوای داماڵینی چەکیان ئازادمان کردن، تەنیا پەنجا کەسی تاوانبارمان هێشتووەتەوە، تەنانەت ئەو تاوانبارانەش خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا نەکراوە. لەبەر ئەوەی ئێمە ڕێز لە یاساکانی جەنگ دەگرین، ئێمە شەڕ لە دژی عەرەبەکان ناکەین، بەڵکو شەڕ لە دژی دیکتاتۆرییەکی شەخسی بێ یاسا و بێ ئەخلاق دەکەین".

پاشان ژەنەڕاڵ بارزانی ئاشکرای کرد کە لە ١٣ی ئازاری ١٩٦٢، نێردراوانی قاسم، بۆ دووەم جار، "پێشنیازیان بۆ کردین کە شەڕ ڕابگرین و چەکەکانمان دابنێین، لە بەرامبەر لێبوردنی گشتی. من وەڵامم دایەوە کە ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی قاسم، ئەوانەی کە گڕ و ئاگری ئەم جەنگەیان داگیرساندووە، ئەوان دەبێت چەکەکانیان دابنێن، و ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ گەل کە بڕیار بدەن لێبوردنیان بۆ بکرێت یان نا".

من بۆ ئەو نێردراوانە ڕوونم کردەوە کە "دەمانەوێت دیکتاتۆری شەخسی بە ڕژێمێکی دیموکراتی بگۆڕین و دەبێت گەلی کورد ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی هەبێت

کـە مافـە سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و کەلتورییەکانـی لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا بپارێزێـت. مـن ئـەوەم خسـتەڕوو کـە ئەگـەر قاسـم بـەم مەرجانـە ڕازی بێـت، لەوانەیـە ببێتـە بنەمایەکـی گونجـاو بـۆ کۆتاییهێنـان بـە شـەڕ".

ڕێبـەری کـورد پێـی وایە "قاسـم شـێوازێک بەکاردەهێنێت بۆ کڕینـی کات و یاری بە کات دەکات "چونکـە ئێمـە چەتەکانـی جـەش و هاوپەیمانەکانـیمان لەناوبـردووە و هێزەکانـی ئەومـان تێکشـکاندووە". وتیشـی ئەگـەر قاسـم بیەوێـت سەرکێشـییەکی نوێ دەسـتپێبکات، "مـن دڵنیـام کـە هێـزە شۆڕشـگێڕەکانمان جارێکـی تر بـەرەو شکسـتی دەبەن".

بـەڵام بـۆ ئـەوەی نەهێڵێـت قاسـم بەبـێ پێویسـت بـەردەوام بێـت لـە سەرکێشـییەکەی و لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە خوێنـی هـەزاران هاووڵاتـی مەدەنـی لـە ڕژان بپارێزێـت، ژەنـەڕاڵ بارزانـی پەیامێکـی ئاڕاسـتەی ڕای نێودەوڵەتـی کـرد:

مـن ڕووی قسـەم ئاڕاسـتەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەکـەم: "بـۆ دەسـتێوەردان لـە ململانێکانـدا، کۆتایی هێنـان بە سـتەمی نەتەوەیی کە دژ بـە گەلەکەمان ئەنجام دەدرێت. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش داوایـان لێدەکـەم سـەبارەت بـە خواسـت و داواکارییەکانـی گەلـی کـورد ڕاوێـژ بـە خـە ڵکی کوردسـتانی عێـراق بکـەن".

"داوا لـە کۆمیسـیۆنی مافەکانـی مـرۆڤ دەکەم لیژنەیەکـی لێکۆڵینەوە بنێرێـت بۆ عێراق بـۆ پاراسـتنی مافەکانـی حەوت ملیـۆن عێراقـی و بەتایبەتی مافەکانـی دوو ملیۆن کورد".

"داوا لـە کۆمیتـەی خاچـی سـووری نێودەوڵەتـی دەکـەم کـە بەپێـی بنەمـا مرۆییەکانـی نێردراوەکانـی بنێـرن بـۆ شـوێنی ڕووداوەکـە بـۆ ئـەوەی هـەزاران ژن و منـداڵ و بەسـاڵاچووان لـە بۆمبـاران و کـوشتن ڕزگار بکـەن".

"داوا لە سکرتاریەتی هەمیشەیی کۆنفرانسی گەلانی ئەفریقی و ئاسیایی دەکەم: بۆ ئەوەی لە پرسی کورددا لە بنەما ڕەواکانی باندونگ و قاهیرە ئیلهام وەربگرێت. داوا دەکەم پەیامەکەمان بگەیەنێتە دیموکراتەکانی ئاسیا و ئەفریقا بۆ ئەوەی ناڕەزایی دەربڕن بەرامبەر بە دڕندەیی قاسم و داروەدەستەکەی و پرسی نەتەوەیی کورد بنێرنە نەتەوە یەکگرتووەکان".

"داوا لـە کۆمەڵـەی نێودەوڵەتـی پارێزەرانـی دیموکرات دەکـەم: بۆ ئـەوەی بـە توندی ناڕەزایـی دەرببڕیـت دژی ئـەو دڕندەییەیـی بەرامبـەر بـە کـورد دەکرێـت و دروسـتی و

شـەرعییەتی دۆزی کـورد بـۆ ڕای جیهـان ڕوون بکاتـەوە".

"مـن ڕووی قسـەم ئاراسـتەی ڕۆژنامەنووسـانی ڕاسـتگۆ و پەیامنێرانـی ئاژانسـەکانی هـەواڵ و ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن لـە سەرانسـەری جیهـان دەکـەم: نوێنەرەکانیـان بنێـرن بـۆ مەیدانـی جەنـگمان (...)، بانگهێشـتیان دەکـەم بـاوەڕ بـە درۆ و دژایەتیەکانـی ڕۆژنامەکانی قاسـم نەکـەن (...) و دەنگـی ئێمـە بگەیەننـە ئـەو بـاوک و دایکانـەی کـە منداڵەکانیـان و ڕۆڵەکانیـان لـە جەنگـی جیهانیـدا لەدەسـتداوە (...)". (ئەرشـیف)

## پاشکۆی پێنجەم

پلانی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق، بەپێی یاداشتی ٢٥ ی نیسانی ١٩٦٣ (ئەرشیف، وەرگێڕدراو لە عەرەبییەوە):

**پێشەکی:**

برایەتی نێوان عەرەب و کورد هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە هەبووە ئەوانەی پێوەی وابەستوون دەبێت بەدوای باشترین ڕێگادا بگەڕێن بۆ پاراستنیان و بنیاتنانی پێکەوەژیانێکی پتەو لەنێوان ئەم دوو گەلە.

مێژوو نیشانمان دەدات کە باشترین ڕێگا بۆ یەکخستنی دوو گەل یەکێتیەکی ئازادانە و ئارەزوومەندانە و بێ بەکارهێنانی هێز و زۆرەملێیە، چونکە پێکەوەلکاندنی ئەو دوو گەلە بە زۆر هەمیشە ناکۆکی و تراژیدیای لێکەوتووەتەوە.

ئەم یەکێتی ئازادە تەنیا کاتێک مانای هەیە کە لەسەر بنەمای دانان بە مافەکانی هەر گەلێک و پێکەوەژیانیان و جێبەجێکردنی ئەم مافانە لە چوارچێوەی گشتی یەکگرتنەکەدا بێت.

نموونەی دەوڵەتە مۆدێرنەکان نیشانی دەدەن کاتێک هەر نەتەوەیەک لە یەکێتیەک یان فیدراسیۆنێک کاروباری سیاسی و ئابووری و کەلتوری و کۆمەڵایەتی خۆی بەڕێوە دەبات، ئەمە سەقامگیری و گەرەنتی مانەوەی یەکێتی مسۆگەر دەکات. ئەمە بناغەی هەر یەکێتیەکی سەرکەوتووە. نموونەی سویسرا و یوگسلاڤیا و چیکۆسلۆڤاکیا و هیندستان و نایجیریا ئەوە دەسەلمێنن کە یەکێتی ئاروزوومەندانە و خۆویستانە بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری دەسەڵات و پاراستنی یەکێتی دەوڵەت زۆر گرنگە.

ئەم بیرۆکانە سادە و ڕوونن. یەکێتی ئاروزوومەندانە نموونەیەکی باشە بۆ دیموکراسی. بۆیە تەنانەت ئەو وڵاتانەی دانیشتووانی تەنیا لە یەك نەتەوە پێکهاتووە، وەک ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، بەرازیل، بەریتانیا و ئەمریکا، ئەم مۆدێلەیان گرتۆتەبەر. هەروەها دەبێت ئەمەش بۆ یەکێتی نێوان میسر و سوریا و عێراق جێبەجێ بکرێت.

مێژوو و بارودۆخی سەردەمیانەی ئێستا نیشانی دەدات کاتێک گەلانی جیاوازی یەک وڵات بتوانن لە ڕێگەی ئەنجومەن یاسا دانان و ئەنجومەنەکانی جێبەجێکردنەوە

مافەکانیـان دسـتەبەر بکـەن، ئـەوە نـەک تەنیا ڕێـز لـە پرەنسـیپی یەکێتـی دادپەروەرانـە دەگرێـت، بەڵکـو یارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ بەهێزکردنـی یەکگرتنیـان.

لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەم تێڕوانیـن و ڕاسـتیانە، ئەگـەر حکومەتـی عێـراق ئـەم پلانـە پەسـەند بـکات ئـەوا پابەندبوونـی خـۆی نیشـان دەدات بـۆ پتەوکردنـی یەکڕیزیـی وڵات و پتەوکردنـی برایەتـی نێـوان عـەرەب و کـورد، ئەمـەش ئـەو یەکگرتووییـە لـە هەڕەشـە دەرەکـی و ناوخۆییـەکان دەپارێزێـت. بـە پەسـەندکردنی ئـەم پڕۆژەیـە، حکومـەت بەرپرسـیارێتی خـۆی بـە تـەواوی لـە ئەسـتۆ دەگرێـت و دڵنیایـی دەدات کـە میراتـی دۆسـتایەتی نێـوان هـەردوو گەلـی کـورد و عـەرەب بـۆ نەوەکانـی داهاتـوو دەپارێزرێـت.

هیوادارین ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆڕشی نیشتمانی کە پەیڕەوی بنەما و بەرنامەیەکی دیاریکراو دەکات پابەند بێت بە بەڵێنەکانی. دەبێت بەڵێنەکانی سەرکردەکانی جێبەجێ بـکات و مافـە ڕەواکانی گەلی کـورد بە مافی چارەی خۆنووسینیشـەوە دەسـتەبەر بـکات. بەپەسـەندکردنی ئـەم پلانـە ئەنجومەنەکـە بەڵێنی خۆی دەباتەسـەر و سـەردەمێکی نوێـی برایەتـی و هـاوکاری نێوان گەلـی عـەرەب و گەلـی کـورد دێتە ئـاراوە.

دەقی پێشنیازەکانی کورد:

**مـادەی ١ :** عێـراق وڵاتێکـی یەکگرتـووە کـە لـە دوو گەلـی سـەرەکی پێکهاتـووە عەرەب و کـورد کـە مافـی یەکسـانیان هەیـە. ئـەم دوو گەلـە لـە کاتـی جێبەجێکردنـی مافـی چـارەی خۆنووسـینی خۆیانـدا پێکـەوە ژیانیـان لـە یـەک دەوڵەتـدا هەڵبـژاردووە.

**مـادەی ٢ :** دەسـتووری عێـراق یاسـاکانی پەیوەندیـدار بـە پەرلەمـان و سـە رۆکایەتـی و حکومـەت دیـاری دەکات، هەروەهـا ڕێکخسـتنی سیسـتەمێکی دیاریکـراو دیـاری دەکات کـە ڕێگـە بـدات گەلـی کـورد لـە ڕێگـەی دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەرییـەوە کاروبـاری خـۆی لـە هەرێمـی کوردسـتان بەڕێـوە ببـات.

**مادەی ٣:** ئەم بوارانەی خوارەوە لە ئەستۆی حکومەتی ناوەند دەبن:

١. سەرۆکایەتی دەوڵەت.

٢. کاروباری دەرەوە، لەوانە نوێنەرایەتی دیپلۆماسی، کونسوڵگەری و بازرگانی، پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاگەیاندنی جەنگ و ئەنجامدانی ئاشتی.

٣. بەرگری نیشتمانی (هێزی وشکانی، دەریایی و ئاسمانی).

٤. پارەی وڵات و لە سکەدانی دراو.

٥. بازرگانی و کاروباری نەوت.

٦. گومرگ.

٧. بەندەر و فڕۆکەخانە نێودەوڵەتیەکان.

٨. پۆست، فاکس و تەلەفۆن.

٩. هێڵی شەمەندەفەر و ڕێگا سەرەکیەکان.

١٠.کەیسەکانی ڕەگەزنامە.

١١.بودجەی دەوڵەت.

١٢.کۆنترۆڵکردنی ناوەندی پەخشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن.

١٣.وزەی ئەتۆمی.

**مادەی ٤:**

١. گەلی کورد مافە نەتەوەییەکانی خۆی لە ڕێگەی ئەنجومەنێکی پێک هاتوو لە ئەنجوومەنی یاسادانان جێبەجێ دەکات کە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بە دەنگدانی گشتی و ڕاستەوخۆ و نهێنی هەڵدەبژێردرێت.

٢. دەزگا نیشتمانییەکە کە لە مادەی دووەمی ئەم پلانەدا هاتووە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ئەم بوارانەی خوارەوەی دەبێت :

- دادوەری، کاروباری ناوخۆ، پەروەردە و پەروەردەی نیشتمانی، تەندروستی گشتی، کشتوکاڵ، تووتن، شارەوانییەکان، کار و یاسادانانی کۆمەڵایەتی، پلاندانان و گەشەپێدان، کێشەکانی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانی ڕەوەندەکان لە ناوچە چیاییەکان.

- هەموو ئەو شتانەی پەیوەستە بە باشترکردنی ئاستی ژیان و کۆمەلایەتی، گەشەپێدانی ئابووری و هەر بوارێکی تر کە لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندیدا نییە.

٣. ئەنجوومەنی یاسادانان هەموو یاسایەک دەردەکات کە پێویستن بۆ جێبەجێکردنی

ئـەو مافانـەی كـە لـە بڕگـەی دووەمـی سـەرەوەی ئـەم مادەیـەدا ئاماژەیـان پێكـراوە. سـەرۆكی ئەنجوومەنـی جێبەجێـكار هەڵدەبژێرێـت، هەروەهـا دەتوانێـت متمانـە لـە سـەرۆكەكە خـۆی و ئەندامانـی ئـەم ئەنجومەنـە بكشـێنێتەوە.

٤. ئەنجوومەنـی جێبەجێـكار دەسـەڵاتی جێبەجێكـردن لـە چوارچێـوەی ئـەو ئیمتیازاتانـەی كـە لـە بڕگـەی دووەمـی ئـەم مادەیـەدا بـە دەزگا نیشـتمانییەكان دراوە، جێبەجـێ دەكات. یاسـاكانی ئەنجومەنـی یاسادانان و یاسا و ڕێنماییەكانـی حكومەتـی ناوەنـد لـە چوارچێـوەی پەیوەندییەكانـی نێـوان ناوەنـد و كوردسـتان جێبەجـێ دەكات، بەرپرسانی ئیـدارە و دامەزراوەكانـی تـری ناوچەكـە دادەمەزرێنێـت. ئـەو بەرپرسـیار دەبێـت لەبـەردەم ئەنجوومەنـی یاسـادانان.

**مادەی ٥:** دارایی دامودەزگا نیشتیمانییەكانی كوردستان لە سەرچاوەكانی خوارەوە دێت:

١. داهاتی ناوخۆیی و باج و گومرگی كۆكراوەی كوردستان.

٢. پشـكی كوردسـتان، بەگوێـرەی ژمـارەی دانیشـتووانەكەی بـە بـەراورد بـە هەمـوو دانیشـتووانی عێـراق، لـە داهاتـی خـوارەوە:

أ. نەوت

ب. گومرگ

ج. فڕۆكەخانەكان

د. بەندەرەكان

هـ. بانكەكانی دەوڵەت

و. هێڵی شەمەندەفەر

ز. (پۆستە، فاكس و تەلەفۆن).

كەمكردنەوەی پشكی كوردستان بەهەمان ڕێژە لەخەرجیەكانی خوارەوە:

أ. سەرۆكایەتی كۆمار

ب. بەرگری نیشتمانی

ج. کاروباری دەرەوە

د. دەرکردنی پارە

ه. وەزارەتەکانی نەوت و گەیاندن و (پۆستە، فاکس و تەلەفۆن)

و. بەڕێوەبردنی بەندەر و فڕۆکەخانەکان

ز. بەڕێوەبردنی بانکەکانی دەوڵەت

٣. پشکی کوردستان بەهەمان ڕێژە دەبێت لە قەرز و هاوکارییە دەرەکییەکان کە دەدرێت بە حکومەتی ناوەندی.

٤. قەرزی ناوخۆیی و قەرز و هاوکاری ناسەربازی کە کوردستان دەتوانێت بەدەستی بهێنێت.

٥. داهاتی توتن، سەیرانگاکانی پشوو و دارستانەکان.

٦. کوردستان بە هەمان ڕێژە بەشداری لە هەموو پڕۆژە و پلانەکانی بەرژەوەندی هاوبەشدا دەکات.

**مادەی ٦:** هەرێمی کوردستان پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکوک و هەولێر، هەروەها ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگاکانی مووسڵ و دیالە لە خۆ دەگرێت.

**مادەی ٧:** جێگری سەرۆک کۆماری عێراق کورد دەبێت لەلایەن گەلی کوردستانەوە بە هەمان شێوەی سەرۆک کۆمار هەڵدە بژێردرێت.

**مادەی ٨:** دەستوور دڵنیایی دەدات لەوەی کە کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کوردستان وەک تورکمان و ئاشووری و کلدانی و ئەرمەنی دەبێت مافە کەلتوری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خۆیان هەبێت. ئازادییە دیموکراتی و ئاینییەکانیان مسۆگەر بکرێت، دەبێت یەکسانی تەواوی ماف و ئەرکەکانیان لەگەڵ عەرەب و کورددا مسۆگەر بکرێت، هەروەها لە ئەنجوومەنی یاسادانان و ئەنجوومەنی جێبەجێکاردا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە نوێنەرایەتی بکرێن.

مادەکان بەشێوەیەکی گشتی:

١. نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا لەلایەن ژمارەیەک نوێنەر بە گوێرەی ژمارەی دانیشتووانیان بە بەراورد بە هەموو دانیشتووانی عێراق.

٢. گەلی کوردستان لە حکومەتی ناوەندیدا ژمارەیەک وەزیریان دەبێت بە گوێرەی ژمارەی دانیشتووان.

٣. فەرمانبەرانی مەدەنی وەزارەتەکانی حکومەتی ناوەند دەبێت بە هەمان ڕێژەی دانیشتوان بە ڕەچەڵەک کورد بن.

أ. ژمارەی قوتابیان لە کوردستانەوە بە گوێرەی ژمارەی دانیشتووانیان لە زانکۆی بەغدا و قوتابخانە گەورەکانی عێراق وەردەگیرێن.

ب.لەنێو ئەو قوتابیانەی کە زەمالەی خوێندن لە دەرەوەی وڵات وەردەگرن، دەبێت ڕێژەی ئەو قوتابیانی خەڵکی کوردستانن هەمان ڕێژەی دانیشتوان بێت.

٤. دەبێت یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆکی سوپا کورد بێت.

٥. سوپای عێراق ناوی خۆی دەپارێزێت بەڵام ئەگەر ناوەکە بگۆڕێت ئەوا بەشی کوردی سوپا بە لەشکری کوردستان ناودەبرێت.

٦. گەنجانی کوردستان دەبێت خزمەتی سەربازی خۆیان لە ناوچەکەیان ئەنجام بدەن، ئەو ئەفسەران و سەربازانەی کە لەبەر هۆکاری سیاسی یان نەتەوەیی دەرکراون دەبێت بگەڕێنەوە بۆ سوپا.

٧. لە دامەزراوە سەربازی، پۆلیسی، ئەرکان، فڕۆکەوانی و دامەزراوە سەربازییەکانی تردا، دەبێت ژمارەی قوتابیانی کوردستان بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی عێراق بە گشتی گونجاو بێت.

٨. حکومەتی ناوەند تەنیا کاتێک دەتوانێت هێزی زیاتر بنێرێت بۆ کوردستان ئەگەر عێراق لە دەرەوە هێرشی بکرێتە سەر یان مەترسی هێرشی ڕاستەقینە هەبێت. لەحاڵەتی دیکەشدا، دەبێت ڕەزامەندی ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجومەنی جێبەجێکاری کوردستان بەدەست بهێنێت.

٩. سوپای عێراق تەنیا بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی یاسادانان یان ئەگەر ئەنجومەنی جێبەجێکاری کوردستان داوای بکات دەتوانێت ئۆپەراسیۆنی سەربازی سەرکوتکەرانە لە کوردستان ئەنجام بدات.

١٠.هەر یاسایەک بێ گوێدانە سەرچاوەکەی کە مومارەسەکردنی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی گەلی کورد سنووردار بکات یان ڕێگری لێ بکات، بە ناڕەوا دادەنرێت.

١١.باری لەناکاوی سەربازی لە کوردستان تەنیا بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی یاسادانان ڕادەگەیەنرێت، مەگەر لە حاڵەتی ڕاگەیاندنی جەنگ یان مەترسی راستەقینەی دەستدرێژی دەرەکی هەبێت.

١٢.یەکێک لە وەزیرە کوردەکانی ئێستای حکومەت بەرپرس دەبێت لە پێکهێنانی ئەنجومەنی جێبەجێکاری کاتی کە بە شێوەیەکی کاتی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکە جێبەجێ دەکات. هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانان لە ماوەی چوار مانگ لە پێکهێنانی ئەنجومەنی جێبەجێکاری کاتی بەڕێوە دەچێت.

١٣.پێویستە قەرەبووی دەرەنجامەکانی سەرکوتکردنی قاسم بکرێتەوە بە قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بۆ هەموو قوربانیانی شەڕی کوردستان لە ماوەی چوار مانگدا.

١٤.ئەگەر ڕەگەزنامەی عێراقی بوو بە عەرەبی ئەوا پێویستە لەسەر بڕوانامەی لەدایکبوون و پاسپۆرتەکان بنووسرێت بۆ ئەو عەرەبانەی لە کوردستان دەژین "کوردستانی" کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، کوردەکانیش بە ئاسایی وەک کورد تۆمار دەکرێن.

١٥.لە حاڵەتی گۆڕینی ئاڵا یان دروشمی دەوڵەتی عێراق، هێمای کوردی زیاد دەکرێت.

## پاشکۆی شەشەم

پڕۆژەی لامەرکەزییەتی عێراق لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٦٣ (لە ڕۆژنامەی ئەلحەیات لە بەیروت لە ١٣ ی حوزەیرانی ١٩٦٣)

**ماددەی١ :** بەگوێرەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشی نیشتمانی لە ١٥ ی ئازاری ١٩٦٣، یاسای لامەرکەزیەت کە دابەشکردنی عێراق بۆ پارێزگاکان دیاری دەکات کە پێی دەگوترێت "موحافەزات". هەر پارێزگایەک هەندێک ئازادی دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆی و لە کاتێکدا لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەند دەمێنێتەوە.

**ماددەی ٢:** "موحافەزات" دابەشکردنێکی کارگێڕییە کە سنوورەکانی بە یاسا دیاری دەکرێت. بە ناوی مەرکەزی شارەکەوە ناودەنرێت. "پارێزگایەك" لە چەند "لیوای"ەکی گەورە پێکهاتووە. کە ئەویش دابەش دەکرێت بۆ چەند "قەزا"یەك. قەزاش لە چەند" ناحیە"یەك لەخۆ دەگرێت. چەند گوندێک کۆدەکاتەوە.

**مادەی ٣:**

أ. پارێزگا و بەشەکانی (گوندەکان، ناحیەکان، قەزاکان، فەرمانگەکان) لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەت و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانەوە بەڕێوەدەبرێن: ئەنجوومەنی گوند، ناحیە، قەزا، لیوا و ئەنجومەنی پارێزگا.

ب. یاسا دیاری دەکات کە چەند ئەندام لەم ئەنجومەنانە دادەنیشن و چۆن هەڵدەبژێردرێن. هەروەها یاساکە دیاری دەکات کە کام کارمەندی گشتی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەشێک دەبن لەم ئەنجومەنانە بەپێی پۆستەکانیان.

**مادەی ٤:** بەڕێوەبردنی پارێزگایەک کە دەکەوێتە مەرکەزی پارێزگا بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکدەخرێت:

أ. پارێزگار "موحافز": لەلایەن حکومەتەوە بە بڕیاری سەرۆکایەتی دەستنیشان دەکرێت. سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگا دەکات و بەرپرسە لەبەردەم حکومەت بۆ هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە پارێزگاکەیەوە هەیە.

ب. ئەنجومەنی پارێزگا: بەشداری لە بەڕێوەبردنی پارێزگاکە دەکات.

ج. ئەنجوومەنی جێبەجێکار: لە سەرۆکی فەرمانگە حکومییەکانی پارێزگاکە پێکهاتووە. سەرۆک و ئەندامەکانی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەستنیشان دەکرێن، بەڵام جێگری سەرۆک لەلایەن ئەندامانی دیکەی ئەنجومەنەوە هەڵدەبژێردرێت.

**مادەی ٥:** دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگا

أ. ئەنجوومەنی پارێزگا دەزگایەکی فەرمییە. مافی بەڕێوەبردنی موڵکی گوازراو نە گوازراوی لە پارێزگاکەدا هەیە کە موڵکی دەوڵەتن.

ب. لە چەند بوارێکدا بەرپرسیارێتی هەیە، بەپێی یاسا:

پەروەردە و فێرکردنی گشتی.

بەڕێوەبردنی شارۆچکە و گوندەکان

بیناسازی، خانووبەرە و ڕێگاوبان.

دابینکردنی کاڵا و بازرگانی.

تەندروستی گشتی.

کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.

کشتوکاڵ و ئاودێری.

ج. ئەنجومەنەکە بە شێوەیەکی گشتی بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی پارێزگاکە (...)

د. دەتوانێت پەیڕەوی ناوخۆیی دابڕێژێت، بەڵام دەبێت لەلایەن وەزیری پەیوەندارەوە پەسەند بکرێت.

هـ. بودجەی ساڵانەی پارێزگا و بەشەکانی ئامادە دەکات و پێشکەشی حکومەت دەکات بۆ پەسەندکردن.

و. ئەنجومەن پڕۆژە ئامادە دەکات بۆ باشترکردنی پارێزگاکە و پێشنیازی بۆ وەزیرە پەیوەندیدارەکان دەکات بۆ پەسەندکردن.

ز. یاسا و پەیڕەوی ناوخۆیی بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان و کارەکانی دادەنێت.

**مادەی ٦:** بەرپرسیارێتییەکانی ئەنجوومەنی جێبەجێکار

أ. بڕیارەکانی پارێزگار جێبەجێ دەکات، مەگەر لەلایەن وەزیرە پەیوەندیدارەکانەوە هەڵبوەشێنرێتەوە.

ب. یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکانی حکومەت جێبەجێ دەکات.

ج. بەڕێوەبەر بەرپرسیارێتییەکانی ئەنجومەنی پارێزگا دەگرێتە ئەستۆ ئەگەر چیتر لە پۆستەکەیدا نەمابێت.

د. گۆڕانکاری لە پۆست و گواستنەوەی کارمەندان لە ناو پارێزگاکە بەڕێوە دەبات جگە لە ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکار.

هـ. کارمەندی نوێ تا ئاستێکی دیاریکراو دادەمەزرێنێ کە لە یاسادا پێناسە کراوە.

و. بودجەی پارێزگاکە ئامادە دەکات، یاسای ناوخۆیی نوێ پێشنیاز دەکات و حسابەکان دەپشکنێت.

**مادەی ٧:** داهاتی پارێزگا بەم شێوەیە:

پارێزگاکە پارە وەردەگرێت لەرێگەی ئەمانەوە:

أ. نیوەی داهاتی باجی موڵک.

ب. نیوەی باجی سەر بەنزین.

ج. بەشێک لە باجی بەکارهێنان و باجی شارەوانی (کە لە ٪٢٥ زیاتر نەبێت، لەلایەن حکومەتەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت).

د. پارەی بەخشراو لەلایەن خەزێنەی دەوڵەتەوە.

هـ. باجی پردەکان.

و. بەشێک لە داهاتی دەوڵەت کە بە یاسایەکی حکومەت دیاری کراوە.

ز. بەشێک لە میرات و بەخشین و میراتی بێ میراتگر، کە لەلایەن حکومەتەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

ح. قەرزکردن .

ط. ئەو پارەیەی کە لە بودجەی گشتی وڵات بۆ پارێزگاکە تەرخان کراوە.

**مادەی ٨:** خەرجیەکانی ئیدارەی لامەرکەزی:

پارە بەکاردێت بۆ:

أ. مووچەی فەرمانبەران و کارمەندانی پارێزگاکە.

ب. دابینکردنی موچەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا.

ج. دابینکردنـی هەمـوو خەرجیەکانـی پێویسـت بـۆ کارکردنـی گونجـاوی کارگێـڕی لامەرکـەزی(...).

**پاشکۆی ١**

١. عێراق لەم پارێزگایانەی خوارەوە پێکهاتووە:

أ. پارێـزگای مووسـڵ : قـەزای ناوەنـدی کـە مووسـڵە . ناوچـەی لیـوای مووسـڵ لـە خـۆ دەگرێـت جگـە لـە لیـوای دهـۆک.

ب. پارێزگای کەرکوک: لیوای کەرکوک لە خۆ دەگرێت جگە لە قەزای چەمچەماڵ.

ج. پارێـزگای سـلێمانی: قـەزای ناوەنـدی سـلێمانی. ئەمانـە لەخـۆ دەگرێـت: لیـوای سـلێمانی، لیـوای هەولێـر، قـەزای چەمچەمـاڵ و لیـوای دهـۆك (کـە قەزاکانـی زاخـۆ و دهـۆک و ئامێـدی و ئاکـرێ و زێبـار لەخـۆ دەگرێـت کـە ئێسـتا سـەر بـە مووسـڵە).

د. پارێـزگای بەغـدا: قـەزای ناوەنـدی بەغدایـە. ئـەم لیوایانـە خـوارەوە لەخـۆ دەگرێـت: بەغـدا، ڕومـادی، دیالـە و کـوت.

ه. پارێـزگای حیلـە: قـەزای ناوەنـدی حیلەیـە. ئـەم لیوایانـەی خـوارەوە لـە خـۆ دەگرێـت: دیوانییـە، حیلـە و کەربەلا.

و. پارێـزگای بەسـڕە: قـەزای ناوەنـدی بەسـڕایە. ئـەم لیوایانـە لـە خـۆ دەگرێـت: بەسـڕە، ناسرییـە و عەمـارە.

٢. زمانی کوردی:

أ. زمانە فەرمییەکان لە پارێزگای سلێمانی دەبێت عەرەبی و کوردی بن.

ب. لـە قوتابخانـە سـەرەتایی و ناوەندییەکانـدا زمانـی کـوردی دەبێتـە زمانـی فێرکـردن و

زمانـی عەرەبـی وەک زمانـی دووەم دەخوێندرێـت.

ج. لە قوتابخانە دوا ناوەندییەکاندا، عەرەبی دەبێت زمانی فێرکردن بێت.

(بەشـەکانی تـری ڕەشنووسـەکە کـە وردەکارییەکانـی دەسـەڵاتەکانی ئەنجوومەنـی پارێـزگا دەخاتـەڕوو، بەتـەواوی تەکنیکیـە و بایەخێکـی ئەوتـۆی نییـە).

**پاشکۆی حەوتەم**

دەستووری شۆڕشی کوردستانی عێراق لە (١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤)

پێشەکی

بەناوی خواو بە ناوی گەلی کورد

دەستووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق

عێراق پێک دێت لە دوو نەتەوەی سەرەکی کە بریتیین لە نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورد لەگەڵ کەمایەتیەکانی تورکمان و ئاشووری وئەرمەنی و کەمایەتیەکانی تر کە لەمانە هەموویان یەکێتی قەوارەی عێراقی (وحدة الكيان لعراقی) پێک دێت. ئینجا بۆ ئەوەی بناغەیەکی پتەو دابنێن بۆ ئەوە قەوارەیە وە بۆ پەرەپێدان و بە هێزکردنی برایەتی و یەکێتی ئیختیاری لە نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کورد وە پاش بەراورد کردنی ڕابردووی خۆمان و گەلان پێویستە کە عێراق کۆمارێکی دیموکراتی بێت و دوور لە هەموو چەوساندنەوەیەکی نەتەوەیی و ئاینی، وە دان بنێت بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد لەسەر بنچینەی حوکمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق. ئەو حوکمە ئۆتۆنۆمیەش پێویستە لەسەر ئەو بنچینەیە بێت کە لە گەلەکەمان مافی خۆی بەدەست بێنێت بە سەربەستی لە ڕووی ئیداری و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ (الامن الداخلی) و زانیاری و کێشانی نەخشەی ئابووری هەرێمی (التخطیط الاقتصادی الاقلیمی). وە بەشداربوونی نەتەوەیی لە بەرێوەبردنی کاروباری دەزگاکانی تری عێراق.

دەزگاکانی ئەو حوکمە ئۆتۆنۆمییەی دەستەبەری جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی حکومەتی ناوەندی دەبێت لە ڕووی بەرگری نیشتیمانیەوە (الدفاع الوطنی) و کاروباری دەرەوە و دارایی عێراق (الامور الخارجیة و المالیة) لەگەڵ نەخشە کێشانی ناوەندی (التخطیط المرکزی) وە بەرامبەر بەوەش پێویستە لەسەر حکومەتی ناوەندی یارمەتی مادی و مەعنوی دەزگاکەمان بدات بۆ نەهێشتنی هۆیەکانی دواکەوتنی گەلی کورد و بەرز کردنەوەی ئاستی نەتەوایەتی و سازکردنی هەموو پێویستیەک بۆ پێشکەوتنی گەلی عێراق بە گشتی.

شۆڕشــی گەلــی کــورد لــە کوردســتانی عێراقــدا لــە ئەنجامــی چەوســاندنەوەی نەتەوەیــی (الاضطهــاد القومــی) لەلایــەن حکومەتــی ناوەندییــەوە هەڵگیرســاوە بــۆ بەرگــری کــردن لــە بوونــی (دفاعـا عـن وجـوده) وە پاراســتنی مافــی نەتەوایەتــی خــۆی، واتــە لەشــکری شۆڕشــگێری کوردســتان قەڵغانــی پاراســتنی ئــەو بونەیــە کــە لــە هەمــوو کاتێکــدا هەڕەشــەی لــە ناوبردنــی لــێ دەکرێــت.

لەگــەڵ ئەوەشــدا ئــەو ســوپایە ملکەچــە بــۆ هەمــوو ڕێکەوتنێــک کــە لــە نێــوان ســەرکردایەتی گەلــی کــورد و حکومەتــی ناوەندیــدا دەکرێــت هەروەهــا پێویســتە ئــەوەش بزانرێــت کــە مەبەســتمان لــە دروســت کردنــی لەشــکری شۆڕشــگێری کوردســتان دامەزراندنــی دوو دەزگای ســەربەخۆ نییــە لــە عێراقــدا یــان کوردســتان لــە عێــراق جیــا بکەینــەوە بەڵکــو ڕۆژگاری رابــردو هــەر لــە بــەر چاومانــە.

حکومەتــی ناوەنــدی هــەر کاتێــك بــۆی هەڵســوڕابێت هێرشــی ناڕەوایــان هێناوەتــە ســەر گەلەکەمــان وە هــەر ئــەوەش بــووە هــۆی دروســت بوونــی لەشــکری شۆڕشــگێری کوردســتان بــۆ پاراســتنی بەرژەوەنــدی هــاو نیشــتیمانیەکانمان لــەو شــوێنەی کــە حکومــەت دەزگا ئیداریەکانــی خــۆی لــێ کێشــاوەتەوە. هــەر لــەم ڕووەو بــەم هۆیــەوە پێویســتە ئــەوش بزانرێــت کــە هــەر یەکبوونێــک یــان یەکێتییــەك (الاتحـاد أو الوجـدة) لــە نێــوان دەوڵەتــی عێــراق و هــەر دەوڵەتێکــی عەرەبــدا بکرێــت پێویســتە بــە ئــاگاداری گەلــی کــورد بێــت و لــەو بارەیــەوە ڕاوبۆچوونــی وەربگیرێــت چونکــە پێویســتە گەلــی کوردیــش وەک گەلــی عــەرەب لــەو دەوڵەتــە تازەیــەدا پــەرە بســێنێت و پیشــبکەوێت، وە بــە پێچەوانــەوەی ئــەوە گەلــی کــورد ناچــار دەبێــت کــە ڕێــگا بدۆزێتــەوە بــۆ پاراســتنی سەربەســتی و بەختیــاری و پێشــکەوتنی خــۆی.

گەلــی کوردمــان کــە خەبــات دەکات، بــووە هــۆی بــە دەســت هێنانــی مافــە ڕەواکانــی خــۆی بێگومــان پاڵپشــتە بــۆ ئــەو کەمایەتیــە نەتەوەیــی و ئاینیانــە کــە نیشــتەجێی کوردســتانی عێراقــن وە بــۆ بەدیهێنانــی ئــەو ڕاســتیە ئــەم دەســتوورە دان دەنێــت بــەوەدا کــە ئــەو کەمایەتیــە نەتەوەیــی و ئاینیانــە بۆیــان هەیــە مومارەســەی مافــی کەلتــوری و ئیــداری و دیموکراتــی خۆیــان بکــەن وەک هەمــوو ڕۆڵەکانــی کــورد.

بڕوامــان بــە ڕاســتی و دادپەروەرانــەی ئــەو ئامانجــە پیرۆزانــەی کــە باســمان کــرد

هەیە، وە لەبەر ڕۆشنایی داوا ڕەواکانی شۆڕشی گەلی کورد کە لە ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ دا هەڵگیرساوە، بە پێویستمان زانی ئێمە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق ئەو ئەنجومەنەی کە لە ناو جەرگەی گەلی کوردەوە هەڵقووڵاوە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش بگرێتە ئەستۆی خۆی، وە یاسا و پەیڕەو دابنێت بۆ ڕێکخستنی و بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕووی سیاسی و سوپایی ودادپەروەری و ئابووری و ئیداری و ڕووەکانیترەوە، ئێمە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە لە ڕۆژی٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ لە (بۆسکێن) پشت بە خوا ئەم دەستورەی خوارەمان دانا و ئیمزامان کرد.....

**مادەی ١:** ئەم ئەنجومەنە ناونرا بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق.

**مادەی٢:** ئەنجومەن بەرزترین دەزگایە لە شۆڕشدا.

**مادەی ٣:** ئەنجومەن پێك دێت لە:-

١. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢. فەرماندەی هێزەکانی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان.

٣. نوێنەری برا مەسیحییەکان.

٤. نوێنەری بەشەکانی تری گەل کورد.

هەروەها بۆ گەورە پیاوان و نوێنەرانی پارتی و نەتەوەکانی تری عێراق، بۆیان هەیە ببن بە ئەندام لەم ئەنجومەنەدا ئەگەر بە کردەوە بەشداربن لە هەڵسوڕاندنی کاروباری شۆڕشدا بۆ بە دیهێنانی ئامانجەکانی پاش پەسەند کردنی ئەنجومەن.

**مادەی ٤:** ئەنجومەن نەخشەی سیاسەتی گشتی شۆڕش دەکێشێت و ئامانجەکانی دیار دەکات و ئەو یاسا و پەیڕەوانەش دادەنێت کە پەیوەندی هەیە بە کاروباری سوپایی و ئابوری و دادپەروەری و ئیداری و زانیاری و تەندروستیەوە لە کوردستانی عێراقدا.

**مادەی ٥:** سەرۆکی ئەنجومەن لەلایەن ئەنجومەنەوە هەڵدەبژێردرێت بە زۆربەی زۆری دەنگ (باکثریة مطلقة) وە ئەویش سەرکردەی گشتی شۆڕشە (القائد العام للثورة).

**مادەی ٦:**

١. ئەنجومەن مەکتەبێکی تەنفیذی پێك دێنێت لە نێوان ئەندامانی خۆیدا بەدەنگ دانی نهێنی کە بریتیە لە (٩) ئەندام جگە لە سەرۆك.

٢. ئەندامی مەکتەبی تەنفیذی پێویستە خۆی تەرخان بکات بۆ هەڵسوڕاندن و بەڕێوەبردنی کاروباری مەکتەب.

٣. مەکتەبی تەنفیذی لە ناوخۆیدا سکرتێرێك هەڵدەبژێرێت بە زۆربەی زوری دەنگەوە ئەو سکرتێرە سەرپەرشتی هەموو کاروباری مەکتەب دەکات.

**مادەی ٧:**

١. کۆبونەوەی ئەنجومەن ساڵ جارێك دەبێت بەڵام بۆی هەیە کۆبونەوەی تایبەتی بکات لەسەر داوای سەرۆك یان بەشی زۆری ئەندامانی ئەنجومەن (اکثریة اعضاء المجلس).

٢. بە ئامادەبوونی زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەنجومەن کۆبونەوە دروست دەبێت (یحصل النصاب).

٣. هەر کاتێك باردوخێکی نالەبار هاتە پێشەوە و ئەنجومەن نەیتوانی کۆ ببێتەوە مەکتەبی تەنفیذی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن بە کاردەهێنێت بۆ ماوەیەك کە لە شەش مانگ تێ نەپەڕێت.

**مادەی ٨:** هەر نەخشە و پڕۆگرامێك ئەنجومەن داینا بێت مەکتەبی تەنفیذی جێبەجێی دەکات خۆشی بەرپرسیارە لە بەردەمیدا.

**مادەی ٩:**

١. ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕاوێژکاری (مشاورین) دەزگا جۆربەجۆرەکانی شۆڕشن بۆیە پێویستە لەسەر کار بەدەستان و لێپرسراوانی شۆڕش هەر کەس لە ناوچەی خۆیدا ڕاوێژیان پێ بکەن لە کاتێك دا کە ئەندامێك یا زیاتر لە ناوچەکەیدا بێت.

٢. بۆ دەزگاکانی خوارەوەی شۆڕش نیە ڕێ وشوێن بگرنە بەر دژی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تەنیا لە کاتێکدا نەبێت کە تاوانێکی ئاشکرا

دەکـەن (فـی حالـة الجـرم المشـهود).

٣. لـە کاتێـدا ئەندامێکـی ئەنجومـەن هەڵبسـتێت بـە کارێـك کـە دژی بەرژەوەنـدی شـۆڕش بێـت ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش یـان مەکتەبـی تەنفیـذی یەکێـك لـەم سـزایانەی خـوارەوەی بەسـەردا دەچەسـپێنێت:

١. سەرنج ڕاکێشان (الفات نظر).

٢. ورياكردنەوە (انذار).

٣. ڕاگرتنی لە کاروبار(التجميد).

٤. دەرکردن (الطرد).

٥. دانان بە دادگای بەرزی شۆڕش (محكمة الثورة العليا) لە کاتی تاوان بارکردنی بە خیانەت.

**مادەی ١٠:** بۆ ئەنجومەن هەیە:-

١. ئالوگـۆڕ لـەم دەسـتورەدا بـکات بـە مەرجێـك دوو لەسـەر سـێی ئەندامانـی پەسـەندی بکـەن.

٢. زیـاد کـردن و کـەم کردنـی ژمـارەی ئەندامانـی مەکتەبـی تەنفیـذی پـاش پەسـەند کردنـی لەلایـەن دوو لەسـەر سـێی ئەندامانیـەوە.

٣. زیـاد کـردن و کەمکردنـی ژمـارەی ئەندامانـی ئەنجومـەن پـاش پەسـەند کردنـی دوو لەسـەر سـێی ئەندامانـی.

**مـادەی ١١:** سـەرۆك جگـە لـەو دەسـەڵاتانەی کـە لـە مادەکانـی تـردا دیارکـراوە ئـەم دەسـەڵاتانەی خوارەوەیشـی هەیـە:

١. سەرۆکایەتی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن و مەکتەبی تەنفیذی.

٢. دانـان و لابردنـی نوێنەرانـی شـۆڕش و کاربەدەسـتانی سـوپای شۆڕشـگێری کوردسـتان پـاش ڕاوێـژ کـردن لەگـەڵ مەکتەبـی تەنفیـذی.

٣. پەسەند کردنی یاسا و پەیڕەو و بڕیارەکانی ئەنجومەن و مەکتەبی تەنفیذی.

٤. بڕیاردانی دەسـت پێکردنەوە و ڕاوەسـتانی شـەڕ و ڕێککەوتن و پێك هاتن پاش پەسـەند

کردنی لە لایان بەشی زۆری ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە.

٥. پەسەند کردنی سزای لە سێدارەدان (اعدام)وە گۆڕینی و کەمکردنەوەی حوکمەکانی تر یا هەڵگرتنی بە تەواوی.

٦. دەرکردنی لێبووردنی تایبەتی (العفو الخاص)وە پەسەند کردنی لێبووردنی گشتی (العفو العام) کە لە لایان ئەنجومەن یا مەکتەبی تەنفیذی وە پێشنیازدەکرێت.

**مادەی ١٢:** لە کاتێکدا سەرۆکی ئەنجومەن لە کوردستان دوور بکەوێتەوە یان نەتوانێت بە ئەرکەکانی سەرشانی هەڵبستێت لەبەر هەر هۆیەك بێت مەکتەبی تەنفیذی دەسەڵاتەکانی ئەو بە کاردەهێنێت.

**مادەی ١٣:** لە کاتی چۆل بوونی شوێنی سەرۆك لەبەر هەر هۆیەك بێت مەکتەبی تەنفیذی کاروبارەکانی ئەو دەگرێتە دەست تا سەرۆکێکی تازە هەڵدەبژێردرێت لە ماوەیەکدا کە لە (٣) مانگ تێنەپەڕێت.

**مادەی ١٤:** ئەنجومەن هەڵناوەشێنرێتەوە تا دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەسەندی نەکەن.

**پاشکۆی هەشتەم**

یاسا کارگێڕییەکانی شۆڕش لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤

**مادەی ١ :** هەرێمی کوردستانی عێراق بە ویلایەتی کوردستان ناودەبرێت

**مادەی ٢:**

أ. ویلایەتی کوردستان دابەش دەبن بۆ پێنج لیوا: دهۆک (بادینان)، هەولێر (ئەربیل)، کەرکووک و سلێمانی و خانەقین-مەندەلی.

ب. ویلایەتی کوردستان لەلایەن ئەنجوومەنێکی باڵای کارگێڕی ویلایەتی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێت کە لە حەوت ئەندام پێکهاتووە: سەرۆکێک و پێنج بەڕێوەبەر و پشکنەری گشتی.

ج. ئەو ناوچانەی کە لە برگەی (ا) ئەم مادەیەدا ئاماژەیان پێکراوە بریتین لە ناوچە ئازادکراوەکان.

**مادەی ٣:** پێنج لیواکە دابەش دەکرێن بۆ یەکەی بچوکتر لە پێی دەڵێن قەزا، و قەزاکانیش دابەش دەکرێن بۆ ناحیە.

**مادەی ٤:**

أ. بەڕێوەبەری "قەزا" لەلایەن دەستەی کارگێڕییەوە دادەنرێت و دەخرێتە سەر ئەنجومەنی باڵای کارگێڕی.

ب. ئەنجوومەنی باڵای کارگێڕی بەڕێوەبەرانی ناحییەکان دیاری دەکات، کە بە بەڕێوەبەرانی قەزاکان دەبەسترێنەوە.

ج. هەر ناحیەیەك لە کۆمەڵێك گوندی ئازادکراو پێك دێت. هەر گوندێك لەلایەن کۆمیسیۆنێک بەڕێوە دەبرێت کە لە سەرۆکێک و دوو ئەندام پێک دێت کە لەلایەن دانیشتوانەوە هەڵبژێردرێن.

**مادەی ٥:** خزمەتگوزارییەکانی سەر بە بەشە کارگێڕییەکان:

أ. لە هەر "قەزایەك"، ئەم خزمەتگوزاریانەی خوارەوە بە بەڕێوبەری "قەزا" دەبەسترێت:

- بەرێوەبەری شارەوانی

بەڕێوەبەری یەکە تەندروستییەکان،

- بەڕێوبەری دارایی، کە ئەم بەشانەی خوارەوە بەڕێوە دەبات:

گومرگ،

موڵکی گشتی و موڵکی بەجێهێڵراو

باج و بەخشین

- ئەفسەری وانەبێژی، ئەگەر بگونجێت.

ب. ئەم خزمەتگوزاریانەی خوارەوە بە بەڕێوەبەرانی "ناحیەکان" دەبەسترێت:

- بەڕێوەبری کاروباری شارەوانییەکان
- بەڕێوبەری دارایی،
- پەرستاری.

**مادەی ٦:** دەسەڵات و ئەرکی فەرمانگەکان کە لە مادەی ٤ دا هاتووە بە پێی یاسا و ڕێنماییەکانی دەستەی کارگێڕی دیاری دەکرێت.

**مادەی ٧ :** ویلایەتی کوردستان سێ بەندینخانەی دەبێت کە بەڕێوەبەرەکانیان لەلایەن دەستەی کارگێڕییەوە دەستنیشان دەکرێن. هەر بەندینخانەیەک پاسەوانی تایبەت بە خۆی دەبێت.

**مادەی ٨:** ویلایەتی کوردستان پێنج پشکنەری دەبێت، بۆ هەر لیوایەک یەک پشکنەر، کە ڕاپۆرت دەدەن بە پشکنەری گشتی ئەنجومەنی باڵای کارگێڕی.

**مادەی ٩:** بەڕێوەبەری دەزگا خزمەتگوزارییەکان لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای کارگێڕییەوە دەستنیشان دەکرێن.

**مادەی ١٠:** دەسەڵات و ئەرکی سەرۆکی بەشە کارگێڕییەکان بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی پەیوەست بە یاسا و ڕێنمایی پەیوەندار دیاری دەکرێت.

**مادەی ١١:** مەرجەکانی بوون بە ئەندام لە ئەنجومەنی کارگێڕی یان بەڕێوەبەری

کارگێـڕی بەم شـێوەیەن:

أ. پاڵێوراو دڵسۆز بێت بۆ گەلی کورد

ب. دەبێت کەسایەتیەکی باش بێت،

ج. دەبێت تەمەنی لانی کەم ٢٥ ساڵ بێت.

**مادەی ١٢:** دارایی یەکە کارگێڕییەکان:

أ. دارایـی هـەر یەکەیـەک لـە داهاتـی ئـەو خزمەتگوزاریانـەی پێـوەی بەسـتراوە وەردەگیرێـت.

ب. ئەم داهاتانە دەنێردرێن بۆ دەستەی کارگێڕی.

**مـادەی ١٣:** ئـەو بـڕە پارەیـەی بـۆ خەرجیەکانـی یەکـە کارگێڕییـەکان تەرخـان دەکرێـت بەپێـی ڕێوشـوێنی دیاریکـراو لـە یاسـا و ڕێنماییـە تایبەتەکانـدا بـەکار دەهێنرێـت. (ئەرشـیف، وەرگێـڕان لـە عەرەبـی)

**پاشکۆی نۆیەم**

پوختـەی یاداشـتنامەی ١ی ١ی ١٩٦٦ لـە ژەنـەڕاڵ بارزانییـەوە بـۆ سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، بـۆ شـاندەکانی دەوڵەتـە ئەندامـەکان، بـۆ کۆمیسـیۆنی مافـی مـرۆڤ و کۆمیسـیۆنی هەڵوەشـاندنەوەی کۆلۆنیالیـزم

ژەنـەڕاڵ بارزانـی ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە شـەڕی کوردسـتان لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانـی درێژتـر دەخایەنێـت. هەروەهـا بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە ئـەو چەکانـەی حکومەتـی عێـراق لـە دژی گەلـی کـوردی ئاشـتیخواز بـەکاری هێنـاوە مۆدێـرنتر و وێرانکەرتـرن لـەو چەکانـەی کـە لـە دوو جەنگـی جیهانیـدا بەکارهـێنراون.

گەلەکەمـان ڕووبـەڕووی سیاسـەتێکی ڕەگەزپەرسـتی ترسـناک دەبێتـەوە کـە نادادپـەروەری، تۆڵەسـەندنەوە، کۆمەڵکـوژی، تاڵانکـردن، دوورخسـتنەوە، وێرانکـردن و سـوتاندنی تـەواوی گونـدەکان بـە زەوییـە کشـتوکاڵییەکانیان نیشـان دەدرێـت. شـکۆمەندیمان وەک نەتەوەیـەک لـە ژێـر هێرشـدایە، جارێکـی تـر داواتـان لێدەکـەم چونکـە حکومەتـی عێـراق بەردەوامـە لـە پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی "زەوی سـوتاو" لـەم چوارچێوەیـەدا، حکومەتـی عێـراق بـە ئەنقەسـت گونـدە کوردنشینەکانی وێـران کـردووە، کێڵگەکانیـان سـووتاندووە و دانیشـتووانەکەی ناچـار کـردووە هەڵبێـن بـۆ ئـەوەی ژیانـی ئاسـایی لـەو ناوچانـەدا مەحـاڵ بـکات، کـە دەبێتـە هـۆی ئاوارەبوونـی دەیـان هـەزار کـورد پـاش بۆردومانـی گوندەکانیـان و تاڵانکردنـی موڵکەکانیـان.

بارزانـی جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە گەلـی کـورد ئازارێکـی زۆری چەشـتووە، تەنانـەت لـەوەش سـەختترە لـەوەی کـە لـە سـەردەمی کۆلۆنیالیـزم بەسـەریدا هاتووە:

بارزانـی هیـوای خواسـت نەتـەوە یەکگرتـووەکان و وڵاتانـی ئەنـدام بڕیـار و ڕێوشـوێنی داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی گەلـی کـوردی چەوسـاوە بگرنەبـەر(...). مـن بـە فەرمـی بـە نـاوی خـۆم و بـە نـاوی گەلـی کـوردەوە داوا لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەکـەم لێژنەیەکـی لێکۆڵینـەوە بنێرێـت بـۆ کوردسـتان بـە مەبەسـتی هەڵسـەنگاندنی بـارودۆخ و زامنکردنـی دادپـەروەری بـۆ گـە لـی کـورد وەک چـۆن لـەو ناوچانـەی دیکـەی جیهـان کـە قەیـران و ناسـەقامگیری هەیـە دەسـت تێـوەردان دەکـەن.

یاداشـتەکە بەڵگەنامەیەکـی تێدایـە کـە ڕوونـی دەکاتـەوە چـۆن حکومەتـی عێـراق

سیاسـەتی ڕەگەزپەرسـتانە دژی گەلـی کـورد پەیـڕەو دەکات. ئـەم بەڵگەنامەیـە چەندیـن نموونـەی بەرجەسـتەی ئـەم جیاکارییـە دەخاتـەڕوو:

سیاسـەتی "زەوی سـووتاو" پیلانێکـی حکومەتـی عێراقـە بـۆ سـوتاندنی تـەواوی گونـد و کێڵگـە کشـتوکاڵییە کوردییـەکان، ئـەم پلانـە لـە سـەرەتای تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٥ بڕیـاری لەسـەر درا و لـە ٦ ی تشرینـی یەکەمـدا دەسـتی بـە جێبەجێکـردن کـرد، بەتایبەتـی لـە چەنـد ناوچەیەکـی وەک چەمچەمـاڵ، تۆزخورماتـو، کفـری، شـوان، بالیسـان، قـەرەداغ، دۆسـکی، سـلیڤان و پێنجوێـن.

یاداشـتەکە ئـەم سیاسـەتە بـە هێنانـەوەی چەنـد نموونەیەکـی بەرجەسـتە ڕوون دەکاتـەوە. بەتایبەتـی ئامـاژە بـە یـازدە نامـە دەکات کـە ئاڵوگـۆڕی نێـوان یەکەکانـی سـوپای عێـراق و فەرماندەییـە. کـە دەزگا کوردییـەکان توانیویانـە دەسـتیان بـەو پەیامانـە بـگات کـە لـە نێـوان یەکەکانـی سـوپای عێـراق و فەرماندەییەکانیانـدا نێـردراوە. پاشـان وەرگێـڕان یـان لێکدانەوەیـان بـۆ تێگەیـشتن لـە ناوەرۆکەکەیـان. ئەمـەش وای لێکـردن بەڵگـە بەدەسـت بهێنـن لەسـەر ئـەو فەرمانانـەی کـە بـۆ سـوتاندنی گونـدە کوردییـەکان دراوە. ئەمانـە سـێ لـەم پەیامانـەن:

"لە: بەتالیۆنی ٢، ژمارە F، لە ڕێکەوتی ٩ی تشرینی دووەم.

بۆ: فەیلەقی ٢

فەرمانـەکان جێبەجـێ کـران، ئـەم گوندانـەی خـوارەوە سـوتێنران: ئەسـکەندەر-بەگ، کاریجـۆت، دیلۆسـانا".

"لە: فەوجی ١، ژمارە ٥، لە ڕێکەوتی ٩ی تشرینی دووەم.

بۆ: فەیلەقی ٢

ئیـدارەی خۆجێـی ڕازی نییـە هەمـوو گونـدەکان بسـوتێنرێن. بـەڵام ئێمـە فەرمانـەکان جێبەجـێ دەکەیـن".

"لە: فەیلەقی ٢، ژمارە ٩٢، لە ڕێکەوتی ١٢ تشرینی دووە.

بۆ: بارەگای گشتی ئۆپەراسیۆنەکان و بنکەی ئاسمانی کەرکووک:

داواتـان لێدەکەیـن بـە زووتریـن کات هێرشـی ئاسمانـی زیاتـر بـە بۆمبـی سـووتێنەر بـۆ سـەر گوندەکانـی کامـژوگا و سـارمۆرد ئەنجـام بدەیـن".

یاداشتنامەکە لیستی ٢٦٨ گوندی "کە تازە سوتاون" لەخۆ دەگرێت.

٢. سیاسەتی فاشیستی بە عەرەبکردن:

حکومەتـی عێـراق پلانـی دانـاوە بـۆ جێگیرکردنـی هـۆزە عەرەبـە دەشـتەکییەکان لـە گونـدە کوردنشـینەکان ،ئەمـەش گوندەکانـی ناوچەکانـی کەرکـوک و هەولێـر و خانەقیـن ڕوویـدا ئـەم نیشـتەجێبوونە بەشـێک بـوو لـە سیاسـەتی تەعریـب کـردن، کـە ئامانجـی جێگرتنـەوەی دانیشـتوانی کـورد بـوو بـە عـەرەب. کـوردەکان لـە خاکەکانیـان ئـاوارە بـوون و هـۆزە عەرەبییـە نوێیـەکان لـە جێیـان نیشـتەجێ بـوون، ئـەوەش پێکهاتـەی گوندەکانـی گـۆڕی و بوونـی کوردەکانـی لـەو ناوچانـە لاواز کـرد.

٣. ئاسـتەنگ و بەربەسـتەکانی ڕێگریکـردن لـە دانیشـتوانی گوندنشـینی کـورد لـە دەسـتڕاگەیشتن بـە دەرمـان:

بەرپرسانی حکومەتـی بەغـدا فرۆشتنی دەرمـان لـە شـارە کوردییەکانـی وەک کەرکووک و سـلێمانی و هەولێـر و خانەقیـن بـە دانیشـتووانی گونـدەکان قەدەغـە دەکـەن، مەگـەر ڕەچەتـەی پزیشـکی حکومـی شـارەکەیان پێبێـت. دەرمانسـازان دەبێـت ئـەم ڕێچەتانـە بپارێـزن بـۆ ئـەوەی سـوپا کۆنترۆڵیـان بـکات. ئـەم ڕێوشـوێنە بـە تـەواوی دانیشـتوانی گونـدە کوردنشـینەکان لـە دەسـتکەوتنی دەرمـان بـێ بـەش دەکات. یاداشـتنامەکە ئامـاژە بـە نامەیەکـی فەرمـی ژمـارە ١٠٦٠ی فەرماندەیـی سـەربازی عێـراق دەکات لـە ١٧ ی ئابـی ١٩٦٥ کـە ئـەم ڕێنماییـە ڕوون دەکاتـەوە.

٤. گەمارۆی ئابووری و سیاسەتی برسیکردن دانیشتوانی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقی.

٥. جیاکاری ڕەگەزی:

دەسـتەواژەی "کـورد بـووە بـە هاووڵاتـی پلـە دوو" گوزارشـت لـە بارودۆخێـک دەکات کـە کـورد وەک هاووڵاتییەکـی کـەمتر یـان کـەمتر مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکرێـت بـە بـەراورد لەگـەڵ گروپـە نەژادییەکانـی تـر وەک عـەرەب لـە چوارچێـوەی عێراقـدا. (ئەرشـیف : لـە زمانـی عەرەبییـەوە وەرگێـردراوە).

**پاشکۆی دەیەم**

ڕێککەوتننامەی ئاگربەستی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦

**دەقی بەیاننامە**

ئەم حکوومەتە و لەبەر حەزکردنی بە کۆتایی پێهێنانی ئەو بارودۆخە نا سروشتییە لە هەندێک ناوچەی باکوور هەروەک لە بڕگە چواری نووسراوی ڕوولێنانی پێکهێنانی وەزارەتدا هاتووە، ئەو بڕگەیەی بانگەشە بۆ پارێزگاری کردن لە یەکیەتیی خاکی عێراق و جەختکردن لەو یەکگرییەی لە نێوان عارەب و کورددا- ئەو یەکگرییەی بەسەریاندا دەسەپێنێ کە بە ڕاستگۆیی و خۆگری کار بۆ بەرژەوەندی نیشتمانەکەیان بکەن- ئەم حکوومەتە ئەم بەرنامەیەی خوارەوە ڕادەگەیەنێت و لە هەمان کاتیشدا بڕیاری بنەڕەتیی خۆی جاڕ دەدات بۆ پابەندبوون بەو بەرنامەیە و پیادەکردنی بەدەق و ناوەڕۆکەوە بە نێزیکترین کات کە لە توانادا بێت:

١. حکوومەت بە دڵنیایی بێ سێ و دوو دان بە نەتەوایەتیی کورددا دەنێت لە دەستووری کاتیی هەموارکراودا و ئامادەشە بۆ جەختکردن لەسەر ئەو دانپیانانە و ڕوونکردنەوەی لە دەستووری هەمیشەییدا، بە جۆرێک ببێتە نەتەوەی کورد و مافە نەتەوەییەکانی کورد لە یەک نیشتیمانی عێراقیدا کە دوو نەتەوەی سەرەکی دەگرێتە خۆ-عارەب و کورد- کورد و عارەب و کوردیش لە ماف و ئەرکدا یەکسان دەبن.

٢. حکوومەت ئامادەیە لە یاسای پارێزگاکان کە لەسەر بنچینەی (لا مەرکزی) جاڕ دەدرێت بوونی ڕاستەقینە بەم ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە ببەخێشت و هەموو پارێزگا و قەزا و ناحیەیەک کەسیەتیی بەشداریی خۆیان هەیە کە دانیان پیا دەنرێت، هەروەها هەر یەکەیەکی کارگێڕی، لەوەش زێتر، ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی خی دەبێت کە دەسەڵاتی بەرفراوانی لە بواری فێرکردن و تەندروستی و گەلێکی تر لە کاروباری ناوخۆیی و شارەوانیدا، دەبێت، هەروەک یاسای ئاماژە بۆکراو بە دوور و درێژی لێی دەدوێ و یاساکەش دەسەڵاتی هێنانە کایەی هەموارکردن دەدات بۆ خۆی لە نێو چوارچێوەی یەکە کارگێڕییەکاندا، هەروەها دەسەڵاتی پێکهێنانی یەکەی کارگێڕیی تازەی پێ دەدرێت، ئەوە ئەگەر بەرژەوەندیی گشتی پێویستیی بەوە کرد.

٣. پێویست بەوە ناکات بڵێین حکوومەت دان بە زمانی کوردیدا دەنێت وەک زمانێکی ڕەسمی شان بەشانی زمانی عارەبی لەو ناوچانەی زۆرینەی کوردیدا تێدا دادەنیشن و خوێندنیش بە هەردوو زمان دەبێت بە پێی ئەوەی یاسای شارەوانییەکان دیاری دەکەن.

٤. ئەم حکوومەتە نیازی وایە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەو ماوەیەدا بکات کە دەستووری کاتی و بەیاننامەی وەزاری دیارییان کردووە و کوردیش بە ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی لە ئەنجوومەنی نیشتیمانیدا نوێنەری دەبێت بە پێی ئەو ڕێبازەی لە یاسای هەڵبژاردندا باسی لێوە کراوە.

٥. پێویست بەوە ناکات بڵێین کوردیش لە هەموو پلە و پایە گشتییەکاندا بە پێی ژمارەی دانیشتوانیان بەشداریی برا عارەبەکانیان دەکەن، لەوانەش وەزارەتەکان و فەرمانگە گشتییەکان و پایەی قەزایی (دادوەری) و دیپلۆماسی و سەربازی لەگەڵ ڕەچاوکردنی بنەمای لێهاتوویی و لێوەشاوەیی.

٦. ژمارەیەک (منحە)ی خوێندن و قوتابی ناردنە دەرەوە بۆ وەرگرتنی تایبەتندایەتی لە بواری لێهاتوویی کەسایەتیی پێویست بۆ وەڵات، دەدرێ بە کورد و زانکۆی بەغداش بایەخێکی تایبەتی بە خوێندنی زمان و ئەدەب و نەریت و باوەڕ و مێژووی کورد دەدات، لە هەمان کاتیشدا زانکۆی بەغدا پڕۆژەیەکی خۆی لە باکوور دەکاتەوە، ئەگەر پارەی پێویست بۆ ئەو مەبەستە هەبوو.

٧. پێویست بەوە ناکات بڵێین کە فەرمانبەرەکانی حکوومەت لە پارێزگا و قەزا ناحیە کوردییەکان کورد دەبن هەر کاتێک ژمارەی پێویست بۆ ئەمە هەبوو و ئەو جۆرە فەرمانانە بە کەسی تر نادرێن، تەنیا مەگەر لەو بەرژەوەندیی ناوچەکەدا بێت.

٨. ژیانی پەرلەمانی وا پێویست دەکات ڕێکخراوی سیاسی دیاریکراو هەبێت و ڕۆژنامەوانییش (صحافە) مافی ئەوەی هەیە خواست و ئارەزووی گەل دەبڕێت و کوردیش بەشداری لەو مافەدا دەکەن لە چوارچێوەی سنووری یاسادا. ڕۆژنامەی سیاسی و ئەدەبی لە ناوچە کوردییەکاندا بە زمانی کوردی، یان زمانی عارەبی بە پێی داواکاریی کەسانی پێوەندیدار.

٩.

أ.  هــەر کاتێــک کاری توندوتیــژی بوەســتێت، ئــەوا لێبووردنێکــی گشــتی بــۆ هەمــوو ئەوانــە دەردەچێــت کــە لــە باکــووردا بەشــدارییان لــەو کارانــەدا کــردووە و پێوەندییــان پێیانــەوە هەبــووە، هەروەهــا بــۆ هەمــوو ئەوانــەش کــە حوکــم دراون لەبــەر بەشــداربوونیان لــە کاری توندوتیژیــدا یــان پێوەندییــان پێیانــەوە هەبــووە و، لــە هەمــان کاتیشــدا هەمــوو ئەوانــەی کــە ئازادییــان کــۆت کــراوە.

ب. هەمــوو بەرپــرس و فەرمانبــەرە کــوردەکان دەگەڕێنــەوە بــۆ فەرمانەکانــی پێشــوویان و دامەزراندیــش بــە شــێوەیەکی دادپەروەرانــە دەچێــت بەڕێــوە.

ج. حکوومــەت هەرچییەکــی لــە توانایــدا هەبــێ بــۆ گەڕاندنــەوەی گشــت کرێــکارە کــوردەکان بــۆ ســەر کارەکانیــان، دەیــکات.

١٠. هەمــوو هەڵاتووەکانــی هێــزە چەکــدارەکان لــە چوارچێــوەی ئــەو مەرجانــەی لــە خــوارەوەدا نــووسراون، دەســبەجێ بەدەرچوونــی ئــەم بەیاننامەیــە دەگەڕێنــەوە بــۆ یەکەکانــی خۆیــان، بــە مەرجێــک ئــەم کارە لــە مــاوەی دوو مانگــدا جێبەجــێ بکرێــت و ئــەو گەڕاوانــەش بــە سۆزەوە مامەڵەیــان لەگەڵــدا دەکــرێ و لێبووردنێکــی تایبەتییــان بــۆ دەردەچێــت. مەرجەکانیــش ئەمانــەن:

أ.  هەموو ئەوانەی لە سوپادا بوون دەبێت بە خۆیان و بە چەکەکانیانەوە بگەڕێنەوە.

ب. هەمــوو ئەوانەیــش کــە پۆلیــس بــوون، دەبــێ بــە خۆیــان و بەچکەکانیانــەوە بگەڕێنــەوە بــۆ هێــزی پۆلیــس.

ج. گشــت ئــەو مەدەنییانــەی لــە مــاوەی توندوتیژیــدا چەکیان هەڵگرتــووە بــە ڕێکخراوێکی ســەر بــە دەوڵــەت دادەنرێــن و حکوومــەت یارمەتییــان دەدات بــۆ دەســت پێکردنەوەی کارە ئاســاییەکانیان و تــا ئەمــەش جێبەجــێ دەبێــت، ئــەوا حکوومــەت لێیــان بەرپــرس دەبێــت و پێویســتە لەســەر هەمــوو ئەوانــەی دەســت بــە کارە ئاســاییەکانی خۆیــان دەکەنــەوە گشــت چــەک و فیشــەک و شــتی تــری لــەم بابەتەیــان بدەنــەوە حکوومــەت بــە پێــی پلانێــک کــە بــۆ ئــەم مەبەســتە ئامــادە دەکرێــت.

د.  هێزی سوارە (الفرسان) لە کاتی دابین بوونی ئاشتیدا دەگرێنەوە مەڵبەندەکانی خۆیان و چەکەکانیشیان بە پێی پلانێک کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکرێت لێ دەسەنرێتەوە.

١١.پێویست بە گوتن ناکات کە ئەو پارەو پولەی بۆ لە ناو بردنی کاری توندوتیژی، بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات، خەرج دەکرێت، بۆ ئاوەدان کردنەوەی باکوور تەرخان دەکرێت و دەستەیەکی تایبەتیش بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردییەکان پێک دەهێنرێت و پارەی پێویستیش بۆ ئەو دەستەیە تەرخان دەکرێت بۆ وەدیهێنانی کار تەواو کردن لەو پارەیە کە دانراوە بۆ جێبەجێ کردنی پلانی گەشەکاری بۆ وڵات. وەزیرێکی تایبەتیش دادەنرێت بۆ چاودێری کردنی ناوچە گەلی هاوینەهەوارەکان و لێڕەوار و تووتن چاندن و لە هەمان کاتیشدا سەرپەرشتی کاروباری ئەو یەکە کارگێڕییانە دەکات کە کورد زۆرینەی دانیشتوانیان تێدا پێک دەهێنن و ئەو کاروبارانەش لە ناخی گیروگرفتی کوردەوەن وەک ڕۆشنبیری و زمانی کوردی، حکوومەت ئەوەی لە تاوانایدا بێت دەیکات بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی بۆ هۆی کاری توندوتیژییەوە زیانیان لێ کەوتووە تا بتوانن کارە ئاساییەکانی خۆیان لە سایەی ئاشتی و ئاسایشدا بکەن لە پێناو وەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و گەشە کردن. هەروەها حکوومەت لە ڕووی نیشتیمانی و مرۆڤایەتییەوە ژیانی هەتیو و بێوەژنەکان و هەموو ئەوانەی لە ئەنجامی ئەو توندوتیژکارییانەوە لە بەشی باکووری نیشتیمان تووشی پەککەوتەیی و کەم ئەندامی بوون دەگرێتە ئەستۆ و، لە هەمان کاتیشدا حکوومەت بە زووترین کات پەناگە و پەیمانگەی پیشەیی دەکاتەوە.

١٢.حکوومەت هەوڵ دەدات بۆ نیشتەجێکردنەوەی هەموو ئەو کەس و کۆمەڵانەی کە ناوچەکانی خۆیان جێ هێشتووە، ئان لێیان هەترەکراون و دوورخرانەونەتەوە، بۆ ڕەخساندنی بارۆدۆخێکی ئاسایی. خۆ ئەگەر حکوومەت بینی لە دواڕۆژدا وا پێویست دەکات بە کڕین دەست بەسەر هەندێک کەلوپەلدا بگرێت، دەبێ ئەم کارە بە قەرەبوو کردنەوەیەکی خێرا و عادیلانە بێت.

## پاشکۆی یازدەهەم

بەڵگەنامەی E/SR. ١٢٧٨ی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١١ ی تەمووزی ١٩٦٣ باس لە گفتوگۆکانی ئەنجومەنەکە دەکات لە ٣٦ مین کۆبوونەوەی خۆی لە جنێڤ. ئەم گفتوگۆیانە تیشک دەخەنە سەر داواکاری یەکێتی سۆڤیەت بۆ خستنە ناو ئەجێندای کاری "سیاسەتی جینۆسایدی حکومەتی عێراق دژی گەلی کورد". بەڵگەنامەکە بە ناونیشانی "پوختەی تۆماری کۆبوونەوەی ١٢٧٨" لە ١٩ لاپەڕە پێکهاتووە. ئەمەی خوارەوە خاڵی سەرەکی و پوختەی گفتوگۆکانە:

سەرۆک داوای لە ئەنجومەنەکە کرد بۆ تاوتوێکردنی داواکاری یەکێتی سۆڤیەت کە لە بەڵگەنامەی E/٣٨٠٩ دا هاتووە.

بەڕێز ئارکادییێڤ لە یەکێتی سۆڤیەت داواکارییەکەی بە پێی ماددەی ٦٢ی دەستوور ڕوونکردەوە. پێش ئەوەی باس لە کردەوەکانی جینۆساید بکات، دەڵێت ئەو ڕاستیانە زۆر ڕوون و ئاشکران(...)، کە زانیاری دەربارەیان دەتوانرێت لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی وەک Le Monde و New York Herald Tribune دەست بکەوێت(...).

بەڕێز نەهروی هیندستان (لەگەڵ بەڕێز جەوهەرلال نەهروی سەرۆک وەزیرانی پێشوو تێکەڵ نەکرێت) گوتی کە ئەو سەرسام بووە بە هەندێک لە مشتومڕەکان، بەتایبەتی لەسەر برسە یاساییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا(...) هیندستان پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ حکومەت و گەلی عێراقدا هەیە(...). بێگومان ناکۆکی هەیە، بەڵام کێشەیەکی ناوخۆییە. بەهۆی دۆستایەتی نێوان هەردوو وڵاتەوە، هیندستان تاڕادەیەك هەست بە نیگەرانییەک دەکات.

بەڵام(...) هیندستان دەیەوێت یارمەتیدەر بێت لە دروستکردنی کەشێکی ئاشتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە(...). هیندستان هیواخوازە کە حکومەت و گەلی عێراق بتوانن خۆیان کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بەڕێز نەهرو پێی وایە ئەم حکومەتە و ئەم گەلە نایانەوێت ململانێ بکەن(...). وەک وڵاتانی تری ئەفریقا و ئاسیا، لەو نێوانە هیندستانیش، ئەوانیش پێیان باشترە کار بۆ گەشەپێدانی وڵاتەکەیان بکەن.

لەبەر هەموو ئەم هۆکارانە، نەهرۆ باوەڕی وایە کە نابێت هیچ گفتوگۆیەک

بکرێتەوە، بۆیە هیندستان ناتوانێت پشتگیری لە پێشنیازەکەی یەکێتی سۆڤیەت بکات. بە پێچەوانـەوە، بەڕێـز نەهـرو داوای لە وەفدی سـۆڤیەت کـرد واز لە بیرۆکەکـەی بهێنێت(...).

بەڕێـز ئەلفـارا لـە وەفـدی ئـوردەن ڕوونـی کـردەوە کـە ئـەو پرسـەی لێـرەدا باسـی لێـوە دەکرێـت، پرسـێکی ڕێکارییـە، بۆیـە بڕیـار نەبـوو نموونـەی نوێنـەری سـۆڤیەت وەربگرێـت کـە دەیەوێـت باسـی وردەکارییەکانـی کێشـەکە بـکات. هەروەهـا وەڵامـی ئـەو تۆمەتـە زۆر زیادەڕەوییـە ناداتـەوە کـە یەکێتـی سـۆڤیەت دەیخاتـە ڕوو(...). ئاماژەی بەوەشـکرد، ئـوردن ئەرکـی لەسـەر شـانە بڵێـت: ئـەو تۆمەتانـە زۆر جددیـن و تەنانـەت ناچنـە چوارچێـوەی دەسـەڵاتی ئەنجومەنـەوە(...). لـە بنەڕەتـدا ئـەوە کاری ئەنجومـەن نییـە کـە مامەڵـە لەگـەڵ ئەمـەدا بـکات.

هیـچ پرسـێکی لـە جینۆسـاید لـە عێراقـدا نییـە، ئەگـەر گروپێکـی بچـووک یـان بەشـێکی بچووکـی دانیشـتوان لـە وڵاتێکـدا بـە هاندانـی بریکارێکـی بیانـی ڕێـز لـە یاسـا و ئاسایشـی گشـتی نەگـرن، ئـەوە مافـی سـەروەری دەوڵەتـە کـە ڕێوشـوێنی پێویسـت بگرێتەبـەر بـۆ دڵنیابـوون لـە ڕێزگرتـن لـە یاسـا و ئاسایشـی گشـتی. بەڕێـز ئەلفـارا نموونـە ناهێنێتـەوە، چونکـە پێـی وایـە نوێنـەری سـۆڤیەت بـاش دەزانێـت باسـی چـی دەکات. تەنیا بڕگـەی ٧ ی مـادەی ٢ ی دەسـتوور بەبیـر دەهێنێتـەوە کـە بـە ڕوونـی دەڵێـت نەتـەوە یەکگرتـووەکان مافـی دەسـتوەردانی لـە کاروبـاری ناوخـۆی و سـەروەری هیـچ وڵاتێـک نییـە.

نوێنـەری سـۆڤیەت چەنـد جارێـک لەبـارەی پەیماننامـەی دژی جینۆسـاید قسـەی کـرد. (...) بـەڵام بەپێـی مـاددەی نۆیـەم، ئەگـەر ناکۆکـی لەسـەر لێکدانـەوە، پەیڕەوکـردن یـان جێبەجێکردنـی ئـەم پەیماننامەیـە هەبێـت، دەبێـت بنێردرێتـە دادگای دادوەری نێودەوڵەتـی، ئەگـەر یەکێـک لـە لایەنـەکان داوای کـرد(...).

نوێنـەری یەکێتـی سـۆڤیەت ئامـاژەی بـە مـاددەی ٦٢ ی دەسـتوور کـرد(...). بـەڵام (...) ئەوانـەی دەسـتوورەکەیان نووسـیوە هەرگیـز نەیاندەویسـت ئەنجومەنەکـە بتوانێـت حوکـم لەسـەر سیاسـەتی ناوخـۆی وڵاتانـی ئەنـدام بـدات.

داواکاریـی یەکێتـی سـۆڤیەت یەکـەم داواکارییـە لـە مێـژووی ئەنجومەنەکـەدا. ئـوردن هیواخـوازە ئەنجومەنەکـە بڕیارێکـی ڕوون و بەهێـز بـدات، دەبێـت دەسـتبەجێ ئـەم داواکارییـە ڕەتبکاتـەوە.

بەڕێـز هاجیـک شـاندی چیکۆسـلۆڤاکیا گوتـی کـە ئـەو بـە مشـتومڕی هیندسـتان و ئـوردن ڕازی نەبـووە(...). بـە وتـەی ئـەو ئـەو ڕاسـتیانەی شـاندی یەکێتـی سـۆڤیەت پێشکەشـی دەکات و ڕۆژانـە لـە میدیاکانـی جیهـان بڵاو دەکرێنـەوە، بـە ڕوونـی نیشـانی دەدەن کـە ئەمانـە کـردارن، کـە لـە مـادەی دووەمـی پەیماننامـەی ڕێگریکـردن و سـزادانی جینۆسـاید هاتـوون.

لـە وەڵامـی نوێنـەری شـاندی ئوردەنـدا کـە گوتـی ئەنجومەنکـە مافـی مامەڵەکردنـی لەگـەڵ ئـەم پرسـە نییـە (لەسـەر بنەمـای مـادەی نۆیـەم)، بەڕێـز هاجیـک ئامـاژەی بـەوەدا کـە مـادەی هەشـتەم دەڵێـت هـەر لایەنێکـی ئەنـدام دەتوانێـت پرسـەکە بنێرێـت بـۆ دەزگا پەیوەندیدارەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ گرتنەبـەری ڕێوشـوێنی گونجـاو لـە دژی جینۆسـاید بەپێـی پەیماننامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان(...). لەبەرئـەوە چیکۆسـلۆڤاکیا پشـتگیری لـە پێشـنیازەکەی شـاندی یەکێتـی سـۆڤیەت دەکات، هـەم لـە ڕووی ڕێوشـوێن و هـەم لـە ڕووی ناوەڕۆکـی کەیسـەکەوە.

بەڕێـز ئارکادییێـڤ نوێنـەری یەکێتـی سـۆڤیەت پێـی وابـوو کـە ئـوردەن بیانـووی دەهێنێتـەوە بـۆ ڕێگریکـردن لـە ئەنجومـەن لـە وەرگرتنـی بڕیارێکـی گرنـگ لەسـەر کێشـەیەکی زۆر جـدی و بەپەلـە(...). ئـوردن دەڵێـت یەکێتـی سـۆڤیەت تۆمەتـی درۆ دەخاتـەڕوو. تەنانـەت ئەگـەر یەکێتـی سـۆڤیەت تاکـە لایەنیـش بێـت کـە دروسـتیان بـکات، بەرپرسـیارێتییان لـە ئەسـتۆ دەگرێـت و ئەنجومەنیـش ناتوانێـت ئـەم بابەتـە پشـتگوێ بخـات، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا؛ تەنیـا ڕاگەیاندنـەکان و کـوردەکان ئـەو قسـانە پشتڕاسـت دەکەنـەوە کـە یەکێتـی سـۆڤیەت دەیڵێـت(...). بەڕێـز ئەرکادییێـڤ تێنـاگات بۆچـی ئـوردەن هەمـوو شـتێک دەکات بـۆ ئـەوەی ڕێگـری لـە ئەنجومەنکـە بـکات لـە یارمەتیدانـی کـوردەکان. ئەگـەر بـۆ پشـتگیری و هاوسـۆزی وڵاتانـی عەرەبـی بێـت، ئـەو بیرمـان دەخاتـەوە کـە گرنگتریـن شـت یارمەتیدانـی هەمـوو گەلانـی جیهانـە(...).

نوێنەری هیندستان گوتی تێگەیشتووە لەو هەستە و دەڵێت بۆچی یەکێتی سۆڤییەت باس لە کێشەی کورد دەکات، بەڵام ئەمە بەس نییە. لە نێو هەموو ئەندامانی ئەنجومەنەکە، ئەوە هیندستانە کە دەبێت زۆر نیگەران بێت، چونکە هەموو ساڵێک حکومەتەکەی ئیدانەی توندوتیژی و جینۆسایدی هیندییەکان دەکات لە ئەفریقای باشوور. یەکێتی

سۆڤیەت هەمیشە پشتگیری هیندستان کردووە لەم تێکۆشانە بۆ پاراستنی هیندییە ڕەسەنەکانی ئەفریقای باشوور، بۆیە بەڕێز ئارکادییێڤ تێناگات بۆچی هیندستان بە هەمان شێوە پشتگیری لە هەوڵەکانی یەکێتی سۆڤیەت ناکات بۆ بەرگری کردن لە کوردەکان کە لە دۆخێکی هاوشێوەدان، بۆیە بۆ ئەو نەبوونی مرۆڤایەتی و دادپەروەرییە(...).

یەکێتی سۆڤیەت لە بەرامبەر ئەم کێشە جدییە بێدەنگ نابێت. ئەگەر ئەنجومەنەکە ڕەتی بکاتەوە ئەوا بابەتەکە دەباتە بەردەم کۆمەڵەی گشتی و ڕێکخراوەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان(...).

ئەنجومەنەکە باش دەزانێت کە مافی ئەوەی هەیە قسە لەسەر کێشەی کورد بکات، چونکە پێشتر مامەڵەی لەگەڵ مەسەلەی هاوشێوەی دیکەی مافی مرۆڤ و گەلانی تر کردووە. لەوەتەی ئەنجومەنەکە پەیماننامەیەکی دژ بە جینۆساید داڕشتووە، ئاشکرایە کە دەسەڵاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە کێشانەدا هەیە.

بەڕێز واکوایا نوێنەری ئەسیوپیا گوتی: وڵاتەکەی دەیەوێت ڕێوشوێنی خێرا بگیرێتەبەر دژی جینۆساید بێ گوێدانە کاتی و لە کوێ ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتی ڕوو دەدات(...). ئەو پێی وایە ئەنجومەنەکە ئەرکی هەیە مامەڵە لەگەڵ ئەم تاوانانە بکات. بەداخەوە؛ سەرەڕای چەندین داواکاری بەردەوام لەم ساڵانەدا، ئەنجومەنەکە هێشتا هیچ شتێکی نەکردووە سەبارەت بەو جینۆسایدە ئاشکرایەی پورتوگال لە ئەنگۆلا و ئەفریقای باشوور دژی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەنجامیانداوە.

هەرچەندە زەحمەتە بڵێین ئایا ئەوەی لە عێراق ڕوودەدات بەڕاستی جینۆسایدە یان نا (...)، بۆیە شاندی ئەسیوپیا پێی باشە چاوەڕێی زانیاری زیاتر بکات پێش تاوتوێکردنی پرسی کورد(...).

بەڕێز هاجیک لە شاندی چیکۆسلۆڤاکیا ئاماژەی بەوەدا کە ئەسیوپیا ڕازی بووە کە ئەنجومەنەکە مامەڵە لەگەڵ جینۆسایدەکانی ئەنگۆلا و ئەفریقای باشوور بکات(...)، بەڵام ئەگەر ئەنجومەن کارێک بۆ کورد نەکات، ئەوا جیاکارییە لە بەرامبەر گەلی کورد، ئەوە وێنەیەکی خراپ بە ئەنجومەنەکە دەبەخشێت(...). بۆیە چیکۆسلۆڤاکیا داوا لە ئەنجومەنەکە دەکات پێشنیازەکەی یەکێتی سۆڤیەت بە جدی وەربگرێت و زۆر بە خێرایی ڕەتی نەکاتەوە(...).

لای خۆیـەوە بەڕێـز نەهـرو نوێنـەری هیندسـتان ڕەخنـەی یەکێتـی سـۆڤیەتی لـە دژی وڵاتەکـەی قبـوڵ نەکـرد(...).

بەڕێـز ئارکادییـڤ لـە شـاندی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە قسـە و بیانووەکانـی نوێنـەری هیندسـتان تێنەگەیشـت. یەکێتـی سـۆڤیەت تەنیـا دەیەوێـت ڕێـگای ئاشـتیخوازانە بەکاربهێنرێـت بـۆ ئـەوەی ئەنجومەنەکـە بتوانێـت بەپەلـە بڕیـار بـدات و هێـرش و دەسـتدرێژییە سـەربازییەکانی عێـراق بـۆ سـەر کـورد ڕابگرێـت. بـە وتـەی ئـەو ئەمـە باشتریـن ڕێگەیـە بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم ناکۆکییـە بەبـێ توندوتیـژی.

بەڕێـز ئارکادییـڤ لەگـەڵ نوێنـەری ئەسـیوپیا هـاوڕا نییـە. پێشـنیازەکەی بۆ دواخسـتنی گفتوگۆکـە بـە سـەیر و نالۆژیکـی دەزانێـت. بـە وتـەی ئـەو ناکرێـت ئەنجومەنەکـە دەستەوەسـتان بوەسـتێت و چاوەڕێـی بەڵگـە بـکات کـە حکومەتـی عێـراق سـەرکەوتوو بـووە لـە لەناوبردنـی کـورد(...)!

ئـەوەی جێگـەی سەرسـوڕمانە لـەم گفتوگۆیـەدا ئەوەیـە کـە وڵاتانـی سـەرەکی بەرپـرس لـە ئاشـتی جیهـان، واتـە ئەندامانـی هەمیشـەیی ئەنجومەنـی ئاسـایش، هێشـتا ڕای خۆیـان لەسـەر پێشـنیازەکەی یەکێتـی سـۆڤیەت دەرنەبڕیـوە. وا دیـارە ئـەوان پێیـان بـاشترە بێدەنـگ بـن، لـە جیاتـی ئـەوەی هەڵوێسـت وەربگـرن لەسـەر ئـەم بابەتـە(...).

بەڕێـز واکوایـا نوێنـەری ئەسـیوپیا سـووربوو لەسـەر ئـەو بـاوەڕەی کـە دەبێـت گفتوگۆکـە دوابخرێـت.

بەڕێـز هاجیـک لـە شـاندی چیکۆسـلۆڤاکیا بەبیـری نوێنـەری ئەسـیوپیا هێنایـەوە کـە یەکێتـی سـۆڤیەت تەنیـا داوا لـە ئەنجومەنەکـە دەکات ئـەم بابەتـە بخاتە بەرنامـەی کارەوە و لەسـەر بنەمـای ئـەو زانیاریانـەی کـە لـە بەردەسـتدان تاوتوێـی بـکات(...).

بەڕێـز دوچـی نوێنـەری ئیتاڵیـا، ڕوونیکـردەوە کـە وڵاتەکـەی بـە وردی یاداشـتی یەکێتی سـۆڤیەتی خوێندووەتـەوە. بەتایبەتـی تووشـی سەرسـوڕمان بـوو بـەو بەشـەی کـە بـاس لـە چەوسـاندنەوەی گەلـی کـورد لـە ژێـر دەسـەڵاتی قاسـمدا دەکات. ئامـاژە بـەوە دەکات کـە حکومەتـی عێـراق ماوەیەکـی زۆرە مامەڵـەی خـراپ لەگـەڵ کـورددا دەکات، بـەڵام یەکێتـی سـۆڤیەت ماوەیەکـی کورتـە باسـی جینۆسـاید دەکات، بۆیـە ئیتاڵیـا دەپرسـێت

ئایا ئـەم گۆڕانکارییـە لـە هەڵوێسـتدا پەیوەنـدی بـە سیاسـەتی نوێـی حکومەتـی ئێسـتای عێراقـەوە هەیـە؟(...). وەک ئەسـیوپیا، دوچـی پێـی وایـە زانیـاری پێویسـت نییـە بڵێـت عێـراق سیاسـەتی جینۆسـاید دژی کـورد لـە کوردسـتان پەیـڕەو دەکات. هەروەهـا نوێنـەری ئیتاڵیـا پێـی وایـە کـە ئەنجومـەن دەسـەڵاتی مامەڵەکردنـی لەگـەڵ ئـەم پرسـەدا نییـە(...).

بەڕێـز ئەرکادییێـڤ لـە شـاندی یەکێتـی سـۆڤییەت وەڵامـی نوێنـەری شـاندی ئیتاڵیـای دایـەوە و ڕوونـی کـردەوە(...) کـە هێرشـە سـەربازییەکانی سـەر کـورد ماوەیەکـە وەسـتاوە، بـەڵام لـەم دواییانـەدا، سـەرکوتکردن دەسـتیپێکردووەتەوە، ئەمجـارە بـە قەبارەیەکـی بەرفـراوانتر(...).

سـەرۆک داوای لـە ئەنجومەنەکـە کـرد دەنـگ لەسـەر پێشـنیازەکەی یەکێتی سـۆڤیەت بـدات(...). لەسـەر داوای بەڕێـز ئارکادییێـڤ، دەنگدان بـە بانگهێشـتکردنی هـەر ئەندامێک یـەک بـە یـەک ئەنجـام دەدرێـت(...).

دەنگی بەڵێ: چیکۆسلۆڤاکیا، یەکێتی سۆڤیەت.

دەنگـی نەخێـر: بەریتانیـا، ویلایەتـە یەکگرتـووەکان، ئۆرۆگـوای، ئەرجەنتیـن، ئوسترالیـا، نەمسـا، کۆلۆمبیـا، سـلڤادۆر، فەڕەنسـا، هیندسـتان، ئیتاڵیـا، ژاپـۆن، ئـوردن.

بەتاڵ (هەڵوێست وەرنەگرتن): یوگۆسلاڤیا، ئەسیوپیا، سەنیگال.

بەڕێـز دوپـراز لـە شـاندی فەڕەنسـا گوتـی: شـاندی فەڕەنسـی ئـەو مشـتومڕە یاسـایی و سروشـتی پرسـەکەی لەبەرچـاو گرتـووە کـە گوێـی لێبـووە. بـە وتـەی ئـەو لەسـەر ئـەم بنەمایـە دەنگـدان ئەنجـام دراوە. فەڕەنسـا تەنانـەت پێیوایـە دەنگدان لەسـەر ئـەم بابەتـە نەدەبوایـە ئەنجـام بدرێـت. ئەنجومەنەکـە هەرگیـز مامەڵـەی لەگـەڵ کێشـەی لەم شـێوەیە نەکـردووە و کۆمیسـیۆنی مافەکانـی مـرۆڤ هەرچەنـدە پرەنسـیپی گشـتی داڕشـتووە، بەڵام مامەڵـەی لەگـەڵ کەیسـی ئـاوا تایبـەت نەکـردووە. ژمارەیـەک لـە قسـەکەران ئاماژەیـان بـەوەدا کـە ئـەم جـۆرە کێشـەیە پەیوەنـدی بـە لایەنـە سیاسـیەکانەوە هەیـە. فەڕەنسـا دەیەوێـت بـە دەنگدانـی خـۆی جەخـت لـەوە بکاتـەوە کـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئـەم کاروبـارە سیاسـیانە لـە دەسـەڵاتی ئەنجومەنـدا نییـە. بەڕێـز کۆپکـۆک لـە شـاندی یوگسلاڤیا گوتـی شـاندەکەی ئیدانـەی بەکارهێنانـی هێـز دەکا لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە دژی

گەلی کورد و ئەو مانۆڕ و هێرشە سەربازییانەی ئەنجامیداوە کە پێشتر ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی کوشتووە، ئەمە کێشەیەکی گەورەتری دروستکردووە کە ماوەیەکی زۆرە ڕای گشتی نیگەران کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، شاندەکەی یوگسلاڤیا خۆی لە دەنگدان بەدوورگرت (...)، چونکە پێیان وابوو تاکە ڕێگا بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی قایلکەر بۆ پرسی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا، دانوستاندنێکی هێواش و بنیاتنەرانەیە کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە بەرژەوەندییەکانی هەردوو لایەن بێت.

بەڕێز بینگهام لە ئەمەریکا ڕوونی کردەوە کە وڵاتەکەی دژی پێشنیازەکەی یەکێتی سۆڤیەت دەنگی داوە، نەک لەبەر خودی بابەتەکە، بەڵکو تەنیا لەبەر هۆکاری ڕێوشوێنی.

بەڕێز بینگهام لە شاندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گوتی وڵاتەکەی دەنگی لە دژی پێشنیازی یەکێتی سۆڤیەت داوە، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی دژی پرسەکە بێت. ئەو ڕوونی دەکاتەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم بڕیارەی تەنیا لەبەر هۆکارەکانی پەیوەست بە یاسا و کارەکانی ئەنجومەنەکە دەرکردووە ئەوەی پێی دەگوترێت "ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنەکان". لە بنەڕەتدا ناڵێن کە ئایا لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتن یان دژی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر ناوەڕۆکی کێشەکە، بەڵکو تەنیا ئەوە دەڵێن کە ئەمە ڕێگەیەکی دروست نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکەدا.

بەڕێز ئەنوین لە شاندی بەریتانیاوە ڕوونی کردەوە کە وڵاتەکەی دەنگی لە دژی پێشنیازەکەی سۆڤیەت داوە، چونکە پێی وابوو ئەمە بابەتێکی سیاسیە و ئەنجومەنەکە دەسەڵاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو پێشنیازەدا نییە. هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە بڕیار بوو ئەم بابەتە لە کۆبوونەوەی ١٨ ی کۆمەڵەی گشتیدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بۆیە پێویست ناکات ئەنجومەن مامەڵەی لەگەڵدا بکات(...).

بەڕێز ئارکادییێڤ لە شاندی یەکێتی سۆڤیەت دەڵێت "دەنگی دادپەروەری ناتوانرێت بخنکێرێت، دادپەروەری هەمیشە لە کۆتاییدا دەبیسترێت." ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئەنجومەنەکە متمانە لە دەست دەدات بە ڕەتکردنەوەی گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێکی ئاوا گرنگ.

**پاشکۆی دوازدەهەم**

ڕێکخراو و دامەزراوە و لایەنگرەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات

**١. ڕێکخراوەکانی لایەنگری کورد (بە پێی ڕیزبەندی کاتی دامەزراندنیان):**

أ. کۆمەڵەی نێودەوڵەتی کوردستان (ISK) لە ساڵی ١٩٦٠ لە هۆڵەندا دامەزرا، پێش ئەوەی شۆڕش هەڵبگیرسێت. ڕێکخراوێکی سیاسی و ڕۆشنبیرییە کە داکۆکی لە مافەکانی کورد دەکات. ئەو کۆمەڵەیە ڕۆژنامەیەک بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە بەناوی (kurdish Facts). سەرۆکەکەی بەڕێز سیلڤیۆ ڤان ڕۆی، نووسەرێکی خەڵکی ئەمستردامە، کە چەندین وتاری لەسەر کورد و پەرتووکناسی کوردی لەگەڵ ک. تامبۆر نووسیوە. (ISK) یەکێک لە چالاکترین ڕێکخراوەکانە لە بەرژەوەندی کورددا و لە چەندین وڵاتدا چالاکی کەلتوری ئەنجام دەدات. لەم دواییانەدا، بایەخ بە ململانێکانی باشووری سودان و بیافراش دەدات.

ب. بزووتنەوەی هاوسۆزی بۆ مانەوەی گەلی کورد، گروپێکی گەنجی ئایدیالیستی فەڕەنسی بوو لە پاریس. ئەم گەنجانە لە میانەی گەشتێکیان بۆ کوردستانی تورکیا، لە نزیکەوە بە دۆخی گەلی کورد ئاشنا بوون، پاشان بڕیاریان دا پشتگیری لە ئامانجەکەیان بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم بزووتنەوەیە ئەمڕۆ چالاک نییە.

ج. کۆمیتەی هاوسۆزی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٦٣ لە پاریس دامەزرا. لەلایەن ڕۆشنبیرانی گەنجی فەڕەنسی بەڕێوە دەبرێت، لەوانە بەڕێز ڤینۆت[١] کە هەر لەو ساڵەدا سەردانی کوردستانی عێراقی کرد. ئەم کۆمیتەیە بەشێکە لە چەپی نا کۆمۆنیست و لەلایەن چەند پرۆفیسۆرێکی سۆربۆن و زانکۆ گەورەکان لە فەڕەنسا پشتگیری دەکرێت.

د. "کۆمیتەی سویدی بۆ کورد (Svenska Kurdkommittén)"

ڕێکخراوێک بوو کە لە ساڵی ١٩٦٥ لە ستۆکهۆڵم دامەزراوە. ئامانجی سەرەکی ئەو ڕێکخراوە دابینکردنی هاوکاری مرۆیی و کۆکردنەوەی کۆمەک بوو بۆ کورد.

(١) ژان پیەر ڤینۆ توێژەرێکی گەنجی فەڕەنسی وسەرۆکی کۆمیتەی هاوسۆزی لەگەڵ شۆڕشی کورد بوو کە لە ساڵی ١٩٦٣ لە پاریس دامەزراوە. دکتۆرای لە سە ر بزووتنە وە ی نە تە وە یی کورد لە عێراق دە کرد، کۆمیتەکە لە ڕۆشنبیرانی گەنجی فەڕەنسی پێکهاتبوو، لە ڕووی سیاسییەوە چەپ بوو، بەڵام لە دەرەوەی کۆمۆنیزم. کۆمیتەکە لە ئازاری ١٩٧٥ هەڵوەشایەوە.

سەرۆکەکەی خاتوو مارتا هانسن بوو کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "Natur & Kultur" بەڕێوە دەبرد، بەڵام بەم دواییانە کۆچی دوایی کرد. ئەندامانی کۆمیتەکە بریتی بوون لە دکتۆر ئۆتاندبێرگ، سەرۆکی کۆمیسیۆنی سویدی کە لەگەڵ یونسکۆ کار دەکات، دکتۆر سەلاحەدین راستگێلدی پزیشک و بەڕێز نۆردلاندەر کە سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکاران بوو لە سوید.

ه. کۆمەڵەی ئەڵمانی-کوردی (Deutsch-Kurdische Gesellschaft) ڕێکخراوێک بوو کە لە ساڵی ١٩٦٦ لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دامەزراوە. پێش ئەوەش بەشێک بوو لە کۆمەڵەی نێودەوڵەتی کوردستان. کۆمەڵەکە گرنگی بە پرسی گەلی کورد دەدات، سەرۆکەکەی هۆرست برۆنینگ بوو، ڕۆژنامەنووس بوو لە ڕۆژنامەی براونشویگەر پرێس. لە نێو ئەندامانی تری ڕاندۆلف براومان، ڕۆژنامەنووس لە گۆڤاری "ستێرن" لە هامبورگ، دکتۆر گرایچن، پارێزەر لە هامبورگ و بێکەرس. ئەم کۆمەڵەیە ڕۆژنامەیەکی هەواڵی بە زمانی ئەڵمانی بە ناوی کوردستان جۆرناڵ دەرکرد. هەرچەندە لە ساڵی ١٩٦٨ بەدواوە، کۆمەڵەکە ناچالاک بوو. پاشان ڕاندۆلف براومان پەیوەندی کرد بە ISK لە ئەمستردام.

و. کۆمیتەی هاوکاری دانیشتوانی لێقەوماوی کوردستانی عێراق ڕێکخراوێک بوو کە لە ئەیلوولی ١٩٦٦ لە فەڕەنسا دامەزرا. لەلایەن چەندین کەسایەتی گرنگی جیهانی ئەدەب و هونەر و سیاسەتەوە دامەزراوە. لە نێو ئەندامەکانی ئەمانە هەبوون:

Emmanuel d’Astier de la Vigerie, Auger, Armand du Chayla, Bousquet, Jean-Marie Domenach, Etiemble, Guillien, Léo Hamon, Guy Heraud, Vladimir Jankelevitch, Charles-André Julien, Massenet, François Mauriac, André Maurois, Jules Moch, Marins Moutet, Vladimir d’Ormesson, Ramondot, Roche et Pierre Rondot, Pierre-Henri Simon.

کاتێک لە ساڵی ١٩٦٦ دامەزرا، کۆمیتەی هاوکاری دانیشتوانی لێقەوماوی کوردستانی عێراق بانگەوازێکی بۆ خەڵکی فەڕەنسا دەستپێکرد. لە بانگەوازەکە داوای لە فەڕەنسییەکان کرد بەخشندە بن لە یارمەتیدانی دەیان هەزار کورد، بەساڵاچووان و ژنان و منداڵان کە لە کوردستانی عێراق بە دەست نەهامەتییەکانی جەنگەوە دەناڵێنن. ڕۆژنامەی

لـو مۆنـد (٢٤ی ئەیلوولـی ١٩٦٦) ئاماژەی بـەوەدا کـە واژۆکەرانـی ئـەم داواکارییـە هیـچ مەبەسـتێکی سیاسییان نەبـووە. کارەکەیـان بەتـەواوی مرۆڤدۆسـتانە بـوو. جەختیـان لـەوە کـردەوە کـە فەڕەنسـا کـە بـە پابەندبوونـی بـە پاراسـتنی خەڵکـی مەدەنـی بێتاوان نـاسراوە، ناتوانێـت بەرامبـەر ئـەم قەیرانـە بێبـاک بێـت. لـە کۆتاییـدا کۆمیتەکـە هیـوای خواسـت، بزووتنەوەیەکـی گـەورەی هاوسـۆزی لـە فەڕەنسـا دروسـت بێـت، بـۆ یارمەتیدانـی هەمـوو قوربانیانـی کوردسـتانی عێـراق، بەبـێ جیـاوازی ڕەگـەز و زمـان و ئاییـن.

ز. کۆمیتـەی ئایسـلەندی بـۆ کـورد لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٧ لـە ئایسـلەندا دامـەزرا. کـە لەلایـەن بەڕێـز بریـم، باڵیـۆزی پێشـووی ئایسـلەندا لـە سـتۆکهۆڵم بەڕێـوە دەچـوو. لـە نێـو ئەندامەکانـی ئێرلێنـدور هارالدسـۆن هەبـوو، کـە نووسـەرێک بـوو چەندیـن وتـار و کتێبێکـی لەسـەر کـورد بڵاوکردووەتـەوە.

ح. کۆمیتـەی فیلەنـدی بـۆ بـۆ پشـتیوانی کوردەکان لـە ١٥ی ئـازاری ١٩٦٩ لـە هێلسـینکی دامـەزرا. سـەرۆکەکەی پاڤـۆ کاسـتاری، کـە وەزیـری دادی پێشـووە و جێگری سـەرۆکیش کالیڤـی سۆرسـا بـوو کـە سـەرکردەی پارتـی سۆسیالیسـتی دیموکراتـی بـوو کـە ئـەو کاتە لـە فیلەنـدا لـە دەسـەڵات دابـوون. سـکرتێری کۆمیتەکـەش، خاتـوو جانیـک سـەرۆکی کۆمیسـیۆنی حکومەتـی فیلەنـدە لـە یونسـکۆ.

ط. "کۆمیتـەی هاوسـۆزی لەگـەڵ شۆڕشـی کـورد- بەرلینـی ڕۆژئـاوا" لـە حوزەیرانـی ١٩٦٩ دامـەزرا. هەندێـک لێکچوونـی هەیـە لەگـەڵ کۆمیتەیەکـی تـر بەهەمان ناو لە فەڕەنسـا، بـەڵام پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆی لەگەڵ ئەو کۆمیتەیـەدا نییە. ئـەم کۆمیتەیەی بەرلین لـە ڕووی سیاسییەوە چەپـە و نزیکایەتـی لـە کوبـا و چیـن هەیـە. بەڕێـز ئەلیکسـاندەر ڤـۆن سـتێرنبێرگ سەرپەرشـتی دەکات کـە لـە سـاڵی ١٩٦٧ سـەردانی کوردسـتانی کرد کە مامۆسـتایان و خوێندکارانـی نـاڕازی لە پایتەختی پێشـووی ئەڵمانیـا کۆدەکاتەوە و لەگەڵ کۆمیتـەی جێبەجێـکاری قوتابیان لە زانکـۆی ئازادی بەرلینی ڕۆژئاوا هـاوکاری دەکات. لە سـەرەتای دامەزراندنییـەوە مانگانـە هەواڵنامەیەکـی بـە زمانـی ئەڵمانـی بـڵاو دەکاتەوە بەنـاوی kurdistan Info - Bulletin zur kurdischen Revolution.( هەواڵەکانـی کوردسـتان – بڵاوکـراوەی هەواڵەکانـی شۆڕشـی کـورد). هەرچەندە تیشـک دەخاتە سـەر شۆڕشـی کـورد، بـەڵام کۆمیتەکـە بایـەخ بە تەواوی پرسـی کـورد دەدات.

ئـەو ڕێکخراوانـەی پشـتیوانی دۆزی کـوردن و بیـروڕای سیاسـی دەردەبـڕن ئـازادن لـە ئەنجامدانـی ئـەو کارە. هەرچەنـدە بۆچـوون و کردەوەکانیـان مـەرج نییـە نوێنەرایەتـی تـەواوی بزووتنـەوەی کوردایەتـی بـکات.

## ٢. ڕێکخراوە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات

ئـەم ڕێکخراوانـە؛ بەشـێوەیەکی سـەرەکی تیشـک دەخەنـە سـەر پرسـی نەتەوەیـی کوردسـتان و هـەردوو لایەنـی کەلتـوری و سیاسـیی ئـەو پرسـە سیاسـییە دەخەنـەڕوو، هەموویـان ڕووبـەڕووی کێشـەی دارایـی دەبنـەوە. ئەمـەی خـوارەوە پوختەیەکـی ئـەم ڕێکخراوانەیـە کـە بـە گوێـرەی ڕیزبەنـدی دروسـتکردنیان ڕیزبەنـد کـراون:

١. "ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی کـورد" لـە پاریـس لـە سـاڵی ١٩٤٩ دامـەزراوە، ئەمیـر دکتـۆر کامـەران عەلـی بەدرخـان بەڕێـوەی دەبـات و بـە هـاوکاری خاتـوو بەدرخـان ئـەم سـەنتەرە زۆر پەیوەسـتن لـە پرسـە کەلتـوری و سیاسـییەکانی سەرتاسـەری کوردسـتان، هەروەهـا بڵاوکراوەیەکـی وەرزی بڵاودەکاتـەوە.

٢. کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا لـە سـاڵی ١٩٥٦ لـە ڤیسـبادن دامـەزرا و بـە دەسـتپێشـخەری دکتـۆر نورەدیـن زازا کـە لـە یەکـەم کۆبوونەوەیـدا تەنیـا ١٨ ئەنـدام بەشـداری تێـدا کـرد. لـەو کاتـەوە کۆمەڵەکـە بـە شـێوەیەکی بەرچـاو گەشـەی کـردووە. لـە سـاڵی ١٩٦٩ نزیکـەی پێنـج سـەد ئەندامـی هەبـوو کـە زۆربەیـان لـە هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان بـوون (جگـە لـە کوردەکانـی سـۆڤیەت). ئەندامەکان کـە هەموویان خوێنـدکاری زانکـۆن، دابـەش کراون بەسـەر ١٥ لـق لە وڵاتانـی ئەوروپا لەوانـە بەریتانیا، فەڕەنسـا، کۆمـاری فیدراڵـی ئەڵمانیا، بەرلین، کۆمـاری دیموکراتی ئەڵمانیا، سـوید، ئیتاڵیا، چیکۆسـلۆڤاکیا، نەمسـا، هەنگاریـا، یوگسـلاڤیا، بولگاریـا، ڕۆمانیـا، پۆڵەنـدا و یەکێتـی سـۆڤیەت. لقەکـەی کۆمەڵـە لـە سویسـڕا بەهـۆی کەمـی خوێنـدکارەوە هەڵوەشـایەوە. گرنگتریـن لقـەکان لـە یەکێتـی سـۆڤیەت و کۆمـاری فیدراڵـی ئەڵمانیـا و بەریتانیـا و چیکۆسـلۆڤاکیا بـوون. کۆمەڵەکـە سـاڵانە کۆنگرەیـەک ڕێکدەخـات کـە زۆربـەی کات لـە مانگـی ئـاب و زۆرجـار، لەبـەر هـۆکاری جوگرافـی، لـە ئەڵمانیـا دەبەسـترێ.

کۆنگـرە جیاوازەکانـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا لـەو شـوێن و بەروارانـەی خـوارەوە بەڕێوەچـوو:

کۆنگرەی یەکەم: ئابی ١٩٥٦، لە ویسبادن، ئەڵمانیا.

کۆنگرەی دووەم: کانوونی یەکەمی ١٩٥٧، لەندەن، بەریتانیا.

کۆنگرەی سێیەم: ئابی ١٩٥٨، میونشن، ئەڵمانیا.

کۆنگرەی چوارەم: ئابی ١٩٥٩، ڤیەننا، نەمسا.

کۆنگرەی پێنجەم: ئابی ١٩٦٠، بەرلینی ڕۆژئاوا، ئەڵمانیا.

کۆنگرەی شەشەم: ئابی ١٩٦١، مونستەر، ئەڵمانیا.

کۆنگرەی حەوتەم: ئابی ١٩٦٢، براونشڤایگ، ئەڵمانیا.

کۆنگرەی هەشتەم: ئابی ١٩٦٣، میونشن، ئەڵمانیا.

کۆنگرەی نۆیەم: ئابی ١٩٦٤، هانۆڤەر، ئەڵمانیا.

کۆنگرەی دەیەم: ئابی ١٩٦٥، بەرلینی ڕۆژئاوا، ئەڵمانیا.

کۆنگرەی یازدەیەم: ئابی ١٩٦٦، بەرلینی ڕۆژئاوا، ئەڵمانیا.

کۆنگرەی دوازدەیەم: کانوونی یەکەمی ١٩٦٧، بێلگراد، سڕبیا.

کۆنگرەی سێزدەیەم: ئابی ١٩٦٩، بەرلینی ڕۆژئاوا، ئەڵمانیا.

"لیژنەی جێبەجێکار" کۆمەڵەکە بەڕێوە دەبات و هەر لقێکی ناوخۆیی لیژنەی تایبەت بە خۆی هەیە. سەرۆکایەتی کۆمەڵەکە لە ساڵی ١٩٥٧ تا ١٩٦٣ لەلایەن ئێمەوە بەڕێوە دەچوو و دواتر لە ساڵی ١٩٦٣ تا ١٩٦٨ لەلایەن کاک کەمال فوئاد بەڕێوە دەچوو. دوای ئەوە، دەستەیەکی سێ کەسی سەرۆکایەتی گرتە دەست.

کۆمەڵەکە ئۆرگانێك بە ئینگلیزی بە ناوی کوردستان دەردەکات کە زۆربەی کات ساڵی جارێک دەردەچێت، هەروەها نامیلکە و وتار و بەیاننامە بە چەند زمانێکی جیاواز لەوانە زمانە ڕۆژهەڵاتی و ئەوروپییەکان. بڵاوکراوەکانی پارت و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان لە سەرانسەری ئەوروپا بڵاودەکاتەوە، لەوانەش ئەوانەی پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردستانی عێراقەوە هەیە. هەر لقێکی کۆمەڵەکە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی خوێندکاران لەو وڵاتەدا هەیە کە لقەکەی دەکەوێتە ئەو وڵاتە. ئەم کۆمەڵەیە هەروەها بەشێکە لە یەکێتی نێودەوڵەتی قوتابیان کە بارەگاکەی لە پراگە، بەهەمان شێوەی یەکێتی نیشتمانی خوێندکارانی وڵاتانی سەربەخۆ. ئەم

کۆمەڵـە لەڕێگـەی کارکردنیـدا بـۆ بڵاوکردنـەوەی تێکۆشـانی گەلـی کـورد لەپێنـاو ڕزگاری نەتەوەیـی و کەلتـور و مێـژوو و وڵاتەکەیـدا لەکوردسـتاندا زۆر نـاسراوە.

کۆنگـرەی سـاڵانەی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپا بۆتـە سـیمبولی یەکڕیزیی گەلـی کـورد و ڕووداوێکـی گرنـگ بـۆ بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد. میوانـداری نوێنەرانـی پارتـە سـەرەکییە کوردییـەکان دەکات وەک ئەنجومەنـی فەرماندەیـی شۆڕشـی کوردسـتانی عێـراق و لقەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە عێـراق و ئێـران و تورکیـا و سـوریا.

ئەو قەیرانە ناوخۆییەی کە لە سـاڵی ١٩٦٤ لە کوردسـتانی عێراقدا سـەریهەڵدا کاریگەری لەنـاو کۆمەڵەکەشـدا هەبـوو، هەرچەنـدە درەنـگتر سـەریهەڵدا و بـۆ ماوەیەکـی درێـژ بـەردەوام بـوو لـەو کاتـەدا ژەنـەڕاڵ مستەفا بارزانـی گروپەکـەی بـە سـەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمـەد و جـەلال تاڵەبانـی دەرکـرد. لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە ئەوروپـا لایەنگرانـی گروپەکە بە سـەرکردایەتی کەمـال فوئـاد تا سـاڵی ١٩٦٧ بـەردەوام بـوون و زاڵبوون بەسـەر کۆمەڵەکەدا، چونکـە زۆرێـک لـە خوێنـدکاران ئاشـنا نەبـوون بـە بارودۆخـی واقیعـی و زەحمـەت بڕوایان بـەوە دەکـرد کـە ئـەم گروپە جیابـووەوە هـاوکاری حکومەتی عێـراق دەکات، بەڵام لە سـاڵی ١٩٦٥ەوە پشـتگیری بـۆ ژەنـەڕاڵ بارزانـی لەنـاو کۆمەڵەکـەدا زیادبوو.

لـە کۆنگـرەی بەلگـراد لـە سـاڵی ١٩٦٧ سـێ گروپـی سیاسـی سـەرەکی کـە لایەنگرانـی بارزانـی و گروپـی جیابـووەوە و شـیوعییەکانی عێراقـی بـوون، بـە سـازانێك لـە لێژنـەی جێبەجێـکاری کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا نوێنەرایەتیـان دەکـرد. ئـەم سازشـکردنە بـۆ ماوەیەکـی زۆر سـەری نەگـرت، بەتایبەتـی دوای دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ لـە کوردسـتان لـە بەهـاری ١٩٦٩ کـە هەمـوو جـۆرە هاوکارییـەک لـە نێـوان لایەنگـران و بەرهەڵسـتکارانی بارزانـی مەحـاڵ کـرد. لـە کۆنگـرەی سـێزدەیەمی کۆمەڵەکـە کـە لـە مانگـی ئابـی ١٩٦٩ لـە بەرلیـن بـەسترا، لایەنگرانـی گروپـی جیابـووەوە کـە ئێسـتا پێـی دەگوترێـت ئەلنـوور، بەتـەواوی لـە سـەرکردایەتی دوورخرانـەوە. جێـی ئاماژەیـە کـە نزیکـەی هەمـوو خوێندکارانـی کـورد لـە تورکیـا و ئێـران و زۆربـەی خوێندکارانـی کـوردی سـوریا پشـتیوانی لـە شـۆڕش و ژەنـەڕاڵ بارزانـی دەکـەن، زۆربـەی قوتابیـە کوردەکانـی کوردسـتانی عێراقیـش لایەنگـری بارزانـی بـوون. لـەم کۆنگرەیـەدا نزیکـەی ٢٥٠ کـەس ئامـادە بـوون بـە میوانەکانیشـەوە کـە ٢٢٠ خوێنـدکار دەنگیـان دا. ئەنجامـەکان بـەم

شـێوەیە بـوون:

- لایەنگرانی بارزانی : ١٥٦ دەنگ.
- لایەنگرانی گروپی جیابووەوە (ئەلنوور) : ٤٧ دەنگ.
- شـیوعییەکان : ١٧ دەنـگ (دابـەش کـراوە لـە نێـوان کۆمیتـەی ناوەنـدی و ئۆرتۆدۆکـس و سـەرکردایەتی ناوەنـدی لایەنگـری چیـن). ئـەم ئەنجـام و ژمارانـە بـە وردی واقیعـی هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتانی عێـراق نیشـان نـادەن. لەڕاسـتیدا؛ ئـەوان گرنگییەکـی زیاتـر بـە گروپـی جیابـووەوەی ئەلنـوور دەدەن لـەوەی کـە لـە واقیعـدا هەیەتـی.

حـەوت ئەندامـی کۆمیتـەی جێبەجێـکاری کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا کـە لـە کۆنگـرەی سـێزدەیەمدا هەڵبژێـردران، پێنجیـان لایەنگـری بارزانـی و دوانیـش شـیوعی بـوون. لـە ناوچـە جیاجیاکانـی کوردسـتانەوە هاتـوون: چواریـان لـە کوردسـتانی عێـراق و لـە هەردوولایەنـش یەکێـك لـە بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتانی گـەورە هاتـووە. کـە دەکاتـە سـێ خوێنـدکار لـە وڵاتانـی سۆسیالیسـت و چـوار خوێندکاریـش لـە وڵاتانـی ڕۆژئـاوا کـە بریتیـن:

- جەوهەر شاوێس، سەردار ئارارتی بەڕێز س. گۆما (ئەندامانی سکرتاریەت)
- هاوار زیاد ( سەرنووسەری کوردستان، لەندەن)
- جەمال عەلەمدار (لە ستۆکهۆڵم)، ڕەحمانی قادری و نەوزاد نوری (ئەندامان).

یەکێتـی نێودەوڵەتـی قوتابیـان (UIE) لـە هـەر کۆنگرەیەکیـدا بڕیارێـک لەسـەر پرسـی کـورد پەسـەند دەکات، ئەمـەش زۆرجـار بەهـۆی هەوڵـی هاوبەشـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا KSSE و یەکێتـی گشـتی قوتابیانـی کۆمـاری عێـراق. ئەمـەی خـوارەوە وەرگیـراوە لـە بڕیارنامەیـەك کـە لـە کۆنگـرەی نۆیەمـی UIE پەسـەند کـرا، کـە لـە ٢٨ ی ئـازار تـا ٨ ی نیسـانی ١٩٦٧ لـە ئولانباتـۆر بەڕێوەچـوو:

دوای وەبیرهێنانـەوەی چەنـد ڕاسـتییەک لەوانـە "دابەشـبوونی گەلـی کـورد لەلایـەن ئیمپریالیسـتەکانەوە لەنێـوان تورکیـا و ئێـران و عێـراق و سـوریا و سـەرکوتکردنی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد لـەو وڵاتانـەدا، بڕیارەکـە جەخـت لەسـەر گرنگـی خەباتـی گەلـی کـورد بـۆ مـاف و مافـی چـارەی خۆنووسـین دەکاتـەوە":

"کۆنگرە بڕیار دەدات لە:

- پشتیوانیکردن لە گەلی کورد لە خەباتیان بۆ مافە نەتەوەیی و کەلتورییەکانی و دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و پیلانگێڕییەکانی.
- دابینکردنی پاڵپشتی مەعنەوی و ماددی بۆ کوردەکانی عێراق، بۆ ئەوەی بتوانن ئۆتۆنۆمی و دیموکراسی بەدەستبهێنن.

کۆنگرە داوا لە حکومەتی عێراق دەکات، ڕێز لە ڕێککەوتننامەی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ بگرێت و جێبەجێی بکات بە هەموو بڕگەکانییەوە، تەنانەت ئەوانەی نهێنیشن. ئامانج لێی مسۆگەرکردنی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراقە، پرسەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراتی لە عێراقەوە هەیە.

کۆنگرە داوا لە حکومەتی سوریاش دەکات، چاو بە هەڵوێستی خۆیدا بخشێنێتەوە لەسەر پرسی کورد، ئەم گۆڕانکارییە یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەهێزکردنی یەکێتی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزم بەشێوەیەکی کاریگەرتر. (وەرگێڕان لە دەقی ئینگلیزییەوە، لەلایەن عیسمەت شەریف وانلی)

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بۆ جێگرتنەوەی یەکەم کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دامەزرا کە لە ساڵی ١٩٤٩ لە پاریس-لۆزان دامەزرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٠ هەڵوەشایەوە.

٣. "کۆمیتەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد" :

کۆمیتەی ناوبراو لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦١ لە ئەوروپا لەلایەن ڕۆشنبیرانی کورد و خوێندکارانی پێشووەوە دامەزرا کە خوێندنیان تەواو کردبوو. ئەم کۆمیتەیە بە ڕاسپاردەی ژەنەڕاڵ بارزانی نوێنەرایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق دەکات، لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٢ تا تشرینی یەکەمی ١٩٦٤. ئەو دەزگایە گرنگی بە داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد بە گشتی دەدا و لەلایەن نووسینگەیەکەوە سەرپەرشتی دەکرا کە لە سێ ئەندام پێکهاتووە: ئێمە وەك سکرتێری گشتی، دکتۆر وریا ڕواندزی و بەڕێز سەعدی ئەمین دزەیی وەک جێگرانی سکرتێر. لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٧ ەوە کۆمیتەکە ناچالاک بووە.

٤. ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەوروپا، لە ئابی ١٩٦٣ دامەزرا. هەموو خوێندکارانی ئەوروپا کۆدەکاتەوە کە ئەندامن لە پارتی دیموکراتی کوردستان چ خەڵکی عێراق بن یان نا. لە ساڵی ١٩٦٦ ڕێکخراوەکە دابەش بوو بۆ دوو باڵی ڕکابەری یەکتر: بارزانی کە زۆرینە بوو و گروپی جیابووەوە کە کەمینە بوو.

٥. ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٤ دامەزراوە. ئەم ڕێکخراوە گۆڤارێکی وەرزی بە زمانی ئینگلیزی و کوردی بڵاودەکاتەوە بەناوی (The Kurdish Journal) کە سەرنووسەرەکەی بەڕێز شەفیق قەزازە. هەرچەندە ژمارەیان کەمە لە ئەمریکا، ژمارەی خوێندکارانی کورد لەوێ دەگاتە نزیکەی ٢٦.

٦. گروپێک بەرپرس بوون لە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "چیا". ئەم گۆڤارە بە زمانی کوردی و بەتایبەت بە شێوەزاری کرمانجی باکوور بڵاودەکرێتەوە و پیتی لاتینی بەکاردەهێنێت، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ کوردانی تورکیایە، سەرنووسەری چیا بەڕێز ڕێسۆیە، بارەگاکەی لە بەرلینی ڕۆژئاوایە.

٧. یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا: لە ڕاستیدا گروپێکی جیابووەوە کە لە ساڵی ١٩٦٥ دوای جیابوونەوە لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا سەریهەڵدا و هەڵوێستێکی ڕاسترەوی توندڕەوی گرتەبەر. ئەم گروپە نوێنەرایەتی مەیلی ناسیۆنالیستی توندڕەو دەکات لە نێو خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بە پێچەوانەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کە ئاراستەیەکی فراوانتری هەبوو و لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی لەخۆگرتبوو. تەنیا دە ئەندامی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چالاک بوو لە بڵاوکردنەوەی نامیلکە و بڵاوکراوەیەک بە زمانی کوردی (شێوەزاری سۆرانی و پیتی عەرەبی) بە ناونیشانی" خوێندکاری کورد". سەرکردەی سەرەکی گروپەکە بەڕێز جەمال نەبەز بوو و بەشێوەیەکی سەرەکی چالاکیەکانی لە کۆماری فیدرالی ئەڵمانیا ئەنجامدەدا.

٨. "پەنابەرانی کورد لە سوید " (Kurdiska Flyktingar Sverige): ئەم گروپە لە ساڵی ١٩٦٥ دامەزراوە و بەزۆری گەنجانی پەنابەری سیاسی کورد لە سوید کۆدەکاتەوە. ئامانج لە کۆبوونەوەکە پاڵپشتیکردنی ئەو کوردانەیە کە بەهۆی چەوساندنەوەی سیاسییەوە وڵاتەکەیان بەجێهێشتووە و دابینکردنی چوارچێوەیەک بۆ دەربڕین

و ڕێکخستن. ئەم گروپە بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەمال عەلەمدار تایبەتمەندی ئەوەیان هەیە کە دەسەڵاتیان هەیە بیروڕای سیاسی بە ئاشکرا دەرببڕن، کە ڕێگەیان پێدەدات چالاکانە بەشداری بکەن لە گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی کورد لە وڵاتە ڕەسەنەکانیان. چالاکیەکەی ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی پەنابەرانی کوردە لە تاراوگە بە بەرگریکردن لە ماف و ناسنامەی خۆیان.

٩. کۆمەڵەی پێشخستنی کوردستان (CAK-US): ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٦٦ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە، بایەخ بە تەواوی پرسی کورد دەدات و لایەنە سیاسی، کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکانی دەگرێتەوە. هەڵوێستەکەی بەراورد دەکرێت بە هەڵوێستی کۆمیتەی بەرگری کورد کە مەودایەکی فراوانتری لەسەر مەسەلەی کوردستان هەیە. ئەم کۆمەڵەیە بە سەرۆکایەتی بەڕێز شەفیق قەزاز لە واشنتۆن بەڕێوە دەچێت. ئامانجی ئەو ڕێکخراوە بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی و پشتیوانیکردنە لە دۆزی کورد لە ڕێگەی دەستپێشخەری ڕۆشنبیری و سیاسییەوە.

١٠."کۆمەڵەی پێشخستنی کوردستان" لە بەریتانیا (CAK-UK): ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٦٧ دامەزراوە، هەمان ئامانجەکانی هاوشانەکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیڕەو دەکات. ئامانج لێی بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی لە بەریتانیا سەبارەت بە پرسی کورد، لە ڕێگەی باسکردنی لایەنە سیاسی، کەلتوری و کۆمەڵایەتیەکانە. ئەم کۆمەڵەیە بە سەرۆکایەتی بەڕێز دارا عەتار و بە هاوکاری بەڕێز هاوار زیاد و بەڕێز هادی کەریم ڕەحمانی بەڕێوە دەچێت. هەروەها گۆڤارێکی ئینگلیزی بەناوی کوردیکا بڵاودەکاتەوە کە مەبەست لێی بڵاوکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەیە لەسەر بارودۆخی کوردستان.

١١.کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و خوێندکار لە کوردستانی ئێران و ئەوروپا سەرقاڵی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستانن لە دەرەوەی وڵات، کە بە زمانی کوردی نووسراوە (شێوەزاری موکریانی-سۆرانی بە ئەلفوبێی عەرەبی). لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٨ی کوردستانی ئێرانەوە هەیە و دژایەتی حکومەتی تاران دەکات.

١٢.باهۆز: کۆمەڵەی تێکۆشەرێن کوردستان: باهۆز (بە مانای گەردەلوول) ڕێکخراوێکی نهێنییە کە لە کوردستانی تورکیا دامەزراوە. ڕۆشنبیران و گەنجانی ناسیونالیستی

داکۆکیکار لە مافەکانی باکووری کوردستان کۆدەکاتەوە لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٩ەوە لقێکی لە ئەوروپا هەیە. کۆمەڵەکە ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی ( زاری کرمانجی) بە ئەلفوبێی لاتینی بڵاودەکاتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە ناوی کۆمەڵەکەی بە سێ زمان هەڵگرتووە: کوردی، ئەڵمانی (Vereinigung der Kämpfer Kurdistans) و ئینگلیزی ( Organisation of the Fighters of Kurdistan). یەکەم ژمارە لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٩ دەرچوو. زۆرێک لەو کوردانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەژین، ناتوانن بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان. هەندێکیان بێ بەشن، پاسپۆرت و بژێوی ژیانیان پێ دابین ناکرێت، بۆیە دەبێت وەک کرێکار کار بکەن، لە کاتێکدا بەردەوام دەبن لە خوێندن. هەندێکی تریان، بۆ نموونە وەک پزیشک یان ئەندازیار کار دەکەن.

گرنگە بزانین جگە لە ڕۆشنبیران و خوێندکارانی کورد کە لە دەرەوەی وڵات دەژین، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی کورد لە کوردستانی تورکیاوە هاتوون کە لە ئەوروپا و بەتایبەتی لە ئەڵمانیا کار دەکەن، مەزەندە دەکرێت نزیکەی ٩ هەزار لەو کرێکارانە لە ئەڵمانیا دەژین لە کۆی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کرێکار کە لە تورکیاوە هاتوون.

جێی وەبیرهێنانەوەیە نوێنەرایەتی گشتی شۆڕشی کوردستانی عێراق لە دەرەوە لە نێوان مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٦٦ هەڵوەشایەوە. ئێستا ئامانج دامەزراندنی نوێنەرە لە گرنگترین وڵاتان وەک بەڕێز جەمال عەلەمدار لە وڵاتانی سکاندیناڤیا و بەڕێز دارا عەتار لە بەریتانیا. نێردراوانی تایبەتی شۆڕش زیاتر و زیاتر دێنە ئەوروپا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوە کوردییەکان لە ئەوروپا و ئەمریکا هەریەکەیان بە شێوازی خۆی ڕۆڵی "ڕێکخراوی دەرەوەی شۆڕش" دەگێڕن.

# سەرچاوەکان

**I. Documents**

A. De source kurde :

Barzani, Mustafa :

- Appel au Congrès de la Croix-Rouge internationale, Genève, août-septembre 1963 (en français).

- Lettre au général Taher Yehia, premier mmistre kakien, du 27 octobre 1964 (en arabe). Lettre au général Subhi Abdul Hamid, ministre irakien de l’Intérieur, de décembre 1964 (en arabe).

-Statement on the situation of Iraqi Kurdistan, Ranya, December 1964. Appeal to the international opmion, May 1966. -Déclarationsdiverses. Lettres à divers chefs d’Etat et de gouvemement.

BEDIR-KHAN, émir Dr Kamuran Aali:

- Divers communiqués, déclarations, conférences, communications à des organisations internationales et à des chefs d’Etat et de gouvernement (voir aussi sous "Organisations kurdes").

Bureau exécutif (du Conseil de commandement de la révolution du Kurdistan irakien):

- Registres des télégrammes internes kurdes.

- Télégrammes militaires irakiens captés et déchiffrés par les services kurdes.

- Archives diverses.

Chérif Pacha, général (délégué kurde à la Conférence de la Paix) :

- Mémorandum sur les revendications du peuple kurde ; du 22 mars 1919, Paris.

Conseil de commandement de la révolution du Kurdistan irakien :

- Diverses lettres-circulaires (voir ailleurs sur la Constitution et les lois révolutionnaires.)

Correspondances à ICV ; de la part :

- du général Barzani (ses lettres des 27 juin 1962, 19 janvier, 4 mars, 24 avril 1963, et janvier 1966) ;

- du Bureau exécutif (de la révolution) ;

- du D$^{r}$ M. Osman, secrétaire du Bureau exécutif (depuis 1967).

KAJYK (Komeley Azadî, Jiyanawey û Yekiti Kurd, soit Parti de la liberté, de la renaissance et de l'imité kurdes) :

- Déclarations politiques ; brochure en arabe, 1969.

- KAJYK et l'unité arabe ; brochure en arabe, 1969.

Organisations kurdes à l'étranger (voir Annexe XII) :

- Périodiques et déclarations diverses desdites organisations, en allemand, anglais, arabe, français, kurde et autres langues.

- Les publications suivantes, en plus :

a) Par l'Association des étudiants kurdes en Europe (KSSE) :

- Kurdistan; opuscule en allemand, Berlin, mai 1960;

- Pirshing ; brochure en kurde, caractères arabes, Berlin, 1967 ;

- Résolutions des treize congrès, de 1956 à 1969, dans diverses langues.

(Voir aussi sous Bédir-Khan et bibliographie de l'auteur.)

b) Par Centre d'études kurdes, Paris (dirigé par l'émir K. Bédir-Khan) :

- L'épreuve kurde ; périodique ronéotypé, N°14 à 23, 1961-1962 (extraits de journaux et de notes, en anglais, allemand et français) ;

- Le dossier du Kurdistan du Sud dit d'Irak ; brochure ronéotypée, 1965 (extraits de journaux et denotes).

- Informations sur le Kurdistan ; brochure ronéotypée, 1965 (extraits de journaux et de notes).

c) Par le Comité pour la défense des droits du peuple kurde (CDDPK) :

- Kurdistan auf dem Weg zur Freiheit ; brochure. Vienne, 1962 ;

- (Voir aussi in Bibliographie de l'auteur.)

Osman, D^r^ Mahmoud (comme envoyé spécial de la révolution du Kurdistan irakien):

- Diverses déclarations, conférences et communications à des organisations intérieures et à des chefs d'Etat et de gouvernement, 1966-1967.

Partis démocrates du Kurdistan (en Turquie, en Iran, en Irak et PDK en Syrie):

(Des documents suffisants ont été donnés dans le texte et les notes, avec références.)

Représentation générale(de la révolution du Kurdistan irakien à l'étranger) :

- Kurdistan : Bulletin d'information ; périodique en deux éditions française et anglaise N° 1 à 12, 1965-1966..

- Peshmerga ; brochure illustrée en deux éditions française et anglaise, 1966.

- Divers communiqués, déclarations, conférences, mémorandums, lettres, etc., 1964-1966. (Voir aussi sous Bibliographie de l'auteur.)

Sami (comme envoyé spécial de la révolution) :

- Conférence de presse, Cologne, le 23 juillet 1969 (Cf. Kurdish Facts, ISK, de jullet 1969). Vanly, Ismet

Chériff: (voir Bibliographie de l'auteur).

B. De source irakienne

Etatique :

- La réforme agraire dans notre éternelle République ; ministère de la réforme agraire ; brochure en

arabe, sans date, de la période de Kassem.

- Provisional Economie Plan ; mmistère de l’orientation nationale, Bagdad, 1959, 210 pages en anglais.

- The Iraqi Révolution in ks Second Year; Bagdad, 1960, 438 pages.

- Construction provisoire du 10 mai 1964 (Archives de la révolution kurde).

Front d’union nationale (irakien) :

- Front d’union nationale en Irak ; brochure en arabe, Bagdad, 1957.

Mouvement de défense du peuple irakien (Prague-Vienne) :

- Déclarations et résolutions du congrès de 1964 (en arabe).

- Sous le pouvoir fasciste du Baas ; brochure en arabe, septembre 1963.

- Al-Ghad (Le lendemain) ; périodique en arabe, 1964.

- Iraqi News ; périodique en anglais, N° 1 à 5, 1963-1964.

Programme de partis politiques irakiens :

- Parti communiste irakien,

- Parti national démocratique,

- Parti républicain,

- Parti démocrate du Kurdistan.

- Les quatre programmes, de 1960, in Orient, 1" trim. 1960, Paris.

Union générale des étudiants de la République irakienne :

- Ecrits divers, en anglais, arabe et kurde.

C. D'ordre international:

Comité international de la Croix-Rouge :

- Les Conventions de Genève du 12 août 1949, Genève, 1951.

- Correspondance avec ICV au sujet de secours aux Kurdes (1961-1969).

Commission internationale de juristes :

- La question kurde ; in Bulletin d. CIJ, septembre 1967, Genève, pp. 37-45.

- Correspondance avec ICV au sujet de la question kurde.

Ministère des affaires étrangères français :

- Documents diplomatiques. Conférence de Lausanne (procès-verbaux de la conférence, 1922-1923),

Paris, 1923.

Organisation des Nations Unies :

- Charte des Nations Unies et Statut de la Cour internationale de justice.

- Déclaration universelle des droits de l'homme.

- La septième assemblée générale des Nations Unies, novembre 1952.

- Correspondance de la commission des droits de l'homme avec ICV au sujet de la situation au Kurdistan. - Revue des Nations Unies, périodique.

Société des Nations :

- Journal officiel, périodique.

Traité de Sèvres, 1920, in Nouveau recueil général de traités, de Martens, série 3, t. XII, pp. 664-779, Leipzig.

Traité anglo-irakien, alliance, du 10 octobre 1922, in Nouveau recueil géné-

ral de traités, de Martens, série 3, t. XIV, pp. 372 et ss.

Traité de Lausanne, 1923, in Nouveau recueil général de traités, de Martens, série 3, t: XIII, pp. 338-390.

D. Divers:

British Committee for the Defence of human Rights in Iraq:

- Report from Iraq, Agean press, London, February 1964.

Comité international pour l'amnistie aux détenus politiques et pour le respect des droits de l'homme en Irak :

- Assemblée générale (du Comité), Paris, 12-13 février 1966 ; brochure en français.

- Bulletin d'information ; périodique 1966.

Comité de solidarité à la révolution kurde (France) :

- Cuba et la lutte du peuple kurde ; brochure en français (à paraître encore en 1969).

International Society Kurdistan (ISK) :

- ISK's Kurdish Bibliography No. 1 (Voir notice plus bas).

Svenska Kurdkomittén :

- Det.Glômda kriget: Rapport fran Irakiska Kurdistan; rapport illustré de 155 pages, par Dr S. Rastgeldi, Stockholm, 1967.

Union internationale des étudiants (Prague) :

- Résolutions, au sujet du Kurdistan, des V", VI, VII, VIII et IX congrès.

## II. JOURNAUX ET PÉRIODIQUES

A. Par des partis et organisations kurdes au pays :

a) Au Kurdistan tiuc, par Bahoz - Organisation des combattants du Kurdistan:

- Bahoz ; en kurde septentrional et caractères latins.

b) Par le Parti démocrate du Kurdistan (irakien) ou la révolution :

- Akhbar Kurdistan ; périodique en arabe sur les opérations militaires ;

- Cadres ; périodique politique interne du PDK ; en arabe et kurde méridional;

- Deng-ê Peshmerga (Voix du peshmerga) ; périodique en kurde méridional;

- Hewal-ê Kurdistan (Nouvelles du Kurdistan) ; périodique en kurde ;

- Khebat (Lutte, Combat) ; organe central, en éditions kurde et arabe ;

- Al-Taakhi (Fraternité) ; quotidien politique en arabe, Bagdad (fermé en 1968).

c) Par le Parti démocrate du Kurdistan (Iran) :

- Kurdistan ; périodique en kurde et caractères arabes.

d) Par le Parti démocrate kurde en Syrie :

- Le Démocrate ; périodique en arabe ;

- Deng-ê Kurd (La voix kurde) ; périodique en arabe.

e) Par des Kurdes de l'URSS :

- Rêya Taze (La Voie nouvelle) ; bihebdomadaire en kurde septentrional et caractères cyrilliques,

paraissant depuis 1948 à Erivan.

f) Par le groupe kurde dissident du PDK en Irak :

- Khebat ; organe, en arabe et kurde ;

- Al-Nour ; quotidien politique à Bagdad.

(Voir in ISK's Kurd. Bibl. N° 1 des références sur une cinquantaine de jour- naux et périodiques kurdes

parus à diverses époques depuis le début du siècle et aujourd'hui fermés.)

B. Par des organisations kurdes à l'étranger :

Seuls paraissent actuellement de façon régulière :

- Çiya ; Berlin-Ouest (en kurde septentrional et caractères latins).

- Kurdistan, par KSSE, Londres (en anglais).

- Kurdica, par CAK-UK, Londres (en anglais et kurde en caractères latins).

- The Kurdish Journal, par KSO-USA, Washington (en anglais et kurde en caractères latins).

- Al-Qafileh, par la Branche de la KSSE en Yougoslavie, Belgrade (en arabe et kurde en caractères

arabes). (Vok Annexe XII.)

C. Par des Partis politiques orientaux :

a) Par le Parti communiste irakien :

- Tariq Al-Shaab (La Voie du peuple), organe central, en arabe.

- Rêgay Kurdistan (La Voie du Kurdistan), organe de la Branche du PCI au Kurdistan kakien, en kurde et

caractères arabes.

b) Par le Parti pan-iraniste :

- Khak u Khuin (La Terre et le sang), en persan, à Téhéran ;

- Nationalisme ; en persan, à l'étranger (Allemagne).

D. Par des organisations pro-kurdes à l'étranger :

Ne paraissent aujourd'hui régulièrement que :

- Kurdish Facts, par ISK, Amsterdam;
- Kurdistan Info, par KSKR, à Berlin-Ouest, en allemand. (Voir Annexe XII.)

E. Journaux et périodiques divers :

- L'Afrique et l'Asie, Paris.
- CIPO, Paris.
- La Documentation française.
- Foreign Affairs.
- Gazette de Lausanne.
- The Guardian.
- Jeune Afrique, Tunis.
- Journal de Genève.
- Journal of the Royal Central Asian Society, Londres.
- Journal of the Royal Geographical Society, Londres.
- Keyhan International, Téhéran, en anglais.
- The Middle East Journal, Washington.
- Le Monde.
- Neue Zuercher Zeitung.
- La Nouvelle revue internationale.
- The New York Times.
- Orient, Paris ; Partisans, Paris ; Politique étrangère.
- Die Presse, Vienne.
- Rheinischer Merkur, Cologne.

**III. OUVRAGES GÉNÉRAUX**

Benoist-Mechin, j., Mustapha Kémal, ou la mort d'un empire ; Albin Michel, Paris, 1954, 438 pages.

CONTENAU, G., La civilisation des Hittites et des Hurrites du Mitanni; Payot, Paris, 1948, 202 pages.

- La civilisation d'Assur et de Babylonie ; Payot, Paris, 1951.

CONTENAU, G., et un groupe d'auteurs, La civilisation iranienne ; Payot, Paris, 1952. COON, Carleton S., Caravan, the Story of the Middle East ; New York, 1951, 376 pages. Deniker, j. Les races et les peuples de la Terre ; Masu son, Paris, 1926. EsMEiN, A., Eléments du droit constitutionnel ; éd., Paris, 1927. Frye, R. N., Iran; London, 1954, 125 pages. FURON, R., L'Iran ; Payot, Paris, 1951. Ghirshman, René, L'Iran des origines à l'Islam ; Payot, Paris, 1951, 330 pages. Grousset, René, Histoire de l'Arménie, des origines à 1071 ; Payot, Paris, 1947. Hammer, von. Histoire de l'empire ottoman, 1300-1774 ; trad. de l'allemand, 18 volumes, Paris, 1835-1843. Hassouna, Mohamed Abdul Khalek, The First Asian-African Conference; Bandong, April 18-24, Le Caire, 1955. Hauriou, Maurice, Droit constitutionnel ; Sirey, Paris, 1925. Haurani, A. H., Great-Britain and the Arab world; London, 1946, 46 pages. Hitler, Adolf, Mon Combat (Mein Kampf) ; Nouvelles éditions latines, Paris, 1934. Johannet, René, Le principe des nationalités ; Nouvelle lib. nat., Paris, 1923. KOZLOV, V., Nations bourgeoises et nations socialistes ; Moscou, 1954, 55 pages. La Pradelle, Alfred de, La paix moderne, Paris. Laqueur, Walter, Communism and nationalism in the Middle East; London, 1956, 362 pages. Le Fur, Louis, Races, nationalités. Etats ; Alcain, Paris, 1922. Le Strange, G., The Lands ofthe Eastern Caliphate; Cambridge, 1905. Longrigg, Stephen, Four centuries of modern Iraq ; Oxford UP, 1925, 378 pages. Mac Tse-Toung, Problèmes de la guerre et de la stratégie ; Pékin, 1960, 37 pages. - Selected military writings

; Pékin, 1963, 408 pages. Meyer, Karl, Les bases historiques de l'Etat national moderne ; extrait de " L'Esprit inter¬ national ", Centre européen, N° 25, 1er octobre 1939. Oppenheim, L., International Law; vol. I, 8th. éd., vol. II, 7th. éd., Longmans. Pichon, Jean, Le partage du Proche-Orient ; Peyronnet, Paris, 1938, 380 pages PiCTET, Adolphe, Les origines indo-européennes ou les Aryas primitifs ; 3 vol., Paris, 1924. PITTARD, Eugène, Les races et l'histoire, introduction ethnologique à l'histoire; Paris, 1924, Rondot, Pierre, L'Islam et les musulmans d'aujourd'hui; Ed. de l'Oronte, Paris, 1959. 374 pages. Rousseau, Ch., Droit international public ; 4e éd., Paris, 1968. Staline, Joseph, Le marxisme et la question nationale ; Moscou, 1954, 87 pages.  - La question nationale et le léninisme ; Moscou, 1954, 25 pages. Strabon, géographique (60 av. J.-C). Xénophon, Anabase (401 av. J.-C).

### IV. OUVRAGES ET ARTICLES SPÉCIAUX

Adamson, David G., The Kurdish War; Allen & Unwin, London, 1964, 216 pages illustrées.  Aggiotjri, René (R.A.), Articles in L'Orient, Beyrouth, des 13-11-1958; 1  "‘’-10-1961 ; 3-3-1963 ; 14-3-1963 ; 11-6-1963 ; 12-6-1963 ; 11-7-1963 ; 7-9-1963 ; 30-11-1963 ; 12-2-1964 ;

15 1964; 26-2-1965; 27-2-1965; 9-12-1965; 28-12-1965; 5-1-1966; 6-1-1966; 7-1-1966 ; 15-1-1966; 18-1-1966; 20-1-1966; 26-1-1966; 8-2-1966; 9-2-1966; 15-2-1966; 24-3-1966

Aksentijevic, Mirko, Kurdi: Borda za autonomiju; Belgrade, 1966, 64 pages (en serbe).

Anderegg, Richard, Articles ou reportages sur la révolution du Kurdistan irakien, in Preuve- informations, Paris, du 2-10-1962 ; Tages-Anzeiger, Zurich, du 12-10-1962; idem, du 16-10-1962; L'Observateur du Moyen-Orient, du 19-10-1962.

Arfa, Hassan, The Kurds; Oxford UP, London, 1966, 178 pages. Bakaev (Beko), Tcherkeze, Etudes philologiques diverses sur le kurde,

en russe, Acad. des Se. de l'URSS, Moscou-Leningrad, 1949-1965. Barth, Frederik, Principles ofsocial organization in Southern Kurdistan; Oslo, 1953, 146 pages.

Bedir-Khan, émir Celadet Aali, Cramera kurmancî (Grammaire k., en kurde, caractères latins), Lib. Hawar, Damas, 1931, 184 pages.

-Notices sur la littérature, m3urs et coutumes kurdes ; Hawar, N° 4 à 28, Damas, 1932. Bedir-Khan, émir D" Kamuran Aali, Elfabêya min, en kurde (Mon alphabet - en caractères latins), Lib. Hawar, Damas, 1938, 32 pages. -The Kurdish problem ; in JRCAS, 1949, vol. XXXVI, pp. 237-248. -Langue kurde ; éléments de grammaire, expliqués en français, extraks des cours donnés à l'Ecole nationale des langues orientales vivantes, Paris, 1953, vol. 1 : 122 pages ; vol. II : pp. 123-253. -La question kurde, Paris, 1959, opuscule de 16 pages, en deux éditions allemande et française. -Berfa Ronahî (en kurde), trad. en français : La neige de la lumière, in Le Jour nouveau, Beyrouth, 15-10-1945; éd. allemande : Der Schnee des Lichtes, KSSE, Berlin, 1959.

-Der Adler von Kurdistan ; L. Voggenreiter veri., Potsdam, 1937. (Voir aussi, dans la partie " Documents ", sous Bédir-Khan et Centre d'études kurdes.)

Bedir-Khan, émir K. A. et Lucie Paul-Marguerite, Proverbes kurdes, précédés d'une étude sur la poésie kurde ; Ed. Berger Levraut, Paris, 1936, 171 pages. Bedir-Khan, Rawshan, Pages de la littérature kurde ; Beyrouth, 1954, 72 pages (en arabe).

Bedir-Khan, émir Sureya Aali, La femme kurde et son rôle social; in XVI conférence internationale d'anthropologie, Bruxelles, 1935. Bedir-KHAN, prince Sureya Aali et H. Gibbons, The case of Kurdistan against Turkey ; Philadelphia (1928?), 76 pages.

Beeston Richard, Articles sur la guerre du Kurdistan irakien, in The Daily Telegraph, London, des 21-2-1963 ; 22-2-1963 ; 20-5-1963 ; 19-6-1963 ; 21-4-1965 ; 3-5-1965 ; 4-5-1965 ; 15-6-1965 ; 6-1-1966 ; 26-4-1966 ; The Sunday Telegraph, London, des 13-5-1962 ; 23-6-1963 ; 30-1-1966. Beudar, abbé Paul, Grammaire kurde ; P. Geuthner, Pans, 1926, 77 pages. Bennigsen, Alexandre, Les Kurdes et la kurdologie en Union soviétique ; m Cahiers du monde russe et soviétique, Paris, avril-juin 1960, t. III, pp. 513-530. Bertolino, Jean, Articles sur la révolution kurde, in Tribune de Genève des 22 et 29 avril 1965. Binder, Henry, Au Kurdistan, en Mésopotamie et en Perse ; Quantin, Pans, 1887, 453 pages illustrées (épuisé).

Blau Joyce Le fait national kurde ; mémoire de licence. Université de Bruxelles, 1962.

-Le problème kurde, essai sociologique et historique ; Centre pour l'étude des problèmes du monde musulman contemporain, Bruxelles, 1963, 80 pages. - Dictionnaire kurde (kurde, français, anglais) ; Bruxelles, 1965, XVII -f 263 pages, préface du professeur Abel. Bois, père Thomas, L'âme des Kurdes à la lumière de leurfolklore ; extrait des Cahiers de l Est, Beyrouth, 1946, N° " 5 et 6, 57 pages.

- "Coup d'œil sur la littérature kurde " ; extrait de Al Machriq, Beyrouth, XL,1955, pp. 201-239.

"Les Kurdes : histoire, sociologie, littérature, folklore " ; extrait de Al-Machrtq, Beyrouth, LIII, 1959, pp. 101-147 et 266-299. - " Les Yézidis, Essai historique et sociologique sur leur origine reUgieuse " ; in Al-Machriq, LV, 1961, pp. 109-128 et 190-242, Beyrouth.

- "La religion des Kurdes "; extrak du Proche-Orient chrétien, XI, 1961, pp. 105-136, Jérusalem.

- " La vie sociale des Kurdes " ; extrait de Al-Machriq, LVI, 1962, pp. 599-661.

- " Etudes récentes de philologie kurde " ; in Bibliotheca orientalis, Leiden, janvier-mars 1962 XIX, N<’M-2, pp. 11-17.

- " De la langue à l’âme du peuple kurde " ; extrak de Bibliotheca orientalis, Leiden, 1963, XX, N°s 1-2, pp. 5-9.

- " Chronique de sociologie kurde " ; in L’Afrique et l’Asie, Paris, N° 10, pp. 49-54, et Non, pp. 50-53.

-Kurde (Littérature) ; collaboration à Islamologie du père Pareja, Beyrouth, 1957-1963.

- " Bulletin raisonné d’études kurdes " ; extrait de Al-Machriq, Beyrouth, LVIII, 1964 pp. 527-570.

-"Mahabad, une éphémère République kurde indépendante"; extrait de Orient, Paris, N°29, 1964, pp. 173-201.

- " Les Dominicains à l’avant-garde de la kurdologie au XVIII " siècle " ; in Archivum Fratrum Praedicatorum, vol. XXXV, 1965, pp. 265-292.

-Connaissance des Kurdes ; Ed. Khayats, Beyrouth, 1965, 164 pages.

Braidwood, r. j., Prehistoric investigation in Iraqi Kurdistan, Chicago, 1960.

Braumann, Randolph, " An der Front im wUden Kurdistan"; in Rheinischer Merkur, Kôln, 14 janvier 1966.

- " Das Land ist verwûstet, die Erde trauert " ; in Rheinischer Merkur, Kôln, 18 mars 1966.

Brunig, Horst, " Kurdistan ist nicht mehr wild: ein Volk ohne Staat wunscht neue Ordnung " ; inBraunschweigerPresse,20mai1963.

- "Aufstand der Kurden " ; in Die Politische Meinung, 8 Jah., Heft 89, 1963, pp. 7984-.

Carter, William, " The embattled Kurds ", in Life intern., 26 July 1965, repr. Ulust.

Cartier, Raymond," Avec les Kurdes c’étak une

guerre sauvage et chère"; in Paris-Match, 23 février 1963.
Cegerxwin (prononcer : Geguerkhuine), Hassan Sheikhmous, Diwana Cegerxwin ; poèmes, en kurde septentrional et caractères latins, Damas, 1945, 164 pages.
-Diwana Cegerxwin II ; en kurde septentrional et caractères latins, Damas, 1954.

-Sewra azadî; poèmes patriotiques en kurde septentrional et caractères latins, Damas, 1954, 211 pages.
Celil (Jalil), Cesîme, Kôrmanca sovêtiya (Les Kurdes soviétiques); en kurde, Erivan, 1954, 302 pages.
- " Le Kurdistan sera libre " ; en russe in Kommounist, Erivan ; en arménien in Sovee takan Hayastan, Erivan ; en kurde in Rêya Taze, Erivan, tous trois du 9 octobre 1963.
-Chants populaires kurdes ; en kurde et trad. russe, Erivan, 1964 et 1966.
-La révolte kurde de 1880 ; en russe, Acad. des Se. de l'URSS, Moscou, 1966, 128 pages.

Celil, Ordixan, Sur l'épopée kurde : Le Prince au bras d'or ; en russe. Université de Leningrad, 1961, 20 pages.

Chaliand, Gérard, Poésie populaire des Turcs et des Kurdes ; Maspéro, Paris, 1961, 148 pages.

- " La question kurde " ; extrak de Partisans, septembre-octobre 1961, Paris, 32 pages.

Chantre, Emest, " Explorations dans le Kurdistan et l'Arménie " ; in Compte rendu du Congrès national de la Sociétéfrançaise de géographie, Lyon, 1881, pp. 209-217.

-"Les Kurdes";in Bulletin de la Société d'anthropologie de Lyon, Lyon, 1897, t. XV, pp. 49-101.
Chauvel, J.-F., " En Irak avec les rebelles kurdes"; repr. illust. in Le Figaro des 27, 29 et 31 août 1965.
Cheref-Khan, prince de Bitlis, Cheref-nameh, Histoire des Etats et des Principautés kurdes ; premier livre d'ensemble sur l'histoire kurde, écrit en persan en l'an 1596 (auteur kurde) ; publié pour la première fois en version origi-

nale annotée, avec introduction, à Saint- Pétersbourg, 1860-1875, par Veliaminov-Zernov, en 4 vol. ; traduk et publié en français, avec notes, par François B. Charmoy, Saint-Pétersbourg, 1868-1875, sous le titre de: Le Cheref-nameh ou Fastes de la Nation kurde, en 2 vol. in-4° de 852 pages, 502 pages, 705 pages et 712 pages; réédité en persan, Téhéran, 1343 h./ 1954 en 106 + 917 pages; édité en version originale, avec introduction en arabe, par Mohamed Ali Ewni, Le Caire, 1930 ; traduit en arabe par Jameel Bendi Rojbeyani et édité par l'Académie irakienne, Bagdad, 1953, en 480 pages de gros format.

CHIMELLi, Rudolph, Articles sur la guerre du Kurdistan irakien, in Sueddeutsche Zeitung, Munchen, des 6-2-1965 ; 13-7-1965 ; 25-2-1966; in Weser Kurier, Bremen, des 10-2-1965 ; 22-6-1965. CHIRGUH, Dr Bletch, La question kurde, ses origines et ses causes ; publié par l'organisation kurde Khoybun, Barbey, Le Caire, 1930, 56 pages ; édition arabe en 112 pages. Cholet, comte de, Arménie, Kurdistan, Mésopotamie ; Paris, 1892. Couland, j., " L'Irak et le problème kurde " ; in Démocratie nouvelle, Paris, novembre 1961, pp. 90-91. Dann, Uriel, Iraq under Qassem ; Jérusalem, 1969. Dar Al-Jumhuriyah, Iraq and its North ; sans nom d'auteur (contre la révolution kurde), Bagdad, 1965, 122 pages. Deffarge, Claude, et Gordion Troeller, " Durchs blutige Kurdistan " ; reprod. illust. In Stern, Hamburg, numéros des 19 et 26 janvier 1964, pp. 18-29 et 28-38. -"The Kurds' last stand"; in Réalités, Paris-New York, édkion anglaise, juillet 1964, pp. 36-43. Dersimi, Dr Nuri, Kurdistan tarihende Dersim; Alep, 1952 (Histoire de la révolte de Dersim, en turc). Douglas, William O., Strange Lands andfriendly People; Harper, New York, 1951, 336 pages. Dourrah (Al-Dourrah), Mahmoud, La quesr

tion kurde et le nationalisme arabe dans le combat de l'Irak ; Ed. Al-Tali'a, Beyrouth (sans date, probablement en 1964), 277 pages (en arabe). Driver, Godfrey Rolles, " The natural and commercial products of Northern Kurdistan "; in asiatic Review, vol. XVII, 1921, pp. 695-700. -"The dispersion of the Kurds in Ancient Times"; in JRAS, London, October 1921, pp. 563572-. - "Studies on Kurdish history"; m BSOAS, London, 1922, vol. II, No. 2, pp. 491511-. -"The name Kurd and ks philological connexx ions"; in JRAS, London, July 1923, Part. III, pp. 393404-. Eagleton, William Jr., The Kurdish Republic of 1946; Oxford UP, 1963, 142 pages. Edmonds, Cecil John, " A Bibliography of Southern Kurdistan 1920-1936 "; in JRCAS, vol. XXIV, No. 3, July 1937, pp. 487-497. -"A Bibliography of Southern Kurdistan 1937-1944"; in JRCAS, vol. XXXII, No. 2, pp. 185191-. -" The Kurds of Iraq " ; in The Middle East Journal, vol. XI, 1957, No. 1, pp. 5262-.

-Kurds, Turks and Arabs; Oxford UP,1957, XIII + 457pages. -" Iraq and the Kurds, a needless War "; in The Times, London, 14 août 1962.

Fany, Messoud, La Nation kurde et son évolution sociale ; thèse, Lib. Rodstein, Paris, 1933, 288 pages.

Fauzy, Ahmed, Kassem et les Kurdes : poignards et montagnes ; Bagdad, 1961, 310 pages (en arabe).

Fraser, James Saillie, Travels in Koordistan and Mesopotamia with manners of the Kurdish and Arab tribes; London, 1840; vol. I, 382 pages; vol. II, 477 pages.

Fuad, Kamal, Das Newroz-Fest; in Kurdistan, KSSE, Beriin, Mai 1960, pp. 18-21. -Les manuscrits kurdes dans les bibliothèques allemandes ; thèse en allemand, en préparation à Humboldt-Univ., Beriin (1969).

Gavan, S. S., Kurdistan, divided nation ofthe Middle East; L. & W., London,

1958, 56 pages. Garzoni, père Maurizio, Grammatica e vocabulario délia lingua kurda ; Roma, 1787 (première grammaire kurde), Stamparia délia Sacra Congregazione di propaganda fide, 288 pagina ; deuxième édition : Roma, 1836, 491 pages. Ghassemlou, Abdul Rahman, Kurdistan and the Kurds ; thèse, Prague (en slovaque) ; édition anglaise par Collet's, London, 1965, 304 pages (il en existe des édkions en polonais et arabe). GoRANi, Ali Seydo, De Amman à Amadiya, ou voyage au Kurdistan du Sud; Impr. Saadeh, Le Caire, 1939, 272 pages (en arabe). GouLDiN, Jospeh, Le Kurdistan, étude de la condition juridique du peuple kurde ; thèse, Paris, 1953 (80 pages dactylographiées). Hadank, Karl, Die Mundarten von Khunsar, Mahallat, Natanz, Nayîn, Samnan, Slvànd, Sokohrud ; Berlin-Leipzig, 1926, de Gruyter, 269 pages.

- Mundarten der Goran... ; Berlin, 1930, 479 pages.

- Mundarten der Zâzâ... ; Berlin, 1932, 398 pages.

- Untersuchungen zum westkurdischen: Bôti und Ezadi; Berlin, Inst. fur Lautforschung an der Universitât Berlin; Leipzig, 1938, 60 pages.

Hamilton, A. M., Road through Kurdistan; Faber London, 1937, 331 pages, illust. Hansen, Henny H., The Kurdish Woman's Life; Copenhague, 1961, XII + 214 pages Ulust. Haraldsson, Erlendur, Articles sur la révolution du Kurdistan iraK kien, et reportages, in :

Althydubladid, Reykjavik, des 7-10-1962 ; 23-10-1962 ; 1er -11-1962 ; 14-11-1962 ; 22-9-1963 ; 12-1-1964 ; 19-4-1964 ; 18-2-1968 ; in The Hindu, Madras, du 30-10-1962 ; in The Dominion, New Zealand, du 15-2-1963 ; in Timinn, Reykjavik, du 21-8-1964 ; in Sam Vinnan, Reykjavik, numéro de février 1968, pp. 62-66, illust. - Land Im Aufstand Kurdistan ; Matari-Verlag, Hamburg, 1966, 228 pages, Ulust. ; édition islandaise : Med Uppreisnarmônnumi Kurdistan, Skuggsja,1964,183 pages, illust.

Hartmann, Martin, " Bohtan, eine topografisch-historische Studie "; in Mltteilungen der Vorderasiatischen Gesel, Beriin, 1896, II, Heft 2, pp. 85-144; idem, 1897, Heft I, pp. 1-103.

-"Zur Kurdische Literatur; in Wiener Zeitschrift fur die Kunde des Morgenlandes, Wien, 1898, Jahrg. 8, pp. 102-112.
- Der islamische Orient, Berichte und Forschungen; 3 vol., Berlin, 1899-1910.
- " Zur Kurdische Literatur; in Wiener Zeitschrift fur die Kunde des Morgeni landes, Wien, 1905, Jahrg. 15, pp. 322-330; idem, 1906, Jahrg. 16, pp. 35-46; idem, 1907, Jahrg. 17, pp. 76-80.

Hay, w. r., Two years in Kurdistan; Sidgwick & Jackson, London, 1921, 383 pages, illust.

Hilal, Mohamed Talab, Etude sur la province de Djazireh, du point de vue national, socialet politique ; (document secret du gouvemement baasiste de Syrie, dû au chef de la police politique à Hasaka, sans indication d'éditeur, terminé le 12 novembre 1963) ; 160 pages en arabe (photocopié intégralement avec une introduction de ICV).

Hilmi, Refiq, Le Kurdistan irakien et les révoltes de Shaikh Mahmoud ; Imp. Maarff, Bagdad, 1956, 100 pages (en kurde).

-Essais (Maqalat); Bagdad,1956, 80 pages (enarabe).
Hottinger, D'Amold, " Die Autonomie Forderungen der Kurden " ; in Neue Zurcher Zeitung des 23 mars et 8 mai 1963. Cf. aussi N22 des 3-7-1964 ; 20-10-1964 ; 30-4-1965 ; 21-4-1966.

Houssay, M., " Les peuples actuels de la Perse " ; in Bull. soc. Anthr. De Lyon, Lyon,1887, vol. VI, pp. 101-148.
Howell, William Nathaniel Jr., The Soviet Union and the Kurds ; thèse, Charlottesville, Univ. de Virginia, 1965.
Jaba (Zaba), Aleksander, " BaUade kurde recueUlie et traduite par A.

Jaba " ; in Journal asiatique, Paris, 1859, 5e série, vol. 14, pp. 155-156.
- Recueil de notices et récits kourdes; Saint-Péters-bourg, 1860, Académie impériale des sciences,XIII+129pages.
- Dictionnaire kurde-français, par Auguste Jaba (Aleksander J.) publié par ordre de l'Aca¬ démie impériale des sciences par Ferdinand Justi; Saint-Pétersbourg, 1879, XVII -f 463 pages ; kurde septentrional, kurmanci et caractères arabes.

Jabbar, Ali, " La question kurde en Irak " ; in Nouvelle revue internationale. Problèmes de la paix et du socialisme, Paris, août 1962, pp. 53-64.

JYAWOOK, Marouf, La tragédie du Barzan opprimé ; Bagdad, 1954, 216 pages (en arabe). Justi, Ferdinand, Les noms d'animaux en kurde ; Paris, 1878, Impr. nat., 32 pages.

-KurdischeGrammatik;Saint-Pétersbourg,1880,Acad.impér.desse,256pages.
Kanaani (Al), Nauman, Limelight on the North ofIraq; Bagdad, 1965, 72 pages.
Kanapa, Jean, " La Pravda: la guerre contre les Kurdes fait le jeu des impérialistes "; in L'Humanité, Paris, 17 mai 1965.
Karadaghi (Qaradaghi), Mustafa, The Kurdish Question; thèse, Univ. de Calffornia, 1951 (227 pages dactylographiées).
Kennane, Derek, The Kurds and Kurdistan ; Oxford UP, 1964, 86 pages.
Khal, Shaikh Mohamed, Ferhang-î-Khal (Dictionnaire Khal) ; dict. kurde-kurde, caractères arabes ; vol. I, 380 pagϵ es, Sulaimani, 1960 ; vol. II, 392 pages, Sulaimani, 1964.
Khani, Ahmedê (poète kurde du XVII " siècle), Mem-o-Zîn (épopée patriotique) ; Ed. littéraires soviétiques, Moscou, 1962; texte kurde en caractères arabes, de 197 pages; trad. Russe, avec notes, de M N. B. Rodenko, en 234 pages ; introduction, dans les deux langues, du professeur K. Kurdoev.
Kilbracken, Lord, Articles sur la guerre du Kurdistan, in Evening Standard, London, des 10-6-1966 et 24-6-1966.

Kurd, Reshîd, Rêzman-a ziman-ê kurmancî (Grammaire de la langue kurde) ; en kurde, caractères latins, Beyrouth, 1956, 114 pages. Kurdoev, Kanat (Qanat), Les verbes composés en kurde ; thèse de doct. en philol., Académie des se. de l'URSS, Leningrad, 1940 (en russe). - Falsification de l'histoire kurde dans l'historiographie bourgeoise persane ; Univ. de Leningrad, Série Vostok., vyp. 4, 1954, pp. 120-137 (en russe). - " Critique d'opinions erronées sur la langue kurde " ; in Kratkie soobstchenija Instituta Vostokovedenija, Moscou, 1955, vol. XII, pp. 43-61 (en russe). - Kurdskij Jazyk (La langue kurde) ; in Sov. Iran, Académie des se. de l'URSS, Moscou, 1957, pp. 60-75 (en russe). - Grammatika kurdskogo jazyka, fonetika, morfologija (Grammaire de la langue kurde) ; Académie des se. de l'URSS, Moscou, Leningrad, 1957, 343 pages (en russe). - Le développement de la kurdologie soviétique ; in U. Zap., Institut oriental. Académie des se. de l'URSS, Moscou, vol. XXV, 1960, pp. 57-67 (en russe). - Ferhenga kurdî-rusî (Dictionnaire kurdo-russe) ; Ed. de l'Etat, Moscou, 1960, le kurde en caractères latms, le russe en cyrilUques, 890 pages, plus de 34 000 mots, avec introduction. (Extraits choisis et adaptés de ISK's Kurd. Bibl. N° I.)

- Lehmann-Haupt, Carl-Friedrich, " Weiter Bericht iiber der Fortgang der armenischen Expedkion " ; in Zeitschr. f Ethnol, Beriin, 1899, pp. 281-300. - " Die Einwanderung der Armenier im Zusammenhang mit den Wanderungen der Thrakier und Iranier " ; in Actes du XIIIe Congrès international des orientalistes (Hambourg, 1902), Leyde, 1904.

- Matérielle zum âlteren Geschichte Arméniens und Mesopotamiens; Berlin-Gôttingen, 1907.

- Die historische Semlramls und ihre Zeit; Tûbingen, 1910, 76 pages. Lerch, Peter Ivanovitch, Forschungen iiber die Kurden und die iranischen Nord-Chaldâer; Saint-Pétersbourg (trad. du russe), en 3 vol.; vol. I, 1858, 104

pages ; vol. II, 225 pages;

VoIII,124 pages; publ.par l'Académie impériale des sciences. Lescot, Roger," Les Kurdes racontés par eux-mêmes"; in Bulletin de l'Asie française, mai1925, NO 231. - " Proverbes et énigmes kurdes "; in Revue des études islamiques, Paris, 1937, chap. IV, pp. 307-350.

Lussu, Joyce, " Anche i Curdi conquistano il loro socialisme " ; in Rtnasclta Sarda, Cagliari, an. 2, 10-5-1964, pp. 12-13. - " Poésie curde " ; in II Ponte, Fkenze, Ottobre 1963, pp. 12841288-. - " The Kurdish problem " ; in International Socialist Journal, N° 11-12, vol. II, Rome, septembre-décembre 1965, pp. 633-640.

MacCarus, Dr Ernest Nasseph, Descriptive analysis of the Kurdish of Sulaimaniya, Iraq; thèse, Ann Arbor Univ., 1957, publiée par American Council of Learned Societies, New York, 1958, XI + 138 pages.

Macicenzie, David N., " A Bibliography of Southern Kurdish, 1945-1955 "; in JRCAS, London, 1957, vol. 44, pp. 31-37. - " The Language of the Médians "; in Bull, of the School of Orien"-tal and African Studies (BSOAS), London, 1959, vol. 22, pp. 354-355. - Kurdish Dialects Studies; London, 1961-1962; London Orient Séries, vol. 9-10.

Malek, Yusuf, The British betrayal of the Assyrtans; Chicago,1935, Ass.Nat. Leagueof America, avec introd. de W. Wigram. - " Le peuple kurde vu par un ami assyrien "; in BCEK, Paris, 1948, N° 1, pp. 4-5.

Mann, Oskar, Kurdisch-PersischeForschungen,1901-1907; Berlin. Mardokh, Shaikh Mohamed Ayatollah, Mêju Kurd u Kurdistan (Histoire des Kurdes et du Kurdistan); Bagdad, 1958, 164 pages (en kurde et caractères arabes).

- Ferheng-i-Mardokh; dict. kurde-persan arabe; vol. I, 980 pages; vol.

II,961pages; Téhéran, 1957-1958.

Marr, NikolajJakovlevic, EncoresurlemotChelebi ; Sakit Péters-bourg,1912(enrusse).

- Der japhetische Kaukasus; Leipzig, 1923.

Maunsell, F.r. Reconnaissances in Mesopotamia, Kurdistan, North-West Persia and Luristan; Simla, Inde, 1889-1900, 2 volumes. - " Kurdistan "; in The Geog. Journal, London, February 1894, vol. III, pp. 81-95; extraits en russe in " Sbornik Materialov po Asii ", 1896, LXIV, pp. 289-298.

-" Central Kurdistan "; in Geog. Journal, London, 1901, vol. XVIII, No. 2, pp. 121-144.

-" Wild life in Kurdistan "; in Journal ofRoy. Artillery, October 1922, pp. 323-334.

Mauriès, René, Le Kurdistan ou la mort ; Laffont, Paris,1967,238 pages. Millingen, Frederick, Wild life among the Koords ; London, 1870, Hurst & Blackett, XIII + 380 pages. Minorsky,Vladimk,"Kurdy;zametkiivpecatlenija(Kurdes;notesetimpressions) " ; in Izvestia ministerstva inostrannyx del, Petrograd, 1915, 43 pages (en russe). - Les articles suivants, entre autres, in Encyclopédie de l'Islam ; Paris-Leiden : Saudj-Bulak, fasc. D., 1925, pp. 194-199; Senna, fasc. D., 1925, pp. 233-237; Shakak, idem, p. 33;

Shahrizur, fasc. F, 1926, pp. 356-358 ; Kurdes, Kurde (langue), Kurdistan, vol. II, 1927, pp. 1196-1222 ; Sulaimaniya, fasc. J, 1928, p. 581 ; Urmiya, fasc. Q, pp. 1088-1093 ; Wan (Van), fasc. 49, 1933, pp. 1178-1180 ; Lak, fasc. 37, 1928, pp. 11-12 ; Lur, fasc. 37,

1928, pp. 43-48 ; Amadiya, 2e éd., 1956 ; etc. " Iranian languages "; in Encyclopedia Britannica,14th.éd.,London,1926,vol.XII, pp. 586-587. - " La domination des Daïlamites " ; in Iranica, Twenty Articles, Univ. de Téhéran, vol. 775, 1964, pp. 12-30.

- " Les origines des Kurdes " ; in Travaux du XXe Congrès ini ternational des orientalistes, BruxeUes, 1940, pp. 143152-.
- " The Gûrân " ; in BSOAS, London, 1943, vol. XI, No. I, pp. 75-103.
- " The Luristan Bronzes "; in Apollo, February 1931, pp. 141-142. (Voir autres études in ISK's Kurd. Bibl. No. I.)

Mokri, Dr Mohammad, " Sar zaminê Mâd " (Le pays mède) ; in Mad, Téhéran, 1945, N° 2, pp. 1-7 (en persan).
- " Etymologie de mots kurdes " ; in Mad, Téhéran, 1945, N° 2, pp. 915- (en persan).

- Ashâyer-e kord (Tribus kurdes) ; Téhéran, 1952, 127 pages (en persan).

- " Le foyer kurde " ; in L›Ethnographie, Revue de la Soc. d›ethn. de Paris, Paris, 1961, pp. 7995-.

- " Le mariage chez les Kurdes " ; in L›Ethnographie, idem, Paris, 1962, pp. 4268-.
- " Etude d›un tkre de propriété du début du XVIe siècle provenant du Kurdistan " ; in Journal asiatique, Paris, 1963, pp. 229-256.
- " Kurdologie et enseignement de la langue kurde en URSS " ; in L'Ethr nographie, Paris, 1963, N° 57, Lib. Orient. Geuthner, pp. 71-105.
- " L›Arménie dans le folklore kurde " ; in Revue des études arméniennes, PaP ris, 1964, t. I, pp. 347376-. (Voir autres études in ISK's Kurd. Bibl. N° I.)

Muawad, D'Adib, Les Kurdes en Syrie et au Liban ; Beyrouth, 1945, Impr. américaine (brochure en arabe). Mukriani, Geew, Kolk-êZêrîne (Arc-en-ciel) ; dictionnaire sommaire kurdo-persano-arabo- franco-anglais, Erbil, 1966, 240 pages.
- Al-Murshid I Rahber (Le Guide) ; dictionnaire arabo-kurde, ErbU, 1950, Impr. Kurdistan, 400 pages.

Muller, F., Kurmangi Dialekt der Kurden-prache; Wien, 1864, Akad. Der Wissensch., 31 pages.
- Zaza- Dialekt der Kurdensprache ; Wien, 1864, Akad. der Wissensch., 21 pages.

Nebez, Jamal, Sur la question kurde ; brochure en arabe, Nuske, Allemagne, 1969.
Nikitine, Basile, " Les Valis d'Ardelan " ; in Revue du monde musulman, Paris, 1921, vol. XLIX, pp. 70-104.
- " Les Kurdes et le christianisme " ; in Revue de l›hisi toire des religions, Paris, 1922, t. LXXXV, N° 3, pp. 147-156.
- " Le système routier du Kurdistan, le pays entre les deux Zab " ; in Géographie, Paris, mai-juin 1935, t. LXIII, pp. 363385-.
- In Encyclopédie de l'Islam, les articles : " Nestoriens ", t. III, Paris, 1936, pp. 965-968 ; " Oramar ", Idem, pp. 1059-1061 ; " Rawandiz (Rowandouz) ", Idem, pp. 1208-1211.
- " Kurdes, La question kurde " ; in Dictionnaire diplomatique de l'Acadée mie diplomatique Internationale, t. I, Paris, 1938, pp. 1200-1204.
- " Le Kurdistan " ; in En Terre d›Islam, Lyon, 1946, ler trim., pp. 16-30.

- " La poésie lyrique kurde " ; in Ethnographie, Paris, Nouv. Série, 1947-1950, N° 45, pp. 39-53.

- Les Kurdes, étude sociologique et historique ; publié avec le concours du CNRS, Impr. nat., Lib. KUncksieck, Paris, 1956, 360 pages avec cartes et biblio. (Épuisé). (Voir autres études in ISK's Kurd. Bibl. N° I.)

Noeldeke, Th., " Kardû und Kurden "; in Beitràge zur alten Geschichte und Geog., Berlin, 1898, pp. 71-81.

Note au sujet de la carte " Kurdistan " In " Carte de Kurdistan ", sans nom d'auteur, Barbey, Le Cake, 1947, 12 pages.

NouRi Pacha, Ihsan, Tarîkhe rîshe nejadê kord (Histoire des origines de la nation kurde) ; Téhéran, Impr. Spar, 1955, 146 pages (en persan) ; trad. kurde in Kurdistan, pér., Téhéran, N° I à III,6-5-1959à28-6-1961,par le Dr Muftizade.

Payot, René, Editoriaux in Journal de Genève : " Les Kurdes en révoltes", du 20-2-1962; "La rébellion kurde", des 23 et 24-6-1962; "Aider les Kurdes", du 30-11-1962; " Les intrépides Kurdes ", du 24-1-1964.

Pelletière, Stephen, Reportage illust., " Rendez-vous with Rebels ", publ. en 14 épisodes in The Milwaukee Journal, numéros des 13, 14, 15, 16, 17, 18, 20, 21, 22, 23, 24, 27, 28 et 29 décembre 1964.

Pittard, Eugène, A travers l'Asie mineure. Le visage nouveau de la Turquie ; Paris, 1931, 312 pages.

- " Kurds and Armenians "; in Miscellanea Asiatica Occidentalis, vol. II, 1948, pp. 83-100 (aussi in American Docum. Inst. Microfilms, Washington, No. 2483). Pitton de Tournefort, Relation d'un voyage au Levant; Paris, 1717, vol. I de XVI + 544 pages, vol. II de IV -I- 565 pages; nouvelle édition en français, Amsterdam, 1718 et Lyon, 1728; trad. anglaise par J. Ozell, en 2 vol., London, 1718 ; trad. hollandaise par D. de Clercq en 2 vol. ; trad. allemande in 3 vol., Nurnberg, 1776-1778 (extr. de ISK's Kurd. Bibl. N° I).

Pradier, Jean Otton, Les Kurdes, révolution silencieuse ; Ducros Editeur, Bordeaux, 1968, 286 pages. Price, Morgan Philips, A Journey through Azerbaïdjan and Persian Kurdistan ; Journal of the Manchester Geog. Soc, vol. XXX, 1914, pp. 45-67.

- " Russia and the Kurds "; in The Manchester Guardian, October 1950, vol. 63, No. 19. Prym, Eugen, et Albert Socin, Kurdische Sammlungen; Eggers et Glassounoff, Saint-Pétersbourg, 1887-1890, 4 volumes. Qazzaz, Shafiq, Evolution and Future of the Kurdish Nationalist Movement; thèse en préparation à l'Université de Washington (pour 1970). Rambout, Lucien (alias père Th. Bois), Les Kurdes et le droit; Ed. du Cerf, Paris, 1947, 160 pages (épuisé). Rawlinson, Henry C, " Notes on a march from Zohab, at the foot of Zagros... through the province of Luristan to Kirmanshah, in the year 1836"; in JRGS, London, 1839, vol. IX, pp.26-116.

-"Notes on ajoumey from Tebriz, through Persian Kurdistan..."; in JRGS,

London,1841, vol. X, pp. 434-444.

-L'article "Kurdistan"; in Encyclopedia Britannica, 9th. éd., London, 1882, vol. XIV, pp. 155-160. Rheinach, a. j., " Les Kyrtiens " ; in Revue archéol., t. XIII, 1909, pp. 115-119. Resho, Hemres, Bakur-Nordwind (Vent du Nord) ; recueil de poèmes en kurde septentrional et caractères latins, avec trad. en aUemand, 56 pages, publ. par ISK, Amsterdam, 1967.

Rich, Claude James, Notes on Kurdistan; London, 1836.

- Narrative ofa résidence in Koordistan and on the site ofancient Nineveh; London, 1836-1837, 2 volumes, 808 pages illust. ; trad. kurde, française et allemande. Rodinson, Maxime, " Qui sont ces Kurdes? "; in France Observateur, Paris, 23 août 1962; trad. allemande in Neue Politik, Hamburg, 1er septembre 1962.

Rondot, Pierre, " Trois essais de latinisation de l'alphabet kurde : Irak, Syrie, URSS " ; in Bull. d'Etkn. Orient. Le Cake, 1935, t. V, pp. 1-31. - " Le problème de l'unification de la langue kurde " ; in Rev. des Etats islamiques, chap. 3, 1936, pp. 297-307. - " Les tribus montagnardes de l'Asie antérieure, quelques aspects sociaux des populations kurdes et assyriennes " ; in Bull, d'ethn. orient, de l'Inst. Français de Damas, t. VI, 1937, pp. 1-50, illust., cartes. - " Les Kurdes de Syrie " ; in La France méditerranéenne et africaine, Lib. Skey, Paris, 1939, vol. II, fasc. 1, pp. 81-126.

-" Les revendications nationales kurdes " ; in En Terre d'Islam,2e trim.,1946, pp.114-120.

- " Le mouvement national kurde en 1946 " ; in En Terre d'Islam, 1er trim., 1947, pp. 128-141.

- " L'expérience de Mahabad et le problème social kurde " ; in En Terre d'Islam, mai- juin 1948, pp. 178-183.

-" La carte de peuplement kurde "; in Cahiers de l'Orient contemporain, Paris, 1949, N°s XVIII-XIX, pp.70-71.
-" Les revendications nationales kurdes de 1943 à 1949 " ; idem, pp. 65-71.
-" La question kurde dans l'Orient contemporain " ; m Bull, du Centre d'études kurdes, Paris, 1950, N° 12, pp. 1-15.
-Les chrétiens d'Orient; Ed.Peyronnet,Paris,1955,304pages.
-In Géographie universelle Larousse, les articles: "L'Irak", Paris, 1958-1960, vol. II, pp. 89-91 ; " La Turquie ", idem, pp. 63-70.
-" La nation kurde en face des mouvements arabes " ; in Orient, Paris, 3e trim. 1958, N° 7, pp. 55-70.
-" Quelques opinions sur les relations arabo-kurdes dans la République irakienne " ; in Orient, Paris, 2e trim. 1959, N° 10, pp. 51-58.
-" Kurdistan, forteresse oubliée " ; in Revue de défense nationale, numéro de mars 1959, pp. 490-502, Paris.
-" The minorities in the Arab Orient today " ; in Middle Eastern Affairs, New York, June-July 1959, vol. X, N° 6-7, pp. 214-228.
-"Aspects récents de la question kurde " ; in CHEAM, Univ. de Paris, Pans, 1959 (18 pages ronéotypées).
- " En Orient et devant l'opinion mondiale, le problème kurde est posé " ; in Reforme, Pans, 6 avril 1963.
- " La question kurde rebondit en Irak " ; in La Croix, Paris, 4 févner 1965.

- " Peut-on rester indifférent aux souffrances et aux revendications du peuple kurde ? " ; in Fax Christi, avril 1966.

(Voir autres études et articles in ISK's Kurd. Bibl. N° I.)
Roosevelt, Archie, Jr., " The Kurdish Republic of Mahabad " ; in The Middle East Journal, Washington, July1947, pp.247-270.
Roosevelt, Eleanor (femme du président), " The Kurdish nation " ; m The New York Post du 24 juillet 1962.

Rossi, Pierre, L'Irak des révoltes ; Paris, 1962, éd. du Seuil, 324 pages.

Rouleau, Eric, "Le problème kurde, source de conflits" ; m Le Monde diplomatique, Paris, février 1959.
- " Un mouvement clandestin kurde s'efforce d'obtenk en Turquie les " libertés culturelles " dont jouissent leurs frères d'Irak et d'Iran " ; in Le Monde du 26 décembre 1959.
- " Le Kurdistan irakien à dos de mulet " ; rep. en 5 épisodes m Le Monde : 1. Sur les pas des "contrebandiers", numéro du 10-4-1963; 2. Les Partisans, du 11-4-1963; 3. Un patricien révolutionnaire, du 13-4-1963 ; 4. Les " politiciens de caverne ", du 14 et 15-4-1963 ; 5. Le chasseur, le berger et le loup, du 16-4-1963.

-" Un front unique arabo-kurde se dessine contre le régkne baasiste d'Irak ";in Le Monde du 15 août 1963.

- " Le maréchal Aref a donné à Port-Saïd la réplique à M. Khrouchtchev " ; in Le Monde du 21 mai 1964.

- " Pause au Kurdistan irakien " ; rep. à 2 épisodes in Le Monde : 1. La confiance à l'épreuve, du 7-7-1964 ; 2. Une paix précaire, du 8-7-1964.
- " Sérieux malaise en Irak " ; in Le Monde du 14 mai 1965.
- "L'Irak après la double "révolution blanche"; rep. in Le Monde à 4 épisodes: 1. La " démocratie " militaire, du 9-10-1968 ; 2. Un parfum de pétrole, du 10-10-1968 ; 3. Un mur de méfiance, du 11-10-1968 ; 4. Le poids du Kurdistan, du 12-10-1968.

(Voir aussi in Le Monde des 23-2-1963 ; 8-3-1963 ; 12-3-1963 ; 8-5-1963; 19-6-1963; 5-7-1963 ; 20-11-1963 ; 17-11-1964 ; 24 et 25-5-1964 ; 13-11-1964 ; 15-4-1966 ; in Le Monde diplomatique, " L'évolution du conflit kurde ", d'août 1963 ; in il Punto, Roma, " Si combatte nelle montagne del Kurdistan ", du 3-8-1963 ; " I Curdi sperano la RAU ", du 31-8-1963.)

Rudenico (Rodenko), Margarka Borisovna, Lepoème Mem-o-Zin du poète kurde du XVII siècle

Ahmede^ Khani ; thèse, Moscou, 1954, Académie des se. de l'URSS, Institut oriental (en russe).

- Description des manuscrits kurdes de la collection de Leningrad ; Académie des se. de l'URSS, Inst. Narodov Azii, Moscou, 1961, 127 pages (en russe).
- Traductrice de Mem-o-Zin en russe (voir Khani).

Saab, Edouard, Articles sur la guerre du Kurdistan irakien, in Jeune Afrique, Tunis, des 19/25-1 1-1962 ; 3/9-6-1963 ; 24/30-6-1963 ; 22-7-1965 ; in le monde des 5-2-1963 ; 13-2-1963 ; 21-2-1963 ; 2-3-1963 ; 18-6-1963 ; 6-10-1963 ; 27-11-1963 ; 12-11-1963 ; in Journal de Genève du 16-8-1965 ; in Le Jour, Beyrouth, du 9-2-1966.

Saadi, Ali, " Les événements du Kurdistan irakien " ; in La Nouvelle revue internationale, mars 1962, pp. 201-203.

Sablier,Edouard,"LescinqKurdistans";inRevuedeParis,juin1959,pp.124-136.
- In Le Monde : 1. " Alerte au Kurdistan ", du 26-9-1961 ; 2. " Nouvelle fuite en avant " du 28-12-1961.
- " La révolte gronde au Kurdistan " ; in La Nouvelle République, Paris, des 26, 27 et 28 oc¬ tobre 1961.

Safir, Nazem, " La fin de la tragédie des Kurdes ?" ; in Etudes, mars 1964, pp. 332-344, Paris.

Safrastian, Arshak, Kurds and Kurdistan; Harvill Press, London, 1948, 106 pages.

Salah, Ahmed, " La question kurde en Irak " ; in La Nouvelle revue internationale, février 1965 pp. 177-183.

Schmidt, Dana Adams, In The New York Times, les articles suivants : " Kurdish rebels confident of victory in Iraq ", du 10-9-1962 ; " Kurdish Rebel Chief sees force as only way to win autonomy", du 11-9-1962; "Kurdish rebel gênerai leeads troops bom to be guérillas ", du 12-9-1962 ; " Kurdish villages suffer in

revok ", du 13-9-1962 (articles illust.) ; voir aussi les articles des 16-2-1963 ; 18-2-1963 ; 2-3-1963 ; 4-3-1963 ; 7-3-1963 ; 11-6-1963 ; 12-6-1963; l”-7-1963; l”-8-1963; 23-11-1963; 11-2-1964; 10-10-1964; 24-1-1965; 19-4-1965; 24-12-1965.

-Journeyamongbravemen;Boston,1964,Little&Brown,XV-f-298pages,illust. Seale, Patrick, Articles sur la guerre du Kurdistan irakien; in The Observer, London, des 23-6-1963; 6-6-1965; 31-10-1965 ; 2-1-1966 ; 23-1-1966.

Sebri (Sabri), Osman, Kolegtrya Ramanê; nouveUes patriotiques en kurde septentrional et caractères latins, Damas, 1957.

Sedjadi, Aladin, Mêĵuwê edebê kurdî (Histoke de la littérature kurde) ; en kurde méridional et caractères arabes, Bagdad, 1952, Ed. Al-Maaref, 634 pages.

Shemo(Shamilov),Ereb,Svanêkurd(Lebergerkurde);enkurdeseptentrional, roman autobiog., Moscou, 1931, 64 pages (trad. en russe, français et géorgien).
- La forteresse de Dim-Dim ; en kurde septentrional, Erivan, 1966.

Shemzini, Aziz, Le mouvement de libération nationale du peuple kurde ; thèse, en russe. Académie des se, Leningrad (1959?); publ. partiellement en arabe in Khebat, Bagdad, à partk du 9-11-1960.

Sherzad, Mohamed, Nidal-ul-Akrad (La lutte des Kurdes) ; Le Caire, 1946, 46 pages (en arabe).
Shunoyi, m. h.. Réponse au cosmopolitisme (Anti-cosmopolitisme) ; sans date (vers 1947), ni lieu (Damas ou Beyrouth), 31 pages (en arabe).
Soane, Ely B., To Mesopotamia and Kurdistan in disguise ; London, 1912, J. Murray, IX + 421 pages.
- " Notes on a Kurdish dialect, Sulaimania " ; in JRAS, 1912, II, part. IV, pp. 891940-.

- Elementary kurmanji grammar, Sulaimania district; Bagdad, 1919, 197 pages.

-" A short anthology of Guran poetry "; m JRAS, London, janvier 1921, pp. 57-81. Speiser, D” Ephraim A., " Southern Kurdistan in the

Annals of Ashurnaskpal and today "; in Annals of American Schools of Oriental Research, New Haven, 1926-1927, vol. VIII, pp. 1-33.
- " An archeologist in Kurdistan "; in Art and Archeology, Washington, 1929, vol. 28, No. XI, pp. 151-159.

Mesopotamian origins; Philadelphia, Univ. of Pennsylv. Press, 1930, XIII + 198 pages. The United States and the Middle East; Cambridge, Mass., Harvard Univ. Press, XVIII + 284 pages.
Spencer, William, The Mosul Question in International Relations; thèse, American Univ., Washington, 1965.
Stam, Arthur, Article " Kuerden " (Kurdes) in Oosthoek's Encyclopédie, Utrecht Oesthoek, 5e édition.
Stark, Freya, " From Tarsus to lake Van and Iraq "; in JRCAS, London, 1956, No. I, pp. 7-19.
Sulser, Christian, " Les Kurdes, l'Irak et un mot de Xénophon "; m Gazette de Lausanne du 25-9-1961.
Sulzberger, Cyrus L., " Kurds are a problem " ; in The New York Times du 26 mars 1950.

Sykes, sir Marc Percival, " The Kurdish tribes of the Ottoman Empire "; in Journal ofAnthrop.

Inst., vol. 38, London, 1908, pp. 451-486.

- A history of Persia; London, 1915, Ed. Macmillan, 2 volumes.
Thion, Serge, " Le dossier kurde " ; in Fiches d'information. Etudes anticolonialistes, Paris, avril 1963, 16 pages.
Thorngren, Lars, (voir dans le cadre de Bibl. de l'auteur).

Tchelebi (Celebi, Chelebi), Evliya (Ewliya) (1599-1658), Djihan-numa (Miroir du monde); écrit en arabe en 1653 (ou 1639?), manuscrit.
- Evliya Tchéléhi siyahetnamesi (Le voyage d'Evliya Tchélébi) ; trad. turque de Djihan-numa, par Ibrahim Effendi, Constantinople 1145 h. = 1732; édition complète en turc, en 10 volumes, en 1314-1318 h. = 1896-1900, Constantinople, les 8 premiers volumes, en caractères arabes ; les volumes 9 et 10 en turc et

caractères latins, en 1928-1938 ; trad. partielle en latin par Norberg, in Essays Académiques, Leipzig, 1784 ; trad. françąise (non publié) par Pétis de La Croix (Bibliothèque nationale, Paris) ; copie du manuscnt : à la bibliothèque du Vatican et à ceUe de Bologne ; trad. partielle en allemand par Von Hammer, Leipzig, 1804; trad. partielle en anglais par Von Hammer, 1834-1850, en 2 volumes; réédkio'n de la trad. anglaise en 1965, Royal Asiatic Society, 468 pages ; commenté par R. Hartmann en allemand, 1919 (extrait de ISK's Kurd. Bibl. N° I).

Talabani, Jalal, " Kurdistan et le mouvement national kurde " ; manuscrit, en arabe, publié par épisodes in Al-Nour, Bagdad, à partir d'octobre 1968.

TOMASCHEK, W., Article " Kurdistan " in Allgemelne Encycl. der Wlssenschaft und Kunste, von Ersch und Gruber, Leipzig, 1887, section II, band 40, pp. 336-341.

Toynbee, Arnold, " The East after Lausanne "; in Foreign Affairs, September 1925.

Toynbee, a., et Kenneth Kirkwood, Turkey; London, 1926, Emest Benn.
Vanly, Ismet Chériff, (voir Bibl. de l'auteur).
Van Rooy, Silvio E., " Kurdenforschung: Eine Voraussetzung konstmktiver Nahostpolitik "; in Zeitschriftfur Politik, Kôln-Zurich-Wien, 1962, Heft 2, pp. 142-153.
- " Kurdish struggle in North-Iraq "; in Mediterranean Meeting Point, Rome, Jan-May 1962 pp. 63-67.

- " Christianity in Kurdistan "; in The Star ofthe East, Adur (India), July 1962, vol. XXIII pp. 10-14.

- " The struggle for Kurdistan "; in Survey, London, August 1962, pp. 112-118.
- " Europâische Aspekte des kurdischen Emanzipationkampfes "; in Europàische Begegnung, (West-) Beriin, August-September 1962, pp. 66-70.
- " Kommunisten und Kurden nach dem Sieg der Baath-Partei im Irak ", in Osteuropa, Stuttgart, Juli-August 1963, pp. 505-508.

-" Koerdistan: Boeken en Bibliotheken " ; in Bibliotheekgids, Antwerpen, sept.-dec. 1965 pp. 123-126.
- " Barzani's Kurdistan " ; in New Outlook, Tel-Aviv, June 1966, pp. 40-43.

- Co-éditeur de ISK's Kurd. Bibl. N° I (voir notice ci-dessous).

Veillard, Yann-Cheun, " Solidarité avec les Kurdes " ; in Le peuple breton. Rennes janvier 1966, pp. 1,4 et 8.

Ventura, Jordi, " El Kurdistan, la Questio Kurda " ; in Serrad'or, Barcelone, avril 1963, pp. 13-17.

Vernier, Bernard, L'Irak d'aujourd'hui ; Armand Colin, Paris, 1963, 494 pages, avec préface du général Rondot.

- " La question kurde"; in Revue de défense nationale, Paris, 21e année, janvier 1965 pp. 102-122.

Vichniac, Isabelle, in Le Monde : " Les autorités irakiennes refusent toute aide de la Croix- Rouge ", du 22-8-1963 ; " Le général Barzani lance un appel à la Croix-Rouge ", du 5-9-1963 ; " Selon la Feuille d'avis de Lausanne, une firme suisse aurait fourni du napalm et des gaz toxiques à l'Irak ", du 23-3-1965.

- " Génocide au Kurdistan ", in L'événement, Paris, mars 1966, pp. 94-97.
Viennot, Jean-Pierre, " Un été au Moyen-Orient " ; repr. sur un voyage au Kurdistan, in La Haute-Marne libérée des 27, 28, 29 avril, 3 et 5 mai 1965.
- " Le Mouvement national kurde " ; in Orient, Paris, 1965, N"" 32-33 ; pp. 29-120 et 353-402.

- Contribution à l'étude de l'histoire et de la sociologie du mouvement national kurde ; thèse de doctorat à la Sorbonne ; elle sera soutenue encore en 1969.

Viltchevsky (Vilçevsky), Oleg, " Sur l'histoire de l'organisation sociale au Kurdistan " ; m Sovestkaya Etnografiya, Moscou, 1932, Nos 5-6, pp. 120-140 (en russe).

- " Sur les relations agrakes au Kurdistan " ; in Agrarnie Problemy, Moscou, 1932, Nos 1-2, pp. 115-131 (en msse).

- " Sur la Conférence pan-soviétique de kurdologie " ; in Problemy Istorii..., Leningrad, 1934, Nos 9-10, pp. 193-194 ; co-auteur : Ereb Shemo (en russe).
- " Sur la paléontologie sémantique des langues vivantes de l'Iran " ; in Akademiku N. Ja. Marru, Académie des se. de l'URSS, Moscou-Lénkigrad, pp. 191-198 (en russe).

- " La vie économique de la communauté nomade kurde de Transcaucasie et des régions voismes dans la seconde moitié du XIXe siècle " ; in Sovestkaya Etnografiya, Moscou, 1936, NOs 4-5, pp. 135-161 (en russe).

- Les Kurdes du Nord-Ouest de l'Iran ; Tbilissi (Tiflis), 1944, 84 pages (en russe).
- " Matériaux linguistiques sur l'histoire des formes sociales au Kurdistan " ; in Iranskie Jazykl, t. I, Moscou-Leningrad, 1945, pp. 13-30 (en russe).
- " Revue bibliographique sur les écrits kurdes étrangers publiés au XXe siècle " ; in Iranskie Jazykl, t. I, 1945, pp. 147-181.
- " Les Kurdes Mukri " ; in Peredneas. Etnog. Sbornik, Moscou, 1958, No 5, pp. 180-222.

- Les Kurdes, Introduction à l'histoire ethnique du peuple kurde ; Moscou-Leningrad,Académie des se. de l'URSS, 1961, 165 pages (en russe).

(Voir d'autres études in ISK's Kurd. Bibl. No I.)
Visa pour un enfant Visa pour un enfant ; tire de la revue publiée par l'Organisation portant le même nom. Le Pradet, France ; numéro spécial de décembre 1967, réservé aux problèmes de l'enfance malheureuse au Kurdistan irakien pendant la guerre, Ulust., 22 pages, introduction de V. Jankelevitch, articles de Joyce Blau, Thomas Bois, Françoise Boursin, Jean Pradier et Terre des Hommes, France.

VON Berchem, H., et J. Strzygowski, Amida, Matériaux pour l'épigraphie et l'histoire musulmane du Diyar-Bekr, Beitràge zur Kunstgeschichte des Mit-

telalters von Nordmesopo- tamien, Hellas und dem Abendlande ; Heidelberg, 1910, Kari Winter, 391 pages.

VON BlCKSTEDT, Dr Egon Freiherr, Tiirken, Kurden und Iranier seit dem Altertum, Problème einer anthropologischen Reise ; Stuttgart, 1961, G. Fischer Verl., X + 123 pages.

Von Bodenstedt, Friedrich Martin,"Lieder aus Kurdistan "; in Tausend und ein Tag in Orient, Beriin, 1849-1850.
Von Caucig, Franz, " Kurden "; in Handelsblatt, Dusseldorf, du 5 mai 1965.
Von Graevenitz, Kurt-Frkz, " Die Kurden in der Weltpolitik "; in Deutsche Rundschau, Jahrg.76, Heft 4,1950,pp.244-148.
Von Hammer, Joseph, Freiherr," Uber die Kurdische Sprache und ihre Mundarten aus dem III Bande der Reise-Beschreibungen Evlia's " ; in Fundgruben des Orients, Band IV, pp. 246-247, Wien, 1814.
Von Handelmazetti, Heinrich, Freiherr, " Reisebilder aus Mesopotamien und Kurdistan " ; in Deutsche Rundschau F. Geogr., Wien, 1911, Band XXXIII, pp. 401-419.
- " Zur Géographie von Kurdistan"; in Petermanns Mltteilungen 1912, Band LVIII, 2 Halbband, pp. 133-137.
VON Hentig, Werner Otto, Helmritt durch Kurdistan ; Potsdam, 1943, Voggenreiter, 96 pages.

VON Juterczenka, Christa, " Die irakische Schweiz " ; notice touristique in Lufthansa Intercontinental, Kôln, 1965, Nr. 1, 3 Jahrg.
VON Juterczenka, Manfred, Der Freiheitskampfder Kurden ; brochure de 33 pages ronéotypées, diffusée par la Deutschlandfunk, Kôln, le 20 avril 1967.
VON Klaproth, Julius-Heinrich, Various studies on Kurdish ; Wien, 1808.

- " Kurdisches Wôrterverzeichnis mk dem persischen und anderen verwandten Sprachen vergleichen ; in Fundgruben des Orients, Wien, 1818, t. VI, pp. 349-358.
- Tableau historique, géographique, ethnographique et politique du Caucase et des

provinces limitrophes entre la Russie et la Perse ; Paris-Leipzig, 1827, 187 pages.

- VON Luschan, F. Freiherr, "Das Volk der Kurden"; in Globus, Braunschweig, 1890, Band LVII.
  - " Zwei mit Menschenhaaren besetzte Teppiche "; in Zeitschr. F. Ethnol, Berib in, 1888, Band XX.

VON Moltke, Hellmuth K.B., Graf (maréchal), Brief uber Zustande und Begebenheiten in der Turkei 1836-1839; Beriin, 1841; éd. française: "Lettres du maréchal de Moltice sur l›Orient ", Paris, 1872, Sandoz & Fischbacher, 401 pages.
- " Das Land und Volk der Kurden "; in Vermischte Schriften zur orientalischen Frage, Berlin, 1892, Band II, pp. 288-298.

VON NOLDE, baron Eduard, Reise nach Inner-Arabien, Kurdistan und Arménien; Braunschweig, 1895, F. Vieweg, 272 pages.

VON Stenin, P., " Die Kurden des Gouvernements Eriwan " ; m Globus, Braunschweig, 1896 Band LXX, pp. 221-226.

VON Stockhausen, Hans-Wilfrief, " Ôl und Mohammed, kurdische problème "; in Politische Studien, Miinchen, janvier 1960, Heft 117, pp. 44-48.
- " Uber Kurdistan brennt der Himmel "; in Gong des 22/28 octobre 1961.

Von Wesendonck, Dr Otto, Graf, " Das Kurdische problem "; in Preusd sische Jahrbucher, Berlin, 1931, Band CCXXIII, pp. 117-130.

Von Westarp, Graf E. J., " Routenaufnahmen in Arménien und Kurdistan "; in Petermanns Mitteil., 1913, Band LIX, pp. 297-300.

Wagner, Dr Moritz, Reisenach Persien und dem Lande der Kurden; Leipzig,1852, Verl. von Amold, 2 volumes.

- Wahby, Bey, Taufiq, Destûri zmani kurdi (Règles de la langue kurde) ; en kurde méridional, caractères arabes, Bagdad, 1929, Presse Hadkha, vol. I ; vol. II, Bagdad, 1956.

- " Les sculptures rupestres de la caverne de Gunduk " ; in Sumer, Bagdad, septembre 1948, vol. 4, pp. 143-157 ; trad. française in Bull, du Centre d›Et. K, Paris, 1949, No 7, pp. 1-13.

- The remuant of Mithraism in Hatra and Iraqi Kurdistan; opuscule, London, 1962, 52 pages. The Origins ofthe Kurds and their language ; extrait de Kurdistan, KSSE, London, 1965, NOS IX et X, 16 pages.

- Voyage de Darbendi Bazyan à Miley Taslouja ; opuscule en arabe, Bagdad, 1965, 36 pages.

- Kurdish studies ; publ. par Kurdica, London, April 1968, 36 pages. Wahby, Bey, Taufiq et C. J. Edmonds, Kurdish-English Dictionary ; Oxford UP, 1966. Waheed, Sheikh A., The Kurds and their country, History of the Kurdish people from the earliest times to the présent; Lahore, University Book Agency, 1955; 2e éd. pakistanaise en 1958, avec introduction du général Mohamed Ayub Khan H. J., commandant en chef de l›Armée du Pakistan; éd. D'Anglea terre : London, 1959, X H- 187 pages, puis London i960.

Weller, George, In Chicago Daily News les articles: "Kurdish survivor deg scribes Arab blood thirst in separia ", du 15-3-1963; "Secret war in Kurdistan", du 16-3-1963; " Burned villages ", du 17-3-1963; " Ancien Kurd trap closing on Iraq chief", du 8-5-1965.

Wenner, Lettie M., The Kurdish Question in the Middle East; thèse, Univ. of California, October 1960.

- " Arab-Kurdish rivalries in Iraq "; in The Middle East Journal, Washington, Winter-Spring, 1963, pp. 68-82.

Westermann, William Linn, " Kurdish independence and Russian expansion " ; in Foreign Affairs, New York, September 1946, pp. 676-686.

Wigram, William A., The cradle of mankind: Life in Eastern Kurdistan;

London, 1914, 1922.

Wikander, Dr Stig, Recueil de textes kourmandji ; Inst. Du Sanscrk, Univ. d'Uppsala,1959, 108 pages (en kurde septentrional, caractères latins, et français). - " Ein Fest bei den Kurden und im Avesta " ; in Orientalia Suecana, vol. IX (1960), Uppsala, 1961, pp. 7-10.

Wilson, sir Amold T., " The Bakhtiaris "; in JRGS, London, 1926, vol. 13, Part. 3.

- Mesopotamia 1917-1920, A clash of loyalties; London, 1931, Oxford UP, 420 pages.

- " The crisis in Iraq "; in Nineteenth Century and After, October 1933, pp. 411-422.

- Wilson, C. W., Article " Kurdistan " in Encyclopedia Britannica, lOth. éd., vol. XXX, London, 1902, pp. 83-84; avec H. C. Rawlinson, article " Kurds ", idem, vol. XV, Cambridge, 1911, pp. 949-951. Wirsing, Giselher, " Kassem und die Kurden ", m Christ und Welt, Stuttgart, 18 mai 1962.
- Wirth, Dr Eugen, Agrargeographte des Irak ; Univ. De Hambourg, 1962, 193 pages.

Wolkow, " Notice surl'ouvrage persan intitulé Cherefnameh " ; in Journal asiatique, Paris, 1826, t. 8, pp. 291-298.

Wright, Philips Quincy, "The Mosul dispute"; in American Journal of Intern. Law; Concord New Haven, 1926, vol. 20, pp. 453-464.

Yalman, Ahmed Emin, " Y a-t-il une Macédoine du kurdisme ?" ; in Hur Vatan, Istamboul, 20 août 1962 (en turc) ; trad. française in Journal d'Orient, Istamboul, même date.

Yamulki, Abdul Aziz, Kurdistan Kurd ihtilalari (Le soulèvement du Kurdistan) ; en tmc, Bagdad, 1947.

Yassemi, Reshid, Les Kurdes, leurs attaches ethniques et histo-

riques ; Téhéran, (1950 ?), en persan ; revu par K. Kurdoev, Leningrad, 1954, in Séries Orient. No 179, fasc. 4, pp. 120-137.
Young, Gavin, Articles sur la guerre du Kurdistan irakien in The Observer des 29-12-1963, 5-1-1964 ; 15-3-1964; in The Jérusalem Post du 23-12-1963 et The Reform, New York, du 21-7-1962.
- Zaza, D'r Noureddine, Réédkeur en kurde septentrional et caractères latins du roman autobiog. d'Ereb Shemo, Le Berger kurde (Damas, 1941 ?).
- Editeur de Deng-ê Kurdistan, Lausanne-Paris, 1949-1950.
- Rééditeur, avec introduction, de Mem-ê Alan (Beyrouth, 1958 ?), en kurde septentrional et caractères latins.

Zeki, Mohamed Emine, Divers ouvrages et écrits miUtaires sur l'armée ottomane, la Première Guerre mondiale et l'Irak pendant la guerre, en turc, kurde ou arabe, 1911-1930.
- Résumé de l'histoire des Kurdes et du Kurdistan, depuis les origines jusqu'à nos jours ; en kurde méridional et caractères arabes, Bagdad, 1931, éd. Dar-al-Salam, 412 pages ; éd. Arabe par Mohamed Ali Ewni, avec notes. Le Caire, Impr. Al-Saadeh, 1939, 544 pages.

- Histoire des Etats et Principautés kurdes à l'époque musulmane ; en kurde, caractères arabes, Bagdad, 1937 ; éd. arabe par M. A. Ewni, avec notes. Le Caire, 1945, Impr. Al-Saadeh, 440 pages.

- Histoire de la région de Sulaimani ; en kurde méridional, caractères arabes, Bagdad, 1939 ; Impr. Najah. ; éd. arabe par J. B. Rojbeyani, Bagdad, 1951, 315 pages.
- Les hommes illustres des Kurdes et du Kurdistan ; en kurde méridional, caractères arabes, 2 vol., Bagdad (1941 ?) ; éd. arabe par la fille de l'auteur, annotée par M. A. Ewni, Le Caire, 1945, pour vol. I ; 1947, pour vol. II (celui-ci de 268 pages).

- "The liwas of Iraq: Kirkuk"; in Iraq Petroleum, London, 1958, vol. 8, No 2, pp. 10-14, illust.
Zn-AEDDIN Pacha, Yusuf, Dictionnaire kurdo-arabe, Constantinople, 1310 h.

(1892), dict. écrit à l›origine par Ehmedê Khani, " Nubuhar " (Nouveau printemps). Zuckerman (Cukerman), Isaak losffovic. Nombreuses études sur le kurde et la grammaire kurde, en msse, Leningrad-Moscou, 1937-1964. Voir particulièrement Recueil des langues iraniennes, 1950.

## V. BIBLIOGRAPHIE DE L'AUTEUR

### A. Au nom d'organisations kurdes ou de la révolution du Kurdistan irakien :

-Ecrits divers, communiqués de presse, lettres, mémorandums, communications à des organisations internationales, à titre de responsable de la " Représentation générale à l'étranger " de la révolution du Kurdistan irakien, 1964-1966, ou de secrétake du " Comité pour la défense des droits du peuple kurde ".

-Intervention, au nom de l'Union de la jeunesse démocratique du Kurdistan du Sud, au Comité préparatoire du Festival mondial de la jeunesse et des étudiants de Vienne, Stockholm, mars 1958 (en français). -Discours, au nom de KSSE, au Séminaire international d'été de la mer Noire, URSS, août 1960 (en français).

-Discours, au nom de KSSE, au VIer Congrès de l'UIE (Union internationale des étudiants), Bagdad, 8/19 octobre 1960, 16 pages en français ; publ. dans Khebat en arabe, numéro du 23 octobre 1960. -Discours, au nom de KSSE, aux rencontres internationales de la jeunesse et des étudiants pour la paix, Moscou, août 1961 (en français, manuscrit).

-Discours, au nom de KSSE, au VIP Congrès de l'UIE, Leningrad, août 1962; publ. en partie in Partisans, Maspéro, Paris, numéro de septembre-octobre 1962, pp. 137-143, sous le titre " Liberté pour le Kurdistan ". -Discours, au nom de CDDPK, à la séance plénière inaugurale du Conseil de commandement de la révolution du Kurdistan irakien, Boskène, le 9 octobre 1964 ; publ. dans le numéro suivant de Khebat.

-Conférence de presse, au nom de la révolution, Beyrouth, le 22 janvier 1965, organisée par l'Association des correspondants étrangers ; compte rendu dans la presse libanaise du 23 janvier, in Cumhuriyet, Ankara, du 24 janvier, The New York Times du 24 janvier : " Kurds renewing pleas to world " par D. A. Schmidt.

-Conférence de presse, au nom de la révolution, Amsterdam, 21 février 1965 ; cf. Het Vrije Volk, 1er mars 1965 : " Voorkom een 3de Koerdenoorlog " par K. Tamboer.

-Conférence de presse, au nom de la révolution, à l' " Overseas Press Club ", New York, le 15 avril 1965 ; télévisée; cf. The Christian Science Monitor du 17 avril, Le Monde du 20 avril 1965. -Conférence au nom de la révolution, à l'Univ. de Columbia, Near & Middle East Inst. and Council of Foreign Relations, New York, le 26 avril 1965.

-Conférence au nom de la révolution, à l'Univ. de Pennsylvania, Philadelphie, le 27 avril 1965 ; cf. in The Daily Pennsylvanian les articles : " Kurds fight back " du 26 avril, par S. Anjara ; " Revolutionist défends Kurdish war positions " du 28 ( ?) avril, par F. Schelhorn ; " Portrait of a révolution" du 30 avril, par R. Slater. -Conférence au nom de la révolution, au " National Press Club ", Washington, du 29 avril 1965 ; dépêches du même jour. -Conférence au nom de la révolution, à Virginia University, Gt. and Foreign Affairs Assn., CharlottesviUe, 17/18 mai 1965; cf. The Daily Progress, CharlottesviUe, articles des 18 et 19 mai: " Kurdish Révolution delegate discusses aims of fighting". Voir aussi " Kurds fear Iraqi Army gas attack " in New York World-Telegram and Sun, par T. Morello.

-Conférence au nom de la révolution, à Harvard University, Middle East Inst. and Foreign Relations, le 25 mai 1965. -Conférence de presse, New York, 4 juin 1965; cf. American Examiner, New York, 10 juin 1965. Déclaration politique, NewYork, juin1965,

reproduite dans la thèse de Howell Jr., Univ. de Virginia, 1965. -Conférence de presse, au nom de la révolution, Athènes, 24 aoû̂t 1965 ; cf. presse grecque du lendemain.

-Conférence de presse, au nom de la révolution, Cologne, le 11 mars 1966 ; cf. " Kurden KampfgegenNapalm " par Rudolf Speigel, in Koelnlsche Rundschau du12 mars ; " Plâdoyer fur das " Wilde Kurdistan ", in Saarbrue-ker Zeitung du 12 mars ; " Kurdenfuhrer bittet fur Hilflose Kinder " par Gerd Rohn, in Neue Rhein Zeitung ; article de Braumann in Rheinischer Merkur, op. cit. ; voir aussi, pour le 12 mars, les mêmes informations in Bonner Rundschau, Ziegkreis-Rundschau, Bergischer Landzettung, Oberbergische volks- Zettung ; conférence télévisée et diffusée par la Radio allemande.

-Conférence de presse, au nom de la révolution, Stockholm, les 26 et 27 mai 1966, avec déclarations à la Télévision et à la Radio suédoises ; cf. dans la presse, trois articles de Lars Thorngren in Expressen : " N.O.D. - R.O.P. fran vârldens grymmaste Krig ", du 26 mai ; " Kurdisk revolutionâr pa Arlanda Stridsgas dôdar vara bam ", du 27 mai ; " Kurderaa vâdjar tUl Rôda Korset ", du 7 juin ; " Kurder begâr FN-aktion for att stoppa gaskrig " par Gall, in Svenska Dagbladet du 28 mai ; " Utiandsstôd krâvs av Kurdema i Irak " in Dagens Nyheter du 28 mai ; " Kurder sôker hjâlp i Sverige Utlândsk ambas-sad motarbetar " in Sydsvenska Dagbladet, Malmô, du 15 juin 1966.

-Conférence de presse, au nom de la révolution, Copenhague, les 12 et 13 juin 1966 ; cf. " Beder om dansk hjaelp til en glemt Krig " in Politiken du 13 jum ; " Kurdeme vil bede Norden om hjaelp " in Berllngske Tidende du 14 juin 1966.

**B. Ecrits d'auteur :**

-Les Kurdes, peuple méconnu ; conférence donnée à Lausanne sous les auspices de l'Ass. des étudiants en se. pol. de l'Univ. de Lausanne, janvier 1956, 48 pages (manuscrit).

- "The Kurdish language and its dialects", in Kurdistan, London, KSSE, No 1, vol. 1,

March 1958, pp.7-11.-" Appeal to Kurdish students " ; in Kurdistan, idem, pp. 1-2.
-Interview sur le Kurdistan et la question kurde ; recueUe lie par Vangelis Sakkatos, publ. En grec, Athènes, 1959, par KSSE et BAS, 32 pages ; éd. Française, Paris, 1960, Impr. Vogue, 30 pages.
-Aspects de la question nationale kurde en Iran (pseudonyme de l'auteur : Parez Vanly) ; publ. Par KSSE, Paris, Impr.Vogue, julllet1959,31pages.
- " The question of the unification of the written Kurdish language: kuro manji or orani? "; kl Kurdistan, KSSE, London, November 1959, pp. 5-11; éd. Arabe par Hafiz Al-Qadi, Bagdad, 1960, Impr. Al-Ahali, en 21 pages.
-La visite de la délégation de KSSE en URSS ; reportage et commentaires politiques, en arabe, publ. in Khebat, Bagdad, en 4 épisodes, septembre 1960.
- " The problem of the spécifie Kurdish organizations " ; m Kurdistan, KSSE, London, NOSVII/VIII,1961, pp.19-25.
- " The War of Liberation of Iraqi Kurdistan " ; in Révolution – Africa, Latin America, Asia, Lausanne-Paris, vol. I, No 4-5, August-September 1963, pp. 117-155, Ulust. ; résumé par Patrick Kessel in Révolution – Afrique, Amérique latine, Asie, Lausanne-Paris, No 1, septembre 1963, pp. 4-14, illust.
- " Nouvelle agression contre le Kurdistan " ; in Partil sans, Maspéro, Paris, juillet-septembre 1963, pp. 137-143.
-Le monde arabe et la guerre de libération nationale du Kurdistan irakien ; en arabe, opuscule de 32 pages, publ. Par PDK-S, novembre 1963, avec préface du PDK-S.
-The Révolution oflraki Kurdistan ; édité par CDDPK, 1965, 58 pages, illust.
-Le problème kurde en Syrie : plans pour le génocide d'une minorité nationale ; opuscule de 40 pages, édité par CDDPK, janvier 1968, en français ; éd. Anglaise, idem, 40 pages : The Kurdish problem in Syria : Plans for the génocide ofa national minority. Commentaires et articles de presse à ce sujet : " Er Mannréttinda-Arid ordin tom ? " in Alpydubladld, ReykjavUc, du 18 février 1968, par Eriendur Haraldsu

son ; " Em Volk wkd vertrieben ", in Basler Nachrlchten du 22 mars 1968 ; " Kurden yerfolgung m Syrien " m Solothurner Zeitung du 28 mars ; " A propos de la brochure d'Ismet Chériff Vanly " : " Le problème kurde en Syrie ", in Voix ouvrière, Paris, du 10 avril ; " Endlôsung " m Kurdistan ", in Rheinischer Merkur, Kôhi, du 10 mai 1968, par ICV (avec le concours amical, pour l'allemand, de Randolph Braumann) ; " Kurden und Syrer " in Rheinischer Merkur du 31 mai (lettre à l'éditeur de L. Haydar, attaché de presse représentant la Syrie à l'Ambassade du Pakistan à Bad Godesberg) ; " [Endlôsung] m Kurdistan " in Sonntags Illustrierte der Neuen Berner Zeitung, Bem, 25/26 Mai 1968 ; " Kurdarane i Syria " par Torstem Kongslien, in Arbeiderbladet, Oslo, du 6 jum 1968 ; " Det finst fleke Vietnam-Krigar " (Il y a d'autres guerres du Vietnam) par T. Kongslien in Dag og Tid, Oslo, Nr. 22 du 6 jum 1968 ; " Génocide m Syria – Anguish of the Kurds ", translated from Rhekiischer Merkur in Atlas, New York, August 1968, pp. 43-45 ; " Zur Kurdenfrage m Syrien : [Endlôsung] m Kurdistan ?", in Digest des Ostens, Frankfurt/Main, 11 Jahrg. 1968, Nr. August/September.

-La persécution du peuple kurde par la dictature du Baas en Syrie, ou (comme titre Ultérieur) : Le " Mein Kampf" syrien contre les Kurdes ; opuscule présentant l'ouvrage de Mohamed T. Hual mtitulé Etude sur la province de Djazreh du point de vue national, social etpolitique, avec introduction et commentakes, Amsterdam, octobre 1968, 38 pages ; éd. Anglaise, idem : The persécution of the Kurdish people by the Baath dictatorship in Syria.
-Le Grand-Kurdistan : ses bases historiques, géographiques et morales ; à paraître en 1970.

-La question nationale du Kurdistan irakien, étude de la révolution de 1961 ; thèse de doctorat es se. Pol. À l'Univ. De Lausanne, en deux éditions, universitake et commerciale, (Le Kurdistan irakien, entité nationale) ; La Baconnière, Neuchâtel, 1970.
-La question nationale du Kurdistan ; manuscrit dactylographié en français de quelques 500 pages, sur l'ensemble de la question (1961).
-La formation ethnique du peuple kurde ; manmcrit dactylographié en français de quelques 170 pages (1957).

## VI. NOTICE SUR ISK's KURDISH BIBLIOGRAPHY No. I

Editée par Silvio Van Rooy et Kees Tamboer, International Society Kurdistan, Amsterdam, 1968, en deux volumes A et B, d'un total de 658 pages de gros format, ronéotypée, brochée, cette bibliographie donne les références nécessaires sur 9350 titres, y compris articles de presse et notes. Les titres sont classés par ordre alphabétique d'auteurs, avec numéros de référence. Dans l'kitroduction, les éditeurs précisent que l'Oeuvre comprend des titres provenant de quelque quarante langues différentes, transcrits pour la plupart en version origkiale et caractères latms, avec traduction anglaise pour les langues non courantes en Europe occidentale. Au début du volume A, un index alphabétique groupe les titres en 48 sujets différents (par exemple- Arabs and Kurds, Archeology, Armenians and Kurds, Arts, Caucasus Kurds, Christian missions m Kurdistan, Christians, Dictionaries and glossaries, etc.), chaque sujet étant suivi des numéros de référence des titres y relatffs. (Nous avons utilisé cette "ISK's Bibliography" notamment pour nos références sur les titres en allemand et en msse.)

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA